هەرێمی کوردستان - عێراق
ئەنجومەنی نیشتمانیی
کوردستان - عێراق

ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان - عێراق

# پرۆتۆکۆڵەکان

# 41

سالْی/ 2007 – بەرگی چل و یەك

---

چاپی یەکەم/ سالْی 2007

له بلاوكراوەكانی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستان - عێراق

ناوی كتێب: پرۆتۆكۆڵەكانی ساڵی(2007)ی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستان - عێراق
بەرگی: 41
چاپی یەكەم: 2007
تیراژ: 250
ژمارەی سپاردنی بە كتێبخانەی نیشتمانیی هەرێمی كوردستان:

# پێڕیست


پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (21) خولی دووەمی هەڵبژاردن – چوار شەممە 2007/5/30 ل5

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (22) خولی دووەمی هەڵبژاردن – دوو شەممە 2007/6/4 ل71

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (23) خولی دووەمی هەڵبژاردن – سێ شەممە 2007/6/5 ل105

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (24) خولی دووەمی هەڵبژاردن – دوو شەممە 2007/6/11 ل135

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (25) خولی دووەمی هەڵبژاردن – چوار شەممە 2007/6/13 ل139

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (26) خولی دووەمی هەڵبژاردن – دوو شەممە 2007/6/18 ل167

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (27) خولی دووەمی هەڵبژاردن – سێ شەممە 2007/6/19 ل171

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (28) خولی دووەمی هەڵبژاردن – سێ شەممە 2007/6/26 ل203

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (29) خولی دووەمی هەڵبژاردن – چوار شەممە 2007/6/27 ل241

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (30) خولی دووەمی هەڵبژاردن – دوو شەممە 2007/7/2 ل253

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (31) خولی دووەمی هەڵبژاردن – چوار شەممە 2007/7/4 ل315

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (32) خولی دووەمی هەڵبژاردن – دوو شەممە 2007/7/9 ل365

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (33) خولی دووەمی هەڵبژاردن – دوو شەممە 2007/7/17 ل455

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (34) خولی دووەمی هەڵبژاردن – سێ شەممە 2007/7/18 ل501

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (1)ی نائاسایی خولی دووەمی هەڵبژاردن – دوو شەممە 2007/7/23 ل569



# ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (21)**

**چوار شەممە رێکەوتی 30\5\2007**

**خولی دووەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (21)

## چوار شەممە رێکەوتی 2007/5/30

کاتژمێر (11)ی سەر لە بەیانی رۆژی چوار شەممە رێکەوتی 2007/5/30 ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق بە سەرۆکایەتی بەڕێز عدنان رشاد مفتی سەرۆکی ئەنجومەن و, بە ئامادەبوونی بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی) جێگری سەرۆك و, بەڕێز فرست أحمد عبدالله سکرتێری ئەنجومەن, دانیشتنی ژمارە (21)ی خولی دووەم, ساڵی (2007) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی کار:**

بەپێی حوکمەکانی برگە (1)ی مادده (20) لە پێڕۆی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموارکراوی ساڵی 1992ی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق, دەستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەن بڕیاردرا دانیشتنی ژمارەی (21)ی خولی گرێدانی یەکەمی ساڵی سێیەمی خولی هەڵبژاردنی دووەمی پەرلەمانی کوردستان – عێراق, بەرنامەی کار بەم شێوەیە بێت:

1- خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پڕۆژەی یاسای وەزارەتی تەندروستی.

2- خستنەڕوو و گفتوگۆکردنی پڕۆژەی یاسای هەموارکردنی برگەی دووەمی ماددەی 45 لەیاسای خزمەتی مەدەنی ژمارە 24 ی ساڵی1960ی هەموارکراو و برگەی یەکەمی بڕیاری ژمارە 464 لە 1981/4/14.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی کوردستان دانیشتنی ئەمڕۆمان دەکەینەوە, بەرنامەی کار:

بەپێی حوکمەکانی برگە (1)ی مادده (20) لە پێڕۆی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموار کراوی ساڵی 1992ی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق, دەستەی سەرۆکایەتیی ئەنجومەن بڕیاریدا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە (21)ی خولی دووەمی هەڵبژاردن لە کات(11)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی چوار شەممە رێکەوتی 2007/5/30دا بەم شێوەیە بێت:

1- خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پڕۆژەی یاسای وەزارەتی تەندروستی.

2- خستنەڕوو و گفتوگۆکردنی پڕۆژەی یاسای هەموارکردنی برگەی دووەمی ماددەی 45 لە یاسای خزمەتی مەدەنی ژمارە 24 ی ساڵی1960ی هەموارکراو و برگەی یەکەمی بڕیاری ژمارە 464 لە 1981/4/14.

سەرەتا بەخێرهاتنی جەنابی وەزیر, بەڕێز کاك زریان وەزیری تەندروستی و, بەڕێز کاك سعد وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان, جەنابی کاك لوتفی سەدیق بەڕێوبەری گشتی وەزارەتی تەندروستی دەکەین, کە لەگەڵمان بەشدارن، بەخێر بێن سەرچاو, داوا لە لێژنەی یاسایی و لێپسراوی لیژنەی تەندروستی دەکەم بێن لە شوێنی خۆیان دابنیشن, خاڵی یەکەم لەبەرنامەی کارمان (خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پڕۆژەی

یاسای وەزارەتی تەندروستی هەرێمی کوردستانە), داوا لە لیژنەی یاسایی دەکەم دەقی پڕۆژەکە بەزمانی کوردی بخوێنێتەوە, کە لە لایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە بۆمان هاتووە, دواتر راپۆرتی لیژنەی یاسایی و لیژنەی تەندروستی بخوێنەوە سەبارەت بەمەوە, کاك بەڵێن نوقتەی نیزامت هەیە, فەموو.

**بەڕێز حمد عبدالله محمود(بەڵێن):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەمە جارێك قیرائەی ئەوەلی بۆ کرایە, بۆ جارێکی تر بیخوێنینەوە, سوپاس.

**بەڕێز سەۆکی ئەنجومەن:**

ئەمە ئصولێ وایە لەهەموو پڕۆژەکان, هەردەم دەقی پڕۆژەکە دەخوێنینەوە, دواتر خاڵ بەخاڵ دەخوێندرێتەو, رەئیی لیژنەی قانونی و لیژنەکانی تری پەیوەندیدار دەخوێندرێتەوە, ئیکتیفا بەخوێندنەوەی یەکەم ناکەین, فەموو کاك کریم.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پڕۆژەی یاسای وەزارەتی تەندروستی

ماددەی یەکەم:

مەبەست لەم زاراوانەی خوارەوە ماناکانی بەرامبەریانە بۆ مەبەستی ئەم یاسایە:

1- هەرێم: هەرێمی کوردستانی عێراق.

2- ئەنجومەنی وەزیران: ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستانی عێراق.

3- وەزارەت: وەزارەتی تەندروستی هەرێم.

4- وەزیر: وەزیری تەندروستی هەرێم.

5- بریکار: بریکاری وەزارەتی تەندروستی هەرێم.

6- ئەنجومەن: ئەنجومەنی راوێژکاری وەزارەت.

7- دەستە: دەستەی باڵای عیادەکانی پزیشکی میللی و راوێژکاری.

ماددەی دووەم: وەزارەت ئەم ئەرکانە دەگرێتە خۆی:

1- ئامادەکردنی ئەو پێداویستیانەی کە مافی تەندروستی باش و دروست بۆ هاوڵاتیان مسۆگەر دەکات لەلایەن بەدەن و ئەقڵ و دەروونییەوە.

2- دامەزراندن و بەڕێوەبردن و بەدواداچوونی یەکە تەندروستیەکانی خۆپاراستن و چارەسەرکردن و پەرەسەندنیان لە هەرێمدا.

3- بایەخدان بە خزمەتگوزارەییە چاودێرییە تەندروستیە بەراییەکان, لەوانەش چاودێری دایکایەتی و منداڵان و تەندروستی قوتابخانە و خێزان و پیریەتی.

4- بەربەرکانی کردنی نەخۆشیە درمەکان و کۆنترۆڵ کردنیان, رێگەگرتن لە هاتنی دەرەوەی هەرێم بۆ ناوەوەی و بە پێچەوانەوە و, لەشوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دیکەوە و بەربەستکردنی بلاوبوونەوەی لەخاك و ئاو و کەش و هەوای هەرێم.

5- پاراستنی ژینگە و چاککردنی پەرەپێدان و پاراستنی بنەماکانی و کارکردن بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی ژینگەدا بۆ بەربەستکردنی پیسبوونی ژینگە.

6- بایەخدان بە تەندروستی لەش ساغی کرێکاران لە پرۆژەکانی کارکردندا بەرزکردنەوەی ئاستی تەندروستیان و پاراستنیان لە مەترسی و نەخۆشیەکانی پیشەیی و بریندراربوونی کارو دانانی بەرزەفتکاری و شوێنی دروست و مەرجی تایبەت بۆیان, بۆ ساغ و سەلامەتی شوێنی کارکردن و چاودێری کردنی بەرزەفتکاری و شوێنی دروست و مەرجەکانی.

7- بایەخدان بە تەندروستی دەروونی هاوولاتیان و بەشداریکردن لە ئامادەکردنی خزمەتگوزارییەکانی پێویست بۆیان.

8- چاندنی چەمکی پەروەردەی تەندروستی و بلاوکردنەوەی هۆشیاری تەندروستی و ژینگەیی و بەجۆرێك پاراستنی مرۆڤ و ئامێر لەمیانەی کارەساتەکانی کارکردن نەخۆشیە پیشەییەکان مسۆگەر بکات.

9- ئامادەکردنی داودەرمان و پێداویستیەکانی تەندروستی جۆراوجۆری پێویست بۆ پێشکەش کردنی خزمەتگوزارییەکانی تەندروستی و خۆپاراستن و چارەسەرکردن و سەرپەرشتی کردنی عیادە میللیەکان و ئامادەکردنی ئامێری تایبەتی بۆ پەککەوتەکان.

10- بەشداری کردن لە ئامادە کردنی کادیری تەندروستی یارمەتیدەر و بەرز کردنەوەی ئاستی کارمەندان لە کەرتی تەندروستی و پەرەپێدانی لێکۆڵینەوەی پزیشکی و تەندروستی و هەروەها ئامادەکردنی کادیری پیشەیی بەپێی پێداویستیەکانی پلانی گەشەپێدانی هەرێم, بەجۆرێك تواناکانی بەرهەمهێنان بەرزبکاتەوە و جۆری کارکردن چاك بکاتەوە و هانی توێژینەوەی زانستی لە جۆرەها مەیدانەکانی تەندروستی بدات.

11- رێکخستن و چاودێری کردنی پشەیی پزیشکی و تەندروستیەکان و ساغ و سەلامەتی پیشەیی بەهەماهەنگی لەگەڵ لایەنەکانی پەیوەندیدار.

12- کارکردن لە پێناو دابین کردنی تەندروستی بۆ هاوولاتیان.

13- بایەخدان بە چاودێری کردن و ئامادەکردنی ناوجەوانان و پەککەوتە و ئەوانەی لەباری تەندروستیەوە دواکەوتوون.

ماددەی سێیەم:

بەشەکانی سەنتەری وەزارەت:

1- وەزیر: سەرۆکی بالا و بەرپرسی یەکەمە لە کارەکانیدا و ئاراستەکردنی سیاسەتەکانی و بڕیار و فەرمان و رێنماییەکان دەردەکات بۆ هەرشتێك کە پەیوەندی بە ئەرکی وەزارەت و پێکهاتەکانی و باقی کاروبارە کارگێڕی و دارایی و هونەری و رێکخستنیەوە هەبێ و لەسایەی حوکمی یاسا و پێڕەوەکانی پەیوەندیداردا و

بەسەرپەرشتی و چاودێری ئەوەوە جێبەجێ دەکرێت و, بۆی هەیە لە هەندێ دەسەڵاتەکانی بە بەڕێوەبەرە گشتییەکان یان بەهەرکەسێك لە وەزارەتدا کە بە پەسندی بزانێ بدات و, لەبەردەم ئەنجومەنی وەزیراندا بەرپرسیارە چونکە ئەندامێکی هاوکارە تیایدا.

2- بریکاری وەزارەت: یارمەتی وەزیر دەدات لەسەرپەرشتی کردنی کارەکانی وەزارەتدا و ئەو ئەرکانەی کە وەزیر پێی دەسپێرێ جێبەجێیان دەکات.

3- راوێژکارانی کاروباری زانستی و توێژینەوەی زانستی: راوێژکاری لەگەڵ وەزیردا دەکەن لە هەموو ئەو ئەرکانەی پەیوەندیان بە کاروباری وەزارەتەوە هەیە و ئەوەی پەیوەستە بە پسپۆڕایەتیەکانیان بە پێشنیاری وەزیر هەڵدەبژێردرێن و بەڕەزامەندی ئەنجومەنی وەزیران دەبێ.

بەڕێوەبەرایەتی و پێکهاتەکانی سەنتەری وەزارەت لەمانە پێك دێت:-

أ- نووسینگەی وەزیر: فەرمانبەرێك بەپلەی بەڕێوەبەر بەڕێوەی دەبات و چەند فەرمانبەرێك هاوکاری دەکەن.

ب- نووسینگەی بریکار: فەرمانبەرێك بە پلەی بەڕێوەبەر بەڕێوەی دەبات چەند فەرمانبەرێك هاوکاری دەکەن.

ت- بەڕێوەبەرایەتی پەیوەندی و رێکخراوەکان: بە نووسینگەی وەزیر پەیوەستە.

پ- بەڕێوەبەرایەتی هاوردن و دابەشکردنی داودەرمان و پێداویستیەکانی تەندروستی: بەنووسینگەی وەزیرەوە پەیوەستە.

ج- بەڕێوەبەرایەتی بەدواداچوون و پشکنین: بەنووسینگەی وەزیرەوە پەیوەستە.

ح- بەڕێوەبەرایەتی راگەیاندن: بەنووسینگەی وەزیرەوە پەیوەستە.

خ- پەیمانگای داد پزیشکی.

ماددەی چوارەم:

لە وەزارەتدا ئەنجومەنێك بەناوی (ئەنجومەنی راوێژکار)ی وەزارەت پێکدەهێندرێ و لەمانەی خوارەوە پێك دێت:

1- وەزیر: سەرۆك.

2- بریکاری وەزارەت: جێگری سەرۆك.

3- راوێژکارانی وەزارەت: ئەندام.

4- بەڕێوەبەرە گشتیەکانی وەزارەت و فەرمانگەکانی پێیەوە بەندن: ئەندام.

5- نوێنەری هەموو ئەو وەزارەتانەی پەیوەندیدارن و دەزگا تەندروستیەکانی زانستی بە مەرجێك پلەکانیان لەبەڕێوەبەری گشتی کەمتر نەبێت: ئەندام.

6- دوان لەوانەی شارەزا و پسپۆڕن لە دەرەوە و ناوەوەی وەزارەت بە پێشنیاری وەزیر و بەڕەزامەندی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێم: ئەندام.

**ماددەی پێنجەم:**

**یەکەم: ئەنجومەن بەسەرۆکایەتی سەرۆك یان جێگرەکەی لەکاتی ئامادەنەبوونی, گرێدەدرێت و بە ئامادەبوونی 3/2 ی ئەندامانی بریکارەکانیش بە زۆرینەی دەنگی ئەندامان وەردەگیرێت و, لەکاتی یەکسانبوونی دەنگەکان ئەو لایە وەردەگیرێ کە سەرۆکی تێدایە.,**

**دووەم: ئەنجومەن هەر سێ مانگ جارێك کۆبوونەوەی ئاسایی خۆی گرێدەدات, سەرۆك بۆی هەیە لە کاتی پێویستی دا بانگێشە بۆ گرێدانی کۆبونەوەی نائاسایی بکات.**

**بەڕێز د0 فؤاد احمد محمد بابان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**ماددەی شەشەم:**

**ئەنجومەن ئەم دەسەلأتانەی هەیە:**

**1- ئامادە کردن و پاراستنی ئامانجە گشتیەکان بۆ پلانی وەزارەت لەسەر رۆشنایی رێنماییەکانی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمدا.**

**2- گفتوگۆ کردن لەمەڕ پڕۆژەی بوجەکانی دارایی و وەبەرهێنانی سالأنەی وەزارەت فەرمانگەکانی پەیوەستن پێیەوە, بۆی هەیە رای خۆی دەربارەیەوە دەربڕێ و ڕاسپاردەی گونجاویان پێشکەش بکات.**

**3- گفتوگۆ کردن دەربارەی پلانەکانی بەرایی کورت و مام ناوەندی و درێژخایەن کە فەرمانگەکانی وەزارەت ئامادەی دەکەن و رای خۆیان دەربارەیەوە دەربڕن و ڕاسپاردەی گونجاویان پێشکەش بکات.**

**4- چاودێری کردنی جێبەجێ کردنی پلانەکان بەشێوەیەکی بەردەوام و ئەوەی بەگونجاوی دەزانن لەتێبینی و ڕاسپاردەی پێشکەش بکەن.**

**5- گفتوگۆکردن سەبارەت بەو پێشنیار و ڕاسپاردانەی پێشکەش کراون دەربارەی هەموارکردن یان فراوان کردنی فەرمانگەکانی سەر بەوەزارەتن یان فەرمانگەی نوێ بنیات بنێن.**

**6- گفتوگۆکردن دەربارەی راپۆرتی دەوری گشتی بۆ کارەکانی وەزارەت کە فەرمانگەی پلاندانان و بەدواداچوون ئامادەی دەکات و, دەرخستنی تێبینی و ڕاسپاردەکانی سەبارەت بەم مەسەلەیەوە.**

**7- لێکۆلینەوە لە هەموو ئەو شتانەی وەزیر بەردەستیان دەکات و دەرخستنی رای خۆیان دەربارەیەوە پێشنیار و راسپاردەی گونجاوی پێشکەش دەکەن.**

**ماددەی حەوتەم:**

**لە وەزارەت دەستەیەك بەناوی (دەستەی بالأی عیادەی تەندروستی میللی و راوێژکاران) پێکدەهێنرێ و لە مانەی خوارەوە پێك دێت:-**

**1- بریکاری وەزارەت/ سەرۆك.**

**2- بەڕێوەبەری گشتی کاروباری کارگێڕی و دارایی/ جێگر.**

**3- بەڕێوەبەرە گشتی کاروباری تەندروستی/ ئەندام.**

**4- بەڕێوەبەرە گشتییەکانی فەرمانگەکانی سەر بەوەزارەت/ ئەندام.**

**5- فەرمانبەری ژمێریاری/ ئەندام.**

**6- فەرمانبەری یاسایی/ ئەندام.**

**7- فەرمانبەری کارگێڕی/ ئەندام.**

**ماددەی هەشتەم:**

**بەڕێوەبەرایەتیەکانی دیوانی وەزارەت و دامەزراوەکانی سەر بەون:-**

**1- بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری کارگێڕی و دارایی: فەرمانبەرێك بە پلەی بەڕێوەبەری گشتی سەرۆکایەتی دەکاو بەڕێوەی دەبێ هەڵگری بڕوانامەی زانکۆی بەرایی بێ, ئەم بەشانەی خوارەوەی پێیەوە بەندن:-**

**أ- بەڕێوەبەرایەتی کارگێڕی و کاروباری تاکەکان.**

**ب- بەڕێوەبەرایەتی ژمێریاری.**

**ت- بەڕێوەبەرایەتی چاودێری و وردبینی دارایی.**

**پ- بەڕێوەبەرایەتی کاروباری یاسایی.**

**2- بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری تەندروستی: پزیشکێك بە پلەی بەڕێوەبەری گشتی سەرۆکایەتی دەکات, ئەم بەڕێوەبەرایەتی و بەشانەی پێوە بەندن:-**

**1-بەشی نەخۆشیە درمەکان.**

**2- بەشی پاراستنی ژینگە.**

**3- بەشتی تەندروستی و ساغ و سەلامەتی پیشەیی.**

**4- بەشی چاودێری تەندروستی بەرایی.**

**5- بەشی چاودێری تەندروستی.**

**6- بەشی دەرمانخانەکان.**

**3- بەڕێوەبەرایەتی گشتی پلاندانان و فێرکردنی تەندروستی: پزیشکێك بەپلەی بەڕێوەبەری گشتی سەرۆکایەتی دەکات و, لەم بەشانەی خوارەوە پێك دێت:-**

**أ-بەشی پلاندانانی تەندروستی.**

**ب- بەشی فێرکردن و ڕاهێنانی تەندروستی.**

**ت- بەشی ئامار.**

**پ- بەشی ئەندازیاری و پاراستن.**

**ج- بەشی چاودێری و پشکنین.**

**ح- بەشی هێزی کارکردن.**

**ماددەی نۆیەم:**

**فەرمانگەکانی تەندروستی پارێزگاکانی هەرێم سەر بەوەزارەت دەبن بۆ هەریەکێکیان پزیشکێك بە پلەی بەڕێوەبەری گشتی سەرۆکایەتی دەکات.**

**ماددەی دەیەم:**

**بەش و ئەرك تایبەتمەندی دەزگاکانی وەزارەت بە پێی پێڕەوێك دەستنیشان دەکرێت.**

**ماددەی یازدەم:**

**ژمێریاری سەنتەری وەزارەت و فەرمانگەکانی پەیوەست پێیەوە ملکەچی دیوانی چاودێری دارایی هەرێمن.**

**ماددەی دوازدەم:**

**أ- وەزیر بۆی هەیە لەکاتی پێویستدا بەڕێوەبەرایەتی و بەش هۆبەکان لەیەکبدا یان سەر لەنوێ بنیاتیان بنێت.**

**ب- وەزیر بۆی هەیە لیژنەی هەمیشەیی و کاتی بە پێی پێویست دابمەزرێنێ.**

**ماددەی سێزدەم:**

**وەزیر بۆی هەیە ڕێنمایی پێویست بۆ ئاسانکردنی جێبەجێ کردنی ئەم یاسایە دەربکات.**

**هۆیەکانی دەرکردنی ئەم یاسایە**

**لەبەر ئەو فراوانبوونەی کە خزمەتگوزارەیە تەندروستیەکان لەهەرێمدا بەخۆیەوە بینیوەو, لە پێناو داخستنی کەلێنی لایەنەکانی تەندروستی و مسۆگەرکردنی پێشکەشکردنی باشترین خزمەتگوزاریی و نوێترین هۆکارە پێشکەوتوەکان بۆ تاکەکان لەهەموو لایەنەکانی بەدەنی و ئەمکی و دەروونیەوە, بەرەو ژینگەیەکی پاك و دوور لە پیسی و بۆ پشتگیری کردنی ڕێڕەوی دادپەروەری لە ڕێگای ڕێکخستنی دەزگاکانی دادپزیشکی و ئامادەکردنی کادیری بە توانا, لەبەر ئەوەی یاسای ژمارە (1)ی ساڵی 1993 هەردوو لایەنی تەندروستی و کۆمەڵایەتی گرتبووەوە, ئەوەش لەگەڵ قۆناغی نوێی ناگونجێت, بۆیە زۆر پێویست بوو یاسایەك بەناوی یاسای وەزارەتی تەندروستی دەربکرێت.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**زۆر سوپاس, ئێستا ماددە بە ماددە دەقی ماددەکە بخوێنەوە, دوایش ڕای لیژنەی قانونی و ڕای لیژنەی تەندروستی دەخوێنینەوە, دەقی پرۆژەکە بە کوردی, ڕای لیژنەی قانونی بەهەردوو زمان, ڕای لیژنەی تەندروستیش هەروەها بخوێندرێتەوە, هەردوو لیژنە موشتەرەکە, دەستان خۆش بێت, فەرموو بخوێنەوە.**

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**ماددەی یەکەم:**

**مەبەست لەم زاراوانەی خوارەوە ماناکانی بەرامبەریانە بۆ مەبەستی ئەم یاسایە:**

**1-هەرێم: هەرێمی کوردستانی عێراق.**

2- ئەنجومەنی وەزیران: ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستانی عێراق.

3- وەزارەت: وەزارەتی تەندروستی هەرێم.

4- وەزیر: وەزیری تەندروستی هەرێم.

5- بریکار: بریکاری وەزارەتی تەندروستی هەرێم.

6- ئەنجومەن: ئەنجومەنی راوێژکاری وەزارەت.

7- دەستە: دەستەی باڵای عیادەکانی پزیشکی میللی و راوێژکاری.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مادەم راپۆرتەکەتان موشتەرەکە و, هەندێك تەفصیلاتی تێدایە, موقەدیمەکەی بخوێنەوە پاشان ماددەی یەکەم راوەستە, فەرموو.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بۆ/ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی نیشتیمانیی کوردستان- عێراق

بابەت/راپۆرت

پشت بە حوکمەکانی ماددەکانی 6/39 و 3,4/71 ی پێڕەوی ناوەخۆی ئەنجومەنی نیشتیمانیی کوردستان- عێراق, لیژنەی یاسایی و لیژنەی تەندروستی و کاروباری کۆمەڵایەتی لە رۆژی 2007/4/30 دا بەسەرۆکایەتی سەرۆکی لیژنەی یاسایی شێروان حەیدەری و ئامادەبوونی جێگری سەرۆك دادوەر عەونی بەزاز و بڕیاردەر دادوەر عبدالکریم هەمەوەند و ئەندامان هەریەك لە تارق جامباز و کریم بحری و خلیل ابراهیم محمد و قادر سعید خدر (زانا) و, دواکەوتنی هەریەك لە دکتۆر نوری تاڵەبانی و محمد ساڵح اسماعیل و دلێر محمد شریف سەبارەت بە مۆڵەت وەرگرتنیان و لە لیژنەی تەندروستیش دکتۆر فوئاد ئەحمەد بابان و دکتۆرە هالە سهیل وادی و دکتۆرە ئاریان خالص جواد بەرزنجی و دکتۆرە رۆژان دزەیی, ئەمەش بۆ لێکۆڵینەوە لە پڕۆژەی یاسای وەزارەتی تەندروستی هەرێمی کوردستان- عێراق کە لەدوای خوێندنەوەی یەکەمی لە پەرلەمان لە دانیشتنی ئاسایی ژمارە (2)ی رۆژی 2007/3/27 دا بۆ هەردوو لیژنەکە هاتووەو, دوای وتووێژ و تاوتووکردن، راپۆرتی هاوبەشمان بە راسپاردەکان و ئەو پێشنیازانەی کە بەتێکڕای رای ئامادەبووان دەرچووان، بەم جۆرەی خوارەوەی پێشکەشتان دەکەین:-

بەشێوەیەکی بنەڕەتی پشتگیری پڕۆژەکە دەکەین, چونکە یاسای ژمارە (1)ی ساڵی 1993 و هەموارکردنەکەی هەردوو لایەنی تەندروستی و کۆمەڵایەتی دەگرێتەوە و لەبەر ئەوەی ئەمە لەگەڵ قۆناغی نوێدا ناگونجێ و پێویستیەکی تەواو وا دەخوازێ یاسایەکی تایبەت بە وەزارەتی تەندروستی دەربچووێنرێ سەبارەت بەو فراوان بوونەی بەسەر خزمەتگوزارییە تەندروستیەکانی هەرێمدا هاتووەو, پێشنیاز دەکەین ماددەکان دەروازەیان بۆ دابنرێ و بڕگەکەنیان رێك بخرێن و زنجیرە ڕەنووسییەکان بکرێن بە زنجیرەی بەنووسین و هەندێ هەموارکردن و گۆڕانکارییان لە داڕشتنی بەندەکانیاندا بکرێت وەك

ڕێبازێکی پەیڕەوکراو لەدەرچوواندنی یاساکانی وەزارەتەکان کە پێشتر دەرچوون و هەندێ چەمك (مفاهیم) و بیروڕا و ماددەی تر بۆ بەندەکانی زیاد بکرێ کە لەم راپۆرتەدا دەردەکەون:-

یەکەم/ ئەوەی پەیوەندی هەیە بەماددەی یەکەم لە پرۆژەکەدا, پێشنیار دەکەین:

1- وشەی گوزارە (تعبیر) لەسەرەتای ماددەکە بگۆڕدرێ بە (زاراوەکان).

2- لادانی (کوردستان- عێراق) لە برگە (2)ی ماددەکە و هەروەها وشەی (هەرێم) لە زنجیرەی (4)ی لابدرێن و وشەی (بریکاری وەزارەت) لە سەرەتای زنجیرەی (5) لە جێی وشەی (بریکار) دابنرێ و وشەی (هەرێم) لە کۆتاییەکەی هەڵبگیرێ.

**بەڕێز د0 فؤاد احمد محمد بابان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

الى/ رئاسة المجلس الوطني لكوردستان- العراق

م/ تقرير

استناداً لأحكام المواد 6/39 و 4/71, 3 من النظام الداخلي للمجلس الوطني لكوردستان العراق اجتمعت اللجنة القانونية و لجنة الصحة و الشؤون الاجتماعية بتاريخ 2007/4/30 برئاسة رئيس اللجنة القانونية شيروان حيدرى و حضور نائب الرئيس الحاكم عوني البزاز و المقرر الحاكم عبدالكريم هموند و الأعضاء كل من طارق جامباز و كريم بحرى و خليل ابراهيم محمد و قادر سعد خضر (زانا) و تخلف عن الحضور كل من الدكتور نوري الطالبانى و محمد صالح اسماعيل و دلير محمد شريف لتمتعهم بالاجازة بينما حضر عن لجنة الصحة الدكتور فؤاد احمد بابان و الدكتورة هالة سهيل وادي و الدكتورة اريان خالص البرزنجي و الدكتورة روژان دزەیی و ذلك لدراسة مشروع قانون وزارة الصحة لأقليم كوردستان- العراق المحال الى اللجنتين بعد القراءة الاولى له في البرلمان بجلسته الاعتيادية المرقمة (2) و المؤرخة في 2007/3/27 و بعد المناقشة و المداولة تقدم تقريراً مشتركاً بالتوصيات و المقترحات بشأن المشروع باجماع آراء الحاضرين و كما يلي:-

نؤيد المشروع مبدئيا لأن القانون رقم (1) لسنة 1993 وتعديله يخص الجانين الصحي والاجتماعي و لكون ذلك لا يتماشى مع المرحلة الجديدة حيث اصبحت الحاجة ملحة لتشريع قانون خاص بوزارة الصحة نظراً للتوسع الذى شهدته الخدمات الصحية في الاقليم..... ونقترح تبويب مواده وتنظيم فقراته وتبديل التسلسلات الرقمية بالتسلسلات الكتابية واجراء بعض التعديلات والتغيرات في صياغة بعض بنودة اسوة بالنهج التشريعى المتبع في سن قوانين الوزارات الصادرة قبله واضافة بعض المفاهيم والآراء والمواد الى بنوده والتي ستظهر لاحقاً من خلال هذا التقرير:-

اولاً/ فيما يتعلق بالمادة من المشروع تقترح:

1- تبديل كلمة (التعابير) في صدر المادة بكلمة (المصطلحات).

2- حذف (كوردستان- العراق) من الفقرة (2) منها و كذلك حذف كلمة (للأقليم) في تسلسل (4) منها واحلال كلمة (وكيل الوزارة) في بداية التسلسل (5) محل كلمة (الوكيل) وحذف كلمة (للأقليم) من اخيرها.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو گۆڕانکاریانەی کە داوا کراوە, وەکو هەموو قانونەکانی تر موصتەڵەحاتە, (1,2)ەکە بوویتە (یەکەم و دووەم), تەعبیر بوویتە موصتەڵەحات, (کوردستان- عێراق) لابردراوە لەبەرئەوەی (مجلس الوزراء الاقلیم) مەفهوم ترە, ئەگەر کەس مولاحەزەی نەبێ دەیخەمە دەنگەوە, کێ لەگەڵ موفتەرەحی هەر دوو لیژنەیە, دەستی بەرزبکاتەوە؟ فەرموون, کێ لەگەڵ نییە, دەستی بەرزبکاتەوە؟ فەرموون, بەکۆی دەنگ موفتەرەحی لیژنەی هاوبەش قبوڵ کرا, بڕۆ سەر ماددەی دووەم فەرموو.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی دووەم:

وەزارەت ئەم ئەرکانە دەگرێتە خۆی:-

1- ئامادەکردنی ئەو پێداویستیانەی کە مافی تەندروستی باش و دروست بۆ هاووڵاتیان مسۆگەر دەکات لەلایەن بەدەن و ئەقڵ و دەروونییەوە.

2- دامەزراندن و بەڕێوەبردن و بەدواداچوونی یەکە تەندروستیەکانی خۆپاراستن و چارەسەرکردن و پەرەسەندنیان لە هەرێمدا.

3- بایەخدان بە خزمەتگوزارەییە چاودێرییە تەندروستیە بەراییەکان, لەوانەش چاودێری دایکایەتی و منداڵان و تەندروستی قوتابخانە و خێزان و پیریەتی.

4- بەربەرکانی کردنی نەخۆشیە درمەکان و کۆنترۆڵ کردنیان, رێگەگرتن لە هاتنی دەرەوەی هەرێم بۆ ناوەوەی و بە پێچەوانەوە و, لەشوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دیکەوە و بەربەستکردنی بڵاوبوونەوەی لەخاك و ئاو و کەش و هەوای هەرێم.

5- پاراستنی ژینگە و چاککردنی پەرەپێدان و پاراستنی بنەماکانی و کارکردن بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی ژینگەدا بۆ بەربەستکردنی پیسبوونی ژینگە.

6- بایەخدان بە تەندروستی لەش ساغی کرێکاران لە پرۆژەکانی کارکردندا بەرزکردنەوەی ئاستی تەندروستیان و پاراستنیان لە مەترسی و نەخۆشیەکانی پیشەیی و برینداربوونی کارو دانانی بەرزەفتکاری و شوێنی دروست و مەرجی تایبەت بۆیان, بۆ ساغ و سەلامەتی شوێنی کارکردن و چاودێری کردنی بەرزەفتکاری و شوێنی دروست و مەرجەکانی.

7- بایەخدان بە تەندروستی دەروونی هاووڵاتیان و بەشداریکردن لە ئامادەکردنی خزمەتگوزارییەکانی پێویست بۆیان.

8- چاندنی چەمکی پەروەردەی تەندروستی و بڵاوکردنەوەی هۆشیاری تەندروستی و ژینگەیی و بەجۆرێك پاراستنی مرۆڤ و ئامێر لەمیانەی کارەساتەکانی کارکردن نەخۆشیە پیشەییەکان مسۆگەر بکات.

9- ئامادە کردنی داودەرمان و پێداویستیەکانی تەندروستی جۆراوجۆری پێویست بۆ پێشکەش کردنی خزمەتگوزارییەکانی تەندروستی و خۆپاراستن و چارەسەرکردن و سەرپەرشتی کردنی عیادە میللیەکان و ئامادەکردنی ئامێری تایبەتی بۆ پەککەوتەکان.

10- بەشداری کردن لە ئامادەکردنی کادیری تەندروستی یارمەتیدەر و بەرزکردنەوەی ئاستی کارمەندان لە کەرتی تەندروستی و پەرەپێدانی لێکۆڵینەوەی پزیشکی و تەندروستی و هەروەها ئامادە کردنی کادیری پیشەیی بەپێی پێداویستیەکانی پلانی گەشەپێدانی هەرێم, بەجۆرێك تواناکانی بەرهەمهێنان بەرزبکاتەوە و جۆری کارکردن چاك بکاتەوە و هانی توێژینەوەی زانستی لە جۆرەها مەیدانەکانی تەندروستی بدات.

11- رێکخستن و چاودێری کردنی پیشەیی پزیشکی و تەندروستیەکان و ساغ و سەلامەتی پیشەیی بەهەماهەنگی لەگەڵ لایەنەکانی پەیوەندیدار.

12- کارکردن لە پێناو دابین کردنی تەندروستی بۆ هاووڵاتیان.

13- بایەخدان بە چاودێری کردن و ئامادە کردنی ناوجەوانان و پەککەوتە و ئەوانەی لەباری تەندروستیەوە دواکەوتوون.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دووەم/ سەبارەت بە ماددەی دووەم لە پرۆژەکەدا ئەمانەی خوارەوە پێشنیار دەکەین:-

1- داڕشتنەوەی بڕگەی (5) پێشنیار دەکەین بەم جۆرەی خوارەوە بێ:

{هاوئاهەنگی کردن لەگەڵ وەزارەتی ژینگە لە پێناوی پاراستنی ژینگە و چاککردنی و پەرەپێدانی و پاراستنی پێکهاتەکانی و قەدەغەکردنی پیسبوونی}.

2- بڕگە (8) بەم شێوەی خوارەوە دابڕێژرێتەوە:

{بڵاوکردنەوەی هۆشیاری تەندروستی لە ناو هاووڵاتییان، ئەمەش بە هاریکاری کردن دەبێ لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان}.

3- بڕگەی (9) بەم شێوەی خوارەوە دابڕێژرێتەوە:

{دابین کردنی دەرمان و پێویستیەکان و ئامێرە پزیشکییە جیاجیاکانی پێویست بۆ پێشکەش کردنی خزمەتگوزاری پزیشکی و پاراستنی و چارەسەری و سەرپەرشتی کردنی عیادە میللیەکان و دابین کردنی کەل و پەلی پێویست بۆ ئەوانەی پێویستی تایبەتیان پێ هەیە.

4- بڕگە (10) بەم شێوەی خوارەوە دابڕێژرێتەوە:

{ئامادەکردنی کادیری تەندروستی و پێشەیی و یاریدەدەر و بەرزکردنەوەی ئاستی ئەو کارمەندانەی لە کەرتی تەندروستی کاردەکەن لەگەڵ پەرەپێدانی لێکۆڵینەوەی تەندروستی و فێرکردنی بەردەوامی

پزیشكی بەپێی پێویستیەكانی پلانەكانی گەشە پێدانی هەرێم بەجۆرێكی وا تواناى كارمەندان بەرزبكاتەوە و ئەنجامدانی كارەكەیان باش بكات و لێكۆڵینەوەی زانستی هانبدات لەبوارە جیاجیاكانی تەندروستیدا}.

5- شەش برگە بخرێنە سەر ماددەی دووەم و زنجیرەكانی بەم پێیەی خوارەوە تەواو بكرێت:-

14- چاودێری پێویستی تایبەت لەرووی تەندروستی جەستەیی و ئەقڵی.

15- سەرپەرشتی چاودێری كردنی دروستكردن و هێنانی دەرمان بەپێی پێوەری تەواوی پزیشكی.

16- كاركردن لە پێناوی پەرەپێدانی سیستەمی تەندروستی ئێستا بە شێوەیەك كە لەگەڵ پەرەسەندنی كۆمەڵگای كوردستانی و توانا داراییەكانی دا بگونجێ تاكو گۆرانكاری لە هەرێمدا دابین بكات.

17- پشتگیری كردنی كەرتی تایبەتی پزیشكی تاكو بەشداریی لە پێشكەشكردنی خزمەتگوزاری چارەسەركردن بكات, بۆ كەمكردنەوەی بارگرانی دارایی و هونەری لەسەر دەزگا تەندروستیەكان, بەسەرپەرشتی چاودێری وەزارەت.

18- كاركردن لە پێناوی دابین كردنی پێویستیە پزیشكیەكانی پێویست بۆ بەرەنگاری بوونەوەی هەر كارەساتێك ئەمەش بە هاوئاهەنگی كردن دەبێ لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەكانی دیكەدا.

19- رێكخستنی كاری پزیشكی دادی لە هەرێمدا و بەرزكردنەوەی ئاستی شیاوی كارمەندانی بەپێی یاسا.

**بەرێز د0 فؤاد احمد محمد بابان:**

**بەرێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ثانياً/ فيما يتعلق بالمادة الثانية من المشروع تقترح مايلي:-

1- اعادة صياغة الفقرة (5) منها بالشكل الآتي:

{التنسيق مع وزارة البيئة لأجل حماية البيئة وتحسينها وتطويرها والحفاظ على مقوماتها والعمل على منع تلوثها}.

2- اعادة صياغة الفقرة (8) بالشكل الآتي:

{نشر الوعي الصحي بين المواطنين بالتعاون مع الجهات ذات العلاقة}.

3- اعادة صياغة الفقرة (9) بالشكل الآتي:

{توفير الأدوية والمستلزمات والمعدات الطبية المختلفة اللازمة لتقديم الخدمات الطبية والوقائية والعلاجية والاشراف على العيادات الشعبية وتوفير الأجهزة لذوي الاحتياجات الخاصة}.

4- اعادة صياغة الفقرة (10) بالشكل الآتي:

{اعداد الكوادر الصحية و المهنية المساعدة ورفع مستوى كفاءة العاملين في قطاع الصحة وتطوير الدراسات الصحية والتعليم الطبي المستمر وفق متطلبات خطط التنمية للأقليم بما يكفل رفع كفاءة العاملين وتحسين الأداء وتشجيع البحث العلمي في مجالات الصحة المختلفة}.

5- اضافة ست فقرات الى المادة الثانية وتكملة تسلسلاتها وفق المنوال المبين ادناه:-

14- رعاية ذوي الاحتياجات الخاصة من الناحية الصحية, الجسدية والعقلية.

15- الأشراف ومراقبة صنع واستيراد الأدوية وفق المعايير الطبية المطلوبة.

16- العمل على تطوير النظام الصحي الحالي بشكل يتلائم مع تطور المجتمع الكوردستاني والامكانيات المالية المتاحة بما يضمن تغييره في الاقليم.

17- دعم القطاع الطبي الخاص ليساهم في تقديم الخدمات العلاجية لتخفيف العبء المالي والفني عن المؤسسات الصحية باشراف ورقابة الوزارة.

18- العمل على توفير المتطلبات الطبية اللازمة لمواجهة الكوارث بكافة انواعها بالتنسيق مع الجهات المعنية الأخرى.

19- تنضيم عمل الطب العدلي في الاقليم ورفع مستوى كفاءة العاملين فيه وفق القانون.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

سوپاس, ئەم راپۆرتەی لیژنەی هاوبەش بە ئیتیفاق بووە لەگەڵ جەنابی وەزیر, ئەوەی گۆڕاوە لە پێنجەم, لەجیاتی حیمایەی بیئە لەبەرئەوەی ئێستا وەزارەتی بیئەمان هەیە, تەنسیق هەیە لەگەڵ وەزارەتی بیئە بۆ ئەم كارە, لەهەشتەم/ فەقەت وشەكانیان گۆڕیوە, بلاْوكردنەوەی وەعی تەندروستی لەناو خەڵكدا بەهاوكاری هەموو لایەنەكان, لە نۆیەم/ كەم ئەندام نووسراوە, كەم ئەندامەكەیان كردووە بەو كەسانەی كە موحتاجن پێویستیان بەهێن هەیە, لە دەیەم/ بەشداریی كردن لە پێگەیاندنی كادیر, بەشداری كردن لادرایە بەپێی لیژنەكە, پێگەیاندنی كادیر, واتە خۆی پێدەگەینێ, هەروەها لەشوێنێكی ترە كەفائەی كارمەندان ئیزافە كراوە, لیژنەی هاوبەش بە ئتیفاق لەگەڵ جەنابی وەزیر, پێنج هێنیان ئیزافە كردووە, بەڕاستی جێی خۆیەتی, هەمووش گرنگن, بەتایبەتی ئەوەی (15) ئیشراف و موڕاقەبەی ئیستیرادی ئەدویە, ئەوە زۆر گرنگە وەزارەت بیخاتە سەر ئەستۆی خۆی, بۆئەوەی هاووڵاتی بپارێزرێتن لەو كۆمپانیاو شەریكاتانەی كە دەرمان دروست دەكەن, وەزارەت ئاگادار بێتن, ناوەكان دەنووسم ئەوانەی دەیانەوێ قسە بكەن, جەنابی وەزیر قسەی هەیە فەرموو.

**بەڕێز عبدالرحمن عثمان یونس (د0زریان)/وەزیری تەندروستی:**

**بەڕیز سەرۆكی ئەنجومەن.**

زۆر سوپاس, بەڕێز ئەندامانی پەرلەمان, نوقتەیەك هەبوو لەسەر خاڵی شەش, لەكاتی خۆی لەگەڵ لیژنەی هاوبەش باسمانكرد, بەلاْم دیارە ئەو خاڵە هەر ماوەتەوە هیچیش ئیشارەتی بۆ نەكرا, لەبەرئەوەی ئەوكات ئێمە ئەوەمان باس كرد, تا ئێستا قانونی كار و كاروباری كۆمەلاْیەتی دانەڕێژرا بوو, ئێستا ئەو خاڵە دراوە بە كار و كاروباری كۆمەلاْیەتی كە پێی دەڵێن (الصحة و السلامة المهنية للعمال), كاتی خۆی ئەوە بەشێك بووە لەگەڵ وەزارەتی تەندروستی كە یەك بووینە, بەلاْم ئێستا جیا بوونەتەوە, بە رەئیی من یان ئەو بڕگەیە هەر لابدرێت, یان ئەوەتە وەكو وەزارەتی ژینگە, وەكو ئیقتیراحێك دەورە رەئیسیەكە بدرێ بە وەزارەتی كۆمەلاْیەتی, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

مولاحەزەیەكی بەجێیە، بڕگەی شەشەم لەئەصڵی مەشروعەكە، وەكو بڕگەی پێنجەم لیژنەی هاوبەش وتویەتی بە هاوكاری لەگەڵ وەزارەتی بیئە، ئەمەش لێرە بنووسرێ بەهاوكاری لەگەڵ وەزارەتی كار و كاروباری كۆمەلأیەتی، خاتوو نازناز فەرموو.

**بەڕێز نازناز محمد عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

خاڵی هەشتەم لە پرۆژە یاساكەدا، پێم باشە هەندێ شتی بۆ زیاد بكرێ جا بەپێی پێویست لەداڕشتنەكە، بلأوكردنەوەی هۆشیاری بۆ تایبەتی بۆ ژنان لە ڕێگای سیمینار لەگەڕەكە میللیەكان، بەكارهێنانی هۆیەكانی ڕاگەیاندن و، هاوكاری كردنی وەزارەتی پەروەردە لە دانانی وانە تەندروستی و لەش ساغی بۆ قوتابیانی سەرەتایی و ناوەندی، جا چۆن دادەڕێژرێ ئەمە مەوزوعێكی ترە، خاڵێكی تر زیاد بكرێ وەختی هاتووە كە كوردستان بیر بكاتەوە ڕێژەی منداڵ بوون دیاری بكرێ بۆ هەر خێزانێك، بەهۆی سنوور دانانێك لە لایەن وەزارەتی تەندروستی بە هاوكاری وەزارەتە پەیوەندیدارەكانی تر بۆ دیاری كردنی ڕێژەی منداڵ لەلایەن خێزان بە ئالیەتی گونجاو و هاوچەرخ، بەمەستی تەندروستی ئافرەتان و باشتر كردنی ژیانی منداڵأن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لەبەر گرنگی وەزارەتی تەندروستی كە پەیوەندیەكی ڕاستەوخۆی لەگەڵ ژیانی هەموو هاووڵأتیەك هەیە، بەپیاو ژن و منالّەوە، لەبەر ئەوە زۆر گرنگە ئەو ئامانجانەی كەهەیەتی موحەدد بن، زۆر دیار بن، بۆ ئەوەی گشتگیر نەبن دواتر نەتوانین چارەسەری بدۆزینەوە و، یان نەتوانین بەدواداچوونی بۆ بكەین. هەندێ پێشنیاری زیاد ئەكەم، بۆ ئەو پێشنیارانەی كە ئەوان كردوویانە، سوپاسیان ئەكەم لەگەڵ ماددەكانم، بەڵأم ئێستا لە دنیا دەزانین یەعنی ئەڵێین ئەمنی قەومی، ئەم كەلیمەیە ئێستا لاواز بووە، ئەمنی غیزائی ئێستا بەقەدەر لەپاڵ ئەمنی قەومیا ئەوندە گرنگی هەیە، ئەمنی دەوائی، ئەمانە ئەو شتانەن كە هاووڵأتی دەپارێزن، من پێم باشە ئەوەش بكرێتە خاڵێك لە ئەصڵی پرۆژەكە (سلامة الغذاء و الدواء للأنسان والحیوان)، ئەوەیش كە ئێمە بەكاری دەهێنین، ئەمە یەك.

دوو/ ئەو موستەحزەراتانەی كە دێنە لای ئێمە، ئێمە دەزانین كۆمەڵێك شتی خراپ دروست دەبێ لە ئەنجامی مەوادی كیمیایی لەڕێگەی تاقیگەكانی پزیشكیەوە دێن، ئەوانەی كە بەكارهێنراوە لەكاری تیرۆریستی زۆربەی لەوێ هاتووە، لەوەزارەتی كشتوكاڵ یان وەزارەی تەندروستی و، هەروەها كۆمەڵێك داودەرمان تر كە ئەمڕۆ بەكاردەهێنرێ بۆ تەجمیل و بۆ ئەم جۆرە شتانە، هیچ جۆرە ڕەقابەیەك و هیچ جۆرە شتێكی لەسەر نییە، بەتەحدید لەم پرۆژەیە دەستی بۆ نیشان بكرێ، ئەو موستەحزەراتانە

مەئمونیەتی هەبێت, یەعنی مەئمونیەتێکی پارێزراو بێت, مەرج نییە لێرە بڵێین رەقابە, رەقابە هەرگیز ناتوانێ شت چارەسەر بکات, بەڵام ئەو وڵاتەی کە تۆ پەیوەندی لەگەڵ دەکەی, زۆر گرنگە ئەو چارەسەری بکات, مونتەجاتی ئەوروپی, ئێمە مناڵانی ئێمە, هەر سەیر دەکەین مناڵ لەدایك نەبووە, ئەبێ عەینەکێکی لەچاو بێ, ئێمە ناتوانین سەیتەرەی بکەین لەسەر ئەمە, ئەم مونتەجاتە ئەلیکترۆنیە, کاریگەرییەکی سلبیان هەیە هەم لەسەر مناڵ, هەم لەسەر چاوی مناڵ, بەڵام لەوڵاتی تر ئەوە چارەسەر کراوە, خاڵێکی تر زۆر لام گرنگە, ئەم مەصانیعانەی کە لە لای ئێمە دروست نەبووە, بێگومانیشم لەمەولا دروست دەبێ بۆ دروست کردنی دەوا, بۆ هەر شتێ, پێم باشە ئەم تەنزیماتانە زۆر بەجدی موناقەشە بکرێ, سوپاس.

**بەڕێز محمد صالح اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ببورن کە قسە دەکەم لەبەر ئەوەی لە دانیشتنەکەی تر نەهاتبووم, لەبەر ئەوەی مۆڵەتم هەبووە, بەنسبەت بڕگە (10) باس لە کەوادیری صەحی و هاوکار دەکاتن, لەدوای بڕگەکەش تەشجیعی علم و بەحس دەکاتن, مەسەلەی علمی مەسەلەیەکی زۆر گەورەیە, لەبەر ئەوە من ئیقتیراح دەکەم کە جیا بکرێتەوە لێی, بڕگەیەك نەك لەگەڵ ئەو فەقەڕەیە بێت, دوو/ لەپاڵ داواکەی کاك محمد فەرج, باسی لە موستەحزەڕات کرد, ئالیەتێك یان موختەبەرێك پێك بهێندرێ بۆ موراقەبەی ئەو صلاحیەتەی ئەو دەرمانانەی کە هەیە, بەحقیقەت ئێستا کۆمەڵێك دەرمان لەبازاڕ هەیە, وەکو ژەهرە بۆ خەڵك, هەمووی یان بە ئەکسەریەت صلاحیەتی نەماوە, یان ئەصڵی ئینتاجەکەی خراپە, یەعنی بیر لەوە بکرێتەوە, یەعنی دەرمان هێنان بۆ کوردستان لە مەناشئی ئەصڵی بێت, نەك لە مەناشئی سانەوی, لەسوریا یان لەهەر شوێنێکی تر بەهەر حاڵ جەنابی وەزیر و پسپۆڕانی لەم بابەتە چاکتر دەزانن, لە بڕگەی (16) زیاد کراو (العمل علی تطویر النظام الصحي) لەئاخیرەکەی ( بما یضمن تغییره في الاقلیم), وای بەچاك دەزانم بەم شێوەیە بێت (بما یحقق الطموح و یلبي حاجات المواطن) نەك تغییر بێت، بەڵکو حاجات بێت, شتەکان موحەدەد بێت, لە بڕگەی (17) هاتووە (دعم القطاع الطبی), من پێم باشترە (تنظیم القطاع الطبی الخاص) بێت, وەزارەت بۆ موکەلەف بێت بە پشتگیری مالی یان شتی تر, نەخێر تەنزیم کردنی بێت, چونکە ئەو بابەتێکی تیجاری بەحتە, پێویست ناکات وەزارەت دەعمی مالی یان شتی تری بۆ تەئمین بکات, زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد حاجی محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی من لەوانەیە لەسەر شتێ قسەی بکەم زۆر نەزانم لێی و شارەزایشم نەبێت, بەڵام هەر ئەمەوێ قسەی بکەم لەسەری, باسی مەسەلەی صحی دەکەین ئەمڕۆ شتێکە بەستراوە بەهەموو خەڵکەوە, ئەگەر خەڵك نەخۆش بێت, یەعنی وڵاتەکە هەمووی نەخۆش دەبێت لەهەموو روویەکەوە, لەوانەیە ئەگەر ئەمڕۆ باس لە تەوزیع کردنی غاز کرابوایە, لای هەموو ئەو ناوە پڕ بوو لە ئیعلام, بەڵام وادیارە باسی ئەو شتە ئەکرێ ئێوە گوێی نادەنێ, من پێم وایە یەکێك لەم مەسائیلانە, مەسەلەی پەروەردەکردن, هەر

لەسەرەتاییەوە تا کولیەی توب و ئەوانە, یەکێك لەوانە مەسەلەی قبولٚ خاصە, من ئاگام لێیەتی لەماوەی ئەم دوو، سێ ساڵە کۆمەڵێك عەملیات بە غەڵەتی کراوە, چۆن بووە عەمەلیات بە غەڵەتی بکرێ, ئێستا ئەمە شتێکە ئەگەڕێتەوە بۆ یەکێك لە مەسەلە ئەساسەکان, چەند منالێك لەژێر عەملیات مردوون, یان خەلکانی تر, ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ مەسەلەی قبولٚ خاص, قبولٚ خاص بۆ بەشەکانی تر دەبێت, بەلاٚم بۆ توب نابێت, مەسەلەی هاتنی مەوادی غیزائی وەکو مامۆستا محمدیش باسی کرد, هەر رۆژی ئەوەندە تەن ئەسوتێ, باشە ئێمە موراقەبەمان نییە لەسەر ئەوانە, کە دێن بۆ کوردستان, رێگایان لێبگیرێ, هەموو شتەکان ئێکسپایەر بوو, مەسەلەیەکی تر دەورەی دکتۆرەکان, من خۆم نەخۆش نەبووم, بەلاٚم وەزعی دلٚم خراپە, بەپەلە چووم بۆ ئێران, چوومە لەندن, چوومە ئەمریکا, وتیان هیچت نییە, جگەلەوە لەم رۆژانە دەرمان نووسراوە بۆ نەخۆشێك, دنیا گەڕاوە بە شوێنی دەرمانەکە, پێیان وت ئەم دەرمانەی تۆ لە شەریکەیەکی ئەلمانیا دروست کراوە, بەلاٚم دروست کردنی ئەم دەرمانە 12 ساڵە ئیلغا کراوە, ئەو شەریکەیە نەماوە, ئەبینی لەهەموو شوێنێك تازەترین علمی توب دیێتەکایەوە, پێویستە دکتۆرەکان ئاگادار بن, بەسیدی بۆیان بێت, ئەگەر نا بۆ خۆیان شەش مانگ جارێك بچنە دەورە, باوڕبکە دکتۆرمان هەیە لەوەتی عیادەکەی داناوە نەچۆتە دەرەوەی ولاٚت, مەسەلەیەکی تر کۆمەلٚ کردنی خەلٚك, مەسەلەن ئەلێ پێنج کەس بێتە ژوورەوە بۆ لای دکتۆر, یەعنی ئەوانە کۆمەڵێك شتی عامن حەزم دەکرد ئیشارەی پێبدەم, من دلٚنیام لەوەی کە جەنابی وەزیر و دکتۆرەکان حەد و حدودی بۆ ئەم شتانە دادەنێت, خۆتان ئەزانن ئێستا دکتۆرێك چووە خوێنی کەسێکی داوە، چونکە بەغەڵەت عەملیاتی کردووە, سوپاس.

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من سەرەتا پشتیوانی خاڵی یەکەم و دووەمی نازناز خان و, خاڵی یەکەمی کاك محمد فرج دەکەم, ئەو خاڵەی کاك حەمەش لەسەر مەسەلەی ناردنە دەرەوەی دکتۆرەکان, بەبەرنامە ئەمە درێژخایەن بێت, چونکە بۆ خۆم گومانم هەیە ساڵێکی تر خەلٚك بۆ ئەنفلۆزاش بچێتە تەهران و عومان, چونکە بەداخەوە ئێستا وای لێهاتووە, دوو ئیزافەشم هەیە, وەزارەتی پەروەردە پێویستە سیسەتمی پەروەردە بگۆڕدرێ, سیستەمی تەندروستی بگۆڕدرێ بەسیستەمێکی هاوچەرخ, راستە لەخاڵی (16)ی پرۆژە هاوبەشەکە, ئەلێ سیستەم بگۆڕدرێ, بەلاٚم هەدەفەکەی نەوتراوە, ئەبێ ئێمە سیستەمی تەندروستی خۆمان بگۆڕین بە سیستەمی هاوچەرخ, چونکە ئەگەر بەراوردێکی لەگەلٚ نەخۆشخانەکانی خۆمان و لەگەلٚ تەندروستی ولاٚتەکانی دەروبەرمان بکەین, دواکەوتووترینیان ببینین ئەزانین ئێمە چەند لە دواوەین, یەك خاڵی ترم هەیە, ئێمە هەولٚ بدەین دەعمی ماددی و مەعنەوی پزیشك بکەین, بەتایبەتی تازەکانیان, چونکە ئێمە هەر نەڕوانینە سەر دکتۆرە ئیخصائییە پیرەکان هەموو دەولٚەمەندن, ئەوانەی کە تازە دەرئەچن, یان ئەوانەی کە چەند ساڵێکە لەڕووی مادی و مەعنەوی لەبارێکی خراپ دایە, بۆیە هەولٚ بدەین ئەو ئاستەیان بەرزبکەینەوە, چونکە لێرە هیچ شتێکی تیا نییە بۆ پزیشك, بەتایبەتی بۆ موقیم و موقیمی

دەوری, بەپێچەوانە خاڵی (7) دەعمی دکتۆرە کۆنە دەوڵەمەندەکان دەکات, بۆیە ئێمە هەوڵ بدەین ئەوانەش پێش بخەین و, ئاستی پزیشکیان پێش بخەین, سوپاس.

**بەڕێز ڤیان احمد خضر پاشا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خاڵی هەشتەم کە باسی پەروەردەی تەندروستی و بلاۆکردنەوەی هۆشیاری تەندروستی دەکات, من لەگەڵ مامۆستا محمد فەرج زۆر کۆکم, کەئاسایشی تەندروستی بەشێکە لە ئاسایشی نەتەوە, بودجەیەکی زۆری بۆ تەرخان بکرێ, بودجەی بۆ تەرخان بکرێ, لێرە دەڵێ دووبارە لە پەروەردە و تەندروستی چۆن پێدابچین, من سێ پێشنیارم هەیە: پێشنیاری یەکەم/ کە فەرمانێکی تەندروستی هەبێ لەهەموو قوتابخانەکان, ئەگەر بێتوو ژمارەیان لە 200 قوتابی زیاتر بێ, پێشنیاری دووەم/ دروست کردنی هەماهەنگی لەنێوان وەزارەتی پەروەردە و وەزارەتی تەندروستی بۆ کردنەوەی خولی فریاکەوتنە سەرەتایەکان, بەتایبەتی بۆ مامۆستایانی گوندەکان, پێشنیاری سێیەم/ گۆڕینی سیستەمی تەندروستی بکرێتە سیستەمی بیمەی تەندروستی, بۆ هاوولاَتیان سیستەمی بیمەی تەندروستی دابنرێ, خاڵێکی تر, خاڵی پێنجەم, پاراستنی ژینگەی تەندروستی, لێرە یەك پێشنیار دەکەم, حکومەت بەم شێوەیە سزادانی بپارێزێ, پێویستە حکومەت سزا دابنێ بۆ ئەو کەس و دەزگایانەی کەوا لە ژینگە پارێزی کەم تەرخەم دەکەن, لەهەمان کاتدا خاڵێکی تریشم هەیە, لەخاڵی (دامەزراندنی بەڕێوەبردن و بەدواداچوون) لەخاڵی دووەم پێشنیار دەکەم, دەزگای سکالاَی نەخۆشی دابمەزرێ, تا ببێتە دڵنیابوون بۆ لەش ساغی بۆ هاوولاَتیان, بۆ هەموو هاوولاَتیان و مرۆڤی کورد, زۆر سوپاس.

**بەڕێز فتاح عبدالله نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان, پێشەکی بەخێرهاتنی جەنابی وەزیر دەکەم و, زۆر سوپاسیشی دەکەم, بەحقیقەت ئەوەی کەمن ئاگام لێیە, هەوڵ و ماندبوونێکی زۆری هەیە, بۆ ئەو وەزارەتی صحەیە, سوپاسی دەکەین, دووەم/ پشتگیری لەقسەکانی کاك محمد فرج و کاك محمد صاڵح دەکەم, هەندێك لە قسەکانی من ئەوان کردیان, سوپاسیان دەکەم, من داوایەکم هەیە, پێم وایە لیژنەی قانونی دەست خۆشیان لێدەکەم, شتێکیان نووسیوە لەو بابەتەی کەمن عەرزتان دەکەم, ئەوەیش ئەوەیە لە فەقەرەی (11), لەئەصڵی پرۆژەکە هاتووە, تەنزیمی وەرەقە بە مومارەسەی میهنەی توبی و صحی, من داوادەکەم لە جەنابی وەزیر کە ئەوە شتێکی تێدا زیاد بکرێ (و الرقابة على العيادات الشعبية في المحلات و المختبرات تحت رعاية اللجنة الطبية), چونکە ئێمە کۆمەڵێك عیاداتی توبیمان هەیە لە کۆلاَن و لەناو مەحەلەکان, بەحقیقەت ئیجابیات و سلبیاتیان هەیە, ئیجابیاتەکەی ئەوەیە ئەگەر وەکو پێویست وابن شتێکی زۆر باشە و سوودی هەیە بۆ دانیشتوان, ئەگەر لەو موستەوایەی نەبن مومکینە زەرەریان هەبێ, هی دووەم نوقتە/ ئەو فەحوصاتەی خوێن، پێم خۆشە جەنابی وەزیر رەقابەیەکی توند بخاتە سەر ئەو فەحصی خوێن, نمونەیەك لەو بابەتە

عەرزی جەنابتان دەکەم, لەم ماوەیە خزمێکی من عومری 60 ساڵە نەخۆشە, لێرە خوێنەکەی B+, بردوویانە ئێران عەمەلیات کراوە, خوێنەکەی O+ دەرچووە, جا ڕجام وایە لەجەنابتان و جەنابی وەزیریش, ئیهتیمامێك بەو مەوزوعە بدرێ, ئەو عیاداتانە شەعبی لەکۆلانەکان فحوصاتی دەم زۆر پێویستە ئیهتیمامی پێبدرێ, داوا لەجەنابی وەزیر دەکەم رقابەی دابنێ لەسەر ئەو مەوزوعە, لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز غفور طاهر سعید مەخموری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تێبینیەکانی من چەند خاڵێکن, بەکورتی تیشکیان دەخەمە سەر, یەکەم/ بڕگەی دووەم لەماددەی دووەم, دەڵێ (دامەزراندن و بەڕێوەبردنی, بەدواداچوونی یەکە تەندروستیەکانی چارەسەرکردن و تەندروستیەکانی خۆپاراستن و چارەسەرکردن و پەرەسەندنیان لە هەرێمدا), ئەگەر تێبینی بکەین هەرچی نەخۆشخانەکانی کوردستانە, بەڕاستی پێویستیان بەنۆژکردنەوە هەیە, پێویستیان بەوەی هەیە کە ریعایەکی تایبەتی هەیە, پێشنیار دەکەم لەدوای دامەزراندن وشەی نۆژەنکردنەوەشی بۆ زیاد بکرێ, بەنیسبەت بڕگەی دووەم, بەنسبەت بڕگەی (3) کە باس لە (بایەخدان و خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان دەکاتن) بۆ بوارەکانی تر, داوا دەکەم لەدوا بڕگەکە لە ئەوەش ئیزافە بکرێ, هەروەها چاودێری تەندروستی بازاڕ, یەعنی ئەو شوێنەی کەشتی لێدەفرۆشرێ, بەڕاستی رەقابەی صحی وەکو پێویست نییە لەکوردستان, پێشنیار دەکەم کە دوو خاڵی تریش بۆ ئەو ماددەیە زیاد بکرێ, یەك/ ئەو خەڵکانەی گەڕاونەتەوە گوند, لە خزمەت گوزارییەکان بێ بەشن, بڕگەیەك زیاد بکرێ, -بۆ ئەوەی کە بتوانێ بنووسرێ بە تەندورستی گوند نشینەکان, تەماشا دەکەین کە زۆربەی ئەو گوندە ئاوەدان کراوەتەوە, بە 10, 15 گوند بنکەیەکی تەندروستی لێ نییە, بەتایبەت ئەگەر تەماشا بکەین مەنتیقەی مەخمور, ئەوە لە 2003 خەڵك گەڕاوەتەوە لەتەواوی گوندەکان بنکەیەکی تەندروستی نییە لەوناچەیەدا, خاڵێکی تر/ مەسەلەی دەرمان کە برادەران هەموویان باس کرد, بەڕاستی ئەوە پێویستی بە (کواڵتی کۆنترۆڵ) هەیە, سەیتەرەی نەوعی, حەقە لەناو وەزارەت بەشێك هەبێت بەو ناوە, بایەخ بەوە بدات کە کۆنترۆڵی هەموو داو دەرمانەکان بکات کە دێنە کوردستان, جگە لەوەی کە ئێکسپایەرن, ئەو وەحداتەی لەناو دەرمانەکانیش بەپێی زانستی و بەپێی زانیاری و هەندێك دکتۆر کە باسی دەکەن زۆر کەم, مەسەلەن پاڕەستەمۆلێك کە 500 مللی گرامە, پیشکینراوە 50 مللیی گرامی تێدابووە, کەواتە تۆ 10 حەب بخۆی, ناکاتە یەك حەبی پێشتر کە دەتخوارد, کەواتە پێویستە (کواڵتی کۆنترۆڵ هەبێ) لەناو وەزارەت, هەم لەسەر سنوورەکانیش ئەوە هەبێ, زۆر سوپاس.

**بەڕێز عثمان احمد حمد امين:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لەماددەی دوو بڕگەی (12،1)، بكرێ بەیەك بڕگە، چونكە بڕگەی یەكەم (ئامادە كردنی ئەو پێداویستیانەی كە مافی تەندروستی باش و دروست بۆ هاوولاٌتیان مسۆگەر دەكات لەلایەنی بەدەن و ئەقلٌ و دەروونییەوە)، بڕگەی (12)ش هەر ئەوەیە (كاركردن لەپێناو دابین كردنی تەندروستی بۆ هاوولاٌتیان)، بكرێتە یەك بڕگە، ئەمە یەك، دوو/ لە بڕگەی (5) وەزارەتی تەندروستی هەماهەنگی بكات لەگەڵ وەزارەتی ژینگە، بۆ بەربەست بوونی پیس بوونی ژینگە، بەڕاستی وا بزانم پێویستە وەزارەتی تەندروستی هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی پەروەردە و وەزارەتی ئەوقاف و كاروباری ئایینیش هەبێ، نابێ وەزارەتی تەندروستی پێی عەیب بێت ئەوقاف و كاروباری ئایینی هەماهەنگی هەبێت، چونكە زۆر رێنمایە تەندروستیەكان، بەڕاستی ئەگەر بگەیندرێنە خەتیبە بەتوانایەكان، ئەوەی لە رێگای مزگەوتەكانەوە دەكرێت، رێنمایی جەماوەری بۆ بكرێ بۆ زۆر شت، كەم دام و دەزگا بتوانێ بەم شێوەیە دەورو تەئسیری هەبێ لەسەر جەماوەر، بڕگەیەكی تر زیاد بكرێ، ئەوەیش كە وەزارەتی تەندروستی ئیشی جدی بكات لەسەر گێڕانەوەی متمانەی جەماوەر بەدكتۆرە خۆماڵیەكانی خۆمان، چونكە زۆر لە برادەران باسی ئەوەیان كرد كە خەڵك متمانەیان نەماوە لەبەر هەندێك شت، ئیشێكی زۆر زەرورەو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

هەرچەندە ئەو قسانەی دەكرێن هەمووی قسەی بەجێنە و، رێك و پێكن بەلاٌم مولاٌحەزەی وەقت بكەن، فەرموو كاك عبدالرحمن.

**بەڕێز عبدالرحمن اسماعيل سليم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەو قسانەی كە دەم ویست بكەم، زۆر لەبرادەران باسیان كرد، تەنیا یەك، دوو نوقتە نەبێ یەك/ ئەو خەڵكانەی لەدەرەوە دێنە ناو كوردستان، زۆر كەس لە توركیا لەئێران، ئەوەی سووتان و نەخۆش دێن مومكینە ئەوانە 101 نەخۆشی لەگەڵ خۆیان بهێنن، لەبەر ئەوەی پێویستە كۆنترۆڵی ئەوانە بكرێ، چونكە ئەگەر بێتو ئەو نەخۆشیانەی كە ئێستا لەدنیا بلاٌودەبنەوە زەحمەتە لەكوردستان كۆنترۆڵ بكرێ، چونكە نە ئەو داو دەرمانەمان هەیە، نە ئەو ئەجهیزانەمان هەیە، لەبەر ئەوە پێویستە ئەوە بەتەواوی كۆنترۆڵ بكرێ، بۆ ئەوەی تووشی ئەو مەشاكیلانەی نەبین، نوقتەی دووەم/ ئەوەیە ناو شار كە ئێمە تەماشای بكەین، تەماشای گزۆزی سەیارە دەكەین وەكو بۆڕی سۆپە دووكەڵ دەكاتن، ئەوە پێویستە وەزارەتی تەندروستی لەگەڵ وەزارەتی ژینگە لەگەڵ پۆلیسی هاتووچۆ كۆنترۆڵی ئەم شتانە بكەن، چونكە ئەمە تەئسیری راستەوخۆی لەسەر تەندروستی گشتی هەیە، بەتایبەتی ئەو برادەرانەی كە موشكیلەی جیهازی تەنەفوسیان هەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز طلعت خضر سيف الدين:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لەكوردستان موختەبەراتی صحی هەیە, بەلاَم لەئەصڵی مەشرۆعەكەی كە من تەماشای دەكەم, نەصی كەلیمەی موختەبەرات وەكو خۆی نەهاتووە, بۆیە من پێشنیار دەكەم (أنشاء المختبرات الصحية لتشخيص الامراض) زیاد بكرێ, خاڵێكی تر, بڕگەی (4) لە ئەصڵی مەشرۆعەكە (مكافحة الامراض الانتقالية و السيطرة عليها), لەدەرەوە و ناوەوەی كوردستان, نازانم ئەوە حەجری صحی دەگرێتەوە یان ناگرێتەوە؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز شیرین عبدالرحمان دینو:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

تەئیدی كاك تەڵعەت دەكەم, بۆ موختەبەرا, چەند مولاَحەزەیەكی عام هەیە, ئەن گشتی ئەز دەبێژم, نەبوونی موستەشفا, نەبەس تەركیز بكەن لە مەركەزی موحافەزەی هەبیتن, دەوروبەری موحافەزەش هەبیتن وەكو گوندە, وەكو قەزایە, موستەشفا زۆر كەمن وەكو زاخۆ, لەو دەڤەرە یەك موستەشفا هەیە, هەتا وەحدەی صەحیش ژ كاملی مەنتیقەش و, نەبوونی تەوارئی ژنینە, یەعنی حادیسەك بێتن, شتەك بێتن, مباشرِ نەقڵی زاخۆی مەسەلەن بۆ موحافەزات دهۆكێ, هیچ خزمەتێك نینە بۆ زاخۆ وەكو موستەشفایەكی پێویست بۆ دەڤەرا زاخۆ, نسبەتا نفوسی زاخۆ پتر لە 300 هەزار كەسانە, هەروەها ئەم زاهیرەتێكی گەلێك نائیجابە, سەرجادەی ناو مەنتیقەی مەدا, زاهیرەتێكی دنیا نەدیە, یان بێژم موتەخەلیفە, یان شەماعیە كوردی بێژن شێت خانە, یەعنی ئەم زاهیرەتە نەمێنێ سەر بان جادە و سەر شارعە, حەتا گلەو گازاندەی خەڵك زۆر هەنە, ئەن تەئكید دەكەم, بەنسبەت ئەجهیزە, ئەجهیزە نیهائیەن لە مەنتیقەی مە نینە, گەر غەسل كلیە هەبیتن, دەبی بچی شاری تر, یەعنی ئەجهیزەی بەسیت مەفرِوزە هەبیتن, لە مەنتیقەكی وەكی زاخۆ, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

نوقتەی نیزام هەیە, فەرموو.

**بەڕێز د0هاله سهيل وادی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

نوقتەی نیزامەكەی من ئەوەیە, پێشنیار دەكەم قسە بدرێتە جەنابی وەزیر, لەبەر ئەوەی هەموو ئەو خاڵانە باس كرایە لەگەڵ جەنابی وەزیر, جوابیشی هەیە, بۆ ئەوەی دووبارە نەكرێتەوە لەلای ئەندامان, زۆر سوپاس.

**بەڕێز شیخ الله ابراهیم شیخ الله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشەکی بەخێرهاتنی جەنابی وەزیر دەکەم, هیوای سەرکەوتنی بۆ دەخوازم لەکارەکانی, پشتگیری تەواوی لیژنەی هاوبەشی لیژنەی یاسایی و تەندروستی دەکەم, هەروەها پشتگیری لە ڕەئیی هەردوو برای بەڕێزم, هەردوو کاك محمدەکان دەکەم, تەنها مولاحەزەیەکی بچووکم ماوە لەسەر بڕگەی (6), دەڵێ (بایەخدان بە تەندروستی لەش ساغی کرێکاران), پێویستە کارمەندانیشی لەگەڵ بێت, چونکە تەنها کرێکاران لەو شوێنانە کار ناکەن, کارمەندانیش تێیادا کار دەکەن, بۆیە تەندروستی لەشساغی کرێکاران و کارمەندان لەپرۆژەکە کار دەکەن, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لەعەرەبیەکە هاتووە (العاملین), یەعنی هەم کرێکار دەگرێتەوەو هەم مۆزەفیش دەگرێتەوە, ڕەنگە تەرجومەکە غەڵەت بێت, مولاحەزەی دکتۆرە هالە, ئەگەر چی نوقتەی نیزام نەبوو, بەلام مولاحەزەیەکی بەجێ بوو, جەنابی وەزیر ئەگەر دەتەوێ تەعلیق بدەی لەسەر ئەو برادەرانەی کە تا ئێستا قسەیان کردووە, فەرموو.

**بەڕێز د0 عبدالرحمن عثمان یونس(د0 زریان)/وەزیری تەندروستی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان, بەڕاستی بەڕێزان خاڵی زۆر بەنرخیان هێنایە پێش, من سوپاسیان دەکەم, بەڕاستی زۆربەی ئەم خاڵانە بەجێیە و ڕاستیشن, بەلام ئێمە لێرە باسی یاسا دەکەین, موحاکەمەی خەدەماتی تەندروستی ناکەین لەوڵاتێك لێرە, خۆتان ئەزانن ئەوە نیتاجی ساڵێك نییە, چەندین ساڵ لە ئیهمالی و ژێر دەستی و خەدەماتی تەندروستی بەرەو دواوە چووە, بەشەو ڕۆژێك نە سیستەمی تەندروستی دەگۆڕدرێ, نە خەدەماتیش دەگۆڕدرێ, کوردستانیش پڕ نەخۆشخانە ناکرێ و, ناکرێ ئەو شتانە بکرێ لەناو یاسا بووترێ بەڕای من, من بەیەکەم دەست پێدەکەم, نازناز خان فەرمووی ناوی ژنانی تێدا نییە, بەڕاستی من ئەوە بەڕێزم زانی, ڕێزلێنانە لە ژنان وەکو مرۆڤ باسمان کردووە و, نەمان ویست جیای بکەینەوە, ئەوە ژن و پیاو و منالٚ, بەلام لە شوێنێك باس کراوە, ئیهتیمام بەژنان و منالان وەکو (الامومة و الطفولة) بدرێ, بەلام من نازانم بۆ داوا دەکا ژن لەپیاو جیا بکرێتەوە, خۆیان داوای یەکسانی دەکەن, باسی ئەوەی کرا کە ڕاژەی منداڵ بوون کۆنترۆڵ بکرێ, من نازانم کێ لەگەڵ ئەو ڕەئیەیە, من ڕەئیی خۆم هەیە, ڕەنگە لەگەڵ ئەو ڕەئییە نەبم کۆنترۆڵی بکەین, تەنزیم بکەین قەیناکە, بەس نەك کۆنترۆڵ بکەین, ئێمە پێویستمان بەوەی هەیە کە میللەتی کورد زیاد بکات, بەڕەئیی من وایە, ڕەنگە ڕەئیکی تر جیا بێت, ئەمنی دەوائیی, لە بڕگەی (15) مەصانع و موستەحزەڕات, بەڕێزان دەزانن ئێمە کوالیتی کۆنترۆڵمان نییە لەهەرێمی کوردستان, لەبەر ئەوە، ئەوەی دڵخۆشکەرە موختەبەرێکمان وا لە ڕاپەڕین بەڕێوەیە, انشاالله خیلال چەند مانگی داهاتوو حازر دەبێت, خۆی سێ بەشە (بەشی دەوائیی,

بەشی غیزائیی، بەشی ژینگە)، گشت ئەو شتانە دەتوانین کۆنترۆڵ بکەین، فەحصی بکەین، بەلاّم ئێستا بەڕاستی نیمانە، کەنەش بێ چی دەکەین..من عیینەی $18$ دەرمانم کۆکردۆتەوە لەناو بازاڕ، بۆئەوەی بینێرم بۆ فەحص کردن لە موختەبەراتی سوید، داوای $31$ هەزار دۆلار دەکەن، تەنها بۆ فەحص کردنی $18$ دەرمان، توانامان نییە لەبەر ئەوەی وەزعەکە چەندین ساڵە هەر وا بووە، بەلاّم ئەمەلێك هەیە، شتێك بەڕێوەیە، بەڕێز کاك محەمەد صالّح باسی تەشجیعی بەحسی علمی کرد، ئەوە ئێستا زیاتر پۆستی ناردەنە دەرەوە بۆتە ئیشی وەزارەتی تەعلیم عالی، کە بۆ بەحس ئەچنە دەرەوە، بەلاّم تەشجیعی بەحسی علمی لەناو ئێمەش بەتەئکید شتێکی زۆر پیرۆزە، ئەگەر بەجیا ناوی بێت، لەبڕگەکە جیا بکرێتەوە، ئەوا بەڕێزان ئەندامانی لیژنەی قانونی دەزانن، دەعمی ڤیتاعی خاصی توبی، دەفەرموون (دعم)ەکە لاببەین بیکەینە (الاشراف)، من دەعمم پێ چاکترە، چونکە بەڕاستی دەعمی خەدەماتی توبی، ئەو زەمان چوو کە هەر بە بەڤیتاعی عام بکرێ، دەبێ ڤیتاعی خاص بێتە ناوەوە و، بەشدار بێت و، ئێمەش دەعمی دەکەین، بەلاّم کۆنترۆڵیشی بکەین، لە هەمان کاتدا مانای ئەوەی نییە کە دەعم دەکرێ، کۆنترۆڵ نەکرێ و، دەبێ دەوری خۆی ببینێ لەخەدەماتی تەندروستی، لەهەموو دنیاش وایە، بەڕێز کاك محمد حاجی محمود، هەندێك ئیقتیڕاحی زۆر بەجێی کرد، باسی عەملیاتی بەهەڵەی کرد، ئەوە شتێکی راستە، ئێمە ولاّتێك بووینە دابڕاو بووینە لە علم و ئینترنێت، سکایش مەمنوع بووە لە ولاّتی ئێمە، دکتۆرەکانمان مەحروم بووینە لە دەورات و لە مستەوای علمی، من زۆر چاك ئەو مەوزوعە دەبینم، هیوادارم بتوانین ئیهتیمام زیاتر بە دەورات بدەین، دکتۆر بنێرینە دەرەوە، تەبیعی ئەوە شتێك نییە لەناو ئەو قانونە بووترێ، سەیتەرەی حدودی مەوادی غەزائی، ئێستا دەزگایەکی نوێ دەرچووە، دکتۆر موئەید سەرپەرشتی دەکات، کوالیتی کۆنترۆڵە سەیترەی گشت سنوورەکان ئەکەوێتە دەست ئەوانەوە، دەزگایەکی تایبەتە بەخۆی، سەر بەئەنجومەنی وەزیرانە، گوڵناز خان فەرمووی سیستەمی تەندروستی بگۆڕدرێ، بەڵێ ئێمە ئیشمان لەسەر کردووە، سیستەمی تەندروستی بە شەو و رۆژێك ناگۆڕدرێ، ئەوە نیتاجی $80$ ساڵە، لەوانەیە $8$ ساڵی بوێ هەتا بیگۆڕین، زۆر پێداویستی سەرەکی پێویستە بۆ گۆڕینی ئەو سیستەمە کە حالیەن وجودی نییە، وەکو بودجەیەکی چاك، وەکو بناغەیەکی چاك، هەتا هاووڵاّتیان، بەلاّم هەنگاومان لەسەر ناوە، هەنگاوی زۆر چاك، بڕوام بەوە نییە کە دەکەوین، چونکە دەڵێن گۆڕینی فەوری سیستەمێك بۆ سیستەمێکی تر، دەبێ هەنگاوی لێبنێی و، هەنگاوی راستیشمان ناوە لەو بوارە، دەتوانین بڵێین $10$ ساڵی تر بتوانین بگەینە ئاستی دەوروبەری خۆمان، نەك ئەورووپا، ڤیان خان موفتەڕەحاتی زۆر چاکی کرد، بەرەو لیژنەی هاوبەش بۆ ڤوتابخانەکان، ئێمە لیژنەی جەوالمان هەیە (فرقە الجوال الصحی)، لەڕووی ددانەوە، هەم لەڕووی چاوەوەو، صحەی گشتی ئەچن کار دەکەن، لەسەر هەموو نەخۆشخانەکان ئەسوڕێنەوە، ئەوەیش هەر باسی سیستەمی تەندروستی کرد زۆر تەواوە، لەسەر ئەکەین، دەزگای سکالاّی نەخۆش، بەڵێ ئێستا دەزگایەکی بالاّی کوردستانمان دروست کردووە، لەوەزارەت ناوی دەزگای تەندروستی بالاّی کوردستانە، لە $10$ پزیشکی بالاّی پسپۆڕی تێدایە لەهەموو بوارەکانەوە و، لەگشت شارەکان تێیایدایە، تا ئێستا $12$ پزیشك سزا دراون، سزای

زۆر قورس، له دەرکردن و قەدەغه کردنی کارکردنی تیایدا له کوردستان, هەتا داخستنی عیاداتی تیادایه و, زیاتر له 16 پزیشك لەشاری سلێمانی سزا دراون, به سزای بچووکتر، نەگەیشتۆته لای ئێمه, ئێمه فروعمان هەیه لەشارەکانی خوارەوەش, لەهەموو شوێنەکان, ئەگەر قەزیەکی موعەقەد بێت، ئەگات بەم دەزگا بالأیانەوە, ئێمه مەبەستمان سزادان نییه, بەلأم هیوادارین ببێته دەرسێك بۆ ئەوانی تر کەوا سەرپێچی ئەکەن, لەو بڕوایەین که ئەوانەی وا دەکەن رەنگه پێنج لەسەدیش کەمتر بن لەپزیشکان, زۆربەی پزیشکەکان تەبیعی خزمەتی هاوولأتیان دەکەن, بەو پەڕی توانایانەوە, چەندین ساڵیشه خزمەت و شەو رۆژ و جەژن و نەورۆزیان نەبووە, ئەگەر بڵێین کەم و کوڕیش هەبووبێ, خۆ هەر له وەزارەتی تەندروستی کەم و کوڕی نییه, له هەموو بوارەکاندا هەیه, له کارەبا هەیه, له ئاوەوە هەیه, خۆتان وەکو ئێمه لێرە دەژین, بەلأم رەنگه ئێمه بەنیسبەت خەدەمات، باشتر خەدەماتمان کردبێ, ئێمه زۆر شت هەیه شانازی پێوەبکەین, بۆ یەکەم جار له مێژووە نەمان هێشتووە نەخۆشی مەلاریا بۆ یەك حاڵەتش نەخۆشی مەلاریا لەکوردستان ئەمساڵ تەسجیل نەکراوە, به ئیعتیرافی مونەزەمەی صحی عالەمی, نەخۆشی ئایدز نەمان هێشتووە بێته ولأتی خۆمان, کۆنترۆڵی تەواومان کردووە لەسنوورەکان, لەناوەوە نەخۆشی سیل بەرەو خوار دەڕوا، بەژمارە و بەئەرقام پێتان ئەڵێین, هەموو نەخۆشیەکان بەرەو خوار دەڕۆن, خەدەمات باش بووە, خەدەمات تەنها له دروست کردنی بیانه نییه زۆر کەس وای ئەبینێ, راسته باسی دروست کردنی خەستەخانەش کرا لێرە, لەکوردستان هەشت سەریر هەیه بۆ 100 هەزار هاوولأتی, لەئەوروپا حەوت و نیو سەریر هەیه بۆ هەموو 10 هەزار هاوولأتی, لەشەرق ئەوسەت دوو و نیو سەریر هەیه بۆ هەموو 10 هەزار هاوولأتی, یەعنی ئێمه دە قاتی دەوروبەری خۆشمان کەمتر نەخۆشخانەمان هەیه, ئەوە ئەرکێکی زۆری دەوێ, بودجەیەکی زۆری دەوێ, بۆ ئەوەی ئەو هەموو خەدەماتەی بکەین, مامۆستا باسی ئیشرافی عیادەکانی کرد, کۆلأنەکان بەڕاستی ئەوانه ناشەرعین, ئەصڵەن که شتێك ناشەرعی بێت پابەند نییه بەهیچ قانونێکی وەزارەت و, دیاریدەیەکی ناشەرعییه, جەنابی فەرمووی هەندێك دیاریدەی باشی تیادایه, هەندێك ئیجابیات و سلبیاتیان تێدایه, هەوڵ دەدەین کۆنترۆڵێکیان بکەین, هیوادارین بتوانین لەداهاتوودا نەمێنێن, چونکه بەڕاستی دیاریدەیەکی ناشارستانییه, لەبەر ئەوەی هەڵەی وا گەورە دەکرێ, که خوێنی گرووپێك نەزانن بکەن, کاك غفور باسی نۆژەن کردنەوەی کرد, بەڕاستی ئەوە تەبعەن لەئەرکەکانی وەزارەته, دەڵێت خەدەماتی توبی بەرەو پێش ببات, دروست کردن و نۆژەن کردنەوە, ئەوە هەمووی دەگرێتەوە, بەلأم که وشەکه بووترێ ئەوە بۆ بەڕێزان دەتوانن داینێن, تەعامول لەگەڵ وەزارەتەکانی تر فعلەن شتێکی زۆر پیرۆزە, ئێمه کردووشمانه, کۆبوونەوەمان لەگەڵ مامۆستایانی ئایینی و زانستی کردووە, لەگەڵ مامۆستایانی فوتابخانەکان کردووە, لیژانی هاوبەشمان هەیه, لەگەڵ وەزارەتی ژینگه بەردەوام له پەیوەندی داین, ئێمەش بەحاڵی خۆمان وەکو وەزارەتی تەندروستی کەوا تەندروستی ولأتێك تەنیا به وەزارەتی تەندروستی و به پزیشکان ناکرێ, به هەمووومان ئەکرێ, هەر له هاوولأتیەوە بگرە هەتا هەموو کەس مەسئوله لەوە, ئێمه ئەگەر کارەبامان نەبێ, یەعنی ئێمه چی بکەین, من صحوفیەك تەلەفۆنی بۆ

کردم, وتی دەرمانەکان هەمووی تێك ئەچن و شوێنیان گەرمە و, تۆ چیت کردووە بۆ ئەو مەسەلەیە, ئەم پرسیارانە بەرەئیی من نابێ لەمن بکرێ, من کارەبام بۆ دابین نەکرێ, چۆن دەتوانم, ئەگەر ئاو کەم بێ ئێمە ئیحصاياتی مونەزەمەی صیحەی عالەمی دەڵێ 50, 65٪ هاوولاّتیانی کوردستان ئاوی پاك دەخۆنەوە, یەعنی 45٪ ئێمە ئاوی ناصحی دەخۆینەوە, بەوەزارەتی صحە بەتەنیا چی دەکرێ, ئەگەر سنوورەکان بەتەنیا ببێتەوە, هەموو شتێ بە کەیفی خۆی بێتە ژوورەوە لە خواردنەوە بگرە هەتا دەرمان بگرە, وەزارەتی صحە چۆن دەتوانێ بەتەنیا ئەوە کۆنترۆڵ بکات, ئەبێ وەزارەتی زراعەی لەگەڵ بێت, کشتوکاڵی لەگەڵ بێت, وەزارەتی ناوەخۆی لەگەڵ بێت, ئەگەر ئێمە داوای مەنع کردنی ریکلاّمی جگەرە ئەکەین لەبازاردا, لەوەتی ئێمە داوامان کردووە چونکە گازێکی ژەهرێنە, ئەوا دە قات بۆتەوە لەناو هەموو شارەکان و, جاران تەحزیریان لەسەر ئەنووسی, ئێستا تەحزیرەکەش نانووسن بەبێ منەتانە, لەبەر ئەوە ئێمە بڕوامان وایە تەعامول بکەین لەگەڵ هەموو لایەك و, بەهەموو لایەك تەندروستی بەرەو پێش دەچێ نەك تەنها بۆ وەزارەتی تەندروستی, کۆنترۆڵی نەخۆشییە درمەکان و ئەوەی تیایدایە, کاك تەلعەت باسی حەجری صحی کرد, تەئکید حەجری صحی بەشێکە لەوە, ئێمە هەتا تەرجوومەکەی نازانم بەربەرەکانیمان نووسیوە, بەعەرەبیەکەی (محاربة الامراض الانتقالية) بنووسین, یان (مقاومة), بەلاّم ماناکەی بەگشتی هەمووی دەگرێتەوە, نەبوونی شەماعییە, شیرین خان باسی کرد, ئێمە دوو پرۆژەمان پێشکەشی ئەنجومەنی وەزیران کرد, دوو شەماعییە لەو جۆرە بکەینەوە, لەهەولێر و لە دهۆك و, لەسلێمانیش خەریکی تەواوبوونە, بەڕێز کاك شیخ الله باسی تەندروستی کرێکارانی کرد, وابزانم گشت کارمەندان دەگرێتەوە, بەهەر حاڵ ئەو قانونە دووبارەیە لە قانونی وەزارەتی کاروباری کۆمەلاّتیش, من داوای لێبووردن دەکەم, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس, ئێستا زۆرشت روون بۆوە لە قسەکانی و روون کردنەوەکانی جەنابی وەزیر, فەرموو دکتۆرە شوکریە.

**بەڕێز د0شکریە رسول ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من بەڕاستی دەست خۆشی لە د0 زریان دەکەم, وەکو خوێنەری جەریدەکان لەم ماوەیە هەوڵ و کۆششی تەواوی بۆ نەمانی گەندەڵی لەدام و دەزگای تەندروستی وەزارەت, ئەمە شتێکی چاکە وەکو یەکەم وەزیر, کە هەوڵی داوە بۆ بنبڕکردنی ئەم لایەنە داوە, هیوادارم ئەگەر ئەم لایەنەی گرتووە, لایەنەکانی تریش فەرامۆش نەکات, لەڕووی تەندروستی عیادەکان, عیادەی میللی و موختەبەرەکانیش, خۆم سەردانی هەر دکتۆرێك دەکەم, یەکەم شت کە تێبینی دەکەم, ئەم لایەنانەیە کە تێبینی دەکەم, خۆی وەلاّمی زۆر پرسیاری داوە, سوپاسی دەکەین, تەئییدی هەردوو برادەر کاك محمدەکان, قسەکانیان لەگەڵ من یەکە, بەلاّم ئەوەی حەزم کرد کەوا بەدکتۆر زریان بڵێم, ئێستا لەهەموو دنیا گەڕاونەتەوە بۆ داودەرمانی میللی,

حەز دەکەم لەم رووەوە لە صین و لە ئیران کە من ئەیخوێنمەوە, ئەمانیش هەوڵی ئەم لایەنە بدەن و, لەخاڵی 10 لەئامانجەکان, گرنگی دەدەن بە هانی توێژینەوەی زانستی لە جۆرەها مەیدانەکانی تەندروستی, من پێم باشە زۆر لەدکتۆرەکان بەڕاستی داهێنان دەکەن لەبواری لێکۆڵینەوە, هەموویان توانای لێکۆڵینەوە و ئیبداعیان نییە, ئەوەی کە ئیبداع و داهێنان دەکات, من پێم باشە ئەگەر وەکو خاڵێکیش بێت, خەلاٌتی ئەم دکتۆرانە بکەن, من چوومە لای دکتۆر احمد سید بەرزنجی, وتی وەرە سەیری موختەبەرەکەم بکە, بینیم خەڵك ئەسپێ و رشکی لەچاوە، وتی ها سەیریکە چۆن ئەجوڵێ, بەداخەوە ئەم لایەنە هەتا ئێستا گرنگی پێنەدراوە, وەکو چۆن ئێستا لە خاڵی 10 ئاماژەیەك بەم لایەنەش بدرێ, دکتۆر حەز دەکەم بەڕێزت کە دەرچووی کۆلێژی پزیشکی باسی هەماهەنگی هەموو وەزارەتەکانتان کرد, تەنها وەزارەتی خوێندنی بالاٌ و کۆلێژی پزیشکەکان, کۆلێژی داو دەرمان و کۆلێژی ددان, حەزیش دەکەم هەماهەنگیەك لەگەڵ ئەوانە هەبێ, زۆر سوپاس.

**بەڕێز ملا سعدالدین عبدالله مولود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

فەقەرەکانی ماددەی دووەم هەندێ رێکخستنی دەوێ, لە فەقەرەی (1, 7, 12) هەر یەك شتە ئەگەر لێك بدرێ, پاشان لە ئاخیری فەقەرەی نۆیەم (وتوفیر الاجهزة الخاصة بالمعوقين), ئەوە بێتە سەر فەقەرەی (الاهتمام برعاية وتأهيل الاحداث والمعوقين), ئەگەر بکرێ هەندێك وەکو تەوصیات پێم خۆشە ئاڕاستەی جەنابی وەزیر بکەم, راستە موناقەشەکە موناقەشەیەکی قانونییە, قانونی وەزارەتە, بەلاٌم ئێستا لەعیادەکانی خارجی ئەو شتە بەرچاو دەکرێ, دەبینی دکتۆر هەیە پەنجا نەخۆشی بەیەك رۆژ بەڕێ دەکات, باشە ئەوە کە پەنجا نەخۆشی پێکەوە بەڕێ دەکات, پێنج کەس پێکەوە دەچێتە ژوورێ, ئایا ئەو دکتۆرە چۆن دەتوانێ سەیتەرە لەسەر پەنجا نەخۆش بکات, هەندێك دەرزی هەیە, دەرزی کیمیاوییە, دەرزی سەرەتان لێرە نییە, زۆرجار نەخۆش دەبێ بچێتە ئێران, دوێنێ یەك لەنەخۆشەکان کە ناسیاری خۆمانە, بایی 600 هەزار دینار دەرزێ کڕیووە, بەموساعەدە پارەی بۆ کۆکراوەتەوە, یەعنی ئەگەر موستەشفایەك هەبێ بۆ مەوادی کیمیاوی زۆر ئیستیفادەی لێدەکرێ, ئەشیعەیەك هەیە MRI لەنەخۆشخانەی رزگاری کە پێی دەوترێ رەنین, ئەو رەنینە حەسەب جەدوەلە, هەموو کەسێك دەتوانێ, ئێواران بەپارەیە, ئەو بەپارەیە نەمێنێ باشە, یەعنی بۆ کابرا ئێوارەکەی پارە بدات, هی وا هەیە فەقیرە پارەی نییە ناتوانێ ئەشیعە بگرێ, ئەوەی دەوڵەمەندە ئەشیعەکەی خۆی دەگرێ, زۆر جار دەبینی تەواڕی نەخۆشێك زۆر موستەعصیە دەچێت, تەماشا دەکەی موقیمێکی تیا دانیشتووە, تەواڕی حەساسترین جێیە, دەبێ تەبیبێك دانیشێت, تەبیبێکی موتەخەصیص, نەك دکتۆرێکی وای لێدانیشێ کە تەجروبەی کەم بێت, عیادەو عەمەلیات, زۆر جار دکتۆر ئیلزامی لەسەر نەخۆش دەکات کە عەمەلیاتەکەی لە خەستەخانە نەکاتن, عەمەلیاتەکەی لە عیادەی ئەو بکات, ئەوەش سەیتەرەی لەسەر بکرێ, لەگەڵ رێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هەرچەندە زۆر موداخەلە دەکرێ, بەلأم من مولأحەزەیەك دەکەم, لەڕاستیدا زۆر لەو قسانەی کە دەکرێ لە نوقاتەکان هاتووە, هەندێك مولأحەزەشم هەیە, دەڵێ ئەو خاڵە لەگەڵ ئەو خاڵە دەمج بکرێ, پێم وایە ئیلتیباسێك هەیە لە تێگەیشتنی خاڵەکان, ئەوە سێ, چوار کەس داوا بکات, مەسەلەن دەمجی خاڵی 10 لەگەڵ 12 کە دەڵێ (ضمان التأمین الصحي), تەئمینی صحی شتێکی زۆر تایبەتە, تەئمینی صحی گەورەترین مەسەلەیە لە هەموو ولأتانی پێشکەوتوو, یەعنی بەلاش, هەموو پێداویستی عیلاجت بەلاش بێت, ئەوەیە تەئمینی صحی, ئەوەی کە دەوڵەت پێی هەڵدەستێ, لەبەرئەوە دەبێ خاڵێکی تایبەتی هەبێ, ئەوەی تر ئیلتیزاماتە, ئهتیمامە, بۆیە موداخەلەم کرد, چونکە سێ, چوار برادەر داوای دەمجیان کرد, ناکرێ دەمج بکرێ, تەئمینی صحی ئەو پارەیە کە حکومەت تەرخانی دەکات, بۆ گەیاندنی تەندروستی بۆ هاوولأتیان, لەکردنەوەی خەستەخانەیە, بنکەیە, دکتۆری بەلاشە, ئەشیعەی بەلاشە, دەرمانی بەلاشە, ئەوانە هەمووی تەئمینی بەلاشە, کاك سەردار, فەرموو.

**بەڕێز سەردار صباح بۆزۆ هەرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من تەنها دوو تێبینیم هەیە, یەکەم/ لەسەر بڕگەی (5), من پێم وایە وەزارەتی تەندروستی, وەزارەتی ژینگە ئەرکەکەی تەنیا ئەوە نییە مەنعی تەلەوسی ژینگە بکات, بەڵکو تەحسین کردنی, بۆیە پێشنیار دەکەم تەنیا یەك وشە زیاد بکرێ لەنیهایەتی پێشنیاری لیجنەی هاوەبەش, ئەوەیش (و تحسینها), دووەم/ کە ئەهداف هەمووی دەخوێنمەوە, باسی تەراخیص ناکات, تەراخیصی موستەشفەیاتی ئەهلیی, بەڕاستی لێرە دەبێ دیاری بکات, من پێشنیار دەکەم لەبڕگە (17) باس لە قیتاعی توبی خاص دەکات, بگوترێ (منح تراخیص للقطاع الخاص) لە کۆتایەکەی, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لەموقتەرەحەکە هاتووە کاك سەردار, کە دەڵێی ئیشرافی وەزارەت, یەعنی تەرخیصە, سارا خان, فەرموو.

**بەڕێز سارا خضر پیرۆت:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت خاڵی یەکەم, باس لە لایەنی بەدەن و ئەقڵ و دەروونی دەکات, زۆر دەست خۆشی لەباسی مەسەلەی دەروونیەکەی دەکەین, لەبەرئەوەی کۆمەڵگای کوردستان هەمووومان دەزانین دەناڵێنێ لەدەست چەندین دەردی دەروونی, بەهۆی ئەو بارودۆخەی کە بەسەری هاتووە, بەلأم ئومێد دەکەم ئەو گرنگی دانە بەپێی ئەو شوێنانە بێت کە کارەساتەکانی لێبووە، وەکو ناوچەی ئەنفال کراو، کیمیاباران و راگوێزران, ئەو مەنتیقانەی نەخۆشی زیاتر لێیە, حەقە سەنتەرەکان لەو شوێنانە گرنگیان پێبدرێ, بەداخەوە ئەو لایەنی دەروونی وەکو پسپۆڕیش, پسپۆڕی دەروونی کەمە لە کوردستان, لەلایەکی ترەوە ئەو توندو تیژیە کە لە کۆمەڵگا بەرقەڕارە بەگشتی, پەیوەندی بەباری دەروونی ژنانیشەوە هەیە, ئەوەیش حەقە گرنگی زیاتری

پێبدرێ, خاڵی دووەم باس لە چاودێری دایکایەتی دەکات, خاڵێکی باشە, بەلأم ئەو چاودێری دایکایەتییە نا کە ئێستا هەیە لە کوردستان, لەبەرئەوە ئەگەر تەماشای خەستەخانەی منداڵبوون بکەین, سەردانی بکەین, راستە ئامێر و پێداویستی لێیە, بەلأم پشتگوێ خستن دیارە زۆرە بەنیسبەت دایکانەوە, لەشوێنە دوورەکانیش خزمەت گوزاری زۆر کەم دەگاتە شوێنە دوورەکان, نمونەیەك دەهێنمەوە کە لەگەڵ سەرۆکی لیژنەی ئاوەدان کردنەوە سەردانی قەندیلمان کردووە, چواردە گوندی لێیە یەك بنکەی تەندروستی گڵی لێ بوو, لەکاتی لافاوەکەش رووخابوو, ئەو شوێنانە تەنانەت ئەگەر ژن دوو گیان بێت, بیانەوێ بیبەن بۆ دکتۆر هەر لەرێ گیان لەدەست دەدات, ئەوەندە رێگاکە دوور و ناخۆشە, لەبەر ئەوە ئومێد دەکەین گرنگی بەم شوێنانە بدرێ, لەبەر ئەوە ئاسایی نییە لە سەدەی بیستەمدا ژن لەسەر منداڵ بوون گیانی لەدەست بدات, بەنیسبەت خاڵی (9 و 11) باس لە منداڵی کەم ئەندام دەکرێ, منداڵێ کەم ئەندام لەشوێنێك دەبێت, بڵێ دابین کردنی ئامێر بۆ پەککەوتەکان, تەنیا ئامێر دابین کردن چارەسەری ئەو مەسەلەیە ناکات, گرنگی بەو دایکانە بدرێ کە منداڵی کەم ئەندام بەخێو دەکەن, یەعنی لە سلێمانی شتێك کراوە, ئەو ژنانەی کە فەرمانبەرن منداڵی کەم ئەندامیان هەیە, بەبێ مووچە یارمەتیان داون کە خزمەتی منداڵە کەم ئەندامەکە دەکەن, بەلأم لە ناوچەکانی دیکە لەهەمووی ئەوە پیادە ناکرێ, حاڵەتێکی تر هەیە هەرچەندە پەیوەندی بە یاسایەکەوە نییە, ئەو بنکە تەندروستیانەی لەزۆر لەناوچەکان بنکەی زۆر مەعقول دروست کراوە, بەلأم تا ئێستا ستافی بۆ دانەنراوە, ئەوە کێشەی گەورەیە لەزۆربەی قەزا و ناحەیەکان دروست بووە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز زرار طاهر امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

زۆربەی ئەو قسانەی کە دەم ویست بیکەم کراون, بەلأم برگەی (9) پێشنیار دەکەم لەکۆتایەکەی بنووسرێ (بەپێی پێوەرەکانی کۆنترۆڵی جۆری)و, زۆر پشتیوانیش لەقسەکانی کاك غفور دەکەم, بایەخدان بەتەندروستی گوندنشینەکان شتێکی زۆر زەرورە و, پێم باشە برگەیەك لەم یاسایە زیاد بکرێ, بنووسرێ لیژنەیەکەی بەدواداچوون دروست بکرێ, بۆ ئەو پزیشکانەی کە تەشخیصی نەخۆشەکان دەکەن بەهەڵەو, زۆر سوپاسی وەزیری تەندروستی دەکەین, بەڕاستی ئەوەی سارا خان وتی, ئێمە رۆژێکیان چووین بۆ دۆڵی رزگەمارۆ بەڵێنی پێداین کە ئەو بنکە تەندروستییەیان بۆ دروست بکات, وابزانم سارە خان ئاگای لێ نییە, پێشنیارێکی ترم, بەڕاستی لەم یاسایە دەردەچم, ئەو مایکانە, یان بە دانیشتنەوە قسەی بکەین, یان بەرز بکرێنەوە, چونکە بەپێوە قسە دەکەین بەڕاستی پشتمان دێشی, زۆر سوپاس.

**بەڕێز غفور طاهر سعید مەخموری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

نیسابی قانونی دانیشتنەکە ئێستا تەواو نییە لەناو قاعە, ئەگەر بیژمێری, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەوە موشكیلە نییە, ئەگەر خستمانە تەصویت ئەو كات موهیمە, بەڕاستی موقتەرەحەكانتان هەمووی بەجێیە, بەلاَم بەشێوەیەك لەشێوەكان لەهینەكان هاتووە, موقتەرەحی لیژنەی قانونیش هاتووە, هەندێك شت هەیە هەموو داواكاریەك, یان هەموو مەسئولیەتێك لێرە نانووسرێ, وەزارەت دەبێ چی بكات, شتە ئەساسیەكانە, ئەگەر نا خۆی بەرنامەی خۆی هەیە, بەرنامەی كاری هەیە, ئەصلّەن دكتۆر خۆی شەش سالّی خوێندووە, كۆمەلّێك علم فێربووە, هەر هەمووی لێرە نانووسرێتەوە, جەنابی وەزیر حەز دەكەم تەعلیق بدەی وابكەین, بەلّكو كورتی بكەینەوە موناقەشەكان, فەرموو.

**بەڕێز د0 عبدالرحمان عثمان یونس(د0 زریان)/وەزیری تەندروستی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من ئامادەم ئەگەر بفەرموون, رۆژێك دێمە ئێرە هەرچی ئەو سوئالانە هەیە وەلاَم بدەمەوە, بەڕاستی ئەوە پێدەچێ هەرچی سوئال و ئیهتیمامێكی زۆر هەیە بەو بوارەوە, من حەز دەكەم ئەو روونكردنەوە و, ئەو ئیشانەی كە كردوومانە لەسالّی رابردوو هەمووی لێرە بیخەمە بەرچاوی جەنابتان, ئەگەر هەر كەم و كوڕی و پێشنیاری تریش هەیە, ئەگەر نەمان كردبێ دەیخەینە پلانەوە و, من سوپاستان دەكەم.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ ئەو ئامادەییە, ئەوەش لەبەرنامەی ئێمە هەیە, نەك تەنیا لەگەلّ جەنابت, بەلّكو لەگەلّ هەموو وەزیرەكان, ئەو بەرنامەی بانگهێشتنە و موناقەشەكردنی وەزعەكان, حەتمەن لەبەر رۆشنایی راپۆرتی لیژنەكانەوە رۆژێكی بۆ دادەنێین, وەزارەتی تەندروستی وەزارەتێكی زۆر گرنگە و, ئێمە موتابەعەشی دەكەین, جەنابیشت جێگای متمانەی و, ئێمە سیقەشمان بە ئیجراتی ئێوە هەیە, موتابەعەش دەكەین, موحاسەبەش هەیە, ئەوە كارێكی باشە لەوەزارەتەكەتاندا, دەرسێكی باشە بۆ هەموو وەزارەتەكان, كە موحاسەبە هەبوو مانای كارەكە دەستی پێكردووە, بەرەو باشی بڕوات, كاك دلێر, فەرموو.

**بەڕێز دلێر محمد شریف:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من بەحوكمی ئەوەی لە ئیجتیماعی لیژنەی قانونی حازر نەبووم, بەس یەك مولاَحەزەم هەیە, یان لەناو خالّی نۆیەم, یان ئەیكەین بە ماددەیەكی جیاواز ئەو شتە زیاد بكرێ (زیادكردن و گرنگی پێدان و چاودێری كردنی عیادە میللیەكان لەهەموو گەڕەكێكی شارو شارۆچكەكان), قەصدم لە عیادەی میللی نییە ئەوانەی كەخەلّكی تایبەت دادەنێ, بەلّكو ئەوانەی كە حوكمین, هەموو گەڕەكێك ئەگەر بێتو گەڕێكی وەحدەیەكی ئیداری دیاری كراوی, عیادەیەكی تایبەت, یان خەستەخانەیەكی بچووكی تیا هەبێ, ئەوە تەقریبەن جۆرێك لەو فەوزایەی كە لەعیاداتی جیاجیای مەعاون توبی و ئەمانە هەیە, هەندێ جار حالّەتی سلبی دروست دەكات عیلاج دەكات بەڕاستی, جا ئەمە چ لەناو شارەكان, چ لە قەزاو ناحیەكانیش, ئەگەر چەند ئەم حالّەتە چارەسەر بكرێ, عیاداتی جیاجیا بكرێتەوە و, حكومەت موكەلەف بێت بەوەی

کەوا تەوفیری شتی بۆ بکات, پێم وایە باشتر دەبێت, هەم خەڵکیش شارەزا دەبێ و, عیلاجی ئەم حاڵەتە سلبیانە دەکات, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لەڕاستیدا دوێنێ لەتەلەفزیون, جاری پێشووش من بینیم کە یەکێ قسە دەکات, کامیرەکە دەیخاتە سەر دوو ئەندام, یان سێ ئەندام پێکەوە قسە دەکەن, مولاحەزە بکەن هەر ئەوەندە نییە, هەدوئی جەلەسەکەیە, بەڵکو بۆ ئەوەش ئەو وێنانە نیشان نەدرێ, ئەندامێکی پەرلەمان قسە دەکات, یان وەزیر قسە دەکات, لەو کات دوو کەس, یان سێ کەس قسە لەگەڵ یەکتری بکەن, یەعنی دیاریدەیەکی زۆر ناشرینە, بۆیە تکایە وابکەن کەمترین جار چەکوچەکەم بەکاربهێنم, کەمترین جار قەڵەمەکەم بەکار بهێنم, فەرموو کاك بلێن.

**بەڕێز حمد عبدالله محمود(بەلێن):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

زۆر سوپاس, بۆ جەنابی وەزیر بۆ ئەو روونکردنانەوەی کە پێشکەشی کرد, بەڕاستی زۆر شتی چارەسەر کرد, بەلاّم من دەمەوێ لەسەر یەك دیاریدەی زەق قسە بکەم, کە حزوری هەیە جەنابی لێرە, مەسەلەی دەرمان فرۆشتن لە صەیدەلیەکان, کردنەوەی ئەو هەموو عیادە توبیانە, عیادە ناشەرعیانەی کە جەنابی وەزیر ئیشارەی پێدا لە گەڕەکەکان, جەنابی سەرۆك ئەگەر تۆ ئێستا ئیزن بدەی هەتا جەلسە خلاص دەبێ, بەو گەڕەکانەدا دەرۆم یەك جانتا دەرمانی خراپ و ئەوانەی کە مەمنوعە لە بەعزێ صەیدەلیەکان بیفرۆشن, ئەو دیاریدەیە زەقە, دیاریدەیەکی زۆر خراپە, داوا دەکەم لە جەنابی وەزیر ئەو مەسەلەیە بە زووترین کات چارەسەر بکات, دووەم/ یەك پێشنیارم هەیە, مەسەلەی جوتیاران لە لادێیەکان گرنگی پێبدرێ, لێرە بنووسرێ کرێکاران و فەرمانبەران هاتیە, بەلاّم جوتیاران نەهاتووە, جوتیارانیش بەحوکمی ئەوەی ماددەی ژەهراوی بەکاردەهێنن لە کاتی کشتوکاڵ کردن, پێویستە هەم رێنماییان پێ بدرێ, هەم ئەو داو دەرمانانەی کە دابین بکرێ بۆ ئەو بنکە تەندروستییانە, لەکاتی بەکار هێنانی مادە ژەهراویەکان دەبێ ئیهتیمامی پێبدرێ لەلایەن وەزارەتەوە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جەنابی وەزیر بەخۆشی وتی, من ئامادەم لە جەلسەیەك دادەنیشم, موناقەشەی دەکەین, لەبەرئەوە ئەو پرسیارە ئەو کات بەجێیە, فیعلەن وایە, بەلاّم هی ئەو کاتە, کاك حاتم فەرموو.

**بەڕێز حاتم محمد جان حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من زۆر تێبینم هەبوو بەحقیقەت کە موناقەشە بکەین, بەلاّم دیارە زۆر لەو بەڕێزانە باسیان کرد, یەك, دوو خاڵم هەیە عەرزی جەنابتان و جەنابی وەزیر بکەم, باسیش کرا, بەلاّم دەمەوێ زیاتر تەرکیز بکرێ, ئەوەیش رێکخستنی دانانی عیادەی ئێوارانی دکتۆرەکانە, ئەوە بەحقیقەت دیراسەتێکی ئەوێ و, خاڵێکی تریش هەیە, ئەویش ئەو بڕە پارەیە کە دکتۆرەکان لەخەڵکی وەری دەگرن, یەعنی دکتۆرێك بۆ دکتۆرێك

فەرقی هەیە, خەستەخانەیەك بۆ خەستەخانەیەكی تر فەرقی هەیە, عیادەیەك بۆ عیادەیەكی تر فەرقی هەیە, ئەوەش بەحقیقەت زۆر زەقە, بۆیە داوا دەكەم ڕێكخستنێكی بۆ بكرێ, خاڵی تر زۆرن بەلأم باس كران, ئیتر ناچمەوە سەری, تەنیا یەك خاڵم هەیە, بۆ ئەو شوێنە دوورانە تیمێكی گەڕۆك دروست بكرێ و, كاتێك نەخۆشیەك دروست دەبێ خەڵك لەلادێ ناگاتە ئێرە, جیهەتێكی باش هەبێت, خەڵك سەردانی ئەم جیهاتانە بكات و, پێشنیارێكم هەیە, كردنەوەی موستەشفای گەورە بەكامل مواصەفات, بۆ ئەو شوێنانەی كە كەس و كاری شەهیدان و ئەنفال و كیمیابارانی تیدایە, وەك دەزگای چەمچەماڵ و هەڵەبجە, بەحقیقەت ئەوانە زۆر زەروریە, هیوادارم  ئیستیفادەیەكی زۆریشی لێبكرێ, زۆر سوپاس.

**بەڕێز جمال یوسف بۆتانی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لەخاڵی چوار بەحەقیقەت, ئەگەر مەصەحات و موختەبەرات لە حدودی دەولی و مەتاڕات دروست بكرێ, بەڕەئیی من ئیزافە بكرێ ئەو فەقەرەیە خراپ نییە, فەقەرەی پێنج (حماية البيئة وتحسينها وتطويرها والحفاظ على مقوماتها والقضاء على بواعث او بيئة), یەعنی شوێنی خراپ هەیە ئەوەش چاك بكرێ, بەڕەئیی من باشە, دوو, سێ پێشنیارم هەیە بەكورتی باسی دەكەم, ئەگەر خاڵێكی سەربەخۆ بێت (الاهتمام بطبابة الاسنان لطلبة المدارس ومعالجتها مجانا), ئێستا ئەوە بەقانون دەكرێ لە ئەوروپا, تەڵەبەی مەدرەسە تا جامیعەش تەواو دەكات مەجانەن موعالەجەیان دەكرێ, چاك كردنی ددان و جوان كردنی و ڕاست كردنی, یەعنی قانونێكی سەربەخۆ هەیە, لە ئەورووپاش هەیە, ئیقتیراحی دووەمم, ئەگەر بكرێ شوێنی (تحميل المسؤلية التقصيرية لدور المهن الطبية والصحية لحالات وفاة مرضية), یەعنی نەخۆش دەمرێ مەسئولیەی تەقصیری لەسەر كێیە, یەعنی لەڕووی قانونی, ئەوەش ئەگەر بكرێ خاڵێك بێت, ئەو مەسئولی تەقصیری كە سەبەبەكە دكتۆر خۆی بێت, خاڵێكی تر باسی ئەتوبای توبی عەدلی كراوە, نەقصێكی زۆر گەورەمان هەیە لە موستەشفایاتی كوردستان ئەمڕۆ, ئەگەر ئەو دكتۆرانەی كە ئارەزوویان هەیە لە قانون بخوێنن, چونكە تەبیبی عەدلی دەبێ هەم خەریجی كولیەی توب بێت, هەم خەریجی قانونیش بێت, ئەوانە وەربگیرێ بە عەدەدێك مونسەجم بێت لەگەڵ ژمارەی نەخۆشخانەكانی كوردستان كە ئەمڕۆ هەیە, ژمارەیەكی ئەو دكتۆرانە وەربگیرێ, لەهەر موستەشفایەك تەبیبێكی عەدلی موختەص هەبێ, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

تەنیا یەك مولأحەزە, حاڵەتی وەفات كە كێ مەسئولە, قانونی مەدەنی موعالەجەی كردووە و, هەروەها قانونی عقوباتیش عقوبەكەی دیاری كردووە, كاك جمال فەرموو.

**بەڕێز جمال محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

تەبیعی ئەوەی من تێبینی ئەكەم, لەبڕگەی (12, 13) ئەگەر تۆزێ تەعدیل بكرێ هەموو ئەهدافەكان دەگرێتەوە, تەبیعی هەر بۆ ئاگاداریتان پڕۆژەی تەندروستی ئەمریكا كە لە 2005/1/26 دەرچووە,

بنەماکەی تەنها ئەم دوو خاڵەیە (سەرۆکایەتی میللەت دەکات لە پاراستنی تەندروستی هەموو ئەمریکیەکان, خزمەتی ئینسانی ڕێك دەخات بۆ ئەو کەسانەی کە پێویستیان بەیارمەتی هەیە), یەعنی ئەو خاڵەی یەکەم, کە ئەڵێ پاراستنی تەندروستی ئەگەر بکرێتە بنەما نەك 13 لەوانەیە 100 ساڵی دروست بکرێ و شی بکرێتەوە بە شێوەیەکی فراوانتر, ئەم 13 خاڵە هەر چۆنیەك باسی بکەی, شتی تر هەر هەیە باس نەکراوە, بەنیسبەت تەئمینی تەندروستی منیش پشتیوانی لە بەڕێزتان دەکەم, ئەبێ ئەوە هەوڵی بۆ بدرێ ئیشی وەزارەتی تەندروستی نییە, تەئمینی تەندروستی دروست بکرێ لە کوردستان و, بۆ ئەم مەرحەلەی ئێستاش ئەگەر بتوانرێ یارمەتی ئەو کەسانەی کە دەرامەتیان کەمە و, چارەسەریان لە خەستەخانە ئەهلیەکان ئەکرێ, شتێك لەم بابەتە بکرێ زۆر چاکە, ئەگەر بە پەسندی بزانن, من ئەمە تەقدیم بە وەزیرش دەکەم, یان بە جەنابتان, زۆر سوپاس.

**بەڕێز چرۆ علی حەمە امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

زۆر لەو پێشنیارانەی کە ئامادەم کردبوو باس کران, بەڵام لێرە تەنها پرسیارێکم هەیە بەنیسبەت عیادە توبیەکان لەگەڵ خەستەخانە ئەهلیەکان و صەیدەڵیەکان, لەهیچ خاڵێك نەمبینی چاودێری کردنی خەستەخانە ئەهلیەکانی تیا بێت, لەڕاستیدا خەستەخانە ئەهلیەکان زۆر پیسن, بەدەرجەیەکی زۆر, ئەویشیان نییە تەنانەت, لەبەر ئەوە ئەگەر موڕاقەبە لەسەر ئەو خەستەخانانە هەبێت زۆر باشە, هەندێ خەستەخانەی منداڵ بوون هەیە وەك خەستەخانەی ئاشتی لە سلێمانی, بەڕاستی کە من موڕاقەبەم کرد, شوێنی منداڵانی هەیە, کە جێگەی دوو منداڵی بەهەزار حاڵ دەبێتەوە, ئینجا لەگەڵ ئەوەش زۆر پیسە, زۆر گەرمیشە, هیچ خەدەماتێکی صحی تیا نییە بۆ منال, لەگەڵ ڕێزم بۆ هەموو دکتۆرەکان تەنها بەشی ژمێریاری لەخەستەخانە ئەهلیەکان جدیە و سریعە, بەنیسبەت تێبینیەك لەخەستەخانەکان, لەوانەیە لەجێگای نەبێ لەیاساکە, بەڵام وەك تێبینیەك حەز دەکەم باسی بکەم, بەنیسبەت خەستەخانە حکومیەکانیش, نەخۆش هەیە شەکریەتی, نەخۆش هەیە زەختەیەتی, خوێنەکە ئەیدەن بەخۆی بیبات بۆ فەحص, بۆ تابقی چوارەم و پێنجەم بەم شێوەیە, ئەگەر یەکێك زەختی بەرز بێت, ئەو هەموو تابقەی ببڕێ, لەوانەیە زەختی بەشێوەیەك سەرکەوێ یەکسەر تووشی جەڵتە ببێت, لەلایەکی تریشەوە یەك پرسیارم هەیە لەجەنابی وەزیر, ئایا ناکرێ ئێمە بنکەیەکی تایبەت, یان خەستەخانەیەکی تایبەت بۆ حاڵەتی ئەورام بکەینەوە, بۆ تەشخیص کردنی وەرەم, یان بۆ چارەسەرکردنی, یان بۆ نەشتەرگەری کردنی, سوپاس.

**بەڕێز جمال شمعون ایلیا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشکەوتنی هەر کۆمەڵگایەك دەپێورێ بەڕادەی پێشکەوتن لەبواری تەندروستییەوە, بەردی بناغەی ئەو پێشکەوتنە لە خاڵی (3) بەدەر دەکەوێ, کە تا ئێستا باسی لێنەکردووە, خاڵی (3) شتی هەرە گرنگ

لەخۆی دەگرێتەوە, ئەوەیش (رعاية الامومة والطفولة والصحة المدرسية وصحة الاسرة والشيخوخة), ئەگەر بەدیقەت بخوێنینەوە تهمیش کرایە بەشێوەیەکی ترسناك, ئەگەر تەماشای تەشکیلاتی وەزارەتیش بکەین, دەبینین تەنها قسمێك لەمودیریەتێك لەکۆی حەوت قسم ئەو هەموو شتە گرنگانە جێبەجێ دەکات, ئەوەیش صحیەن کارەساتێکە بەڕاستی, پێشنیاری من ئەوەیە کەهەرەیەك لەوانە بە خاڵێکی تایبەت, بە تەفصیل باسی لێبکرێ, تا ئەوەی لەکاتی دانانی تەشکیلاتی وەزارەت جیهەتێکی لەبار بەباشی جێبەجێ بکەرێن, زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر مصطفى معروف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من دوو پێشنیارم هەیە جەنابی سەرۆك, یەکەم/ داوا دەکەم دامەزراندنی نەخۆشخانەیەکی گەڕۆك لە هەموو پارێزگاکان, بۆ ئەوەی ئامادە بێت, بۆ هەر حاڵەتێکی تەواری چ سروشتی بێت, چ تیرۆری بێت, ساڵی 1992 جەنابی سەرۆك بارزانی چوار جۆر لەم سەیارانەی ناردە سلێمانی, لەهەر موحافەزەیەك ئەگەر شەش, حەوت سەیارەی ئەوها تەشخیص بکرێ بەکامل ئەجهیزەکانی, خۆی خەستەخانەیەکی کاملە نازانم چی لێهات, من ناڵێم وەکو تیمێکی گەڕۆك, بەڵام وەکو خەستەخانەیەکی گەڕۆك ئامادە بێت لەهەموو موحافەزەکان, ئیستیفادەکی باشی لێدەکرێ, ئەمە لایەك, لەلایەکی تر من پێشنیار دەکەم بۆ جەنابی وەزیر ئیتفاق بکات لەگەڵ دەزگاکانی راگەیاندن, بەکاتی دیاری کراو نەك موتەفەریقە, دکتۆرێك لەخۆیەوە نیوسەعات قسە دەکات, لەهەر یەك کەناڵەکان سەعاتێك, دوو سەعات مەجال هەبێ بۆ ئەوەی بەرنامەی صحی بڵاوبکرێتەوە, ئامۆژگاری خەڵك بکرێ, ئەوە شتێکە زۆر باشە, هەرچەندە زۆر ئەو باسە باس کرا, بەڵام تەئکید دەکەمەوە لەسەر زۆر پیسی عیادەکان, یەعنی ئینسان شەرم ئەکات کە دەچێتە لای دکتۆرێك, سەیری عیادەکەی دەکات, من بەدکتۆرێکم وت, ناوی ناهێنم وتم تۆ چۆن رووت دێت بڵێی من دکتۆرم, تۆ شەرم ناکەی لەخۆت, صحی چی؟ چۆن تۆ موعالەجەی صحی لەم شوێنە دەکەیت؟ خاڵێکی تر جەنابی سەرۆك, من پێشنیار دەکەم بۆ جەنابی وەزیر ئەگەر بکرێ لە هەڵەبجە, ئەگەر بچووکیش بێت, بۆ ئەو نەخۆشیە درێژخایەنانە بکرێتەوە, بۆ چارەسەری ئەو نەخۆشانە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز باپیر کاملا سلیمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پشتگیری بۆچوونی لە بەشێك لەو برادەرانە دەکەم, کەرائیەکانی منیان وتووە, لە کۆنتڕۆڵ کردنی دەرمان و رێژەی ئامێرەکانی تەندروستی, هەروەها خزمەتگوزاری بۆ شوێنە دوورەکان, من تەنیا خاڵێکم هەیە کە لە ئەرکەکانی وەزارەت زیاد بکرێ, پابەند بوونە بەبەها مرۆیەکان و گرتن لە کۆپی کردن و یان تاقی کردنەوەی کیمیایی, راستە لەڕووی زانستیەوە، ولأتی ئێمە هەندە پێشکەوتوو نییە, بەڵام ئێمە یاسا دادەنێین بۆ داهاتوو, بەرنامەی کاری داهاتووە, بۆیە من پێم باشە ئەوە یەکێك بێت لەئەرکەکانی وەزارەت, سوپاس.

**بەڕێز ئارام رسول مامند:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من دەستخۆشی لە جەنابی وەزیر دەکەم, بۆ ئەو هەوڵ و کۆششەی و ماندوبوونەکانی, خاڵێك کە من بەزەڕوری دەزانم باسی لەمە بکەم, سیستەمی تەندروستی لەهەرێمی کوردستان, پێویستی بەباش کردن هەیە, ئێستا خۆی لە حاڵەتێکی خراپ دایە, جەنابی وەزیرش ئەو راستییە دەزانێ لە چاوپێکەوتنێکیش باسی کردووە لەم ماوەیەدا, یەکێك لەهەنگاوە زۆر گرنگەکانی باش کردنی سیستەمی تەندروستییە, لەهەر کۆمەڵگایەك کۆکردنەوەی زانیاری، مەعلومات و داتای تەندروستییە, بۆیە من زۆر بەزەڕوری دەزانم کە خاڵێك زیاد بکرێ لە ئەرك و ئامانجەکانی وەزارەت, ئەوەیش (کۆکردنەوەی زانیاری تەندروستی ناوچە جیاجیاکانی هەرێمی کوردستان), بۆ داڕشتنی بەرنامەی ستراتیژی بەرنامەی چارەسەرکردنی, لەوڵآتانی پێشکەوتوو ساڵانە سەدان ملیۆن دۆلار سەرف دەکرێ تەنیا بۆ کۆکردنەوەی زانیاری, من دەزانم لێرە ئەم ئیمکانیەتەمان نییە, بەلآم پێویستە دەست پێبکەین, تەصەوڕیش دەکەم وەزارەت دەستی پێکردووە, بەلآم لە مەهامی وەزارەت جێیی بکرێتەوە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز د0ئاریان خالص شیخ جواد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەگەڵ پشتگیری تەواوی راپۆرتی لیژنەی هاوبەشی تەندروستی و یاساییم, هەندێك تێبینم هەیە, کەباسی تەندروستی دەکەین, تەندروستی نەك تەنها چارەسەرکردن و پاراستنە, بەڵکو تەعزیزی و تەئهیلیشە, خاڵی یەکەم ئەگەر باسی بکەین, هەروەها خزمەت گوزاری تەندروستیمان هەیە, خزمەت گوزاری تەندروستی, یەعنی (الرعاية الصحية الاولية) سانەوی و سولاسی, ئەوەی لاوازە لەکوردستان سیسەتەمێکی پەیوەندی لەگەڵ نەخۆشخانەکان, ئەوەی رعایەی صحی دووەمینە, سێیەمینیش نەخۆشخانەکانی تایبەتمەندی, بۆیە پێم باشە ئەگەر بەم شێوەی خوارەوە دابڕێژرێ (دامەزراندنی خزمەت گوزاری تایبەمەندی بەتایبەتی خزمەت گوزاری بەرایەکان, چاودێری دانانی بنەمای سەرەکی بۆ خزمەت گوزاری پەرەپێدانی سیسەتەمی تەواو بۆ پەیوەستی هەردوو سیسەتەم), هەروەها ئەگەر هاتوو خاڵێك نەك تەنها موکافەحەی ئەمراز ئینتیقالیە, بۆ (رفع مستوى اداء العاملين الصحيين في القطاع الصحى وتخطيط القوى العاملة المتطورة تنميه وتأكيد علي القرار الطبى المستمر), زۆر لەبرادەران باسی ئەوەیان کرد, کە دکتۆرەکانمان زۆر دواکەوتوونە, ئاگایان لە نەخۆشەکانی تازە نییە, بەس ئەگەر ئێمە هاتوو بڕیاری خوێندنی پزیشکی بەردەوامان بەکار هێنا, کەئەوە پێناسەیەکی (W.H.O)یە, هیچ دکتۆرێك بۆی نییە نەخۆش چارەسەر بکات, ئەگەر قانونی تەعلیمی توبی موستەمرِی بەکار نەهێنا, هەروەها بۆ متمانە لەگەڵ هاووڵآتی و کۆمەڵگا زۆر کەم بووە, بۆیە پێشنیار دەکەم کە باسی سیستەمی تەندروستی بکەین, کارکردن لەپێناوی پەرەپێدانی سیستەمی ئێستای تەندروستی و هاندانی تاك و کۆمەڵ, بۆ ئەوەی زیاتر

بەپرسێتی تەندروستی بکەنە ئەستۆ, لەگەڵ بەشداری کردنیان لەنەخشەکێشانی سیستەمی دواڕۆژی تەندروستی.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تۆ ئەندامی لە لیژنەکە رەئیی خۆت وتوە, ئیمزاشت کردووە, فەرموو کاك کریم.

**بەڕێز کریم مجید شریف(جوتیار):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دیارە زۆر لەتێبینیەکانم گەیشتن, من ئەو پێشنیارانەم هەیە, لێکۆڵینەوە و پشکنینی تەندروستی و دەروونی خەڵکانی ئەو ناوچانەی کە بەرشاڵاوەکانی ئەنفال و کیمیاباران کەوتوون, بۆ زانینی دەرئەنجامی ئەو نەخۆشیانەی کە لەباری جەستەیی و دەروونییەوە دروست بوون, بۆ کەم کردنەوەی مەترسیەکانی لە دواڕۆژی ئینسانی کورد, بەڕاستی گرفتێك هەیە کە خەڵك زۆر ئەترسێ ئەو نەخۆشیانە بەنەخۆشی بۆماوەیی, فەترەیەکی زۆر لەناو موجتەمەعی کوردیا ئەو جۆرە نەخۆشیانە هەبن, بەهۆی چەکی کیمیایی دروست بوونە, ئەمە یەك, دوو/ بە هاوکاری و هەماهەنگی وەزارەتی ژینگە, پشکنین بکرێ لە خاك و ئاوی ئەو شوێنانەی کە بەر چەکی کیمیایی کەوتوون, بۆ دڵنیابوون لە نەمانی مەترسی لەسەر ژیانی خەڵك, ئێستا هەندێك کەس دێنە هەڵەبجە ناوێرن ئاوی هەڵەبجە بخۆن, زۆریش ناوێرن تیا بمێننەوە, قسەیەك هەیە گوایە گرفت و مەشاکیل دروست بووە بەهۆی چەکی کیمیایی, نەخۆشی تێدا ماوەتەوە, ئاو و خاکی ئەو شوێنانە هەتا میوەکەشی ئەبێتە هۆی سەرچاوەی نەخۆشی لەلای خەڵك, سێیەم/ دروست کردنی پەیوەندی لەگەڵ سەنتەرەکانی زانستی تەندروستی لە جیهاندا, بۆ ئاگاداری بوون لەدوا پەرەسەندنەکانی زانستی پزیشکی, ناردنە دەرەوەی پزیشکانی کوردستان بەپێی پیلانێکی گونجاو, بۆ بینینی خولی زانستی, ئاگاداربوون لە داهێنانە نوێیەکان, هێنانی پسپۆڕی شارەزای بواری پزیشکی بۆ کوردستان, پشتگیری ئەو رایە دەکەم, کە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی تەندروستی لە گوندەکان, تیمی گەڕۆك دروست بکرێ, من زۆر سوپاسی دکتۆر دەکەم, ئیهتیمامی زۆری داوە بەو نەخۆشانەی لێرە عیلاجیان نییە و, ئەنێردرێنە دەرەوە, دەمەوێ ئیهتیمامەکە زیاتر بێت, چونکە زۆر نەخۆش هەیە بەڕاستی گرفت و مەشاکیلی هەیە و, بێ ئیمکانیەتن لەڕووی ماددیەوە ناتوانن بچنە دەرەوە, لێرەش عیلاجیان نییە, ئەگەر زیاتر لەو مەجالە ئیعادەی نەزەر بکرێتەوە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز پەخشان عبدالله زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشەکی من پرۆژەی یاسای وەزارەتی تەندروستی و راپۆرتی هەردوو لیجنە لەگەڵیام و, بەفرسەتیشی ئەزانم جەنابی وەزیر لێرەیە تا لەنزیکەوە پێی بڵێم دەست خۆش, بۆ ئەو ئیجرائاتانەی کە ئەبیستین لەمیدیاکان, ئەوەی من ئەم ویست بیڵێم بەڕاستی زۆری وترا, بەلاَم تەئکید دەکەمەوە لەسەر بابەتێك کە خاڵی سێ پێم وایە ئەیگرێتەوە, خاڵی سێ, خاڵێکی زۆر باشە, بەلاَم بەپێویستی ئەزانم تەئکید بکرێتەوە

لەسەر تەندروستی تایبەتی ژن, نازناز خان ئاماژەی پێکرد, ئەوە وەکو جەنابی وەزیر فەرمووی, ناچێتە قاڵبی جیاکاری و یەکسانی, پێم وایە جەنابی وەزیر لەمن زیاتر شارەزا ترە بە حوکمی ئەوەی پیشەی خۆیەتی, ئەو مەسەلەیە مەسەلەی صحەی ئینجابی, لەراپۆرتی ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکانە بەتایبەتی ئومەمی موتەحیدە زۆر باسی لێئەکرێ, بە حوکمی ئەوەی ژن دایکە, ژن شیر ئەدا, ژن پەیوەندی بە ڕێکخستنی منداڵ و منداڵ بوونەوە هەیە, جا لەبەر ئەوە پێم وایە پێویستێکی تایبەتی هەیە کە بەصحەی ئینجابی, من زۆرجاریش ئەو مەوزوعەم لەگەڵ دکتۆرە هالە و دکتۆرە ئاریان باس کردووە, هیوادارم ئەوە بخرێتە ئەو خاڵەوە, تەندروستی تایبەتی ژن, دکتۆری تایبەتی ژن هەیە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر ئیجازە هەبێتن, ئەو خاڵانەی کە باس کران زۆری لە پڕۆژەکە هاتووە, لە راپۆرتی هەردوو لیژنە هاتووە, هەر بۆ نموونە پێم وایە بەشێکی زۆری ئەو قسانەی پەخشان خان لە خاڵی سێیەم ئەگەر تەماشای بکەی (العناية بخدمات الرعاية الصحية الاولية بما في ذلك رعاية الامومة والطفولة والصحة المدرسية وصحة الاسرة والشيخوخة), هەمووی دەگرێتەوە, صحەی ئوسرە ژن دەگرێتەوە, ئومومەشی تێدایە, منداڵیشی تێدایە, لەهەر شوێنێکش مواتنی گوتبێ, هەمووی تێدایە, بەڵام ئەو تێبینیانەی کە لە لایەن ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمانەوە هاتووە, بەشێکی دیسان دەڵێم رەنگە کە نووسیمە رەنگە هاتبێ, بەس وەکو مولاحەزە سەیتەرەی نەوعی مەسەلەیەکی زۆر گرنگە, دەبێ ئیهتیمامێکی تایبەتی پێبدرێ, زۆر لەبرادەران ئاماژەیان پێکرد, موعاناتی گەورەی هاوولاتیان لە کوردستاندا نەبوونی سەیتەرەی نەوعی فەعالە, دەرمان دێتە ئێرە, مەوادی توبی دێتە ئێرە, هەتا ئەدەواتیش دێت, بەبێ ئەوەی سەیتەرەکی تەواوی لەسەر هەبێت, ئەو مەعمەلانەش کە لەوێ دەکرێن, موختەبەرات هەمووی پێویستی بە سەیتەرەی نەوعییە, ناردنی دکتۆر بۆ دەرەوە, کردنەوەی دەورات و ئیختیصاصات زۆر گرنگە, ئیهتیمام بەخەریجی تازە, کولیەی تەواو دەکەن گەنجن, پێویستیان بەوە هەیە کە ریعایەت بکرێن, پێویستیان بەوە هەیە کەوەزارەت تەتویری ئەو عیلمەیان بکات, کە لە کولیە فێربووینە, نەك هەرئەوها بەجێیان بهێڵێ چوار ساڵ دەورەیەك نابینن, مەجالیشیان نامێنێ, بەتایبەتی لەو چوار ساڵەی رابردوو باس لە ناعەدالەتی کرایە لەناردنی دکتۆر بۆ دەرەوە, هەندێك هەیە زیاتر توانیەتی بەشداری بکات لە دەورات, هەندێکیش هەیە هیچ مەجالێکی نەبووە جارێکیش بچێتن, ئەوە هین بکرێ, عیاداتی شەعبی و نەهێشتنی سلبیاتیان, عیاداتی شەعبی عینایەتی پێبدرێ و لەژێر ئیشراف بێت, بایەخدان بە تەندروستی گوندەکان و, کردنەوەی بنکەی تەندروستی لەو شوێنانەی کە نییە, زۆر پێویستەو, هەر ئەوەندە نییە کە ئەندامانی پەرلەمان ئاماژەیان پێکرد, زۆر لە هاوولاتی گوندەکانیش هاتوونەتە پەرلەمان شکایەتیان کردووە و, داوایان کردووە بنکەی تەندروستی بۆیان بکرێتەوە, لەبەر ئەوە پێویست دەکات وەکو خاڵێك هەر کردنەوەی خەستەخانە و بنکەی تەندروستی هەردووکیان پێکەوە زیاد بکرێ, کردنەوەی موختەبەراتی صحی و موراقەبەکردنیان و, موراقەبەکردنی ئەو نەخۆشخانانەی کە لەعیاداتی شەعبی دان بەرزکردنەوەی خزمەت گوزاری تەندروستی بۆ هاوولاتیان,

پشتگیری کردن له بەحسی عیلمی ببێته خالێك له بەرنامەی کاری ئەستۆی وەزارەت, کۆنترۆلکردنی دەرمان فرۆشانی ناو بازاڕ کارێکی زۆر گرنگه, حەقە لێرەدا ئاماژەی پێبکرێ, بایەخدان به ناوچەکانی ئەنفال و ئەو شوێنانەی که چەکی کیمیایی تێدا بەکارهاتووه, ببێته خالێك لەو هینه, ئاماژەشی پێکرا و, که دەلێین بایەخدان مەبەستمان لەهەموو روویەکەوه, نەك هەرئەوەنده ئیهتیمامی پێبدەین, بەکردنەوەی موستەشفایه تایبەت, بەدراسەت کردنی, بەناردنه دەرەوەی نەخۆشەکانیان بۆ دەرەوه, بایەخدان یەعنی موعالەجەکردنی ئاسەواری ئەو هینه لەڕووی توبیەوه و, بەعەرەبی نووسیومه (مكافحة الامراض السارية), ئەوه موعالەجەیەکی تەبیعیه, بەلام لێرەشدا بنووسرێ, من پێم وایه ئەگەر جەنابی وەزیر شتێکی تایبەتی نییه, ئەو مولاحەزاتانه موافیقه لەسەری دەیدەمه لیژنەی قانونی و تەندروستی, بۆ ئەوەی رەچاوی بکەن لەگەل موقتەرەحەکەی, ئەمانه ئەگەر لەخالەکان هاتوون, دەولەمەندی دەکەن, ئەگەر نەهاتوون ئەو خالانەی که پێویسته دەیکەینه خالێك لەبەر رۆشنایی موناقەشەکانی ئێوەیه, ئەگەر هیچ مولاحەزەیەکت نەبێ, موقتەڕەحی لیژنەی هاوبەش که ئیزافه دەکرێ لەبەر رۆشنایی قسەکانی ئێوه و جەنابی وەزیر موافەقەتی کرد, موداخەلەی کرد ئەو ماددەیه دەخەمه دەنگەوه, فەرموو.

**بەڕێز د0 هاله سهیل وادی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

یەك تێکەلبوون هەبوو لەقسەکانی جەنابتەوه, که باسی عیاداتی شەعبیت کرد, بۆ خۆی عیاداتی شەعبی و میللیمان هەیه, حکومییه لەپاش نیوەڕانان, ئەوانەی که دکتۆرەکان بەڕێوەی دەبن, وابزانم تێکەل بوو لەلای ئەندامەکان لەگەل عیاداتی گەڕەکەکان, که معاون توبی دەیکەنەوه بەبێ رقابەی کەس, پێم باشه ئەو دوو نوقتەیه تێکەل نەکرێ, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

راست دەکەی, ئەگەر تێکەل بوونیش هەبوو دوایی که دادەنیشن یەکلا دەبێتەوه, من بۆ ئەوەی گوتم بەلام صیاغەکەی بۆ ئێوه دەمێنێتەوه, ماددەکه به موقتەرەحی لیژنەی هاوبەش و, ئەو مولاحەزاتانەی که ئێوه داتان و خوێندرایەوه و, جەنابی وەزیر موافەقەت بوو, نوقتەی نیزامت هەیه, فەرموو.

**بەڕێز ئارام رسول مامند:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

نازانم جەنابی وەزیر موداخەلاتی نەبوو لەو چەند مولاحەزاتەی دوایی, یان پێشنیارەکان, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئاخر دیاره نەی بوو, لەبەرئەوەی ئێمه خستمانه دەنگەوه, نوقتەی نیزامی نەبوو, ئەگەر هەیبا ئەوه لەبەرامبەرەمه, کاك ئارام نوقتەی نیزامەکەت نوقتەی نیزام نەبوو, موقتەرەحی لیژنەی یاسایی و لیژنەی تەندروستی موشتەرەك, لەگەل ئەو مولاحەزاتانەی که داتان و نووسراوه و, هەر مولاحەزەیەکی که باستان کرد, ئێمه خولاصەمان کرد, ئەگەر نەهاتبێ دەینووسین, ئەگەر هاتبێ تەعدیلی دەکەین, دەیخەمه

دەنگەوە, کێ لەگەڵ ئەو ماددەیە, دەستی بەرزبکاتەوە؟ فەرموون, کێ لەگەڵ نییە, دەستی بەرزبکاتەوە؟ فەرموون, یەك کەس لەگەڵ دا نییە, بەئەکسەریەت وەرگیرا, سەبەبەکەی چییە لەگەڵدا نیت؟ فەرموو.

**بەڕێز شوقی حسین ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەبەر ئەوەی تۆ تەعلیقت هاویشت, من بەحەقی خۆم ئەزانم قسە بکەم لەسەر ئەو مەوزوعە, من پێم وایە ئەوە خیلافی نیزامی داخلییە, چونکە صیاغەی نیهائی هەر قانونێك دەبێ هەموو برادەران دەنگی بۆ بدەن, نەك تەکلیفی لێبکەی لە پاشان. سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تۆ دەربێنە لەکێ نووسراوە لەنیزامی داخلی, صیاغەکە لیژنەی قانونی بەرپرسە, قسەکان وەردەگیرێ, ئەفکارەکانتان وەردەگیرێ دەدرێتە لیژنەی قانونی دەنگتان دا بۆ نەصەکەی کە خۆیان داینەوە, لەگەڵ ئەو موڵاحەزاتانەی کە من خوێندمەوە, پێشتر جەنابی وەزیر موڵاحەزەی کردبوو, صیاغەکە دەمێنێ بۆ ئەوان, فەرموو.

**بەڕێز شوقی حسین ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەنیزامی داخیلش ئەو حەقە نییە, تۆ ئەوها تەحویلی خەڵکێکی بکەی, صیاغەی نیهائی ئەو قانونەی بکات.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر ئەو حەقە نەبێت, ئەگەر لەهیچ جێیەك نەنووسرابێ, ئەوەی جەنابیشت دەیڵێی نەنووسرابێ, ئەوەی منیش دەیڵێم نەنووسرابێ, ئەوە ئیقتیراحی من دەڕوا, لەبەر ئەوە لێرە دانیشتووم, من دەتوانم, من مەسئولی ئەوەمە کە صیاغەی ئەفکارەکان بکەم, پێیان بڵێم ئەوە وەکو نووسیومە, وەکو خولاصەی قسەی ئەندامانی پەرلەمانە, لەگیرفانی خۆم دەرم نەهێناوە, جەنابی وەزیرش بەرامبەرمە, لە بیدایەتی قسەی وەڵامی ئەندامانی داوە, لەزۆربەی موافیق بووە و, ئەو قسانەی کەمنیش کردم, ئیعتیڕازی لێنەگرت, کەواتە هەم موافیقە لەسەر قسەکانی ئێوە, منیش دامە لیژنەی قانونی بۆ ئەوەی صیاغەی بکەن و, بیگونجێنن لەگەڵ ئەو خاڵانەی کە دەنگی بۆدرا تەواو بوو, جەنابیشت وتت من دەنگی بۆ نادەم, حەقی خۆتە, رەئیەکەش موحتەرەمە و سەرچاو, بڕۆ سەر ماددەی دواتر, فەرموو.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی سێیەم:

بەشەکانی سەنتەری وەزارەت:

1- وەزیر: سەرۆکی باڵا و بەرپرسی یەکەمە لە کارەکانیدا و ئاراستەکردنی سیاسەتەکانی و بڕیار و فەرمان و ڕێنماییەکان دەردەکات بۆ هەرشتێك کە پەیوەندی بە ئەرکی وەزارەت و پێکهاتەکانی و باقی کاروبارە کارگێڕی و دارایی و هونەری و ڕێکخستنیەوە هەبێ و لەسایەی حوکمی یاسا و پێڕەوەکانی پەیوەندیداردا و بەسەرپەرشتی و چاودێری ئەوەوە جێبەجێ دەکرێت و, بۆی هەیە هەندێ لە دەسەلاّتەکانی بەڕێوەبەرە گشتییەکان یان بەهەرکەسێك لە وەزارەتدا کە بە پەسندی بزانێ بدات و, لەبەردەم ئەنجومەنی وەزیراندا بەرپرسیارە چونکە ئەندامێکی هاوکارە تیایدا.

2- بریکاری وەزارەت: یارمەتی وەزیر دەدات لەسەرپەرشتی کردنی کارەکانی وەزارەتدا و ئەو ئەرکانەی کە وەزیر پێی دەسپێرێ جێبەجێیان دەکات.

3- ڕاوێژکارانی کاروباری زانستی و توێژینەوەی زانستی: ڕاوێژکاری لەگەڵ وەزیردا دەکەن لە هەموو ئەو ئەرکانەی پەیوەندیان بە کاروباری وەزارەتەوە هەیە و ئەوەی پەیوەستە بە پسپۆڕایەتیەکانیان بە پێشنیاری وەزیر هەڵدەبژێردرێن و بەڕەزامەندی ئەنجومەنی وەزیران دەبێ.

بەڕێوەبەرایەتی و پێکهاتەکانی سەنتەری وەزارەت لەمانە پێك دێت:-

أ- نووسینگەی وەزیر: فەرمانبەرێك بەپلەی بەڕێوەبەر بەڕێوەی دەبات و چەند فەرمانبەرێك هاوکاری دەکەن.

ب- نووسینگەی بریکار: فەرمانبەرێك بەڕێوەی دەبات و چەند فەرمانبەرێك هاوکاری دەکەن.

ج- بەڕێوەبەرایەتی پەیوەندی و ڕێکخراوەکان: بە نووسینگەی وەزیر پەیوەستە.

خ- بەڕێوەبەرایەتی هاوردن و دابەش کردنی داودەرمان و پێداویستیەکانی تەندروستی: بەنووسینگەی وەزیرەوە پەیوەستە.

د- بەڕێوەبەرایەتی بەدواداچوون و پشکنین: بەنووسینگەی وەزیرەوە پەیوەستە.

ژ- بەڕێوەبەرایەتی ڕاگەیاندن: بەنووسینگەی وەزیرەوە پەیوەستە.

ر- پەیمانگای داد پزیشکی.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سێیەم/ ئەوەی پەیوەندی بەماددەی سێیەم و هەشتەم و نۆیەمی پڕۆژەکەوە هەیە, ئەوا پێشنیار دەکەین هەموویان کۆبکرێنەوە لە ژێر زنجیرەی ماددەی سێیەم بەناونیشانی (پێکهاتەکانی وەزارەت) و بەم جۆرە دابڕێژرێتەوە:-

**پێکهاتەکانی وەزارەت**

**ماددەی سێیەم:**

**وەزارەت لەم پێکهاتانەی خوارەوە پێك دێت:**

**یەکەم: وەزیر/ سەرۆکی باڵای وەزارەتە و بەرپرسە لە بەڕێوەبردنی کارەکانیاندا و سەرپەرشتی و چاودێری کردنی چالاکیەکانی و لەوەوە ئەو بڕیار و فەرمان و ڕێنماییانە دەردەچن کە پەیوەندیان بە ئەرکەکانی وەزارەت و پێکهاتەکانی و دەسەلاتی و هەموو کاروبارە هونەری و دارایی و کارگێڕی و ڕێکخستن و بەپێی حوکمەکانی یاسا هەیە و لەبەردەم ئەنجومەنی وەزیران بەرپرسە بەو ناوەی کە ئەندامێکی هاوکارە لەو ئەنجومەندا و بۆی هەیە هەندێ لە دەسەڵاتەکانی بدات بە بریکاری وەزارەت یا بەڕێوەبەرە گشتیەکان یاخود هەر کەسێکی لەوەزارەتدا بەشیاوی دەزانێ.**

**دووەم: بریکاری وەزارەت/ یارمەتی وەزیر دەدات لە ئاڕاستەکردنی کاروباری وەزارەت و سەرپەرشتی کردن کاروباری وەزارەت لە چوارچێوەی ئەو دەسەڵاتەی کە لەلایەن وەزیرەوە پێی دەدرێ و دەبێ بڕوانامەی پسپۆڕی بەرایی زانکۆی هەبێت و چەند فەرمانبەرێك یاریدەی دەدەن.**

**سێیەم: نووسینگەی وەزارەت/ فەرمانبەرێك سەرۆکایەتی دەکات و بەڕێوەی دەبات بەپلەی بەڕێوەبەر کە بڕوانامەی بەرایی زانکۆی هەبێت و چەند فەرمانبەرێك یاریدەی دەدەن.**

**چوارەم: نووسینگەی بریکاری وەزارەت/ فەرمانبەرێك بە پلەی بەڕێوەبەر سەرۆکایەتی دەکات و بڕوانامەی بەرایی زانکۆی هەبێت و چەند فەرمانبەرێك یاریدەی دەدەن.**

**پێنجەم: راوێژکاران/ ژمارەیان لەچوار راوێژکار زیاتر نەبێ و دەبێ بڕوانامەی بەرایی زانکۆیان هەبێت و خاوەن شارەزایی و کارامەیی بن لەکارەکانیاندا.**

**شەشەم: بەڕێوەبەری گشتی کاروباری کارگێڕی و دارایی/ بەڕێوەبەرێکی گشتی سەرۆکایەتی دەکات کە بڕوانامەی بەرایی زانکۆی هەبێت و خاوەن شارەزایی و کارامەیی و پسپۆڕ بێت.**

**حەوتەم: بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری تەندروستی/ پزیشکێك بەپلەی بەڕێوەبەری گشتی سەرۆکایەتی دەکات کە دەبێ خاوەن شارەزایی و کارامەیی بێت لە کارەکەیدا.**

**هەشتەم: بەڕێوەبەرایەتی گشتی پلان دانان و فێرکردنی تەندروستی/ پزیشکێك بە پلەی بەڕێوەبەری گشتی سەرۆکایەتی دەکات و دەبێ خاوەن شارەزایی کارامەیی بێت لەکارەکەیدا.**

**نۆیەم: بەڕێوەبەرایەتیە گشتیەکانی تەندروستی لە پارێزگاکانی هەرێم دا/ هەر یەك لەوانە پزیشکێك بە پلەی بەڕێوەبەری گشتی سەرۆکایەتی دەکات و دەبێ خاوەن شارەزایی و کارامەیی بێت لەکارەکەیدا.**

**بەڕێز د0 فؤاد احمد محمد بابان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**ثالثا/ أما فيما يتعلق بالمواد الثالثة والثامنة والتاسعة من المشروع نقترح دمج جميعها تحت تسلسل المادة الثالثة وتحت عنوان (تشكيلات الوزارة وصياغتها كالآتي):**

## تشكيلات الوزارة

**المادة الثالثة:**

**تتألف الوزارة من التشكيلات التالية:-**

**اولاً: الوزير/ هو الرئيس الأعلى للوزارة والمسؤول عن أعمالها وتوجيه سياساتها والأشراف والرقابة عليها و تصدر عنه وتنفذ باشرافه جميع القرارات و الأوامر والتعليمات في كل ماله علاقة بمهام الوزارة وتشكيلاتها وصلاحياتها وسائر شؤونها الفنية والمالية والادارية والتنظيمية وفق أحكام القانون ويكون مسؤولا امام مجلس الوزراء بأعتباره عضواً متضامناً فيه وله تخويل بعض من صلاحياته الى وكيل الوزارة أو المدراء العامين أو من يراه مناسباً في الوزارة.**

**ثانيا: وكيل الوزارة/ يساعد الوزير في توجيه الوزارة و الاشراف على شؤونها ضمن الصلاحيات التى توكل اليه من قبل الوزير على ان يكون حاصلاً على شهادة جامعية اولية أختصاصية ومن ذوى الخبرة والممارسة.**

**ثالثاً: مكتب الوزير/ يرأسه ويديره موظف بدرجة مدير حاصل على شهادة جامعية أولية ويعاونه عدد من الموظفين.**

**رابعاً: مكتب وكيل الوزير/ يرأسه ويديره موظف بدرجة مدير حاصل على شهادة جامعية أولية أختصاصية ومن ذوي الخبرة والممارسة.**

**خامساً: المستشارون/ لايزيد عددهم عن أربعة وعلى ان يكونوا من حملة شهادة جامعية أولية أختصاصية ومن ذوي الخبرة والممارسة.**

**سادساً: المديرية العامة للشؤون الإدارية والمالية/ يرأسها مدير عام حاصل على شهادة جامعية أولية ومن ذوي الخبرة والممارسة.**

**سابعاً: المديرية العامة للأمور الصحية/ يرأسها طبيب بدرجة مدير عام من ذوي الخبرة والممارسة.**

**ثامناً: المديرية العامة للتختطيط والتعليم الصحي/ يرأسها طبيب بدرجة مدير عام من ذوي الخبرة والممارسة.**

**تاسعاً: مديريات الصحة العامة في محافظات الأقليم/ يرأس كل منها طبيب بدرجة مدير عام ومن ذوى الخبرة والممارسة.**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

**زۆر سوپاس, ماددەی سێیەم, لیژنەی هاوبەش ئیقتیراحیان كردووە كە ماددەی سێ و هەشت و نۆ دەمج بكرێ, سێ و هەشت بریتییە لە تەشكیلاتی وەزارەت, وەكو هەموو قانونەكانی تر دەمج كراوە, نۆش هەر ئیلغا دەكرێ نەك هین بكرێ, لەبەر ئەوە دەسەڵاتی وەزیرە, كە وترایە دەمج بكرێ, ئێستا نیصاب تەواوە, ماددەی سێ و نۆ و هەشت دەمج دەكرێ, كێ لەگەڵ ئەو موفتەرەحەیە, دەستی بەرزبكاتەوە؟ فەرموون, كێ لەگەڵ دا نییە, دەستی بەرزبكاتەوە؟ فەرموون, بەكۆی دەنگ دەمج كرا, فەرموو د0 نوری.**

**بەڕێز د.نوری جمیل تاڵەبانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێشنیازێکم هەیە سەبارەت بەم ماددەیە, هەمووومان دەزانین کەوا باری تەندروستی لەکوردستان بەگشتی و, لەنەخۆشخانە گشتی و تایبەتیەکان بەتایبەتی چەند خراپن و, ئەندامانی پەرلەمان ئاماژەیان بۆ کرد, بۆیە پێویستە فەرمانگەیەکی نوێ بە هاوکاری کردنی جەنابی وەزیر دروست بکرێ, بەناوی پشکنێریەتی گشتی وەکو لە وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتیدا کەوا پەسند کرا, پەیوەندی راستەوخۆی بەوەزیرەوە هەبێ, راپۆرت سەبارەت بەباری تەندروستی لەهەموو بوارەکاندا پێشکەش بە وەزیر بکات و, هەروەك وتم ئەو فەرمانگەیە لەوەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتیدا هەیە, خاڵێکی تریش لەوەزارەتی عێراقدا, وەزارەتی تەندروستی عێراقدا, ئەنجومەنێك هەبوو بەناوی ئەنجومەنی راوێژکاری باڵا, ئەم ئەنجومەنە جیاوازە لەگەڵ ئەنجومەنی وەزارەتدا, ئەندامانی تەنیا پزیشکی پسپۆڕ و شارەزان, لەهەموو بوارەکانی پزیشکدا, بۆ هاوکاری کردنی وەزیر, بۆ پێشکەش کردنی راوێژکاری پزیشکی تاکو بتوانن پێکەوە سەرپەرشتی باری تەندروستی لەوڵاتدا بکەن, ئەو دوو پێشنیازە دەخەمە بەرچاو, بەتایبەتی دامەزراندنی فەرمانگەی پشکێنەری گشتی لەوەزارەتی تەندروستیدا, سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پێشنیاەکەت مەعقولە, بەڵام خۆت دەبوایە لەکاتی کردنەوەی موناقەشە ئیقتراحەکە بکەی, موقتەرەحەکەت مەعقولە و قابیلی موناقەشەیە, رەئیی وەزیرش دەپرسین لەکاتی خۆیدا, ئێستا دێینە سەر موقتەرەحی لیژنەی هاوبەش سەبارەت بەو سێ ماددەیە, کە تەوحیدەو خوێندرایەوە لەلایەن هینەوە, ئەگەر کەس قسەی لەسەر هەیە, کاك نوری قسەی کرد, موقتەرەحێکی تازەی هێنا کە ئەو پشکێنەرە گشتییە بکرێتەوەو ئەنجومەنی راوێژکاری باڵاش هەبێت کە جیاوازە, حەز دەکەم جەنابی وەزیر هەم لەسەر ئەو موقتەرەحی هەردوو لیژنەکە, هەم لەسەر ئەو پێشنیارەی کاك د0 نوری قسەی بکات, فەرموو.

**بەڕێز د0عبدالرحمن عثمان یونس (د0 زریان)/وەزیری تەندروستی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

زۆر سوپاس, من دوو خاڵی بچووکم هەیە بەڕاستی, یەکێکیان ئەڵێ بریکاری وەزیر, من پێم جوانە بکرێتە بریکارانی وەزیر, چونکە ئەگەر بڕیار درا زیاتر لە بریکارێك دابنرێ, ئەوە پێویست ناکات بگەڕێینەوە پەرلەمان, نازانم ئەگەر پێتان چاك بێت لەبەشی قانونی, دووەم/ لەعەرەبیەکە بەتەرجومە ئەڵێ (المديرية العامة للتختطيط, المديرية العامة للشؤون الإدارية, المديرية العامة الصحية), ئێستا ئەوە لەبەغدا نەماوە, لەعێراق پێی ئەڵێن (دائرة الامور الصحية), دیارە قەواعیدە عەرەبیەکان بەدائیرە باشتریان تەرجومە کردووە, منیش پێم چاکە وەکو عێراقی لێبێت, بۆ ئەو دوو خاڵەی کە بەڕێز کاك د0نوری فەرمووی, من بەپێی ئەو قسەی لەگەڵ وەزیری تەندروستی بەغدا و مودیرعامەکانی ئەوێم کردووە, موفەتیش عام تەنها رێگرێکی ترە, زیاد کردنی رۆتینە, رەقابە مالیەکی ترە لەسەر وەزیر, بەقسەی ئەوان هیچ یارمەتیەکی

نەداون, بەعکسەوە رۆتینی بۆ زیاد کردوون, ئیشەکانی تریان ئەوەندە موعەقەد تر کردوون, من پێم شتێکی چاك نییە, بەنیسبەت ئەنجومەنی راوێژکاری بەڵێ ئێمە بەڕاستی لێرە نییە, بەلاَم ئێمە هەمانە, ئەنجومەنی راوێژکاری ئێمە کاتی خۆی لەوەزارەتی تەندروستی عێراق ئەوەبوو, گەر من بمەوێ نەخۆشخانەیەکی دەروونی, یان نەخۆشخانەیەکی بەشی عەملیاتی قەلب بکەمەوە, مەجموعیەك ئیختیصاصی لەو بوارەوە لە شارەکان کۆدەکەمەوە بۆ ئەوەی ئیستیشارەم بکەن, ئەم نەخۆشخانەیە چی پێویستە, چۆن دەکرێ, ئەو بوارە چۆن چارە دەبێ, ئەوە هەیە, بەعەمەلیش فعلەن, ئێستاش هەیە, زۆرجار دکتۆری پسپۆڕی بوارەکان کۆدەکەینەوە رەئیان وەردەگرین, بەلاَم چونکە بوارەکان ئەوەندە زۆرە بەشی ددان, صیدەڵە و ئەنواع ئیختیصاصی توبی, ئەگەر وەکو فەقەرەیەك بیکەین بڵێین وەزیر صلاَحیەتی هەیە, خۆی وابزانم شتێك هەیە, ئەڵێ وەزیر صلاَحیەتی هەیە هەر لیژنەیەك تەشکیل بکات, موئەقەت بێت یان دائیم, ئەوە ئەوەش دەگرێتەوە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەنیسبەت بریکاری وەزیر, لەهەموو قانونەکان یەك بریکارە, ئەوەش پاش موناقەشەیەکی زۆر, ئەگەر چی خیلافی لەسەر بوو, ئەگەر چی موبەڕیراتی زۆری هێنا وەزیر, بەهەر حاڵ ئەکسەریەتی هێنا, بەلاَم بۆ وەزارەتی تەندروستی, ئەگەر پێویستی بە دوو بریکار هەبوو, ئەسبابی هێنا ئەوکات دەکرێ هەمواری بکەین, بەلاَم ئێستا لەسەر یەك مودیریەت دەڕۆین, دائیرە راستە لە بەغدا ناوی دەوائیرە, بەلاَم لێرە لەهەموو وەزارەتەکان لەسەر مودیریات رۆیشتووین, بۆیە بۆ وەزارەتی تەندروستیش هەروا دەڕۆین, ئەگەر لەموستەقبەل گەیشتینە قەناعەت کە دەوائیر باشترە, دەتوانین هەمواری بکەین, بەلاَم ئێستا بەتەنیا بۆ قانونی وەزارەتی تەندروستی ناکرێ بیکەینە دەوائیر, هەر لەسەر مودیریات دەڕۆین, راستە ئەنجومەنی راوێژکاری هەیە لەوەزارەت, بەلاَم کاك نوری مەبەستی ئەوە نەبوو, لەگەڵ ئەوەشدا لە خاڵێك دەڵێ ( ئەو ئەنجومەنە دەکرێ هەر خەبیرێکی ئیختیصاصی لەدەرەوە و لە ناوەوە وەزیر تەحدیدی بکات), دەکرێتن بێتە ئەنجومەنەش, کێ قسەی هەیە لەسەر ئەو ماددانە, مولاَحەزەی موقتەرەحی لیژنەی هاوبەش بکەن, ئەو ئەساسە, فەرموو د0 دلێر.

**بەڕێز د0دلێر اسماعیل حقی شاویس:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دیارە وەزارەتی تەندروستی یەکێکە لەوەزارەتە زۆر گرنگەکان, پەیوەندی بەهەریەکە لە هاونیشتیمانان و بەهاوولاَتیانی کوردستانەوە هەیە, هەمووشمان دەزانین ئەو بارودۆخەی کە دەزگاکانی تەندروستی تێدایە کە زۆر پەرێشان و وێرانە, یەکێك لەئەرکە سەرەکیەکانی وەزارەت لەخاڵی 12, کارکردنە بۆ دابین کردنی تەندروستییە, لەکاتی موناقەشەکردنی یاسای وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەلاَیەتی, باسی ئەوەی کرد کە بەڕێوەبەرایەتییەکی گشتی بکرێتەوە, بۆ دابین کردنی تەندروستی, بۆ زەمانەت کردنی صحی, لێرەدا بەڕاستی بۆ جێبەجێ بەجێ کردنی ئەو ئەرکە بۆ ئەوەی وەزارەت مولزەم بێت بەو جێبەجێ کردنە و,

ئەم کێشەیە لەدام و دەزگا تەندروستیەکانی ئێمە نەمینێ، من پێشنیاز دەکەم بەڕێوەبەرایەتییەکی گشتی پێك بهێندرێ، بۆ دابین کردنی تەندروستی، هەتا وەزارەتیش بەجدی ئەتوانێ کاری بۆ بکات و، ئەو بەڕێوەبەرە گشتییەش، ئەو دام و دەزگایەش ئەبێتە دەزگایەك کە کار بکات، بۆ ئەوەی هەریەك لەئێمە زەمانی صحیمان هەبێت، سەبەی بەمەبلەغێکی کەم بەرامبەر موچەکانمان ئەبڕێت، بۆ هەر کرێکارێك، بۆ هەر کەسێکی تر لەدام و دەزگاکانی تەندروستی بەباشی چارەسەر بکرێن، بۆیە من بەپێویستی دەزانم کە بەڕێوەبەرایەتێکی گشتی بۆ دابین کردنی تەندروستی دروست بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو جەنابی وەزیر.

**بەڕێز د0 عبدالرحمن عثمان یونس (د0زریان)/وەزیری تەندروستی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە مودیریەی عەمەلی ئموری صحیمان هەیە زۆر لە فروعەکانی صحی، بەلاَم دانانی بەڕێوبەرایەتێکی گشتی بۆ تەئمینی صحی، بەڕاستی لەتوانای ئێمەدا نییە، ئەمە یەك، ئەوە پڕۆژەیەکی زۆر گەورەیە پێویستی بە خوبەرای ئیجتیماعی، ئیقتیصادی، ئیداری، مالی ئێمەش بەشێك ئەدەین لەوە صحە، ئێمە ئەتوانین بلێین چۆن ئەمانەوێ دیراسەتی ئەو مەوزوعە بکەین، بزانین رەواتبی چەندە ئەوەی ئیش دەکات، ئەوەی ئیش نەکات چۆن پارە نەدات، چۆن بینێرمە ئێران، نیزامی صحی ئەوروپی چۆنە، بەڕاستی ئێمە داواشمان لێبکەن نە ئەو خیبرەمان هەیە، نە ئەو توانایەمان هەیە، جا ئەگەر بەڕێوەبەرایەتی گەورەشمان بۆ دروست بکەن هەر خەڵکێکی وا بەتوانامان نییە لێی دابنێین، چونکە ئەوە کارێکی جەماعییە بەڕاستی، سوپاس.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێم وایە پێشنیاری دکتۆر دلێر، سەبارەت بە بەڕێوەبەرایەتی تەئمینی صحی لەجێی خۆیدا نییە، چونکە ئەو مەهامە شەریکات پێی هەڵدەستێ، شەریکاتی تەئمین، جۆرەها تەئمینی هەیە، یەك لەوانە تەئمینی صحییە، لەدەرەوەش هەر وایە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە مەبەستی ئەوە نییە کاك کریم، کاك بکر فەرموو.

**بەڕێز بکر فتاح حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت تەئمینی صحی، دوو سیستەم هەیە، تەئمینی صحی خاص، تەئمینی صحی عام، تەئمینی صحی خاص شەریکاتی تایبەتە، ئەتوانن هەر کەسێ خۆی ناونووس بکات لەو شەریکە، مانگانە، یان ساڵانە، جا بەنیسبەت سیستەمەکەوە ئەبێ بیگۆڕین، سیستەمەکە خەصخەصە بکەین یان نا، ئەگەر خەصخەصەمان

کرد ئەوکات شەریکاتی تەئمینی خاص هەیە دەتوانێ ئەو ئەرکە بگرێتە ئەستۆخۆی, شەریکاتی تەئمینی عام, وەزارەتی صحە و حکومەت لێی مەسئول دەبێ, ئەوکات هەموو کەسێك لێی مولزەم دەبێت, بەلأم حکومەت خۆی پارەکە ئەدات, مەسەلەن کرێکارێکی حکومی, یان مۆزەفێکی حکومی, حکومەت خۆی پارەکە ئەدات, لە چ وەزیفەیەکە ئیتر لێی ئەبڕن, ئەڵێن لەبەر تەئمینی صحیەکەتە, لەو حاڵەتە دکتۆرەکانیش ئەبێ سیستەمەکە بەتەواوی بگۆڕین, چۆن؟ بۆچی دکتۆر لە خەستەخانەی عام ئیش ناکات, لەخەستەخانەی ئەهلیی ئیش دەکات, ئێستا ئەگەر سەیری ئەوروپا بکەین, دکتۆر لەهەمان کات ئیش دەکات لەخەستەخانەیەکی عام, هەمان ئیشیش دەکات لەخەستەخانەیەکی ئەهلیی, بۆ؟ چونکە لەو کاتەی کە لە خەستەخانەی عامە, حکومەتییە, هەر فەحصێك دەکات حکومەت پارەکەی دەدات, وەکو چۆن لە عیادە ئەهلییەکەی پارەکە وەردەگرێ, لەم حاڵەتە حکومەت پارەکەی ئەداتێ, بەلأم ئەوە تەئمینەکەی بەستراوە بە تەئمینی عامەوە, کە دەوڵەت لێی بەرپرسیارە, ئینجا ئەم سیستەمە خۆتان ئەبێ دیراسەتی بکەن و بیگۆڕن, هەردوو تەئمینەکە ئەبێتن, تەئمینی عام و, تەئمینی خاصیش, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خۆ ئەوە لێرە مەبەستی تەئمینی صحەی عامە, ئەوە یەك, دوو/ ئەو فعلەن وەکو کاك بکر دەڵێ, ئەو سیستەمەی کە ئێستا هەمانە ڕەنگە ئەو تەئمین صحییە نەتوانێ هینیش بێت, بەلأم ئێمە ئەگەر سیستەمەکە بگۆڕین, ئەوکات ئەو مودیریەتی تەئمین صحیە زەرورییە, وەکو کاك بەکر ئاماژەی پێکرد, لە موجتەمەعاتی موتەقەدیم دا, ئەو مودیریەتە ڕەنگە مودیریەت بێت, بۆ هەموو کەسێك دەچێتە خەستەخانە، ئێستا لەئەوروپا پارە نادات هەر ناوەکەی دەنووسێ, بەلأم هەرچی فەحص دەکات, بۆی دەنووسن حەقەکەی چەندە, ئەشیعەکەی بەچەندی بوو, خوێنی بەچەندی بوو, ئەو مودیریەتە تەنزیمی دەکات لە دەوڵەت وەریدەگرێ, ئەو مۆزەفە لەچ دائیرەیەکە، ئەو زەمانە صحیەی کە بۆ ئەو مۆزەفە تەئمین کراوە, بۆی صەرف دەکرێ و, دەدرێتە ئەو وەزارەتە, یەعنی شتێکی موتەکامیلە, زەرەری نییە ئەگەر هەبێت, بەلأم جەنابی وەزیر موافیق نەبوو لەسەری, دەڵێ ئیمکانیەتمان نییە, د0 نوری قسەت هەیە, فەرموو.

**بەڕێز د0 نوری جمیل تاڵەبانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تێبینیەکەم هەیە سەبارەت بەوەی کەوا جەنابتان ئاماژەتان بۆکرد, ئەوە سیستەمێکی گەلێك گەورەیە, ئەگەر بمانەوێت لەکوردستان دایبنێین و پەیڕەوی پێبکەین, پێویستە قانونێکی تایبەتی بۆ دابڕێژرێ, لێرە ناتوانین ئێستا ئەو ئەرکە قورسە بخەینە سەر ئەرکی وەزارەتی تەندروستی, بەبێ ئەوەی کەوا ئەو سیستەمە قانونێکی تایبەتی بۆ داڕێژرابێ, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك دلێر مولأحەزەکەت جەنابی وەزیر دەڵێ ئیمکانمان نییە, بەڵێ فەرموو.

**بەڕێز د0 دلێر اسماعیل حقی شاویس:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی من لەگەڵ بیرو بۆچوونەکانی جەنابی وەزیرم, ئەوە ئەرکێکی زەحمەتە, بەڵام رۆژێك لەرۆژان ئێمە دەبێ هەنگاوی بۆ بنێین, ئەمە بەنیسبەت کارو کاروباری کۆمەڵایەتیشەوە, بەڕاستی ئەبوایە بەڕێوبەرایەتیەکی گشتیان هەبووایە, بۆ ئەوەی هەنگاویان بۆ نابایە, بەداخەوە ئەو رۆژە وەزیر وتی ئێمە بەڕێوەبەرایەتێکمان هەیە, بەڕێوەبەرایەتیەکەی ئەوان هەیانە, فەقیرانە ئەدات بەخەڵك, لەوە کۆبووتەوە, ئەوە دوو شتی زۆر جیاوازە, ئەوەی کە من باسم کرد, جەنابی وەزیر بەباشی بۆی چوو, ئەرکێکی زۆر زەحمەتە, بەڵام رۆژێك دەبێ هەنگاوی بۆ بنێین, هیوادارین ئەو هەنگاوە بکرێت, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من تەعلیقێکی بچووکم ئەدەم, خۆی وایە, بەڵام ئێستاکە ئیمکان نییە, ئەگەر دایبنێین لە قانونەکە بەبێ ئیمکانیش, سەبینێ یەقەی دەگرن, دەڵێن ئەو دائیرەیە هەیە بیکەوە, فلانمان بۆ بکە بە مودیر عام, فلانیش بکە بەجێگیری, ئەوە هیچ نییە و, ناشتوانێ بەئەرکەکەی هەڵبستێ, لەبەر ئەوە کە ئیمکان نییە داینەنێین, کەی پێویست هەبوو, ئەو کات دەتوانێ پڕۆژەیەك بۆ هەموار کردنی ئەو یاسایە ئیزافە بکرێ, ئێستا ئەوە ماددەی سێ, موقتەرەحی لیژنەی هاوبەش دەخەمە دەنگەوە, کێ لەگەڵیەتی, دەستی بەرزبکاتەوە؟ فەرموون, کێ لەگەڵ نییە, دەستی بەرزبکاتەوە؟ فەرموون, بەکۆی دەنگ قەبوڵ کرا, بڕۆ سەر ماددەی چوار, فەرموو.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی چوارەم:

لە وەزارەتدا ئەنجومەنێك بەناوی (ئەنجومەنی راوێژکار)ی وەزارەت پێکدەهێندرێ و لەمانەی خوارەوە پێك دێت:

1- وەزیر: سەرۆك.

2- بریکاری وەزارەت: جێگری سەرۆك.

3- راوێژکارانی وەزارەت: ئەندام.

4- بەڕێوەبەرە گشتیەکانی وەزارەت و فەرمانگەکانی پێیەوە بەندن: ئەندام.

5- نوێنەری هەموو ئەو وەزارەتانەی پەیوەندیدارن و دەزگا تەندروستیەکانی زانستی بە مەرجێك پلەکانیان لەبەڕێوەبەری گشتی کەمتر نەبێت: ئەندام.

6- دوان لەوانەی شارەزا و پسپۆڕن لە دەرەوە و ناوەوەی وەزارەت بە پێشنیاری وەزیر و بەڕەزامەندی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێم: ئەندام.

**بەڕێز عبدالكریم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

چوارەم/ ئەوەی پەیوەندی بە ماددەی چوارەمەوە لە پڕۆژەكەدا هەیە, ئەوا پێشنیار دەكەین بەم شێوەیە دابڕێژرێتەوە:-

ماددەی چوارەم: ئەنجومەنی راوێژكاری بۆ وەزارەت لەمانە پێكدێ:-

یەكەم: وەزیر/ سەرۆكە.

دووەم: بریكاری وەزارەت/ ئەندامە و لەكاتی ئامادەنەبوونی وەزیر سەرۆكایەتی ئەنجومەن دەكات.

سێیەم: راوێژكارانی وەزارەت/ ئەندامن.

چوارەم: بەڕێوەبەرە گشتیەكانی وەزارەت/ ئەندامن.

پێنجەم: نوێنەرێك لە هەر وەزارەتێك لە وەزارەتەكانی پەیوەندیدار و دەزگا تەندروستیە زانستییەكان بە مەرجێك پلەیان لەبەڕێوەبەری گشتی كەمتر نەبێت و لەسەر داوای بەشداری دەكەن.

شەشەم: هەر شارەزایەكی پسپۆڕی لەناوەوە و دەرەوەی وەزارەت كە وەزیر دەستنیشانیان دەكات.

**بەڕێز د0فؤاد احمد محمد بابان:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

فيما يتعلق بالمادة الرابعة من المشروع نقترح إعادة صياغتها كالآتي:-

المادة الرابعة:

يشكل المجلس الأستشاري للوزارة من:-

أولاً: الوزير/ رئيساً.

ثانيا: وكيل الوزارة/ عضواً ويرأس المجلس في حالة غياب الوزير.

ثالثا: المستشارون في الوزارة/ أعضاء.

الاربعا: المدراء العامين للوزارة/ أعضاء.

خامساً: ممثل عن كل من الوزارات ذات العلاقة والمؤسسات الصحية العلمية على ان لاتقل درجاتهم عن مدير عام بطلب من الوزير.

سادساً: أي خبير أو أختصاصي من داخل أو خارج الوزارة يحدده الوزير.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

لەو ماددەیە, لە موفتەرەحی لیژنەی هاوبەش دوو گۆڕانكاری بەسەردا هاتووە, وەكیلی وەزیر نائبی رەئیس نییە و عەزوە, بەڵام (ينوب عن الرئيس في حالة غيابه), ئەوە یەك, دووەمیش/ لەشەشەمدا دەڵێ دوو خەبیر لە پرۆژە ئەصڵیەكە, ئەوەی موفتەرەحی لیژنەی هاوبەش دەڵێ (أي خبير) هەر خەبیرێك بێت, یان هەر ئیختیصاصیەك بێ لەدەرەوە یان لەناوەوەی وەزارەت, موافەقەتی رەئیسی مەجلسی وەزەرایان لابردیە,

لەبەرئەوە پێویست ناكات, ناڵێ لەدەرەوەی هەرێم, دەڵێ لەدەرەوەی وەزارەت, وەزیریش موافەقەتی كردیە لەسەر ئەو پێشنیازانەی لیژنەی هاوبەش, پێم وایە كەس مولاحەزەی نییە, فەرموو كاك رشاد.

**بەڕێز رشاد احمد ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

وەكیلی وەزارەت لێرە دەبێ بە نائب بێت, لەبەر ئەوەی مادەم لەحالەتی غیابی دەبێتە نائب, دەبێ لێرەش بە نائب بێت, نەك بەعەزو, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

خۆی لەڕاستیدا هەردوو صیاغەش راستە, چونكە نائبیش بێت, رەئیس حازر بوو ئەوا ئەو دەبێتە عەزو, بەلاّم كە غائب بوو لێرە دەڵێ (ینوب عنها), یەعنی نائبەكە دەوری رەئیس لەغیابی رەئیس دەبینێ, بەلاّم لەكۆبوونەوەكاندا كە رەئیس حازر بوو, دەوری عەزو دەبینێ, قانونەكانی تر چییە, ئەندامە, كەواتە لیژنەی هاوبەش ئەو ئیقتیراحەی وەكو قانونەكانی ترە, دەیخەمە دەنگەوە, كێ لەگەڵ ئەو ماددەیە, دەستی بەرزبكاتەوە؟ فەرموون, كێ لەگەڵدا نییە, دەستی بەرزبكاتەوە؟ فەرموون, بەكۆی دەنگ قبوڵ كرا. بڕۆ سەر مادەكەی تر, فەرموو.

**بەڕێز كریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لەبەر ئەوەی مادەی پێنجەم و شەشەم هەڵوەشێندرایەتەوە, لەماددەی حەوتەوە دەستی پێدەكەین.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ماددەی پێنج بەنیزام دەردەچێ, لەبەر ئەوە لیژنەی هاوبەش ئیلغای كردووە, مادەی پێنج ئەصڵی صوڵبی مەسئولیەتی وەزیرە, دەسەلاّتی ئەوە, لیژنەی هاوبەش ئیلغای كردووە, چونكە پێویست ناكات لێرە بێت, كێ لەگەڵ ئەوەیە ماددەی پێنج ئیلغا بكرێ, دەستی بەرزبكاتەوە؟ فەرموون, كێ لەگەڵ نییە, دەستی بەرزبكاتەوە؟ فەرموون, بەكۆی دەنگ ماددەی پێنج ئیلغا كرا.

مادەی شەش, ئەوەیش هەر صلاّحیەتی مەجلیسی هین كردووە, ئەوەیش هەر بەنیزام تەحدید دەكرێ, ئەوەیش موقتەرەحی لیژنەی هاوەبەش كە ئیلغا بكرێ, كێ لەگەڵ ئەوەیە ئیلغا بكرێ, دەستی بەرزبكاتەوە؟ فەرموون, كێ لەگەڵدا نییە, دەستی بەرزبكاتەوە؟ فەرموون, بەكۆی دەنگ ماددەی شەش ئیلغا كرا, بڕۆ سەر ماددەی حەوتەم.

**بەڕێز كریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ماددەی حەوتەم:

لە وەزارەت دەستەیەك بەناوی (دەستەی بالاّی عیادەی تەندروستی میللی و ڕاوێژكاران) پێكدەهێنرێ و لەمانەی خوارەوە پێك دێت:-

1-بریکاری وەزارەت/ سەرۆك.

2- بەڕێوەبەری گشتی کاروباری کارگێڕی و دارایی/ جێگر.

3- بەڕێوەبەری گشتی کاروباری تەندروستی/ ئەندام.

4- بەڕێوەبەرە گشتییەکانی فەرمانگەکانی سەر بەوەزارەت/ ئەندام.

5- فەرمانبەری ژمێریاری/ ئەندام.

6- فەرمانبەری یاسایی/ ئەندام.

7- فەرمانبەری کارگێڕی/ ئەندام.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی پەیوەندی بەماددەی حەوتەمی پڕۆژەکەوە هەیە کەدەبێتە ماددەی پێنجەم لەباری پەسند کردنی پێشنیازەکەمان, پێشنیار دەکەین بەم شێوەیە خوارەوە دابڕێژرێتەوە:-

ماددەی پێنجەم:دەستەیەك لەوەزارەت دادەمەزرێت پێی دەگوترێ ((دەستەی باڵای عیادە پزیشکیەکانی میللی و راوێژکاری))و لەمانە پێك دێ:-

یەکەم/ بریکاری وەزارەت: سەرۆك.

دووەم/ بەرێوەبەری گشتی کار و باری پزیشکی: جێگری سەرۆك.

سێیەم/ بەڕێوەبەرە گشتییەکانی وەزارەت: ئەندامن.

چوارەم/ فەرمانبەری ژمێریاری: ئەندام.

پێنجەم/ فەرمانبەری یاسایی: ئەندام.

شەشەم/ فەرمانبەری کارگێڕی: ئەندام.

**بەڕێز د0فؤاد احمد محمد بابان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سابعاً/ أما يتعلق بالمادة السابعة من المشروع والتى ستصبح برقم المادة الخامسة في حالة قبول مقترحنا نقترح إعادة صياغتها كالآتي:-

المادة الخامسة:

تؤلف في الوزارة هيئة تسمى ب(الهيئة العليا للعيادات الطبية الشعبية و الأستشارية) وتتكون من:-

أولاً: وكيل الوزارة/ رئيساً

ثانياً: مدير عام ألأمور الصحية/ نائباً للرئيس.

ثالثاً: المدراء العامين للدوائر تابعة للوزارة/ عضو.

رابعاً: موظف حسابى/ عضو.

خامساً: موظف قانوني/ عضو.

سادسا: موظف أداري/ عضو.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

جەنابی وەزیر هین بووە, بەلآم بزانین رەئیت چییە بەرامبەر بە موفتەرەحی لیژنەی هاوبەش, فەرموو.

**بەڕێز د0 عبدالرحمن عثمان یونس (د0 زریان)/وەزیری تەندروستی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من دوو خاڵی بچووكم هەیە, لەبڕگەی دوو دەڵێ (بەڕێوەبەری گشتی كاروباری پزیشكی), ئەوە تەندروستییە, پزیشكی نییە, ناوی (بەڕێوەبەری گشتی كاروباری تەندروستی)یە, ئەبێ بگۆڕدرێ و, بڕگەی (3) دەڵێ (بەڕێوەبەرە گشتییەكانی وەزارەت), ئەمە (بەڕێوەبەرە گشتییەكانی وەزارەت) نیین, بەحقیقەت (بەڕێوەبەرە گشتییەكانی شارەكانن), بەڵێ لەسەر ئاستی موحافەزات, ئەوانن كە موباشر موتەعەلیقن بەعیادەكان و, هەریەك لەوان مەسئولی عیادەی شەعبی شاری خۆیەتی, ئەوان دەبێ ئەندام بن لە لیژنە گشتییەكە, بەڵێ (بەڕێوەبەرە گشتییەكانی پارێزگاكان) بەم شێوەیە بێت, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

بەعەرەبیەكەی نووسرایە تەندروستی, بەلآم تەرجومەكەی غەڵەتە, لیژنەی هاوبەش موفتەرەحەكەیان بەم شێوەیە كە خوێندرایەوە, جەنابی وەزیر لە تەرجومەی عەرەبیدا مولاحەزەیەكی دا, بۆ تەندروستی و پزیشكی, كوردیەكەی بكەنەوە تەندروستی, بەڕێوەبەرە گشتییەكان مەبەستی لە پارێزگاكانە, بەڕێوەبەرە گشتییەكان لەپارێزگاكانە, یەعنی ئەو چوار بەڕێوەبەرە گشتییە ئەندام دەبن لە هەیئەكە, هەیئەی عولیا بۆ عیاداتی توبی و شعبی و ئیستیشاری, ئەگەر كەس مولاحەزەی نییە, دەیخەمە دەنگەوە, كێ لەگەڵ موفتەرەحی لیژنەیە, دەستی بەرزبكاتەوە؟ فەرموون, كێ لەگەڵ نییە, دەستی بەرزبكاتەوە؟ فەرموون, بەكۆی دەنگ موفتەرەحی لیژنەی هاوبەش قبوڵ كرا, بڕۆ سەر ماددەی دواتر, ماددەی هەشتەم ئیلغا كراوە, مادەی نۆیەمیش دەمج كرایە, دێینە سەر ماددەی دەیەم, ماددەی دەیەم بخوێنەوە, ئینجا ئیقتیراحی خۆتان بڵێن, فەرموو.

**بەڕێز كریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ماددەی دەیەم:

بەش و ئەرك و تایبەتمەندی دەزگاكانی وەزارەت بەپێی پێڕەوێك دەستنیشان دەكرێت.

**بەڕێز عبدالكریم ابوبكر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەوەی پەیوەندی بەماددەی دەیەم و دوانزەمی پڕۆژەكە هەیە, پێشنیار دەكەین كۆ بكرێتەوەلە ناو یەك ماددەدا, و بەزنجیرەی ژمارە ماددەی (شەشەم) و بەم جۆرە دابڕێژرێ:-

یەكەم: بەش و ئەرك و تایبەتمەندیەكانی پێكهاتی وەزارەت بەپێڕەو دەستنیشان دەكرێت.

دووەم: وەزیر بۆی هەیە بەڕێوەبەرایەتی یان لق یان بەش یان هۆبە یان یەکەکان لەناو پێکهاتەی وەزارەت دابنێ یان لێکیان بدات، یان هەڵیان بوەشێنێتەوە بەپێی پێویستیەکانی کارەکانیان لەکاتی پێویستدا.

سێیەم: وەزیر بۆی هەیە لیژنەی هەمیشەیی یان کاتی بەپێی پێویست پێکبهێنێ.

**بەڕێز د0فؤاد احمد محمد بابان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

أما فيما يتعلق بالمادتين العاشرة والثانية عشرة من المشروع تقترح دمجهما ضمن مادة واحدة بتسلسل رقم المادة (السادسة) وصياغتها كالآتي:-

اولاً: يحدد بنظام تقسيمات ومهام وأختصاصات تشكيلات الوزارة.

ثانياً: للوزير أستحداث أو دمج أو إلغاء المديريات أو الفروع أو الأقسام أو الشعب أو الوحدات ضمن تشكيلات الوزارة وفق متطلبات عملها عند الأقتضاء.

ثالثاً: للوزير تشكيل لجان دائمية أو وقتية حسب الحاجة.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ماددەی دەیەم و دوازدەم دەمج کرایە, پێشنیار کرایە کە دەمج بکرێ, کێ لەگەڵ پێشنیاری لیژنەی هاوبەشە بۆ دەمجەکە, دەستی بەرزبکاتەوە؟ فەرموون, کێ لەگەڵ نییە, دەستی بەرزبکاتەوە؟ فەرموون, ئەو ماددەیە بەکۆی دەنگ دەمج کرا, کە پێشنیاری لیژنەی هاوبەش, رەقەمەکەی دەبێتە ماددەی شەش, بەم شێوەی کە خوێندرایەوە, وەکو وەزارەتەکانی ترە, فەرموو.

**بەڕێز ئارام رسول مامند:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێشنیار دەکەم برگەی چوارەم زیاد بکرێ, لەهەندێ وەزارەتەکانی تریش کردوومانە, هاوکاری جەنابی وەزیر دەکات, ئەوەیش وەزیر بۆی هەیە لەپێناو ئەنجامدانی ئەرك و ئامانجەکانی وەزارەت, گرێبەست لەگەڵ کەس و کۆمپانیای مەعنی و ناوەخۆی و بیانی بەڕەزامەندی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران ئەنجام بدات, لەچەند وەزارەتی تر ئەوەمان کردووە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە مانع نییە, بەلاَم لەمەشروعەکەی حکومەت نەهاتووە, ئەگەر جەنابی وەزیر پێی باش بێت, ئەوە دەیخەمە دەنگەوە, ئەو موقتەرەحەی کاك ئارام دەخەمە دەنگەوە, ئەو ماددەی شەش کە تەوحیدی ماددەی 10 و 12 و, بوو بەسێ بەشەوە خوێندیەوە لە لیژنەی هاوبەش, کێ لەگەڵ موقتەرەحی لیژنەی هاوبەشە, دەستی بەرزبکاتەوە؟ فەرموون, کێ لەگەڵ نییە, دەستی بەرزبکاتەوە؟ فەرموون, بەکۆی دەنگ قەبوڵ کرا, ماددەی یازدەم بخوینەوە, فەرموو.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی یازدەم:

ژمێریاری سەنتەری وەزارەت و فەرمانگەکانی پەیوەست پێیەوە ملکەچی دیوانی چاودێری دارایی هەرێمن.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی پەیوەندی بە ماددەی یازدەمی پرۆژەکەوە هەیە، پێشنیار دەکەین لابرێ، چونکە زیادە و ژمێریاری وەزارەتەکان و هەموو فەرمانگەکان بەپێی یاسا سەر بەچاودێری دیوانی چاودێری داراییین.

**بەڕێز د. فؤاد احمد محمد بابان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

أما فيما يتعلق بالمادة الحادية عشرة من المشروع نقترح حذفها لكونها زائدة لأن حسابات الوزارات والدوائر جميعها تابعة لرقابة ديوان الرقابة المالية بحكم القانون.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پێشنیاری هەردوو لیژنە بەراپۆرتی هاوبەشیان، ئەوەیە کە ئەو ماددەیە لاببردرێت، لەبەرئەوەی هەموو وەزارەتەکان تابعی رەقابەی مالین، کێ لەگەڵ راپۆرتی لیژنەی هاوبەشە، دەستی بەرزبکاتەوە؟ فەرموون، کێ لەگەڵ نییە؟ دەستی بەرزبکاتەوە؟ فەرموون، بەکۆی دەنگ ئەوەیش حەزف کرا، بڕۆ سەر ماددەی دواتر، فەرموو.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی دوازدەم دەبێتە ماددەی یازدەم،

ماددەی یازدەم:

1- وەزیر بۆی هەیە لەکاتی پێویستدا بەرێوەبەرایەتی و بەشی هۆیەکان لەیەکبدا یان سەر لەنوێ بنیاتیان بنێت.

2- وەزیر بۆی هەیە لیژنەی هەمیشەیی و کاتی بە پێی پێویست دابمەزرێنێ.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی پەیوەندی بە ماددەی سێزدەمی پرۆژەکەوە هەیە، کە دەبێتە ژمارەی ماددەی حەوتەم بەپێی پێشنیارمان ئێمە پشتگیریی دەکەین دوای خستنە سەر وشەی (حوکمەکان) بۆ دوای (جێبەجێ کردن) کە تێیدا هەبووە.

**بەڕێز د0فؤاد احمد محمد بابان:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

أما فيما يتعلق بالمادة الثالثة عشرة من المشروع والتي ستصبح برقم المادة السابعة حسب مقترحنا فأننا نؤيدها مع إضافة كلمة (أحكام) الى ما بعد (تنفيذ) الواردة فيها.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەوەش رۆتینە وەكو ئەوانی تر ئەحكامەكەی بۆ زیاد كراوە, كێ لەگەڵ موقتەرەحی راپۆرتی هاوبەشی هەردوو لیژنەكەیە, دەستی بەرزبكاتەوە؟ فەرموون, كێ لەگەڵدا نییە, دەستی بەرزبكاتەوە؟ فەرموون, فەرموو جەنابی وەزیر.

**بەڕێز د0عبدالرحمن عثمان یونس (د0 زریان)/وەزیری تەندروستی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەڕاستی زۆر داوای لێبوردن دەكەم, تۆزێ وون بووم لێرە, ماددەكان زۆر بوون, بەلآم ماددەیەكی زۆر گرنگ هەبوو بڕیار بوو باسی لێبكەم, چونكە ئەو ماددەیە دەمج كرا, ماددەی نۆ بوو لەگەڵ مادەكانی تر لە تەشكیلاتی وەزارەت, ئەوەش مەسەلەی تەعریفی موحافەزەیەكە, كێ موحافەزەی موعتەرەفە, ئایا گەرمیان موحافەزەیە یان نا؟ ئێمە واقیعەتێكمان هەیە, من دەمەوێ دیفاع لەو واقیعەتە بكەم, لە سنووری سلێمانی پێنج مودیریەی عامە هەیە, مودیریەی عامەی سلێمانی, شارەزوور, رانیە, گەرمیان, كۆیە, لەسنووری هەولێر نیزامێكی موختەلیف هەیە, كە دوو مودیریەی عامە هەیە لەئاستی هەولێر و دهۆك, ئەوەی تر نیزامی قەواتع هەیە, ئەوە واقیعێكە چەندین ساڵە هەیەو, خەڵكی لێیە بەپلەی مودیر عام لەو شوێنانە, ئێستا لابردنیان تۆزێك بەناوزوحی ناوەكەی هاتووە, ئەڵێ مودیریەی عامە لەسەر لەئاستی موحافەزات بێت, ئایا گەرمیان بە موحافەزەیە دائەنرێ؟ بەڕەسمی ئێستا موحافەزەیەك هەیە لە دەربەندیخان و موحافیز دائەنیشێ و, 450 هەزار نفوسە, بۆ موحافەزە نییە؟ یەعنی بۆ مودیریەی عامەی نەبێ؟ دوای ئەوە من بەڕاستی لابردنی مودیریەی عامە لەسەر شوێنكی وەكو هەڵەبجە, رەنگە حەساسیاتمان بۆ دروست بكات, حەز دەكەم ئەوە بەرچاو بگرن, من لەو رایەم كە صلآحیاتی ئەو مودیر عامانە, بەڕاستی بە پلەی مودیر عامن, لەوێ ئیش دەكەن, صلآحیاتیان وەكو خۆیان بمێنێ, چونكە بەڕاستیتان پێدەڵێم نە سلێمانی ئەو توانایەی هەیە كە ئیشی هەموو ئەو شوینە پان و بەرینە بكات و, نە ئەوانیش پەیوەندیەكی ئەوتۆیان هەیە بە سلێمانییەوە, ئەوانە تا ئێستاش مەربوت بووینە بە وەزارەتەوە, حەز دەكەم ئەو مەوزوعە بزانن, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس, ئەوە مولآحەزەیەكی بەجێیە, من تەوەقوعم دەكرد موناقەشە بكرێ, بەلآم لەبەر ئەوەی ئەندامانی پەرلەمان, ئەو مەوزوعە لەیەك دوو وەزارەت زیاتر هاتۆتە پێشەوە و, موناقەشەی زۆرمان لەسەر كردووە, لەبەر ئەوە گەیشتینەتە ئەو قەناعەتەی بەنیسبەت وەزارەتەكانی تر, ئێمە ناكرێ قانون

دابنێین, لەبەر ڕۆشنایی ئەوەی کە ئێستا هەیە, هەندێك تەزەخوم پەیدا بووە لە ئیدارەی هەندێ وەزارەتەکان, لەبەر ئەسبابێکی زۆر, بەڵام ئێستا کە هەردوو یەکخراوە, قانونەکانمان هەموو بۆ ئەوەیە کە تەنزیمی تازە دروست بکەن بۆ ئەو یەك حکومەتییە, لەبەر ڕۆشنایی وەزعی تازەمان, لەبەر ڕۆشنایی دوارۆژمان, بۆیە مودیریاتی عامە لە زۆربەی وەزارەتەکان لەسەر ئەساسی موحافەزات کراوە, بەڵام تەبعەن وەکو بۆ وەزارەتەکانی تریش بەتایبەتی وەزارەتی پەروەردە, وەزارەتی ئاوەدان کردنەوە ئاماژەمان کرد, بۆ جەنابیشت هەمان قسە دەکەین, ئێمە ناڵێین ئەو خەڵکانەی کەهەیە ئیلغایان بکە, بەڵام لەڕووی قانونییەوە دەبێ ناویان بەم شکلە بێت, جێگایەکی وەکو هەڵەبجە دەکرێ ئەو مودیریەتەی تێدا دابنرێ, نابێ ناوی مودیریەی گشتی بێت, تا ئەبێتە موحافەزە, کەی بووە موحافەزە من خۆشم پشتگیری دەکەم, کەی دەسەڵاتمان هەبوو پارێزگا لەکوردستان دروست بکرێت, پارێزگای هەڵەبجە بێت, تا ئەوکاتی دەکرێتن ئێمە ناتوانین قانون دابنێین, بەس دەکرێ جەنابت خۆت دەسەڵاتت هەیە بەپێی ئەو قانونە, ئەو دەسەڵاتە بدەیتە مودیری ئەو تەندروستییەی کە هەڵەبجەیە, یان لەگەرمیانە, وەکو دەسەڵاتی مودیر عامەکە, بۆ ئەوەی نەیەت و, مەجبور نەبێت بێتە سلێمانی, یان هەولێر و, دەکرێ ئەوە تەنزیم بکەین تاوەکو ببینین ماددەی 140 چی لێدێت, کەرکووك چۆن تەنزیم دەکرێ, گەرمیان دەکەوێتە سەر کام موحافەزە و, ئەوکات چۆن دەتوانین موحافەزەی زیاتر و تەشکیلاتی هەرێم بگۆڕین, ئەو کاتە تەبیعیە و هەمواریشی دەکەین, بەڵام جەنابت دەتوانێ بەپێی ئەو دەسەڵاتەی کەهەتە ئەو شتە ڕێك بخەیت, ئەو دەسەڵاتە بدەیتە ئەو کەسانەی کە پێویستن بۆ ئەوەی ڕۆتین نەهێڵێ, لەهەمان کاتیشدا قانونەکە جێبەجێ بکەیت, فەرمووو.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی من پێشنیار دەکەم, لەجیاتی هەڵوەشاندنەوەی ئەو دوو بەڕێوەبەرە گشتییە, لەبەر ئەوەی پارێزگا نیین, ئەوی وەزیری تەندروستی ئاماژەی پێدا هەم شاری هەڵەبجە, هەم ناوچەی گەرمیان, بکرێتە کۆمەڵگای تەندروستی, بەڕێوەبەرێکی گشتی بەڕێوەی ببات, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك زرار نوقتەی نیزامت هەیە, فەرموو.

**بەڕێز زرار طاهر امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من بەڕاستی زۆر پشتیوانی لەقسەکانی جەنابی وەزیر دەکەم, ڕانیە حەفتا و سێ بنکە و نەخۆشخانەی تێدایە, بەڵام ئەوەی جەنابت دەیڵێی ئەگەر دەسەڵاتی تەواو بەو بەڕێوەبەرە بدرێ, وەکو ئەو دەسەڵاتەی کەئێستا بەڕێوەبەری گشتی هەیەتی, ئەوە شتێکی باشە, ئەگەر وا نەبێ کێشەیەکی گەورە بەتایبەتی بۆ ڕانیە دروست دەبێت, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

من كەباسی هەڵەبجەم كرد, رانیەشم لەپێش چاوە, سۆرانیشم لەپێش چاوە, ئەو شوێنانە هەمووی فراوانە تۆ لەشوێنێك كاربكەیت, تەزەخومێكی گەورە دروست دەكەیت, ئایا ئاكرێش لەپێش چاوە, ئەوە هەموو داوا دەكەن, ئەو وتی ئاكرێ, ئەو وتی زاخۆ, ئەوەی كاك كەریم وتی ناكرێ, چونكە ئەوانە بەپێێ هەر چوار موحافەزە دەكرێ, كاك رشاد فەرموو.

**بەڕێز رشاد احمد ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

دەكرێ پارێزگاكان بكەینە ریئاسەی صحە, ریئاسەی صحەی هەولێر, دهۆك, سلێمانی, ئەو كاتی شامل دەبێ, دەتوانی تەختیەی هەموو مەنتیقەكەی بكات. دوای ئیش و كارەكانی خۆیان, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەگەر لەموستەقبەل پێویستی كرد بۆ هەمواركردن, تازە دەنگمان دا كە مودیریە عامەیە, نەدائیرەیە, نە ریئاسەتە, فەرموو كاك حاتم.

**بەڕێز حاتم محمد جان حسن:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من سوپاسی جەنابی وەزیر دەكەم, بۆ ئەو پێشنیارەی كە كردی و, سوپاسی جەنابیشت دەكەم كە دووبارەت كردەوە و, پشتگیری دەكەم, بەنیسبەتی گەرمیانەوە, گەرمیان خۆت ئەزانی مەنتیقەیەكی زۆرە, زۆرجاریش باسمان كردووە, 450 هەزار كەسی تیایە, ئەوە تەقریبەن حەقی خۆیەتی ئیهتیمامی پێبدرێ, ئینجا بەڕێوەبەرایەتی گشتی بێت, یان هەر شێوەیەكی تر بێت, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئێمە وتمان, جەنابی وەزیر دەسەڵاتی هەیە, ئەو دەسەڵاتە دەتوانێ بداتە مودیریاتی تایبەت لەشوێنی وەكو هەڵەبجە, وەكو رانیە, وەكو گەرمیان, وەكو سۆران, وەكو ئاكرێ, هەر لەكوێ پێویست بێت, دەتوانێ ئەوە بدات, تاكو ئێمە دوو مەسەلە حەل دەكەین, یەكێكیان ماددەی 140, بۆ تەقسیماتی ئیداری, دووش/ دەسەڵاتی ئێمە بۆ دروست كردنی پارێزگای تازە, كە ئەوە بوو هەمواری دەكەین و, ئومێدیش دەكەین بەزووترین كات بێت, چونكە بەحقیقەت ناوچەیەكی فراوانە, ئیستا سلێمانی ناوچەیەكی یەكگرتووە بەقەدەر سێ موحافەزە هەیە, هەولێر ناوچەیەكی یەكگرتووە بەقەدەر دوو موحافەزەیە, دهۆك هەروەها فراوان بووە, ئومێد دەكەین كە بەپێی دەستوور دەسەڵاتمان هەبێ پاشی چارەسەركردنی كێشەی ناوچەكانی كە لەماددەی 140 ئاماژەی پێكردووە, ئێستا موقتەرەحێكی تازە هەیە, ئەوەی كە كاك ئارام هینی كرد, بۆ وەزیر هەیە تەقاعود بكات لەگەڵ هەموو كەسێك لەناو هەرێم و لەدەرەوەی هەرێم بە رەزامەندی ئەنجومەنی وەزیران, صیاغەكە لیژنەی قانونی دەیكاتن و, ئەوە دەبێتە ماددەیەكی تازە, تەسەلسولەكەی بەم شێوەیە دادەنرێت كە پێویست دەكات زیمنی تەسەلسولی مەنتقی, كاك محمد فرج فەرموو.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

یەعنی تەعاقود صیفەتێکی مەعنەوی هەیە, یەعنی شەخصی نییە, وەزارەت ئەو شتانە دەکات, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

(للوزارة التعاقد مع الاشخاص الطبيعين و المعنوين في الخارج بموافقة مجلس الوزراء), داخیلیەکە لەوێ وتوومانە, فەرموو د0 زریان.

**بەڕێز د0عبدالرحمن عثمان یونس(د0 زریان)/وەزیری تەندروستی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من بەڕاستی خاڵێکم هەیە بەرامبەر ئەوە, ئێمە ڕەنگە فەرقمان هەبێ لەگەڵ وەزارەتی تر, من دوێنێ لە ئوردن بووم لەگەڵ مونەزەمەی صحەی عالەمی, لەگەڵ بانقی دوەلی دانیشتم و, ئیتفاقم کردووە لەگەڵیان دوو قۆڵی, شەش ملیۆن دۆلاریان داوە پێم, ئەبێ وەری نەگرم بڵێم من نامەوێ سوپاس تا موافەقەتی ئەنجومەنی وەزیران دەهێنمەوە, من پێم چاکە ئەو دەسەڵاتە بدەن بەخۆمان, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە تەعاقود کردنە لەگەڵ ئەشخاص, ئەوە هین نییە, عەقد کردن لەگەڵ شەخص جیاوازە, موساعدە وەرگرتن جیاوازە, فەرموو.

**بەڕێز د0 نوری جمیل تاڵەبانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو پێشنیازە دەچێتە حوکمی مەبادئی عامەوە, وەکو بڵێین تەحصیلی حاصڵە پێویست ناکات باسی لێوە بکرێ, هەر پەیوەندی کردنێك لەگەڵ دەزگایەکی دەرەوەدا, ئەوە دەبێ وەزارەت ڕەزامەندی ئەنجومەنی وەزیران وەربگرێت, ئەوەیش هەر دەچێتە چوارچێوەی مەبادئیی عامەوە, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

یەعنی جەنابت موافیق نیت لەسەر ئەوەی کاك دکتۆر وتی, فەرموو.

**بەڕێز د0 عبدالرحمن عثمان یونس (د0 زریان)/وەزیری تەندروستی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی ئێمە دەستمان ئەبەستڕێتەوە, ئێمە سەفەرەکەمان تەبیعی بە موافەقەتی ئەنجومەنی وەزیران بووە, دەشزانن بۆچی ئەچین, بەڵام ئێمە ئەو صلاحیەتەمان هەبووە, بەڵام زۆرجار عقود دەبەستین لەگەڵ مونەزەمەی صحەی عالەمی, لەگەڵ ئەو دەزگایانە, لەگەڵ جامیعات, بۆ ئەوەی ئیفاداتمان بدەنێ, بەڕاستی ئەگەر دەستمان ئەوها ببستنەوە, هیچ شتێکمان پێناکرێ, سوپاس.

**بەرێز ئارام رسول مامند:**

**بەرێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

پێشنیارەكەی ئێمە, بۆ ئاسانكاری بووە بۆ جەنابی وەزیر, زۆر ئیعتیادیە ئێمە سەحبی دەكەینەوە, زۆر سوپاس.

**بەرێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

پرۆژەی هینەكە ماوە, موفتەرەحاتێكی تریان هەیە بۆ هین, با بێینە سەر ئەوە پێش ئەوەی كۆتایی بەهینەكە بهێنین, هەمووش ئەغلەبی رۆتینە, بیخوێنەوە تكایە بۆ ئەوەی دەنگی بۆ بدەین, فەرموو.

**بەرێز عبدالكریم ابوبكر مصطفى:**

**بەرێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

یازدەم/ پێشنیار دەكەین چوار ماددەی دیكە بخرێتە سەر پرۆژەكە و بەم زنجیرە و دارشتنانەی خوارەوە:-

ماددەی هەشتەم:

یاسای وەزارەتی تەندروستی و كاروباری كۆمەلآیەتی ژمارە (1) ی ساڵی 1993 و هەمواركردنەكەی بەیاسای ژمارە (4)ی ساڵی 2001 هەڵدەوەشێتەوە.

**بەرێز د0فؤاد احمد محمد بابان:**

**بەرێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

حادی عشر:

نقترح إضافة أربع مواد اخرى الى المشروع و بالتسلسلات و الصياغات التالية:-

المادة الثامنة:

يلغى قانون وزارة الصحة رقم (1) لسنة 1993 و تعديلة بقانون رقم (4) لسنة 2001.

**بەرێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەم موفتەرەحی تازەیە دەبێ بنووسرێ, بەلآم یەك شتان لەبیركردووە, ناوی وەزارەتەكە (وەزارەتی صحە و شئوونی ئیجتیماعییە), (يلغى قانون وزارة الصحة والشؤون الجتماعية رقم (1) لسنة 1993 وتعديله بقانون رقم (4) لسنة 2001), كێ لەگەڵ ئەو موفتەرەحە تازەیە دەستی بەرزبكاتەوە؟ فەرموون, كێ لەگەڵ نییە, دەستی بەرزبكاتەوە؟ فەرموون, بەكۆی دەنگ قەبوڵ كرا, برۆ سەر ماددەی تر, فەرموو.

**بەرێز عبدالكریم ابوبكر مصطفي:**

**بەرێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ماددەی نۆیەم: كار بەهیچ دەقێكی یاسایی یان بڕیارێك ناكرێ گەر لەگەڵ حوكمەكانی ئەم یاسایە ناكۆك بێ.

**بەڕێز د0فؤاد احمد محمد بابان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة التاسعة:

لايعمل بأی نص قانونی أو قرار يتعارض مع أحكام هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەمەش ماددەیەکی ڕۆتینیە، کێ لەگەڵ ئەو موقتەرەحەیە، دەستی بەرزبکاتەوە؟ فەرموون، کێ لەگەڵ نییە، دەستی بەرزبکاتەوە؟ فەرموون، بەکۆی دەنگ قبوڵ کرا، بڕۆ سەر ماددەی تر، فەرموو.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی دەیەم:

پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

**بەڕێز د0 فؤاد احمد محمد بابان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة العاشرة:

على مجلس الوزراء و الجهات ذات العلاقة تنفيذ أحكام هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەم موقتەرەحە وەکو ماددەیەك دەخەمە دەنگەوە، کێ لەگەڵیەتی، دەستی بەرزبکاتەوە؟ فەرموون، کێ لەگەڵ نییە، دەستی بەرزبکاتەوە؟ فەرموون، بەکۆی دەنگ قەبوڵ کرا، بڕۆ سەر ماددەی تر.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی یازدەم:

ئەم یاسایە لە ڕۆژی دەرچوونیەوە جێبەجێ دەکرێ و لەرۆژنامەی فەرمی (وەقائعی کوردستان) بلاْودەکرێتەوە.

**بەڕێز د0فؤاد احمد محمد بابان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الحادية عشرة:

ينفذ هذا القانون أعتباراً من تاريخ إصداره و ينشر في الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو موقتەرەحەش وەکو ماددەیەك دەخەینە دەنگەوە, کێ لەگەڵیەتی, دەستی بەرزبکاتەوە؟ فەرموون, کێ لەگەڵدا نییە, دەستی بەرزبکاتەوە؟ فەرموون, بەکۆی دەنگ قەبوڵ کرا. فەرموو ئەسبابی موجەبە بخوێنەوە, فەرموو.

**بەڕێز عبدالکريم ابوبکر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەکۆتایدا ئەوەی پەیوەندی بە هۆی دەرچوونی یاساکەوە هەیە پێشنیار دەکەین بەم شێوەیە دابڕێژرێتەوە:-

هۆیەکانی دەرچوونی ئەم یاسایە

بۆ چوونی وەزارەتی تەندروستی خۆی لە بەدیهێنانی تەندروستی بەمانا فراوانەکەی لەسەر هەموو ئاستەکان بۆ تاك و خێزان و کۆمەڵگا دەدۆزێتەوە و پارێزگاریی دەکات لە رووی چەندی و چۆنییەوە سەبارەت بەو فراوان بوونەی کە خزمەتگوزاری و تەندروستی لەهەرێمدا بەخۆیەوە دیوە و بۆ دابین کردنی باشترین خزمەتگوزاری بەنوێترین رێگای پێشکەوتوو بۆ هاووڵاتیان, چ لەڕووی تەندروستی چ جەستەیی و چ ئەقڵی و چ سایکۆلۆجی یەوە, هەروەها بەشداری کردن لەهێنانە دی ژینگەیەکی دوور لە پیسبوون و پشتگیری کردنی رەوتی دادپەروەریی لەڕێگەی رێکخستنی دەزگاکانی پزیشکی دادی و ئامادەکردنی کادیری شیاو و سەبارەت بەوەی کە یاسایی ژمارە (1)ی ساڵی 1993 تایبەت بوو بە هەردوو لایەنی تەندروستی و کۆمەڵایەتی بەیەکەوە و چونکە لەگەڵ قۆناغی نوێدا نارِوات و تاکو بتوانێ لەگەڵ داهێنانە نوێیەکانی پزیشکی زانستی تازەدا بڕوات, بۆیە پێویستی کرد یاسایەکی تایبەت بە وەزارەتی تەندروستی دەرچوێنرێ.

تکایە ئاگاداری بفەرموون و دەقی ئەصڵی پرۆژەکە ورای هەردوو لیژنەکەمان لەبارەیەوە بخەنە بەردەم ئەنجومەن بۆ وتوویژ لەسەر کردنی و دەربڕینی رای گونجاو لەم بارەیەدا.

**بەڕێز د0فؤاد احمد محمد بابان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

أخيراً فيما يتعلق بالأسباب الموجبة نقترح صياغتها كالآتي:-

الأسباب الموجبة

تتمثل رؤية وزارة الصحة في تحقيق الصحة بمفهومها الشامل وعلى كل المستويات للفرد والأسرة والمجتمع والمحافظة عليها كما ونوعاً ونظراً للتوسع الذى شهدته الخدمات الصحية في الأقيلم ولضمان تقديم أفضل الخدمات وبأحداث الوسائل المتطورة للمواطنين سواء من الناحية الصحية و البدنية والعقلية أو النفسية وكذلك المساهمة في بيئة خالية من التلوث ودعم مسيرة العدل عن طريق تنظيم مؤسسات الطب العدلى واعداد الكوادر الكفوءة لكون القانون رقم (1) لسنة 1993 قد خص الجانبين الصحي والأجتماعى معاً

ولكونه لم يعد يتماشى مع المرحلة الجديدة ولمواكبة المستجدات الطبية العلمية الحديثة لذا أقتضى تشريع قانون خاص بوزارة الصحة.

راجين التفضل بالاطلاع وعرض أصل المشروع ورأى اللجنتين بشانه على المجلس للمناقشة وإبداء الرأى المناسب بصدده.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

فەرمووو كاك سەردار مولاحەزەت هەبوو.

**بەڕێز سەردار صباح بۆزۆ هەركی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەحقیقەت (تتمتع رؤية وزارة الصحة)، ئەسلوبێكی زیاتر ئەدەبییە، وەكو بڵێی مەقالەیەك، نەك شتێكی قانونی، پێشنیار دەكەم بگوترێ (تهدف وزارة الصحة الى تحقيق)، یان (تعمل وزارة الصحة لتحقيق)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

نا قەیناكە، بەلام (تهدف)ەكە چاكترە، خۆی غەڵەتیش نییە، بەس ئەوەندەیە ئێمە لەهەموو قانونەكانمان وان نووسیوە، ئەگەر نا غەڵەت نییە، یەعنی (تتمثل) دەبێتە (تهدف)، وەزارەتی صحە فەرمووو كاك جمال.

**بەڕێز جمال محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من ئیقتیراحێكم هەیە، لەبەر ئەوەی ئەمە دوو وەزارەت بووە، هەدەفی ئەساسی داڕشتنەوەی ئەم یاسایە ئەوەیە كەئەم دوو وەزارەتە جیاكراوەتەوە، مەقتەرەحی ئەخیر لەبەر ئەوەی یاسایی ژمارە (1) ساڵێ ئەوەندە هەردوولا، ئەوە بخرێتە پێشەكیەكەی، ئینجا باسی شتەكانی تر بكرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

باش هاتووە (لكون القانون رقم (1) لسنة 1993 قد خص الجانبين الصحي و الأجتماعى معاً و لكونه لم يعد يتماشى...)، حوكمی ئەوەی نییە، تەنیا صیاغەكەیەتی،ماددە نییە پێش و پاش بخرێت، كەس مولاحەزەی هەیە، فەرموو.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

پڕۆژەكە لەگەڵ دیباجەكەی هەمووی دەخەمە دەنگەوە، كێ لەگەڵیەتی دەستی بەرزبكاتەوە؟ فەرموون، كێ لەگەڵ نییە، دەستی بەرزبكاتەوە؟ فەرموون، بەكۆی دەنگ قبوڵ كرا زۆر سوپاس، پیرۆزە كە ئینشاالله بەسەركەوتووی دەبێت، وەزارەتی تەندروستی سەركەوتوو دەبێت لەو ئامانج و ئەهدافانەی كە لێرە تەحقیقی دەكات، بۆ باشترین خزمەت بۆ هاووڵاتیان، دڵنیاشم لەوەی كە جەنابی وەزیر لێهاتووە لە بواری پزیشكی و ئیداریش، جەنابی فەرموو، ئەگەر قسەشی هەیە، فەرموو.

**بەڕێز د0عبدالرحمن عثمان یونس (د0 زریان)/وەزیری تەندروستی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لەكۆتایدا بەڕاستی دەمەوێ سوپاستان بكەم, سوپاسی لیژنەی قانونی ئەنجومەنی وەزیران, لیژنەی قانونی پەرلەمان و لیژنەی تەندروستی پەرلەمان, گشت ئەندامانی پەرلەمان, كە بەڕاستی ئەم پرۆژەیان دەوڵەمەند كرد, بەو ئیقتیراحە چاكانەی كە كردیان, زۆر سوپاسیان دەكەم, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس, من خاڵی دووەمان هەیە لەبەرنامەی كار, بەردەوام دەبین, جەنابی وەزیر ئێوە دەتوانن هەردووكتان بڕۆن, كاك سعد ئەگەر دەمینێیەوە تۆ حەقت هەیە, ئێوەش حەقتان هەیە بەلاَم نەوەك ئیشتان هەبێت,داوا لە لیژنەی پەروەردە دەكەم كە راپۆرتەكەی بخوێنێتەوە, فەرموو.

**بەڕێز فتاح عبدالله نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

پێم وایە ئەكسەریەت رەئیی وایە كە تەئجیل بكرێ, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

فرسەتە, ئاسانە ئینشاالله بەچارەكێك تەواو دەبێ, خاڵی دووەمی بەرنامەی كار (خستنەڕوو و گفتوگۆكردنی پڕۆژەی یاسای هەمواركردنی بڕگەی دووەمی ماددەی 45 لەیاسای خزمەتی مەدەنی ژمارە 24ی ساڵی 1960 ی هەمواركراو و بڕگەی یەكەمی بڕیاری ژمارە 464 لە 1981/4/14), داوا لە لیژنەی یاسایی دەكەم دەقی پڕۆژەكە بخوێنەوە كە بۆمان هاتووە, دواتر رەئیی و تەقریری لیژنەكان, ئەگەر لیژنەی هاوبەشیان هەبێت باشتر, فەرموو.

**بەڕێز كریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بڕیار

هەمواركردنی دەقی بڕگەی دووەم لەماددەی پەنجا و چوار لەیاسای راژەی شارستانی ژمارە 24 ساڵی 1960 ی هەمواركردن خوارەوە:

ئەوەی سوود لە پشووەكانی قوتابخانە وەرگرتبێ و ئەگەر خزمەتی تەواو بوونی بەهەماهەنگی میلاك یان خانەنیشین بكرێ جگە لە هەردوو حاڵەتی لابردن یان دەست پێ لەكاركێشانەوەی لە نیوەی یەكەم یان دووەمی ساڵی خوێندن ئەوە مووچەكانی پشووی هاوینەی پێ دەدرێ بەمەرجێك لە 180 رۆژ تێپەڕ نەكات.

هەمواركردنی دەقی بڕگەی (1) لە بڕیاری ژمارە 464 لە 1981/4/14 بۆ ئەم دەقەی خوارەوە:

ئەندامانی دەستەی دەرس وتنەوەو فێركردن كە دەكەونە ژێر حوكمەكانی بڕگە (2) لە ماددەی چل و پێنج لەیاسای راژەی شارستانی ژمارە 24 ساڵی 1960 ی هەمواركراو پاداشتێكیان پێدەدرێ هاوسەنگ

دەبێت لەگەڵ مووچەی ڕۆژی خانەنیشین کردنی, (و ئەو خانەنیشین کردنی)و, ئەو خانەنشین کردنە چ لە نیوەی یەکەم یان دووەم ساڵی خوێندن دابێ.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بۆ/ سەرۆکایەتی ئەنجومەنیی نیشتیمانیی کوردستان

بابەت/ ڕاپۆرتی لیژنەی یاسایی

لیژنەکەمان هەستا بە لێکۆڵینەوەی پڕۆژەی یاسای هەموارکردنی بڕگەی دووەمی ماددەی 45 لە یاسای خزمەتی مەدەنی ژمارە (24)ی ساڵی 1960 ی هەموارکراو, بڕگەی یەکەمیش لە بڕیاری ژمارە (464)ی ڕۆژی 1981/4/14, دوای گفتۆگۆ کردنی و ڕاگۆڕینەوە, لیژنەکەمان ڕاپۆرت و ڕاسپاردەی خۆی بەکۆی دەنگ وەك ئەمەی خوارەوە پێشکەش دەکات:

یەکەم/ دەقی بڕگە (2) لەماددەی چل و پێنج لەیاسای خزمەتی مەدەنی ژمارە (24)ی ساڵی 1960 هەموارکراو, هەموار دەکرێت و بەم شێوەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

(2- هەرکەسێ پشوو مەدرەسییەکانی هەبێ و لەنیوەی یەکەم یان لە نیوەی دووەمی ساڵی خوێندندا خزمەتی لەڕێگای تەنسیقی میلاکەوە کۆتایی هاتبێ, یان خانەنیشین کرابێ, جگە لە حالەتی عەزەل و فەصلْ, ئەوە مووچەکانی پشووی هاوینەی پێ دەدرێ لە (180) ڕۆژ نەترازێت).

دووەم/ دەقی بڕگەی (1) لە بڕیاری ژمارە (464)ی ڕۆژی 1981/4/14 لەهەرێمی کوردستاندا هەموار دەکرێ و بەم شێوەیە خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

(1- ئەندامانی دەستەی تدریسی یان تەعلیمی کە خانەنیشین دەکرێن و حوکمەکانی بڕگە (2)ی ماددەی چل و پێنج لە یاسای خزمەتی مەدەنی ژمارە (24)ی ساڵی 1960 ی هەموارکراو دەیانگرێتەوە, دەرمالەیەکیان پێ دەدرێت هەندەی مووچەی ڕەسمی شەش مانگ بە پێوەری دوا مووچە, لە ڕۆژی خانەنیشین کردنیانەوە, لە نیوەی یەکەمی ساڵی خوێندندا خانەنیشین کرابن, یان لەنیوەی دووەمیدا).

تکایە سەیری بفەرموون و ئەسڵی پڕۆژەکە و ڕای لیژنەی یاساییش بخەنە بەردەمی ئەنجومەن تا گفتوگۆی بکات و ڕای لەباری خۆی لەسەر بدات.

**بەڕێز اسعد شاکر امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە وەکو لیژنەی پەروەردە ڕاپۆرتمان ئامادەنەکردووە, چونکە ئەمڕۆ بەیانی ئاگادارکراینەوە و, بەیەك چارەکە سەعات لەگەڵ جێگیری سەرۆکی لیژنەی یاسا و لەگەڵ بڕیاڕدەرەکەی دانیشتین, پاشان لەگەڵ زۆربەی ئەندامانی برادەرانی لیژنەی پەروەردە کۆبووینەوە, سەدان سەد ئێمە دەنگمان لەگەڵ لیژنەی یاساییە, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس, بەڵام کاك ئەسعەد ئەوە دوو مانگ زیاترە ئیحالە کراوە, ئەصڵی پڕۆژەکە ئیحالە کرا بۆ لیژنەکەتان, ئەگەر راپۆرتان حازر نەکردووە, مانای ئەوەیە کە کۆبوونەوەتان نەکردووە, راپۆرتان حازر نەکردووە, لەگەڵ ئەوەشدا راستە ئەمڕۆ ئێوە پێـان گوترابێ, فەرموو کاك دلێر.

**بەڕێز د0 دلێر اسماعیل حقی شاویس:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لیژنەی دارایی و ئابووری لە پەرلەمانی کوردستان رۆژی 4/نیسانی/2007, کۆبوونەوەی خۆی سازدا, سەبارەت بە تاوتوێکردنی پڕۆژەی یاسایی هەموارکردنی بڕگە (2)ی ماددەی چل و پێنج, یاسایی باری شارستانی ژمارە (24) ی ساڵی 1960 هەموارکراو, بڕگەی (1) لەبڕیاری 464 لە 1981/4/14, لیژنەکەمان پشتگیری لەپڕۆژەکە دەکات, بەچاکیش دەزانین بەم شێوەی خوارەوە دابڕێژرێتەوە:

بەڕاستی ئەم بڕیارە پەیوەندی هەیە بەو بڕیارە کە ئێمە دوێنێ دامان سەبارەت بە خانەنیشین کردنی مامۆستایان, هیوادارام پڕۆژەکە, یاخود بیروبۆچوونەکانی لیژنەکەمان بە وردی جێگای سەرنجتان بێت و لەگەڵ بڕیارەکەی دوێنمان بەیەکەوەی ببستنەوە, ئێمە پێمان چاکە بەم شێوەیە دابڕێژرێتەوە:

ئەندامانی دەستەی خوێندن و فێرکردن, ئەوانەی بڕگەی (2) لەماددەی (45)ی یاسایی خزمەتی مەدەنی ژمارە (24)ی ساڵی 1960ی هەموارکراو دەیانگرێتەوە لەکاتی خانەنیشین کردنیاندا پاداشتێکیان پێدەدرێت, بڕی کۆی مووچەی شەش مانگ لەو دوا مووچەیەی وەریگرتووە بەر لەخانەنشین کردنی بەدەرماڵەکانیشیەوە, ئێمە لێرەدا:

یەکەم/ ئەو فەقەرەی کە ئەڵێ لە فەصڵی یەکەم, فەصڵی دووهەمی خوێندنە ئەوەمان لابردووە, لەهەر ساڵێك مامۆستا خانەنیشین بکرێ, پێویستە دوا مووچەی شەش مانگی بە موخەصەصاتەوە وەربگرێ, ئێمە پێشنیار دەکەین بەم شێوەیە بێت, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خۆی لەڕاستیدا ئەصڵی قانونی حکومەتی عێراق, دەڵێ (لەپشووی هاوێنیان), لە پشووی خوێندن ئەگەر لەکاتی ئەو پشووەدا خانەنیشین کران, یاخود بەپێی میلاك کۆتایان پێهات, فەقەت ئەگەر لە فەصڵی دووەمی هینەکە دابێت, پشووەکە نابێت, ئەو حەقەی پێدەدرێ, موقتەرەحی حکومەت دەڵێ, ئەگەر لە فەصڵی یەکەمیشدا بێت, ئەو حەقەی هەبێت بۆی بژمێردرێت, مەحروم نەبێت لەو 180 رۆژە, موقتەرەحەکە زۆر باشە, موقتەرەحی لیژنەی دارایی دەڵێ, ئەو دەرماڵەیە بەموخەصەصاتەوە بێت, پێش خانەنیشین کردنی بە موخەصەصاتەوە بێت, خۆی لیژنەی قانونی پشتگیری کردووە و هینیشی کردووە, لیژنەی دارایی دەڵێ (دوا مووچەی پێش خانەنیشینی, تەوزیحی کردووە دەڵێ لەگەڵ دەرماڵەکانیشی, من پێم وایە تافەتی موناقەشەتان نییە, هەمووشتان پشتگیری دەکەن, پشتگیری لەو هینە دەکەن, یەعنی دەمج بکرێ موقتەرەحی لیژنەی یاسایی, لەگەڵ لیژنەی دارایی, یەعنی صیاغەکە دەمج بکرێ, یەعنی ئەو

دوو موقتەرەحە دەمج بکرێ, یەعنی بە موخەصەصاتەوە, کێ لەگەڵێەتی, بەموخەصەصاتەوە ئیزافە بکرێ, دەستی بەرزبکاتەوە؟ فەرموون, کێ لەگەڵ نییە, دەستی بەرزبکاتەوە؟ فەرموون, بەکۆی دەنگ قەبوڵ کرا, فەقەرەی دووەم, ئەصڵی قانونی حکومەت, کە لەلایەن مەجلیس قیادەی سەورەوە دەرچووە لەساڵی 1981, رەقەمی 464 (يمنح المحالون على التقاعود من اعضاء الهيئات التدريسية المشمولين بأحكام الفقرة (2) من المادة الخامسة والاربعين من القانون الخدمة المدنية رقم ( ) لسنة 1960 مع مكافاةء تعادل رواتب الاسمية لمدة ستة اشهر بمقياس الراتب الاخير بتاريخ الاحالة), ئەوە هێنەکەیە موقتەرەحی حکومەت بۆ تەعدیلی ئەوە, یاخود پرۆژەی ئەوە بۆ حکومەت، وەکو خوێندیانەوە ئێستا لیژنەی یاسا موقتەرەحی تازەی تەقدیم کردووە لەبەر رۆشنایی موناقەشەی ئێوە, دەڵێ (ئەو کەسانەی کە خانەنیشین دەکرێن لە ئەندامانی هەیئەی تەدریسی و تەعلیمی بە ئەحکامی فەقەرە (2)ی ماددەی 45 قانونی خدمەی مەدەنی ساڵی 1960 هەموارکراو, موکافەئە دەکرێن هەموو رەواتبی ئیسمی (لمدة ستة اشهر بمقياس الراتب الاخير بتاريخ الاحالة على التقاعد سواء ان كان الاحالة في نصف الاول أو نصف الثانى), ئەوە بە هێنەکانی لیژنەی دارایی, لێرەش موقتەرەحی لیژنەی قانونی باشە,بە ئیزافەکردنی موخصەصاتەکە لێرەدا, کێ لەگەڵ ئەوەی دووەمە, دەستی بەرزبکاتەوە؟ فەرموون, کێ لەگەڵ نییە, دەستی بەرزبکاتەوە؟ فەرموون, بەکۆی دەنگ ئەوەش قبوڵ کرا, سێ ماددە ئیزافە کرا, هەر سێکی پرۆتۆکۆڵیە, بەم شێوەی خوارەوە:

(المادة الاولى: لايعمل بأى نص قانونى أو قرار يتعارض مع احكام هذا القانون).

کێ لەگەڵ ئەو ماددەیە, دەستی بەرزبکاتەوە؟ فەرموون, کێ لەگەڵ نییە, دەستی بەرزبکاتەوە؟ فەرموون, بەکۆی دەنگ قەبوڵ کرا, ماددەی دواتر کە:

(على مجلس الوزراء وجهات ذات العلاقة تنفيذ احكام هذا القانون).

کێ لەگەڵ ئەوە دایە, دەستی بەرزبکاتەوە؟ فەرموون, کێ لەگەڵدا نییە, فەرموون, بەکۆی دەنگ قبوڵ کرا, ماددەی دواتر کە موقتەرەحە:

(ينفذ هذا القانون أعتباراً من تاريخ نشرة في الجريدة (وقائع كوردستان)).

کێ لەگەڵ ئەو ماددەیە, دەستی بەرزبکاتەوە؟ فەرموون, کێ لەگەڵ نییە, دەستی بەرزبکاتەوە؟ فەرموون, بەکۆی دەنگ پەسند کرا، پرۆژەکە هەمووی دەخەمە دەنگەوە, بۆ ئەوەی وەکو قانون دەربچێت, کێ لەگەڵ ئەو پرۆژەیە, دەستی بەرزبکاتەوە؟ فەرموون, کێ لەگەڵ نییە, دەستی بەرزبکاتەوە؟ فەرموون, بەکۆی دەنگ قبوڵ کرا, زۆر سوپاس بۆ لیژنەی یاسایی و لیژنەی دارایی و لیژنەی پەروەردە صیاغەکەی تەواو بکەن, پێش ئەوەی کۆتایی پێبێنین, هێنەك هەیە بۆ فراکسیۆن و لیستەکانی ناو پەرلەمان, بەمەبەستی چۆنیەتی هەماهەنگی کردنی کاری پەرلەمان لەنێوان پەرلەمانی سەنتەر و هەرێمەکان, کارکردنی نێوان ئەندامانی حزبی دەسەڵاتدار و ئۆپۆزسیۆن لەناو پەرلەمان, چۆنیەتی جێبەجێ کردنی ئەرکەکانی وەرگرتنی بڕیارەکان, خاتوو (وێرا ئاراك) ئەندامی پەرلەمانی باشووری رۆژئاوای سوید و ئەندامی یەکێتی کۆمیتەی ناوەندی پارتی ناوەندی دەسەڵاتدار هەڵدەستی بەکردنەوەی کۆرسێك, بۆ ئەندامانی پەرلەمانی

کوردستان لەرۆژی پێنج شەم رێکەوتی 2007/5/31 کاتژمێری 10:30 بەیانی لەهۆڵی پەناگیری پەرلەمان، داواکارین لەئەندامانی بەڕێز کە ئارەزووی بەشداربوونیان هەیە لەکات و شوێنی دیاری کراو ئامادەبن، کۆرسەکە بۆ هەموو ئەندامەکانە ئەوەی لێرەیە حەز دەکەن بەیانی سەعات 10:30 ئامادە بێت بۆ سوود وەرگرتن لەو بیروبۆچوونانەی ئەو، رۆژی یەك شەم سەعات 11 کۆبوونەوەمان بۆ تاوتۆکردنی مەسەلەی ماددەی 140 لەسەر داوای ژمارەیەك لەئەندامانی پەرلەمان، کە داوایان کرد بوو، رۆژی یەك شەمە سەعات 11، خۆتان داواتان کرد بوو لە ئێمە، ئێمەش خستوومانەتە بەرنامە، وەزیری کاروباری دەرەوەی هەرێمیش دەعوەت دەکەین، تاکو ئەوەیش قسەمان بۆ بکات، رۆژی دوو شەمەش رێکەوتی 2007/6/4 رۆژی دوو ساڵ تێپەڕبوونی هینە، دانیشتنێکی تایبەت دەکەین بۆ هەڵسەنگاندنی ئیش و کاری پەرلەمان لەساڵی رابردوودا، لەوێ قەڕار دەدەین کە داخراوەیە، یان داخراوە نییە، هەرچی گلەیی و گازاندەش هەبێ ئەو رۆژی لەیەکتری دەکەین، کۆتایی بەدانیشتنەکەمان دەهێنم، زۆر سوپاس، بەخێربێن سەرچاو، فەرموون.

| | | |
|---|---|---|
| فرست احمد عبدالله | محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی) | عدنان رشاد مفتی |
| سکرتێری ئەنجومەنی نیشتمانیی | جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی | سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی |
| کوردستان – عێراق | کوردستان – عێراق | کوردستان - عێراق |

# ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (22)**

**دوو شەممە رێکەوتی 4\6\2007**

**خولی دووەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (22)

## دوو شەممە رێكەوتی 2007/6/4

كاتـژمێر (11)ی سـەر لـە بـەیانی رۆژی دوو شـەممە رێكـەوتی 2007/6/4 ئەنجومـەنی نیشـتمانیی كوردستانی عێراق بە سەرۆكایەتی بەڕێز عدنان رشاد مفـتی سـەرۆكی ئەنجومـەن و، بـە ئامـادەبوونی بـەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی) جێگری سەرۆك و، بەڕێز فرست أحمـد عبـدالله سـكرتێری ئەنجومـەن، دانیشتنی ژمارە (22)ی خولی دووەم، ساڵی (2007) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی كار:**

بەپێی حوكمەكانی بڕگـە (1)ی مـادده (20) لـە پێـڕۆی نـاوخۆی ژمـارە (1)ی هـەموارکراوی سـاڵی 1992ی ئەنجومـەنی نیشـتمانیی كوردسـتانی عێـراق، دەسـتەی سـەرۆكایەتی ئەنجومـەن بڕیـاردرا دانیشـتنی ژمـارەی (22)ی خولی گرێدانی یەكەمی ساڵی سێیەمی خولی هەڵبـژاردنی دووەمـی پەرلـەمانی كوردسـتان – عێـراق، بەرنامەی كار بەم شێوەیە بێت:

1- گفتۆگـۆكردن لەسـەر دوا هـەنگاوەكانی جێبـەجێ كردنـی مـاددەی 140ی دەسـتووری فیـدڕاڵ و دوا پێشنیارەكانی هەمواركردنی دەستووری هەمیشەیی عێراقی فیدڕاڵ.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی كوردستان دانیشتنی ئەمڕۆمان دەكەینەوە، بەرنامەی كار:

بەپێی حوكمەكانی بڕگە (1)ی مادده (20) لە پێڕۆی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموار كراوی ساڵی 1992ی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستان - عێراق، دەستەی سەرۆكایەتیی ئەنجومەن بڕیاریدا بەرنامەی كاری دانیشتنی ژمارە (22)ی خولی دووەمی هەڵبژاردن لە كات(11)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی دوو شەممە رێكەوتی 2007/6/4دا بەم شێوەیە بێت:

1- گفتۆگـۆكردن لەسـەر دوا هـەنگاوەكانی جێبـەجێ كردنـی مـاددەی 140ی دەسـتووری فیـدڕاڵ و دوا پێشنیارەكانی هەمواركردنی دەستووری هەمیشەیی عێراقی فیدڕاڵ.

بە ئامادەبوونی ڕێزدار كاك نێچیرڤان بارزانی (سـەرۆكی حكومـەتی هـەرێمی كوردسـتان)، رێـزدار د0محمـد ئیحسان (وەزیری كاروباری ناوچەكانی دەرەوەی هەرێمی كوردستان، رێزدار كاك سعد (وەزیـری هـەرێم بـۆ كاروباری پەرلەمان)، كاك د0 نوری، زۆر بەخێر بێن سەرچاو، پێش ئەوەی دەست بە بەرنامەی كار بكەین، ئەمڕۆ یادی تێپەڕبوونی پانزدە ساڵە بەسـەر یەكـەمین دانیشـتنی پەرلـەمانی كـە لـە 1992/6/4 بـەڕێوە چوو، بـەم بۆنـەیـەوە پیرۆزبـایی لـە گـەلی كوردسـتان و كـەس و كـاری سـەر بـەرزی شـەهیدان دەكـەین، ئـەو پەرلـەمانتارە بەڕێزانـە دەكـەین كـە لـە خـولی پێشـوودا، خزمـەتی بـواری یاسـا و بەیاسـا كردنـی كۆمـەڵگای

کوردستانیان کردووه, به پەله جێی خۆیەتی لەم یادەدا ئاماژە بەوە بکەین, لە ماوە 15 ساڵدا پەرلەمان 565 دانیشتنی ئەنجام داوە, 536 دانیشتنی ئاسایی و 29 دانیشتنی نائاسایی بووە و, تەنیا لە خولی دووەمی هەڵبژاردەکانی پەرلەماندا, کە لە ساڵی 2005 دەستی پێکرد, پەرلەمانی کوردستان 82 دانیشتنی ئەنجام داوە, 74 دانیشتنی ئاسایی و 8 دانیشتنی نائاسایی بووە, لە 15 ساڵی رابردوودا 241 یاساو 272 بڕیاری دەرکردووە لە بوارە جیاجیاکانی هەرێمی کوردستاندا, بۆ بە یاسا کردنی کۆمەڵگاو بەڕێوەبردنی ئیش و کارەکانی هاووڵاتیان, بڕیار بوو ئەم دانیشتنە تەرخان بکرێت بۆ ئەوەی ئەم یادە هەڵسەنگێنین, باس لەبەرنامەی داهاتوومان بکەین بۆ ساڵی داهاتوو, بەڵام لەبەر گرنگی جێبەجێ کردنی ماددەی 140و رووداوەکانی سیاسی، بەتایبەتی ئەو پێشنیارانەی هاتوونە پێشەوە بۆ هەموارکردنی دەستووری هەمیشەیی عێراق, پێمان باش بوو بەخێرهاتنی بەڕێز سەرۆکی حکومەت, بەڕێز وەزیری ناوچەکانی دەرەوەی هەرێم بکەین, لەگەڵماندا باس لەو بابەتانە بکەین گرنگن و, خەڵك چاوەڕوانن زیاتری لێبزانن و, چۆن هەڵوێستی حکومەتی هەرێم و سەرکردایەتی سیاسی پەرلەمان بەسەریدا چییە؟ بۆیە بەباشمان زانی ئەو دانیشتنە تایبەت بێ بەوە, رۆژێکی تر دادەنێین بۆ هەڵسەنگاندی کاروباری پەرلەمان لە 15 ساڵی رابردوو, بەتایبەتی لە ساڵی رابردوودا و, دانانی بەرنامەی کار بۆ ساڵی داهاتوو, بەرنامەی ئەمڕۆمان, سەرەتا داوا لە د0 محمد ئیحسان دەکەین, راپۆرتەکەی خۆی پێشکەش بکات, سەبارەت بە دوا هەنگاوەکانی جێبەجێ کردنی ماددەی 140 , با بفەرمووێت بۆ پێشکەش کردنی وتەکەی, فەرموو.

**بەڕێز د0محمد احسان/ وەزیری ناوچەکانی دەرەوەی هەرێم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**جەنابی سەرۆکی حکومەت.**

**ئەندامانی پەرلەمان.**

بەختەوەرین کە ئەمڕۆ جارێکی تر لە دوای راپۆرتی ئاخیرمان کە جارێك لە پێش 5 مانگ بوو, باسی کار و دەرچوونی ماددەی 140 مان کرد, جارێکی تر بەختەوەرین لەگەڵتان دابنیشین, ئاگادارتان بکەین کە جێبەجێ کردنی ماددەی 140 بە چ قۆناغ گەیشتیە, چ تەتەوراتی تێدا هەیە, چ تەحەدیات بەرامبەر ئێمە هەیە, کارەکە بەرەو چ لایەك دەچێت, لەبیرتان نەچێت لە ئاخیر راپۆرتی ئێرە, من لێرە بە پوختە بە راپۆرتیش بۆ ئێوەم حازر کرد, بە سیدی و بە تەفاصیلیش, لە ئاخیر راپۆرتی خۆمان, بەم نزیکانە ئێمە نیەتمان هەیە 4 بڕیار دەربکەین لە لیژنەی باڵای جێبەجێ کردنی ماددەی 140, یەکێك لە بڕیارەکان: بڕیار لەسەر عەرەبە هاوردەکان, بڕیار لەسەر مورەحەلین, بڕیار لەسەر عقودی زراعی, بڕیارێك لەسەر مەفصولینی سیاسی, حقیقەت ئێوە هەمووتان ئاگادارن چ گفتوگۆیەك هەبوو لەبەغدا, تا گەیشتە حەدێك ئەو بڕیارانە دەرچوون, چەند موشکیلە دوای ئەوەش, بەڵام ئێستا ئێمە لەمەرحەلەی جێبەجێ کردنی ئەو بڕیارانەین, ئەو بڕیارانەش بەرێگایەکی وامان کردیە کە تەنانەت ئەو موشکیلیە بێتە حەل کردن بۆ جارێك بۆ کۆتایی بێت لەم کێشەیە, نەك وامان کردیە کە خەڵکێ هزر دەکات ئێمە رابوەستین, هەرچی

كوردێك هەیە بڵێ ئەمن ئاوارەم, هەوڵ بدەین بیگەڕێنینەوە, یان هەرچ عەرەبێك وتی من عەرەبی هاوردەم, بڵێین ها ئەوە پارەیە بۆ تۆ بگەڕێتەوە, میكانیزمێكی وامان دانایە, ئەوەی كە خەڵكی ئەو ناوچەیە نین, بەتایبەتی كەركووك لەهەموو ناوچە دابڕاوەكانی تر , ئەوەی عەرەبی هاوردەی بینی و نەقلی بیتاقەی تەموینی خۆی بكات, نەقلی سجلیی نفوسی خۆی بكات, لەو كاتە ئالیەتێكی وامان دۆزیەوە, تاكو بەشدار نەبێت, نە لە ئیحصا نە لە ئیستفتا, ئەویش تا ئێستا لە هەرسێ نووسینگەكانی سنجار و خانەقین و كەركووك, عەدەدێكی زۆر فۆرم هاتە دابەش كردن, لەسەر مورەحەل و وافید و لەسەر عقودی زراعی, سەبارەت بە وافیدەكان, حقیقەت تا ئێستا زیاتر لە 105 هەزار فۆرمی وافد لە هەرسێ نووسینگەكان هاتە توزیع كردن, ئێمە ئینتیزار دەكەین لە فەترەیەكی زۆر نزیك, تەكمیلەی موعامەلاتیان بكەین, دەست بكەین بە مەرحەلەی یەكەم, بە گەڕاندنەوەی عەرەبی هاوردە, بە ڕەزای خۆیان بگەڕێنەوە بۆ ئەو جێگایانەی كە لێی هاتوون, دوای پێشكەش كردن, یان تەقدیم كردنێك, یان تەشجیعیان بكەین, یان دەعمیان بكەین بە ملیۆن دینار عێراقی لەگەڵ پارچە ئەرزێك, رەقەمەكانیش لەلای منە, حقیقەت ئەگەر ویستان, من نامەوێ بە تەفاصیل بۆتان باس بكەم, لەراپۆرتەكەی ئێمەدا هەیە, مەراحیلەكانیش تا ئێستا خەڵكێك گلەیی دەكات, دەڵێ فۆرم بە دەستمان نەگەیشتووە, بەلام فۆرمەكان لەنووسینگەكانی ئێمە هەیە, لە نووسینگای 140, لەناحیەكان هەیە, لە مەركەزی شورتەش هەیە, لەهەندێ جێگای ئەوەی كە ئیرهابی تیا زیادە هەتا جێگای تایبەتیشمان داناوە بۆ ئەوە لە كەركووك, 5 جێگامان دەست نیشان كردووە بۆ وافد و مورەحەل, زۆربەی عەرەبەكان ناچنە جێگایی كە بەرچاوی حكومەتە, چونكە نایانەوێ ببن بە دیاردەیەك بۆ ئیرهابیەكان, ئەوانیش دەست بە پڕكردنی فۆرم و تەواو كردنی موعامەلاتی خۆیان دەكەن, عقودی زراعی تا ئێستا 56777 عەقدی زراعی لە كەركووك, ئەوەندەی لەسەر ئەساسی سیاسەتی تەعریب ئەبێتە تەقریبەن ملیۆنێك و حەفت سەد هەزار دۆنم عەرد, عەردی توركمان و كوردە, بەناحەقی عەقدیان لەسەر كراوە بەدەستی عەرەب, ئەو عقودانە حازرە, ئێمە ئینتیزاری تەوقیعی ئاخیر ئەكەین, لەلایەن وەزیری زراعی بەغدا, تاكو ئەو عەقدانە بێتە ئیلغا كردن, تاكو كۆتایی بەو موشكیلەیە بێنین, بیتاقەكانی تەموین و تەئمین, حقیقەت وەزارەتی تیجارەی عێراقی یەكێكە لەو وەزارەتانەی كە پتر پشتگیری بۆ ئێمە كردووە, تەعمیمی كتابەكانی ئێمەی كردووە, هەركەسێ ویستی بیتاقەی تەموینی خۆی نەقل بكات, ئەوا بەكتابی رەسمی بۆی كردووە, خەڵكەكانیش دەستیان پێكردووە و, بیتاقەی تەموینی خۆیان نەقل بكەن, عەقدی زراعی لە مەنتیقەی سنجار تا ئێستا تەقریبەن 400 سەد عەقدی زراعی لەسەر ئەو ئەساسە تەعریب كراوە, لەسەر مەجموعەیەكی زۆر زۆر كەم, لە عەشیرەتێكی دیاری عەرەب بۆ ئەو ناوچانە, عقودی زراعیان بەوان كردیە, ئێمە هەوڵ دەدین بەم نزیكانە, ئەوەش ئینتیزاری تەوقیعێك دەكات لەلایەن وەزیری زراعی عێراق, ئەو عەردانە بهێنێتە ئیلغا كردن و, بیانگەڕێنێتەوە بۆ خاوەنەكانی خۆیان, كە خەڵكی ناوچەی غەرەبی دیجلەن, لەمەخموریش ئەم جێگایانە هەن و, عەقدی زراعی هەیە و, موشكیلەی مورەحەلەكانیان هەیە, كە چۆن بیانگەڕێننەوە, داواكاری مورەحەلەكانمان زۆرە, مورەحەلەكان

زۆر داوای شـت و کارەکـان دەکـات, تـاکو بیگەڕێنێــتەوە بـۆ ناوچـەکانی خۆیـان, بـەلأم بیلئـەخص لـە مەراحیلەکانی کاری ئێمە ئەوەیە خەڵکی کوردستان بگەڕێنێتەوە سەر ناوچەکانی خۆیـان, خۆمـان تەهیئـە بکەین بۆ ئیحصا, تاکو بەو قەرارەی کە هاتووە، بەو صیغەیەی و بەو میکانیزمەیەی کە لە دەستوور هاتیە, بەڕێگایەکی دیموقراتی, ئەو ناوچانە بگەڕێنەوە سـەر هـەرێمی کوردسـتان جارێکی تـر, راپۆرتێکمـان حـازر کردیـە بـۆ سـەرۆکایەتی پەرلـەمان, لەسـەر گۆڕانکـاری حـدودی ئیـداری, لەبـەر ئـەوەی ئـەوە پرسـیارێکە حقیقـەت لەخـەیاڵی هـەمووتان هەیـە, کـە گۆڕانکـاری حـدودی ئیـداری موشـکیلەی تـەتبیع لـەو ناوچـانە ناهێڵێت, ئێمە دەستمان پێکردیە لە ساڵی 1921 تا ئەمڕۆ هەرچی حـدودێکی ئیـداری لـە عێراقـەوە هاتـە گۆڕان, بە فەرمانی عوسمانی, بە ئیرادەی مەلەکی, بە مەرسوومی جمهوری, هەرچ گۆڕانکاریەك هاتـە کـردن بـە رەقـم و تـاریخ و ژمـارە و دلیـل و ئیسـپات لەهـەموو ناوچـەکانی دابـڕاو لـە کوردسـتان, ئـەو کـارە بـۆ ناوچەکانی عێراق دابەش کردیـە, بـۆ موحافـەزەکانی تـری عێـراق, ئەگـەر گەیشـتە ئـەو حالەتـە, بـرادەران ئەگەر ریئاسە بڕیار بدات کە ئەمە کێشەی کوردستان نییـە, کێشـەی عێراقـە تـاکو قـازانج لـەوەقت نـەکات, پێمان بڵێ ئێوە وەقتان نییە, پێیان دەڵـێین ئـەوە دراسـەتێکی کامیلـە بـۆ ئێـوە, ئـەو دراسـەتەش ئەخەینـە بەردەستی پەرلەمان بۆ ئاگاداری کە حکومەت چ بۆ گۆڕانکـاری حـدودی ئیـداری, ئیعتیمادمـان کردیـە سـەر جزری تاریخی, وەك حاڵی ئەمڕۆ, سیاسەتی تەعریب, تاکو نەبێتە رۆژێـك دوای 50 سـاڵی دی خـەڵکێك لـە گەلی کوردستان گلەیی لە حکومەتی هەرێمی کوردستان بکەن, بێـژن ئیعتیرازتـان نـەبوو, لـە 50 سـاڵی بـوو حەریصیمان لەسەر ئەو مەنتیقە بـوو, حیرسمـان نـەبوو لـە مەنتیقـەکی تـر, حـەتا ئـەوەشمان حـازر هەیـە لێرە, هەمان کات سـەبارەت بـە ئیحصـا, ئێمـە لـە مەرحەلـەی دانوسـتاندن دایـن لەگـەڵ وەزیـری تـەختیتی عێراقی, کەتەفکیر بکەین بە ئالیاتی ئیحصا, حقیقەت زۆربەی برادەران دەزانـن, ئـەو ئیحصـایەی کـە ئێمـە باسی دەکەین, ئیحصایەکی وا نییە بە مەفهومێکی علمی, ئەگەر بێین وەریبگرین بە مەفهومێکی علمی یان ئیعداد وەختێکی زۆری پێدەچێ, لە عێراق ئەوە سێ ساڵە کاردەکات, لەگەڵ ئیعدادێکی تر, بڕیاریاندا ئـەوە تەئجیل بکەن, پێیان نایەتە کردن, ئێمە باسی لیست دەکەین, یەك غەرەزمان هەیە, ئایا کێ حەقی بەشدار کردنی هەیە لەریفراندۆم و, کێ حەقی نییە؟ لەسەر ئەو ئەساسـە سـجلی نـاخبین بکـەین, کـە کـێ بەشـدار بێت و مەصادرەکانمان تەحدید بکەین, مەصادرەکان لەژێر کـۆنتڕۆڵی ئێمـە دان, ئـەوان سـجلات بـۆ هـەموو ناوچـە دابڕاوەکـان, سجلاتی نفـوس بـۆ هـەموو ناوچـە دابڕاوەکـان لەکوردسـتان, بیتاقـەی تـەموینی ئـاخیر مانگانە بۆ هەموو ناوچەکانی دابڕاو, سجلاتی تاپۆ بۆ هەموو ناوچـەکانی دابـڕاو, عقـودی زراعـی لەهـەموو ناوچـەکانی دابـڕاو, خۆشـبەختانە حکومـەتی عێـراق لـە 1971 ئیحصـائێکی تـری کردیـە, پێـی دەڵـێن ئیحصائیی زراعی, عەدەدی فەلاحینی ئەو ناوچەیەی دیاری کردیـە, لـەوێش ئـەتوانین کۆنترۆڵەکە بکـەین, بزانین کێ خـەڵکی ئـەو ناوچـەیە, کـێ خـەڵکی ئـەو ناوچـەیە نییـە, ئـەو مەصـادیرانەش لـەژێر کـۆنترۆڵی ئێمەیە, لیژنەیەکی بالأمان هەیە لە حکومەتمان دانایە, ئیشراف بکات لەسەر ئەو ئیشەو، خۆ حـازر بکـەین بـۆ 31ی مـانگ, بـەلأم تـا ئێسـتا وەزارەتـی تـەختیتی عێراقـی حقیقـەت شـتێکیان لەلانەهاتیـە, ئـەویش

موحتاجی به بڕیارێکی سیاسیه, به زەختێکی سیاسی, که کار بۆ ئێمه بکەن, گفتوگۆیەکی تەواومان کرد لەسەر ئیستفتا, ئایا ئیستفتا لەسەر ئەساسێك بێتە کردن, لەسەر ئەساسی موحافەزە, لەسەر ئەساسی وەحدەی قەزا.......هتد.

حقیقەت لەمەصڵەحەتی هەمووماندایە, لەمەصڵەحەتی جێبەجێ کردنی ئامادەیە, لەمەصڵەحەتی صیاغەتی قانونی و دەستوری ئەساسی وەحدەی ئیداری بێتە کردن, وەحدەی ئیداری دەنگی خۆی بدات لە ئیستفتا, ئەو شتانە هەمووی حازرم هەیە, لەگەڵ هەموو خەریتەیەك و ئەحصائێکی عێراق لە 1921 بەحدودی عێراقی, بە خەرائیتی عێراقی, بەسیدی و به دەلیل پێشکەشی ئێوە دەکەم, تاکو لە خزمەتان بێت, ئەگەر هەرچی پرسیارێکتان هەبوو, من لەخزمەتی ئێوەم, زۆر زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاسی بەڕێز د0 محمد ئیحسان دەکەین بۆ پێشکەش کردنی وتەکەی, هەروەها سوپاسی دەکەین بۆ ئەو کارانەی وەکو وەزارەت ئەنجامیان داوە, بۆ جێبەجێ کردنی ماددەی 140، هەروەها ئەو دۆکیومێنتانەی که پێشکەش به پەرلەمانی کرد, هەموو دەلیلی ئەوەیە که بە رێك و پێکی و بەمونەزەمی ئیشیان کردووە, ئەوەندەی بۆیان کرابێ ئەرکی سەر شانیان ئەنجامی داوە, ئومێدی بەردەوام بوونیان بۆ دەکەین لەکارەکانیان, هیوای سەرکەوتنیان بۆ دەخوازین, ئێوە گوێتان لە کاك محمد گرت, سەبارەت بە کۆسپەکانی جێبەجێ کردنی ماددەی 140, جەنابی کاك نێچیر سەرۆك حکومەت لەگەڵ شاندێکی حکومەت سەردانی بەغدای کردبوو, بۆ گفتوگۆ کردن لەسەر ئەو مەسەلانەی پەیوەندیان بە حکومەتی هەرێمەوە هەیە, لەگەڵ حکومەتی ئیتیحادی چەندین کێشە لەپێش دان, چەندین دیدار و گفتوگۆ لەگەڵ سەرۆکی حکومەتی فیدڕاڵ, لێپسراوانی باڵای حکومەتی فیدڕاڵ, پەرلەمان و جێگرانی سەرۆکی کۆماری عێراق ئەنجام داوە, هەروەها لەسەر مەسەلەی ئەو پێشنیارانەی لە ئارا دایە, بۆ هەموار کردنی دەستوری عێراق, کەهەموو لایەك موتابەعەی دەکات, جەنابیشی لەوێدا لەگەڵ وەفدەکە بەشداری کردووەو ئاگادارە, حەز دەکا تیشك بخاتە سەر ئەو سەردانەی بەغدا, دواتر چ پێشنیارێکی هەیە, لەو پێشنیارانەی کە بۆ هەموار کردنی دەستووری هەمیشەی عێراق هاتووە, چونکە هەمووومان دەزانین هەندێك لەو پێشنیارانە موتابەعەمان کردووە, هەندێك لەو پێشنیارانە پەیوەندی بە مافەکان و بەرژەوەندەیەکانی گەلی کوردستانەوە هەیە, پەیوەندی بەو دەستکەوتانە هەیە کە گەلەکەمان بەدەستی هێناوە, هەندێك لەو پێشنیارانە جێگای باسە, پێویستە پەرلەمان گفتوگۆی لەسەر بکات, ڕەئیی خۆی لەسەر بدات, تەوصیاتی پێویست بدات بەو بەڕێزانەی که ئەندامن لە تەحالفی کوردستان، ئەندامی لیژنەی بەدواداچونن, هەموار کردنی دەستووری هەمیشەیی عێراق, لێپرسراوییەکی گەورەیە, مێژووییە لەسەر شانی هەموومانە, تەنیا ئەو کەسانە مەسئوول نیین لەبەغدا, گفتوگۆ بۆ هەموار کردنی دەستووری هەمیشەی عێراق, بەڵکو هەموو ئینسانێکی دڵسۆز, ئەندامی پەرلەمان بێ, وەزیر بێ, لێپرسراوی حزب بێ, هاووڵاتی بێت, مەسئولیەتی هەیە ڕەئیی بڵێ، پشتگیری لە دەستکەوتەکان بکات, نەهێڵێت بەهەر چ ناوێك بێتن ئەو دەستکەوتانە

پێشێلٚ بکرێتن, یاخود تەراجوعی لێ بکرێتن, جا فەرموو بەڕێز کاك نێچیرڤان بارزانی بۆ پێشکەش کردنی وتەکەت.

**بەڕێز نێچیرڤان ادریس بارزانی/ سەرۆکی حکومەتی هەرێم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

رۆژتان باش و خۆشحاڵم جارێکی دیکە لەگەڵ ئێوەی بەڕێز دادەنیشم بۆ باسکردنی ئەو سەفەرەی کە بەر لەماوەیەك بۆ بەغدا کردمان, پێشەکی دەمەوێ باسی ئەو تەوەرانە بکەم کە لەبەغدا لەگەڵ سەرۆکی وەزیران مالیکی و بەرپرسانی دیکە باسمان کرد, یەکەم باسی ئێمە لەبەغدا, قانونی دابەش کردنی داهاتەکانی نەوت بوو, واتا ئیدارەی داهاتی نەوت, بەڕێزتان ئاگادارن کەوا چەند مانگێك لەمەوبەر ئێمە قانونی نەوتمان بەهاوکاری و هەماهەنگی لەگەڵ بەغدا تەواو کرد, ئەم قانونە هەندێك قانونی دیکەی بەدواوەیە, پێشنیاری حکومەتی هەرێم بۆ بەغدا ئەوەبوو کە پێویستە ئەمانە هەمووی بەیەکەوە بچنە پەرلەمان و لەوێ بڕیاری لەسەر بدرێت نەك بە جیا جیا, یەکێك لەو قانونانەی کە دەبوایە لەگەڵ قانونی نەوت بچێتە پەرلەمانی بەغدا, قانونی (ئیدارەی مالیە)ی نەوت بوو, واتە چۆنیەتی ئیدارەکانی داهاتەکانی نەوت کە بەنیسبەت ئێمەوە پرسێکی گرنگ و هەستیارە, بۆ چوونی ئێمە وەکو حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەگەر بەووردی بۆتان روون بکەمەوە, ئەوەی ئێمەی دەیلێین عێراق نەوت دەفرۆشی و دەچێتە حیسابێك لە دەرەوە هەتا ئێستا ئەو حسیابە لە ژێر کۆنترۆڵی DFI واتا صندوقی نەقدی نێودەوڵەتییە, مومکینە لەکۆتایی ساڵ ئەمە بگۆڕێت و ببێتە بانکی ناوەندی عێراقی, بە بۆچوونی ئێمە کە عێراق نەوت دەفرۆشێ داهاتەکەی دەچێتە ئەم سەندووقە, لەوێدا پێویستە بەشی حکومەتی کوردستان راستەوخۆ بێتە سەر حیسابی حکومەت, بەبێ ئەوەی بەغدا گرفت و کۆسپی بۆ دروست بکات, بۆچوونی ئێمە وەکو حکومەتی هەرێم سەرچاوەکەی لە سیستەمی فیدراڵییەوە پابەندبوونە بە دەستوور, مەسەلەکە ئەوەنییە ئێمە داوای شتێك دەکەین لە دەرەوەی دەستووری عێراق, سیستەمی فیدراڵی لەدنیا و تەنانەت لەئەمریکاش وایە و بەم شێوەیە بەڕێوە دەچێت. ئەوەی ئێمە داوامان کردووە لە چوارچێوەی ئەم دەستوورەیە و مەبەستیشمان ئەوەیە کەلەسەر بنەمای میزاج و تاکەکەس نەبێت, لەبەغدا ئێمە بەداخەوە لەم بارەیەوە ئەزموونێکمان لەچەند ساڵی رابردوودا هەیە, کە پێموایە لە پەرلەمان جارێك روونم کردەوە, لەساڵی 2006 ەوە نزیکەی 480 ملیۆن دیناری حکومەتی هەرێمیان راگرت بە بیانووی ئەوەی کە هەڵەیەکی حیسابی کراوە, کە ئێمە چووینە بەغدا, دوای چەند هەفتەیەك دانوستاندن و بێنەوبەردە توانیمان بەشێك لەو پارەیە هەمووشی نا, بگەڕێنینەوە هەرێمی کوردستان, ئێمە نامانەوێ ئەو مەسەلەیە دووبارە بێتەوە, بچێتە مەسەلەی موازنە و جارێکی دیکە بۆ ئێمە دەربچێت, ئێمە دەمانەوێ لە عێراق بەشی هەرێمی کوردستان کە ئێستا 97٪ ی لەو نەوتە راستەوخۆ بێتە سەندووقێك لەهەرێمی کوردستان، یان لەدەرەوە, ئەم قانونە قۆناغی باشی لە عێراق بڕیوە, ئێمە ئەوەی مەبەستمانە تەئکید و گرێنتی لەوە بکرێت کەبەشی کوردستان بەبێ هیچ کۆسپێك لە بەغداوە بێتە کوردستان و کەس گرفتی بۆ دروست

نەكات, و پارەكە راستەوخۆ بگاتە هەرێمی كوردستان, دەشكرێ پەرلەمانی كوردستان چاودێری لەسەر ئەم پارەیە بكات, چ لەرێگای چاودێری دارایی یا لێژنەكانی پەرلەمان, بزانن حكومەت چۆن كاردەكات, بەلاَم لە بەغداوە گرفت بۆ ئەم پارەیە دروست نەكرێت, ئێستا ئەوان رازێن بەوەی ئەو پارەیە بەشێوەیەكی ئۆتۆماتیكی بێت, بەلاَم لەوەدا ماون كە ئایا پارەكە بچێتە موزانە لەبەغدا دوایی بۆ ئێمە بێت, ئێمە پێمان وانییە ئەمە چارەسەر بێت, چونكە ئەگەر وەكو ئەوەی لێهات كە ئەوان دەیانەوێ وەكو ئێستای لێدێت و هیچ جیاوازیەكی نابێت, ئێمە دەمانەوێ بەشێوەیەكی ئۆتۆماتیكی بێت, كە بێتە هەرێمی كوردستان ئێمە بودجەی خۆمان دابنێین, ئینجا كەوای دەبینین دواتر بخرێتە بوودجەی هەموو عێراق, بەلاَم كە بچێتە بەغداو لەوێ بینێرن, ئێمە قبوولَی ناكەین, ئەمە لەلایەك لەلایەكی دیكەشەوە ئەو پارەیەی كە دەمێنێتەوە، زۆرجار نەوت كە زیاتر دەفرۆشێت پارەیەك دەمێنێتەوە، عێراق تا ئێستا ئەو بەشە پارەیە بە هەرێمی كوردستان نادات, ئێمە دەمانەوێ لەو قانونە ئەوەی دەمێنێتەوە دوای موازەنە پێویستە راستەوخۆ بەبێ وەستان و بەشێوەیەكی ئۆتۆماتیكی بێتە هەرێمی كوردستان, گرفتەكەی ئێمە ئێستا لەوە دایە, ئەوان دەلَێن نەخێر ئەوە دەگەرێتەوە بانكی ناوەندی و مومكینە لەسالَی ئاینده ببێتە بودجە, ئێمە وەكو هەرێمی كوردستان ئەوەمان قبوولَ نەكردووە و زەحمەتە قبوولَی بكەین, دوای 10 رۆژ مانەوەش لە بەغدا بۆچوونەكانی خۆمان بۆ بەغدا روونكردەوە و ئێستا چاوەرێی وەلاَمی ئەوانین. من لەبارەی ئەم مەسەلەیەوە زۆر خۆشبینم و برایان لەبەغدا لە وەزارەتی دارایی خودی سەرۆك وەزیران هەموو هەولَیان ئەوەیە كە چارەسەرێك بدۆزرێتەوە, مەسەلە ئەوە نییە كە نەخێر نابێ بكرێ, ئەوانیش وەكو ئێمە بیر لە دۆزینەوەی چارەسەرێك دەكەنەوە, ئەوان كۆكن لەسەر ئەوەی كە بەگرەنتی و بەبێ گرفت پارەكە بۆمان بێت, بەلاَم ئەوانیش لەناوەخۆیاندا رەنگە كۆمەلَێك راوێژیان هەبێت، ئیش و قسەیان هەبێت, ئێمە چاوەرێی وەلاَمی ئەوانین, بەلاَم وەكو عەرزم كردن من خۆشبینم, چونكە ئەوەی من لە بەغدا بینیم ئیرادە هەیە بۆ چارەسەر كردنی كێشەكان و گەشبینیشم بۆ چارەسەر كردنیان, لەو بارودۆخەش كە لەبەغدا هەیە ناكرێ چاوەروانی ئەوە بیت كە كێشەكان بەپەلە چارەسەر بكرێت, مەسەلەی فیدرالیزم و قبوولَكردنی كارێكی وا ئاسان نییە, ئێمە لەم بارەیەوە 15 سالَ لە پێشترین, تا ئێستا لەبەغدا ئەم بیركردنەوەیە نییە و لەلای خۆشمانەوە زۆر ئاساییە, مەسەلەكەش كاتی دەوێ تا ئەوان تێبگەن فیدرالَیزم چۆنە و سیستەمەكەی چۆنە، بێگومان پێویستیمان بە كاتە بۆ جێگیر كردنی فیدرالیزم لە عێراقدا, لەگەلَ ئەوەشدا من دیسان دەلَێم, سەرۆك وەزیران مالیكی و وەزارەتی دارایی عێراق, عادل عبدالمهدی جێگیری سەرۆك كۆمار, یارمەتیدەر بوون بۆ گەیشتن بە دیالۆگێكی هاوبەش, هەروەها لەگەلَ بالَیۆزخانەی ئەمەریكاش كارمان كرد, بۆ زانیاریشتان كارەكانمان لەگەلَ ئەمریكییەكان و برادەرەكانمان بووە لە بەغدا, ئەوەی لەلای ئێمە گرنگە هەموو لایەك بزانن ئێمە دەمانەوێ بگەینە چارەسەرێك, ئێمە نامانەوێ گرفت دروست بكەین, بەپێچەوانە ئێمە وەكو جاران ناتوانین قبولَ بكەین پێمان بگوترێ ئێمە برای یەكترین و لەم ولاَتەداین, لەسەر ئەم بنەمایە ئیش ناكرێ, ئێمە دەمانەوێ شەفافیەت هەبێ و میكانیزمی كاركردن

ئاشكرا بێت, ئەو زەمانە بەسەرچوو بڵێین باشە قبووڵمانە و برای یەكترین, برینی گەلی كوردستان زۆر زۆر لەوە قوڵترە كە ئێمە تەنها بەوە رازیبین, ئێمە شەفافیەتمان دەوێت, میكانیزمێكی رێك و پێكمان دەوێت, تازە ناتوانین لەسەر پەیوەندی تایبەتی كاربكەین, پەیوەندی من لەگەڵ فلانە كەس باشە و ئیشەكەم لەوێ دەڕوات, باش نییە ناڕوات, ئێمە لەهەرێمی كوردستان مومكین نییە ئەو شتە قبوڵ بكەین, دەمانەوێ ئێستا و لەئایندەش سیستەمێكی شەفافمان هەبێ و, لەهەر بارودۆخێك حكومەتی بەغدا نەتوانێ ئاستەنگ بۆ گەیاندنی بەشی رەوای هەرێمی كوردستان دروست بكات, جگە لەو بابەتەی كە بەشێوەیەكی كورت بۆ ئێوەم باس كرد, مەسەلەیەكی دیكە هەیە ئەوەیش ئەم گۆڕانكاریانەن لە دەستووری عێراق بەنیازە بكرێت و ئێستا چەند لیژنەی تایبەتی بۆ دانراوە, ئێمە وەكو گەلی كوردستان دوای ئازادی عێراق هەموو هەوڵێكماندا و بەشداریمان كرد لە پرۆسەی رزگار كردنی عێراق, لەداڕشتنی عێراقی نوێدا بەشدار بووین, لەسەر بنەمای دەستوورێك كە هەموو گەلی عێراق دەنگی بۆ داوەو بڕیاری لەسەر داوە, ئێمە پابەندبووین بەم دەستوورە, چونكە دەستوورێكمان هەبوو، بۆیە گەڕاینەوە بەغدا و رازی بووین ببین بە بەشێك لە عێراقی تازە, ئەوەی ئێمە هەستی پێدەكەین و جێگای نیگەرانی ئێمەیە, من لە قسەكانی چەند رۆژێك لەمەوبەر كاتی تەسلیم كردنی مەلەفی ئاسایش دیسان دووپاتم كردەوە, ئەوەیە كە ئێمە لەسەر بنەمای ئەم دەستوورە بووینە بەشێك لەعێراق, ئێمە قبوڵمان كرد بگەڕێینەوە, لەكاتێكدا گەلی كوردستان هیچ خێرێكی لەو وڵاتەدا نەدیوە, لەوێرانكاری زیاتر، لە ئەنجامی پێكەوە ژیانیش یەكێتی بە ئارەزوو مەندانە گەڕاینەوە سەر بەغدا, لەسەر ئەساسی ئەم دەستوورە وامان كرد, لەم دستوورە ماف و ئەركی ئێمە دیارن, پەشیمانیش نین لەبڕیارمان بە گەڕانەوە بۆ بەغدا, بەڵام ئەوەی ئێستا هەستی پێدەكەین و دەیبینین دووپات لەسەر گۆڕینی ئەو ماددانە دەكرێت, ئەوانەی كە ئێمە لەسەر بنەمای بڕیاری گەڕانەوەمان بۆ بەغداو بەشداریكردن لە داڕشتنی عێراقی نوێ دا, ئەوەی كەئێمە بۆی چووبووین و بڕیارمان لەسەریان دا ماددەی $140$, مەسەلەی نەوت و غاز دەسەڵاتی حەصری ئێمەیە, ئێمە بۆ ئەم شتانە چووینە بەغدا, ئەو گۆڕانكاریانەی كە ئێستا لەدەستوور دەكرێن تەنها ئەوانە دەگرێتەوە كە ئێمە وەكو گەلی كوردستان ناتوانین پاشەكشەی لێبكەین, بوونی ئێمە لەگەڵ عێراق لەسەر بنەمای ئەو ماددە دەستووریانە بوو, ئێستاش هەوڵی جدی لەئارادایە بۆ گۆڕینی ئەو ماددانە, من نامەوێ لێرەدا بڵێم قبووڵی دەكەین یان نایكەین, ئەوە پەرلەمانی كوردستان و گەلی كوردستان دەبێ بڕیاری لەسەر بدات, بەڵام ئێمە بۆچوونەكانی خۆمان زۆر بە ئاشكراو بە روونی بەوانمان گوت لە بەغدا, ئێمە تەسەوڕمان دەكرد گۆڕانكاری دەستوور بۆ مەسەلەی مافی ئافرەت و مافی مرۆڤ و هەندێ گۆڕان لەسەر ئەو ماددانە دەبێت كە گلەیی لەسەر هەیە, ئەو خاڵانە وەكو خۆیان ماونەتەوە, گۆڕانەكان پەیوەندییان بەو خەڵكانەوە هەیە كە لە كوردستانن بە كورد و توركمان و ئاشوورو سریان, ئەوان دەیان گوت پێویستە لەم هەفتەیە بڕیار لەسەر ئەم بابەتانە بدرێت, ئێمە پێمان گوتن و پێمان گەیاندن كە دەبێ بگەڕێینەوە پەرلەمانی كوردستان و لەوێ بڕیاری لەسەر بدەین و پەرلەمان بە جدی ئەمە دراسەت بكات و, نوێنەرانی خەڵكی كوردستان وەڵامی ئەم گۆڕانكارییانەی

دەستوور بدەنەوە, ماوەکەش بۆ مـاوەی مانگێـك درێـژ کرایـەوە, بۆیـە پێویسـتە ئێمـە لـەماوەی ئـەو مانگـە خۆمـان ئامـادە بکـەین و وەڵامیـان بدەینـەوە, بـۆ زانیاریشـتان هـەر گۆڕانێـك لەدەسـتوور پێویسـتە لەسـەر بنەمای ئەو میکانیزمە بێت کە لە دەستووردا هەیە, ئەو میکانیزمەش گۆڕانکـاری مـاددە دەسـتووریەکان وا ئاسان ناکات, بەلاَم بەگشتی بیرکردنەوەی بەم شێوەیە نە لەبەرژەوەنـدی عێـراق و نەلـە بەرژەوەنـدی گـەلی ئێمەیە, بۆیە بۆ ئەو ماددانە پێشنیاری ئەوە دەخەمە بەردەم پەرلەمانی کوردستان, بۆ پێکهاتنی 4 لیژنـە, یەکەمیان بۆ مەسەلەی نـەوت و غـاز, ئـەم لیژنەیـە گۆڕانکارییـە پێشنیارکراوەکان دیراسـەت دەکات و رای پەرلەمان و حکومەتی هەرێمیش چی بێت تـا بـەرەسمی ئاگاداریـان بکـەین, لیژنەیـەکیش لـەبارەی مـاددەی 140 پێویستە برادەرانمان کاربکەن بۆ نەگۆڕین و دواخستنی, مکوڕبوونی ئێمەش لـەم ماددەیـە مەسـەلەی نەوت نییە, وەکو خەڵك باس دەکات, ئەمە ماددەیەکی دەستووریە زوڵم لـە خـەڵك کـراوە و ئێمـە دروشمـان وابـوو واش دەبێـت: ئـەوەی بـەزۆر لێمـان وەرگیـراوە، دەمانـەوێ بەشـێوەیەکی دیمـوکراتی لـە چوارچـێوەی عێراقێکی فیدراڵی دیموکراتیدا جارێکی دیکە ئەو مافانە وەربگرینەوە, جا ئەم مافانە هی کـورد، تورکمـان, ئاشوور, کلدان, سریان بێت, مەسەلەکە تەنها بۆ کورد نییە, شوێنەکانی دیکەش هەمان گرفتیان هەیە, ئـەو هەموو زێدە ڕۆییە ئەگەر مەرامێکی دیکەی لـەدواوە نـەبێت, پێمـان وانییـە مەسـەلەکە زەحمـەت بێـت کـە چارەسـەر نـەکرێت, ئێمـە پێمـان وایـە ئـەو مـاددە دەسـتوورییە پێویسـتە لـەکاتی خـۆی جێبـەجێ بکرێـت, ئێستاش هیچ نەکراوە, باس لە فیدراڵیزمی تایبەت بۆ کەرکووك دەکرێت, هێشتا یەك هەنگاو نەهاوێژراوە, ئەوان دەڵێن با بۆ 5 ساڵ دوابخرێت, هەندێك داوای 10 ساڵ دەکەن, هەندێك داوای 15 ساڵ دەکـەن, باشـە ئێمە چۆن وەلاَمی خەڵکی خۆمان بدەینەوە؟ لەکاتێکدا کە تا ئێستا هیـچ هـەنگاوێکی نـوێ نەهاوێـژراوە بـۆ جێبەجێکردنی, ئێمە چۆن دەتوانین قەناعەت بە خەڵکی خۆمان بێنین, بەدواخستنی ئەم ماددەیە بۆ 2 یا 5 ساڵ؟ داوا کاری ئێمە ئەوەیە کە هـەر ئێسـتا دەسـت بـە جێبـەجێکردنی ئـەم مـاددە دەسـتووریە بکرێـت, ئەوەی لەبەغـدا باسمـانکرد هەنـدێك پێشـنیار بـوو, خسـتمانە بـەردەم سـەرۆك وەزیـران مـالکی, هیـوادارین جەنابی سەرۆك وەزیران بڕیار لەسەر ئەوە بدات کە سەرۆکی ئەم لیژنەیە دابنرێت, هەرچـی زووتـرە ئـەم لیژنەیە دەست بەکارەکانی خۆی بکات, ئێمە پێمان وانییە ئەو کێشـەیە کـە د0 محمـد ئیحسـان لێـرە باسـی کرد ئاوا زەحمەت بێ, ئەویش لەگەڵ ئەو لیژنەیەی کە لەبەغدا هەن هەوڵێکی باشـیان داوەو کـاری باشـیان کـردووە, بـەلاَم پێویسـتە دەسـت بەجێبـەجێ کردنـی بکرێـت لەهـەموو کوردسـتان, مکـوڕی ئێمـە لەسـەر جێبەجێکردنی ئەم ماددەیە لەبەر نەوتی کەرکووك نییە, نەوت لەهەموو شوێنەکانی دیکەی عێراق هەیە, و ئێمە لەگەڵ بەغدا لەسەر مەسەلەی نەوت رێکەوتین, ئێمە ئێستا قـانونێکی هاوبەشـی نـەوتمان خەریکـە دەبێت, لە ئەنجومەنی وەزیرانی بەغدا بڕیاری لەسەر دراوە و دەچێتە پەرلەمان و لەدەستووردا باسـی ئـەم شتە کراوە, گفتوگۆی ئێمەش ئێستا لەسـەر دابەشـکردنی داهـاتی نەوتـە و, مـن زۆر خۆشـبینم بەگەیشـتنە رێککەوتنێك لەگەڵ بەغدا و ئەوەی دیکە کە دەمێنێت مەسەلەی مـوڵکی ئـەم خەڵکەیـە و زۆریـش ئاسـاییە بگەڕێتەوە, ئەم خەڵکە غـەدریان لێکـراوە پێویسـتە موڵکیـان بـۆ بگەڕێتـەوە, گـرنگترین شـت ئەوەیـە, درك

بەوە بکرێت ئەم کێشەیە هەیە، خەڵکێك وابزانێ گرفتەکان بەدواخستنی ئەم کێشەیە چارەسەربکرێت، ئەمە ماحاڵەو کێشەکە زۆر زۆر ئاڵۆزتر دەبێت، کەسێك وتی بزانی بە زۆری چارەسەر دەبێت، رژێمی پێشووی سەدام کیمیایی بەکار هێنا، وڵاتی ئێمەی وێرانکرد، هەرچی لەدەستی هات کردی، بەڵام کێشەکە هەروەك خۆی مایەوە، ئەم کێشەیە پێویستە چارەسەری بۆ بدۆزینەوە، چارەسەرەکەش خۆی لەماددەی 140 دا دەبینێتەوە، کە لەدەستووری عێراقدایە، پێویستیشە بەزووترین کات ئەم ماددەیە جێبەجێ بکرێت، بابەتێکی دیکە کە لەگەڵ بەغدا باسمان کرد، مەسەلەی پێشمەرگە بوو، هەروەك ئێوە ئاگادارن لەسەفەری پێشووش ئێمە دەمانویست پێناسەیەکی قانونی لەلایەن ئەوانەوە بۆ پێشمەرگە بکرێت، پێناسەیەکی سیاسی بۆ پێشمەرگە بکەن، بڕیارێك لەپەرلەمانی عێراقەوە دەرچووە کە پێشمەرگە لەچوارچێوەی بەرگری عێراقی حیسابی بۆ دەکرێ، پێویستە بودجەو دەرماڵەکانی دیکە لەمیانەی ئەو بودجەیە بێت، کەبۆ بەرگری عێراق دانراوە نەك بۆ وەزارەتی بەرگری، بەڵکو بۆ هەموو پێکهاتەی سیستەمی بەرگری عێراقی فیدراڵ و پێویستیشە سیستەمی بەرگری عێراقی فیدراڵ و پێویستیشە بەشی هەرێمی کوردستان لەم بودجەیە سەرف بکرێت، لێژنەیەك هەیە لەوەزارەتی پێشمەرگە کە تائێستا کۆبوونەوەی زۆری کردووە بەبەردەوامی لەگەڵ لیژنەیەك لە بەغدا، بەئامادەبوونی نوێنەرانی هاوپەیمانانیش لەم لیژنەیە و گەیشتوونەتە دوا قۆناغ بۆ چۆنیەتی پێناسەکردنی پێشمەرگە، ئەوەی کە پێگەیشتووین ئەوەیە کە هێزی پێشمەرگە نەوەکو سوپای عێراقی دەبێ لەڕووی چەکدارییەوە، نەوەکو پۆلیسیش دەبێت، شتێك دەبێ لەنێوان ئەم دوانەو بودجەشی لە بەغداوە دێت و، لەناوەڕاستی ئەم مانگەشدا کۆبوونەوەیەکی دیکە دەکرێت، بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی کارا بکەوینە واری جێبەجێ کردن، دەتوانم بڵێم هەموو شتێك چارەسەر کراوە و دوا کۆبوونەوە ماوەکە لە 15ی ئەم مانگە بەئامادەبوونی وەزیرانی بەرگری و ناوخۆ و سەرۆکی ئەنجومەنی ئاسایش لەبەغدا و سەرۆك وەزیران مالیکی بەڕێوە دەچێت، ئەوەی کە لەبەغدا بۆی چووبووین لەم چوارچێوەیە بوو، جا نازانم جەنابی سەرۆك پەرلەمان چی هەیە و چ پرسیاری هەیە مـن لەخزمەتدام، 3 لیژنەکەی دیکەش 140 و ئاو و دەسەڵاتی حصر، ئەمانە بۆ ئێمە گرنگ بوو، ئەم لیژنانە بۆ ئێمە ئەوەی گرنگە کە ببینین ئەو ئیشە کە کراوە پەرلەمانی بەغدا چی کردووە؟ ئایا بەڕاستی لەبەرژەوەندی ئێمەشە، پێداچوونەوەی گۆڕانکاریەکانیش گرنگە ئەم لیژنانە بیکەن، ئەو گۆڕانکاریانەی کە بەنیازن لە دەستوور بکرێ، ئەم پرسە زۆر گرنگە، پەیوەندی بەژیانی ئێمەوە هەیە، گرنگە ئیشی لەسەر بکرێ، ئەوەی کە لەبەغدا بینم ناهەماهەنگییەك لەنێوان پەرلەمانی کوردستان و لیستی هاوپەیمانیی کوردستاندا هەیە، ئەمە زۆر خراپە، رژێمی عێراقی پەرلەمانییە پێویستە زۆر گرنگی پێبدەین، ئەو پشتگوێ خستنەی ئێمە زۆرجار گرفتمان بۆ دروست دەکات، بەداخەوە ئەوەی کە من دەیبینم هیچ هەماهەنگییەك لە نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و پەرلەمانی کوردستان نییە، وەك ئەوە وایە کە ئەوان لەشوێنێك دا بن و ئێمەش لەشوێنێکی دیکە، هیچ ئاگایەکمان لەیەکتر نییە، بۆیە زۆر سەیرم بەو گۆڕانکاریانەی بەغدا هەبوو، کە دێتە ئێرە کەس ئاگادار

نییه, ئەمانەش سەرەكین و پەیوەندییان بەژیانی خەڵك هەیە, و دەبێ پەرلەمانی كوردستان ئاگادار بێت و بڕیاری لەسەر بدات, ئەمە چارەنووسی ئەم میللەتەیە, ناكرێ لیژنەیەك و چەند نەفرێك بڕیار بدەن, بڵێن ئێمە ڕازین و گۆڕانكاری ئەنجام دەدەین, ئەمە پێویستە بۆ پەرلەمانی كوردستان بگەڕێتەوە و, لەوێ گفتوگۆی لەسەر بكرێ و, دەنگی ئەم گەلە بڕیاری خۆی بدات و بەهەموو شوێنك رابگەیەنێت, ئەمە گەورەترە لەبڕیاری حزبێك یاكوتلەیەكی پەرلەمانی, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس, دەستان خۆش بێت, بۆ ئەو هەموو تەفصیلاتانەی كە كردووتانە, بەڕاستی ئێمە دەمێك بوو موتابەعەی ئەو گۆڕانكاریانەمان دەكرد، كە لە بەغدا دەكرا, پێشنیار كراون و گفتوگۆ لەسەری دەكرێن, سەردانی وەفدی حكومەتی هەرێمی كوردستان بۆ بەغدا موتابەعەمان دەكرد و, ئەو تەفصیلاتەی كە جەنابی سەرۆكی حكومەت پێشكەشی كردن, تیشكی خستە سەر مەسائیلی زۆر گرنگەوە, لەهەموو شتێ گرنگ تر مەسەلەی ماددەی $140$, كەهەموو لایەكمان دووپاتی دەكەینەوە, جەنابیشی دووپاتی كردەوە, ئیمكانی قبوڵكردنی هیچ گۆڕانكاریەك نییە و, تەئجیلیش نییە, ئەوەی كە جێگای خۆشحالیە, لە پێشنیارەكان هاتوونە پێش بۆ هەموار كردنی دەستووری هەمیشەیی عێراق, ئەو مەوزوعە بەیەك دەنگی گەلی كوردستان، بە پەرلەمان, حكومەت, بە حزبە سیاسیەكان, هەموو خەڵك كە قسەیان لەسەر ئەوە كردووە, رەفزیان كردووە, هیچ پێشنیارەك نییە, لەبەردەم هەموار كردنی دەستووری عێراق, بۆ دواخستن یان گۆڕانكاری لەماددەی $140$, بەڵام دەبێ ئێمە ئەوەندە لەسەر ئەوە رانەوستین, دەبێ ئەو ئیسرارەو بەدواچوونەمان بەردەوام بێت و, خەبات بكەین لەڕێگای ئەو لیژنەیەی كە دانراوە, جەنابی وەزیری ناوچەكانی دەرەوەی هەرێم ئەندامە لەو لیژنەیە, ئیش و كارەكانیان بەزوویی جێبەجێ بكەن, جەنابی كاك نێچیرڤانیش ئاماژەی پێكرد, سەرۆكی حكومەتی فیدراڵ بەزووترین كات, سەرۆك بۆ ئەو لیژنانە دابنێت, كە پێشتر وەزیری دادی حكومەتی ئیتیحادی بوو, دوای ئێستا بەشێك لە ئیشەكان راوەستاوە, بەسستی دەڕوا, لەبەر ئەوەی ئەو لیژنەیە سەرۆكی نییە, دووەم: مەسەلەی هەمواركردنی پڕۆژەی هەمیشەیی عێراق, تەئكید لەسەر حاڵەتێك دەكەینەوە, كە ئاماژەشی پێكرد لە وتەی سەرۆكی حكومەتەوە, ئەوەیش ئەوەیە لە رێگای ئالیەتی دەستوورەوە خۆی موافیقین, ئەگەر موافەقەتمان كرد لەڕێگای ئەو ئالیەتە, بەمانای ئەوەی ئەو ئالیەتە پێمان دەڵێ هەرسێ پارێزگا چۆن دەتوانێ رەفزی ئەو دەستورە بكات, هەروەها هەمواركردنێك سێ پارێزگاكە موافەقەت نەكا, دەستوورەكە هەموار ناكرێ, لەبەر ئەوە دەبێ هەموو لایانەكان بزانن بە گفتوگۆ, بە موناقەشە, بە قبوڵكردنی داواكاریەكانی گەلی كوردستان, لەڕێگای پەرلەمانەوە لەڕێگای گەلەوە, لەڕێگای حكومەتەوە, باس كراوە و گفتوگۆ كراوە, دەبێ قبوڵی بكەین, ئەگەر نا بەو ئالیەتە بێت كە قبوڵمان نەكرد, هیچ شتێك ناتوانن لەسەر گەلی كوردستان فەرز بكەن, ئەو پێشنیارانەی كە جەنابی باسی كرد, لەدانانی لیژنەكان جێگای خۆیەتی, مەسەلەی یاسای نەوت، پێویستە لیژنەیەكی تایبەتی هەبێت, لیژنەی تایبەت لە پەرلەمان, لەگەڵ وەزارەتی پەیوەندیدار لەحكومەتی

هەرێمی کوردستاندا, بۆ ئەوەی لە رووی یاساییەوە, لەڕووی عەمەلیەوە هەرچی پێویستە وەکو بریار, وەکو تەوصیە پەرلەمان دواتر بیدات, بلێ ئەمە داواکاری گەلی کوردستانە, بەنیسبەت ئەو پـرۆژە یاسـایە نەوتـە لەبەردەم دایە, بۆ دەرچوون یاخود ئەو لایەنـەی کـە هـەموار بکـرێ لەدەسـتووری هەمیشـەیی عێـراق, لـەو پێشـنیارانەی کەهاتوونەتـە پێشـەوە, مەسـەلەی ئـاوە, سەرچـاوەکانی ئـاوە, زۆر پێشـنیار هەیـە کـە بدرێتـە دەسـەڵاتی حکومـەتی فیـدڕاڵی, ئەمـەش لەڕاسـتیدا دەسـەڵاتێکی هاوبەشـە, تەفصـیلاتێکی زۆری تێدایـە, هەندێك مەسائیل هەیـە حەصـرە بـۆ کوردسـتان, فەقـەت لەکوردسـتان سەرچاوەکەیەتی, لـە کوردسـتانیش تەواو دەبێـت, بەهیچ شێوەیەك پەیوەندی بە حکومەتی فیداڕاڵی عێراقـی نییـە, لەبەرئـەوە ئـەوەش دەبـێ لیژنەکی تایبەت رەئیی لەسەر بدات, رەئیی فەنی بدات, رەئیی یاسایی بدات, پێشکەش بە پەرلەمانی بکات, ئەوەیش وەکو تەوصیەك بیدات بەو لیژنەیە, ئەمەش رەئیی گـەلی کوردسـتانە, رەئیـی پەرلەمانـە بـۆ ئـەو مەوزوعە, پێشنیارێکی تر, دەسەڵاتی تایبەتە بەکوردستانەوە کە لە دەستووری هەمیشـەیی دا هـاتووە, ئـەو دەسەڵاتانەی کە تایبەتن بە گەلی کوردسـتان, بـە حکومـەتی هەرێمـەوە, بـەهیچ شـێوەیەك رازی نـیین کـەم بکرێتەوە, هەندێك پێشنیار هاتونەتە پێشەوە قابیلی قبوڵ کردن نییە, لەبـەر ئـەوەی حکومـەتی هـەرێمی کوردستان تایبەتی خۆی هەیە, ناکرێ حکومـەتی فیـدڕاڵ لـەدانانی ئـەو سیاسـەتی ئـەو بابـەتی بیخاتـە لای خۆیـەوە, وەك پێشـنیار کـراوە کـە زانکۆکـان سیاسـەتێکی فیـدڕاڵی مەرکـەزی هـەبێ, ئـەوا بەڕاسـتی ئێمـە خۆشمان دەمانـەوێ زانکۆکـان لـە کوردسـتان سیاسـەتێکی مەرکـەزی هـەبێ, دەسـەڵاتیان بـدەینێ و ئازادیـان بکەین, چۆن دەکرێتن قبوڵ بکەین کە شتێك ئێمە خۆمان دەمانەوێ زانکۆکان بیدەینـە حکومـەتی فیـدڕاڵ سیاسـەتێکی مەرکـەزی دابنـێ, هـەم لـەڕووی زانکۆییـەوە, لـەڕووی عیلمیـەوە غەڵەتـە, لـەڕووی ئـەوەی کـە پێشـڵکردنی دەسـتوورە, ئـەوە غەڵەتـە, ئـەوەش پێویسـت دەکـاتن, لـە بـاس کردنـی ئـەو لیژنەیـە, یـان ئـەو دەستوورە یـان لەلایـەن یاساناسـانی ئەنـدامانی لیژنـە لـە هـەرێمی کوردسـتان لەگـەڵ پسـپۆڕانی حکومـەتی هـەرێم تـاوتوێ لەسـەر بکـەن, بیهێـنن ئـەوەیش لەپەرلـەمان بکەینـە تەوصـیە, مـن ئـەم خاڵانـە بەگشـتی دەیخەمە بەردەمتان, دەرگا دەکەمەوە بۆ موناقەشە, بۆ رەئی دان لەسەری, دواتـر بگەینـە رەئیـەکی هـەموو ئـەو لایەنانـەی ئەنـدامانی پەرلـەمان, کـە تـەعبیر لـە رەئیـی پەرلـەمان بکـات, دەرگـای موناقەشـە کـردن دەکەمەوە, کێ دەیەوێ قسە بکات, دەستی بەرزبکاتەوە؟ نوقتەی نیزام فەرمووە کاك ئارام.

**بەڕێز ئارام رسول مامند:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دیارە ئەندامە بەڕێزەکانی پەرلەمان لەلایان خۆشە قسە بکەن, من لێرە ناوی خۆم سەحب دەکەم, پێشـنیار دەکەم کە خۆتان لە سەرۆکایەتی, لە فراکسیۆنەکان یەك, دوو ناو دەست نیشان بکەن, بۆ ئەوەی زیاتر قسە بکەن, سوپاس.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشەکی سوپاسی سەرۆکی حکومەتی هەرێم دەکەم, بۆ ئەو تەوزیحە, زۆر شت هەبوو لەلای ئێمە وازح نەبوو, بەلاّم بەهۆی ئەو قسانە زۆر شت وازح بوو, لێرەدا ئێمە دوو خاڵمان لەپێشە, یەك/ هەموارکردنی دەستووری هەمیشەی عێراق, دوو/ مەسەلەی جێبەجێ کردنی ماددەی 140, ئەو دوو مەسەلەیە, هەردووکیان مەسەلەی چارەنووسازن, چارەنووسی ئێستا و ئایندەی گەلەکەمان, بۆیە پێویستە پەرلەمانی کوردستان هەڵوێستێکی روون و ئاشکرای هەبێ, سەبارەت بەو مەسەلانە, چونکە نوێنەری راستەقینەی گەلی کوردستانە, لەم هەڵوێستە چەند خاڵێك هەیە, پێویستە پەرلەمانی کوردستان جەختی لەسەر بکات, یەك/ رەت کردنەوەی هەموار کردنی هەر بڕگەیەك کە دەبێتە مایەی کەم کردنەوەی دەسەڵاتەکانی هەرێمی کوردستانی عێراق, لە دەستووری هەمیشەیی عێراق هاتووە, دوو/ رەت کردنەوەی هەموار کردنی هەر بڕگەیەك کە مایەی بەهێز کردنی دەسەلاّتی ئیتیحادی لەسەر حیسابی دەسەلاّتی هەرێم بێ, ئەوەش دەبێتە مایەی ئەوەی کە فیدراڵیەتەکە تەنیا بەناو دەمێنێ نەك بەناوەڕۆك, سێ/ رەت کردنەوەی هەر هەموارکردنێك, کە دەبێتە مایەی دواخستنی جێبەجێ کردنی ماددەی 140, کە لەدەستووری هەمیشەیی عێراق هاتووە و, تەئکید لەوە بکرێتەوە کەمانەوەی کوردستان مورتەبیتە بە جێبەجێ کردنیماددەی 140, چوار/ هەڵوێستی پەرلەمان دەبێ تەئکید بکات, ئەو خالاّنەی کە پەیوەندی بە چەسپاندنی دیموکراتی, پەیوەندی هەیە بە مافی مرۆڤ, پەیوەندی هەیە بە ئازادیەکانی تاك و ئازادییە گشتییەکان, پەیوەندی بەمافەکانی هاوولاّتیانەوە هەیە, من پێم وایە ئەو هەڵوێستەی پەرلەمانی کوردستان, ئەبێتە پشتگیری هەڵوێستی قیادەی سیاسی کوردی, ئەبێتە پشتگیری کردن لە هەڵوێستی حکومەتی کوردستان, ئەبێتە پشتگیری کردن لە هەڵوێستی کوتلەی هاوپەیمانی کوردستان و, لەهەمان کاتدا تەعبیر لە رای گشتی دەکات, دووبارە زۆر سوپاستان دەکەم, نامەوێ درێژە پێبدەم, زۆر سوپاس.

**بەڕێز عثمان عبدالله قادر(بانی مارانی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەست خۆشی ئەو کۆبوونەوەیە دەکەم, بەخێرهاتنی سەرۆك حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەم, سەرەتا لەسەر مەسەلەی پشتگیری کردنی پەرلەمان, لەسەر هەموو ماددە دەستووریەکان, کە لەبەرژەوەندی گەلەکەماندایە بۆ هەموارکردنی, پشتگیری کاك شێروان دەکەم, بەهیچ شێوەیەك لەگەڵ ئەوە نیینە, دەستکاری ماددە دەستووریەکان بکرێ, ئەوانەی دژی بەرژەوەندیەکانی گەلەکەمانن, لەگەڵ ئەوینە, بەڕوون و بەئاشکرایی هەڵوێست وەربگرێ, سەرەتا هەموومان گەلی کورستان و, وەزارەتی ناوچەکانی دەرەوەی هەرێمیش, ماددەی 140 بخەینە ئەولەویاتی کارەکانمان لەم رۆوە, لەسەر هەموو تاکێکی ئەم کۆمەڵگایە پێویستە دیفاع لەماددەی 140 بکەین و, جێبەجێ کردنی ماددەی 140, زۆربەی کارەکانی ترمان دێنێتە جێ و, بەهیچ شێوەیەك نابێ ئێمە ئەو فرسەتەی بۆ گەلەکەمان هاتییە, قیادەی سیاسی گەلی کوردستان

تـەنازول لـە تەعـديل كردنـى بـەدژى بەرژەوەنـدى خـەڵكى كوردسـتان, جـارێكى تـر گـەلى كوردسـتان ئـەو فرسـەتەى بـۆ هەڵناكەوێتـەوەو, ئێمـە دەتـوانين ڕێگـاى تـر بگرينـە بـەر, هـەم وەكـو پەرلـەمان, هـەم وەكـو تەوافق, هەموو پێكهاتەكانى عێراق چ وەكـو حـزب, چ وەكـو نەتـەوە, ئـەوانيش مـەتاڵبيان هەيـە، دووقـۆڵى لەسەر مافەكانى، پشتگيرى مافەكانمان بكات, لەگەڵ ئەوانە ڕێكەوتن مۆر بكەين, يەك بـە يـەك, كۆمـەڵ بـە كۆمەڵ, حەقى خۆمانە ئێمە لەگەڵ هەموو پێكهاتەكانى عێراق, كێ دان بەمافـەكانى نەتەوەكـەمان دەنێـت, لەگەڵ ئەوان ڕێكەوتن بكەين, ديارە ماددەى 140 فلتـەرى زۆرى تێدايـە بـۆ دواخسـتنى, ئێمـە دەبـێ ئـيش بكەين بەڕاستى، ئەو فلتەرانە هـەموو بـەكاربهێنين و, بـەپێى ئـەو مـاددە دەسـتووريانەى كـە لەدەسـتوورى عێراقى فيدراڵدا هاتييە, وا ئاسان نييە تەئجيل كردنى ماددەى 140, هـەر كـەس لـە خـۆڕا, يـان هەركـەس بەكـەيفى خـۆى, يـان حزبێـك, يـان چـەند كەسـێك مـاددەى 140, يـان هـەمواركردنى, ديـارە ئـەوە دەنگـى خەڵكـە, دەنگـى پەرلەمانـە, دەبـێ ڕاپرسـى لەسـەر بكـرێ, هـەروەها بەئاسـان نـاگۆترێ و پێشـنيار دەكـەم دەسەڵاتى كوردستان زياتر كـار بكـات و لەگـەڵ ئـەمريكا قسـە بكـات, بەڕاسـتى ئـەمريكا تاكـە دۆسـتى ئێمـە بووينـە, نـازانم ئەگـەر ئـەو دۆسـتايەتيە نـەماوە, حەقـە گلـەييان لێبكـەين, چـونكە زۆر لەباوشـى ئێمـە ئيسراحەتيان كردووە, ئەو گلەيەيان حەقە لێبكەين, ئێمە زۆر لەسەر هـەموو مەسـەلەكان لەگـەڵ ئـەمريكا ڕێك و پێك بووينە لێرە, خاڵێكى تر پێشنيار دەكەم, جارێكى تر دووبارە پێشنيارم كردووە, بودجەيەك بـۆ كـەركووك دابنـێين, لەبودجـەى هـەرێمى كوردسـتان, چـونكە بـەهيچ شـێوەيەك كـەركووك لەكوردسـتان جياناكرێتەوە, ئێمە دەبێ ئەوەمان لەبير بێ, تەماشـاى دەوربـەر بكـەين, حكومـەتى توركيـا پـاش چـەندين ساڵ, ئێستا بودجەيەكى تايبەتى هەيە بـە مووسـڵ, ئەگـەر هـەزار دۆلاريـش بـێ, مانگانـە دايـدەنێين, ئێمـە شارى خۆمانە, وڵاتى خۆمانە, چەندين ناومان لێناوە, بۆ پشتگيرى كردن لەو ناوانە كە لەكەركووكمان ناوە, حەقە لەو بودجەى دەستمان, بەتێكڕا بودجەيەك ديارى بكەين, بۆ گێڕانەوە لەسەر كـەركووك و پارەشمـان هەيە, ئێستا باوەڕ ناكەم هيچ مەترسيەكى گەورە لەسەر بەڕێوەبردنى ئيدارەى دروست بكات, خـاڵێكى تـر, داوا لە كوتلەى يەكگرتووى ئيسلامى دەكەم, ئەو كۆبوونەوەى كردوويەتيان لە پشتى پەرلەمان و حكومەتى هەرێمى كوردستان, بەمەستى چى, حەزدەكەم لێرە وەڵام بدرێتەوە, لەپێش پەرلەمان,سوپاس.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن.**

سەرەتا بەخێرهاتنى سەرۆكى حكومەت, وەزيرە بەڕێزەكان دەكەم, زۆر سوپاسيش بۆ ئـەو ڕوونكردنەوانـە, من پێم وايە ئەگەر هەر كيانێك, يان هەر دەوڵەتێك پێكهاتە ئەساسيەكانى خەڵك, خاك, و سـەروەرى بـێ, لەهەرێمى كوردستانە, ئێستا لەم دەستوورە خـەڵك و سـەروەريەكە تەسـبيت بـووە, لەدەسـتوورا كوردسـتان بەشێكى ئەساسيە لەعێراق و, پێكهاتەيەكى ئەساسيە لە پێكهاتەكانى عێراق و, ئيقرارى ئـەوەش كـراوە كـە هەرێمى كوردستان, هەرێمێكى تايبەتييە و لەو ڕۆژەى كە دامەزراوە خۆى و بڕيارەكانى هەمووى پەسەندن و جێگـاى ڕەزامەنـدين, بـەلاَم مـاوە مـاددەى 140 كـە ديـارى كردنـى ئـەو سـنوورە دەكـات, كـە ديـارى ئـەو

مەسەلەیە دەکات, گرنگی ماددەی 140 لێرەدایە, یەعنی دیاری کردنی ئەو سنوورە پێی دەوترێت سنووری هەرێمی کوردستان, لەبەرئەوە گرنگی ئەو ماددەیە لێرە بەدیار دەکەوێت, زیاتر قسەی لەسەر دەکرێت و, هەندێ جار ئەو ماددەیە لەلایەن پێکهاتەکانی تری عێراق, گفتوگۆی لەسەر دەکرێ و قسەی لەسەر دەکرێ, لە جێگای ترەوە, راستە ماددەی 140 بۆ هەموو عێراقە, بەلاَم جیاوازی ناوچە رزگار کراوەکانی هەرێمی کوردستان, لەگەڵ ناوچەکانی تری عێراق زۆر جیاوازی هەیە, ئەگەر گرفتێ لەنێوان رمادی و کەربەلا هەبێ, ئیداریە لەسەر سەحرایە, بەلاَم هەرێمی کوردستان ئەو ناوچە دابڕاوانە هەمووی پڕ لە دانیشتوانە, یەعنی هەرسێ بڕگەکەی تیا جێبەجێ دەکرێ, هەم تەتبیع, هەم ئیحصا و, هەم ئیستفتا, بەلاَم ئەو شوێنەی کە لەعەرەبستانە ماددەی 140 ئەیگرێتەوە, هەمووی ئیدارین هیچ یەك لەمانە نایگرێتەوە, ئەوە نەبێ بەبیانوو بۆ ئەوەی ماددەی 140 یا لاواز سەیر بکرێ, یان دوا بخرێت, ئەم دوو فەقەرەیە کە سەرۆکی حکومەت دیاری کرد, تەعدیلی دەستوور و ماددەی 140 فعلەن هیچ شتێ نەکرێ, منیش دەنگم دەخەمەپاڵ دەنگی ئەو دوو برایە, فعلەن هیچ شلی و هیچ شتێ نەکرێ, یەعنی ئەو شلیە لەسەحافە دیارە, لە چاو پێکەوتنە, لەقسەکردنە, لەتەحلیل کردنە, ئەمەش ئەیەوێ رۆشەنبیریەکی جدی لەلایەن مەرجەعیەتی حکومەتەوە, یان پەرلەمانەوە گرنگی پێ بدرێ بەم مەسەلە گرنگانە, مەسەلەی ئاوە, مەسەلەی نەوتە, مەسەلەی دەسەلاَتی ئەقالیمەکانە, گرنگیەکی وای پێبدرێ ئەوە کەئەبێتە بڕیار خەڵکیش ئیستعدادێکی بۆ دروست ببێ و قوەتێکی بۆ دروست بێ, کە ئەمە حقیقەتە و ئەمە راستە, لەبەرئەوە منیش ئەوەم زۆر لا گرنگە, پەرلەمان بڕیارێکی وازح و سەریع بدات لەسەر ئەو مەسەلە گرنگانە, من پێم وا نییە تەئجیلی دەستوور, شتێکی تر ئەوەی کە ئێستا دانراوە لەمە بەهێزتر و موتەفیق عەلەیهی تر دابنرێ, لەبەر ئەوە لایەنەکان بەهیچ جۆرێك لەسەر ئەوە کۆك نابن, شتێکی بەهێز تر و چاکتر لەوەی کە ئێستا دانراوە ببێ, ماوە ئێمە ماددەی 140 بکەینە ئەساسێکی زۆر گرنگ, جەختی لەسەر بکەین, بەهیچ جۆرێك مەجالی ئەوە نەدرێ دوابخرێ, بڕیارەکان لەکاتی خۆی بدرێ, ئەو سێ قۆناغە کە بڕیارەکە دراو قۆناغی مانگی 7 و قۆناغی مانگی 11, بڕیارەکە لە وەختی خۆیان بدرێ, ئەگەر دواشبخرێ جێبەجێ کردنەکە دوابخرێ, نەك بڕیارەکە, ئێمە دەبێ زۆر پێدابگرین لەسەر ئەوە, کە لەمانگی 7 بڕیاری ئیحصا بدرێ, لەمانگی 11 ئیستفتا بدرێ, ئەگەر خۆی دواکەوێ, ئەوا رۆتینەکە بێ, یان تەنفیزەکە بێ, سوپاس.

**بەڕێز قادر سعید خضر(زانا):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دوای بەخێرهاتنی سەرۆك وەزیر و وەزیرە بەڕێزەکان, دیارە لێرە دوو بابەت عەرز کرا,سەبارەت بە ماددەی 140, من تەوقعم دەکرد لیژنەی 140 لە پەرلەمانی کوردستان کە لیژنەیەکی کاتییە, دەمێکە جێگیری سەرۆکی پەرلەمان سەرۆکایەتی دەکا, کاری زۆریان کردووە, راپۆرتیان هەبا, چالاَکی خۆیان, تەصەوری خۆیان ئەوانیش با وەزعەکە بخەنە روو بۆ ئەو کۆبوونەوەیە, نوێنەری سەرۆکی هەرێم بۆ ماددەی 140, لەئیعلام زۆر بەرەشبینی باسی ئەکات, هەندێ حەقائیقی تاڵ ئەخاتە ڕوو, ئەوانیش یان

راستن دەبێ لەسەریان رابوەستین چارەسەریان بکەین, یان وانینە، وەزیر کاك محمد ئیحسان دەبوایە روون کردنەوەی لەسەر کردبا, ئەگەر راستن پێویستن ئێمە هەڵەکانی خۆمان راست بکەینەوە, چیتر بەردەوام نەبین لەسەریان, دیارە زۆر باس دەکرێ, پێم باشە لە ماددەی 140 وەکو یەکێ لەبرادەران شیعارێکی هەڵگرتبوو (لاتأجیل، لا تعدیل، لاتعطیل), سەبارەت بە ئەو دەستوورەی کە زۆر پێوەی ماندووبووین تاکو بەو نەتیجەی گەیشت, دوای ئیستفتای دەستوور ماددەیەك زیاد کرا, بەناوی ماددەی 142 لەدەستوری فیدراڵیدا, ئەوە دەبێ مەعلوم بێ لەلایەن ئەندامانی پەرلەمان, ماددەی 142 بۆ رەزامەندی عەرەبە سونیەکان بوو ماددەیەکە ئیستفتای لەسەر نەکراوە لەلایەن گەلی عێراق, دوایی ئیزافە کراوە, ماددەیەکی ئیستسنایە, کاتییە موقەیەدە, چۆن دەبێ عیلاقەی رەبت بکەین لەگەڵ ماددەی 126, کەباسی تەعدیلی دەستوور دەکات لەحاڵەتێکی ئاساییدا, من پێم وایە نوێنەرانی ئێمە لەو لیژنەیە تەفسیرێکی باشیان نەبووە, بۆ تێگەیشتن لەتەعدیلەکە, لەیەکەم کۆبوونەوە کە لێرە لەپەرلەمانی کوردستان کرا, بە ئامادەبوونی ئەنجومەنی نوێنەران لە ئەنجومەنی نوێنەران, من ئیعتیرازم دەربڕی, چۆن دەبێ مەبادئی ئەساسی دەستوور تەعدیل بکرێ, هیچ تەعدیلێك نایگرێتەوە, ماددەی 146 دەڵێ هیچ تەعدیلێك نایگرێتەوە, بەڵام برادەران جوابیان دامەوە وتیان ماددەی 140 هەمووی تەعدیل دەکات, کەچی ئێستا هاتوونە, رۆژی شەممە ئێمە کۆبوونەوەمان لەگەڵیان هەبوو, نەدەبوایە ئەساسی دەستور تەعدیل کربوایە, چونکە ماددەی 126 دیاری کردووە, ئەو دوو تەفسیرە جیاوازە, دەبوایە جەماعەتی ئێمە تەمەسوکیان بەو تەفسیرە کردبوایە, ماددەی 142 بۆی نییە مەبادئی ئەساسی تەعدیل بکا, حقوقی ئیقلیم تەعدیل بکا, نابێ ئەو شتانە تەعدیل بگرێتەوە, ئێستاش راپۆرتەکە پێشکەشی پەرلەمانی بەغدا کراوە, بۆ ئەوەی قبوڵ بکرێ یان رەفز بکرێ, ئێمە رەفزی دەکەین بەموتڵەقی, لەوانەیە بڕوا, ئەگەر رۆیشت تەنها یەك کارتمان لەدەستماوە, ئەویش ئەو سێ پارێزگایەیە, کە بتوانین 2 لەسەر 3 ی دەنگدەرانمان دەنگی پێنەدەین و رەفزی بکەین, ئەو تەعدیلاتەی کەکرا زۆر زۆر مەترسی دارە, ئێستا ئێمەی کردۆتە حکومی زاتیەکی موحتەرەم, چونکە یەکەم/ صلاحیاتی حەصری زیاد کردووە, هەرچەند صلاحیەتی حەصری زیاد بێ صلاحیەتی هەرێمەکان کەم دەبێتەوە, دووەم/ هەندێ صلاحیاتی موشتەریکە هەیە, دەگەڕێتەوە سەر صلاحیاتی حەصری, صلاحیاتی ئەقالیمە ئەویش کەم کراوەتەوە, کەواتە ئەمە شتێکی زۆر خراپ بووە, پێویستە هەموومان بەیەك دەنگ رەفزی بکەینەوە, هەتا سەر نەگرێت, زۆر سوپاس.

**بەڕێز کرخی نجم الدین نوری الدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشەکی بەخێرهاتنی جەنابی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان و هاوکارانی دەکەین, لەڕاستیدا ئەوانەی کە باسکرا, دیارە ئیشی زۆری لەسەر کراوە, سوپاسی هەموو ئەو برادەرانە دەکەین کە بەجدی چوینە ناو ئەو بابەتانە, بەڵام ئەوەی ئێمە پێمان موهیمە, لەهەمووی زیاتر بۆ ئێمە کاریگەر ترە ماددەی 140, ئەو قسەی کە دەکەین ئەوە نییە کە ماددەکانی تر گرنگی نییە, ئێمە وەکو تورکمان ماددەی 140

نوقتەیـەکی زۆر گرنگـە, ئێمـە لەمێـژووی رابردوومانـدا لـەو موعاناتانـەی کـە خـەڵکی عێـراق بەگشـتی و کوردسـتان بەتایبـەتی چێشـتوویەتی, ئێمـە بەشـێکی چـاکمان هـەبوو لـەو موعاناتانـە, ئێمـەش خـەڵکمان لەسـێدارە دراوە, گونـدمان رووخـاوە, ئێسـتا مـاددەی 140 هـاتووە بـۆ قـەرەبووی ئـەو زوڵـم و زۆردارانـە, لەڕاستیدا ئێمە بۆیە جەخت لەسەر ئەوە دەکەین, ماددەی 140 لەکات و ساتی خۆی جێبەجێ بکرێ, ئـەو زوڵم و زۆرداریە بەشێکی قـەرەبوو بکرێتـەوە, ئێمـە وەکو تورکمـان دووبـارە داواکاری ئـەوەین کـە بـەهیچ شـێوەك رێنـەدرێ, بـەهیچ لایەنـەك دەسـتکاری ئـەو ماددەیـە بکـرێ, ئـەو ماددەیـە لـەکات و سـاتی خۆیـدا جێبەجێ بکرێ, لەبەر ئەوەی ئێمە پێمان وایە تورکمان گـەورەترین موسـتەفید دەبـێ لەجێبـەجێ کردنـی ئەو ماددەیە, گوندەکان چاك دەکرێنەوە, ئـەرازی زراعیـەکانمان دەگەڕێتـەوە, ئـەو خەڵکانـەی کـە تـەهجیر کرابـوون بـەزۆرە ملـێ, بگەڕێنـەوە شـوێنی بـاب و بـاپیری خۆیـان, جگـە لـەوەش ئـەو ئیرهابیـە و ئـەو ناسەقامگیرەش لەوێ هەیە کۆتـایی پێـدێ, خـەڵکی ئێمـەش زۆر بەئاسایانە دەتـوانن ژیـانی خۆیـان بەسـەر بەرن, ناتوانین تەفسیر بدەینە هەر لایەنـەك کـە خـۆی بـە پەرۆشـی تورکمـان دابنـێ, بـەڵام دژی جێبـەجێ کردنـی مـاددەی 140 بـێ, ئـەوە عیلاقـەی بـە بەرژەوەنـدی گـەلی تورکمانـەوە نییـە, ئێمـە لێـرە دووپـاتی دەکەینـەوە, کـە رەئیـی زۆربـەی زۆری گـەلی تورکمانـە, مـاددەی 140 لەبەرژەوەنـدی تورکمـان دایـە, دەبـێ لەکات و ساتی خۆیدا جێبەجێ بکرێ, بۆ ئەوەی ئێمەش سوودمەند بین تیایدا, زۆر سوپاس.

**بەڕێز گەلاوێژ شابا ججی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەخێرهاتنی سەرۆکی حکومەت و هاوکارانی دەکەم, من پێشەکی دەست خۆشی دەکەم لە جەنابی سـەرۆکی حکومەت بۆ پێکهێنانی ئەو لیژنانە, بەدواداچوونی مەوزوعەکانـەوە, دووەمـین/ گۆڕانکاریـەکانی دەسـتوور, کاتێك کە گۆڕانکاری دەکرێ, یان داواکراوە کە ئەو ماددەیە ئیزافە بکرێ لەدەستورا, ئەکیـد بـۆ بـەرەوپێش چوونی دەستوورەکەیە نەك دواخستنی, دەستووریێك داوا دەکەین بگۆڕدرێ, کە مـافی هـەر تاکەکەسـێك تیـا دیاری کرابێ, مافی هەر تاکەکەسێکی تیـا مـەزمون بێـت, هەرنەتەوەیـەك لەهـەر پێکهاتێـك لەپێکهاتـەکانی گـەلی عێـراق, لەهەموویەشـەکانی, بەنیسـبەت مـاددەی 140 ئێمـە لەگـەڵ ئـەوە دایـن کـە ئـەو ماددەیـە دوانەخرێ, لەکات و ساتی خۆی جێبـەجێ بکـرێ, ماددەیـەکی دەسـتووریە وڕێگـا پێنـەدرێ دوابخـرێ, ئێمـە وەکو نەتەوەی گەلی کلدان و ئاشووری, بەپێی ماددەی 125 ی دەسـتوورو, بـەپێی ئـەو وەحـداتی ئیداریـەی کەهەیتمان دەمان درێتەوە, بەتایبەتی لەسەر نەینەوا, کە بەقەرارێك لـە حکومـەتی دیکتـاتۆرەوە دەرچـوو, هەزاران پارچە زەوی دراوە بەخەڵکانێك, نمونەتان بۆ دەهێنم قەڕاری 117 یە, بەناوی شەریکەی جابر بن حیان لەناوچەی تلکێف, بەهەزاران پارچە زەوی دابەش کراوە بـۆ خـەڵکانێك کـە هـی دەرەوەی ناوچـەکەن, ئەگەر ئەو ماددەیە تەتبیق بکرێ, بۆ هەموو ناوچەکانەوە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد صالح احمد(دیلمان ئامێدی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشەکی بەخێر هاتنی سەرۆکی وەزیران و وەزیرە بەڕێزەکان دەکەم و, پشتگیری پێشنیارەکەی دەکەم بۆ دوروست کردنی هەر چوار لیژنە, زۆر سوپاسی دەکەم بۆ ئەوەی ئەو مەعلوماتانەی گەیاندیە ئێمە, تاکو بەڕێگای مە بگەنە خەڵك, نەك تەنها ئێمە بەڵکو خەڵکی دیکەش ئەو مەعلوماتانەی نییە, تا ئێستا لەسەر ئەگەرەکان و مەشاکیلەکانی کە هەینە لەبەینی حکومەتی هەرێم و حکومەتی ناوەندی, بەڕەئیی من ئەگەری ئەوە لەئارادایە, ماددەی 140 تا کۆتایی 2007 جێبەجێ نابێ, چونکە قۆناغی یەکەم کە دەبوایە لەمانگی ئادار جێبەجێ بێ, جێبەجێ نەبوو, ئەوە دەچینە مانگی حەوت، قۆناغی دووەمیش رەنگە هەمان حاڵەت وەربگری, لەبەرئەوە ئێمە دەبێ ئەولەویاتی خۆمان دابنێین بۆ جێبەجێ کردنی ئەو ماددەیە, لەئەولەویاتی پەرلەمان و حکومەت و گەلی کوردستان و هێزە سیاسیەکان هەمووی بێت, ئێمە زەروریە کە جەخت لەسەر مەبادیئە سەرەکیەکانی دەستوور بکەین, هەرچەندە ماددەی 126 ئیستسنا دەکا, نابێ گۆڕانکاری بکرێ, بەلاٌم ئەوە بەدەرجەی یەکەم سیستەمی دیموکراتی و مافە سەرەکیەکانی مرۆڤ و ئازادییەکانە, لەماددەی 140 زەروریە کە هەر بەردەوام بین لەسەر جێبەجێ کردنی, چونکە جێبەجێ نەکردنی, یان گۆڕانی ناوەڕۆکەکەی, هۆکارێکی سەرەکی دەبێ بۆ زیاتر ئاڵۆزتر کردنی وەزعەکە و, سەرنەکەوتنی پرۆسەی سیاسی لەعێراق هەمووی دا, بە تەسەوری من حکومەتی هەرێم دەبێ هەوڵ بدات, لەو ناوچانەی کەتائێستا حەسم نەبووینە, یارمەتی و هاوکاری نەکراینە, حزبەکانی ئێمەش دەبێ لەگەڵ خەڵکانی رەسەنی ئەوێ زۆرتر پەیوەندەیەکانیان توندتر و قایم تر بکەن, پرسیارێکم لەسەرۆکی وەزیران هەیە, تەنها خەڵکی عێراق یان حزبەکان دژی جێبەجێ کردنی ماددەی 140 نین, ئەوەتە تەصریحاتی خەلیل زاد، بەریتانیا, یوئێن, دەوری ئەوانە چەند دەبێ لەسەر تەئخیر بوونی جێبەجێ کردنی ئەو ماددەیە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز حمد عبدالله محمود(بەڵێن):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

زۆر سوپاس بۆ کاك نێچیرڤان بارزانی, سەرۆك حکومەتی هەرێمی کوردستان, بۆ ئەو روونکردنەوەو تەوزیحاتە جدیانەی کە پێشکەشی کردین, بۆ ئەوەی بەڕاستی چیتر نەڵێین (لا تعدیل و لا تأجیل و لا تعطیل), بچینە قۆناغی ئیجرائاتی جدی و, بۆ ئەوەی پشتیوانی لەسەرکردایەتی بکەین, لەکاتی دانیشتن لەسەر مێزی گفتوگۆ بەرامبەر ئەوانەی کە دەیانەوێ ماددەی 140و ماددەکانی تریش تەعدیل بکەن یان دوای بخەن, من چوار خاڵ دەخەمە بەردەستی پەرلەمانی کوردستان, هیوادارم لەڕاگەیاندنێك ئیعلانی بکات, یەکەم/ با پەرلەمانی کوردستان بەڕاشکاوی ئیدانەی حکومەتی مەرکەزی بکات, کە بەئیلتیزاماتی خۆی هەڵنەستاوە سەبارەت بە جێبەجێ نەکردنی ماددەی 140, دووەم/ با رابگەینێ کە پەرلەمانی کوردستان, نوێنەری خەڵکی کوردستانە, پابەندە بە دەستووری هەمیشەیی و جێبەجێ کردنی, چیتر

لەتوانای نەماوە دەستوور پێشێڵ بکرێ, بەتایبەتی لەو بڕگانەی کە پەیوەندیان بەخەڵکی کوردستانەوە هەیە, بۆیە بۆ گشت لایەك رادەگەینین, کەناچارمان نەکەن هەندێ بڕیار وەربگرین, کە خوازیاری نین, ئەوکاتیش بەرپرسیارەتی دەکەوێتە سەر ئەستۆی دەسەلآتی ناوەند, سێیەم/ با گشت لایەك ئەوە تێبگا پەرلەمانی کوردستان و سەرکردایەتی هەرێمی کوردستان, بەئەرکی مێژوویی خۆی هەڵستاوە سەبارەت بە عێراق و ئایندەی عێراق, لەبەرامبەردا رۆژ لە دوای رۆژ متمانەی خۆیان بەرامبەر ئێمە سەبارەت بەئیلتیزاماتی خۆتان, سەبارەت بە دەستوورو مافەکانی خەڵکی کوردستان لەدەست دەدەن, بۆیە ئێمە لەپەرۆشیمان بۆ عێراقێکی فیدراڵ و ئارام, بۆ ژیانێکی یەکسان و برایانە, رایدەگەینین ئەو ماوەیە لەبەردەمیان ماوە هێشتا کەم نییە, ئەگەر جدی بن لەپابەندبوونیان بەدەستوورە و, گێڕانەوەی ئەو موتمانەیەو, ڕەوانەوەی ئەو نیگەرانییەی کە خەڵکی کوردستان هەیەتی, چوار/ داوا لەسەر کردایەتی کوردستان بکەین, کە بەزووترین کات چارەسەری ئەو مەسەلانە بەلایەك دا بخات, دەرگای گفتوگۆ کردن بەڕووی تەعدیل, تەئجیلی ماددەی 140 دابخا و تەنها یەك دەرگا بکاتەوە ئەویش بە پەلە جێبەجێ کردنی ماددەی 140, هەروەها داوا لەسەر کردایەتی سیاسی کوردستان دەکەین, چیتر ئەمڕۆ بە بەیانی و بەیانی بەدوو بەیانی نەسپێرێ, چونکە ئەو ماوە کەمەی ماوە بەشی ئەوە ناکات, بۆیە پێویستە بیر لە ئیجرائاتی جدی بکاتەوە, ئەگینا پەرلەمانی کوردستان ناچار دەبێ داواتان لێبکات, دەست لەکاروباری بەغدا هەڵبگرن و بگەڕێنەوە کوردستان, زۆر سوپاس.

**بەڕێز باپیر کاملا سلیمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەرەتا بەخێرهاتنی سەرۆکی وەزیران و وەزیرە بەڕێزەکان دەکەم, حقیقەت دەربارەی ئەو کێشە وگیرفتانەی کە ئێستا رووبەڕووی خەڵکی کوردستان بۆتەوە, من پێم وانییە هەر مەسەلەیەکی دەستووری بێت, پیلانێکی هەرێمی نێودەوڵەتییە, پیلانەکە لەدوو لایانەوە وەیە, پیلانێك: دەیەوێ پرۆسەی سیاسی لەعێراق پەك بخا, لەهەمان کاتدا بەمەبەستی کەم کردنەوەی ئەو کیانەی کەدروست بووە لە کوردستان, ئەو واقیعەی کەهەیە, ئەزموونی کوردستان, حکومەتی هەرێمی کوردستان, پەرلەمانی کوردستان, زیاتر لەلایەن وڵآتانی داگیرکەرانی کوردستان بەرجەستە ئەکرێ, ئەویش لەلایەن ئەو محوەرانەی کە دژ بوونی ئەمریکا و هاتنی ئەمریکان لێرە, لەلایەکی تر دوا بە دوایانە لە سەرهەڵدانێکی تر سەری هەڵدا, لەمحوەرێکی تر جێگایی نیگەرانییە, دۆستی ئەمریکان, یان وڵآتانی عەرەبی سونە, کە پشتیوانیان کرد لە بەرەیەکی سیاسی, ئەویش پەك کەوتنی ئەو پرۆسەی سیاسیەیە نەخشەی سیاسی یاخود لەدەستووری هەمیشەیی عێراقدا, بەمەبەستی کەم کردنەوەی مافەکان و خواستەکانی گەلی کوردستان, ئەوە من پێم وایە لێرە دەبێ سەرکردایەتی سیاسی کورد, سەرۆکایەتی پەرلەمان, سەرۆکایەتی حکومەت پێداچوونەوەی لەناوەخۆ, لەئاستی پەیوەندیەکانی دا بکات, زیاتر دانوستاندن لەگەڵ دۆستەکانمان لەگەڵ ئەمریکا بکەین, دیقەت بدەین مەسەلەی راپۆرتی بیکر و هاملتۆن, پێداچوونەوەیەك بکەین, خەریکە وردە وردە

بەبێ دەنگی بیانەوێ جێبەجێی بکەن, ئەوە لە ستراتیژیەتی بۆش, ئیدارەی ئـەمریکا لـەو دوا بەدوایـە زۆر روون نییـە, لایـەکی تـر راپـۆرتی بێکـر هـاملتۆن خەریکـە جێبـەجێ بکـرێ, برێـمەر لێدوانـەکانی جێگـای گومـانن, گـەورە بەرپرسـان بەشـێوەیەکی تـر, لەلایـەکی تـر ئـەو لیژنەیـەی تایبـەت بـوو بـە لێکۆڵینـەوەی تایبـەت، بەتایبـەت لێکۆڵینـەوەی بـە فەیرانـە نێودەوڵەتیـەکان, ئـەوانیش ئاماژەیـەکی تـرە بەتایبـەتی کـە لەکێشەی کەرکووك ئەکۆڵێتـەوە, مەسـەلەی خـەلیل زاد کـە داوا دەکـات کێشـەی کـەرکووك بدرێتـە نەتـەوە یەکگرتووەکان, ئەوەش گومانێکی تر لەلای خەڵکی کوردستان دروست دەکـات, بـۆ رواندنـەوەی هـەموو ئـەو گومانانە, من پێم باشە دانوستاندنێکی جدی لەگەڵ ئەمریکیەکان بکرێت, چونکە تاکە دۆسـتیان ئێمەیـە, بۆ دیاری کردنی هەموو ئەو کێشە هەڵواسراوانەی کە لەعێراق کاك نێچیرش فـەرمووی کـە دانوسـتاندنێکی جدیان کردووە, بەشێکی دانوساندنەکان لەگەڵ ئەمریکیان بووە, من پێم وایە لەو رۆژە بێـت, مـن پێشـنیار دەکەم بۆ ماددەی 140 پێداچوونەوەی یەکـەم لـە ئالیـەتی کـەرکووك بکـەین, بەتایبـەتی لەمەڵبەنـد و لـق پێویسـتە یەکسانگیریەکی بـەهێزتر یـان هـەبێ, خۆیـان دووربخەنـەوە لەحزبـەکان, ئـەوە چـونکە خـەڵکی کەرکووك نارەزایی خۆیان لەم رووەوە دەردەبرن، ئەم پێداچـوونەوەیە بکـرێ, پێویسـتە لـەماددەی 140 دا هەنە, پێشبخرێن شـار و شارۆچکەکان و ئیـدارە و مەسـەلەی هاوردەکـان هەنـدە ئێمـە پێـی پـێ دانـەگرین, گێرانەوەی ئاوارەکان بکەینە ئەولەویات, ئەو کێشەیە بەمیللی بکەین, بۆ ئەم مەبەسـتەش گـەلی کوردسـتان لە باشوری کوردستاندا هەرەشەیەکی جدی دایە, لـەقۆناغێکی ناسـکدایە, مـن پێشـنیار دەکـەم کۆنگرەیـەکی نەتەوەی ببسترێ بـۆ ئـەوە, لەلایـەکی تـر ئـەو بەرانـەی کـە دروسـت دەکـرێن, هێڵـە سـوورەکان دابنـرێ بـۆ ئەوانەی لە بەرژەوەندی ئاسایشی نەتـەوە نینـە, ئەمـە حکومـەتی هـەرێم بەجـدی لەسـەر ئـەوە راوەسـتێ, پەرلەمان بەجدی لەسەر ئەوە راوەستێ, زۆر سوپاس.

**بەڕێز محسن علی أكبر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەرەتا بەخێر هاتنی سەرۆکی حکومـەت و وەزیـرە بـەڕێزەکان دەکـەم, دەسـت خۆشیشـی لێدەکـەم بـۆ ئـەو هەموو کارانەی کە کردوویانە, بەڕاستی من ئەمەوێ باس لەو داخوازیانە بکەم, کە لەدەستووری عێراقەوە هاتووە, دیارە جەوهەری خەباتی کوردستان لەپێناوی ئەو ماددانـە بـووە کـە لەدەسـتوورا هـاتووە, پووچـەڵ کردنەوەی ئەو ماددانە بەواتای ئەوەیە کـە گـەلی کـورد هیچـی نـەکردووە, ئـەگینا ئـەوەی ئێسـتا هەیـە ئـەو پارێزگایانەی کە لە ژێـر دەسـەلاتی خۆمـان دان, لەسـەردەمی رژێمـی پێشووشـدا هـەر دانرابـوو, سـلێمانی و هەولێر و دهـۆك هـیچ شـتی تـری زیـادە نەهاتۆتـە پێشـەوە, ئـەوەی ئێمـە داکـۆکی بـۆ دەکـەین, ئـەوەی کـە خەباتی گەلی کوردستان ئەوەیە کە ئەو ناوچانەی لەژێر دەسەلاتی ئێمەدا نەبوون پێشتر ئەوانە بگەڕێنەوە سەر هەرێمی کوردستان, پێم وانییە هیچ کەسێ بتوانێ قەرار بدات بۆ دواخستنی, یـان پوچـەڵ کردنـەوەی ئەو ماددانەی کە لەدەستوور هاتووە, هەموو لایەکەمان ئەوەمان زانیوە، یەعنی رژێمی پێشوو، رژێمـە یـەك بەدوای یەکەکانی عێراق, ئەو گۆڕانکاریانەی کەبەسـەر عێـراق هـاتووە, لـەرۆژی دامەزراندنیـەوە, بۆیـە تـۆ

ناتوانی تاکو ئەمڕۆ بەهۆی ئەو مەسەلانە بووە, کە بەهەڵواسراوی ماونەتەوە, یەکێك لەگرنگترین ئەو کێشانە, کێشەی گەلی کوردستان بووە, ئەوەش بۆتە هۆی ئەو نەهامەتیانەی لەناو عێراق دروست بووە, پێم وایە شەڕی عێراق و ئێران, داگیر کردنی کوێت, لە تەداعیاتی ئەو مەسەلەیە بووە کە بە چارەسەر نەکراوی ماوەتەوە, لەکاتی دامەزراندنی عێراق بڕیار وابوو مافی گەلی کوردستان جێبەجێ بکرێ, بەڵێن و وەعدەکانی ئەو کاتە تەمیع کرا, تاکو گەیشتە ئەو سەردەمانی و, لەڕووخانی رژێمەوە هێزە سیاسیەکان و قیادە سیاسیەکانی گەلی کوردستان تەرف بوون, لە پێکهێنانەوەی دەوڵەتی عێراق، پێم وانییە داوای شتێکی زۆر گەورەو شتێکمان کردبێ, ئەوە مافی خۆمان نەبێ، قوربانی زۆرمان بۆیان نەداوە؟ من پێم وایە خەتەرێکی زۆر گەورەیە هیچ کەسێ ناتوانێ هینی بکات, ماددەی 140 ئەوە ماددەیە خەباتمان بۆ کردووە, مەسەلەی دەسەڵاتی حەصری, لەم پێش ئەزانین، دەسەڵات لەعێراق دەسەڵاتێکی مەرکەزی بووە, عێراقی گەیاندووە بە ئەم رۆژگارەی ئەمڕۆ, ئێمە خەباتمان کردبێ لەپێناوی ئەوەی دابنیشین پێمان بڵێ مەنتیقەی حوکمی زاتی, یان هەرێمی کوردستان بەبێ دیاری کردنی سنوورەکان و بەبێ دیاری کردنی ئەو دەسەڵاتەی کە بۆ هەرێمەکەمان ئەبێ, ئەگینا ئێمە خەباتمان لەپێناوی چی کردووە؟ ئەگەر ئێمەش موافەقەت بکەین لەسەر ئەو مەسەلەیە تەعدیل کردنی دەستوور، گەلی کوردستان موافەقەت ناکات, کێشەکان لەناو عێراق وەکو خۆی ئەمێنێتەوە, عێراقێکی یەکگرتوو کەهەموو لایەکمان ئەمانەوێ, پێم وانییە بەیەکگرتوویی بمێنێتەوە, ئەوانەی کەترسیان هەیە لەجێبەجێ کردنی ئەو ماددەیە, گوایە عێراق دابەش ئەکات, من پێم وایە بەپێچەوانەوە تەتبیق نەکردنی ئەم ماددانە, ئەبێتە هۆی دابەش بوونی عێراق و, عێراق نابێتە عێراقێکی یەکگرتوو, ئێمەش ناتوانین لە عێراقێك بەشداری بکەین پڕ لەشەڕ و کێشەو کارەسات بێت, زۆر سوپاس.

**بەڕێز د0ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشەکی بەخێر هاتنی سەرۆکی وەزیران و یاوەرانی دەکەین, دەست خۆشیان لێئەکەین لەو کارانەی کە کردوویانە لەو ماوە کورتەی کە چوونە بەغدا, بەڵام ئەوەی من تێبینیم کرد لەو راپۆرتانەی هەروەها ئەو راپۆرتەی کە لیژنەکە ئامادەی کردووە لە 39 کەس پێك هاتووە, خۆزگە نوێنەرانی ئێمە کە لیستی هاوپەیمانانی کوردستان, ئەم پرۆژەی ئێستا لەبەردەستمان دایە هیی تەعدیلەکە, خۆزگە ئیمزایان نەکردایە، یان بکشابانەوە, چونکە ئەو وەختی ئێمە موداخەلاتمان زیاترە ئەبوو, چونکە ئەوانە ئێستا ئیمزایان کردووە, راستە ئەمە مولزەم نییە, باسی ماددەی 142 کرا, ماددەی 142 ماددەیەکی دەستووریە, ئێمە خۆشمان دەنگمان پێداوە, ئەگەر ماددەی 142 نەبوایە, لەوانەیە عەرەبی سونە موشارەکەیان نەکردبوایە, ئەو کات دەستوور نە ئەبوو بە دەستوورێکی شەرعی, ئەمە داخوازی ئێمە کە کاتی خۆی وتمان سێ موحافەزە, ئەگەر دوو لەسەر سێ لە خەڵك دەنگیان نەدا بە دەستوورەکە, ئەو کات نابێتە شەرعی, من پێم وایە ئەو ماددەیە لەبەرژەوەندی ئێمە بووە, ئێستا بەپێچەوانە بەکاردێت, ئەمە شتێکی ترە, ماددەی

140 بەداخەوە زۆر شتی بۆ کراوە, من ئاگادارم لەهەردوو ئیدارەی سلێمانی و هەولێر, لەهەولێر نزیکەی سەد ملیۆن دۆلار بۆ کەرکووك سەرف کراوە, سلێمانیش نزیکەی نۆوەت و دوو ملیۆن دۆلار سەرف کراوە, ئەمە جگە لەوەی کە پارتی و یەکێتی سەرفیان کردووە, بەلاَم بەداخەوە وەکو پێویست, من نایبینم جێی خۆی گرتبێ, ئەو ئیمکانیەتە کەوا سەرف کراوە, بۆیە تکام وایە بەنیسبەت ماددەی 140 هەتا پێی دەکرێ ئیمکانیەن بۆ ئەو مەسەلەیە هەولْ بدەین, بەڕاستی ئەوەی پەیوەندی هەیە ئەوەی کاك عوسمان وروژاندی ئەمە جێی خۆیەتی, ئێمە ئەو پرسیارە لەبرادەرانمان بکەین, کە ئەوانیش ئەندامن لەلیستی نیشتیمانی دیموکراتی کوردستان, ئەوان لەگەلْ ئێمە بووینە و, دەنگیان داوە بەو بەرنامەیەی, بەلاَم بەداخەوە ئەو جبهەیەی، ئەوەی ئەوان چونەتە ناوی, دژی ئەو ئاوات و ئامانجانەن کە ئێمە خەباتیان بۆ دەکەین و قوربانیامان بۆ داوە, بەداخەوە من گوێم لەمامۆستا کاك صلاح الدین بهاالدین نەبوو, بەلاَم خوێندمەوە هەندێ شتی, ئەو ئەلْێ ئێمە سەربەخۆین, راستە ئێمە سەربەخۆین بۆ هەندێك مەسائیل, نەك ئێمە سەربەخۆین بەرامبەر بەرنامەیەك, بۆ من پێم وانییە ئەوانەی کە ئەوان پەیوەندیان لەگەلْ بەستووە, جەبهەیان بەستووە, ئەوانە بێ کە شایستەی ئەو رێز گرتنە بن, مام جلال باش وەصفی بەشێك لەو ئەشخاصانەی کرد, لەبەرئەوەی پێش هەموو شتێ هەم پەرلەمانی کوردستان بەڕاستی هەلْویستی هەبێ, هەم راستە هەردوو حیزبی هاوپەیمانی کوردستان, پارتی و یەکێتی هەلْوێستیان هەبووە, بەلاَم هەتا ئێستا نەپەرلەمانی کوردستان هەلْویستی خۆی دیاری کردووە, نە حکومەتی هەرێم, بەلاَم ئەبێ یەکگرتووی ئیسلامیش هەلْویستی خۆیان بە ڕاشکاوانە بەرامبەر ئەم مەسەلەیە روون بکەنەوە, لەگەلْ رێز و سلاَوم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

نەخێر ئیمزایان نەکردووە, تەنها پێشنیارە هەریەکە رای خۆی دەلْێ, ئێستا ئەندامێکی سەربەخۆیە لەناو لیست, رێگای پێ ئەدەم قسە بکات, فەرموو کاك د0 نوری.

**بەڕێز د0 نوری جمیل تالَەبانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سوپاستان دەکەم, کەسی بێ لایەن لەولاَتی ئێمە وەکو کەسی بێ پشت و پەنا تەماشا دەکرێت, بەلاَم باشە لێرە رێگایان پێدام, پێشەکی بەخێر هاتنی جەنابی سەرۆکی حکومەت دەکەم و, پشتگیری لە قسەکانی و پێشنیازەکانی دەکەم, هەندێ خالْ هەیە دەمەوێ روونی بکەمەوە بۆتان, یەکەم/ جەنابی ئاماژەی بەناوی چەند دەولَەتێك کرد, کەداهاتی پترۆلْ هی هەرێمەکانە پاشان دابەش دەکرێت, پاشان ناوی ئەمریکای هێنا, دەولَەتێك نزیکی ئێمەیە دەولَەتی ئیماراتی یەکگرتوو, لەوێ داهاتی پترۆلَەکان دەچێتە ناو خەزینەی ئیماراتەکەوە بەو رێژەی بۆی دیاری کراوە, بەشی حکومەتی ناوەندی دەدات, دەولَەتێکی عەرەبیە و, هەورەها دراوسێشمانە, هەروەها پشتگیری لە جەنابی دەکەم کەوا چوار لیژنە پێك بێت لەناو پەرلەمانەدا, بەلاَم چاکترە ئەندامانی لە 5 کەس زیاتر نەبن, ئەو لیژنانە چاکترە کەسانی قانونی تێدابێ, بۆ ئەوەی راپۆرتی خۆیان لەماوەیەکی دیاری کراوەدا ئامادە بکەن, پێشکەشی سەرۆکایەتی پەرلەمانی بکەن, ئەوەی

که گوێم لێبوو له قسەکانی جەنابی سەرۆکی حکومەت و برادەران لەناو پەرلەماندا, من دوو ڕۆژ پێش ئێستا ڕاپۆرتێکم ئامادە کردووە, دابەشیش کراوە بەسەر هەموو ئەندامانی پەرلەماندا, لەو باوەڕەدام کە بەشی زۆری وتەکانی هەموویان بە پوختەیی و بەزمانێکی قانونی داڕێژراوە, پێشنیاز دەکەم ئەگەر پەسندی دەکەن, ئەوە ببێتە بنەما بۆ ئەوەی بڕیارێك ئەمڕۆ لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە, ئاراستەی هەموو لایانە پەیوەندیدارەکان بکرێ, بەزمانی کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی, بەزووترین کاتیش دابەش بکرێ, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕاستی هەندێ ئاماژە بەمەسائیلی گرنگ کرا, وەختی جەنابی سەرۆکی حکومەتیش کەمە, بەلأم من تەعلیقێکم لەسەر قسەکانی کاك زانا هەیە, لەو هەموو قسە گەشبینانەی کە کراوە تەنیا ئاماژەی بەقسەیەکی ڕەشبینی نوێنەری سەرۆکی هەرێم کرد, مانای وایە تەعبیر لەواقیعەکە دەکاتن, بە ئیجازەی کاك سەعد, کاك قادر زۆرجار خۆی ڕەشبینە لەهینەکاندا, بۆ هۆشیار کردنی خەڵکە , ڕەشبینی هین ئەکات, بۆ ئەوەی خەڵك هۆشیار بێت, ئاگادار بێت نەوەك پیلان دابنێن بۆیان, بەلأم مەبەست لەوەدا نییە, بەلأم هەموو کەسێك گەشبین بێ باش نییە, ئەو مەوزوعەی کاك د0 ناصح باسی کرد, کاك عوسمانی باسی کرد, حەقی خۆتانە لێرە باسی بکەن, بەلأم بیخەنە بەرنامەی کارەوە, ڕۆژێکی تری بۆ تەرخان بکەن, ئەوانیش نوێنەریان لێرە هەیە, دەتوانن وەلأم بدەنەوە فەرموو.

**بەڕێز هیوا صابر احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەگەرمی بەخێرهاتنی سەرۆکی حکومەت و یاوەرانی دەکەین, ئێمەش دەنگی خۆمان ئەخەینە پاڵ لیست و هەموو لایەنەکان بۆ جێبەجێ کردنی ماددەی 140, هەروەها بەکارهێنانی هەموو کارتەکانی فیشار, لەبەرامبەر جێبەجێ کردنی ئەو ماددەدا, چونکە پیلانی زۆری لەسەرە, لەسەر ئاستی ناوەخۆ و, لەسەر ئاستی هەرێمایەتی و ئقلیم بەشێوەیەکی گشتی, ئەو بابەتەی کە ئەو دوو بەڕێزە باسیان کرد, بەشداری یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان لەکۆبوونەوەی چەند لایانێکی عێراقی لەقاهیرە, ئێمە لەڕاستیدا پێمان خۆش بوو ئەو بابەتە زیاتر بەرنامەیەکی پەرلەمانی بۆ دیاری بکرێت, وەکو جەنابت فەرمووت, بخرێتە بەرنامەی کاری پەرلەمانی کوردستان بۆ جەلسەی داهاتوو, تێپەڕاندنی ئەو مەوزوعە, ڕوون نەکردنەوەی ئەو مەوزوعە چەواشەکاریەکی زۆر ڕوو ئەدات, ئێمە وەکو یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان, هەر لەسەرەتای خۆ ڕاگەیاندنەوە ئەوەمان ڕاگەیاندووە, خزمەت کردنی هەرێمی کوردستان, ستراتیژیەتی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستانە, لەماوەی ساڵانی ڕابردووە, بەشاهیدی هەموو لایەك هێزێکی کارا بووین لەخزمەت کردنا و, لەسنووری توانا و, گونجاندنی خۆمان و, بەشداریمان لە کۆبوونەوەی قاهیرە لەهیچ تاریکاییەك نەبووە و, مەبەستی پیلانگێڕی نەبووە, ئێمە دەعوەتێك کراین بۆ قاهیرە, چەند لایەنەکی عێراقی بەشدار بوون, بۆ قسەکردن لەسەر وەزعی عێراق, ئێمە پێش چوونمان لەگەڵ سەرۆکی هەرێم,

لەگەڵ سەرۆکی حکومەت, لەگەڵ بەڕێز مام جلال, لەگەڵ جێگرەکانی بەڕێز مام جلال, لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان قسەمان کردووە, بانگهێشت کراوین, پێتان چۆنە بچین, وتویانە بڕۆن, بەڕاستی کەکەوتووینە ناو وەزعەکە هەندێ شتی ناشازمان بینی, هەندێ کەسایەتیمان بینی کە پێویست بوو لەو کۆبوونەوەیە نەبێ, چونکە بەڕاستی کۆمەڵێك لایەنی عێراق بەشدار بوون لەو کۆبوونەوەیە, بۆیە ناڕەزایمان لەبەشدار بوونی ئەو کەسانە دەربڕی, وتمان ئێمە ڕازی نابین قەزیەی عێراقی ئەوان بەشدار بن تیایدا, دوور خرانەوەو, لەڕاستیدا چەند بابەتێك تایبەت بوو بەماددەی 140, کە کاریان بۆ ئەوە ئەکرد ئەو ماددەیە دوابخرێ, ئێمە مەوقیفمان گرت بەهیچ شێوەیەك نابێ ماددەی 140 دوابخرێ, کاتی گەڕانەوەشمان بۆ هەرێمی کوردستان, ئەو مەوزوعەمان لەئەنجومەنی باڵای حزبایەتی باس کرد, کە ئێمە وەکو یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان, بەشداری ئەو کۆبوونەوەمان کردووە بەم شێوەیە, ئەصڵی بەشدار کردن باشە, لەهەر شتێ تایبەت بێ بەعیراق و بەهەرێمی کوردستان, بەڵام ئێستا بابەتەکە جدیە و, ئەنجومەن و, دەسەڵاتی سیاسی و حکومەت و پەرلەمان چۆن قەرار بدات, ئێمە بەم شێوەیە ئەکەین, لەبەرئەوە بەسەرۆکی هەرێم کاك مسعودمان ووت, بەڕێز ڕووداوی ئەو کۆبوونەوە بووە, ئەخەینە بەردەست ئەم ئەنجومەنەوە, ئایا باشە پێتان ئێمە بەشدار بین, ئەگەر پێتان باشە, وەکو لایەنەکی کوردی, بەنوێنەرایەتی کوردی بەشدار بکەین, ئەوە باشە, ئەگەر پێتان باش نییە, ئەوە بەشدار ناکەین, جەنابت خۆت موتابەعەی بابەتەکە بکە, لەبەرئەوە ئێمە وەکو یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان سوپاس بۆخوای گەورە دڵنیاین بۆ کارەکانمان, هیچ پیلانگێڕیەك نییە لەکارەکانمان, ئێمە چاك ڕێز لەیاسا, لەسەروەریەتی یاسا ئەگرین, قەناعەتمان وایە هەرشتێ لەو هەرێمە ئەکرێ, پێویستە بەئاگاداری حکومەت و سەرۆکایەتی هەرێم و پەرلەمان بێت, ئێمە هەنگاوێکمان نەناوە لەم قەزییە, لەراگەیاندنەکان کە باس کرا, جێگای پرسیار بوو بۆ ئێمە, پێمان خۆش بوو ئەوە ورووژێندرا, چونکە ئێستا شتێ وتراوە لەسەر ئێمە, ئێمە کەناڵێکمان پێویستە روون بکەینەوە کە ئەم بابەتە چۆنە, لەبەر ئەوە ئێمە موشارکەمان کردووە بۆ بابەتێك, زانیمان لێرە باسمان کردووە و داومانەتەوە دەست سەرۆکایەتی حکومەت و سەرۆکایەتی هەرێم, لەبەر ئەوە ئێستا توافەکە لە مەرمەڕی ئەوان دایە, ئیتر ئەوەی ئەڵێ پێویستیە یەکگرتوو ئینسیحاب بکاتن, لەچیدا ئینسیحاب بکەین, خۆ بەشداریمان لەهیچ نەکردووە, خەبەرێکە هێناومانەتەوە, ئاراستەی لایانە پەیوەندیدارەکانمان کردووە, ئەوانیش چۆن بەباشی بزانن, ئێمە وائەکەین, ئێمە وەکو یەکگرتووی ئیسلامی هەرگیز لەئیجاماعی کوردستانی دەرناچین, ئەو کوتلەمان لەبەغدا و, بەئاگاداری هەموو پەرلەمانتارەکانمان لەبەغدا و, جەنابتان لێرە, ئێمە ڕۆژێك لەرۆژان شتێکی وا ناکەین کە مەسی بەرژەوەندیەکانی هەرێمی کوردستان بکات, ئێمە لەحکومەتا هەین, لەپەرلەمانا هەین, سوپاسی ئەو دوو بەڕێزە ئەکەین کەئەو مەوزوعەیان وروژاند, بەڕاستی ئێمە هیچ ئیحراجییەکمان نییە لەو بەشداریە, چونکە بەئاگاداری لایانە پەیوەندیدارەکان بووە, لەگەڵ بەڕێز کاك نێچیر باس کراوەو, لەگەڵ بەڕێز سەرۆکی هەرێم باس کراوە, ئێستا ئەگەر ئەوان بەباشی نازانن بڵێن نەچن, ئێمە لەئەنجومەنی باڵای هێزە

سیاسیەکان رامانگەیاند, ئەگەر ئێوە بەباشی بزانن بەشداری ئەکەین, بەباشی نازانن بەشداری ناکەین, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس, بۆ ئەو تەوزیحە, لەڕاستیدا ئێمە گومانمان نییە, تەوحوجوهاتی یەکگرتووی ئیسلامی بەشدارییان کردووە, لەپرۆسەی سیاسی کوردستان, هەر لەسەرەتای پاش راپەڕینەوە. تا ئەمرۆ بەشدار بوونە لەحکومەت, بەشدار بوونە لە پەرلەمان, لەلیستی هاوپەیمانی نیشتیمانی دیموکراتی کوردستان بووە, لیستی هاوپەیمانی کوردستان بووە بۆ پەرلەمانی عێراق, ئێستاش بەشدارە لەحکومەت, راستە پێش کۆبوونەوەکەی قاهیرە, من بیستوومە ئاگاداری سەرۆکی هەرێم و سەرۆکی کۆمارو حکومەت هەموو کراوە, بەلاّم بەداخەوە, تەبعەن ئێمە لێرە لەپەرلەمانی کوردستان تەوصیەمان دەکرد دەمان وت خۆتان لادەن لەو هەینە, بەلاّم لێرە باستان نەکردووە, ئەگەر باستان کردبا, پێم وایە پەرلەمان دەی وت نەچن, خۆتان تووشی کۆبوونەوەی وا مەکەن, بەشدار بوون لەکۆبوونەوە هەرتەرفێك ئازادە لەو بەشدار بوونە, هەر کۆبوونەوەیەك بێت, هەر تەرفێك سیاسەتی خۆی هەیە, ئامانجی خۆی هەیە, مانگێکی بەسەر چووە, مانگێك و شتێکە, ئەو تەوزیحاتە لەلایەن مامۆستا صەلاحەدین بۆ هەردوو بەڕێز مام جلال و کاك مسعود کرا, پاشی گەڕاندنەوەی کاك نێچیریش باسی کردووە, بۆ کاك کۆسرەتیش, دڵنیایی کردینەوە وەکو جەنابت دەیفەرمووی, بەم شێوەیە بەشداریان کردووە, بەلاّم ئەوەی تازە هاتووتە پێش, ئەو وەسیقەیەی ئیمزا کراوە, لەلایەن هەموو ئەو مەسئولانەو, جەبهەیەکی سیاسی تەشکیل کراوە, جەبهەیەکی ئیعلامی, ئیمزایان کردووە بۆ دانانی جەبهەیەکی سیاسی, چەند لایەنەکی لەگەڵ ئێمە مەبەستمان سێ لایانە, لەوانەی کەئیمزایان کردووە, ئەوانەی تر زۆر مورتەبیت نین پێیان, گومانمان هەیە کە هەموو لایانەکان موافیق بن, سێ لایانەکە, یەکەم: قائیمەی عێراقیەیە, د0 ئەیاد عەلاوی ئیمزای کردووە, من قەناعەتم وایە زۆرینەی قائیمەی عێراقی موافیق نین لەسەر شتی وا, دووەم/ حزبی ئیسلامیە ئیمزایان کردووە بەلاّم زۆرینەیان موافیق نین لەسەری، بەلاّم ئیمزایان کردووە, سێیەم/ یەکگرتووی ئیسلامیش ئیمزای کردووە, لایانەکانی تریش یان خەڵکی دەبینی دژ بە گەلی کوردستانە, یان کۆنە بەعسەیەکانن, یان ئەو خەڵکانەن کە دژی جێبەجێ کردنی مەسەلەی کەرکووکن, هەندێ کەسن لە بەرەی تورکمانی, یانیش خەڵکانێکن میللەتی ئێمە بەخائینیان لەقەڵەم ئەدەن, چۆن دەبێ خەڵکێك حەلیفت بێ, هاوپەیمانت بێ, بەشدار بێ لەحکومەت و پەرلەمان، شتی وا ئیمزا بکات, بۆیە نیگەرانیەکەمان لەوە دایە, بەلاّم دڵنیاین لە تەوەجوهاتی یەکگرتوو, بەلاّم ئەوە دەبێ یەکلابکرێتەوە, دەبێ ئەوە ئیعلان بکرێ کە لەو بەرەیەدا نین, دڵنیاشم لەو بەرەیەدا نین, کاك محمد فرج, فەرموو.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو بەیاننامەیە کە دەرچوو, دوای ئەو مودەیەی کەجەنابت ئیشارەت پێدا, هەر لەم هینە چوو, یەعنی ئیمە شتەکەمان گەیاندووە جێ, یەعنی پێمان وایە شەرعیەت لەم کوردستانە لەرووی سیاسیەوە, سەرۆکایەتیەوە, لەڕووی سیاسی و ئیداری, ئێمە گەیاندمانە جێگای خۆی, ئینجا ئەمە یەکەم کۆبوونەوە بووە, رەشنووسێك ئامادەکراوە, ئەم ئیمزایە, ئیقراری ئەو تەوصیاتە نییە, ئاگاتان لێبێت، ئیعلام چەواشەکاریەکی زۆری پێوەدیارە, ئەم ئیمزایە ئیمزای مەحزەڕی ئامادە بووەکانە, ئەگینا ئێوە ئەزانن لەسەر وەسیقە یەك کەس ئیمزا ئەکات, هەر پێنج, شەش کەس بڕۆن, هەر پێنج, شەش کەسەکە ئیمزا ناکەن, ئەوە ئیمزای مەحزەرەکەیە, ئینجا ئێمە کە هاوەردەکە گەڕاوەتەوە بۆ عێراق, مەجلسی شورا تەحەفوزی هەبوو لەسەر ئەوە, ئێمە موزەکەرەیەکمان داوە, ئەمانەیەکی عامی هەیە, ئێمە بەشداری ناکەین, هەتا حزبە سیاسەیە ئەساسیەکانی عێراق بەشداری نەکەن لەم کۆبوونەوەیە, دوو کۆبوونەوە کرا, یەکێك لەبەغدا, یەکێك لەعەممان, ئێمە بەشداریمان نەکردووە, چونکە چاوەڕێمان ئەکرد لێرە ئیقرار بکرێ, کە ئایا ئەمە شتێکی باشە یان نا, لەبەر ئەوە ئێمە هەر لەو کاتەوە یەعنی ئەوەمان یەکلاکردۆتەوە کە لەگەڵ ئەوەنابین, چونکە شتێکی رانەگەیاندووە, ئەیاد عەلاوی کە ئەوەی راگەیاندووە, بۆ خۆی رایگەیاندووە, یەعنی شتێکی شەخصیە, هیچ لایەنێکی, هەتا حیزبی سیاسی لەگەڵ ئەوە نییە, هەتا حزبی ئیسلامیش لەگەڵ ئەوە نییە رابگەیندرێ, تا لایەنەکانی تر بەشداری نەکەن تیایدا, چونکە هەر پرۆسەیە لە عێراق لەدەرەوەی دەستوور و پەرلەمان, مەحاڵە ببێتە ئەساس, مادەم لەعێراق دەستوور و پەرلەمان هەیە, هەتا مامۆستا ئەو دەوڵەتانەی کەلەشەرمشێخ ئەساسێندرایە, ئێوە ئەگەر ئەتانەوێ هەرشتێ لەعێراق, یارمەتی عێراق بدەن, ئەبێ لەچوارچێوەی دەستوور و پەرلەمان ئەو یارمەتیە بدەن, نە لەدەرەوە, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس, نامەوێ تەعلیق بدەم, بەلاَم لێرە نووسراوە, کە بڕیاریان داوە بەرەیەکی سیاسی دابنێن, لەپێشمانە دەڵێ لەسەر ئەساسی ئەوە ئیمزامان کرد, سەرۆکی حکومەت دوا قسەی ئەکا, لەبەر رۆشنایی قسەکانی ئێوە, پەسندی پێشنیاری ئەوە دەکەین, کە چوار لیژنە پێك بێت, بۆتاوتۆ کردنی ئەو مەسەلانەی گرنگ, مەسەلەی 140, مەسەلەی نەوتە, مەسەلەی ئاوە, ئەو چوار لێژنەیە, جەنابی سەرۆك ئەو پرسیارانەی کەکردووتان جوابتان ئەداتەوە, ئەو پێشنیارەی دەخەمە دەنگەوە ئینجا قەراری لەسەر ئەدەین, فەرموو.

**بەڕێز نێچیرڤان ادریس بارزانی/ سەرۆکی حکومەتی هەرێم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو شتانەی کەباسکرا, پێشتر لەقسەکانی من تەئکیداتە, بەڕەئیی من زۆر باش بوون بۆ جێبەجێ کردنی ماددەی 140, ئەو گۆڕانکاریانەی کەلەدەستوور هەیە, بەس یەك پرسیار لەمن کرا, دەوری یوئێن و ئەوانە, بەڕاستی قسەمان لەگەڵ کردوونە , ئەوان زۆر بەصراحەت بەئێمەیان وتووە, ئەگەر داوا ئەکەن ئێمە دەورمان هەبێ, ئێمە حازرین دەورمان هەبێ, یارمەتیتان بدەین لەڕووی تەکنیکیەوە, لەڕووی شارەزاییەوە, بەلأم ئێمە خۆمان دەبێ بڵێین ئەوە بکەن یان شتێ بکەن, خۆمان ناخەینە ئەو مەسەلەیە, ئێمە داوا دەکەین ئێوە خۆتان بڕیار بدەن, ئەگەر پێویستیتان بەیارمەتی ئێمە هەبوو, ئێمە حازرین, من دەمەوێ ئەو نوقتەیە تەئکید بکەم, سەرۆك وەزیران نوری مالکی لەم سەفەرەی کەهاتە کوردستان، تەئکید لەسەر ئەم مادده دەستوورەیە کراوە و, دەبێ ئێمە تۆزێك واقیعی بین, هەنگاوەکان راستە زۆر بەهێواشی هاوێشتراون, بەلأم لەعێراقدا ئەوەی من لەبەغدا دیومە تەوەقوعی شتی گەورە نەکەن, شت سەریعی بڕوا, زۆر زەحمەتە ئیشەکان, کاکە هەتا یەکتر دەبینین زۆری پێدەچێ, یەعنی وەزعەکە وەکی ئەوەی نییە ئێوە تەصەوری ئەکەن, حەتا ئینسان نەچێتە بەغدا تێناگا چەند زەحمەتە, یەعنی ئیشەکان زۆر زەحمەتن, ئەوە د0 محمد لێرەیە لەئەنجومەنی وەزیران بۆ شوێنی خۆی ناتوانێ بەسەیارە بچێ، چونکە لەدە جێگایان تەفتیش دەکرێ, مەجبورە بەپێی بڕوا, ماوەیەکی ئێجگار زۆرە ئەوا خۆی لێرە دانیشتووە, دەبێ بەپێ بڕوا چونکە ناتوانێ, ئەوە باجی دەوێ, کۆمەڵێك ئیشکالیاتی گەورە هەنە, یەعنی ئالیەتی کارەکان ئەوەها ئاسان نییە, وەکو ئێمە لێرە ئەیبینین, بەقاناعەتی من ئینساف بین لەوەی کەجەنابی سەرۆك وەزیران زۆر موهتەمە بەو مەسەلەیە, وەکو ئیلتیزامێك دەیبینێ, هەوڵێکی زۆریش ئەدا بۆ ئەوەی جێبەجێ بکرێ, مەوقیفی جەنابی لەدەرەوە کە سەفری کردووە, لەوڵاتان کە بۆی چووە, لەهەموو شوێنێك زۆر بەڕاشکاوی لەبەردەم ئیعلام باسی ئەوەی کردووە, کە دەبێ ئەم ماددەیە جێبەجێ بکرێ, باسی کرد کاك محمد وتی موهیم ئەوەیە بڕیارەکەیە, یەعنی مومکینە لەئیجرائات هەندێ ئیشکال رووبدات, بەلأم ئەم بڕیارە دوابخرێ ئەمە جێی مەترسیە, لەبەرئەوە ئەوەی ئێمە داوا دەکەین ئەو پرۆسەیە بڕوا, ئەم لیجانانەش من داوا دەکەم, بڕیاردرا لەپەرلەمان, داوا دەکەم ئێمەش وەکو حکومەت بەشێکمان هەبێ لەو لیژنەیە, ئەوە لەسەر پێشنیاری ئێمەیە, چونکە هەندێ شت لەو لیژنانە ئێمەش معنین, بۆیە من داوا دەکەم لەو لیژنانەی کە ئەو لیجانانە دائەنێ, داوا دەکەین ئێمە داوا مان هەبێ, بەشدار بین وەکو حکومەت, بەنیسبەت ئەم مەسەلەی کە باس کرا, کاك هیوا حەزم نەکرد باسی ئەوەی کرد بەڕاستی, بەس من ئەمەوێ یەك تەوزیح بدەم, وەکو جەنابی سەرۆکی پەرلەمان فەرمووی, یەکگرتووی ئیسلامی وەکو حیزبێك لەگەڵ ئێمە هەمیشە مەوقیفیان یارمەتیدەر بووە, یارمەتی پرۆسەی سیاسیان داوە, لەگەڵ ئێمە بەشدار بوون لەهەموو مەراحیلەکان و, بەڕاستی دەوریان, دەورێکی خێر بووە دائیم تا ئەم مەرحەلەیە, لەوەدا نییە تیکراری من تەنیا بۆ تەئیدی قسەکانی جەنابی سەرۆکی پەرلەمانە و, فیعلەن پێش ئەوەی

مامۆستا صلاح بهاء الدين سەفەر بکات بۆ مصر, ئێمە ئەو شەو لەگەڵ یەك دانیشتووین, بڕیار وابوو سەفەر بکات, ئێمە بەدرێژی دانیشتووین و, ئەو بۆی باس کردین و, ئێمە فعلەن پێمان وت ئەگەر بچیت بزانی مەسەلە چییە؟ تەبیعی دوێنێ ئەو کۆبوونەوەی کەکردمان لە هەردوو مەکتەبی سیاسی, ئێمە وەکو حزب پارتی و یەکێتی, بەیانێکمان دەرکردووە, مەوقیفی خۆمان راگەیاندووە, بەڕاستی مەوقیفێکی جدیە, مەوقیفێکە کە زۆر بەجدی وەربگیرێ, ئەوە نییە ئێمە نیگەرانین بەو مەسەلەی, ئەوەی کە جێگای داخە لەسەر ئەو وەسیقە ئیمزا کراوە, وەسیقە لەبەردەستی ئێمەیە, ئیحتیمالە نەشریش بکرێ, بلاْویش ئەکرێتەوە بەتەئکید, ئێمە قەت تەوەقوع ناکەین, ئەو بەڕێزانە ئیمزایان لەپاڵ هەندێك خۆفرۆش کرد بێ, هەتا دوێنێ هەتیوەکانی سەدام بن, ئەو خەڵکەش بزەبت لەپاڵ ئەوان ئیمزای خۆی بخاتە پاڵ ئەوان, ئەمە جێی نیگەرانی ئێمەیە, ئەوە موهیم نییە, لەوە باشتر لەو جاشانە تەوەقوع ناکەین بیکەین, بەلاْم ئەوەی جێگای نیگەرانیە, خەڵکێك تا ئێستا یارەمەتدەری ئەم پرۆسەیە بووە, چ لەعێراق چ هەرێمی کوردستان, بەڕەئیی من نەدەبوایە ئیمزای خۆیان بخەنە پاڵ ئیمزای ئەو جاشانە ئەو خۆفرۆشانە و, ئەوەی بینمان و تێبینیمان کرد, راگەیاندنی جەبهەیەکە, من موتەئکید ئیحتیمالە لێرە ئیلتیباسێك دروست بووە, ئەوەی من بیزانم لەم رۆژانە سەرکردایەتی سیاسی, ئەوەی ئەحزاب دادەنیشن لەگەڵ سەرۆکی هەرێم و جێگری سەرۆکی هەرێم, دانیشتن دەکەن, ئێمە حەز ئەکەین بەجێی بهێڵین بۆ ئەو کۆبوونەوەیە, مومکینە تەوزیحاتەکەی پێویست بەوەیە مامۆستا صلاح الدين بهاءالدين خۆی بەشدار بێت, من موتەئکیدم دەکرێ ئەمە بەشێوەیەك عیلاج بکرێ, خۆی پێك هاتنی ئەو بەرەیە ئەوەی کە باس دەکرێ, ئێمە دژین چ وەکو حکومەت, چ وەکو حزب, بە توندیش دژایەتی دەکەین, بەڕەئیی من پەرلەمانی کوردستان دەبێ بیر لەمەسەلەیەکی تر بکاتەوە, ئەحزاب لەکوردستان ئازادن, دەتوانن عیلاقە لەگەڵ ئەحزاب بکەن لەهەر ولاْتێك, بەس دەبێ هەندێ مەحدودیەتی هەبێ, لەگەڵ ولاْتان عیلاقە دروست کردن بۆ تێکدانی باری ئەمنی لەکوردستاندا, یان بەشێوەیەکی تر رەفتارکردن, من پێم وایە دەبێ حەدێك هەبێ, ئەمە جێی خۆیەتی پەرلەمانی کوردستان لەسەر ئەمە هەڵوێستە بکات و راوەستێ, ئەحزاب دەتوانن چ بکەن, پارتی دەتوانێ عیلاقاتی هەبێ لەگەڵ حزبی جمهوری, یەکێتی, یان هەر حزبێکی تر, بەلاْم بۆیان نییە لەگەڵ حکومەتەکان دابنیشن, ئیتیفاقاتی دوو قۆڵی بکەن, لەهیچ ولاْتێك نییە, هەتا لەولاْتی ئێمە هەبێ, مادەم ئێمە بەرەو موئەسەساتی دەڕۆین, دەبێ چوارچێوەیەك هەبێ بۆ ئەم مەسەلەیە, بەهەر حاڵ با ئێمە رابوەستین بۆ ئەو کۆبوونەوەی کە دەکرێتن, ئەو تەوزیحاتانەی کە دەکرێتن, ئێمە داوامان کردووە, داواش دەکەین کە ئەو تەوزیحاتانە بۆمان بدرێ, بەڕاستی نیگەرانین, نیگەرانیەکەی ئێمەش زۆر جدیە, دڵنیاتان دەکەین ئەوانە نەلەپێشتر هیچیان پێکراوە, نەلەموستەقبەلیش هیچیان پێئەکرێ, سەد بەرەش دروست بکەن, هەموو موخابەراتی ئەو ولاْتانەش یارمەتیان بدەن, دەکەوێتە خانەی خۆفرۆشی, جاشاتیان کردووە پێشەی خۆیان بووە, لەمەودواش هەر بەردەوام دەبن, لەسەرئەو پێشەی خۆیان, تەوەقوعاتی زیاتر ناکەین, گەلی کوردستان ئیرادەی زۆر بەقوەتە, بەلاْم مەسەلەی کە گرنگە ئەوەیە, گەلی ئێمە تێبگات, ئێمە زۆرجار

کەدادەنیشین وا تەصەوڕ دەکەین کە موشکیلەکان حەل بوون, هیچ موشکیلەکمان نییە, ئێستاش لەسەر فیدراڵیەتی ئێمە تەئامورات هەیە, ئەوەی ئێستاشمان هەیمانە قبوڵ نییە, حوکمی زاتیشیان پێ قبوڵ نییە, حوکمی فیدراڵی زاتی چی و حاڵی چی, ئینجا موشکیلەی ئێمە ئەوەیە, ئەوەی بەدەستمان هێناوە لەدەرگایەکی تر دێن, بۆ ئەوەی ئەو دەستکەوتانەمان لێبسێنن, وەزعی ئێمە لەکوردستان وا تەسبیت نەبووە, وەکو واها تەصەوری دەکەین, ئێمە هەندێ جار کەرەفتار ئەکەین, لەپەرلەمان, لەحکومەت, کەئەم نەما بەراستی هیچ موشکیلەیەکمان نییە, نەلەرووی سیاسیەوە تەسبیت بووین, نەلەرووی ئیقتیصادیەوەش, فەرموون موشکیلەی نەفت, نازانم ئێوە ئەو لێدوانەتان دیوە ئەوەی لەسەر نەوت کرا, یەعنی تەسبیت نەبووە وەزع, ئێمە دەبێ هەوڵ بدەین, لەگەڵ هاوپەیمانانمان لەعێراقدا, ئەم وەزعە تەسبیت بکەین, یەعنی بەراستی ماویەتی, لەعێراقدا فەرموون, لەبەغدا دادەنیشن برادەران کە لەگەڵ ئێمە تەحالفن, هیچ شتێکی کورد قبوڵ ناکەن, نە فیدرالیەت, نە حەلی موشکیلەی کەرکووک قبوڵ ئەکەن، هیچ شتێکی ئێمەیان قبوڵ نییە, دەڵێن ئێستا با وەزعی ئەمنیەت چاك بکەین, دوای دێین وەزعی ئێوە چاك دەکەین, یەعنی حەقی خۆم بدە, حەقی تۆ خوا کەریمە, چۆن ئێمە دەتوانین لەعێراق بەم شێوەیە بمێنینەوە, بەهەرحاڵ ئەوەی ئێمە داوای دەکەین لەچوارچێوەی مافە دەستووریەکان بووینە, زیاتر لەوە داوامان نەکردووە و, بەردەوامیش دەبین لەسەر ئەو مەسەلە, خەباتی ئێمە پێشتر بەردەوام بووە و, ئێستاش بەردەوامە و, لەموستەقبەلیش بەردەوام دەبێ, ئیرادەی گەلی کوردستانیش زۆر زۆر لەوە بەقوەت تر و بەهێز ترە, داوا لە گەلی کوردستان دەکەین, پشتیوانی لە قیادەی سیاسی کوردی بکەن, پشتیوانی لە حکومەتی خۆیان بکەن, بۆ سەرخستنی ئەمانە, ئێمە کۆمەڵێك ئیشکالیەتمان بۆ دروست بووە, چ لەرووی تەسبیتی فیدراڵیەت چ لەرووی مالیەوە, بەراستی ئەمانە ئەولەویەتی کاری ئێمەنە, سەرەڕای ئەوەی کەمەشاکیلمان زۆرە, مەسەلەی میزانیە موشکیلەمان هەیە, مەسەلەی خەدەماتە, مەسەلەی حەلی کێشەی دەستوورە, مەسەلەی کارەبایە, هەموو کێشەی زۆر جدین, کە ئێمە زۆر بەجدی هەوڵ ئەدەین, بۆ ئەوەی ئێە حەلیان بۆ بدۆزینەوە, زۆر سوپاستان دەکەم, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس, دەستەکانت خۆش بێت, پێش ئەوەی کۆتایی بەجەلسەکەمان بهێنین, ئەم پێشنیارە لەلایەن برای بەڕێز کاك نێچیر هاتووە و, بڕیار لەلایەن سەرۆك حکومەتی هەرێم درا, بۆ دانانی چوار لیژنە, لیژنەی بەدواچوونی ماددەی 140, لیژنەی مەسەلەی نەوت, لیژنەی ئاو, لیژنەی ئەو پێشنیارانەی هاتونەتە پێش بۆ هەموار کردنی دەستوور و دەسەلآتە حەصریەکان, داوا دەکەم لێتان, دەیخەمە دەنگەوە, دەسەلآت بدەنە سەرۆکایەتی بۆ بەراوێژکردن, لەگەڵ لیجانەکان, سەرۆك لیجانەکان, سەرۆك فراکسیۆنەکان, ئەو لیژنانە دابنێن, بەلآم وەکو مەبدئی دەیخەمە دەنگەوە, بۆ دابەزاندنی ئەو چوار لیژنەیە, تەبعەن ئەو لیژنانە لەگەڵ وەزیری پەیوەندیدار لەحکومەت و ڕاوێژکارانی دادەنیشن بۆ ئەوەی

بگەنە رەئیەك, دواتر راپۆرتێك پێشكەش ئەكەن, بۆ ئەوەی هینی لەسەر بكەین, نوقتەی نیزامیت هەیە فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بۆ ئەو لیژنەی هەمانە لەناو پەرلەمان, هەڵدەوەشێتەوە؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

نەخێر, ئەوە هیچ عیلاقەی بەوە نییە, ئەو لیژنەیە لەخیلالی سێ, چوار رۆژە دەبێ ئیشەكانی تەواو بێ, مەسەلەی هەمواركردنی دەستووری عێراق لەپەرلەمانی بەغدا, یەك مانگ تەمدید كرا, حەفتەیەكی بەسەردا چووە, سێ حەفتەی ماوە, ئێمە دەبێ لەخیلالی چوار, پێنج رۆژدا رەئیی خۆمان بكەینە تەوصیات, بیدەینە ئەو برادەرانەی كە لەبەغدا ئەندامن لە لیژنەی بەدواداچوونی دەستوور, پەرلەمانە, بڵێین ئەوە رەئیی پەرلەمان و حكومەتی هەرێمی كوردستانە بۆ هەموار كردنی دەستوور, ئەوانە خەتی سوورن، قبوڵناكەن لە پێشنیارەكانمان, فەرموو كاك كریم, نوقتەی نیزام, فەرموو.

**بەڕێز كریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

پێشەكی دەبێ پێشنیارەكە بخرێتە دەنگ, قبوڵ بكرێ, پەسەند بكرێ, ئینجا دەسەڵات بدرێ بەسەرۆكایەتی, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

پێشنیارەكە و چوار لیژنەكە هەمووی پێكەوە دەخەمە دەنگەوە, كێ لەگەڵ ئەو پێشنیارەیە, دەستی بەرزبكاتەوە؟ فەرموون, كێ لەگەڵ نییە, دەستی بەرزبكاتەوە؟ فەرموون, بەكۆی دەنگ قبوڵ كرا, د0 نوری فەرموو.

**بەڕێز نوری جمیل تاڵەبانی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەمڕۆ كۆمەڵێك قسەی باش كران, سەبارەت بەم بابەتەی كە خراوەتە بەردەم پەرلەمان, من پێشنیاز دەكەم پەرلەمان هەرئاوها نەچێتە دەرێ, بەبێ ئەوەی بڕیارێك وەربگرێ, سەربارەت بەماددەی 140 و ئەو دەستكاریانەی كە لەدەستووری هەرێمی كوردستان كرا, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەوەلەن نوقتەی نیزام نەبوو, پێشنیار بوو, دووەم/ قسە كرا, قسەكان تەعبیر بوو لەرای ئەندامانی پەرلەمان, لەگەڵ پێشنیارەكەی سەرۆكی حكومەت یەكدەگرێتەوە, ئێستا بەصیاغەت كردنی بڕیارەكان و مەسائیلەكان, هەندێ مەسائیلی وردەكاری هەیە فەنیە, تەكنیكییە, نەوتە, ئاوە, تەفصیلاتی ناو دەستوورە پێویست دەكات لیژنەكان راپۆرتی خۆیان ئامادە بكەن, لێرەدا بخرێتە بەردەم ئێوە, ئەگەر پێویستی كرد

بەدەوڵەمەند کردنی، دوایی ببێتە بڕیار، یان بەتەوصیە بدرێتە لایەنی پەیوەندیدار، سوپاستان دەکەم، پێش ئەوەی کۆتایی بە کۆبوونەوەکە بهێنین، بەیانی سەعات 11:00 ئەو کۆبوونەوەی دەکەین، کەبڕیار بوو ئەورۆ بیکەین، مەسەلەی هەڵسەنگاندنی ئیش و کاری پەرلەمان و، دانانی بەرنامەی کار بۆ ساڵێك، هەروەها بڕیار بوو ئەمڕۆ ئاڵای کوردستان بەرزبکەینەوە، بەڵام دەیخەینە بەیانی، پێش ئەوەی جەلسەکە دەست پێبکات، ئاڵاکەی بەرز دەکەینەوە، بە چارەگێك ئەو مەراسیمە ئەکەین، پاشان کۆبوونەوەکە دەست پێدەکەین، فەرموو نوقتەی نیزام.

**بەڕێز خضر سليمان خليل:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

یەکەڤجار دەنگی راستەوخۆی دەڤەرێکی بەرفرە وتەنگاف، حەق دا بە ئیرۆکە، بەس حەق نەدا بە حزبا نەزاکا، حەزکەم شنۆی ئەڤەریان بەرچاڤێ کەم، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جەنابت ئەندامی لەلیستی هاوپەیمانی، ئەندامی لەلیستی فراکسیۆنی پارتی، لەبەر ئەوە کاك شێروان تەعبیر لە قسەی تۆ دەکات، جگە لەوەش کاك د0 ناصح قسەی کرد، دوو کەس لەفراکسیۆنی تۆ قسەیان کرد، تەعبیر لەتۆش دەکەن، ئەگەر مەسەلەکە وەها نەبا، بە نەتەوە با، دەنگم نەدەدا بە یەکگرتوو و کۆمەڵ، کاك سعد فەرموو.

**بەڕێز سعد خالد محمد امين/ وەزيری هەرێم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من داوا ئەکەم بەیانی ئەگەر ئیمکان بێ، نیوسەعات تەرخان بکرێ بۆ وەزیری ژینگە، رۆژی ژینگەی عالەمیە، لێرە ئامادە بێ، بابڵێین لەسەر وەزعی ژینگە باس بکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خۆی پێشنیارەکە وەزیر پێشتر کردبووی، بەڵام من لەبیرم کرد، سوپاست دەکەم بەبیرت خستمەوە، بەڵام خۆی داوای کرد سەعات 11:00 نەبێ، سەعات 12:00 بێ، لەبەر ئەوە بەرنامەی کارمان دەکەینە دوو نوقتە، کە نوقتەی یەکەمان تەواو کرد، گوێ لەرەئیی ئەویش ئەگرین، رۆژی ژینگەی عالەمیە، بزانین وەزارەتەکەیان چیان کردووە، کۆتایی بەدانیشتنەکەمان دەهێنین تابەیانی زۆر سوپاستان دەکەم، بەخێر بێن سەرچاو، فەرموون.

**فرست احمد عبدالله** | **محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی)** | **عدنان رشاد مفتی**

**سكرتێری ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**کوردستان – عێراق**

**جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**کوردستان – عێراق**

**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**کوردستان - عێراق**

# ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (23)**

**سێ شەممە رێکەوتی 5\6\2007**

**خولی دووەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (23)

## سێ شه‌ممه ڕێكه‌وتی 2007/6/5

كاتـژمێر (11)ی سـه‌ر لـه بـه‌یانی ڕۆژی سـێ شـه‌ممه ڕێكـه‌وتی 2007/6/5 ئه‌نجومـه‌نی نیشـتمانیی كوردستانی عێراق به سه‌رۆكایه‌تی به‌ڕێز عدنان رشاد مفـتی سـه‌رۆكی ئه‌نجومـه‌ن و, بـه ئامـاده‌بوونی بـه‌ڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كه‌ركوكی) جێگری سه‌رۆك و, به‌ڕێز فرست أحمـد عبـدالله سكرتێری ئه‌نجومـه‌ن, دانیشتنی ژماره (23)ی خولی دووه‌م, ساڵی (2007) ی خۆی به‌ست.

**به‌رنامه‌ی كار:**

به‌پێی حوكمه‌كانی بڕگه (1)ی مـادده (20) لـه پێـڕۆی نـاوخۆی ژمـاره (1)ی هـه‌مواركراوی سـاڵی 1992ی ئه‌نجومـه‌نی نیشـتمانیی كوردسـتانی عێـراق, ده‌سـته‌ی سـه‌رۆكایه‌تی ئه‌نجومـه‌ن بڕیـاردرا دانیشـتنی ژمـاره‌ی (23)ی خولی گرێدانی یه‌كه‌می ساڵی سێیه‌می خولی هه‌ڵبـژاردنی دووه‌مـی په‌رلـه‌مانی كوردسـتان – عێـراق, به‌رنامه‌ی كار به‌م شێوه‌یه بێت:

1- گفتوگۆ كـردن له‌سـه‌ر كـارو چالاكیه‌كانی په‌رلـه‌مان به‌بۆنـه‌ی تێپـه‌ڕبوونی دوو سـاڵ به‌سـه‌ر یه‌كـه‌مین دانیشتنی خولی دووه‌م, هه‌ڵبژاردنی په‌رله‌مانی كوردستان له 2005./6/4

2- ئامـاده‌بوونی وه‌زیـری ژینگـه بـه‌ڕێز دارا محمـد امـین بـۆ خسـتنه‌ڕووی چـالاكیه‌كانی وه‌زاره‌ت لـه‌ماوه‌ی رابردوو.

**به‌ڕێز سه‌رۆكی ئه‌نجومه‌ن:**

**به‌ناوی خوای گه‌وره‌و میهره‌بان.**

به‌ناوی گه‌لی كوردستان دانیشتنی ئه‌مڕۆمان ده‌كه‌ینه‌وه, به‌رنامه‌ی كار:

به‌پێی حوكمه‌كانی بڕگه (1)ی مادده (20) له پێڕۆی ناوخۆی ژماره (1)ی هه‌موار كراوی ساڵی 1992ی ئه‌نجومه‌نی نیشتمانیی كوردستانی عێراق, ده‌سته‌ی سه‌رۆكایه‌تیی ئه‌نجومه‌ن بڕیاریدا به‌رنامه‌ی كاری دانیشتنی ژماره (23)ی خولی دووه‌می هه‌ڵبژاردن له كات(11)ی پێش نیوه‌ڕۆی ڕۆژی سێ شه‌ممه ڕێكه‌وتی 2007/6/5دا به‌م شێوه‌یه بێت:

1- گفتوگۆ كـردن له‌سـه‌ر كـارو چالاكیه‌كانی په‌رلـه‌مان به‌بۆنـه‌ی تێپـه‌ڕبوونی دوو سـاڵ به‌سـه‌ر یه‌كـه‌مین دانیشتنی خولی دووه‌م, هه‌ڵبژاردنی په‌رله‌مانی كوردستان له 2005./6/4

2- ئامـاده‌بوونی وه‌زیـری ژینگـه بـه‌ڕێز دارا محمـد امـین بـۆ خسـتنه‌ڕووی چـالاكیه‌كانی وه‌زاره‌ت لـه‌ماوه‌ی رابردوو.

دیارە دوێنێ لەدەستپێکی قسەکانماندا, ئاماژەمان بەوە کرد کە دوێنێ ساڵیادی یەکەم خولی دانیشتنی پەرلەمان بوو لە 1992 , بەنیسبەت ئێمە تێپەڕبوونی دوو ساڵ بوو, پاش هەڵبژاردنەکانی پەرلەمان, هەندێ لەقسەکانم دووبارە دەکەمەوە, چونکە شایانی باسە, کە ئاماژە بەو یادە بکەین, بەخەبات و خوێنی شەهیدانی گەلەکەمان بەدەست هاتووە, پیرۆزبایی لە گەلی کوردستان و لە خۆمان و لە کەس و کاری سەر بەرزی شەهیدان دەکەین, و لەو پەرلەمانتارە بەڕێزانەی کە لە خولی یەکەم دەوریان هەبوو, چالاکانە بە ئەرکی خۆیان هەڵسان, ڕووبەڕووی ئەرکی خۆیان بوونەوە, بەدەرهێنانی یاسای گونجاو, بڕیاری گونجاو, ئاماژە بەوەش دەکەین, لەسەرەتای شەڕی ناوەخۆدا پەرلەمان دەورێکی باشی بینی, بۆ ئەوەی کێشەکان چارەسەر بکات, ئەگەر چی نەگەیشتە ئەنجام, بەڵام گرنگ ئەوەیە هەوڵی جدی خۆیدا, جێی خۆیەتی ئاماژە بەدانیشتنەکانی پەرلەمان بکەین, لە 15 ساڵی ڕابردوودا, 565 دانیشتنی ئەنجام داوە, 536 دانیشتنی ئاسایی و, 29 دانیشتنی نائاسایی بوو, لەو دوو ساڵەی کە ئێوەی بەڕێز بەشدارن, 82 دانیشتنی کردووە, 74 دانیشتنی ئاسایی و, 8 دانیشتنی نائاسایی بووە, لەساڵی 1992 ەوە, پەرلەمان 272 بڕیاری دەرکردووە لە بوارە جیاجیاکان, بۆ ئاسانکردنی کاری حکومەت, ئەنجامدانی ئەرکەکانی بۆ دابین کردنی پێداویستی خەڵك و گەشەپێدانی دیموکراتی, دامەزراندنی کۆمەڵگایەکی مەدەنی, لەخولی دووەمی پەرلەمان 38 یاسای دەریهێناوە, 24 بڕیاری گونجاویش, جگە لەتەواو کردنی یاسای زۆربەی وەزارەتەکان, چەند یاسایەکی گرنگ وەك یاسای سەرۆکایەتی هەرێم, یاسای بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر, یاسای کوژاندنەوەی زەوی, بەدەیان یاسای تری دەرکردووە, چەندین بڕیاری گرنگی وەکو بڕیاری فیدراڵیزم, لەساڵی 1992 وەکو بڕیارێکی مێژوویی داوە, پەسەند کردنی بڕیاری لێبووردنی گشتی کە پێش ماوەیەك ئەنجامیدا, جێی خۆیەتی لێرەدا دەست نیشانی بکەین, تەنیا باس لەدەست کەوتەکانمان نەکەین, باس لەچالاکیەکانمان نەکەین, زۆرن, خەڵکێکی بەئینساف دەتوانێ تەقیمی بکاتن, بگەڕێتەوە بۆ ئەو یاسایانەی کەدەرمانهێناوە, ئەو بڕیارانەی کە دەرمان هێناوە و, ئەو چالاکیانەی ئەنجامدراوە, بەڵام کەموکوڕیەکان کە هەن, نەمان توانیوە وەکو پێویست بە ئەرکی سەرشانی خۆمان هەڵستین, یەکەم/ چاودێری کردنی وەزارەتەکانی حکومەت و دام و دەزگاکانی حکومەت وەکو پێویست نەبووە, ڕاستە نزیکەی ساڵێك لەتەمەنی پەرلەمان بە ئیرادەی خۆتان, تەعامولمان لەگەڵ دوو ئیدارەی پێشوو نەدەکرد, بۆ ئەوەی فشارێك بێنینە سەر ئیدارەکان و, هەردوو ئیدارە پەلە بکەن بۆ یەکگرتنەوەی هەردوو ئیدارە لەیەك حکومەتدا, ئەم ڕەئیە بۆ چوونێکی باش بوو, ئەنجامەکەشی ئەوە بوو کە حکومەتی یەکگرتوو ئیعلان کرا لە 2006/5/7, لەو ڕۆژەوە ئێمە مەسئولیەتمان لەسەر شانە لەچاودێری حکومەتدا, دیارە بەڵێنك بوو بەگەلەکەمان دابوو, لەکاتی هەڵبژاردندا, پەرلەمان لێپرسراوەتیەکی سەرەکی ئەوەیە, ئەو دوو ئیدارەیە یەکبگرێت, بۆیە ئەو بڕیارەمان دا کە تەعامول لەگەڵ ئەو دوو ئیدارەیە نەکەین هەتا یەکدەگرن, لەم ڕۆژەوە تا ئەمڕۆ وەکو پێویست نەمان توانیوە, سەرپەرشتی چالاکیەکانی حکومەت بکەین, ڕاپۆرتی خۆیان بنووسن بەپێی نیزامی داخلی پەرلەمان, ڕاستە مانگ بە مانگ وەخت دوای وەخت ئەم چالاکیانە بەرەو پێش چوون, ئێستا

باشـترین لـه پێشـتر، ئومێـدەوارین باشـتر بـین لـەداهاتوودا، بەرنامەیـەکمان هـەبێ بـۆ ئـەو بـوارەی چـۆن چـالاکترکەین، لیژنــەکانمان، بــۆ چـاودێری کردنــی چـالاکیەکانی حکومــەت و دەستنیشــان کردنــی کــەمو کورپیەکان، دەستنیشان کردنی لایانەکانی کە سیمای گەندەڵیان پێوەدیارە، دواتـر لێپرسـینەوە لەسـەر ئـەو بوارانەی کە لیژنەکان راپۆرتیان لەسەر نووسیوە، لەگەڵ ئەوەشـدا تـەبیعی لـە ساڵی رابـوردوودا، چەندین جـار ئێمـە سـەرۆکی حکومـەت و جێگـری سـەرۆکی حکومـەتمان بانگهێشـت کـردووە و گفتوگۆمـان لەگـەڵ کردوون، رووبەرووی ئەو کێشانەمان کردن کە ویستی خـەڵکن، لـە کارەبـا بـێتن، مەسـەلەی زینـدانی بـێتن، سووتەمەنی بێـتن، بەتێگەیشتنی واقیعـەتی خۆشمـان، ئـەو واقیعانـە کـە هـەمووومان دەزانـین، ئـەو کێشـانە بەشێکی پەیوەندیان بە وەزعی نائاسایی عێراقەوە هەیە، چالاکیەکانی تیرۆرسـتی هـەر بـەردەوامن، نـاهێڵن حکومەتی فیدراڵ و ئێمەش تاحەدێکی زۆر وەکو پێویست بە ئەرکی سەرشانی خۆمان هەڵستین، بەخزمەت کردنی خەڵك، چارەسەرکردنی ناکۆکیەکان، چارەسەرکردنی ئەو لایەنە سلبیانەی کـە رووبـەرووی خـەڵك و حکومەت بوونەوە، بەلاّم لەگەڵ ئەوەشدا من خۆم پێم وایە تاحەدێکی باش پەرلەمانی کوردستان بـەدەوری خۆی هەڵساوە و، لەناو پەرلەمانیشدا بـە خیلافـی ئـەو تومـەت و ئـەو رەخنانـەی کـە لەپەرلـەمان دەگـیرێ، لێرەدا ژیانێکی دیموکراسی هەبووە، هەموو ئەندامان ئـازاد بوونـە لەقسـەکردندا، هەنـدێ جار هەنـدێکیش زیاتر، رێگای قسەم نەگرتووە، زۆر بەئازادانە راوبۆچوونی خۆیان لەتەلەفزیۆن و میدیایەکان وتـووە، بـەلاّم بەداخـەوە ئـەم راسـتیە نەگەیشـتە میـدیاکان وەکـو پێویسـت، هەرچـەندە چـەند دانیشـتنێکی پەرلـەمان راستەوخۆ بەخش دەکرا، خەڵك چاوی لێبوو، زۆر لەو گفتوگۆیانەی لەسەر مەسەلە گرنگـەکان کـران، وەکو پێویسـت ئەنـدامی پەرلـەمان جێگـای سـوپاس و رێـزە، کـە بـە لێپرسـیاریەوە بەشـداریان، لـە هـەموو ئـەو موناقەشە و گفتوگۆ کردن و رەئیی دان کردووە، بۆ دەرهێنانی ئەو یاسایانەی، کە خەڵك چاوەڕوانی دەکرد، وەکو یاسای وەبەرهێنان، یاسای رووبەرووبوونەوەی دیاریدەی تیرۆر، یاسای وەزارەتەکان، بەتایبەتی هەنـدێ وەزارتی گرنگی وەکو وەزارەتی کەس و کاری شـەهیدان و ئـەنفالکراوان، بـەلاّم بەشـێکی لـەو رەخنانـەی کـە رووبەڕووی پەرلەمان بوونەتەوە، بەشێکی راستن، ئەوەیش ئەوەیـە پەرلـەمان بریتیـە لـە نوێنـەری لیسـتی حزبەکان بەتەئیکد تەبیعیە ئەنـدامانی پەرلـەمان لەسـەر لیسـتی حزبـەکان هەڵبـژێردراون، خـەڵك دەنگـی داوە بەلیستی حزبەکە، پابەنـدبن بـە بـیروڕای حزبـە سیاسـیەکەیان، لێـرەدا نوێنەرایـەتیان دەکـەن، بـەلاّم خـەڵك ئـەوەی لـەبیر کـردووە، ئـەو جـەماوەرە دەنگـی داوەتـە ئـەو لیسـتە، بەنوێنـەرانی حزبەکـە، لـەزۆر پەرلەمانی دونیاشدا بەم شێوەیەیە، خەڵك گوێ بیستی رەئیی حزبەکەی خۆی دەبێت، حـزب لەمیللەتـەوە هاتووە، نوێنەری خەڵکە، خەڵك متمانەی پێکردووە، ئەو ئەندامانەی لێرەن زۆر تەبیعیە، رەئیی حزبەکەی خۆیان بڵێن، لێرە بۆ دەوڵەمەند کردنی ئەو پرۆژە بڕیارانەی کـە دێنـە پێشـەوە، بـەلاّم مـن خـۆم رەئیـەکم تەکوین کردیە، تەدەخولی حزبەکان لە ئیش و کاری پەرلەمان لە ئاستێکی زۆر نزم دابـووە، بەعەکسـی ئـەو رەخنانــەی کــە خــەڵك رووبــەرووی ئێـوەی دەکەنــەوە و، لــە زۆر بـواردا بەعەکسـەوە زۆر ئەنـدام پەرلـەمان هەبووە، لیستی پەرلەمان هەبووە، گلەیی ئەوەی کردووە کە حزبەکـەی ئاگـای لێنییـە، کۆبوونـەوەی لەگـەڵ

ناكات, يەعنی بەجێیهێشتووە, حزبەكەی متمانەی هەیە, بەجێیهێشتووە, بۆ ئاستی تێگەیشتنی ئەو ئەندام پەرلەمانە لەسیاسەتی حزبەكەی, لەوەیدا كەئیمكانی ئەوەی هەیە, ئەندام پەرلەمانەكە كە ئەندامی لیستی ئەو حزبەیە, لەسیاسەتی ئەو حزبە تێدەگا بۆ دەوڵەمەند كردنی ئەو پرۆژەیە, دواتـر حەقیقـەتێك هەیـە, تـا حـەدێك ئـەو حزبانـە تـەدەخول ناكـەن, كێشـەیەكی ئـەوتۆمان نییـە, ململانـێ لـەنێو حزبـەكان لێـرەدا بتەقێتـەوە, ئـەو شـتانەی كەئێمـەی كۆكردیتـەوە لەپەرلەمانـدا و لەحكومەتیشـدا, زۆر زۆر گـەورەترە لـە ململانێی حزبی, دامەزراندنی كۆمەڵگایەكی مەدەنی ئاواتێكی هەموو حزبەكانە, ئـاواتی هـەموو ئەنـدامانی پەرلەمانە, ئاواتی هەموو خەڵكە, لەبەر ئەوە هەر موناقەشەیەك بۆ دەرهێنانی یاسایەك, بەرەو رۆیشتن بۆ كۆمەڵگای مـەدەنی, دابـین كردنـی دیمـوكراتی, دابـین كردنـی ئـازادی, مـافی مـرۆڤ, مـافی ژنـان و ئافرەتـان, خیلافێكی وای تێدا نابێ, تەبیعیە خیلاف لەوە دا دەبێ لەو وشـەی كـە بـەكاری دەهێنـی لـەبواری چـەند و چۆنیەتیدا, ئەو خیلافە دەبێتن, ئەو خیلافەش زۆرجار لـەناو حزبێكدا, ئیختـیلاف پەیـدا دەبـێ, عەكسـی ئەو تۆمەت و رەخنانەی كـە لێمـان دەگـرن, ئەگـەر موتابەعـەی باشـی پەرلـەمان و جەلسـاتیان كردبـا, ئـەو رەخنانەشیان نەدەگرت, زۆرجار هەبووە ئەنـدامی لیسـتی حزبەكـە, دژی ویسـتی حزبەكـە رەئیـی داوە, بـۆ پرۆژەیەك كە خیلافی بەرنامەی حزبەكەی خۆی بووە, زۆر جار وابووە پرۆژە هاتۆتە پێشـەوە ئـەمن لێـرە موڵاحەزەی هەمووتان دەكەم, رەنگە لیستی فراكسیۆنی پارتی و یەكێتی, نیوەی حساب بكەین, نیوەی لەولا بـووە و نیوەكـەی تـر لەلایەكـەی تـر بـووە, خـەڵك ئیتهامـان دەكـات دەڵـێ بـۆ هـەموو پرۆژەیـەك دەسـتیان هەڵدەگرن, لێرەوە دەزانم میدیا نەقڵیان ناكاتن, بۆیە ئەو قسانە دەكـەن, زوڵمێكـی گەورەیـە لـە پەرلـەمان دەكەن ئـەوە راستیشـی تیایـە, مـاددە ئەساسـیەكان گفتوگۆیـەكی زۆر هەڵـدەگرێت و كـراوەش, ئیختیلافـاتی زۆریشی لەسەر بووە, بەڵام هەموو پرۆژەیەكی یاسا چوار, پێنـج مەوادی دوایی هیچ خیلافێكی لەسەر نییە, دەڵــێ مــاددەی ئەوەنــدە, ئــەو برِیــارە ئەنجومــەنی وەزیــران جێبــەجێ دەكــاتن, نــەخیلافی دەوێ و نەموناقەشەی دەوێ, بەتەئكید هەمووتان دەستان هەڵدەگرن و تەئیدی دەكەن, لەرۆژی دەرچوونیەوە ئـەو یاسایە جێبەجێ دەكرێ, نەكەس موناقەشەی دەكاتن نەكـەس دژیـەتی, هـەمووماتان دەسـتان بەرزدەكـەن و تەئیدی دەكەن, جا خەڵكانێك ئەو مەوزوعانە تێناگـات و رەخنـەمان لێـدەگرن, گلەیـەكی لـە ئـیعلام بكـەم, سوپاسیان دەكەم پێشتر, ئینجا گلەیان لێدەكەم, سوپاسەكە ئەوەیـە زۆر جەلسـاتیان نـەقڵكردووە بەتایبـەتی تەلەفزیۆنـەكان, بـەس گلەیەكـە لەوەدایـە وەختـی تـەرخان كـراو لـە جەلسـاتی پەرلـەمان لەمیدیـەكان زۆر كەمە, ئیختیلافاتی ئەندامانی پەرلەمان پیشان نادەن, قسەكانی ئەندام پەرلەمان نەقڵ ناكەن, بـاس ناكـەن چەند ئیختیلافات هەبوو, لەمەسەلەی پرۆژەی دژە تیرۆر, چەند مشتومرِ بوو لەسەر هینەكان, یـەك كـەس نیشـانی نـەدا, لەسـەر یاسـای كـەس و كـاری شـەهیدان, ئـەو هـەموو یاسـا گرنگانـە كـە دەرچـوونە, هـیچ تەلفزیۆنێك نیشانی نەدا, چوار قسە نیشان بداتن كـە لەبەرامبـەر یـەكتری كـراوە, بۆیـە خەڵكەكـە مـەجالی نییە دانیشێ بەرامبەر تەلەفزیۆن ئەگەر نەقلیش بكرێ, كەم نەقڵ كـراوە راسـتەوخۆ, مەگـەر مەسـئولێكی تەنیا, یان مەسەلەیەكی گرنگ هەبێ, ئەو تەلەفزیۆنانە بەدوای لێپرسراوەكە هاتوون, باسی شەهیدان كـرا,

کەس و کاری شەهیدان گلەیان هەبوو لەسەر پرۆژەی یاساکەی وەزارەت لە رۆژنامە نووسرا داوایان لە ئێمە کرد دوای بخەین, داوایان لە وەزارەتی کەس و کاری شەهیدان کرد دوای بخەین, ئێمەش دوامان خست, هەندێك رەئیی مەعقولیان هەبوو وەرمانگرت, لێرەش موناقەشەیەکی زۆر توندی لەسەر کرا, بەلام کە یاسایەکە دەرچوو, ئەو میدیایەی کە سێ مانگ بوو باسیان دەکرد, کەسێك نە یاساکەی بلاوکردەوە ئەوانەی کەباسیان دەکرد, نە ئاماژەیان بەو گۆڕانکاریە گەورەیە کرد, کە لەپرۆژەکەدایە ئێوە کردتان, چونکە گۆڕانکاریەکی مێژوویی هێنایە سەر, نەك لەسەر خودی یاساکە, بەڵکو لەناو کۆمەڵگادا تێگەیشتنێکی تازە پەیدابوو, ژنان و ئافرەتان ئەو حەقەی کە لەو قانونە ئاماژەی پێکرد, پێم وایە گۆڕانکاریەکی گەورەیە بەرەو مافی ئافرەتان و ژنان کە لەوێدا هین کراوە, کەسێك باسی نەکرد, ئەوانەی باسیشیان کرد, تەنها هەندێك هینی بەرەئیی من لەجێی دانابوو, ئێوەش موناقەشەتان لەسەر دەکرد و رەئیتان لەسەردا, تەنیا دوو پرۆژە هاتووە, زۆر مەجالی دیموکراتیەت نەدرابێ لەلایەن سەرۆك, ئەو رەخنەش لەخۆمان بگرین, ئەوەیش فرستە لێرە باسی بکەم, یەکەمیان مەسەلەی قانونی سەرۆکایەتی بوو, بە ئیتیفاق بوو ئەگەر چی دەوڵەمەند کرا, من پێم وایە پاش موناقەشەیەکی زۆر هینی ئەوانە کرا, لەمەکتەبی سیاسی پارتی و یەکێتی, ئیتیفاقیان کردبوو نەیانتوانی بگەنە نەتیجە, ئێوە لێرە تەعدیلتان کرد, بەشێوەیەکی رێك و پێکتر دەرچوو یاسایەکە, بەلام رەنگ بوو رەخنە بێتە سەرمان کە ئەوە وەکو پێویست موناقەشە نەکراوە, لەمەوزوعی یەکگرتنەوە دەڵێن مەجال نەدراوە, موناقشە لەسەر وەزیر بکەین, متمانەیەك هەیە کەپێیان بڵێین, هەرکێ تەماشای تەلەفزیۆن بکات, ئەو رەخنەیەی مەقبوولە, بەلام هەرکێ تەفصیلات بزانێ ئەو رەخنەیەی رەت دەکاتەوە و, حەقە دەست خۆشی بکاتن لەوەی کە رێگا نەدراوە, وەکو عەرزم کردن ئیشی پەرلەمان راوەستابوو لەسەر ئەوەی ئەو دوو حکومەتە یەکتربگرێت, خۆمان بەقەراری خۆمان موعامەلەمان لەگەڵ حکومەت نەدەکرد, پرۆژەمان قبوڵ نەدەکرد, چاودێریمان نەدەکرد, بۆ ئەوە ببێتە یەك حکومەت, کارێکی زۆر زەحمەت بوو کارێکی ئاسان نەبوو, هەرکەسێ لەمەوقعی خۆیەوە, ئەوەی دڵسۆزی بوو بۆ گەلەکەی, بۆ نیشتیمانەکەی هەوڵی ئەوەی ئەدا, تا توانیمان کۆسپەکان یەکلابکەینەوە, من لێرەش بۆتان دووبارە ئەکەمەوە, ئاخیر کۆسپ سەعات 12 شەو بوو, هەموو دونیاشمان دەعوەت کرد, بەحکومەتی بەغدا و سەفیری ئەمریکا, سەفیری ولاتانی تر تاکو ئەو بڕیارە مێژووییە تەماشا بکەن, ئەو دوو ئیدارە یەکی گرتۆتەوە و, بەو ئاسانیە نەبووە, هاتوون ناوەکان ئاخیر لەحزەی کردوومانە, لەوەزعێکی ئاسایی نینە وەکو بڵێین حکومەتێك هاتیە, قائیمەکەی خۆی پێشکەش کردووە ئیش رانەوەستاوە, بۆیە تەحەمولی ئەو مەسئولیەتەمان کرد, وتمان بەو شێوەیە کرا, گوتمان دەنگ بەقائیمەکە بدرێ, موناقەشەشمان کردبا, هەموو ئەوانەی کەلێرەدا بەشدارن, هەموو ئەوانەی کە لەو پەرلەمانە ئیئتلافن, لەحکومەتا نوێنەریان هەیە, گەر تۆ رەخنە لەوەزیرێك بگری, برادەرێك رەخنە لەوەزیرێکی تر ئەگرێ, یەکێ رقی لەیەکێ ئەبێتەوە, هەموومان واقیعەتی خۆمان ئەزانین, ئەو مەسئوولیەتە ئەگەر گلەیشمان لێبکرێ قبوڵی دەکەین, رەخنەیەکی ترمان دێتە پێش, ئەوەش بۆیە هین

ئەکەم, حەقە ئێوە بەخۆتان دیفاع لەخۆتان بکەن, راستی روون بکەنەوە, پرۆژەی دەستووری عێراق لەبەغدا هاتە ئێرە ئێوە قبوڵتان کرد بێ هینی ئەوانە, حەق نەبوو وا بکەن, وەلأمی ئێمەش خۆتان باش لەبیرتانە, پێش ئەوەی بێتە پەرلەمان جەنابی سەرۆکی هەرێم لێرە بوو, دەسەلأتمان دایێ, نوێنەرایەتی وەفدی کوردستان بکات بۆ بەغدا, بۆ هەموو مەسەلەکان, لەوانەش مەسەلەی دەستوور, جگەلەوەش وەفدێکی سەرۆکایەتی پەرلەمان بە سەرۆکایەتی کاك فرست بەشداریان کرد لە 22 کەس, جگە لەوە جەنابی مام جەلال خۆی لەبەغدا, سەرۆك کۆمار جەنابی کاك نەوشیروان و کاك د0 بەرهەم و کاك د0 رۆژ و کاك فوئاد هەموویان ئەوانە سەرکردایەتی سیاسین, لەوێ بەشداریان کرد, ئەو پرۆژەیان لەبەر رۆشنایی ئەو دەسەلأتەی کە لەلایەن پەرلەمان دراوە پێیان, گەیشتوونە ئیتیفاق لەگەڵ لایەنەکان و, ئەو پرۆژەیان بۆ ئێمە نارد, گوتیان ئێمە دوامان ختسیە, پەرلەمانی کوردستان رەئیەکی لەسەر بدات, سێ رۆژە وەختی درایەتی, دیسان دەڵێم لەتێگەیشتنی واقیعمان, ئەوانەی لەبەغدان نەك بەس نوێنەری گەلن, متمانەی پەرلەمانیشیان وەرگرتییە, مولأحەزاتی ئێوە, سێ مولأحەزە بوو, ئێستاش دێتەوە بیرم, بۆیە ئەڵێم چونکە زۆر باس ئەکرێ, یەکێکیان ئەوە بوو کەمافی چارەنووسیان تیانییە, یەکێکیان ئەوەبوو سنووری کوردستانی دیاری نەکردیە, یەکێیکی تریان پەیوەندی بەدیموکراسی و ئەوانە هەبوو, ئایا دەکرێ بەو وەفدەی کە خۆمان متمانەمان داوەتێ, خۆمان ئەزانین هەرچی لەتوانایاندایە کردوویانە, خەڵکی بەتواناو پسپۆڕ و دڵسۆزن وەکو ئێمە, ئەگەر بیانتوانیبا ئەیان کرد, بەلأم موتمانەکەی ئێمە کە جوابمان داوە بەنامەیەك باشە, بەلأم پەرلەمانی کوردستان رەچاوی ئەم خالأنەی خوارەوە بکەن, هەوڵ بدەن ماف و چارەنووسی تێدابێ, هەوڵ بدەن سنووری کوردستان دیاری بکرێ, جگە لە مەسائیلە دیموکراسیەکان, ئەو تێبینیانەی ئێمە ئێستاکە کەس باسی ناکات, هەر دەڵێن پەرلەمان بەکۆی دەنگ موافەقەتی لەسەر کردووە, کە بەکۆی دەنگ هەمووتان مولأحەزاتی خۆتان بەئاشکرا وت و تێبینیتان وەرگیرا, بە موافەقەتی ئێوە وتمان دەست خۆشیتان لێئەکەین, بەلأم ئەم تێبینیانەش هەیە, ئەگەر پەرلەمان بیگوتبا موافق نین بۆ ئەو دەستوورە, موافیق نین بۆ ئەو پرۆژەیە, رەئیتان دابا ئیلا دەبێ ئەوەی تێدا بێت, دواتر موافەقەت نەکرا با, بۆ پەرلەمان ئەوە قابلی قبوڵ بوو و, ئێمەی دەخستە قەیران یان نا, بەهەر حاڵ من ئەو قسانە دەکەم بۆ ئێوەیە, هەم ئێوە, هەم خەڵکی کوردستان بزانن کە ئێمە ئەوەندەی بۆمان کرابێ, بۆ خزمەت کردنی خەڵك و ئاسانکاری کارمان کردوومانە, خاڵێکی تر, خەڵك باس لەدەستکەوتەکانی ئەندامانی پەرلەمان دەکاتن, ئەندام پەرلەمان مووچە بۆ خۆی زیاد دەکات, موخەصەصات بۆ خۆی زیاد دەکات, سەیارە دەکڕێ بۆ ئێوە, ئەوەش بەڕاستی زوڵمێکی گەورەیە لە ئێوە و, حەقە باسی راستیەکان بکرێ, لەهەموو دنیادا ئەندام پەرلەمان دەبێ ژیانێکی باشی هەبێ, لەبەر ئەوە نالێم کە ئێوە دانیشتوون, بۆ ئەوەی بتوانێ ژیانێکی ئابووری موستەقیل و موستەقڕی هەبێ, موحتاجی حکومەت نەبێ, چونکە تۆ موعامەل لەگەڵ حکومەتێك دەکەی, موراقبی لەسەر حکومەت, بۆیە کە من زۆر جار لەگەڵ ئەندامانی پەرلەمان قسەدەکەم, نابێ هیچ داواکاریەك راستەوخۆ بدەنە حکومەت, چونکە کە موحتاجی حکومەت بووی ناتوانی

چاودێری بکەی, نابێ موحتاجی حکومەت بی, دەبێ تۆ ژیانت دابین بکەی و, من ئیعتیراف دەکەم وەکو پێویست نەمان توانیوە ژیانتان بۆ دابین بکەی, ئەو ئەندامانەی لەدەرەوەی شارن و لەهینن تا ئێستا خانونمان بۆ هین نەکردوون, ئەمە نەقصێکە لەهەموو دنیا, ئەندام پەرلەمان کە دێتە شوێنی کارکردنی, دەبێ پەرلەمان بۆ هەموو ئەندام پەرلەمانێك جێگایەکی بۆ دابین بکات, نەمان توانیوە, وەکو پێویست نەمانتوانیوە مووچەتان زیاد بکەین, بۆچی؟ نەك لەبەر ئەوەی کەنەمان توانیوە بڕیار بدەین, بەلاّم دەبێ خەدەمات رەچاو بکەین, وەزعی خەڵك رەچاو بکەین, ژیانی خەڵك رەچاو بکەین, گوزەرانی خەڵك رەچاو بکەین, لەپاڵ ئەوەی کەبڕیارێك بۆ خۆمان ئەدەین, ئەبێ بڕیارێکیش هەبێ بۆ گوزەرانی خەڵك, مووچەی خەڵك, بۆیە زۆر کەس گلەیی لەئێمە دەکات, دەڵێ مووچەی ئێمە نیوەی مووچەی ئەندام پەرلەمانی بەغدایە, ئەوە راستە, بەلاّم ئەوە نوقتەی قوەتە بۆ ئێوە, کەی توانیمان وەزعی خەڵك باش بکەین, وەزعی خۆشمان باشتر دەکەین, دواتر بەشێك لەئەندامانی پەرلەمان کەبۆتە ئەندام پەرلەمان زەرەری کردووە, دکتۆرە, موهندیسە, مامۆستای جامیعەیە, موحامیە, موحامیی هەیە مانگی دوو ئەوەندە قازانج دەکات, لێرە هەیە موحامیە مەجالی ئەوەی نییە, یان بۆی نییە بچێ موحامات بکات, دکتۆر هەیە عیادەی هەیە, بچێ عیادەی بکاتەوە, پێنج ئەوەندەی مووچەی پەرلەمان وەرئەگرێت, کەسێك تائێستا کە رەخنە دەگرن لەپەرلەمان ئاماژەیان بەوە نەکردووە, هەر ئەڵێن پەرلەمان سەیارە بۆ خۆی ئەکڕێ, باشە ئەو سەیارەی کە کڕا, بەچی هاتوچۆ بکات ئەندام پەرلەمان, لەدنیادا خۆزگە مەدینەی فازیلە هەبا هەموو کەسێك بە گوێرەی پێویستی خۆت, بەلاّم ئەوە ناکرێ, دەبێ هەوڵ بدەی بۆ عەدالەتێکی کەلەبەر رۆشنایی قانون بێت و, ئەندامی پەرلەمان دەبێ ژیان و گوزەرانی باش بێت و, من پێتان دەڵێم دەبێ ژیان و گوزەرانت باشتر بکەین, بەلاّم لەهەمان کاتدا هەوڵ دەدەین ژیان و گوزەرانی خەڵك باش بکەین, دوو هەنگاو بچینە پێش بۆ چاککردنی گوزەرانی خەڵك, هەنگاوێك دەتوانین باس لەخۆمان بکەین و بەرەو پێشەوە بڕۆین, ساڵی داهاتوو لەپێشمان دایە, تەبعەن مەسەلەی بودجە زۆر گرنگە پێش ئەوەی دەست بەبەرنامەی کار بکەم, بودجە دوا کەوتووە, راستە, هەموو خەڵك باسی دەکاتن راستە و, ئەرکێکی سەرەکی پەرلەمانە بودجە موناقەشە بکاتن و, موتمانەی بداتێ و ئیقراری بکات, پاش گۆڕانکاری پێویست کەدەیکاتن, بەلاّم دواکەوتنی بودجەکە بەشێکی پەیوەندی بە حکومەتی بەغداوە هەیە, بەشێکی پەیوەندی بە حکومەتی ئێرە هەیە, حکومەت تا ئێستا دوو ئیدارەکە وەکو پێویست و بەژێری نەیانتوانیوە جێبەجێ بکەین, بەس لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە هەردەم داوامان کردووە لەحکومەت, قسەمان لەگەڵ جەنابی سەرۆکی حکومەت, لەگەڵ جێگیری سەرۆکی حکومەت, وەزیری دارایی, وەزیری هەرێم بۆ دارایی لەهەموو کۆبوونەوەکاندا کردووە, لەکۆبوونەوەی هەرسێ سەرۆکایەتی دا یەك لەنوقاتەکان بودجە بووە, وتوومانە قبوڵ ناکەین و قبوڵیشمان نییە پارەکە تەقسیم بکرێ, ئەو داواکاریەش گەیشتۆتە نیهایەت, دوێنێکە لە کۆنگرەی رۆژنامە نووسی, کۆنفرانسی رۆژنامەنووسی هاوبەش, جەنابی سەرۆکی حکومەت پرسیاریان ئاراستە کرد, گوتی هەموو شتێك تەواوە, چاوەڕوان دەکاتن لەیەکەمین کۆبوونەوەی حکومەت کە مەفڕوزە چوارشەم بەیانی ئیقراری

بكەن و بینێرن بۆ پەرلەمان, واتا خۆشتان حازر بەكەن بۆ ئەوەی دیراسەتی بكەن, پاش ئەوەی لەلایەن لیژنەی دارایی و ئابووری و لەلایەن لیژنەی یاساییەوە تەقریر حازر دەكرێ دەیخەینە بەردەمتان, ساڵی داهاتوو ساڵێكی گرنگە, لەپێشمانە پرۆژەی دەستووری هەرێم, كە دەبێ تەواو بكرێ, چەند مانگێكی لەپێش زۆر لەو پرۆژانەی كە بلاوكرانەوە نامە و تێبینی و راپۆرتمان بۆ هاتووە لەلایەن حزبەكانەوە, لەلایەن رێكخراوی كۆمەڵگای مەدەنی, لەلایەن شەخصیاتەوە, جگە لەوە ولاتانی دۆستیش كە ئیهتیمامیان هەیە, هاتوون كۆبوونەوەیان لەگەڵدا كردووین, هەتا ئەو دەعوەتەی بۆ ئەڵمانیا, لیژنەی دەستووریان دەعوەت كردو, ژمارەیەك لەئەندامانی لیژنەی دەستووری سەردانیان كردن, بەشێكی گرنگی ئەو سەردانە بۆ ئەوە بوو, كە مەسەلەیەكی گرنگ باس بكەین لەگەڵیاندا, پرۆژەكە ببینن, تەجروبەكەی خۆیان نیشان بدەن و, لەم چەند هەفتەی ئایندەدا ئەو تێبینیانە وەردەگیرێت, جارێكی تر پوختە دەكرێت, ماوەیەكی كورت دەگرێت, هەرچی كەم و كوڕی هەیە نەمێنێت, ئینجا دەخرێتە بەردەمتان بۆ بڕیار دان, ساڵی داهاتوومان دەبێ ساڵی گرنگ بێت, بۆ چالاكی لیژنەكانی ناو پەرلەمان, پێش هەموو شتێك, یەعنی پێش هەموان رەنگە لیژنەكان پێویست بكات زیاد بكەین, ئێستا 15 لیژنەمان هەیە رەنگە بكرێتە 20 بەپێی پێویست, ئەوەش تەبعەن بەپێی پێویست, چاوەڕوان دەكەم ئەو بەپێی ئەو هینە پەیڕەوی ناوخۆ هەموار بكەین, جگە لەمەڕاحیلی هینە و, هەندێ لیژان هەیە وەكو پێویست بەدەوری خۆیان هەڵنەستاون, هەندێكی لەبەر زروفی مەوزوعی بووە, هەندێكی لەبەر زروفی خۆیان بووە, من پێم وایە بۆ ئەو لیژنانە دەبێ موستەشار دابنێین, موستەشار شارەزا بێت لەبوارەكەی بۆ ئەوەی هاوكاری لیژنەكە بێت, بتوانیت ئەوەی پێویستە لەو مەرحەلیەدا چەندین پسپۆڕ لەبواری خۆیدا بەڕاوێژ لەگەڵ لیژنەكاندا موستەشاریان بۆ دادەنێین, چەند وەزارەتێكی كەم ماوە, رەنگە دوو سێ وەزارەت بێت, یاساكانی تا ئێستا نەهاتووە, ئەو یاسایانەی دێن و ئەوەیش تەواو دەبێ, وابزانم هەر دوو ماوە, پرۆژەی یاسایی زۆرمان لەپێشە و, خوێندنەوەی یەكەمی بۆ كراوە, هەندێكیان چاوەڕوان دەكرێ خوێندنەوەی یەكەمی بۆ بكرێ و, ساڵی داهاتوو ساڵی ئیش كردن دەبێت, بەتایبەتی ساڵی لیژان, ناوی لێبنێین ساڵی لیژنەكان, چونكە ئەگەر لیژنەكان بەدەوری خۆیان هەڵبستن, مانای وایە پەرلەمان چۆتە پێشەوە, مانای وایە پەرلەمان دەتوانێت لێپرسینەوە لەگەڵ حكومەت بكات, پەرلەمان دەتوانێت بانگهێشتی وەزیرەكان بكاتن رووبەڕووی كێشەكانیان بكاتەوە, ساڵی داهاتوومان ساڵی ئەوەمان دەبێت دەورێكی كاریگەر تر ببین بۆ نەهێشتنی دیاردەی كوشتنی ژنان و ئەو زوڵمەی لەژنان دەكرێ, دەبێ لەهەموو بوارێكەوە, لەهەموو لیژنەكان ئەوە ئەركی هەموو لیژنەكانە, فەقەت ئەركی لیژنەی داكۆكی كردن لە مافی ئافرەتان نییە, ئەركی هەموو ئەندامێكی پەرلەمانە, ئەركی هەموو حیزبێكە, ئەو دیاردەیە لەكۆمەڵگامان بەردەوام بێتن خەتەر دەخاتە سەر كۆمەڵگامان, خەتەر دەخاتە سەر ئەو دیموكڕاتییەی كەدەمانەوێت, خەڵك موتمانەی پێمان نامێنێت, چۆن دەكرێتن خەڵك بەخۆی بڵێتن دیموكڕاتیم و موجتەمەعی مەدەنیم و ئازادم, رۆژانە دەنگی ئەوە بێتەوە لێرە ژن دەكوژرێ, لەوەێ دەسوتێنرێ, ئەو زوڵمەی لێیان دەكرێ نەك تەنیا ئەوە بەیاسا دەركردن

چارەسەر ناکرێ, ئەو رەوشتە دووپات بکەینەوە لەسەر ئەوان, موتابەعە بکەین, دەبێ وەزارەتی داد, مەحاکم, پۆلیس هەموو لایەکیان بەوە هەڵبستن, هەمیشە من ئاماژە بە شتێ ئەکەم, دەسەلآت ئەبێ حزبە سیاسیەکان دەوری خۆیان ببینن, چونکە رۆشنبیر بلآونەکەنەوە بەختورەتی ئەو دیاریدەیە, خەڵك نازانێ ئەوە چەند خەتەرە, چەند زەربە لەکۆمەلگاکەمان دەسەلآتی یاسا دەبێ جێبەجێ بکرێ, دەرهێنانی یاسا هەنگاوی یەکەمە, بەلآم لەوە گرنگ تر جێبەجێ کردنی یاساکەیە, هاوولآتی هەست بەجێبەجێ کردنی یاسا بکاتن, ئەگەر هەست بە دەسەلآتی یاسا نەکاتن کۆمەلگایەکەمان نابێتە یاسا, کۆمەلگەمان پێش ناکەوێ, عەدالەت دابین نابێت, یەکسانی دابین ناکرێ, لەبەر ئەوە ئەرکی سەر شانی هەموومانە هاوکاری حکومەت بین بۆ ئەوەی دەسەلآتی یاسا جێبەجێ بکرێتن, بەچش ئەبێ, بەو لیژنانە ئەبێ, چاودێری حکومەت بکاتن هەریەکە لەبواری خۆیدا, من داوای لێبوردن ئەکەم, حزم ئەکرد ئەو قسانەتان عەرز بکەم و, دەرگاش ئەکەمەوە بۆ موناقەشە, بەتایبەتی لەبەرنامەی کاری داهاتوومان چی بکەین و, ئەگەر حەزیشتان کرد لەکۆبوونەوە, یان کۆبوونەوەیەکی تایبەتان دەکەین, بۆ گلەیی کاری و هەموو شتێك بەشەفافیەت و بەراستەوخۆ, رەخنە لە پشت ملە مەگرن, مادەم وا رەخساوە بۆ هەرکەسێك لێرە بەئازادی قسەبکاتن, بالێرە قسەبکاتن, لەپێش دەم هەموویان, هەروەها ئێمە کە قسە ئەکەین مەفروزە ئیحتیرامی یەکتر بگرین, ئصولی قسە کردن بزانین, من یەك رجام لە ئێوە هەیە, نمونەی دیاردە ناشرینەکانی پەرلەمانی دونیا نەبێتە دیاریدەیەك بۆ ئێوە, کە بەکورسی لەیەکتر ئەدەن, ئەوە دیموکراتیەت نییە, کە موشتومڕ دەکەن, ئەندامی پەرلەمان تەقەبوولی رەئیی یەکتر ناکەن مستێکی لێئەدات, ئەوە نابێت ببێتە سیمبولێك پێتان وابێ ئەوە دیموکراتیەتە, یان پێمان بڵێن موعارەزەیە دژی بۆچوونی خۆیەتی حەقیقی هەڵبستێ قسەیەك بکاتن, هەر بۆ ئەوە بێ پێی بڵێن ئەوە موخالیفە, من پێم وایە ئەوە خزمەت ناکاتن, ئینسان دەبێ ئەو قسەیە بکاتن کە پێی راستە, کەپێی وایە بکرێتن, یەعنی هەتا هەندێ جار قسەکە تەزادی هەبێ لەگەڵ بۆچوونی حزبەکەت بیکەی باشترە, پێت راست بێ بیکەی باشترە, بەلآم ئەو قسەیە نەکەین بۆ ئەوەی پێمان بوترێ ئازا بوو, وەللآ بوێر بوو, هەموو کەسێك بوێرە, هەموو ئەندام پەرلەمانێك بوێرە, موجەرد قبوڵی کرد ببێتە ئەندام پەرلەمان بوێرە, ئازایە, چونکە ئەو مەسئولیەتی هەیە, رەنگە دەیان کەس پێیان وترابێ, وەرە ببە ئەندام پەرلەمان ئیعتیزاریان خواستووە, بەشێکیان لەبەر ئەوەی ئەو مەسئولیەتەی تەحەمول ناکات, لەبەر ئەوە ئینسان لەوە نەترسێ, مادەم هات سوێندی خوارد لەخزمەتی ئەو میللەتە دابێ, لەخزمەتی یاسا بێت, ئەوە مانای ئەوەیە بوێرە, پێویست بەوە ناکات لێرە ئیسپات بکات, دوو قسە دەکاتن, یان دوو موقابەلە دەکاتن, یان دوو رەخنە دەگرێتن بەوە ئیسپات بکاتن کە بوێرە, سوپاستان دەکەم, تۆزێ دەرگای موناقەشە دەکەینەوە, کاك شێخ الله نوقتەی نیزامت هەیە, فەرموو.

**بەرێز شیخ الله ابراهیم شیخ الله:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

نازانم نوقتەی نیزامـە یـان پێشـنیارە, مـن پـێم وا نییـە بـەنیو سـەعات, بتـوانین ئـەو موناقەشـەیە تـەقیم بکـەین, یـان ئـەو گلـەیی و گازانـدەی بڵـێین وەکـو پێویسـت جێبـەجێ بکـرێ, بۆیـە پێشـنیار دەکـەم ئـەو کۆبوونـەوەیە دوابخرێ بۆ کۆبوونـەوەیەکی تایبـەت و داخـراو, بۆ ئـەوەی هـەمووومان زیـاتر بتـوانین بـە ڕێـك وپێك تر رەخنەو پێشنیارەکانمان بڵێین, چارەیان بکەین, زۆر سوپاس.

**بەڕێز زرار طاهر امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی پشتیوانی لەپێشنیارەکەی دەکەین.

**بەڕێز د0 ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەللا من پشتگیری لە بەشێکی پێشنیارەکە ئەکەم, بەڕاستی کۆبوونەوەیەکی تایبـەتی بکـرێ, بـەلاّم داخـراو نەبێ, با بەشەفافیەت و لەئاستی لێپرسراوەتی خۆمان بین, باسی گیرو گرفتـەکانی خۆمـان بکـەین, یـەعنی هەم هەڵسەنگاندنێکی تایبەت بە پەرلەمانی کوردستان بێت, لەگەڵ رێز و سوپاسمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەجومەن:**

باشە ئەو موفتەرەحە دەخەمە دەنگەوە, کە دانیشتنێکی تایبـەت بکـەین هەفتـەی داهـاتوو, وەکـو داواشـتان کرد داخراو بێتن, بۆ رۆژی دووشەممە, کێ لەگەڵ ئەو موفتەرەحەیـە کـە دوابخـرێ, دەسـتی بەرزبکاتـەوە؟ فەرموون, کێ لەگەڵ نییە دەستی بەرزبکاتـەوە؟ فـەرموون, بـە ئەکسـەریەت ئیقـرار کـرا, بـەردەوام دەبـین لەدانیشتنەکەمان, بەخێر هاتنی وەزیری ژینگە کاك دارا و کاك سعد وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان دەکەم, دەبوایە پێشتریش بـەخێرهاتنی بکـەم, بـەخێر هـاتنی خـاتوو شـەرمین راوێـژکاری وەزارەت دەکـەم, بەخێر بێن سەرچاو, خاڵی دووەمی بەرنامەی کار بەئامادەبوونی وەزیری ژینگە بەڕێز دارا محمد امین, بـۆ خستنە رووی چالاکیەکانی مـاوەی رابـردوودا, وەکـو هـەمووتان ئـەزانن ئـەمڕۆ رۆژی ژینگەیـە لـە دونیـا و, وەزارەتی ژینگە وەزارەتێکی تازەیە, بەلاّم ئـەم وەزارەتـە هەرچـەندە وەزارەتێکی تازەیـە, بـەلاّم گرنگیـەکی ئێجگار زۆری هەیە, نەك بە ئێستا ی کوردستان, بەڵکو بەئایندەشمان, چونکە مـاوەی ئـەرکی ئـەو وەزارەتـە ئەگەر مۆفەق بێ و پێی هەڵسێ, مانای وایە نەوەکانی داهاتوومان لـە ژینگەیـەکی پـاك تـر و باشـتر دەژیـن, مەترسیەکان کەهـەن, یـاخود زیـاد دەبـن لەبـەر رۆشـنایی ئـەو گۆڕانکاریانـەی کـە هاتوونەتـە پـێش, ئـەو پێشکەوتنەی کە ولاّتان دەیبینن, ژینگە کەوتۆتە خەتەرەوە و, مەسەلەی ئیهتیمـام دان بەژینگـە لـە سـەرتا سەری دنیا رۆژ بەرۆژ زیاد دەکات, ولاّتـانی پێشـکەوتوو وەختێکـی زۆریـان تـەرخان کـردووە, بـۆ رووبـەڕوو بوونـەوەی دیاریـدەی خـراپ بـوون و پـیس بـوونی ژینگـە, کۆنفرانسات لەولاّتانـدا, لـەدوازدە مـانگی سـاڵدا کۆنفرانس دەبەسترێت لێرە و لـەوێ, بـۆ چۆنیەتی دانـانی بەرنامـەی هاوبـەش, ڕووبـەڕوو بوونـەوەی ئـەو دیاردەیـە و, چارەسـەر کردنـی ئەوەنـدەی بکـرێتن, لەکوردسـتان جگـە لـەوەی لـەڕابردوودا بـەهۆی شـەڕو پێکـدادان و سیاسـەتی رەگـەز پەرسـتی, رژێمـی گـۆڕ بـەگۆڕ چـووی بـەعس لەبەرامبـەر گەلەکـەمان

بەبەکارهێنانی کیمیا و بەتێکدانی دێهاتەکانمان زەرەرێکی یەکجار زۆری بەژینگە گەیاندووە, تا ئێستا ئاسەواری ئەو سیاسەتەو بەکارهێنانی کیمیا دژی گەلەکەمان, وێرانکردنی ئەو دێهاتانە تا ئێستا ئاسەوارێکی یەکجار زۆری ماوە, چ ئاسەواری ئەو نەخۆشیانەی کەدووچاری کیمیاباران بوونەتەوە, چ لەوەی دار و درەختی کوردستانیان تێکدا و سوتاندیان, ئەمەش دەورێکی خراپی هەبوو لەسەر ژینگە, بەلاّم ژینگە بێجگە لەوەش دەبێ حکومەتیش بەرنامەی هەبێ بۆ رووبەڕووبونەوەی دیاردەی پیس بوونی ژینگە, مەسئولیەتێکی تاکە کەسیشە, تاکی کوردستان لێپرسراویەتی هەیە بۆ بەرناگاربوونەوەی ئەو دیاردەیە, لەپیس بوونی ژینگە, پێویستە هەموو کەسێك رۆشنبیریەکی هەبێ بەرامبەر بەژینگە و چۆن ژینگە دەپارێزێت, چۆن دەتوانین پاکی بکەینەوە, ئەوەندەی پێمان بکرێت, بۆ ئەوەی زیاتر ئەو مەسەلەیە روون ببێتەوە, بەتایبەتیش وەزارەتی ژینگە کە ئەوە سالێك و مانگێکە دەست بەکار بووە, چیان کردووە, بەرنامەیان چییە؟ پەرلەمان چی پێویستە بیکات, پێشوازی و بەخێرهاتنی وەزیری ژینگە دەکەین, بۆ ئەوەی بۆمان روون بکاتەوە هەموو ئەو مەسەلانەی کەپەیوەندیان هەیە بەم رۆژە کە رۆژێکی جیهانییە, فەرموو جەنابت بۆ پێشکەش کردنی بابەتەکەت, ببورە پێشی داخستنی قسەکانم من شتێکم لەبیرچوو, ئەو وەفدەی کە لەبەغدا بوون, وەفدی پەرلەمانی کوردستان بۆ مەسەلەی دەستوور, کاك د$0$ کمال کەرکووکی جێگیری سەرۆکی پەرلەمانیش لەوێ بوو, جگەلە کاك فرست هەر سەرۆکی وەفدەکەش بوو, لەگەلّ $22$ ئەندامیش بوون, داوای لێبووردن دەکەم کە لەبیرم چووە, فەرموو کاك دارا.

**بەڕێز دارا محمد امین/ وەزیری ژینگە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان.**

**بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان.**

خۆشحالّ بووم ئەم دەرفەتەتان بەئێمە بەخشی, تا لەنزیکەوە ئێمەش وەزارەتی ژینگە, وەك یەکێك لە دام و دەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان, لەرۆژێکی وەك ئەمڕۆ کە رۆژی ژینگەی جیهانییە, بتوانین لەنزیکەوە کەمێك لەکێشەکانی ژینگەی هەرێمی کوردستان بخەینە بەردەم جەنابتان, کە لەم ماوەیە پەرلەمان توانیویەتی دەورێکی زۆر چالاك و توانا ببینێت و, خزمەتێکی زۆر گەورەشتان کردووە و, بێگومانیشم لەوەی کەوەزارەتی ژینگە بە بڕیاری ئێوە دامەزراوە و, بەبڕیاری ئێوەش ئەو ئامانەتەمان وەرگرتووە و, بەبڕیاری ئێوش بەرەوپێش ئەچێ, گومان لەوەی کە حکومەتی هەرێمی کوردستان ناتوانێت هەنگاو بنێت لەکارەکانمان بەبێ پشتیوانی ئێوە, بەبێ پشتگیری ئێوە, بێ گومانم کە کار ئیفلیج دەرئەچێ, لەم رۆژە کە رۆژی ژینگەی جیهانییە, جەنابتان ئەزانن لەموئتەمەری ستۆکهۆلّمی سالّی $1972$, بڕیاردرا ئەو رۆژە بکرێتە رۆژی ژینگەی جیهانی, پاشان لەلایەن جەمعیەی عمومی نەتەوە یەکگرتووەکان پەسند کرا, هەر ئەو رۆژەش بڕیارێك درا کە رێکخراوێك سەر بەنەتەوە یەکگرتووەکان دروست بکرێت, بۆ پاراستنی ژینگە, جیهانی ژینگە, نەتەوە یەکگرتووەکان (یوئێن ئی پی) و, هەر لەم رۆژەش بڕیاردرا لە

وڵاتانی جیهاندا وەزاراتی بیئە دروست بکرێ, سەبارەت بە بیئە بۆ پاراستنی ژینگە. ئەمەش دوای دروست بوونی مەترسی زۆر گەورە بوو, دەتوانین بڵێین سەرەتای مەترسیە گەورەکان کە خەڵك هەستی پێکرد, لەسەرەتای سەدەی 17 بوو, دوای دەرکەوتنی میکرۆب و ئەو نەخۆشیانەی کە لەژینگە توشی مرۆڤ بوو, بەلاّم بەناوی ژینگە و کارابوونی ئەو مەسەلەیە و, گەورەبوونی بابەتی ژینگە لەکۆتاییەکانی سەدەی رابردوو دەتوانم بڵێم لەموئتەمەری ستۆکهۆڵم دەستی پێکرد, دوای ئەوەی نەخۆشیەکی زۆر ئەو پێشکەوتنە تەکنەلۆژیایی کە لەوڵاتانی ئەوروپایی دەستی پێکرد, دوای شۆرشی پیشەسازی سەری هەڵدا, پێشکەوتنێکی زۆر بوو, بەبێ گوێدانە ژینگە یەکجار زۆر بلاّوبۆوە و, خۆشتان ئەزانن بابەتەکانی ژینگە بابەتی نێودەوڵەتین, بابەتی (local) بابڵێین مەحەلی نییە, بۆیە وڵاتان هەموویان بەیەکەوە کەوتنە خۆیان, بۆ دانانی چارەسەرێك بۆ ژینگە, ئێمەش خۆمان بمانەوێ و نەمانەوێ بەشێکین لەو جیهانە, ئەوە پیسبوونە, ئەو مەترسیانەی رووده‌کەنە ژینگەی جیهانی, رووده‌کەنە ئێمەش, خۆشتان ئەزانن ژینگە بەمەفهومە فراوانەکەی ئێستا یەکێکە لە بابەتە هەنووکەیە زۆر گرنگەکانی دنیا, چونکە مەفهومەکەی زۆر فراوان بووە, ژینگە واتا سروشت و هەموو ئەو دەوروبەری مرۆڤ تیای ئەژی, رەگەزەکانی ژینگە لەئاو, هەوا, خاك دەرچووە, بەڵکو لەبەکتریایەکەوە هەتا گەورەترین مەخلوقی لەسەر زەوی راستەوخۆ پەیوەندی بەژینگەوە هەیە, ژینگە پێك دەهێنێ و, بەبێ پاراستنی ژینگە ژیان نابێ, بەرێزان ژینگە کاریگەریەکی زۆر گەورەو راستەوخۆی هەیە, لەسەر ئەمنی قەومی, بابڵێین زۆرجار خەڵك لەبەر نەبوونی هۆشیاری ژینگە ئەو راستیە نەزانراوە, پەیوەندی راستەوخۆ هەیە لەنێوان ئەمنی قەومی و ژینگە, زۆرجاریش کێشە لەنێوان وڵاتان دروست دەبێ, بابڵێین لەسەر رەگەزەکانی ژینگە ئاو, هەوا, خاك و یەك لەوانەیە و, ژینگە پەیوەندی راستەوخۆی هەیە بەمافی مرۆڤەوە, چونکە یەکێك لە بەندەکانی جاڕنامەی مافی گەردوونی مرۆڤ, پاراستنی ژینگە و, دابین کردنی ژینگەیەکی دروستە بۆ مرۆڤ, ژینگە پەیوەندی هەیە بە ئابووری و بەتەنیا, یەکێك لەرەگەزە سەرەکیەکانی تەنمییە ژینگەیە, کاتێك تەنمییەی وڵاتێك پێش دەکەوێت, دەبێ موراعاتی ژینگە بکات, ئەگەر موراعاتی ژینگە نەکات, مانای وایە ئەو تەنمییە, تەنمیەیەکی فاشیلە, چونکە تەنمیەی موستەدام نییە, تەنمییەی موستەدام وەك صەدەقەی جاری وایە, صەدەقەی خێرێکی جاری بێت هەر بڕوا و بەردەوام بێت, تەنمییەش وەختێك موستەدامە, بزانێ ئەو خاکە موڵکی تۆ نییە, موڵکی باوکمانە بۆ ئێمە ماوەتەوە, لە ئێمەشەوە بۆ نەوەکانی داهاتوومان, ئەگەر هاتوو ئەو خاکەی ئێستا هەمانە, ئەرزێکی زراعییە بەمەوادی کیمیایی زۆر, بەرهەمەکەی ئەمساڵی زۆر بێ, بەلاّم ساڵێکی دیکە بەرهەمی نابێ, موڵکی تۆش نییە بەتەنیا, ئاوی ژێر زەوی هەمانە, ئەگەر هەمووی بکەینە بیری ئیرتیوازی ئەرزکە داغان ئەکەی, وەکو جەستەیەکی لێدێت هەموو لایەکی بریندار ئەبێ, خوێنی لێئەڕوات, هیچی تیا نابێ, موڵکی نەوەکانی داهاتووشمانە, ئەگەر بەرنامەیەکمان نەبێ, ئەگەر یاسایەك نەبێ, ئەگەر پارێزگاری لێنەکرێ, ئەگەر کانزاکانی ژێر زەویش هەرچی هەمانە لەفەترەیەکی زۆر کەم هەمووی دەربێنین, ناتوانین حەقی نەوەکانی داهاتووی لێبدەینەوە, ناتوانین بڵێین ئێمە خاوەن ئەو وڵاتەین, ئەوانە هەمووی بابەتی

زۆر گرنگن, ژینگە راستەوخۆ پەیوەندی پێوە هەیە, جگە لەوەی ئێستا جەنابتان ئەزانن ژینگەی جیهانی, ژینگەی کوردستانیش رووبەڕووی مەترسی بۆتەوە, مەترسی زۆری هەیە, لەوانەیە هەمووومان هەستی پێبکەین, هەندێکمان پشت گوێ خستبێ, ئەمرۆ رۆژی ژینگەی جیهانییە, یەکێك لەو کێشە جیهانیانەی کەهەیە, تەغیری مەناخ و گۆڕانی کەش و هەوایە بابڵێین قەتیس بوونی گەرما, یان ئیحتیباسی حەراری, کە ئەو پلە گەرمیەی خۆر دێتە سەر زەوی, بەهەمان شێوەش دەچێتە سەری, بەهۆی زیاد بوونی غازات بەتایبەتی دوانە ئۆکسیدی کاربۆنەوە رێگا نییە بگەڕێتەوە, پلە گەرمییەکە لەسەر زەوی ئەمێنێتەوە و, وای کردووە کەش و هەوای گۆڕیوە, کتوپڕ بێ بارانی رووئەدات, یان کتوپڕ لافاو رووئەدات, یان گەردەلوول, یان لەهەندێ ناوچە خۆتان ئەزانن ئێستا لەجەمسەرەکان بەفر ئەتوێتەوە, ئەوان بێگومان مەترسی ئەوەیان هەیە هەر ژێر ئاو بکەون, لەهەندێك شوێن بێ ئاوی رووئەدات, گۆڕانێکی زۆر گەورە لەمەناخی کەش و هەوا رووئەدات, بۆتە هۆی ئەوەی زۆری لەناوچوونی زیندەوەرە هەمە چەشنەکان, کە بابەتێکی زۆر گرنگی ژینگەیە, ژیانی پێ بەندە, چونکە تەوازنی بیئە کە تێك چوو ژیان دەکەوێتە مەترسیەوە, ئەمەش یەکێکە لەکێشەکانی, بەهۆی ئەو تێکچوونە مەناخەی کەهەیە, کێشەی ژینگە جیهانییەکان زۆرن کە ئێمە بەشێکین لێیان, یەکێك لەو کێشانە بەرزبوونەوەی پلەی گەرما لەدونیا, تەبعەن دیارە ئێمە بەس زەرەرەکەمان بەردەکەوێت, یەعنی بەس زەرەرو زیانەکەی بۆ هەرێمی کوردستان دێت, ئێمە سوودمەند نیین, لەوهەموو کارگەو تەکنەلۆژیایانەی کە لە دنیا هەیە, ئامادەش نیین ئیلتیزام بکەین بەوهەموو کۆنفرانس و ئەو ئیتیفاقە نێودەوڵەتیانەی کە بۆ پاراستنی ژینگە دەبەسترێت, ئامادەنین رێژەیەکیش کەم بکەینەوە, بەڵام بمانەوێ و نەمانەوێ مەترسیەکانی بۆ ئێمەشە, ئێستا هەر هەموو تەکنەلۆژیەکان کاریگەری لەسەر ژینگە هەیە, تا تەکنەلۆژیاکانیش گەورەتر بێت, مەترسیەکانی بیئەش زیاترە و, چەکە کۆکوژەکانیش بەهەموو جۆرەکانیەوە, لەچەکی نەوەویش کە ئێمە نیمانە و سوودیشی لێوەرناگرین, بۆ کاری سلبیش بەکاردێت, بەڵام زەرەرو زیانی بۆ ئێمە هەر هەیە, هەستی پێبکەن یان نەکەن, جەنابتان ئەزانن لە (چرنۆبەڵ) نیسانی ساڵی 1988 روویدا, لەسەر ئەوە وڵاتانی ئەسکەندەناڤیا رۆیشت و عێراقیشی گرتەوە, هەر لەهەمان ساڵ لەعێراق خواردنی سەوزە مەنع کرا, ئەو دوو مانگە سەوزەوات لەبازاڕی عێراق مەنع کرا, لەبەرئەوەی ئەو کارەساتەی کە لەوێوە بۆ ئێرە هات, ئێمە زۆرجار هەست بەمەترسیەکانی ناکەین, بۆیە جێگای خۆیەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان دام و دەزگای ژینگەمان زۆر چالاك بێت و, هەموو لایەك هاوکارمان بکات بۆ چارەسەر کردنی ئەو کێشانەی کەڕووبەڕووی ژیانی ئێمە دەبێتەوە و, مەترسی دروست کردووە, زۆربەی زۆر ئەو نەخۆشیانەی کە لەوڵاتی ئێمە هەیە, دام و دەزگای تەندروستی فریا ناکەوێ, بەشێکی زۆر لەئابووری وڵاتیشی بۆ تەرخان بکرێ, بەهۆی پیس بوونی ژینگەیە, ژینگە وەکو ویقایەیە, وەکو پاراستن پێش بڵاوبوونەوەی نەخۆشیەکان, هەوڵ ئەدات چارەسەری بۆ دابنێت, یەعنی ئێمە کە باس لەعیلاج ئەکەین, باس لەوە ئەکەین ئەگەر بێتو پەیڕەوی یاساکانی ژینگە بکرێ, ئەگەر دام و دەزگای ژینگە هەبێ, ئەگەر هۆشیاری ژینگە هەبێ, مەترسی ئەو نەخۆشیانە بەڕێژەیەکی زۆر

کەم دەکاتەوە, خۆشتان ئـەزانن بـۆ تەندروسـتی لادێیـەکان باشـترە, لەبەرئـەوەی ژینگەیـەکی پـاکی هەیـە و هەرچی دووکەڵی سەیارەیە لەناو شارەکانە, تەبعەن تـا قەڵـەباڵغی زۆرتـر بێـت, ژینگـە زیـاتر پـیس ئـەبێ, خەڵکی ئێمەش هەموو هاتونەتە ناو شارەکان, دووکەڵی کارگەکان, دووکەڵی ئۆتۆمبێلـەکان, ئـەو ئۆکسـیدەی کە ئینسان خۆی دەری ئەداتـەوە, ئـەو هەمووانـە تـۆ جارێکی تـر ئـەم هەوایـە هەڵئەمـژی, بۆیـە بـەردەوام نەخۆشی زۆرە, بۆیـە تەندروسـتی لـەناو شـارەکان بـاش نییـە, بۆیـە ئینسـان کـە شـار بەجێدەهێڵی هەسـت ئەکات تەندروستی باشترە و, ئەمە پێویستی بەچارەسەرێکی باشترە, ئێمە کەدەمانەوێ وڵاتمان بەرەوپێشتر ببەین, لەهەموو روویەکەوە چاودێری ژینگە بکەین, من پێم وایە کەم تەرخـەمیمان بـۆ هـەموو لایـەکمان, دەکرێ من کە دەڵێم پێویستمان بەپەرلەمان هەیە, ئەگەر گلەیمان قبـوڵ بکـەن, ئەگـەر گلـەیی لەپەرلـەمان بکـەم, کـە یاسـای ئیستسـمار دەرچـووە, ئێمـە ئـەم یاسایەمان پێنەگەیشـتووە, تـا دەریشچـووە ئێمـە ئاگـادار نەبووین, حیساب بۆ ژینگە نەکراوە, مموکین نییە لەهیچ وڵاتێکی دنیا ئیستسمار بەبێ ژینگـە بکـرێ, هـەر ئیستسـمارێکیش بکـرێ کۆمـەڵی موسـتەفیدە, بـەڵام هـەموو زەرەرو زیانەکـەی بـۆ تێکـڕای خەڵکـە, دەبـێ ئیستیسمار لەژێر چاودێری ژینگە دابێ, هیچ پرۆژەیەکی خزمەتگوزاری یان پیشەسازی بەبێ ژینگە ناکرێ, بەڵام لیژنـەیەکی ئیستیسماری باڵا دروست بووە ژینگەی تیا نییـە, ئێمـە بەهـەوڵی خۆمـان, یـەعنی لەگـەڵ حکومەت و دەزگای ئیستیسمار توانیومانە کارێك بکەین, کە ئەو پرۆژانە بێـتە لای ئێمـە, بـەبێ چاودێری ژینگە نەکرێ, بەڵام حەزدەکـەم بـزانن, ئـەوەی ئەیـەوێ بەرهـەمهێنان بکـات, لـەدەرەوە دێ خۆیـان ئـەزانن گرنگی ژینگە, یابانیەکان دەیانەوێ پرۆژەیەکی هایـدرۆپاوەر دروسـت بکـەن, پـێش ئـەوەی دەسـت پێبکـەن, داوایان کرد وەزارەتی ژینگە رەئی خۆیان چییە, لەو بارەیەوە و, بۆ عەقدەکەش داوایـان کـردووە نوێنـەری ژینگە ئیمزا بکـات, بـەڵام بەرهەمـە خۆماڵیـەکان ئامـادە نـین, مەرجـەکانی ژینگـە قبـوڵ بکـەن, بەلایانـەوە قورسە, ئەو مەرجانە بۆ خزمەتی هەموو خەڵکە, یەعنی ئاوی قوڕسی کارگەکان مەترسەیەکی زۆری هەیە, بۆ سەر خاك و ئـاوی ژێـر زەوی, ئامـادە نییـە چارەسـەری بکـات, ئـەڵێ بـا هـەر بـڕوات, یـان نـەقلی ئەکـەن بەتەنکەر ئەیبەن لەشوێنکی تر فڕێی ئـەدەن لـەخاکی کوردسـتان, یـان تـۆ ئـەو یاسـایە ئیستیسـمارە ترسـی ئەوەشـی لێبکـری, بەڕاسـتی ئەگـەر لـە ژێـر چـاودێری نـەبێ, ئـەو خەڵکـەی زەوی پێئـەدرێ و دەیـەوێ ئیستیسمار بکات, ئێمـە وڵاتـێکین خۆتـان ئـەزانن بـارودۆخی سیاسـی ئێمـە چـۆنە, بـێن نەفایـەتی نـەوەوی خەڵك بێ لێرە دەفنی بکات, لەزۆر وڵاتی تریش کراوە, بۆیـە دەبـێ ژینگـە زۆر گرنگـی هـەبێ, چـاودێر بـێ لەهەموو بوارەکانەوە, بەلاشتانەوە سەیر نەبێ کـە وەزارتـی ژینگـە لەزۆربـەی وڵاتـانی جیهـان, وەزارەتێکـی سیادیە, لە وڵاتێکی وەك و ئەمریکا وەزارەتی دیفاعیش هیچ پرۆژەیەکی خۆی ناکات, هیچ تەکنەلۆژیایەکی نەوەوی دروست ناکرێت, بەبێ ئاگاداری ژینگە, ئەبێ ژینگە چارەسەری موخەلەفاتـەکانی بـۆ بکـات, 1,63 میزانیـەی ئەمـەریکا بـۆ ژینگـە تـەرخان کـراوە, لـە وڵاتێکـی وەکـو نەمسـا 1,88 میزانیەکـەیان بـۆ ژینگـە تـەرخان کـردووە, لەبەرئـەوەی ژینگـە ئـەتوانێ چارەسـەری زۆر شـتیان بـۆ بکـات و, زۆر کێشـەش بـەرەو چارەسەرکردن ئـەبات, موشـکیلەی زۆر شـت حـەل دەکـات, ئێمـە لـەوڵاتی خۆمـان ئـەو کێشـە ژینگانـەی کـە

هەمانە, کۆبوونەوەی خەڵك لەناو شارەکان, چڕوپڕی شارەکان, نەبوونی ماستەر پلانێك بۆ شارەکان, ناکرێ شارێك دروست بکرێ دەبێ, لە 30٪ پانتایی ئەو شارە سەوزو و کەسك بێ, کەبەڕاستی ئەوە هیچ موڕاعات نەکراوە, لەهەندەسەی بینا, لە دروست کردنی شارەکان, حەقی خۆیەتی ئیجازەی بینا موڕاعات بکرێ, وەزارەتی شارەوانی لەشارەکان با ئەو پانتایە ماوە بکرێتە کەسك و سەوزایی, پێویستی ژیانی خەڵکە, یەعنی بەشێکە لەژیانی خەڵك, نەك هەر بۆ بیئەی جەمالی و جوانی بیئە کە ئەوەش بەشێکی گرنگی بیئە و ژینگەیە, بەلاَم لایەنەکەی تری کە مەترسیەکانە رووبەڕووی خەڵك بوونەتەوەو ئەو هەموو خەڵکە زۆرە لەشارەکان هەیە, خۆشتان ئەزانن لادێیەکان نەماون, کە ئەمە هەم لەڕووی ئابووریەوە و, هەم لەڕووی ژینگەشەوە, لەبوارەکانی تریشەوە کاریگەری لەسەر دروست کردووە و, بوونی زۆری ئۆتۆمبیل بەبێ یاسا, ئەوەش بەکورتی باس ئەکەم, ئێمە یاسایەکمان پێویستە تائێستا نیمانە, ئەو ئۆتۆمبێلانەی لای ئێمە سالاَنەیان بۆ تازە ئەکرێتەوە, بەبێ ئەوەی گوێ بگرێت لەوەی ئایا موحەرکی ئەو سەیارەیە, بزوێنەرەکەی لەفەحص دەرئەچێ یان نا, دووکەڵ فڕێئەدا, بەراستی بەهەزاران سەیارە ژینگە بۆ ئێمە پیس ئەکەن, بەبێ ئەوەی بیری لێبکرێتەوە, خالێکی تر ماوە, زبڵی شارەکان, بەڕاستی دەبێ وەزارەتە پەیوەندیدارەکان, دەبێ ئێمە لەگەڵیان, بەلاَم جەنابتان گەورەترین دەسەلاَتی ئەم ولاَتەن بانگهێشتیان لەسەر بکرێ, بەڕاستی ئەو وەزارەتانە بانگ بکرێن, بۆئەوەی بزانین چی بکرێ, شارەوانی یەکێکە لەو وەزارەتانەی کە پەیوەندی بە ژینگەوە هەیە, مەسەلەی زبڵی شارەکان لەهەرسێ شارەکە, کەمیەکی زۆرە نزیکەی 800 تەن زبڵ لەهەولێر هەیە, لەسلێمانی 700 تەن زبڵ هەیە, بەڕاستی لەهەندێك شوێن فڕێ ئەدرێ, بەڕاستی ئەمە کێشەی زۆری بۆ ئێمە دروست کردووە, ئێمە پێمان وایە ئەگەر هەوڵی جدی بۆ نەدرێ, مەترسیەکی زۆر گەورە دروست ئەکات, ئێمە رۆژ بە رۆژ خۆتان ئەزانن ئەو کەمیانە لەزیاد بوونن و, رۆژ بەرۆژ ئەو زبڵە لەوێ فڕێ ئەدرێ, ئەو خاکەی ئەو زبڵەی لێ فڕێ ئەدرێ, خۆتان ئەزانن بەکەڵکی هیچ بەرهەمهێنانێك نایەت, ئەو مەوادە کیمیایانەی کە لەو زبڵە دەرئەچێت, جەنابتان ئەبێ بزانن هەموویان مەوادی کوشندەن, ئێمە چەندین راپۆرتمان لەلایە, لەسەر زبڵ و پیسایی شوێن و ناوچەکانی کوردستان کراوە, هەمووی تێکەڵ بەئاوی ژێر زەوی دەبێت, کەئەو ئاوەی ژێر زەویش بابڵێین بەکاردێت, چونکە زۆرجار خەڵك ئیعتیماد دەکاتە سەربیرەکان, بەبێ ئەوەی ئەو بیرانە مەرجی تەندروستیان هەبێ و, لەهەمان کاتدا ئاوی مەجاریش هەیە, ئەوانە هەمووی تێکەڵ بەیەك دەبن, نەتوانراوە سنوورێکی بۆ دابنرێ, وەك وەزارەتی ژینگە ئەوەندەی پێمان بکرێ, بەردەوامین لەگەڵ ئەو وەزارەتە پەیوەندیدارانە چارەسەری ئەوە بکەین و, چەندین کۆمپانیاش هاتۆتە پێشەوە بۆ چارەسەر کردنی ئەو کێشانە, ئەگەر بتوانین عیلاجی ئەو کێشانە بکەین کە هەمانە, یەکێك لەو کێشە گرنگانە زۆری زبڵەکانە, زبڵ دوو کێشەی گەورەی هەیە, یەکەم/ لەناو ماڵ و کۆلاَنەکان کۆکردنەوەی نییە, وەك پێویست کۆناکرێتەوە و موعالەجەی نییە, دووەم/ فڕێدانی لەشوێنێك کە ئەوە لەولاَتانی دنیا خۆتان ئەزانن ئەو زبلاَنەی کەهەیە (ڕیسایکڵ) دەکرێ, بەشێکی وزەی لێ دروست دەکرێ, بەشێکیشی بەموادی تر دروست ئەکرێ, بەشێکی تریش دەکرێتە سەماد و ئەوەی کە

دەمێنێتەوەش تەمرێکی صەحی بۆ دەکرێ, بۆ ئەوەی ئەوا بەو شێوازە نەمێنێتەوە, رۆژانە دەیان راپۆرتی خەڵکمان بۆ دێ, کە زبڵ و سوتاندنیشی کە ئەوەش بەڕاستی مەترسی زۆر گەورەیە بۆ سەر ژینگە, وادەزانن عیلاجە کە ئەیسوتێنن, نمونەیەك ئەهێنم, تەبعەن ئەو لەناو شارە ئەو نمونەیە, هەندێك هەیە هەر کۆنەکراوەتەوە, جاری واش هەیە کە کۆئەکرێتەوە, بەڕاستی ئەبرێ لەوێ فڕێ ئەدرێ, یەکێك لە مەترسیەکان ئاوی ئاوەڕۆو زێرابەکانە, ئەوە نمونەیەکە لەئاوی ئاوەڕۆ و زێرابەکان تێکەڵ ئەبن, بەشێك لەشارەکانی کوردستان هەر نییانە, کە ئەوە مەترسیی زۆر گەورەی هەیە لەسەر ژیانی خەڵك, ئەوەی کەهەشیەتی تێکەڵ ئەبێ بەئاوی خواردنەوە, ئاوی زێڕابەکانی ناوچەی چوار قوڕنە تێکەڵ بەئاوی دوکان ئەبێ راستەوخۆ, راستەوخۆ ئەچێتە ئاوی دوکان, ئاوی دوکانیش هەموو خەڵکی سلێمانی لێی ئەخواتەوە, ئاوی زێرابی سلێمانی ئەچێتە تانجەرۆوە, لە تانجەڕۆوە دەڕوا بەرەو دەربەندیخان, خەڵکێکی زۆر بەکاری دەهێنن, ئاوی هەموو زێرابی هەولێر دەچێتە ناوچەی عەرەبی کەند و لەوێشەوە ئەو ئاوە تێکەڵ بە ئاوی ژێر زەوی ئەبێ, ئاوی ژێر زەوی لەناوچەی عەرەب کەند بەرزە زۆر بەئاسانی تێکەڵ ئەبێ و, پێویستی بە موعالەجە کردنە کە زۆرجار بیری لێنەکراوەتەوە, یان ئەو ئاوەی کە ئێوە ئەیبینن, ئەوە ئاوی ئاوەڕۆیە و کشتوکاڵی پێ ئەکرێ, ئەوەش مەترسیدارە, ئەوە ئاوی تانجەڕۆیە جا هەمووشی زراعەتی لەبەر ئەکرێ و خەڵك بەکاری ئەهێنێ, بەبێ ئەوەی موعالەجە بکرێ, ئەوانەش خۆی کێوێکە لەزبڵ و پیسایی لەوێ فڕێدراوە, ئەوەش پاشەڕۆیەکەیەتی لەوێ دێتە دەرەوە, ئەوانە موشکیلەن کە لەوڵاتی ئێمە هەن, پێویستمان بەهاوکاری هەموو و دام و دەزگاکان هەیە, بەدەر لەوەی سەرەتا جەنابی سەرۆکی پەرلەمان ئەوەی باس کرد, کەئێمە وەکو ژینگەی کوردستان هەندێك کێشەمان هەیە پێشینەی هەیە, ئەو چەکە کیمیایانەی لەکوردستان بەکارهاتوون, تا ئێستامەترسیەکانی هەڵنەسەگێندراوە, لەبەغدا هەندێك دیراسەتیان کرد, یۆرانیۆمی بەکارهاتوو بابڵێین لەکار کەوتوو, کاریگەری چی لەسەر حەیاتی خەڵك کردووە, ئەو چەکانە تووش بوون, زۆری لەوچەکانە هاتوون دەبابەکانیان, هەندێکیشی لەسنوور ئەودیو کەوتووە, لەودیوەش بەشیش و ئاسن نێردراوەتەوە بۆ ئێران, ئەمە بەڕاستی مەترسیی گەورەن لەسەر ئێمە, من حەزم کرد لەرۆژێکی وەکو ئەمڕۆ, رۆژی ژینگەی جیهانییە, هەندێك لەو کێشانە بەپوختی بخەمە بەردەمی جەنابتان, بۆ ئەوەی بزانن کە کێشەی زۆر گەورە لەبەردەماندایە, بەهۆی یەك دام و دەزگای وەزارەتی ژینگە چارەسەر ناکرێت, ئەگەر هەموو کەس و هەموو دام و دەزگاکانی حکومەت لەشوێنی خۆیانەوە هاوکارمان نەبن, بەشێکی زۆر لەناوچەکانی کوردستان مین رێژکراوە, مین کاریگەرێکی راستەوخۆی هەیە لەسەر ژینگە, لەگەڵ ئەوەش ئەگەر پاك نەکرێنەوە بەکەڵکی ژیان نایەن, مەترسیی زۆر گەورە لەسەر خاك و ناوچەکانی کوردستان کەمین رێژکراون دروستیان کردووە, تا ئێستا ئێمە مەحمیاتی تەبیعیمان نییە, سروشتی کوردستان سروشتێکی جوانی هەیە, بەڵام تا ئێستا مەحمیاتێکی تەبیعیمان نییە, بەعەکسەوە دارستانەکان زۆری دەستووتێ, گڕ دەگرێ, سەرچاوەیەکی ئابووری گەورەی ئەو وڵاتە, سەرچاوەیەکی گەورەی ژینگەی ئەو وڵاتە, سوتانی دارستانەکان و ئاگرکەوتنەوە لەدارستانەکان و

لەڕەوانگەی سروشتی کێشەی زۆری بۆ ئێمە دروست کردووە، خاڵێکی تر/ بۆ نموونە ڕاوکردنی ئاژەڵەکان، ئەزانن ئەو مەوادە کیمیایانەی کە لە کوردستان بەکار هاتووە، ئەو جەنگانە و نەبوونی هۆشیاری خەڵك بەشێکی زۆری لەئاژەڵەکانی کوردستان تووشی لەناوچوون بوون، ماوە ئەگەر پارێزگاری لێنەکەین، بەڕاستی ئێمە مەبەستمانە ئەکرێ لەکورستان بیگەڕێنینەوە جارێکی تر، ئیش لەسەر ئەو مەحمیانە بکەین، چونکە جۆرەکانی زۆر بەزەحمەت بۆ ئێمە دروست دەبێتەوە، ئەو تەوازونەش کە لەژیان هەیە، بابڵێین لە کوردستان ئێستا بۆ ئەبێ دووکەڵ بڕێژن لەناو کوردستان، بۆ ئەوەی مێش و ئەو مەگەزە بکوژێ، لەکاتێکدا ئەگەر مێش و مەگەزەکان ئەخۆن، بەس کەتەوازونەکە تێکچوو پێویستی بە ئەوە هەیە، ئەوانەش مەترسی زۆری لەسەر ئێمە هەیە، بەکاردێت ئەوانە مەترسین لەسەر زراعەت و لەسەر خەڵك بەبێ ئەوەی گرنگی پێبدەین، ئەگەر باس لەکێشە ژینگەیەکان بکەین زۆرن، دەنگ و هۆڕینی سەیارە، ئەوانە هەمووی مەترسیی هەیە لەڕووی دەروونیەوە و، لەڕووی جەستەیشەوە ئەوەی بەردەمی، یەعنی ئەگەر کت وپڕ سەیارەیەك هۆڕین لێبدات، ئەوەی بەردەمی لەوانەیە لێدانی دڵی زیاد بکات، کە کاریگەری خراپی هەیە، ئەمانە هەمووی پێویستی بەوە هەیە، ئێمە وەك وەزارەتی ژینگە کاراتر بین و، پشتیوانی جەنابتانمان پێویستە، هاوکاری هەموو تاکێکی ئەو کۆمەڵگایە و، یەکێك لەو خاڵانە گرنگە، پاراستنی ژینگە دەیخەینە خزمەتی جەنابتان، هاوکاریمان بکەن، لەوێش وەزارەتی ژینگە وەکو وەزارەتێکی چاودێر دەوری کاریگەری خۆی هەبێ، یاسای خۆی هەبێ بۆ ئەوەی کار بکات بۆ پاراستی ژینگە، ئێمە لەوەزارەتی ژینگە پوختەیەك لە کاروچالاکیەکانی خۆمان عەرز دەکەین، دواتریش ئەگەر هەر کاتێك بوو، لەهەر جەلسەیکی تر بوو، ئێوە هەر پرسیارێکتان هەبوو، ئێمە ئامادەین وەڵامتان بدەینەوە و، هەر روونکردنەوەیەك داوا بکەن لە ئێمە کاری لەسەر بکەین، وەزارەتی ژینگە کە دروست بووە، تاکە وەزارەتە هیچ بەڕێوەبەرایەتیەك و موئەسەساتێکی نەبووە لەکوردستان، هەندێ وەزارەت کە دروست بووە مودیریەتی هەبووە، ئێمە دەتوانین بڵێین لەخاڵی سفرەوە دەستمان پێکردیە، بەڵام لەکاتی دروست بوونی وەزارەت ئێمە هەستمان دەکرد رووبەڕووی سێ کێشە بووینەوە، رووبەڕووی هۆشیاری خەڵك بەدام و دەزگاکانیشەوە، ئەو بابەتە نوێ بوو، دەتوانین بڵێین نوخبە شارەزاییان هەبوو لەسەر ژینگە، دووەم/ نەبوونی کەوادیر لەبواری ژینگە، سێیەم/ نەبوونی تاقیگە لەبارەی ژینگە، ئەمانە کێشەی گەورە بوون لەبەردەم ئێمە، بەڵام لەکاتی دروست بوونی وەزارەت، توانیمانە وەزارەتەکانی سەر بەڕێوەبەرایەتیەکانی سەر بە وەزارەتی ژینگەی شارەکانیشمان دامەزراندووە، بەهەردوو جانیبەکەی بەهۆشیاری و بە ڕاگەیاندن، توانیمانە گۆڤارێك دەرکەین بەناوی ژینگە و ژیان، گۆڤارێکیش بۆ مندالأن، تا بتوانین کار بکەین لەسەر هۆشیارکردنەوە، دەیان کۆڕو سیمینارمان لەسەر هۆشیارکردنەوە کردووە، پێش ئەوەی بێینە خزمەتی جەنابتان، مامۆستایانی ئاینی، خەتیبەکانمان کۆکردبۆوە، لەوەزارەتی ئەوقاف کە لەهەموو کوردستانەوە هاتبوون تا ئەوانیش هاوکارمان بن بۆ هۆشیارکردنەوە، خۆتان ئەزانن ئەوە هەموو بوارێکی ئەوێ، پەیوەندیمان کردووە بەوەزارەتی تەربیە تا بتوانین بابەتەکانی ژینگە، بچێتە پڕۆگرامەکانی خوێندنەوە، چونکە ئەگەر لەوێ دەست پێنەکەین

نـاتوانین نەوەیـەکی پـارێزەر بـۆ ژینگـە دروسـت بکـەین, لەبەشـی تـەکنیکیش بەشـێکمان هەیـە, بـەناوی بەڕێوبەرایەتی خۆپاراستنی تەکنیکی لـە تیشـك, ئـەوەیش چـەندین بـەشمان دروسـت کـردووە, بەشـێك بـۆ چاودێری ئـاو, بەشـێك بـۆ چـاودێری خـاك و بەشـێکیش بـۆ هەڵسـەنگاندنی کاریگـەریی ژینگـەیی, ئـەوەش بابەتێکی زۆر گرنگی ژینگەیە, یەعنی تەقیمی هەموو مەشروعێك, لەگەڵ دەسـت پێکردنـی و دوای دەسـت پێکردنیشی لەژێر چاودێری بیئە بێت و, توانیمانە لەڕێگای حکومەت هەر پرۆژەیەك لە کوردستان بکرێ, دەبێ تیمێکـی بـۆ وەزارەتـی ژینگـە بچێت و بەمواصـەفاتی ژینگـە بیکـات, تـا دوایـی کێشـەمان بـۆ دروسـت نەکات, یەکێك لەو کێشانەی کە هەیە, دەواجنەکانە لەناو شارەکان, ئەم دەواجنانـە کەهـەن, بەڕاسـتی هـیچ مەرجی پاراستنی ژینگەیان نییە, یەکێك لە مەرجەکان ئەوەیە, دەبێ دە کیلۆمـەتر لەشـارو ئـاوەدانی دوور بێت, پاشان عەقدی درێژخایەن نەبێ, لابردنیـان بۆتـە ئـەرکێك, ئێسـتا خـەریکی چارەسـەرێکین بـۆ ئەمـە, ئێستا ئەگەر لەسەرەتاوە تەعاهودو بەمـەرجێك بێـت کـە ژینگـە داینـاوە, لەدروسـت کردنیـەوە تـا دوایشـی, دەتوانین چارەسەرێکی بۆ دابنێین, هەروەها ئێمە ئەو چـالاکیانەی کـە کردوومانـە راپـۆرتی دووروودرێـژمان هەیە, لەبەر کاتەکە ناکرێ هـەمووی بەتەفصـیل بخوێنینـەوە, لەکاتێکـدا کردوومانـە کـە کـەوادیری شـارەزا لەبواری ژینگە کەم بووە, لەهەمان کات توانیمـان یاسـای وەزارەت بـەم شـێوەیە بهێنینـە بـەردەم جـەنابتان, پاش ئەوەی ئێوە ئیقرارتان کـرد دەسـت خۆشـیتان لێدەکـەین, بێگومـان بـێ کـەم و کـوڕی نـابین, دەتـوانین لـەداهاتوو ئـەوەش چارەسـەر بکـەین, پاراسـتنی ژینگـە کـە نزیکـەی سـاڵێکە خەریکینـە, ئێسـتا لـەقوناغی کۆتایەتی, بەم زووانە ئێمـە دەینێرینـە حکومـەت و دێتـە بـەردەمتان, زۆر گرنگـە ئـەم یاسایە تـا بتـوانین رێگری بکەین لەو هۆکارانـەی دەبنـە مـەرجی پـیس بـوونی ژینگـەی کوردسـتان, هـەوڵێکی زۆرمـان داوە تـا وەزارەتی ژینگە لەوڵاتانی جیهان, لە زۆربەی وڵاتانی جیهـان, هـەروەها هـەوڵێکی زۆرمـان داوە تاخۆمانیـان پێبناسێنین, ئێمە لەهەرێمی کوردستان وەزارەتی ژینگەمان هەیە, چۆن هاوکاری ئێمە بن لـەو مەسـەلانەی کەبابەتی ژینگەیە, هەر بۆ هەمان مەبەستیش من بەشداریم کـرد لـەکۆنگرەی وەزیرانـی ژینگـەی جیهـانی لەشاری ڤییەنیا, ئەوەش دەرفەتێکی باش بوو, وەزیری ژینگەی هـەرێمی کوردسـتان لـەو مەحفەلـە دەولیـە بەشدار بێت لەگەڵ وەزیرانی ژینگە, لەگـەڵ هەریەکـەیان بـاس لـە کێشـەی خۆمـان کـردووە, هـەوڵمان داوە بەڕاستی ئەوان پشتگیری ئێمە بکەن, بۆ پاراسـتنی ژینگـە, چـونکە ئـەو مەسـەلە پـێم وایـە وڵاتـانی دەرەوە زیـاتر گرنگیـان پێـداوە لـەخۆمان و, ئامـادەیی باشـتریان تێـدا ئـەبینم و, لـە ڕێکخـراوەی (یـوئێن ئـی پـی) توانیمان هەندێك موختەبەری مۆبایل پەیدا بکەین, بەڕاستی ئەمە شتێکی باشە لە کوردستان بەدەگمەنـە, بۆ ئەوەی تاقیکردنەوەی پێبکەین لـەبوارە ژینگەیـەکان و, دەستیشـمان کـردووە بـە مەسحی بیئـی, یـەکێك لەومەسحانە مەسحی ژینگەیی بۆ دەریاچەکانی کوردسـتان و, ئـەوەشمان داوەتـە جیهەتـە پەیوەندیـدارەکان چۆن ئیشی لەسـەر بکـەین, چـونکە دەریاچەکانیشـمان تووشـی مەترسـیی ژینگـەیی بووینـەوە, هـەر ئـەو بەلەمانەی کە بەسەریاندا ئەڕۆن و ئەو گاز و پیسایەیی کە ئەیڕێژنە نـاو دەریاچـەکان, خـۆی مەترسـیەکی دروست کردووە, ئەوەشمان گەیاندۆتە جیهەتە پەیوەندیدارەکان, دەتوانم بڵـێم ئێمـە لـەو تەمەنـە کورتـەی

وەزارەت, نەبوونی کەوادیر و خەڵکی لەو ماوە کەمە هەنگاوی باشمان ناوە, بەڵام بێگومانیشین کە ئەمە هەمووی پێویستی بەهاوکاری و پشتیوانی جەنابتان هەیە, ئێمە لەم ڕۆژەدا کۆمەڵێك ووَرك شۆپمان لەشارەکانی کوردستان ئامادە کردووە, لەم ڕۆژانە پێشکەش دەکرێ و, هەر لەم ڕۆژەوە حەزمان دەکرد بێینە خزمەتی جەنابتان, باس لەبواری ژینگە بکەین و, هەر لەم ڕۆژەوە مامۆستایانی ئاینیشمان کۆکردەوە و, هەر لەم ڕۆژەدا ڕۆژنامەکاندا سەبارەت بە ژینگە بابەتمان دابەزاندووە, ریکلاَمان دابەزاندووە, تا ئەو هەستە بچێتە هەموو ماڵێکی کوردەوە, چونکە ئەگەر هەموو تاکێکی کورد هاوکاریمان نەبێ, ناتوانین پارێزگاری لەژینگە بکەین, هەرکەسێ لەماڵەوە ژینگەی خۆی پاك نەکاتەوە, ناتوانین ئیشی لەسەر بکەین, ئەگەر خۆشەویستی دارو درەخت لەلای هەرکەسێ دروست نەبێ, بەشێك لە ژیانی خۆی, ناتوانین وڵاتەکەمان سەوز بکەین, خەڵك هەزاران هیکتاری لەسەحرا کەسك و سەوز کردووە, بەڵام بەڕاستی ئێمە ئەم وڵاتە جوانەی خۆمان نەمان پاراستووە, خەریکە سەوزایەکەشی لەدەست بچێت, من لە کۆتایدا هەندێ داواکاریم هەیە, دەمەوێ بیخیمە بەردەم سەرۆکی پەرلەمان و پاشان بەڕێزان, ئەوەیش ئەوەیە کە ئێوە هاوکاریمان بکەن, ژینگە لەهەموو یاسایەك هەر دام و دەزگایەکی حکومەت دێتە بەردەستان بیر لەژینگە بکەنەوە, کە بابەتێك بۆ ئیستیسمار دێتە پێشەوە, ژینگەی لەبیر نەکەن, کەباسی شارەوانی دێتە پێشەوە, ژینگەمان لەبیر نەچێ, باسی کارەبا دێتە پێشەوە ژینگەمان لەبیر نەچێ, چونکە ئەو پرۆژانەی کارەبا بەشێکی زۆری کاریگەری خراپی لەسەر ژینگە هەیە و, ئەگەر بێتو بینایەکانیشمان بە مواصەفاتی ژینگە دروست بکرێ, زیاتر کوردستانی ئێمە زیاتر پێویستی بە 200 مێگاواتی کارەبا هەیە, ئێستا دەمان توانی بە700 مێگاواتی کارەبا ئیتیفاق بکەین, تەنیا ژوورێك بە سپلیتێکی دوو تەنی فێنك نابێتەوە, هەموو شیش و کۆنکریتە, لەدنیا بەڕاستی ئەم سیستەمە نەماوە, ئەگەر موراعاتی سیستەمی بینا بکەن, بە بیئەی هەندەسی ئەوەی کە ئێمە تەرحمان کرد, هاوکاریمان بکەن دام و دەزگاکان, ئەوە لەکارەباش نیوەمان بۆ دەگەڕێتەوە, ئەمە لەخزمەت وەزارەتی کارەباشە, بۆیە دەمانەوێ ئەو یاسایانەی کەدەرئەچێ جەنابتان هاوکارمان بن, پرۆژەکان خراپی ژینگەیی نەبێت و, کاریگەری خراپی لەسەر ژینگە نەبێ و, پشتیوانیشمان بکەن لە دەرکردنی یاسای وەزارەتی ژینگە و ئەوانەی کەپەیوەندی بە ژینگە هەیە, ئەو دەسەڵاتە بدرێتە وەزارەتی ژینگە و, داوایەکی تریشمان ئەوەیە کە بەڕاستی لیژنەیەك دروست بکرێ بۆ ژینگە لە پەرلەمان, لەپەرلەمان لیژانی زۆر هەیە, با لیژنەیەکی تایبەت بەژینگەش هەبێ, چونکە خۆتان ئەزانن ژینگە پەیوەندی هەیە بەشارەوانی, بەتەندروستی, بە پیشەسازی, بەپەروەردە, بە هەموو بوارەکان, بەمافی مرۆڤ لەبەر ئەوە با لیژنەیەکی تایبەتی هەبێ بە ژینگە لەناو پەرلەماندا, ئەوە خزمەتێکی گەورەیە بە حکومەت و بەخەڵکی کوردستان, تا ئێمەش سوود لەتواناکانی ئەو لیژنەیە وەربگرین و, ئەم لیژنەیە نوێنەری ژینگە بێت لەناو پەرلەمان و, پەرلەمان ببێتە مینبەرێك بۆ هۆشیارکردنەوەی خەڵکی کوردستان, ئێمە بەڕاستی بەڕێوەبەرایەتیەکی هۆشیاریمان هەیە, دەمانەوەێ وا بکەین ئەو هۆشیاریە بگاتە هەموو تاکێك, بەڵام ئەم مینبەرەش زۆر پیرۆزە و, خاوەن بڕیاریشە بۆ ئەوەی هەمووومان بەیەکەوە کار بکەین بۆ

پاراستنی ژینگە, هەموو خەڵك بەیەكەوە كار دەكات لەدنیا لـەپێناوی ژینگـە, هێشـتا پێیـان وایـە كێشـەكان لەوە گەورەترن, بەلاّم ولاّتی ئێمە بەو توانایەی كەئێستا هەمانە, ئەگەر ژینگەكەمان تێكچوو, حـەز ئەكـەم بڵێم چارەسەری ئاسان نییە, بۆیە خۆپاراسـتن باشـترە لـە چارەسـەر, هیـوادارم ئێمـە بتـوانین ئـەو ئەركـەی لەسەر شانمانە بەهاوكاری جەنابتان جێبەجێی بكەین و پێی هەڵستین و, سـوپاس بـۆ ئێـوەش كـە گوێتـان لێڕاگـرتین و ئـەو دەرفەتـەتان پێـداین, زۆر سـوپاس بـۆ سـەرۆكی پەرلـەمان و بـۆ یەكـە یەكـەی ئەندامـە بەڕێزەكان, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سـوپاس بـۆ جـەنابی وەزیـر كـاك دارا, هـەموو مەسـەلەكان كـە پەیوەنـدی بەژینگـە هەیـە, مـن ئـەو پێشنیارەی كەكردی بەدامەزراندنی لیژنەیەك لەپەرلـەمان, دەیخەمـە نـاو بەرنامـەی كـارەوە, لـەداهاتوو لـە هەموار كردنی پەیڕەوی ناوەخۆ كە لیژنەكان ئاڵوگۆڕی تێدا دەكەین, لیژانی تازە دروست دەكەین, ئـەوەش دەمینێتەوە سەر بڕیاری ئێوە, ئەو داواكاریـەی كـە هاوكاری وەزارەت بكـەین, بەتەئكیـد هاوكـاری دەكـەین, حەز دەكەم هەندێ شت روون بكەمـەوە, ئێمـە هاوكاریمـان كـردووە بـەبێ ئـەوەی جـەنابت داوای بكـەی, تـا ئێستا یەك دوو پرۆژەمان كە لەبواری ژینگـە بۆمـان هـاتووە, بـۆ ئـەوەی هینـی بكـەین, بۆمـان نـاردوون بـۆ ئـەوەی رەئیـی خۆیـان لەسـەر بـدەن و دەوڵەمەنـدی بكـەن, لـەڕێگای حكومەتـەوە بـۆ ئێمـەی بنێـرن, جگـە لەوەش لەدانانی یاسای وەزارەتەكان لە زۆر وەزارەت كە ئەنجومەنی وەزارەت دانـراوە, دامـان نـاوە نوێنـەری وەزارەتی پەیوەندیدارکان دەبێ تێدا بێ, لەهەندێ شوێن وتوومانە دەبێ نوێنەری وەزارەتـی ژینگـەش تێـدا بـێ, چـونكە وەزارەتـی پیشەسـازیە وتوومانــە لەوەزارەتەكـە دەبـێ تێیـدابێ, هـەر پرۆژەیـەك لـەڕێگای حكومەتـەوە بـۆ ئێمـە بـێتن, ئێمـە وا تـەوەقوع دەكـەین كـە وەزارەتـی ژینگـە و جـەنابی وەزیـری ژینگـە بەشداری كردووە, لەموناقەشەكردنی پرۆژەكە لەئەنجومەنی وەزیران, هەر پرۆژەیەك كە دێتن مەفروزە لە ئەنجومەنی وەزیران ئیقرار كرابێ, لەهەمان كاتدا ئێمەش پشتگیری لێئەكەین, بەلاّم پشتگیریە ئەساسـیەكە لەئەنجومەنەوەیە, دەبێ ئەنجومەنی وەزیران داوا لەهەموو وەزارەتەكان بكاتن, هاوكاری رەئی لەسەر بكەن, دوایش هەر پرۆژەیەك كە دێتە پێشەوە, پەیوەندی بە ژینگەوە هەبێ, رەئـی ژینگـە وەربگـیرێ, بەتایبـەتی پەیوەندی راستەوخۆیان هەیـە بەوەزارەتـەكان, تەبعـەن ئـەو دانیشـتنە بەبۆنـەی رۆژی ژینگەیـە جیهانیـە, جـەنابی وەزیـر خـۆی داوای كردبـوو, پێمـان بـاش بـوو گـوێی لێرابگـرین, لەگـەڵ ئـەوەش ئەگـەر هەریـەك پرسیاری هەیە, جەنابی وەزیر ئامادەیە وەلاّمتان بداتەوە, فەرموو كاك شێخ الله.

**بەڕێز شیخ الله ابراهیم شیخ الله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من قسە ناكەم, چـونكە تێبینیەكـەم هـەبوو, جـەنابت باسـت كـرد, جـەنابی وەزیـر ئەندامـە لەئەنجومـەنی وەزیران, ئەو یاسایە لەوێ هاتووە و, لە زۆریش لەو بڕگانەی كە موناقەشەی لەسەر كـراوە, تەئكیـد لەسـەر

ئەوە كـراوە, كـە پەيوەنـدی بـە ژينگـە هەيـە, بۆيـە دەبـێ وەرگـيری بـە هاوكـاری ئـەو بێـت, هـەرچ شـتێكی دەكرێت, لەگەڵ ئەواندا بكرێت و زۆر سوپاس.

**بەڕێز د0نوری جيمل تاڵەبانی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

پێشەكی سوپاسێكی بێ پايەن بۆ جەنابی وەزير, تيشكی خستە سەر هەموو لايانەكانی ژينگە, بەڕاستی, من لێرە تەنيا ئاماژە بۆ هەندێك سەرچاوەی پيس كردنی ژينگە دەكەم, سەرچاوەی هـۆی پـيس بـوونی ژينگـە زۆرن, يـەكێك لەوانـە ئـەوەی كـەوا خـەڵك دروسـتی دەكـات, رۆژانـی پشـوودان دەچـنە دەرەوە, بەتايبـەتی لەناوچـەی خۆمـان, لەهـەولێر, لەسـلێمانی, لـەدهۆك بـەم شـێوەيە نييـە, چـەند سـاڵێك چـوومەتە ئـەوێ, بەڕاستی لەم لايەنە ئاگاداری ژينگـە زۆر دەكرێـت, مەسـەلەيەكی تـر كەرەسـتەی بينـا, ئێسـتا لەدێهاتـەكان بلـۆك بـەكاردەهێنن, بەڕاسـتی ئەمـە كەرسـتەيەكی زۆر خراپـە, بەڕاسـتی ئـەبێ بـير لـەوە بكەينـەوە كەرسـتەيەك دروسـت بكرێـت لـەخاك لـەخۆڵ, پـيس كردنـی تـانكی ئـاو, ئـەوەش ئـەبێ بەجـدی بـيری لێبكەينەوە, دروست كردنی بەربەست لەسەر ئـاو, لـەزۆر شـوێن و جێگـادا رووبـاری بچـووك هەيـە, دەكـرێ بەربەسـتی لەسـەر دابنـرێ, بـۆ نموونـە لێـرەوە دەچـی بـۆ كۆيـە, لەدێگەڵـە لـەوێ دەكـرێ زۆر بەئاسـانی بەربەستێك دروست بكرێ, ئەو ناوچانە هـەمووی سـوودمەند دەبـن, نـەبوونی ماسـتەرپلان, وەك جـەنابی وەزيـر ئامـاژەی بـۆ كـرد, نـەك تـەنها شـارەكان بـەڵكو بـۆ شارۆچـكە و گونـدەكانيش, مەسـەلەی زبـڵ ئـەبێ بـەوردی چارەسـەر بكرێـت و, بـەزووترين كـاتيش, مەسـەلەی تيشـكی هـەتاو لەگـەڵ هـەوا, ئـەويش دەكـرێ لەوڵاتی ئێمە هەوا و تيشكی خۆر سوودی لێوەربگرين, وەكو سەرچاوەيەك بۆ وزە, ئەوە هەندێ لەو خاڵانە بوو ويستم بيخەمە بەردەم جەنابی وەزيـر, ئـەوە پێويسـت بـەوە ناكـات زيـاتر قسـەی لەسـەر بكرێـت, مـن لەگـەڵ ئـەوەدام بـەزووترين كـات ليژنـەيـەكی تايبـەتی بـۆ پاراسـتنی ژينگـە لـەناو پەرلـەمان دابنـرێ, زۆر سوپاس.

**بەڕێز رشاد احمد ابراهيم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

نەخشەی بنەڕەتی شارەكان مەفروزە ژينگە رەچاو بكـرێ, لەوانەيـە شـاری هـەولێر نيزامەكـەی نيزامێكـی بازنەيـە, حەلەقيـە واتـە, لـەدەوری قـەڵات دەسـت پێـدەكات, ئـەو جادانـەی لێيـە هـەمووی دائيرەيـە, ئـەوە دەبوايە شارەوانی زۆر ئيهتيمامی پێبدات, دار بچێنێ, بۆ ئەوەی ببێتە پشـتوێنێكی سـەوزايی لەدەوروبـەری شار, لەهەموو شارەكانی تريش پێويستە ئەوە بكرێ, ئێستا جادەی 60 مەتريە, 30 مەتريە, 100 مەتريە ئەوە دەكرێ ئيشی بۆ بكرێ, چونكە ئيش مومكيناتە, هەموو ئيشێك بەجارێك ناكرێ, بەس ئـەوەی عاديـە

ئەو سێ جادەیە دەکرێ داری لێبچێنرێ, دەبێتە سێ پشتوێنی سەوزایی بۆ شاری هەولێر, بۆ پارێزگاری لەپیس بوونی ژینگە, بەنیسبەت سووتاندنی زبڵ, ئەوە هیچ وارد نییە, دوو جۆرە عیلاجی هەیە زبڵ, یەك/ تەکنەلۆجیایی جیابکرێتەوە و ئیستیفادەی لێبکرێ, دوو/ دەبێ بەشێوەیەکی صەحی, عارد لەدووری شار هەڵبکەنرێ و زبڵەکەی تێبکەن و داپۆشرێت, بۆماوەیەکی دوورو درێژ خۆی دەبێتە مەوادی کیمیایی و, زۆر سوپاس, نامەوێ زیاتر لەوەختتان بگرم.

**بەڕێز عزالدین سلیم خدیدا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەرێ هیچ مەشروعێك لەبەردەستمان هەیە, تا موناقەشەی بکەین, هەرکەس و رەئیی خۆی ئەدات, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مەشروعی بۆچییە, ئەوە جەنابی وەزیر قسەی کرد و موناقەشەی قسەکانی دەکەین, فەرموو.

**بەڕێز د0هاله سهیل وادی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پرسیارەکەی من ئەوەیە, بەنیسبەت ئەو شوێنانەی کەکیمیاباران کراون, خوتەی وەزارەت چییە؟ ئەگەر بەمولەخەسی خوتەی وەزارەت بزانین, بۆ ئەو شوێنانەی کەکیمیاباران کراوە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەردار صباح بۆزۆ هەرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەست خۆشی لە جەنابی وەزیر دەکەم, بەحقیقەت پێدەچێ زانیاری زۆر فراوانی هەبێ لەسەر ژینگە, بەڕێز د0 نوری یەك هۆی پیس بوونی ژینگەی لەبیر کرد, یەك لەو هۆیانەی کە ژینگە پیس ئەکەن, بەڕاستی وەزارەتەکانی شارەوانی بوو, کاتی خۆی ئەو عاردنەی کە تەخصیص کرا بۆ حەدائیق, کە دابەش کران بەشێوەیەکی نامەدروس بەولاو بەولا, ئەوەیش پێم وایە بووە هۆی پیس کردنی ژینگە, ئەمە یەك.

دوو/ جەنابی وەزیر باسی چەند کێشەیەکی کرد, زبڵ و غازات و نیسبەی دارچاندن و راوو دەنگە دەنگ واتە (ضجیج), ئەوە هەمووی تەنزیم دەکرێ بەیاسای وەزارەتی ژینگە, بریا جەنابی وەزیر بڕێك پەلەتان لەو یاسایە کردبا, سێ/ ئێمە وەکو پەرلەمان, لە ئیستسمار ماددەیەکی صەریح هەیە, دەڵێ هەر پرۆژەیەك موخالفی نیسەبی عالەمی, نەك ناوەخۆ, کاری پێناکرێ, ئیبتاڵ ئەکرێ, ئەمەش پێم وایە فلتەرێکە بۆ پاراستنی ژینگە, چوار/ من تەوەقوعم دەکرد, لەجەنابی وەزیر هەندێ ئیحصایاتمان بداتێ, من هەندێك مونەزەماتم بینییە, دەڵێ ئینحباس حەراری لەکوردستان ئێجگار زۆرە, تەوەقوعم لەجەنابت دەکرد هەندێ ئیحامان بدەیێ, سوپاس.

**بەڕێز د0فؤاد احمد محمد بابان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

زۆر سوپاسی جەنابی وەزیر ئەکەم, بەڕاستی پیاچوونەوەیەکی چڕوپڕی کرد, بۆ هۆکارەکانی پیس بوونی ژینگە و, ئەو هەنگاوانەی نراون لەژینگە سەرەتایەکی باشە بۆ چاککردنەوەی ژینگەی کوردستان, بەلاّم ئەمەوێ سەرنجی جەنابی راکێشم, هۆکارێکی گەورەیی پیس بوونی ژینگە چەکی کیمیایی و ئەو چەکە قەدەغەکراوانەی کە لەقوناغی شەڕی کەنداوی یەکەم و لەپاشان لە رزگارکردنی عێراق بەکارهێنران, ئەمانە هەموویان هۆکارێکی گەورەن بۆ پیس بوونی ژینگە, ئەمەوێ سەرنجی ئەندامانی پەرلەمانیش رابکێشم, کەنەك تەنها هەڵەبجە بەڵکو بەکارهێنانی چەکی کیمیایی لەکوردستان لەساڵەکانی 87 و 88 دا, نزیکەی چەند هەزار مەترێك لەرووبەری کوردستان پیس بووبێ, لەبەر ئەوە ئەم کێشەیە ئێستا پێویستی بەلێکۆڵینەوەیەکی زانستیانە هەیە لە ئاوی ژێر زەوی و بۆ ئەوەی بزانین کاریگەری ئەو چەکانە لەسەر دانیشتوانی کوردستان چییە, من لەو چەند ساڵە پاش دامەزراندنی وەزارەتی ژینگەی عێراق, چەند دانیشتنێکم کردووە لەگەڵیان بۆ ئەوەی هەڵبستن بە لێکۆڵینەوە لەم بارەوە, هیوادارم وەزارەتی ژینگەی هەرێمی کوردستانیش هاوکار بێ لەبارەی ئەو مەسەلەیەوە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز ئارام رسول مامند:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەرەتا دەست خۆشی لە جەنابی وەزیر دەکەین, سوپاسی دەکەین بۆ ئەو زانیاریانە کە سەبارەت بە مەترسیەکانی ژینگە باسی لێوە کرد, بەلاّم واقیعەتی پرسیار لێرەدا ئەوەیە بەشی زۆری چارەسەر یان پاککردنەوەی ژینگە, ئەرك و کاری وەزارەتە, ئێمە پێمان خۆش بوو, ئەوە ببیستین ئەو فەترەی کە وەزارەت کاری کردووە, چ هەنگاوێکیان ناوە لەرواندنی دار, لەپارێزگاری کردن لەجەنگەڵەکان, لەگەڵ وەزارەتەکانی تر و, تا چ رادەیەك ئەمە کاریگەری هەبووە, یەعنی لەهەنگاوەکانی وەزارەت, لەهەمان کاتدا ئێمە ساڵێك بەر لە پەرلەمانتارێکی تری بەڕێز دەرفەتی ئەوەمان هەبوو چاکسازی لەکۆبوونەوە بکەین, لەهەولێر لەپارێزگاری کە ئەوانیش ئەنجومەنێکی بالاّی ژینگەیان هەیە, زۆر بەوردی گرفتەکانی سنووری پارێزگای هەولێر ئەکرا, پێمان خۆش بوو جەنابی وەزیر, یان وەزارەت بزانین هەماهەنگیەکی کردووە بۆ پارێزگاکانی کوردستان بۆ باس کردنی ژینگە, بەڕاستی موحافەزەکان و چارەسەر کردنیان, زۆر سوپاس.

**بەڕێز ڤیان احمد خضر پاشا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سوپاسی جەنابی وەزیر دەکەین و, بەخێرهاتنیشی دەکەین, جەنابی وەزیر دوو خاڵی وروژاند, زبڵ و هۆشیارکردنەوەی خەڵك, ئێمە لەهەموو کۆلاّنەکان تەنگە نەفەس بووین لەگەڵ زبڵ, لەهەموو شوێنەکان, تا ماڵەکان خاوێن دەکەینەوە, تا پێشدەرکەکان تا دەگاتە ماوەیەکی دوور هەمووی پیسە, پێشنیازی ئەوەی دەکەم وەکو ولاّتەکانی دەرەوە شتێکی وا بکرێ, کیسە بۆ زبڵ دابین بکرێ, وەکو ئێستا کیسە تەوزیع دەکرێ, کیسەکان وا تەوزیع بکرێ کیسەی زبڵی رەق لەگەڵ هی سەوزاتی و شتی وا جیابکرێتەوە, ئەمە یەك, دوو/ لەڕێگای وشیار کردنەوە, وشیارکردنەوە زۆر گرنگە, هەموو دام و دەزگاکانی ئیعلام بەتایبەتی

کەناڵە ئاسمانییەکان, عالەمەکە وشیار بکەنەوە, لەڕێگای ئیعلامەوە دەست پێبکرێ بەچارەسەرکردنی ئەو زبڵە, چونکە بەڕاستی بۆتە کێشەیەکی زۆر و نەخۆشیەکانیش هەموو سەرچاوەی لەو زبڵەیە, زۆر سوپاسی وەزیری ژینگەش دەکەم کەوا پاڵپشتیەکی باشی کردین لە قەدەغەکردن و کۆنترۆڵ کردنی یاسای جگەرە کێشان لەهەرێمی کوردستان, سوپاس.

**بەڕێز خورشید سلیم شێرە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەخێرهاتنی جەنابی وەزیر دەکەم, ئیشارەت بەقسەکانی د0 فوئاد دەکەم, لەئەنجامی شەڕەکانی عێراق, چەند هەوا و ژینگەی کوردستان پیس بووە, من لەهەندێ دکتۆرەکانی کوردستانم بیستوومە, نەتیجەی بەکارهێنانی ئەو چەکە کیمیایانە, لەکوردستان نەخۆشی سەرەتان لە 30٪ زیادی کردووە بەهۆی ئەم چەکانە, ئەمە یەك, دوو/ زۆر شت هەیە, حکومەتی خۆمان مەسئوولە لەپیس کردنی ژینگە, باسی زبڵ کرا لەزبڵ گەورەتر و خەتەر تر هەیە, لەساڵی 1992 لەوەتەی کوردستان تەشکیل بووە, هەرچەند وەزیری بەلەدیە هاتووە, من دووجار لەگەڵی دانیشتووم, پێشم وتوە بۆ مەوزوعی ئاوەڕۆ, 50٪ نەخۆشیەکانی هەولێرو منداڵەکانی هەولێر سەرچاوەکەی ئاوەڕۆیە, بڕۆ ئەو گەڕەکانەی راقینە, خانووی دوو ملیۆن و سێ ملیۆنی لێکرایە, خەڵکی موسەقەف و خوێندەواری تێدایە, بەلاّم رۆژانە دەبینم کە دەچیتە ناو کۆلانەکان بۆن بۆگەنییە, بەهاوینان تەحەمول ناکەی, هەمووی سیانە تەحەمولی ناکەی, ئەوەی بەخەیاڵی بەلەدیە و حکومەت دا نەچوو بی ئاوەڕۆیە, هیچ شتێك لەئاوەڕۆ موهم تر نییە, 50٪ نەخۆشیەکان هەمووی ئاوەڕۆیە, بۆیە داوا لەوەزیری ژینگە دەکەم لەگەڵ بەلەدیە یان موحافەزە بەزووترین کات کەسارەکان لابدات, جەنابی سەرۆکی پەرلەمان رۆژی بەچەندین تەن تۆز دەبارێ لەهەولێرێ, نەتیجەی هەموو ئەو مەعمل کەسارە و بلۆکانەیە, وا لەناو شاری هەولێرە نەك لەسەر حدودەکەی, ئەوە عیلاج بکرێ, دەواجن وەکو جەنابی وەزیر باسی کرد, هاوینان بەڕێی مەصیف ناتوانی تێپەڕ بیت, لەبەر ئەوە ئاوەڕۆ زۆر زەرورِیە, ئێمە وەکو پەرلەمان جەخت لەسەر حکومەت بکەین هەندێك مەشاریع رابگری, ئاوەڕۆیەکەی عیلاج بکات باشترە, چونکە زیاتر نەخۆشی لەوە پەیدا دەبێ, سوپاس.

**بەڕێز حاتم محمد جان حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەست خۆشی لەجەنابی وەزیر دەکەین زۆر شتی روون کردەوە, بەلاّم ئەوانەی کە من لەلام بوو ئەو بەڕێزانە زۆر روونیان کردەوە, بەلاّم خاڵێك کە تەئکیدی لەسەر دەکەمەوە, ئەوەی جەنابی د0 نوری باسی کرد, پێویستی بەربەستی بچووك لە ولاّتی ئێمە لەکوردستان ئەو مەجالە زۆرە, بۆ ئەو شوێنانە زیاد بکرێت بەتەنسیق لەگەڵ وەزارەتی ئاوەدان کردنەوە, چونکە بەحقیقەت ئەگەر بەربەستێکی دروست کرد,

گوندێك ئەشێوێ و  مەنتیقەیەك ئەشێوێ, بەڵام لەگەڵ ئەوەی وڵاتەكەمان زیاتر جوان دەبێ, دەتوانم بڵێم كۆمەڵێك مەسائیلی بچووكی تر دروست ئەبێ, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەڕێز وەزیری ژینگە و وەفدە یاوەرەكەی, ئێمە لەكوردستان بەیەك وەزارەت ناتوانین بیپارێزین, لەبەر ئەوەی ئێمە تەنانەت بەنزینەكەی كە بۆشمان دێت لەحدودی مەعقول و زیاتریش لەمەعقول هینی تیایە رەصاصی تیایە, خۆشتان ئەزانن ئەوە چەند خراپە بۆ ژینگە, ساڵانە سەیارەكان كە سەنەویان بۆ تازە دەكرێتەوە, قەت فەحصی موحەریكەكەی ناكرێ, دووكەڵیش دەكات, لەهەمووی گرنگتر, ئێمە ماوەیەكە لەشاری سلێمانی زۆر بەدەستییەوە ئەناڵێنین, حەزدەكەم لەسێ خاڵ چڕیكەمەوە, یەكەم/ دروست كردنی بورجەكانی تەلەفۆن لەسەر شاخەكانی ئەزمەڕ و دەوروپشتی, ئێستا ئەو بورجانە دروست ئەكەن ڕێڕەوێكی بۆ دروست دەكەن, لەدامێنی شاخەكان وەزارەتی زراعە درەختی تازەی چاندووە, درەختەكان هەمووی بچووكن, كاتێك كە ئەو حادیلەیە هەموو خۆڵەكەی كە جادەكەی بۆ چاك دەكات, بۆ سەر بورجەكان هەمووی ئەداتەوە بەسەر ئەو درەختە بچووكانە و بەرەو نەمان ئەڕۆن ئەوە مەفروزە وەزارەتی ژینگە و بەڕێوبەریە گشتییەكانی جەنابتانە, دووەم/ مەعمەلی چیمەنتۆی سەرچنار, ئەگەر بێتو ئێوارەیەك بچیتە سەرچنار, تەماشای سەرەوەی شاری سلێمانی بكەی, ئەبینی یەك پارچە هەمووی دووكەڵە, ئەڵێن سێساڵ لەتەمەنی ماوە, بەڵام ئەگەر سێ ساڵەكەش كار بكات هەموومان ئەمرین پێی, سێیەم/ لەهەمووی گرنگترە سووتانی زبڵەكەیە, ئەڵێن بەدەستی ئێمە نییە, بەدەستی كرێكارێكە ئەوانەی ئەچن دەیسوتێنن, باوەڕبكەن من یەك تاقە بەڵەكۆنم هەیە, هیچ ئێوارەیەك ناتوانم تیایدا دابنیشم, لەبەر ئەو دووكەڵە تەئسیری زۆر ئەكات, جا ئەم سێ خاڵە ئێوە وەكو وەزارەت لەبەر چاوی بگرن لە كارەكانتان, دام و دەزگای رەقابەی خۆتان توند و تۆڵ بكەن بۆ بینینی ئەو حاڵەتە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز شێردڵ عبداللە حەوێزی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

جەنابی وەزیر باسی هەموو هۆكارەكانی كرد كە چۆن ژینگە پیس دەكەن, بەڕاستی وەزارەتەكە نوێیە, بەڵام ئەركی چارەسەركردنی زۆر قورسە, پێویست بە موساعەدەیە كە وەزارەتەكانی تریش هەمووی هاوكاری بكەن, من دەمەوێ یەك خاڵ باس بكەم, ئەوان هەموو شتێكیان باس كرد, زۆر لەشارەكانی كوردستان هەیە, پێشتر باغ و رەزیان لێ نزیك بووە, ئەوانە لەسەر رووبار و كانی محەلیاتیان ئاو ئەدران, ئێستا شارەكان گەورەبوون, ئەو باغ و رەزە كەوتۆتە ناو شار, وەزارەتی ژینگە خۆی ئەیەوێ درەختی زیاتر بچێنێ, بەڵام ئەم درەختانە خەریكە لەناوبچن, چونكە مەجاری شارەكەی چوویتەوە سەر رووبارەكە, كانیەكانیشی نەماوە, خۆشتان ئەزانن ئاوەڕۆ تایدو زاهی و ئەوانەیە, یەعنی ئەو درەختەی هەیە ئەكوژی,

سەوزەی پێ ئاو ئەدەن, سەوزەکەش هەمووی نەخۆشیە, میکرۆبیشی لێ کۆدەبێتەوە, جەوی شارەکەش تێك ئەدات, چارەسەریتان بۆ ئەوە چییە؟ سوپاس.

**بەڕێز د0شکریە رسول ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو خالانەی من لەلای خۆم نووسیبووم, مەسەلەی کیمیابارانی هەڵەبجە و شوێنەکانی تر, مەسەلەی سووتانی زبڵەکان, مەسەلەی ژینگەی خەستەخانەکان باسکران, سوپاس.

**بەڕێز عثمان احمد حمدامین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

جێی خۆیەتی دەست خۆشیەکی گەرم لەجەنابی وەزیر مامۆستا دارا بکەین, بۆ ئەو مەعلوماتەی کە پێشکەشی پەرلەمانی کرد, لەبەر ئەوەی قسەکانم زۆری برادەران کردیان, تیکراری ناکەمەوە, تەنانەت وەکو پێشنیارێك بۆ وەزارەتی ژینگە, دەڵێم ئەگەر ئیمکان ببێ لەڕووی ئیداریەوە, نازانم وەزارەتی ژینگە جێی خۆیەتی نوێنەری هەبێ لەهەموو وەزارەتەکان, یەعنی هەموو وەزارەتەکان نوێنەرێکی وەزارەتی ژینگەی تێدابێ, مەسەلەن جگەرە لەدائیرە رەسمیەکان, لەوەزارەتەکان, هەتا لەنەخۆشخانەکانیش ئەگەر بۆ مەفتەعیش بێ, یەعنی بەڕاستی لەو هۆڵەی خەڵك و نەخۆشەکان دائەنیشن مەنع بکات, چونکە تەئسیری هەیە لەسەر ژینگەی نەخۆشەکان, ئومێدەواری دەخوازم بۆ وەزارەتەکە, سوپاس.

**بەڕێز کریم مجید شریف(جوتیار):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سوپاس بۆ جەنابی وەزیر بۆ روونکردنەوەکەی, لەڕاستیدا بەشێکی زۆری پرسیارەکانی من کران, بەڵام بەتەحدیدی من یەك پرسیارم هەیە, وەزارەتی ژینگە چییان کردووە بۆ ئەو شوێنانەی کە چەکی کیمیایی تیادا بەکار هاتووە, تا بزانین رێژی پیس بوونی چەندە و, ئایا مەترسی لەسەر ژیان هەیە, سوپاس.

**بەڕێز زرار طاهر امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

زۆر سوپاسی وەزیری ژینگە ئەکەم, ئەم شتانەی خستە بەردەممان لەسەر ئەم شاشەیە و, ئەوەی نەشی خستە بەردەممان و نەمان بینی, ئەندامانی پەرلەمان باسیان کرد, من پرسیارێکم هەیە, ئایا وەزیری ژینگە چارەسەرکردنی ئەم کێشانەو باش کردنی ئاو و هەوای هەرێمی کوردستان, پێویستی بە پارەیەکی زۆر هەیە, ئایا سەرۆکایەی ئەنجومەنی وەزیرانی خۆمان و, وەزارەتە پەیوەندیدارەکان هاوکاری تەواوت دەکەن, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس, هەمووتان قسەتان کرد, ئەوەی پێشنیارە بەتەئکید جەنابی وەزیر بە نـەزەرى ئیعتیبـار وەری ئەگرێت, ئەوەی پێویستە من تەئکیدی لەسەر بکەمەوە لەو پرسیارانەی کە کران, پێویست دەکات وەزارەتی ژینگە دەسەڵاتی هەبێت, ئینجا ئەو دەسەڵاتە یاسایە, چ بـەپرۆژە پەرلـەمان پێـی بـدات, چ وەکـو دەسـەڵات ئەنجومـەنی وەزیـران پێـی بـدات و, بتوانیـت بەئەرکەکـەی خـۆی هەڵبسـتێت, ئـەو پرسـیارانەی کـەکران, پەیوەندی بەوەی هەیە من جوابم داوە, پێشنیارەکان هەمووی وەرئـەگرێ و دەیخاتـە بەرنامـەی کـار, تـەنیا داوای لێدەکەم, بەکورتی وەڵامی هەندێ پرسیار بداتەوە, کە راستەوخۆ ئاڕاستە کرا بۆ جەنابی وەزیر وەکو پرسیار, سوپاسی دەکەم.

**بەڕێز دارا محمد امین/وەزیری ژینگە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوە هەمووی خەمخۆری و دڵسۆزیتانە بۆ ژینگە, مـن لـەوەڵامی کـاك ئارامـەوە دەسـت پێدەکـەم, وەزارەتـی ژینگە وەزارەتێکی خەدەمی نییە, خۆی پرۆژەکان بکات, وەزارەتێکی چاودێرە, ئیشی وەزارەتی ژینگـە نییـە دار و درەخت بڕوێنی, هەرچەنـدە خەریك بـووین و زۆرمـان کـردووە, تـەنها 5000 هـەزار داری تایبـەتمان هێناوە و, لە ساڵیادی کیمیابارانی هەڵەبجە چاندوومانن, لەزۆر شوێنی تریش بە هەماهەنگی رێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی, هەڵمەتی زۆمان کردووە بۆ نەمام ناشـتن, بـەڵام وەزارەتـی ئێمـە وەزارەتێکـی چـاودێرە, چیمان کردووە بۆ ئەو کارانە, ئێمە لەهەرسێ پارێزگای کوردستان دانیشتووین, لەگەڵ بەڕێز پارێزگارو ئەو ئەنجومەنانـەی سـەر بـە وەزارەتـن, ئەنجومـەنی پاراسـتنی ژینگـە لەهـەر سێ وەزارەت, ئێمـە لـە وەزارەتـی خۆمـان ئەنجومـەنێکمان هەیـە, لەقانونەکـەش ئیقـرار کـراوە, ئەنجومـەنی بـاڵای پاراسـتنی ژینگـە, ئـەم ئەنجومەنی باڵای پاراستنی ژینگەیە نزیکـەی 15 نوێنـەری وەزارەتـەکانی تیایـە, بـەڵام لەیاسـای پاراسـتنی ژینگە زیادمان کردووە, بۆتە 20 وەزارەت, ئەمە بۆ ئەو بەڕێزانەیە کە زۆریان پرسیاریان لەسـەر ئەمەیـە, لەڕێگای ئەم ئەنجومەنە دانیشتنی دەوریمان هەیە, دانیشتنەکان مانگانـە ئەکـەین, بـۆ هـەر جارێ بـاس لـە یەکێ لەکێشـە گرنگـەکانی ژینگـە هـەرێمی کوردسـتان بکـەین, لەهـەر وەزارەتێـك مـودیر عامێـك ئامادەیـە, مودیر عـامێکی چـالاك کـە پەیوەنـدی بـەو بـوارە هـەبێ, تـا چارەسـەرێکی بـۆ بدۆزینـەوە, دوایـش بڕیـار و تەوصـیاتی ئـەوە لەئەنجومـەنی بـاڵای پاراسـتنی ژینگـە, لـەڕێگایی سـەرۆکایەتی ئەنجومـەنی وەزیرانـەوە دادەبەزێت بۆ وەزارەتەکان, بۆ ئەوەی ئیشی لەسەر بکرێ, بۆ نموونە/ باس لەسەنەوی سەیارە کرا, ئەمجارە لە ئەنجومەنەکە کاك لیوا عومەر ئامادە بوو, بـەڵێنی پێـداین بـەبێ ئـەو فـەحص کردنـە سـەنەوی بـەهیچ شۆفێرێك نەدرێ, هیچ سەیارەیەك سەنەوەیەکەی نوێنەکرێتەوە, یەعنی هەریەك لەوانە, لەشارەوانی ئێمە زۆر کارمان کردووە لەسەر چارەسـەری زبـڵ و ئاوەڕۆکـانیش و, خۆشـبەختانە ئـەزانم دوێنـێ پرۆژەیـەکیان ئیمزا کردووە, بـۆ چارەسـەری زبڵـی شـاری هـەولێر, لـەدهۆکیش پرۆژەکیـان هەیـە, دەستیشـیان پێکـردووە, هیوادارین لەسلێمانیش ئەو کارە بکرێ, هەم کۆکردنەوەی و هـەم موعالەجـە کردنـی, ئێمـە بـەبێ هاوکـاری

وەزارەتـەکان ئـەوەمان پێنـاکرێ, راسـتە ئێمـە گلـەیمان هەیـە, لەوانەیـە هاوکاریـەکان وەك پێویسـت نـەبێ, پێویستە زیاتر وەزارەتی ژینگە هاوکاری بکرێ, لەلایەن هـەموو دام و دەزگاکـانی حکومـەت, بـەلاّم لـەرێگای ئەو ئەنجومەنەوە دەتوانین دەنگی خۆمان بگەیەنینە زۆربەی وەزارەتـەکان, ئێمـە لەکۆبوونـەوەی ئـەمجارە, بەڕێوبەری گشتی وەزارەتی گەشت و گوزار ئامادەبوو, ئەوەمان پێ وتووە لە سەیرانگەکان حاویە دابنـرێ و کۆشـبکرێتەوە, یـەعنی جاری وا هەیـە خەڵکەکە ئەگـەر هۆشیاریشـی هـەبێ, کۆیبکاتـەوە لەوانەیـە حاویـە نەبێ, یەعنی ئەو کێشانە ئەگەر پێمان بگات لەبەرێزێکەوە, ئێمە ئامـادەین لـەو ئەنجوومەنـە لەگـەڵ یەکـە یەکـە وەزارەتـەکان باسـی بکـەین و, ئێمـە رۆژانـە لەگـەڵ وەزارەتەکـە دادەنیشـین, لەگـەڵ وەزارەتـی کارەبـا دانیشتووین باسمان لەو وزەیە کردووە کە پێی ئەوترێ تاقەی موتەجەدیدە, کاریگەری لەسـەر ژینگـە نییـە لەدنیا بەکاردێت, چەند کۆمپانیایەك دعوەت کراون لەو بـوارە کاردەکـەن, ئێسـتا خـەریکین بـزانین چـەند لەکوردسـتان سـەرکەوتوو دەبێـت و ئیشـی تیـا ئەکـەن, بێگومانیشـم لـەوەی کـە کێشـەکانی ژینگـە دروسـت کردنی بینایەك نییە, بەزەمەنێکی قیاسی دروست بکرێ کاری دەوێت, تا ژیان هەبێ ژینگە پـیس ئـەبێ, تـا دنیا بەرەو پێش بچێ, ژینگە پیس دەبێ, تـا دانیشـتوان لـەزیاد بـوون بـێ ژینگـە پـیس دەبـێ, بـەلاّم دەبـێ هـەمووومان هاوکـاری بکـەین, ئێمـە لـەرێگای وەزارەتـە پەیوەندیدارەکانیشـەوە یـەك بەیـەك خـەریکی ئـەو کارانـەین, بەنسـبەت کیمیابـارانی هەڵەبجەشـەوە, ئێمـە زۆر بەجـدی مەبەسـتمانە, نـەك هەڵەبجـە هـەموو ناوچـەکانی کوردسـتان کـە کیمیابـاران کـراون, ئێمـە لەنزیکـەوە سـەردانمان کـردوون و, راپۆرتـەکانمان گەیاندۆتە زۆر شوێنی دام و دەزگای پەیوەندیدار و, داوامـان لـە ولاّتـانیش کـردووە, بـۆ ئـەوەی هاوکاریمـان بکەن, بەلاّم دەبێ ئـەو راسـتییە بـزانین, تـا ئێسـتا ئێمـە لەکوردسـتان موختەبـەری هـەوامان نییـە, بـزانین نیسبەی هەواو غازات لەکوردستان چییە, ئەوە نازانین, هی ئاومان زۆرە, ئێمە ئێستا خۆمان خەریکین ئەوە دابین بکەین, بـەهاوکاری جامیعـەی کالیفۆرێنیـل هەنـدێك لەسـیمپڵی هـەوای هـەولێرمان ناردۆتـە دەرەوە, خەبیرێکیشمان لەوەزارەتی ژینگە ناردووە لەگـەڵیان, تـا ئەنجامەکـەمان بـۆ بێنێتـەوە, بڕیـارە دوای ئـەوەش رووپێوێکی عام بکەین بـۆ هـەوای هـەموو ناوچـەکانی تـری کوردسـتان, دوای ئـەوەی لـە 24 شـوێنی شـاری هـەولێر ئـەو سـیمپڵەیان کـردووە, یـەعنی ئـەوە یەکـەم جـارە ئـەو تاقیکردنەوەیـە بکـرێ, ئـەوە سـەرەتای کارمانە, هیوادارین لەداهاتووش بتوانین ئەو پێشنیار و راسپاردانەی جەنابتان جێبەجێ بکەین, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ جەنابی وەزیر, دانیشتنێکی باش بوو, ئاشناییەکی باشتان پەیدا کرد لەسەر ئـەوە, ئینشاالله لـەداهاتوو بـەرێگای ئێمـەوە لیژنەیـەك لەپەرلـەمان دابمـەزرێت و, ئەهمیـەتێکی کامـل بـدەین بـەوەزارەتی ژینگـە, بـۆ ئـەوەی بتـوانێ ئەرکـەکانی سەرشـانی خـۆی بـەجێ بهێنێـت, لێـرەدا کۆتـایی بەدانیشـتنەکەمان دەهێنین, تا رۆژی دووشەممە سەعات 11:00 بۆ ئەو بەرنامەیەی کەباسمان کرد, زۆر سوپاس بەخێر بـێن سەرچاو, فەرموون.

فرست احمد عبدالله
سكرتێری ئەنجومەنی نیشتمانیی
كوردستان – عێراق

محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی)
جێگری سەرۆكی ئەنجومەنی نیشتمانیی
كوردستان – عێراق

عدنان رشاد مفتی
سەرۆكی ئەنجومەنی نیشتمانیی
كوردستان - عێراق

# ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستان - عێراق

**پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (24)**

**دوو شەممە رێكەوتی 11\6\2007**

## خولی دووەمی هەڵبژاردن

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (24)

## دوو شەممە رێكەوتی 2007/6/11

كاتـژمێر (11)ی سـەر لـە بـەیانی رۆژی دوو شـەممە رێكـەوتی 2007/6/11 ئەنجومـەنی نیشـتمانیی كوردستانی عێراق بە سەرۆكایەتی بەڕێز عدنان رشاد مفـتی سـەرۆكی ئەنجومـەن و، بـە ئامـادەبوونی بـەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی) جێگری سەرۆك و، بەڕێز فرست أحمـد عبـدالله سـكرتێری ئەنجومـەن، دانیشتنی ژمارە (24)ی خولی دووەم، ساڵی (2007) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی كار:**

بەپێی حوكمەكانی برگـە (1)ی مـاددە (20) لـە پێـڕۆی نـاوخۆی ژمـارە (1)ی هـەمواركراوی سـاڵی 1992ی ئەنجومـەنی نیشـتمانیی كوردسـتانی عێـراق، دەسـتەی سـەرۆكایەتی ئەنجومـەن بڕیـاردرا دانیشـتنی ژمـارەی (24)ی خولی گرێدانی یەكەمی ساڵی سێیەمی خولی هەڵبـژاردنی دووەمـی پەرلـەمانی كوردسـتان – عێـراق، بەرنامەی كار بەم شێوەیە بێت:

1- بەردەوام بوون لەسەر گفتوگۆكردنی كاروچالاكییەكانی پەرلەمان بەبۆنەی تێپەڕبوونی دوو ساڵ بەسەر یەكەمین دانیشتنی خولی دووەمی هەڵبژاردنی پەرلەمانی كوردستان لە 2005/6/4.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی كوردستان دانیشتنی ئەمڕۆمان دەكەینەوە، بەرنامەی كار:

بەپێی حوكمەكانی برگە (1)ی ماددە (20) لە پێڕۆی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموار كراوی ساڵی 1992ی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق، دەستەی سەرۆكایەتیی ئەنجومەن بڕیاریدا بەرنامەی كاری دانیشتنی ژمارە (24)ی خولی دووەمی هەڵبژاردن لە كات(11)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی دوو شەممە رێكەوتی 2007/6/11دا بەم شێوەیە بێت:

1- بەردەوام بوون لەسەر گفتوگۆكردنی كاروچالاكییەكانی پەرلەمان بەبۆنەی تێپەڕبوونی دوو ساڵ بەسەر یەكەمین دانیشتنی خولی دووەمی هەڵبژاردنی پەرلەمانی كوردستان لە 2005/6/4.

دانیشتنەكە داخراو بوو.

| | | |
|---|---|---|
| فرست احمد عبدالله | محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی) | عدنان رشاد مفتی |
| سكرتێری ئەنجومەنی نیشتمانیی | جێگری سەرۆكی ئەنجومەنی نیشتمانیی | سەرۆكی ئەنجومەنی نیشتمانیی |
| كوردستان – عێراق | كوردستان – عێراق | كوردستان - عێراق |

# ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (25)**

**چوار شەممە رێکەوتی 13\6\2007**

**خولی دووەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (25)

## چوار شەممە ڕێكەوتی 2007/6/13

كاتژمێر (11)ی سەر لە بەیانی ڕۆژی چوار شەممە ڕێكەوتی 2007/6/13 ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق بە سەرۆكایەتی بەڕێز عدنان رشاد مفتی سەرۆكی ئەنجومەن و, بە ئامادەبوونی بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی) جێگری سەرۆك و, بەڕێز فرست أحمد عبدالله سكرتێری ئەنجومەن, دانیشتنی ژمارە (25)ی خولی دووەم, ساڵی (2007) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی كار:**

بەپێی حوكمەكانی بڕگە (1)ی مادده (20) لە پێڕۆی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەمواركراوی ساڵی 1992ی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق, دەستەی سەرۆكایەتی ئەنجومەن بڕیاردرا دانیشتنی ژمارەی (25)ی خولی گرێدانی یەكەمی ساڵی سێیەمی خولی هەڵبژاردنی دووەمی پەرلەمانی كوردستان – عێراق, بەرنامەی كار بەم شێوەیە بێت:

1- گفتوگۆكردن لەسەر ئەو گۆڕانكاریانەی بەسەر دەستووری هەمیشەیی عێراق داهاتوون, یاخود دێن.

2- بەردەوام بوون لەسەر گفتوگۆكردنی كاروچالاكییەكانی پەرلەمان بەبۆنەی تێپەڕبوونی دوو ساڵ بەسەر یەكەمین دانیشتنی خولی دووەمی هەڵبژاردنی پەرلەمانی كوردستان لە 2005/6/4.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی كوردستان دانیشتنی ئەمڕۆمان دەكەینەوە, بەرنامەی كار:

بەپێی حوكمەكانی بڕگە (1)ی مادده (20) لە پێڕۆی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموار كراوی ساڵی 1992ی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق, دەستەی سەرۆكایەتیی ئەنجومەن بڕیاریدا بەرنامەی كاری دانیشتنی ژمارە (25)ی خولی دووەمی هەڵبژاردن لە كات(11)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی چوار شەممە ڕێكەوتی 2007/6/13دا بەم شێوەیە بێت:

1- گفتوگۆكردن لەسەر ئەو گۆڕانكاریانەی بەسەر دەستووری هەمیشەیی عێراق داهاتوون, یاخود دێن.

2- بەردەوام بوون لەسەر گفتوگۆكردنی كاروچالاكییەكانی پەرلەمان بەبۆنەی تێپەڕبوونی دوو ساڵ بەسەر یەكەمین دانیشتنی خولی دووەمی هەڵبژاردنی پەرلەمانی كوردستان لە 2005/6/4.

سەرەتا بەخێرهاتنی گەرمی برای بەڕێز کاك نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان دەکەین، لەگەڵ وەفدی یاوەری بەڕێز د0 محمد ئیحسان، بەڕێز مامۆستا سەعد، بەڕێز د0 نوری، بەخێربێن سەرچاو بۆ ئەو دانیشتنە، لەسەر بریاری ئێوە بوو لەدانیشتنی پێشوو، لە 2007/6/4 لەسەر پێشنیاری بەڕێز سەرۆکی حکومەت، مەجموعەك پێك هاتن بۆ ئەو بابەتانە پێویستە راپۆرتی خۆیان ئامادە بکەن، گرنگن لە مەسەلەی هەموارکردنی دەستووری عێراق کە ئێستا لە ئارادایە، یەك لەو مەجموعانە مەجموعەی ماددەی 140، لەپەرلەمان لیژنەیەکی تایبەتمان هەیە بۆ جێبەجێ کردنی ماددەی 140، ئەمە یەك، دوو/ مەجموعەیەکی تر کە ئەرکی ئەوە بوو، موتابەعەی ئەو خاڵانە بکات کە دێتە پێشەوە لەدەستوور، کە پەیوەندیان بەدەسەڵاتی هەرێمەوە هەیە، ئەو ماددانەی حەصری دەسەڵاتی هەرێمن، دەسەڵاتەکانی حکومەتی فیدراڵی، سێ/ یاسای نەوت کە گفتوگۆیەکی گەرم و گوڕی بەسەردا هاتووە لە بەغدا، وەفدی حکومەت کە سەردانی بەغدای کردبوو، جەنابی لەقسەکانی ئاماژەی بە گفتوگۆیەکانی کرد، پێویستە لێرە لەلای ئێوە باسی بکات، چوار/ ئەو ماددەیە هاتۆتە پێشەوە بۆ هەموارکردن لەسەر مەسەلەی سەرچاوەکانی  ئاو، ئەو مەجموعانە لەپەرلەمان لەگەڵ وەزیرانی پەیوەندیدار لەحکومەتی هەرێم، لەو چەند رۆژەی رابردوودا گفتوگۆیان لەسەر بابەتەکان کرد، لەبەر رۆشنایی دەستووری هەمیشەی عێراق، لەبەر رۆشنایی ئەو پێشنیارانەی هاتوونەتە پێشەوە لەلایەن لایەنی پەیوەندیدار لە حزبە سیاسیەکانی عێراق بەپێ ماددەی 142 هەموارکردنی دەستووری هەمیشەی عێراق، پاش ئەو کۆبوونەوەیە سێ مەوزوعەکە، هی نەوت و هی دەسەڵاتی حەصری دستووری، دەسەڵاتی تایبەتی حەصری کە پەیوەندی بەهەرێمەوە هەیە، لەگەڵ پرۆژەی نەوەت و ئاو هەر سێکیان راپۆرتێکیان ئامادە کردووە پێشکەشتان دەکەن، هەروەها لیژنەی بەدواداچوونی ماددەی 140 لەگەڵ ئەو لایانانە کەپەیوەندیدارن لەو مەجموعەیەدا دیراسەتی خۆیان کرد، لەو چەند رۆژەی رابردوو، ئەوانیش راپۆرتێکیان پێشکەش کردووە تەقدیمتان دەکەن، بەلاّم من پێش ئەوەی داوایان لێبکەم بێن راپۆرتەکەیان بخوێننەوە، بەباشی ئەزانم ئاماژە بە گرنگترین ئەو چەند رۆژەی دوایی بکەم، ئەوەیش لەلایەن هێزەکانی تورکیا چەند ناوچەیەك بۆردومان کرابوو، لەناو خاکی کوردستانی عێراق، ئەمە جێگای ناڕەزاییەو هەموو خەڵکی کوردستان رەتی کردەوە، پێی وابوو ئەو تەجاوزە لەسەر عێراق و سیادەی عێراقی، لێرەدا دوو مەسەلەی گرنگ پێویستە، یەکێکیان هەڵویستی حکومەتی عێراقی فیدراڵ و، لایەنە سیاسیەکانن کە هەڵوێستێکی باشیان هەبوو و، هەموو لایەنێکیان ئیدانەی ئەوەیان کردو، داوایان لەتورکیان کرد داخیلی خاکی عێراق نەبێت و، ڕێگای گفتوگۆ بگرێت، هەروەها لەسەر ئاستی دنیادا ئەمریکا، بەریتانیا و لایەنی دۆست هەموو داوایان لەتورکیا کرد بەو شێوەیە چارەسەری کێشەکان نەکاتن، خۆی لابدات لە کاروباری عێراق، جێگای سەرنجە لەتورکیا دەنگی هەڕەشە و پەلاماردان تەنیا دەنگ نییە، لەم رۆژانە ئەگەر موتابەعەتان کردبێ، لەلایەن لێپرسراوانی تورکیا، سەرۆکی حکومەت و ئەو مەسئولانەی هاتە پێشەوە، ئەوەیش تەئیدی جەیش نییە بێتە ناو خاکی عێراقەوە، ئێمە بەڕاستی ئەو لایەنانە بە ئیجابی دەزانین،

هەڵوێستی حکومەتی عێراق, هەڵوێستی پەرلەمانی عێراق, هەڵوێستی سیاسیەکان پێم وایە دەورێکی کاریگەری هەبوو, ئەو مەترسیە کەم بکاتەوە یاخود دووربخاتەوە, هەروەها ئەو دەنگانەی لە تورکیا بەرزبوونەتەوە, نابێ سەربازی ئێمە بچێتە ناو خاکی کوردستان, ئەوەش بەکارێکی باشی دەزانین, تەئیدی هەموو هەڵوێستێکی ئیجابیانە دەکەین, چ لەناو عێراق, چ لەئەوروپا, چ لە ئەمریکا, چ لەدەوڵەتە دراوسێیەکانمان, کە هەڵوێستیان باش بوو, ئومێد دەکەین جارێکی تر لێرە, خۆمان بۆ گفتوگۆ کردن لەگەڵ حکومەتی تورکیا, لەگەڵ بەرپرسانی تورکیا, رێگا چارەیەکی باش بدۆزینەوە بۆ مەسەلەکان, بتوانین پەیوەندیەکانمان بەرەو پێش ببەین, بەرژەوەندیە هاوبەشیەکان رەچاو بکەین, هەموو لایەکەمان, بۆ ئەوەی ئەو ناوچەیە دووربخەینەوە لەشەڕو پێکدادانەکان, دیارە کە ئاماژەم پێکرد بە هەڵوێستی حکومەتی عێراق, لەپێش هەموویان حکومەتی عێراقی فیدراڵ لەهێزە سیاسیەکان, نابێتن جەنابی (مقتەدی صدر)ش لەبیر بکەین کە هەڵوێستێکی برایانەو دۆستانەی هەبوو بەرامبەر لەسەر دیفاع لە گەلی کوردستان, لەسیادەی عێراق و داوای کرد لە تورکیا نابێ تەدەخول بکات لەسیادەی عێراق, بە راستی جێگای سوپاسی ئێمەیە, من سەرەتا داوا لە کاك د0 کمال جێگری سەرۆکی پەرلەمان دەکەم, تایبەت بەو مەجموعەیەی کە تەشکیل کرا بەدواداچوون و جێبەجێ کردنی ماددەی 140, ئەو تەعدیلانەی کە پێشنیار کراوە لەلایەن هەندێك لایەنەوە, راپۆرتی خۆی پێشکەش بکاتن, فەرموو.

**بەڕێز محمد عبدالله قادر(د0کەمال کەرکووکی):**

**بەناوی خوای گەورە و میهرەبان.**

**رێزدار سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان.**

**رێزدار سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان.**

**بەرێزان ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان.**

**خوشکان، برایان، میوانە بەرێزەکان.**

مێژووی کوردستان پڕە لە ڕووداو و بەسەرهاتی جۆراوجۆر, هەر لە ناعەدالەتی و رێککەوتن و بەڵێنی بێ بنەمای دڵخۆشکەر بۆ خەڵکانمان بگرە تا دەگاتە نەهامەتیەکان و هەوڵی نەهێشتنمان.

بۆیە پێویستە لەسەر هەمووومان, رابردووی خۆمان, رابردووی نەتەوەکەمان باش بزانین و بەوردی لێی بکۆڵینەوە, هەموو کات لەبیرمان و لەبەرچاومان بێت, تاکو بەر لەوەی هەر هەنگاوێك بەرەوە پێشەوە بنێین, ئاورێك لەرابردووی خۆمان بدەینەوە, ئینجا هەنگاوەکانمان بەرەو ئامانجی دیاریکراو بۆ پێشەوە بنێین, دەڵێین رابردوو لەبیر نەکەین و بەئایندەی ببستینەوە, بەو مانایە نییە کەوا بەندەی رابردوو بین بۆ تۆڵەسەندنەوە, چونکە ئەگەر ئەوەمان کرد, ئەوا دەبێ هەردەم لەشەڕدا بین و خەریکی ئەنفال و کیمیاباران و بەکارهێنانی چەکی ناپاڵم و فسفۆڕو, هەموو شێوازێکی دیکە بین کە ئەمەش دوورە لە رەوشتی نەتەوەیەکی دیموکرات و ئازادیخوازی وەك نەتەوەکەمان, بەڵکو مەبەستمان لێرە تەنهاو تەنها ئەوەیە کە فێڵمان لێ نەکرێت, کەڵك لەرابردوو وەربگیرێت تا بەڵێنی خۆشی و پاشان دواخستنی

کێشەکەمان و لە کۆتاییش لەبڕی دەستکەوت و ژیانێکی ئاسوودەیی کە چاوەڕانی بووین بەرەو سێدارە و گۆڕی بەکۆمەڵ و دووکەڵی کیمیاباران و وێرانکردنی کوردستانمان نەبەن, لە کۆتایی شەڕی جیهانی یەکەمەوە زۆر ڕێککەوتنامە مۆرکرا و پشتگوێ خران, لەوانەش سایکس بیکۆ 1923, سان ریمۆ 1919, سیڤەر 1920 و 29ی حوزیران و 11 ی ئادار, کەچی بەشێنەیی خاوەن مافەکانی خافڵ کران و دواتریش سفر بەدەست مانەوە, لەسەرەتای دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق کە لەسەر بنەمایەکی هەڵە بنیاد نرا, لەوێش کورد بەشێوازێکی دیکە خافڵێنرا بەوەی زۆری پۆستی گرنگ لەئاستی بەرز بەکورد بدرێت, دەوڵەتێکی سەنترالی بەهێز دروست بکرێت و, کلیلی ئابووری عێراقی لەدەست بێت, کێشەی کوردیش بێ چارەیی مایەوە, بۆیە کێشەی کورد بەردەوام لەسەرهەڵدان و ڕاپەڕین بوو, شۆڕش لەدوای شۆڕشی هەڵگیرساندو هەندێك جار ڕژێمەکانی هیلاك دەکردو ناچاری دەکردن لەگەڵ سەرکردایەتی سیاسی کوردستان ڕێککەوتنامە ئیمزا بکەن, بەڵام زۆرجاریش لەسەر کەرکووك دووبارە ڕێککەوتنامە کە تێکدەچوو و شەڕ دەستی پێدەکردەوە کارەساتی گەورەشی لێدەکەوتەوە, لەدوای گۆڕانکاریەکان لە عێراق و کوردستان و بەڵێنە یەك لە دوای یەکەکانی بەسەرکردایەتی سیاسی کوردستان دەدرا, لە کۆنگرەی لەندەن کە لە 14 تا 16 ی کانونی یەکەمی 2002 بەسترا هاتووە:

کۆنگرە ئیدانەی ڕاگواستنی زۆرە ملێ و پاکتاوی ڕەگەزی و بەکارهێنانی چەکی کیمیایی و گۆڕینی ناسنامەی نەتەوەیی و هەموو ئەو کارانە دەکات, بۆ گۆڕینی باری نەتەوەیی ناوچەکانی کەرکووك و مەخموور و خانەقین و شنگاڵ و شێخان و زوممار و مەندەلی و لەشوێنەکانی تر روویان دا وە, کۆنگرە داوا دەکات پاشماوەی ئەو کردەوانە نەمێنێ ئەویش بەپیرەو کردنی ئەم خالأنە:

1- گەڕانەوەی ڕاگواستراوەکان بۆ سەر شوێنی خۆیان و موڵکی خۆیان و قەرەبووکردنەوەیان لەو زەرەرو زیانانەی دووچاریان بوونە.

2- گەڕاندنەوەی عەرەبی تەعریب, ئەوانەی ڕژێم هێنابوونی بۆ نیشتەجێ کردنیان لەو شوێنانەی کە لە سەرەوە ئاماژەمان پێ کرد بۆ شوێنی پیشووتری کە لێی هاتوون.

3- گەڕاندنەوەی کوردی فەیلی و هەموو عێراقیە ڕاگوێزراوەکان, ئەوانەی کە دەسەلأت بەبێ هیچ بنەمایەك مافی هاووڵات بوونی عێراق و ڕەگەزنامەی عێراقیان پێ بدرێت و لەو زەرەرو زیانەکانی بەوهۆیەوە لێی کەوتوون قەرەبوو بکرێنەوە.

4-سڕینەوەی هەموو ئەو ڕێوشوێنە کارگێڕییانەی کە ڕژێم لەساڵی 1968 ەوە لەپێناو گۆڕینی باری دیمۆگرافی کوردستانی عێراق ئەنجامی داوە.

هەر لەو کۆنگرەیەدا پرۆژەیەك ئامادەکرا بۆ قۆناغی گواستنەوە لەسەر شوێنە کێشەدارەکان و ڕێگا چارەی کێشەکان وەکو لەماددەی (9) دا هاتبوون:

ئەنجامدانی سەرژمێریەکی بێگەرد دوای نەهێشتنی پاشماوەی پاکتاوی ڕەگەزی و ئەتنی و چاککردنەوەی باری دیموگرافی کوردستان و ناوچەکانی دیکەی عێراق بەسەرپەرشتی نێودەوڵەتی بە لەئەنجامدانی هەر

هەڵبژاردنێك, بەهۆی گرنگی زۆری سەرژمێری کردن, دوای رووخانی رژێمی دیکتاتۆری عێراق, بۆ بەڕێوەبردنی دەوڵەت ئەنجومەنی حوکم دامەزرا کە لە بیست و پێنج کەسایەتی سیاسی پێك هاتبوون, (12) کەسیان بۆ ماوەی یەك ساڵ و هەریەکەی بۆ ماوەی یەك مانگ جڵەوی دەسەلأتی لە عێراق وەرگرت, لەم ماوەیە لیژنەیەك بۆ نووسینی یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەت بۆ قۆناغی گواستنەوە لەگشت پێکهاتەکان دروست بوو, ئەم یاسا کاتییەش لەبڕی دەستوور بوو, هەروەها بنەمایەك بوو بۆ حکومەتی (دکتۆر عەللاوی و جەعفەری) لە 2004/6/30 تا 3/ کانونی یەکەم/ 2005, تا چوار مانگ حکومەتی نوری مالکی کە ئەرکی ئەوان بوو کار بۆ هەڵبژاردنی نوێنەران و نووسینەوەی دەستووری هەمیشەیی عێراق و جێبەجێ کردنی ماددەی 58 بکەن, بەلأم ماددەکەیان پشتگوێ خست و جێبەجێیان نەکرد, لەئەنجومەنی حوکم 4 بڕیاری تایبەت بە لابردنی پاشماوەی پاکتاویی رەگەزی دەرچوو لەوانە بڕیاری ژمارە 50 لە 2003/9/29 کە تیایدا هاتووە:

کار بەهەموو ئەو یاساو بڕیار و سیستەم و لابردنی ئاراستەکراوانە و رێنمایی و فەرمانانە ناکرێ کە بەناوی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش و لایەنە فەرمیەکانی تری عێراق دەرچووە, لەپێناو گۆڕینی باری دیموگرافی و سیاسی لەعێراق دا, هەروەها لەبڕیاری 51 لە 2003/3/29 دا هاتووە: هەموو دەرکراوە سیاسیەکان یان ئەوانەی بەزۆر و لەبەر هۆی سیاسی لە کارەکانیان دەرکران, دەبێ یەکسەر بگەڕێنەوە, لەگەڵ هەژمارکردنی ماوەی دەرکردنیان بەخزمەت و خانەنشینی و رێنماییەکانیش بەوردی لەئەنجومەنی حوکم دەردەچن, هەروەها لە ماددەی 58 لەیاسای بەڕێوەبردنی کاتیی دەوڵەتی عێراق, بۆ قۆناغی گواستنەوەش هاتبوو کە بۆ ئاساییکردنەوەی بارودۆخەکە چەند خاڵێك پێویستە جێبەجێ بکرێ, لەوانەش: گەڕاندنەوەی عەرەبی تەعریب بۆ ئەو شوێنەی کە لێی هاتوون, گەڕانەوەی ئاوارە و دەرکراوەکان بۆ شوێنی رەسەنی خۆیان, چاککردنەوەی نەتەوەیی (تصحیح القومییە) لەگەڵ چاککردنی باری دیمۆگرافی شارەکان, ئەو نامە و رێککەوتنامە و پرۆتۆکۆلە تایبەتیانەی پەیوەستن بە جێبەجێ کردنی ماددەی 58 و مددەی 140 لەدەستووری هەمیشەیی:

پێش هەڵبژاردنی (ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق) سەرکردایەتی سیاسی کوردستان و گشت جەماوەری کوردستان بەتایبەتیش لایەنە سیاسەکانی کورد لە پارێزگای کەرکوك هەڵوێستیان نیشاندا, گشت لایەنە پەیوەندیدارەکان ئاگادارکرانەوە, دەربارەی جێبەجێ کردنی ماددەی 58 و بێ باوەڕی کورد, بەرامبەر لایەنی عێراقی جێبەجێ کردنی ماددەی 58, چونکە هیچ شتێك بۆ جێبەجێ کردنی ئەو ماددەیە نەکرابوو, هەر بۆیە لەئاستی باڵای عێراق و ئەمریکا و بەریتانیاوە روونکردنەوەو بەڵێن بە نووسراو دران, لەوانەش نامەی (دکتۆر ئەیاد عەللاوی) لە 2004/12/28 کە ئاراستەی سەرکردایەتی گەلی کوردستانی کردووە, تیایدا جێبەجێ کردنی ماددەی 58 بە ئەرکی حکومەت دادەنێ و لەخاڵی دووەمی ئەو نامەیە بەڵێنەکەی بەڕوونی و ئاشکرایی دیارە:

**(تتعهد الحكومة بتفعيل الاليات التى تؤدى الى تطبيق فقرات المادة 58 و الممكن تنفيذها ضمن الفترة الانتقالية و كما حدده القانون وفى هذا السياق أتطلع الى التشاور معكم و مع المجلس الوطنى المؤقت وهيئة الرئاسة لتشكيل هيئة متخصصة عليا و ذات صلاحيات قانونية و مالية وافية لتنفيذ و تطبيق المادة 58 من القانون المذكور لأزالة اثار سياسة الترحيل و التطهير العرقى الهادفة الى تغيير الوضع السكانى لكركوك)، واته (حكومەت پەیمان دەدات بە كاراكردنى ئەو میكانیزمانەی بەئاراستەی جێبەجێ كردنى بڕگەكانى ماددەی 58 دەڕۆن و ئەوەی لەتوانادا هەیە جێبەجێ بكرێ، لەماوەی گواستنەوەو بەو شێوەیەی یاسا دایناوە، لەمبارەیەوە دەمەوێ لەگەڵ ئێوە و ئەنجومەنی نیشتیمانی كاتیی و دەستەی سەرۆكایەتی وتوێژ بكەم، بۆ دامەزراندنی دەستەیەكی پسپۆڕی باڵا، توانای یاسایی و مادی تەواوی لەبەردەست بێت، بۆ جێبەجێ كردنی ئاساییكردنەوەی ماددەی 58، لەیاسایی ناوبراودا لەپێناو نەهێشتنی پاشماوەی سیاسەتی راگواستن، پاكتاوی رەگەزی كە بەئامانجی گۆڕینی باری دانیشتووانی كەركووك كراوە، هەروەها لەماوەی حكومەتی (دكتۆر عەللاوی)دا، لە 2005/5/15 هەریەك لەبەڕێزانی باڵیۆزانی ئەمریكی و بەریتانی (جۆن نگرۆپۆنتی و ئیدوارد چاپڵن)نامەیان ئاڕاستەی سەرۆك كۆماری عێراق بەڕێز مام جەلال كردووە و تیایدا سیاسەتی حكومەتەكانی خۆیان روون دەكەنەوە و، جەخت لەسەر جێبەجێكردنی ماددەی 58 لەیاسای كاتیی بەڕێوەبردنی دەوڵەت دەكەنەوە كە ئەمەش دەقی نامەكانە:**

**دەقی نامەكەی (نیگرۆپۆنتی):**

**سمو فخامة الرئيس.**

**وفقا للمناقشة التي أجريناها في 10/ كانون الثاني فيما يخص رسالة السيد علاوى رئيس الوزراء فيما يتعلق بوضع كركوك دعنى أوضحه لك موقف الولايات المتحدة الأمريكية الداعمة الكامل لقانون الأدارة الانتقالى، كما أوضح لك وكيل وزير الخارجية (أرميتاج) وأعلنه بوضوح فان الولايات المتحدة تدعم التطبيق الكامل لقانون الأدارة الأنتقالى وخصوصا كافة الفقرات التابعة للمادة 58 و تؤمن بجوهرية تطبيق كامل لهذة المادة، ولهذا فان حكومة الولايات المتحدة على توافق مع رسالة رئيس الوزراء، كما ان حكومة الولايات المتحدة على استعداد لأداء ماعليها لغرض تسيهل تطبيق المادة 58 و ذلك عن طريق مساعدة المؤسسات المسؤولة عن تطبيق مقررات الفقرة (أ) من المادة 58).**

**ئەمەش دەقی عەرەبی نامەكەی بەڕێز (ئیدوارد چاپڵن)ە:**

**مام جلال طالبانى السكرتير العام للاتحاد الوطني الكوردستاني.**

**عزيزى مام جلال.**

**عندما اجتمعنا في 12 أيلول مع (نيگروبونتي- السفير الأمريكى في العراق) و (برهم صالح- نائب رئيس وزراء العراق) أكدت كثيرا على موقف حكومة بريطانيا هو تطبيق جميع البنود و الفقرات بما فيها المادة 58 و في سبيل ذلك نحن مستعدون للتعاون، و قد تم تكليفي من قبل السيد جاك سترو وزير الخارجية و ابلاغكم**

اهتمامه الشخصی حول معالجة تلك القضية وهو يرغب في المشاركة الجماعية لكافة الأطراف في انتخابات مجالس المحافظات).

هەروەها ئەوەش دەقی ئەو پرۆتۆکۆڵەیە کەلەنێوان لیستی هاوپەیمانی عێراقی یەکگرتوو و لیستی هاوپەیمانی کوردستانی, بۆ دامەزراندنی حکومەتی عێراقی لەماوەی گواستنەوەی کە برگەی چوارەمی پەیوەستە بەجێبەجێ کردنی ماددەی 58 لەیاسای کاتی و تیایدا هاتووە:

نص الفقرة الرابعة من البروتوكول:

رابعاً/ ازالة اثار سياسات النظام البائد في تغيير الواقع القومی و المذهبی و السكاني من خلال الهجرة القسرية و توطين الغرباء:

أ-الذين أسكنوا في هذه المناطق ضمن سياسة التغيير السكانی و التطهير العرقی وفق قانون ادارة الدولة وذلك بتوفير التخصصات اللازمة لهيئة فض المنازعات الملكية و هيئة تطبيع الأوضاع في كركوك وعلى الحكومة العراقية الأنتقالية أتخاذ الخطوات العاجلة لتطبيق 1, 2, 3, 4 من الفقرة (أ) من المادة 58 من قانون ادارة الدولة للمرحلة الانتقالية و تقوم الحكومة الانتقالية خلال فترة لاتتجاوز الشهر من تشكيلها بتفعيل اجراءات التطبيع بما فيها توفير التمويل لهيئة تطبيع الأوضاع في كركوك و هيئة المنازعات الملكية.

ب-التطبيق الكامل للمادة 58 من قانون ادارة الدولة الانتقالية بما يؤدي الي تحديد الانتماء الادارى للمناطق المختلف عليها بما فيها محافظة كركوك و على رئاسة الانتقالية الاسراع في تقديم المقترحات بشأن معالجة التلاعبات بالحدود الادارية في هذة المناطق الى الجمعية الوطنية الانتقالية و توضع التسويات الظرورية بما يحقق الرغبة النهائية لسكان المحافظة و بعد التطبيع و المصادقة على الدستور الدائم.

لەسەر بنەمای ئەو بەڵێنانەی پێش هەڵبژاردن لە پەرلەمانی کوردستان لە شاری هەولێر دانیشتنێکی فەرمی بەئامادەبوونی هەردوو رێزداران کاک مسعود بارزانی و مام جەلال و مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتیمانیی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان و گشت لایەنە سیاسیەکانی کوردستان و نوێنەرانی کورد لەئەنجومەنی پارێزگای کەرکووك و بەرپرسانی بالأی عێراق و ئەمریکی و بەریتانی, لەبەردەم پەرلەمانی کوردستان بەڵێنەکان دووپات کراوەتەوە و پەرلەمانی کوردستانیش بریاری وەرگرت, کەلەحاڵەتی جێبەجێ نەکردن هەڵوێستمان دەبێت, هەر بۆیە لەسەر ئەو بەڵێنانە بەشداری هەڵبژاردن قبولْ کرا و هەڵبژاردنەکە کرا, ئەوەبوو لەکۆی 41 کورسی بۆ ئەنجومەنی شاری کەرکووك, 26 کورسیمان بەدەست هێنا, شایانی باسە (دکتۆر عەللاوی) بەڵێنیدا, بەلأم هیچی جێبەجێ نەکرد تا ئەو لیژنەیەی بە ڕەزامەندی خۆی دروستکرابوو, هیچ بودجەیەکی بۆ دانەناو هەندێك لە ئەندامەکانی لیژنەکە کە ناویان هاتبوو وەکو ئەندامی لیژنە کەچی خۆیان ئاگادار نەبوون.

بەرنامەی کاری حکومەتی نوری ئەلمالیکی:

بەرنامەی کاری (نوری مالیکی) پاش گفتوگۆیەکی زۆر لە نێوان فراکسیۆنە سیاسیە سەرکەوتووەکان لە هەڵبژاردندا کراو, مالیکی بەرنامەی کاری کابینەکەی داناو تیایدا جەختی لەسەر جێبەجێ کردنی گشت بەندەکانی دەستووری هەمیشەیی عێراق کردبوو, لەوانەش ماددەی 140 کە لەبڕگەی 22 لە بەرنامەی کاری کابینەی مالیکی بەڕوونی هاتبوو:

(تلتزم الحكومة بتنفيذ المادة 140 من الدستور المعتمدة على المادة 58 من قانون ادارة الدولة بكل فقراتها و المتمثلة بتحديد المراحل الثلاث: التطبيع و الاحصاء و الاستفتاء في كركوك و غيرها في المناطق المتنازع عليها, و تبداء الحكومة اثر تشكيلها في اتخاذ الخطوات اللازمة لأجراء التطبيع بما فيها اعادة الاقضية و النواحي التابعة لكركوك في الأصل و تنتهي هذه في 2007/3/29 حيث تبدأء مرحلة الاحصاء فيها من 2007/7/31 و تتم المرحلة الأخيرة و هي الاستفتاء في 2007/11/15).

لە کابینەی جەعفەریشدا کاتێ هیچ هەوڵێکی دیار لەلایەن جەعفەرییەوە بۆ جێبەجێ کردنی ماددەی 58 نەدرابوو, رێزداران کاك مسعود بارزانی و مام جەلال نامەیان ئاڕاستەی جەعفەری کردبوو, تیایدا سەرزەنشتیان کردبوو, دوای ئەوەی کابینەی مالیکی دەست بەکار بوو, بڕیاری دیوانی ئەنجوومەنی وەزیرانی عێراقی فیدراڵی ژمارە 46 دەرکرد و بەنووسراوی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (م ر ن/1373/48 لە 2006/8/9) بلاوکرایەوە, (دکتۆر هاشم شبلی- وەزیری دادی عێراقی) بەسەرۆکی لیژنەکە دانرا کە لەم بەرێزانە 3 عەرەب و 3 کورد و 2 تورکمان و یەك ئاشووری پێکهاتبوو, ئەمەش ناوەکانیانە لەخوارەوە:

1-بەرێز هاشم شبلی- وەزیری داد/ سەرۆکی لیژنە.

2-بەرێز جواد کازم بۆلانی- وەزیری ناوەخۆ.

3-خاتوو نەرمین عوسمان حەسەن- وەزیری ژینگە.

4-بەرێز جاسم محمد جەعفەر- وەزیری وەرزش و لاوان.

5-بەرێز بابەکر سەدیق ئەحمەد.

6-بەرێز محەمد خەلیل نسەیف.

7-بەرێز ئاشوور بنیامین.

8-بەرێز دکتۆر محەمەد ئیحسان- نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستان.

9-بەرێز تەحسین محەمد عەلی کەهیە.

لەبڕگەی دووەمی بڕیارەکەش هاتووە کەوا 200 ملیۆن دۆلاری ئەمریکی لەحیسابیان دابنرێت, بەهاتنی (نوری مالیکی) لەخاڵی 22ی بەرنامەی کابینەکەی جەختی لەسەر جێبەجێ کردنی ماددەی 140 دەستووری هەمیشەیی عێراق کردۆتەوە, پاشان لیژنەکەی پێك هێناو 200 ملیۆن دیناریشیان بۆ تەرخان کرد, لیژنەکەش زۆر کاری باشی ئەنجام داوە لەوانە:

چوار بڕیاری گرنگ وەرگیراوە بە ناردنەوەی عەرەبی تەعریب و گەڕانەوەی ئاوارەو دەرکراوەکان و گەڕاندنەوەی دەرکراوە سیاسیەکان بۆ سەر کارەکانیان و قەرەبوو کردنەوەیان و هەژمارکردنی کاتی

دوورخستنەوەیان لەکار بۆ خزمەت و هەڵوەشاندنەوەی گرێبەستەکان کە لەسەر حیسابی کورد بوو, لەسەر هەموو ئەو گیروگرفتانەی کە دروست کران, بۆ دواخستن و جێبەجێ نەکردنی ماددەکە لەکاتی (عەللاوی و جەعفەری), ئێمە پێمان وایە لە سەردەمی حکومەتی ڕێزدار (نوری مالیکی) دەتواندرێت ماددەی دەستووی 140 لەکاتی دیاریکراوی خۆیدا جێبەجێ بکرێت و, ماددەی 140 لەدەستووری هەمیشەی عێراق ببێتە سیمبولی متمانەکردن و پێکەوە کارکردن و ڕێزگرتن لە دەستووری هەمیشەیی عێراقی, کەرکووکیش ببێتە رەمزی چاککردنەوەی سنووره دەستکاری کراوەکانی عێراق و هەر لەوێشەوە دەست پێ بکرێت کە ئەو زوڵم و زۆرداریيانەی کراون لەعێراق بسڕێنەوە, بۆیە:

1-بەهیچ شێوەیەك نابێ دەستکاری ماددەی 140 بکرێت.

2-دواخستنی ئەو ماددەیە رەت دەکەینەوە.

3-کردنی کەرکوك بەیەك ئیقلیمی جیا رەت دەکەینەوە.

4-ماددەی 140 پێویستە وەکو خۆی و لەکاتی دیاریکراوی خۆیدا جێبەجێ بکرێت.

پێشنیارەکانی لیژنەی هەموارکردنی دەستووری هەمیشەیی عێراق دەربارەی ماددەی 140:

بەوردی دیراسەتمان کردو گەیشتینە قەناعەت و بەگرنگمان زانی بە تەواوەتی رەتی بکەینەوەو پێویستە ماددەی 140 وەکو خۆی و لە کاتی دیاری کراوی خۆیدا جێبەجێ بکرێت:

2-(لیژنەی جێبەجێکردنی ماددەی 140 کاری باشی کردووە و بەردەوامە لەکارکردن.

أ-عەرەبی تەعریب بەبڕیاری لیژنەی ماددەی 140 دەڕۆنەوە ئەوانیش زۆربەیان ناوی خۆیان نووسیوە و ئامادەی رۆیشتنەوەن پاش قەرەبووکردنەوەیان و تا ئێستاش زۆربەیان رۆیشتوون.

ب-موڵکی کورد و تورکمان کە رژێمی بەعس بەزۆری داگیری کردبوو لەسەر عەرەبی تەعریب بەگرێبەستی کشتوکاڵێ پێیانی بەخشیبوو, یان تاپۆی کردبووە سەریان, بڕیاری پێ وەرگیرا لەلایەن لیژنەی ماددەی 140 و ئەنجومەنی وەزیران و, سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی عێراقیش موافەقەتی لەسەر کردو ئێستاش هەمووی ئامادەکراوە و جێبەجێ دەکرێت.

ج- زیندانە سیاسیەکان کەلەسەر کارەکانیان لادران, بەبڕیار دەگەڕێنەوە سەر کارەکانیان.

د-بڕیار بۆ گەڕانەوەی ئاوارەکان دەرچوو.

3- زۆرینەی جەماوەری کەرکووك بەگشتی پێکهاتەکەی لە (کورد و تورکمان و عەرەب و کلدان و ئاشووری و ئەرمەنی) هاودەنگن و داوای جێبەجێکردنی ماددەکە دەکەن.

4- چ لەڕووی مێژوویی و چ لەڕووی جوگرافی, ئەو ناوچەیە پارچەیەك بووە لەهەرێمی کوردستان و هەرێمی کوردستانیش هەرێمی فیدڕاڵە لەناو سنووری عێراقی فیدڕاڵ

5- لە هەرێمی کوردستانیش بەگشتی پێخۆشحاڵن کە ئەو شوێنە دابڕاوانە بینەوە سەر سنووری هەرێمی فیدڕاڵی کوردستان کە بۆ گشت عێراق سوودبەخش دەبێت.

6- ماددەی140 ماددەیەکی گرنگە لە دەستووری عێراقی فیدراڵ بۆ چارەسەر کردنی کێشەیەکی مێژوویی و پڕکارەسات و بەرێگای ئاشتی و یاسایی و دیموکراتی، جێبەجێ کردنی ماددەکە رێزگرتنە لە دەستووری هەمیشەیی عێراق.
7- جێبەجێ نەکردنی ماددەی 140 رێزنەگرتنە لە ئیرادەی جەماوەری شوێنە کێشەدارەکان و گشت کوردسان و پێشیلّ کردنی مافی مرۆڤ و رێز نەگرتنە لە دەستووری هەمیشەیی عێراق.
8- پشتگوێ خستن و جێبەجێ نەکردنی ماددەی 140 بەر پرسیارێتیەکەی دەکەوێتە سەر حکومەتی ئیتیحادی و لێی بەرپرسیارە.

**بەرێزسەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ د0کمال، بۆ ئەو راپۆرتە تێرو سەلەی، کە ئاماژەی بە مێژووی موعامەلەکردن لەگەڵ ماددەی 58، دواتر ماددەی 140 کرد، رووداوکانی بەسەردا هاتووە بەتێرو تەسەلی بوو، دواتر هەڵوێستی ئەو مەجموعەیە کە پێکهات لەبەر رۆشنایی بریاری ئێوە، واتە ئەندامانی پەرلەمانی لەماددەی 140، لەگەڵ نوێنەرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و، ئەندامانی تری لیستی هاوپەیمانی بەغدا، ئەو راپۆرتە تێرو تەسەلەی دا، دواتر گفتوگۆی لەسەر بکەن، ئێستاش بەفەرسەتی دەزانم بەخێرهاتنی کاك د0 سعدی و کاك د0 محمد شریف بکەم، ئەندامانی لیستی هاوپەیمانی کوردستان، لێرەدا لەگەڵمان بەشدارن، ئەوانیش لەگەڵ ئەندامانی تری پەرلەمانی حکومەت لەو سێ لیژنەیە کە راپۆرتیان تەوحید کردیە، لەسەر مەسائیلی جۆارو جۆرەکە، کە ئاماژەمان پێکرد، واتە دەستووری عێراق، دەسەلاتە حەصریەکان، پرۆژی نەوت، بەتەوحیدیەوە یەك راپۆرتە داوا لە کاك فرست دەکەم سکرتێری پەرلەمان راپۆرتەکە بخوێنێتەوە، لەبەر ئەوە دوێنی شەو توانیان کارەکانیان ئەنجام بدەن، نەیانتوانی راپۆرتەکە تەرجومەی کوردی بکەن، بۆیەش بەعەرەبەیە لەبەرئەوەی خاڵەکانی بۆیان هاتبوو و پێشنیارەکان نەدەکرا، چونکە فرست نەبوو و وەختیش کەمە، لەبەرئەوە ئێمە دەبێ ئەمرۆ زۆر زۆر بەیانی بیرو رای ئێوە، بریاری ئێوە بگەینینە بەغدا، ئەو لایەنانەی لیستی هاوپەیمانی کوردستان کەئەندامن لەلیژنە بەداخەوە عەرەبیە، دواییش تەرجومەی دەکەینەوە، فەرموو کاك فرست.

**بەرێز فرست احمد عبدالله:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئاماژە بە دانیشتنی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان- عێراق ژمارە 22ی رێکەوتی 2007/6/4 تایبەت بە گفتوگۆکردنی بابەتی هەموارکردنی پێشنیازکراوەکانی دەستووری فیدراڵی و پێکهێنانی گروپە تایبەتەکان بۆ لێکۆڵینەوە لەبابەت و موناقەشە کردن لەگەڵ نوێنەری هاوپەیمانی کوردستانی لە لیژنەی هەموارکردنی دەستووری فیدراڵی لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، ئەنجامی لێکۆڵینەوەی بابەتەکە لە

**هەموو لایەنەکانی بابەتی و یاسایی و شێوەکەی لەلایەن گروپە پێکهێنراوەکان و, خستنەڕووی راپۆرتەکانی کۆمەڵەکان و گفتوگۆکردن لە گەڵیان بەجیا, بەم ئەنجامە کورتکراوەی خوارەوە گەیشتین:**

**یەکەم: ئەگەر سیستەمی فیدراڵیزم چارەسەر بێت, بۆ گرفتی ئیداری, لەلای هەندێك عێراقییان لەئارادایە, سەبارەت بە هەرێمی کوردستان و گەلەکەی و, چارەسەرکردنی دۆزی سیاسی, کە لەنێوەندە نێودەوڵەتییەکان بە دۆزی کورد ناسراوە و رەهەندێکی سیاسی, ئابووری, کۆمەڵایەتی و ئیداری هەیە.**

**دووەم: گەلی کوردستان هاوبەشییەکی کاریگەری بەرپەچدانەوەی رژێمەکانی پێشووی کردووە, لەپێناو عێراقێکی دیموکراسی, بۆ ئەم مەبەستەش زۆری چەشتووە و, هەروەك رۆڵێکی سەرەکی لە رووخاندنی رژێمی پێشوو لەساڵی 2003 بینیوە و, قوربانییەکی زۆری داوە لەپرۆسەی گۆڕان و کۆتایی هێنان بە چەوساندنەوەی زوڵم و زۆری, کەباڵیان بەسەر عێراقدا کێشابوو لەماوەیەکی دوورو درێژی رابردوودا.**

**سێیەم: گەلی کوردستان و سەرکردایەتییەکەی رۆڵێکی کاریگەری هەبوو, لەدووبارە بنیادنانەوەی دەوڵەتی عێراق, بەلاَم لەسەر بنەمایەکی یەکێتییەکی ئارەزوومەندانە, بۆ ئەوەی هەمووان بەشێوەیەکی دڵسۆزانە هاریکاری لە رەخساندنی یەکێتی نیشتیمانیی و سەرکردایەتی عێراق بەرەو سیستەمێکی دیموکراسی, کە کەسێك تیایدا ماف خوراو نەبێت و, بەخۆشی بژین و, دەرفەتێکی یەکسان لەبەردەم هەمووان والاَ بێت, گەلی کوردستان دەستبەرداری زۆر لە دەستکەوتەکانی بوو, کە لە ئاداری 1991 ەوە تا رووخانی رژێم بەدەستی هێنابوو, ئەمەش لەپێناو بنیادنانی عێراقێکی فیدراڵی نوێ, زۆرجار لەسەر زاری سەرکردایەتی و نوێنەرانی دووپاتی کردۆتەوە, ئەو دەستوورە وایکردووە هەرێمی کوردستان بەشدارییەکی کاریگەری لەدەسەلاَت و سامان بەشێوەیەکی دادوەرانەو بەئینسافەوە بکات, هەر ئەوەشە ئەو یەکێتییە بۆ عێراق دابین دەکات, لەرووی گەل و خاك و سەروەرییەوە, بۆیە هەر دەستکارییەك لەتایبەتمەندییەکانی هەرێمی کوردستانی سیاسی و ئابووری و ئیداری کەمبکاتەوە, بەپێی ئەم دەستوورە رەتکراوە دەبێت لەلایەن گەلی کوردستانەوە, گەلی کوردستانی عێراق رێگا نادات قوربانییەکانی بەفیڕۆ بچێت, رێگا نادات سەر لەنوێ بکەوێتـەوە ژێر زوڵم و زۆری دەوڵەتی ناوەندی عێراقەوە, هیچ خەمێك نییە جگە لە بەپەراوێزکردنی رۆڵی لەهەموو ئاستەکاندا.**

**چوارەم: لەکاتێکدا هەرێمی کوردستان هاوکاری کاریگەری خۆی لەگەڵ هەموو عێراقییەکان دەکات, بەهەموو رەنگ و توێژەکانییەوە بۆ بنیادنانی وڵاتێکی بەهێز لەسەر بنەمایەکی پتەوکردنی بوارەکانی نیشتیمانی, ئابووری و کۆمەڵایەتی لەنێوان هەرێمەکان و پارێزگاکان, هیچ زۆرییەکی لێ نەکراوە, بۆیە گەلی کوردستان شێوەی زۆرداری دەوڵەتی ناوەندی رەتدەکاتەوە و, ئەگەر رێز لە تایبەتمەندی نەگیرێتو و چاودێری ویستەکانی نەکرێت.**

**پێنجەم: لەرێگایی گفتوگۆکردنی ئەو هەموارکردنە پێشنیازکراوە بەدیاردەکەوێت ئامانج لەلایەنێکی زۆری بەتاڵکردنی فیدراڵیزمی سیاسییە لەناوەڕۆکەکەی و گۆڕینییەتی بەنامەرکەزییەتی ئیداری و ئەمەشمان ماوەیەکی دوورو درێژە رەتکردۆتەوە.**

شەشەم: رازیکردنی برا عەرەبەکان, ئەوانەی بەشداریکردنییان لەپرۆسەی سیاسی رەتکردۆتەوە, دەبێت بە هێنانەدی ماف و تایبەتمەندی زیاتر بۆ هەمووان رازی بکرێن نەك بەهۆی سەندنەوەی مافە بەدەستهاتووەکانی ئەوانی دیکە, کەناتوانن قبوڵی بکەن.

حەوتەم: دەسەڵاتی لیژنەی کاتی رەهانییە, بەڵکو پابەندە بە پێی بڕگەی یەکەم لەماددەی 142 لەدوولاوە, کە هەموارکردنە پێویستەکان و هەموارکردنەکانی, دەکرێت کارپایی بۆ بکرێت, واتە سنوورەکە لەو شوێنە دەوەستێت, کە دەکرێ هەموارکردنی راستەوخۆی تێدا ئەنجام بدرێت, ئەمەش ئاماژەیەکی روونە بۆ کۆت و بەندە دەستوورییەکان کە رێگا لە ئالیەتێکی رەسەن دەگرێت بۆ هەموارکردنی دەستووری لەماددەی 126 لە ئەنجامدانی هەموارکردن تیایدا بۆ ماوەیەکی دیاریکراو دوابخرێت, هەروەك ئەمەش دەبێت لەبڕگەی دووەمی ئەم ماددەیە, یان بەشێوەیەکی رەهای بڕگەی چوارەم کە لەدەقەکەی هاتووە: (نابێت هەر هەموارکردنێك لە ماددەکانی دەستوور ئەنجام بدرێت, لەدەسەڵاتی هەرێمەکان کەم دەکاتەوە و ناچێتە خانەی تایبەتی تایبەتمەندیی دەسەڵاتەکانی فیدراڵی تەنها بەرەزامەندی دەسەڵاتی یاسادانانی هەرێمی پەیوەندار نەبێت, لەگەڵ رەزامەندی زۆرینەی دانیشتوانەکەی لە رێگەی راپرسییەکی گشتییەوە), کاری لیژنەکە هەرچۆنێك بێت, ناچێتە ئاستی ئالیەتێکی بنچینەیی بۆ هەموارکردنی دەستووری لە ماددە 126, چونکە ئەگەر لە بنەڕەتدا بەستراو بێت لە دەروازەی یەکەم هەلاوێردن لەسەر ئەسڵییەکە کۆت و بەند دەبێت, هیچ راڤەیەك هەڵناگرێت, ئەمە دەقی دەستوورەکە خۆی جەختی لێ کردۆتەوە, بۆیە راسپاردەکانی کە ناکۆکە لەگەڵ بڕگەی چوارەم لەماددەی 126 هەر کەمکردنەوەیەك لەمافی هەرێمی کوردستانی نادەستووری تەنها بەرەزامەندی پەرلەمانی کوردستان دەبێت, هەتا وادابنێین ئەو لێژنەیە دەسەڵاتی هەمەلایەنی رەهای هەیە, دەتوانێت فیدراڵیزم رەتبکاتەوە و دان بەهەرێمی کوردستان و دەسەڵاتەکانی نەنێت, بەپێی دەستووری هەمیشەیی پەیڕەوی دەکات, مافی ئەنجومەنی نیشتیمانیی کوردستان- عێراقە کە نوێنەرایەتی ئیرادەی گەلی دەکات, راسپاردەو راپۆرتی لیژنەکە رەتبکاتەوە, کەزۆربەی کەمکردنەوەیەکی مەترسیدارە لەمافی هەرێمی کوردستان.

هەشتەم: لەکاتێکدا هەموارکردنە پێشنیارکراوەکانی ماددەکانی (110, 111, 112, 114, 115, 140) رەتدەکەینەوە, کەدەسەڵاتی حکوومەتی فیدراڵی زیاد دەکات و, دەسەڵاتەکانی هەرێمی کوردستان کەمدەکاتەوە, ئێمە بەرهەڵستیی ئەو هەموارکردنانە ناکەین, سەبارەت بە هەرێمە نوێیەکان, کە لەدوا رۆژدا دادەمەزرێت, ئەگەر لایەنە پەیوەندارەکان بنیان لە بەرژەوەندی گشتیدایە و ئەم جیاوازییە لە رەوشی فیدراڵ بۆ هەرێمەکان لە زۆر لە سیستەمە فیدراڵییەکان پەیڕەوکراوە وەك رەچاو کردنێك بۆ رەوشی تایبەت, کە هەندێك لەهەرێمەکان تێدا دەژین, وا لەخوارەوە هەڵوێستی وردەکارییەکان لە گۆڕانکارییە پێشنیارکراوەکان لەدەستووری عێراقی هەمیشەیی دەخەینەڕوو:

دەربارەی پێشنیارەکانی هەموارکردن تایبەتمەندییەکانی حکومەتی فیدراڵ و دەسەڵاتەکانی هەرێمەکان لەماددەکانی (110, 111, 114, 115, 121 دووەم و چوارەم, 140 لەدەستوور):

یەکەم: سەبارەت بەگۆڕانکارییە پێشنیارکراوەکان لەسەر ماددەی (110)ی دەستوور، کە پەیوەستە بە تایبەتمەندییە حەسرییەکانی حکومەتی فیدڕاڵی پێمانوایە ئەم گۆڕانکارییە قبوڵکراو نییە، لەبەر ئەو هۆیانەی خوارەوە:.

أ- هەندێك لەو گۆڕانکارییە پێشنیارکراوانە مەسەلە گەلێکی لابەلایی تێدایە شوێنی دەستوور نییە و هەندێکیان بەیاسای فیدراڵی ڕێکبخرێت.

ب- هەندێك لەو گۆڕانکارییە پێشنیارکراوانە گوزارشت لە کەمکردنەوەیەکی جەوهەری دەسەڵاتەکانی هەرێمی کوردستان دەکات.

دووەم: سەبارەت گۆڕانکارییە پێشنیارکراوەکانی سەر هەردوو ماددەی 111 و 112 ی دەستووری پەیوەندار بە نەوت و غاز، پێمان وایە لەبەرژەوەندی کوردستاندا نییە، لەبەرئەوەی:

- لە بەرژەوەندی مۆلکیەتی گەلی کوردستان نییە، لەو سەروەتە نەوتی و غازییەی لەهەرێم هەیە بەهۆی لابردنی دەستەواژی (لەهەموو هەرێم و پارێزگاکان) لەماددەی (111).

- هەموو کێڵگە هەنووکەیی و دوا رۆژییەکان دەباتە بەردەستی حکومەتی فیدڕاڵ و ئەمە یانی کەمکردنەوەیەکی جەوهەرییە لەدەسەڵاتەکانی کوردستان بۆ بەرژەوەندی حکومەتی فیدڕاڵ لەو سامانانە و لە بەڕێوەبردنی کێڵگە هەنووکەییەکان و دوارۆژداو هەرشتێکی تایبەت بەمانەوە، لەکاتێك دەقی ئێستا سەبارەت بە کێڵگەکانی دوارۆژ دەسەڵات بەهەرێمەکان دەدات، بەداهاتەکان و ئیدارەی بەرهەمەکان، لەبەڕێوەبردنی کێڵگە هەنووکەییەکان و داهاتەکان کاتێك لەگەڵ حکوومەتی فیدڕاڵی دابینی دەکات.

- وا دەکات دابەش کردنێکی دادپەروەرانە لەئارادا بێت، کە لەدەستوور هاتووە، بۆ داهاتەکانی نەوت و غاز، لەڕێگەی هاوسەنگییەکی فیدڕاڵییەوە و ئەمە وا لە هەرێم دەکات بکەوێتە ژێر بەزەیی وەزارەتی دارایی فیدڕاڵ، گەلی کوردستان وەك بەکرێگیراوێکی لێدێت نەك هاوبەشیەکی راستەوخۆ هەبێت لەدابەشکردنی داهاتەکان نەك لەڕێگەی هاوسەنگییەکی فیدڕاڵی.

سێیەم: سەبارەت بە پێشنیاری هەموارکردنی ماددەی 114 سەرباری (بەڕێوەبردنی بەنداوەکان و ڕێکخستنی بەیاسا) لەمەدا هیچ ڕەخنەیەکمان نییە.

چوارەم: سەبارەت بە پێشنیاری ماددەی (115) هەموارکردنە پێشنیارکراوەکان ڕەتدەکەینەوە، لەبەر ئەوەی بە سووك و سانایی کەمکردنەوەیەکی جەوهەرییە لەدەسەڵاتەکانی کوردستان بۆ بەرژەوەندی حکومەتی فیدڕاڵ و، ئەمەش رۆڵ دەبینێت لە جەختکردنەوەی دەسەلات بەدەستی حکومەتی فیدڕاڵ بێت.

پێنجەم: دەربارەی پێشنیاری لابردنی بڕگەی (2) لەماددەی (121) پێمان وایە ئەم هەموارکردنە مافی لەهەموارکردنی یاسای فیدڕاڵی لەهەرێم دەستێنێتەوە و، ئەمەش واتە کەمکردنەوەیەکی گەورە لە دەسەڵاتەکانی کەبۆ هەرێم لەدستوور جێگیرکراوە، بۆیە ئەم هەموارکردنەش ڕەتدەکەینەوە.

شەشەم: سەبارەت بە پێشنیاری هەمموارکردنی بڕگەی (4) لە ماددەی (121)، پێمان وایە ئەمەش لەهێزی بڕگەکە کەمدەکاتەوە بەپێی دەستوور دەبێت، نووسینگە بۆ هەرێمەکان لە باڵیۆزخانەکانی عێراق دادەمەزرێت، لەکاتێکدا هەمموارکردنەکە وا لەمە دەکات نەکرێت.

حەوتەم: سەبارەت بەماددەی 140 ی دەستوور پێمان وایە هیچ بوارێك بۆ هەمموارکردن نەماوە لەسەری بکرێت، یان هەر ئەلتەرناتیڤێکی دیکەی بۆ رەچاوبکرێت لەو چارەسەرە هاتووە، یان دواخستنی وادەی جێبەجێ کردنی ئەم ماددەیە وەکو خۆی بمێنێتەوە و، لەوادەی دیاریکراو لەدەستووری فیدراڵی جێبەجێ بکرێت.

پێشنیارەکانی کە لە راپۆرتی لیژنەی هەمموارکردنی دەستووری هاتووە تایبەت بە ماددەکانی دیکەی دەستووری فیدراڵی، هەمموارکردنەکانی پێشنیارکراو لەلایەن لیژنەی ناوبراو جگە لەوەی لەبەشی یەکەم تایبەت بە ماددەکانی (110، 111، 112، 114، 115، 121) هاتووە، بەگشتی پەسندە جگە لەم تێبینیانەی خوارەوە:

یەکەم: پێشنیاری هەمموارکردنی ماددەی 3 ی دەستووری تایبەت بە ناسنامەی عێراق، ئێمە قبووڵمان نییە و، باشتر وایە دەقەکە وەکو خۆی بمێنێتەوە، چونکە هیچ پاساوێك نییە بۆ گۆڕانی و دەقی ئێستا مەبەستی داواکراو دەگەیەنێت.

دووەم: پێشنیاری هەمموارکردنی ماددەی 9 ی دەستووری تایبەت بە زیادکردنی بڕگە (ج) لەسەر ماددەی (حکومەت بۆی هەیە لەکاتی لەناکاو گروپی چەکداری نیمچە سەربازی پێك بهێنێت بۆ ماوەیەکی دیاریکراو و ئەمە بەیاسا رێکدەخرێت)، ئێمە ئەم پێشنیارە رەتدەکەینەوە، لەبەرە ئەوەی لەگەڵ بنیادنانەوەی دەوڵەتی دام و دەزگایی ناگونجێت و دەبێتە هۆی پێشیلکردنی بنەمای هێشتنەوەی چەك بەدەستی هێزە چەکداریە یاساییەکان بەتەنها، ئەم جۆرە دەقە لەهیچ جۆرە دەستوورێکی فیدراڵی نییە و، کوردستانی عێراق ئەزمونێکی تاڵی لەگەڵ ئەو جۆرە پێکهاتانە هەیە.

سێیەم: پێشنیاری سەربازی دەستەواژەی (بەپێی رێکخستنەکان)، لەسەر بڕگەی دووەم لەماددەی 18 ی دەستوور رەتکراوەیە لەبەر جیاکاریە لەنێوان باوك و دایك.

دەربارەی پێشنیارەکانی لەپاشکۆکان تایبەت بە ئەنجومەنی فیدراڵی و دەستەکان و کۆمیسۆنە سەربەخۆکان و دەسەڵاتی دادوەری هاتووە ئەمەی خوارەوەمان هەیە:

یەکەم: ئەنجومەنی فیدراڵی ماددەی یەکەم (عنها) لەجیاتی (عنهم) لەدوا بڕگە دابنرێ.

دووەم: (أ) دووبارە دابڕێژرێتەوە وەك ئەمەی خوارەوە: (ئەندامانی ئەنجومەن لەلایەن دانیشتوانی هەرێمەکان و پارێزگا رێك نەخراوەکانی لە هەرێم هەڵبژێردرێن بە هەڵبژاردنێکی گشتی نهێنی راستەوخۆ).

**ماددەی (2): دووبارە وەك ئەمەی خوارەوە دابڕێژرێتەوە: (بۆ هەر هەرێم, یان پارێزگایەکی رێکنەخراو لە هەرێم ژمارەیەك نوێنەر لە ئەنجومەنی فیدراڵی بەرێژەی یەك نوێنەر بۆ هەر 300 هەزار کەسێکی دانیشتوان هەبێت).**

**ماددەی (4): وشەی (هەرێم- الاقلیم) لەدوا وشەی (لە دانیشتوانی- من سکنە) زیاد بکرێت.**

**ماددەی (13):**

**یەکەم: دووبارە وەك ئەمەی خوارەوە دابرێژرێتەوە:**

**(چاو خشاندنەوە لەپرۆژە یاساکانی پەیوەند بە هەرێم و پارێزگا رێکنخراوەکان هەیە لەهەرێم پێشەکی لەلایەن 10 کەس کەمتر نەبێت لە ئەندامەکان).**

**دووەم: (أ) وشەی (فیدرالی- الاتحادی) لەدوای (سەرۆکی داواکاری گشتی- رئیس الادعاء العام) و (سەرۆکی دەستەی سەرپەرشتیاری دادوەری- رئیس هیئة الاشراف القضائی).**

**سێیەم: رستەی (نا رێکخراو لەهەرێم) لەدوای (پارێزگاکانی تیایدا هاتووە) زیاد بکرێت.**

**زیادکردنی ماددەیەکی نویَ لەژێر زنجیرەی ماددەی (14) وەك ئەمەی خوارەوە:**

**(بۆ نوێنەرانی هەرێم ئەنجومەنی فیدراڵی مافی ڤیتۆیان هەیە, لە یاسادانانەکانی لە ماف و دەسەلأتەکانی هەرێمی پەیوەندار کەمدەکاتەوە), ئەوانەی دوای ماددەکەش بە پێی ئەوە هەموار دەکرێتەوە.**

**ماددەی 15: دەبێتە ژمارە ماددەی 16 وەك ئەمەی خوارەوە دابرێژرێت:**

**(ئەنجومەنی فیدراڵ لەگەڵ ئەنجومەنی نوێنەران لەدانیشتنە هاوبەشەکان کۆدەبنەوە, سەرۆکی فیدراڵی, یان هەر کێیەکی لە جێی دادەنیشێت, لەسەر داوای ئەوەی دواییان, یان سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەران, یان سەرۆك کۆمار, یان سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران).**

**دووەم: دەستە سەربەخۆکان:**

**یەکەم: ماددەی (2)ی دووەم: وشەی (ئەنجومەنی فیدراڵی و نوێنەران) زیاد بکرێت.**

**دووەم: ماددەی (4) لابرێت.**

**سێیەم: دەسەلأتی دادوەری.**

**یەکەم: ماددەی (7)ی سێیەم: ئەم رستەیە تا کۆتایی زیاد بکرێت (لەگەڵ رەچاوکردنی دادپەروەری لەنوێنەرایەتی هەرێمەکاندا تیایدایە).**

**دووەم: ماددەی (9) دووەم: رستەی (هەریەك لەئەنجومەنی فیدراڵ و نوێنەران) تا دوای وشەی (ئەندامان) زیاد بکرێت.**

**سێیەم: ماددەی (10) سێیەم: وەك ئەمەی خوارەوە دابرێژرێتەوە:**

**(یەکلا کردنەوەی ئەو کێشانەی کە لەنێوان حکومەتەکانی هەرێمەکان, یان لەنێوان خۆیاندا و لەنێوان ئیدارەکانی پارێزگا ناوبراوەکان بەرپا دەبێت).**

**نۆیەم: دوایین برگە وەك ئەمەی خوارەوە بێت: (بۆ ئەندامیەتی ئەنجومەنی نوێنەران و فیدراڵ).**

**یازدەهەم: لابربردرێت.**

**چوارەم: ماددەی (12): وشەی (خاوەن ماف) لابربردرێت و بگۆڕێدرێت بە (دیاریکردنی خاوەن ماف).**

**نۆیەم, ماددەی (15):**

**یەکەم: وشەی (بەکرێگیراو) تا دوای وشەی (یان کار) زیاد بکرێت.**

**دووەم: لابردنی دەستەواژەی (هەر-أی) لەبڕگەکە.**

**شەشەم: ماددەی (16) یەکەم: رستەی (تایبەت بە هەرێم) تا دوای وشەی (دادگایی) لەدوا بڕگە زیاد بکرێت.**

**حەوتەم: مادده (17) دەستەواژەی (بەپێی یاسا)ی لێ لابربردرێت.**

**- ئەوەی پەیوەندی بە پاشکۆ هەیە سەرباری هەندێك دەقی دەستووری پەرلەمان پێی وایە:**

**1-یەکەم: بەشی یەکەم (بنەما بنچینەییەکان) و دووەم بابی دووەم (ماف و ئازادییەکان).**

**مومکین نییە ئەو پێشنیارانەی هاتووە لەبەر ناوەڕۆکی یەکەم لەبابی یەکەم و دووەم قبوڵ بکرێت, چونکە ناچێتە خانەی ماف و ئازادییەکان و دەکرێ ئەم کێشانە بەیاسا چارەسەر بکرێت.**

**2-لیژنەکان لارییان نییە لەزیادکردنی ئەوەی لە سێیەم (پێنجەم) و چوارەم (بابی شەشەم) تا دەستوور زیاد بکرێت. لەگەڵ رێزماندا.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**زۆر سوپاس, دەستخۆشیتان لێدەکەم, وردەکارییەکی تەواوی تێدابوو, رەنگە هەندێکیان لەکاتی موناقەشە تەفصیلاتی بوێ, موفتەرحەقەکە چییە و, بۆچی ئەو صیغەیە لەلایەن کاك فرستەوە خوێندراوە مەرفوزە یان مەقبولە, کاتەکە لەکاتی خۆی هین دەکەن, داوا لە جەنابی نێچیرڤان بارزانی دەکەم ئەگەر تێبینیەکی هەبێ لەسەر ئەو دوو راپۆرتە, بۆمان پێشکەش بکات, دواتر ئێمە بەردەوام دەبین لەسەر موناقەشەی ئەو دوو راپۆرتە, فەرمووو.**

**بەڕێز نێچیرڤان ئدریس بارزانی/ سەرۆکی حکومەتی هەرێم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**ئەو قسانە بەڕاستی ئیزافە نییە لەسەر ئەو شتانەی کەکرایە, من پێم وایە ئەو لیجانانە کاری زۆر باشیان کردووە, دەمەوێ دەست خۆشیان لێبکەم لەو ئیشەی کەکردوویانە, زۆر بەدیقەت چوونەتە ناو بابەتەکان, هەموو ئەو شتەی کە پەیوەندی هەیە بەهەرێمی کوردستان لەدەستوور, بەشێوەیەکی رێك و پێك دیراسەت کراوە, من تەنها ئەو پێشنیارە دەکەم, مومکینە ئەوە جارێکی تر دەبێ صیاغە بکرێتەوە سەرلەنوێ نامەکە, دوای ئەوەی لەپەرلەمانی کوردستان دەنگی بۆدرا, ئەو وەختە من پێم باشە جەنابی سەرۆکی پەرلەمان بەنامەیەك ئەم بابەتانەی کە لێرە هاتووە, رەئی پەرلەمانی کوردستان و حکومەتی هەرێمی کوردستان, گەلی کوردستان بەنامەیەك بنێری بۆ پەرلەمانی بەغدا, زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس, بۆ جەنابی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان, هەر بەم شێوەیەش دەڕواتن, پاش ئەوەی تەواو دەبێ و ئیقرار دەکرێ بەنامە ئاڕاستە دەکرێ, وێنەیەکی ئەدەین بەجەنابتان و جەنابی سەرۆکی هەرێم و تەبیعی بەجەنابی سەرۆکی کۆمار, بۆ ئاگاداری بۆ ئەوەی برادەرانیش لێرەنە موتابەعەی بکەن و, رەئی پەرلەمانی کوردستان و گەلی کوردستان لەهەموو لایانەکان کە چ ئەو مەسەلانەی کەباس کران, پاش ئەوەی کە لەلایەن برادەرانی ئەندامانی پەرلەمانەوە ئیقراڕ دەکرێ, ئەوە رەئیی گەلی کوردستانە لەسەر ئەو پێشنیارانەی کەهاتوونەتە پێشەوە, بۆ هەمووارکردنی دەستووری عێراق, کاك محمد ئیحسان هیچ تێبینیەکت نییە, دە دەقیقە ئیسراحەت دەکەین, پاشان خواحافیزی لە بەڕێز سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەین, پاشان دانیشتنەکە دەست پێدەکەینەوە, سوپاس.

**دانیشتنی دووەم**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی کوردستان, دانیشتنەکەمان دەکەینەوە, ئەو دوو راپۆرتە کەخوێندرانەوە, سەرەتا راپۆرتی بەدواداچوونی ماددەی 140 کە لەلایەن کاك د0کمال خوێندرایەوە, تەعبیری لەلیژنەکە دەکرد, لەبەر رۆشنایی کۆبوونەوەی 2007/6/4 بڕیاردرا مەجموعەیەك پێکبێتن, فەرموو,

**بەڕێز فتاح عبدالله نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێم وایە ئەوەی کاك فرست خوێندیەوە لەلایەن هەموو ئەندامانی پەرلەمان رەفزە, چونکە پێویست ناکات بەموناقشە, بیدە بەتەصویت, لای هەموومان رەفزە, بدرێ بەتصویت کێ لەگەڵیەتی دەنگی بۆ بدات, خلاص, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مەبەستت ئەوەیە تەقریرەکە لای هەمووتان مەقبولە و, رەفزی هەندێ موقتەرەحات دەکەن, بەڵام لەهەندێ خاڵ موافیقین, هەندێ شت دەڵێ پارەمان نییە, شتمان نییە, بەڵام پێشنیارەکەت وایە, رەنگە پێویست نەکات بەموناقەشەکردن, سەرەتا ئەو پێشنیارانەی کە بۆ ماددەی 140 هاتووە و, لەراپۆرتەکەدا ئاماژەی بەتەفصیلات کرد, زۆر بەدەقیقی ورد بوو, رەئیی ئیلتیزاماتی حکومەت و ماددە دەستووریەکان لەقانونی عێراقی هاتۆتە ناو دەستووری عێراقەوە, ئەوەیان بوو کە ئێمە بەهیچ شێوەیەك قبوڵ ناکەین, نەتەعدیل بکرێ, نە ئیلغا بکرێ, نە ریفڕاندۆم دوابخرێ, ئەوە تەعبیری هەموو لیژنەکە بوو, من پێم وایە

ئەو ماددەیە وازحە لەلای هەمووتان, لەبەر ئەوەی لەوکاتەی ئەو ماددەیە هەیە, رۆژانە هەموومان لەگەڵی دەژین, هەمووولایەکتان, ئەگەر کەسێك رەئیەکی موحەددەدی نییە, من رەئیەکە دەخەمە دەنگەوە, لەرەئیی ئەوە دەچێ لیستی هاوپەیمانی کوردستان ئەندامن لە هەموارکردنی ئەو لیژنەیەی کە هەموارکردنی دەستووری هەمیشەیی عێراق, مولاحەزەت هەیە, فەرموو.

**بەڕێز د0 ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سوپاسی لیژنەکان دەکەم, هەرچەندە لەیەکیان بەشداریم کردووە, ماددەی 140 بە رێکوپێکی, یەعنی راپۆرتێکی باشیان تەقدیم کردیە, موبالەغەیەکی تیایە حەزم دەکرد ئەو موبالەغەیە لەناو راپۆرتەکە نەبێ, ژمارەی هاوردەکان ئەوانەی کە ناویان نووسیوە تاکو ئەمڕۆ, لەموحافەزەی کەرکووك بەتایبەتی مەرکەزی کەرکووك 182 کەسن, باسی پردێیان کرد, بۆ ئاگاداری تەنها پێنج کەسن, تەنها پێنج کەس لەپردێ ناوی خۆیان نووسیوە, مەبەستم ئەوەیە موبالەغە نەکەین, من ئێستا ئتیسالم کرد بە موحافز, بەقایمقام, هەردووکیان هەمان رەقەمیان بۆ من تەئکید کردەوە, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاك د0 کمال کەرکووکی تەوزیح دەکات, فەرموو.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د0کەمال کەرکووکی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت عەرەبی هاوردە لەکەرکووك زۆریان کێشەیان هەیە, زۆریش رۆیشتوونەتەوە, ئێمە بەرەقەم, بەناو هەمانە 15هەزار کەس کەهەبوونە زۆربەی زۆریان رۆیشتوونەتەوە, تاکو ئێستا لەهەموو مەنتیقەی کەرکووك 13 موجەمەعمان هەیە, لەو 13 موجەمەعیە 3 یان لە بەینی کەرکووك و دوبز ماونەتەوە, ئەوەی تریان لە داقۆقن, عەرەبی رومادی و عەرەبی تکریت, یانیش هەندێك لەوانە بەدوون لە ئەصڵا جێگایان نەماوە, ئێمە پەیوەندیمان لەگەڵ ئەوانەش هەیە داوا ئەکەن قەرەبوو بکرێنەوە, داوا دەکەن بڕۆن, تاکو ئێستا بە ژمارە,بەرەقەم, بەناو زیاتر لە 58 هەزار کەس رۆیشتوە, چۆتەوە جێگای خۆی, ئەو بەڕێزە د0 ناصح مەعلوماتەکەی دەقیق نییە, بۆ مەعلوماتی ئێوەی بەڕێز, بەلام لەگەڵ ئەوەش ماون, ئێمە ئەبێ تەعقیدات نیشان نەدەین, کە ناکرێ و ناڕۆن شەڕئەکەن, بۆ ئەوەی جەختی تر نەهێتە سەرمان, لێرە ئەمە غەڵەتە چەند تۆ تەعقیدات بکەی, مانای وایە هاوکاری جەبهەی تورکمانی دەکەی, هاوکاری جەبهەی بەعسی دەکەیت, ئەو کۆنە بەعسیانەی ئەڵێن ناڕۆینەوە, ئەو جەبهە تورکمانییەی کە ئەڵێن ناڕۆین, لێرە ئەبێ شیی بکەیتەوە, ئێمە مەبەستمان هەیە, بۆئەوەی ئەو شتانەی کراوە نیشانی بدەین, ئەو راپۆرتەی ئەو بەڕێزانەی کەدەست نیشان کران, رەئیی هەمووی بوون ئەوانەی دانیشتووین و موناقەشەکرا, موتەفیق بووین و, پێشمان وایە زۆر سەردێکی دەقیق بێ ئەوەی یەك بەڵگەیەکی تاریخی لەسەرمان دەرباز بێت, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بۆ جەوابی کاك د0 ناصح ئەوەلەن کە ئێمە ئەو رەئیە ئەدەین باسی ئەرقام ناکەین, بەلاّم من خۆم لێرە دووجار وەفدی عەرەبی هاوردەم ئیستقبال کردیە, جاری یەکەم ژماریەکیان وت 25 هەزار کەسین, تەقریبەن چەند هەزار عائیلەیەك, جاری دووەم, وتیان 12 هەزار پاش سێ چوار مانگ لێپرسراوێکی تر لەم هەرێمەدا ئیستقبالی کردبوون, گوتی 13 هەزار کەس زیادی کردبوو, لەکاتی عەمەلی دا مانای ئەوە نییە هەموویان رۆیشتوون, هەندێك هەر ماونەتەوە و, ئەو تەوصیەیە خۆ ئێمە ناچینە ناو تەفصیلاتەوە, ئەوەندە عائیلە رۆیشتووە و ئەوندە عائیلە هاتووە, ئێمە دەڵێین تەوصیەی پەرلەمان رەئیی وایە, نەتەغییری قبوڵ دەکەین, نە تەئجیلی قبوڵ ئەکەین, نە بەدیلیشی هەیە, موعامەلە کردن لەگەڵ کەرکووك و ناوچەکانی دەرەوەی هەرێم, پێویستە هەموو جار بنووسین ماددەی 140 بەتەنیا کەرکووك نییە, ناوچەکانی تری دەرەوەی هەرێم, بەڵێ کاك محمد رەفعت فەرموو.

**بەڕێز محمد رفعت عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من ئەگەری ئەوە دێنمە پێشەوە, ئەگەر جوان لەو رەفزەی ئێمە نەگەیشتن, لەو حاڵەتە ئێمە چی ئەکەین, بەرەئیی من ئیشارەت بەوە بدەین لەحاڵەتی ئەو رەفزەی ئێمە, ئەوان هەر موصرِ بوون کە تەعدیلی دەستوور بکەن, ئێمە بگەڕێینەوە بۆ دیباجەکە, ئەوەیش ماددەیەکی تیایە, گەڕانەوەیە بۆ کۆمەلآنی خەڵکی کوردستان, لەناو خەڵکی کوردستان ئایا چ هەڵئەبژێرێ, ئایا ئەوە هەڵئەبژێرێ لەگەڵ چوارچێوەی ئەو عێراقەی کە ئێستا دەستوور پێشێل دەکات, چیان ئەوێ بیکەین, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

واللە ئەوە ناگوترێ کاك رەفعەت, بەلاّم ئێمە تەئکیدی ئەوە بکەینەوە کە قابیلی تەئجیل نییە, هەر هاتە پێشەوە لەکاتی خۆی کۆدەبینەوە, بڕیاری پێویستی لەسەر ئەدەین, لەبەر رۆشنایی ئەوانەی کەهەمانە, کاك پیر خدر.

**بەڕێز خضر سلیمان خلیل:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من سەرنجێکم هەیە دەربارەی مادده 8, جەنابی د0 سعدی وەختی ئەمە دووجار چووینە بەغدا پار, بۆ پشتەڤانیە هاوپەیمانی کوردستان ژ پەرلەمانێ کوردستانێ, ئەوسات سایکۆلۆژیامان گەیشتە کو ئەو ژ بێژن پێکهاتە عێراقێ جودا جودانە, کورد تایبەتمەندی خۆیانە, شیعەش تایبەتمەندی خۆی, سوونەش هیچ شتێ پۆزەتیڤەن, ئەڤێ ماددەی 8 بێژەن, حەقی بدەنە مەش, لەو شوێنە هاشمارە نەسیاسەتەکە دیبلۆماسیەکە هەندە ناجحە, ئەم پشتەڤانێ حەقی شیعەش بکەین, فیدرِالّی ئەوان چەند بەری فراوان بێت, ئەڤ

پشتەڤانی ئەوان بکەین, ئەوانیش پشتەڤانی مەکەن, تایبەتی مەجلیسی ئەعلایە لەسنووری دەسەڵاتی فیدراڵی ئەوان بکەین, ئەوانیش پشتەڤانی خواری عێراق بەرفراوان بێت, یان مهاما ئیعتیرازیان سەرکەین, یان مەشمولپێیان, ئەز بێژم نە سیاسەتەکە سەرکەڤتیە, سوپاس.

**بەڕێز خورشید سلیم شیرە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من سەد لەسەد تەئیدی ئەو تەقریرە دەکەم, بەلأم ئایا دروست کردنی لە پەرلەمانی کوردستان, رەفع کردنی لە پەرلەمانی بەغدا, پاش ئەوەی گەیشتە لیژنەی دەستوور, موراجەعاتی دەستوور, سوئالەکەی من ئەوەیە, ئایا ئەگەر لەوێ رەفز کرا, یان تووشی موناقەشە بوو, قیادەی سیاسی کوردی مافی ئەوەی هەیە مرونەت لەسەر ئەو رەفز کردنە نیشان بدات, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ پرسیارەکەت, من ئاماژەشم پێکرد, , خاڵی یەکی دەستوور لەماددەی 140 وابزانم هاتووە, ئێستا ئەو تەوصیەی ئێمە دەیدەینە ئەو برادەرانەی کە ئەندامن لەو لیژنەیە, ئێمە هەردەم تەئکید دەکەینەوە هەموارکردنی هەر دەستوورێك, دەبێ بەپێی ئالیەتی دەستوور بێت, لە ماددەی 143 یان 142 هاتووە چۆنیەتی هەموارکردنی دەستوور, یەکێك لەو رێگایانە یان ئەو بنەمایەیانە کە دەبێ رەچاوی بکات, هەر هەموارکردنێك لەپەرلەمانی عێراقدا, دەبێ بە 3/2 دەنگ قبولْ بکرێ, ئەگەر لەوێش قبولکرا, کە خرایە دەنگدانی گشتی ئەگەر سێ موحافەزە بە 3/2 رەفزی کرد, ئەو هەموارکردنە ناخوا فەشەل دێنێت, لەبەر ئەوە ئەگەر قبوڵی رەئیی ئێمەیان نەکرد و رەچاویان نەکرد, لە دەنگدانە گشتیەکە دڵنیام لەوەی ئەگەر 3/2 ویستی گەلی کوردستان نەگونجێ رەفزی دەکاتن, کاك دلێر فەرمووە.

**بەڕێز دلێر محمد شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی ماددەی 140 بەتەنیا من پێم باش نییە ئەوها باسی بکەین, پەیوەندی هەیە بەو موقتەرەحاتانەی کە لەبەغداوە لەلیژنەی تەعدیلی دەستوور هاتووە, ئەو لیژنەی یاساییەی کە دانرابوو, بۆ موناقەشەکردنی پرسیارەکان و پێم وایە هەر هەمووی تەکامولی یەکتر ئەکەن, چ لە ڕووی ماددەی 140, چ بەمەسەلەی نەوت و ئاو و ئاوەڕۆ, ئەوە بەجارێ بیخەینە ئێمە پشتگیری ئەو راپۆرتە ئەکەین , ئەمە ئەچێتە بەغدا, تەنیا نوێنەرانی ئێمە لەبەغدا رەئیان لەگەڵ رەئیی لایەنی خۆمان بێت, قبوڵی ئەو وردەکاریانە, سوپاس.

**بەڕێز هیوا صابر احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەڕاستی جێبەجێ کردنی ماددەی 140, هاودەنگی هەموو دانیشتوانی هەرێمی کوردستانی لەگەڵە, ئێستاش پەرلەمان کە نوێنەرایەتی دەکات, هەمووومان لەوە ناچێت کە ڕای لەوە نەبێت, بەلأم بەصراحەت

ئێمە وەکو پەرلەمانتار, وەکو موشەرەعی ئەم هەرێمە, پێمان باشە زیاتر مەعلومات لەبەردەستمان هەبێت, شتەکان جۆرێك لە نادیاری پێوە دیارە, ئێمە لەسەرەتاوە وا باس ئەکرا لایانە پەیوەندیدارەکان بەعێراق و بەکوردستان و, بەتایبەتی ئەمریکا و بەریتانیا پشتگیری ئەو قەزییە ئەکەن, ئێستا دەنگۆی ئەوە هەیە لەلای ئەوانەوە فشاری ئەوە ئەکرێ, من بەپێی بەشەکەی خۆم داوا ئەکەم, جەنابتان چ مەعلوماتان لەلایە, چونکە ئێستا بەرەو ئەو عاقارە ئەڕوا, ئەم ماددەیە جێبەجێ نەکرێ, ئێمەش وردە وردە پاساو بێنینەوە بۆ جەماوەر,بۆیە باش وایە بەڕوونی ئەو مەوزوعە بخەینە بەردەم جەماوەر, هەر بەنامەیەکی سەرۆکایەتی پەرلەمان ئیکتیفا نەکەین, ئەوان ئێستا ئەیانەوێ ئەو ماددەیە جێبەجێ نەکەن, پێشلکاریەکی روون و ئاشکرای دەستوورە, دانیشتوانی عێراق هەموویان دەنگیان داوە بەجێبەجێکردنی ئەم ماددە, من پێم باشە لەگەڵ ئەوەی پەرلەمان ناڕەزایی خۆمان لەو تەعدیلاتە دەربڕین, داواش بکەین لە جەماوەر وردە وردە رێکخراوەکان کۆمەڵگای مەدەنی خۆپیشاندان بکەن, بۆ ئەوەی بێتە فشارێکی گەورە هەم لەسەر عێراقی فیدراڵ, هەم لەسەر لایەنە پەیوەندیدارەکان, بۆ ئەوەی دوای جەماوەر بەئێمە نەڵێن, پەرلەمان ئیشێکی کرد, ئێمە ئاگامان لێنەبوو, سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاك هیوا, بەلآم رێگای ئیعتیڕاز زۆرە, یەکسەر ناچین بۆ موزاهەرە, ئێمە ئێستا لەمەرحەلەی دیالۆگ داین, لیژنەیەك دانراوە بۆ هەموارکردنی دەستووری عێراق بەپێی خودی دەستوور, ماددەیەك هەیە رێگای داوە هەندێ تەعدیلات بکرێ لەدەستوور, ئەمە ئالیەتی بۆ دانراوە, بۆ ئەمە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لیژنەیەکی پێکهێنا, لەو لیژنەیە دوو ئەندامی لیستی تەحالوفی کوردستانی تێدایە و, پێشنیارەکانی خستۆتە ڕوو تا موناقەشەی لەسەر بکرێ, قابلی ئەوەیە هەندێکی قبوڵ بێ, قابیلی ئەوەیە هەندێکی رەت بکرێتەوە, بەنسبەت ئێمەوە رەئیی ئەدەین, ئەگەر بینیمان گوێیان لە قسەکانی ئێمە نەگرت, لە رای گەلی کوردستان, لەقسەکانی پەرلەمانی کوردستان, ئەو کات بۆمان هەیە بە ئسلوبێکی دیموکراتی پێیان بڵێین حەقی خۆمانە, دوو/ من خۆم هیچ فشارێکم نەبیستووە لەلایەن ئەمریکا و بەریتانیا لەسەر گەلی کوردستان, لەسەر سەرکردایەتی سیاسی, لەسەر ئەو مەوزوعە, ئەوەندەیە پرۆسەی سیاسی عێراقی کەم و کوڕی هەیە لەعێراقدا, هەندێ لایەن بەشداریان نەکردووە, جهودێك هەیە ئێمە پشتگیری لەو جهودە دەکەین, کە پێی دەوترێ موصالەحەی وەتەنی, بۆ ئەوەی ئەو لایەنانەی کە تا ئێستا بەشداریان نەکردووە, یان بەشداریان کردووە بەلآم بەشێوەیەکی تەواو نەبووە, هەندێك پێشنیاری وادەکەن پێیان وایە ئەگەر ئەو تەعدیلاتە بکرێ باشتر دێینە پێشەوە, ئەوەمان لەقسەکانیش رەتکردەوە, ئێمە لەلایەك پشتگیری لە موصالەحەی وەتەنی دەکەین, لە پێشخستنی پرۆسەی سیاسی دەکەین, لەبەشداری کردنی ئەو لایەنانە, بەلآم نابێ لەسەر ئەساسی مافەکانی گەلی کورستان بێت, بەڵکو دەبێ لەسەر ئەساسی

دابین کردنی مافەکانی میللەت بێت, وەکو پێکهاتەی گەلی عێراق, کاک شێخ الله چ رەئیەکت هەبوو, فەرموو.

**بەڕێز شێخ الله ابراهیم شێخ الله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێم وایە ئەو ماددانەی لەلیژنەی هەموارکردنی دەستووری عێراق هەموارکراون, هیچیان لەبەرژەوەندی گەلی کوردستان نییە, بەدەستکاری ماددەکانی (3, 10, 11, 12, 13, 140) بەهیچ شێوەیەك نابێ تەنازولی لێبکرێ, لەبەر ئەوەی ئێمە لەبیدایەت بەکەمترین ماف رازی بووین لەگەڵ حکومەتی عێراقی لەپێناو بەرژەوەندی گشتی, بۆئەوەی رێگا لە فەوزاو خراپکاری بگرێتن, گەلێك تەنازولمان کردیە, ئەگەر لە کەمترین ماف تەنازول بکەین, چ لەبۆ گەل و میللەتی کورد دەمێنێتەوە, لەبەر ئەوە من بەپەسندی نازانم ئەو ماددە دەستووریانەی کەمافی گەلی کوردی تێدا تەسبیت کراوە, هیچ تەنازولێکی تێدا بکرێ, بەلاّم لەقانونەکان دەتوانرێ دەستکاری بکرێ, بەلاّم لەدەستوور هەموو شتێکمان لەکیس دەچێت, ناتوانین جارێکی تر دەستوور دابرێژینەوە, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر موناقەشە بکەین زۆر هەڵدەگرێ, لەبەر ئەوە ئەگەر ئیجازەم بدەن رێگا بەسەرۆك کوتلەکان ئەدەم قسەبکەن, کاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەحقیقەت, ئەگەر مولاحەزەی راپۆرتەکە بکەین, راپۆرتەکە لەماددەی 8 رەفزی هەموو ئەو تەعدیلاتەی کردیە, کە پەیوەندی هەیە بەماددەی (110, 111, 112, 114, 115, 121, 140), ئەوە (ل, ج) تیانییە کەپەیوەندی هەیە بە دەسەلاّتی حەصرِی و دەسەلاّتی هەرێم هەیە, پەیوەندی بە نەوت و غاز, پەیوەندی هەیە ئەوە رەفزێکی موتڵەقە, ئەمە یەك.

دوو/ بەنیسبەت مەجلسی ئیتحادەوە کە هاتۆتە ناو دەستوورەوە, ئەوە ئێمە بەشتێکی گرنگی دەزانین, هەندێ مولاّحەزات هەیە موتەفیقمان هەبووە, هاوێشتوومەتەوە ناو تەعدیلاتەکە.

سێیەم/ بەنیسبەت سوڵتەی قەزائیی هەندێك مولاحەزات هەبووە, دیسان ئەو تەعدیلاتەی کەهاتووە پێمان دەوڵەمەند کردووە.

چوارەم/ بەعزێ ئیعادەی صیاغە بووە, بۆ بەعزێ مەواد, رەنگە هەندێکیان لەصالّحی ئێمە گەڕاوەتەوە, هەندێکیان وەکو خۆی ماوەتەوە, بۆیە من وای دەبینم ئەو راپۆرتەی لیژان بەگشتی بدرێتە تەصویت و, ببێتە هەڵوێستی پەرلەمان, بۆ ئەوەی بنێردرێتە پەرلەمانی بەغدا, زۆر سوپاس.

**بەڕێز عثمان عبدالله قادر(بانی مارانی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پشتگیری لەرائیەکەی کاك شێروان دەکەم, هەرچەندە ئەو راپۆرتە چەندین موناقەشەی لەسەر بکەین, خاڵێکی لێ ناگۆڕین, بۆیە کاتی بۆ برۆێنین, بەرەئیی من توندیشە, چونکە هێشتا کات ماوە بۆ ئەو مەسەلەیە, یەعنی ئێمە پەرلەمان دەبێ ئاگامان لەپشتەوەش بێ, بەیانی هەر گۆڕانێك بووبێ پەرلەمان رەفزی کردۆتەوە ئەوەش جێبەجێ بکرێ, بەراستی لەلایەن قیادەی سیاسی, پەرلەمان لەنگێکی تێدابێ, بۆ ئێمە پشتگیری ئەوە بکەین, موناقەشەی چی بکەین, کورت و درێژی پێ نەدەین, بیخەینە دەنگەوە و رەوانەی بکەین, سوپاس.

**بەڕێز کرخی نجم الدین نورالدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی ئێمە لەچەندین دانیشتنی پەرلەمان ئەوەمان دووپات کردۆتەوە کە ماددەی 140 بێ تەئجیل, بێ تەعەدیل, بێ تەعتیلٚ بڕوات و زیاتر بەرژەوەندی گەلی تورکمانی تیایە, زۆر ئەسبابیشمان باس کردووە, بەلاّم من دەمەوێ مولاّحەزە بەشتێ بدەم لەتەعدیلەکاندا لەماددەی 125, یەك کەلیمە داوامان کردبوو بگۆڕدرێ (المكونات المختلفة), بکرێت بە (القوميات المختلفة), هیچ لە جەوهەری مەوزوعەکە ناگۆڕێ, تەنها بۆ ئێمە زیاتر ئیتمیئنانترە, وەك قەومیات, سوپاس.

**بەڕێز رۆمیۆ حزیران نیسان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی راستی بێ, ئێمەش سەد لەسەد تەئیدی هەموو خاڵەکانی راپۆرتە دەکەین, بەڕاستی حەقە لەهەندێ خاڵ گوێ بۆ ئێمەش بگرن, هەندێ ماددە هەیە, یان برگە هەیە کە پەیوەستە بە گەلی کلدانی, ئاشووری, سریانی ئێمە لەکاتی خۆشیا موناقەشەی زۆرمان کرد لەسەری, بۆ نمونە ئێمە مولاحەزەمان هەیە لەسەر دیباجەی دەستووری هەمیشەی عێراق, هەروەها لەسەر ناوهێنانی ئێمە چین, ئێمە کراوین بە دوو, سێ بەشەوە, وابزانم ئێوەش نابێ قبوڵی ئەو مەسەلەیە بکەن, سێیەم خاڵ لە ماددەی 125 کە برای بەڕێزم کاك کرخی ئیشارەتی پێدا, ئێمەش لەگەڵ ئەوەین, بۆچی القوميات بکرێ بەمکەوینات, جا پێمان باشە ئەگەر رێگا بدرێ موناقەشە بکرێ, ئەگەر برادەرانیش موناقەشە نەکەن, بەلاّم ئێمە رەئیی خۆمان لەسەر ئەو راپۆرتە بدەین, سوپاس.

**بەڕێز باپیر کاملا سلیمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من هیچ تێبینەیەکم لەسەر راپۆرتەکە نییە, دەستخۆشیان لێئەکەم, دیارە لیژنەکان بەتوانا و پسپۆڕ بوون, توانیویانە بەوردی وەلاّمی ئەو راپۆرتانە بنووسن, بەلاّم من پێشنیارێکم هەیە, پێشنیارەکەشم ئەوەیە, ئێمە دەزانین ماددەی 140 بەقوناغ جێبەجێ دەکرێ, یەکێ لەقۆناغەکان ئەوەیە, لەڕووی ئیداریەوە

ڕێکخستنی گەڕانەوەی ئەو قەزاو ناحیانەی کە هەن، بگەڕێنەوە سەر شاری کەرکووك، ئەوەش بە مەرسومێکی جمهوری دەکرێ، پێشنیار دەکەم پەرلەمانی کوردستان راسپاردەیەك بەسەرۆکایەتی هەرێم بۆ سەرۆکایەتی کۆمار، بەتایبەتی بۆ جەنابی سەرۆك کۆمار ئاڕاستە بکرێ، کەلەکاتی خۆی دەتوانن بە مەرسومێکی جمهوری دەتوانن، ئەگەر هاتوو قۆناغەکانی تر نەبڕا و، گەیشتە ئەو قۆناغەی کە شاری کەرکووك ڕێکبخرێتەوە لەڕووی ئیداریەوە، ئەو راسپاردەیە پەرلەمان بیدات، کە بە مەرسومێکی جمهوری ئەو شوێنە بگەڕێتەوە، پێشنیاری دووەمم ئەوەیە، ئامادە باشییەك بۆ قۆناغی داهاتوو ئامادە بکرێ، کەولأمیان نەبوو پەرلەمانی عێراقی، یان دەسەڵاتی عێراقی بەشێوەیەکی گشتی بڵێین لە میدیەکان ئامادە باشییەکی باش ئامادەبکەن بۆ ئایندە نەك بەشێوەی ئەوە، ئامادە باشییەك بکرێ بۆ ئەو قۆناغە، چونکە ئێمە ئێستا باش دەزانین عێراق بەرەوە قۆناغێکی تر دەڕوات، چ لە ئاستی هەرێمیدا گۆڕانێك چاوەڕێ دەکرێ، کە بەرنامەیەکی نێودەوڵەتییە بەتایبەتی رۆژئاوای ئەمریکا لەو هەرێمەوە بێت، چ ئەوەیە کە لەناوەخۆی عێراقدا خەریکە نەخشەی سیاسی بەرەو شتێکی تر، بەرەو عاقارێکی تر بڕوا، بۆیە بەپەلە جارێکی تر پشتگیری لەوە ئەکەم، جارێکی تر ئیدارەی کەرکووك لەقۆناغی خۆیدا ڕێکبخرێتەوە، ئەگەر قۆناغەکانی تر لەبەرچاوگرتنی ئەو ئاڵوگۆڕەی کەچاوەڕێ دەکرێ لەناوچەکە بکرێ، بەتایبەتی لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی رەنگدانەوەی دەبێ لەسەر ئاستی ناوەخۆی عێراقیش، من پێم باشە ئەو دوو تەوصیە وەکو راسپاردەیەك ئاڕاستەی سەرکردایەتی سیاسی کورد بەتایبەتی سەرۆکایەتی کۆمار بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، خۆی قسەکانت بەجێنە، بەلأم ئێمەش فەقەت ئەو رێیە دراوە بەو پێشنیارانە کەهاتوونە پێشەوە، داوا کراوە هەموار بکرێ، نەك لەسەر هەموو دەستوور و ئەوانە، کاك عبدالرحمن فەرموو.

**بەڕێز عبدالرحمن احمد رضا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بۆ بەهێز کردنی ئەو پرۆسەیە، من چەند پێشنیارێکم هەیە بەکورتی:

یەکەم/ ئەو لایەنانەی کەپەیوەندیدارن بەجێبەجێ کردنی ئەو ماددەیەوە، هەر لەئەمریکا و بەریتانیا و لایەنەکانی عێراقی، من پێشنیار دەکەم ئێمە فشارمان هەبێ، ئێمە هەمیشە حیوارمان هەبێ لەگەڵیان، لەڕێگای خاڵە قانونیەکانەوە، لە ڕێگا قانونیەکانەوە ئێمە هەمیشە ئەو مەسەلەیە بجوڵێنین، نەوەکو بچین بەدیاریەوە دابنیشین تاکو ئەوانەی بەرامبەرمان گرفت لەسەر پرۆسەکە دروست بکەن.

دوو/ هەندێ گرفتی ناوەخۆی کەرکووك هەیە، گەڕانەوەی ئاوارە، لیژنەکانی ئەمنی کە بڕیاری سیاسیشی بۆ دراوە، بەلأم ئەوە لیژنەیەکی سەریع بێت، لیژنەیەکی هاوبەش زیاتر موتابەعەی کەرکووك بکات، لەبەر ئەوە ماڵی خۆشمان زیاتر تۆخ نەکەین، پرۆسەکە زیاتر بەهێز دەکات.

سێیەم/ هەندێ پسپۆڕ هەیە لە بواری مونازەعاتی قانونی راوێژ بەو پسپۆڕانە بکرێ لەو مەسەلانە، چ خارجی بێ، چ ناوەخۆ، بۆ بەهێز کردن، بۆ زیاتر راو پێشنیار، پێشنیارێکی ترم هەیە، بەڕێزان ئەندامانی

ئەنجومەنی نوێنەرانی بەغداد کە لێرەن, تۆزێ تەوزیحاتمان بۆ بدەن کە ئەوان چیان کردووە, لەبەر ئەوەی ئەو لیژنانەی کە لەبەغدا دروست بوون, یەکێك لەو لیژنانە لیژنەی صیاغەیە, کە مەسئوولەکەی لیستی هاوپەیمانی بووە, بۆچی ئەو گرفتانە بەزۆری دروست بووە, ئەوان لەلیژنەکان ئامادەبوون, سوپاس.

**بەڕێز بایزار ملکو ئوهان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

نسبەتە ناڤێ دەستوورە عێراقیا, یان ماددە 125, یان دەستوورێ ئیقلیمێ کوردستانێ ماددە 6, ناڤێ مە, قەومی مە دەبێ هەروەك دەستوورێ بێ, هەروەك هەمیشە عێراقێ و کوردستانێ, (الکلدان والسریان والاشورین) یەعنی ناڤێ مە بە (واو) بێت, یەعنی ناڤێ دەمج نابێت, چ تاریخێ دە قەومێ نینە, دەمج کری دگەل یەك, قەومیات کورد و عەرەب, قەومیات تورکمان و ئەرمەن, سریان و ئاشوور, مە ناڤێ خۆ مفصول دبێ, (الکلدان, السریان, الاشور) بێ ئەوە مە هیچ قەبیل ناکەین, سوپاس.

**بەڕێز محمد احمد صالح(دیلمان ئامێدی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێشنیاری ئەوە دەکەم, هەم تەعدیلاتی دەستووری, هەم ماددەی 140, ئەو راپۆرتانە بخرێتە دەنگدان, چونکە هەمووی یەك رەئینە لەسەری زۆر سوپاس.

**بەڕێز عثمان عبدالله قادر(بانی مارانی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەربارەی ئەو پێشنیارەی باپیر کاملا کردی, دیارە باش قانونی دەولەی عێراقی نەخوێندۆتەوە, گەڕانەوەی ناوچە دابڕاوەکان لەکەرکووك, تەنها دەسەلاّتی سەرۆك کۆمار نییە, بەلّکو دەسەلاّتی پێکهاتەی سەرۆکایەتی کۆمارە, پێکهاتەی سەرۆکایەتی کۆمار وەکو پێکهاتەی شەعبی عێراقییە, لەسوونە و شیعە و کورد پێکهاتووە دەبێ هەموولایەك رازی بێت, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

نوقتەی نیزام نەبوو, چونکە ئەمن رەدم داوە کاك عوسمان, وتم ئێمە لێرە موناقەشەی ئەو خالاّنە دەکەین, کە پێشنیار کراوە بۆ هەموارکردنی, ئەو مەوزوعە چەندین جار لێرە باس کراوە, شەرح کراوە کە سەرۆکایەتی کۆماری عێراق, بۆ ئەوەی هەر قەرارێك وەربگری دەبێ بە ئیجماع بێ, گەڕاندنەوەی ناوچەکان بۆ هین و ئەوانە, چەندین جار مام جەلال خۆی باسی کردووە هەندێ جار ئیعتیراز لەلایەن

تارق هاشمی بووه, یان لەلایەنێکی تر بووە, لابەلا موناقەشە ناکەین تەواو بوو, جەنابت رەئیەکت گوت, ئەوەیش رەئیی خۆی گوت, دەیخەینە دەنگەوە, تەبیعی هەندێ شت لەناحیەی عەمەلیەوە, من داوا دەکەم برێك دەستکاری بکرێ, لەبەر ئەوەی مەسەلەن کردنەوەی مەکاتب هی سەفارات لەدەرەوە هێشتا پێویستی بەقانونە هین نەکراوە, ئێمە لێرە تەوصیە بکەین قابیلی نییە و, رەفزی دەکەین, ئەمە یەك.

دوو/ مەسەلەی نەوت و ئەوانە, تەبعەن پرۆژەیەك لە بەغدا هەیە, پرۆژەی نەوتی پێدەڵێن ئیقرار کراوە و لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە نێردراوە بۆ حکومەت, ئەگەر لەو پرۆژەیە وەکو قانون موافەقەتیش بکەین, بەڵام بەشەرتێك تەعدیلاتی دەستووری نەبێت, ئەوە قابیلی قبوڵە, چونکە قانونەکە دەکرێ لەموستەقبل ئەگەر حەقمان بخۆن بگەڕێینەوە بۆ دەستوور, بڵێین ئەوە دەستوور حەقی ئێمەیە قبوڵی ناکەین, بەڵام ئاماژە بەوە بکرێ ئەو پرۆژەیە بەقانون دەکرێ بەشەرتێك, یەك شەرتی تێدابێ ئەوەیش شەرح بکەین, داهاتی نەوت نابێ مەرکەزی تەنیا لەیەك شوێن دابێت, چونکە بەوەی دڵنیایمان هەبێ توزیع بکرێ, بەئیتیفاق تەوزیع دەکرێ, بەعەدالەت تەوزیع بکرێ, وایە, بەڵام چۆنی بۆ بەغدا فەقەت لەیەك شوێن کۆبکرێتەوە, مەترسی دەخاتە ئەوەی هەموو هەڕەشەمان لێبکەن, ئەگەر مەعاشتان نەدەینێ چ دەکەن, بەهەر تەوزیعەکە بەشێوەیەك بێتن, یەعنی داهاتەکان لەیەك شوێن کۆ نەبێتەوە ئەوە دەبێ ئیشارەتی پێبکرێ لەقانونەکە, یان لەهەموار کردنی ئەو ماددانەی کە هاتونەتە پێشەوە, هەردوو راپۆرتەکە دەنێرین بۆ لیستی هاوپەیمانی کوردستان لەبەغدا, وێنەیەك دەدەین بەسەرۆکایەتی هەرێم, سەرۆك کۆمار, ئەو لایەنانەی پەیوەندیدارن, کێ لەگەڵ ئەو راپۆرتانەیە کە هاتووە وەکو تەوصیە دەستی بڵند بکات تکایە؟ فەرموون, کێ لەگەڵدا نییە؟ فەرموون, زۆر سوپاس, بەکۆی دەنگ قبوڵ کرا, خاڵی یەکەمان تەواو بوو, زۆر سوپاسی د0سعدی و د0محمد شریف دەکەین, دەستخۆشیان لێدەکەین بۆ ئەو هاوکاریە کەکردوویانە, سوپاسیان دەکەین, فەرموون.

فرست احمد عبدالله
سكرتێری ئەنجومەنی نیشتمانیی
كوردستان – عێراق

محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی)
جێگری سەرۆكی ئەنجومەنی نیشتمانیی
كوردستان – عێراق

عدنان رشاد مفتی
سەرۆكی ئەنجومەنی نیشتمانیی
كوردستان - عێراق

# ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستان - عێراق

## پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە (26)

## دوو شەممە ڕێکەوتی 18\6\2007

## خولی دووەمی هەڵبژاردن

## پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (26)

### دوو شەممە ڕێكەوتی 2007/6/18

كاتـژمێر (11)ی سـەر لـە بـەیانی ڕۆژی دوو شـەممە ڕێكـەوتی 2007/6/18 ئەنجومـەنی نیشـتمانیی كوردستانی عێراق بە سەرۆكایەتی بەڕێز عدنان رشاد مفـتی سـەرۆكی ئەنجومـەن و, بـە ئامـادەبوونی بـەڕێز محمد قادر عبداللە(د.كمال كەركووكی) جێگری سەرۆك و, بەڕێز فرست أحمـد عبـداللە سـكرتێری ئەنجومـەن, دانیشتنی ژمارە (26)ی خولی دووەم, ساڵی (2007) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی كار:**

بەپێی حوكمەكانی بڕگـە (1)ی مـاددە (20) لـە پێـڕۆی نـاوخۆی ژمـارە (1)ی هـەمواركراوی سـاڵی 1992ی ئەنجومـەنی نیشـتمانیی كوردسـتانی عێـراق, دەسـتەی سـەرۆكایەتی ئەنجومـەن بڕیـاردرا دانیشـتنی ژمـارەی (26)ی خولی گرێدانی یەكەمی ساڵی سێیەمی خولی هەڵبـژاردنی دووەمـی پەرلـەمانی كوردسـتان – عێـراق, بەرنامەی كار بەم شێوەیە بێت:

1- بەردەوام بوون لەسەر گفتوگۆكردنی كاروچالاكییەكانی پەرلەمان بەبۆنەی تێپەڕبوونی دوو ساڵ بەسەر یەكەمین دانیشتنی خولی دووەمی هەڵبژاردنی پەرلەمانی كوردستان لە 2005/6/4.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

**بەناوی گەلی کوردستان دانیشتنی ئەمڕۆمان دەکەینەوە, بەرنامەی کار:**

**بەپێی حوکمەکانی بڕگە (1)ی مادده (20) لە پێڕۆی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموار کراوی ساڵی 1992ی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق, دەستەی سەرۆکایەتیی ئەنجومەن بڕیاریدا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە (26)ی خولی دووەمی هەڵبژاردن لە کات(11)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی دوو شەممە ڕێکەوتی 2007/6/18دا بەم شێوەیە بێت:**

**1- بەردەوام بوون لەسەر گفتوگۆکردنی کاروچالاکییەکانی پەرلەمان بەبۆنەی تێپەڕبوونی دوو ساڵ بەسەر یەکەمین دانیشتنی خولی دووەمی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان لە 2005/6/4.**

**دانیشتنەکە داخراو بوو.**

| | | |
|---|---|---|
| **فرست احمد عبدالله** | **محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی)** | **عدنان رشاد مفتی** |
| **سکرتێری ئەنجومەنی نیشتمانیی** | **جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی** | **سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی** |
| **کوردستان – عێراق** | **کوردستان – عێراق** | **کوردستان - عێراق** |

# ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان - عێراق

## پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە (27)

## سێ شەممە ڕێکەوتی 2007\6\19

## خولی دووەمی هەڵبژاردن

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (27)

## سێ شەممە ڕێكەوتی 2007/6/19

كاتـژمێر (11)ی سـەر لـە بـەیانی ڕۆژی سـێ شـەممە ڕێكـەوتی 2007/6/19 ئەنجومـەنی نیشـتمانیی كوردستانی عێراق بە سەرۆكایەتی بەڕێز عدنان رشاد مفـتی سـەرۆكی ئەنجومـەن و، بـە ئامـادەبوونی بـەڕێز محمد قادر عبداللە(د.كمال كەركووكی) جێگری سەرۆك و، بەڕێز فرست أحمـد عبـداللە سـكرتێری ئەنجومـەن، دانیشتنی ژمارە (27)ی خولی دووەم، ساڵی (2007) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی كار:**

بەپێی حوكمەكانی بڕگـە (1)ی مـاددە (20) لـە پێـڕۆی نـاوخۆی ژمـارە (1)ی هـەمواركراوی ساڵی 1992ی ئەنجومـەنی نیشـتمانیی كوردسـتانی عێـراق، دەسـتەی سـەرۆكایەتی ئەنجومـەن بڕیـاردرا دانیشـتنی ژمـارەی (27)ی خولی گرێدانی یەكەمی ساڵی سێیەمی خولی هەڵبـژاردنی دووەمـی پەرلـەمانی كوردسـتان – عێـراق، بەرنامەی كار بەم شێوەیە بێت:

1- خستنەڕوو و گفتوگۆ كردنی پڕۆژەی بڕیارێك سەبارەت بە كەس و كاری ئەنفال كراوان.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی كوردستان دانیشتنی ئەمڕۆمان دەكەینەوە، بەرنامەی كار:

**بەپێی حوکمەکانی بڕگە (1)ی مادده (20) لە پێڕۆی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموار کراوی ساڵی 1992ی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق، دەستەی سەرۆکایەتیی ئەنجومەن بڕیاریدا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە (27)ی خولی دووەمی هەڵبژاردن لە کات(11)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی سێ شەممە رێکەوتی 2007/6/19دا بەم شێوەیە بێت:**

**1- خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پڕۆژەی بڕیارێك سەبارەت بە کەس و کاری ئەنفال کراوان.**

**سەرەتا بەخێرهاتنی خاتوو چنار دەکەین (وەزیری شەهیدان و ئەنفالکراوان)، کاك سعد (وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان)، هەروەها بەخێرهاتنی خاتوو ئەدیسۆن دەکەین قونسوڵی بەریتانیا لە هەولێر کە لەگەڵمان بەشدارە، داوا لە لیژنەی قانونی و لیژنەی مافی مرۆڤیش، کاك محمد فرج دەکەین بێن لە شوێنی خۆیان دابنیشن، ئەگەر ئیجازەتان هەبێت، داوا لە خاتوو چنار وەزیری شەهیدان و ئەنفالکراوان دەکەم، تۆزێ تەوزیحێکمان بداتێ سەبارەت بەو پرۆژەیە، پێش ئەوەی راپۆرتەکە بخوێندرێتەوە، بۆ ئەوەی ئاگادار بن لە تەفصیلات و پێداویستی ئەوە، فەرموو.**

**بەڕێز چنار سعد عبدالله/وەزیری کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**زۆر سوپاستان دەکەم، کە جارێکی تر ئەو دەرفەتە رەخسا، ئێمە بێین لێرە قسە لەسەر پرۆژە یاسایەکی تر بکەین، کە پەیوەستە بە چارەسەرکردنی کۆمەڵێك کێشەی کەس و کاری شەهیدان و ئەنفالکراوەکان بەشێوەیەکی تایبەت، تەبعەن کۆمەڵێك کێشەی یاسایی هەیە رۆژانە کەس و کاری شەهیدان و ئەنفالکراوەکان لەسنووری ناوچەکانی خۆیان رووبەڕووی دەبنەوە، ئەمە شمولی کەس و کاری کیمیاباران و پێم وایە بارزانییەکان و هەموو بادینان و هەموو ناوچەکان دەکات، سەبارەت بەوەی کە ئەوانەی بەر شاڵاوەکە کەوتوون لە ناوچە گوند نشینەکان بووینە، لەناوچە دوورە دەستەکان بووینە نەیان توانیوە بەشێوەیەکی رەسمی عەقدی زەواج بکەن، لەڕێگای مەلا و پیاوە ئاینیەکان کردوویانە، لەڕێگایی مەحکەمە نەیان کردووە، ئەمڕۆ کۆمەڵێك کێشەیان هەیە، کە کەسەکە بوویتە قوربانی، ئەوانە بەڕەسمی کێشەی عەقدی زەواجیان هەیە، ئەوە کێشەیەکی زۆری بۆ دروست کردوونە لە مەحاکم، لەسەر مەسەلەی وەرەسە و دابەش کردنی ئەو ئەملاك و ئەوانەی کە هەیانە، کێشەیەکی تر کە هەیە مەسەلەی نفوسە، ناسنامەیە ئەوانەی کە بەر شاڵاوەکە کەوتوون بەشێوەیەکی رەسمی لەبەرئەوەی دوورە دەستە لە ناوچەکان ناسنامەیان بۆ دەرنەهاتووە، نفوسیان نەبووە، ئەوان دەیانەوێ بە کەس و کاری مردی حیسابیان بکەن، ببنە وارسی ئەوان، بەڵام لەبەرئەوەی نفوسیان نەبووە بەشێوەیەکی یاسایی، ئەوەش بوویتە موشکیلەك، نازانن چۆن چارەسەری بکەن لە محکەمەکان ئیجرائاتی موشەدەد هەیە لەوێ تەکلیفێکی زۆر و ماوەیەکی**

زۆره دیراسەت دەكەن, ئەو مەشاكیلاتانەیان چارەسەر نەبووە, ئینجا دارشتنی ئەم یاسایە بەدیلە, بۆ ئەوەی ئەو كێشە یاساییانەی ئەوان بەشێوەیەكی تر لە مەحكام لەمەودوا چارەسەر بكرێت, تەبعەن لە ساڵی 1999 كۆمەڵێك یاسا دەرچووە بەناوی یاسای مەفقودین, لەوێ باسی ئەوە دەكات كە ئەوانە بەمردوو حیساب دەكرێن, لە بەرواری كە دەست نیشانی كردووە, بەلاَم دیارە ئەو یاسایە وەكو پێویست تەنفیز نەكرایە لە ئیدارەی سلێمانی پێشوو, هەروەها لێرەش هەر جێبەجێ نەكراوە بۆ مەبەستی چارەسەركردنی ئەو كێشانە, بۆیە وا بەباشمان زانی پاش كۆمەڵێك دانیشتن لەگەڵ كەس و كاری ئەوان لەناوچەكانی بەتایبەتی كەلار و گەرمیان, هەروەها كۆبوونەوە لەئەنجومەنی وەزیران, بڕیاردا ئەو یاسایەی لە 1999 دەرچووە, لێرە لە پەرلەمان بڕیاری لەسەر بدرێت و موتەبەع بێت لەمەودوا لەهەموو ناوچەكانی كوردستان, جگەلەوە كۆمەڵێك فەقەرات زیاد كرایە, بۆ ئەوەی هەوڵ بدرێ ئەم كۆمەڵە كێشەیە بەشێوەیەكی یاسایی و بەشێوەیەی زۆر ئاسان چارەسەر بكرێت, بۆیە هەدەف لەم پرۆژەیە چارەسەر كردنی كێشە یاساییەكانی ئەنفالكراوەكانە كە رۆژانە رووبەڕووی دەبنەوە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس, داوا لە لیژنەی یاسایی دەكەم راپۆرتەكەیان بخوێنەوە, تكایە فەرموو, تەوزیحێك بدە لەسەر چۆنیەتی ئامادەكردنی راپۆرتەكەتان, فەرموو.

**بەڕێز عونی كمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**خوشك و برایانی ئەندامانی پەرلەمان.**

دوای ئەوەی گەلی كوردستان رووبەڕووی سەركوت كردن و پاكتاوی رەگەزی و جینۆساید هاتووەو, كرداره تاوانكارییەكانی بەناوی ئەنفال و كیمیاباران, لە ئەنجامدا گەلی كوردستان دەیان هەزار كەسی قوربانی دا, بە كوژراو و شوێن بزر و بریندار, بێجگە لە دەربەدەر بوون, ئەوانەی مانەوە لە بنەماڵەكانیان, ناچاریش بوون بۆ مانەوە لە ژیان, بەزانیاری نادروست بەڵگەنامەی كەسەكانیان دروست بكەن, وەكو ناسنامە و وەفات نامە و قەسام شەرعی و, بەڵگەنامەكانی باوكایەتی و هاوسەرگیری و نەسب و شتی تر, دوای رووخانی رژێم و نەمانی دەسەلاَتی كەس و كاری ئەنفالكراوان و شەهیدان رووبەڕووی گرفتی یاسایی بوونەوە, وێرای قوربانیەكان و مەینەتەكان لەڕابردوو بەپێی یاسا بەركارەكان رووبەڕووی لێپرسینەوەی یاسایش دەبوونەوە, بەپێی یاسای سزادانی عێراقی و یاسا جەزائیەكانی تر, كە ئەمەش پێچەوانەی دادگاییە, چونكە دروست كردنی ئەو بەڵگەنامە یاساییانە بەزانیاری نادروست و, دوور لە ڕاستی بە نیازێكی خراپ نەبووە, بەڵكو لە ناچاری و لەترسی ژیانی خۆیان بووە, بەهۆی ئەو بارودۆخەی كە باڵی بەسەر هەرێمی كوردستاندا كێشابوو, ئەو بنەماڵە قوربانیانە و تێكۆشەرانە لەجیاتی رێزلێنان و بەرز راگرتنی قوربانیەكانیان, ناگونجێ رووبەڕووی سزا ببنەوە, كاتێك دەیانەوێ بەڵگەنامەكانیان راست بكەنەوە, چونكە ئەو دەستكەوتنانەی كە لە هەرێمی كوردستان بەدەست هاتوون بەری خوێن و رەنجی ئەو

قوربانی و شەهیدانەیە, لەبەر ئەو هۆیانە و بەمەبەستی کار ئاسانی بۆیان, کورت کردنەوەی رێگای داواکاری موراجەعاتەکانیان , بۆ راست کردنەوەی ئەو هەڵە یاساییانەی کە لە بەڵگەنامەکانیان هەیە, بەمەبەستی گەیشتنیان بە مافی رەوای خۆیان و, سزا نەدانیان لەسەر ئەو زانیارییە هەلآنە, حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەم پرۆژە یاسایەیان ئامادە کرد, بۆ چارەسەرکردنی ئەو حاڵەتانە و گێرانەوەیان بۆ مافی دروستی خۆیان, بۆیە داواکارین لە ئەندامانی بەرێزی پەرلەمان پشتگیری ئەو پرۆژەیە بکەن و دەنگی لەسەر بدەن, لەبەرژەوەندی کەس و کاری شەهیدان و ئەنفالکراوەکان و کیمیابارانەوەیە, ئێستاش راپۆرتەکەمان بە زمانی عەرەبی مامۆستا کاکە دەیخوێنێتەوە, زۆر سوپاس.

**بەرێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**الى رئاسة المجلس الوطني لكوردستان- العراق**

**م/ تقرير اللجنة القانونية**

اجتمعت لجنتنا بتأريخ 2007/6/13 لدراسة مشروع قرار حول ذوي المؤنفلين المقدم من قبل مجلس وزراء اقليم كوردستان و المحال الينا بعد القراءة الأولى له في البرلمان بجلسته الاعتيادية المرقمة (18) و المؤرخة في 2007/5/27 و قد حضر الاجتماع وزيرة الشهداء و المؤنفلين و بعد المناقشة و المداولة تقدم اللجنة تقريرها و توصياتها بشأن المشروع باجماع اراء الحارضرين و كما يلي:

1-ان اللجنة القانونية تؤيد المشروع مبدئياً.

2- حيث ان محتوى القرار المقترح ينص على توسيع شمول نطاق القانون رقم (3) لسنة 1999 الصادر عن برلمان كوردستان لذللك يفضل ان يكون التشريع بقانون و ليس بقرار.

3- على ضوء ذللك تتم صياغة الديباجة و تنظيم فقرات مواده و تضاف بعض المواد القانونية الأخرى اليه.

4- نقترح أن تكون الصياغة النهائية المقترحة للقانون كالآتي:-

**القانون الرقم ( ) لسنة 2007**

المادة الاولى:

يسرى أحكام القانون رقم (3) لسنة 1999 على كافة شؤون ذوي الشهداء و المفقودين و المؤنفلين في الابادة الجماعية (الكورد الفيلي و البارزانيين و ضحايا الأسلحة الكيميائية في حلبجة و المناطق الأخرى و المؤنفلين و المفقودين خلال انتفاضة أذار 1991 و الهجرة المليونية التي تلتها في كوردستان- العراق) بما لا يتعارض مع أحكام هذا القانون و القانون المرقم (9) لسنة 2007.

المادة الثانية:

لذوي الشهداء و المفقودين و المؤنفلين المشمولين بالمادة الأولى من هذا القانون الحق في الطعن في القرارات الصادرة بحقهم و الذي لاينسجم مع القانون أعلاه لدى المحاكم و الجهات المختصة و طلب اعادة تقويم وضعهم إذ ظهر ما يثبت هذا القانون.

المادة الثالثة:

يعفى كافة الاشخاص ممن سجلوا أولاد المشمولين باحكام هذا القانون بأسمائهم من المسائلة القانونية و يعاد تسجليهم بأسماء والديهم الشرعيين بناءً على طلب مقدم من ذي مصلحة او من الادعاء العام.

المادة الرابعة:

يعفى المشمولون بأحكام هذا القانون من الرسوم العدلية و رسم الطابع و الغرامة المنصوص عليها في القوانين النافذة.

المادة الخامسة:

على وزارة شؤون الشهداء و المؤنفلين اصدار التعليمات اللازمة لتسهيل تنفيذ أحكام هذا القانون.

المادة السادسة:

على المجلس الوزراء و الجهات ذات العلاقة تنفيذ احكام هذا القانون.

المادة السابعة:

لا يعمل بأى نص قانوني أو قرار يتعارض مع أحكام هذا القانون.

المادة الثامنة: ينفذ هذا القانون اعتباراً من تأريخ نشره في الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان).

راجين التفضل بالإطلاع و عرض أصل المشروع و رأي اللجنة بشأنه على المجلس للمناقشة و ابداء الرأي المناسب بصدده.

**بەڕێز كريم بحرى عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لیژنەكەمان لە 2007/6/13 كۆبونەوەیەكی بۆ توێژینەوە لەبارەی پرۆژەی مافی كەس و كاری شەهیدان و ئەنفالكراوان ساز كرد, كە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی كوردستان و دوای ئەنجامدانی خوێندنەوی یەكەمی لە دانیشتنی ئاسایی ژمارە (18)ی رۆژی 2007/5/27 دا رەوانەی لیژنەكەمان كراوە, لەو كۆبونەوەیەدا كە بەڕێز وەزیری شەهیدان و ئەنفالكراوان ئامادە بوو, دوای گفتوگۆ و راگۆڕینەوە لیژنەكەمان راپۆرت و پێشنیارەكانی خۆی بەكۆی بۆچوونی ئامادەبوانی بەم شێوەیە دەخاتە ڕوو:

1- لیژنەی یاسایی بەشێوەیەكی بنەڕەتی پشتگیری پرۆژەكە دەكات.

2- ناوەڕۆكی بڕیارە پێشنیار كراوەكە بریتیە لە فراوانكردنی چوارچێوەی یاسای ژمارە 3 ساڵی 1999 كە لەلایەن پەرلەمانی كوردستان دەرچووە, بۆیە دەبێ بەیاسایەك دەربچێ نەوەك بە بڕیار..

3- لەژێر رۆشنایی ئەمەش دا دیباجەكە دەبێ سەر لەنوێ بنووسرێتەوە و بڕگەی مادەكانی رێك بخرێت و هەندێ مادەی یاسایی دیكەی بۆ زیاد بكرێ.

4- پێشنیار دەكەین نووسینەوەی كۆتایی پێشنیاركراو بۆ یاساكە بەم شێوەیە بێت:

یاسای ژمارە ( )ی ساڵی 2007

**ماددەی یەکەم:**

**حوکمەکانی یاسای ژمارە (3) جێ بەجێ دەبێ لەسەر کاروباری کەس و کاری شەهیدان و ئەنفالکراوەکان و ون بووەکان لە کوشتنی بەکۆمەڵ (کوردی فەیلی و بارزانیەکان و قوربانیانی چەکی کیمیایی لە هەڵەبجە و ناوچەکانی تر و ئەنفال کراوان و ئەوانەی لەراپەڕینی ئاداری 1991 و کۆڕەوە ملیۆنیەکە لە کوردستانی عیراق دا ون بوون)، بەشێوەیەك لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایە و یاسای ژمارە 9 ی ساڵی 2007 هاو دژ نەبێ.**

**ماددەی دووەم:**

**کەس و کاری شەهیدان و ونبووەکان و ئەنفالکراوان ئەوانەی مادەی یەکەم دەیانگرێتەوە مافی تانەلێدانی ئەو بڕیارانەیان هەیە کە لەگەڵ یاسای سەرەوە ناگونجێت و پێشتر لەدادگا و لایەنە تایبەتمەندەکان دەرهەقیان دەرچوە و بۆیان هەیە داوای سەر لەنوێ هەڵسەنگاندنەوەی بارودۆخەکەیان بکرێ ئەگەر هاتوو ئەو مافە دیار بوو.**

**مادەی سێیەم:**

**هەموو ئەوانەی کە ناوی کوڕەکانی ئەوانەی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەیانگرێتەوە بەناوی خۆیان کردووە لەپرسیارلێکردن دەبوورێن و سەر لەنوێ بەپێی داوای ئەوانەی بەرژەوەندیان تیادایە یان داواکاری گشتی، دووبارە بەناوی دایك و باوکی خۆیان ناونووس دەکرێن.**

**مادەی چوارەم:**

**ئەوانەی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەیانگرێتەوە لەباجی داد و باجی پوول و هاتوو لەیاسای کارپێکراو دەبوورێن.**

**مادەی پێنجەم:**

**لەسەر وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوانە رێنمایی پێویست بۆ ئاسانکردنی جێبەجێ کردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەربکات.**

**مادەی شەشەم:**

**لەسەر ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندارەکانە حوکمەکانی ئەو یاسایە جێبەجێ بکەن.،**

**مادەی حەوتەم:**

**کار بەهیچ دەقێکی یاسایی یا بڕیارێك ناکرێ لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایە هاودژ دەبێ.**

**مادەی هەشتەم:**

**ئەم یاسایە لەرۆژی بلاْوکردنەوەی لەرۆژنامەی فەرمیی (وەقایعی کوردستان) دەخرێتە واری جێبەجێ کردنەوە.**

**دەخوازین دوای چاولێکردن و خستنەڕووی پرۆژە رەسەنەکەو رای لیژنەی یاسایی لەبارەیەوە بخرێتە بەردەم ئەنجومەن بۆ گفتوگۆ و پێشکەشکردنی رای پێویست لەسەری.**

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**ڕاپۆرتی لیژنەی مافی مرۆڤ**

بەناوی خوای بەخشندە و میهرەبان.

لیژنەکەمان ڕۆژی 2007/6/18 کۆبووەو بۆ تاوتوێکردنی پڕۆژەی بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران, بۆ مافی کەس و کاری شەهیدان و ئەنفالکراوان, بەئامادەبوونی ئەو بەڕێزانەی کە لەخوارەوە ناویان نووسراوە ئەم پێشنیارانەی خوارەوە دەخەینە بەردەم ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان:

پشت بە حوکمەکانی مادەی (56 و53) لەیاسای ژمارە (1)ی ساڵی 1992 هەموار کراو و, لەسەر داوای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان, ئەنجومەنی نیشتیمانی کوردستان- عێراق, لەدانیشتنی ژمارە ( ) لەرۆژی 2007/6/19 دا بڕیاری دەرچوانی ئەم بڕیارەی خوارەوەی دا:

1-یاسای ژمارە (3)ی ساڵی 1999 هەموو بوارەکانی ئەنفال و کێشەو گرفتەکانی ئەنفالکراوەکان دەگرێتەوە.

2- کەس و کاری ئەنفالکراوەکان مافی خۆیانە بۆ گێڕانەوەی بار و ناسنامەی منالی ئەنفالکراوەکان رێگای یاسایی لەبەر بگرن, بۆ گێڕانەوەی ئەو مافە ئەساسانە کە (دەبێ منالٚ بەناوی باوك و دایکی شەرعی خۆیەوە تۆمار بکرێ).

3- ئەو کەس و خێزانانەی کە منالی ئەنفالکراویان بە منالی لەباری کەسیەتی خۆیان تۆمارکردووە لەبەر بەرژەوەندی ئەوکاتی منالەکە لە لێپرسینەوەی یاسایی دەبوورێن.

4- ئەو مندالانە سەر لەنوێ بەناوی دایك و باوکی خۆیان تۆمار دەکرێنەوە, لەرێگای داواکاری لەخودی منالەکان, یان کەس و کاریان, یان داواکاری گشتییەوە.

5- پێویستە ئەنجومەنی وەزیران حوکمەکانی ئەم بڕیارە جێبەجێ بکات.

6- کار بەهیچ دەقێك ناکرێ کە لەگەلٚ ئەم بڕیارە ناکۆك بێت.

7- ئەم بڕیارە لەرۆژی بلاوبوونەوەی لەرۆژنامەی فەرمیی (وەقایئعی کوردستان) جێبەجێ دەکرێ.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس, تەبیعی مولاحەزەکانت لە لیژنەی قانونیش هاتووە, بەلام خالەکان لە نەصی پڕۆژەکە لەلایەن وەزارەتەوە هاتووە, لیژنەی قانونی صیاغەی دەکات, بەلام ئەو مولاحەزانەی کە دەبێ منالٚ بەناوی دایك و باوکی بکرێ, ئەوانە مولاحەزاتی چاکن, وابزانم یەکدەگرێتەوە, فەرموو.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

فەرقەکەمان لەوەیە, قانونی ژمارە (3) ساڵی 1999 دەرچووە, ناوی قانونی مەفقودین لە حەمەلاتی ئیبادەی جەماعی, دوانزە یاسایە, تەنها بڕگەی یاسای یەکەمیان پەیوەندە بەمەوە, کە بڕیارەکەش بەم شێوەیە (تشمل المحتملات القانون المفقودين في الحملات التالية (كورد الفيلين, البارزانين, حلبجة الشهيد و الانفال, الانتفاظة) ئەمانە دەگرێتەوە, یەعنی باسی ئەوە گۆڕینی ناوی منالٚ کە تەبەنییە, من پێم وایە

گرفتەکە لێرەیە، ئەو یاسایە بەهیچ جۆرێك باس لە تەبەنی ناکات، لەسەر ناوی دایك و باوکی خۆیەتی نەنووسرابێ، بەڵکو ئێمە دەبێ بۆ ئەمە پشت ببستین بە قەرارێکی، (الجمعية العامة للامم المتحدة) (41-85) لە 3/ کانونی یەکەم/ 1986 دەرچووە، ئەمە قوەت ئەدا بەوەی جارێکی تر ئەو منالأنە لەسەر باوك و دایکی شەرعی خۆیان بنووسرێنەوە، لەم قەرارە سێ مادەیان پەیوەندی بەوانەی کە منالْ دەبێ لەسەر باوك و دایکی خۆی، لەریعایەتی باوك و دایکی خۆی بێت، نابێت منالْ ناو و جنسیە و کەسیەتی قانونی بەناوی یەکێکی تر بێت، ئیلا ناوەکەی بگۆڕێ، چونکە من پێم وایە بۆ ئەوەی ناوی ئەو خەڵکانەی کە بەناوی خەڵکی ترەوە ناونووس کراون و کراون بە منالْی ئەوان لەسەر تەریقەی تەبەنی، کە تەریقەکە خۆی لە ئەصڵدا هەڵەیە، لە ئیسلامدا بەتەریقەیەکی هەڵە سەیر دەکرێ، هیچ کەس نابێ بەناوی خەڵکی ترەوە تۆمار بکرێ، مادەم باوك و دایکی خۆی هەبێ، ئەو منالأنەش مافێکی شەرعی و قانونی خۆیانە، بەلأم من پێم باشە باشترین شت کە ئێمە پشتی پێ ببەستین، ئەم بڕیارەی جەمعیەی عامەی ئومەمی موتەحیدە (41- 85) کە ماف ئەدات بەو منالأنە، داوای گێڕانەوەی مافی خۆیان بکەن لەسەر دایك و باوکی ئەصڵی خۆیان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، ئێستا ئەصڵی پڕۆژەکە خالْ بەخالْ بخوێنەوە، ئەو شتەی کاك محمد دەیڵێ، ئەگەر لە موقتەرەحی لیژنەی قانونیدا نەهاتبێ، دەتوانین موناقەشەی بکەین، ئەصڵی یاساکە بخوێنەوە کاك عونی، فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەصڵی پڕۆژەکە لەلایەن بەڕێز کاك کریم بەزمانی کوردی دەخوێندرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بڕیار

پشت بەحوکمەکانی برگەی (1) ماددەی (56 و 53) لە یاسای ژمارە (1)ی ساڵی 1992 ی هەموار کراو، لەسەر داوای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان، ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان- عێراق لە دانیشتنی ژمارە ( ) ڕۆژی / /2007 دا بڕیاری دەرچوواندنی ئەم بڕیارەی خوارەوەیدا:

1- یاسای ژمارە (3)ی ساڵی 1999 هەموو بوارەکانی ئەنفال و کێشەکانی ئەنفالکراوەکان دەگرێتەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەسە کاك کریم، ئەوە یەکەم بەعەرەبیەکەشی بخوێنەوە، پاشان رەئیی لیژنەی قانونیش لەسەری بخوێنەوە، فەرموو.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

1- يسرى القانون رقم (3) لسنة 1999 على كافة مجالات الانفال و قضايا المؤنفلين.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەوە پێویست بە تەصویت ناكاتن, ئەوە دەبێ بە قانون دەربچێت, (1, 2, 3)یەكە دەبێتە مادده, لەبەرئەوەی رای لیژنەی قانونی ماددەی یەكەمە لەجیاتی یەكەمی پرۆژەكە بخوێنەوە, بۆ ئەوەی دواتر رای لیژنەی مافی مرۆڤ و, ئەگەر پێویست بە دەوڵەمەند كردنی كرد, ئەوە ئیزافەی رای برادەران زیاد دەكەین, فەرموو.

**بەڕێز عونی كمال سعيد بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

المادة الاولى:

يسرى أحكام القانون رقم (3) لسنة 1999 على كافة شؤون ذوي الشهداء و المفقودين و المؤنفلين في الابادة الجماعية (الكورد الفيلي و البارزانيين و ضحايا الأسلحة الكيميائية في حلبجة و المناطق الأخرى و المؤنفلين و المفقودين خلال انتفاضة أذار 1991 و الهجرة المليونية التي تلتها في كوردستان- العراق) بما لا يتعارض مع أحكام هذا القانون و القانون المرقم (9) لسنة 2007.

ئێمە لە لیژنەی یاسایی ئەو گۆڕانكارییەمان لەسەر بڕگەی یەكەم لە پرۆژەكە كرد, تەوسیعمان پێ كرد لەئەصڵی مەشروعەكە باسی حەلبچە دەكات, ئێمە (مناطق الاخرى)مان ئیزافە كرد, هەروەها تەوزیحێكی زیاترمان دایێ كە پەرلەمانی كوردستان یاسایەكی تایبەتی دەرهێنا, سەبارەت بە ماف و ئیمتیازاتی كەس و كاری شەهیدان و ئەنفالكراوان, بە ژمارە (9) ساڵی 2007, ویستمان ئەو فەقەرەیەی ئیزافە بكەین, كە ئەو بابەتانەی كە لەیاساكە هاتووە و ئیصدار كراوە, ئەویش تەتبیق بێتە سەریان و, بەهیچ تەعارزێك لەگەڵ بەندەكانی مادەكان نەبێت لە ئەصڵی پرۆژەكە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز كريم بحرى عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ماددەی یەكەم:

حوكمەكانی یاسای ژمارە (3) جێ بەجێ دەبێ لەسەر كاروباری كەس و كاری شەهیدان و ئەنفالكراوەكان و ون بووەكان لە كوشتنی بەكۆمەڵ (كوردی فەیلی و بارزانیەكان و قوربانیانی چەكی كیمیای لە هەڵەبجە و ناوچەكنی تر و ئەنفال كراوان ئەوانەی لەراپەڕینی ئاداری 1991 و كۆڕەوە ملیۆنیەكە لە كوردستانی عیراق دا ون بوون), بەشێوەیەك لەگەڵ حوكمەكانی ئەم یاسایە و یاسای ژمارە 9 ی ساڵی 2007 هاو دژ نەبێ.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

لیژنەی مافی مرۆڤ لەسەر ئەو مادده موقتەرەحە چ ئیعتیڕاز هەیە؟ فەرموو.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە بەپێویستمان نەزانی تەفاصیلی ماددەی سێی قانونەكە, یەعنی ماددەی یەكی دووبارە بكەینەوە, كە دەڵێین ماددەی یەك, ئیتر دیارە ئەو حالآتانە لە خۆ دەگرێت, یەعنی پێویست ناكات دووبارەی بكەینەوە, ئەگینا موتەفقین لەسەر ناوەڕۆكەكەی, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

وەكو لیژنەی قانونی ئاماژەی پێكرد, ماددەی یەك زۆر بەرێك و پێك و بە تەفصیلی نووسراوە, چەكی كیمیاوی لەهەڵەبجە بوو پێشتر, ناوچەكانی تریش دەگرێتەوە و, هەموو كوردە فەیلیەكان و بارزانییەكان و ئەوانەی كە لە راپەڕینە مەزنەكەی 1991 مەفقودن, یان كۆڕەوە یەك ملیۆنەیەكەدا, بەشێوەیەك لەگەڵ ئەو قانونە, قانونی رەقەم (1)ی ساڵی 2007 دا تەعاڕوزی نەبێت, كەس لەسەر موقتەرەحی لیژنەی قانونی قسەی هەیە, بەتەنیا سارە خان, فەرموو.

**بەڕێز سارا خضر پیروت:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

هەر تێبینیەكم هەیە لەسەر ماددەی یەكەم, ئەو داڕشتنەی لیژنەی یاسایی زۆر باشە, كە لەسەر شمولی ئیبادەی جەماعی نووسیوە, بەلآم ئەو روون كردنەوە چەند جار داومە سەرۆكی پەرلەمان, یەعنی كە ئیبادەی جەماعی باس دەكرێ, هەر ئیشارەت بە چەكی كیمیایی دەدرێ, ئەی بۆ نموونە كەس و كاری شەهیدانی قەلآدزێ, یەعنی ئەوە دەچێتە كوێ؟ شتێك بێت شمولی هەمووی بكات, چەكی كۆكوژی بێت بەگشتی باشترە, چونكە ئێستاش هەر لەو ماوانەدا خەڵك هەیە لە بوردومانی قەلآدزێ منداڵ كە ون بووە بەتازەیی دۆزراوەتەوە, كە وەختی خۆی لە قەلآدزێ ئەنفال كراوە, یەعنی هەیە, لەهەموو شوێنێك هەیە, نازانم ئەو یاسایە تایبەتە بەس بە ئەنفالكراوەكان, یان شەهیدانیش دەگرێتەوە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

خاتوو چنار ئەگەر هینێك بڵێت, فەرموو.

**بەڕێز چنار سعد عبدالله/وەزیری شەهیدان و ئەنفالكراوان:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

وەلآمێك بۆ خاتوو سارە, باسی ئەوە دەكات لەبیدایەتی یاساكە كە ئاماژەی پێ دەكات, دەڵێ (یسری القانون رقم (3) لسنة 1999 علی كافة شؤون ذوی الشهداء), یەعنی كەواتە ئەوانیش مەشمولن, شەهیدن, كەواتە

ئەوانیش دەگرێتەوە, مەفقودین و موئەنفەلین ئینجا ناوی ئەوانی تر, بۆیە شەهیدانی قەڵادزێش دەچێتە نیتاقی ئەوان بەشێوەیەکی گشتی, ئەوانیش دەگرێتەوە, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

نووسرایە زەحایەی ئەسلیحەی کیمیایی, بەڵام مەناتقی موئەنفەلین و مەفقودین هەموویان دەگرێتەوە, گەرمیان و بادینان, کە دەڵێی شەهید و مەفقود هەمووی دەگرێتەوە, ئەمە ئەگەر صیاغەکەی چاك بکەنەوە کاك عەونی , بۆ ئەوەی تەفسیری غەڵەت نەکرێ, یان بنووسرێ (وكذلك بالنسبة لضحايا عمليات الابادة الجماعية و ضحايا عمليات الانفال و الاسلحة الكيمياوية فى مناطق حلبجة و المناطق الاخرى), ئینجا موئەنفەلەکە لەوێ لابدەیت (والمفقودين) دابنێی, ئەوە باشتر دەبێت, یەعنی بەم شێوەیە بێت (و ضحايا عمليات الانفال و الاسحلة الكيمياوية في الحلبجة و المناطق الاخرى و المفقودين خلال الانتفاضة), ئەوە موئنەفەلەکە لەوێ زیادە, ئێستا ئەوەهای لێ دێت (يسرى أحكام القانون رقم (3) لسنة 1999 على كافة شؤون ذوى الشهداء و المفقودين و المؤنفلين في عمليات الابادة الجماعية (كورد الفيليين و البارزانين), و ضحايا عمليات الانفال و الاسلحة الكيمياوية في حلبجة و المناطق الاخرى و المفقودين خلال الانتفاضة سنة 1991, بما لا يتعارض مع أحكام هذا القانون, القانون المرقم (3) لسنة 2007), وابزانم ئێستاکە شامیلە, کاك شێروان فەرمووو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر کوردییەکە بخوێنیەوە, بزەبت ئەوەی جەنابت دەیڵێی هاتووە, بەڵام مومکینە خیلافەکە لە عەڕەبیەکە بێت, زۆر سوپاس.

**بەڕێز بکر فتاح حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕای من ئەگەر وەبی ئەو ئیبادە جەماعییە بکەین بە جینۆ ساید, ئەوە هەمووی دەگرێتەوە, چونکە جینۆساید موشکیلەشی لەسەرە, لەدەرەوە تا ئێستا تەصورڕ ناکەن کە جینۆساید روویدابێ, سوپاس.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کە تۆ وتت زەحایەی ئیبادەی جەماعی, ئەو تەوصیەی کە کراوەتەوە, ناوهێنانی یەکە بەیەکەکان باوەڕ ناکەم پێویست بکات, چونکە ئێمە خۆمان دەزانین لەقانونەکەی پێشتریش, قانونی ژمارە (9)ی 2007 کە تیایدا باسمان کردووە, زەحایەی ئیبادەی جەماعی کێن, زۆر بەڕوون و ئاشکرایی باسمان کردووە و فیئەکانمان روون کردۆتەوە, بوونی لەم یاسایە وابزانم جارێکی تر تیکرار کردنەوەیە کە زەرور نییە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز د0شكريە رسول ابراهيم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش رای خۆم دەخەمە پاڵ رای کاك بکر, بەڕاستی ئێستا لە سوید و لە هۆڵەندا کوردەکانی ئەویٚ, بەتایبەتی رێکخراوی چاك, هەموو هەوڵ و کۆشێشیان ئەوەیە کەوا ئەو ئیبادەی جەماعییە بەجینۆساید بێتە قەڵەم, کاریشیان بۆ کردووە و چاکیشیان کردووە, ئێمەش کە چووینە دەرەوەی وڵات, نزیکەی لە کۆی 349 کەس, چل کەس تەوقیعی کرد, بوو بە جینۆسایدی مەسەلەی کورد, ئێمە قسەمان لەگەڵ کرد و لەلای خۆیان نووسیان, ئێستاش کاری پێدەکەن, لەبەرئەوە لەجیاتی ئەو ئیبادە جەماعیە و هەروەها ئێمەش لەناو پرۆژەی دەستووری ئەوانە کەبوو بە دەستوور, هەر ئەو ڕایەمان چەسپاند کە ببێتە جینۆساید, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕاستی ئەو قسانە راستن, دەتوانین بەکاری بهێنین, بەلاّم بێی هین بکەی, ئاڕا هەیە کە 24 مانگ بڕیاری مەحکەمە دەردەچێت دەربارەی ئەو عەمەلیاتە, یەعنی دەبیٚ پاش ئەوەی پرۆژەیەکمان هەبێتن, ئەو هینە بەجینۆساید لێرە بەبڕیارێك دەربچێتن, لە پەرلەمانەوە بەجینۆساید بناسرێت, ئەگەر نا ئێستا دەتوانین بیخەینە ناو هینەوە, بەلاّم بەشێوەیەکی ئصولّی تر بڕۆین, بەڕەئیی من چاوەڕیٚ بکەین هەتا مەحکەمە قەرار دەدات, ئینجا پرۆژەیەك بینین لێرە, ئێمەش لەبەر رۆشنایی یەکێك لە ئەدیلەکانی تازە قەراری مەحکەمەیە, کە عەمەلیاتی ئەنفال و کیمیاباران بە عەمەلیاتێکی جینۆساید بیناسێنین, بیکەینە بڕیار, داواش بکەین لە مجتەمەعاتی دوەلی, لە مونەزەماتی ئومەم موتەحیدە, بۆ ئەوەی کە ئەو تاوانانە بەرامبەر بەگەلەکەمان بە جەریمەی جیۆساید بناسێنن, دەشکریٚ ئێستا داخیلی بکەین, بەلاّم باشتر وایە ئەو کات تاکو قیمەتی قانونی باشتر دەبێت, گوتمان ئەوەی قسەی دەکات ناوی دەنووسم, دواتر قسە تەواو دەبێت, یەعنی قسە ناکرێتن, فەرموو کاك عونی.

**بەڕێز عونی كمال سعيد بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە کە ئیزافەمان کردیە (و المناطق الاخرى), مەبەستمان ئەوە بوو بەنیسبەت ئەسلیحەی کیمیایی بەس لە هەڵەبجە نەبووە, لە شوێنی تریش بووە, ئەوە یەك, بەنیسبەت ئیبادەی جەماعی وابزانم ئیبادەی جەماعی لەگەڵ جینۆساید هەمان مانایە, ئەو کەلیمەیەکی عەرەبییە, ئەوەی تر کەلیمەیەکی ئینگلیزییە, هەر ئەوە یەعنی وازحە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرقێکی هەیە کاك عەونی, فەرموو کاك شێروان.

**بەڕێز شێروان ناصح حيدرى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو یاسایە تەواوکەری یاسای ژمارە (3)یە, ئەو موستەلاحاتانەی کە لێرە هاتووە, بزەبت لەیاسای ژمارە (3) هاتووە, ئێستا ئەو یاسایە فراوان کردنی جێبەجێ کردنی ئەو یاسایە لەڕووی مەساحەیەوە, لە ڕووی تەوحیدی ئەو یاسایەیە, بۆیە دەبێ ئەم یاسایە و یاسای ژمارە (3) موتابق بن لەگەڵ یەکتری, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وەکو کاك شێروان باسی کرد, لەکوردیەکەی صیاغەکەی باش هاتووە, عەرەبەیەکەی وەکو من خوێندمەوە چاکی بکەن, بەم شێوەی کە باسم کرد, دووبارە بیخوێنەوە بەو تەصلیحەی بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگەوە, فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الاولى:

یسری أحكام القانون رقم (3) لسنة 1999 على كافة شؤون ذوي الشهداء و المفقودين و المؤنفلين في عمليات الابادة الجماعية (الكورد الفيلي و البارزانيين و ضحايا عمليات الانفال و الأسلحة الكيميائية في حلبجة و المناطق الأخرى و المفقودين خلال انتفاضة أذار 1991 و الهجرة المليونية التي تلتها في كوردستان- العراق) بما لا يتعارض مع أحكام هذا القانون و القانون المرقم (9) لسنة 2007.

**بەڕێز گوڵناز عزیز قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لەماددەی یەکەم ئەوەمان ئەوێ, کە ئەو یاسایانەی پێشتر کاری پێکراوە هەڵبوەشێتەوە و یاسای ژمارە (3) جێی بگرێتەوە, چونکە ئەوەش هەر تەنیا بەوە دەکرێ کە بڕیارێکی دادوەری بۆ دەربچێ. چونکە ئیدارەی پێشووی سلێمانی چەند ساڵە بەو یاسایە دەڕوات, ئەگەر ئەو یاسایە هەڵنەوەشێتەوە ئەوە کەس و کاری شەهیدان تووشی گرفت دەبنەوە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لە ئاخیرەکەی لە نەصێك هەیە, (لا يتعامل مع اى نص يتعارض مع أحكام هذا القانون) ئێ ئەوە دەگرێتەوە, مادەکە بە موقتەرەحی لیژنەی قانونی و بەو گۆڕانکاریانەی کە کرا دەخەمە دەنگەوە, کێ لەگەڵیەتی دەستی بەرز بکاتەوە؟ فەرموون, کێ لەگەڵ نییە, دەستی بەرزبکاتەوە؟ فەرموون, بە کۆی دەنگ مادەکە قبوڵ کرا, فەرموو بڕۆ سەر ماددەی دووەم, ئەصڵەکەی بخوێنەوە ئینجا موقتەرەحی لیژنەی قانونی, فەرموو.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الثانية:

لذوى المؤنفلين ممن لهم مصلحة في الطعن في القرارات الصادرة بحقهم بما لاينسجم مع القانون أعلاه لدى المحاكم و الجهات المختصة و طلب اعادة تقويم وضعهم.

**بەڕێز كريم بحرى عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ماددەی دووەم:

كەس و كاری ئەنفالكراوەكان كە بەرژەوەندیەكیان هەبێ بۆیان هەیە لەلای دادگا تایبەتیەكان تانە لەو بڕیارە بدەن كە لەبارەیانەوە دەرچوون لەگەڵ یاسای سەرەوە ناگونجێت و داوای راست كردنەوەی بارەكە بكەن.

**بەڕێز عونی كمال سعيد بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێستا من دەقی پێشنیاری لیژنەی یاسایی دەخوێنمەوە, ئیعادەی صیاغەمان كردووە, بۆ ئەوەی زیاتر وازح بێت, بەم شێوەیە:

المادة الثانية: لذوي الشهداء و المفقودين و المؤنفلين و المشمولين بالمادة الأولى من هذا القانون الحق في الطعن في القرارات الصادرة بحقهم و الذي لا ينسجم مع القانون لدى المحاكم و الجهات المختصة و طلب اعادة تقويم و ضعهم إذا ظهر ما يثبت هذا الحق.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

لیژنەی مافی مرۆڤ هیچ رەئیتان هەیە لەسەر موقتەرەحی لیژنەی قانونی, فەرموو.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە لێرە زیاتر پشتمان بەستووە بە ماددەی هەژدە لەبڕیاری ئەنجومەنی گشتی نەتەوە یەكگرتووەكان, كە منداڵ دەبێ بەناوی دایك وباوكی شەرعی خۆی تۆمار بكرێ, یەعنی تەنها هینەكەی ئێمە لەگەڵ ئەوان ئەوەیە, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئێمە لێرە یەكسەر ئەو حەقمان داوەتێ, هەر پێویست ناكات ئیشارەتیشی پێ بدەین, دیارە تەئكیدە, دەسەلاٌتی خۆمانە داومانە كەس وكاری شەهید, حەقیان هەبێت تەعن لەو قەرارانە بدەن كە دژی خۆیان دەرچووە, لەگەڵ ئەو قانونەش ناگونجێ, یەعنی ئەوە هین ناكاتن, كەس مولاحەزەی هەیە, كاك حاتم و كاك عمر, تەواو, كاك حاتم فەرموو.

**بەڕێز حاتم محمد جان :**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من پێش هەموو شتێك سوپاسی وەزارەتی شەهیدان و ئەنفالكراوان دەكەم, كە ئەو چەند یاسایەی پێشنیار كردووە بۆ پەرلەمان, سوپاسی پەرلەمانیش دەكەم كە بەم شێوەیە تەئكید لە یاسایەك دەكات, بۆ خزمەتی كەس وكاری شەهیدان و ئەنفالكراوان و ونبووەكان, لێرە بەحقیقەت خاڵەكان راستە لەبەر ئەوەی گەڕانەوەی ئەو منداڵەنە كە پێشتر لەسەر ناوی كەسانی ترە, ئێستا بگەڕێنەوە سەر ناوی باوك و دایكی خۆیان, بەلاَم وابزانم دوو خاڵ لەخاڵەكانی تر ئیشارەتیان پێداوە, یەكیان لەوانە كەبەحەقیقەت لەو نموونانەمان زۆرە, كە خەڵكێك تەنیا كچێكی, یان كوڕێكی, یان دوو كچی, یان دوو كوڕی بەجێ ماوە و ئێستا لەسەر ناوی خاڵۆیەكی, یان مامۆیەكی ناوی نووسراوە, ئەوە شتێكی مەشروعە و جێگای دلخۆشییە و كە جارێكی تر ئیعادە بكرێتەوە, چونكە هەر ئەوە نییە كە ناوەكەی ئیعادە بكاتەوە, بەڵكو كۆمەڵێك ئیمتیازاتیشی بۆ دەگەڕێتەوە, كە هی باوكی خۆی بووە, ئیستا ئیعادە دەبێتەوە بۆ ئەو منداڵە, ئەمە یەك.

دوو/ بە حوكمی ئەوەی ئێمە زیاتر لە ناو قەزیەی ئەنفالەكان بووینە, ئاگامان لە كێشەی هەبووە, بنەماڵەی ئەوها هەبووە كە بەحەقیقەت دە سەر خێزان بووە, بەحوكمی ئەوەی كە دووری شاربووینە, لەمەنتیقەیەك بووینە, حوكمەتی ئەوكات مەجالی پێنەداوە, لای حاكم بڵێین مارە بڕین و ئەوانە نەكرایە, یەعنی منداڵەكانیشیان هیچیان هەویەیان نییە, یەعنی پیاو هەیە دە سەر خێزانی هەیە, كە شەهیدی بووە, كوڕ و كچی یەك منداڵیشی شەهید نەبووە, هەویەكی شەخصی نییە, كەناوی فلان كەس كوڕی فلان كەسە, یەعنی هەویەی نییە, تاكو بڵێی ئەوە هی ئەو پیاو, ئەو ژنەیە, یان هی ئەو باوك و ئەو دایكەیە, جا ئەمە دانیشتنێكی زۆر گرنگە و جێگای دڵخۆشكەرییە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

یەعنی هیچ مولاَحەزەیەكت نەبوو كاك حاتم, فەرموو كاك عومەر.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من پێم وایە ئەو رەئییەی كە گوڵناز خان پێشتر پێشنیاری كرد, رەئییەكی قانونی بوو, راستە لەمادەی دوو حەق دراوە بەكەس و كاری ئەو شەهیدە سەر بەرزانە كە تەعن بدەن لەو قەراراتانە, بەلاَم ئەگەر ئێمە بگەڕێینەوە ئەو قەراراتانە هەمووی حەقی تەعنی بە مودەی خۆی بەگوێرەی قانون تەحدید كراوە, ئەوە مودەی قانونیان تێپەڕیوە بووینە قانونی موكتەسەب, بەنیسبەت حوجەجەوە, بەنیسبەت هەندێ قەرار كە لە مەحاكیم دەرچووبێ, لەبەر ئەوە كەس وكاری شەهیدەكان جارێكی تر بۆیان نییە تروقی تەعن بەكار بهێنن, وەها باشتر بوو لێرە بەنصێكی صەریح بێت, بڵێ ئەو قەراراتانە, یان ئەو حوجەتانە, یان ئەو قەرارانەی كە لەمەحاكیم دەرچوونە ئیبتاڵ بووینەتەوە, (ولا یعمل بە) و, ئەمە بەسەر ئەمانە جێبەجێ دەبێت, ئەمە راست كردنەوەی ئەو بڕگەیە دەبێت, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

کاك عومەر من جوابت دەدەمەوە, مادەی حەوتەم بخوێنەوە بزانە چ نووسرایە, (لا یعمل بأی نص قانونی أو قرار یتعارض مع أحکام هذا القانون), یەعنی مانای وایە تۆ ئێستا ئەو حەقەی تازەت داوەتێ, فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەڵێ (لا یعمل بأی نص او قرار), یەعنی ئەو قانون و قەرارانەی کە پێشتر دەرچووە, ئەو قەرارانەی کە لە سوڵتەی تەشریعی دەرچووە, نەك ئەو قەرارانەی کە لە مەحاکیم دەرچوو بێت, ئەمە شمولی ئەوە ناکات, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من پێم وایە شمول دەکات, بەڵام با کاك عونی قسە بکات, فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەصڵەن هەدەفی پرۆژەکە ئەوەیە, یەعنی حالاتی قانونی هەیە حیسابی دەرجەی قەتعی کردیە, سابت بووە, تەعنی لێ نادرێ بەپێی ئەو قانونەی مەجالی ئەوەی دەدەینێ کە تەعنی پێ بکرێ, یەعنی مەوزوعەکە ئەوەیە, موشەڕعین کە پەرلەمانە, ئەو حەقەی دەداتە ئەو کەسانەی کە قەراراتی مەحاکم دەرچووە و دەرجەی قەتعی وەرگرتووە, بەگوێرەی ئەو قانونە مەجالی تەعنی بۆ کراوەتەوە, یەعنی دەتوانێ وەزعی خۆی تەقویم بکات لەگەڵ حاڵەتی حەقیقی خۆی, یەعنی ئەصڵەکە دەگەڕێتەوە جێگای خۆی, بەپێی ئەو قانونە تەعن دەکات و موڕاجەعەی ئەو قەراراتانە دەکات, هەتا ئەگەر دائیرەیەك مەعلوماتێکی غەڵەتی دابوو, ئەوە چاکی دەکات, هەتا ئەگەر دەرجەی قەتعیشی وەرگرتبێ, سوپاس.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئیزافەتەن لەسەر ئەو قسانەی کە کاك عونی کردی, سقوفی زەمەنی عادەتەن دادەنرێ بەنیسبەت قەراراتی مەحاکم و بەنیسبەت قەراراتی دەوائیر, چ بەنیسبەت قەرارات کە عیلاقەی بە حوجەج هەیە, مەجالی تەعن نامینێ ئیتر, بەڵام ئەو سقوفە زەمەنییە بە قانون دائەنرێ, ئێستا ئەم قانونەش بە قانون ئێمە ئەو حەقەی ئەدەینێ, کە حەقی تەعنی هەبێت دووبارە بەنیسبەت ئەو قەراراتانەی کە پێشتر دەرچووە, ئەوەش بەقانونە, ئەوەی تریش بەقانونە, بەڵام ئەوەی لێرە هاتووە سەقف زەمەنییەکە زیاتر مەفتوحە بۆ ئەوەی کەس و کاری شەهیدان و ئەنفالکراوان دووبارە ئستیفادە وەربگرن, زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر ئەو قەراراتانەی کە پێشتر دەرچووە, ئەگەر یەکێك پێی موستەفید بووە, یەعنی ئەو کەسەی ناوی ئەو مناڵەی نووسیوە پێی موستەفید بووە, ئەو مناڵەی کە ئێستا تەعن لەم قەڕارە ئەدات, ئەبێ بۆی

بگەڕێتەوە, ئایا ئەو کەسەی کە پێی موستەفید بووە, ئەم حەقەی لێئەسێندرێ, یان تەعویزی ئەدرێتەوە, سوپاس.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی کە کاك محمد فەرج باسی لێوە دەکات, دەگەڕێتەوە بۆ سەر ئەحکامی عامەی قانونی مەدەنی, کە ئەو کەسەی کە زەرەری پێ کەوتووە حەتمەن دەتوانێ داوای تەعویز بکاتەوە بەپێی قانونی مەدەنی, بەلاَم موهیم لەمەوزوعەکە ئەوەیە وەزعەکە تەصحیح بێت و حەقیقەتەکە بگەڕێتەوە, ئینجا هەر ئیلتیزاماتێك تەرەتوب دەکات بەپێی قانونی مەدەنی چارەسەر دەکرێ, بێجگە لەوەش موساعەدەی قانونی لەگەڵ ئەو کەسانە ناکرێ کە ئەو مەعلوماتانەی دایە, مەبەستەکە زیاتر ئەوەیە, زیاتر عقوباتی جەزائیان لەسەر نەبێت, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك عونی هینێك هەیە (الذی لاینسجم مع القانون الاعلی), کام ئەعلا, یەعنی بنووسرێ (ینسجم مع هذا القانون), لەمادەی دووەم دەڵێ (لذوی الشهداء والمفقودین و المؤنفلین المشمولین بالمادة الاولى من هذا القانون حق الطعن في القرارات الصادر بحقهم), لێرە لە موقتەرەحی لیژنەی قانونی (والذی لا ینسجم مع القانون الاعلى), دەبێ بنووسرێ (لاینسجم مع القانون رقم (3) لسنة 1999), بۆ ئەوەی وازح بێت, ئیشکال دروست نەبێت, بۆیە بیخوینەوە بەکوردی و عەرەبیەکە تکایە, فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الثانية:

لذوي الشهداء و المفقودين و المؤنفلين و المشمولين بالمادة الأولى من هذا القانون الحق في الطعن في القرارات الصادرة بحقهم و الذي لا ينسجم مع القانون لدى المحاكم و الجهات المختصة و طلب اعادة تقويم و ضعهم إذا ظهر ما يثبت هذا الحق.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی دووەم:

کەس و کاری شەهیدان و ونبووەکان و ئەنفالکراوەکان ئەوانەی مادەی یەکەم دەیانگرێتەوە مافی تانە لێدانی ئەو بڕیارانەیان هەیە کە لەگەڵ یاسای سەرەوە ناگونجێت و پێشتر لە دادگا و لایەنە تایبەتمەندەکان دەرهەقیان دەرچووە و بۆیان هەیە داوای سەرلەنوێ هەڵسانگاندنەوەی بارودۆخەکەیان بکرێ ئەگەر هاتوو ئەو مافە دیار بوو.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

قسەت کرد کاك عومەر, فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لێرە (لذوی الشهداء و المؤنفلین و المفقودین), یەعنی تەنیا کەس و کارەکانی حەقی تەعنیان هەیە, ئەی ئەوان کە قاصرن, یان مەحجور بوون و کەس وکاریان نەماوە, با ئیدیعای عام هینێکی بۆی هەبێت هینێکی بدات, یەعنی حەقی تەعنی بدات, سوپاس.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دیارە کاك عومەر پەلەی لێ دەکات, لەمادە سێ باسی لێکرایە (یقدم لمصلحة او الاعاء العام), سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ماددەی دوو دەخەمە دەنگەوە, کێ لەگەڵیەتی, دەستی بەرزبکاتەوە؟ فەرموون, کێ لەگەڵ نییە, دەستی بەرزبکاتەوە؟ فەرموون, بەکۆی دەنگ مادەی دوو قبوڵ کرا, فەرموو بڕۆ سەر مادەی دواتر, تەبعەن کاك محمد فرج راپۆرتی لیژنەی مافی مرۆڤی خوێندەوە, دوایی پێشم گوت رەئیت چییە لەسەر مادەی لیژنەی قانونی, ئەویش قسەی کرد, بەڵام مادەکەی نەخوێندەوە, رەنگە من پەلەم کرد بی, بەڵام پێشتر رەئی خۆی گوت, دەیتوانێ بڵێ من موفتەرەحی خۆم جارێکی تر بخوێنمەوە, کە قسەی نەکرد, من پێم وابوو موافقە لەسەر رای لیژنەی قانونی, تەصویتیشی لەسەر کرا, بەڵام دەبوایە تەمەسوك بە رەئیی خۆت بکەی, پێشتریش خوێندیتەوە, ئەوە نەبێ نەت خوێندیتەوە, مادەی سێ ئێستا بخوێنەوە, فەرموو.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الثالثة:

یعفی کافة الأشخاص و عوائل المؤنفلین بأسمائهم من المسائلة القانونیة و یعاد تسجیلهم بأسماء والدیهم الشرعیین بناءً علی طلب مقدم من ذی مصلحة أو من الادعاء العام.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مادەی سێیەم:

هەموو ئەوانەی کە ناوی منداڵەکانیان حوکمەکانی ئەم یاسایە دەیانگرێتەوە لە پرسیارلێکردن دەبووردرێن و سەرلەنوێ بەپێی داوای ئەوانەی بەرژەوەندیان تێدایە یان داواکاری گشتی دووبارە بەناوی باوك و دایکی خۆیان ناونووس دەکرێنەوە.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لێرە بەس ئیعادەی صیاغەمان کردیە، عەوائیلمان لابرد، (من) ئیزافە کرا پێش ئیدیعای عام، ئێستا رای لیژنەی قانونی دەخوێنمەوە، بەم شێوەیە:

**المادة الثالثة: يعفى كافة الأشخاص ممن سجلوا أولاد المشمولين باحكام هذا القانون بأسمائهم من المسائلة القانونية و يعاد تسجيلهم بأسماء والديهم الشرعين بناءً على طلب مقدم من ذي مصلحة أو من الادعاء العام.**

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی سێیەم: هەموو ئەوانەی کە ناوی کورەکانیان ئەوانەی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەیانگرێتەوە لە پرسیارلێکردن دەبوورێن و سەرلەنوێ بەپێی داوای ئەوانەی بەرژەوەندیان تیادایە یان داواکاری گشتی، دووبارە بەناوی دایك و باوکی خۆیان ناونووس دەکرێن.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە کە سەیری ئەو بڕیارەمان کرد، تێگەیشتین جەوهەری ئەو بڕیارە دوو شتی موهیمی لە خۆ گرتووە، یەکێك ئەوەیە ئەو منااڵنە بگەڕێنەوە سەر ناوی باوك و دایکی خۆیان، دوو/ ئەو خەڵکانە ئازاد بکرێن، بۆیە ئێمە ئەوەمان کردووە بەدوو بڕگە و جیامان کردۆتەوە، یەك بڕگە نییە، ئەوانە ببورێن و ئەوانەش بەناوی باوکیان تەسجیل بکرێن، ئێمە وامان لێکردووە، ئەو خێزانانەی کە منداڵە ئەنفالەکان، یان بزربووەکان بەناوی منداڵی خۆیان تۆمار کردووە، لەبەر بەرژەوەندی ئەوکاتە، لێپرسینەوەی یاساییان لەگەڵ نەکرێ و ببورێن، ئەو منااڵنەش سەر لەنوێ بەناوی دایك و باوکی خۆیان تۆمار بکرێن، ئەوەشمان زیاد کردووە، یان لەڕێگای داواکاری خودی منداڵەکان، چونکە منداڵەکان ئێستا گەورە بووینە، یان لەسەر داواکاری کەس وکاریان، یان لەسەر داوای داواکاری گشتی، بوویتە دوو بڕگە لەلای ئێمە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە داوای قسەیان کردووە، ناوەکان دەنووسم، کاك جعفەر فەرموو.

**بەڕێز جعفر مصطفى معروف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کاتی خۆی ئەو کەسەی کە دەرچوو لەدەست کیمیابارانی هەڵەبجەی شەهید لەساڵی 1988، هاتن بۆ مەنتیقەی هەولێر، لێرە ژمارەیەك لەو منااڵنە کەوتنە مەنتیقەی موصڵ، هەمووی ون بوون، بێ کەس بوون، ئەو منااڵنە ئێستا یەك، دووێکیان لە مەنتیقەی قەصرۆکن، کابرایەك هات کە بەخێوی کردبوون، هاتە موراجەعەم کە من لەوێ بووم، جا سێ ساڵیشە ژنی بۆ هێناوە و دوو منداڵیشی هەیە، ئەم کوڕە خۆی ناناسێتەوە، ناردمان بۆ لای هەڵەبجە، هەڵەبجەییەکان قبوڵیان نەکرد، چونکە کەسی نەماوە و خۆشی ناوی خۆی نەدەزانی، لەم شێوانە زۆرن، کاتی خۆی لە هەندێ شوێن بەجێماون و خەڵك لە ڕێی خودا بەخێویان کردووە، بەس ئەو کەسەی بەخێوی کردووە، دەڵێ ڕاستە ئەوە هەڵەبجەییە من لە ڕێی خوا بەخێوم

کردووە, هەتا فێری بادینی بووە و سۆرانیەکەش باش نازانێ, ئێمە دووجار ناردمانە هەڵەبجە کەس و کاری خۆی نەناسیەوە, کەس وەری نەگرت, ئەم نەوعە هەیە لە ئێرانیش هەیە, لەهەڵەبجەش هەیە, ئەی ئەوانە چیان لەگەڵ دەکرێ, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەردار صباح بوزو هەرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پشتگیری لەلیژنەی مافی مرۆڤ دەکەم لەخاڵێك, کە بەداخەوە کاك محمد تەوزیحی نەکرد, ئەویش کە بڕگەیەکتان ئیزافە کردیە, ئەویش (لەبەر بەرژەوەندی ئەوکاتە), یەعنی ئەو مادەیە باسی ئەوەی دەکات, ئیعفا کردن لە لێپرسینەوەی یاسایی بۆ ئەو کەسانەی کە هەندێ کەسیان بەناوی خۆیان کردیە, ئەو ئیعفایە دەبێ تەنها بۆ ئەو کەسانە بێت, بەمەبەستی یارمەتیدانی منداڵی شەهیدان و ئەنفالکراوەکان, بەمەبەستی هاوکاری کردنیان بێت, یەعنی واتە حسن نییە بێت, لەبەر ئەوەی هەندێ جار ئەو شتە ئەنجام دەدرێت, بەمەبەستی هاوکاری و یارمەتی دان نییە, بۆیە من پێشنیار دەکەم لەو مادەیە ئیزافەی (یعفى كافة الاشخاص مما سجلوا أولاد المشمولين بأحكام هذا القانون بأسمائهم), بڵێین (بحسن نيە) و, تەواو بکرێ, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو مولاحەزەی کاك سەردار زۆر بەجێیە, هەروەها کاك فرستیش هەمان مولاحەزەی هەیە, دەڵێ دەبێ هینێك زیاد بکرێ (يعفى ذوي المشمولين بأحكام هذا القانون و المتعاونون معهم من المسائلة القانونية اذا كانوا قد تقدموا للجهات الرسمية معلومات غير صحيحة...), هەمان رەئیی کاك سەردارە, کاك عەونی ئەوە لەلاتان بێت, فەرموو گوڵناز خان.

**بەڕێز گوڵناز عزیز قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لەو بڕگە باسی ئەو منالاٌنە دەکەین کە زیندوون و ئێستا بەدوای ناسنامەی خۆیان دەگەڕێن, بەلاٌم منالێکی زۆرمان هەیە ئەنفال بووینە و تیا چووینە و ناسنامەیان نییە, چونکە تۆمار نەکراون, یان دایك و باوکیان زواجی مەدەنیان کردیە, بۆ ژمارەی شەهید, بۆ ئەو مافانەی کەئێستا ئێمە بەژمارە لەگەڵ واریسەکانیان قسە دەکەین, کارێك بکرێ ئەو منالە ونبووانەش تۆمار بکرێن لەباری شارستانی, سوپاس.

**بەڕێز د0ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێش هەموو شتێك, من پێم وایە صیاغەی مادەکە بە کوردی لەجێی خۆی نییە, ئینجا ئەوان بەبڕگەیەك, یان دوو بڕگە وەکو چۆن لیژنەی مافی مرۆڤ پێشنیاریان کرد منیش صیاغەکەم بۆ دیاری کردووە, بەلاٌم

پێش ئەوەی باسی صیاغەکە بکەم, دوو خاڵ هەیە دەمەوێ باسیان بکەم, ئایا ئەو مادەیە ئەو عەرەبانە دەگرێتەوە کە منداڵی کوردیان تەبەنی کرد, چونکە هەیە عەرەبە منداڵی کوردی تەبەنی کردووە, من یەك, دوانێك دەناسم لەکەرکووك ئەوەیان کردووە و, وتوویانە کە ئەوە مناڵی کوردە, ئایا ئەم یاسایە ئەوانەش دەگرێـتەوە, یان نایانگرێتەوە, خەڵکی کوردستان تا ئێستا هەیە خەڵکی کوردستان نییە, ئەمە خاڵێك, خاڵی دووەم, ئاماژەی پێکرا, ئەو مناڵانەی نازانن دایك وباوکیان کێیە, ئەوان چیان بەسەر دێت؟ لەو فەرزەنا داواش بکەن, ئایا چیان بۆ دەکرێ؟ چ ناوێکیان لێ ئەنرێن؟ یان ئەوانەی بەپێچەوانەوە, تەبەنی کراون ئینجا چ لەلایەن عەرەبەوە بێت, چ لەلایەن مەسیحیەك بێت, یان لەلایەن تورکمانەوە بێت, یان چ لەلایەن کوردەوە بێت, یان کوردێکی یەزیدی بێت, یان کوردێکی فەیلی بێت, ئەوانە نایانەوێ بگەڕێنەوە, یەعنی دەیانەوێ لەسەر ئەو ناوەی کە پێی ناوسراون, لەسەر ئەوە بمێنێنەوە, ئەوانە لەچ حاڵەتێکدا ئەمینێنەوە, یەعنی بەو ناوەی کە ئێستا هەیە, بەنیسبەت صیاغەکەش, ئەگەر رووخسەت هەبێ صیاغەکەش بخوێنمەوە (هەموو ئەو کەسانەی منداڵیان بەناوی خۆیان تۆمار کردبێ کە لەمادەی یەکەم ئاماژەی پێکراوە, حوکمەکانی ئەم یاسایە دەیانگرێتەوە, لە لێپرسینەوەی یاسایی دەبووردرێن,), وشەی یاسایی لەکوردیەکەی نەهاتووە, دوو/ بەپێی داوای خاڵی خاوەن بەرژەوەندەکان و لەسەر داوای داواکاری گشتی ئەو منداڵانە لەسەر ناوی دایك و باوکی خۆیان ناونووس دەکرێنەوە), تەبعەن ئەوانەی کە دەیانەوێ, یەعنی ئەوانەی کە رازین, ئەگەر پێویستیان کرد, دەتوانم صیاغەکەیان بدەمێ, زۆر سوپاس.

**بەڕێز عادل محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پشتگیری لەرایەکی لیژنەی یاسایی دەکەم, بەلاّم مولاّحەزەم هەیە, لەبەر ئەوەی مناڵی ئەنفال, یان مناڵی ونبوو کاتی خۆی بەناوی کەسێکی ترەوە کراوە, یان بەدەعوای ئیسپات نەسەب لەدادگا تۆمار کراوە, یان بەحجەی ویلادە تۆمار کراوە, لێرە دەڵێ (بناء على الطلب المقدم من ذوى المصلحة), یەعنی ئەو تەڵەبە بۆ کێ تەقدیم دەکرێ, بەڕەئیی من, باش وایە ئێمە وەزارەتێکمان هەیە, بەناوی وەزارەتی کەس و کاری شەهید و ئەنفال, بەتەئیدی ئەو وەزارەتە راستەوخۆ لەدائیرەی نفوس تەسجیل بکرێ, ئاسانکاریەکی باشترە بۆیان, زۆر سوپاس.

**بەڕێز د0رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تێبینیەکەم لەسەر یەك وشەیە, کە لەدەقی پرۆژەی کوردیەکە, دەڵێ لەسەر ناوی باوکی و دایکی خۆیان ناونووس بکرێن, لە عەرەبیەکەش دەڵێ لەسەر دایك و باوکی شەرعی, شەرعی و دایك و باوکی خۆیان یەك بخرێت, بکرێتە بایلۆجی, وابزانم باشترە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی یاسایی لەسەر ئەو تێبینی و ئەو پێشنیارانە رەئیتان چییە؟ فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەصڵ کە کار کرایە پێشتر, حوسن نیە مەوجود بووە, یەعنی دەبێ هاوکاری ئەو کەسانە قاعیدەکی عامەیە, مەبەستیان ئەوە بووە هاوکاری ئەو خەڵکانە بکەن کە تووشی کێشە بووینە, ئینقازیان بکەن لە وەزعێکی نالەبار کە بەسەر کوردستان هاتووە, ئەگەر حەقیقەتەکە ئەوها نییە, ئەوە قانون موعالەجەی کردووە, چ لە قانون مەدەنی, چە لە قانونی ئەحوالی شەخصی, ئەوە لەلایەك, بەنیسبەت ئەو بابەتەی کە کاك دکتۆر ئاماژەی پێدا, ئەوە لێرە لە قانونەکە خۆی دەڵێ (یعفی کافة الاشخاص), ئەوجا شەخصەکە عەرەب بێت, تورکمان بێت, مەسیحی بێت, ئیسلام بێت, دیان بێت, یەزیدی بێت, ئەوە هەموویان مەشمولن و, سێیەمیش حاڵەتەکە جەوازییە, ئەگەر خەڵك رازیە بەو وەزعەی کە ئێستا پێی مورتاحە, موستەفیدە, کەیفی خۆیەتی, کێ مانعی ئەوەیە کە بگەڕێتەوە سەری, سوپاس.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕەئی من حسن نییە, شەخصی مەعنەوی عەفو ناکات لە عقوبە، حوسنی نییە لە قەزایەی عقوبات فەرقی هەیە لەگەڵ قەزایەی مەدەنی، یەکێك مەعلوماتی خیلافی قانون بێت، مەسەلەن پێی دەڵێین درۆیە تەقدیمی جیهەتێکی رەسمی کرد بێت ئیعتیادی عقوبەی لەسەرە، بە رەئی من لە ناحیەی قانونی، لە ناحیەی قەزائی عەفو نابێت لە مەسئوولیەتی قانونی، لەبەر ئەوە چونکە ئەگەر عەفو بکرێتن باشە خۆ موحتاجیمان بەو نەصە نییە، یەکێك بچێت منداڵێك بەناوی خۆی تەسجیل کرد بێت، ئەوەش حوسنی نییەتە، مادام حوسنی  نییەتە لێرە دابنێین و عەفوی بکەین لە مەسئوولیەت، من دەڵێم مەوزوعەکان ئەوەی خیلافی قانونە، مەوزوعی سجلی تەسجیل کردنی ناوی منداڵەکان بە تەنیا نییە.

دووەم/ زۆر وەقائیعی زیاتر هەبێت، ئێمە ئاگامان لێ نەبێت، یەکێك بۆ پاراستنی ماڵ و موڵکی یەکێك، لەوانەیە چوو بێت درۆ لەگەڵ دائیرەیەکی کرد بێت، ئەوە قانونەن مەسئوولە، ئینجا موحاسبەی دەکەن، یان موحاسبەی ناکەن، ئەوە مەوزوعێکی ترە، دوور نییە شتێکی تر هەبێت لە مەسائیلی قەسام و ویصایەو قەیمومە مەجبور بێت بۆ پاراستنی ژیانی یەکێك درۆی لەگەڵ مەحکەمە کرد بێت، یان لەگەڵ ئەجهیزەی تر کرد بێت، لەبەر ئەوە بە رەئی من داکو ئێمە مەجالێك نەدەین خەڵکێکی تر تووشی مەسئوولیەت بێت، مادام هاتینە سەر مەوزوعەکە، ئەگەر مەوزوعەکە ئیسارە نەکرا بێت موحتاجیمان بە هیچ نییە، بەس تەحاشی ئەوە بکەین، چۆن سبەی خەڵکێك مەسئوول بێت، یان جارێکی تر تەعدیلی ئەو قانونە بکەین، بە رەئی من قانونێکی وا دابنێین شمولی هەموو ئیحتیمالاتی موستەقبەلی بکەین, حەسر نەکەین لەسەر تەسجیلی منداڵ بە تەنیا، با تەسجیلی منداڵیش نەصێکی خۆی هەبێت، بەس بە رەئی من ئێمە ئیقتیراحی ئەو نەصەمان کردووەو شاملی خەڵکێکی تر بەشێوەیەکی فراوانتر، داکو موحتاج نەبین سبەی بەرامبەر کێشەیەکی تر راوەستین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

فەرموو كاك عەونی.

**بەڕێز عونی كمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەشێك لە رەئی بەڕێز كاك فرسەت تەواوە، بەڵام سەبارەت بە قەصدی جینائی، قانونی عقوبات تەعریفی قەصدی جینائی كردووە لە ماددەی (33) دەڵێت (القصد الجرمي/ هو توجیه الفاعل بارادته الى ان إرتكاب الفعل المكون للجریمة هادفاً الى نتیجة جریمة التي وقعت او بایة نتیجة جرمیة اخرى)، ئەوە تەعریفێكی وازیحە، مەبەست لێرە ئەوەیە كە جەریمە كراوە بە هەدەفێكی خراپی، بەڵام لێرە حوسنی نییە مەوجودە، هاوكاری مەوجودە، ئیشی باش كراوە، نەك ئیشی خراپ، تەزویری كردووە هەر بۆ ئەو مەوزوعە چاكەكەی، نەك بۆ خراپەكەی، واتا بۆ جەریمەكە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك فرسەت وەڵامی هەیە.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت من و كاك عەونی، ئیشێكی زۆر باشی كردووە، ئیشێكی وەتەنی كردووە، بەنیسبەت قەرارات و قەوانینی پێشوو جەریمەی كردووە، یەكێكی لە ئەنفال نەجات داوە، یەكێك لە حاڵەتێكی تری موعەیەن نەجاتی داوە، قەوانین و حكومەتی پێشوو نەزەری بۆ ئەو خەڵكە نەزرەی ئیجرام بووە، ئاخر مەوزوعەكە ئەوەیە، ئێمە باسی قانونێك دەكەین پێش ئێستا نافیزی مەفعول بوو، بە نەزەری من ئیشێكی وەتەنی كردووە، بەس ئەوەی تەسجیلی منداڵی یەكێك بەناوی خۆی كرد بێت بە حوسنی نیەتی كردووە، بۆ تەحقیق كردنی ئیشێكی مەشروع لە ناحیەی سیاسی، بەس لە ناحیەی قانونی مەسئولیەتی لەسەرە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

دەزانی چۆنە، ئەگەر ئیجازە بدەن، خۆی پێویست ناكات بنووسرێت حوسنی نیە، تۆ لێرە قانون دەردەهێنێت بۆ ئەوەی عەفوی بكەیت لەو مەسئولیەتە، دەڵێ (یعفى كافة الاشخاص ممن یسجل اولاد المشمولین باحكام هذا القانون بأسمائهم من المسائلة القانونیة ویعاد تسجلهم بأسماء والدین المشرعین بناءاً على طلب مقدم من ذوي المصلحة او من ...) شتەكە زۆر وازیحە، ئەگەر لیژنەی مافی مرۆڤ، كە پێموایە ئەو نەصە بە یەك ماددە تەعبیر دەكاتن موقتەرەحی خۆی سەحب بكات، دەتوانم ئەوەی بخەمە دەنگدانەوە.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە پێمان وایە بۆ بەهێزی مەسەلەكە جیا بێت باشترە، یەعنی ئەو خەڵكانە ئیعفا بكرێت لەو تۆمەتە قانونیە، ئەگەر كەلیمەكە جائیز بێت، ئەوە یەك.

دوو/ ئەمانە بەناوی خۆیانەوە تەسجیل بکرێن، یەعنی تۆ ئەسڵی فەحوای قەرارەکەو فەحوای ئەو قانونەش کە لیژنەی قانونی ئیقتیراحیان کردووە, فەحوایەکە لە بەینی ئەو دوو کەلیمە دایە، لە بەینی ئەم دوو مەسەلە گرنگە دایە، ئەمانە بەناوی خۆیانەوە تەسجیل بکرێن، ئەو خەڵکەش عەفو بکرێت، بۆچی دەیکەیت بە ماددەیەك؟ ئەی بۆ جیای ناکەیتەوە؟ لەبەر بەقوەتی، بەهێزتر دەبێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە قەناعەتی شەخصی خۆم نەصەکە لە جێگای خۆی هاتووە بەبێ دەستکاری کردن، موعالەجەی هەموو قەزیەکانی کردووە، ئەگەر بخوێنیەوە دەڵێت (یعفى کافة الاشخاص ممن سجل بأسماءهم اولاد المشمولین بأحکام هذا القانون) (مشمولین بأحکام هذا القانون) کێیە؟ کەسوکاری شەهیدان و ئەنفالکراوەکانە، ئەوە یەك.

ئەگەر مەسەلە حاڵەتەکانی دیکە بێت، ئەگەر مەعلوماتێکی درۆ بێت و ئیستیغلالی مەسەلەکەی کرد بێت، ئەوە مەعفی نییە لە مەسئوولیەتی جینائی بە حەقیقەت، ئەوەی کە مەعفیە لە مەسئوولیەی جینائی ئەوانەیە کە لەو مەسەلەیەو ئیعفا لە مەسئوولیەی جینائی بە قانونێك واریدە بە قەناعەتی من، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر لیژنەی یاسایی پێی وایە هەر دەبێت یەك ماددە بێت، موسیڕە لەسەر ئەوەی کە یەك ماددە بێت، لەبەر ئەوە دەیخەمە دەنگدانەوە، یەك ماددەکەتان پێ باشترە، ئێستا رەئی لیژنەی قانونی دەخەمە دەنگدانەوە، ئەگەر دەنگی نەهێنا ئەو وەختی دەگەڕێینەوە بۆ لیژنەی مافی مرۆڤ، کێ لەگەڵ موقتەرەحی لیژنەی قانونییە کە خوێندمانەوە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بە زۆرینەی دەنگ وەرگیرا، ئەوەی تۆ دەڵێیت کاك سەردار لە موقتەرەحێکی تردا هاتووە، لێرە جێی نابێتەوە، ماددەی چوار تکایە، ئەوە ئیقتیراحی تۆ و کاك فرسەتە، ئەگەر موقتەرەحەکە قەبول کرا ماددەیەکی تازە دەبێت، ئەگەر لیژنەی یاسایی پێی باش بێت، دەبێت ئەو موقتەرەحە لێرە بێتن، چونکە موقتەرەحێکی تازە هاتۆتە پێش، ئەوەی کە بە نووسین پێتانماندا، کاك عەونی ئەوە ئەگەر بخرێتە ماددەی چوار، پێش ئەوەی بگەینە ئەوەی تر، موقتەرەحێکە لە خیلالی موناقەشە لەلایەن ئەندامێکی پەرلەمان و سکرتێری پەرلەمان تەقدیم کرا، ئەگەر ئێستا بیخوێننەوە، ئەو موقتەرەحەی کە تازە هاتۆتە پێش لە خیلالی موناقەشە، کە دەبێت ماددەیەکی تر هەبێت، کاك عەونی بیخوێنەوە.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**(يعفى ذوي المشمولين بأحكام هذا القانون والمتعاونين معهم من المسائلة القانونية اذا كانوا قد تقدموا لجهات رسمية بمعلومات غير صحيحة حفاظاً على حياة او مصالح المشمولين بهذا القانون).**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

**بۆ ئەوەی وازیح بێت زیاتر، ماددەی پێشوو كە دەنگتان بۆدا ئیعفای هەموو كەسەكان بوو لە تەسجیل كردن، ئەویتر بۆ هەر مەعلوماتێكی دابێت، بۆ پاراستنی ژیانی منداڵی ئەنفال و شەهیدەكان، لەوەشدا موسائەلەی قانونی بەدوایدا دێت، ئیقتیراحێكی زۆر بە جێیە، ئەگەر كەس ئیعتیرازی نییە، ئیعتیرازت هەیە, فەرموو.**

**بەڕێز د.ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**بۆ خۆی موشارەكەی كردووە لە ئەنفال كردنی ئەو كەسوكارانەی ئێمە، بەلآم دواییش هاتووە منداڵەكەی تەبەنی كردووە، تەبعەن ناڵێت من بەشداریم كردووە لەو ئەنفالە، ئەو چی لێ دێت؟**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

**ئێمە كە باس دەكەین دەڵێین لەو ئیشە، كابرایەك ئەگەر قەتلی كرد بێت لەسەر قەتلەكە دەگیرێتن، بەلآم زەلامەكی تەسجیل كردووە، لە تەسجیلەكە عەفو دەكرێت، بەلآم لە ئەنفالەكە موحاكەمە دەكرێت، ئەگەر توانیتان بیكەنە كوردی، بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدانەوە، مامۆستا كاكە، مادام وایە لەسەر عەرەبیەكە تەصویتی لەسەر دەكەین، دوایێ تەرجومەی دەكەین، عەرەبیەكە بخوێنەوە، بۆ ئەوەی دەنگی لەسەر بدەین.**

**بەڕێز عونی كمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**المادة الرابعة:**

**يعفى ذوي المشمولين بأحكام هذا القانون والمتعاونين معهم من المسائلة القانونية اذا كانوا قد تقدموا لجهات رسمية بمعلومات غير صحيحة حفاظاً على حياة او مصالح المشمولين بهذا القانون.**

**بەڕێز كريم بحرى عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**ماددەی چوارەم:**

**لە كەسوكاری ئەوانەی ئەو یاسایە دەیانگرێتەوە لە لێپرسینەوەی یاسایی دەبووردرێن، ئەگەر زانیاری ناتەوایان پێشكەش بە لایەنە فەرمیەكان كرد بوو، بۆ پارێزگاری لە ژیانیان، یان بەرژەوەندی ئەو كەسەی كە ئەو یاسایە دەیانگرێتەوە.**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەو ماددەیە دەخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەزۆرینەی دەنگ وەرگیرا، ماددەی چوار کە دەبێتە پێنج تکایە بخوێننەوە.

**بەڕێز عونی كمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الخامسة:

يعفى المشمولون بأحكام هذا القانون من الرسوم العدلية ورسم الطابع والغرامة المنصوص عليها في القوانين النافذة.

**بەڕێز كريم بحرى عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی پێنجەم:

ئەوانەی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەیانگرێتەوە لە باجی دادو پول و باجی هاتوو لە یاسای کار پێکراو دەبووردرێن.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جەنابی وەزیر ئەوە ماددەیەکی تازەیە، موافیقی لەسەری، کاك محەمەد فەرەج مولاحەزەت هەیە لەسەر ئەو ماددەیە.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

نەخێر مولاحەزەم نییە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وابزانم ئەوە ماددەیەکی تەبیعییە، هەموو لە رسومی عەدلی و رەسمی پول و غەرامە عەفو دەکرێن، ئەوانەی کە مەشمولن بەو قانونە، دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ئەو ماددەیە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ وەرگیرا، بڕۆ بۆ ماددەی شەش.

**بەڕێز عونی كمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة السادسة:

على وزارة شؤون الشهداء والمؤنفلين اصدار التعليمات اللازمة لتسهيل تنفيذ احكام هذا القانون.

**بەڕێز كريم بحرى عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی شەشەم: ماددەیەکی زیادە کراوە

لەسەر وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوەکانە ڕێنمایی پێویست بۆ ئاسان کردنی جێ بەجێ کردنی حوکمەکانی ئەو یاسایە دەربکات.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوەش ماددەیەکی تەبیعییە لە هەموو قانونەکاندا هاتووە، دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بە کۆی دەنگ وەرگیرا، ماددەکەی تر تکایە.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە ئەسڵی پرۆژەکەدا.

چوار: پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران حوکمەکانی ئەم بڕیارە جێ بەجێ بکات.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ڕەئی لیژنەی قانونی.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة السابعة: علی مجلس الوزراء تنفيذ احكام هذا القرار.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لیژنەی یاسایی صیاغەکەی گۆڕیوە، ئێستا وای لێهاتووە:

المادة السابعة: على مجلس الوزراء الوجهات ذات العلاقة تنفيذ احكام هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

موقتەرەحی لیژنەی یاسایی بۆ ئەو ماددەیە وەکو هەموو یاساکانی ترە، دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بە کۆی دەنگ وەرگیرا، بڕۆ بۆ ماددەی تر.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێنج/ کار بە هیچ دەقێك ناکرێت گەر لەگەڵ حوکمەکانی ئەم بڕیارە ناکۆك بێت.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

ڕەئی لیژنەی یاسایی تکایە.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الثامنة:

لا يعمل بأي نص قانوني او قرار يتعارض مع احكام هذا القانون.

**بەڕێز كريم بحرى عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی هەشتەم:

کار بە هیچ دەقێکی یاسایی یان بڕیارێك ناکرێت لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایەدا هاودژ بێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەم ماددەیە دەخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ وەرگیرا، بڕۆ بۆ ماددەی تر.

**بەڕێز كريم بحرى عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

شەشەم/ ئەم بڕیارە لە ڕۆژی بڵاو کردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی وەقائیعی کوردستاندا جێ بەجێ دەکرێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی یاسایی.

**بەڕێز عونى كمال سعيد بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة التاسعة: ينفذ هذا القانون اعتباراً من تاريخ نشره في الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان).

**بەڕێز كريم بحرى عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی نۆیەم: ئەم یاسایە لە ڕۆژی بڵاو کردنەوە لە ڕۆژنامەی فەرمی وەقائیعی کوردستان دەخرێتە کاری جێ بەجێ کردنەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەم ماددەیەش دەخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ وەرگیرا، پرۆژەکە هەمووی دەخەمە دەنگدانەوە، تاوەکو وەکو قانون دەربچێت، کێ لەگەڵ ئەم پرۆژەیە بۆ ئەوەی وەکو یاسایەك دەربچێت دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ وەرگیرا، زۆر سوپاس، پیرۆزە، پێش ئەوەی دانیشتنەکەمان تەواو بکەین قسە دەدەمە خاتوو چنار, فەرموو.

**بەڕێز چنار سعد عبدالله/وەزیری شەهیدان و ئەنفالکراوەکان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەناوی وەزارەتی شەهیدان و ئەنفالکراوەکان زۆر سوپاسی سەرۆکایەتی پەرلەمان دەکەم، زۆر سوپاسی برادەران لیژنەی یاسایی و لیژنەی مافی مرۆڤ، هەروەها هەموو ئەندامانی پەرلەمان دەکەین، کە هەوڵیاندا ئەو پرۆژەیە دەربچێت و دەنگیان لەسەرداو پشتگیریان کرد، پیرۆزباییش لە کەسوکاری شەهیدان و ئەنفال و کیمیاباران و شەهیدان دەکەین، چونکە ئەوە بەڕاستی ساڵانێکی دوورو درێژە کێشەیان هەیە، ئەوە دەرگایەکی باشی کردەوە، بۆ ئەوەی کێشەکانیان چارەسەر بکرێت، بەڵام من داواکاریەکم هەیە وەکو وەزارەت، تەبعەن ئەرکی سەرەکی پەرلەمان تەشریعە، یاسادانانە، بەڵام ئەرکەکەی دووەمی موراقەبەو چاودێری کردنە، هیوادارم چاودێری دەسەڵاتی تەنفیزی بکەن لە جێ بەجێ کردنی ئەم یاسایە، دەرچوونی ئەم یاسایە کافی نییە، پێویستە چاودێری بکەین هەر چەند چاودێری هەبێت لە هەموو ئەو شوێنانە، داوا لە ئەندامانی پەرلەمان دەکەم، بەتایبەتی ئەوانەی لەو شوێنانەن, لەناوچەی ئەنفالکراوەکانن، ئەو بەدواداچوونە بکەن بۆ ئەو مەسەلەیە لە کاتی پێویست لێپرسینەوە بکەین، زۆر سوپاس دووبارە بۆ هەموو لایەك.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، پێش ئەوەی کۆتایی بە دانیشتنەکە بهێنین، دیارە (24)ی مانگ مەحکەمەی ئەنفال بڕیاری خۆی دەداتن لەسەر ئەو تاوانبارانە، لە دانیشتنی مەحکەمەکەدا ئێمە دەتوانین سێ کەس بنێرین، بۆ بەشداری کردن، جێگا گیراوە بۆ سێ پەرلەمانتار تەرخان کراوە، ئەگەر بکرێتە چوار باشترە، من بەپێی ئەوەی کە پێشتر هینمان کردووەو پەیوەندیدارە، کاك حاتەم لەگەڵ کاك دکتۆر کەمال و کاك فرسەتیش باسمان کرد، کاك محەمەد فەرەج، گوڵناز خان، یەکێکی قانونیش دوایێ بەرێکەوتن لەگەڵ لیژنەی قانونی ئەگەر کەسێکی تر کاك عادل باشە، کەواتە کاك عادل و کاك محەمەد فەرەج و خاتوو گوڵناز و کاك حاتەم، ئەو چوارە دەنێرین، ناکرێت بخەینە دەنگدان و موناقەشەوە، هەر بە تەقدیرە تەبعەن، مومکینە ڕاست بین، مومکینە غەڵەت بین، بەڵام هەر دەبێت قەرار بدەین، ئەو چوارە داوا لە چنار خان دەکەین ئەوانە لەوێ دابنێتن، بۆ ئەوەی تەرتیبی سەفەرەکەیان بکەن، ئەوە یەك.

دوو/ داوا لە لیژنەی یاسایی و لیژنەی مافی مرۆڤ پێکەوە دەکەم، کە پرۆژەیەك حازر بکەن، بۆ ئەوەی تاوانی ئەنفال و کیمیاباران لێرەدا بخرێتە بەردەمی ئێوە، وەکو جینۆساید بناسرێن، لەبەر ڕۆشنایی بڕیاری ئەو مەحکەمەیەش، کە دەبێتە بەڵگەیەکی تر لە ناحیەی سیاسی و لە ناحیەی هەموو شتێك بەڵگە هەیە، بەڵام ئەو قەرارە کە دەردەچێت، دەبێتە بەڵگەیەکی قانونی، تەبعەن ڕەئیەك هەبوو کە عەینی ڕۆژ کۆ ببینەوە، بەڵام هەتا قەرارەکە قەراری قەتعی وەرنەگرێت وەختی تایبەتی خۆی دەبێت، هەتا ئەو کاتی جێ بەجێ کردنی، ئێمە وەکو بەڵگە ناتوانین ئاماژەی پێ بدەین، بەڵام لە ئێستاوە ئەو پرۆژەیە دەبێت حازر بێت، دواتر دەبێت بەرنامەیەك دابنێین، وەکو داواکاری هەموو خەڵکی کوردستان هەوڵ بدەین پێکەوە پاش ئەوەی قەرار لێرە پەسند کرا، لەگەڵ هەموو لایەنانی دۆست لە دنیادا ئیش بکەین، بۆ ئەوەی ئەو

بڕیاره ببێته بڕیارێك ئەو تاوانانه بناسرێنەوه وەكو تاوانێكی جینۆساید بەرامبەر بە گەلەكەمان، ئەوەش كەمترین شته كه بتوانین بیكەین، بۆ رەد دانەوەی ئەو تاوانه گەورانەی بەرامبەر بە گەلەكەمان كراوەو زیندوو بێتەوه ئەو تاوانانه، نەك بە تەنیا لە كوردستاندا، لە هەموو دنیا وەكو جینۆسایدەكانی تر، كە ئێستاكە باس دەكرێت بەرامبەر بە گەلەكان كراوه لە شەڕی یەكەم و دووەم، ئومێد دەكەم هەموو لایەكمان بایەخێكی تەواو بەو مەسەلەیه بدەین، كۆتایی بە دانیشتنەكەمان دەهێنین، دانیشتنی تر ئاگادارتان دەكەینەوه بەپێی ئەو بەرنامەیەی كە حازر دەكەین، زۆر سوپاستان دەكەم بەخێر بێن سەرچاوان.

فرست احمد عبدالله
سكرتێری ئەنجومەنی نیشتمانیی
كوردستان – عێراق

محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی)
جێگری سەرۆكی ئەنجومەنی نیشتمانیی
كوردستان – عێراق

عدنان رشاد مفتی
سەرۆكی ئەنجومەنی نیشتمانیی
كوردستان - عێراق

# ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (28)**

**سێ شەممە رێکەوتی 26\6\2007**

**خولی دووەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (28)

## سێ شەممە ڕێكەوتی 2007/6/26

كاتــژمێر (11)ی ســەر لــە بــەیانی ڕۆژی ســێ شــەممە ڕێكــەوتی 2007/6/26 ئەنجومــەنی نیشــتمانیی كوردستانی عێراق بە سەرۆكایەتی بەڕێز عدنان ڕشاد مفتی سـەرۆكی ئەنجومـەن و, بـە ئامـادەبوونی بـەڕێز

**محمد   قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی) جێگری سەرۆك و، بەڕێز فرست أحمد عبدالله سكرتێری ئەنجومەن، دانیشتنی ژمارە (28)ی خولی دووەم، ساڵی (2007) ی خۆی بەست.**

**بەرنامەی كار:**

**بەپێی حوكمەكانی برگە (1)ی مادده (20) لە پێڕۆی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەمواركراوی ساڵی 1992ی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق، دەستەی سەرۆكایەتی ئەنجومەن بڕیاردرا دانیشتنی ژمارەی (28)ی خولی گرێدانی یەكەمی ساڵی سێیەمی خولی هەڵبژاردنی دووەمی پەرلەمانی كوردستان – عێراق، بەرنامەی كار بەم شێوەیە بێت:**

**1- خوێندنەوەی یەكەمی یاسای بودجەی هەرێمی كوردستان – عێراق لە 2007/1/1 تا 2007./12/31**

**2- خوێندنەوەی یەكەمی پرۆژەی یاسای وەزارەتی كاروباری پێشمەرگە.**

**3- خوێندنەوەی یەكەمی پرۆژەی یاسای سندوقی پشتگیری و هاوكاری خانەوادەی شەهیدان.**

**4- خستنەروو و گفتوگۆكردنی تێبینیەكانی بەڕێز سەرۆكی هەرێمی كوردستان لەسەر برگەی (2)ی ماددەی سێیەم لە یاسای وەزارەتی داد.**

**5- خستنەروو وگفتوگۆكردنی پرۆژەی یاسای داواكارێتی گشتی.**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

**بەناوی گەلی كوردستان دانیشتنی ئەمڕۆمان دەكەینەوە، بەرنامەی كار:**

**بەپێی حوكمەكانی برگە (1)ی مادده (20) لە پێڕۆی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموار كراوی ساڵی 1992ی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق، دەستەی سەرۆكایەتیی ئەنجومەن بڕیاریدا بەرنامەی كاری دانیشتنی ژمارە (28)ی خولی دووەمی هەڵبژاردن لە كات(11)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی سێ شەممە رێكەوتی 2007/6/26دا بەم شێوەیە بێت:**

**1- خوێندنەوەی یەكەمی یاسای بودجەی هەرێمی كوردستان – عێراق لە 2007/1/1 تا 2007./12/31**

**2- خوێندنەوەی یەكەمی پرۆژەی یاسای وەزارەتی كاروباری پێشمەرگە.**

**3- خوێندنەوەی یەكەمی پرۆژەی یاسای سندوقی پشتگیری و هاوكاری خانەوادەی شەهیدان.**

**4- خستنەروو و گفتوگۆكردنی تێبینیەكانی بەڕێز سەرۆكی هەرێمی كوردستان لەسەر برگەی (2)ی ماددەی سێیەم لە یاسای وەزارەتی داد.**

**5- خستنەروو وگفتوگۆكردنی پرۆژەی یاسای داواكارێتی گشتی.**

**ئەمە بەرنامەی كارمانە، سەرەتا بەخێرهاتنی بەڕێز كاك فاروق جمیل وەزیری دادو بەڕێز كاك سعد وەزیری هەرێم بۆ كاروباری پەرلەمان دەكەم، زۆر بەخێر بێن سەرچاو، پێش ئەوەی بەرنامەكەمان دەست**

پێ بکەین، ئاماژە بەو بڕیارەی مەحکەمەی ئەنفال دەکەین، کەبەرامبەر بە تاوانبارانی بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی، جێبەجێکردنی پرۆژەی دژ بە گەلی کوردستان، کە ناسراوە بە عمليات الانفال دەکەین، کە مەحکەمە بڕیارەکانی خۆی پێش دوو رۆژ ئیعلان کرد، ئەو تاوانبارانەی کە بەشدار بوون لەو پرۆسەیە، کە سێیانیان تاوانباری گەورەن، بەحوکمی ئیعدام ئیعلانیان کرد، دوانیان بەحوکمی موئەبەد، یەکێکیانیان ئازاد کرد، بەمەش حەقیقەتێکی سەلماند کە لەمێژوودا، هەمیشە دووپات بووەتەوە، ئەویش ئەوەیە، تاوانباران هەر دەبێت بگەنە سزای خۆیان، بەسزای گەل، گەلانی ئازادیخوازیش هەمیشە گەورە ترن لە دیکتاتۆرو موجیرم و تاوانباران، زەمەن چەند بخایەنێتن راستیەکان هەر دەردەکەون، ئەوانەی تاوانبارن دەگەنە سزای خۆیان بەسزای گەل و سزای خواش، خوای گەورە کە ئێمەی خەڵق کردووە، رێگاشی پێ نیشان داوین، کە نابێ زوڵم بکەین وە نابێ زوڵمیش قبوڵ بکەین، ئەوانەی زوڵم دەکەن، هەر جێیان دۆزەخ و جەهەنەمە، لە دونیاشدا لە خەباتی گەلان دەگەنە سزای خۆیان، دڵدانەوەیەکی زۆر بوو بۆ گەلەکەمان، بە ئیعلان کردنی ئەو بڕیارە، چاوەڕوان بوو گەلی کوردستان، هەمووی چاوەڕوان بوو، بەمەش هەموو دونیا تێدەگاتن کە رژێمە دیکتاتۆرەکان چەند بەهێز بن، چەند بەقوەت بن، لە کۆتاییدا هەر دەکەونە ژێر پێی میللەت، هەر دەکەونە ژێر پێی گەل، پەندێکی زۆر گەورەیە بۆ  هەموو دونیا، وەکو پەندەکانی تر، لە تاوانەکانی لە مێژوودا رووی داوە، ئەمەش پەندێکی ترە بۆ ئەوەی کە دەستەڵات بگاتە دەست هەرکەس کە بیر بکاتەوە لە دەورو پشتی خۆی، لە لەمێژوودا رووی داوە، بۆ ئەوەی بەعەدالەت لەگەڵ میللەتی خۆی و میللەتانی دونیا، لەگەڵ بەرامبەر رەفتار بکاتن، ئومێد دەکەین کە گەلەکەمان جارێکی تر تووشی هیچ کارەساتێکی تری وا نەبێتەوە، دوژمنانمان ئەوەیان لەپێش چاو بێتن، لە رەفتار کردن لەگەڵ میللەتی ئێمە، جارێکی تر بیر نەکەنەوە بەو شێوەیە فێڵ بکەن، قبوڵمان بکەن وەکو خۆمان کە هەین، ئێمە لەسەر خاکی خۆمانین، زوڵمان لەکەس نەکردووە، خاکی کەسیشمان داگیر نەکردووە، زوڵمیش لەکەس ناکەین، هەمیشە تەعەداو زوڵم قبوڵ ناکەین، دەیان هەزار قوربانیمان داوە، ئەم میللەتە ئامادەشە، بەو شێوەیە رووبەرووی هەموو پیلانەکانی دوژمن بێتەوە، بەڵام ئومێد دەکەم کۆتایی هاتبێت بەو جۆرە رەفتارە بەرامبەر بە گەلی کوردستان، گەلەکەشمان کە ئێستا شادە بەو سەرکەوتنانەی کە پاشی راپەڕینە مەزنەکەی ساڵی 1991 بەدەست میللەت ئەنجام دراوە، ئینشاالله بەهاوکاری هەموو لایەك، بە هیمەتی هەموو لایەك، بەیەك ریزی گەلەکەمان، دەیپارێزین، ئەو کۆمەڵگایە بەرەو پێشەوە دەبەین، ئایندەی نەتەوەکەمان، ئایندەیەکی پڕ ئیستقرارو سەرفرازی دەبێتن، سەرکەوتن بەدوای سەرکەوتن بەدەستەوە دێت، بەڵام هەمووی بەندە بەوەی کە خۆمان چۆن کاردەکەین، خۆمان چۆن خەبات دەکەین، چۆن رەفتار دەکەین، گەلەکەمان چەند بەرەوپێشەوە دەڕواتن لە کۆمەڵگای مەدەنی، لەدابین کردنی ئازادی وداد پەروەری،  ئێمە بۆ رۆژی مەحکەمەکە ژمارەیەك لەئەندامانی پەرلەمان، بەشداریان کرد لە چاودێری کردن ولەوێدا ئامادە بوون، لەکاتی ئیعلان کردنی ئەو بڕیارە، بۆیە داوا لە کاك محمد فەرەج دەکەم، کە بێت ئەو راپۆرتە کورتەی کە هەیەتی لێرەدا بیخوێنێتەوە، بۆ ئێوە با بفەرموویت ئەگەر چی لەزیمنی بەرنامەشدا نەبوو، بەڵام لەبەر

ئەوەی ئەم رووداوە رووداوێکی مێژووییە، گرنگە بۆیە بە ئیجازەی ئێوە ئەو دەستەڵاتە دەدەمە خۆم لەبەرنامە دەردەچم، بۆ چەند ساتێك، چونکە ئەم حەدەسە، حەدەسێکی گرنگە، سوپاس.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان.**

(ولاتحسبن الله غافل عما يعمل الظالمين).

خوشك و برایانی پەرلەمان دوای ئەوەی پەرلەمانی کوردستان بڕیاری ناردنی وەفدێکی دا بۆ بەشداری لە دانیشتنی دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق لە رۆژی 2007/6/24 بۆ گوێبیستی بڕیاری کۆتایی، دادگا لەسەر ئەو شەش تاوانبارانەی کە دەوری ئەساسیان هەبووە لە تاوانی ئەنفالدا وەکو وەجبەی یەکەمی ئەو تاوانە گەورەیە، بڕیارەکانی دادگای باڵای تاوانەکان بەم جۆرەی خوارەوە بوو:

1- بەردانی تاوانبار تاهیر العانی لەبە رنەبوونی بەڵگەی تەواوی تاوانبارکردنی.

2- سزادانی هەتا مردن(مدی الحیاة)بەسەر دوو لە تاوانباران صابر الدوری و فرحان الجبوری.

3- سزای لەناوبردن بەخنکاندن هەتا مردن بەسەر سێ لە تاوانباران(سوڵتان هاشم: بەسێ جارو چەند جارێك زیندانی هەتاهەتایی و درێژخایەن، حسین رەشید بەهەمان شێوە، علی حسن(علی کیمیاوی) پێنج جار لە سێدارەدان و چەند جار زیندانی ( 15-10-7-5)ساڵ زیندانی و هەتاهەتایی سزا درا، بەڵام لە قورسترین سزاوە لەسەریان دەست پێ دەکرێت.

دادگای باڵای تاوانەکان لە سزای ئەو تاوانبارانەدا پشتی بە ماددەکانی (11-12-13)بەستووە.

1-ماددەی 11 تاوانەکانی کۆمەڵکوژی( جرائم الابادة الجماعية) ئەم ماددەیە 5 برگەیەو تەنها سێ بڕگەی ئیسپات کراوە.

2- ماددەی 12تاوانەکانی دژ بە مرۆڤایەتی( جرائم ضد الانسانية) کە 12 بڕگەیەو تەنها 7 بڕگەی ئیسپات کراوە.

3- ماددەی 13 تاوانەکانی جەنگ دەگرێتەوە( جرائم الحرب) کە 55 بڕگەیەو تەنها 15 بڕگەی ئیسپات کراوە.

4- لەخوێندنەوەی سزاکان دا تاوانبارەکان توانای قسەکردنیان نەبوو، ئەوەیشیان قسەی دەکرد بەخراپی بەسەریاندا دەشکایەوە.

5- رێورەسمی سەپاندنی سزاکان بەسەر تاوانباراندا بەشێوەیەکی زۆر سروشتی و لەبەرژەوەندی قوربانیانی ئەو تاوانە چەپەڵە بوو، کە ئەوە بۆ خۆی خاڵێکی زۆر گرنگ و جەوهەری ئەو دادگایی کردنە بوو.

چالاکی دووەم: بینینی جێگری سەرۆکی حکومەتی عێراقی فیدراڵ، لەسەر چەند مەسەلەیەکی گرنگی کوردستانی گفتوگۆمان کرد لەوانە:

1- جێبەجێکردنی ماددەی 140 لەکات و وادەی خۆیدا، جەخت لەسەر ئەوە کرایەوە کەهەمووان پێ لەسەرئەو حەقیقەتە دابگرن و هەر کەمتەرخەمی وپاشگەزبوونەوەیەك لەجێ بەجێکردنی ئەو ماددەیە بەشکاندنی دەستووری بزانرێ و، دەبێ ئەوان تەحەمولی دەرەنجامەکانی ئەو پاشگەزبوونەوە بکەن.
2- گەیاندنی داواکاری خەڵکی کوردستان بە گشتی و کەسوکاری سەربەرزی شەهیدان و کیمیاباران و ئەنفال وتەواوی رێکخراوەو کۆمەڵەکانی تایبەت بە ئەنفال و کیمیاباران کەداوای جێبەجێکردنی سزای لەناوبردنی تاوانبار عەلی کیمیاوی لەهەڵبجەی شەهید بکرێت، کە حکومەتی بەغدا هیچ مانعێکی یاسایی و سیاسیان نیە، تەنها ترس لەوەی وەکو لە سێدارەدانەکەی صەدام حوسێنی لێبێت.
حەقیقەتێکی تر ئەوەیە 423 تاوانباری تر هەن وەکو وەجبەی دووەمی تاوانەکانی ئەنفال، کە بەداخەوە ژمارەیەك لەوانە کوردن، ئەوانە هەیانە ئێستا لە پۆستی بەرزدان.
بەڵام هەموو ئەوانە فەرمانی گرتنیان بۆ دەرچووە، بەڵام لەبەرنەبوونی پۆلیسی فیدراڵی لە کوردستان لایەنێك نیە، بەو ئەرکە هەڵبستێ، بۆیە پێویستە پۆلیسی هەرێمایەتی و ئەنترپۆڵ هاوکاری دادگای باڵای تاوانەکان بکات بۆ ئەو مەبەستە.
تێبینیەکان:
1- بوونی دادگایەکی باڵای تاوانەکان لە عێراقی فیدراڵ دا زامنی دادگایی کردنی تەواوی ئەو تاوانبارانەیە کە دەستیان هەبووە، لە تەواوی ئەو تاوانانەی کە دژ بەگەلی کوردستان کراوە.
2- سزادانی ئەو تاوانبارانە بەماددەی 11-12-13 بەڵگەیەکی دیارو ئاشکرای بە جینۆساید ناساندنی ئەو تاوانەیە، کە دەبێ گرنگیەکی شیاو بەو مەسەلەیە بدرێت.
3- لەناوبردنی ئەو تاوانبارانە بەخنکان لەشاری هەڵەبجەی شەهید سەرکەوتنێکی مەعنەویە بۆ گەلی کوردستان وکەسوکاری شەهیدان و قوربانیانی ئەنفال و کیمیابارانی هەڵەبجەو ناوچەکانی تری کوردستان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ کاك محمد فرج بۆ راپۆرتەکەی، من لێرە دووبارەی دەکەمەوە کە لە دانیشتنی پێشووماندا داوامان لە لیژنەی یاسایی و مافی مرۆڤ کرد کە پرۆژەیەك ئامادە بکەن بۆ ناساندنی بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی و ئەنفال وەکو جینۆساید بەرامبەر بەگەلی کوردستان، بەتایبەتی کە ئەم بڕیارەی دادگا کۆتایی پێدێت، ئەم مەرحەلەیە دەگاتە مەرحەلەی کۆتایی بەپەسەند کردن لەدادگای تەمیزەوە تا ئەو کاتە ئەو پرۆژەیە ئینشاالله ئامادە دەبێتن، لەلایەن لیژنەی یاسایی و راپۆرتی لیژنەی مافی مرۆڤ، بەهاوکاری هەردوولایان ئەو پرۆژەیە بێتە بەردەم ئێوەی بەڕێز بۆ ئەوەی وەکو بڕیارێك ئەو تاوانە وەکو جینۆساید لێرەوە بناسێنین، دواتریش هەوڵی یاسایی بدەین لەگەڵ هەموو لایەنەکان لە دونیادا بۆناساندنی ئەو تاوانە لەهەموو دونیادا، بەدواچوونی ئەو کەسانەی کە بەشداریان کردووە لەو تاوانە، داوا لە لیژنەی یاسایی دەکەم، بێن لەشوێنی خۆیان دابنیشن، بۆ دەست پێکردنی بەرنامەی کار، کاك فرسەت ئەیەوێیت

نوقتەی نیزام بگرێتن بەڵام کەدیتی هەموو رازینە کەوا ئەو راپۆرتە لەبەرنامەی کاردا نەبوو، مەسەلەی ئەنفال بۆیە قسەی نەکرد، خۆی بەشەر لەبەشەرێکەوە ئیختلافی هەیە، لەبەر ئەوەی رازی نەبوون قەت مومکین نییە، دوو کەس هەتا سەر پێکەوە رازی بن، 111کەس پێکەوە، دەبێ سێ، چوار کەس بڵێت من رازی نیم، ئەوە تەبیعیە، خاڵی یەکەم لەبەر نامەی کار خوێندنەوەی یەکەمی یاسای بودجەی هەرێمی کوردستانی عێراق لە 2007/1/1 تا 2007/12/13 بە کوردی بیخوێننەوە.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێستا پرۆژەی بودجەی ساڵی 2007 لەلایەن کاك کریم بحری بەزمانی کوردی دەخوێنرێتەوە.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان

بەناوی گەلەوە

ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان ـ عیراق

پشت بە حوکمی برگە (1،5) لە ماددەی (56) لە یاسای ژمارە ( )ی ساڵی (2007) ولەسەر داوای وەزیری دارایی و ئابووری و رەزامەندیی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ـ عێراق، ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان ـ عێراق لە دانیشتنی ژمارە ( )ی رۆژی ( / / 2007)ی خۆیدا، بڕیاری دەرچوواندنی ئەم یاسایەی خوارەوەی دا:

یاسای بودجەی هەرێمی کوردستانی عێراق

بۆ ماوەی 2007/1/1 تاکو 2007/12/31

ماددەی یەکەم: بۆ ساڵی دارایی/2007 گوژمەی تەنیا(7847660) (حەوت ترلیۆن وهەشت سەد وچل وحەوت ملیار وشەش سەد وشەست ملیۆن دینار تەرخان دەکرێ وبەم پێیە خەرج دەکرێ.

1- گوژمەی (2285556)، تەنها (دوو ترلیۆن ودووسەد و هەشتاو پێنج ملیار و پێنج سەد وپەنجا شەش ملیۆن دینار) تەرخان دەکری بۆ خەرجی پرۆژە سەرمایە گوزارییەکان.

2- گوژمەی (5562104)، تەنها ( پێنج ترلیۆن وپێنج سەد وشەست ودوو ملیار و سەدو چوار ملیۆن دینار) بۆ خەرجیەکانی کار پێکردن.

ماددەی دووەم: داهاتی بودجەی ساڵی دارایی/ 2007 بەگوژمەی (181178)، تەنها سەد وهەشتا ویەك ملیار وسەد وحەفتاو هەشت ملیۆن دینار دەخەڵمێندرێ.

ماددەی سێیەم: وەزارەتی دارایی هەرێمی کوردستانی عیراق پارەی حساباتی وەزارەتەکان و بەڕێوەبەرایەتیەکان بە پێی داهاتی دارایی دەگرێتە ئەستۆ.

**ماددەی چوارەم:** سەرۆكی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عیراق بۆی هەیە گوێزانەوە لە ناو بودجەی تایبەت بە ئەنجومەن بكات.

**ماددەی پێنجەم:** وەزیری دارایی دەستەڵاتی هەیە گوێزانەوە لە نێوان پارە تەرخانكراوەكانی یەك دەروازەدا بكات، بەدەر لە فەسڵی مووچەكان كە دەشێ بۆی بگوێزرێتەوەو نابێ لێی بگوێزرێتەوە.

**ماددەی شەشەم:** وەزیری دارایی بۆی هەیە گوێزانەوە لە نێوان پارەی تەرخانكراوی دەروازەكانی بودجەدا بكات بەمەبەستی فەراهەمكردنی توانای خەرج كردن بۆ ئەو بەڕێوەبەرایەتییانەی كە بڕیاری لێك كردنەوەی پەیوەندییان لە وەزارەتێك ولكاندنیان بە وەزارەتێكی تر دەدرێ.

**ماددەی حەوتەم:** وەزیری دارایی دەسەلاتی پێدەدری بۆ خستنە سەری پارەی تەرخانكراوی گشتی پەسند كراوی بودجەی ساڵی دارایی 2007 بەڕێژەی 1٪ لە سەرجەم تەرخانكراوەكانی پەسند كراوی بودجە بۆ ئەم مەبەستانەی خوارەوە:

1- تەرخانكردنی گوژمە پارەی پێویست بۆ بودجەكانی بەڕێوەبەراتییە تازە دروستكراوەكان لە ماوەی ساڵی 2007 دا.

2- خستنە سەری پارەی تەرخانكراوی نوێ بۆ بودجەكانی وەزارەتەكان و بەڕێوەبەرایەتیەكان بۆ باری ناكاوی كە ئەنجومەنی وەزیران بڕیاری لەسەر دەدات.

**ماددەی هەشتەم:** وەزارەتی دارایی وردەكاریی میلاكەكانی سەرجەم وەزارەتەكانی هەرێمی كوردستانی عیراق بۆ ساڵی دارایی 2007 دەگرێتە ئەستۆ و پەسندی دەكات وئەمەش لەبەر رووناكی تێچووی مووچە پەسند كراوەكانی نێو بودجە دەبێت.

**ماددەی نۆیەم:** وەزیری دارایی بۆی هەیە رێنمایی پێویست بۆ دەسنیشان كردنی دەستەڵاتی خەرج كردن بۆ بەڕێوەبەرایەتیەكانی حكومەت دەربچووێنێ لە ماوەیەك كە لە دوو هەفتە لە رۆژی دەرچوونی ئەم یاسایە ڕەت نەكات.

**ماددەی دەیەم:** وەزیری دارایی بۆی هەیە رێنمایی پێویست دەربچوێنێ بۆ ئاسانكاریی حوكمەكانی ئەم یاسایە.

**ماددەی یازدەم:** ئەم یاسایە لە رۆژنامەی فەرمی دا بڵاودەكرێتەوە و لە (رۆژی / /2007) ەوە كاری پێدەكرێ.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ كاك كریم بحری بۆ خوێندنەوەی پرۆژەی یاسای بودجە، بودجەكەش بە تەفصیلاتەوە لەلامانە، من ئەو پرۆژەیە ئاراستەی لیژنەی یاسایی دەكەم، هەروەها لیژنە دارایی، داوایان لێ دەكەم لەماوەیەكی كورتدا، دیراسەتی بكەن، بەتەفصیل بەڕاوێژ لەگەڵ وەزیری دارایی و ئابووری، وەزیری هەرێم بۆ كاروباری دارایی و ئابووری، پێش ئەوەی بخرێتە بەرنامەی كار راپۆرتی لیژنەی دارایی و ئابووری بدرێتە هەموو ئەندامانی پەرلەمان، ئەندامانی پەرلەمانیش لیژنە بەلیژنە ئەوانەی سەر بەوەزارەتەكانن،

بەتایبەتی ڕەئی خۆیان لەسەر ئەو بوارەی کە تایبەتە بەلیژنەکەیان واتە وەزارەتەکە، تاوتوێی لەسەر بکەن، حازری بکەن، بەڕاپۆرت بینووسن، لیژنەکان حازری بکەن، چونکە ئەوە مەسەلەیەکی دەقیقەو حیسابیە، بدرێتە لیژنەی دارایی و ئابووری مولاحەزاتەکانیان، ئینجا لیژنەی دارایی و ئابووری ئەوەی کە بە باشی بزانێت پەسەندی بکاتن، ڕەچاوی دەکاتن لە حازر کردنی ڕاپۆرتەکەی خۆی، جا دێتە ئێرە، ڕاپۆرتی لیژنەی یاسایی و ڕاپۆرتی لیژنەی دارایی و ئابووری دەخوێنرێتەوە، ئەو تێبینیانە کە هەبووە مەجال دەدرێت بەسەرۆکی لیژنەکان تێبینی خۆیان بدەن، هەروەها ئەندامی پەرلەمانیش ئەگەر شتێکی بێتە پێش، ڕەئیەکی هەبێت بۆی هەیە مولاحەزەی خۆی بدات، بەڵام چەند حەقیقەتێك هەیە دەبێ هەمووومان ڕەچاوی بکەین، ئێمە ئێستا لەکۆتایی مانگی شەشین، واتە شەش مانگ لەو میزانیە سەرفکراوە جێبەجێ بووە، دواکەوتووە دواکەوتنی بودجەکە چەندین جاریش باسمان کردووە، بەهۆی ئەوە بووە کەلەبەغدا دواکەوتووە، سێ چوار مانگ لەبەغدا لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانی بەغداوە دوایی چووە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقەوە لەوێش نەختێکی پێ چوو، تاوەکو پەسەند بکرێت، لێرەش ئێمە تەبعەن زەرووری بوو کە جارێکی تر پاش ئەوەی کە پەسەندکرا، ڕێژەیی بودجەی کوردستان دیاری کرا لەبەر ڕۆشنایی ئەو پەسەندکردنەی لە بەغداوە وەزارەتی دارایی وئابووری داوا لەهەموو وەزارەتەکان بکاتن، لەبەر ڕۆشنایی ئەو واقیعیەتە، زانینی ڕێژەی بودجەکە یەك هەر وەزارەتێك چیە بودجەی خۆی، هەمواری میزانیەکەی بکات، کەوا پێشنیاری کردبوو پێشتر، بۆیە لێرەشدا ماوەیەك دواکەوت، بەڵام لەکۆتاییدا ئەوە گەیشتۆتە لامان و ئومێد دەکەم ئەوە سەرەتایەکی باش بێت، لە شەفافیەت و لەوەی کە ئێوە هەموو برگەکان تەماشا بکەن و موناقەشەی بکەن و ڕەئی بدەن لەسەر بودجەکە، هەمووشمان هاوکار بین، لەوەی ئەو شەفافیەتە بەردەوام بێتن، پرۆژەکان جێبەجێ بێتن بۆ ئەوەی ئابووری کوردستان، بەهێز بکرێتن بەرەو پێش بچێتن کەمو کوڕیەکان نەمێنێتن، بێجگە لەوەی کەباسم کرد مەسەلەیەکی ترلە ئارادایە، هێشتا هەندێك وەزارەت هەیە، کە تەوحید نەبووە، ئەمەش ڕەنگە لیژنەکان دەبێ ڕەچاوی بکەن، ئێمە لەقسەکردنداین، لە گفتوگۆداین لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان، لەگەڵ سەرۆکایەتی هەرێم بۆ ئەوەی وەختێك دابنێین بۆ یەکگرتنی ئەو وەزارەتانە، هەنگاوی زۆر نراوە، هەنگاوی باش نراوە، ئومێد دەکەین ئەو هەنگاوانە لە چەند مانگی دادێ کۆتایی پێ بێت، تەمەنا ئەکەین پێش ئەوەی کۆتاییساڵ بێتن، هەر سێ وەزارەتەکە یەکی گرتبێتەوە، ببێتە یەك وەزارەت بۆ ئەوەی ئەو هەنگاوانەی کە پێویستن بۆ چارەسەر کردنی کەموکوڕیەکانی حکومەتی هەرێم و هەرێم بەگشتی چارەسەری بکەین، ڕێگای بۆ بدۆزینەوە، لەدانیشتنی داهاتوومان بەپێی نیزامی داخلی کە تازە خوێنرایەوە ئێمە چەند ڕۆژێکی کە پشووی هاوین دەست پێدەکات، بەڵام بەپێی پەیڕەوی ناوخۆمان، کە بودجە خوێنرایەوە ئیتر پشوو نیە تا بودجەکە پەسەند دەکەین، هەتا بودجە پەسەند نەکرێتن عوتڵە دەست پێناکاتن، جگە لەوەش ئێمە هەرخۆمان پێویستیمان بەماوەیەك هەبوو درێژەی پێبدەین، ئیشەکانمان، دانیشتنەکانمان لەبەر ئەوەی چەند پرۆژەیەك هەیە دەبێ تەواوی بکەین، من پێم وایە دەبێ بێجگە لەوەی کە پەیڕەو دەڵێتن، پشوو نیە هەتا

تەواو نەبێتن، هەر خۆشم بەبڕیاریش تەمدیدی بکەین، پانزە رۆژ لای کەمی هەتاوەکو ئەو راپۆرتانە تەواو دەبێتن، چەند پرۆژەیەك تەواو بکەین هەر بۆ خۆشمان باشە، هەرکاتێ راپۆرتی لیژنەی دارایی و ئابووری ولیژنەی یاسایی حازر بوو، دادەنیشینەوە پێکەوە، بۆیە تەمدیدکردنی کارمان یان پانزە رۆژەکە، ئەگەر چی بۆ بودجە پێویست ناکاتن، بە دەنگدان، بەڵام من پانزە رۆژەکە تەمدید دەکەم بۆ ئەوەی تا ئەو راپۆرتانە حازر دەبێتن بۆ خۆمان بەردەوام بین لە دانیشتنەکانمان، داوا دەکەم دەنگ بدەن بۆ ئەوەی پانزە رۆژ تەمدیدی بکەین بۆ ئەوەی کارەکانمان تەواو بێت، کێ لەگەڵ ئەوەیە کە پانزە رۆژە تەمدید بکرێت؟ کێی لەگەڵدا نیە؟ بەزۆرینەی دەنگ وەرگیرا کە پانزە رۆژ تەمدید بکرێت، ئەمن شەرحم کرد بۆچی پێویستە و بۆچی پێویست نیە، وتم پێویست نیە ئەگەر بەتەنها بودجە بێت، بەڵام لەبەر ئەوەی پروژەی ترمان لەپێشە تاوەکو راپۆرتی لیژنەکان حازر ئەبێت، ئێمە ئەتوانین سوود لەوەختەکە وەربگرین، ئەو پرۆژانەی کەوا هەیە تەواوی بکەین، بۆیە تەمدیدمان کرد، ئەگەر تەواویش نەبین ئەوا ئەو وەختە بەهۆی بودجەوە هەر ئەبێت دەوام بکەین، بەڵام تەنها بودجە ئەبێت ئەوە شتێکی تەبیعیە، نوقتەی نیزامە مام رەشاد فەرموو.

**بەڕێز رشاد احمد ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لۆ ئەوەی وەختمان زۆر زایع نەبێت، ئەو وەزارەتانەی بەتەفاصیل راپۆرتیان دەنێرن، راستەوخۆ نەنێردرێت تاوتوێ بکرێت لەگەڵ لیژنەی دارایی بەیەکەوە ئەو وەختە تەقدیمی بکەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەزانی چی بەعەکسەوە بۆ ئەوەی لیژنەکان پوختەی ئیشەکانیان لەبەردەم بێتن ئێستا پێش ئەوەی بدرێتە ئەندام پەرلەمان، لیژنەی دارایی و ئابووری بەڕاوێژ لەگەڵ پسپۆڕی تایبەت ئەوەی پێویستە دەیکاتن ئەوجا ئیتر بەرێك وپێك تر دەدرێتە ئەندامانی پەرلەمان مولاحەزەی خۆیان دەدەن ئەوجا دێتە ئێرە، مامۆستا کاکە داوای لێ دەکەم بێت خاڵی دووەم بخوێنێتەوە، یاسای وەزارەتی پێشمەرگە.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پشت بە حوکمی بڕگە (1) لە ماددەی (56) لە یاسای ژمارە (1)ی ساڵی 1992ی هەموارکراو، لەسەر داوای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان - عێراق، ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان ـ عێراق لە دانیشتنی ژمارە ( )ی ڕۆژی ( ) بڕیاری دەرچواندنی ئەم یاسایەی دا :

**یاسای ژمارە ( )ی ساڵی 2007**

**یاسای وەزارەتی پێشمەرگەی هەرێمی کوردستان ـ عێراق**

**ماددەی (1): مەبەست لەم زاراوانەی خوارەوە ماناکانی بەرامبەریانە لەم یاسایەدا :**

**یەکەم: هەرێم: هەرێمی کوردستانیی ـ عێراق.**

**دووەم: وەزارەت: وەزارەتی پێشمەرگە لە هەرێمدا.**

**سێیەم: وەزیر: وەزیری پێشمەرگە.**

**چوارەم: بریکار: بریکاری وەزارەتی پێشمەرگە.**

**پێنجەم: سکرتێری گشتی : سکرتێری گشتی وەزارەت.**

**شەشەم: سەرۆکی دەستەی باڵا: سەرۆکی دەستەی باڵای وەزارەتی پێشمەرگە.**

**حەوتەم: ئەنجومەن: ئەنجومەنی بەرگری وەزارەت.**

**(ئەرکەکانی وەزارەت)**

**ماددەی (2):**

**یەکەم: پاراستن و زێرەڤانی هەرێمی کوردستان و بەرگریکردن لێی و مسۆگەرکردنی بەرژەوەندیەکانی نیشتمانی و نەتەوەیی.**

**دووەم: پارێزگاری لە ڕێبازی دیموکراسی حکومەتی هەرێمی کوردستان و دامەزراوەکانی.**

**سێیەم: پشتگیریکردنی حکومەتی فیدڕاڵی و بەرگریکردن لە سەروەری و ئاسایشی عێراق بە پێی دەستوری فیدڕاڵی و یاداشتنامەی لە یەکگەیشتنی تەنایی و هەماهەنگی کردن و هاوکاری لەسەر چۆنیەتی چارەسەرکردنی ئاسایش و کارەساتەکان و هاوبەشیکردنی لەکاتی پێویستیدا بۆ بەگژداچوون و قەڵاچۆکردنی تیرۆر بە هەموو شێوەکانیەوە بەتایبەتی لە هەرێمی کوردستان و لە عێراقدا بە هەماهەنگی و هاوکاری لەگەڵ حکومەتی فیدڕالدا.**

**ماددەی (3):**

**ئامانجەکانی وەزارەت**

**ئامانجی وەزارەت جێبەجێ کردنی ئەم ئەرکانەی خوارەوەیە:-**

**أ- دامەزراندنی دامەزراو و یەکەکانی نیزامی سەربازی و ڕاهێنانیان لەسەر هونەرەکانی کوشتار و فێرکردنی زانستە سەربازییەکانی نوێ بۆ ئەوەی ساز و ئامادەبن بۆ بەرگریکردن لە هەرێمی کوردستان.**

**ب- دانانی پلانی پێویست بۆ پەرەپێدان نوێکردنەوەی هێزەکانی پێشمەرگە بە هۆی دابینکردنی هەموو جۆر و پۆل و شێوازی دابینکردنی هونەرییان و پەرەپێدانی هونەرەکانی کوشتار و چۆنیەتی بەکارهێنانی لە مەیدانەکانی شەڕدا.**

**ج- دابین کردنی هەموو کاروبارەکانی پەیوەست بە نیشتەجێکردن و کەل و پەل و چەکدارکردن و ئازووقەو گواستنەوەو مووچەو کاروبارەکانی دارایی و ژمێریاریی و تەندروستی و جەستەیی بۆ هێزەکان و خزمەتگوزارییەکانی دیکەدا.**

**ماددەی (4):**

## پێکهاتەکانی وەزارەت

یەکەم: وەزیر: بەرپرسی یەکەمە لە وەزارەت و کاروبارەکانی و سەرپەرشتیکردنی جموجۆڵەکانی و لەوێشەوە فەرمان و ڕێنمایی دەردەچن لە هەموو ئەوشتانەی پەیوەندیان بە ئەرکەکانی وەزارەت و دەزگاکان و هەموو کاروبارەکانی سەربازی و هونەری و دارایی و کارگێڕی و ڕێکخستنەوە هەیە، بەپێی حوکمەکانی یاسا بەرپرسە لەبەردەم ئەنجومەنی وەزیران بەو ناوەی کە ئەندامێکی هاوکارە تێیدا، وە بۆی هەیە هەندێ لە دەسەڵاتەکانی بە هەندێ فەرمانبەری پلەی تایبەت لە وەزارەت و هەریەك بەپێی پسپۆڕایەتی خۆی بسپێرێ.

دووەم: بریکاری وەزارەت: بەپێی ئەو دەسەڵاتانەی کە پەیڕەوی ناوخۆ دیاریکردووە یان ئەوانەی لەلایەن وەزیرەوە پێی دەدرێ یارمەتی وەزیر دەدات لە سیاسەتو ڕێوشوێنەکانی وەزارەتو سەرپەرشتی کاروبارەکانی دەکات.

سێیەم: سکرتێری گشتی: فەرمانبەرێك بەپلەیەکی تایبەتی وبەپرسە لە ئەرکەکانیدا لەبەردەم وەزیر،وچەند هاوکارێك بۆ کاروبارەکانی کارگێری وجەنگاوەران و یاسایی ومەدەنی یارمەتی دەدەن، ئەم بەڕێوەبەرایەتی ودەزگایانەی پێوەبەستراون:

أ- بەڕێوەبەرایەتی گشتی گرێبەستو کڕین وچەکدارکردن وکەلوپەل پێدان.

ب- بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری تاكوخۆبەخشەکان.

ج- بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕاگەیاندنو ڕۆشنبیریو هۆشیارکردنەوەی نیشتیمانی.

د- بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری خانەنشینانی پێشمەرگەو چاودێری پەککەوتەکان.

هـ- بەڕێوەبەرایەتی گشتی بووجەو پڕۆگرام (ژمێریاری سەربازی).

و- فەرمانگەی یاسایی.

ز- دادگاکانی سەربازی.

چوارەم: پشکێنەری گشتی: ئەفسەرێك پلەکەی لە لیوا کەمتر نەبێ سەرۆکایەتی دەکات، ئەرکی پشکنین و بەدواداچوونی دەزگاکان و دامەزارو یەکەکانی سەر بەوەزارەتی پێشمەرگە، بۆ ئەوەی ئاگاداری بارودۆخی هێزەکانی پێشمەرگە بێ وڕادەی ئامادەباشیان بۆ شەڕکردن وجێبەجێ کردنی فەرمان وڕێنماییەکانی لە وەزارەتەوە دەردەکرێ هەڵبەسەنگێنێ، ئەویش بە بەرزکردنەوەی ڕاپۆرتی بەردەوام بۆ وەزیر بەئامانجی چارەسەرکردنو پەرەپێدان.

پێنجەم: فەرمانگەی چاودێری دارایی: فەرمانبەرێك بەپلەی بەڕێوەبەری گشتی سەرۆکایەتی دەکات ئەرکەکانی هەرچی پێویستە کارکردن بۆ وردبینی کردنی کاروبارەکانی دارایی وبەدواداچوونی پیادەکردنی ڕێنمایی وبنچینەکانی دارایی وژمێریاریی لە وەزارەت و دامەزراوەکانی وچۆنیەتی دیاریکردنی سەرپێچیە داراییەکان.

**شەشەم: بەڕێوەبەرایەتی هەماهەنگی وپەیوەندیەکان: ئەرکەکانی دانانو ڕێکخستنی پەیوەندیەکانە لەگەڵ دەزگاو لایەنە مەدەنی وسەربازیە فەرمیەکانی پەیوەست بەکاروباری وەزارەت.**

**حەوتەم: سەرۆکایەتی دەستەی باڵا: ئەفسەرێکی ڕوکن پلەکەی لە لیوا کەمتر نەبێت سەرۆکایەتی دەکات، سەرپەرشتیکردن لەئەرك وبەرپرسیارییەتیەکانی کە پێی سپێردراوە، دووکەس لە دەستەی ئەرکانو عەمەلیات و(کارگێری ومیرە) یارمەتی دەدەن. ئەو دەستەو بەڕێوەبەرایەتی گشتی ودامەزراوانەی خوارەوە پێی دەبەسترێنەوە:**

**أ- یارمەتیدەری سەرۆکی دەستەی باڵای عەمەلیات:**

**- بەڕێوەبەرایەتی عەمەلیات.**

**- بەڕێوەبەرایەتی پلاندانان.**

**- بەڕێوەبەرایەتی ڕاهێنانی سەربازی وبیروباوەڕ.**

**- بەڕێوەبەرایەتی گەیاندن.**

**- بەڕێوەبەرایەتی ڕێکخستن.**

**- بەڕێوەبەرایەتی پۆلینەکان.**

**- بەڕێوەبەرایەتی یاریەکانی سەربازیو فەرماندەیی مەوقیع.**

**هەشتەم: پێکهاتەکانی نیزامی زێرەڤانی هەرێم: بەپێی پێڕەو ڕێکدەخرێ.**

**نۆیەم: بەڕێوەبەرایەتی گشتی هەواڵگری: ئەرکی دابینکردنی ئاسایشی بارەگاو دامەزراوەکانو هەموو زانیاریەکانی هەواڵگری مەیدانی وستراتیژی وهەڵسەنگاندنیان ودانانی لە خزمەتی وەزارەتی پێشمەرگەو دامەزراو و بارەگا باڵاکانی پەیوەندیدار.**

**دەیەم: سەرکردایەتی هێزەکانی یەدەگ: فەرمان وکاروبارەکانی بەپێی پەیڕەو ڕێکدەخات.**

**یازدەم: ئەنجومەنی بەرگری وەزارەت لەمانە پێك دێت:**

**أ- وەزیر: سەرۆك.**

**ب- بریکاری وەزیر: ئەندام وسەرۆکایەتی ئەنجومەن دەکات لە کاتی دیارنەبوونی وەزیر.**

**ج- سکرتێری گشتی: ئەندام.**

**د- سەرۆکی دەستەی باڵا: ئەندام.**

**هـ- بەڕێوەبەری هەواڵگری گشتی: ئەندام.**

**و- پشکێنەری گشتی: ئەندام.**

**ز- سەرکردەی هێزەکانی یەدەگ: ئەندام.**

**ح- وەزیر مافی ئەوەی هەیە لەکاتی پێویستیدا پشت بە ڕاوێژکار و پسپۆڕان ببەستێ.**

**ماددەی (5) سەرۆکایەتی دەستەی باڵا پلانەکانی جێبەجێ کردن دادەنێ بۆ هێنانەوەی ئەو گرنگیانەی کە لە ماددەی دووەمی ئەم یاسایەدا هاتووە.**

ماددەی (6)

یەکەم: دانانی پەیڕەوی ناوخۆو هەیکەلی ڕێکخراوەیی وەزارەت بەجۆرێك ئامانجەکانی لە بەڕێوەبردنی پێشمەرگەو جێبەجێ کردنی ئەرکەکانی و پاراستن و زێرەڤانی هەرێم بەرگریکردن لێی بهێنێتە دی.

دووەم: ئەرك‌و پسپۆڕایەتی‌و دەسەڵات وئەرکی دامەزراوەکانی وەزارەت.

ماددەی(7): دانی پلەکانی سەربازی بەپێی یاساکانی پەیرەوکراوەوە دەبێ.

ماددەی (8)

یەکەم: لەکاتی پێویستیدا وەزیر مافی ئەوەی هەیە هەریەك لە بەڕێوەبەرایەتی وبەش و هۆبەکان کە لەناو دامەزراوەکانی وەزارەتدان، نوێیانبکاتەوە یان یەکیان بخات ویان هەڵیانبوەشێنێتەوە بە پێ‌ی پێداویستی کارەکان.

دووەم: وەزیر مافی دەرکردنی ڕێنماییەکانی پێویستی هەیە بۆ ئاسانکردنی جێبەجێ کردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە.

ماددەی (9): یاسای وەزارەتی پێشمەرگەی ژمارە (5)ی ساڵی 1992 هەڵدەوەشێنرێتەوەو ئەم یاسایە شوێنی دەگرێتەوە.

ماددەی (10): کار بە هیچ دەقێکی یاسایی یان بڕیارێك ناکرێت پێچەوانەی حوکمەکانی ئەم یاسایە بێت لەگەڵ لەبەرچاوگرتنی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی ژمارە (1)ی ساڵی 2005و هەموارکراوەکانی.

ماددەی (11): پێویستە ئەنجومەنی وەزیران ولایەنەکانی پەیوەندیدار حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

ماددەی (12): ئەم یاسایە لە ڕۆژی دەرچونیەوە لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقائعی کوردستان) جێبەجێ دەکرێ.

هۆیەکانی دەرکردنی

لەبەر پێویستی هەرێم بۆ هێزەکانی نیزامی بۆ زێرەڤانی هەرێم و بەرگریکردن لێی ومسۆگەرکردنی بەرژەوەندیە نیشتیمانیی و نەتەوەییەکانی وقوڵکردنەوەی دەزگاکانی حکومەتی دیموکراتی و مەدەنی تێیداو پشتگیری کردن‌و هاوبەشیکردنی هێزەکانی چەکدار بۆ حکومەتی عێراقی فیدڕالی لەکاتی پێویستی داواکردندا، ئەم یاسایە دەرکرا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس ئەم پرۆژەیە ئاراستەی لیژنەی یاسایی و لیژنەی پێشمەرگە دەکەین، بۆ ئەوەی راپۆرتیان لە وەختێکی کورتدا ئامادە بکەن، خاڵی سێیەم لەبەرنامەی کارمان خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژەی یاسای سندوقی پیشتگیری و هاوکاری خانەوادەی شەهیدان. کاك کەریم بحری فەرموو بیخوێنەوە.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**پشت بە حوكمی بڕگەی (1)ی ماددەی (56)لە یاسای ژمارە (1)ی ساڵی 1992ی هەموارکراوو، لەسەر داوای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان – عێراق، ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان – عێراق لە دانیشتنی (13)ی رۆژی ( / / )یدا،بڕیاری دەرچواندنی ئەم یاسایەی خوارەوەی دا:**

**یاسای ژمارە ( )ی ساڵی 2007**

**یاسای سندوقی پشتگیری و هاوکاری خانەوادەی شەهیدان و**

**ئەنفالکراوەکان و قوربانیانی چەکی کیمیاوی**

**بەشی یەکەم**

**پێناسەکان**

**ماددەی یەکەم: مەبەست لەم زاراوانەی خوارەوە ماناکانی بەرامبەریانە لەم یاسایەدا .**

**1- هەرێم: هەرێمی کوردستان- عێراق.**

**2- حکومەت: حکومەتی هەرێمی کوردستان.**

**3- وەزارەت: وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوەکانی هەرێمی کوردستان.**

**4- سندوق: سندوقی پشتگیری و هاوکاری خانەوادەی شەهیدان و ئەنفالکراوەکان و قوربانیانی چەکی کیمیاوی .**

**بەشی دووەم**

**ئامانج و پرەنسیپەکان**

**مادەی دووەم: سندوق ئامانجی هێنانەدی ئەو ئامانج و پرەنسیپانەی خوارەوەیە:**

**1 - لێکۆڵینەوەو بەلگەکردنی لایەنەکانی ئابووری و پەروەردەیی و رۆشنبیری و تەندروستی و کۆمەلایەتی خانەوادەی شەهیدان و ئەنفالکراوەکان و قوربانیانی چەکی کیمیاوی بۆدڵنیاکردنی پێداویستیە دارایەکان بۆ چاکردنی بارودۆخەکانی ژیانی و ژیاریی.**

**2- پێشنیازکردن و دانانی پلانی پرۆژە و پرۆگرامەکان بۆ بەهەند وەرگرتنی بێکاران لە کەس و کاری شەهیدان و ئەنفالکراوەکان و قوربانیانی چەکی کیمیاوی بە هاوکاری و هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی پەیوەندیدار و کۆمپانیا و رێکخراوەکانی لە هەرێمدا کاردەکەن.**

**3- کردنەوەی خولی ئامادەکاری ڕاهێنان بۆ کەس وکاری شەهیدان و ئەنفالکراوەکان و قوربانیانی چەکی کیمیاوی لەوانەی کە خاوەن بڕوانامەنین، بۆ ئەوەی فێری کارو پیشەیان بکەین و بەهرەو تواناو شارەزایەکانیان بەهێز بکرێ بۆ ئەوەی سوود لە تواناکانیان وەربگیرێ لە بووژانەوەو پەرەپێدانی ئابووری هەرێمدا.**

**4- پێشکەش کردنی خزمەت گوزاریەکانی تەندروستی و کۆمەڵایەتی و ئاسانکاری پێویست بۆ چارەسەر کردنی پەککەوتەو نەخۆشیە درێژخایەنەکان چ لە ناوەوەی هەرێم و چ لە دەرەوەدا.**

5- کردنەوەی خانەی بە ساڵاچوان و پەککەوتەکان و دابینکردنی هەموو پێداویستیەکانیان بۆ مسۆگەر کردنی ژیانێکی شکۆمەندانە بۆیان.

6- پێدانی سولفەی بێ سوو بۆئەوانەی نیازی هاوسەرگیریان هەیە،بە ڤیستی مانگانە،بە مەرجێك سولفەکە لە (2000000) دوو ملیۆن دیناری عێراقی تێپەڕنەکات بۆ تەنیا یەك جار.

7- کردنەوەی سەنتەری زانستی و ڕۆشنبیری بۆ پێشخستنی توانای لاو وقوتابیان لە کەس وکاری شەهیدان و ئەنفالکراوەکان و قوربانیانی چەکی کیمیاوی و دابین کردنی هەموو پێداویستیەکانیان بۆ ئەم مەبەستە.

8- بەهێز کردنی پەیوەندیەکان لەگەڵ دەزگاکانی حکومەت و کۆمپانیا و ریکخراو وئەنجومەنەکانی خێرخوازی، بۆ سوود وەرگرتن لە شارەزایی تواناکانیان لەم مەیدانەدا.

9- کۆکردنەوەی بەخشش و کۆمەك ویارمەتیەکان لەناوەوە و دەرەوەی هەرێمدا.

بەشی سێیەم – پێکهاتەکانی سندوق

ماددەی سێیەم: دەستەیەکی ڕاوێژکاری سندوق بەرێوەدەبەن بە سەرۆکایەتی وەزیر و لە (7) ئەندام پێك دێت، چواریان لە گەورە فەرمانبەرانی وەزارەت و وەزیر هەڵیان دەبژێرێ، (3) سێیانیش لە نێوان بەشداران و بەخششکاران کە هەر بەشداران و بەخششکاران بۆماوەی سێ ساڵ هەڵیان دەبژێرن. کە یەك جار نوێ دەکرێتەوە.

ماددەی چوارەم:

یەکەم: دەستەی راوێژکاری دەسەڵاتێکی باڵای سندوقەو لە پێناوی ئەوەدا ئەم تایبەتمەنیانەی خوارەوەی هەیە:

1- دانانی سیاسەتی گشتی سندوق و دانانی پلان و پرۆگرامەکان بۆ جێ بەجێ کردنی.

2- دانانی بنەمای دارایی و رێوشوێنەکانی باوی ژمێریاری.

3- مۆر کردنی گرێبەست و رێکەوتنەکانی پەیوەندیدار بە گرنگیە کانی سندوق.

4- بەخشینی پاداشت بۆ ئەو کەسانەی کار دەکەن بۆبەرزکردنەوەی کەسایەتی سندوق و دوور خستنەوەی زەرەرمەندی لێی.

دووەم: لە کاتی پێویسدا و بەپێی پێداویستیەکانی کاری سندوق دەستە بۆی هەیە هەندێ لە دەسەڵاتەکانی بە سەرۆك بسپێرێ.

ماددەی پێنجەم:

یەکەم: لەسەر بانگێشەی سەرۆك، دەستە بەلای کەمی مانگی جارێك کۆدەبێتەوەو بە ئامادەبوونی زۆرینەی ئەندامەکانی رادەکەی تەواو دەبێ.

دووەم: بڕیارەکانی دەستە دەخرێنە بەردەمی وەزیر بۆ پەسندکردنی لە ماوەی (10) دە ڕۆژدا لە ڕێکەوتی تۆمارکردنی لە وەزارەتدا وئەو بڕیارانەی لەم ماوەیەدا ناڕەزایی بەرامبەریان دەرنەبڕدرێ، جێبەجێ دەکرێن.

**ماددەی شەشەم: لیژنەیەکی چاودێری لە نێوان بەشداران وبەخشکاران و وەزارەت دادەمەزرێ ئەمانە دەگرێتە ئەستۆ.**

1- **چاودێریکردنی پڕۆژەکانی لە جێبەجێکردندان ولایەنەکانی سەرفکردن.**

2- **پێشکەشکردنی ڕاپۆرتی دەوری ونیوە ساڵی بۆ وەزیر دەربارەی کارەکانی سندوق.**

**بەشی چوارەم**

**دارایی سندوق**

**ماددەی حەوتەم: دارایی سندوق لەمانە پێك دێت:**

1- **بەخشش و دیاریەکانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان.**

2- **بەخشش و دیاریەکانی سەرۆك وئەندامانی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان.**

3- **بەخشش و یارمەتیەکانی کە حکومەتی هەرێم وەکو پشکداریەك بۆ پشتگیری کردنی سندوق پێشکەشی دەکات.**

4- **ئەو بڕە پارانەی پشکداران و بەخششکاران هاوبەشی تێدادەکەن.**

5- **ئەو بەخششانەی کە دەزگاو ڕێکخراوو کۆمپانیاو ئەنجومەنەکانی خێرخوازی وڕێکخراوەکانی مافەکانی مرۆڤ لە دەرەوەو ناوەوەی هەرێم دەیبەخشن.**

6- **زەکات.**

**بەشی پێنجەم**

**حوکمە گشتیەکان**

**ماددەی هەشتەم:**

**یەکەم: کارمەندانی دەستەی سندوق دادەمەزرێن وموووچەکانیان بەپێی ئەو ڕێنماییانەی وەزارەت دەریدەکات دیاریدەکرێت.**

**دووەم: ئەنجومەنی کارگێڕی بۆی هەیە لقەکانی سندوق لە پارێزگاکانی هەرێمدا بکاتەوە.**

**ماددەی نۆیەم: کار بەهیچ دەقێك ناکرێت پێچەوانەی حوکمەکانی ئەم یاسایە بێت.**

**ماددەی دەیەم: وەزیر بۆی هەیە ڕێنمایی پێویست دەربکات بۆ ئاسانکردنی جێبەجێکردنی حوکمەکای ئەم یاسایە.**

**ماددەی یازدەم: لە ڕۆژی بلاۆوکردنەوەی لە (وەقائعی کوردستان) کار بەم یاسایە دەکرێت.**

**هۆیەکانی دەرکردنی**

**شەهیدان وئەنفالکراوەکانو قوربانیانی چەکی کیمیایی، قوربانی گەورەیان بەگیانو بەخوێنیان لە ڕێگای رزگاری کوردستانی عێراق داوەو ئەو دەزگا یاساییانەی ئەمڕۆمان بەری ئەو ڕەنجوقوربانییانەیەو لە**

پێناوی وەفاداری بۆ بەشێك لەوانەی ئەو شەهیدانە پێشكەشیان كردووەو لە پێناوی ئەوەی داهاتە بەرزەكان وكۆمپانیا وڕێكخراوەكانی لە هەرێمدا كاردەكەن بەشداری بكەن لەسووككردنی مەینەتی خانەوادەی شەهیدان، ئەم یاسایە دانرا.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس ئەمەش ئاراستەی لیژنەی یاسایی و لیژنەی پێشمەرگە دەكەم، تۆزێك پەیوەندی بەلیژنەی مافی مرۆڤ و لیژنەی تەندروستی و داراییەوە هەیە، ئەگەر بكرێتن پێش ئەوەی بخرێتە بەرنامەی كار، كۆبوونەوەیەكی هاوبەش بكرێت، بۆ یەكخستنی تێبینیەكانیان، بەیەك راپۆرت، خاڵی چوارەم لەبەرنامەی كار، خستنەروو و گفتوگۆكردنی تێبینیەكانی بەڕێز سەرۆكی هەرێمی كوردستان لەسەر بڕگەی(2)ی ماددەی سێیەم لە یاسای وەزارەتی داد. كاك عونی تەوزیحێك ئەدات با بفەرمووێت.

**بەڕێز عونی كمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لای هەموومان ئاشكرایە كەوا قانون لە پەرلەمان تەشریع ئەكرێت، كە تەشریع كرا، رەوانەی سەرۆكایەتی هەرێم دەكرێت بۆ پەسەند كردنی، سەرۆكی هەرێم بۆی هەیە، لە ماوەی 10رۆژدا ئیعتراز بگرێت لەقانونەكە، بەكۆی یان بەشێك لەقانونەكە، پاش رەوانە كردنی یاسای وەزارەتی داد، كە لەپەرلەمان دەرچوو، بەژمارەی (13)ی 2007لە رۆژی 2007/5/27 رەوانەی سەرۆكایەتی هەرێم كراوە، سەرۆكی هەرێم دیارە تێبنی لەسەر بڕگەی (2) لە ماددەی (3) لەیاساكە دا هەبووە، ئیعترازی لەسەر كرد، لەماوەی یاساییدا، ئێستا دەقی ئیعترازەكەتان بۆ دەخوێنمەوە:

بڕیاری ژمارە (15)ی ساڵی 2007

یاسای وەزارەتی داد لە هەرێمی كوردستان – عێراق بەپێی ئەو دەستەڵاتەی لەبڕگەی (1)ی ماددەی (10)ی یاسای سەرۆكایەتی هەرێمی كوردستان – عێراق ژمارە(1)ی ساڵی 2005ی هەمواركراو، پێمان دراوە، بڕیارماندا یاسای ژمارە (13)ی ساڵی 2007 یاسای وەزارەتی داد لە هەرێمی كوردستان – عێراق كەلەدانیشتنی ژمارە (18)تان لە رێكەوتی 2007/5/27 تەشریع كراوە، رەوانەتان بكەینەوە، بۆ ئەوەی چاو بخشێننەوە بەبڕگەی دووەمی ماددەی سێیەمیدا، چونكە نەبنەما یاساییەكان، نەعورفیش رێگا نادەن مەرج دابنرێت، كە دەبێت بریكاری وەزارەتی داد، دادوەر بێت وەسەرەڕای ئەوەش مافەكانی خۆی وصیفەتی دادوەریشی هەر بپارێزرێت.

مەسعود بارزانی

سەرۆكی هەرێمی كوردستان - عێراق

بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن، خوشك وبرایانی ئەندامانی پەرلەمان، ئێمە لە لیژنەی یاسایی پاش گەڕانەوەی ئەو بڕیارە دیراسەمان كرد، یەكەم بەپێی قانون لیژنە پێشنیار دەكات، كە ئیعترازەكە قبوڵ بكرێت، چونكە لەماوەی 10 رۆژ جەنابی سەرۆكی هەرێم ئیعترازی كردیە، دووەم لیژنە وای پێباشە ئیعادەی صیاغەی

بکەینەوە بەنیسبەت فەقەرەی دوو لەماددەی سێ، ئێستا صیاغەکە بەعەرەبی بۆتان دەخوێنمەوە، (وكيل الوزارة: يساعد الوزير في توجيه الوزارة والاشراف على شؤونها القانونية والفنية والمالية والادارية والتنظيمية ضمن الصلاحيات التي توكل اليه من قبل الوزير على ان يكون حاصلاً على شهادة جامعية أولية في القانون ومن ذوي الخبرة والممارسة لمدة لاتقل عن خمسة عشر سنة).

ئێمە وا بەباش دەزانین صیاغەکە بەو شێوەیە بکرێت، بەڵام ئەندامانی پەرلەمان بۆیان هەیە، لە ناحیەی قانونی ئیصرار بکەن لەسەر رەئی خۆیان کە پەرلەمان قەراری لێ دایە، یانیش قبوڵی پێشنیاری لیژنەی قانونی بکەن، رەئی ئەخیریش بۆ جەنابت و ئەندامانی پەرلەمانی بەڕێزە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر ئیجازە هەبێتن، ئەو روونکردنەوە پێویست بوو، ئەو ئیعترازەی لەسەرۆکایەتی هەرێمەوە هاتووە، لیژنەی یاسایی پێی وایە ئیعترازێکی وەجیهە، لەبەر ئەوەی وەکیلی وەزیر پێویست ناکات، شەرتی بۆ دابنێیت کەحاکم بێت، لەهەمان کاتیشدا وەکو ئێمە نووسیومانە دیارە لێرە موناقەشەشی لەسەر کرا، ئیحتیفاز بکاتن، دیارە لەو فەترەی وەکیل وەزیریشە، بەهەموو ئەو سیفاتانەی کەهەیەتی، من حەزەکەم جەنابی وەزیری داد لێرەیە، ئەگەر رەئیەکی لەسەر ئەو مەوزوعەی هەیە بابفەرمووێت.

**بەڕێز فاروق جمیل صادق/ وەزیری داد.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خوشك و برایانی ئەندامانی پەرلەمان، بەنیسبەت ئێمەوە وەکو وەزارەتی داد، هیچ مانعێك وهیچ ئیعترازێکمان نیە لەسەر ئەو تەعدیلەی کە بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان داوای کردووە، ئێمە موافقین لەسەر ئەو تەعدیلە، زۆر سوپاستان دەکەین.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جەنابی کاك فاروق وەزیری داد دەڵێت هیچ ئیعترازێکمان نیە، لەسەر ئیعترازی سەرۆکی هەرێم، کە موافقن لەسەر ئەو پێشنیارەی لیژنەی یاسایی کە ئەو برگەیە بگۆڕێت، واتە ببێتە ئەوەی کە وەکیل وەزیر قانونی بێتن، دەیخوێنمەوە وەکو خۆی وەکیل وەزیر ئەوە کە هاوکاری وەزیر دەکات لە کاروباری ئیشراف لەسەر ئیشوکاری قانونی و فەنی وە دەبێ شهادەی جامیعەی ئەوەلی هەبێت لەقانون، یەعنی دەبێ قانونی بێت، یاسایی بێتن، وە خیبرەو ممارەسەی لە 15ساڵ کەمتر نەبێت، ئەگەر کەس ئیعترازتان لەسەر ئەوە نیە، ئەگینا دەیخەمە دەنگەوە، ئەگەر ئیعترازتان لەسەر رەئییەکەی جەنابی سەرۆکی هەرێم هەیە ئەوە ئەتوانن قسە بکەن، ئەوەی کەلیژنەی یاسایی بە حەقی دەزانی و مەشروعە کە دەڵێ نابێ وەکیل وەزیر ئاوابێ مەرجی هەبێت، ئەو وای ووتووە، ئەوانیش دەڵێن راستە ئەوە جەنابی وەزیریش دەڵێت ئەوە زۆر راستە، ئەگەر کەسێك ئیعترازی لەسەر پێشنیاری لیژنەی قانونی هەیە، دەتوانێ ناوی بنووسین، فەرموو کاك شێخ.

**بەڕێز جعفر مصطفی معروف:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من تەنها ئەو پانزە ساڵە بەزیاد دەزانم، زۆرە ئەگەر پانزە ساڵ بێت بۆ وەكیل وەزیر ئەی ئەبێ چەند ساڵ بێت بۆ حاكمەكە، چونكە ئەمان مساویان كردۆتەوە، ئەی بە چەند ئەبێت بەحاكم، خەریجی قانون بەچەند ساڵ ئەبێت بەحاكم، پانزە ساڵ زۆرە بۆ ممارەسە، ئینجا ببێتە وەكیل وەزیر، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك شێخ الله فەرموو.

**بەڕێز شێخ الله ابراهیم شێخ الله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

منیش هەمان ڕەئی كاك شێخ جعفرم هەیە، 15 ساڵەكەی بەزۆر دەزانم، پێم باشە 10 ساڵ بێتن، لەوی تریش پشتگیری لە ڕەئی لیژنەی یاسای دەكەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك ئارام فەرموو.

**بەڕێز ئارام رسول مامند:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من تەنها پرسیارێكم هەیە، ئەوەی كەمن لەیادم بێت، لەخودی پرۆژە یاسایەكەی وەزارەتی داد، نەهاتبوو كە دادوەر بێت، بەدیدی من ئەوە پێشنیاری لیژنەی یاسایی بێت، كە ئەو كاتە تەئیدیان كردبوو، ئێستاش هەر تەئیدی دەكەن، تەنها ڕوونكردنەوەیەكم ئەویست لەسەر ئەساسی ئەو كاتە كەلەسەر چ ئەساسێك ئەو پێشنیارە كرابوو، كەئێستاكە تەئیدی تێبینیەكەی جەنابی سەرۆكی هەرێم دەكەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك محمد فرج.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

وەڵڵا من ئەمە بە موبادەرەیەكی زۆر باش دەزانم، یەعنی چاو خشاندنەوە بەهەر یاسایەكدا، كە دەردەچێت لەلایەن ئەو دەزگاوە كە مافی خۆیەتی، یەعنی ئەو تێبینیەش تێبینیەكی زۆر وردە، كە ئەم بریكارە ئەو وەزیفەش ببینێت، ئەوە تەنها جێگایەكە كە دوو دەور دەبینێت، بەڵام من هەر پێشنیاری ئەوەش دەكەم كە ئەوە هەر مەرجیش نەبێت یاسایی بێت، هەر وەكو هەموو وەزارەتەكانی تر زانكۆیی بێت.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس كاك محمد فرج ئەزانی پێكەنینەكە لەبەر چیە، خۆی وەزیر پێویست ناكات یاسایی بێت، وەزیر پۆستێكی سیادیە، سیاسیە، بەڵام بریكاری وەزیر وەك هەر وەزارەتێك دەبێ ئیختیصاصی

وەزارەتەکەی هەبێت، مەسەلەن پەروەردە دەبێ ئیختیصاصی پەروەردە بێت، صناعە دەبێ ئیختیصاصی هەندەسەیەکی هەبێت، بەڵام وەزیر شەرت نیە، بەڵام جەنابت کە دەڵێیت ئەوەی نەبێتن، بەڵام قانونیەکە زۆرچاکە بۆ جوابی کاك ئارام، لیژنەی یاسایی ئەو پێشنیارەیان کردبوو، حاکم بامن لەجیاتی ئەوان بڵێم، وشەی حاکم زۆر خۆشەویستە، ئێستا دوو ئەندامی پەرلەمانمان هەیە حاکم بووینە، ئێستاش دەڵێن ئەندام پەرلەمان حاکم فلان، لەبەر ئەوەی کەدەبێتە وەکیل وەزیر نایانەوێ کەلیمەکەیان لێ بکرێتەوەو لەبیر بکرێت، ئێمەش لەبەر خاتری ئەوان قسەمان نەکرد، ئێستاکە کە خۆیان پەشیمانن مەمنوونیان دەبین، موفتەرەحی لیژنەی یاسایی تەنها ئیعترازێکی لەسەرە کەدەڵێت پانزە ساڵەکە زۆرە، منیش پێم وایە زۆرە کاك فاروق نازانم رەئیت چۆنە لەگەڵ ئەوەدا، بۆ وەزارەتەکانی تر چیمان وتووە، کاك فرسەت دەڵێت فەرقی هەیە وەزارەتی داد دەبێ خیبرەی هەبێت، بەڵام پانزە ساڵەکە زۆرە، ئەگەر موافق بن دەیکەینە 12 ساڵ، موفتەرەحی ئەندامانی پەرلەمان دەڵێن 10 ساڵ ئەمە تازەیە خیبرەکەی دەیخەمە دەنگەوە، کە 10 ساڵ بێت خیبرەکە، کێ موافقە لەسەر 10ساڵەکە با دەستی بڵند بکات تکایە، فەرموون کێ موافق نیە، دەیەوێت وەکو لیژنەی یاسایی 15 ساڵ بێت، کەواتە 15 ساڵەکە مایەوە، ئێستا ماددەکە وەکو پێشنیاری لیژنەی یاسایی بیخوێنەوە تابیخەینە دەنگەوە.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

الفقرة الثانية من المادة الثالثة من قانون وزارة العدل رقم(13)لسنة 2007

وكيل الوزارة: يساعد الوزير في توجيه الوزارة والاشراف على شؤونها القانونية والفنية والمالية والادارية والتنظيمية ضمن الصلاحيات التي توكل اليه من قبل الوزير على ان يكون حاصلاً على شهادة جامعية أولية في القانون ومن ذوي الخبرة والممارسة لمدة لاتقل عن خمسة عشر سنة.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەکوردیەکەشی بیخوێننەوە فەرموون.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

رای لیژنەی یاسایی لەسەر بڕگەی دووەم لەماددەی سێیەم:

بریکاری وەزارەت: هاوکاری وەزیر دەکات لە ئاڕاستەکردنی وەزارەت وسەرپەرشتی کردنی کاروباری یاسایی و تەکنیکی ودارایی و کارگێڕی و ڕێکخستنەوەی لە چوارچێوەی ئەو دەسترۆییانەی کەلەلایەن وەزیرەوە پێی دەدرێت، بەمەرجێك بڕوانامەیەکی سەرەتایی زانکۆی لەیاسا بەدەستهێنابێ وخاوەن شارەزایی و کارامەیی بێ کەماوەکەی لە پانزە ساڵ کەمتر نەبێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دەیخەمە دەنگەوە پێشنیاری لیژنەی یاسایی کێی لەگەڵدایە بادەستی بڵند بکات تکایە، فەرموون کێی لەگەڵدا نیە، بەزۆرینەی دەنگ وەرگیرا.خاڵی پێجەم لەبەرنامەی کار، خستنەروو وگفتوگۆکردنی پرۆژەی یاسای داواکارێتی گشتی. فەرموو لیژنەی یاسایی بیخوێننەوە. من داوا دەکەم راپۆرتی لیژنەی یاسایی بخوێننەوە، دواتر لە موناقەشەدا مادده بەمادده ئەصڵەکە بخوێننەوە.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بۆ/ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی نیشتیمانیی کوردستان ـ عێراق

ب/ ڕاپۆرتی لیژنەی کاروباری یاسایی

لیژنەکەمان ڕۆژی 2007/6/14 بۆ تاوتوێکردنی پڕۆژەی یاسای داواکاری گشتی هەموارکراو ژمارە (159)ی ساڵی (1979) کۆبووەوە، پڕۆژەکەش لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستانەوە خرابووە ڕوو، کە دوای خوێندنەوەی یەکەمی لە دانیشتنی ئاسایی پەرلەمان ژمارە (18) لە 2007/5/27 بۆ لیژنەکەمان ڕەوانەکرابوو. دوای گفتوگۆو ڕاگۆڕینەوە لیژنە بە زۆرینەی دەنگی ئامادەبووان ڕاپۆرتو ڕاسپاردەکانی خۆی بەم شێوەی خوارەوە پێشکەش دەکات:

سەرەتا لیژنەی یاسایی پشتگیری پڕۆژەکە دەکات وپێشنیازی دارشتنی پێشەکیەکی بۆ دەکاو هاوشێوەی یاسادانانی پەیڕەوکراو لەو یاسایانەی کە لە پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق دەرچووینە بە گۆڕینی زنجیرەی ژمارەیی بۆ نوسراوەیی وێڕای ڕاستکردنەوەکانی ڕێزمانی لە چەند برگەیەکدا.

یەکەم/ ئەوەی پەیوەستە بە ماددەی (1) وە بە گۆڕینی ناوەکانیانە بۆ (دادوەران) ئەویش بۆ یەکخستنی دەستەواژەکانە کە لە یاسادانانەکانی پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق دا پەیڕەوکراوە لەبارەی ناوزەدکردنی (قازی) لە جیاتی (حاکم).

دووەم/ ماددەی (2) رستەی (هەموارکراو یان هەر یاسادانێکی دیکە جێگەی بگرێتەوە) بخرێتە سەر دواوەی ماددەکە.

سێیەم/ مادده (3) هیچ تێبینی یەکی لەسەر نیە.

چوارەم/ ماددەی (4) وشەی (ماڵی گشتی) بخرێتە سەر دواوەی ماددەکە پێش وشەی (هەرێم).

پێنجەم/ ماددەی (5) گۆڕینی وشەی (ڕێزگرتن) کە لە پێش پرۆژەکەدا هاتووە بە وشەی (چاودێریکردن).

شەشەم/ ماددەی (6) هیچ تێبینیەکی لەسەر نیە.

حەوتەم/ ماددەی (7) برگەی (سێیەم) بخرێتە سەر پرۆژەکە بە هەموارکردنی برگەی (سێیەم) لەیاساکەدا بەم شێوەی خوارەوە:-

سێیەم (سەرۆکی داواکاری گشتی بە ئامادەبوونی وەزیری داد سوێند لەبەردەم سەرۆکی هەرێم دا دەخوات وئەندامانی داواکاری گشتی دیکە سوێند لەبەردەم سەرۆکی ئەنجومەنی دادوەری هەرێم دا دەخۆن).

هەشتەم/ ماددەی (8) هیچ تێبینی یەکی لەسەر نیە.

نۆیەم/ ماددەی (9) هیچ تێبینی یەکی لەسەر نیە.

دەیەم/ ماددەی (10) دووبارە داڕشتنەوەی بەم شێوەی خوارەوە:-

(ئەم یاسایە لە مێژووی دەرچواندنیەوە جێبەجێ دەکرێ‌و لە ڕۆژنامەی فەرمی وەقائعی کوردستان بلاّودەکرێتەوە).

بەلاّم ئەوەی پەیوەستە بە هۆکارەکانی دانانی یاساکە لیژنەی یاسایی بەدرشت‌و وردیەوە پشتگیری لێدەکات، لەبەر ئەوەی مەبەستی هەموارکردنی یاساکە بۆ هەرێمی کوردستان بەجێ دێنرێت، لەگەڵ رێزماندا.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئێستا مادده بەمادده دەیخەینە موناقەشەوە، ئەصڵی ماددەکەو پاشان رەئیتان لەسەری.

**بەڕێز عونی كمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

المادة (1):

يعد اعضاء الادعاء العام المستمرون في الخدمة حكاماً وفق الدرجات والصنوف والاقدمية والمناصب التي هم عليها عند صدور هذا القانون، وتسري عليهم الاحكام التي تسري على الحكام ويتمتعون بجميع حقوق الحكام وامتيازاتهم.

**بەڕێز كريم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ماددەی یەکەم:

ئەندامانی داواکاری گشتی ئەوانەی لەخزمەتکردندا بەردەوامن بەپێی پلەو پۆلێن وکۆنی ئەو پۆستەی تێیدایە، لەکاتی دەرچوونی ئەم یاسایە بەدادوەر دەژمێردرێت، هەمان ئەو حوکمانەی بەسەر دادوەراندا پیادە دەکرێ دەیانگرێتەوە، کەڵك لەهەموو ماف و تایبەتکاریەکانی دادوەران بەهەمان شێوە وەردەگرێ.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

رەئی لیژنەتان.

**بەڕێز عونی كمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت ماددەی یەکەم، کەلیمەی(حاکم)بگۆڕدرێت ببێتە(قازی) لەبەر ئەوەی مصتەلەحاتی حاکم لەکوردستان بەنیازین، تەوحیدی بکەین، پێشتریش کەلیمەی حاکمان لابرد، هەمووی بووە کەلیمەی قازی، واتە دادوەر لەجیاتی حاکم.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

دیاره پێشتریش پرۆژەکە ئاراستەی لیژنەی ناوخۆش کراوە، کاك سەردار فەرموو، مادام وایە خاڵ بەخاڵ ڕەئی لیژنەی ناوخۆش وەردەگرین، ئێستا لیژنەی یاسایی پێی وایە، حاکمەکان بکرێن بە قازی، کاك سەردار لەسەر ماددەی یەك هیچ ڕەئیتان هەیە.

**بەڕێز سەردار صباح بوزو هەرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەمان ڕەئی لیژنەی یاساییمان هەیە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کەس قسەی هەیە لەسەر ئەو ماددەیە، کاك فاروق فەرموو.

**بەڕێز فاروق جمیل صادق/ وەزیری داد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەڵڵا من دەمەوێت لەسەر مەسەلەی تەعدیلەکە قسە بکەم، دەمەوێت بڕێك تەوزیحات بدەمە برایان و خوشکانی ئەندامانی پەرلەمان، دەمەوێت بەعام لەسەر تەعدیلەکە قسە بکەم، بەگشتی داواکاری گشتی ئەرکێکی زۆر قورسە، گرنگی تایبەتی خۆی هەیە، ئەوەی ڕاستی بێت ئەو وەزیفەیە تا ئێستا ئیهمال کرابوو، ئەو ئیهتیمامەی پێ نەدرابوو، مەعەل عیلم وەزیفەی داواکاری گشتی لە هەموو دونیادا زۆر موهیمە، حاکم تەنها ئیشی حکوم دانەو یەکلاکردنەوەی کێشەیە، بەڵام ئیدیعای عام لەسەرەتای کێشەوە تانیهایەتی، تا ئەوەی ئەگەر قەراری حاکم لەسەر قانونیە، بۆ تەمیزکردنی قەرارەکان وەکو ڕەقیبێك لەسەر حاکمە جگە لەوەی کۆمەڵێك ئەرکی تری لەسەر شانە کەهەر شتێك، هەرقەرارێك، هەر قانونێك، عیلاقەی بەمەسڵەحەتی عامەوە هەبێت، عیلاقەی بەئەموالی عامەوە هەبێت، عیلاقەی بەمەسائیلی زەریبەوە هەبێتن، ئەو قەراراتانەی کەلە هەیئاتی ئیداری دەردەچن لە مودیر ناحیەکان لەقایمقامەکانەوە دەردەچن بەسیفەتی حاکمی جەزا، ئەوانە هەمووی ئیدیعای عام دەبێ دەوری خۆی تێدا ببینێت، واتا ئەرکەکانی ئیدیعای عام زۆرە نامەوێت وەختتان زۆر بکوژم لێرەدا وباسی تەفاصیل بکەم، بۆیە ئێمە وەکو وەزارەتی داد پاش ئەوەی کە ئیدارە یەکی گرتەوە، دەمانەوێت بەهەموو نەوعێك ئەو جیهازە تەفعیل بکەین، بۆیە یەك لەو مەسەلانەی کەئێستا لەوتەعدیلەدا ئێمە دەمانەوێت صیفەتی قازی بدەینە حاکم، ئەوەیە کە ئەو ئیهتیمامەیان بدەینێ، بۆ ئەوەی تەشجیعیان بکەین لەسەر ئەو مەسەلەیە تا دەوری خۆیان ببینن، دووەم بەپێی قانون، ئەو شەرت و شروتەی کە هەیە، بۆ دانانی دادوەر هەمان شەرت پێویستە لەسەر جێگری داواکاری گشتیش کاتێك کە دادەمەزرێت، بەهەمان مەرحەلەدا تێدەپەڕێت بۆیە، هیچ جیاوازییەك نیە لەمابەینی داواکاری گشتی و دادوەر لەکاتی شورتی دامەزراندنیان لە هەموو حقوقێك و لەهەموو ئیمتیازاتێك، پێم وایە ئەوەش یەك لەسەبەبەکانە کەناوەکانی وەکو یەك بێت باشە، دوایی مەسەلەیەکی تریش هەیە، ئێمە زۆرجار لەبەعزێ شوێندا دەبینین ئەزمەی دادوەرمان هەیە، نیمانە، بۆیە پێم وایە، ئەگەر داواکاری گشتی صیفەتی قازی وەربگرێتن، ئێمە دەتوانین ئیستیفادەیان لێ بکەین، لەو

شوێنانەی کەوا کەمی دادوەریمان هەیە، بۆیە بەعام ئەوەیە مەوزوعەکە کە ئێمە وەکو وەزارەتی داد تەئیدی ئەو مەشروعەی دەکەین، لە ئەنجومەنی وەزیرانەوە هاتووەو برایان لە لیژنەی قانونی گەلآڵەیان کردیە، زۆر سوپاستان دەکەین.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس کاك سەردار فەرموو رەئیت هەیە لەسەر ماددەی یەکەم، پێنج کەس رەئیان هەیە لەسەر ماددەی یەکەم، کاك فرسەت فەرموو.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تەبعەن من ئیعتزازم نیە، کو مدعی عام صیفەتی قازی وەربگرێت، بەس ئێمە قانونێکمان هەیە، قانونێکی ئەصڵیە پێی دەڵێن قانونی دەستووری، قانونی سوڵتەی قەزائی، قانونێکی دەستووریە، ئێمە ناتوانین بەواسیتەی قانونێکی فەرعی قانونێکی دەستووری بگۆڕیین، ناوی قازی یان حاکم لە قانونی سوڵتەی قەزائی هاتووە، حاکم لێرە ئەگەر بیکەینە قازی موتەناقزە لەگەڵ قانونێکی دەستووری ئەویش قانونی سوڵتەی قەزائیە، بەڕەئی من ناحیەی قانونی صرف مەفروزە ناوی لێرە حاکم بت، هەتاکو قانونی سوڵتەی قەزائی بیگۆڕین، ئەو وەختە ئەتوانین لە قانونی سوڵتەی قەزائی تازە پرۆژەمان هەیە، بڵێین لەهەر قانونێك، ناوی حاکم هات بت، ئەبتە قازی بەس ئێمە ئەگەر بێین لێرە ناوەکە بیگۆڕین، تەناقوزەك پەیدادەبت، لەمابەینی قانونی فەرعی و قانونێکی ئەساسی بەڕەئی من با ئەوە ئیقرار نەکەین لێرە وەك خۆی بمێنێتن، حەتاکو قانونی سوڵتەی قەزائی ئیقرار بکرێت، کاك کریم مولاحەزەیەکی دا وتی، قانونی جمعیەی قوزات، بەقازی هاتووە، ئەوە قانونی جمعیەیەکە من ناتوانم ئەوە بێنمە مستەوای نە قانونی ئیدعای عام نە قانونی سوڵتەی قەزائی، چونکە ئەوە قانونی رێکخراوێکە، نابت ئێمە وابکەین قانونێکی ئەساسی یان دەستووری خزوع بکەین بۆ قانونی رێکخراوێك، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وەڵلا نوقتەیەکی جەوهەرییە کەباسی کرد، بەڵام تەعدیلی قانونی ئیدعای عام، کەلەئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق پەسەند کراوەو دەرچووە، لە ماددەی یەکدا ناویان دەڵێت قوزات، کاك جمال قاسم.

**بەڕێز جمال محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تەبیعی بەنیسبەت خاڵی یەکەم من پڕاو پڕ پشتیوانی تێبینیەکەی کاك فرسەت ئەکەم، بەڵام هەر وەکو واقیعێکیش ئەم دانیشتنەو ئەم مەوزوعە بۆ ئەوە نیە ناوی حاکم بگۆڕین بە قازی، لەبەر ئەوە دەبێ لەشوێنێکی تر ئەگەر بڕیار درا، دیراسەی ئەو مەوزوعە بکرێت، بەنیسبەت بەعزێ تێبینی لەسەر وتەی بەڕێز وەزیر، تەبیعی داواکاری گشتی حەقی خۆیەتی هەر ئیمتیازێکی پێ بدرێت، یان هەر دەستەڵاتێکی بۆ دیاری بکرێت، بەڵام لەسیستەمی دادگادا، سێ بنەمای ئەساسی هەیە، حاکم، مودەعی عام، محامی خەڵك،

ئەم سێیانە هەر سێکی موئەسەساتی جیاوازن، نابێ پەیوەندیان بەیەکەوە هەبێت، نابێ هیچ لایەکیان مەربووت بێت بەهیچ لایەکی ترەوە، بەرەئی من لە هەموو شوێنێك بەنیسبەت شەرت وشروتیشەوە، ئەو شەرت وشروتانەی کە بۆ مودەعی عام دیاری ئەکرێ زۆر زیاترە لەوەی کە بۆ حاکم دیار دەکرێت چونکە شوێنی مودەعی عام شوێنێکە ئەگەر خەڵکێکی موستەقیمی تێدا نەبێت، ئیحتیمالە لابدات پاش فەترەیەك، هەدەفی کارەکەی بردنەوە بێت نەك عەدالەت، یەعنی ئەمە موشکیلەیەکی گەورەیە، حەتا لەکۆمەڵگای مەدەنی مودەعی عامەکان، پاش فەترەیەك کەئیستمراریەت ئەکەن فێری ئەوە ئەبن، ئەگەر قەزیەیەکی بەقوەتیان نەبێت فرو فێڵ وشتی وابکەن، حاکم ئەوە ناکات، لەبەر ئەوە ئەوکەسانەی کە دیاری ئەکرێت بۆ مودەعی عام، ئەبێت لەهەموو بوارێکەوە تاقی کرابێتەوە، تەقیم کرابێ بۆ ئەوەی تووشی ئەو غەڵەتە نەبێت، لەبەر ئەوە من ئەڵێم ناحەقیە بەرامبەر بەدەزگای دادگا ئەگەر ئەو ناوە بگۆڕین وئەم موئەسەساتە بکەینە یەك، یان ناوەکانیان بکەین بەیەك، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس سۆزان خان فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێستا بەڕێز وەزیری داد، ئاماژەی بەشتێك کرد کەوتی، بڵێین ئەوانەی کەدەبنە داواکاری گشتی هەمان مەرجیان دەبێت، وەکو ئەوەی کەلە دادوەرەکاندا ئەبێ هەبێت، ئێمە ماوەیەك لەمەو پێش هەرلەم پەرلەمانەدا، مەرجی شووکردنمان لابرد بۆ ژنان، ئایا ئەوەی کەئێستا داواکاری گشتیەو کچە هەمان سیفەتی ئەدەنێ، هینی حاکم، ئەمە یەك، دوو/ زۆرێك لەو ژنانەی کەلەناو وەزارەتی داددا هەن و سیفەتی دادوەری گشتیان هەیە کەداوایان کردووە صیفەتی حاکمیان پێ ببەخشرێت، کاتی منالْ بوون فەترەی ئیجازەی منالْ بوونیان بۆ ئەژمێردرێت بەخزمەت، گلەییەك وگازندەیەکی زۆر هەیە مەعەل عیلم ئەوە بۆ پیاو ئەکرێت، ئەگەر یەکسانی پەیرەو بکرێت من بزەبت وایان پێ وتم، وتیان پیاوەکان، وەکو ئێمە خزمەتیان هەیە، خاوەنی پێنج منالْن حەقی ئەوەیان هەیە، ببێتە دادوەر لەبەر ئەوەی ئیجازەی ئومومەی وەرنەگرتووە، بەڵام بۆ منێکی ژن لەبەر ئەوەی هینی دایکایەتی خۆمم کردووە، منالْم بووە ئەو ساڵەی کەئیجازەم وەرگرتووە، بەخزمەت بۆم حیساب ناکرێت هیوادارم ئەوە لەبەرچاو بگیرێت، ئەگەر هاتوو مەرجەکانی حاکمی بەسەر دادوەری گشتیدا عەینەن شت بێت، خاڵی ئەوە رەچاو بکرێت مەرجی شووکردن نەمێنێت لەهەردووکیاندا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دوایی جوابت دەدرێتەوە کاك ملا سعدالدین فەرموو.

**بەڕێز ملا سعدالدین عبدالله مولود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

له ئیدعای عام دیتمان چەند چالاکی هەبوو، له محاکەمەی سەرانی رژێم حەتا له دەوڵەتانی پێشکەوتووی ئەسکەندەنافی هەوڵ دەدرێت بۆچالاککردنی ئیدعای عام کەئیشراف لەسەر قانونیەتی تەحقیقات دەکاتن، ئیشراف لەسەر تەنفیزی قەرارات حەتا بۆی هەیە تەعن له مەحکەمەی تەمییز بدات ئەگەر خیلافێکی تێدا هەبوو، لێرۆکانێ من یەك مولاحەزەم هەیە، لەماددەی یەکەم دەڵێت: يعد اعضاء الادعاء العام المستمرون في الخدمة حكاماً، المستمرون في الخدمة حكاماً لەبەر چ، یەعنی ئەوانەی کە موتەقاعید بوونە، ناویان بەچی دەمێنێتەوە، یەعنی چ ناوێکیان لێ دەنێیت، یەعنی ئەوها باشە يعد اعضاء الادعاء العام المستمرون والمتقاعدون، یەعنی موتەقاعدیشی لەبۆ زیاد بکرێت، عەدەدیشیان ئەوەندە زۆر نیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك شێخ ئاخر فەرموو.

**بەڕێز ئاخر شێخ جمال انور:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێم وایە وەزیفەی حاکم و وەزیفەی ئیدعای عام، جودایە، وەزیفەی حاکم یەکلاکردنەوەی کێشەکانە واتە بێلایەنە حاکم، بەڵام وەزیفەی ئیدعای عام بێلایەن نیە، دیفاع لەلایەنێك دەکات، بۆیە نابێت هەردووکیان ناوێکیان هەبێت، چونکە ئەگەر بووە قازی مانای وایە بێلایەن نیە، لەئەصڵیشدا ئەو خۆی بەلایەنە، یەعنی دیفاع لەیەکێك دەکات، بۆیە نابێت هەردووکیان یەك ناویان هەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لەسەر ئەو مولاحەزاتانە حەز دەکەین گوێ لەرای لیژنەی قانونی بگرین.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت مولاحەزاتی کاك فرسەت، تەبیعی وەکو خۆشی ئاماژەی پێدا، کە پێشتر قانونی یەکێتی دادوەرانی کوردستانمان دەرهێنا، لەوێ تەسمیەکەمان کردە قازی له جیاتی حاکم، ئەوە یەك، دوای ئێستا ئەو پرۆژەیەی کە ئێستا لەبەر دەستماندایە، لاحیقە بۆ ئەو، لێرە کەناوەکە دەگۆڕێت مانای وایە، بەردەوام دەبین لەگۆڕینی ناوی حاکم لەهەموو قانونەکانی کوردستان بۆ قازی، ئەوە دوو، سێیەمین پرۆژەی یاسای دەسەڵاتی دادوەری لەبەر دەستمانە ئێستا ئیشی لێ دەکەین لەوێش ناوەکەیمان گۆڕی، لەوێش حاکم بوو بەقازی، له پرۆژەکەدا، بەنیسبەت قسەکانی کاك جمال قاسم تەبیعی ئیدعای عام و حاکم و محامی هەموویان لەئوسرەی قەزائینە، هەر سێکیان ئیش دەکەن بۆ تەحقیقی عەدالەو تەتبیقی قانون و تەنفیزی قانون، نەفسی شروتی دەرەجاتی ئیدعای عام لەحاکمدا هەیە، هەریەکە له مەعهد تەخەروج دەکەن، وەلەو ئێستا معهدی قزائی لەکوردستاندا نیە، عەینەن ئیمتیازاتی حقوق وواجیبات و ئیلتیزاماتی حاکم لەسەر ئیدعای عام تەتبیق دەبێت، واتە کەعەینەن معهدە بەشێکیان دەبنە حاکم بەشێکیان دەبنە ئیدعای عام لۆ

عەینەن صیفات هەڵنەگرێت و عەینەن حقوق وئیلتیزامات هەڵنەگرێت، بەنیسبەت سۆزان خان، تەبیعی ئیمتیازیاتێکی باشە دەدرێتە کچان یان ژنان لەماددەی (41)کە تەعدیلمان کرد، وتمان ئیدعای عام جائیزە کچیش بێت، مێردی نەکردبێت، لێرە ئێستا ببێتە قازی مانای وایە شتێکی باشمان کردووە، ئەگەر پەسەند کرا، عینوانی دەبێتە قازی لەباتی ئیدعای عام، بەنیسبەت ئیجازە وەرگرتن ئەوە هیچ پەیوەندیەکی بەو قانونەی نییە، هەر ژنەکی کە مندالی بوو ئەوە حەقێکی تەبیعی خۆیەتی، قانونی هەبوو بۆ وەرگرتنی ئەوە هیچ گرنگ نیە، ئەگەر قانونی بوو یان موەزەف بوو یان هەرشتێکی تر، بەنیسبەت شێخ ئاخر راستە ئیدعای عام هەتا حەدەکی ئیشی جیاوازە لەگەڵ قازی، بەڵام وەکی گوتمان هەموویان لە ئوسرەیەکی قەزائینە، هەموویان دەیانەوێت تەتبیقی عەدالەت بکەن، هەر یەکەو لە جیهەتێکی خۆی، ئەگەر ناوە بگۆڕدرێت هیچ نییە، حقوق و ئیمتیازاتی قازیشی بدەینێ زۆر ئاساییە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دوو ئەندامی تری بەڕێز داوای قسەیان کردووە، کاك محمد فرج و کاك دکتۆر نوری. فەرمووو کاك محمد فرج.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خۆی من وا ئەزانم یەعنی ئەم تەعدیلە لە نەتیجەی ئەوەوە هاتووە، ئێمە لەکوردستاندا زۆر پێویستیمان بە ئیدعای عام هەیە، ئەم پۆستەش تاکو ئێستا ناچالاکە، یەعنی وەکو پێویست چالاك نییە، ئەمە لە رووی مەعنەویەوە وایە، یەعنی لەرووی ئیمتیازەکانەوە ئیدعای عام هەموو ئیمتیازێکی قازی هەیە، ئیمتیازە ماددیەکانی هەیە، تەنها لەرووی فیعلەوە ئەمە نەکراوە، ئەڵێین ئەگەر ئەمە بکرێت مەلەسەن ئەم ئەچێت بۆ شورتە، وەکو پێویست وەکو قازیەك رێزی لێ ناگرن، یەعنی وەکو ئەو ناچن بەدەمیەوە، بەپێچەوانەوە زۆرجار نایکەنە ژوورەوە، رەنگە گرفتی بۆ دروست بکەن، کە دەڵێن ئەمە مودەعی عامە، وەکو پێویست سەیری ناکەن، حاکمەکان لەدادگا وەکو پێویست، یەعنی ئەو رێزەی کە مەتلۆبە لێی ناگرن، لە وڵاتی ئێمەدا نەهاتووە وەکو پێویست، لەبەر ئەوە تۆ ئێستا ئەو مەکانەتەی دەدەیتێ، بۆ ئەوەی ئەم مەکانتە ببێتە دافعێکی بەقوەت بۆ بەهێزکردنی ئەو پۆستە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك دکتۆر نوری فەرمووو.

**بەڕێز د. نوری جمیل تاڵەبانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بەوشەی دادوەری گشتی، لە قانونی فەرەنسی پێی ئەڵێن، دادوەری گشتی یان محامی حەقی عام، لە راستیدا جیاوازییەکی زۆر هەیە، لە نێوان رۆڵی ئەو لەگەڵ موحامی حەقی شەخصیدا، تەنها لەوەدا نەبێ کە ئەم نوێنەری میللەت ئەکات، ئەویش داوای حەقی عام دەکات، ئەم کێشە، کێشەی کۆنە تازە نییە،

له ساڵی 1992 وەوە دووجار وەفدێکی دادوەرانی کوردستان، هاتنەلای دەستەی قانونی باڵا مەسەلەکەیان خستە بەردەم بۆ یەکلاکردنەوەی، تێبینی من ئەوەیە، کەوا لەم ڕۆژانەدا نزیکەی 4 تا5 سەعات سەرۆك و جێگری سەرۆکی دادگای تەمییزی ئێرەو لەگەڵ کۆمەڵێك لە دادوەراندا، خەریکی تاوتوێ کردنی قانونی دەستەڵاتی دادوەری بووین، ئەوان لەگەڵ ئەوەدا نین کەوا ئەو صیفەتەیان پێ بدرێت، من بۆیە پێشنیازی ئەوە دەکەم کەوا پەلە نەکەین، ئەم پرۆژەیە دوابخرێت هەتاکو ئەوە یەکلایی بکرێتەوە، تاکو جۆرە نەگونجانێك لە نێوانیاندا روو نەدات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاك عونی.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دکتۆر نوری خۆی ئەندامە لەگەڵمان لە لیژنەی یاسایی راپۆرتەکەمان نووسی خۆی لەگەڵمان بووەو رای موتابیق بووە لەگەڵمان، نازانم ئێستا دیارە پاشگەز ئەبێتەوە لەراکەی خۆی، حاکمەکانیش تەئسیریان لێ کردووە، بەسەراحەتیش بڵێم هەندێ برادەرانی حاکم هەیە، لەگەڵ ڕێزم بۆیان حەز ناکەن ناوی مدعی عام ببێتە قازی، یەعنی موختەسەری قسەکە ئەوەیە، ئێمە زۆر لە موناقەشەکاندا ئەوەمان تێبینی کرد، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك زانا ئیمزای نەکردووە بۆیە فەرموو کاك زانا.

**بەڕێز قادر سعید خضر(زانا):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەڵڵا بۆ پشتیوانی لیژنەی یاسایی ئەبێت ئاگامان لەقانونی ژمارە(10)لەساڵی 2006 لەبەغدا دەرچووە، لەماددەی یەکەم بەهەمان شێوە ئیدعای عام کرایتە قازی، یەعنی شتێکی چاك بووەو دەورێکی فەعالیشی بەمدعی عامەکان داوە، هەروەکو لەدادگاییەکانیش بینیمان، شتێکی تریش ئیدعای عام کاتێك صیفەتی قەزا وەردەگرێت مانای وانییە، بێ لایەن نیە، ئەگەر ئینتیداب کرا بەقازی بێ لایەنانە ئیش دەکات، بەڵام ئەگەر مدعی عام بوو، ئەوا موراقەبەی مەشروعیەت دەکات و تەمسیلی حەقی عام دەکات، بەهەردووکیشیان بەهێزترە لەقازی مەوقیعەکەی وا ئەخوازێت، بۆیە بەهەموو شێوەیەك ئێمە لەگەڵ ئەوەداینە، کە بەقازی دابنرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك سەردار فەرموو.

**بەڕێز سەردار صباح بوزو هەرکی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە وەكو لیژنە پێمان وابوو، ئەگەر بێتو سەروەری یاسا لەكوردستان بەپێی پلەی پێویست لەتموحی ئێمە نەبێتن، لەبەر ئەوەیە كە ئەو دەزگایە، دەزگای داواكاری گشتی زۆر فەعال نییە، نەك لەبەر ئەوەی كادیرەكانی فەعال نییە، ئێمە زۆربەیان دەناسین، خەڵكی زۆر باشیان تێدایە، بەڵكو قانونەكەیان لاوازە، پێویستی بە پێیداچوونەوە هەیە، ئێمە پێمان وایە ئەو یاسایە تەنها ناتوانێت ئەو دەزگایە ئەكتیف بكات، بەڵكو دەبێت یاساكەی خۆیان پێیدا بچنەوە سەرلەنوێ، بەهێزیان بكەنەوە، پێشم وایە، خۆیان پرۆژەیان هەیە، بۆ ئەم مەرحەلەیە، پێمان وایە ئەمە شتێكی خراپ نییە بەتایبەتی كەدەزگای داواكاری گشتی بۆ خۆیان ئامادەیان كردووەو پرۆژەكەش لەلایەن حكومەتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

وەڵڵا خۆی لەتەجروبەی دونیا، زۆر باش شارەزا نین، من قانونی نیم، من پێم وایە مدعی عام دەسەڵاتی زیاترە لەحاكم، ئەهەمیەتیشی لە هەندێك وڵاتدا لەحاكم زیاترە، چونكە مدعی عام حەقی عامیش دەپارێزێت، دەرەجەی حاكمی تەبیعیە، بەڵام كەلیمەی حاكمی لەسەر تەتبیق ناكرێتن بەس ناوی حاكمە، ئەوە لێرەدا نووسرایە یعد یەعنی وەكو حاكم وایە، یەعنی ئیعتیبار دەكرێت بەحاكم نەك حاكمە، یەعنی بەئیشی حاكم هەڵناسێت، یەعنی مدعی عامە هەر بەو كارەش هەڵدەسێت، بەڵام ئیمتیازاتی حاكمی دەبێتن، مەعنەوییەن رێزی لێ دەگیرێت، چونكە حاكم مەرتەبەی هەیە، ئەگەر بێین تەماشاش بكەین لە بەغداش ئەنجومەنی نوێنەران هەمان شتی كردووە، یەك خیلافمان هەیە لێرە ئێستا قسەكان شەرح كران، ئایا ئیعتیبار بكرێن بەقازی یان بەحاكم بمێننەوە، وجهە نەزەری كاك فرسەت، كە دەڵێت هەتا شتەكانی ئەوانەی پێشتر هەموارنەكرێنەوە، هەر دەبێ بەحوكام بمێننەوە، من قەناعەتم وایە كە حاكم بێت یان قازی بێت هیچ فەرقێكی ئەوتۆ ناكات، بۆ ئەوەی بێتو بۆ دەفعی ئەشكال لیژنەی یاسایی وجەنابی وەزیر موافق بن، ناویان ببێتە حوكام، دوایی كە ئەوان تەعدیل كران ئەمیش چاك دەكرێتن و ئەو ئەشكالەش نامێنێت، ئەو كات دەیدەینە دەنگدان.

**بەڕێز فاروق جمیل صادق/ وەزیری داد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

لەحەقیقەتدا ئەوە موشكیلە نییە، بەڵام لەنەتیجە هەمووی هەر دەبێتە قازی، ئێستا ئێوە دەبێ جارێكی تر ئەمە تەعدیل بكەنەوە، من پێم باشە هەر بەقازی بڕواتن، چونكە مەشروعەكانی تریش وەك قانونی سوڵتەی قەزائی، مەجلسی ئیستیشاری كە هەمووی لەبەردەستدان و خەریكە تەواو دەبن، صیفەتی قازی دایتێ، ئەگەر لەمەسەلەكە هیچ ناگۆڕێت، ئەگەر بەقازی حساب كرێت لەئاخریدا حاكمیش گۆڕا كرا بەقازی، ئەوە هەر دەگۆڕێت، ئەوەش رەئی خۆتانە و زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

وایە ئەوی تر پرۆژەیە، بەڵام ئەگەر ئەوی ترمان ئیقرار کرد، ساریە لەسەری پێویست ناکات بێین ئەوە تەعدیل بکەینەوە، فەقەرەیەك دەنووسرێت لەهەرکوێندەر حاکم هاتبێت دەبێت بەقازی، ئەوە دەبڕێتەوە، ئێستا لێرەدا بیکەنە قازی ئەوەتا هەندێك لەو موقتەرەحاتانەی کەلەلایەن هەندێ برادەرەوە ئاماژەی پێکرا، ئێستاکە کەناوی حاکم دێت، بەڵێ کام محمد فرج.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەڵڵا من لەسەر ئەو رەئیانەم چۆن ئەبێت، دادوەرەکە سیفەی حاکمی هەبێت وحاکمەکەش لەوێدا دانیشتبێت، یەعنی قازیەکە ئێستا بەلای کەمەوە لە زاراوەدا جیاوازن، ئەمە سیفەتی حاکم وەر ئەگرێت ئەویش هی قازی، راستە فەرقیان نییە، بەڵام مەعقولیش نییە، دووکەلیمە بێت دادوەر سیفەی حاکمی هەبێت، حاکمەکەش لەوێدا حاکم بێت، ئیدعای عامەکە صیفەی حاکمی هەبێت، حاکمەکەش لەوێدا حاکم بێت، یەعنی ئەوە کەلیمەیەکە ناخوات بەیەکەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە تەوزیح بوو هەرچەند نەدەبوو تۆ بیدەیت، فەرموو کاك عونی.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

حالیەن ئێستا لەکوردستان ولە عێراقیش، تەبیعی عێراق تەعدیل کرا بەس لەکوردستان، حاکم دەعاوی مەدەنی وجەزائی دەبینێ، بەڵام قازی، لەفزەی قازی بەس دەعاوی شەرعی دەبینێت، یەعنی جیاوازییەکە ئێستا ئەوەیە بەس کە تەرجومە دەکرێت بۆ کوردی حاکم هەر دادوەرەو قازیش هەر دادوەرە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك محمد من پێشتر جوابی پرسیارەکەی تۆم دایەوە، دەڵێم مدعی عام حاکم نیە بڵێیت حاکم فلان، بەڵام یعد یەعنی مدعی عامە ناوەکەشی، بەڵام وەکو حاکمە لە ئیمتیازاتە، لەمەنسەبە، لە دەرەجەیە، فەرقەکەی ئەوەیە دەرەجەکەی ئەوەیە، ئەمە ناوەکەیەتی دەنووسرێت مدعی فلان لەناحیەی وەزیفەو ئیمتیازات و مەرتەبەو تەقاعدو ئەوشتانە، وەکو حاکم حیساب دەکرێت، ئێستا بیخوێنەوە پاشی ئەوەی کە حاکم مایەوە بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگەوە.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة (1): يعد اعضاء الادعاء العام المستمرون في الخدمة حكاماً وفق الدرجات والصنوف والاقدمية والمناصب التي هم عليها عند صدور هذا القانون، وتسري عليهم الاحكام التي تسري على الحكام ويتمتعون بجميع حقوق الحكام وامتيازاتهم.

**بەڕێز کریم بحری عبداللە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**ماددەی یەکەم:**

**ئەندامانی داواکاری گشتی ئەوانەی لەخزمەتکردندا بەردەوامن بەپێی پلەو پۆلێن وکۆنی ئەو پۆستەی تێیدایە، لەکاتی دەرچوونی ئەم یاسایە بەدادوەر دەژمێردرێت، هەمان ئەو حوکمانەی بەسەر دادوەراندا پیادە دەکرێ دەیانگرێتەوە، کەڵك لەهەموو ماف و تایبەتکاریەکانی دادوەران بەهەمان شێوە وەردەگرێ.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**پێش ئەوەی بیخەمە دەنگەوە کاك ئارام زۆر دەستی بڵند کرد، بزانم چیە ئیعتزازەکەی فەرموو.**

**بەڕێز ئارام رسول مامند:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**جەنابتان لەدواین روونکردنەوە ئیشارەتتان بەوەدا، کە داواکاری گشتی، داواکاری گشتیە، بەڵام لەرووی ئیمتیازاتەوە وەکو دادوەر حیسابی بۆ ئەکرێت، بەڵام لە کوردیەکەی بەڕاشکاوی دەڵێت لەدوای دەرچوونی ئەم یاسایە بەدادوەر دادەنرێت، مانای وایە دەبن بەدادوەر ئەمانە، وەکو داواکاری گشتی نامێننەوە، بەنەزەری من پێویستە ئیشارەی پێ بدرێت لێرەدا، یەعنی ئەوە تێکەڵبوونێکی تەواوە، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**ئەزانی چۆنە وشەکە ناڵێت، دادەنرێت دەڵێت دەژمێردرێت، فەرقی زۆرە، یەعنی بەحاکم دەژمێردرێت، یعد بەعەرەبیەکەی، دەژمێردرێت بەحاکم، جەنابی وەزیریش وتی ئەگەر نەقسمان هەبێتن ئەو دادەنێین، تەبیعیە دەژمێردرێتن، یەعنی سیفاتی حاکمی هەیە، ئەگەر حاکم نەبێتن دەتوانێت بڵێت مدعی عام بڕۆ ئیشی ئەو حاکمە بکە بۆ ماوەی ئەوەندەی، صیفاتەکەی هەیە، چۆن ئێستاکە مەعەل فەرق وەزیری دادە وەزیری مافی مرۆڤ غیاب دەبێت، ئەویش وەزیرە دەچێت بەوەکالەت لە وەزارەتەکەی ئەو ئیش دەکات، ئەویش بەو شکلەیە تەقریبەن، دەیخەمە دەنگەوە، بەڵێ مامۆستا خلیل.**

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**ئەوە صیفەتی قازی دەدەینێ، بەس تەسمیەکەش هەروا دەبێت، پێی دەڵێن قازی ئیدعای عام، هەرواش لە قانونی سوری و ئوردنی و لەهی قەتەری هەیە، تەسمیەکەش دەگۆڕدرێت، ئینجا قەصدی موشەریع لێرەدا موهیمە دەرکەوێت، یەعنی بەرەئی من وا تێدەگەم ناوەکەش دەبێتە قازی ئیدعای عام.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**نا لێرەدا لەپرۆژەکە نەهاتووە ناوەکە بگۆڕدرێت، بەڵام هاتووە دەڵێت، دەژمێردرێت، یعد بەڵام لەسەر هینەکەی دەنووسرێت مدعی عام، لەنووسینیشدا دەتوانرێت بنووسرێت الحاکم مدعی عام، ئەو میسالەش دەوڵەمەندی موقتەرەحەکەش دەکات، بەوە پشتگیری لەیاساکە دەکەین، ئەو ماددەیە پاش خوێندنەوەی**

دەیخەمە دەنگەوە کێی لەگەڵدایە بادەستی بڵند بکات تکایە؟، فەرموون کێی لەگەڵدا نیە؟، دوو کەسی لەگەڵدا نیە بەزۆرینەی دەنگ وەرگیرا، فەرموون بۆ ماددەی تر.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة(2): يعتد بسنوات خدمة اعضاء الادعاء العام المشمولون بحكم المادة(1)من هذا القانون، واصنافهم ومناصبهم واقدميتهم لاغراض تطبيق احكام قانون السلطة القضائية لاقليم كوردستان رقم (14)لسنة 1992.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی(2):

سالآنی خزمەتکردنی ئەندامانی داواکاری گشتی کە دەکەونە ژێر حوکمی ماددەی(1)ی ئەم یاسایە وپۆلێن و پۆستەکانیان و کۆنییان، بۆ مەبەستی پیادەکردنی حوکمەکانی یاسای دەسەڵاتی دادوەریی هەرێمی کوردستان ژمارە(14)ی ساڵی 1992، کاری پێ دەکرێ.

لیژنەی یاسایی ئەو جومەلەیە ئیزافە دەکات لەیاساکە، إضافة جملة (المعدل أو اى تشريع آخر يحل محله) الى آخر المادة.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاك سەردار.

**بەڕێز سەردار صباح بوزو هەرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لە لیژنەی کاروباری ناوخۆ پێمان وایە ئەو صیغەی کەهاتووە، لەماددەی دوو زۆر موەفەق نەبووە، بۆیە پێشنیار دەکەین صیاغەکەی بگۆڕێت بۆ ئەم شێوازە، حوکمەکانی دەسەڵاتی دادوەری هەرێمی کوردستان ژمارە(14)ی ساڵی 1992 جێبەجێ دەکرێت وبەمەبەستی پلەو پۆست وپێشینەی ئەندامەکانی داواکاری گشتی ئەوانەی حوکمی ماددەی(1)دەیانگرێتەوە، بەعەرەبیەکەی يطبق احكام السلطة القضائية لاقليم كوردستان رقم(14) لسنة 1992 لاغراض الاصناف والمناصب واقدمية اعضاء الادعاء العام المشمولين بحكم المادة (1) من هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

(يعد ويطبق) چی فەرقێکیان هەیە.

**بەڕێز سەردار صباح بوزو هەرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێمان وایە لەو پێشنیارەی کەهاتووە پێش وپاشی تێدایە، یەعنی لە نیهایەتی دەڵێت احكام السلطة القضائية، ئێمە هێنایتمانە بیدایەتەوە، پێمان وایە ئەو صیغەیە بەقوەت ترە.

**بەڕێز عونی كمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لێرەدا سەنەواتی خدمەی باس دەكات، يعتد بسنوات خدمة اعضاء الادعاء العام المشمولون بحكم المادة (1) من هذا القانون، بەگوێرەی پێشنیارەكەی كاك سەردار وەزعەكە دەگۆڕێت، تەتبیقی قانونی سوڵتەی قەزائی بكەین.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

لەجیاتی (تطبق وتعتد) بیكەین بە (تحتسب سنوات الخدمة)، كاك فرسەتێش وا دەڵێتن، خیلافەكەی تر چی بوو، مولاحەزەكەی كاك سەردار وەربگرەو صیغەكەی بخوێنەوە.

**بەڕێز عونی كمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

المادە(2):

تحتسب سنوات خدمة اعضاء الادعاء العام المشمولون بحكم المادة(1)من هذا القانون، واصنافهم ومناصبهم واقدميتهم لاغراض تطبيق احكام قانون السلطة القضائية لاقليم كوردستان رقم (14)لسنة 1992 المعدل او اي تشريع اخر يحل محله.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كەس قسەی هەیە لەسەر ئەو ماددەیە، دەیخەمە دەنگەوە، كێ لەگەڵ ئەو موقتەرەحەی لیژنەی یاساییە كەتەعدیل كرا، با دەستی بڵند بكات تكایە؟، فەرموون كێی لەگەڵدا نیە؟، بەكۆی دەنگ وەرگیرا تكایە بۆ ماددەیەكی تر.

**بەڕێز كریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ماددەی(3):

ئەندامانی داواكاری گشتی ئەوانەی حوكمەكانی ئەم یاسایە دەیانگرێتەوە لەكارەكانیان بەردەوام دەبن، كە لە دەقی یاسای داواكاری گشتی ژمارە(159)ی ساڵی 1979 هاتووە.

**بەڕێز عونی كمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لیژنەی یاسایی هیچ تێبینیەكی لەسەر ئەو ماددەیە نیە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

لیژنەی ناوخۆ هیچ تێبینیتان نییە؟، ئەگەر کەس مولاحەزەی نیە، دەیخەمە دەنگەوە کێی لەگەڵدایە؟ کێی لەگەڵدا نیە؟ بەکۆی دەنگ ئەویش وەرگیرا، فەرموون بۆ ماددەیەکی تر.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی(4): بڕگەی یەکەمی ماددەی(1)ی ئەم یاسایە هەمواردەکرێ و بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:

پاراستنی سیستەمی هەرێمی کوردستان و دەزگاکانی و پێداگرتن لەسەر دیموکراسیەت و بەرژەوەندیە باڵاکانی گەلی کوردستان، پاراستنی سامانی هەرێم.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لیژنەی یاسایی کەلیمەی (الأموال العامة)پێش کەلیمەی الاقلیم لە ئەخیری ماددەکە ئیزافە کرایە. پێشنیار دەکەین ئیزافەی بکەن.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک سەردار.

**بەڕێز سەردار صباح بوزو هەرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە دوو پێشنیارمان هەیە، جگە لەو پێشنیارەی لیژنەی یاسایی کە پێشنیاریان کرد، اموال الاقلیم بگۆڕدرێت، بۆ الاموال العامة للاقلیم، هەروەها پێداگرتن بگۆڕدرێت بۆ پاراستن یەعنی بەعەرەبیەکەی ئەگەر سەیری بکەین، حمایة نظام اقلیم کوردستان هاتووە، بەڵام دیموکراتیەت و بەرژەوەندیە گشتیەکانی گەلی کوردستان حرص هاتووە، خۆمان دەزانین حرص لەپاراستن لاوازترە، بۆیە پێشنیار دەکەین ئەوەیش بکرێتە پاراستن، بەعەربیەکەی حمایة الدیموقراطیة والمصالح العلیا لشعب کوردستان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک فرسەت ڕەئیەکی هەیە فەرموو.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەڵڵاهی صیاغەتی ئەو ماددەیە، بەو شێوەیە بە ڕێکوپێکی نەهاتووە کو مهامی مدعی عام بن، یەعنی زیاتر وا پیشان دەدەت کە قوەتێکی پۆلیسن یان عەسکەرن، چونکە مدعی عام ئیشی ئەوەیە، مراقەبەی تەنفیز کردنی قەوانینەو حیمایەتی شەرعیەتەو پاراستنی موادی دەستوورە، یەعنی صیاغەتەکە وا هاتووە، وەك ماددەیەکی ئەمنی زیاتر دێتە پێش چاو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من تێناگەم کاك عونی تعدل الفقرة (1) من المادة (1) من القانون، کام قانون، ئاخر وا بڵێن، بڵێن قانونی الادعاء العام، بڵێن تعدل الفقرة (1) من المادة (1) من قانون الادعاء العام، وا تەسەور ئەکرێت بڵێن ئەم قانونە، بنووسن تعدل الفقرة (1) من المادة (1) من قانون الادعاء العام قانون رقم (159) لسنه 1979، ئەوە ئیزافە بکە، وتقرا کالاتي: کاك سردار تۆ صیاغەکەت چی بوو.

**بەڕێز سەردار صباح بوزو هەرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تەنها گۆڕینی (الحرص علی الدیموقراطیة، واته حمایة نظام اقلیم کوردستان وامنه ومؤسساته وحمایة الدیموقراطیة والمصالح العلیا لشعب کوردستان والحفاظ علی الاموال العامة للاقلیم). (الحرص علی) گۆریتمان بە (حمایە).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەزانی چۆن ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق خۆیان، ئەگەر تەعدلیلیان نەکردبا، ئێمە بۆمان نیە، تەعدیلی قانونی دەوڵەت بکەین دەتوانین ڕای بگرین، کاری پێنەکەین بەڵام لەبەر ئەوەی لەبەغدا ئەنجومەنی نوێنەران ئەو ماددەی تەعدیل کردووە بەو شێوەی خوارەوە، حمایەی نیزامی دەوڵەت و ئەمن و حرص علی الدیمقراطیة والبیئة والدفاع علی مکاسب الثورة، والحفاظ علی اموال الدولة، ئەوە شتێکی پۆلیسی و ئەوانە بوو، هی بەغدای تازە دەڵێت، حمایة نظام الدولة وامنها وموسساتها والحرص علی الدیمقراطیة والمصالح العلیا للشعب والحفاظ علی اموال الدولة، ئەمە لەهی بەغدای تازەیە لەئەنجومەنی نوێنەران، یەعنی ئەوەی کۆنی تەعدیل کردووە، ئێمە دەتوانین ئەوەی بەغدا پەسەند بکەین و بیخەینە ئێرە، نازانم ئێستا لیژنەی قانونی صیغەکەی چۆن دەبێ ورێك دەخرێت، ((اختلاف أومة رحمة))، ئەتۆ چەند ساڵ وەکیلی وەزیری ئەوقاف بوویت، ئەوە حەدیسە یان ئایەتە، یا شێخ ئەوە حەدیسە یان ئایەتە، ئینجا ئەگەر حەدیس بێتن، حەدیسێکی صەحیح بێتن، واجبی ئێوەیە گوێی لێبگرن، ئەو ئیختلافەی بەینی قانونیەکان وحکومەت بوو، صیغەیەکی باشترمان هاتە پێش، ئەویش ئەوەیە ئێمە شتێك دەردەکەین بۆ ئەوەی گلەییمان لێ نەکرێت، ماددەیەك هەیە لەقانونی زەمانی بەعس کە مدعی عامەکانی وەکو هین کردووە، لە دەوڵەتێکی پۆلیسیدا واجبیان ئەوەیە ئەمن بپارێزن، بەڵام لای ئێمە واجبی ئەوەیە مصالحی میللەت و دیموقراتیەت بپارێزێتن، ئەمنیش بپارێزێت، لەبەغدا ئەو ماددەیە تەعدیل کراوە، کەهی بەغداش ناگونجێت لەگەڵ هی ئێمە، بۆیە باشتر وایە کە لیژنەی قانونی و کە کاك فرسەتیش باسی کرد، رەئیمان گەیشتە ئەوەی کە وا بنووسین ئەو ماددەیەی 79ی بەغدا رابگیرێت، ماددەیەکی تازە، بێتە جێی بەو صیغەیەی کە باسمان کرد وخوێندمانەوە، ئێستا دەیخوێنێتەوە، وەکو ماددەیەکی تازە، موقتەرەحی تازەیە وەکو ئەوەی کاك سەردار وتی، کە حرصەکە حیمایەت بێتن، چونکە لەبەغدا دەڵێت حرص، ئێمە دەڵێین حیمایەتی دیموقراتیە تەنهاحرص کافی نیە، ئەوەی بەغدا رادەگیرێت ئەو ماددەیە بەو صیغەی کەئێستا دەیخوێنێتەوە، دەبێتە ماددەیەکی تازە بیخوێنەرەوە کاك عونی تکایە.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**المادة(4):**

**ایقاف العمل بالفقرة اولاً من المادة(1)من قانون الادعاء العام رقم(159)لسنة 1979 في اقليم كوردستان، ويحل محله مايلي: حماية نظام اقليم كوردستان وامنه ومؤسساته وحماية الديموقراطية والمصالح العليا لشعب كوردستان والحفاظ على الاموال العامة للاقليم.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**جارێکی تر ئیختلاف هەیە، بۆیە دیسان راوێژمان کرد، لەبەر ئەوەی چەند ماددەیەکی دواتر هەیە، هەمووی داواکردنی هەموارکردنی فەقەرە ئەوەندەیە، ئەو فەقەراتانە هەمووی یەك ماددەیە لەقانونی رژێمی پێشوو هی ساڵی 1979 بۆیە ئێمە هەموو ماددەکە، رابگرین، موفتەرەحەکە ئەوەیە هەموو فەقەرەکانی ماددەی ئەوەندەی یاسای 159ی ادعای عامی ساڵی 1979 رابگیرێت، لەجێگای ئەوەدا ماددەیەك، ئیزافە بکرێتن بۆ ئەو قانونە بە چەند بابەتێکەوە، بابەتی یەکەم کەخوێنرایەوە، (أ-ب —ج) ئەوانەی تێدا بێتن، هەموو ئەو مادانەی تریش تەعدیل بکرێت، ماددەی پێنجە، شەشە، ئەو تەعدیلاتانەی کە هەیە، لەسەر فەقەراتەکانە کە ببێتە یەك ماددە، ئەو ماددەیە ئیلغا بکرێتن، ئەوە ماددەیەکی تازەیە (1-2-3)بێتن، هەمووی باسی دەعمی ڤیتاعی ئیشتیراکیە، کەشفە لەسەر جەریمەو یەعنی شتەکان هەموو پۆلیسین، لەگەڵ وەزعی ئێمەدا ناگونجێتن، من داوا لە لیژنەی یاسایی ئەکەم لەگەڵ لیژنەی ناوخۆ، پێنج دەقە لەبەینی خۆیاندا ئەو صیاغەیە تەواو بکەن، ناچینە دەرێ بۆ ئەوەی وەختمان نەچێت، کە صیاغەیان کرد بە تەئکید پێش ئەوەی بیخوێننەوە لەگەڵ وەزیر دەبێ ئیتفاق بکەن لەسەری، بەناوی خوا دانشتنەکەمان دەست پێدەکەینەوە.**

**لیژنەی یاسایی فەرموو گەیشتنە چی ئاگادارمان بکەنەوە. بەیان لەبەر ئەوەی ئەو پرۆژە یاسایەی وەزارەتی پێشمەرگە ئەمرۆ خوێنرایەوە، بەڵام چەند رۆژێك بوو لەلایەن لیژنەی یاساییەوە، موناقەشە ئەکراو راپۆرتەکەشی حازر کردووە، جا ئەمە ئەگەر لیژنەی پێشمەرگەش لەپێشیەتی، ئەگەر موافق بن پێم باشە سبەینێ دانیشتنەکەمان بۆ تاوتوێ کردنی پرۆژەی یاسای وەزارەتی پێشمەرگە بێت، لەگەڵ دوو پرۆژەی تریش هەیە بۆ خوێندنەوەی یەکەم، ئەگەر کارەباش نەهات، ئەم دانیشتنە دوا دەخەین ئەو صیاغەیە بۆ چەند دەقیقەیەك تەواو دەکەین، مەبدەئیەن سبەینێ سەعات 11 دانیشتنەکەمان ئەوەیە وەزارەتی پێشمەرگە پرۆژەکە، خوێندنەوەی ئەو پرۆژانە بۆ یەکەم خوێندنەوەیەتی، ئەگەر کارەباش نەهات ئەوەی ئەمرۆش تەواو دەکەین، سەعات 10 یەك ئیحتمال هەیە میوانێکی بیانیمان هەیە، بۆ نیوسەعات دەبێ میوانداری بکەین، حەز دەکەن 10/30 بێت باشە، سبەینێ 10/30.**

**بەڕێز سعد خالد محمد امین/ وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دوێنێ هەردوو وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پێشمەرگەو وەزیری پێشمەرگە، لە مەتاری بوون جا پێم وایە سەفەریان کردبێ، جا ئەگەر جەنابتان مەجال بدەن پێنج دەقیقەیەك من ئاگادارتان دەکەمەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو تۆ ئیتصالیان پێوە بکە ئێمەش چاوەڕێ ئەکەین، ئەگینا مەجبورین دوای بخەین بۆ رۆژی سێ شەممەو چوارشەممە، دانیشتنەکەمان کۆتایی پێ ئەهێنین سبەینێ دادەنیشینەوە بۆ تەواوکردنی، پرۆژەی ئەمڕۆ، سەعات 10/30 دوو پرۆژەش بۆ خوێندنەوەی یەکەم، ئەگەر وەزیری پێشمەرگەش هاتبێ، ئەوە حازر بێت ئەویش دەخەینە بەرنامە، زۆر سوپاس.

| | | |
|---|---|---|
| **فرست احمد عبدالله** | **محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی)** | **عدنان رشاد مفتی** |
| **سکرتێری ئەنجومەنی نیشتمانیی** | **جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی** | **سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی** |
| **کوردستان – عێراق** | **کوردستان – عێراق** | **کوردستان - عێراق** |

# ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (29)**

**چوار شەممە ڕێکەوتی 27\6\2007**

**خولی دووەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (29)

## چوار شەممە رێكەوتی 2007/6/27

كاتـژمێر(11)ی سـەر لـە بـەیانی رۆژی چـوار شـەممە رێكـەوتی 2007/6/27 ئەنجومـەنی نیشـتمانیی كوردسـتانی عێـراق بـە سـەرۆكایەتی بـەڕێز عـدنان رشـاد مفـتی سـەرۆكی ئەنجومـەن و, بـە ئامـادەبوونی بەڕێزمحمـد قـادر عبـدالله(د.كمـال كـەركووكی) جێگـری سـەرۆك و, بـەڕێز فرسـت أحمـد عبـدالله سـكرتێری ئەنجومەن, دانیشتنی ژمارە (29)ی خولی دووەم, ساڵی (2007) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی كار:**

بەپێی حوكمەكانی بڕگـە (1)ی مـاددە (20) لـە پێـڕۆی نـاوخۆی ژمـارە (1)ی هـەمواركراوی سـاڵی 1992ی ئەنجومـەنی نیشـتمانیی كوردسـتانی عێـراق, دەسـتەی سـەرۆكایەتی ئەنجومـەن بڕیـاردرا دانیشـتنی ژمـارەی (29)ی خولی گرێدانی یەكەمی ساڵی سێیەمی خولی هەڵبـژاردنی دووەمـی پەرلـەمانی كوردسـتان – عێـراق, بەرنامەی كار بەم شێوەیە بێت:

1- بەردەوام بوون لەسەر خستنەڕوو و گفتوگۆ كردنی پرۆژەی یاسای داواكاری گشتی.

2- خوێندنـەوەی یەكـەمی پـرۆژەی یەكـەم هـەموار كردنـی یاسـای وەزارەتـی مـافی مـرۆڤ ژمـارە (2)ی سـاڵی 2001.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی كوردستان دانیشتنی ئەمڕۆمان دەكەینەوە, بەرنامەی كار:

بەپێی حوكمەكانی بڕگە (1)ی ماددە (20) لە پێڕۆی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموار كراوی ساڵی 1992ی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق, دەستەی سەرۆكایەتیی ئەنجومەن بڕیاریدا بەرنامەی كاری دانیشتنی ژمارە (29)ی خولی دووەمی هەڵبژاردن لە كات(11)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی چوار شەممە رێكەوتی 2007/6/27دا بەم شێوەیە بێت:

1- بەردەوام بوون لەسەر خستنەروو وگفتوگۆكردنی پرۆژەی یاسای داواكاری گشتی.

2- خوێندنەوەی یەكەمی پرۆژەی یەكەم هەمواركردنی یاسای وەزارەتی مافی مرۆڤ ژمارە(2)ی ساڵی 2001.

بەخێرهاتنی مامۆستا سعد دەكەم وەزیری هەرێم بۆ كاروباری پەرلەمان، داوا لەلیژنەی یاسایی دەكەم بێن لەشوێنی خۆیان دانیشن، لەگەڵ كاك سەردار نوێنەری لیژنەی ناوخۆ، داوای لێبوردنیشتان لێ دەكەم كەوا دواكەوتین، لەبەر دوو سەبەب بوو یەكێكیان، بەرنامەی كارمان كەبڕیار بوو، پرۆژەی یاسای وەزارەتی پێشمەرگە باس بكرێتن دوا خرا بۆ رۆژی یەك شەممە، لەبەر ئەوەی بەرنامەكەمان زۆر درێژ دەبوو، دووش سەبەبە ئەساسیەكە ئەوە بوو، دوێنێش باسم كرد میوانێكی عەزیزمان هەبوو كە كوڕی سەرۆكی

پێشووی فەرەنسا خوالێخۆش بوو میتران، کوڕەکەی لێرە بوو، لەگەڵ وەفدێکی فەرەنسی، خۆشتان دەزانن میتران خۆی و مدام میتران هەردووکیان دۆستی دێرینی کوردن، بۆیە بەبایەخەوە پێشوازیمان لێ کردو، ئەوان دوایان خستین، داوا لەلیژنەی یاسایی بەڕێز دەکەم کەوا ئاگاداری ئێوەی بەڕێز بکەن، کە لەو چەند بڕگەیەی کە دوێنێ داوامان لێکردن، کە پێشنیار کرابوو بیکەینە یەك بڕگە، ئێستا گەیشتونەتە چ ئەنجامێك، پوختەکەی بۆ ئێوە بخوێننەوە فەرموون.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕێزان خوشك و برایانی ئەندامی پەرلەمان، ئێمە لەلیژنەی یاسایی صیاغەمان دانا بۆ ماددەکان، بەو شێوەی خوارەوە ئێستا بۆتان دەخوێنمەوە.

المادة الرابعة: يوقف العمل بالفقرات أولاً وثانيا وثالثاً من المادة رقم (1) من قانون الإدعاء العام رقم (159) لسنة 1979 المعدل في اقليم كوردستان يحل محلها مايلي :-

أولاً/ حماية نظام اقليم كوردستان وأسسه والأموال العامة في اطار مراقبة المشروعية وترسيخ سيادة القانون وسلامة تطبيق أحكامه.

ثانياً/ الإسهام مع القضاء والجهات المختصة في الكشف السريع عن الأفعال الجرمية والعمل على سرعة حسم القضايا وتحاشي تأجيل المحاكمات بدون مبرر لاسيما الجرائم التي تمس أمن الإقليم و نظامه الديمقراطي.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی چوارەم: کار بەبڕگەکانی یەکەمودووەموسێیەم لە ماددەی (1) لە یاسای داواکاری گشتی (159)ی ساڵی 1979لە هەرێمی کوردستانی عێراق ڕادەگیرێو ئەمەی خوارەوە جێگەی دەگرێتەوە:-

یەکەم:- پاراستنی سیستەمی هەرێمی کوردستانو بنەماو داراییە گشتیەکەی لە چوارچێوەی چاودێری ڕەواییو سەقامگیرکردنی سەروەری یاسا وسەلامەتی پیادەکردنی حوکمەکانی.

دووەم:- بەشداریکردن لەگەڵ دادوەری ولایەنە پسپۆڕەکان لە ئاشکراکردنی خێرایی کردەوە تاوانکاریەکان وکارکردن بۆ یەکلاکردنەوەی خێرای کێشەکان وخۆلادان لەدواخستنی دادگاییەکان بەبێ پاساو، نەخاسمە ئەو تاوانانەی کە زیان بەئاسایشی هەرێم وسیستمە دیموکراسیەکەی دەگەیەنێ.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك سەردار هیچ مولاحەزەت هەیە لەسەری.

**بەڕێز سەردار صباح بوزۆ هەرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوە صیاغە نوێیە بەموشتەرەکی صیاغەمان کردیە، ڕاپۆرتی موشتەرەکی هەردوولامانە سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لەگەڵ وەزیری داد دوێنێ قسەتان کردبوو، هیچ مولاحەزەی هەبوو لەسەر ئەو هینە، وەزیری دادیش رازی بووە، لەبەر موناقەشەکانی دوێنێ بووە، ئەو صیاغەی کە خوێنرایەوە رەئی لیژنەی یاسایی و لیژنەی ناوخۆیی بوو، هەندێ ئەندامیش قسەیان کرد، داواشمان لێکردن صیاغەمان بدەنێ هەم بە راگرتنی کارکردن بەو ماددەیەی کە لە قانونی (159)ی ساڵی 1979 دا هاتووە، هی رژێمی پێشوو، ئەوە لەجێی ئەوە ئەو دووبڕگەیە کە خوێنرایەوە دانراوە، کێش مولاحەزەی هەیە، ئەگەر نەبێ دەیخەمە دەنگەوە، کێ لەگەڵ موقتەرەحی لیژنەی یاسایی و ناوخۆیە بادەستی بڵند بکات تکایە، فەرموون کێی لەگەڵدا نیە، بەکۆی دەنگ پەسەند کرا، تکایە ماددەیەکی تر.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الخامسة: يوقف العمل بالمادة (42) من القانون و يحل محلها مايلي :-

أولاً/ يحدد وزير العدل محل عمل عضو الإدعاء العام، بعد صدور مرسوم من رئاسة الإقليم بتعينه.

ثانياً/ يمارس عضو الإدعاء العام عمله بعد أدائه اليمين الآتية :-

أقسم بالله العظيم أن أقوم بأعمال وظيفتي على أحسن وجه وأن أقضي بين الناس بالحق والعدل وأن أطبق القوانين بأمانة ونزاهة وحياد والله على ما أقول شهيد.

ثالثاً/ يؤدي رئيس الإدعاء العام اليمين أمام رئيس الإقليم بحضور وزير العدل و يؤدي أعضاء الإدعاء العام الآخرون اليمين أمام مجلس القضاء في الإقليم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سۆزان خان فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەناو سوێند خواردنەکەدا موهیم ترین کاری ئەوانە کە ئەوە کارەکەیانە، الدفاع عن الحق العام کەناوی نەهاتووە، ئەی خۆ ئەوە ئەصڵی کارەکەیانە، ئەی نابێ لەویدا ناوی بێت، تەتبیقی قوانین چ عیلاقەیەکی هەیە بەوانەوە، ئەو دیفاع لە حقی عام دەکات، ئەبێ لەناو سوێندەکەدا ناوی هاتبێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەی ئەدائی واجبی مانای چیە، هەمووی دەگرێتەوە، گەورەتریشە لەوەی، مومکینە تەکلیف بکرێتن بۆ هەڵسان بەحاکمایەتی، ئەدائی واجبی لەوێش ئەگرێتەوە، ئەدائی واجبی فراوان ترە، مومکینە مدعی عام تکلیف بکرێت لەلایەن وەزیرەوە بکرێت بەحاکم، ئەگەر تۆ لێرە هینی بکەی ئەوەی نایگرێتەوە بەڵام ئەگەر بڵێیت، ئەدائی واجبی هەم وەکو مدعی عام هەم وەکو حاکمیش دەیگرێتەوە، مامۆستا سعد الدین.

**بەڕێز ملا سعد الدین ملا عبدالله مولود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

باسی ئەوەمان کرد کەلیمەی و أن أقضي بين الناس بالحق ئەوە بگۆڕێت، لاکین ادعای عام، لەقانونی (159)ی ساڵی 1979 دەڵێت (لعضو الإدعاء العام صلاحية قاضي التحقيق في مكان الحادث عندما يكون القاضي غائباً)، یەعنی تۆزێك حەقی قەزای هەیە، لەحیاتی قازی تەحقیق لەکاتی حادیسە دەکات، یەعنی ئەوە چ ئەشکال ناگۆڕێت لەناو سوێندەکەی سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك فرسەت جوابت دەداتەوە، فەرموو.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مەرحەلەی تەحقیق مەرحەلەی قەزا نیە، چونکە تەحقیق حاکمیش ئەتوانێت تەحقیق بکات، مدعی عامیش ئەتوانێت بکات، محقیقی شورتەش ئەتوانێت بکات، بەس حاکمی ناکات لەمابەینی دوو تەرەف، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاك خەلیل فەرموو.

**بەڕێز خليل ابراهيم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی (لاطبق القوانين) کەوان بڵێین اسهره على سلامه سير القوانين ئەوە زیاتر مونتەبقە لەگەڵ واجبی حاکم، کەبڵێت اطبق القوانين، ئیحتیمالە ئەو عیبارەتە دابنێین باشترە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لەسەر هەموو کەسێك تەتبیقی قەوانین واجبە، لە چ مەوقیعێك بێت ئەو کەلیمەیە هەموو کەسێك دەگرێتەوە، (اطبق القوانين) ئەندام پەرلەمان بێت، قازی بێت، مامۆستا بێت هەموو کەسێك دەگرێتەوە، دەتوانێت ئەو سوێندەی بخوات چونکە دەیگرێتەوە، سوێندەکە شەرت نیە تۆ ئەندامی پەرلەمانی سوێندێك دەخۆی لەپەرلەمان، خۆ بەرنامەی پەرلەمان وازحە سوێندەکە، تۆ سوێند دەخۆی دەڵێیت بەرژەوەندی باڵای گەل بپارێزم و هەتا ئاخری، لێرەدا موهیمەکەت دەردەکەوێتن، نوقتەی نیزام کاك ئارام.

**بەڕێز ئارام رسول مامند:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێشنیار دەکەم پێش ئەوەی ئەم موناقەشەیە بکرێت، پێویستە بەڕاستی ئێمە تەرجومە کوردیەکەیمان لەلا بێت، لەبەر ئەوەی صیغەیەکی کوردی لەلای ئێمە هەیە، کە دروست نیە، بەتەئکیدیش ئەم سوێندە بەکوردی دەخورێت، کاتی سوێند خواردن، بۆیە پێویستە کوردیەکەی هەبێت پێش ئەوەی موناقەشەی بکەین زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دكتۆرە شوكریە فەرموو.

**بەڕێز د. شكریە رسول ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

قسەكەی سۆزان خان بوو هەمان رەئم هەبوو، لەگەڵیا ئەویش حقی عام بوو، بەڕێزیشت روونت كردەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك حاتم تازە داوات كرد بەس قەیناكە فەرموو.

**بەڕێز حاتم محمد جان حسن:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

وەڵڵا من كوردیەكەم لایە لەكوردیەكە دەڵێت، لە سوێند خواردنەكەدا، بەناوی خوای گەورە سوێند دەخۆم كارەكانی فەرمابەرێتیەكەم ئەگەر بكرێتە، دادوەرییەكەم باشتر نیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كوردیەكە حازرە بابیخوێنێتەوە.

**بەڕێز كریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ماددەی پێنجەم: كاركردن بەماددەی (42)لە یاساكەڕادەگیرێت و ئەمەی خوارەوە جێگەی دەگرێتەوە:-

یەكەم:- وەزیری داد جێگەی كاری ئەندامی داواكاری گشتی دیاری دەكات دوای دەرچوونی مەرسومی سەرۆكایەتی هەرێمی بەدامەزراندنی.

دووەم:- ئەندامی داواكاری گشتی كارەكەی پیادە دەكا دوای سوێند خواردن بەم شێوەی خوارەوە:

{سوێند بەخودای مەزن دەخۆم كە بەباشترین شێوە بەماف و دادەوە بەكاروئەركی خۆم هەڵسم یاساكانیش بەئەمانەتو دەستپاكیو بێلایەنی یەوە پیادە بكەم، خودا شاهێدە لەسەرئەوەی كە دەیڵێم} .

سێیەم:- سەرۆكی داواكاری گشتی بەئامادەبوونی وەزیری داد سوێند لەبەردەم سەرۆكی هەرێم دا دەخوات ئەندامانی دیكەی داواكاری گشتیش لەبەردەم ئەنجومەنی دادوەری هەرێمدا سوێند دەخۆن.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

مولاحەزەكان وەڵاممان دانەوە، ئەگەر كەسێكیش قسەی نیە دەیخەمە دەنگەوە، فەرموو دكتۆر ناصح.

**بەڕێز د.ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

یەك، تەرجومەی كوردیەكە لەگەڵ عەرەبیەكە ناگونجێت، یەعنی تەواو كەری یەكتری نین، دوو بەنیسبەت ئەو پێشنیارەی كە كاك خلیل كردی، من پێم وایە، زۆر لەجێگای خۆیەتی، داوای لێبوردن ئەكەم یەعنی

شەرت نیە، ئێمە هەر عینادی بکەین لەسەر شتێك كەنووسراوە، ئەبێ سوور بین لەسەر ئەوە، من پێم وایە ئەوەی کاك خلیل باسی کرد پڕبەپێستی خۆیەتی، ئەوە باشترە لەوەی تر، هەروەها ئەو تێبینیەی خوشکە سۆزان کردی دیسانەوە، من پێم وایە ئەویش جێگای بکرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك سەردار فەرموو.

**بەڕێز سەردار صباح بوزۆ هەرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە مەهامی دەزگای داواکاری گشتیدا هاتیە، یەعنی چاودێری جێبەجێکردنی یاسایەکان دەکات، بەڵام لەقەسەمەکەدا کە دەڵێت، وأن أطبق القوانین بأمانة مانای وایە، کە چاودێری جێبەجێکردنی یاسایەکان دەکات، بەڵام ناکرێت تۆ لەقەسەمەکەدا مەهامەکان جارێکی تر هەمووی بنووسیتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خۆی لەبەر ئەوەی ئەو مولاحەزەی کاك خلیل هەموومان چاوەڕوانی ئەو مەهامەی دەکەین، کە هەڵسێت بەداواکاریەتی گشتی، بۆیە واجبی ئینتباهی کرد، کە دەبێت بنووسرێتن، بەڵام وەکو کاك سەرداریش ئاماژەی پێکرد، ئەندامی پەرلەمان کاری چیە، کاری دەرهێنانی قانونە، کاری چاودێری کردنی حکومەتە، کاری موناقەشەو ئیقرار کردنی میزانیەیە، دەکرێت لەو سوێند خواردنە بڵێیت، سوێند دەخۆم بەدەرهێنانی یاسای پێویست، بە موراقەبەکردنی کارەکانی حکومەت، بەتاوتوێ کردن لەسەر بودجە، ناکرێتن، بەڵام دەڵێیت بەرژەوەندی گەل بپارێزم بەئیش وکارەکانی خۆم هەڵبستم، یەعنی هەموو ئەو مەهاماتەی کە وەکو ئەندام پەرلەمان واجبە لەسەری تۆ بەو سوێندە هەمووی دەگرێتەوە، تۆ دەڵێیت سوێند دەخۆم بەخوای گەورە، کەبەکارەکان و واجبی خۆم هەڵبستم بە باشترین شێوە لەسەر ئەساسی حەق و عەدل، هەموو قەوانینەکان بەئەمانەتەوە، بەنەزاهەتەوە، بەبێ جیاوازی، بە حیاد جێبەجێی بکەم خوا شاهیدە لەسەر ئەوەی، ئەوە هەمووی دەگرێتەوە، سوێندێکی شاملە ئەوە، دەیخەمە دەنگەوە کێ لەگەڵ ئەو ماددەیەدایە بادەستی بڵند بکات تکایە، فەرموون کێی لەگەڵدا نیە، بەزۆرینەی دەنگ وەرگیرا، تکایە ماددەیەکی تر.

**بەڕێز سەردار صباح بوزۆ هەرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة السادسة: یوقف العمل بالفقرة (6) من المادة (49) من القانون رقم (159)لسنة 1979 المعدل.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی شەشەم: کار بە بڕگەی (6) لە ماددەی (49) لەیاسای ژمارە (159)ی ساڵی (1979)ی هەموارکراو ڕادەگیرێ.

**بەڕێز سەردار صباح بوزۆ هەرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**ماددەی(49) بڕگەی (6) دەڵێت، لە ئەصڵی قانونەکەی، لايجوز إنتداب عضو الادعاء العام الى الوظيفة في الدوائر الرسمية او مؤسسات القطاع الاشتراكي واستثناء من ذلك الانتداب بموافقه التحريرية وبموافقة وزير العدل للقيام بأعمال الوظائف القانونية، بمجلس القيادة الثورة ورئاسة ديوان الجمهورية والتدريس في الجامعة والمعهد القضائي على ان يحتفظ بكافة حقوقه المنصوص عليها في هذا القانون.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**ئەگەر کەسێك قسەی نیە لەسەر ئەو موقتەرەحەی لیژنەی یاسایی کە دەڵێت ئەو بڕگەیە ڕابگیرێت، پێویستیشە، دەیخەمە دەنگەوە کێ لەگەڵدایە بادەستی بڵند بکات تکایە، فەرموون کێ لەگەڵدا نیە، بەکۆی دەنگ وەرگیرا، تکایە ماددەیەکی تر.**

**بەڕێز سەردار صباح بوزۆ هەرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**المادة السابعة: يوقف العمل باستخدام المصطلحات التالية في الإقليم {أهداف الثورة، القطاع الإشتراكي، مجلس العدل، أبي غريب} كما و يحل مصطلح ( منظمات المجتمع المدني) محل مصطلح (المجالس الشعبية و المنظمات الإجتماعية) الواردة في القانون رقم (159) لسنة 1979 المعدل.**

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**ماددەی حەوتەم: کارپێکردن بەبەکارهێنانی ئەم دەستەواژانە لە هەرێمدا ڕادەگیرێ ( ئامانجەکانی شۆڕش، کەرتی سۆشیالستی، ئەنجومەنی داد، ئەبی غرێب، هەروەها دەستەواژەی (ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی) جێگەی دەستەواژەی (ئەنجومەنە گەلیەکانو ڕێکخراوە کۆمەڵایەتیەکان دەگرێتەوە کە لە یاسای ژمارە (159)ی ساڵی 1979ی هەموارکراودا هاتووە.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**تکایە تۆزێك شەرحی بکەن.**

**بەڕێز سەردار صباح بوزۆ هەرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**ئەو یاسایە کە دەرچووە وئاماژەی پێکراوە، لەچەندین ماددە لە ساڵی 1979 دەرچووە، لەو کاتەدا تەبیعی ئایدۆلۆژیای ئەو کاتە، ئیشتراکیەت بووە، ئەهدافی سەورەی تێدابووە، مەسەلەی ئەبی غرێبی تێدابووە، هەروەها موستەلەحاتەکانی ئەوکاتەی کە هەبووە، المجالس الشعبية و المنظمات الإجتماعية هەبووە، پاش ساڵی 1991 و پاش ساڵی 2003 کە سیستەمی حکوم لەعێراق گۆڕا، تەبیعی ئەو موستەلەحاتانەش گۆڕا،**

بۆ نموونە المجالس الشعبية و المنظمات الإجتماعية لەلای خۆمان، ئێستا منظمات المجتمع المدني بەکاردێت، لۆیە ئەو یاسایە بەباشی دەزانین کە موستەلەحاتانە بگۆڕدرێن، هەندێکیشی لابدرێن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو ماددەیەش مەفهومە ئەگەر کەس ئیعتڕازی نیە، دەیخەمە دەنگەوە، کێی لەگەڵدایە بادەستی بڵند بکات تکایە؟ فەرموون کێی لەگەڵدا نیە؟ بەکۆی دەنگ وەرگیرا، تکایە ماددەیەکی تر.

**بەڕێز سەردار صباح بوزۆ هەرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الثامنة: تحل عبارة (رئيس الإقليم ) محل عبارة ( رئيس الجمهورية ) و عبارة ( مرسوم رئاسة الإقليم) محل عبارة (مرسوم جمهوري) و عبارة (مجلس القضاء) محل عبارة ( مجلس العدل ) مع حذف عبارة (مجلس قيادة الثورة) أينما وردت في قانون الإدعاء العام لغرض تطبيق أحكامه في اقليم كوردستان.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی هەشتەم: زاراوەی( سەرۆکی هەرێم) جێگەی زاراوەی (سەرۆکی کۆمار)وزاراوەی(مەرسومی سەرۆکایەتی هەرێم) جێگەی زاراوەی (مەرسومی کۆماری)و زاراوەی(ئەنجومەنی دادوەری) جێگەی زاراوەی (ئەنجومەنی داد) دەگرێتەوە وێڕای بەکارنەهێنانی زاراوەی (ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش) لەهەر کوێیەکی یاسای داواکاری گشتی دا هاتبێت بەمەبەستی پیادەکردنی حوکمەکانی لە هەرێمی کوردستان.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەمەش ماددەیەکی پێویستە بەهەمان شێوە، بۆ هەموارکردنی ئەو قانونە، ئەو موستەلەحاتانەی کە ئاماژەی پێکرا، وەکو کاك سەردار باسی کرد، دەبێ لەو قانونەدا لابچێتن، مجلس قيادة الثورة نەمێنێتن، لەکوێندەر ناوی رئيس الجمهوريە هاتبێتن، لەبەر ئەوەی ئێمە هەرێمین سەرۆکی هەرێم بەکاربێتن، المجالس الشعبية و المنظمات الإجتماعية هاتبێت ناوی کۆمەڵگای مەدەنی دادەنرێتن، ئەگەر کەس ئیعتڕازی نیە، دەیخەمە دەنگەوە کێی لەگەڵدایە بادەستی بڵند بکات تکایە، فەرموون کێی لەگەڵدا نیە، بەکۆی دەنگ وەرگیرا، تکایە ماددەیەکی تر.

**بەڕێز سەردار صباح بوزۆ هەرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة التاسعة: لا يعمل بأي نص قانوني أو قرار يتعارض مع أحكام هذا القانون.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی نۆیەم: کار بەهیچ دەقێکی یاسایی یان بڕیارێك ناکرێت کە پێچەوانەی حوکمەکانی ئەم یاسایە بێ.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەم ماددەیەش وەکو هەموو یاسایەك، لە یاساکانی کە دەردەچن لەکۆتایدا دەبێت ئەو ماددەیە هەبێتن، ڕۆتینە، بۆیە دەخەمە دەنگەوە، کێی لەگەڵدایە بادەستی بڵند بکات تکایە، فەرموون کێی لەگەڵدا نیە، بەکۆی دەنگ وەرگیرا، تکایە ماددەیەکی تر.

**بەڕێز سەردار صباح بوزۆ هەرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة العاشرة: ينفذ هذا القانون اعتباراً من تأريخ اصداره و ينشر في الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان).

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی دەیەم: ئەم یاسایە لە ڕۆژی دەرچواندنیەوە کاری پێ دەکرێت و لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقائعی کوردستان ) بلاّودەکرێتەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەم ماددەیەش دەخەمە دەنگەوە کێی لەگەڵدایە بادەستی بڵند بکات تکایە؟ فەرموون کێی لەگەڵدا نیە؟ بەکۆی دەنگ وەرگیرا، هەموو پرۆژەی یاساکە، پرۆژەی یاسای مولحەق بە پرۆژەی یاسای الادعاء العام ئەسبابی موجبە ئەگەر هەیە تکایە بیخوێنەرەوە.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هۆیەکانی دەرکردن

لەبەر ئەوەی یاسای داواکاری گشتی ژمارە(159) ی ساڵی 1979 لەژێر سێبەری ڕژێمی بەسەرچوودەرکراوە، بنەماو چەمکەکانی ڕژێمی ئاماژە بۆکراو دەردەبڕێ، لەگەڵ بنەماو چەمکەکانی سیستەمی فیدرالی کوردستان ناگونجێت، لەپێناو ئەوەی ئەندامانی داواکاری گشتی ڕۆڵی کاریگەری خۆیان بەرێکی و یەکسان بن لەگەڵ دادوەراندا، لە پرۆسەی دادوەریداو یاساکەیان پیادەبکرێت، دەوڵەتی یاسا بنیاد بنرێت، ئەو پرەنسیپ وئامانج و بنەماکانی ئەم یاسایە لەگەڵ بەرژەوەندی وئاسایشی هەرێم کۆك بێت، لەپێناو پاراستنی سیستەمی فیدرالی و بۆ هێنانەدی لێکچوونی ئەندامانی داواکاری گشتی و دادوەراندا، وەکو لەدەقی یاسای دەسەڵاتی دادوەری هەرێمی کوردستان ژمارە (14)ی ساڵی 1992 ویاسای داواکاری گشتی ژمارە (159)ی ساڵی 1979دا هاتووە، لەبەر ئەوە توانا لەهەردوو لایاندا هەیە، بۆیە ئەوەی کاری ئەوی دیکە، ئەنجام دەدات، لەپێناو ڕێگەدان بەئەندامانی داواکاری گشتی بۆئەوەی پۆستە دادوەریەکان بگرنە ئەستۆ، وەکو لەدەقی یاسای دەسەڵاتی دادوەریدا هاتووە، لەپێناو ئامادەکردنی زمینەیەکی لەبار بۆ ئەوەی هەریەکێکیان لەکاتی پێویستدا بتوانن، کاری ئەوی دیکەیان بگرنە ئەستۆ، لەبەر ئەو پرەنسیپەی لەبەشی زۆری یاساکانی دەوڵەتان کاری پێدەکرێت، لەپێناو هێنانەدی ئەمانە ئەم یاسایە دانرا.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

پرۆژەكە هەمووی دەخەمە دەنگەوە، كێ لەگەڵ ئەوەدایە وەكو یاسایەك دەربچێت، فەرموون كێی لەگەڵدا نیە، یەك كەسی لەگەڵدا نیە، بەزۆرینەی دەنگ وەرگیرا، وەكو یاسا دەرچوو زۆر سوپاس، ئێستا بڕگەی دووەم لەبەرنامەی كار، خوێندنەوەی یەكەمی پرۆژەی یەكەم هەمواركردنی یاسای وەزارەتی مافی مرۆڤ ژمارە($2$)ی ساڵی $2001$. داوا لە لیژنەی یاسایی دەكەم كە بیخوێننەوە ،كاكە دەیخوێنێتەوە. دەقەیەك كاك شێروان نوقتەی نیزامی هەیە.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

قانونی وەزارەتی مافی مرۆڤ خوێندنەوەی یەكەممان بۆ كردووە، ئیحالەی لیژنەكان كراوە، لیژنەی قانونی جوابی خۆی دایتەوە، دەڵێ دەبێ هەمواربكرێت، نەك بەشێوەی یاسایەكی موتەكامل بێتن، ئێستا دووبارە خوێندنەوەی، بەقەناعەتی من قەرارێكی موخالیفە، نابێ دووجار بخوێنرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

خۆ جەنابت سەرۆكی لیژنەی یاسایت، دەبوایە حەلێكی بۆ بدۆزیتەوە، پێش ئەوەی بێتە ئێرە.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە رەئی خۆمان بەتەحریری نووسیە، كە برادەران هەمووی دەزانن، وتمان ئەمە دەبێ بەتەعدیل بێت، چونكە گۆڕانكاریەكی وای تێدا نیە، ئێستا جەنابت كە خوێندتەوە بەنیسبەت بەرنامەی كار، وتت هەمواركردن، ئەوە كوا هەمواركردنە، ئەوە كاملی یاساكەیە، بۆیە دووجار خوێندنەویە یەكەم جائیز نیە، لۆیە نوقتەیەكی نیزامە ئەوە، حەز دەكەم ئیعادەی نەزەری تێدا بكەنەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەوە موقتەرەحێكی وەجیهە، من داوا لەئێوە دەكەم دوای بخەین، تەئجیلی بكەین، بۆ ئەوەی ئەم كێشەیە، یەكلابكرێتەوە ئەوجا بخرێتە بەرنامەی كارەوە، كێ لەگەڵ ئەوەیە تەئجیلی بكەین با دەستی بڵند بكات تكایە، فەرموون كێی لەگەڵدا نیە، بەكۆی دەنگ دواخرا، بۆ ئەوەی لیژنەی یاسایی لەبەینی خۆیان قەرارێكی لەسەر بدەن، كۆتایی بەدانیشتنەكەمان دێنین تا رۆژی یەك شەم سەعات $11$ پرۆژەی یاسای وەزارەتی پێشمەرگە موناقەشە دەكرێتن، فەرموون.

| | | |
|---|---|---|
| **فرست احمد عبدالله** | **محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی)** | **عدنان رشاد مفتی** |
| **سكرتێری ئەنجومەنی نیشتمانیی** | **جێگری سەرۆكی ئەنجومەنی نیشتمانیی** | **سەرۆكی ئەنجومەنی نیشتمانیی** |
| **كوردستان – عێراق** | **كوردستان – عێراق** | **كوردستان - عێراق** |

# ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (30)**

**دوو شەممە رێکەوتی 2\7\2007**

**خولی دووەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (30)

## دوو شەممە ڕێكەوتی 2007/7/2

كاتــژمێر (11)ی ســەر لــە بــەیانی رۆژی دوو شــەممە رێكــەوتی 2007/7/2 ئەنجومــەنی نیشــتمانیی كوردستانی عێراق بە سەرۆكایەتی بەڕێز عدنان رشاد مفتی سـەرۆكی ئەنجومـەن و, بـە ئامـادەبوونی بـەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی) جێگری سەرۆك و, بەڕێز فرست أحمد عبدالله سكرتێری ئەنجومـەن, دانیشتنی ژماره (30)ی خولی دووەم, ساڵی (2007) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی كار:**

بەپێی حوكمەكانی بڕگـە (1)ی مـاددە (20) لـە پێـڕۆی نـاوخۆی ژمـارە (1)ی هـەمواركراوی سـاڵی 1992ی ئەنجومـەنی نیشـتمانیی كوردسـتانی عێـراق, دەسـتەی سـەرۆكایەتی ئەنجومـەن بڕیـاردرا دانیشـتنی ژمـارەی (30)ی خولی گرێدانی یەكەمی ساڵی سێیەمی خولی هەڵبـژاردنی دووەمـی پەرلـەمانی كوردسـتان – عێـراق, بەرنامەی كار بەم شێوەیە بێت:

1- خستنەروو و گفتوگۆكردنی پرۆژەی یاسای وەزارەتی كاروباری پێشمەرگە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی كوردستان دانیشتنی ئەمڕۆمان دەكەینەوە, بەرنامەی كار:

بەپێی حوكمەكانی بڕگە (1)ی ماددە (20) لە پێڕۆی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموار كراوی ساڵی 1992ی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق, دەستەی سەرۆكایەتیی ئەنجومەن بڕیاریدا بەرنامەی كاری دانیشتنی ژمارە (30)ی خولی دووەمی هەڵبژاردن لە كات(11)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی دوو شەممە ڕێكەوتی 2007/7/2دا بەم شێوەیە بێت:

1- خستنەروو و گفتوگۆكردنی پرۆژەی یاسای وەزارەتی كاروباری پێشمەرگە.

سەرەتا بەخێرهاتنی بەڕێزان كاك فەریق علی كەناسراوە بەزەعیم علی وكاك شێخ جعفر وەزیری پێشمەرگەو وەزیری هەرێم بۆ كاروباری پێشمەرگە، وەكاك سعد وەزیری هەرێم بۆ كاروباری پەرلەمان دەكەم، زۆر بەخێر بێن سەرچاوان، ئەمڕۆ بەرنامەی كارمان وەكو باسم كرد، خستنەروو و گفتوگۆكردنی پرۆژەی یاسای وەزارەتی كاروباری پێشمەرگەیە، داوا دەكەم لە لیژنە یاسایی و لێپرسراوی لیژنەی پێشمەرگە، كە بێن لەشوێنی خۆیان دابنیشن، خوێندنەوەی یەكەمی پرۆژەكە كراوە، ئێستا داوا لەلیژنەی یاسایی دەكەم، راپۆرتی خۆیان بخوێننەوە بەكوردی.

**بەڕێز طارق محمد سعيد جامباز:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**بۆ/ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی نیشتیمانیی کوردستان ـ عێراق**

**ب/ ڕاپۆرتی لیژنەی یاسایی**

**لیژنەکەمان ئێوارەی ڕۆژی 2007/6/26 کۆبووە وە بۆ تاوتوێکردنی پڕۆژەی یاسای وەزارەتی پێشمەرگەی هەرێمی کوردستان کە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستانەوە پێشکەش کرابوو، کە دوای خوێندنەوەی یەکەمی لە پەرلەمان ڕۆژی 2007/6/26 بۆی ڕەوانەکرابوو، لەبەرئەوەی پێشتر لیژنەی یاسایی و لیژنەی کاروباری پێشمەرگە لەپەرلەمان پێکەوە لەگەڵ پەیوەنداران لە وەزارەتی پێشمەرگە بەشداریان لە گفتوگۆی بەرایی کردبوو سەبارەت بەو پڕۆژەیەی کە خراوەتە ڕوو، بۆیە لیژنەی یاسایی وەك سەرەتایەك پشتگیری لە پڕۆژەکە دەکات و بەتێکڕایی بۆچوونی ئامادەبووان ئەمەی خوارەوە پێشنیاز دەکا و ڕادەسپێرێت:-**

**یەکەم/ گۆڕینی زنجیرەی ژمارەییەکان بەزنجیرەی نووسراوەی هاوشێوە، بەو شێوازەی پەیڕەوکراوە لەو یاسایانەی لەپەرلەمانی کوردستان دەرچوێنراون.**

**دووەم/ ئەنجامدانی ڕاستکردنەوەی زمانەوانی لە هەندێك بڕگەکانی دا.**

**سێیەم/ ئەوەی پەیوەستە بە (ماددەی چوارەم) لە پڕۆژەکەدا لیژنە پێشنیاز دەکات وشەی (فەرمانگە) بخرێتەسەر پشکێنەری گشتییەوە، هەروەها وشەی فەرمانگە بخرێتە سەر هەردوو ناونیشانی (أ)و(ب) لە حەوتەمداو دابەشکردنی بڕگەی یازدەم بۆ یەکەم ودووەم و سەرلەنوێ ڕێکخستنەوەی بەم شێوەیە:-**

**یازدەم:**

**یەکەم : ئەنجومەنی بەرگری وەزارەت پێك دێت لە:-**

**أ- وەزیر: سەرۆکە.**

**ب- بریکاری وەزارەت : ئەندامە و لە حاڵەتی دابڕانی وەزیر سەرۆکی ئەنجومەنە.**

**ج- ئەمینداری گشتی : ئەندامە.**

**د- پشکێنەری گشتی : ئەندامە.**

**ه- سەرۆکی دەستەی سوپا سالار: ئەندامە.**

**و- بەڕێوەبەری هەوالگری گشتی : ئەندامە.**

**ز- فەرماندەی هێزەکانی یەدەگ : ئەندامە.**

**دووەم : وەزیر بۆی هەیە لە کاتی پێویست پشت بەڕاوێژکاران و شارەزایان ببەستێ.**

**چوارەم/ دووبارە داڕشتنەوەی یەکەم و دووم لە ماددەی (6) وەك ئەوەی خوارەوە :-**

**یەکەم: وەزارەت بۆی هەیە پەیڕەوی ناخو و پەیکەری ڕێکخستنی وەزارەت ئامادە بکات بە جۆرێك ئامانجەکانی لە کارگێڕی پێشمەرگەدا بەدیبێنێ بۆ جێبەجێ کردنی ئەرکی پاراستن و پاسەوانی هەرێم و بەرگریکردن لێی.**

دووەم: ئەرك و پسپۆڕی و دەسترۆیی و پێكهاتەكانی وەزارەت بە پێڕەو دیاری دەكرێت.

پێنجەم/ دووەم لە ماددەی (8) وەك ئەوەی خوارەوە دابرێژرێتەوە :

وەزارەت بۆی هەیە ڕێنمایی پێویست بۆ ئاسانكاری جێبەجێ كردنی حوكمەكانی ئەم یاسایە دەربكات.

شەشەم/ (بلاوكردنەوەی) لە ماددە(12) دا بكرێتە ( بلاودەكرێتەوە ).

تكادارین بفەرموون بۆ چاولێكردن و خستنەڕووی ئەصڵی پڕۆژەكە و ڕای لیژنەی یاسایی سەبارەت بەوە بۆ ئەنجومەن بۆ گفتوگۆ و پیشاندانی بۆچوونی گونجاو لەبارەوە. لەگەڵ ڕێزماندا.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

داوا لە كاك شێردڵ حەوێزی دەكەم راپۆرتی لیژنەی پێشمەرگە لە پەرلەمان بخوێنێتەوە.

**بەڕێز شێردڵ عبدالله حەوێزی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بۆ/ سەرۆكایەتی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستان- عێراق

ب/ راپۆرتی لیژنەی كاروباری پێشمەرگە

لیژنەكەمان 2007/6/26 كۆبووەوە، بۆ تاوتۆكردنی یاسای وەزارەتی پێشمەرگەی هەرێمی كوردستان، كە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی كوردستان پێشكەش كرابوو.. كە لە دوای خوێندنەوەی یەكەمی لە پەرلەمان ڕۆژی 2007/6/26 بۆی رەوانەكرابوو. پێشتریش لەگەڵ لیژنەی یاسایی لەگەڵ پەیوەنداران لە وەزارەتی پێشمەرگە بەشداریان لە گفتوگۆ كردبوو.

لیژنەی كاروباری پێشمەرگە پشتگیری لە پڕۆژەكە دەكات وبەتێكڕای بۆچوونی ئامادەبوان ئەوەی خوارەوە پێشنیار دەكات:

یەكەم/ دەبێ ئەندامانی پەرلەمان ئەوە لەبەرچاو بگرن كە زارەوەو ناو لە دەزگاكانی وەزارەتی پێشمەرگە (عەسكەرین) فەرقیان هەیە لەگەڵ وەزارەتەكانی تر لەناو ولە (ئەقدەمیەت).

دووەم/ لە زۆربەی وەزارەتەكانی بەرگری (دفاع) هی دەوڵەتان لە دوای وەزیر (سەرۆكی هەیئەی ئەركان) دێت و هەموو كارە گرنگەكانی وەزارەت عەسكەریو لۆجستیكی لە مەسئوولیەتی ئەو دایە، لەبەر ئەوە سەرۆكی هەیئەی ئەركان وەك بریكاری وەزارەتە لە وەزارەتەكانی ترلەو یاسایە بریكاری وەزارەت هاتیە، هەروەها سكرتێری گشتی هەیە (الامین العام) ئەوە گەورەترین وەزیفەی مەدەنیە، پلەكەی دەرەجە خاصەیە، دەرەجەی خاصەیە (لە وەزارەتی دیفاع لە بەغدا).سەرۆكی هەیئەتی ئەركان (زابط ركنە) بە پلەی لیوا، بریكار دەرەجەی چیە. هەتا لەو یاسایە (تەحصلی دیراسی) دیارنەكراوە. ئەگەر عەسكەری بێت پلەی چی دەبێت، ئەگەر مەدەنی بێت علاقەی لەگەڵ سەرۆكی هەیئەتی أركانو سكرتێری گشتی چۆن دەبێت.

سێیەم/ لە ئامانجەكانی وەزارەت ماددەی (3) پەرەپێدانو نوێكردنەوەی هێزی پێشمەرگە هاتووە. پێشنیار دەكەین ئەوە وەك مدیریەت بێت یاخود زیاد بكرێت بۆ بەڕێوەبەرایەتی پلاندانان.

**چوارەم/ ماددەی (5) بێتە ژێر سەرۆکایەتی هەیئەی ئەرکان.**

**پێنجەم/ ماددەی (7) دانانی پلەکانی سەربازی بەپێی (القوانین المرعیە) هی هەرێم یا حکومەتی فیدراڵ. هەماهەنگی و یەکسانی پلەو دەوری ئەفسەرەکانی هەرێم لە کولیەی عەسکەری لەگەڵ ئەفسەرانی سوپای عێراق چۆن دەبێت.**

**بەنیسبەت تەرجەمە:**

**سەرۆکی هەیئەی ئەرکان وەك خۆی بنووسرێتەوە نەك (سەرۆکی دەستەی باڵا) ئەوە زاراوەکی عەسکەری نیە.هونەری (شەڕ یا جەنگ) نەك هونەری کوشتار لە تەرجەمەی (فنون القتال)**

**تێبینی: لە دەستووری عێراقی فیدراڵو لە پڕۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان ناوی (حرس الاقلیم) هاتووە، ئایا بۆ لێرە نەهاتووە، هەر نەبێ لەناو قەوس دانرابا، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**زۆر سوپاس، من دوو مولاحەزە دەدەم، یەکەم ئەم پڕۆژەیە گرنگە، لەبەر ئەوەی دوو وەزارەتی پێشمەرگە هەیە، ئەو دوو وەزارەتە پاش ئەوەی چەندین هەنگاو نراوە، بۆ یەکخستنەوەیان لەیەك وەزارەتدا، لە رووی فەنی وتەکنیکی زۆر هەنگاویان بڕیوە، دەرچوونی ئەم یاسایەش هەنگاوێکی گرنگ دەبێت، بۆ ئەوەی ئەم وەزارەتە بەزووترین کات لەچەند هەفتەی یان چەند مانگی داهاتوودا یەکبگرێتەوە، دوو: پێشمەرگە فەرقی هەیە لەگەڵ جەیشی عێراقی، ئەبێ ئەوە لەبەرچاومان بێت، ئەمە بەپێی دەستووری عێراقیشە، دیاری کراوە بەناوی پاسەوانانی هەرێم، مەسئولیەتی جیاوازە، ئەرکی جیاوازە، زۆر مەسائیلی جیاوازی هەیە کە بەقانونێك دیاری دەکرێت، سێ: وەکو لە راپۆرتەکانیشدا ئاماژەی پێکراوە، ئەو گۆڕانکاریانە پێویستن، بەشێکی لەراپۆرتی پێشمەرگە هاتووە، لەخاڵێك لەپرۆژەی یاساکەدا هاتووە، تەشکیلاتی وەزارەت بەنیزامێك دەردەچێت، یەعنی هەندێك مەسائیل هەیە، کەلەوەڵامی راپۆرتەکەی پێشمەرگە لەو تەشکیلاتە حەل دەبێت، بەڵام پێویست بوو زۆر نوقتەی گرنگ ئیسارە کرا، لە راپۆرتەکەی لیژنەی پێشمەرگە پێویست بوو پێشتر لەگەڵ لیژنەی یاسایی دانیشتنایە، یان لەگەڵ وەزیر دانیشتنایە وتەعدیلاتێکی قانونیان پێشکەش کردایە، ئێستاش کە دێینەسەری خاڵ بەخاڵ موناقەشەی بکەین، دەکرێت ئەو تێبینیانە رەچاو بکەین و موناقەشەی لەسەر بکەین، پێویستیشی کرد رەئی وەزیر وەربگرین، ئەوجا ئەگەر پێویستی کرد بەشێوەیەکی قانونی داخلی پرۆژەکەی دەکەین، ئێستا من داوا دەکەم خاڵ بەخاڵ ئەصڵی پرۆژەکە بخوێننەوە، دواتر رەئی لیژنەی یاسایی بەزمانی عەرەبیش بخوێننەوە، لەبەر ئەوەی خۆتان ئیشارەتتان کرد کەوا کوردیەکەی زۆر دەقیق نیە، دووەمینیش هەندێك وشەی تێدایە رەنگە تازە بێت، بۆیە عەرەبیەکەش بخوێننەوە تا تێبگەین، فەرموون.**

**بەڕێز طارق محمد سعید جامباز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**یاسای ژمارە ( )ی ساڵی 2007**

**یاسای وەزارەتی پێشمەرگەی هەرێمی کوردستان ـ عێراق**

**ماددەی (1): مەبەست لەم زاراوانەی خوارەوە ماناکانی بەرامبەریانە لەم یاسایەدا :**

**یەکەم: هەرێم: هەرێمی کوردستانی ـ عێراق.**

**دووەم: وەزارەت: وەزارەتی پێشمەرگە لە هەرێمدا.**

**سێیەم: وەزیر: وەزیری پێشمەرگە.**

**چوارەم: بریکار: بریکاری وەزارەتی پێشمەرگە.**

**پێنجەم: سکرتێری گشتی: سکرتێری گشتی وەزارەت.**

**شەشەم: سەرۆکی دەستەی باڵا: سەرۆکی دەستەی باڵای وەزارەتی پێشمەرگە.**

**حەوتەم: ئەنجومەن: ئەنجومەنی بەرگری وەزارەت.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**لیژنەی یاسایی رەئی لەسەر ئەم ماددەیە بەکوردی وبەعەرەبی.**

**بەڕێز عبدالکریم ابو بکر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**لیژنەی یاسایی هیچ تێبینیەکی لەسەر ئەو ماددەی نیە.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**لیژنەی پێشمەرگە.**

**بەڕێز شێردڵ عبدالله حەوێزی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**ئێمە ئەو تێبینیەمان هەیە، کەوا لێرە ئەمینی عام هەیەو بریکاریش هەیە، وەکو لەڕاپۆرتەکەش دەڵێین، لە زۆربەی وەزارەتانی دونیا، بریکار نیە، سەرۆکی ئەرکان هەموو شتێکە لەناو وەزارەتەکەدا، ئەو شارەزایە لەهەموو شتەکان، یەعنی مانای وایە جێگای بریکار دەگرێتەوە، لێرە سکرتێریش هاتیە، سکرتێر بەدەرەجەی خاصەیە، ئێستا لەوەزارەتی بەغدا سکرتێر هەیە بریکار نیە.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**کاک زعیم وەزیری پێشمەرگە رەئیت لەسەر موفقتەرەحی لیژنەی پێشمەرگە کە سەرۆکی ئەرکان هەبێت.**

**بەڕێز عمر عثمان ابراهيم( زەعيم علی)/ وەزيری پێشمەرگە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تەبعەن زۆر سوپاس بۆ ئەو براو خوشکانەی کەوا ئەمڕۆ لێرە ئامادە بوونە، بۆ ئێوەی بەڕێزو لیژنەی قانونی وئەو هەموو بەڕێزانەشی کەوا زەحمەتیان کێشاوە، دەرفەتیان بەئێمە داوە، کە بێین موناقەشەی پرۆژەی یاسای وەزارەتی پێشمەرگە بکەین، کە بەڕاستی پرۆژەیەکی زۆر گرنگە، وەختێکی زۆری برد، بەچەندەها کۆبوونەوەو داانیشتنی هەردوو لامان تاتوانیمان لەگەڵ لیژنەکانی بەغداش لەمەرکەزدا بتوانین ئەو یاسایە دابڕێژین، هەروەها سوپاسی لیژنەی یاسایی پەرلەمانیش دەکەین، کە لەوبارەیەوە بەپێی ئیختصاصاتی خۆیان چەندەها کۆبوونەوەیان کرد، بۆ ئەوەی زیاتر صیغەیەکی رێك وپێك وياسايی بەخۆیەوە ببینێت، کە لەگەڵ وەزعی ئێستای عێراقی نوێ و وەزعی ئێستای هەرێمی کوردستاندا بگونجێت، هیچ ئەشکالاتێك لەمابەینمان دروست نەبێت لەکاروبارماندا لەرۆژێك لەرۆژان ئەگەر هاتوو پێویست بوو کار بەیەکەوە بکەین، چونکە ئێمە بەشێکین لەعیراق، ئەگەر هاتوو رۆژێك پێویست بەوە بکات کارەکانمان بەیەکەوە ئەنجام بدەین، هیچ ئەشکالاتێك لەشێوەی تەشکیلات، لەشێوەی دوونیزامی کەدانراوە رووبەروومان نەبێتەوە، لێرەدا ئەو مولاحەزەی لیژنەی پێشمەرگە بە ئیحترامەوە وەریدەگرین، بەڵام ئەوە بابزانین داڕشتنی ئەو کارەی وەزارەتی پێشمەرگە فەرقی هەیە لەگەڵ ساڵانی پێشوو، چونکە تائێستا عێراقی نوێش حەتا تەشکیلەی ئێستای وەزارەتی دیفاعی عێراقیش بەشێوەیەك داڕێژراوە، راستە ئەمینی عام هەیە، بەڵام ئەوە لەبیر نەکەین ئێمە لێرەدا وەکو دوو وەزارەت، لێکمان دایتەوە پێویستە وەکیلمان هەبێت، ئەو وەکیلە بتوانێت بەکاری هەستێت لەکاتی غیاب بوونی، یان لەکاتی ئامادە نەبوونی وەزیر، ئەمین عام تەقریبەن دەتوانین دەستەی ئەرکان، کەروکنی ئەرکان بۆخۆی وەردەگرێت، ئیشە ئیدارییەکان دەکات لەوەزارەت، بۆیە ئەو مەکانە یان ئەو جێیە یان مەنصبەمان داوەتێ، سەرۆکی دەستەی ئەرکان، کەلێرە ناومان نەبردیە بەئەرکان عەسکەریشە روکنیشمان دانایە، چونکە کارەکەی ئیختصاصی عەسکەرییە فیعلەن، هەڵدەستێت بەکاری عەمەلیات وتەدریب وتەصلیح وکارە زیاد عەسکەری و مەیدانییەکان، بۆیە ئێمە ئەو پێشنیارەمان کرد، لەگەڵ وەزعی خۆمان، حەرەسی ئەقلیم بگونجێت، جوانمان داڕشتووە، تا ئیشکالاتمان بۆ دروست نەبێت، وکارەکان رێك وپێکتر و جوانتر بەڕێوە بچێت، بۆیە ئێمە ئەوەمان پێباشە و پەسەند بکرێت داوا لەهەموو ئەندامانیش دەکەین کەوا ئەوە بەنەزەری ئیعتیبار وەربگیرێت، بۆ پەسەند کردنی زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس هەر بۆتەوزیح ناڵێین بریکاری وەزیر دەڵێین بریکاری وەزارەت، لەبەر ئەوە کەوەزیر غايب دەبێت، بەئیشی وەزیر هەڵناسێت، بەڵکو وەزیرێکی تر بەئیشی هەڵدەسێت، بەڵام هاوکاری وەزارەت دەبێت، بریکاری وەزارەتە، نەك بریکاری وەزیری بێت، لەبەر ئەوەی کەوەزیر غايب دەبێت دەبێ وەزیرێکی تر

جێگەی بگرێتەوە، هەر بۆ مەعلومات، لەقانونیش وایە، بەڵام پرسیارەکە لەوەدایە سەرۆکی ئەرکانی پێشمەرگە، ئایا لەوەزارەتدا جێگەی چیە، سوئالی لیژنەی پێشمەرگە ئەوە بوو.

**بەڕێز عمر عثمان ابراهیم( زەعیم علی)/ وەزیری پێشمەرگە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خۆی تەقریبەن ئەگەر هەیکەلەکەی بخوێنینەوە، ئێمە هەیکەلی تەنزیمیمان تەبعەن بە نیزام تەنزیم دەکرێت ئەوە، قانونێکی تر دەردەچێت نیزامێك دەردەچێت، لەوێ صلاحیات ودەسەڵات و واجیباتی چیە لەوێ بەتەواوی ڕووندەکرێتەوە، ئێستاش تەقریبەن لەهەیکەلەکەیدا ڕوون کرایتەوە، هەمووکارە عەمەلیاتیەکان وەحداتە عەسکەریانەی کەهەیە، وەحدە ئیسنادەکان کەهەیە، لەمەسائیلی قیادەی مەیدانی، لەمەسائیلی بابلێین شێوەی بەڕێوەبردنی قیادەی عەسکەری، رەئیس ئەرکان دەیکات، لەگەڵ کاری مەدەنی زۆری فەرقە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاك شێردڵ.

**بەڕێز شێردڵ عبدالله حەوێزی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر تەماشای ئەو واجباتەی کەهاتیە لەبۆ هەیئەی ئەرکان بکەین، دوو معاونی هەیە، مەعاونی هەیئەی رەئیسی ئەرکان هەیە بۆ عەمەلیاتی عەسکەری، هەروەها معاونێکی تری هەیە، بۆ قەزایەی ئیداری، ئیدارەو میرە، هەمووی لۆجستیك دەگرێتەوە، لێرە دەوری ئەو ئەمینە چیە، ئەمینەکە تەماشای بکە، هەموو ئیشەکانی حقوقی ئەفرادە، حساباتە، مالیەیە، خانەنشینە، ئەوانە لەزیمنی لۆجستیکن، یەعنی ئەوەی کەئێستا لەبەغدا ئەمین عامیان داناوە، وەکیلەکەیان نیە، بەڵام کەوەکیلت دانا ئەصڵەن خۆی دەبێت رەئیسی ئەرکان بێ، چونکە هەردوو جیهازی هەیە، هەم جیهازی عەسکەری هەم جیهازی مەدەنی ئەمریکیەکان هاتن ئەمین عامیان دانا، لەبۆ عقودو کڕینی ئەسڵیحەو تەجهیزات وئەو شتانە، ئێستا ئێمە لەو دووەش دیسان تێکەڵاوی دەبێ، هەتا ئەگەر بریکار بهێنینەوە لەبەر ئەوەی دوو وەزارەت هاتیە، بەڵام لەگەڵ ئەمین عامەکە دیسان تێکەڵاوییەك دەبێت، یەعنی ئیشەکانی ئەمین عام لەگەڵ بریکار چی دەبێت.

**بەڕێز عمر عثمان ابراهیم( زەعیم علی)/ وەزیری پێشمەرگە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

حەز دەکەم زیاتر تەوزیح بدەم لۆ کاك شێردڵی خۆی دوو لۆجستیکمان هەیە، فعلەن ڕاستە لۆجستێك کەئەمین عام پێی هەڵدەسێت، لۆجستێك سەرتاسەری وەزارەتە، یەعنی ئەو سیادەی وەزارەتی پێشمەرگە، بەهەموو بەشەکانیەوە هەر لەزاخۆ هەتا خانەقین، ئەو پێی هەڵدەسێت بەڵام لۆجستیك کەلە هەیئەی ئەرکان هاتیە، تایبەتمەندە بە ئەو وەحدانەی کە سبەینێ داخلی شەڕ دەبێت، مەسائیلی ئیداری و لۆجستیکی وعیتادە، سیلاحە، مەسائیلی ئیداریە، ئەرزاقە، ئاوە، تجهیزە، ئەو پێی رادەگات نەك عامی

**وەزارەت، یەعنی دوومان هەیە، یەك فەقەت تایبەتمەندە بە وەحدات وهەیئەتی حەرەکات لەکاتی حەرەکاتدا، بەڵام ئەوی تر لەکاتی ئاسایدا دەتوانێت تجهیزی هەموو عەسکەری بکە، لەسەرتاسەری عێراقدا، لەدەسەڵاتی وەزارەتی پێشمەرگەیە، یەعنی دووبابەتە، ئەوە تەقریبەن موسەغەری ئەوە، تایبەتمەندە بە هەیئەی حەرەکات فەقەت.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**ئێستا ئەو دوو بۆچوونەی کەهاتووەتە پێشەوە، شەرحی جەنابی وەزیر کەلەیاساکەدا هاتووە لەماددەی یەك، راپۆرتی لیژنەی پێشمەرگەش، کەس هەیە بیەوێ قسە بکات، حەزەکەم کەسێك قسە بکات کەخیبرەی هەبێت لەتەشکیلاتدا، کاك محسن فەرموو.**

**بەڕێز محسن علی اکبر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**لەهەموو وەزارەتەکان عادەتەن وەکیلی وەزیر کە دائەمەزرێت، یان دائەنرێت صیفەتێکی سیاسی نیە، بەڵکو ئیختصاصیە، لەوەزارەتی پێشمەرگەو وەزارەتی دیفاع، ئەبێ یەکێك لەدوای وەزیر کە وەزیر خۆی صیفەتێکی سیاسی هەیە، ئەهلی ئیختصاص بێت، ئەهلی ئیختصاص لەناو قواتی عەسکەریدا عادەتەن سەرۆکی ئەرکانی جێشە، ئەگەر بریکاری وەزارەت دابنرێت، صیفەتەکەی چی ئەبێت لەناو وەزارەت بەغەیری ئوموری ئیداری، ئومورە عەسکەریەکە هەمووی رووبەڕووی سەرۆکی ئەرکان ئەبێتەوە، ئەبێ بالاترین پلەی عەسکەری هەبێت، ناکرێ ئەوەی کەسەرۆکی هەیئەی ئەرکان بێت لەژێر دەسەڵاتی بریکاری وەزارتدا بێت، کەخۆی صیفەتێکی سیاسی نیە زیاتر ئیداریەو ئەهلی ئیختصاصە، ئەهلی ئیختصاصەکە سەرۆکی ئەرکانە، نەك بریکاری وەزارەت سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**کاك عبدالرحمن فەرموو.**

**بەڕێز عبدالرحمن احمد رضا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**دیارە شئونی عەسکەری وەزارەتی بەرگری دەسەڵاتێکی حەسریە، ئەم وەزارەتەی ئێمەش پەیوەندیدارە لەگەڵ مەرکەزدا، لەتەشکیلەی هەیئەی عەسکەریدا دەبێ بگونجێت، ئەوەی کەکاك شێردڵ ئاماژەی پێکرد، دوای وەزیر هەیئەی ئەرکانە لە تەشکیلاتی عەسکەریدا، بریکاری هەیە یان مساعد، وشەی مساعد بەکار دەهێنرێت، دووەم خاڵێشم ئەوەیە کە بۆ زیاتر یەکگرتنەوە، لەرووی قانونیەوە دوایی مولاحەزەمان لەسەر دروست نەبێت، مەبەستتان لەتەسریحاتی ئەخیری وتەبێژی فەرماندەی گشتی هێزەکانی پاراستنی هەرێم، کەلە 6/23 بوو دەڵێ هێزی پێشمەرگە دەگوازرێتەوە بۆ هێزی پاسەوانی هەرێم، هیچ نەبێت ئەو مصتەڵەحە عەرەبیانە لەبەینی قەوسێکدا بنووسرێن، کە دەنووسرێت دەستەی باڵا، دەستە بەحەزیرە دێت،**

هەر لەبەینی قەوسا بنووسرێت هەیئەی ئەرکان، ئەوە زیاتر ماناکان نزیك دەکاتەوە، ئەگەر دوایش خەڵکێك بێت لەوەزارەتی بەرگری زۆر مولاحەزە دروست نابێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك فتاح نەقشبەندی فەرموو.

**بەڕێز فتاح عبدالله نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من قسە لەوە ناکەم کەوا جەنابتان باستان کرد، چونکە وەکو جەنابت فەرمووت مومکینە من ئیختصاصم نەبێت لەو مەوزوعە، بەڵام قسە لەیەك وشەی بچووك ئەکەم، ئەویش ئەوەیە کەلەپێشەوە دەڵێت، مشروع قانون وزارة البیشمەرگە الاقلیم کوردستان، من پێم باشە چونکە وشەی پێشمەرگە، لەناو ئێمە باوە بەڵام لەزۆربەی شوێنان و لەناو هەندێ خەڵکدا زۆر باو نیە، پێم باشە لەبەینی دوو قەوسدا شتێکی بۆ ئیزافە بکرێت چ وەکو الحمایة یان المدافعون یان المناظلون لەدوای وشەی پێشمەرگە، لەبەینی دووقەوسدا ئەوە بنووسرێت، لاقلیم کوردستان پێم باشە، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك عوسمان بانی مارانی فەرموو.

**بەڕێز عثمان عبدالله قادر(بانی مارانی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەڵڵا من پشتگیری لەو بۆچوونەی کاك محسن ئەکەم، فیعلەن بریکاری وەزارەت وسەرۆکی هەیئەی ئەرکان، لەکاتی کارکردندا تووشی ئیلتیباس دەبن، ناتوانن کاربکەن، چونکە شوێنەکە، شوێنێکی عەسکەرییە، فیعلەن وەکو باسی کرد، سەرۆکایەتی هەیئەی ئەرکان ئەبێ بەرزترین پلەی عەسکەری هەبێ لەوەزارەتدا، لەوانەیە بریکاری وەزارەت کابرایەك بێت مەدەنی بێت دابنرێت، بۆیە من پشتگیری ڕەئیەکەی دەکەم، مولاحەزەیەکی تریشم هەیە لەسەر یاساکە، جووڵاندنی هێزەکانی عەسکەری لەهەرێمی کوردستان ئیشارەتی پێنەدرا لەو یاسایەدا بەئاگاداری و ڕەزامەندی کێ دەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مولاحەزەی دووەمت عیلاقەی بە یاساوە نیە، بەڵام مولاحەزەی یەکەمت کەتەئیدی کاك محسن ئەکەیت، ئەوە بووە دووسێ مولاحەزە، هەم لیژنەی پێشمەرگە، هەم هەندێ برادەریش لێرە ئیشارەتیان پێداوە، دەمەوێ من شتێك تێبگەم ڕەئیسی ئەرکان پلەی بەرزتر نیە، لە بریکار کاك شێخ جعفر.

**بەڕێز شێخ جعفر علی/ وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پێشمەرگە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دیارە ئێستاکە هەیکەلی وەزارەتی دیفاعی عێراقیش وەکو جاران نەماوە یەعنی ئەو هەیکەلە کۆنەی کەجاران ئیشی پێکراوە، ئێستا هەیکەلی تازە دامەزراوە، لەوەزارەتی دیفاعی عێراقیدا، دیارە وەزیر هەیە،

ئەمین عامیش هەیە، رەئیسی ئەرکانیش هەیە، ئەوانە هەمووی هەیە، لەبەر ئەوە لەکاتی غیاب بوونی وەزیرا نە سەرۆکی ئەرکان نە ئەمین عام ناتوانێ ئەو ئەرکانەی کەوەزیر جێبەجێی ئەکات ئەوان پێی هەستن، جگە لەوە تایبەتمەندێتی یەکگرتنەوەی هەردوو وەزارەتەکە و ئەو وەزعەی کەئێمە تیاین، پێویستیمان بەوە هەیە کە وەزارەت وەکیلی هەبێت، ئەوە لەپاش موناقەشەیەکی چەند مانگی لەسەرۆکایەتی هەرێم لەگەڵ سەرۆکایەتی حکومەت، لەگەڵ هەمووی موناقەشە کراوە، گەیشتووینەتە ئەو خاڵەی کەبەپێویستی دەزانین کە وەزیر جێگری هەبێت لەو مەرحەلەدا، ئێمە بەپێی دەستووری عێراقیش لەکوردستان حەرەسی ئیقلیم هەیە، نەك شتێکی تر، حەرەسی ئیقلیم هەیە لەو ئەقالیمانەی کەوا لە عێراقدا دروست ئەبن، حەرەسی ئیقلیمیان هەیە، بەڵام ئێمە لەموزەکەرەی تەفاهومدا، لەپاش موناقەشەیەکی زۆری چەندین مانگە رەنگە زۆربەی برادەران ئاگایان لێی بێت، ئێمە ئەوەمان چەسپاندووە، کە حەرەسی ئیقلیم لەبەینی قەوسدا پێشمەرگە یان پێشمەرگە لەبەینی قەوسدا حەرەسی ئیقلیم، چ بەکوردی چ بەعەرەبی، چ بەئینگلیزی ئەبێ ئەوە بنووسرێت، بۆ ئەوەی کەبرادەران ئاگایان لەوەزعەکە بێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەزانی چی یەکجار کەئەڵێم کێ قسەی هەیە، تاناوتان بنووسم، ناکرێت مولاحەزەیەك بێتە پێشەوە ئینجا قسە بکەن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەمجارە ئاخر جارە ناوتان دەنووسم، فەرموو کاك جمال.

**بەڕێز جمال محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

عادەتەن کەپرۆژەی یاسای وەزارەتێك دێتە بەردەستی ئێمە، ئەبێ پێویستی داڕشتنی ئەو پرۆژەیە بەنەزەری ئیعتیبار وەربگیرێ، یەکەم ئێمە دوو وەزارەتمان هەبووە، دوو وەزارەتمان کردووە بەیەك، دووەم ئەو کەسانەی کەوا دەوری سەرۆکایەتی پێشمەرگەو بەڕێوەبردنی پێشمەرگەیان بینیوە، زۆر کەم مەجالی ئەوەی هەبووە، کەروکن بێت، ئیمڕۆ ئەگەر شتێك لەو بابەتە دابنرێت ئەو مەسئولیەتە بدەینە دەست ئەو کەسانەی کەوا لەگەڵ رژێم بوون، ئەوانە بوون کەوا توانیوویانە داخلی ئەرکان وئەو شتانە بن، لەبەر ئەوە بۆ پاراستنی شەرعیەت وخەڵکی کوردستان ئەبێ ئەو مەسئولیەتە بدرێتە دەست ئەو کەسانەی کەوا توانای بەڕێوەبردنی کوردستان وپاراستنی کوردستانیان هەبووەو دەوریان هەبووە لە خزمەتکردن لەناو شۆڕشی کوردستان، بۆیە من پشتیوانی رەئیەکەی وەزیری هەرێم کاك جعفر ئەکەم، ئەمە زروفێکی تایبەتیە، دوو وەزارەت یەکی گرتووە، ئەو خەڵکانەی کەوا سەرۆکایەتی بەڕێوەبردنی پێشمەرگەیان کردووە هیچیان روکن نەبوون، ئەو مەجالەیان نەبووە، حکومەت مەجالی نەداون، کە دەورەی ئەرکان ببینن، لەبەر ئەوە زۆر واریدە بریکاری وەزارەت ببن بۆ ئەوەی وەزارەتی پێشمەرگە، لەدەستی کەسانی دڵسۆزو ئەوکەسانە بن کەتوانیوویانە پارێزگاری لەکوردستان بکەن، لەداهاتووشدا خزمەتی خۆیان تەواو بکەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

خۆی ڕەئیەکەت جوانە، بەڵام مەنتقەکەی کەبەکارت هێنا قابیلی موناقەشەیە، چونکە زۆر لەو زابتانەی کەوا هەن، خەریجی کولیەی عەسکەری بەغدادن لەناو جەیشی عێراقیشدا خزمەتیان کردووە، دوایی بوونەتە پێشمەرگە، فەرموو کاك شێروان.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من پشتگیری لەبۆچوونەکانی هەردوو برای بەڕێزم وەزیری پێشمەرگەو وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پێشمەرگە دەکەم، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دووسێ مولاحەزەم هەیە، یەك من لەگەڵ ئەوەم ناوی یاساکە وەکو خۆی بمێنێتەوە، پڕ بەپێستیەتی، ناوی پیرۆزی پێشمەرگەی هەڵگرتووە، ئەمە یەك، دووش: حەق وایە لەهەیکەلی تەنزیمی ئێستا ئێمە هاوشێوەی هەیکەلی تەنزیمی بەغدا بین، لۆیە ئەو پلانەی لەهەیکەلی تەنزیمی هاتیە، بەقەناعەتی من موسایەرەی ئەو هەیکەلە ئەکات کەلەلایەن وەزارەتی دیفاعی عێراقیەوە دانرایە، کەلەگەڵ عێراقی تازەدا دەگونجێت، سەبارەت بەفەقەرەی سێیەمیش ئەوەی تەحەروکاتی هێزی پێشمەرگە، ئەوەی کاك عوسمان ئیشارەتی پێدا، ئەوە بەتەفصیل لەقانونی سەرۆکایەتی هەرێم هاتیە، کەهیچ تەعاروزێکی لەگەڵ ئەم یاسایەدا نیە، بۆیە من تەئیدی وجهە نەزەرەکانی وەزارەتی پێشمەرگە دەکەم وزۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

کاك عونی فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ماوەیەکە لەوتەبێژی ڕەسمی وەزارەتی پێشمەرگە، گوێبیست دەبین کەوا وشەی حەرەس ئیقلیم بەکار دێت، ئایا ئەمە مەبەستیان ئەوەیە وشەی پێشمەرگە نامێنێتەوە، ئەگەر وابێ دەبێ لەقانونەکەش ناوەکەی بگۆڕدرێت، ببێتە قانونی حەرەسی ئیقلیم، بەپێی ماددەی 125 بڕگە 4 لەدەستووری هەمیشەیی عێراقی، پێشم خۆشە هەردوو جەنابی وەزیری پێشمەرگەو وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پێشمەرگە، تەوزیحێکمان لۆ بدەن، سەبارەت بەو خاڵە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

لەحیاتی جەنابی وەزیر من جوابت دەدەمەوە، لەدەستووردا هاتووە حەرەسی ئیقلیم دەبێت، ناوی لای ئێمە پێشمەرگەیە، لەدەستووری عێراق ناوی حەرەسی ئیقلیمە، ئێمە خۆمان ناوی وەزارەتەکەمان ناوە وەزارەتی پێشمەرگە، چ ناوێکی لێدەنێین بەکەیفی خۆمانە، بەڵام بەپێی دەستووری عێراقی ناوی پاسەوانی هەرێمە، ئیشوکاریان ئەوەیە موهیمەتیان ئەوەیە، ڕەنگە پێشمەرگە هەبێت لەدەرەوەی وەزارەتی پێشمەرگە، لە دەرەوەی پاسەوانانی هەرێم، یەعنی وشەکە هەردەمێنێت وپیرۆزیشە، کاك محمد حکیم.

**بەڕێز محمد حكيم جبار:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

وەڵڵا من دەڵێم لەدەركردنی ياسادا حاڵەتی ستاندار بخوێنينەوە، دياره بۆ وەزارەتی پێشمەرگەش ئەوەی كاك شێردڵ پێشنياری كردووە، ئەوە حاڵەتی ستانداره، ئەو تايبەتمەنديانەی كوردستان زۆرجار وامان لێ دەكات قانونی وا دەربكەين، پاش ماوەيەك لێی پەشيمان ببينەوە، ئێمە تايبەتمەندی كوردستانمان لەرووی سياسی وپێكهاتەی ئەو دوو حيزبەوە لێكدايەوە، بۆ حيزبەكانی تر چل وەزارەتمان دەستنيشان كرد، ئێستە باس لەوە دەكرێت ئێمەی پەرلەمان دانيشين وبيكەين بە17 وەزارەت، ئێستەش ئێمەی پەرلەمانتاران دەبێ واتەماشا بكەين حاڵەتی ستاندەرو تەبيعی وەزارەت چۆنە ئاوا ياسای بۆ دەربكەين، شتی ديكە لێك نەدەينەوە، ئەگەر مەسەلە تەوزيعی حەقائيبی وەزارەتەكەشە بەسەر ئەو دوو حزبەدا خۆ دەكرێ وەزير كەپارتيە با ريئاسەی ئەركان بۆ يەكێتی بێت، ئەو تەوزيعاتە لەوێ جيابكرێتەوەو دياری بكرێت، كە شتێكی سروشتی نيەو پاش چەند مانگێكی تر هەر خۆمان دەڵێين وەزعی كوردستان وا ئەخوازێ وای لێ بكەين، ئێستە چۆنە خۆی با وای لێ بكەين، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بەڵام قانون دانانرێت لەسەر ئەساسی تەوزيعی مەناسب، ئەوە مەبدەئێكی غەڵەتە، قانون دادەنرێت ئێنجا دەبێ خەڵكی شياوی بۆ بدۆزييەوە، ئەوە ئيتيفاقی سياسيشە، بەڵام دەبێ قانون لەسەر ئەساسێكی واقيعی چ خزمەت دەكات ئەوەيان بێت، ئەگەرنا هەروەزارەتێك وەزيرەكەی لە حزبێك بێت، ئەوە بۆچوونێكی هەيە، مانای وايە دەبێ قانونی وەزارەتەكان هەريەكەو بەنەوعێك بێت، ئەوە چەندين جار هاتووەتە پێش بەتەواوەتی رەد كراوەتەوە، ئەم قانونەش نابێ بەو ئەساسە سەيربكرێت، كاك كريم.

**بەڕێز كريم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەڕاستی لەبەر ئەوەی ئەو ياسايە، لەسەر بنەمای پرۆسەی يەكگرتنەوەی هەردوو وەزارەتەكە داڕێژراوە، بۆيە ئێمەش لەپەرلەمانی كوردستان ئەركی سەرەكيمان يەكگرتنەوەی هەردوو ئيدارە بووە، لەسەرەتاوە تاكو ئێستا، يەكگرتنەوەی ئەو دوو وەزارەتەش لە ناو پرۆسەی يەكگرتنەوەی هەردوو ئيدارەدا هەبووە، پێويستە ئێمە لەپەرلەمان دەستكاری ئەو ياسايە نەكەين كەلەسەر ئەو بنەمايە دامەزراوە، يەكگرتنەوەی هەردوو وەزارەتەكە سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بەڵام دەستكاريكردنمان بۆ دەوڵەمەندكردن ونەهێشتنی هيچ سەغرەيەكە، بۆيە لێرەينە بۆ ئەوەیدەستكاری بكەين، بەڵام لەبەرژەوەندی حكومەت و وەزارەت بێت، بۆ ئەوەی ئيشوكارەكانيان بەرەوپێش بچێت، لەبەرئەوە ئەگەر دەسكاری نەكەين ونەيەتە ئێرە ئەوە نابێت، كاك محمد رەشيد.

**بەڕێز رشید کریم رشید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێم وایە لەناو زاراوەکاندا زاراوەیەك ئیزافە بکرێت بەمە گونجانێك دروست ئەبێت لەگەڵ دەستووری عێراقی و لەگەڵ وەزارەتی عێراقیش، مەبەستم لەزاراوەکە ئەمەیە، لەکوردیەکەیدا پێشمەرگە مەبەست بێت لە پاسەوانی هەرێم، لە عەرەبیەکەیشیدا حەرەسی ئیقلیم، مەبەست بێت لەپێشمەرگە، بەمە ئێمە مەسەلەی میلیشیاو ئەمانە هەمووی لەناو ئەچێت وەك پێناسەیەکی تایبەتی ئەکەوێتە ناوەوە ودەبێتە پێناسەیەکی دەستووری وپێناسەیەکی یاسایی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێمە باسی ماددەی یەك دەکەین، لەماددەی یەکدا تەعریفی وشەی پێشمەرگە نەکراوە، ئەگەرنا قابیلی موناقەشەیە، کاك باپیر کامەلا.

**بەڕێز باپیرکاملا سلێمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی من تێبینی دەکەم لەسەر پێکهاتەی وەزارەتەکە، کەباسی پێکهاتەی وەزارەتەکە دەکات، من پشتگیری لەوەزارەتی پێشمەرگە دەکەم، پرۆژەکەی وەکو پێشتر ئێمە نەمانتوانیووە هەموو حکومەت رێکبخەینەوە، هەموو وەزارەتەکان رێك بخەینەوە، لەبەر بوونی حەساسیەتی وەزارەتەکان، چەند وەزارەتێك یەکنەخراونەتەوە، یەکێك لەو وەزارەتانەش وەزارەتی پێشمەرگەیە، کەوەزارەتی پێشمەرگە لەو یاسایەدا بەدەر لەیاسای وەزارەتەکانی تر، یاساکانی تر رێکخستنی کاروباری وەزارەتەکە بوون، جگە لەوە ئەوە یەکخستنەوەی هەردوو وەزارەتی پێشمەرگەشە، یەعنی دوو ئەرکە، یەك: یەکخستنەوەی وەزارەتەکانە کەپێشتر ئەرقەلە هەبووە، کێشە هەبووە، گرفت هەبووە، دیارە هەردوولا گەیشتوونەتە رێککەوتنێك، من پرسیارێکم لەهەردوو جەنابی وەزیرە، ئەگەر گەیشتوونەتە رێککەوتنێك لەسەر ئەو بنەمایە، ئیمە باپشتگیری لێ بکەین، ئەمە لەلایەك لەلایەکی تریش من پشتگیری لێ دەکەم لەبەر ئەو تێگەیشتنەی کاك جمال، بەڵام نەك بەدوانی ئەو، بەو تێگەیشتنەی کەنەتوانراوە خەڵکی ئەوەی زیاتر پلەی سەربازی هەیە، چونکە لە کولیەی ئەرکان نەیانتوانیووە بەشداری بکەن، دەکرێ تەوازونێك لەنێوانی ئەوان ولەنێوان هێزی پێشمەرگە کە لەدەرێ بووە، پێشمەرگە بووە، رابگیرێ، وەکیل وەزیر بێت لەهەمانکاتیشدا سەرۆکی ئەرکانیش هەبێت، لەسەر ئەو بنەمایە من پشتگیری لێ دەکەم، پێم باشە وەکو خۆی بمێنێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وەڵڵا ئێستا زۆر موناقەشە کرا، ئەزانی چۆنە ئەندامانی پەرلەمان زۆربەیان تەئیدی پرۆژەکەیان کرد، کە ئیتیفاق کراوە بەینی وەزارەت وبەینی لیژنەی قانونی، دەمێنێتەوە سەر لیژنەی پێشمەرگە کە مولاحەزەی هەیە، حەز دەکەی فەرموو تەوزیح بدە دوایی من قسە دەدەمەوە بەئێوە.

**بەڕێز عمر عثمان ابراهیم( زەعیم علی)/ وەزیری پێشمەرگە:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەو مولاحەزەی وەكیل وەزیر ئەوەلەن خۆی وەزیر لەزۆر وڵاتان، لەبەغداش تەقریبەن مەنسەبێكی سیاسیە، وەكیلەكەش دەتوانی بیخەیتە ئەو قیاسەوە كەمەنسەبێكی سیاسیە، رەئیسی هەیئەی ئەركان خۆی دەبێ سرف كارێكی عەسكەری بێت، پاشان وەزیر چەند صلاحیاتێك دەداتە وەكیل وەزیر، ئەو صلاحیەتەی دەیداتە وەكیل وەزیر، دەتوانێ ئیدارەی سەرتاسەری دەزگای وەزارەت بكات، یەعنی ئەو صلاحیەتەی وەزیر هەیتی چۆن دەتوانێ دابەشی بكات بەسەر هەموو وەحدەكانی عەسكەریدا، هەر لەخانەقین تازاخۆ، وەكیل وەزیریش كە هەندێك صلاحیاتی دەداتێ، دەتوانێ بەهەمان كار هەستێت، ئەما سەرۆكی دەستەی ئەركان، لە حدوودی دەسەڵاتی خۆی ناتوانێ ئەوامر بداتە بەشەكانی تر، ناتوانێ بیداتە ئیدارە، ناتوانێ بیداتە میرە، ناتوانێ بیداتە ئیدارەی ئەفسەران، ناتوانێ بیداتە حیسابات، ئەو صلاحیاتانەی نیە، بەس وەكیل وەزیر كەصلاحیات وەردەگرێت، ئیدارەو ئەوامر دەداتە هەموو بەشەكان لەتەشكیلاتی وەزارەت، بۆیە پێویستە وەكیل وەزیر هەبێت، بۆ ئەوەی ئەو كارانە بەئیدارەی هەموو وەزارەت بەڕێوە ببات، رەئیس هەیئەت ئەركان لەهەموو تەشكیلەی خۆی لەهەیكەلیەتی خۆی ناتوانێ زیاتر ئەمر بداتە بەشەكانی تر، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ ئەو تەوزیحە، ئەگەر لیژنەی پێشمەرگە لەبەر رۆشنایی ئەو قسانە لەسەرماددەی یەك سەحبی موقتەرەحەكەی خۆی بكات یان مولاحەزەكەی بدات، یان بزەبت موقتەرەحەكەی چیە تابیخەینە دەنگەوە.

**بەڕێز شێردڵ عبدالله حەوێزی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

مولاحەزەكەی ئێمە من خوێندمەوە، لێرە سكرتێری گشتی (امین عام) بەدەرەجەی خاصە، دەرەجەی خاصە خۆتان دەزانن چیە، لەپەرلەمانی عێراقیش، لێرەش لەپەرلەمانی كوردستانیش موافەقەتی لەسەر دەكەین، سەرۆكی ئەركانیش هەیەو جێگریش هەیە، كاك شێروان دەڵێت دەبێ لەسەر تەنزیمی عێراق بێت، تەنزیمی عێراق ئێستا ئەمینی هەیە، جێگری نیە، برادەرانیش باش دەزانن، لە ئیقتراحی نوێ چەند وەكیل وەزیرێكیان داناوە، ئەمین عامی نیە تۆ تەماشای بكە مەسەلەن كاك جمال قاسم دەڵێت سەرۆكی ئەركان، ئێمەش ناڵێین سەرۆكی ئەركان، ئێستا لەعێراق رەئیس ئەركان روكنی نیە، یەعنی خۆ شەرت نیە پێشمەرگەیەكی خۆمان بووەتە سەرۆكی ئەركان، یەعنی خۆی لەهەموو دونیادا، سەرۆكی ئەركان دەبێ خەریجی كولیەی ئەركان بێت، بەڵام لەكاتی پێویست، یەعنی كەلە عێراق پێویست بێت، لای ئێمە پێویستی ترە، لەلای ئێمە دەتوانێ یەكێك ببێتە سەرۆكی ئەركان، بەڵام خۆی ناوی زابت روكنە نووسیتم لیوا منیش نەموتووە، لەموقتەرەحەكە لیوا روكن نووسیتم لیوا، خۆی مەفروزە روكن بێت، روكنیشمان هەیە

بۆئاگاداری، پێشمەرگەی زۆرباشیشمان هەبووە وروکنیشی هەبووەو لەوانەی عێراقیش باشترە، ئەوە موشکیلەیە، بەڵام لێرە لە موقتەرەحی نوێی تەنزیمی وەزارەتی عێراق ئەمینی تێدا نیە، ئەمینەکە عقود دەکات تەماشای بکەن ئەمینەکە کارگێڕە، نەك لۆجستیك، لۆجستیك لێرە نووسرایە معاون رەئیس ئەرکان، بۆ ئیدارەو میرە، ئەوە هەمووی دەگرێتەوە، ئەی لۆجستیك ئەوەیە، لەدونیادا وەزارەتی دیفاعی هەموو دونیا دووبەشە لۆجستیك، فەرماندەی عەسکەری، فەرماندەی عەسکەریەکە لێرە نوسیتیان رەئیس ئەرکان، خۆی ستادی موشتەرەکە، یەعنی ئێستا مەسەلەن دەڵێین رەئیسی ئەرکانی موشتەرەکی هەموو هێزەکانی ئەمریکا، یەعنی قوەی بەحری، قوەی بەڕی، قوەی جەوی، هەر لێرە سەرۆکی ئەرکان نیە، سەرۆکی ئەرکانە گەورەکە سەرۆکی ئەرکانی موشتەرەکە، لە ئێران ستادی موشتەرەك هەیە، لە عێراق سەرۆکی ئەرکان هەیە، سەرۆکی ئەرکان چی هەیە، معاونێکی هەیە لەبۆ عەمەلیات، عەمەلیات یەعنی شەڕ نووسرایە معاونی سەرۆکی دەستەی ئەرکان، ئەوە خۆیان وایان نووسیوە، معاون رئیس هیئە ارکان للعملیات، یەعنی ئەو وەزارەتەی ئێمە بەڕاستی هیچ فەرقی نیە لەگەڵ وەزارەتەکەی بەغدا، دوایی نووسرایە معاون رئیس هیئە ارکان، یەعنی ئەوە عەسکەریە، ئەوەشیان لۆجستیکە، یەعنی ئیتر تەواو شتەکە، شتێکی دیکە نەماوە، دێتەوە ئەمینی عام چی دەکات، ئەمینی عامەکە کەواجبەکەیان نووسیوە، المديرية العامة للعقود والمبايعات والتسليح والتجهيز. یەعنی شت دەکرێت، دوایی دەڵێت، المديرية العامة لشؤون الافراد والمتطوعين. خەڵك تەسجیل دەکرێت، دوایی دەڵێت المديرية العامة للاعلام والثقافة والتوعية، ئەوە ئیدارەیە، کارگێڕی ئیدارەیە، دەڵێت: المديرية العامة لشؤون المتقاعدين، المديرية العامة للموازنة، الدائرة القانونية، المحاكم العسكرية، ئەوانە هیچ خواردن نیە، تەجهیزات نیە، سیلاح نیە، یەعنی ئەوە فەرقەکەیە لێرەدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك شێردڵ عەفووم بکەی تۆلەسەر ماددەی یەك تێپەڕ مەبە، بۆ ئەوەی تەرکیز بکەین.

**بەڕێز شێردڵ عبدالله حەوێزی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر تەوافوقی بێت ئەوە شتێکی دیکەیە، لەبەر ئەوەی کە دوو وەزارەت یەکی گرتۆتەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك زعیم وەزیری پێشمەرگە.

**بەڕێز عمر عثمان ابراهیم( زەعیم علی)/ وەزیری پێشمەرگە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەردووکمان عەسکەرین باش دەزانین ولەیەکتری تێدەگەین، ئەو باش دەزانێت ئەمینی عام تا ئێستا ئەو نوقتانەی کەخوێندیەوە، بە هەموو ئەو کارانە هەڵدەسێت، یەعنی ئەمینی عام کە لۆجستیکی و ئەو هەموو کارانەی کەئێستا خوێندیەوە پێی هەڵدەستێ، بۆ کێ؟ بۆ سەرتاسەری وەزارەتی پێشمەرگە، لەهەیئەی ئەرکان کە هاتیە ناتوانێ ئەو کارانە بکات، فەقەت مەربووتە بە هەیکەلیەتی خۆی، مەسەلەن مەکتەب سیاسی مەسئولە لەئیدارەی هەموو لقەکان یان مەڵبەندەکان، بەڵام لە مەڵبەند یان لە لق ئیدارە

هەیە، مالیە هەیە مەربووتە فەقەت بەحەوزی صلاحیەتی لق ومەڵبەندەکە، بزەبت ئەتوانم ئاوا وەصفی بکەم، ئەو گشتیە، ئەو تایبەتمەندی خۆی هەیە، ئینجا ئەوە بزەبت هەردووکیشمان باش دەزانین چی دەڵێین یان ئەو تەشکیلەی تازە لەبەغدا هاتیە بەو شێوەی داڕێژرایە، ئەبێ ئێمە ئەگەر خەلەلێك دروست بێت لەبەینی ئێمە وبەغدا وەکو یەك دانەڕێژرێت، سبەینێ ئێمە هەرێمێکین تەهدیدێکمان بۆ دێ، ئەو تەهدیدە خارج صلاحیەتی ئێمەیە، هی وڵاتی ئێمەیە بتوانین رووبەڕووی ببینەوە، داوای عێراق دەکەین، کە ئێمە لەزمنی سیادەی عێراقین، عێراقێکی موەحەد، بەشێکین لەو عێراقە، هەرێمێکین لەزمنی فیدراڵیەتە بەشێکین لەو، زۆر شتمان مەرکەزییە، ئەوان کەدێن هاوکاری ئێمە دەکەن، یان ئەگەر رۆژێك روویدا ئێمە بچین هاوکاری ئەوان بکەین، پێویستە داڕشتنەکەمان لە تەنزیم، لە تەدریب، لە تەسلیح، لە تجهیز لوغەی عەرەبیمان زیاتر لێی تێبگەین، تا بتوانین هاوکاری وهەماهەنگی یەکتری بکەین، چونکە ئێمە جیاواز نین لەعێراق بەشێکی تر نین، یان وڵاتێکی یان حکومەتێکی یان دەسەڵاتێکی موستەقیل نین، بۆ چوون وداڕشتن وسیاقاتی خۆمان تایبەت بێت، بۆیە لەو بابەتەوە ئێمە دەبێ موراعاتی مەرکەزیش بکەین، بۆیە بەو شێوەشمان داڕشتیە وسوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك شیخ جعفر وەزیری هەرێم بۆکاروباری پێشمەرگە. هەموو جارێ ناوتان دێنم چونکە دەبێت بنووسرێت بۆیە.

**بەڕێز شێخ جعفر علی/ وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پێشمەرگە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت ئەمینی عامەوە، ئێمە ئێستا داوامان لێکراوە کە سێ کەس تەرشیح بکەین بۆ ئەوەی لەوەزارەتی دیفاعی عێراقی یەکێکیان هەڵبژێرن بیکەن بەئەمینی عام، رەنگە پێشتریش باسمان کرد، تەشکیلاتی وەزارەتی دیفاعی عێراقی، هەیکەلی وەزارەتی دیفاعی عێراقی تاکو ئێستا سێ جار یان چوارجار گۆڕاوە، ئەخیر جاری تەشکیلاتی وەزارەتی دیفاعی عێراقی وەکیلی یەکەمیشی تێدایە، وکیل الاول للوزیر، ئەمین عامیشی تێدایە، بۆ ئەوەی کەبیزانن، ئێمە ئەم پرۆژەیە کەدامانناوە بە خۆشبەختی ئەتوانم بیلێم، ئێمە وەکو یەك ستاف ئیشمان کردووە، تەنانەت کاك فەریق علی تەلەفۆنی بۆمن کرد من بێم بۆ ئەنجومەن، وتم تۆ نوێنەری لەوێدا ئەو پرۆژەیە ئێمە هەموو بەیەکدەنگ دامان ناوە، لەبەر ئەوە هیچ پێویست ناکات من بێم، یەعنی بۆ ئەوەی بزانن ئێمە وەکو پارتی ویەکێتی ئەو پرۆژە یاسایەمان دانەناوە، وامان داناوە لەپاشەرۆژدا سوپایەکی پاسەوانی هەرێم، پێشمەرگە دروست بکەین بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان، کەسیمای حزبایەتی بەهیچ شێوەیەك پێوە نەبێت، پاش ئەوە پێم خۆشە هەموو بیزانن ئەم پرۆژەیە کەوا تەئخیر بووە، پاش هەشت نۆ مانگ، موناقەشە لەگەڵ عێراقدا، چەندین جار ئێمە چووینەتە بەغدا، ئەوان هاتوونەتە کوردستان، لە ئەخیر جاردا بەناچاری جەنابی سەرۆکی هەرێم و جەنابی سەرۆکی حکومەتی هەرێم، هاتنە ناو موعادەلەکەو ناو کۆبوونەوەکانەوە، شەڕە قسەشی تێدا بوو، تاکو گەیشتووینەتە

نەتیجەیەك لەبەغدا، بۆیە وای لێهاتووە كاك نێچیرڤان، د.صفاء الصافي كردە دەرەوە وقسەی  ناشیرینیشی پێی وت لەسەر مەسەلەی پێشمەرگە، بۆیە ئێمە كە ئەو یاسایەمان داناوە، گەیشتووینەتە ئەو قەناعەتەی كە پاش ئەو هەموو موناقەشەو شتانە، بۆ ئێستا بەگونجاومان زانییوە، بەوەمان زانیوە كەدەتوانین بەپێی ئەو یاسایە، كار بكەین وئیشەكانمان ئەنجام بدەین وئەو ئەركەی كە كەوتۆتە ئەستۆمان جێبەجێی بكەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ ئەو تەوزیحە، لێرەدا موناقەشەو تەوزیحات پرۆژەكە دەوڵەمەند دەكات، رەئی جیاوازیش پێش هەموو شتێك ئێستا سودێكمان لێ وەرگرتن لەیەك تێگەیشتین ئەو وەزارەتە چیەو چەند ماندوو بوون ئێوە، تەبعەن كاك شێردڵ ئەویش عەسكەرییەكی خاوەن تەجروبەی دووروردرێژە، وەكو كاك زەعیم، بەڵام دوو مەدرەسە هەیە لەمەسەلەی عەسكەریدا، جۆراوجۆریش هەیە نەك دوو مەدرەسە، لەبەر ئەوە هەردوو مەدرەسەش یان هەرسێ مەدرەسە یان چەندیش هەبێت، مەنتقی خۆی هەیە، بۆچوونی خۆی هەیە، من پێم وایە بۆ ئەمرۆیە لەگەڵ هەرێم كە بگونجێت، لەبەر رۆشنایی دەستووری عێراق، لەبەر رۆشنایی وەزعی خۆمان، ئەو پرۆژەیەی كەوا لەوەزارەتەوە هاتووە، لیژنەی یاسایی بەئیتیفاق لەگەڵیان هەمواری كردووە، بەڕێزیشەوە تەماشای موقتەرەحی لیژنەی پێشمەرگەش دەكەین، بەڕاستی من پێم وایە بەموحەدەدی پێمان بڵێت كاك شێردڵ ئەگەر موقتەنیع نیە بەو بۆچوونانەی هەم ئێوەی بەڕێز و هەم هەردوو وەزیری بەڕێزیش و هەم لیژنەی قانونی، دوو موقتەرەحەكەشی وت وابزانم یەكێكیان ئەوەیە، كە دەڵێت سكرتێری گشتی نابێت هەبێت، وابزانم دەڵێت سەرۆكی ئەركان دەبێ مەنسەبی لەبریكار بەهێزتر بێت، ئەوەندەی كەمن تێگەیشتم، ئەگەر سەحبی ناكاتەوە پێمان بڵێت بەتەحدید بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدان، چونكە زۆرمان موناقەشە كرد، فەرموو كاك شێردڵ.

**بەڕێز شێردڵ عبدالله حەوێزی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەتەحدیدی دەكرێ لەبەر ئەوەی دوو وەزارەت یەكی گرتیتەوە، پێویستی خۆمانە جێگر هەبێ، بەڵام ئەوە مانای وانیە كە جێگر بریكاری وەزیر بوو لە دوای وەزیر دێت، ئیشەكەشی چیە، خۆشیان لێرەدا نووسیوویانە مساعد الوزیر، بەڵام لەگەڵ ئەمین عامەكە تێكەڵاو دەبێتەوە، یەعنی تێكەڵاوییەكی تێدایە هەتا لەتەنزیمی نوێی وەزارەتی عێراق، ئەوەی نوێ كەموقتەرەحە، ئەمینی تێدا نیە، من خۆم دیتیتم دوو،سێ وەكیل وەزیری هەیە، بەڵام ئەمینی تێدا نیە، بەڵام ئیدی وەكو ئەوەی پێم وتن، كاك جعفر وتی ئەوەیان بەگونجاو دانایە، ئەگەر بەگونجاویان دانایە ئەوە شتێكی دیكەیە، بەڵام خۆی ئەو ئەمین عامەی كەدانرایە، گەورەترین وەزیفەی مەدەنیە لە وەزارەتی دیفاع كە خۆی ئەوە نەبوو قەت، هێنایان دایان نا بەدەرەجەی خاصەش، یەعنی دەرەجەی خاصە، یەعنی دەرەجەی وەزیر، كوردیشیان دانایە، ئێستا كەئیقتراح دەكەن جێگریان دانەنا، خۆ جێگر لەزۆر جێگایان نیە، كاتێ ئیقتراحیان كردیە باشە ئەگەر

ئەوانە لەعێراق ئەمین عامەکەی تێدا نەبوو، ئەوانیش ئەمنی عامەکەی خۆیان ئەو کاتە لادەدەن هەر ئەوەندەیە ئیتر من هیچی ترم نیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

یەعنی ئێستا موقتەرەحەکەت سەحب ئەکەیت لەبەر رۆشنایی واقعیەت، ئەگەر سەحبی ناکەن تەصویتی لەسەر دەکەین، کاك شێردڵ سەحبی دەکەن یان تەصویتی لەسەر بکەین؟، کاك هیوا نوقتەی نیزامی هەیە فەرموو.

**بەڕێز هیوا صابر احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو داوایەی کەجەنابت ئەیکەیت لە لیژنەی پێشمەرگە، مادام ئەوە قەناعەتی لیژنەکەیە، بەرپرسی لیژنە صلاحیەتی سەحب کردنی نیە، بەڵکو دەبێ لیژنەکە دابنیشێت، لەبەر ئەوە باشتر وایە بۆچوونەکەی بخەیتە بەردەنگدانەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سەرۆکی لیژنە لێرە تەعبیر لەلیژنەکە ئەکات، ئەبێ پێشتر ئەوەیان باسکردبێت، ئەگەر لەناو پەرلەماندا رەئیەکی دا، صلاحیاتی درابێتێ، کە سەحبی بکات یان سەحبی نەکات، لەبەر ئەوە نوقتەی نیزامیەکەت مەرفووزە، ئەمن ئەوەش تێدەگەم دەیخەمە دەنگەوە کێ لەگەڵ موقتەرەحی لیژنەی پێشمەرگەیە، ئا ئەوە سەحبیان کردەوە، زۆر سوپاسیان دەکەین، ماددەی یەکەم موقتەرەحی لیژنەی یاسایی بۆ ماددەی یەك ئەوەی کەهێنیان کردووە، دەڵێت، وەکو خۆی بمێنێتەوە ،بەڵام تەسەلسولەکەی وەکو ماددەی قانونەکانی تر بێت، دەیخەمە دەنگەوە کێ لەگەڵ ئەو موقتەرەحەی لیژنەی یاسایدایە بادەستی بڵند بکات تکایە؟، فەرموون، کێی لەگەڵدا نیە؟، پێنج کەس بەزۆرینەی دەنگ وەرگیرا، فەرموون بۆ ماددەی تر.

**بەڕێز طارق محمد سعید جامباز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی (2):

(ئەرکەکانی وەزارەت)

یەکەم: پاراستن و زێرەڤانی هەرێمی کوردستان و بەرگریکردن لێی و مسۆگەرکردنی بەرژەوەندیەکانی نیشتمانی و نەتەوەیی.

دووەم: پارێزگاری لە رێبازی دیموکراسی حکومەتی هەرێمی کوردستان و دامەزراوەکانی.

سێیەم: پشتگیریکردنی حکومەتی فیدراڵی و بەرگریکردن لە سەروەری و ئاسایشی عێراق بە پێی دەستوری فیدراڵی و یاداشتنامەی لە یەکگەیشتنی تەنایی و هەماهەنگی کردن و هاوکاری لەسەر چۆنیەتی چارەسەرکردنی ئاسایش و کارەساتەکان و هاوبەشیکردنی لەکاتی پێویستیدا بۆ بەگژداچوون و

**قەڵاچۆکردنی تیرۆر بە هەموو شێوەکانیەوە بەتایبەتی لە هەرێمی کوردستان و لە عێراقدا بە هەماهەنگی و هاوکاری لەگەڵ حکومەتی فیدڕالدا.**

**بەڕێز محمد صالح اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**المادة (2):**

**(مهام الوزارة)**

**اولاً: حماية وحراسة اقليم كوردستان والدفاع عنه وضمان المصالحة الوطنية والقومية.**

**ثانياً: المحافظة على النهج الديمقراطي لحكومة اقليم كوردستان ومؤسساته.**

**ثالثاً: مساندة الحكومة الاتحادية في الدفاع عن سيادة وامن العراق طبقاً للدستور الإتحادي ومذكرة التفاهم الأمنية والتنسيق والتعاون معها على كيفية معالجة الازمات الامنية والكوارث والمشاركة عند الحاجة في محاربة ومكافحة الإرهاب بجميع اشكاله في اقليم كوردستان خاصة وفي العراق بالتنسيق والتعاون مع الحكومة الإتحادية.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**ڕەئی لیژنەی یاسایی مامۆستا کاکە دەیخوێنێتەوە.**

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**لیژنەی یاسایی لەسەر ئەو ماددەیە هیچ پێشنیارێکی نیەو تەئیدی دەکات.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**لیژنەی پێشمەرگە لەسەر ماددەی دوو چیتان هەیە؟ کەس مولاحەزەی هەیە لەسەر ماددەی دووەم، ناوتان دەنووسم تکایە ڕاوەستن، کاک بارزان فەرموو.**

**بەڕێز بارزان محمد قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**ماددەی دووەم لەگەڵ ئەوەی کەنووسراوە، ڕام وایە زەمانی تەداولی سوڵتەش بکات، بەشێوەیەکی سلمی، تەداخولی لەشئونی سیاسیش نەکات.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**کاک محمد فرج فەرموو.**

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**منیش هەر ڕام دەخەمە پاڵ ڕای کاک بارزان، زەمان ئیشی حکومەتە، یەعنی ئیشی هەموو سوڵتەکەیە، سوڵتەی هەرێمی کوردستان، زەمانی هەموو مەساڵحی خەڵکی هەرێمی کوردستان ئەکات، من پێم باشەو**

پێشنیاری ئەوە ئەکەم برگەی یەکەم بەم جۆرە بێت، پاراستنی سنوورەکانی هەرێمی کوردستان و سەروەری هەرێمەکە، دوو یەعنی تەعەجوبم لێ دێت، لە هەموو حاڵەتێکی زۆر باشدا پێشمەرگە سوپایە، جەیشە، جەیش یەعنی دیموکراسیەتی پێناپارێزرێت، پاراستنی دیموکراتی کارێکی ناوخۆییە، دەزگاکانی ناوخۆ ئەرکی پاراستنی دیموکراسی وهاووڵاتی بوون ومافەکانی مرۆڤیان هەیە، لەهەر وڵاتێك کەسوپا دەست ئەکێشێتە ئەم ئیشەوە پێی ئەوترێت استبداد، لەبەر ئەوە وائەزانم ئەوە ناوی پێشمەرگە ناشیرین ئەکات، نەك بەهێزی بکات، لەبەر ئەوە پێم باشە برگەی دووەم بەم جۆرەی لێ بکرێت، بەرگری لە هەر هێرش و هەڕەشەیەك کە رووبەرووی هەرێم وعێراقی فیدراڵ دەبێتەوە، لەبەر ئەوەی کەبووەتە پاسەوانی سنووریش باش وایە عێراقیش لەگەڵ ئەم بەرگریەدا هەبێت، سێیەم، ئیشی سوپا پێشمەرگە یان پاسەوانی سنوور، هەندێ کار هەیە هەندێ جار دێتە ناو کاری ناوخۆوە، لەم کاتانەدا هاوکاری وهاریکاری دەزگاکانی ناوخۆ لەپۆلیس وبەرگری مەدەنی لەکاتی ناکاو و تەواری (لافاو، بوومەلەرزە، نەخۆشی، پەتا سەرتاپاگیرەکان) یەعنی ئەبێ دیاری بکرێ ئەوکاتانە کامانەن کەوا سوپا موداخەلەی کاری ناوخۆ ئەکات، ئەو کاتانە کاتێکی دیاریکراوە، کەئەو شتانە روودەدەن، ئیتر ( لافاوە، بوومەلەرزەیە) بەڵام ئیشێك کەئیشی پۆلیس بێت وئیشی بەرگری مەدەنی بێت، پێم وانیە جائیز بێت، سوپا دەستی تێبخات، سوپا ئیشەکەی زۆر گەورەترە بریتیە لە حیراسەتی سنوورەکان، هەروەها ئەو سەروەرییەی کە ئەو هەرێمە یان ئەو وڵاتە هەیەتی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك خلیل فەرموو.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من یەك پرسیارم هەیە، ئەگەر وەزیرە بەڕێزەکان وەڵام بدەنەوە، لەقانونی وەزارەتی پێشمەرگەی پێشتر، کە قانونی رەقەم (5) هەدەفێکی باش هەبوو، ئێستا لێرە نەمایە، تحدید وتوحید قوات البیشمەرگە، راستە ئێستا ئێمە بەرەو تەوحید دەڕۆین، بەڵام ئەو هەدەفە لەعەینی قانوندا هەبێ، ئێستا ئیحتیماله من بەباشی دەزانم، لێرەدا نیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك محمد حکیم فەرموو.

**بەڕێز محمد حکیم جبار:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەسەر خاڵی سێیەم تێبینیم هەیە، مساندة الحکومة الاتحادیة في الدفاع عن سیادة وامن العراق طبقاً للدستور الإتحادي وقوانین الاقلیم، چونکە ناردنی پێشمەرگە بۆ دەرەوەی هەرێم، ئێمە لەیاسای سەرۆکایەتی هەرێم باسمان کردووە، کە بەپێشنیار یان ئەمری سەرۆکی هەرێمی دەوێت وموافەقەتی

پەرلەمانیشی دەوێت، ئالێرەدا باسی ئەوە نەکراوە، برایانی لیژنەی یاسای ئەگەر پێیان باش بێت، پاشان ومذكرة التفاهم الأمنية والتنسيق ئەوموزەکەرەیە، ئەگەر جەنابی وەزیری پێشمەرگە ئیشارەتێکی پێبدات، یەعنی چیە لای ئێمە روون نیە، ئەو موزەکەرەیەمان نەدیوە، کە دەستیشی بۆ هەڵبڕین لێرەدا حەتمەن دەبێ شتێکی لێ بزانین، یان هێڵە گشتیەکانی ئەو موزەکەرەیە چیە کەباسی ئەکات، خاڵێکی تریش کەپێم باشە ئیشارەتی لەسەر بکرێت، ئەویش لە مهامی وەزارەتدا داکۆکی کردن، یەعنی وەزارەت داکۆکی بکات لەسەر باشترو چاکتر کردنی باروگوزەرانی پێشمەرگە، کەلێرە زەرورە پێم وایە باسبکرێت، باس نەکراوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خاتوو گوڵناز فەرموو.

**بەڕێز گوڵناز عزیز قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پشتگیری لەڕاکەی هەردوو کاک محمد دەکەم، بەڕاستی وایە، چونکە دوو خاڵ هەیە یەکەم: بەرگریکردن لە هەر مەترسی و هەڕەشەیەکی دەرەکی دووەم: ئێمە لەیاسای سەرۆکایەتی هەرێم بڕیاری ئەوەمان داوە دوای بڕیاری سەرۆکایەتی هەرێم وگەڕانەوەی بۆ پەرلەمان سوپا ببێتە هێزێك کەداکۆکی لە عێراقی فیدڕاڵ بکات یان لەحکومەتی فیدراڵی بکات، بۆیە دەکرێ لێرەدا ئاماژەی پێبدرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك دیلمان فەرموو.

**بەڕێز محمد احمد صالح(دیلمان ئامێدی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش هەر تێبینیم لەسەر خاڵی دووەم هەیە، کە دەڵێت: المحافظة على النهج الديمقراطي لحكومة الاقليم، وەزارەتەکە خۆی جزئێکە لەحکومەت، ئیحتیمالە سبەینێ ئەم وەزارەتە عەسکەر زاڵبێت لەسەر نەهجی حکومەت، لەبەر ئەوە ئیشی ئەم وەزارەتە هی پێشمەرگە زۆرتربێت دیفاع لەسیستەمی دیموکراسی ودەستووری هەرێم بکات، لەزۆر عالەمدا وایە کەسیستەمەکە بەرەو دیکتاتۆریەت چوو، یان بەرەو ئینحراف چوو، هەندێ وڵات عەسکەر تەداخول دەکات، لەبەر ئەوە من پێشنیار دەکەم، لەجیاتی محافەزە ببێتە الدفاع عن النظام الديموقراطي لاقليم كوردستان ومؤسساته الدستورية، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دکتۆرە هالە فەرموو.

**بەڕێز د. هالە سهیل وادی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەو خاڵانە زیاتر باس لەئەرکی پێشمەرگە کرایە، پێشنیار دەکەم فەقەرەیەك هەبێت باسی پاراستنی مافی پێشمەرگە بکات، بەتایبەتی لە بواری نیشتەجێ بوون وخوێندن، بۆ نموونە جاران مەقاعیدی خاصیان

هەبوو لەكولیەی توب وهەندەسەو لە كولیەی قانونیش، ئەوە زۆر گرنگە ئەو مافەیان هەبێت، خاڵی دووەم ماوەی خزمەت دیاری نەكراوە، یەعنی بۆ نموونە گەنجێك تەمەنی گەنجی حەتا 50 ساڵ سەربازە، ماوەكەی دیاری بكرێت، ئەگەر جەنابی وەزیر وەڵاممان بداتەوە زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك عبدالرحمن فەرموو.

**بەڕێز عبدالرحمن احمد رضا:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بۆخاڵی یەكەم دوو،سێ تەعبیر هەیە، دووبارە بووەتەوە، پاراستن وبەرگری وزێڕەفانی من كەمێك كورتم كردۆتەوە، بوترێت مەسەلەن، پاراستن وبەرگری كردن لەنیشتمان و سەلامەتی خاكەكەی، ئەمە لەدەستووری خۆشماندا هی هەرێم سەیرم كردووە واهاتووە، پاراستن وبەرگری كردن لەنیشتمان و سەلامەتی خاكەكەی بۆ خاڵی دووەم، وام داڕشتووە، كە بوترێت پارێزگاری لە سیستەمی فیدرالی ودام ودەزگا دەستووریەكانی، ئەم دەستەواژەیە پرەنسیپەكەی فراوانترەو زیاتر یاساییە، پارێزگاری لە سیستەمی فیدرالی ودام ودەزگا دەستووریەكانی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك جمال یوسف فەرموو.

**بەڕێز جمال یوسف بۆتانی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت خاڵی یەكەمەوە حماية وحراسة اقلیم كوردستان، بەڕەئی من ئەگەر لەئەخیردا بنووسرێت بالتعاون والتنسيق مع الوزارة الدفاع العراقية في حالة الضرورة، یەعنی لە حاڵەتی هەڕەشە لەكوردستان بكرێت، ئەو تەنسیق وتعاونە لەوەزارەتی دیفاعی عێراقیش هەبێت نەك هەر ئێمە بڕۆین حدودی عێراق بپارێزین، خاڵی دووەم، ئەو مؤسساتی دستووریە ئیزافەبكرێت، خاڵی سێیەمیش والمشاركة في بناء الوطن والإقتصاد، زۆر لەجەیشی عالەم هەیە، موشارەكە ئەكەن لە بینای ئیقتیصادو بینای وڵاتەكەشی، ئێمە وڵاتەكەمان وێرانە، پێشمەرگەی كوردستان،بەشداری لەوەش بكەن لە بینای وڵاتەكەو بینای ئیقتیصادی عەسكەری لە جێشدا، بەڕەئی من ئەوە زۆر باشە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

دكتۆر رەمەزان فەرموو.

**بەڕێز د. رمضان عبدالرحمن محمد رضا:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

زۆر سوپاس رایەكەی من كاك جمال گەیاندی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس وەڵڵا زۆر مولاحەزات درا، هەندێكی بەجێ بوون، بەڵام پێش ئەوەی قسە بدەم بەجەنابی وەزیر هەردوو وەزیر هەندێ مولاحەزات كەبەجێنە، بەڵام شوێنیان ئێرە نیە، لە شوێنێكی تر هاتووە، هەندێك مەهام هاتووە لەدەستووردا باسكراوە، یان لەقانونێكی تردا باسكراوە، هەمووی ناكرێت بیخەیتە ئێرە، مەعقولن، مەنتقین، بەڵام جێگای خۆیان هەیە، ئاماژەشی پێكراوە، موقتەرەحاتی تر كەباسكران مساندة الحكومة الاتحادية في الدفاع عن سيادة وامن العراق طبقاً للدستور الإتحادي، یەكێك وتی رەئیەكی تریش هاتووە كەدەڵێت دستور اقلیم باشترە، لەجیاتی قەوانینی ئیقلیم، مادەم دەڵێین طبقاً للدستورالإتحادي ولدستور الاقليم، ئەوە شتێكی پێم وایە خراپ نیە، حەزیش ئەكەم جەنابی وەزیری پێشمەرگەو وەزیری هەرێم بۆكاروباری پێشمەرگە، ئەگەر تێبینیەكیان هەبێت لەسەر ئەو مولاحەزاتانە لەگەڵ لیژنەی یاسایی ولیژنە پێشمەرگە، بۆمان دیاری بكەن فەرموو كاك فەریق علی.

**بەڕێز عمر عثمان ابراهیم( زەعیم علی)/ وەزیری پێشمەرگە:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

مولاحەزەكان تەقریبەن زۆربەیان برایان وخوشكان زۆربەیان موزەكەرەی تەفاهومیان نەدیتووە، مومكینە پێشتر، تەبعەن موزەكەرەی تەفاهوم زیاتر لە40 تا 50 دانیشتنمان لەسەر كردووە، لێرەو لەبەغدا، گەیشتە ئەو حەدەی كەسەرۆكی وەزیران وموەفەق روبەیعی ئەوەی ئەمنی قەومی لەگەڵ كاك نێچیرڤان و سەرۆكی هەرێمیش حەتا گەیشە سەرۆك مام جەلال، دانیشتنێكی كەشمان كرد، كە بەقانونیش لەگەڵ دەستووری عێراق بگونجێت، لەگەڵ دەستووری هەرێمی كوردستان بگونجێت، لەگەڵ واقیعی عێراقی تازە بگونجێت، موزەكەرەی تەفاهوم حەتا لایەنی ئەمریكی وبەریتانیشی تێدا بوون، تەقریبەن لەچل، پەنجا نوقتەی خیلاف هاتینە سەر 10، پاشان هاتینە سەر یەك، دوو نوقتە، ئاخیری هەروەكو كاك شێخ جعفر باسی كرد، بە توندیەكی زۆریش كۆتاییمان پێی هێنا، ئەوە بوو هاتن لێرە ئەمنیەتی هەرێمیان وەرگرت تەسلیمی سەرۆكی حكومەتیان كرد، چونكە نیزامی محافەزات بوو لە عێراق، لێرەدا ئێمە قبوڵمان نەكرد بێت، وتمان حكومەتێك و پەرلەمانێكمان هەیە، هەرێمێكین تەقریبەن فیدرالین، ئێمە بەشێكین لەعێراق، دەبێ بێن، سەرۆكی حكومەت بێت ئەو ئەمنیەتە وەربگرێت، پاشان وابوو رازی بوون، هەموو لایەنەكان هاتن، دەورو تەسلیمەكە بوو، مەراسیمێكیشی بۆ كرا، زۆر لەو شتانەی كەوا ئێستا خوشك وبرایان لێرە باسی ئەكەن، لەوێندەرێ زۆر بەووردی باسی لێوەكراوەو شەرح كراوەو تەسهیلاتی تێدا كرایە، دەربارەی تەدەخولی پێشمەرگە لەكاروباری ئەمنی زۆرجار هەیە، هەندێك كاری تەقریبەن خۆنارەزایی، دەبێتە موشاغەبە، دەبێتە دووڕوویی مومكینە پۆلیس یان شورتە یان ئەمن نەتوانن بچن بەرەنگاری ببن، هاوار دێنن بۆ پێشمەرگە، بۆ چەكی پێشمەرگە، پێشمەرگە دێت وەزعەكەی حەسم دەكات، دەتوانێ بەقوە تەداخول بكات، چونكە لەبیر نەكین ئێمە دوژمنمان زۆرە، دەست زۆرە، پیلان زۆرە لەسەرمان، هەندێك شت روودەدات لەدەسەڵاتی پۆلیس دەچێتە دەرێ، پێویستە پێشمەرگە بێت تەداخول بكات لەو حاڵەتانە، مەوزوعی حدود،

سنوورەكان، ئێمە حەرەس حدودمان هەیە، مەربووتە بەمەركەز، بەس لەعەینی كات تەنسیقیشیان هەیە لەگەڵ ئێمە ئەگەر هاتوو كارێك، رووداوێك روویدا لە سەر سنوورەكان لەدەسەڵاتی ئەوانیش چووەدەرێ، ئەوە بەپێی یاسا پێشمەرگە بۆی هەیە بچێت هاوكاریان بكات، ئەگەر لەدەسەڵاتی پێشمەرگەش چووە دەرێ جەیشی عێراقی لەمەركەزدا بۆی هەیەو دەتوانێ قوەت بنێرێ ئەو خەتەرەی لەسەر هەرێم یان لەسەر هەر پارچەیەك لەپارچەكانی كوردستان بەلاوەی بنێت، ئەوە تەقریبەن وەكوتەوزیحێك حەزم كرد بۆتانی باس بكەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

فەرموو مامۆستا كاكە.

**بەڕێز عبدالكریم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بێگومان ئەو پێشنیارانەی خوشك وبرایان شتی جوانی تێدا بوو كە بەجێ بوون، بەڵام ئێمە لەلیژنەی یاسایی كەوا زۆر ئیكتیفامان بەو سێ خاڵە كرد، چونكە خۆی خاڵێكی حەساسە، ئەرك وفەرمانەكانی وەزارەتی پێشمەرگە، پێمان وابوو ئەگەر تەوەسوعی تێدا بكەین مومكینە لە ئیتاری دەستووری دەربچین و تووشی مەشاكیلی دەستووری ببین، لەمەو دوا بماندەنە مەحكەمەی دەستووری وبڵێن ئەو خاڵە ئەبێت لابدرێت، ئەوە لابچێت وئەوە بمێنێتەوە، لەبەر ئەوە بەڕای ئێمە هەموو لایەكمان ئەزانین وەزارەتی پێشمەرگە ئەركی چیە، ئەگەر بیشینووسین یان نەینووسین ئەوە لە ئیتاری عامە كە بۆمان داناوە، لەبەر ئەوە پێمان كیفایەتە ئەوەی بۆمان دانایە و ئیزافە نەكرێت وزۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك شێخ جعفر فەرموو.

**بەڕێز شێخ جعفر علی/ وەزیری هەرێم بۆ كاروباری پێشمەرگە:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

وەڵڵا من ویستم تەوزیحێك بدەم بۆ خوشك وبرایان، وابزانم لەپێشتریش باسم كرد، حەرەسی ئیقلیم نەجەیشە، یەعنی واجباتەكانی واجبی جەیش نیە، كە هەندێك شت هەیە سیادیە، مەركەز مەسئولە لێی كەباسی حیمایەی حدود دەكەین تەزاروب ئەكات لەگەڵ شتە سیادیەكەدا یاخود لەگەڵ دەستووردا، حیمایەی حدود واجبی جەیشی عێراقیە، حەرەسی ئیقلیم ئیسنادێكە لەكاتی داواكردندا جائەوە لەكوردستاندا بێت یان لە جنووب بێت یان لەوەستەت بێت، لە هەرجێگایەك بێت، حەرەسی ئیقلیم نە جەیشەو نەپۆلیس و ئاسایشە، لە پۆلیس و ئاسایش ئەركو واجیباتەكانی زۆر ترە، واجیباتی جەیشیشی نیە، هەتا لەچەكدار كردنیدا، لە تەجهیز بڵێین لەتەسلیح و ئەو شتانە، لەوەش فەرقی هەیە، ئێمە بۆمان نیە تەیارەی حەربیمان هەبێت، بۆمان نیە هەندێ دەبابەی قورس و تۆپی قورس، هەندێ چەكی قورس هەیە بمانبێت، لەبەر ئەوە با ئەو شتانە روون بێت لەبەرچاوی هەموو خوشك وبرایان، كە بزانن حەرەسی

ئیقلیم جەیشی مەرکەزی نیە، ئەگەر هەندێك خاڵ دیاری بکرێت لەمانە وەکو جەنابی فەرمووی تووشی موناقەشەو تەزاروب ئەبێت لەگەڵ مەرکەزدا ولەگەڵ دەستووردا، ئەنواع کێشەی گەورەمان بۆ دروست ئەکەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك شێردڵ ئێوە هیچتان نیە لەسەر ئەو تێبینیانە، ئەو شەرحەی کەلەسەر موزەکەرەی تەفاهوم وەڵام دانەوەیەکە بۆ هەندێك پرسیار کەکران، لە دەستووری ئیتیحادی ئەگەر دەستووری هەرێمیش ئیزافە بکەن، زۆر لەسەر مەهامی پێشمەرگە هەندێ برادەر قسەی کرد، هەندێك باسی ئەوەیان کرد کە دیفاع یان ضمان تداول سلمي للسلطة، بەتەنها پێشمەرگە ناتوانێت زەمانی ئەوە بکات، ئەگەرنا وشەیەکی زۆر جوانە، ئەو دەزگایە هەمووومان لێی بەرپرسیارین، جوملەیەك ئەگەر بدۆزینەوە ئەوە ئیشارەتی پێبدەن خراپ نیە، بەڵام لەدووەمدا المحافظة على النهج الديموقراطي لحكومة اقليم كوردستان ومؤسساته ووحدة البيشمەرگە، ئەوەش لەبەر رۆشنایی زۆر مولاحەزەیە، ئەگەر لەناحیەی قانونی شتێك نەبێت قانونیەکان وەڵاممان بدەنەوە، تا ئیحراجی دەستووریمان نەیەتە پێش، کاك فرست موقتەرەحێکی هەیە ئەڵێت لەجیاتی ئەوەی ئەنووسرێت، بنووسرێ: حيماية الكيان السياسي لنظام الحكم في كوردستان والذود عن مؤسساته الدستورية، ئەوە زۆر جوانە، بەڵام ئەگەر ناحیەی قانونی و دەستووری حەز دەکەم یەك دوو برادەر لەناحیەی قانونیەوە قسەیەکمان بۆ بکەن، فەرموو کاك شێروان.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من تەسەور ناکەم ئەوەی صیاغەکەی کاك فرست هیچ تەعاروزێکی هەبێت، چ لەگەل قەوانینی ئێمەو چ لەگەڵ دەستووری ئیتیحادیش، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لە شوێنی خاڵی دووەمدا لەجیاتی المحافظة على النهج الديموقراطي لحكومة اقليم كوردستان و مؤسساته، بنووسرێت حيماية الكيان السياسي لنظام الحكم في الاقليم والذود عن مؤسساته، کاك سەردار فەرموو.

**بەڕێز سردار صباح بوزو هرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەڵڵا من لەگەڵ پێشنیارەکەی کاك دیلمانم ئەو پێشنیارەی نوێ الكيان السياسي لنظام الحكم، یەعنی کیانە سیاسیەکە بەهەر نەوعێك بێت پێشمەرگە حیمایەی دەکات، کە تەئسیسی جەیشە وە پێم وایە دەبێتە پۆلیسی عەسکەری و سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێمە لەلایەکەوە ئەڵێین نابێ وا بکەین لەلایەکی تر ئەمە چۆن ئەبێ کاك دلێر فەرموو.

**بەڕێز دلێر محمد شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی کیانی سیاسی موشکیلەیەك نیە بەقەناعەتی من تیایا هەبێ، بەڵام ئەبێ بووترێت نەك نەهجی ئەبێ بووترێت والنظام الدیموقراطي لەبەر ئەوەی نەهج تەعبیر لە تەهنیەت ئەکات نەك لە مومارەسە بەس نیزام تەعبیرە بۆ تەتبیق بۆ شتێکی عەمەلی کە کۆمەڵێك ئەنزیمە وتەعلیماتە لەبەر ئەوە ئەبێ بووترێت والنظام والدیموقراطي، چونکە ئێمە هەرهەموومان ئەحزابی سیاسی لەکوردستان موتەفقین لەسەر ئەوەی کە پشتگیری لە بەردەوام بوونی نزامی دیموقراطي بکەین لەم وڵاتەدا، لەبەر ئەوە ئەبێ بنووسرێت نظام.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر ئەو موقتەرەحە بەتەعدیلەوە، کاك دکتۆر نوری فەرموو.

**بەڕێز د. نوری جمیل تاڵەبانی**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێشنیاز ئەکەم بۆ ئەوەی کەوا هیچ جۆرە تێکەڵاو بوونێك نەبێت، بڵێین حیمایة المؤسسات الدستوریة في اقلیم کوردستان والنظام الدیموقراطي فیە، ئێمە باسی موئەسەساتی دەستووریمان کرد، هەمووی ئەگرێتەوە، موئەسەسەی پەرلەمانە، حکومەتی هەرێمی کوردستانە لەگەڵ موئەسەسەی با بڵێین قانونیش، نیزامی دیموکراتیش، هێزی پێشمەرگە پێویستە کەوا پارێزگاری سیستەمی دیموکراتی وفیدرالی بکات لەهەرێمی کوردستاندا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك عادل فەرموو.

**بەڕێز عادل محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە سێ نیزامی سیاسی دیموکراتیمان هەیە لەهەموو دونیادا، نیزامی سەرۆکایەتی، نیزامی پەرلەمانی، نیزامی حکومەی جەمعیەتی، ئەگەر ئێمە بڵێین النظام السیاسي الدیموقراطي کافیە هەموو موئەسەساتی دەستوری وقانونی هەرێم ئەگرێتەوە، باشتر وایە بنووسین النظام السیاسي الدیموقراطي، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە ئێستا صیاغەکەمان دەوڵەمەند کرد، حیمایة الکیان السیاسي للاقلیم ونظام حکمە الدیموقراطي والذود عن مؤسساتە الدستوریة، ئەگەر ئەوەتان پێ باشە، جەنابی وەزیرو لیژنەی قانونی دەیخەمە دەنگەوە پێتان باشە، ئێستا جارێکی تر ئەیخوێنمەوەو پاشان دەیخەمە دەنگەوە، حیمایة الکیان السیاسي للاقلیم ونظام حکمە الدیموقراطي والذود عن مؤسساتە الدستوریة، لەسەر فەقەرەکانی تر دەیخەمە دەنگەوە، کاك محمد ئەگەر نوقتەی نیزامیت نیە، فەرموو.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کیانی سیاسی ئەبێ جۆرە ئیستقلالیەتێکی هەبێت، یەعنی بەو جۆرە کیانانە ئەڵێن لە دەوڵەتێك دابڕاون ونەبوونەتە دەوڵەت، بەوە ئەوترێت کیان، ئێمە کیان نین، ئێمە بەشێکین لەفیدرالیەتی عێراق، ئێمە هەرێمێکین لەدەوڵەتی عێراقی فیدرال.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو وەڵڵا کاك محمد منیش جوابم هەیە، بەڵام پێم وایە کاك فرست ڕەنگە باشتر جواب بداتەوە وقانونیشە، فەرموو کاك فرست.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕەئی من ئێمە کیانی سیاسینە، لە هەر مەسدەرێکی فیقهی لەسەر فیدرالیەت بخوێنی ئەقالیم پێی ئەڵێن دوەیلە، ئەوە یەك، دوو دەستوری ئەمریکی ببینە، دەستووری دەوڵەتەکانی تر زۆربەیان، تەعریفی نیزامەکە ئەڵێتن نیزامی حوکم لەئیقلیم جمهوریە دیموقراتیە پەرلەمانیە، ئان ریئاسیە، یەعنی هەموو موقەویمات وموسەلەماتی دەولەی هەیە، عەدا قەزایای سیادی دەرێ، ئینجا ئیمە وەکو هەرێم کیانێکی سیاسینە، نیزامی حوکمان نیزامێکی جمهوریە تەبعەن من ئەوەشم نووسیبوو کاك عدنان شەتبی کرد، کو محافەزە لەسەر نیزامی جمهوری دیموکراتی بکرێت، ئەوە زۆرجار لە تەلەفیزیۆن بیستوومە، ئان موقتەرەحاتە بۆ ئێمە هاتوونە بۆ لیژنەی دەستووری ئەڵێت قابل ئێمە دەولەینە، ئەڵێ نیزامی ئێمە سیاسی جمهوریە، کاکە ئێمە دەوڵەت نین، بەس دوەیلەینە، لەسەر ئەساسی ئیستقلالی زاتی هاتیە دروست کردن، ئەو نیزامە لەبەر ئەوە من لەگەڵ ڕەئی کاك محمد نیمە، ئێمە کیانێکی سیاسینە، ئێمە نیزامێکی سیاسی جمهوری دیموقراتینە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من لەسەر ئەو بەشەی موتەفقم کە کیانێکی سیاسیە، دەیخوێنمەوە ئەو بڕگەیە و پاشان دەیخەمە دەنگەوە حیماية الكيان السياسي للاقليم ونظام حكمه الديموقراطي  والذود عن مؤسساته الدستورية، کێ لەگەڵ ئەو موقتەرەحەی دووەمە با دەستی بڵند بکات تکایە؟ زۆر سوپاس کێی لەگەڵدا نیە؟، هەموو ماددەکە هەر سێ خاڵەکە دەیخەمە دەنگەوە کێی لەگەڵدا بادەستی بڵند بکات تکایە؟، فەرموون کێی لەگەڵدا نیە؟، بەکۆی دەنگ قبوڵکرا، بۆ ماددەی سێیەم تکایە.

**بەڕێز طارق محمد سعید جامباز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**ماددەی (3):**

**ئامانجەكانی وەزارەت**

ئامانجی وەزارەت جێبەجێ كردنی ئەم ئەركانەی خوارەوەیە:-

أ- دامەزراندنی دامەزراو و یەكەكانی نیزامی سەربازی و ڕاهێنانیان لەسەر هونەرەكانی كوشتار و فێركردنی زانستە سەربازییەكانی نوێ بۆ ئەوەی ساز و ئامادەبن بۆ بەرگریكردن لە هەرێمی كوردستان.

ب- دانانی پلانی پێویست بۆ پەرەپێدان و نوێكردنەوەی هێزەكانی پێشمەرگە بە هۆی دابینكردنی هەموو جۆر و پۆل و شێوازی دابینكردنی هونەرییان و پەرەپێدانی هونەرەكانی كوشتار و چۆنیەتی بەكارهێنانی لە مەیدانەكانی شەڕدا.

ج- دابینكردنی هەموو كاروبارەكانی پەیوەست بە نیشتەجێكردن و كەل و پەل و چەكداركردن و ئازووقە و گواستنەوە و مووچە و كاروبارەكانی دارایی و ژمێریاریی و تەندروستی و جەستەیی بۆ هێزەكان و خزمەتگوزارییەكانی دیكەدا.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

هەندێك برادەر داوای ئیجازەی كرد بچێتە دەرەوە، بەلآم جیاواز بوون، هەندێك بۆ نوێژ ئەچێت هەندێك بۆ جگەرە ئەچێت، هەندێكیشیان هیچێكیان نیە، لیژنەی یاسایی فەرموو مامۆستا كاكە.

**بەڕێز عبدالكریم ابوبكر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لیژنەی یاسایی هیچ تێبینیەكی لەسەر ئەو ماددەیە نیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك شێردڵ فەرموو.

**بەڕێز شێردڵ عبدالله حەوێزی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لیژنەی پێشمەرگە هیچ تێبینیەكی نیە لەسەر ئەو ماددەیە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

وەڵڵا ئەگەر مولاحەزەتان نیە ئەیخەمە دەنگەوە، باشە هەیە، كاك زرار فەرموو.

**بەڕێز زرار طاهر امین:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من لەسەر ماددەی سێ تەنها یەك داواكاریم ، لە جەنابی وەزیری هەرێم بۆ كاروباری پێشمەرگە و وەزیری پێشمەرگە هەیە ، بەڕاستی ئەوەی لەماددەكەدا هاتووە، خاڵی یەكەم، دامەزراندنی دامەزراو و یەكەكانی

نیزامی، تکاتان لێ ئەکەم با ئەوە هەر بەقسە نەبێت، داواتان لێ ئەکەم هەرێمی کوردستان، ئێستاکە ئێمە هەرێمێکین دوو وەزارەتی پێشمەرگەمان هەیە، پێویستیمان بەوە هەیە هێزێك دروست ببێت ئەگەر رۆژێك لەرۆژان دە دەبابەمان بۆ بێت بتوانین مقاوەمەی بکەین، داواکارم ئەو یەکە نیزامیانە کەدروست دەکرێن لێپێچینەوەی سەد لەسەدیان لەگەڵدا بکرێت، چونکە بەراستی ئێمە هێزی عەقائیدیمان نەماوە، بۆیەداوا لەبەرێزتان ئەکەم یەکە نیزامیەکان لێپرسینەوەی سەد لەسەدیان لەگەڵدا بکرێت، ئەگەر هێزی نیزامیمان نەبێت رۆژێك لەرۆژان تووشی ئەوە بین کە هێزێك هجوم بکاتە سەر هەرێمی کوردستان بەڕاستی ناتوانین پارێزگاری لەخۆمان بکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك سەردار فەرموو.

**بەڕێز سەردار صباح بوزو هەرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من تەنها تێبینیم لەسەر بڕگەی(ج) هەیە، کە نوسخە عەرەبیەکەی دەڵێت: (تأمين جميع الامور المتعلقة بالآسكان والتجهيز والتسليح) تا کۆتاییەکەی کە دەڵێت للقوات تەعریفی قواتی نەدایتێ یەك، دوو، والخدميه الاخرى ئەوە لێی تێناگەم، یەعنی پێم وایە ئەگەر بوترێت والجهات الخدمية التابعة لها للقوات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك کریم فەرموو.

**بەڕێز کریم مجید شریف(جوتیار):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بڕگەی( أ ): دامەزراندنی دامەزراو و یەکەکانی نیزامی سەربازی و ڕاهێنانیان لەسەر هونەرەکانی شەڕ، پێم وایە جەنگ باشترە، یەعنی شتێکی سەربازی ترە، شەڕەکە بکرێت بەجەنگ، دوای ئەوە دێت فێرکردنی زانستە سەربازییەکانی نوێ بۆ ئەوەی ساز و ئامادەبن بۆ بەرگریکردن لە هەرێمی کوردستان، بۆ بەرگریکردن لە هەرێمی کوردستان ئەوە زیادەیە، چونکە لە ئەرکەکاندا دیاریکراوە لە بڕگەی سێدا زۆر بەروونی ئەرکەکان دیاریکراوە، پێم وابێ ئەوە زیادەیە، بۆ ئەوەی ساز و ئامادە بن بۆ بەرگری کردن لە هەرێمی کوردستان، ئەوە لابچێت، لە بڕگەی(ج) کۆتاییەکەی نووسراوە، کاروبارەکانی دارایی و ژمێریاری و تەندروستی و جەستەیی بۆ هێزەکان، بۆ هێزەکان پێم وابێ زیادەیە، بنووسرێت تەندروستی و جەستەیی و خزمەتگوزارییەکان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من لەجیاتی کاك فەریق علی وکاك شێخ جعفریش جواب دەدەمەوە، فنون القتال راسترە لەوەی فنونی حرب، ئەوە فەردیە یەك، دووەمینیش ئەوەی تریش دەڵێت تەعلیمی عەسکەری ئەوە شامیل ترە، هەمووی دەگرێتەوە، کاك محمد رشید فەرموو.

**بەڕێز رشید کریم رشید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پرسیارەکەی من وترا، کاك عدنان منیش هەر ئەو وشەی کوشتارم بەلاوە جوان نەبوو لەم خاڵەدا کەجەنابت ئەڵێیت کەلیمەی کوشتار لە کوردیەکەیدا کەلیمەیەکی ناشیرینە، ئەگەربمان گۆڕییایە ببوایە بەجەنگ موهیم نیە با لەعەرەبیەکەدا قتال بوایە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڵێ کاك طارق فەرموو.

**بەڕێز طارق محمد سعید جامباز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وشەی قتالمان لابردیە کریتمانە شەڕ لە جەنگدا نین، جەنگ دەکاتە حەرب ئەوە فەرق دەکات دوو وشەی لێك جیاوازن.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

شەڕ راسترە، کاك شێردڵ فەرموو.

**بەڕێز شێردڵ عبدالله حەوێزی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمەش هەرکردیتمانە شەڕ، چونکە شەڕ راسترە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دکتۆرە شوکریە فەرموو.

**بەڕێز د. شکریە رسول ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی خاڵی یەکەم وترا لەرووی وشە سازییەوە، کوشتار و شەڕ ئەوەیە من پشتگیری شەڕەکە ئەکەم زیاتر، بەس خاڵی دووەمم لەڕووی تەکنیکیەوەیە، یەعنی ئێمە چەند کاری زانکۆ دەکەین ئەتروحات وئەو شتانە، ئەلف وباو جیم وئەمانە، لێرەدا بکرێت بەخاڵ، چونکە کە نوقتەی یەکەم دێت، ئینجا ئەڵێیت نوقتەی یەکەم بەم شێوانەی خوارەوە، ا، ب، ج لێرەدا یەکمان نیە، تاکو بنووسرێت أ، ب، ج، ئینجا لەبەر ئەوە بکرێت بە 1،2،3 ئەوە شتێکی جوانترە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مولاحەزەی یەکەمت راستە، ئەوە لیژنەی یاساییش وەکو مولاحەزەیەك دەبێ تەسەلسول وئەو شتانە وەکو قانونەکانی تر بگۆڕدرێت، ئەوەش أ، ب، ج، ئەبێتە یەکەم ودووەم وسێیەم، کاك اسماعیل فەرموو.

**بەڕێز اسماعیل محمود عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من لە دانانی پلانی پێویست بۆ پەرەپێدان نویٚ كردنەوەو تەحدید كردنی هێزی پێشمەرگەی كوردستان، تەحدید بكرێت ژمارەی هێزی پێشمەرگەی كوردستان چەندە، كە دیاری نەكرایە لێرەدا، واتە ژمارەی هێزی پێشمەرگە چەندە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك حسن بابكر فەرمود.

**بەڕێز حسن بابكر احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

وەڵڵا هەر وشەی شەڕ وشەیەكی عەرەبیە، هەر لایەنی سلبی هەیە، ئەگەر بكرێتە جەنگ وا باشترە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك عبدالرحمن احمد فەرموو.

**بەڕێز عبدالرحمن احمد رضا:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت بڕگەی (ب)وە پێشنیازێكم هەیە كە ئیزافەیەكی بۆ بكەین كەدەڵێت دانانی پلانی پێویست بۆ پەرەپێدان نوێكردنەوەی هێزەكانی پێشمەرگە لەگشت پێكهاتەكانی كوردستان، چونكە ئێمە لەو قۆناغەداین كە هێزی پێشمەرگەی كوردستان ئەبێ ڕێكی بخەینەوە جارێكی تر، بەوەش جەماوەر هەمووی دڵی خۆش ئەبێت وپێشمەرگە بەهی خۆی دەزانێت، ئەوەی بۆ ئیزافە بكەین، پێ ئەچێت لەداهاتوودا مەوالید بگیرێت یان تەتەوع ئەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

فەرموو كاك زەعیم.

**بەڕێز عمر عثمان ابراهیم( زەعیم علی)/ وەزیری پێشمەرگە:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

تەبعەن سوپاسی هەموو ئەو خوشك وبرایانە دەكەم، كە بەڕاستی راو بۆچوونەكانیان زۆر پیرۆزە، بەتەقدیرەوە وەری دەگرین، بەس هەندێ تەوزیحم هەیە لەسەر دوو لەو برایانە، كە پرسیاریان كرد یان لایان وازح نەبوو، وەكو دەڵێین بەنیزامی كردنی لەشكر، ئیمە بۆ ئەوە بەرنامەجێكی زۆر رێكوپێك وتۆكمەمان دانایە، یەعنی ئەو لەشكرەی كەهەمانە، یان ئەو پێشمەرگەیەی كەهەمانە، تەبیعی دەبێت ئیعادەی تەنزیمیان لەناو بكەینەوە، دووبارە پێیدا بچینەوە بۆ ئەو مەبەستە پلانێكمان دارشتووە، خەریكین بەسێ بەشیان تەقسیم بكەین، بەشێك ئەوانەی كەوا گەنج وجاحێڵن كەشەهادەیان هەیەو بەپێی

خوێندەواری وچەند شروتێك و تەعلیماتێكمان داناوە، ئەوانە جیاواز دەكەینەوە دەیانبەینە مەراكیزی تەدریب، ئێستاش فێرگەمان كردۆتەوەو دوو ئەكادیمیاو سەربازگەی عەسكەریمان هەیە، كولیەیەكی ئەركانمان هەیە لە قەڵاچوالان، كولیەیەكی عەسكەریمان هەیە لەزاخۆ، فێرگەشمان هەیە، تەقریبەن حەفت هەشت فێرگەمان هەیە، وا فێرگەی تریش ئەكەینەوە، بۆ ئەوەی لەشكرەكەمان ببین ئەوانەی كەوا لیاقەی بەدەنیان باشە، شەهادەیان هەیە، علومیان باشە، بەكەڵكی ئەوەی دێن كە فیعلەن بكرێنە پێشمەرگەیەكی جەنگاوەری بەتوانا، بەلیاقەی بەدەنیان وتوانای جەسەدیان هەبێ، شەهادەیان هەبێ، ئەوانە جیاواز دەكەینەوە، دەیانبەینە تەدریب، دووەمین دەوراتمان هەیە بۆ فەرماندەییەكانیش بۆ ئەوەی بەشێوەیەكی زانستی بتوانێ قیادەی ئەو یەكانەی لەشكر بكات، بەشێكی تریشمان لەوانەی كەوا پیرو ئەختیارن، لە مێژە پێشمەرگە بوونە تواناو تاقەتیان نیە، ناتوانن بێن تەدریبیان پێ بكەین، تاقەتی ئەوەیان نیە، نەبەدەن و لیاقەی ئەوەشیان پێوە مایە، دەتوانین ئەوانە خانەنشین بكەین بەشێوەیەك هەموو ئیمتیازو حقوقیان پارێزراو بێت، نەك خوانەخواستە وا بیر بكەنەوە كارمان پێیان نەماوەو ئیتر بڕۆنەوە بۆ ماڵی خۆیان، بۆ ئەم مەبەستەش یاسای خانەنشینمان هەیە، ئینشا الله دەیهێنینە بەردەمی بەڕێزتان، لێرە موناقەشە ئەكرێت، هەموو ئیمتیازات وهەموو پێداویستیەك كەبۆیان پێویستە دابین بكرێت تێیدایە، لەناویدا روون كراوەتەوە، نوقتەی ترمان هەیە پێشمەرگەی تریشمان هەیە ئەوانەی كەنەدەتوانن تەقاعود بكرێن، نەدەتوانن بچنە تەدریب، دەتوانن لەمەقەڕەكان سابت بكرێن، حیراسەتە لەمەقەڕەكان، كاری ئاسان دەبێ، لیاقەی بەدەنی ناوێت تەنها وشیاری دەوێت ئیخلاصی دەوێت، هەندێك تەدریبی ئەساسیە فێریان دەكەین تا بتوانن واجبەكانی خۆیان بەڕێوە ببەن، بۆ ئەم مەبەستەش زیاتر حەز دەكەم ئیعتیزاز سەربەرزی بەخۆمانەوە ببینین كە ئەمڕۆ دوو كولیەمان هەیە لەكوردستان، جاران جەیشی عێراقی ئەو زابتانەی دەبردە ئوردن بەپارەیەكی زۆر، بەتەكلیفێكی زۆر تا تخروجیان دەكرد، ئەوجا دەیانهێنانەوە بۆ ناو جێشی عێراقی، ئێستا جێشی عێراقی دێن لەلای ئێمە لەكولیاتی ئێمە وەردەگیرێن، تەدریبیان پێ دەكەین لەعەینی كاتدا پێشمەرگەكانی خۆشمان داخڵ دەكەین هەم بۆ بەغداش هەم بۆ خۆمان تخروجیان پێ دەكەین، بەروتبەی زابت، لەو رۆژانە مومكینە هەمووتان ئاگاداربوون لەقەلاچوالانیش وەجبەیەك تەخەروجی كرد، لە زاخۆش وەجبەیەك تخروجیان كرد، دەچن لەجێشی عێراقیدا لەوێندەرێ دووبارە بونیادی جێشی عێراقی دەكەنەوە، لەگەڵ كوردستانیش ئەوە جێی ئیعتیزازە ئەوڕۆ ئیعتیراف بەئێمە كرایە، كولیەكەمان بەدەرەجەیەكە وڵاتێكی وەكو عێراق، ئەمەریكا بەدەرەجە یەك گوتی یەكەمین كولیەیە لەشەرقی ئەوسەتدا بەو دەرەجەیان دانا كەبێن لەلای ئێمە تەدریب بكەن وبچن جەیشی عێراقی پێ دروست بكەنەوە، كە ئێمە ئالەت ومیكانیزمێكی وامان هەبێت دەتوانین پێشمەرگەكانیشمان زۆر چاك بكەینە پێشمەرگەیەكی نیزامی بتوانێ بەهەموو كارو ئەركەكانی خۆی هەڵبسێت و بەڕێوەی ببات، نازانم ئەو برایەی تر، پرسیارێكی كرد لەسەر مەوجوداتی پێشمەرگە، تەبعەن ئەمە مەوجودات لەهیچ شوێنێك ناگوترێت، لەبەر ئەوەی شتێكی سڕی وعەسكەرییە، بەڵام لەسەر ئەوەش ئێمە كەوتینە گفتوگۆ لەگەل

بەغداد ولەناو خۆشمان تەقریبەن سەقفێکمان داناوە، بۆ ژمارەی پێشمەرگە کەچەند پێویستە بۆ ئەوەی بتوانین بەرگری لەکوردستان بکەین، ئەوە پاشان انشاالله بڕیاری کۆتایی لێ دەدرێت وئەو ژمارەش بەرچاو دەکەوێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، وەڵلا شەرحێکی زۆر باش بوو، بەڵام من پرسیارێکم هەیە، کولیاتی عەسکەری تابعی بەغدایە یان تابعی ئێوەیە.

**بەڕێز عمر عثمان ابراهیم( زەعیم علی)/ وەزیری پێشمەرگە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەڵلاهی لەناحیەی مەنهەج، مەنهەجمان تەبعەن مەرکەزییە، مەسەلەی لۆجستیکی ئیداری، تەبعەن ئەوان دەعممان دەکەن، بەس مامۆستایەکان هی ئێمەن، مەسائیلی تەدریبە، مەسائیلی ئیدارەیە، ئەمانە خۆمان دەیکەین، بەس مەرکەزییەن عائیدی بەغدایە، بەس بەهەماهەنگی هەردوولامان پێکەوە ئیتیفاقێکمان کردیە کەوا باهەردوولامان بتوانین ئیستیفادەی لێ بکەین، وەجبات تخروج پێ بکەین هەم لۆ کوردستان هەم لۆ عێراقیش زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

یەعنی هەرچەندە ئەوە ئیختیصاصی خۆتانە، بەڵام خاڵێك پێم وایە ئەبێ هەبێت، ئەویش مادام کولیاتی عەسکەری تائێستاکە عایدی بەغدایە بەڵام صیغەیەك هەبێت، ئێوەش بتوانن صلاحیاتتان هەبێت، مەسەلەن مەعاهید هەبێت، اهتمام بفتح المعاهد الخاصة بتخريج وتدريب الضباط والمتطوعين، فەرموو کاك شێخ.

**بەڕێز شێخ جعفر علی/ وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پێشمەرگە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەتی هەردوو کولیەی عەسکەری دیارە وەکو کاك زەعیمیش باسی کرد، عاید بەعێراقن، بەڵام ئێمە ئیتیفاق دەکەین لەگەڵ وەزارەتی دیفاعی عێراقی کە ئێمەش سوودی لێ وەربگرین بۆ ئەوەی کەبتوانین دەوراتی زوباتمان بۆ وەربگرن ئەویش لە خەریجی ئیعدادیەو معاهد و کولیات، لەگەڵ ئەوەش بیر لەوە کراوەتەوە لەفەرماندەیی گشتی هێزی پێشمەرگەی کوردستان، باسی ئەوەشکراوە هەوڵبدەین، لەکاتێکدا ئەگەر پێویستمان پێی هەبوو، ئەو کولیانە هەردووکی، یان یەکێکیان وەربگرینەوە لە وەزارەتی دیفاعی عێراقی و لە کاتێکیشدا ئەگەر ئەوە نەبوو کولیەیەکی عەسکەری لە کوردستاندا بۆخۆمان دروست بکەین.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەزانی چی ئەگەر ئەو نیەتەتان هەبێت، دەبێ تێیدا بێت، چونکە ئەگەر شهادەی بدەیتێ، ئەبێ لەقانون بیدەیتێ، فەرموو کاك شێردڵ.

**بەڕێز شێردڵ عبدالله حەوێزی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت معاهدی عەسکەری لەهەردوولا تائێستا مەدارسی خیتامیان هەیە، مەعاهدی عەسکەرییە، یەعنی لەکولیە بچووکترە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر ئەفسەریشت هەیە فەرزمان کرد 4 ساڵیشە عەسکەرە، لە مەهامەکەدایە پێویستی بەمعهد کردنەوە نیە، تا دەوراتی بۆ بکەیتەوە، مەقەسەدم لەوەدایە، یەعنی؛ فتح المعاهد للضباط لتدربهم، خۆ هەر جوندی تەدریب ناکات زابتیش تەدریب دەکات.

**بەڕێز شێردڵ عبدالله حەوێزی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خۆی ئێستا ئەوان لەدەورەی تەکوینن، وەکو پێم گوتی ئێستا مەدارسی ڤیتال هەیە، بەڵام کەگەیشتنە دروستکردنی وەزارەتەکە ئەوکاتە صنوفیان ئەبێت، صنوف مەسەلەن مەدفەعییەیان هەبێت، مومکینە هی دەبابەیان دەبێت، مەشاتیان دەبێت، ئێنجا مەدارس دەکەنەوە، مەدارسی مەدفەعیە، هی مەشات، هی دورع، ئەوانە بزەبت لەجێی معهدن، دەورەکان بۆ تەرقیە، بۆ ئەو شتەی کەلە ئیختیصاصەکەیان بزانن، مەسەلەن یەکێك لەکولیەی عەسکەری دەردەچێت دەبێ بچێتە مەدرەسەی دروع، ئیختیصاصەکەی دەبێتە دەبابە، دەبێ بچێتە مەدرەسەی مەدفەعیە، ئیختیصاصەکەی دەبێتە مەدفەعیە، دەچێتە مەشات، ئیختیصاصەکەی دەبێتە مەشات، دەچێتە قوەی خاصە ئیختیصاصەکەی دەبێتە قوە خاصە، ئیدی لەوێ ئەرکو فەرمان و مووچەو موخەصەصاتی فەرقی هەیە، هەتا جلوبەرگیشی فەرقی هەیە، سیدارەکەی فەرقی هەیە، ئیشارەتەکەی فەرقی هەیە، قەیتانەکەی لێرە دەیبەستێ فەرقی هەیە، ئەبێ ئەو فروقاتانە دیاری بکرێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

یەعنی پێتان وایە ئێستا پێویست ناکات ئەو خاڵە داخڵ بکەن، ئاخر مولاحەزە کاك سەردار دابووی، لەسەر بڕگەی جیم قواتەکە مەعروفە چیە، بەڵام والخدمیە الاخری تۆزێك دیار نیە، یەعنی مەبەستان چیە لەوە ئاخر جوملە.

**بەڕێز شێردڵ عبدالله حەوێزی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

زیاتر لەناو وەزارەتەکەشدا هاتووە، ئەمین عامیان داناوە، یەعنی شتی مەدەنی زۆری تێدایە، مەسەلەن حیسابات موەزەف کچ وشتی واشی تێدایە کەئیش دەکەن، لەناو عەسکەری موعین هەیە، موعین هەیە کەخزمەتی قاعەکان دەکات، کە خزمەتی جوندیەکان دەکات، یەعنی ئیشەکانیان مەدەنین، ئەوانەش ئەو شتانە دەگرێتەوە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك فرست وابزانم صیاغەكەی چاك كردووە، وابزانم باشتر دەبێت، ئەگەر والمستوى الصحي والبدني والخدمية الاخرى لقوات البيشمەرگە، ئەوە تەواوە، یەعنی والخدمية الاخرى پێش قواتەكەی بخات بنووسن لقوات البيشمەرگە، ئەوە حەلێك دەبێت، نوقتەی نیزامیت هەیە كاك حاتم فەرموو.

**بەڕێز حاتم محمد جان حسن:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

وەڵڵا هەر وەكو بیرخستنەوەیەك بۆ كاك شێردڵ پێشنیارێكمان هەیە لە ئامانجەكانی وەزارەت لە ماددەی سێ بەس لەفكری كردووە، حەزەكەم بیری بخەمەوە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەوە نوقتەی نیزام نەبوو، دەبوایە داوای قسە بكەیت لەسەرەتاوە. یەعنی هەر ئەوەندە والمستوى الصحي والبدني والخدمية الاخرى لقوات، پێشمەرگەكەش خۆی مەعروفە هەر ئەوەندەیە لقواتەكە بخرێتە پێش والخدمیە، فەرموو كاك سەردار.

**بەڕێز سەردار صباح بوزو هەركی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەو صیاغە نوێیە، صیاغەیەكی زۆر باشە، بەڵام پێم وایە ئەو مانایە نادات كە كاك شێردڵ شەرحی كرد، كاك شێردڵ باسی ئەوە دەكات كەجیهاتی مەدەنی هەیە، قەسدی ئەو ئەوەیە كە تجهیزە هەم بۆ قواتەو هەم بۆ جیهاتی خەدەمیشە، پێشنیاری من ئەوەیە بوترێت الجهات الخدمية الاخرى للقوات ئەوە ئەو مانایەیە كەكاك شێردڵ باسی ئەكرد، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

یەعنی پێشنیاری تۆ ئەوەیە بوتریَت والخدمية الاخرى التابعة لها، للقوات.

**بەڕێز سەردار صباح بوزو هەركی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

والخدمية الاخرى زۆر رەكیك ترە، الجهات الخدمية یان الفئات یان الجهات الخدمية التابعة لها، للقوات.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك زەعیم فەرموو.

**بەڕێز عمر عثمان ابراهیم( زەعیم علی)/ وەزیری پێشمەرگە:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەوە جیهات نیە، جیهە عەینی ئەفراد دێت، وەكو حەدیقە چیە، خەیاتە، جاروبار فیتەرێكە بانگی دەكەن ئیش دەكات، موعینە، یەعنی فەڕاشە ناو قاعەكان خاوێن دەكاتەوە، ئەوە جیهەتێك نیە، ئەفرادە، دێت لەویَ خزمەت دەكات.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**کەواتە ئەو صیغەیە راستە والخدمیة الاخری للقوات، باشە ئەو ماددەیە دەخەمە دەنگەوە پاش ئەو کەلیمەیەی کەگۆڕایە، کێی لەگەڵدایە بادەستی بڵند بکات تکایە؟، فەرموون کێی لەگەڵدا نیە؟ بەکۆی دەنگ وەرگیرا، ئێستا موقتەرەحێکی تر هاتیتە پێشەوە، ماددەی دوو وسێ بکرێتە یەك ماددەی دوو مهامی وەزارەتە، ماددەی سێ، اهداف وەزارەتە، هەردووکیان عەینی شتن، موقتەرەحێك هاتووە کەئەو دوومادەیە بکرێت بەیەك، وبکرێتە المهام واهداف الوزارة، تەسلسولکەشی اولاً وثانیاً وثالثاً، ورابعاً وخامساً،وسادساً، رێکی بخەن ئەوموقتەرەحە دەخەمە دەنگەوە کێی لەگەڵدایە بادەستی بڵند بکات تکایە؟، فەرموون کێی لەگەڵدا نیە؟ بەکۆی دەنگ وەرگیرا، ماددەی دوو بوو بەماددەی سێ تەسەلسولەکەشی رێکبخەن، بڕۆن بۆ ماددەی سێی تازە، کە ماددەی چواری پێشووە، ئەصڵی ماددەکە بخوێنەوە تکایە.**

**بەڕێز طارق محمد سعید جامباز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**ماددەی (4) کەدەکاتە ماددەی (3)ی تازە:**

**پێکهاتەکانی وەزارەت**

**یەکەم: وەزیر: بەرپرسی یەکەمە لە وەزارەت و کاروبارەکانی و سەرپەرشتیکردنی جموجۆڵەکانی و لەوێشەوە فەرمان و ڕێنمایی دەردەچن لە هەموو ئەوشتانەی پەیوەندیان بە ئەرکەکانی وەزارەت و دەزگاکان و هەموو کاروبارەکانی سەربازی و هونەری و دارایی و کارگێڕی و ڕێکخستنەوە هەیە، بەپێی حوکمەکانی یاسا بەرپرسە لەبەردەم ئەنجومەنی وەزیران بەو ناوەی کە ئەندامێکی هاوکارە تێیدا، وە بۆی هەیە هەندێ لە دەسەڵاتەکانی بە هەندێ فەرمانبەری پلەی تایبەت لە وەزارەت و هەریەك بەپێی پسپۆڕایەتی خۆی بسپێرێ.**

**دووەم: بریکاری وەزارەت: بەپێی ئەو دەسەڵاتانەی کە پەیڕەوی ناوخۆ دیاریکردووە یان ئەوانەی لەلایەن وەزیرەوە پێی دەدرێ، یارمەتی وەزیر دەدات لە سیاسەتو ڕێوشوێنەکانی وەزارەتو سەرپەرشتی کاروبارەکانی دەکات.**

**سێیەم: سکرتێری گشتی: فەرمانبەرێك بەپلەیەکی تایبەتی وبەپرسە لە ئەرکەکانیدا لەبەردەم وەزیر،وچەند هاوکارێك بۆ کاروبارەکانی کارگێڕی وجەنگاوەران و یاسایی ومەدەنی یارمەتی دەدەن، ئەم بەڕێوەبەرایەتی ودەزگایانەی پێوەبەسترا‌ون:**

**أ- بەڕێوەبەرایەتی گشتی گرێبەستو کڕین وچەکدارکردن وکەلۆپەل پێدان.**

**ب- بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری تاكوخۆبەخشەکان.**

**ج- بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕاگەیاندنو ڕۆشنبیریو هۆشیارکردنەوەی نیشتیمانی.**

**د- بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری خانەنشینانی پێشمەرگەو چاودێری پەککەوتەکان.**

**هـ- بەڕێوەبەرایەتی گشتی بووجەو پرۆگرام (ژمێریاری سەربازی).**

**و- فەرمانگەی یاسایی.**

**ز- دادگاکانی سەربازی.**

**چوارەم: پشکێنەری گشتی: ئەفسەرێك پلەكەی لە لیوا كەمتر نەبێ سەرۆكایەتی دەكات، ئەركی پشكنین و بەدواداچوونی دەزگاكان و دامەزارو یەكەكانی سەر بەوەزارەتی پێشمەرگە، بۆ ئەوەی ئاگاداری بارودۆخی هێزەكانی پێشمەرگە بێ ورادەی ئامادەباشیان بۆ شەڕكردن وجێبەجێ كردنی فەرمان ورێنماییەكانی لە وەزارەتەوە دەردەكرێ هەڵبەسەنگێنێ، ئەویش بە بەرزكردنەوەی ڕاپۆرتی بەردەوام بۆ وەزیر بەئامانجی چارەسەركردنو پەرەپێدان.**

**پێنجەم: فەرمانگەی چاودێری دارایی: فەرمانبەرێك بەپلەی بەڕێوەبەری گشتی سەرۆكایەتی دەكات ئەركەكانی هەرچی پێویستە كاركردن بۆ وردبینی كردنی كاروبارەكانی دارایی وبەدواداچوونی پیادەكردنی ڕێنمایی وبنچینەكانی دارایی وژمێریاریی لە وەزارەت و دامەزراوەكانی وچۆنیەتی دیاریكردنی سەرپێچیە داراییەكان.**

**شەشەم: بەڕێوەبەرایەتی هەماهەنگی وپەیوەندیەكان: ئەركەكانی دانانو ڕێكخستنی پەیوەندیەكانە لەگەڵ دەزگاو لایەنە مەدەنی وسەربازیە فەرمیەكانی پەیوەست بەكاروباری وەزارەت.**

**حەوتەم: سەرۆكایەتی دەستەی بالاٌ: ئەفسەرێكی ڕوكن پلەكەی لە لیوا كەمتر نەبێت سەرۆكایەتی دەكات، سەرپەرشتیكردن لەئەرك وبەرپرسیارییەتیەكانی كە پێی سپێردراوە، دووكەس لە دەستەی ئەركانو عەمەلیات و(كارگێری ومیرە) یارمەتی دەدەن. ئەو دەستەو بەڕێوەبەرایەتی گشتی ودامەزراوانەی خوارەوە پێی دەبەسترێنەوە:**

**أ- یارمەتیدەری سەرۆكی دەستەی بالاٌی عەمەلیات:**

**- بەڕێوەبەرایەتی عەمەلیات.**

**- بەڕێوەبەرایەتی پلاندانان.**

**- بەڕێوەبەرایەتی ڕاهێنانی سەربازی وبیروباوەڕ.**

**- بەڕێوەبەرایەتی گەیاندن.**

**- بەڕێوەبەرایەتی ڕێكخستن.**

**- بەڕێوەبەرایەتی پۆلینەكان.**

**- بەڕێوەبەرایەتی یاریەكانی سەربازیو فەرماندەیی مەوقیع.**

**هەشتەم: پێكهاتەكانی نیزامی زێرەڤانی هەرێم: بەپێی پێڕەو ڕێكدەخرێ.**

**نۆیەم: بەڕێوەبەرایەتی گشتی هەواڵگری: ئەركی دابینكردنی ئاسایشی بارەگاو دامەزراوەكانو هەموو زانیاریەكانی هەواڵگری مەیدانی وستراتیژی وهەڵسەنگاندنیان ودانانی لە خزمەتی وەزارەتی پێشمەرگەو دامەزراو و بارەگا بالاٌكانی پەیوەندیدار.**

**دەیەم: سەركردایەتی هێزەكانی یەدەگ: فەرمان وكاروبارەكانی بەپێی پەیڕەو ڕێكدەخات.**

**يازدەم: ئەنجومەنی بەرگری وەزارەت لەمانە پێك دێت:**

**أ- وەزیر: سەرۆك.**

**ب- بریکاری وەزیر: ئەندام وسەرۆکایەتی ئەنجومەن دەکات لە کاتی دیارنەبوونی وەزیر.**

**ج- سکرتێری گشتی: ئەندام.**

**د- سەرۆکی دەستەی بالا: ئەندام.**

**هـ- بەڕێوەبەری هەواڵگری گشتی: ئەندام.**

**و- پشکێنەری گشتی: ئەندام.**

**ز- سەرکردەی هێزەکانی یەدەگ: ئەندام.**

**ح- وەزیر مافی ئەوەی هەیە لەکاتی پێویستیدا پشت بە ڕاوێژکار و پسپۆڕان ببەستێ.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**فەرموو بەعەرەبیەکەی.**

**بەڕێز محمد صالح اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**المادة (4): تشكيلات الوزارة**

**أولاً: الوزير: هو المسؤول الأول في الوزارة والمسؤول عن اعمالها وتوجيه سياستها والاشراف على فعالياتها وتصدر عنه الاوامر والتعليمات في كل ما له علاقة بمهام الوزارة وتشكيلاتها وكافة شؤونها العسكرية والفنية والمالية والادارية والتنظيمية وفق احكام القانون ويكون مسؤولاً امام مجلس الوزراء باعتباره عضواً متضامناً فيه وله حق تخويل بعض من صلاحياته الى موظفي الدرجات الخاصة في الوزارة كل حسب اختصاصه.**

**ثانياً: وكيل الوزارة : يساعد الوزير في سياسة ونهج الوزارة ويشرف على شؤونها ضمن الصلاحيات التي تحدد في النظام الداخلي للوزارة او التي توكل اليه من قبل الوزير.**

**ثالثاً: الامين العام: موظف بدرجة خاصة ومسؤول عن مهامه امام الوزير ويعاونه عدد من المساعدين للشؤون الادارية والمحاربين والقانونية والمدنية وترتبط به المديريات والمؤسسات التالية:**

**أ-المديرية العامة للعقود والمبايعات والتسليح والتجهيز.**

**ب- المديرية العامة لشؤون الافراد والمتطوعين.**

**ج- المديرية العامة للاعلام والثقافة والتوعية الوطنية.**

**د- المديرية العامة لشؤون متقاعدي البيشمرگه ورعاية المعوقين.**

**هـ- المديرية العامة للموازنة والبرامج (الحسابات العسكرية).**

**و- الدائرة القانونية.**

**ز- المحاكم العسكرية.**

**رابعاً: دائرة المفتش العام: يرأسها ضابط لا تقل رتبته عن لواء ومهمته تفتيش ومتابعة المؤسسات والتشكيلات والوحدات التابعة لوزارة الپيشمرگه للوقوف على موقف وحالة قوات الپيشمرگه وتقييم مدى استعدادها القتالي وتطبيقها للأوامر والتعليمات الصادرة من الوزارة وذلك برفع تقارير دورية وغير دورية الى الوزير بهدف المعالجة والتطوير.**

**خامساً: دائرة الرقابة المالية: يرأسها موظف بدرجة مدير عام مهمته القيام بكل ما يلزم من تدقيق ومراقبة الأمور المالية ومتابعة تطبيق التعليمات والأسس المالية والحسابية في الوزارة والتشكيلات وكيفية رصد المخالفات المالية.**

**سادساً: مديرية التنسيق والعلاقات: مهمتها اقامة وتنظيم العلاقات مع المؤسسات والجهات المدنية والعسكرية الرسمية ذات العلاقة بشؤون الوزارة.**

**سابعاً: رئاسة هيئة الاركان: يرأسها ضابط ركن لا تقل رتبته عن لواء ويتولى الاشراف على الجانب الاختصاصي العسكري من الوزارة ويساعده في مهامه ومسؤولياته الموكلة اليه معاونان في هيئة الاركان (العمليات) و(الادارة والميرة) وترتبط بها الهيئات والمديريات العامة والتشكيلات التالية:**

**1- معاون رئيس هيئة الاركان للعمليات:**

**أ- مديرية العمليات.**

**ب- مديرية التخطيط والتطوير والتحديث.**

**ج- مديرية التدريب العسكري والعقيدة.**

**د- مديرية الاتصالات.**

**ه- مديرية التنظيم.**

**و- مديرية الصنوف.**

**ز- مديرية الالعاب العسكرية.**

**2- معاون رئيس هيئة الاركان للادارة والميرة:**

**أ- مديرية الادارة العامة.**

**ب- مديرية الميرة العامة.**

**ج- مديرية الامور الطبية العامة.**

**د- مديرية العينة والمستودعات المركزية.**

**ه- مديرية الاشغال والاسكان العسكرية.**

**و- مديرية المطابع العسكرية.**

**ز- آمرية المواقع.**

**ثامناً: التشكيلات النظامية لحرس الاقليم: تنظم بنظام.**

تاسعاً: المديرية العامة للاستخبارات: مهمتها تأمين أمن المقرات والتشكيلات وجمع المعلومات الاستخبارية الميدانية والستراتيجية وتقييمها ووضعها في خدمة وزارة البيشمرگه وتشكيلاتها والمقرات العليا ذات العلاقة.

عاشراً:قيادة قوات الاحتياط: تنظم أمورها وشؤونها بنظام.

حادي عشر:مجلس دفاع الوزارة ويتألف من :-

1- الوزير/ رئيساً.

2- وكيل الوزارة/عضو ويرأس المجلس في حالة غياب الوزير.

3- الامين العام/ عضواً.

4- رئيس هيئة الاركان/ عضواً.

5- مدير الاستخبارات العامة/ عضواً.

6- المفتش العام/عضواً.

7- قائد قوات الاحتياط/عضواً.

8- يحق للوزير الاستعانة بمستشارين وخبراء عند الحاجة.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ڕەئی لیژنەی یاسایی تكایە.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت دەوائیری وەزارەتی پێشمەرگە، ئێمە وەكو وەزارەتەكانی تر حیسابمان نەكردووە، لەبەر ئەوەی تایبەتمەندی خۆی هەیە، لەبەر ئەوە خوردمان كردەوە، چونكە شتەكانیان شازە، لەگەڵ وەزارەتەكانی تر یەكناگرنەوە، لەبەر ئەوەی هەموو ناوەكانی موستەڵەحاتی عەسكەریە، ئیكتیفامان بەوە كرد كەهەمووی بخوێنرێتەوە وهەموو دائیرەكانی فەرعیشی لەگەڵ بدەین، تەنها مولاحەزەی ڕەئیسیمان بۆتان دەخوێنینەوە،

ثالثاً / فيما يتعلق بالمادة الرابعة من المشروع، تقترح اللجنة اضافة كلمة دائرة الى ثالثاً و رابعاً قبل كلمتي الأمين العام و المفتش العام.

اضافة كلمة دائرة الى عنواني (أ)و (ب) من سابعاً.

تقسيم الفقرة حادى عشر الى أولاً و ثانياً و اعادة ترتيبها كلآتي :

حادى عشر:

أولاً/ مجلس دفاع الوزارة و يتألف من:

أ- الوزير: رئيساً

ب- وكيل الوزارة: عضو و يرأس المجلس في حالة غياب الوزير.

ج- الأمين العام: عضواً

د- المفتش العام: عضواً

هـ-رئيس هيئة الأركان: عضواً

و- مدير الاستخبارات العامة: عضواً

ز- قائد قوات الاحتياط: عضواً

ثانياً/ يحق للوزير الاستعانة بمستشارين و خبراء عند الحاجة.

مەبەستمان لێرەدا تەنها ئەوەندەیە، ئەوانی تر، دەوائیرەكانی تر كەلەگەڵیانە تەشكیلاتەكان هەموویان دەوائرن، تەنها امین عام و مفتش عام نەبێت، كە بوویتە الامین العام والمفتش العام ئێمە بەپەسەندمان زانی كەوا بڵێین دائرة الامین العام و دائرة المفتش العام، یەكێكی تر معاون رئیس هیئة الاركان للعملیات، دائرە معاون رئیس هیئة الاركان للعملیات، معاون رئیس هیئة الاركان للادارة والمیرة، ئەویش دائیرە بێت، ئەوی تریش یازدەمین كردوومانە بەدوو فەقەرە، چونكە دوو حوكمی تێدایە، یەكێكیان تشكیلە، تشكیلی مجلس دفاعە، ئەوی تر ئەوەیە كەوا حەقێكمان دایتێ بۆ ئەوەی لەگەڵ خۆی هین بكات، ئینجا ئەوە ڕەئی وەزارەت و ئەندامانی بەڕێزیشە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك شێردڵ فەرموو ڕەئی لیژنەی پێشمەرگە.

**بەڕێز شێردڵ عبدالله حەوێزی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لە هەموو موصتەڵەحاتی وەزارەتەكانی دونیادا، ئەوانەی كەدیفاع دەكەن بەتایبەتی كاروباری پێشمەرگەی هەرێمیش، هەر لەواجبەكەیەوە دیفاع لەهەرێم دەكات، یەكێك لەكاتی واجب تووشی لەدەستدانی شوێنێك لەجسمی خۆی بێت زۆر ناشیرینە پێی بڵێیت كەم ئەندام، یان پێی بڵێیت پەككەوتە یان معەوەق، لە هەموو دونیادا ئێستا موصتەڵەحی ذوي الاحتیاجات الخاصة، بەكاردێت، لەبەر ئەوە ئەوە ئینسانێكە، شەهیدێكی زیندووە، ناكرێ ئەو شتانەی پێ بڵێیت، ئیقرار دەكەم ئەو پەككەوتووە یان ئەو معوەقە بیكەینە ذوي الاحتیاجات الخاصة، ئەوە یەك، دووەم، لەئامانجەكانی وەزارەت پەرەپێدان و نوێكردنەوە هەبوو، یەعنی التطویر والتحدیث ئێمە پێشنیار دەكەین كەوا مودیریەتێك دابنرێت كە مدیریة التطویر والتحدیث لقوات البیشمرگە، یاخود زیادبكرێت بۆ مدیریەی تخطیط، بكرێتە مدیریة التخطیط والتطویر والتحدیث، بەنیسبەت رئاسة هیئة الاركان ئێمە لەگەڵ ئەوەینە كە كوردیەكەش هەر بنووسرێت سەرۆكایەتی هەیئەی ئەركان، دەستەی باڵا ئەو شتە ناگرێتەوە، یەعنی ئەوە موصتەڵەحێكی عەسكەری نیە، ئەگەر ماددەی پێنج بهێنینە ژێر سەرۆكایەتی هەیئەی ئەركان، یرأسها ضابط ركن لا تقل رتبتە عن لواء ویتولى الاشراف على الجانب الاختصاصي العسكري من الوزارة وتقوم بوضع الخطة التنفیذیة لتحقیق المهام الواردة في المادة الثامنة من هذا القانون ویساعده ئەوجا ئەو شتە ئاوا لێبكەین ئەوە لێرە نووسرایە في مهامه ومسؤولیاته الموكلة الیه معاونان في هیئة الاركان (العملیات) والادارة، یەعنی وای لێبكرێت كە لەگەڵ

ئێرەدا کەمی بکەینەوە، ئەو فەرمانگە بەڕاستی لەگەڵ ئەوەی عەسکەری نایەت، ئەوەی کەئەوان دیاریان کردووە ئەو فەرمانگەیەی لێنایەت، ئەو تەنزیمەی کەوا خۆیان کردوویانە، تەبعەن کەخۆیان وەزارەتەکەیان وەرگرت، خۆیان دەزانن چی لەچی موهیم ترە، ئەو مەجلسی دیفاعە خۆیان چۆنیان نووسیوە هەروەکو خۆی بمێنێتەوە باشترە، من نازانم پرسیارێکم لێیان هەیە، ئەگەر قیادەی تەشکیلیشی تێدا بێت، نووسیوتانە قوەی ئیحتیات، تەشکیل نا، ئێستا ئێوە مەسەلەن کوردستان مومکینە بەسەر چەند ناوچەیەکدا دابەشی بکەن، یان قیادەی فرقە دەبێت یان قیادەی مەناتیق، ئەوانەش مەفروزە کەپێی ئەڵێن قیادەی تەشکیل، تەشکیلی تێدایە، ئیحتیات فەرقی هەیە لەگەڵ تەشکیل، مەفروزە قائید فیرقەکانیش لەو مەجلسی دیفاعەدا بن.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خۆی ئەوەیە جەنابت کەقسە دەکەیت دەبێ لاقیتەکە پێبکەیت، ئیجازەش وەربگرێت وپێی بکەیت بۆ ئەوەی تەسجیل بکرێت، ئێستا ئەو قسانە قسەی موهیم بوون بەڵام تەسجیل نەبوو، ئینجا لەبەر ئەوە ئێستا خۆم بەرەسمی داوات لێدەکەم کەوا موقتەرەحاتی تەقدیم کرد کاك شێردڵ بەناوی لیژنەی پێشمەرگەوە، تکایە موقتەرەحاتەکان دوو سێیەك بوون ئەگەر رەئی لەسەر بدەن، یەك، یەك کاك شێردڵ بیڵێی باشترە.

**بەڕێز شێردڵ عبدالله حەوێزی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

یەکەمیان وشەی معەوەق کە شتێکی ناشیرینە کەسێکی پێشمەرگە کە پەککەوتە بێت پێی بڵێیت معوەق یان پەککەوتە، ئەگەر بیکەینە ذوي الاحتياجات الخاصة یان خاوەن پێویستی تایبەت بەکوردی، دووەم لەئامانجەکان وئەرکەکان هاتیە نوێکردنەوەو پەرەپێدانی پێشمەرگە، یەعنی التطوير والتحديث، ئەگەر مودیریەتێکی تایبەت دروست بکرێتەوە بەناوی مديرية التطوير والتحديث یاخود لەگەڵ مدیریەی تخطیط بێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز کاك فریق علی وەزیری پێشمەرگە فەرموو.

**بەڕێز عمر عثمان ابراهیم( زەعیم علی)/ وەزیری پێشمەرگە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

موقتەرەحی یەکەمی زۆر باشە، ئەوەی معوەقین فعلەن بەو ناوە ناو بنرێت، ئەوەی دووەمیشی ئەتوانین رەبتی تخطیطي بکەین، تخطیط شتێکی چاکە، زۆرباشە، پێشنیاری سێیەمیشی ئەوەی کەئەندامی قیادیەکان ئەندام بن تێیدا، لە سەرۆکایەتی مجلس ئەمە سەرۆکی هەیئەی ئەرکان هەیە، ئەوان بەخۆیان مەربوتی ئەوەن، ئەو حازر دەبێت، دەتوانن پاشان کۆبوونەوە بکات، ئەو تەوجیهات و رەئیانەی کەلەکۆبوونەوەکە ئەدرێت بڕیارەکە دەتوانن پاشان جێبەجێی بکەن، لە بۆ ئەوەیە کە زیاتر هەیئەتەکە

زۆر فراوان نەبێت، بۆ ئەوەی پوخت تر بێت، قەرارەکان بەسریع تر وەربگیرێن، چونکە کاری عەسکەری پێویستی بە قەراری سەریع هەیە، نەك زیاتر بە خەڵکێکی زۆر کەبێن وبکەونە موناقەشەوەو کارەکان بەدوا بکەون، سەرۆکی هەیئەی ئەرکان خۆی دەتوانێت توجیهات بدات ولەباتی ئەوانیش حازر بێت، ئەوەی فەرمانگەش هەروەکو کاك شێردڵ گوتی زۆر تەئیدی دەکەین، بەو شێوەیە بێت زۆر راستە، سەرۆکی هەیئەی ئەرکان موستەڵەحێکی عەسکەرییە دەبێ وابمێنێتەوە، چونکە لەهەموو دونیا واباوەو وارۆیشتووە، هەموو کەس لێی تێدەگات تەقریبەن بوویتە لوغەتێکی عالەمی بەو شێوەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من پرسیارێکم هەیە لەلیژنەی قانونی ئێمە لەهەموو پرۆژەکانی وەزارەتەکان مودیریاتەکانمان لابردووە، وتومانە تەشکیلات و دەسەڵاتمان داوەتە وەزیر کە تەشکیلاتی وەزارەت بەنیزام دابنرێت، یەعنی هەموو مودیریاتەکان بەپێی پێویستی، بۆ لێرە لاتان نەبردووە؟.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەکو پێشتر عەرزم کردن، لەبەر ئەوەی کەوا دەوائیرەکان وەکو دەوائیرەکانی وەزارەتەکانی تر نین وناوەکانی جیاوازن، زۆربەی زۆریان لەبەر ئەوەی ویستمان وپەسەندمان کردن، وەکو خۆی ورد بکرێنەوە، لەگەڵ رێزدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من پێم وایە ئەم وەزارەتەش وەکو وەزارەتەکانی تر، مودیریاتەکان هەربەتەنها مودیریاتی عامەکان تێیدا هەبێت، خۆیان بەپێی پێداویستی خۆیان مودیریاتی تایبەت دابنێن تەنها مودیریاتەگشتیەکان وەکو وەزارەتەکانی تر، ئاماژەی پێبکرێت، دەی ئەوە تۆزێك شەرح بکەن مامۆستا کاکە.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەوەزارەتەکانی تر هەمووی تەقریبەن لەسەر یەك سیستەم رۆشتوون، بەڵام وەزارەتی پێشمەرگە خصوصیەت و تایبەتمەندی خۆی هەبوو و دائیرەکانیش جیاوازن لەگەڵ دەوائیری وەزارەتەکانی تر، ئەگەر وای لێبکەین مومکینە ئیرتیباکات دورست بێت، لەوانە، هەندێکاین بەجێ بهێڵین وهەندێکیشیان هەر نەناسرێن، بەڵام بەواسیتەی ئەو یاسایە ئەو نەوعە فەرمانگانە، ئەو نەوعە دەوائیرانە هەمووی دەناسرێن، بۆیە وامان لێ کردووە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وەڵڵا رەنگە ئەو نەوعە تەعقیداتی تێدا بێت، فەرموو کاك شێروان.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

تەشكیلاتی هەیكەلی وەزارەتی پێشمەرگە، وەكو تەشكیلاتی وەزارەتەكانی تر نیە بەڕاستی، تەشكیلاتەكە موتەنەوعە، ئەوە مودیریەی عامەی ئیستیخباراتە، ئەوە سەرۆكایەتی ئەركانە، ئەوە فلانە، هەندێكی دەرەجەی مودیر عامی هەیە، هەندێكی دەرەجەی مودیر عامی نیە، هیچ وشەیەك نیە بەناوی ئەمین عام، لەهیچ وەزارەتێك، بۆیە بەقەناعەتی من ئەو تەشكیلاتە تایبەتمەندی خۆی هەیە، من وای بەباش ئەزانم، بەتەفسیلاتەوە ئێمە موناقەشەی بكەین ودەنگی لەسەر بدەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

دەمێنێ دوو نوقتە بزانین كەس  مولاحەزەی نیە لەسەری یان نا، سێیەم وچوارەمە، ئەمین عام لەپرۆژەكەدا هاتووە، لیژنەی یاسایی دەڵێن بیكەنە ئەمین عام، موفەتیشیش هاتووە، دەڵێن بیكەنە دائیرەی موفەتیش خۆی ئەگەر ئەمین عام شەخصە یان ئەمانەی عامەیە ئەوە یەك موفەتیشیش شەخصێكە، بۆیە بڕێك شەرحی بكەن بۆمان، ئەگەر ئەمین عام شەخصێكە یان ئەگەر دائیرەیەكە دائیرەی ئەمینی عامەیە، فەرموون.

**بەڕێز عمر عثمان ابراهیم( زەعیم علی)/ وەزیری پێشمەرگە:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

خۆی دائیرەیە لەبەر ئەوە ئەو ناوەشمان داناوە، بەڕاستی ئەو ناوە هەر واریدەو وایە لەهەموو تەشكیلاتی عەسكەریمان، ئەگەر ناوەكەی بگۆڕین، مومكینە بڕێك ئیلتیباساتیش دروست بێت بەڕاستی، خاصەتەن لەگەڵ بەغدا كەوا ئێمە ئیشیان لەگەڵ دەكەین، لە تەنسیق پێویستە تەسمیمێكی وامان هەبێت، كەناو دەبەین ناوەكان لە لای هەردووكمان مەوجود بێت، لێكیش تێبگەین باشترە وتەرجومەی بۆ بكەین كەئەو ناوە ئاوەهایە، لەبەر ئەوە لۆ تەسهیلی ئمورو لەبەغداش بەو شێوەیە هاتووە، بۆیە ئێمەش بەو شێوەیە دامانرێژاوەتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك فرسەت فەرموو.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ثالثاً: الامین العام موظف بدرجة ، بەڕای من ببێتە الامین العام بدرجة خاصة یەعنی ناوی هەیكەلەكە دەبردرێت یدیرها امین عام بدرجة خاصة، دوو المفتیش العام یرأسها ضابط، ضابط ناحیەی لوغەوی و سیاغەی قانونی موفەتیش عام ناوی شەخصێكە، بەس دائیرە المفتیش العام یرأسها الضابط(مفتیش العام) یان المفتیشیة العامة، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

فەرموو كاك فریق علی.

**بەڕێز عمر عثمان ابراهیم( زەعیم علی)/ وەزیری پێشمەرگە:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەو دوو مولاحەزەیە هەردووكیان ئێمە تەئیدی دەكەین، هیچ مولاحەزەیەكمان نیە لەشێوەی داڕشتنی.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

باشە ئەو ماددەیە دەبێتە تەشكیلاتی وەزارەت هەمووی فەنیە، هەردوو وەزیری بەڕێز لەگەڵ لیژنەی قانونی و لیژنەی پێشمەرگەش موتەفیقن لەسەری، ئەو دوو،سێ تەعدیلاتەش لەبەر ڕۆشنایی لیژنەی قانونی ولیژنەی پێشمەرگە وەرگیرا بەنەزەری ئیعتیبار، من ئەو قسانە دەكەم دەڵێم بەڵكو كەمتر داوای قسە بكەن ،باشە ناوتان دەنووسم، كاك جعفر فەرموو.

**بەڕێز جعفر مصطفى معروف:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ماددەی چواری پێشوو كە بووەتە ماددەی سێ بڕگەی یەك پێویستە ئەم یاسایە ئێمە بۆ داهاتووی دەربكەین، عیلاقەی بەمەجمووعەیەك شەخصەوە نیە، لە 21ی حزیران لیژنەی وەزارەت و لیژنەی دیفاعی عێراقی ڕێكەوتنێكیان تەقریبەن ئیمزا كردووەو لەم ڕۆژانەشدا لەوانەشە جەنابی بچێتە بەغدا بۆ ئەو مەبەستە، بەعزێ ئیتیفاقیە كراوە لە ئیتیفاقیەكان دوو،سێ خاڵ هەیە، كەوا زۆر گرنگن، یەكێك لەوانە هێزەكانی كوردستان دەبێ عائیدی سەرۆكی هەرێم بێت، لەبەر ئەوە لەوێ سەرۆكی وەزیران ئەمر بەهێزی عێراقی دەكات نەك وەزیری دیفاع، دوو: هاتنی میزانیە بەئیمزای سەرۆكی هەرێم و سەرۆكی وەزیران ئەبێت لە عێراقدا، نەك بەئیمزای وەزیرەكان، سێ: تەقاعدو پلەدان بەزابتەكان لەهەردوولا بەئیمزای سەرۆكی هەرێم وبەئیمزای سەرۆكی وەزیران ئەبێت، لەبەر ئەوە جگە لەوە لە دەستووری سەرۆكایەتی هەرێمیشەوە ئیشارەتیان پێدراوە، لەم دەستوورەدا ئەوەدیاریم كردووە، یەعنی مەفروزە لێرەدا وەزیری پێشمەرگە، ڕەبتی هەبێت بەسەرۆكی هەرێمەوە، یەعنی ئەگەر ڕەبتی نەبێت ئەبێتە خیلاف، چونكە سەرۆكی هەرێم عایدی قائیدی قواتی مسەلەحەیە، بەپێی ئەم یاسایەی كەئێمە دەری دەكەین، لەبەر ئەوە من پێشنیار ئەكەم، ئەبێ وەزیر چۆن خازعە بۆ ئەنجومەنی وەزیران، بە هەمان پلە خازع بێت بۆ ئەمرەكانی سەرۆكایەتی هەرێمی كوردستان، ئەمە یەك، دوو: بڕگەی هەشتی هەمان ماددە، نووسراوە زێڕەڤانی هەرێم بكرێتە پاسەوانی هەرێم، لەكۆتایی بڕگەكە بنووسرێت لێرە بەو مەعنایە نایەت كەپێشتر ئەو زێڕەڤانیەی كەلێرە كراوە، ئەم زێڕەڤانیە جیاوازە لەوەی دوایی لەبڕگەی هەشتدا نووسراوە زێڕەڤانی هەرێم ئەبێ بكرێت بەپاسەوانی هەرێم، چونكە خۆی لە ئەصڵدا پاسەوانی هەرێمە، ئەو پاسەوانەش چۆن ئەنووسرێت بەڕەئی من لەكۆتایی بڕگەكەدا بنووسرێت، بەپێی پەیڕەوێك ڕێكبخرێت كە بگونجێت لەگەڵ یاسای سەرۆكایەتی هەرێم، ئەمە ئەو ماددەیە، پێشنیارێكی كەم هەیە، دوای كۆتایی ئەم ماددەیە یەك شت هەیە زۆر موهیمە لە وەزارەتی پێشمەرگە نەهاتووە، من پێشنیار ئەكەم ماددەیەك زیاد بكرێت، واجباتی

وەزارەت بێت، ئەوە من تەقریبەن دە خاڵم نووسیوە، ئەبێ ئەم شتانە هەبێت لەوەزارەتدا، چونکە واجباتی وەزارەت مەعلوم نیە، لەو یاسایەدا نەهاتووە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جارێ بەنیسبەت ئەو مولاحەزەیەت کە دەبێ لێرەدا ئاماژەی پێبکرێت، کە ڕەبتی سەرۆکی هەرێمە، ئەوە لێرە ناکرێت ئەوە قانونی وەزارەتە، لەقانونی سەرۆکایەتی هەرێم ئەوە هاتووە کەوا سەرۆکی هەرێم قائد العامە للقوات المسلحە، ئەوە لەدەستووریشدا ئەوە بەهەمان شت ئاماژەی پێکراوە، بەنیسبەت ئەو پێشنیارەت مهامی وەزیر، ماددەی دوو وسێ تەوحید کرا، مهام و واجباتی هین هاتووە لەوێندەر قسەت بکردایە، ئەو مولاحەزاتانە هەیە، مهامی تریش هەنە، کاك عادل فەرموو.

**بەڕێز عادل محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من ئەمەوێت سەرەتا تەوزیحێك بدەم، ئێمە لەدانانی قانونی وەزارەتەکاندا قانونێکی ئیداری دائەنێین، باسی تەنزیمی وەزارەت ئەکات، یەعنی هەندێك بابەت کەباس ئەکرێت لێرەدا، پەیوەندی بەتەشکیلاتی وەزارەتەوە نیە، پێشمەرگە چۆنە وعەدەدی چەندەو ئەو شتانە، من مولاحەزەم لەسەر ئەم بڕگەیە هەیە کەئەڵێت، ویکون مسؤولاً امام مجلس الوزراء باعتبارە عضواً متضامناً فیە، پێویست ناکات، هەموو وەزارەتێك مەسئولە لەبەرامبەر مجلسی وزەرا، پێویست ناکات لێرەدا ئاماژەی پێبکەین، ئینجا وشەی ولە حق تخویل بعض من صلاحیاتە، تخویل بۆ کارێکە کەوا موحدد بێت ویەکجار بێت، یەعنی لەقانونی ئیداریدا باشتر ئەوەیە، بنووسرێت تفویض، چونکە ئیستمراریەتی هەیە، لامەرکەزییەی ئیداریە بۆ دەوائیری خوارەوە، ئینجا من پێم باشە بنووسرێت ولە حق التفویض وەبگوازرێتەوە بۆ ماددەی سێیەم وبکرێتە برگەی سێ لەوێ، سەبارەت بە ئەمین عام منیش لەگەڵ ئەوەم بکرێتە امانە العامە، سەبارەت بەمحاکمی عەسکەری بەپێی دەستووری عێراقی نابێ محاکمی خاصە هەبێت، وەزارەت نابێ خۆی محاکمی عەسکەری هەبێت، ئەگەر هەشبیت، محاکمی عەسکەری ئەبێ لەزمنی تەشکیلەی سوڵتەی قەزائی بێت، یان قانونی سوڵتەی قەزائی ئێمە تەعدیلی بکەینەوە، ئەبێ قانونێکی تایبەت دەربچێت سەبارەت بە محاکمی عەسکەری، سەبارەت بە المفتش العام، ئەوە حەقە بکرێتە المفتشیە العامە نەك بۆ شەخصێك ئەمە تەشکیلەی وەزارەتە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

گوڵناز خان فەرموو.

**بەڕێز گوڵناز عزیز قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەسەر خاڵی سێیەم بڕگەی دال قسەم هەیە، لەوێ باسی پەککەوتە ئەکات، باشتر وایە کەم ئەندام بنووسرێت، چونکە ئەو ناوە ئێستا بووەتە تابع و خۆشیان هەر بەو ناوەوە شانازی ئەکەن، مەسەلەی

زیندانیە سیاسیەکان، زیندانە سیاسیەکان بەشێکن لە هێزی پێشمەرگە و زۆر زیندانی سیاسیمان هەیە، رەنگە کاریگەریەکانی زیندان وای لێکردوون بوونەتە شەهیدی زیندوو، لەمەسەلەی ئەنفالیشدا ئێمە زیندانێکی زۆرمان هەیە، کە ئەویش قەزییەکی سیاسیەو لەوەزارەتی خۆشیان پێناسەیەکیان بۆ نەدۆزیوەتەوە، دەکرێ لەم وەزارەتەدا لە هەمان برگەدا بەرێوەبەرایەتیەکە ئەوانیش بگرێتەوە، زیندانیە سیاسیەکان هەم وەکو پێشمەرگە هەم وەکو کەسوکاری ئەنفالکراوەکان، ئەوانەی کە گەڕاونەتەوە بۆ لامان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

گێلاس خان فەرموو.

**بەڕێز گێلاس محی الدین محمد غریب:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من تێبینیم لەسەر بریکاری وەزارەت هەیە، کە لەهەموو شوێنێکدا ئەبێ بریکاری وەزارەت پسپۆڕ بێت، لێرە ئیشارەت بە پسپۆڕایەتی وبڕوانامە و ئەو شتانە نەدراوە، هەر نەبێ ئەبێ دەرچووی کولیەی عەسکەری بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وەڵڵاهی ئەو مولاحەزەیە بەجێیە، ئەبێ لای کەمی ئاماژە بەوەش بکرێت، کاک شێردڵیش ئیشارەتی پێدا، یەعنی ئەبێ بەلای کەمی خاوەنی ئەزموون بێت، ئەبێ کەسایەتی هەبێت، خاوەن ئەزموون بێت، شەرتیش نیە خەریجی زانکۆ بێت، بەڵام ئەبێت خاوەن ئەزموون بێت، کاک زرار فەرموو.

**بەڕێز زرار طاهر امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەمان تێبینی گێلاس خانم هەبوو، چونکە بەڕاستی ئەگەر ئێستا بنووسین بڕوانامەی زانکۆی هەبێت، ئەگەر کەسێکی زۆر بەتوانا هەبێت، لەوەزارەتی پێشمەرگە بکرێت بەوەکیل وەزیر، بروانامەشی نەبێت دەتوانن بەوەکیل وەزیر دابنێن، بەڵام بەڕاستی لەیاساکەدا پێویستە تەسبیت بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاک رشاد فەرموو.

**بەڕێز رشاد احمد ابرهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بڕگەی یازدە حەرفی(ح) وەزیر مافی ئەوەی هەیە لەکاتی پێویستیدا پشت بە ڕاوێژکار و پسپۆڕان ببەستێ. ئەو وەزارەتە تابعی عەسکەرییە، هەموو کارەکانی نهێنیە پێم وایە ئەو بڕگەیە ئیلغابکرێت، نابێ راوێژکار لەدەرەوەی وەزارەت بێت ئیستیشارەی پێبکرێت، تابعی وەزارەتی پێشمەرگە عەسکەرییەو نهێنیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خۆ خوتەی حەرب دانانێین بۆ هجوم تا نهێنی بێت، زۆر پێویستی بەموستەشارە بۆ مەسائیلی فەنی و تەکنیکی و ئەرکان، شەرت نیە، بەڵام ئەگەر نهێنی بێت خۆی تەقدیری ئەوە ئەکات، پێم وایە تەنها ئەو مولاحەزەیە کە جەنابی وەزیر رەئی لەسەر بداتن کە بریکاری وەزیر دەبێت خاوەن ئەزموون بێت، ئەوە یەك، ئەو دوو مولاحەزەیەش کە باسمان کرد ئەمانەی عامە ئەمە دەبێ ببێتە ئەمانەی عامە (والمفتشية العامة) لە جیاتی دائیرەکان، بووترێت الامانة العامة والمفتشية العامة، یەکەمیان یدیرها مدیر عام بدرجة خاصة، ئەویتریشیان یراسها ضابط لايقل درجته عن لواء يكون المفتشية العام  لە قەوسدا تا کۆتایی، ئەوانە رەچاو بکەن، پێم وایە مولاحەزەکانی تر، کاك سعد فەرمووو.

**بەڕێز سعد خالد محمد امین/ وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بەپێشینارەکەی گوڵناز خان، ئەوەی کەعیلاقەی بەزیندانی سیاسی هەیە، تەبعی دوای یەکگرتنەوەی هەردوو ڕێکخراوەکەی زیندانیە سیاسیەکان، کە ئێستا کۆمکاری زیندانیە سیاسیەکانە، پرۆژەیەکیان هاتە ئەنجومەنی وەزیران بۆ ئەوەی وەکو دەزگا دیاری بکرێن، ئەنجومەنی وەزیران بڕیاری دا بە مودیریەتێك بخرێنە سەر وەزارەتی کاروباری شەهیدانەوە، بۆ زیانیاری گوڵناز خان، یەعنی ئێستا مودیریەتێکن سەر بەوەزارەتی کاروباری شەهیدان وئەنفالکراوەکانن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وابزانم پێشنیارەکەت زۆر موحتەرەمە، بەڵام عیلاقەی بەوەزارەتەوە نیە لەبەر ئەوە من داوام نەکرد لەوەزیر رەئی لەسەری بدات، کاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەڵڵا من دوو،سێ مولاحەزەم هەیە، یەك لەوانە ئەوەیە من لەهیچ هەیکەلێکی وەزارەت نەم بینیوە، ئەمانە عامە هەبێت، بەڕاستی ئەمین عامی وەزارەت هەیە، کە دەڵێیت الامانە العامە کە ئەنەهو دائیرەیەکی موستەقیلە لە زمنی دائیرەیەك، امین عامی وەزارەت هەیە بیستوومە، یان امین عامی مجلس یان امین عامی فلان، لێرەش بەقەناعەتی من امین عام پڕ بەپێستی خۆیەتی، ئەوەیەك، هی دوو ئەگەر ئێمە موفەتیشمان کردە دائیرە، لەهەیکەلی تەنزیمی دەوائیری مەدەنی دەرەجەی مودیر عام دەبێت، لێرە روتبەکەی بەزابت هاتووە، نوقتەی سێ، دەڵێ بۆ وەزیر هەیە بەعزێك لەصلاحیاتی بداتە دەرەجاتی خاصە، هەندێك لەهەیئاتی تەنزیمی هەیە، دەرەجە خاصە نیە، ئایا وەزیر بۆی نیە ئەو دەسەڵاتە بداتە غیری دەرەجاتی خاصە، بەقەناعەتی من نصێکی مفتوح دابنێین تا دەسەڵاتی وەزیر فراوانتر بێت، بۆ ئەوەی بتوانێ نەك هەر دەرەجە خاصە غەیری دەرەجات خاصەش صلاحیاتی بداتێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك شێروان لیژنەی قانونی ئیقتراحی کرد بکرێتە دائیرە، کە وتت دائیرە یەعنی موفەتیشیە، یەعنی ئەمانە، بەڵێ فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە راپۆرتمان نووسی، ئەمڕۆ کۆبوونەوەیەکی تایبەتیشمان کرد، تەقریبەن برادەرانی لیژنەی قانونی هەر هەمووومان لەسەر دائیرەکە هینمان هەبوو بەڵام وتمان بزانین جەنابی وەزیر چ تەوزیحاتێك دەدات، لەسەر رۆشنایی ئەوە ئێمە موناقەشەکەی دەکەین، بەڕاستی ئەمڕۆ موناقەشەمان لەسەر کردووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من پێم وایە الامانە العامە زۆر راستە، بەنیسبەت ئەوەی کە لێرەدا مفتش عەسکەریە هەر دەبێ عەسکەری بێت، ئەبێ روتبەیەکی هەبێت، چونکە وەکو مفتشی وەزارەتەکانی تر خاوەن خبرە بێت لەبوارەکانی خۆیدا، بتوانێ تەفتیشی ئەرکان، بتوانێ تەفتیشی هەموو مودیریەتەکان بکات، نازانم ئەگەر تێبینیەك هەبێت لەلای لیژنەی قانونی و لیژنەی پێشمەرگە، ئەوە ئیزافەمان کردووە، ئەو مولاحەزەی کەوا لیژنەی پێشمەرگەدای، التطویر والتحدیث، وەزیریش موافەقەتی کرد ئیزافە کرا، لەگەڵ مودیریەی التخطیط والتطویروالتحدیث و تطویرەکە بەنەزەری ئیعتیبار وەرگیرا، ئەو مولاحەزاتانەی کە کاك شێردڵ دای، وەکو لیژنەی پێشمەرگە، جەنابی هەردوو وەزیر موافەقەتیان بۆکرد، کەسیش ئیعتیرازی لەسەر نەبوو، وەرگیراوەو تۆمارکراوە، من ماددەکە بەو گۆڕان وەمولاحەزانەوە کە کراوە وقبوڵ کراوە لەلایەن وەزیرەکانەوە، دەیخەمە دەنگەوە، کێی لەگەڵدایە بادەستی بڵند بکات تکایە؟، فەرموون کێی لەگەڵدا نیە؟، بەکۆی دەنگ وەرگیرا، زۆر سوپاس بۆ ماددەیەکی تر.

**بەڕێز طارق محمد سعید جامباز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی (5) کە دەکاتە ماددەی (4):

سەرۆکایەتی ئەرکان پلانەکانی جێبەجێ کردن دادەنێ بۆ هێنانەدی ئەو ئەرکانەی کە لە ماددەی دووەمی ئەم یاسایەدا هاتووە.

**بەڕێز محمد صالح اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة (5) وتصبح المادة (4):

تقوم رئاسة هيئة الأركان بوضع الخطط التنفيذية لتحقيق المهام الواردة في المادة الثانية من هذا القانون.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لیژنەی یاسای لەسەر ئەو ماددەیە هیچ تێبینیەکی نیەو پشتگیری دەکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی پێشمەرگە فەرموو.

**بەڕێز شێردڵ عبدالله حەوێزی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە پێشنیارێکمان هەبوو کەوا بچێتە ژێر سەرۆکایەتی هەیئەکە، چونکە ئەوە چالاکیەکانی ئەوە، بچێتە ژێر سەرۆکایەتی هیئەی ئەرکان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەزانی دوو شت هەیە کاك شێردڵ، ئەو ماددەیە تەصویتمان بۆ کرد، ئەو وەختی بتووتایە، ناگەڕێینەوە دووش لێرە تحقيق المهام الواردة في المادة الثانية من هذا القانون، ماددەی دووەمیش مهام واهدافەکان بوو، یەعنی مانای وایە بەتەنها ئەرکان ناگرێتەوە، هەموو وەزارەتەکەش دەگرێتەوە، ماددەی دوو و سێ بوو بەیەك ماددە، ئێستا بووە ماددەی دوو، هیئەی ئەرکانیش ئەو خوتەیە دادەنێت، تەنها هی خۆی ناگرێتەوە، هەموو وەزارەتەکە دەگرێتەوە، کاك تارق فەرموو.

**بەڕێز طارق محمد سعيد جامباز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بوو بەیەك و دەبێتە ئەرکەکان و ئامانجەکان، ئیزافە بکرێت، چونکە لەوێندەر هەردووکی کرایە، دەبێ هەردووکی پێکەوە بێت، بۆ ئەوەی کەوا مادەکە هەردووکی بەڕێکو پێکی بگرێتەوە، تاوەکو ئەو شتەش ئیزافە بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر مولاحەزەتان نیە دەیخەمە دەنگەوە، ئەو ماددەیە بەوەی کە تحقيق الاهدافەکە ئیزافەکرا، لەبەر ئەوەی ماددەی دوو، سێ تەوحید کرا بەماددەیەك، ماددەی دوو ئەهداف بوو، ماددەی سێ مهام بوو، لێرەشدا دەبێ بوترێ اهداف ومهام، الماده الرابعه: تقوم رئاسة هيئة الأركان بوضع الخطط التنفيذية لتحقيق المهام الواردة في المادة الثانية من هذا القانون. کێ لەگەڵ ئەو ماددەیە دەستی بڵند بکات تکایە؟، فەرموون کێی لەگەڵدا نیە؟ بەکۆی دەنگ وەرگیرا، بۆ ماددەی پێنجەم کەلە ئەصڵەکەدا شەشەمە.

**بەڕێز طارق محمد سعيد جامباز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی (6)کە دەکاتە ماددەی(5):

یەکەم: دانانی پەیڕەوی ناوخۆو هەیکەلی ڕێکخراوەیی وەزارەت بەجۆرێك ئامانجەکانی لە بەڕێوەبردنی پێشمەرگەو جێبەجێ کردنی ئەرکەکانی و پاراستن و زێڕەڤانی هەرێم، بەرگریکردن لێی بهێنێتە دی.

دووەم: ئەرك‌و پسپۆڕایەتی‌و دەسەڵات وئەرکی دامەزراوەکانی وەزارەت.

**بەڕێز محمد صالح اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة(6) وتصبح المادة(5):

أولاً: اعداد بقية الهيكل التنظيمي للوزارة بما يحقق اهدافها في ادارة شؤون الپيشمرگه من النواحي العسكرية والادارية والمالية والفنية والقانونية.

ثانياً:مهام و اختصاصات و صلاحيات و واجبات تشكيلات الوزارة.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ڕەئی لیژنەی قانونی.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

رابعاً / اعادة صياغة أولاً و ثانياً من المادة (6) كالآتي :

أولاً / للوزارة اعداد النظام الداخلي و الهيكل التنظيمي للوزارة بما يحقق أهدافها في ادارة الپيشمرگه لتنفيذ مهام حماية و حراسة الإقليم و الدفاع عنه.

ثانياً / تحدد مهام و اختصاصات و صلاحيات و واجبات و تشكيلات الوزارة بنظام.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی پێشمەرگە.

**بەڕێز شێردڵ عبدالله حەوێزی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە هیچ تێبینیەکمان نییە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی قانونی داوای کردووە هەردوو فەقەرەکە ببێتە فەقەرەیەك، ئەگەر بنووسرێت ئەوەل جار للوزارە: پاشان یەك ودوو، چونکە نابێت یەکسەر اولاً وثانياً للوزارة: یان ئەگەر دەمجی بکەن للوزارة اعداد النظام الداخلي و الهيكل التنظيمي للوزارة بما يحقق أهدافها في ادارة الپيشمرگه لتنفيذ مهام حماية و حراسة الإقليم و الدفاع عنه.

وتحدد مهام و اختصاصات و صلاحيات و واجبات و تشكيلات الوزارة بنظام. ئەگەر ئیجازە بدەن بەو شکلە دەبێت، اعداد الهيكل التنظيمي للوزارة بما يحقق أهدافها في ادارة الپيشمرگه لتنفيذ مهام وحماية و حراسة

الإقليم و الدفاع عنه و تحدد مهام و اختصاصات و صلاحيات و واجبات و تشكيلات الوزارة بنظام على ان يصدر من مجلس الوزراء. باشه ئەگەر کەس ئیعتڕازی نیە، فەرموو دکتۆرە شوکریە.

**بەڕێز د. شكريە رسول ابراهيم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەرووی کوردیەکەیەوە دانانی پەیڕەوی ناوخۆو هەیکەلی ڕێکخراوەیی، ڕێکخراوەیی ئەگەر بیکەی بە ڕێکخستن جوانترە نەك ڕێکخراوەیی خۆ ئەمە کۆمەڵەو جەمعیەو ئەوانە نیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کوردیەکە لەبیدایەت خۆیان مولاحەزەیاندا وتیان کوردیەکە ئەبێ چاکبکرێت، ئەو نوقتەیەش بەنەزەری ئیعتیبار وەربگرن، کێ لەگەڵ ئەو ماددەیە بادەستی بڵند بکات تکایە؟، فەرموون کێی لەگەڵدا نیە؟ بەکۆی دەنگ وەرگیرا، بۆ ماددەی دواتر.

**بەڕێز طارق محمد سعيد جامباز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی(7)کە دەبێتە (6):

دانی پلەکانی سەربازی بەپێی یاساکانی پەیڕەوکراوەوە دەبێ.

**بەڕێز محمد صالح اسماعيل:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة (7) وتصبح المادة(6):

يكون منح الرتب العسكرية وفقاً للقوانين المرعية.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لیژنەی یاسایی هیچ تێبینیەکی لەسەر ئەو مادەیە نیە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنە پێشمەرگە ئەی ئێوە؟.

**بەڕێز شێردڵ عبدالله حەوێزی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەتی روتبەی عەسکەری بەتایبەتی روتبەی ئەفسەرەکان، هی ئەفسەرەکان دەورەی ئەفسەری زۆر موهیمە، یەعنی ئەو کاتەی کەلە کولیەی عەسکەری دەردەچێت ئەو دەورەیە لەگەڵ دەژێت هەتاوەکو خدمەی عەسکەری تەواو دەکات، ئەوەش بەمەرسومی جمهوری دەبێت تەبعەن، لێرەدا ئێمە ئێستا کولیەی عەسکەریمان هەیە لەو رۆژانەدا دەورەی لێدەرچوو، هی خۆشمانی لێدەرچوو هی عێراقیشی لێدەرچوو، یەعنی هیچ موشکیلەیان نیە، دەورەکەیان نووسرایە وەجبەی چەندە، مەسەلەن بڵێین ژمارەی (50)یە ئەو

کات مەسەلەن (10) بوو، 9 لە 10 ئەقدەم ترە، ئەو ژمارە زۆر موهیمە، ئێستا ئەگەر ئێمە سبەینێ کولیەی عەسکەریمان هەبوو، لای خۆمان بەمەرسومی هەرێم دەردەچێت، لەلای ئەوان بەمەرسومی جمهوری، ئەو کاتە مومکینە زابتێکی ئێمە رۆژێك نقڵی وەزارەتی دیفاعی بەغداد دەبێت، یان ئەو فتاعاتانەی لەبەغدایە، فیرقەکەیان هی ئەوێیە، ئەو زابتە چۆن دەچێتە ئەوێ، لەبەر ئەوە دەبێ وەزارەت یاخود ئەو یاسایە شتێکمان لەبۆ روون بکەنەوە، دەبێ تەنسیقێك هەبێت لەبەینی ئەو دەورەی لەکوردستان دەردەچێت وئەو دەورەی لەبەغداد دەردەچێت، تا لەگەڵ عێراق بین، روون کردنەوەیەکمان بۆ ئەوە دەوێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاك زعیم.

**بەڕێز عمر عثمان ابراهیم( زەعیم علی)/ وەزیری پێشمەرگە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو مولاحەزەی کاك شێردڵ زۆر راستە و زۆر لەجێگای خۆیدایە، ئەوە موناقەشەیەکیش لەنێوان ئێمەدا دروست بوو، بەڵام مەنهەجەکە یەکە، مودەتی دەورەکان تا حەدێك یەکە، کە ئیستیسناش بێت ئیتیفاق دەکەین لەگەڵ یەك، بەخۆی باش دەزانێت دەورەکە وەکو خۆی ئیشارەتی پێدا، کە دەورە پێش ئەوی تر تەخەروجی کرد، تاریخەکە حوکمی ئەقدەمێت دەکات لەو بابەتەیدا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو صیغەی کاتی قوانین مەرعیە مرونەتێکی تێدایە، کە وتمان بەقانون مادام وایە دەبێ ئێمە لێرە قانونێکی بۆ دابنێین، لەلایەکی ترەوە هەندێکی رەبتی بەغدایە، بۆیە القوانین المرعیە جوانترە، ئەگەر ئەم ماددەیەش کەس ئیعتیرازی نەبێت دەیخەمە دەنگەوە کێی لەگەڵدایە بادەستی بڵند بکات تکایە؟، فەرموون کێی لەگەڵدا نیە؟ بەکۆی دەنگ وەرگیرا تکایە ماددەی هەشت کەبووەتە حەوت.

**بەڕێز طارق محمد سعید جامباز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی (8) کەدەبێتە(7):

یەکەم: لەکاتی پێویستیدا وەزیر مافی ئەوەی هەیە هەریەك لە بەڕێوەبەرایەتی وبەش و هۆبەکان کە لەناو دامەزراوەکانی وەزارەتدان، نوێیانبکاتەوە یان یەکیان بخات یان هەڵیانبوەشێنێتەوە بە پێی پێداویستی کارەکان.

دووەم: وەزیر مافی دەرکردنی ڕێنماییەکانی پێویستی هەیە بۆ ئاسانکردنی جێبەجێکردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە.

**بەڕێز محمد صالح اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة (8) وتصبح المادة(7) :

أولاً: عند الحاجة للوزير استحداث أو دمج أو الغاء أي من المديريات أو الأقسام أو الشعب ضمن تشكيلات الوزارة وفقاً لمتطلبات عملها.

ثانياً: للوزير حق اصدار التعليمات اللازمة لتسهيل تنفيذ أحكام هذا القانون.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

خامساً / تقترح اللجنة القانونية جعل صياغة الفقرة ثانياً من المادة (8) كالآتي :

{للوزارة اصدار التعليمات اللازمة لتسهيل تنفيذ احكام هذا القانون}.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك شێردڵ هیچ مولاحەزەیەك هەیە لەسەر ئەو موفتەرەحەی لیژنەی قانونی؟.

**بەڕێز شێردڵ عبدالله حوێزی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە وەكو لیژنەی پێشمەرگە هیچ مولاحەزەیەكمان نیە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەو موقتەرەحەی لیژنەی قانونی موقتەرەحێكی زۆر بەجێیە، لەگەڵ هەموو یاساكانی تردا دەگونجێت، ئەو ماددەیە بەو شێوەیە دەبێت كە ئیقتراحی كردووە، لەجیاتی اولاً وثانیاً یەك بڕگە دەبێت، للوزارة اصدار التعليمات اللازمة لتسهيل تنفيذ احكام هذا القانون، یەعنی بۆ وەزارەت هەیە تەعلیمات دەربێنێت، كاك عونی فەرموو.

**بەڕێز عونی كمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

دوو بڕگە دەبێت بڕگەی یەكەم مایە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

یەعنی بڕگەی یەكەم وەكو خۆی دەمێنێتەوە، دەسەڵات دراوەتە وەزیر كە حەقی هەیە مودیریات واقسام وشعب ئیلغا بكات یان تێكەڵیان بكات، بەپێی پێداویستی خۆی، بڕگەی دووەم، بەو صیغەیەی كە لیژنەی یاسایی ئیقتراحی كردووە، ئەگەر كەس قسەی لەسەری نەبێت لیژنەی پێشمەرگەش موتەفیقە لەسەری، دەیخەمە دەنگەوە، كێی لەگەڵدایە بادەستی بڵند بكات تكایە؟، فەرموون كێی لەگەڵدا نیە؟ بەكۆی دەنگ وەرگیرا، تكایە ماددەی دواتر كە 9 یە بووتە 8.

**بەڕێز طارق محمد سعید جامباز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ماددەی (9)كە دەبێتە 8:

یاسای وەزارەتی پێشمەرگەی ژمارە (5)ی ساڵی 1992 هەڵدەوەشێنرێتەوە و ئەم یاسایە شوێنی دەگرێتەوە.

**بەڕێز محمد صالح اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة 9 وتصبح 8:

یلغی قانون وزارة البیشمرگە رقم(5) لسنة 1992 و یحل محلە هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەش هیچ ئیعتڕازێکی نیە ئەوە تەبیعیە، هەروەکو قانونەکانی تر دەبێت دەبێت، قانونی پێشوو، قانونی وەزارەتی پێشمەرگەی ساڵی 1992ئیلغا دەبێتەوە، کێی لەگەڵدایە بادەستی بڵند بکات تکایە؟، فەرموون کێی لەگەڵدا نیە؟ بەکۆی دەنگ وەرگیرا، تکایە ماددەی10 کە بووەتە 9.

**بەڕێز طارق محمد سعید جامباز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی (10)کە دەبێتە (9):

کار بە هیچ دەقێکی یاسایی یان بڕیارێك ناکرێت پێچەوانەی حوکمەکانی ئەم یاسایە بێت، لەگەڵ لەبەرچاوگرتنی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی ژمارە (1)ی ساڵی 2005و هەموارکراوەکانی.

**بەڕێز محمد صالح اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادە(10) وتصبح المادە(9):

لا یعمل بأي نص قانوني أو قرار یتعارض مع احکام هذا القانون مع مراعات قانون رئاسة الاقلیم رقم(1) لسنة 2005 وتعدیلاتە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی پێشمەرگە.

**بەڕێز شێردڵ عبداللە حەوێزی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە موافقین لەسەر ئەو ماددەیە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هیچ مولاحەزەیەکتان نیە، ئەو ماددەیە ماددەیەکی پێویستە ئەبێ هەبێت، لیژنەی قانونی مولاحەزەتان هەیە، فەرموون کاك شێخ جعفر.

**بەڕێز جعفر مصطفی معروف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوە ئیعتیادیە تا دێتە کۆتایی بڕگەکە کەدەڵێت کار بە هیچ دەقێکی یاسایی ناکرێت پێچەوانەی حوکمەکانی ئەم یاسایە بێت، لەگەڵ لەبەرچاوگرتنی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی ژمارە(1)ە، ئەبوایە لیژنەی یاسایی ئەمەیان چاك بکردایە، بەڕاستی لەگەڵ لەبەرچاوگرتن وەکو ئەوە وایە بڵێیت ڤیروسیا، لەکوردیدا وا ئەڵێن، ئەبێ ئەوەچاك بکرێت، بڵێن دەبێ بگونجێت لەگەڵ یاسای سەرۆکایەتی هەرێم، نەك لەگەڵ، سوپاس.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە کە ئەو مع مراعاتمان داناوە ئەوە صیغەیەکی قانونیە، بۆیەش وامان کردووە، چونکە هەندێك ئەحکام لە قانونی سەرۆکایەتی هەرێم هاتووە، سەلاحیاتمان داوە بەسەرۆکی هەرێم بۆ تحریکی قوات بۆ گەلێ شتی تری وا، بۆ ئەوەی نۆتەو شتی وابدرێتە پێشمەرگەو شتی وا، یان پەیوەندی لەگەڵ قوەتی عێراقی بکرێت، بهێڵێت قوەت بێتە ناوەوە یان نەهێڵێت، یان ئیزن بدات هی ئێمە بچێتە ئەوێ، لەبەر ئەوەیە ئەو موراعاتەمان نووسیوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوەلەن وەڵڵا من پشتگیری تۆ ئەکەم کاك جعفر، ئەو مع مراعاتە زیادە لێرەدا، مراعات یەعنی چی؟ ئەنواع وئەشکال مانا هەڵدەگرێت، دەتوانی بەقسەشی نەکەیت مراعات بکەی دوای بڵێیت بەسەرچاو بەقسەشی نەکەی، ئەو جوملەیە ئەگەر بکرێت زیادە لیژنەی قانونی، چونکە ئێمە دەڵێین لایعمل بأي نص قانوني أو قرار یتعارض مع احکام هذا القانون، قانونی سەرۆکایەتی هەرێم تەعارزی نیە، لەگەڵ ئەم قانونە، دەسەڵاتی دیاری کراوە، هیچ تعاروزی نیە، مەقسەدمان نەصێکی تر ئەگەر بێتە پێشەوە، ئیعترازی لەسەر ئەوە هەبێت، لەبەر ئەوە داوا دەکەم لەلیژنەی قانونی و جەنابی وەزیریش مع مراعات قانون رئاسة الاقلیم رقم(1) لسنة 2005 وتعدیلاتە. زۆر راستە ئەو مولاحەزەی کاك جعفر، هیچ مەوقیعی نیە لێرەدا بەڕاستی، مراعات هەر کەلیمەکە جوان نیە، موافقن کەلایبەن، لایعمل بأي نص قانوني أو قرار یتعارض مع احکام هذا القانون، ئەوە تەواوە، کاك زعیم موافقن.

**بەڕێز عمر عثمان ابراهیم( زەعیم علی)/ وەزیری پێشمەرگە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لایعمل بأي نص قانوني أو قرار یتعارض مع احکام هذا القانون، مع مراعات دەتوانین بلَیَین بشرط ان لایتعارض مع قانون رئاسة الاقلیم رقم(1) لسنة 2005 وتعدیلاتە، تەعاروز نەکات، چونکە ئێمە قانونی سەرۆکایەتی هەرێممان هەیە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لايعمل بأي نص قانوني أو قرار يتعارض مع احكام هذا القانون و قانون رئاسة الاقليم رقم(1) لسنة 2005 وتعديلاته، كێی لەگەڵدایە بادەستی بڵند بکات تکایە؟، فەرموون کێی لەگەڵدا نیە؟ بەکۆی دەنگ وەرگیرا، تکایە ماددەی 11 کەبووەتە 10.

**بەڕێز طارق محمد سعید جامباز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی (11): پێویستە ئەنجومەنی وەزیران ولایەنەکانی پەیوەندیدار حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

**بەڕێز محمد صالح اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة (11): على مجلس الوزراء والجهات ذات العلاقة تنفيذ احكام هذا القانون.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لیژنەی یاسای هیچ تێبینیەکی لەسەر ئەو ماددەیە نیە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کوردیەکە پێویستە نابێت، لەسەر على مجلس الوزراء عەرەبیەکە راستە، على مجلس الوزراء والجهات ذات العلاقة تنفيذ احكام هذا القانون. يجب نابێت واتە دەبێت، ئەو ماددەیەش دەخەمە دەنگەوە، کێی لەگەڵدایە بادەستی بڵند بکات تکایە؟، فەرموون کێی لەگەڵدا نیە؟ بەکۆی دەنگ وەرگیرا، تکایە ماددەی 12 کەبووتە 11.

**بەڕێز طارق محمد سعید جامباز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی (12): ئەم یاسایە لە ڕۆژی دەرچوونیەوە لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقائعی کوردستان) جێبەجێ دەکرێ.

**بەڕێز محمد صالح اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة 12: ينفذ هذا القانون اعتباراً من تاريخ اصداره ونشره في الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان).

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ترى اللجنة القانونية جعل كلمة ( ونشره ) في المادة (12) بـ( وينشر ).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

موفقتەرەحی لیژنەی یاسایی وەکو هەموو پرۆژەکانی تر وایە، دەیخەمە دەنگەوە، کێی لەگەڵدایە بادەستی بڵند بکات تکایە؟، فەرموون کێی لەگەڵدا نیە؟ بەکۆی دەنگ وەرگیرا تکایە ئەسبابی موجبە بخوێنەوە.

**بەڕێز طارق محمد سعید جامباز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هۆیەکانی دەرکردنی

لەبەر پێویستی هەرێم بۆ هێزەکانی نیزامی بۆ زێرەڤانی هەرێم و بەرگریکردن لێی ومسۆگەرکردنی بەرژەوەندیە نیشتیمانیی و نەتەوەییەکانی وقوڵکردنەوەی دەزگاکانی حکومەتی دیموکراتی و مەدەنی تێیداو پشتگیری کردنو هاوبەشیکردنی هێزەکانی چەکدار بۆ حکومەتی عێراقی فیدراڵی لەکاتی پێویستی داواکردندا، ئەم یاسایە دەرکرا.

**بەڕێز محمد صالح اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

الاسباب الموجبة

نظراً لحاجة الاقليم الى قوات نظامية لحراسة الاقليم والدفاع عنه وضمان مصالحة الوطنية والقومية وترسيخ المؤسسات الحكومية الديمقراطية والمدنية فيه ومساندة ومشاركة القوات المسلحة لحكومة العراق الإتحادية عند الحاجة والطلب فقد شرع هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جوملەیەکی تێدایە تۆزێك هینە، بەڕاستی وترسيخ المؤسسات الحكومية الديمقراطية والمدنية فيه، ئەو جوملەیە هەر شەتب بکرێت باشترە، نظراً لحاجة الاقليم الى قوات نظامية لحراسة الاقليم والدفاع عنه وضمان مصالحة الوطنية والقومية ومساندة ومشاركة القوات المسلحة لحكومة العراق الإتحادية عند الحاجة والطلب ئەویش زیادە، واتە والطلبیش زیادە، عند الحاجة فقد شرع هذا القانون. ئەو جومەلەیە موناقەشەمان کردو لامانبرد لەوێ، ئێستا پرۆژەکە هەمووی دەخەمە دەنگەوە، کێی لەگەڵ ئەو پرۆژەیەدایە وەکو یاسا دەربچێت، بادەستی بڵند بکات تکایە؟، فەرموون کێی لەگەڵدا نیە؟ بەکۆی دەنگ وەرگیرا، دەستان خۆش بێت، سوپاستان دەکەین، انشاء الله سەرکەوتوو ئەبێت، چاوەڕوان ئەکەین ئەو یاسایە بەزووترین کات، جێبەجێ بکرێت لە پێش هەمووشیانەوە ئەم دوو وەزارەتە یەکبگرێتەوە، لە وەختێکی زۆر نزیکدا میللەتەکەمان زۆر چاوەڕوانی دەکات، فەرموو کاك فریق علی بۆ قسەکانت.

**بەڕێز عمر عثمان ابراهیم( زەعیم علی)/ وەزیری پێشمەرگە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەکۆتایی، حەزم کرد زۆر سوپاسی جەنابت و لیژنەی یاسایی و لیژنەی پێشمەرگەو سوپاسی هەموو ئەندامانی پەرلەمان بکەم کەزۆر زەحمەتیان کێشا، پرۆژەکەیان دەوڵەمەند کردین، راو بۆچوونەکانیان زۆر جێگای سوود بوو بۆ ئێمەو زیاتر پوخت کراوە، لەباتی کاک شێخ جعفریش هەر بەهەمان شێوە سوپاستان دەکەین، زۆر مەمنوون بۆ ئەو دەرفەتەی کەبەئێمەتاندا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، ئێمەش سوپاستان دەکەین، کە ئەمڕۆ لە ئەنجومەنی وەزیران کۆبوونەوەتان هەبوو، ئێمە نەمانهێشت لەو کۆبوونەوەیە بەشداربن هاتنە ئێرە، ئێرە گرنگتر بوو لەبەر ئەوەی ئەگەر ئەمڕۆ تەواو نەبووایە دوا دەکەوت، دەستخۆشیتان لێدەکەین، سوپاسی هەموو براو خوشکانی ئەندامی پەرلەمان دەکەین، کە پرۆژەکەیان دەوڵەمەند کرد، کۆبوونەوەی داهاتوومان رۆژی چوار شەممە سەعات 11 دەبێت بەئامادە بوونی وەزیری پێشمەرگەو وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پێشمەرگە، وەزیری ناوخۆو وەزیری هەرێم بۆ کاروباری ناوخۆ، وەزیری داد، وەزیری مافی مرۆڤ وەزیری کاروباری کۆمەڵایەتی، لەسەر داوای ئەندامانی لیژنەی داکۆکی کردنی مافی ئافرەتان و ژنان، ئامادە دەبن بۆ ئەوەی ئەو راپۆرتەی کە لەلایەن ئەوانەوە پێشکەش بەحکومەت کراوە، وە پێشکەش بەوەزیرانی تایبەتمەند کراوە، لەگەڵ پرسیاری ئەندامانی لیژنەکە، بۆ ئەو وەزیرانە، بۆ باسکردن لەو وەزعە ناتەبیعیەی کە لەکوردستاندا لەچەند مانگی داواییدا روویداوە، کوشتنی ژنان گەیشتۆتە رادەیەك ترسناکە لەسەر کۆمەڵگامان، دەبێ هەمووولامان بە مەسئولیەتەوە ئەو مەسەلەیە وەربگرین، بۆ ئەوەی بتوانین رووبەڕووی ببینەوە، کاری واش بکەین، ئیجرائاتی وا بکەین تا بتوانین بنبڕی بکەین لە کۆمەڵگای ئێمەدا، تا رۆژی چوار شەممە سەعات 11 کۆتایی بەدانیشتنەکەمان دێنین، زۆر بەخێر بێن سەر چاو.

| | | |
|---|---|---|
| **فرست احمد عبدالله** | **محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی)** | **عدنان رشاد مفتی** |
| **سکرتێری ئەنجومەنی نیشتمانیی** | **جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی** | **سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی** |
| **کوردستان – عێراق** | **کوردستان – عێراق** | **کوردستان - عێراق** |

# ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (31)**

**چوار شەممە ڕێکەوتی 4\7\2007**

**خولی دووەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (31)
## چوار شەممە رێکەوتی 2007/7/4

کاتـژمێر (11)ی سـەر لـە بـەیانی رۆژی چـوار شـەممە رێکـەوتی 2007/7/4 ئەنجومـەنی نیشـتمانیی کوردستانی عێراق بە سەرۆکایەتی بەرێز عدنان رشـاد مفـتی سـەرۆکی ئەنجومـەن و، بـە ئامـادەبوونی بـەرێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی) جێگری سەرۆك و، بەرێز فرست أحمـد عبـدالله سـکرتێری ئەنجومـەن، دانیشتنی ژمارە (31)ی خولی دووەم، ساڵی (2007) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی کار:**

بەپێی حوکمەکانی برگـە (1)ی مـاددە (20) لـە پێـرۆی نـاوخۆی ژمـارە (1)ی هـەموارکراوی سـاڵی 1992ی ئەنجومـەنی نیشـتمانیی کوردسـتانی عێـراق، دەسـتەی سـەرۆکایەتی ئەنجومـەن برپـاردرا دانیشـتنی ژمـارەی (31)ی خولی گرێدانی یەکەمی ساڵی سێیەمی خولی هەڵبـژاردنی دووەمـی پەرلـەمانی کوردسـتان – عێـراق، بەرنامەی کار بەم شێوەیە بێت:

1- بە ئامادە بوونی بەرێزان (وەزیری ناوخۆ و هـەرێم بـۆ کاروبـاری نـاوخۆو داد و مـافی مـرۆڤ و کاروبـاری کۆمەلأیەتی و پێشمەرگەو هەرێم بۆ کاروباری پێشمەرگە، وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلـەمان) گفتوگۆ لەسەر راپۆرتی لیژنەی داکۆکی کـردن لـە مـافی ئافرەتـان و ژنـان تایبـەت بـە دواداچـوونی کوشـتنی ژنـان و ئافرەتان دەکرێت.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی کوردستان دانیشتنی ئەمڕۆمان دەکەینەوە، بەرنامەی کار:

بەپێی حوکمەکانی برگە (1)ی ماددە (20) لە پێرۆی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموار کراوی ساڵی 1992ی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق، دەستەی سەرۆکایەتیی ئەنجومەن بریاریدا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە (31)ی خولی دووەمی هەڵبژاردن لە کات(11)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی چوار شەممە رێکەوتی 2007/7/4دا بەم شێوەیە بێت:

1- بە ئامادە بوونی بەرێزان (وەزیری ناوخۆ و هـەرێم بـۆ کاروبـاری نـاوخۆو داد و مـافی مـرۆڤ و کاروبـاری کۆمەلأیەتی و پێشمەرگەو هەرێم بۆ کاروباری پێشمەرگە، وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلـەمان) گفتوگۆ

لەسەر راپۆرتی لیژنەی داكۆكی كردن لە مافی ئافرەتان و ژنان تایبەت بە دواداچوونی كوشتنی ژنان و ئافرەتان دەكرێت.

سەرەتا بەخێرهاتنی ئەو خوشك و برا وەزیرە بەڕێزانەی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی كوردستان دەكەم، كە لەگەڵمان ئامادەن، ئەمڕۆ ئەم دانیشتنەمان تایبەتە بە باس كردن لە دیاردەی توندوتیژی بەرامبەر ژنان و ئافرەتان، بەتایبەتی كوشتنی ژنان لە هەرێمی كوردستاندا، كە لە ماوەی رابردوودا زیادی كردووە، چ خۆ كوشتن بێت، چ بە خۆ سووتاندن بێت، كە هەموو ناوچەكانی كوردستانی گرتۆتەوە، بەڕاستی مەترسیناكە لەسەر هەرێمی كوردستان، مەترسیناكە لەسەر یاسا، لەسەر مافی مرۆڤ، لەسەر نموونەیی تەجروبەی دیموكراتی لە هەرێمی كوردستاندا، كە دەبێت هەموومان دیفاعی لێ بكەین، لیژنەی مافی مرۆڤ، لیژنەی داكۆكی كردن لە مافی ئافرەتان و ژنان لە پەرلەماندا دەمێكە لە دوای ئەو كێشەیە دەڕۆن، بەو دواییدا لیژنەی داكۆكی كردن لە مافی ئافرەتان و ژنان راپۆرتێكی پێشكەش كردووە بە حكومەتی هەرێمی كوردستان و، چەندین پرسیاری ئاراستە كردووە بەو وەزیرە بەڕێزانە، كە لەم كێشەیە دەكۆڵێتەوە، بۆ ئەوەی گەلەكەمان وشیار بكاتەوە لەو كێشە، پێویستە هەموو لایەك بەشداری بكەن لە چارەسەر كردنی، ئەم دانیشتنەمان ساز كرد، بە ئامادە بوونی ئەم وەزیرە بەڕێزانە، سەرەتا بەوە دەست پێ دەكەین، داوا لە خاتوو پەخشان دەكەین بێت ئەو راپۆرتە بخوێنێتەوە، دواتر پرسیارەكان ئاراستە دەكرێتن، خاتوو پەخشان سەرۆكی لیژنەی داكۆكی كردنە لە مافی ئافرەتان و ژنان با بفەرمووێت.

**بەڕێز پەخشان عبدالله زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

راپۆرتی لیژنەی داكۆكی كردن لە مافی ئافرەتان و ژنان سەبارەت بە مەسەلەی كوشتنی ئافرەتان و ژنان لە هەرێمی كوردستان عەرز دەكەم.

ماوەیەكە دیاردەی توندوتیژی دژ بە ژنان بە تایبەتی كوشتنی ژنان لە هەرێمی كوردستاندا زیادی كردووە، هەروەها خۆكوشتن بە شێوازی جۆراو جۆر پەرەی سەندووە، ئەم دیاردەیە زۆربەی شارو شاروچكەكانی كوردستانی گرتۆتەوە، بۆ بەدواداچوون و دۆزینەوەی چارەسەری گونجاو، بۆ ئەم مەسەلەیە لیژنەكەمان لیژنەی داكۆكی كردن لە مافەكانی ئافرەتان و ژنان لە پەرلەمانی كوردستان چەندین كۆبوونەوەی كردووەو سەردانی جیاجیای بۆ شوێنە پەیوەندیدارەكان ئەنجام داوە، وەكو دادگاو پۆلیس و فەرمانگەكانی تەندروستی و رێكخراوەكانی ئافرەتان و ژنان، هەر بۆ هەمان مەبەست قسەمان لەگەڵ بەڕێزانی سەرۆكایەتی پەرلەماندا كردووە، دانیشتنی تایبەت لەگەڵ بەڕێزان وەزیری داد و مافی مرۆڤ و وەزیری هەرێم بۆ كاروباری ژناندا ئەنجام داوە.

لیژنەكەمان بۆ زانینی ئاماری كوشتنی ژنان لە (2007/1/1) تا (2007/6/1) چەندین بەدواداچوونی ئەنجام داوە لە شارو شاروچكەكانی كوردستان، ئێمە لێرەدا ناوی شاری سلێمانی و ناوچەكانی بێتوین و پشدەر وەكو نموونە دەنووسین. لە شاری سلێمانیدا لە ماوەی ئەم شەش مانگەدا (10) ژن كوژراون و دوان

لەو ژنانە تەرمەکانیان نەناسراونەتەوەو بکوژی تەنیا سیانیان دەستگیر کراون، بکوژی دوانیـان عەسـکەرین و تا ئێستا دەستگیر نەکراون و گومانیش دەکرێت بکوژی یەکێکیان لە ناوچەی هەولێر خۆی حەشار دابێت. لە ناوچەی پشدەرو بێتوین لە ماوەی ئەم شەش مانگەدا چوارده ژن کوژراون، بەلاّم تا ئێستا بکوژی دوانیان دەستگیر کراون.

لە ساڵی 2007دا تا ئێستا هیچ کەسێك بە تۆمەتی ژن کوشتن حوکم نەدراوە، سەبارەت بە دهـۆك ژمـارەی ئەو ژنانەی لە قەزای زاخۆ کوژراون پـازده ژنـن، لـە مەرکـەزی شـورتەی دهـۆك ئـەو ئیحصائیەی دەسـتمان کەوتووە، ژمارەی ئەو ژنانەی کوژراون سی ژن، بەپێی ئیحصائیەی نەخۆشخانەی دهۆك ژمارەی کوژراوەکان (29)ن، بەلاّم ئەو ژمارانەی  کە لە ئیعلام و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنیەوە دەست دەکـەون زۆر زۆرن چـەندها جـارەی ئـەم ژمارانــەن، لـە راپۆرتەکەمانـدا چـەند دەرئـەنجامێك دەخەینـە روو بـە مەبەسـتی دۆزینەوەی چارەسەری گونجاو، شایانی باسـە لـە دادگا نـەمانتوانی بەڵگـەمان دەسـتکەوێت، ئـەم راپۆرتـەش تایبەتە بە کوشتنی ژنان.

أ-هۆکارەکان:

1-رۆشنبیری و کلتوری خێڵەکایەتی کۆمەڵگا، سەبارەت بە رەوشت و شەرەف هەتا ئێتسا کاریگەری هەیە.

2- بەشێکی زۆری کێشەکان کۆمەلاّیەتین، پەیوەندیان بە مەسەلەی خۆشەویسـتی و هاوسـەرگیریەوە هەیـە، لەناو کوژراوەکاندا هەیە، تەنیا لەبەر ئەوەی کوڕێکی خۆشتویستووەو کوژراوە.

3- مەسەلەی مارە کردنی منـداڵ (کـوڕ یـان کـچ) یەکێکـە لـەو کێشـانەی لـە دوا جاردا کوشـتنی ژنێکـی لـێ دەکەوێتەوە.

4- لـە هەنـدێك حاڵەتـدا دڵ پیسـی پیـاو، کوشـتنی ژنـی لـێ دەکەوێتـەوە، کـە هەنـدێك جـار پیـاو لـە یـەك هەڵچوونی دەروونیدا ژنەکەی، یان خوشکەکەی دەکوژێت.

5- مەسـەلەی ئـابووریش هۆکـارێکی تـرە، بـە هـەردوو بارەکەیـدا، هەنـدێ جـار ژنێـك دەکوژرێـت لەبـەر کێشەیەکی ئابووری خێزانەکە، زۆر جاریش هەژاری و کەم دەرامەتی دەبێتە هۆی پشێوی خێزان و دوا جار ژنێك دەبێتە قوربانی.

6- کێشەی عەشائیری و دوو بنەماڵەو خێڵیش تیایدا ژن دەبێتە قوربانی.

7- مەسەلەی لەشفرۆشیش کە ئێسـتا بەداخـەوە لـە هـەرێمی کوردسـتان زۆر بەرچاوە، کوشـتنی ژنـانی لـێ دەکەوێتەوە، زۆر جار کچ، یان ژن لەبەر هەر کێشەیەکی کۆمەلاّیەتی لە خێزان دەردەکرێت، دوا جار لەبـەر نەبوونی جێگاو شوێن ناچار پەنا بە لەشفرۆشی دەبەن، زۆر جـاریش ژن لەسـەر مەسـەلەیەك دەگیرێـت لـە ناو زیندانەکاندا لە ڕێگای باندەکانی لەشفرۆشیەوە تووشی ئەو مەسەلەیان دەکەن.

8- بلاّو بوونەوەی جۆری نایاسایی هاوسەرگیری، گەلێك هۆکاری دیکەش.

ب- ئەو ئاستەنگ و ڕێگایانەی دێنە بەردەم دەستگیر کردنی بکوژی ژنان:

1-تا ئێستاش و هەندێ جار بکوژ گەر پێگەیەکی سیاسی، یان عەسکەری هەبێت، ئەوە بە ئاسانی دەستگیر ناکرێت و حزبەکەی داڵدەی دەدات.

2- بە هەمان شێوە گەر بکوژ پێگەیەکی کۆمەلأیەتی هەبێت و عەشیرەتێك داڵدەی بدات دەسەلأت کەمتر دەستگیری دەکات.

3- هەندێ جاریش (بکوژی ژن) گەر لە ناوچەیەکی سلێمانی بێت پەنا دەباتە ناوچەکانی هەولێر و بەپێچەوانەوە، بۆیە بکوژ ناگیرێت.

4- هەندێ جار فەرماندەیی پێشمەرگە، وەزارەتی پێشمەرگە، یان کەسێکی عەسکەری لایەنێك داڵدەی بکوژ دەدات.

5- مەکتەبی کۆمەلأیەتی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستانیش هۆکارن بۆ دەرباز بوونی بکوژ، بەتایبەتی پێش ئەوەی مەسەلەکە بگاتە دادگا.

رێگا چارەکانمان:

1-پێویستە یاسای ژمارە (14)ی ساڵی 2002ی پەرلەمانی کوردستان لە هەموو دادگاکان وەکو خۆی کاری پێ بکرێت و کاراش بکرێت.

2- زۆر جار ژنێك کە دەکوژرێت لە جێگایەکی دوور فرێ دەدرێت و لە هەندێك حاڵەتدا تەرمەکەشی ناناسرێتەوە، ئەم حاڵەتەش کەس خۆی ناکات بە خاوەنی کوژراو، کەسیش داوای یاسایی تۆمار ناکات، بۆیە پێویستە لەم حاڵەتەدا (وەك ئەوەی ئێستا کاری پێ دەکرێت)، (داواکاری گشتی) باشتر و کاراتر رۆڵ بگیرێت بۆ دۆزینەوەی بکوژ.

3- پێشنیاز دەکەین نامەیەکی فەرمی لە لایەن حکومەتەوە ئاراستەی داواکاری گشتی هەرێم بکرێت، بۆ کۆکردنەوەی زانیاری دەربارەی ئەو دیاردەیەو ئاستەنگەکانی دەستگیر کردنی تۆمەتبارەکان و لیژنەیەك پێك بێت لە وەزارەتە پەیوەندیدارەکان بۆ لێکۆڵینەوەو بەدواداچوونی ئەو مەسەلەیە بە مەبەستی چارەسەر کردنی لە ژێر ئیشرافی پەرلەماندا.

4- پەلە بکرێت لە یەکخستنەوەی وەزارەتی ناوەخۆ و پێشمەرگە تا بکوژ نەتوانێت لە هێزەکانی ناوخۆی هیچ لایەن هەڵبێت.

5- هیچ لایەن و حزبێکی سیاسی داڵدەی بکوژی ژن نەدەن.

6- هیچ کەسایەتیەك جا سیاسی، یان عەسکەری، یان کۆمەلأیەتی بێت هەوڵی شاردنەوەی بکوژی ژن نەدات، بە پێچەوانەوە سزای توند بۆ ئەو کەسانە دابنرێت.

7- مەکتەبی کۆمەلأیەتیەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانیی کوردستان هیچ جۆرە سوڵحێك نەکەن بۆ کوشتن بەگشتی و کوشتنی ژنان بە تایبەتی. هەر کێشەیەکی دیکە کە ژن تێدا ببێتە بابەتی سوڵح.

8- بە پەلە رێگا بەو لێشاوەی لەشفرۆشی و بازرگانی کردن بە ژنانەوە بگیرێت.

9- وەزارەتی کار هەوڵ بدات چەندین جێگاو سەنتەری تایبەتی بۆ ژنانی راکردوو لە خێزان دابین بکات، هەروەك لە ماددەی (2) لە یاسای وەزارەتەکەیدا هاتووە، هەوڵیش بدات چاکسازی لە زیندانەکان بکات، بەتایبەتی جیا کردنەوەی تاوانباران بەپێی تاوانەکانیان.

10- هەوڵ بدرێت لە رێگای رێکخراوە نێودەوڵەتی و ناوەخۆییەکان و کەناڵە حکومیەکانەوە، بە پرۆژەی بچووك و بەدانی قەرز، رێگە بکرێتەوە بۆ ژنان و ئافرەتان، بۆ کار کردن و لە پاڵیدا بۆ فێر بوونی خوێندن و بەرز کردنەوەی ئاستی هۆشیاریان.

11- کارا کردنی راگەیاندن بەشێوەیەك کە لە خزمەتی چارەسەر کردن و بنبڕ کردنی ئەو کێشەیە دابێت.

12- هەر یەك لەم خالأنەو هی دیکەش پێویستیان بە بەرنامەی چڕو پڕ بەدواداچوون هەیە، ئامادەین هاوکاری بکەین لە دانانی ئەو بەرنامانەداو بەدواداچوونیشدا. زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆراپۆرتەکەت کە ئاماژەی زۆرلایەنی ئەم دیاردە ناشرینانەی کردووە، دیارە پێش ئەوەی داوا لەئەندامانی لێژنەکە بکەم کەپرسیاریان ئاراستەی وەزیرەکان کردووە، ماوە ئەدەم سێ دەقیقە بۆهەر وەزیرێك کەبیەوێت قسەیەك لەسەر ئەم راپۆرتە بکاتن پێش ئەوەی داوا لەئەندامانی لێژنەی مافی ئافرەتان وژنان بکەم پرسیارەکانیان ئاراستەی وەزیرەکان بکەن , کەسیان تاقیبی هەیە لەسەر ئەم راپۆرتە برا وەزیرە بەرێزەکان، کاك فاروق فەرموو.

**بەرێز فاروق جمیل صادق/ وەزیری داد:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خوشکان و برایان ئەندامانی پەرلەمان زۆرسوپاستان دەکەین بۆ ئەم داوەت کردنە، بۆ ئەوەی ئەمرۆکە باس لەسەر کێشەیەکی زۆر گرنگ دەکرێت ئەویش کێشەی ژنانە، دەست خۆشی لەلێژنەی داکۆکی کردنی مافی ئافرەتان و ژن دەکەین لە پەرلەمان, چەند تێبینیەکم هەیە, یەکەم/ سەبارەت بەو ئیحصائیەتانەی کە لە وەسائیلی راگەیاندن بلأو دەکرێتەوە بەڕاستی لە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیرانیش ئەو رۆژە باسمان کرد ئیستاش دووپاتی دەکەمە و، نەختێك موبالەغەی تیادا هەیە, بەپێی ئەو ئیحصائیەتەی کە وەرم گرتووە لە مەحاکمی سەرتاسەری هەرێمی کوردستان ئەو حاڵەتەنی کە روویداوە ساڵی ئەم ساڵەکە لە 1/1 تاکو ئێستاکە نزیکەی شەش مانگ و نیوە لەدهۆك (5) حالەتە، لە هەولێر (6) حاڵەتە لە سەرتاسەی ئیدارەی پێشووی سلێمانی و کەرکوك و بێتوێن و ئەوانە دەگرێتەوە ( 20) حاڵەتێکە روویداوە, بەلأم مانای وانیە کە ئەمە ژمارەیەکی کەمە، ئەمە ژمارەیەکی زۆرە، ئەبێ هەوڵ بدرێت بە یەکجاری ئەم مەسەلەیە بنبڕ بکرێت و نەمێنێتن. چەند پرسیارێکیان ئاراستە کردم دەربارەی ئەم مەسەلانە دوایی باشە قسەی لەسەر دەکەین. زۆرسوپاس

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تەنیا ئاماژە بەیەك شت ئەدەم ئەم رەقەمانە رەقەمی رەسمین، بەڵام ئەوەی لێژنەی داکۆکی مافی ئافرەتان و ژنان رەقەمی واقیعین کەلە واقیعدا چی روویداوە زۆر تاوان ئەنجام دراوە بەبێ ئەوەی تۆمار بکرێتن، بەبێ ئەوەی کەسێك هەبێتن شکایەت بکاتن، کاك عوسمان حاجی محمود فەرموو.

**بەرێز عثمان حاجی محمود/ وەزیری ناوخۆ:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

زۆر سوپاس، بۆ ساز کردنی ئە م کۆبوونەوەیە، دیارە کۆبوونەوەیەکی گرنگە، من تەنها تەوزیحم هەبوو لەسەر ئەو تەوزیحەی کە کاك فاروق لەسەر ژمارە باسی کرد، ئەمەوێت ئەم پرسیارە لەم لیژنەیە بکەم، دەست خۆشیان لێدەکەم بۆ ئامادەکردنی ئەم راپۆرتە و هۆکارەکان وچارەسەرەکان, بەڵام ئێمە لە سنووری پارێزگای سلێمانی ئیدارەی گەرمیان لە شەش مانگی رابردوودا ئەمەی کەروویداوە خۆکوشتن و ئەوەی بە ئەنقەست کوژراوە، بە تەحدید لە سلێمانی (12) حاڵەتە, لە گەرمیان (3) حاڵەتە, ئەوانەش کەخۆیان کوشتوە لە سنووری پارێزگای سلێمانی (17) حاڵەتە, لە سنووری گەرمیان تەنیا(1) حاڵەتەو حەزم کرد بزانم لەکۆکردنەوەی ئەم ژمارانە زیاتر تەرکیزیان لەسەر چ بنەمایەك کردووەو لە چ سەرچاوەیەك ئەم زانیاریانەیان وەرگرتووە؟ زۆر سوپاس.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك کریم فەرموو

**بەرێز کریم سنجاری/ وەزیری هەرێم بۆ کاروباری ناوخۆ:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەستخۆشی لە لێژنەو پەرلەمان دەکەم، کە ئەم دەرفەتەیدا بە هەموومان دانیشین ئەلێرە بەیەکەوە باسی کێشەیەکی گەورەی کۆمەڵایەتی و کۆمەڵەی خۆمان بکەین، کۆمەڵەی کوردستان، بەڕاستی راپۆرتەکە راپۆرتێکی چاکە, بەڵام کە دێینە سەر رێگا چارەکان، چونکە ئەمە کێشەیەکی کۆمەڵایەتیە، زۆرجێگای تر کە پەیوەندن بە چارەسەر کردنی ئەم کێشەیە دەبا داوەتکرابان وەکو وەزیری پەروەردە، چونکە ئەمە کێشەییەکە لە بنەڕەتدا لە کۆمەڵایەتی ئیمەدا هەیە، دەبێ ئێمە لە کاتی چارەسەر کردن لە پەروەردەوە دەستی پێ بکەین.

دوو/ دەبا بانگهێشتی وەزیری ئەوقاف کرابا، چونکە وەزارەتی ئەوقاف و مامۆستای ئایینی دەتوانن رۆڵێکی گەورە ببینین بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە، بەنیسبەت ئیحصائیات تەبیعی من ئەو ئیحصائیاتانەی کە هاتۆتەوە، دەتوانین پاشان لە کاتی موناقەشە کردن، ئێمە ئیحصائیاتمان هەیە، ئیحصائیاتی رەسمی ئیعلان دەکەین، زۆر سوپاس.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تێبینیەکانت بەجێیە، زۆر سوپاست دەکەین، کاك عەدنان وەزیری کۆمەڵایەتی فەرموو

**بەڕێز عدنان محمد قادر/وەزیری کارو کاروباری کۆمەڵایەتی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دیارە من ویستم ئەوەی (کاك کریم)یش باس بکەم، بەڵام من بۆ وەزیری ئەوقاف تەئکید ئەکەمەوە، کە زۆر گرنگە لەو مەسەلانە ئاگادار بێت، ئێمە لێکۆڵینەوەیەکمان هەیە لەسەر ئەو بنەمایانەی کە لە وڵاتی ئێمە ئەیکەنە هۆو بیانوو بۆ کوشتنی ژن، یەکێك لەمانە وا پێشبینی دەکرێت، کە ئیسلام رێگەی داوە، ئێمە لەو ئامارەی کە هەمانە لە سنووری دهۆك یەکێك لە پرسیارەکانمان ئەوەیە کە شەرع رێگا ئەدات ژن بکوژرێت؟ لە (79٪) خەڵك دەڵێت بەڵێ، لە سلێمانی (16٪)ە، لە پرسیارێکی تر، ئایا شەرع رێگا ئەدات خەزور بووکەکەی بکوژێت؟ لە پارێزگای دهۆك (69٪)، لە سلێمانی (4٪) یانی ئەوە ئەگەینی کە مامۆستایانی ئاینی بە ئەرك و مەهامی خۆیان هەڵناسن، یان وەکو خەڵك گوێ لێ نەگرتوون، گرنگە وەزارەتی ئەوقاف لەم مەوزوعە بە باشی دەور ببینێت.

نوقتەیەکی تریان تەئکیدم لە خاڵێکی تری، مەکتەبی کۆمەڵایەتیەکان بە موتڵەقی دەڵێت سوڵح نەکات، ئێمە لە موجتەمەعێکا دەژین خۆم مەسئوولی مەکتەبی کۆمەڵایەتی بویمە، من تەئکید دەکەمەوە ئەو رووداوانەی عیلاقەی بە کوشتنەوە هەیە، نابێ سوڵح بۆ قاتیل بکرێت، ئەبێ قانون مەجرای خۆی وەربگرێت، عەدالەت دەوری خۆی ببینێت، قاتیلەکە جا حوکمی چی یە ئەوەیان, بەڵام زۆر جاران لە وڵاتی ئێمە برا لەجیاتی برا دەکوژرێت، نەك زۆر جار ئێستاکەش هەر وایە باوك لەجیاتی کوڕ ئەگیرێ، کێشەیەکی کۆمەڵایەتی لە مەسەلەی ژن، من حادیسەیەکتان بۆ باس ئەکەم، لە سنووری سلێمانی بوو لەسەر تەلەفونێك ژنێك خەریك بوو بکوژرێت، من لە مەکتەبی کۆمەڵایەتی بە پەلە رۆیشتووم رەقەمی مەلەفی تەلەفونەکەم گۆڕی، چونکە داوایان کرد بوو لە مەحکەمەوە داوای ئەم رەقەم تەلەفونە بکردرێ، ئەگەر وابوایە برای کابرا کە موتەهەمە دەکوژرا، چونکە لەبەر دەستیان دابوو رۆیشتین بیگۆڕین، لەبەر ئەوە گرنگە سوڵح بێت، بەڵام سوڵح بۆ تاوانبار نەکرێ، بۆ ئەوە سوڵح بکرێ ئاگرەکە خەڵکی تر نەگرێتەوە، خەڵکی تر کێشەی ترمان بۆ دروست نەکەن، زۆرسوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، ئەو مولاحەزەیەت دووبارە بۆوە هی وەزارەتی ئەوقاف زۆر بەجێیە، ئەوە ئێمە رەچاوی دەکەین، لە دانیشتنەکانی داهاتوومان، چونکە ئەمە تاکە دانیشتن نییە، دوا دانیشتنیش نابێت، دانیشتنی وامان زۆر دەبێتن، تا ئینشائەڵلا چارەیەکی بنەڕەتی دەکەین بۆ ئەم مەوزوعە، بەڵام دین زۆر بە روونی ئەم جۆرە تاوانانە رەت دەکاتەوەو رێگاشی پێ نادات، هەمووشمان لەو مەسەلانە دەزانین، زۆر مامۆستای ئاینی لە رۆژنامەکان و تەلەفزیۆنەکان ئەمەیان روون کردۆتەوە، ئەم دانیشتنە پوختەیە، ئێمەش ئەم کێشەیە دەدەینە دەست وەزیری ئەوقاف، بۆ ئەوەی ئەویش موتابەعەی هەبێتن، فەرموو کاك فریق علی.

**بەڕێز عمر عثمان ابراهیم/ وەزیری پیشمەرگە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئامادە بووانی بەڕێز، خوشك و برایانی ئازیز، بەڕاستی ئەو مەلەفەی ئێستا لەبەر دەستمانە، یان ئەم پرۆژەی لەبەر دەستمانە، یان ئەو لیژنەو ئامادە کارانەی کردووە، شتێکی زۆر پیرۆزە، هەموو دنیاش باسی لێوە دەکات، مومکینە لە کرداری ئەو ئەزموونەی کە ئێستا لەبەردەستمانە، لەوانەیە بە خوێنی چەندەها هەزار شەهید دروست بووە، بەمە لەکەدار دەکرێ، پێویستە ئافرەتی کوردیش وەکو هەموو ئافرەتانی دنیا شعور بە بوونی خۆیان بکەن، بە ئازادی خۆیان بکەن، شوێنیان دیار بێ لە ناو ئەو کۆمەڵگەی کە تێدا دەژین، حیساب بۆ هەموو سەروەری خۆیان بکرێ، بۆیە ئەمە کارێکی زۆر گرنگە، بەس لێرە ئەو راپۆرتەی کە خوێندرایەوە زۆر شمولی بوو، تەقریبەن هەموو لایەنەکانی پێکهاتەی کۆمەڵگای کوردی دەگرێتەوە، بەتایبەتی حزبەکان، تاوانبار تۆمەتی هەتا مەڵبەند و لقەکانی دەکرد، پێویست بوو هەردوو حزبیش مەسئوولی کارگێری حزبەکان تێدا بەشداربن، چونکە دەزگای حزبیش لەو کارانە دیار بوو دەست و پەنجەی بۆ راکێشرا، دەزگای عەسکەریش کە هاتووە زیاتر دەتوانم بلێم کارێکی زۆر پیرۆزە، چونکە زۆر دەست بۆ دەزگای عەسکەریش درێژ دەکرێ، من لەسەر پرسیارەکان جوابم هەیە، باشتر بوو مەسئوولی کۆمەلایەتیش لێرە بوایە، چونکە زۆر کار ئەوان هەڵدەستن بە سوڵح و سوڵحکاری، پێویستە ئەویش رێگایەك، میکانیزمێك ببینێتەوە، کە کۆمەلایەتی سوڵحەکەی دەکات، لایەنێکی قانونی بەخۆوە بگرێ، لەگەڵ وەزارەتی ئەوقاف، یان وەزارەتی داد تەنیسقێکیان هەبێ، کە ئەو بە کارەکە هەڵسا شێوەیەکی قانونی بۆ بدۆزرێتەوە، تاکو صیغەیەکی قانونی بەخۆوە بگرێت لە کەدار نەکرێ، هەرچەندە بەڕاستی وەکو خۆم ئاگادار بووم فەترەك مەسئوولی لق بووم زۆر کارو سوڵح دەکرا، باوەڕ بکەن مومکینە دادگا زۆر زەحمەت بەشێوەیەکی عەشایری پێك دەهێنرا، شێوەیەکی قانونی بۆ بدۆزرێتەوە، دەنا کارەکانی کە دەیکەین، زۆر کارێکی پیرۆزە، بەلام تەعن دەکرێت، لەبەر ئەوەی شێوەیەکی قانونی، دەستووری بەخۆوە ناگرێت، بۆیە ئەگەر ئەویش چارەیەکی بۆ بدۆزینەوە، هاوکارە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان، پاشان ئەو پرسیارانەی لە ئێمەش کراوە وەلامتان دەدەینەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەندامانی لیژنەی داکۆکی کردن لە مافی ئافرەتان و ژنان پرسیارەکان لە لایەن ئەوانەوە ئاراستەی وەزیرە بەڕێزەکان دەکرێت، ئەوانەی کە پرسیارەکان دەکەن خاتوو پەخشان، خاتوو کوێستان، خاتوو سارە، ڤیان خان، فەزیلە خان، تاڤگە خان، نەسرین خان، گێلاس خان، دکتۆرە هالەو دکتۆرە شوکریە، خاتوو مریەم، خاتوو فەخریە، داوا لە پەخشان خان دەکەم پرسیارەکانی ئاراستەی وەزیرە بەڕێزەکان بکات، فەرموو، نوقتەی نیزامی هەیە.

**بەڕێز سارا خضر پیروت:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو ژنانەی کە ئەندامن لە لێژنەی داکۆکی ئافرەتان و ژنان ژمارەیەکیشیان هی دەرەوەی لیژنەی ژنانن، هەر ئەندامانی پەرلەمانن.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆرسوپاس، كەواتە هەم ئەندامانی لیژنەی ژنان، هەم ئافرەتانی ئەندامانی پەرلەمان كە لە دەرەوەی لیژنەكەن، بەڵام بەشدارن لە ئاراستە كردنی پرسیارەكان، فەرموو.

**بەڕێز پەخشان عبدالله زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن .**

هەندێ زانیاری هەیە، كە وەكو هەندێ لە قسەی جەنابی وەزیرەكانیشدا دەركەوت، كە هەندێ بكوژ ئیستغلالی ئەوە دەكەن كە سەر بە لایەنێكی سیاسین، پرسیارەكەی من بۆ جەنابی وەزیری ناوخۆیە، ئایا وەزارەتی ناوخۆ چۆن رووبەڕووی ئەم كێشانە دەبێتەوە كە بكوژی ژن كەسایەتیەكی عەسكەری، یان سیاسییە، لەلایەن یەكێك لە حزبەكانەوە دالْدە دەدرێت؟ سوپاس .

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

فەرموو خاتوو كوێستان خان.

**بەڕێز كوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

زۆر سوپاسی وەزیرە بەڕێزەكان دەكەم، بەخێرهاتنیان دەكەم، بۆ ئەم ئامادە بوونەو بەدەنگەوە هاتنیان، بۆ پشتگیری ئەو مەسەلەیە، هەروەها سوپاسی سەرۆكایەتی ئەكەم بۆ ئەم دانیشتنە، من پێش ئەوەی بێمە سەر پرسیارەكانم یەك وەڵامی بەڕێز كاك عوسمان ئەدەمەوە، كە لەسەر مەسەلەی ئامارەكان كە لە كوێمان وەرگرتووە، ئامارەكانی كە ئەو ئیشارەتی پێدا موتابیقە لەگەڵ ئامارەكانی ئێمە كە لە سلێمانی (10)كەس كوژراوە، لە گەرمیان یەك كەس، مەنتیقەی بتوێن و ئەمانەش (14)كەس كوژراوە، ئێمە وەكو لیژنەكەی سلێمانی لە بەڕێوەبەراتی پۆلیس وەرمان گرتووە، زۆر سوپاسیان دەكەین، ئەوان زیاتر لە هەموو دامو دەزگاكان ئیستیجابەیان هەبووە بۆمان، من دوو پرسیارم هەیە، یەكەم/ بۆ بەڕێز وەزیری داد، ئایا یاسای چواردەی سالی 2002ی پەرلەمانی كوردستان لەدادگاكانی هەرێمی كوردستان جیبەجێ دەكریت؟ ئەگەر جێبەجێ ناكرێت، هۆكاری جێ بەجێ نەكردنەكەی چیە؟ ئەگەر گوایە جێ بەجێ ناكرێت، چی بكرێ بۆ ئەوەی ئەم یاسایە لەسەرجەم دادگاكانی هەرێم جێ بەجێ بكرێت؟

پرسیاری دووەم/ بۆ بەڕێز وەزیری ناوخۆ، ئایا بنكەكانی نەهێشتنی تاوان چۆن مامەلە لەگەڵ ئەم تاوانانە دەكەن، كە بكوژی ژن دیار نییەو كەسیش خۆی ناكاتە خاوەنی كوژراو؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

خاتوو سارا فەرموو.

**بەڕێز سارا خضر پیروت:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

هەر وەكو كوێستان خان باسی كرد، بەنیسبەت ئەو سەرچاوانەوە، تەنها پشتمان بە یەك سەرچاوە نەبەستووە بۆ وەرگرتنی زانیاریەكان، سەردانی وەزارەتی تەندروستی كراوە دادگا، پۆلیس، رێكخراوەكانی ژنان و ئافرەتان، بۆ راستی بەڵگەنامەكانیش هەتا ئێمە تەمەن و بەروارو ناوەكەی و ناوی سیانی و هۆی چۆنیەتی كوژرانەكەشی لە راپۆرتەكانماندا هەیە، بەڵام ئەو وردیاتە لێرە باس ناكرێ، بەنیسبەت پرسیارەكانمانیشەوە، ئێمە دەزانین لەسەردەمی خەباتی شاخدا پێشمەرگە دەورێكی زۆری دیوە لەسەر گوندەكان بۆ چارەسەركردنی كیشە كۆمەڵایەتیەكان، بە هەمان شێوە ئێستاش وەكو وەزارەتی پێشمەرگە دیارە رۆڵی كاریگەری خۆیان هەیە، لەبەر ئەوە پرسیارەكەم یەكێكیان هەرئەم پرسیارەی پەخشان خان كردی لە وەزارەتی ناوخۆ، ئایا وەزارەتی پێشمەرگە بەرنامەی چیە بۆ رێگرتن لەوەی كەسێكی عەسكەری داڵدەی تاوانبارێكی ژن كوژ بدات، ئەمەیان پرسیاری یەكەم.

پرسیاری دووەم/ بۆ وەزیری مافی مرۆڤ، دیارە وەزارەتی مافی مرۆڤ كۆمەڵێك راپۆرتی تێروتەسەلی هەیە كە پێشكەشی لیژنەكەشمانی كردووە، لەسەر ئەم دیاردە كۆمەڵایەتیانە پرسیارەكەی من ئەمەیە ئەو لایەنە پەیوەندیدارانەی ئێوە راپۆرتەكانتان ئاراستە كردوون، وەڵامیان چی بووە، بۆ وەزارەت، یەعنی ئەو راپۆرتانەی ئاراستەی شوێنێك دەكرێن، وەڵامەكەیان چی بووە؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

خاتوو ڤیان فەرموو.

**بەڕێز ڤیان احمد خضر پاشا :**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

زۆر سوپاس، بەخێرهاتنی وەزیرە بەڕێزەكان دەكەم، من سێ پرسیارم هەیە، یەكەم/ ئاراستەی وەزیری ناوخۆ دەكەم، ئایا ئەو یەك نەگرتنەوەی ئەو دوو وەزارەتەی ناوخۆ نەبۆتە هۆكارەك بۆ هەڵاتن و داڵدەدانی بكوژەكانی ژنان لە ناوچەیەك بۆ ناوچەیەكی تر، كە ئەمە بەڕاستی رەنگی داوەتەوە لە كاتی دادگایی كردن، یان لە كاتی داڵدەدانەكە، ئەوە زۆر رەنگی داوەتەوەو شتەكەش هەستی پێ كراوە.

دووەم/ ئاراستەی وەزیری مافی مرۆڤ دەكەم، ئایا وەزارەت هیچ پلان و بەرنامەیەكی هەیە، بەرنامە بە خۆی بە دوو شێوە دەبێت، درێژخایەن و كورت خایەن، ئایا پلانی هەنوكەیی هەیە كە بەرنامەیە بۆ رێگرتن لەم دیاردەیە، ئایا پلانی درێژخایەنی هەیە، بۆ رێگرتن لەم دیاردەیە .

سێیەم/ ئاراستەی وەزیری دادی دەكەم، ئایا دادوەری گشتی توانیویەتی وەك پێویست رۆڵی خۆی ببینێ لە ئاشكرا كردنی بكوژی ئەم ژنانەی كە كەس خۆی ناكات بە خاوەنیان، زۆرسوپاس .

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

خاتوو فەزیلە فەرموو.

**بەڕێز فضیلة رمضان عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

زۆر سوپاس، من دوو پرسیارم هەیە، یەكێكیان لە وەزیری مافی مرۆڤ، لە راستیدا زۆر راپۆرت هەیە وەكو وەزارەتی مافی مرۆڤ معلوماتی زۆر هەیە لەسەر دیاردەی كوشتنی ژن ئەری وەزارەت چ كار كریە لەسەر ئەو راپۆرتە. یا دوێ/ ئەوەیە ئایا وەزارەتی كاروباری كۆمەڵایەتی چ بەرنامەی هەیە بۆ نەهێشتنی ئەم دیاردەی كوشتن و سوتان و لەشفرۆشی ژن، چ پلانەكی هەیە بۆ ئێستاو بۆ ئایینده، بەڕاستی ئێمە سەردانی زۆر دام ودەزگای دهۆك كرد بەرپرسانی ئیش لەم دام ودەزگانە هەستی پێكرد، كە ئێمە پشتگیری لە ژن دەكەین، چ ژن خراپ بژی، كاری خراپ بكات، چونكە ئێمە نوێنەری خەڵكین تەماشای ئەم بابەتە بكات، ئێمە ئەمڕۆكە لە پەرلەمان پشتگیری لە ژنان ناكەین ئەگەر كاری خراپ بكات، بەڵام ئێمە حەز دەكەین كۆمەڵگای ئێمە فێری رۆشنبیری یاسایی ببیت، ئەگەر ژن غەڵەت بیت پێ لە قانون رابیتن بۆ ئەوی دیكە ئەركی خۆیا، ڤێری دیدارم لەم وەزیرانە فیعلەن كە لەسەر ئەركی خۆا بەردەوام بن، تاكو بزانیتن خەڵكی ئێمە دژی خێزانی خراپ نین، بەڵام بەپێچەوانەوە ئێمە حەز لە یارمەتی خێزان دەكەین, زۆرسوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

پێش ئەوەی قسە بدەمە خاتوو نەسرین، داوا لە ئەندامانی پەرلەمان دەكەم ئینتیباە بدەنە پرسیارەكان، پاش ئەوەی كە ئەندامان ئاراستەی پرسیارەكانیان كردو، كەسێك لای وابوو پرسیارێكی گرنگ هەیە، نەكرا بێت، داوا بكاتن قسەی بكاتن، بەس مولاحەزەی ئەوەی بكات، پرسیارەكە دووبارە نەبیتن، خاتوو نەسرین فەرموو.

**بەڕێز نسرين محمد صالح:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

پرسیارەكەم لە وەزیری مافی مرۆڤە، یەكەم/ وەزارەت تا چەند توانیویەتی چارەسەری ئەو ژنانە بكات، كاتێك كە لە ماڵ دەردەكرێن لەلایەن كەس و كاریانەوە.

پرسیاری دووەمیشم/ وەزارەت تا چەند توانیویەتی هاوكاری ئەو ژنانە بكات كە لەلایەن باوك و براو مێردەكانیان ناچار دەكرێن كاری لەشفرۆشی بكەن، زۆرسوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

گێلاس خان فەرموو.

**بەڕێز گێلاس محی الدین محمد غریب:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

پێشەكی بەخێرهاتنی وەزیرە بەڕێزەكان دەكەم، من پرسیارەكەم ئاراستەی بەڕێز وەزیری كارو كاروباری كۆمەڵایەتی دەكەم، ئایا وەزارەت بەرنامەی داناوە بۆ چاكسازی لەزیندانەكان، بەتایبەتی لە زیندانی ژنانەدا؟ ئایا كار كراوە بۆ جیاكردنەوەی تاوانباران بەپێی تاوانەكانیان؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

دكتۆرە هالە فەرموو.

**بەڕێز د.هالە سهيل وادى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

پرسیارەكەم ئاراستەی جەنابی وەزیری پێشمەرگە دەكەم، ئایا چۆن مامەلە دەكات لەگەڵ بكوژی ژن، ئەگەر عەسكەری بێتن و خۆشی تەسلیم بەدادگا نەكات؟

پرسیارەكەی تریشم/ ئەوەیە ئایا مەكتەبی كۆمەڵایەتی كە هەموو كێشەكان بە حەللی عەشایری دەكرێت، بۆ نموونە كە ژنێك دەكوژرێت حەللی عەشایر ئەوەیە بە بەكارهێنانی توندو تیژی بەرامبەر ژنێكی تر، یەعنی ژن وەكو خوێن، بە دەل خوێن دەدرێت، ئایا مەكتەبی كۆمەڵایەتی هەر دەمێنێت، لە جیاتی ئەوەی بكوژەكە سزا بدرێت و تەقدیمی دادگا بكرێت، بە حەللی عەشایری، یەعنی پەنا بۆ حەللی عەشایر هەر دەبەین، لەگەڵ ئەمەش ئێمە وەزارەتی مافی مرۆڤمان هەیە، ئێستا وەزارەتی دادمان موەحەدە و لەوانەیە مەكتەبی كۆمەڵایەتی وەختێك رۆڵێكی هەبووە، كە دوو ئیدارە بووە، تاوانبار لە هەولێر رای كردووە بۆ سلێمانی، بە پێچەوانەش، بەڵام ئێستا ئەو مەكتەبە هەر دەمێنێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

دكتۆرە شوكریە فەرموو.

**بەڕێز د.شوكريە رسول ابراهيم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەڕاستی ئەمەوێ سەرەتا زۆر سوپاسی هەموو رۆژنامەنووسەكانی كەناڵەكانی راگەیاندن بكەم، كە ئەو هەموو دیاردانەیان خستە سەر لاپەرەی رۆژنامەكان، تا كارێكی وای لێكرا زەختێ خرایە سەر هەموو ئەوروپاو لەرێگەی ئیمێلەكانەوە، كە من یەكێكم لەم بەشداربوونە، سەدان ئیمێلم بۆ هاتووە، بۆ راستی ئەو دیاردانەو زۆر سوپاسی ئەو كەسانە دەكەم كە لەسەر دیاردەی كوشتنی ژن نوسیویانە، كە دوعا بوو بە نموونە، ئێستا بۆتە ئەنسكلۆبیدیایەكی گەورە، كە هێندەی لەسەر نووسرا، كە فكرەیەكی زۆر ناشرین لەسەر كورد بلاّبۆتەوە، ئێستا وای لێهاتووە كە هەموو كەناڵە عەرەبیەكان، پێنج كەناڵی عەرەبیم لەلایە شەوان هەموویان بە ناویش دەتوانم بڵێم باسی ئەم دیاردەیە دەكات، جا پێش ئەوەی كەوا من بێمە سەر مەسەلەی دیاردەی كوشتن، پرسیارێكم لە وەزیری كاروباری كۆمەڵایەتی هەیە، ئایا توانیوتانە داڵدەی ئەو ژنانە بدەن، كە رووبەڕووی مەترسی دەبن لە لایەن كەس و كار و خێزانەوە دەبنەوە، ئایا ئەو ماڵانەی كە كراونەتەوە، بۆتە جێگەی داڵدەو ئارامی و دڵ و دەروونی خاوەن كێشەكان، كە من دەڵێم نەخێر، نموونەی گەورەم ماڵێ خانزادە كە لەم ماوەیەدا، ئەمە نموونەیەكی گەورەیە، بەرێز وەزیری ناوخۆ كاك كەریم سنجاری یەكێك دەڵێت من ئاسایش بە پارە دەكرم، هەر ئەو كەسە لە ناو ماڵی خانزادە خەڵك دەبات و بەكاری دەهێنێت بۆ كارو مەبەستی شەخسی، ئیتر من چۆن باوەڕ بكەم بە ماڵێك كە ببێتە جێگەی ئارامی و جێگەی حەسانەوەو جێگەی داڵدەیەك كە ئەو ئافرەتە لە دەست كێشەیەك هەڵدێت روو لە شوێنێك دەكات، كە ئامێزی بۆ بكرێتەوەو دیفاعی لێ بكات.

پرسیارێکی تریشم دەربارەی مەسەلەی کوشتنە، کە خۆم چوومەتە ناو سێ دانە کێشەوە، یەکەمیان/ لە ئیمێرجنسی، دووەمیان/ لە کوران، سێیەمیان/ لەچاکسازی کۆمەڵایەتی، لێرە ئەم شوێنە هەیە لەمەسەلەی ئەوەی کوران کە ئافرەتەکەی کوشت و پاش ئەوەی کە ئافرەتەکە راکێشایە ناو حەمامەوە بەنزینی پێدا کرد، پاش ئەوە کێشەکە هاتە لای من چوم بە لیژنەی داکۆکی ئافرەتانم وت، بە رۆژنامەکانم وت، زەختێکی زۆرم کرد بۆ ئەوەی ئەم پیاوە بێتە قسە کردن، چونکە (20) رۆژ لە ناو سجندا بوو بەرەلا کرا، کە چوومە لای پیاوەکە وتم بۆ چەند پرسیارێك هاتووم، من ئەندامی پەرلەمانم، ئایا ئەم شەوەی کە ژنەکە سووتا بۆ هەموو گڵۆپەکان کوژاوەتەوە؟ دوو/ ئەگەر گۆشت بسووتێ لە هەرماڵێکە بۆنی دێت، لە چ شوێنێکەدا تۆ ئەوت وا سوتاندووە؟ سێ/ بۆ بەیانی رات کرد بۆ کەلەك؟ چوار/ بۆچی نەچویتە پرسەکەیەوە؟ پێنج/ ئەمە چوار مانگە دوو دانە منداڵت هەیە، نەتهێشت کەس و کاری ببینێ، ئەم پرسیارانە رووبەرووی وەزیری کۆمەڵایەتی و وەزیری ناوخۆو هەروەها وەزیری دادی دەکەم، کە پارێزەرەکان دێن (5) هەزار دینار وەردەگرن بۆ ئەم کێشەیە و ناتوانن چارەسەری بکەن، والله من داوا لە وەزیری داد دەکەم ئایا بۆ ئەوەند محامی گرانە، ئێمە ئەلێین لە بازاڕ شتومەك گرانە، کەچی محامیەکانیش (80) وەرەقەو پێنج هەزار وەرەقە وەردەگرن بۆ ئەم کێشەیە، وەڵلاهی گوناحە، وەڵلاهی خەڵکم بینیوە شتی ماڵەوەی فرۆشتووە، بە منی وتووە زێرەکانم فرۆشتوە، بۆ ئەوەی محامیەکە لێم رازی بێت، ئینجا بۆشی نەکردووە، ئاخر پرسیاریشم هەر لەسەر مەسەلەی کوشتن بێت کە ئەلێن کوشتن ئەوە دوێنێ لە دهۆکەوە بۆم هاتووە باوك و مامێك تەکبیریان کردووە، کچەکە حەزی لە کوڕێك کردووە، نەیان هێشتووە شوو بە کورەکە بکات بە زۆر داویانە بە کوڕێکی تر، کوڕەکەش چووە گوتویەتی توخوا ئەوە بۆ منە، ئەمە چەند ساڵە دڵمان بەیەکەوەیە چوونە کوشتوویانە، ئەمەش نموونەیەکی ترە، ئەوەش نموونەیەکی ترە کە ئێستا کاك هێمن نووسیویەتی لەسەر ئەم مەسەلەی کە من بەدوای داچوومەتە کوران، مەسەلەیەکی تریشم بۆ وەزیری دادە، ئایا بەڕای بەڕێزتان ماددەی (3و4)ی یاسای بەغدا توانیویەتی چارەسەری کێشەی لەشفرۆشی بکات؟ کە ئەمرۆ بۆتە دیاردەو داواش لە وەزیری ناوخۆ ئەو وەزیرانەی کەوا مەعنین بەو کارە، ئەو باندانەی کە دەگیرێن، یاخود کە دێن لەرێگەی موصلەوە بۆ دهۆك، چ لە رێگەی موصلەوە دێ بۆ هەولێر، چ لە رێگەی کەرکووکەوە دێت، یان لە رێگەی سلیمانیەوە دێت، تکاتان لێدەکەم ئەم باندانە بیانگرن، چونکە لە کوردستان هەتاکو ئێستا ئەم دیاردەیە زەق نەبۆتەوە، ئەمە هەمووی چەند ساڵێکە لە دوای ساڵی (2000) هەزارەوە زەق بۆتەوەو زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خاتوو مریم فەرموو.

**بەڕێز مریم حسن ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەخێر هاتنە میوانە دەکەم، پرسیارم بۆ وەزیری ناوخۆ هەیە ئەرێ چ بەرنامە هەیە بۆ دیاردەی لەشفرۆشتن، بەتایبەت گەلەك ژن لە دەرەوە دێنە هەرێمی کوردستان بۆ ئەم مەبەستە، زۆر سوپاس .

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خاتوو فەخریە فەرموو.

**بەڕێز فخریە مصطفی محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەرەتا بەخێرهاتنی وەزیرە بەرێزەکان دەکەم، پرسیارەکەم ئاراستەی وەزیری مافی مرۆڤە، وەزارەت تا ئێستا چەند توانیویەتی کێشەی ئەو ژنانە چارەسەر بکات، کە رووبەڕووی کوشتن بوونەتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بۆ هەموو ئەو ئەندامە بەرێزانە، کاك جەمال چیە خالی نیزامت هەیە.

**بەڕێز جمال محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە حەقیقەت هەر کەسێك سەیری ئەم دانیشتنە بکات وای پێشان ئەدرێت پیاوەکان، پەرلەمانتارەکان مەبەستیان نییە تەداخول بکەن.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو دانیشە، من جوابمدا، نوقتەی نیزام نییە، چونکە من شەرحم کرد لە چوار، پێنج کەس قسەی کرد بوو، یەکەمیان/راپۆرتێك لەلایەن لیژنەکەیەوە، لیژنەکان ئیشیان ئەوەیە، مەسئولیەتی خۆیانە بەدوای ئەو مەسەلانە برۆن، کە پێیان راسپێردراوە، ئەوان چوینە مەعلوماتیان کۆکردۆتەوەو بە دوای ئەو کێشەیەدا رۆیشتوون راپۆرتیان نووسیووەو دایتیانە سەرۆکایەتی پەرلەمان، ئێمەش راپۆرتەکەمان رەوانەی سەرۆکایەتی ئەنجومەن و ئاراستەی پرسیارەکانمان کردووە، بەڵام من لە خیلالی قسەکانمدا وتم ئەندامانی پەرلەمان هەموویان بۆیان هەیە، پرسیارێك ئەگەر نەکرا بێتن لەلایەن ئەندامانی بەرێزەوە، ئەوانەی کە ئاراستەی پرسیارەکانیان کرد، ئەگەر نەکرابێتن، بۆیان هەیە بە تەئکید بۆیان هەیە قسە بکەن، تاڤگە خان فەرموو.

**بەڕێز تاڤگە محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پرسیارەکەی من ئاراستەی وەزیری ناوخۆیە، لەڕاستیدا من پێش ئەوەی پرسیارەکەی ئاراستە بکەم، هەر خۆم دەمەوێت ئیشارەت بەوە بکەم، کە بە فیعلی هۆشیاری نییە، کە ئافرەت موعەرەز بێت بۆ توندو تیژی، هۆشیارییەك نییە، بۆ ئەوەی ئافرەتەکە بچێتن شەکوا بکات، یان حاڵەتەکەی خۆی بگەیەنێت، من لێرەدا ئەوە نیە پاساوێك بێت بۆ وەزارەتەکانی بیهێنمەوە، یان بۆ وەزیرەکانی بهێنمەوە، بەڵام ئەگەر لە

حاڵەتێکدا ئافرەتێك، یاخود وەزارەتێك پێی زانیی کە ئافرەتێك رووبەڕووی کوشتن بۆتەوە، یان مەترسی لەسەرە، چۆن مامەلە لەگەڵ ئەو کێشەیە دەکات، بەلاَم لە حاڵەتێك کە پێ زانیی نەك دواتر خۆی بەدواداچونی بۆ بکات، چونکە هۆشیاریەك نییە لە کۆمەڵگەکەمان کە ئافرەت پێش ئەوەی هیچ شتێکی لێ بکرێت، یاخود بەشێوازێك بێت بتوانێت شەکوای خۆی بگەیەنێتە وەزارەتەکان، یان خاڵەکەی تر دەمەوێت ئیشارەتی پێ بدەم لەڕاستیدا ئێمە لە راپۆرتەکەدا باسمان کردووە، لە لیژنەی داکۆکی کردن لە مافی ئافرەتان و ژنان کە سوڵحی عەشایری نەمێنێتن، ئێمە نەمان گووتوە سوڵحی عەشایری بە موتڵەقی نەمێنێتن، ئێمە دەستخۆشی دەکەین زۆر لەو کێشانە لە رێگەی سوڵحی عەشایرییەوە بن بەست کراوەو توانراوە بگەینرێتە نەتیجەیەك کە سوڵحێکی باش بێتن، بەلاَم گوتوومانە لە حاڵەتی سوڵحی عەشایری، ئافرەت بەکار نەیەت وەکو کالاَیەك، بۆ خۆش کردنی ئەم خوێنە، بۆ ئەو سوڵحەی کە دەکرێتن لەنێوان دوو هۆزە، یان دوو تیرەیە، زۆر سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆرسوپاس، کێ هەیە لە خوشك و برایانی ئەندامانی پەرلەمان پرسیارێکی هەبێتن، بەمەرجێك ئەم پرسیارە نەکرا بێتن، دووبارەی ئەکەمەوە نەکرابێت، ئەوەی پرسیارێك بکات، پرسیارەکەی هەبێتن، قسەکەی دەبڕم، لەبەر ئەوەی تکا دەکەم لێم تووڕە نەبێتن، کاك محمد فەرەج فەرموو.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من تەوزیحێکم هەیە لەگەڵ دوو سێ پرسیار، تەوزیحێ لەسەر ئەم راپرسەی وەزارەتی کاروباری کۆمەلاَیەتی، من پێم وایە ئەوەی کە شارەزا بێت، یەعنی لەم مەسەلەیە دوورە، بەپێچەوانەوە ئەمە بە کارێکی زۆر خراپ دەزانرێت، لە کۆتایی ئەمە بە قەتل دەزانرێت، هەر کەسێ ئیتیهامی ژنەکەی خۆی بکات، ئەگەر چوار شاهێد نەهێنێ، یان ئافرەتەکە خۆی ئیعتراف نەکات، ئەوا ئەو کەسە عقوبە ئەدرێت، ئەگەر هەر جۆرە دەست درێژیەك بکاتە سەر ئەم ئافرەتە، ئەگەر کۆتاییەکەی کوشتن بێت، ئەمە قەتلە، قەتلی عەمدیشە، نەك قەتلێکی تر، قەتلی عەمد لە ئیسلامدا کوشتنەوەیە، یانی تۆڵەکەی کوشتنەوەیە، هەرکەسێ ئەم کارە بکات سەربەخۆ، خۆی کوشتنی ئافرەتێك لەسەر هەر جۆرە مەسەلەیەك بێت، بەتایبەتی ئەو مەسەلانەی شەرەف، چونکە لە ئیسلامدا ئەسڵ شاردنەوەو وەکو دەڵێت پەردە پۆشینی ئەم مەسەلەیە، ئەگەر دەلیلێکت نەبێت، دەلیلەکەش ئەوەیە یان دەبێ چوار شاهێد بێنی ئیسپاتی بکات، یان ئەگەر نەیبوو ئافرەتەکە خۆی ئیعتراف بکات، ئەگەر هیچ یەکێك لەم دووانە نەبوو، هەر جۆرە دەست درێژییەك بکات، ئەوە بە تاوان حیساب دەبێت و گەورەترین تاوانەکە بریتییە لە کوشتنەوە، چونکە قەتلێکی عەمدە، لەبەر ئەوە هیچ پەیوەندییەکی بەوە نییە.

دووەم/ لــە كوردســتان وابــزانم وەزارەتــی نــاوخۆ بەرپرســە لــەوە، زۆر لەســەر رۆژنامەكانــە دەبيــنين ئــەم لەشفرۆشانە دەگيرێن، لەشفرۆشی لەسەر بانـدی لەشفرۆشـتن دەگيرێـن، بـەڵام زوو زوو بـەردەبن، يـانی زوو دەگيرێن و زووش بەردەبن، ئەمەش يەكێكە لەم گرفتانە.

سێيەم/ وەزارەتی رۆشنبيری لێـرە بوايـە، چـونكە ديـاردەی بـەرەو دان بـە سـێكس، يـان پـيرۆز كردنـی، يـان تەمجيد كردنی رەزيلە، ئەگەر بە عەرەبيەكەی بڵێم زۆر ديارە، مەسەلەن لە رۆژنامەكاندا هەر رۆژنامەيەك دەبينی لە كۆتاييەكەی دەبێ وێنەی كچێك، هونەرمەندێكی جيهانی گەورە بەشێوازێك ديار بێت، دەڵێی بۆ ئەمـە وايـە، دەڵێـت ئەمـە بـرەو دەدات بـە رۆژنامـە، لێـرەوە بيگـرە تـا ئـەو بابەتانـەی كـە لەسـەر ئەمـە ئەنووسرێت پێم وايە ئەمە كۆنترۆڵ كردنێكی ئەخلاقی ئەوێت.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك محمد حكيم فەرموو.

**بەڕێز محمد حكيم جبار:**

**بسم الله الرحمن الرحيم**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بـەخێرهاتنی وەزيـرە بـەڕێزەكان دەكـەم، مـن ئەمـەی مامۆسـتا دووبـارە ناكەمـەوە، بـەڵام ئەوەنـدە ئـەڵێم لەئيسلامدا جێ بەجێكردنی حدود ئەركی دەسەڵاتە، ئەركی تاك نييە، هەر كەس بۆی نييە لـە دەوڵـەتێكی ئيسلامی هەڵسێ خۆی حەددێك لە حدود جێ بەجێ بكات، ئەوە عولەما لەسەری موتەفيقن.

دووەم/ ئيزافەيەك بۆ قسەكانی مامۆستا، ئيسلام زياتر لەو مەسەلانە بەلای سەترا كێشاوەتی، خۆشی ئەو گرفتانەی كە روو دەدەن لەسەر مەسەلەی شەرەف، بۆ نموونە ئەگەر پياوێك ژنەكەی تۆمەتبار بكـات، هـيچ شاهێدی نەبێت، خۆی چوار جار سوێند بخوات لەسەر ئافرەتەكە، پێنجەم جار لەعنەت لە خـۆی بكـات، كـە درۆ دەكـات ئـەو كـات قـازی گـوێ لـە ئافرەتەكە دەگرێـت، ئەگـەر ئافرەتەكـە چـوار جـار پياوەكـەی بـە درۆ بخاتەوەو بڵێ بۆ پێنجەم جار غەزەبم لێ بێت، ئەگەر من درۆ دەكەم، ئەو كات قازی حەددەكە رادەگرێـت و قسەی ئافرەتەكە زاڵ دەبێت و قسەی ئافرەتەكـە سـەردەكەوێت، ئەمـە تێمـان دەگـەينێت كـە ئيسـلام تـا چ رادەيەك رێی لەم دياردەيـە گرتـووە، ئەگـەر راپرسـييەتی بكـەين، لـە پيـاوان بپرسـين، ئايـا بـە چ دافيعێـك ژنەكەت، يان كچەكەت، يان خوشكەكەت كوشتووە، زياتر دافيعـەكان كۆمەڵايـەتين، عەشـايرين، كـەمتر وايـە دافيعێك بێت لە شەرعەوە هەڵقولا بێت، من كۆمەڵە پرسيارێك روو دەكەمە برايانی وەزيرەكان هەر يـەك بەپێی تايبەمەندی خۆی، ئەويش ئێمە بـا تـەنها تەماشـای كوشـتنەكە نەكـەين، چـين ئـەو هۆكارانـە كـەوا پێشتر وا دەكەن، كـە ئـەو حاڵەتـە روو بـدات، ئێمـە لـە كوردسـتان كۆمـەڵێك ديـاردە هـەن، بـۆ نموونـە مـن ئيشارەت بە هەندێك دەدەم بەو فەرهەنگە ئيعلاميـەی كـە مـن خـۆم لەگـەڵ رای ئـازادم، لەگـەڵ رۆژنامـەی ئازادام، بەڵام سنوورێك بۆ هەندێك مەسائيل ببێت، هەندێك بابـەت كـە لـە رۆژنامـەكان دەخوێنينـەوە بـە

حەقیقەت وەکو مامۆستا وتی تەمجیدی رەزیلات دەکات، تۆ تەماشا بکە لە ناو زانکۆکانـە، لـە نـاو کچەکاندا سیدی بڵاو بۆتەوە، سیدی گرتە بڵاو بۆتەوە، ئەم بابەتانە رێ خۆشکەرێکە بۆ ئەم مەسەلانە.
نوقتەی دووەم/ مۆبایل، باشە بۆ لەسەر مۆبایل موراقەبە هەیە لەسەر قسـەی سیاسـی چـەندین کـەس سـێ ساڵ و چوار ساڵ لەسەر مۆبایل گیراوە، بۆ چوار گەنج کە بە کچی خەڵك رادەبوێرێ چوار مانگ لەسەر ئەم مۆبایلە ناگیرێت، ئەم موراقەبەی کە لەسەر مۆبایلەکان هەیە با تەنها بۆ سـەر مەسـەلەی سیاسـی و ئـەمنی نەبێت، بۆ مەسەلەی هینیش بێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مامۆستا دوو دەقیقە زیاتر قسەت کرد ببوورە، داوای لێبوردنت لێدەکەم، هەرچەندە قسەکانت زۆر بەجێنە زۆر سوپاسیشت ئەکەم، بەڵام بۆ ئە وەی حەقی ئەوانی تر نەسووتێ، کاك غفور فەرموو.

**بەڕێز غفور طاهر سعید مەخموری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بـەخێرهاتنی وەزیـرە بـەرێزەکان دەکـەم، بـە حەقیقـەت کـە لێـرە مـاوەی قسـە کـردن کەمـە پرسـیارەکانم راستەوخۆ ئاراستەی وەزیرە بەرێزەکان ئەکەم، دووپرسیارم هەیە ئاراستەی وەزیری دادیان ئەکەم، یەکـەم/ ئایا کاتی ئەوە نەهاتووە یاسای کاروباری کەسێتی هەموار بکرێتەوە، بەڕاستی ئەم یاسـایە هەنـدێك قـانونی تێدایە ئاسانکاری دەکات بۆ پیاو کە پەنا بۆ کوشتنی ئافرەت ببات، بۆیە ئەم ماددانـەی کـە رێ بـۆ کوشـتنی ئافرەت دەبەن، یان هەموار بکرێن، یاخود رابگیرێن، پرۆژە یاسـایەك ئامـادە بکرێـت و بگاتـە پەرلـەمان، بـۆ ئەو مەبەستە کارێکی باش دەبێتن.
دوو/ هەندێك جار کەسێك، ژنێك، کچێك هەڵدەگرێت، کـە مەسـەلەی سـوڵح دێـتن دەبـێ ئافرەتێـك یـاخود خوشکی خۆی بداتن، یان دوو ژن بداتن، باشـە پیاوەکـە هەڵەیـەکی کـردووە، ژنێکـی هـەلگرتووە، لەوانەیـە هەڵەیەکیشی نەکرد بێت لـە هەنـدێك حاڵەتـدا، ئەگـەر بیخەینـە قـالبێکی تریشـەوە، بـەڵام خوشـکەکەی چ تاوانێکی هەیە، کێ دەڵێت خوشکەکەی بەم پیاوە رازی ئەبێت، بۆیە وەزیـری داد ئەگـەر بکرێـت لـە رێگـەی مەحکەمەکانەوە ئاگادار بکرێتەوە ئـەم جـۆرە گرێبەسـتنی مارەکردنانـە ئـەنجام نـەدرێت لـە دەزگاکـان، بـۆ چارەسەرکردنی خوێنداری بـێتن، یـاخود بـۆ چارەسـەرکردنی کێشـەیەکی تـر بێـت، کـە باسـم کـرد ئـافرەت لـەجیاتی وەربگیرێـت، بەنیسـبەت وەزارەتـی هـەرێم بـۆ کاروبـاری ئافرەتـان بەڕاسـتی مـن پـێم باشـە ئـەو وەزارەتـە ئەگـەر بکرێـت کۆنفراسـێك بکـرێتن، چـونکە پرسـێکی گەورەیـە، پرسـێکی وانیـە بـە یـەك، دوو دانیشتن چارەسەر بکرێ، هەرچی رێکخراوەکانی ئافرەتان هەیە، هەرچی ئەو لایەنانەی کە پەیوەندارن بەم مەسەلەیە ئاگادار بکرێن لەوێ پرۆژە یاسایەك ئەنجام بدەن رێ بگرێـتن لە کوشتنی ژن، لـەوێ ئالەتـەکیش دابنرێت بۆ چارەسەرکردنی ئەم گرفتانە زۆر سوپاس بۆ هەموو لایەك.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خاتوو گوڵناز فەرموو

**بەڕێز گوڵناز عزیز قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەخێرهاتنی وەزیرە بەڕێزەکان دەکەم، بەداخەوە ئەمڕۆ لەم دیاردانەی کە روو ئەدەن، ئێمە لە کوشتنی دوعاوە بۆمان دەرئەکەوێت، کە چ ناکۆکیەك هەیە، ناڕەوایی کردن بەرامبەر ژنان، پرسیارەکەم زیاتر بۆ وەزارەتی داد و وەزارەتی ناوخۆیە، لەسەر مەسەلەی دوعا چەند کەس گیراوە، چونکە ئەمە گەورەترین نموونەی تاوانە بەرامبەر ژن کراوە، ئەو ژنانەی دیکە کە ئەکوژرێن بەشێکن لەو تراژیدیایە، ئێمە لە رێگەی راگەیاندنەکانەوە بینیمان.

دووەم شت جیاوازی ئامارەکان/ گومان کردن لە بەندیخانەو شوێنەکانی چاکسازی، ئەمە پێویستە وەزارەتی ناوخۆ بەدواداچوونی هەبێت، نابێت ئەم شوێنانە جێگەی گومان بن، نەبوونی سانسۆرو رێگری توند لەسەر ئەو پیاوانەی کە بازرگانی بە ژنانەوە ئەکەن، ئێمە لە شوێنێك کە باسی ژنێك ئەکرێت ژمارەیەکی زۆر لەوە زیاتر پیاو لە پشتییەوەیە، کەچی نابینرێت سزا بدرێت لەو مەسەلانە، نەبوونی سانسۆرو رێگری لەسنوورەکان و هاتنە ناوەوەی ژنانی بێگانە، نەبوونی سانسۆرو چاودێری لەسەر ئامێرەکانی گەیاندن مۆبایل، تی ڤی، ئینترنیت، بڵاوکردنەوەی وشیاری کۆمەڵایەتی بەتایبەت لەناو لاواندا، بەتایبەت لەناو کوڕاندا، دەست کردنی باری کەسیتی ژن لەمیراس و لەمێرد و پشکی ئابووری پارێزراو بێت، بەتایبەت ئەو ژنانەی تەلاق ئەدرێن و لەماڵ و منداڵیان ئەکرێن، پشکێك لەم ئابووری یە پیاوەکە بە ژنەکە ببەخشرێت، مافی زۆڵم لێکراو بێت، ئەم پیاوە نەتوانێت لە هەموو شتێك بێ بەری بکات، رۆژنامەکان و راگەیاندنەکان هۆیەکەن بۆ تەشەنەکردنی ئەم دیاردانەو ئێمە قسە لەسەر ئەوە ئەکەین وەزارەتێك هەیە بەناوی ژنانەوە، ئایا کێ عەواملیی چاك یا ئابووری باش یا وەزارەتێکی باش خراوەتە بەر دەستی ئافرەتان تا بتوانن کار بکەن .زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس دوو تێبینیم هەیە، وتم ئەوەی پرسیاری هەیە، نەك پێشنیار، ئەمەی کردی پێشنیارە، پرسیار نیە پێشنیارەکانی بەجێن , دووەم/ تکا دەکەم بەبێ پێشەکی تاکو ئیستیفادە لە وەقتەکە بکەن و پرسیارەکانتان ئاراستە بکەن، ڤیان خان فەرموو.

**بەڕێز ڤیان سلیمان حاجی بشار:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پرسیارێکم هەیە ئاراستەی وەزیری ناوخۆی دەکەم، پرسیارەکەشم ئەوەیە لە هەندێ بنکەی پۆلیس کەم تەرخەمی هەیە بۆ ئەو ژنانەی کە دەچن سکاڵا لەسەر مێردەکانیان تۆمار دەکەن، داوا لە وەزیری ناوخۆ دەکەم بۆچی ئەم کەم تەرخەمیە لە ناو بنکەکانی پۆلیسدا هەیە، لە جیاتی ئەوەی سکاڵاکەی تۆمار بکات و

یارمەتیدەری بێت مافەکەی بپارێزێت، تازە ئامۆژگاری دەکات بۆ کۆمەڵایەتی و شتی وا بۆی تۆمار ناکاتن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك ئاخر فەرمووە.

**بەڕێز اخر جمال انور:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی من گوێم لە هەندێ خوشکانی بەڕێز بوو گلەیەکی زۆریان هەبوو لەسەر مەکتەبی کۆمەڵایەتی، مەکتەبی کۆمەڵایەتی چارەسەری زۆر گرفتی کردیە لە کوردستان، زۆر کێشەی یەکلا کردۆتەوەو هەندێ خەڵکەکە  بەبێ مەکتەب ژنانیان داوەتە یەك و چ پەیوەندیان بەیەکەوە نەبووە، ئینجا بۆیە من لەگەڵ ئەوە دانیم مەکتەبی کۆمەڵایەتی بڵێن حەل بکرێ، یان ئەوانە دەستکەوتی باشیان بە دەست هێنایە، هەندێ شتیش ئێمە دەبێ بەڕاشکاوی باسی بکەین بتەوێ و نەتەوێ هەموو جار پیاو بەرپرس نیە لە کوشتنی ژنان، ژنیش خۆی بەخۆیدا بەرپرسە لە کاری خراپ، کاری خراپی بەدوا دێت، بۆیە لێرەدا دەوری یەکێتی ئافرەتان و ژنان لە کوردستان کەم بووە، لە رووی رۆشنبیرکردن و ئاراستە کردن، ئافرەتان لە رووی چوونی ماڵێك، هەموو ماڵێك کە ئافرەتی تێدا بێتن، بۆیە ئەبێ گلەیەکە لە خۆیان بکەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

رەنگە هەندێ لە قسەکانت ئەندامانی پەرلەمان تێنەگەن، بۆیە کاری خراپ ئەوە نیە تاوانی بەرامبەر بکرێتن، بۆیە مەحکەمە هەیە، قانون هەیە، بەپێی قانون رەفتار بکرێت، بۆیە وازیحم کرد، تۆ مەقصەدت ئەمە بوو، ئەگەر مەقصەدێکت هەیە، وەعی ژنان باس نەکرێتن تۆ مەبەستت ئەوە بووە تێگەیشتن لە مافی خۆیان، بە تەئکید بۆ ئەوەی سەهوو نەبیتن لە قسەکانت، شێخ فەتاح نەقشبەندی فەرمووە.

**بەڕێز فتاح عبدالله نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشەکی بەخێر هاتنی هەموو وەزیرە بەڕێزەکان دەکەم، لەڕاستیدا ئەم دیاردەیەی ئێمە دەیبینین لە کوردستان، کوشتنی ئافرەتان شتێکی زۆر ناشرینەو لێدانە لەسومعەی کوردو ئیسلامیش، من ئەمە بە کارێکی خراپ ئەزانم و سایتەکان بەڕاستی شێوازێکی زۆر خراپ بەکار دێنن، بۆ ئەوەیانە سومعەی کوردی پێ ناشرین بکەن لەگەڵ ئیسلامیش، من ئەوە ئەڵێم ئیسلام لەم دیاردەیە دوورە، ئیسلامیش بەم دیاردەیە رازی نییە، ئیلا لە هەندێك حاڵەت نەبێت، قانونی، شەرع قانونی بۆ داناوە، چۆن خەڵك ئەکوژرێت ئافرەت بێت، یان پیاو، بە هەموو شێوەیەك ئیسلام رازی نییە بە کوشتنی مرۆڤ، چونکە ئیسلام رێزێکی تایبەتی

له ئافرەت ناوە، جیاوازی ئافرەت و پیاو لەناو ئاینی پیرۆزی ئیسلامدا نییە، بۆ نموونە خودای گەورە دەفەرموویێت: ئافرەت وەکو پیاو حیساب کراوە، وەکو حورمەتی گیراوە لەناو ئاینی ئیسلام، بەڵام ئێمە پێویستە بە دوای حلولی کێشەکان دابچین، لێرە زۆربەی ژنان ئیشارەتیان کرد بۆ وەزیرانی بەڕێز کە دەور ببینن، یان دەوریان نییە، پێم وایە پیشەکەی ئەگەڕێتەوە، ئێمە حلولێکی تایبەتی چۆن پێش لەو دیاردە ناشرینانە بگرین زیاتر سومعەمان پێ نەشکێت، من سوپاسی وەزیری ناوخۆ کاک کەریم ئەکەم، کە باسی وەزیری ئەوقافی کرد، من خۆم رەئیم وابوو کە بانگهێشتی وەزیری ئەوقاف بکرێت، بۆ ئەوەی لە رێگەی ئیعلامی خەتیبەکان رۆژانە لەناو هەموو مزگەوتەکان شێوازیك بۆ تەجیە، ئیرشادێك نییە، بۆ هەموو کوردستان بەکار بێت.

دووەمین/ ئەوەی دەور دەبینێت بۆ کارە سلبیەکەی یەکێتی ئافرەتان لەگەڵ رێزمدا، دەورەکەی کە پێویستە، هیچ وەعیەکی نییە، ئەو ئیرشادەی نییە ئیرشادی ئافرەتەکە بکات، بۆ ئەوەی کە خۆی بپارێزی، ناموسی خۆی بپارێزێت، چونکە پێغەمبەر ئەفەرموویێت (الدین الناموس)، کەواتە ئێمە بەشێوازێك دیموکراتیەت بزانین، دەمانەوێت بە کاتێکی زوو چاو لە ئەوروپا بکەینەوە، ئەمەش جەنابی سەرۆکی پەرلەمان، پێم وابێ هێشتا زووە، پێم باشە وردە وردە بۆ مەسەلەکە بچین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، دوو دەقیقەکەت تەواو بوو، قەیدی ناکا، زۆر سوپاست دەکەم قسەکانت زۆر بەجێ بوو، زۆر مەمنوونم لە پێشەکیدا وتم موقدیمەی تێدا نەبێ، ئاخیر قەیدی ناکات، مامۆستا سەعدەدین فەرموو.

**بەڕێز ملا سعدالدین عبدالله مولود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە قسەکانی وەزیری دادو وەزیری ناوخۆ وا دەرکەوت کە پرسیاری ئامارەکان دەکەن، ئەگەر یەك ژن بکوژرێت بەسە لە بۆ ئەوەی کە تەحقیق بکرێت و کە زەجەی گەورەی لەسەر دروست بکرێت، ئەمە هەندێك شت هەیە دەبێ واقیع تەماشا بکەین، واقیع وەکو واقیعی خۆمان، واقیعی کۆمەڵی خۆمان، لە ناو کۆمەڵگای خۆمان وشەیەك هەیە پێی ئەڵێن عەیبە، کە گوترا عەیبە، عەیب و عار دێتە گۆڕێ، شتی وا دروست بوو ئەو شتە بە پێشنیاری من بە دانیشتنێك و دانیشتنێکی تر کۆتایی پێ نایەت، یان چۆن قانونی ئیرهاب بە کوشتنی قاتیل عیلاجی نەکرا، ئەمەش دەبێ قانونێکی زۆر موشدەدی بۆ دەر بێت تاکو لێرە لە پەرلەمانی کوردستان عیلاجی ئەم شتە بکرێت، تاکو بەسەدان ئافرەت نەکوژرێت و خوێنی بەفیرۆ نەڕواتن، جا جەنابی سەرۆك پەرلەمان با ئەو حاڵەتانەی هەیە، ئێستا یەك یەك چارەسەری بکەین، پەنجە لەسەر حاڵەتەکان دابنرێت، لەسەر قەزیەی خیانەت بێتن، خیانەتێکی زەوجی بێتن، یان ئەوەیە کە عەیب و عارێکی گەورە بنێتەوە، ژنەك شەوێ لەگەڵ پیاوێك بنوێتن و عەیبەك بهێنێتە سەر خێزانەکەی، ئەمە کێشەکە نابێتن چاو پۆشی لێبکرێتن، چونکە کۆمەڵگەی ئێمەی وا بەزوویی ئەو قەزیانە لە بیر ناکات، ئەوە دەبێت عیلاج بکرێت، ئەوە دەبێت دەستی لەسەر دابنرێت و لەگەڵ رێزمدا.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك جەمال فەرمووە.

**بەڕێز جمال محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من چەند پرسیارێكم هەیە لە وەزیرە بەڕێزەكان، یەكەم/ دەست نیشان كردنی هۆی لێشاوی لەشفرۆشی و بازرگانی كردن بە ژنانەوە، چارەسەر كردن باشتر نییە لە ڕێگە گرتن لێی.

دووەم/ باشتر نییە ئەو شوێنانەی كە ئافرەتی لێ دالْدە دەدرێت سەرپەرشتی بكرێت لە لایەن پسپۆری ئافرەتەوە.

سێیەم/ ئایا وەزیرە بەڕێزەكان تا چ رادەیەك هاوكاری ئەو شوێنانە دەكەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

پرسیارەكانت بەجێن، بەلاْم پرسیارەكە بۆ وەزیرەكە دیاری بكرێت بۆ كام وەزیرە، چونكە هەر یەكە مەسئوولن لە بەشێك لەو پرسیارانە، كاك باپیر كامەلا فەرمووە.

**بەڕێز باپیر كاملا سلیمان:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

دیارە پرسیارەكانی كە من دەمویست بیانكەم، زۆربەیان باسیان كرد، تەنها پرسیارێكم ئاراستەی وەزیری ناوخۆ و وەزیری كاروباری كۆمەلاْیەتیە، ئەوەی دیاردەی لەشفرۆشی كە هەیە، دیارە كۆمەلگەی ئێمە تەقەبولی ئەوە ناكات، ئایا چەند ڕێگە گیراوە، چەندیش ڕێگە جیا بكرێتەوە لە كۆمەلگا جیا بكرێتەوە، شتێكە بوونی هەیە، واقیعێكە بوونی هەیە، تا چەند ئەوە دەكرێت، ئەوەی تر من دەمەوێت روون كردنەوەیەك بدەم، ئەگەر ڕێگە بدەن، ئەویش ئەوەیە ئەو كێشەیەی كە باسی دەكەن كێشەی ژنان، ئەوە مێژوویەكی ریشوویی هەیە، سەرچاوەیەكە لە كەلتورەوە، ئێمە دەزانین وێڕای ئەوەی كە پێشكەوتنێكی باشیش تا ڕادەیەك لە كۆمەلگای ئێمەدا هەبووە، بەلاْم لەگەلْ ئەوەش ئەو ڕادە پێشكەوتنە نییە، كە شۆڕشی زانیاریەكان و پەیوەندییە خێراییەكان بێت، ئەوەش بوونە بە كۆمەلێك گرفت و كۆمەلێك كێشەی كۆمەلاْیەتی لێ كەوتۆتەوە، دەكرێت ئەو كێشەیە ئێمە تەسنیفی بكەین بە دوو شێوە، كێشەیەك پەیوەندی بە دەسەلاْتەوە هەیە، بەشێكیشیان پەیوەندی بە كۆمەلگاوە هەیە، كۆمەلگا ئەوەی سەرچاوەی لە كەلتورەوە وەرگرتووە، ئێمەش بەشێكین لەو كۆمەلگایە، لەناو دەسەلاْتیشدا دەسەلاْتی تەشریعی هەیە، دەسەلاْتی تەنفیزی هەیە، ئێمە ڕێگە چارەیەك دانین بە یاسایەك بۆ ڕێگە گرتن لەو دیاردەیە و چاودێریشی بكەین بۆ جێ بەجێ كردنی، من پێم وایە ئەوەی بۆ چارەسەر كردنی ئێستای پێویستە، بە پەلە ئالیەتێك دابنرێت، بەتایبەتی لە وەزارەتی ناوخۆ دەكرێت بەشێك لە پۆلیس تایبەت بێت بە بەدواداچوونی كێشەی ژن كوشتن لە كۆمەلگادا، بەلاْم لەناو كۆمەلگاشدا دەكرێت، مەسەلەی كوشتنی ژنان دەكرێت بە دوو بەشەوە، بەشێكیان خۆیانن، كە سەرچاوەی خودی ژن خۆی دەكوژێت، یەكێكیشیان كە ژن دەكوژرێت، ئەوەی كە ژن

دەكوژرێت دەكرێت بە رێگەو شوێنی یاسایی چارەسەر بكرێت و رێگەی لێ بگیرێت، ئەوەی كە ژن خۆی دەكوژێت، پەیوەندی بە وشیاری ژنەوە هەیە، دەكرێت لە رێگەی بەرنامەی پەروەردەییەوە بەتایبەتی پەروەردەو، لە رێگەی وەزارەتی دادیش دەكرێت زیاتر لە رێگەی یاساوە مسۆگەر كردنی مافەكانی ئازادیەكان بەتایبەتی ئازادی تاك، دەكرێت ئێمە لێرە بڕیاری لەسەر بدەین و بكرێتە یاساو وەزارەتی داد جێ بەجێی بكات و دەزگا پەیوەندیدارەكان بۆ جێ بەجێ كردنی بەدوایدا بچن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

سوپاس، كاك دكتۆر نوری فەرموو.

**بەڕێز د.نوری جمیل تاڵەبانی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

راپۆرتی لیژنەی داكۆكی كردن لە مافی ئافرەتان و وتەی بەشی زۆری ئەندامانی پەرلەمان و روون كردنەوەی جەنابی وەزیرەكان، ئاماژەی تێدا كرا بوو بۆ هۆیەكانی ئەم دیاردەیە، هەموویان راستن، بەلاًم هۆی سەرەكی كۆمەلاًیەتییە، خێلایەتیە دیاردەی دەسەلاًتی پیاو سالارییە، لێرەدا رۆڵی پیاوانی ئاینی گەلێك گرنگە بۆ ریسوا كردنی ئەم دیاردەیە، وەكو نموونەش من ئاماژە بۆ ئەم دیاردە دەكەم لە ولاًتانی كەنداودا، كە لە رووی كۆمەلاًیەتیەوە لە كۆمەلگای ئێمە گەلێك دواكەوتووترن، بەلاًم ئەم دیاردەیە كەمترە، هۆیەكەشی ئەوەیە كەوا لە كاتی روودانی كارێكی وادا ژن و پیاو لە یەك جیا ببنەوە، یان هەوڵ دەدەن كچەكە بە شوو بدەن، بۆیە دەڵێم پێویستە ئەو هەموو وەزارەتانە، بەتایبەتی وەزارەتی ئەوقاف، وەزارەتی داد، وەزارەتی كۆمەلاًیەتی، وەزارەتی مافی مرۆڤ، هی ئافرەتان و ناوخۆ هەموو پێكەوە كار بكەن و هاوكاری بكەن بۆ چارەسەر كردنی ئەم كێشەیە، پرسیارەكەم تەنیا ئەوەیە ئایا تاكو ئێستا پێكەوە كارێكی وایان كردووە؟ ئایا نیازیان هەیە پێكەوە دابنیشن و بەرنامەیەكی هاوكار دابڕێژن، بۆ نەهێشتن و ریسوا كردنی ئەم دیاردەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

سوپاس، كاك مەلا ئەنوەر فەرموو.

**بەڕێز ملا انور محمد غفور:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

سەرەتا دەستخۆشی لە سەرۆكایەتی دەكەین و دەستخۆشی لە لیژنەی داكۆكی كردنی ئافرەتان و ژنان دەكەین، بۆ سازدانی ئەو جەلسەیە، ئەوە كارێكی زۆر پیرۆزە، دیفاع كردن لە خوێنی مرۆڤ بە گشتی بەبێ ئەوەی جیای بكەیتەوە، چونكە باس باسی مرۆڤە (من قتل نفساً بغیر نفس او فساد في الارض فكأنما قتل الناس جمیعاً)، باس لە باسی نەفسە بەبێ ئیعتیباراتی عەقیدەیی و جنسی، ئەوەی كە پێویستی بە روون كردنەوە هەیە، هەموومان دەزانین كە ئێستا باسی دەكەین ئیسلام وەكو مەنهەج جیایە لەگەڵ ئەو

هەڵسوکەوتەی دەکرێتن لە ناو کۆمەڵگادا، بەشێکی زۆری عورفییە، هەروەها خێڵەکی زاڵە بەسەر واقیعەکەدا، پێویستی بە ڕۆشن کردنەوە هەیە، من ئەوەی حەز دەکەم عەرزتان بکەم، ئەوەی هەر باس لە باسی کوشتنی ئافرەتە، لەوانەیە پیاویش دەستی هەبێت لەو جەریمەیەدا، بەهۆی بوون بە سەبەبی ئەوەی کە ئافرەتەکە بکوژرێت، یەعنی هەر ئەوە نییە ئافرەتەکە خۆی دەستی هەبێت لە قەزیەکەدا، ئەویش هەر سەبەب و هۆکارە لە جەریمەکە، من پێم چاکە هەروەکو لە وەزارەتەکان وەزیرە بەڕێزەکان کە لێرەن، ئەسڵ وا بوو وەزیری ئەوقافیش وەکو جەنابی وەزیر باسیان کرد لێرە بوایە، چونکە ئەوە مەوزوعەکە بوعدێکی دینی هەیە، ئەوە کێشەی ئێمەیە، من پرسیار دەکەم لێرە، ئێمە چۆن بتوانین نەقل بە کۆمەڵگایەکەمان بکەین لە هەر حاڵەتێکی تەقلیدی و عەشائیری بۆ حاڵەتێکی یاسایی، پرسیارم لە وەزیرە بەڕێزەکان هەیە، هەموو وەزارەتێك بەشی ئیعلامی هەیە، ئەو هەموو تەلەفزیۆنە بەتایبەتی تەلەفزیۆنی هەرێم هەیە، دەوری وەزیرە بەڕێزەکان چیە بۆ ڕۆشن کردنەوەی دەوری خۆیان تا خەڵك فێرە وەعیەکی یاسایی بێت، ئایا ناکرێت هەفتەی جارێك وەزیرێك بانگ بکرێت، تاکو باس لە مەهامی وەزارەتی خۆی بکات، کۆمەڵگا ئاگادار بکاتەوە لەوەی کە دەتوانێت پەیوەندی بکات و، خەڵکێك کە کێشەی هەیە لە دەست حاڵەتی یاسایی، وەکو باس کرا ئافرەت موشکیلەی هەیە لەگەڵ مێردی، موشکیلەی هەیە محامی بگرێت، یان شتێك بکاتن، بەلام ساڵێکی پێ دەچێت لە مەسەلەکەدا خۆی تووشی کوشتن و ئەوانە دەبێتەوە، بۆیە پێشنیارم ئەوەیەو داوا دەکەم لە وەزیرە بەڕێزەکان وەزارەتی خۆیان لە رووی ئیعلامەوە تەفعیل بکەن و بتوانن خەڵك پەیوەندیان پێوە بکەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاك بەکر فەرموو.

**بەڕێز بکر فتاح حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو ئەندامە بەڕێزانەی پەرلەمان دیارە زۆر لەو پرسیارانەیان کرد، من پێشنیار زیاتر بکەم، پێشنیارەکەش ئەوە بوو ئەو زاهیرەیە زاهیرەیەکی زۆر فراوانەو زۆر گەشەی کردووە، دیاردەیەکی زۆر خراپە، لەبەر ئەوە بڕوا ناکەم بە جەلسەیەکی پەرلەمان بتوانین چارەسەری ئەو کێشەیە بکەین، بۆیە کردنی کۆنفرانسێك کە هەموو ئەو کەسانەی پەیوەندیدارن بەو مەسەلەیەوە، هەروەکو ئەو برادەرانەی باسیان کرد کە وەزیرە بەڕێزەکان و سەنتەرەکانی ئافرەتان و جگە لەوەی کۆمەڵێك ڕووناکبیری گەلەکەمان بەشداری بکەن لەو کۆنفرانسە بۆ دۆزینەوەی چارەسەر کردنی ئەو کێشەیە، چونکە کێشەیەکی قولە، یەك شتی تر لەلام گرنگە ئەوەیە کە هێزەکانی پێشمەرگەو ئاسایش و شورتە بەڕاستی کەم تەرخەمیان کردووە لە بە گژ داچوونەوەی ئەو دیاردەیە، چونکە ئەویش مەسەلەکە ئەگەر چری بکەینەوە مەسەلەی شەرەفە، مەسەلەی شەرەفیش لە لەشفرۆشی، یان لە عیلاقاتی عاتیفیەوە دێت، یان تێر کردنی هەوەسی گەنجایەتی، ئینجا بەنیسبەت هێزەکانی ئاسایش و شورتە، دەبێت زۆر زیاتر و زۆر جددی تر بەگشت ئەو دیاردەیە

بچنەوە، ئەویش لە ڕێگەی ئەوەی کە ئاسانکاری بۆ ئەوانەی کە لەشفرۆشی دەکەن، نەکرێت، دووهەم تێکەڵاو کردنی لەشفرۆشەکان کە خەڵکی تری پێ ئالودە دەبێت، بەپێی ئەو دیراسانەی کە کراوە، ئەو راپۆرتانەی بڵاو کراوەتەوەو دیراسەی تەحقیقی و تەحلیلی لەسەر ئەو مەسەلەیە زیاتر فراوان بوونی زاهیرەی لەشفرۆشی لە ئالودە بوونی خەڵکی تردا لەناو زیندانەکانی خۆماندا، زۆر سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، کاك شێخ ئەدهەم بارزانی فەرموو.

**بەڕێز ادهم عثمان احمد بارزانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سوپاس بۆ ئەو دەرفەتێ، تکایە ئەگەر من چەند سانییەك زێدە بەردان بە حەفتە لە پەرلەمان حازر نەبووم، ئەگەر یەك دوو دەقیقە وەخت بدەیە من، من مەمنون دەبم بە ئیجازەیا هەمی برایەت منی پەرلەمانێ.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لەجیاتی ئەندامانی پەرلەمان ڕێگای دەدەین، ئەوەلەن بەخێر بێیەوە، ئینشائەڵلا کوڕەکەشت سەلامەت دەبێتن، لەبەر نەخۆشی کوڕەکەت ئەو چەند مانگەی غایب بووی، ئینشائەڵلا بە سەلامتی هاتیەوە، ئەویش سەلامەت دەبێتن، دەقیقەیەکیش بۆ جەنابت زیاتر، فەرموو.

**بەڕێز ادهم عثمان احمد بارزانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سوپاس بۆ جەنابێتە، سوپاس بۆ برایێت بەڕێز، لەڕاستیدا لەسەر ئەو بابەتەی، من حەز کر هەندێك بۆچوونی خۆ بەو شکلەی بۆ جەنابێتەو برایێتە بەڕێز دیار بکەم، ئەویش ئەوەیە بۆچوونا من موشکیلەمە چۆن کار کردنی وەزارەتا ناوخۆ، یان داد، یان مرۆڤایەتی دان نییە بە تەنێ، یان نەزەرا هەندەك برادەرا بەحسێ وەزیرێ ئەوقاف کرد، کە دەبێت ئامادە بوایە، راستە ئامادە بوونی ئەویش زەرورییە، لێرە من نەڤێتن ئەز لە نەزەرەکا شەرعی، یان لە دووی هەندەك یاسایێ نێو نەتەوەیی بۆ ئەو مەوزوعە بچن، ئەز لێرەدا بۆت دبێژم، ئەم هەمی مەوزوعە بەرپرسیارین، چ قوەتا تەنفیزی بێتن لە کوردستانێدا، چ قوەتا تەشریعی بێتن لە کوردستانێدا، چ قوەتا دادوەری بێتن لە کوردستانێدا، چ سوڵتە چاری راگەیاندن بێتن لە کوردستانێدا، ئەم هەمی لەم مەوزوعادا بەرپرسیارین، چونکی هەر مەوزوعێکی کو دێتە پێش، یان هەر گۆڕانکاریەکا ناڤ کۆمەڵگایەکدا، بێشك پێویستی، یان هەندەك ئامادەکاریا هەی، ئەڤا ئامادە کاریە بەچ شکلێك دێنە کرن، دیسان رێك و تەرتیبات و دووبارە دەوێت، بۆ ئەو مەوزوعەی پاش گۆڕینێ لە کوردستانێدا، پاش راپەرینا سالێ 1991 لە کوردستانێ، یان پاش گۆڕینا رژێما بەعس لە سالێ 2003دا، پاش دامەزراندنا پەرلەمانێ کوردستانێ سەعیا هەمی بەرپرسێت کوردستانێ، کە کوردستان بەرەو دەوڵەتێکا، موئەسەساتی بچێت و، ئێك لە خالێت ڤێ دەوڵەتا موئەسەساتی، یان حکومەتێکا موئەسەساتی

بۆ چوونامە ئازادییە، ئازادی بە هەموو رەنگی خۆوە، ئێك لە رەنگا ئازادی بۆ ژنێشە، ئازادی بۆ مرۆڤیە، ئەز لگەل رێژەی وی دانیمە، کە بێت لە پەرلەمانێدا (25٪) ژن بن، با لە پەرلەمانێ لە (75٪)ی ژن بن، با لە حکومەتێدا سەد لە سەد ژن بن، ئەڤە وەکی واقیعێکی ئەگەر ژنا کورد دەورا خۆ ببینی، بەلێ لێرە کە بەحسی ئازادیا دێتە کرن، گەلەك جار ئازادیا بەشێوەیەکی پێچەوانەیە بەحس کرن، خەلکێك تەسەور دکات، ئەگەر کچکە خۆ هاندا کە بە روتی بێتە سەرجادە، ئەڤەیە ئازادی، ئەگەر کچەکە بەرووتی بێتە سەر جادە با بێتە سەر جادەش، بەلاّم بەرپرسی دەرەجە ئێك ڤی مەملەکەتەیدا، ئەگەر ئامادە بن و حازریا نەفسی هەبێت، کە گشتی برووتی بێتە سەر جادە بێت یێت حازریەت بن، کە کچی واش پێویستە بێنە سەر جادە، هێندی مرۆڤ دی ئیدیعایە ئازادیە بە شکلەکی تر دروست بی، ئەگەر لێرە ئێمە پێیان هەستین بە شکلەکی ئەکادیمی بەحسێ بێمە سەرێ و دیراسەتی بکەین، دێ بەحسێ ئازادی کچ دەکەین، کچ ئازاد بێ هەر کارێك بکات، ئایا ئەمە پێچەوانەی ئەو تەوجیهاتە دایك و بابە، ئەم تەوجیها باب و براو خزم و کەسوکارێت ڤێ کچە بکەین، ئەگەر هاتوو کچی ئێوە بوو، هەر کارەکا چوو دەرێ، کارەکە هێن دەبی تێ بگەن، دەبی بزانن، هێن دەبی تەحەمولی ئەو وەزعە بکەین، بە رەئیا من ئیدیعا، یان بۆچوونی ئازادییێش، ئەمە بە شکلەکی ئەکادیمی ناکەین، زۆر سوپاس، چی تر وەختێ ناگرم، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خاتوو سەبریە فەرموو.

**بەڕێز صبریە غفار امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەڕاستیدا عادەتەن لە هەر شوێنێك شتێك بووە، حالەتێکی زاهیرە لە وەختەکی زەمەنیشدا دنیای گرتەوە، پێویستە حالەتێکی تەواریئ مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت، بۆیە من پرسیارەکانم بەشێوازێکی شمولی و کۆمەڵێك وەزارەتی پەیوەندیداری تریش دەگرێتەوە، یەکێك لەوانە ئەمەی کە ئێستا بۆتە دیاردەو پێویستی بە حالەتی تەواریئ هەیە، هەڵمەتی چاکسازی ئەم وەزارەتە پەیوەندیدارانە چیە؟ لە بواری راگەیاندن، پەروەردە، کۆمەڵایەتی، لەسەر خالێك دەوەستین، ئێمە هەموومان بەتایبەتی ئێمەی ژنانی ناو کۆمەڵگای کوردستانی قۆناغی باس کردنی مافی ژنە، کاتێك کە ماف پێشێل کراوە، ئەرکەکان لە وەختی خۆی زیاد لە حەد کراوە، مادام ئێستا قۆناغێکە زیاتر باس لە ماف دەکرێت، ئەگەر کۆنترۆڵ کردن و رێکخستنێکی لەگەڵدا نەبێت، حالەتێکی ناتەبیعی دروست دەبێت، بۆیە بواری وشیاری زۆر زەرورە.

خالی دووەم/ ئەم وەزارەتە پەیوەندیدارانە چیان کردووە لە بواری لێکۆڵینەوەی مەیدانی ئەم کێشانەو کۆکردنەوەی ئاماری دەقیق و ورد، کە بەداخەوە تاکو ئێستا ئێمە چەند شوێن رۆیشتووین ئامارەکان لێك ناچن و جیاوازی لەنیوانیاندا هەیە، لێکۆڵینەوەی کۆمەلایەتی لەنێوان کۆمەڵگادا زۆر لاوازە، کە پێویستە زیاتر بکرێت.

خاڵی سێیەم/ کار کردن لەسەر شوێنە دوورە دەستەکان، ئێمە دائیم وەکو ژنان گلەییمان لەوە دایە کۆنگرەو کۆنفرانس و ووۆرك شۆپەکان لە شارە گەورەکان دەکرێت، بەلاَم بەڕاستی زۆرێك لەم دیاردەیە لە شوێنە دوورەکانن و لە شاروچکەو لادێیەکان روو دەدەن، پێویستە ئەم وەزارەتانە پلانی تایبەتیان هەبێت.

خاڵێکی تر/ وەزارەتە پەیوەندیدارەکان چی دەکەن، یەعنی لە سەعاتی روودانی شتا بەدەمەوە بوونی بۆ نموونە ئەوەی کە دکتۆرە شوکریە ئاماژەی پێ کرد، بەڕاستی دیاردەیەکی دزێوە ئافرەتەکە لێی قەوماوە دەچێتە لایەنێکی چاکسازی، لەوێ جارێکی تر تووشی دەیان هەڵەی گەورە دەبێت.

ئاخیر خاڵم/ تەنزیم کردنی تەکنەلۆجیای نوێ لە ناو موجتەمەعی ئێمە، بەڕاستی ئێمە جارێکی تر ئەگەر وریا نەبین، خەریکە لە ئازادی بە هەڵە تێدەگەین، ئازادی لە هەموو دنیادا کۆنترۆڵ و تەنزیم و رێکخستنی خۆی هەیە، بەلاَم لە لای ئێمە تێگەیشتن لە ئازادی واتا رەهائی، یەعنی لەسەرتانسەری دنیا بڕوا ناکەم ئەنتەرنێت رەها بێت، کە ئەمڕۆ لە کوردستاندا رەهایە لەبەر دەستی گەنجەکاندا، دوا قسەم ئامارێك کرا بوو لە سلێمانی لە ناو زانکۆ لە (86٪)ی قوتابیانی زانکۆ بۆ شتە جنسیەکان لەگەڵ رێزمدا ئەنتەرنێت بەکار دەهێنن لە (14٪)ی بۆ بواری زانستی و عیلمی بەکاری دەهێنن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك حاتەم فەرموو.

**بەڕێز حاتم محمد جان حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من چەند خاڵێکم لەلا کۆ ببۆوەو پرسیار بوو بیکەم، بەلاَم دیار بوو برادەرە ئەندام پەرلەمانەکان کردیان، من نامەوێ دووبارەی بکەمەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دوا کەس قسە دەکات کاك عوسمان فەرموو.

**بەڕێز عثمان احمد حمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەڕاستیدا لەو جەلسەیە کە باسی کوشتنی ئافرەت دەکات، باسێکی زۆر گەورەیە، بەلاَم خەڵت کردن و تێکەڵ کردن، کە جاری وا هەیە لە راگەیاندنەکان، یان لەهەندێ تەسریحات خەڵك دەیبیستێ، وەکو تاکێکی کورد لەم ولاَتەدا مەحزون دەبێت، بەتایبەتی باس لە ناموس پەرستی، یان کە باسی غەسلوعار دەکات، لەڕاستیدا عار ئەو شتەیە کە کۆمەڵگا رادەگرێت، ناموس و شەرەف ئەوەیە کە مەحکمترین حاڵەتی پەیوەندیدارە کۆمەلاَیەتیەکان راگر دەکات، چەند پرسیارێك لە وەزارەتی رۆشنبیری کە بەداخەوە لێرە نییە، لە وەزارەتی ناوخۆ و کۆمەلاَیەتی دەکەم کە لێرە حزوریان هەیە، ئایا وەزارەتی ناوخۆ چ پلانێکی بۆ ئێستا و ئایندەدا هەیە، بۆ دەست بەسەر داگرتنی، یاخود کۆنترۆڵ کردنی ئەو باندە لەشفرۆشانەی کە لە باندەکانی تیرۆریست زیانی گەورەتریان بۆ کۆمەڵگای کوردەواریمان هەیە، وەزارەتی کۆمەلاَیەتیش چ

پلانێکیان بۆ ئێستاو ئاینده هەیە، هۆشیاری کۆمەڵایەتی و هاوزەمان لەگەڵ ڕێز گرتن بۆ بەها باڵاکانی کۆمەڵگەی کوردەواریمان، ئەو ڤییەمە عولیایەی کە لە ناو کوردەواری و کۆمەڵگەی کوردستان بەگشتی، کە ڕێز لێگیراوە بەدرێژایی مێژووی کوردستان، چ پلانێکی هەیە بۆ ئەوەی ئەو ڤییەمە عولیایەی تێك نەشکێنرێت، چونکە زۆر جاران ئەوە گرفت دروست دەکاتن بەداخەوە، وەزارەتی کۆمەڵایەتی چ پلانێکیان هەیە بۆ گەنجان، بۆ پرۆسەی هاوسەرگیری، یان چ کار ئاسانیەکیان هەیە، چ بەرنامەیەکیان هەیە لە دوای ئیقرار کردنی بودجەی هەرێمی کوردستان لە پەرلەمان ئینشائەڵلا لە نزیکترین وەقتدا، چ بەرنامەو پلانێکیان هەیە، بۆ ئەوەی کەوا کار ئاسانی بۆ گەنجانی کوردستان بکەن، بۆ ئەوەی بە پرۆسەی هاوسەرگیری خۆیان بپارێزن، تەندروستی و حورمەت و شەخصیەتی مرۆڤ سالاریان، بەداخەوە کە وەزارەتی ئەوقاف لێرە نییە، لەڕاستیدا ئەگەر لێرە بوایە ئەو پرسیارەم لێ دەکرد، تا کوێ پشتگیری لە خەتیبە دڵسۆزو مەلا دڵسۆزەکانی کوردستان دەکەن بەهاوکاری لەگەڵ وەزارەتی تەندروستی و ناوخۆ و وەزارەتی کۆمەڵایەتی و وەزارەتە مەعنیەکان، بۆ ئەوەی بە جددی یەعنی وەعیەکی کۆمەڵایەتی و ئاینی و دینی لەناو کۆمەڵگادا بەجۆرێك بلاَو بکەنەوە، سورەتی نور کە بەڕاستی نورو رۆشناییە بۆ ئینسانێك کە تێی بگات و لێی حاڵی بێت تێی دەگات، کە چ حەسانەتێك و پاسەوانیەك بۆ پاراستنی شەخسیەتی ئافرەت لە ئیسلامداو لە قورئاندا قەراری بۆ دراوەو باسی کراوە بە دەرەجە یەك (والذين يرمون المحصنات ثم لم يأتوا بها اربعة شهداء فأجلدوهم ثمانين جلدة ولا تقبلوا لهم شهادة ابدا، واولئك هم الفاسقون)، هەروەها مامۆستایان بە کوردی باسیان کرد، زۆر سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، ئەو پرسیارانەی کران زۆربەیان پرسیاری بەجێ بوون، ئەم دانیشتنە دانیشتنێکی زۆر گرنگە، لەبەر ئەوە داوای لێبوردن دەکەم، ئەو وەزیرە بەڕێزانە ئیش و کارەکانی خۆیان جێهشتووە، سەبریان هەبێتن لەگەڵماندا، پێشم وا نییە وەکو باسم کرد دوا جەلسە بێتن، جارێکی تر داوایان دەکەینەوە ئینشائەڵلا لە خزمەتیان دەبین لێرە، بۆ ئەوەی ئەو مەسەلەیە تا بتوانین بنبڕی بکەین، داوا لە وەزیرە بەڕێزەکان دەکەم وەڵامی پرسیارەکان بدەنەوە، سەرەتا کاك عوسمان پرسیارەکان زیاتر ئاراستەی وەزارەتی ناوخۆ کراوە، فەرموو کاك عوسمان.

**بەڕێز عثمان حاجی محمود/وەزیری ناوخۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

جارێکی تریش زۆر سوپاس بۆ ئەو کۆبوونەوە گرنگ و پێویستە، یەکێك لەو پرسیارانەی کە لە وەزارەتی ناوخۆ کراوە، ببورن پێش وەڵامی پرسیارەکان دەمەوێت تەوزیحێك بدەم، ئێمە کە لەگەڵ کاك کەریم سنجاری ئامادەین لەو کۆبوونەوەیە، من وەڵامی پرسیارەکان دەدەمەوە، ئەگەر شتێك پێویست بوو کاك کەریم سنجاری ئیزافەی دەکات، وەڵامەکان تەواو دەکات، یەکێك لەو پرسیارانەی لە ئێمە کراوە، ئایا یەك نەگرتنەوەی وەزارەتی ناوخۆ نەبۆتە هۆی ئەوەی کار بۆ هەڵهاتنی هەندێ بکوژی ژن لە ناوچەیەکەوە بۆ

ناوچەیەکی تر، ئەو وەزعەی کە لە کوردستانی خۆماندا هەبووە، مەسەلەی دوو ئیدارەیی بە وەزارەتی ناوخۆشەوە بە تەئکید بۆ ئەو مەجالە لە لایەن هەندێك داواکراوەکان، لە لایەن هەندێك لە تاوانبارانەوە هەوڵ دراوە ئەو وەزعە ئیستیغلال بکرێت، کەسانێك لە سلێمانی شتێك دەکات بێتە هەولێر، لە هەولێر شتێك دەکات دێتە سلێمانی، بەلاَم هەردوو وەزارەت لەو مەجالە تەنسیقی باشمان هەبووە، ژووری عەمەلیاتمان هەیە، بۆ ئەوەی ئەو جۆرە کەسانە نەتوانن ئیستیفادەی تەواو لەو حاڵەتە بکەن، بە تەئکید یەکگرتنەوەی هەردوو وەزارەت و، دامەزراندنی وەزارەتێکی بەهێز دەبێتە مایەی ئەوەی کۆنترۆلی زۆر دیاردەی سلبی بکرێت، کە ئەم دیاردەیە یەکێکە لەو دیاردانە.

پرسیارێکی تر کە کراوە، ئایا بنکەکانی نەهێشتنی تاوان چۆن مامەلە لەگەڵ ئەو تاوانانە دەکەن، کە بکوژی ژن دیار نییەو کەسیش خۆی ناکات بە خاوەنی کەسی کوژراو، دیارە تەنها بنکەکانی نەهێشتنی تاوان مەعنی نین بەو ئیشە، بەڵکو هەموو مەرکەزەکانی پۆلیس و بەڕێوبەرایەتیەکانی پۆلیس پەیوەندیدارن بەو مەسەلەیە، وەك کارێك نییە تەنیا لە ئیختیساسی بنکەی نەهێشتنی تاوان بێت، بەڕاستی پێشتر دەتوانم بڵێم ئەو مەسئوولیەتە لەنێوان داد و وەزارەتی ناوخۆ دابەش ببوو، ئێمە پاش ئەوەی لەگەڵ جەنابی سەرۆکی حکومەت و جێگری سەرۆکی حکومەت و هەموو وەزارەتە پەیوەندیدارەکان کۆبوونەوەیەکمان کرد، یەکێك لەو پێشنیارانە ئەوەیە کە لەمەودوا مەرکەزەکانی پۆلیس بەشێوەیەکی جددی و کتوپڕ بۆیان هەیە تەحریکی دەعوا بکەن، ئەنجومەنی وەزیران لە رۆژی (2007/6/26) بە نووسراوێك ئەوەی ناردووە، کە لەمەودوا، ئێمەش ئەو نووسراوەمان تەعمیم کردووەو، کۆبوونەوەی پێویستمان لەگەڵ هەموو کەسە پەیوەندیدارەکانی ناو پۆلیس کردووە، بۆ ئەوەی بەو کارە هەستن.

پرسیارێکی تر/وەزارەتی ناوخۆ چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەو کێشانە دەکات، کە ژنێك رووبەڕووی مەترسی کوشتن دەبێتەوە لە لایەن کەسوکاریەوە، ئەمە دەکرێتە دوو بەش، بەشێکیان ژنەکان خۆیان راستەوخۆ دێن شکایەت دەکەن، بەشێکی تریشیان نایانەوێت شکایەت بکەن، ئەوانەی کە شکایەت دەکەن بە تەنسیق ئەگەر بزانن مەترسیەکە مەترسیەکی جددی و گەورەیە لەسەر ژنەکە، ئەوە هەوڵ دەدەین لەگەڵ ئەو خانانەی کە لە شارە جیاجیاکاندا هەن بیان بەینە ئەو جێگایانەو، لەوێ بیان حەوێنینەوەو ئەوانەش کە بزانین بە رێگەو بە شێوازی تر چارەسەر دەکرێت، هەوڵ دەدەین مەترسیەکە کەم بکەینەوە لەسەریان.

پرسیارێکی تر/ ئایا وەزارەتی ناوخۆ چۆن رووبەڕووی ئەو کێشانە دەبێتەوە، کە بکوژی ژن کە سایەتیەکی عەسکەری، یان سیاسی لە لایەن یەکێك لە حزبەکانەوە داڵدە دەدرێن؟

بەڕاستی دەبێت ئیعتیراف بەوە بکەین، کە ئەو دیاردەیە هەیە، بەلاَم لە هەمان کاتدا ئێمە دەست بەجێ لەگەڵ ئەو دەزگا پەیوەندیدارانە پەیوەندیمان کردووەو، هەندێکیان وەلاَمی هەبووە، هەندێك خەڵکی تاوانبار لەو مەجالە لە رێگای پۆلیسەوە تەسلیم بە دادگا کراوە، بەلاَم هێشتا لەو موشکیلەیە ئێمە نەمانتوانیوە بگەینە میکانیزمێکی جددی، ئەمڕۆ ئێمە کۆبوونەوەیەکمان هەیە، هەردوو وەزارەتی ناوخۆ، وەزارەتی پێشمەرگە، وەزارەتی عەدل و ئاسایش بڕیار بوو سەعات یەك کۆبوونەوە بکەین، بۆ ئەوەی

میکانیزمێکی گونجاوتر دابنـێین، لەمـەودوا ئیسـتغلالی ئـەو حەصـانەیە نـەکرێت، کـە بـۆ هەنـدێك لـەو دامودەزگایانە هەیە، کە بەزووترین کات ئەو خەڵکانەی، نەك تەنها هەر پەیوەنـدی بـە مەسـەلەی کوشـتنی ژنەوە هەیە، بەڵکو بۆ هەر مەبەستێك لە لایەن دادگاوە کرا بێت، پێویستە تەسلیم بکرێت.

ئایا وەزارەتی ناوخۆ چۆن و بـە چ بەرنامەیـەك رێگـا لـە دیـاردەی لەشفرۆشـی دەگرێـت، بەتایبـەتی ئێسـتا ژنێکی زۆر لە دەرەوەی هەرێم بۆ ئەو مەبەستە دێنە کوردستان؟

بەڕاسـتی سـەبارەت بـە مەسـەلەی لەشفرۆشـی و ئەوانـە وەختەکـە هـی ئـەوە نییـە، ئینسـان هـەموو لـق و پۆپەکانی و هەموو هۆکارەکانیشی کە بەشێکی لێـرە بـاس کـران، لێـرە جـارێکی تـر باسـی بکەینـەوە، ئەمـە یەکێکـە لەکێشـە هـەرە کۆنـەکان، یەکێکـە لـە پیشـە هـەرە کۆنـەکان و کـۆنترۆڵ کردنـی بـەم ئالیـەت و بـەم وەزعەی کە ئێستا مەجتەمەع و دەسـەڵاتی ئێمـەی تیایـە، مـن بـەکارێکی ئاسـانی نـابینم، بـەڵام ئەوەنـدەی وەزارەتی ناوخۆ بەپێی ماددەی چوار و سێی بەغدا تەعامول لەگەڵ ئەو قەزیە دەکات، سـەبارەت بەوانـەش کە لـە دەرەوەی کوردسـتانەوە دێـن و، هۆکارەکـانی زیـاد بـوونی ئـەو ژمارەیـەی دەرەوەی کوردسـتانیش، کـە هـەموومان دەزانـین و ئاگـادارین، ئێمـە چارەسـەرێکی ترمـان نییـە، جگـە لـەوەی کـە ئەوانـە ئـاودیوی ئـەو شوێنانەیان دەکەینەوە کە لێیەوە هاتوون.

پرسیارێکی تـر موراقەبـە کـردن لەسـەر قسـەی سیاسـی و ئەوانـە، نـازانم موراقەبـەی هـیچ کەسـێك لەسـەر قسەی سیاسی نەکراوە، رەنگە ئەوەی کە ئێمە بێین موراقەبەی مۆبـایلی هـەموو خـەڵك بکـەین، مـن نـازانم ئەوە شتێکە لەگەڵ بنەماکانی ئازادی و دیموکراتی بەڕاستی ناگونجێت.

پرسیارێك هەبوو لە بنکە هەندێ کەس کە سکالاّ تۆمار دەکەن لەلایەن پۆلیسەوە کەم تەرخەمی هەیە، مـن نالێم پۆلیس هیچ کەم تەرخەمیەکی نییە، بەڵام بەڕاستی ئێمە هەوڵمان داوە ئـەو کـەم تەرخەمیانـەی کـە هەبن لەمەودوا نایان هێڵین و، پێمان خۆشە بە تەحدید ئەگەر لە جێگایەکیش هەبوو ئاگادار بکرێینەوە.

سەبارەت بە مەسەلەی ئامار، ئێمە قسەیەکمان لەسەر ئامارەکە هەبوو، مەسەلە مانای ئەوە نییـە ئەگـەر دە کەس بێت، یـان دوازدە نـەبێت، دیاردەکـە کـەمتر دزێـوە، یـان کـەمتر تەئسـیری هەیـە، بەڕاسـتی تـەنها یـەك دیاردەش بێت، دیاردەیەکی ناشیرینە، لەماوەی یەك ساڵدا لە هەموو سنووری هەرێمی کوردسـتاندا یـەك ژن بکوژرێت لە لای من تاوانێکی گەورەیە و دیاردەیەکە قابیلی هەڵوێست لەسەر وەرگرتن و ئیجرائات کردنـە، بەڵام بەڕاستی بۆ ئەوەیە رووداوەکان تێکەڵ بـە یـەکتر نـەکرێن، یـەعنی تەئکیـد کـردن لەسـەر ئـەو ئامـارە رووداوەکان تێکەڵ بە یەکتری نەکرێت.

سەبارەت بە کردنەوەی بەشێك لە پۆلیس دژ بە تونـدو تیـژی، پرسـیارێك کـرا، ئایـا وەزارەتـی نـاوخۆ چـی کردووە لەو رووەوە؟

بە تەئکید هەر دیاردەیەك کە لە حاڵەتی ئاسایی تێپەڕی، پێویست بەوە دەکات هەندێك رێ و شـوێنی تـازە بگرێتە بەر بۆ چارەسەر کردنی، ئێمـە لـە وەزارەتـی نـاوخۆ، مـن هەرچـەندە بـۆ خـۆم تـەنها ئیشـەکان لـەو مەجالـەو رێگـە گـرتن مەسـئوولیاتێکی جەماعییـە، وەزارەتـی نـاوخۆش پێویسـتە ئەوەنـدەی خـۆی پێـی

پەیوەندیدارە باشتر میکانیزمی باشترو گونجاوتر بێنێتە کایەوە، ئێمە مانگی چوار کۆلیژی پۆلیسمان کردەوە، لە بینای کۆلیژی پۆلیس کرایەوە لە سلێمانی، جەنابی سەرۆکی حکومەت وتارێکی هەبوو، لە بەشێك لە وتارەکەی داوای ئەوەی کرد کە وەزارەتی ناوخۆ پێویستە رێگە چارەیەکی نوێ بگرێتە بەر بەرامبەر بە دیاردەی توندو تیژی بەرامبەر بە ژنان، بۆیە ئێمە رێککەوتووین لەسەر ئەوەی بەڕێوەبەرایەتیەکمان ئیستیحداس کردووەو، لە پرۆژەی قانونی وەزارەتەکەشمان کە تەواو بووەو دامانە ئەنجومەنی وەزیران ئەو بەڕێوبەرایەتیەمان هەم داخیل کردووەو هەم ئەمریشمان پێ دەرکردووە، ئەو بەڕێوبەرایەتیە ناوی بەڕێوەبەرایەتی بەدواداچوونی توندو تیژییە دژ بە ژنان، هەیکەلێکی باشمان بۆ دروست کردووە، کە بریتییە لە چەند هۆبەیەك، هۆبەی ئامار و پلان هەیە، دواتریش ئەوە چەند قسمێکی هەیە، کوشتن، خۆ کوشتن، محاوەلە بە مەبەستی کوشتن، رفاندن، ئیغتیصاب، مەسائیلی جۆراوجۆری تر، هۆبەی بەڕێوەبردن کۆمەڵێك شتی تیایە، هۆبەی راگەیاندن، چالاکیەکان، پەیوەندیەکان، گۆڤار و رۆژنامەکان، ئەنتەرنێت و پەخش و هۆبەی یاسا و بەدواداچوون، توێژینەوەو پلان، ئەوانە بەڕێوەبەرایەتیەکە دروستمان کردووە، ئەم بەڕێوەبەرایەتیە راستەوخۆ لە وەزارەتدا پەیوەندی بە وەزیری ناوخۆ دەبێت لە هەموو موحافەزەکانی کوردستاندا شوعبەی هەبێت و، لە قەزاکانیشدا قسم و بەشی تری دەبێت، ناڵێین ئیتر ئەمە چارەسەری هەموو گرفتەکان دەکات، بەلام وا دەکات دامودەزگاکانی حکومەت چالاکتر لە ئەرکەکانی خۆیان بێنە مەیدان، ئێمە کارێکی واشمان کردووە، ئێستا تەعلیماتێکی نوێمان داوەتە بنکەی پۆلیس، لە پاش ئەوەی پۆلیس حەقی ئەوەی هەیە تەحریکی دەعوا بکات و، بە هەموو قەزیە کۆنەکانیشی خۆشیاندا بچنەوە، بەو قەزیە کۆنانەی کە پۆلیس سنووری خۆیان هەیە، جارێکی تر بە هەموو ئەو قەزیانەدا بچنەوەو ئیجرائات لەسەری وەربگیرێت، من لێرە حەز دەکەم باسی چەند حادیسەیەك بکەین، بۆ ئەوەی بزانن ئێمە چەند موهتەم بووینە پێی، لەو ماوەی رابردوو کەسێك کوژرا بەناوی شەوبۆ عەلی رەسول، تاوانبارەکان بوونەتە سێ بەش، داواکراوەکان سێ قسمن، قسمێکیان گەڕاونەتەوە بەریتانیا لە رێگای قونسولیەتی بەریتانی لە هەولێر پەیوەندیمان لەگەڵ پۆلیسی بەریتانی کردووە، دوێنێ لە رێگای ئیمێلەوە ئاگاداریان کردین، کە بکوژەکان لەوێ گیراون، داوامان لێ دەکەن لە رێگای وەزارەتی دەرەوەی عێراق تەسلیمی بکەین، بەشێکی تریان لە بنکەی پۆلیسی کۆیە سجنن، بەشێکی تریان چووینە دێیەك لە مەنتیقەی سەر دەشتی کوردستانی ئێران، دوێنێ بەڕێوەبەری پۆلیسی کۆیەم ناردووە بە رێگای قائیمقامی قەڵادزێ، بۆ ئەوەی تەنسیق لەگەڵ قائیمقامی قەڵادزێ بکات سەبارەت بەو مەسەلەیە.

شەوی (26 لەسەر 27)ی مانگی شەش لە عەربەت قەزیەیەك روویداوە کچێك تەمەن پازدە ساڵ بە حیساب فیشەکی لە دەست دەرچووە لەلایەن برایەکەوە کوژرا بێت، بەلام ئێمە یەکسەر وامان کرد پۆلیس بە کارەکان و واجیبی خۆی هەڵستێت، برایەکمان دەست نەکەوت، بەلام باوکەکەمان دەست کەوتووەو پۆلیسیش موتابەعەی گرتنی برایەکەی دەکات.

سـەبارەت بـەوەی کـە وەزارەتـە پەیوەندیـدارەکان، ئایـا پێکـەوە هـیچ هەماهـەنگێکیان کـردووە بـۆ ئـەو مەسەلەیە؟ ئێمە دوو هەفتە پێشی ئێستا بە ریئاسەت و جەنابی سەرۆکی ئەنجومەن، ئەو وەزارەتانـەی کـە لێـرە دانیشـتوون لەگـەڵ وەزارەتـی ئـەوقاف و پـەروەردەش، ئێمـە کۆبوونەوەیـەکمان کـرد لـە ئەنجومـەنی وەزیران، پێکەوە لیژنەیەکی هاوبەش دانراوە بە ریئاسەتی وەزیری مافی مرۆڤ، ئەو لیژنەیە دەست بـە کـار دەبێت لەم مەجالە.

سەبارەت بـە دیاردەیـەکی ئـەم بابەتـە، کـە ئەمـە دوا قسـەی مـن و دوا وەڵامـی منـە، مـن پـێم وایـە ئەمـە سەرەتایەکی زۆر باشە، جارێکی تر دەستخۆشی لە ریئاسەت و سەرۆکی پەرلەمان دەکەین، زۆر سوپاسی ئەو لیژنەیـە دەکـەین کـە ئـەو راپۆرتـەو ئـەو کـارە گرنگـەیان ئەنجامـداوە، ئـەم مەسـەلەیە پێویستـە لەسـەری بەردەوام بین، بەکۆبوونەوەیەك و بە ئیجرائاتێك تـەواو نـابێ، پێویسـتە سیسـتەمێکی فـەعال دابنـێین بـە هەمووومان، بـۆ ئـەوەی بتـوانین ئەوەنـدەی کـە پێویسـتە بەرامبـەر بـەم دیاردەیـە هـەر وەزارەتێك بـەکاری خۆمان هەستین و زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ کاك عوسمان وەزیری ناوخۆ، بۆ ئـەو وەڵام و روونکردنەوانـەی کـە پێشکەشـی کـردین، کـاك کەریم ئەگەر ئیزافەیەکی هەبێت فەرموو.

**بەڕێز کریم سنجاری/وەزیری هەرێم بۆ کاروباری ناوخۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

زۆر سوپاس، سوپاسی کاك عوسمان دەکەم، چونکە ئێمە موتەفیق بووین لەسەر ئەو وەڵامانە، مـن هەنـدێك ئیزافاتی بچووکم هەیە لەسەر قسەکانی کاك عوسمان، یەك لە پرسیارەکان ئەوەی بنکەکان نەهێشتنی تاوان و چۆن مامەلە لەگەڵ ئەو تاوانانە دەکرێت، کاك عوسمان باسی کرد فیعلەن هەموو مەراکیزی پـۆلیس بـەو ئیشە هەڵدەستن، بەڵام ئێمە دەزگای پـۆلیس ئیجرائاتەکە چۆن دەکات، کـە زانـی تـەرمێك لـە جێگایەکـە، پـۆلیس دەسـت بـە لێکۆڵینـەوەی خـۆی دەکـات و تەرمەکـە هەڵدەگرێت و دەینێرێتـە تـوبی عـەدلی تـەبعی ئەسابیعی بۆ وەردەگرن لە نەخۆشخانە، ئینجا بەدواچوون دەکات ئەم تەرمە کێیـە؟ پـاش ئـەوەی کـە زانـرا کێیە ئەو تەرمە، چ شەخصێکە، ئینجا ئیجرائـاتی یاسایی و بەداچوون دەکات، بـەڵام ئەگـەر نـەزانرا ئـەو تەرمە کێیە هەر بەردەوام دەبێت تـا بـزانن ئـەو شەخصـە کێیـە، فیعلـەن هەنـدێك حـاڵەت هەیـە تـا ئێسـتا نەمان زانیوە ئەو شەخسانە کێن.

پرسـیاری سـێیەم/ وەزارەتـی نـاوخۆ چـۆن مامەلـە لەگـەڵ ئـەو کێشانە دەکـەن؟ تـەبیعی وەزارەتـی نـاوخۆ دەزگایەکی ئیجرائی و تەنفیزییە، دەبێت ئافرەتەکە بچێت، کە تەهدید کراوە بە کوشتن بچێت دەعوایـەك لە مەرکەزێك لە مەرکەزەکانی پـۆلیس تەسـجیل بکـات، پاشـان پـۆلیس هەڵدەسـتێت بـە ئیجرائـاتی یاسـایی خۆی، زۆر حاڵەت هەیە ئافرەتەکە نایەت، پێش ماوەیـەك یـەك لـە رێکخراوەکـانی ئافرەتـان پەیوەنـدی بـە منەوە کرد، گوتی ئافرەتێکمان هەیە تەهدید کراوە بە کوشتن، گوتمان باشە با ئەو ئافرەتە دەعوا تەسـجیل بکاتن گوتی ناوێرێت، گوتم باشە ئەگەر نەوێرێت دەعوا تۆمار بکات، ئێمە چۆن ئیجرائات وەرگـرین، بچـین

کـێ بگـرین، گوتمـان باشـە ئێـوە وەکـو ڕێکخـراو وەرن دەعـوا تۆمـار بکـەن، ڕێکخراوەکـەش تەحـەمولی مەسئوولیەتەکەی نەکرد، لێرە تەبیعی ئێمـە داوا دەکـەین ئـەو ڕێکخراوانـە بـێن خۆیـان بکـەن بـە تـەرەف، ئـەوانیش دەعـوا بکـەن و هاوکـاری ئێمـە بکـەن و مـەعلوماتمان بـۆ بـدەن، بـۆ ئـەوەی ئێمـە زیـاتر بتـوانین بەدواداچوون بکەین.

باسی مۆبایل کرا، تەبیعی بـەپێی یاسـا ئێمـە نـاتوانین موراقەبـەی هـیچ مۆبایلێك بکـەین، نـە سیاسـی، نـە عەسکەری لەسەر کێشەی گەنجەکان، یەك ملیۆن و نیو مۆبایل، دوو ملیۆن مۆبایل لە کوردستان فرۆشـراوە، جا ئێمە موراقەبەی چ کەسێك بکەین و چ کەسێك نەکەین، ئێمـە لێـرە پەیوەنـدێکی باشمـان هەیـە لەگـەڵ دادگا زۆر جار شکایەت دەچێت بۆ دادگا، دادگا بۆ ئێمە دەنووسێت، ئێمەش لەو کاتە یەکسەر دەنووسین بـۆ ئەو دەزگایە، چ سانایە، چ کۆڕەکە، چ ئەوانی ترە مەعلوماتمان بداتێ لەسەر ئەو تەلەفۆنەو بە نهـێنی ئێمـە ئەو مەعلوماتە دەدەینە دادگا، دادگا ئیجرائاتی خۆی وەردەگرێت.

پرسیارێکی تر کرا دەربارەی دوعا، تەبیعی کێشەی دوعا کە کرا، ئەو کێشەیە لە ژێـر دەسـەڵاتی حکومـەتی هـەرێمی کوردسـتان نییـە، ئێمـە نـەوەکو وەزارەتـی نـاوخۆ، نـە دادگاکـانی کوردسـتان بـە هـیچ شـێوەیەك نـەمانتوانی تـەدەخول بکـەین لـەو کێشـەیە، ئـەو کێشـەیە عایـدی پارێزگـای موسـڵەو دادگـای موسـڵ بـەوە هەڵسـتاوە، ئێمـە تـەنها ئـەوەی توانیومانـە هاوکـاری دەزگاکـانی پـۆلیس و دەزگاکـانی دادگامـان کـردووە لـە مەنتیقەی شێخان و بەعشیقە بۆ گرتنی ئەوانە، چوار کەس تا شەش کەس گیراون، ئێستا دراونەتە دادگا لە موسـڵ، هەنـدێ کـەس هـاریبن، ئێمـەش بـەدوایان دەگـەڕێین، دەزگـای پـۆلیس لـە بەعشـیقەو لـە موسـڵ بەدوایاندا دەگەڕێن، دەڵێن هەر کاتێك دەستگیر کران ئەوانیش تەسلیم دەکرێن.

مامۆستای بەڕێزم دکتۆر نوری پرسیارێکی کرد دەبارەی هەموو وەزارەتەکان پێکـەوە کـاك عوسمـان وەڵامـی دایەوە، کە ئێمە لە ($6/17$) کۆبوونەوەیەکمان کرد، تەنها من دەمەوێت ئیزافەیەك بکەم لەسەر ئەوە، نەك تـەنها وەزارەتـە پەیوەندیـدارەکان بـوون، بـەڵکو نوێنـەری کۆمـەڵگای مـەدەنیش، ڕێکخراوەکـانی کۆمـەڵگا مەدەنیش حازر بوون لەو کۆبوونەوەیە، بۆ کارکردن پێکەوە.

من دیفاع ناکەم لە پۆلیس، بەڵام پۆلیس ئیجرائاتی خۆی کردووە بەپێی توانا، هەندێك ئیحصائیاتم هەیـە، تـا ئێسـتا لـە هـەولێر (42) کـەسمان هەیـە، لـە دهـۆك (20) کـەس، لـە سـۆران (6) کـەس، کـە مـەحکوم و مەوقوفن بە قەزایەی غەسلی عار، هاریب و مەجهول لە هەولێر (22) کەسمان هەیـە، لـە دهـۆك (16)، لـە سۆران سێ، هاریب و مەجهول تەبیعی یان رای کردووە، هەندێك هەیە لە ئێرانە، هەندێك هەیە لە سۆرانە، هەندێکی تر هەیـە لـە دەزگاکـانی عەسـکەرییە، تـاکو ئێسـتا نـەمانتوانیوە لـەو کۆبوونەوەیـەش ئینشائەڵڵا ئەوەش چارەسەر دەکرێت، هەندێکیش مەجهولە ئافرەتەکە کوژراوە نازانین کێیە.

بەنیسبەت سووتانی ئافرەتان لە هەولێر (106) کەس، (55) مردووە، لە دهۆك (79) (11) مردوونـە، لـە سۆران (25) کەس سێیان مردووە، تەبیعی ئەم کێشانە لە بنکەی پۆلیس بە قەزاو قەدەر لـە قەڵـەم دراون، بەتایبەتی ئەوانەی زیندوون دەعوا تۆمار ناکەن، ئێمە ناتوانین بەدواداچوون بکەین، زۆر زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، كاك زەعیم عەلی وەزیری پێشمەرگە.

**بەڕێز عمر عثمان ابراهیم (زەعیم علی)/ وەزیری پێشمەرگە:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

زۆر سوپاس، ئەو پرسیارانەی ئاراستەی ئێمە كراوە، تەبعەن من داوا لە برای خۆشەویستم كاك شێخ جەعفەریش دەكەم گەر تەوزیحێك، یان شتێكمان لە بیر كرد، یان پێویست بە دەوڵەمەند كردنی وەڵامەكەمان هەبێت هاوكاریم بكات، پرسیاری یەكەم/ ئایا وەزارەت چۆن مامەلە دەكات لەگەڵ بكوژی ژن، كە عەسكەری بێت و خۆی تەسلیم بە دادگا نەكات؟ ئێمە وەكو وەزارەت خۆمان دادگایەكی عەسكەریمان هەیە لە ئەوەل جاری كە ئیعادەی تەنزیمی لەشكرمان كردەوە، وەزارەتیش دووبارە ئەو دەزگایەمان دانا، نەك هەر بۆ ئەو مەلەسەیە، بۆ هەر مەسەلەیەكی تر موخالەفەیەك، یان سەرپێچیەك ئەگەر پێشمەرگەیەك بیكات، یاخود لێپرسراوەكان بیكەن، ئەم دادگایە فەرعی هەیە، بەشەكان و شوعبەی هەیە لە هەموو فەرمانگەكان، لەسەرتانسەری ئەو شوێنانەی كە فەرمانگەكانی لێیە، بۆ ئەوەی وردەكارییەكان لەوێ رەنگ بداتەوە، هەر نووسراوێكی رەسمی، یان لە وەزارەتی ناوەخۆ، یان لە دادگا بۆ ئێمە هاتبێت، ئێمە ئاراستەی مەحكەمەی عەسكەری دەكەین، ئەو بە رێگای خۆی سەر بە چ وەحدەیەكی عەسكەری بێت، ئەگەر عەسكەریەكان بێت دەیداتە فەرمانگەی عەسكەری، فەرمانگەكانی عەسكەری لەوێ هەمانە هی قانونی موتابەعەی دەكات و ئاگاداری بەرپرسەكەی دەكاتەوە، لەوێوە ئاگاداری ئەو تاوانبارەی دەكرێت، كە دەستگیری بكەن و تەسمیلی بە دادگا بكرێت، ئەگەر هاتوو سەرپێچی لێ بكرێت لەو رووەوە، تەبعەن ئیجرائاتی یاسایی لەگەڵ وەردەگیرێت، تا ئێستاش زۆربەی نووسراوەكان كە ئاراستەی من كراوە ئیجرائاتی تەواوی لێ وەرگیراوەو گەیشتۆتە كۆتایی.

پرسیاری دووەم/ ئەگەر هاتوو تاوانبارەكە دالدە بدرێت و تەسلیم نەكرێت، لەو حاڵەتە دوو را هەیە یەكێكیان ئەوەیە تاوانبارەكە رای كردووەو نەماوە لە كوردستان، یان لە دەزگای عەسكەری نەماوە، یاخود پێشتر نەقل بووە بۆ شوێنێكی تر، ئێمە موتابەعەی دەكەین و ئاگاداری وەزارەتی ناوخۆ دەكەین، كە لیژنەیەكی هاوبەشمان هەیە پێكەوە، ئەوان لە رێگای خۆیانەوە بە واستەی دەزگایەكانی خۆیان، لە رێگای پۆلیسەوە موتابەعەی دەكەن بۆ گرتنی، ئەوە هەردوو حاڵەتەكەیە كە رووبەرووی ئێمە دەبێتەوەو وەڵامەكەیەتی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، شێخ جەعفەر فەرموو.

**بەڕێز شێخ جعفر علی مصطفی/وەزیری هەرێم بۆ كاروباری پێشمەرگە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دیارە ئەوەی برای بەڕێزم فەریق علی بەو شێوانە لە وەزارەتی پێشمەرگە ئیجرائات دەکەین، لەگەڵ ئەوەش راستییەك هەیە دەبێت ئێمە بیزانین لە ساحەی کوردستاندا چەندین حزبی تیایە کە ئەم حزبانـە هـەموو خاوەنی هێزی پێشمەرگەو هێزی چەکدارن، جگـە لـەوە چـەندین خـەڵکی تـر، چ وەکـو ئەشـخاص، چ وەکو بەناوی پیاوی ماقولاّنەوە، کە ئەمانە هێزیان لەگەڵەو حیمایە دەکرێن و بە رەسمـی لـە لایـەن حزبەکانـەوە بۆیان دانراوە، هەروەها دەتوانم بڵێم لە (75٪)ی بەرەو ژوور خـەڵکی کوردسـتان ئـەمڕۆ چـەکی هەیـە، کـە هیچ ئەو چەکانە تاکو ئێستا لە ژێر رەقابە نییە، دیارە ئەم دیاردەی چەکداریە لـە کوردسـتاندا، کـە هیچـی لـە ژێـر فـەرمانی وەزارەتـی پێشـمەرگە نییـە، تـاکو ئێسـتا لـە دەرەوەی یاسـا و نیـزامن، ئەمـە یەکێکـە لـە هۆکارەکانی ئەو کەسانەی کە جەریمە دەکەن، بتوانرێت بە ئاسانی خۆی بشارێتەوەو بە ئاسانی دەستی یاسا نەکەوێت، یاخود وەزارەتی پێشمەرگە دەسەلاّتی نەبێت بەسەریاندا، دیارە لـە پـاش یەکگرتنـەوەی هـەردوو وەزارەتی پێشمەرگە، کە چـەند رۆژێکـە مەشـروعەکەی ئێمـە بـوو بـە یاسـا لـە لایـەن پەرلەمانـەوە دەنگـی لەسەر درا، یەکێك لە کـارە گرنگـەکان و ئەرکـە سـەرەکیەکانمان ئەوەیـە، کـە هێـزی چـەکداری نـەهێڵین لـە دەرەوەی ژێر دسەلاّتی یاساو نیزام بێت، من پێم وایە ئەم کارە سەرکەوتنێکی گەورە بەدەست دەهێنێت، بۆ ئەوەی بتوانین کە بـەهۆی ئـەوەی ئـەو کەسـانەی ئـەو جـۆرە تاوانانـە دەکـەن بـە ئاسـانی بـدرێن بـە یاسـاو تەسلیمی دادگا بکرێن، تەسلیم بە پۆلیس بکرێن و ئیجرائاتیان لەگەڵدا بکرێت، دیارە تا ئێستاش کۆمـەڵێك لەو کەسانە خۆیان شـاردبێتەوەو ئـەو جەریمانـەیان کـرد بێـت، هـەر هۆکارەکـەی ئـەو هـەموو قوتبەیـە لـە ساحەکەدا هەیە، ئینشـائەڵلاّ بـە هیمـەتی هـەموو لایـەك و بـەو هەوڵـەی کـە ئـەمڕۆ دەدرێـت بـە هاوکـاری هەموو وەزارەتەکان سەیتەرە دەکەینە سەری و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سـوپاس، رەخنـەیـەك لـە سـەرۆکایەتی پەرلـەمان گـیراوە، نوقتـە نیـزام دەڵێـت جـەنابی وەزیـر دەبێـت راوەستێت بـەپێی نیزامـی داخیلـی وەکـو ئەنـدام پەرلـەمان، راسـتە بـەلاّم مـن لـە دانیشـتنی پێشـوودا خـۆم ئیجازەمدا، لەبەر ئەوە مایکرۆفۆنەکان دوور دەبن لێیان، کە راوەستن خۆتان گوتتان گوێمان لێیان نییـە، تـا کۆبوونەوەی داهاتوو ئـەوەی چارەسـەر دەکـەین و پـەیڕەوی دەکـەین، ئەگـەر بێنـە سـەر مەنەصـە دەتـوانن دانیشن، بەلاّم راست دەکەن، ئێوە قسەکانتان راستە، جاری پێشوو نازانم کام وەزیـر بـوو، جـەنابتان گوێتـان لێ نەبوو منیش گوتم دانیشن، کاك عوسمان قسەیەکی مابوو فەرموو.

**بەڕێز عثمان حاجی محمود/وەزیری ناوخۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە مەسەلەی ئاسایش و وەزارەتی نـاوخۆ لـە زۆر موناسـەبەتی جیاجیـا ئاسـایش لەگـەڵ وەزارەتـی ناوخۆ حیساب دەکرێت، جارێکی تریش ئێمە کـە کۆبوونەوەیـەك لـە پەرلـەمان هـەبوو، بـرای بـەڕێزم کـاك کەریم لە جیاتی هەردووکمان ئامادە بوو لەسەر مەسەلەی دیاردەی ئـەو کێشـانەی کـە لـە سـجنەکاندا هـەن

ئیشارەتی پێدا، ئێمە لەگەڵ ئاسایش هیچ پەیوەندیێکمان لەگەڵ وەزارەتی ناوخۆ نییە، یەعنی بە هیچ شێوەیەك لە شێوەكان ئاسایش پەیوەندی بە وەزارەتی ناوخۆ نییە، تكام وایە ئەوە بۆ ئاگاداری هەموو لایەك.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، ئێمە پشتگیری لەوە دەكەین كە پەیوەندی بە وەزارەتی ناوخۆوە هەبێت، یان ببێتە وەزارەتێك بە تەنیا، موهیم بتوانین وەزیر بانگ بكەین بۆ مەسەلە گرنگەكان، كاك كەریم فەرموو.

**بەڕێز عثمان حاجی محمود/وەزیری ناوخۆ:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئاسایش تەوحید دەكرێت، دەبێتە موئەسەسەیەك.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئێمە كێ بانگ بكەین، بۆ ئەوەی لێرە پرسیارەكانی لێ بكەین، دەبێت دەرەجەی وەزیر بێت، یەعنی لە مەجلیسی وەزرا كۆ دەبێتەوە، تا كۆ نەبێتەوە ناتوانین بانگی بكەین، ئێمە دەمانەوێت یەكێك بێت مەسئوولی ئاسایش بێت، بتوانێت ئەو پرسیارانەی ئاراستەی بكەین، كاك كەریم فەرموو.

**بەڕێز كریم سنجاری/وەزیر هەرێم بۆ كاروباری ناوخۆ:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە داوای لێبوردن دەكەین، كە ئێمە هەڵنەستاوین، بە بیرم دێت جارێك كە من هاتمە ئێرە هەستام، جەنابت گوتت دانیشە، لەبەر ئەوە داوای لێبوردن دەكەین، ئەگەر ئەوە بێت تەقصیرێك هەبێت داوای لێبوردن دەكەین.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

من خۆم تەوزیحمدا خەتای ئێمەیە، بەلاّم لەبەر ئەوەی باش گوێیان لە قسەكانتان نەدەبوو، ئەو رۆژەش كاك فەریق عەلی قسەی دەكرد دەنگی باش نەدەهات گوتیان گوێمان لە دەنگی نییە، گوتم دانیشە باشترە قسەی بكە، ئێمە دەزانین مەسەلەكە لەوەدا نییە، موهیم لە دانیشتنی داهاتوودا ئەوەی چارەسەر دەكەین، كاك عەدنان فەرموو.

**بەڕێز عدنان محمد قادر/وەزیری كارو كاروباری كۆمەلاّیەتی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

منیش وەك برادەران داوای لێبوردن دەكەم، ئێستا وا قەرار درا من لەجیاتی هەموویان هەڵدەستم، ئەو پرسیارانەی كە ئاراستەی ئێمە كراوە، لەگەڵ یەك، دوو پرسیاری تر لێرە، وەزارەتی كاروباری كۆمەلاّیەتی تاكو چەند توانیەتی داڵدەی ئەو ژنانە بدات كە رووبەڕووی مەترسی دەبنەوە لە لایەن كەسوكاریانەوە، لە خێزان هەڵدێن، دیارە ئێمە دوو، سێ جێگەمان هەیە، لە سلێمانی سەنتەری نەوامان هەیە، ئەوانەی تووشی

ئەو کێشانە دەبنەوە روو بکەنە ئێمە لەوێ دەپارێزرێن و خـەدەماتی پێویستیشیان پێشکەش دەکرێـت، لـە هەولێریش بنکەیەك هەیە حەوانەوەو رۆشنبیری ئافرەتان چاودێری کۆمەلأیـەتی سەرپەرشـتی دەکـات، لـە هەولێر مالًی خانزاد هەیە، مالًی خانزادیش ئێمە هەندێ مولاحەزەمان لەسەری هەیـە، بـەلأم ئـەو رۆژە لـە میدیا شتێکی لەسەر بلأو بۆوە، ئێمە یەکسەر پەیوەندیمان کـردە جـەنابی سـەرۆکی حکومەتـەوە، هەنـدێك قسەمان لەگەلًّ کردو ئەویش هەندێك قەراراتی هەیە، ئەو مەوزوعە بـە جـددی وەرگـیراوەو تـەحقیقی لـێ دەکرێـت و بـە قـەرار و ئـەم کاتـەش هەرچـەندە ئێمـە پێشـنیارمان کـرد خۆمـان بنکەیـەك، بابـەتێکی وا دەکەینەوە لە سلێمانی و دهۆك، هەولًّ دەدەین بە تەنسیق لەگـەلًّ وەزارەتـی نـاوخۆ هێلًێکـی گـەرم دروسـت بکەین لەو سەنتەرانە بۆ بەدواداچوونی ئەو کێشانە.

پرسیاری دوو و سێ ئاراستەی ئێمـە کـراوە، تەقریبـەن وەکـو یـەك وان، وەزارەت چ بەرنامەیـەکی هەیـە بـۆ رێگە گرتن لە دیاردەی ژن کوشتن و سووتان و لەشفرۆشی، لێرە پلانێکی هەنووکەیی درێژخایەن هەیـە بـۆ ئەو مەبەستە.

پرسیاری سێ/ وەزارەت بەرنامەی هەیە بۆ رێگە گرتن لە ژن کوشـتن لـە رێگـای وشـیار کردنـەوە، ئـەم دوو پرسیارە تەقریبەن وەکو یـەك وان، تەبعـەن ئێمـە دەزگایـەکی ئیجرائـات نـین، بتـوانین رێگـەی لـێ بگـرین، بەلأم ئێمە هەندێ بەرنامەمان هەیە بۆ تەوعیە، تەوعیەکەش بەشێکی عایدی ئێمەیە، من پێم وایە وەکـو کاك ئەدهەم باسی کرد هەموو موجتەمـەع لێـی بەرپرسـەو لـە سـولًتەی تـەنفیزی و تەشـریعی و تاکـەکانی کۆمــەلًگاو راگەیاندنیشــەوە، فیعلــەن ئــەو دیاردەیــە بۆتــە لەکەیــەك لــەناو چــەوانی حکومــەت و ئێمــەو میللەتەکەشمانەوە، ئێمە دەبێت هەولًّ بدەین چارەسەری بکەین، بەلأم ئێمە بۆ ئەو مەبەسـتە، بـەپێی ئـەو ئیمکانیەتەی هەمانە، ئەم مەوزوعانە بودجەی زۆری دەوێت، وەزعـی بودجـە هـەر لـە لای خۆتانـە، نـازانم چەندمان بەر دەکەوێت، بەلأم ئێمە بەرنامەمان هەیە لەسـەر هەرسێ پارێزگـا سـێ سـەنتەر بکەینـەوە بـۆ رۆشنبیری و رێنمایی کۆمەلأیەتی و دەروونی، بەپێی پێویست کادیری باشی بۆ ئامـادە بکـەین، بەرنامـەمان هەیە لە رێگای ئیعلامەوە چ رادیۆ، چ تەلـەفزیۆن هەنـدێ بەرنامـەمان هەیـە باحیسـەکان پێـی هەلًدەسـتن، ئێستا کورتە فلیمێکمان حازرە، رەنگە عەرزی بکـەین لـە پێشـان بـۆ بـاحیس و شـارەزایەکانی خۆمـان، دوای ئەوە دەیدەینە ئیعلام، لەوەشدا بەشێکی وەلأمەکە کاك عوسمان دایەوە، کە دەلًێـت چ بەرنامەیـەکیان هەیـە بۆ وشیار کردنەوە لەگـەلًّ قییەمـە عولیاکـانی کۆمـەلًگای خۆمانـدا بگونجێـت، ئێمـە لـەو کورتـە فلیمـە دوو شتمان قیاس کردووە، یـەکێکیان لەسـەر نـاموس کـە ژن دەکوژرێـت بـە کـارێکی بـاش و رەوا دەزانێـت و بـە شەرەف دەزانێت، لە لایەکی تریش پیشان دەدات جاشایەتی و نۆکەرایەتی و خیانـەت کـە بـە ئیشـی شـەرەف دەزانێت، ئەوە یـەکێك لـە بەرنامـەکان، بەرنامـەمان هەیـە بـۆ ئەمسالًّ دوو و سێیەك کورتـە فلـیم لەگـەلًّ ئیشەکانی ترماندا جێ بەجێی بکەین، پرۆژەیەکمان هەیە رەوشی مێینە ئێسـتا ئیشـی لەسـەر دەکـەین دوو قۆناغە لەناو دامودەزگایەکانی حکومەتدا، لە پێشان لـەناوی وەزارەتـی خۆمـان بـەپێی ئامارێـك ژمارەیـەکی زۆر مێینــە لــە دامودەزگاکــانی حکومەتــدا هــەن، لەپێشــان لــەناو وەزارەت و دامودەزگاکانیــەوە دوایــێ لــە

دامودەزگایەکانی تری حکومەتی کوردستان، پرۆژەیەکی ترمان هەیە لەلایەن خۆتان لە پەرلەمان، پرۆژەی مەرگ و ناموس لە لایەن لیژنەی کۆمەلآیەتی لەوانەیە لە پارەوە هاتبێت لە چاکسازیەوە ناردرا بێتە ئێرە، بۆیە هەم هاوکارمان بن و هەم ئەگەر مولاحەزەیەك هەیە لەسەری دەوڵەمەندی بکەن، بۆ ئەوەی ئێمە ئیشی لەسەر بکەین ئەوانە هەر چاوەڕێن، لێکۆڵینەوەیەکی ترمان هەیە دەربارەی فەلسەفەی ژن کوشتن لەسەر ناموس، ئەوە یەك، دوو ئامارم باس کرد، ئامارەکانیش پێم وایە ئەگەر بەگوێرەی تەوزیحی برادەران، هەندێ سوء فەهمی تیا بێت، باسی ئەوەی کرد لە ئیسلام چۆن تێگەیشتنە، ئەوان شەرحەکانیان وا شەرح کرا، کە ئێمە ئیسلام رێگەیدا، ئێمە دەڵێین فاتیبەی ئیسلام دژی ئەمەیە، بەلآم ئەرکی مامۆستا ئاینەکانمان زیاترە، لەگەڵ ئەوەشدا واقیعی کۆمەلآیەتی و سیاسی ئێمەش هەندێ زروف هاوێشتۆتە پێشەوە، زۆر کەس و گروپ خۆیان بەوە دەزانن فتوای دەدەن ژن بکوژن ، زۆر ناوچەی کوردستاندا دەبێت رێ بەوانەش بگیرێت، بەپێی قانون تەعامولیان لەگەڵ بکرێت و ئەگەرچی قانون رێگای نادات.

پرسیارێکی تر هەیە دەربارەی چاکسازی لە زیندانیەکان، ئایا بەرنامەمان هەیە بۆ چاکسازی زیندانیەکان، زیندانیەکان جیا دەکرێنەوەو تەسنیف دەکرێن؟ بەڵێ لە چاکسازی بەرنامەمان هەیە، ئەوانەی دێنە ئەوێ بە هەر هۆیەکەوە، یەکێکیان لێکۆڵینەوەی لەگەڵ دەکرێت لە کێشەکانیان، رێنمایی کردنیان لە زیندان لە رێگەی توێژەرە کۆمەلآیەتیەکانیان، لەبەر ئەوەی ئەو حادیسەیەی کە پێی هاتبێتن، بەهۆیەوە گەیشتونەتە ئەوێ، هەوڵ دەدەین چارەی بکەین، لەوێش دەوراتمان هەیە، بۆ ئەوەی فێری پیشەیەکی بکەین، کە گەڕایەوە ناو کۆمەلگا ئیستیفادە لە پیشەکەی بکات، بەلآم کێشەیەکمان هەیە نەیشارینەوە، ئێمە لە بینایات کێشەمان هەیە، بەتایبەتی پرسیارێك کرا ئەوانەی بە توهمەی لەشفرۆشی دێنە ئێرە، راستە ئێمە کێشەیەکمان هەیە، راستە مەسەلەن ئێستا لە سلێمانی ئەوانەی کە مەوقوفن وەزارەتی ناوخۆ جێگەیان هەیە لە لای خۆیان دەمێننەوە، بەلآم مەحکومەکان دێنە لای ئێمە، رەنگە ژمارەی قاعەکانمان لە سلێمانی زیاتر بێت، بەپێی ئەو ماددانەی کە حوکم دەدرێن، ئەوانە تەسنیف کراون لە لای ئێمە، ئێستا لە سلێمانی لەشفرۆشەکان بە تەواوەتی جیاوازن لەوانەی تر، بەلآم لە هەولێر و دهۆك لە مەوقوف و مەحکوم دێنە چاکسازی لای ئێمە ژمارەشیان وەکو خۆتان باس دەکەن زۆر بووە، لەم ماوانە وەزارەتی ناوخۆ (47) کەسی ناردۆتە لای ئێمە مەوقوف لەسەر لەشفرۆشی، ئێمەش ژوورەکانمان کەمە، ئەگەر چی ئەو کۆبوونەوەی ئەنجومەن لەگەڵ جەنابی سەرۆکی حکومەت قسەم کرد، کە قاعەی تایبەت دروست بکەین و بودجەمان بۆ تەسنیف بکرێت، گوتمان بیکەن و ئێمە پرۆژەکەمان وا ئیشی لەسەر دەکەین، هیوادارین لەم ساڵدا شوێنی تایبەت لە دەزگاکانی چاکسازی بکرێتەوە، بۆ ئەوەی عەزلیان بکەین، هەم بۆ ئەوەی کە تەوقیف دەبن نوێ بن، هەم هاوکاریش بین بۆ رێنمایی کردنیان و، لە دهۆکیش حاڵەتەکە لەو مستەوایە زۆر دێتە ئەوێ زیاتر لە حەفتا کەسمان لەسەر ئەوە مەوقوف و مەحکوم هەیە لە لاماندا ژمارەی قاعەکانیشمان کەمە، ئەو تێکەڵ بوونەش بە تەئکید زەرەرێکی زۆری هەیە، هیوادارم ئەمساڵ بتوانین ئەو قاعانە دروست بکەین.

گوڵناز خان پرسیارێکی کرد شمولی بوو، نازانم پێشنیار بوو، پرسیار بوو، لەوانەیە عیلاقەی بەوە هەبێت لە میدیا خۆێندبیەوە، ئەوەی ماڵی خانزاد، دەڵێت گومان لە دەزگاکانی چاکسازی هەیە، ئەگەر چاکسازی مەبەستی دائیرەکانی ئێمەیە، حەز دەکەم روونی بکاتەوە، ئەگەر مەبەستی ماڵی خانزادە، هەم سەرۆکی حکومەت موهتەمە پێی، هەم ئێمەش لیژنەیەکی لێکۆڵینەوەمان داناوە بەپێی یاسا تەعامولی لەگەڵ دەکرێت، رەنگە رووبەرووی ئێمەش بکرێتەوە، ئەگەر رووبەرووی ئێمە کرایەوە، ئێمە ناو و بیناو کارمەندان و هەمووی دەگۆڕین، بۆ ئەوەی ئەو شتە خراپەی لەسەرە شمولی ئێمە نەکات، زۆر زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، کاك فاروق وەزیری داد فەرموو.

**بەڕێز فاروق جمیل صادق/ وەزیری داد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

زۆر سوپاس، تەبیعی بەشی زۆری شتە گشتیەکان عیلاقەی بە هەموو وەزارەتەکانەوە هەبوو، تەقریبەن برایانی بەڕێز وەڵامیان دایەوە، چەند بڕگەیەك هەیە عیلاقەی بە وەزارەتی دادەوە هەیە، لەوانە پرسیارەکەی کوێستان خان، ئایا یاسای ژمارە 14ی ساڵی 2002ی پەرلەمانی کوردستان لەگەڵ هەرێمی کوردستان جێ بەجێ دەکرێت، حەتمەن جێ بەجێ دەکرێت، چونکە ئەوە کاری پەرلەمانە، ناتوانرێت جێ بەجێ نەکرێت، هەر مەحکەمەیەکیش جێ بەجێی نەکات، مەحکەمەی تەمیز هەیە بڕیارەکەی هەڵدەوەشێنێتەوە.

بەڕێز ڤیان دزەیی دەربارەی داواکاری گشتی لەو مەسەلانە، حەتمەن داواکاری گشتی دەبێت دەور ببینێت، ئێستا ئێمەش کە تەفعیلی دەوری داواکاری گشتی دەکەین، ئەو رۆژەش لە لای ئێوەی بەڕێز قانونێك پەسند کرا بە تەعدیلی قانونی داواکاری گشتی، کە سیفەتی قازی دەداتێ، مانای وایە داواکاری گشتی زیاتر دەتوانێت دەور ببینێت.

بەڕێز دکتۆرە شوکریە دەربارەی ئەو کێشەیەی کە لە کوران روویداوە، باسی ئەو ژنەی کرد کە گوایە ئەو ژنە لای مێردەکەی کوژراوەو دوایێ سوتێنراوە، تەبیعی هەموو کێشەیەك تەحقیقی تیا دەکرێت، بەڵام هەندێك مەسەلە هەیە، وەکو مەسەلەی ئەوە گلۆپ کوژاوەتەوە، یان ئەوە پیاوەکەی چۆتە کەلەکێ و، یان نەچۆتە تازیە، ئەوانە بەلگەی تەواو نین بۆ ئیسپات کردنی قەزیەیەك لە مستەوای کوشتن، مەسەلەن مەعلوماتم نییە، حاکم خۆی دەزانێت چ بووەو چ نەبووە، بەڵام حاکم دەبێت بەلگەی تەواوی هەبێتن، مەحکەمە دەبێت بەلگەی تەواوی هەبێتن، ئەوجا دەبێتن ئەوە بکاتن.

پرسیارێکی تریشی کرد دەربارەی گرانی پارێزەر (اجور محاماة)، تەبعەن ئەوە قانونی موحامات ئەو مەسەلانەی تەحدید کردووە، پارێزەریش خۆ بازاڕ نییە، پارێزەر بە هەوەسی خۆی ئیش دەکات، کارێکی سەربەخۆیە، پارێزەر هەیە قەزیەیەك بە دە هەزار دەکات، پارێزەری تریش هەیە قەزیەیەك بە پەنجا هەزار دەکات، پارێزەری تریش هەیە قەزیەیەك بە دوو هەزار دەکات، ئەوە عیلاقەی بە قانونی

پارێزەرانەوە هەیە، هیچ عیلاقەیەکی بە وەزارەتی عەدلەوە نییە، ماددەی سێ و چوار ئایا توانیویەتی ئەو مەسەلەیە چارەسەر بکات، ئەوە تەبیعی قانونێکە عقوبەی بۆ دانراوە، مەسەلەی قانونی بەلاش وەکو قانونی قەتل نییە، بچێت دە ساڵ و پازدە ساڵ شتی وای بۆ دابنێت، بەڵام بە رەئی ئەگەر ئیعادەی نەزەری لێ بکرێتەوە شتێکی باشە، ئەگەر ئیعادەی نەزەری لێ بکرێتەوە.

بەڕێز کاک غەفور مەخموری لەسەر مەلەسەی قانونی ئەحوال شەخصی هاتووە، راستە مەشروعێکیش لەبەر دەستدایە وا خەریکن حەتمەن دێتە پەرلەمان موناقەشەی لەسەر دەکرێتن و ئاڵوگۆڕ لەسەر ئەو قانونە دەکرێتن، کە وەختی هاتووەو من تەئیدی قسەی رەئی جەنابیش دەکەم، مەوزوعێکی تر هەر کاک غەفور باسی کرد مەسەلەی کوشتنی ژنێك و دوایی کوشتنی ئەو ژنە سولحی لەسەر دەکرێت و داوای ژنی لەسەر دەکرێت، یەعنی مەحکەمە دەبێت دەور ببینێت، بەڕاستی زەحمەتە کە قازی ژن مارە دەکات، خۆ تەحقیق لەوە ناکات ئەو ژنە بۆ چ مارە دەکات، یان بۆ چ مارەی ناکات، قازی کە ژن مارە دەکات چەند شروتێك هەیە، بنەمایەك هەیە بۆ ئەوەی رێگا بداتن ئەو ژنە مارە بکاتن، یان نەکاتن، ئەگەر ئەو شروتانە موتەوەفیر بێت قازی عیلاقەی نییە، کە ژن مارە بکات، یان مارە نەکات، مەلەسەکانی تریش پێم وایە هەمووی برادەران باسیان کرد، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، کاك دکتۆر شوان وەزیری مافی مرۆڤ فەرموو.

**بەڕێز یوسف محمد عزیز(د.شوان)/وەزیری مافی مرۆڤ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان.**

یەك لەو پرسیارانەی کە لە ئێمە کراوە، سەبارەت بەو راپۆرتانەو ئەو توێژینەوانەی ئێمە کردوومانە، ئێمە ئەو راپۆرتانەمان لە سەرەتاوە دەست بەکار بووە پێش ساڵێك، هەموو دوو مانگ، هەموو شەش مانگ، ئێمە لەو راپۆرتانە کە دەرمانکردووە ئیشارەتمان بە دیاردەی توندوتیژی داوە، لە هەموو راپۆرتەکان ئێستاش هەیە لەلای من داواشم لێ کراوەو پرسیاریشم لێ کراوە، کە ئەوانە بۆچی ئەو راپۆرتانە کراوە، یەکەم شت دەمەوێت بڵێم راپۆرتەکان بیدایەت بۆ پەرلەمان ناردراوە، بۆ سەرۆکایەتی ئەنجومەن ناردراوە، بۆ وەزارەتی پەیوەندیدار ناردراوە، بۆ هەموو مونەزەماتەکان ناردراوە، کە ئێمە ئیشارەتمان بە دیاردەی توندوتیژی داوە، ئەمە پێش ساڵێکە کە دەستمان بەکار کردووە، ئەمە هەمووی بووە، چ گۆڕانکارییەك هەبووە، چ وەڵامێك هەبووە، بەڕاستی هاوکاری زۆر نەبووە لە لای هەموویانەوە، لەسەرووی هەموشیانەوە پەرلەمانە، کە ئەوان نەهاتوونە لەگەڵ ئێمە، راپۆرتەکان نەهاتوونە بخوێننەوە، موجەرەد راپۆرتەکان کە دەچێتە پەرلەمان، یان دەچێتە جێگایەکی تر، راپۆرتەکان هەڵدەگیرێن، یەعنی ناخوێندرێتەوە، بۆ ئەوەی دیراسەت بکرێتن، بزانن ئەم راپۆرتە چیەو چی نییە، پێش ساڵێك ئێمە ئیشارەتمان بەو دیاردەیە داوە، بۆ هەموو کەسمان ناردووە، ئەگەر ئەوەی دەڵێت من بە دەستم نەگەیشتووە، من ئەو موشکیلەشم حەل

کردووە، ئیستیلام و تەسلیم هەیە، بە ئیمزا کردن وەرگیراوە بۆ هەر جێگایەك ناردرا بێت، ئەمە یەك لە پرسیارەکانە.

بەرنامەی درێژخایەن و هەنووکەیی بۆ ئەو مەلەسەیە، واتا مەسەلەی توندوتیژی، ئێمە ئاخیر کۆبوونەوەی کە لە ئەنجومەنی وەزیران کرا بە سەرۆکایەتی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران، بەڕاستی شتێکی زۆر باش کراو ئیشارەتی پێ دراوە، بەرنامەی درێژخایەن بەوە دەست پێ دەکات، کە دەڵێت وشیار کردنەوەی خەڵك دەبێت ئێمە دەستی پێ بکەین، وشیار کردنەوەی خەڵك هاوکاری هەموو وەزارەتەکانی تری دەوێت، یەکەم شت کە لە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران ئیشارەتی پێ کرا وەزارەتی ئەوقافە، وەزارەتی ئەوقاف دەبێت بەکاری خۆی هەستێت بە وشیار کردنەوەی خەڵك، چونکە لای ئەوان شتێکی ئاسانە هەموو هەفتەیەك لەگەڵ خەڵك دادەنیشن و شتێکی رێك و پێکە، دەتوانن ئەگەر بۆ مەسەلەی درێژخایەن دەور ببینن لەسەر وشیار کردنەوەی خەڵك، وەزارەتی پەروەردە بە گۆڕینی و دانانی ماددەی مافی مرۆڤ و خوێندنی لە قوتابخانەکان، گۆڕینی سیستەم و گۆڕینی مەنهەجەکان، ئەوانیش دەتوانن بۆ دوا رۆژ دەوری چاك ببینن، ئەو مەسەلەیە حەل بکەن.

راگەیاندن و تەلەفزیۆن و چاپەمەنیەکان، بەڕاستی ئەوانەش دەوری خۆیان تێدا دەبینن، ئێمەش وەکو وەزارەتی مافی مرۆڤ ئەوەی لە تواناماندا هەبێت، ئێمە بەو شتانە هەڵستاوین.

وەزارەتی هەرێم لەگەڵ مونەزەماتی غەیر حکومی و عالەمی کار دەکەن، ئەوانیش دەتوانن دەوری خۆیان ببینن، ئەمانە هەمووی لە کۆبوونەوەی سەرۆکایەتی ئیشارەتی پێ درا، ئەگەر بێینە سەر واقیعەتەکەی، ئێمە چارەسەرمان بۆ ئێستا حالیەن چ دەبێت، ئەوەی ئێمە وەکو وەزارەتی مافی مرۆڤ لەو ساڵە خیبرەی ئێمە ئیشمان پێ کردووە، بەڕاستی چالاك کردنی کارەکانی و ئیجرائاتی لەناو وەزارەتی داد و وەزارەتی ناوخۆ، ئەمە زۆر لە شتەکان زیاتر چارەسەرمان بۆ دەکرێت، ئێمە زۆر ئیشارەتمان بەو شتانە داوەو زۆر موناقەشەشمان لەسەر کردووە.

وەزارەت چی کردووە لە راپۆرتەکان، هەروەك ئیشارەتم پێداوە یەك لە راپۆرتەکان ئەوە بوو، من راپۆرتەکانمان بۆ وەزارەتەکان ناردووەو بۆ هەموو خەڵکمان رەوان کردووە، ئەوەکەشمان ئیشارەتی پێ دراوە، چارەسەر کردن بۆ ئەو کەسانەی کە لە ماڵ دەردەکرێن، ئێمە وەکو وەزارەتی مافی مرۆڤ، ئەگەر بزانین کارێکی وا هەیە، ئێمە و وەزارەتی ناوخۆ و پۆلیس بەرپرسیارە لە حیمایە کردنی ژیانی خەڵك، ئێمە ئاگاداری پۆلیس دەکەینەوە، ئینجا ئەوان مەسئوولیەتی ئەو خەڵکەی ژیانیان لە مەترسی دایە، وەزارەتی ناوخۆ بەرپرسیارەو پۆلیسیش بەرپرسیارە، ئەوان دەبێت بەو کارە هەڵبستن، ئەگەر جێگاشیان نییە تەبیعی دەچنە ئەو ماڵانە، لەسەر ئەو ماڵانە مەجال نییە، نەوەك زۆر قسەم هەیە لەسەر ئەو ماڵانە، ئێمە وەکو وەزارەتی مافی مرۆڤ زۆر لەگەڵ ئەوەدانین، ئەو ئسلوبەی ئیدارەی ئەو ماڵانە دەکرێتن، ئەو ماڵانە دانەنراوە بۆ ئەوەی ژنێك ئەگەر مەترسی لەسەر ژیانی هەیە هەتا هەتایە لەو ماڵە بێت، چونکە ئەو ماڵە بۆ ئەوە دانەنراوە، ئەو ماڵە بۆ ئەوە دانراوە، بۆ ئەوەی چارەسەری موشکیلەکە بکاتن،

**چارەسەرەکەی ئەگەر شەش مانگە، ساڵێکە، دوو ساڵە، تۆ بیست ساڵیش لەوێوە موحافەزەت کرد، بیست و یەك ساڵ کە دەرچوو ئەوەی تر لە دەرەوە هەر دەیکوژێت، جا بۆیە ئیسلوب و ئیدارە کردنی ئەو ماڵانە دەبێت بەدوادا بچینەوەو ئیهتیمامی پێ بدرێت، بۆ چارەسەر کردنی مەسەلەکان، ئەوانە تەقریبەن پرسیارەکان بوون کە لێم کراون، من حەز دەکەم ئیشارەت بە هەندێك مەوزوعی تر بدەم، باسی کۆنفرانس کرا، ئێمە لە سەرەتاوە، لە ساڵی یەکەمەوە کۆنفرانسێکی گەورەمان کردووە لەسەر توند و تیژی هەموو خەڵکانی پسپۆرمان لەسەر ئەو مەسەلەیە بانگ کردووە، هی ناوخۆ و هی عالەمی، هی پەرلەمان، وەزارەتی ناوخۆ، وەزارەتی پەیوەندیدار هەموومان بانگ کردووە بۆ ئەو کۆنفرانسە، راسپاردەکانی کۆنفرانسەکەش بە تەقریر ناردراوە بۆ ئەنجومەنی وەزیران و وەزارەتی پەیوەندیدار، ئێستاش ئێمە بە تەما بووین کۆنفرانسێك بکەین، بەڵام لەبەر ئەوەی دیاردەکە زۆر زەق ببوو، ئێمە کتابێکی رەسمیمان کرد بۆ ئەنجومەنی وەزیران، دەبێت چارەسەری ئەو مەسەلەیە بکرێت، بۆیە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران لەسەر ئەو نووسراوەی ئێمە کرا، چونکە بەڕاستی ئیجرائاتی زۆر باش و ئیجرائاتی جددیە، من شەخصیەن خۆشم دڵخۆشم بەم کۆبوونەوەیە.**

**بەنیسبەت ئامارەکان، ئێمە هەموو ئامارەکانمان بڵاو کردۆتەوە، ئامارەکان هەمووی عیلمیەو تەواوە بەگوێرەی ئیمکانیاتی خۆمان، یەك لە ئەوەکانمان بڵاو کردۆتەوە ئامارێکی تر ئێستا کراوە لە ناوچەی ئێمە، ئەو ئامارەی تر کراوە لەسەر هەموو کوردستان، ئەمە هی ناوچەیە لەسەر مەنتیقەی چەمچەماڵ، ئەگەر تەماشای بکەن زۆر مەعلوماتی چاکی تیایەو، ئێستاش بەردەوامین لە هەموو کوردستان، بۆ ئەوەی تەنسیق لەگەڵ زانکۆیەکانیش بکرێت، ئەمانەی هەمووی هەمانە.**

**مەکتەبی کۆمەڵایەتی، بە رەئی من مەکتەبی کۆمەڵایەتی ئیشی کردووە، بەڵام ئەگەر ئێمە بمانەوێت قانون بچەسپێت بەتەواوی، یەعنی مەکتەبی کۆمەڵایەتی ئیشی کردووە، بەڵام بتەوێت قانون لە (100٪) تەتبیق بکرێت و ببێتە قانون و ببێتە سەروەر، دەبێت ئەوەی تر لابەلایی دەوری کەمتر بکرێت، نەوەکو من دەزانم مەکتەبی کاروباری کۆمەڵایەتی شتیان کردووە، بەڵام ئەگەر تۆ بتەوێت قانون تەتبیق بکەیت، دەبێت ئەو شتەی لابەلایی بکەیت، تاکو سقلی تەواو بدەیتە قانونەکە، بۆ ئەوەی یاسا سەروەر بێت.**

**یەك نوقتەی ئەخیریم ماوە، ئەم کارە بە هاوکاری هەموو وەزارەتەکان دەکرێتن، ئەوەش ئاخیر شت ئیشارەت بە کۆبوونەوەکەی ئەنجومەنی وەزیران ئیشارەتی پێ دراوە، لیژنەیەکیان داناوە، لیژنەکەش بە سەرۆکایەتی وەزیری مافی مرۆڤە، کە ئێمە بەدواداچوونی کارەکانی توندو تیژی دەکەین، ئێمە یەکەم کۆبوونەوەشمان ئەنجام داوە، لە کۆبوونەوەکەش تەقریرەکەمان ناردووە بۆ ئەنجومەنی وەزیران و هەموو وەزارەتە پەیوەندیدارەکان، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**دکتۆرە جنان فەرمووو.**

**بەڕێز د.جنان قاسم/وەزیری هەرێم بۆ کاروباری ئافرەتان:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

زۆر سوپاس، بەڕاستی بەنیسبەت ئەو راپۆرتـە مـن دەستخۆشـی لـە لیژنـەی ئافرەتـان دەكـەم لـە پەرلـەمان، فیعلەن دیاردەی ژن كوشتن بەرەو زیاد بوون دەڕوات، بەلاّم من ئەوەی دەمەوێت ئاماژەی بـدەم، بەنیسـبەت ئەو دانیشتنانەی لەگەڵ رێكخراوەكان، ئەكید دەوریان هەیە لە كۆمەڵگا، بەتایبەتی ئێمە ئیمانمان هەیە بـە دیموكراتیـەت و بـا بڵـێین وەكـو پەرلـەمان و حكومـەت، جگـە لـەوەی هاوكاریشـە رێكخراوەكـانی نـاحكومی، لەبەر ئەوە دانیشتمان كـردووەو بـەردەوامین بـە تەنسـیق كـردن لەگـەڵیان، زۆر پرۆگرامیـان تەقـدیم كـرد، لەگەڵ ئەوەشدا لەو پرۆگرامانە بەڕاستی دانیشتمان كرد لەگەڵ وەزاراتی پەیوەنـدیدار و بەرنامەش تەقدیم كرا، لە زیمنی ئەوانە بەرنامەیەك لەسەر شولتەر، بەرنامەی خەتەنە، بەرنامـەی ئـەحوالی شەخسـی ئێسـتا خەریكین لەگەڵ وەزارەتی دادیش، هەندێك تەعدیلات بكرێت لە قانونی ئـەحوالی شەخسـی، لێـرەش حـەز دەكەم خەتی موباشیری، ئێستا عەلا ئەساس خـەتی سـاخن بكەینـەوە لەگـەڵ هـاوولاّتی ئێمـەش، تەقـدیمان كردووە بۆ ئەنجومەنی وەزیران و داوای موافەقەت دەكەین ئینشائەڵلاّ، بۆ عونفی ئوسـەریش بەرنامەیـەكی موتەكامیل هەیە، بەلاّم من لێرە دەمەوێت ئاماژە بە یەك شت بدەم، بەڕاستی لێـرە هەنـدێك مەشـاكیلیمان هەیە لە زیمنی ئەوە مەسەلەن ئاسایش، كەسێك هاتبوو لە رۆژی پێنج شەممە لە دوای دەوام لە چەمچەماڵ هاتبوو، ئەم ئافرەتە كەسی نییـە، هەویـەی پـێ نییـە، ئاسـایش بـۆ ئاسـوودە، لـە ئاسـوودە تەلـەفۆنیان كـرد دكتۆرە جنان تەحویلی بكە بۆ ماڵی خانزاد، مولاحەزەم كرد ئەو ئافرەتە هەتا نـاوی بـە سـەراحەت ناڵێـت، جارێـك دەڵێـت جـوان، دوایـێ دەڵێـت حنـان، تەبعـەن عـەرەبیش بـوو، باشـە ئـەم شەخصـە لـە ئاسایشـی چەمچـەماڵ هـاتووە، بـۆ رەوانـەی ئێـرە دەكرێـت و هـیچ كەسـیش كەفالـەی ناكـات وەریبگرێـت، بەڕاسـتی دەرچووە قەزیەكەی لەشفرۆشییە یەكێكە لە ئەوانە، باشە هیچ كەسیش زەمانی نەكرد، نە لە سلێمانی، نـە لە هەولێر، ئێمەش مەجبور بووین تەحویلی بكەین بۆ ماڵی خانزاد، لە دوایی لە مـاڵی خـانزاد بێـزار بـوو، مەشاكیلێك هەبوو بۆیان موسبەت بوو من خـەڵكم نـارد، دوایـی ئێمـە تەسـلیمی ئاسایشـی هـەولێرمان كـرد بەڕاستی با خۆیان ئیجرائات بكەن، بۆیـە مـن حـەز دەكـەم ئاسـایش كەسـێك هەیـە بـێ هەویەیـە، كەسـیش زەمانی ناكات لەو مەنتیقەیە، ئیتر بۆ داخیلی بكەم لە بەعدی بۆ ئێمە و دەرگای بكاتەوە بـۆ ئێمـە تەئسـیر بكـات، جگـە لـەوەش مـن حـەز دەكـەم یـەك پێشـنیار بكـەم ئەكیـد وەزارەتـی نـاوخۆ راسـتی هـەموو شـتێك لەسەریەتی رووبەڕووی ئەم هەموو كێشەیە دەبێت، بەس لێرە حەز دەكەم كوشتنی ژنان و ئافرەتان تۆزێك ئەهمیـەتی پـێ بـدرێت، یـەعنی نـەكرێت لەگـەڵ حاڵەتـەكان تـا رەوانـە دەكرێـت بـۆ مەحكەمـە، بەڕاسـتی ئەهمیەتی بدرێتێ یەكسەر ئەمانە جیهەی مەعنی، ئینشائەڵلاّ با ئەو سـەنتەرە وا لـێ بكـات رەوانـەی بكـات بۆ مەحكەمە بـە پەلـەو سـزای عـادلی بـۆ وەربگـرن، لێـرە وەزارەتـی عـەدلیش بەڕاسـتی هەنـدێك قـەوانین تەتبیق ناكات، چونكە ئێمە رۆیشتین و موتابەعەمان كرد، بۆیە ئەگەر خۆیان لیژنەیەك دروست بكەن، بـۆ ئەو مەبەستە بۆ تەتبیقی قەوانین، موتابەعەی بكەن لەگەڵ حوكامەكان، حـەزم كـرد ئـەو چـەند نوقتەیـە ئیسارە بكەم، سوپاستان دەكەم.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ هەموو ئەو وەزیرە بەڕێزانەو ئەندامانی پەرلەمانی بەڕێز، كە هەم لە پرسیارەكانیان و، هەم لە وەڵامەكان و بۆچوونەكان، بەڕاستی ئەو دیاردەیە هەمووومان لێی مەسئوولین، كەسێك ناكرێتن بڵێ من لێی مەسئوول نیم، تاكە كەس بێت، حزب بێت، ڕێكخراو بێت، وەزیر بێت، ئەندام پەرلەمان بێت، پۆلیس بێت، محامی بێت، هەموو كەسێك ژن بێت، پیاو بێت، ئەوەی هەستی هەبێت لەم دیاردەیە مەسئوولە، بەپێی مەوقیعەكەی مەسئولیەتەكەی زیاترە، یان كەمترە، ئەگەر پێش ئەوەی قسەكان كۆ بكەمەوە موختەصەرەكەی، ئەگەر كەسێكتان هەبێتن تەعقیبی زەروری هەبێت، زۆر زەروری هەبێتن، كاك عەونی فەرموو.

**بەڕێز عونی كمال سعيد بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من دەمەوێت ڕاست كردنەوەی زانیاریەكی یاسایی بكەم، كە لە لایەن بەڕێز وەزیری پێشمەرگە، تازە قسەی لێ كرد، جەنابی ئیشارەتی بەوەیدا كە مەحاكمی عەسكەری كە تەماشای ئەو كێشانە دەكات، بەلاَم حەقیقەت وا نییە، مەحاكمی عەسكەری بەس تەماشای ئەو كێشانە دەكات، كە تایبەتە بە كێشەكانی عەسكەری، بەلاَم ئەگەر كێشەیەكی مەدەنی تەرەف بوو، ئەو كەسانەی كە پێشمەرگەنە، یان پێشمەرگە داڵدەیان دەكات و تەسلیم ناكات، مەحاكمی مەدەنی تەماشای كێشەكانیان دەكات، دەبێت وەزارەتی پێشمەرگە هاوكاری وەزارەتی داد بكات، بۆ ئەوەی تەسلیمیان بكات، كە مەحاكەمەیان لە پێش مەحكەمەی مەدەنی بكرێت و زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كوێستان خان فەرموو.

**بەڕێز كوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

سەبارەت بەو پرسیارەی من كە ئاراستەی وەزیری دادم كرد بوو، بەتایبەت جێ بەجێ كردنی یاسای 14ی ساڵی 2002، ئێمە ئەو وەڵامەمان لە جەنابی وەزیری داد لە خۆی وەرگرت، لەگەڵ دكتۆرە جنان و ڤیان خان بە شاندێك چووینە لایان خۆی پێی وتین كە ئەو یاسایە لە دادگاكانی سلێمانی جێ بەجێ دەكرێت، بەلاَم بەداخەوە لە هەولێر و دهۆك جێ بەجێ ناكرێت، بۆیە ئێمە ئەو پرسیارەمان ئاراستە كرد، كە كارێك بكەین ئەم یاسایە وەك خۆی لە هەموو دادگاكان جێ بەجێ بكرێت و كاراش بكرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەوە وەزارەت ئێستا یەك وەزیرە خۆی مەسئوولە، دەبێت جێ بەجێی بكاتن، كاك محەمەد فەرەج فەرموو.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە یاسایەکمان دەرکرد بەناوی یاسای لێبوردنی گشتی بە مەرجی سوڵح، یەعنی زۆربەی ئەو موداخەلاتانە ئەوەی هین کرد کە سوڵح یەکێکە لەو هۆکارانەی کە ئەم تاوانبارانە دەرباز دەکات، خۆزگە وەزیری داد لێرە بوایە، بزانین قسەی چیە لەسەر ئەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

گوڵناز خان فەرموو.

**بەڕێز گوڵناز عزیز قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پرسیارەکەی من بۆ وەزیری کاروباری کۆمەڵایەتیە، لە هۆکارەکان لە بڕگەی حەوت ئاخیری خاڵەکە باس لەوە دەکات زۆر جار ژن لەسەر مەسەلەیەك دەگیرێت و لەناو زیندان لە ڕێگای باندەکانەوە تووشی ئەو دیاردەیە دەبن و ماڵی خانزادیش چەند جارێك ناوی هات، بۆیە پرسیارەکەم ئەو خاڵەی گرتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وەزیری داد لێرە نییە وەڵامی ئەو پرسیارەت بداتەوە کاك محەمەد، بەس من هین دەکەم ئەو سوڵحەی کە دەرمانکرد، ئێمە خاڵێکمان ئیزافە کرد، ئەو کەسانە ناگرێتەوە کە تاوانی کوشتنی ژنی تێدایە لەسەر شەرەف، ئێمە ئەوەمان ئیزافە کردووە، یەعنی ئەو لێبوردنە گشتییە ئەوانە ناگرێتەوە، کاك عەدنان وەڵامت هەیە بۆ ئەو پرسیارە.

**بەڕێز عدنان محمد قادر/وەزیری کاروباری کۆمەڵایەتی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لە پێشدا شتێکم لەبیر چوو باسی بکەم، ئێمە لە زیمنی وشیار کردنەوە لە ماوەی پەنجا تا شێست ڕۆژ باحیسەکانمان لە سێ تا چل سەر خێزانیان دەکەن بۆ تەوعیە کردن، دەچنە ماڵیان، ئێستا لیژنەیەکمان هەیە عەینات وەردەگرن بزانن ئەو تەوعیە چەند تەئسیری هەبووە، پرسیاری کاك عوسمانیشم لە بیر چوو بوو، هاوسەرگیری و ئەوانە، ئێمە بڕیارمانداوە لە قانونی تازە ماڵەکە تەصدیق کرا قانونەکەمان، لەهەر شارێك بەشێك دەکەینەوە بۆ خێزان، جارێکی تر بۆ هاوکاری کردنی مەسائیلی ڕێنمایی کردنیان بۆ کێشەی خێزانی بۆ ئەوانە، ئەوە گوڵناز خان ماڵی خانزاد عایدی ئێمە نییە، عایدی مونەزەمەیەکە بودجە لە حکومەت وەردەگرێت، ئومێد دەکەم کێشەکە چارەسەر بکرێت و زیندانیەکان شوێنیان جیاوازە لەگەڵ کەس تێکەڵاو نابن و ڕێگەشیان نییە بڕۆنە ئەوێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك زەعیم وەزیری پێشمەرگە فەرموو.

**بەڕێز عمر عثمان ابراهیم(زەعیم علی)/وەزیری پێشمەرگە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەداخەوە دیارە ئەو برادەرە باش لە من نەگەیشت، من وام نەگوت، من گوتم هەر نووسراوێکی فەرمی، رەسمی بێت بۆ یەکێك کە تاوانبار بێت دەستگیر دەبێت، کە ئێمە وەریدەگرین دەدەینە دادگای عەسکەریمان هەیە، ئەو مەحکەمە عەسکەرییە فەرعی هەیە لە هەموو فەرمانگەکان، پێی دەڵێن دائیرەی قانونی، ئەو تەوجیهی ئەو دەکات لە هەر شوێنێك بێت لە شوێنەکانی عەسکەری، لە وەحداتی عەسکەری دەیگرێتەوەو دەیداتە دادگای عەسکەری، ئەو بە تەنسیق بەپێی ئەو نووسراوەی کە هاتووە تەسلیمی دادگای حکومەتی دەکات، یەعنی وەزارەت دەکات، لەوێشەوە ئەگەر وەزارەتی ناوخۆ داوای کرد بێت هەر بە هەمان شێوە، ئێمە مەحکەمەی ناکەین هەر بۆ ئاگاداری و روون کردنەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، جارێ پێش هەموو شتێك ئێمە ئەو دانیشتنە لەسەر داوای لیژنەی داکۆکی کردن لە مافی ئافرەتان و ژنان نامەیەکم ئاراستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەت کرد تیایدا ئاماژەم بەوە کرد، کە ئێمە بە باش هەڵدەسەنگێنین هەنگاوەکانی دوایی حکومەت لەبارەی رووبەڕوو بوونەوەی ئەو دیاردەیە، ئەوەمان نووسیووەو پێشمان باشە، بەلأم ئەمە کافی نییە، دانیشتنی ئێمەش کافی نییە، دانیشتنی تریش کافی نییە، دەبێت هەر هەمووومان هەر یەك لە شوێنی خۆی ئەو مەسئوولیەتەی کە هەیە بەو تێگەیشتنەی کە پەیدا دەبێت زیاتر پەیدا دەبێتن لەو دانیشتنانەدا رووبەڕووی ئەو دیاردانە ببینەوە، وەزارەتی ئەوقاف مەسئوولەو ئاماژەشی پێ کرا، ماموّستایانی ئاینی مەسئوولن و ئاماژەشی پێ کرا، حزبەکان مەسئوولن کەمتر ئاماژەی پێ کرا، مەسئوولیەتی گەورە لەسەر شانی حزبەکانە، ئێمە لە کۆبوونەوەی دوایی هەر دوو مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانیی کوردستان، ئەو مەسەلەیە بە تەفسیلی موناقەشەی لەسەر کرا، وەکو دیاردەیەکی ترسناك لەسەر کۆمەڵگایەکمان، بڕیاریش درا بە هیچ شێوەیەك ئەو کەسانەی کە ئەو تاوانانە دەکەن، ئەگەر درابنە مەحکەمە، یان نەدرا بن، دیار بن، یان نادیار بن، یەعنی ئەو کەسانەش کە هاوکاریان دەکەن، یان داپۆشینی تاوانەکەیان دەکەن لە رێزی حزبەکان دەربکرێن.

دوو/ داوا لە مەکتەبی کۆمەڵایەتی کراوە، نابێت تەماشای چاك کردن و سوڵح کردنی ئەوانە بکات، کە لەسەر شەرەف گیراون، کە بەهیچ شێوەیەك، ئەمە پێویستە هەموو حزبەکان ئەو شتە بکەن، چونکە تاوانبار رەنگە کە تاوانەکە دەکات پێی وایە هەندێك کەس دەستخۆشی لێ دەکاتن، پێی وایە هەندێك کەس چاوپۆشی لێ دەکاتن، دوایێ پێی وایە بە پارە سوڵح بکاتن، ئەگەر ئەو رۆشنبیریە بلأو ببێتەوە، ئینجا یاساش لەسەر هەموو کەسێك جێ بەجێ بکات، پۆلیس بەدوای دابچێتن، داواکاری گشتی مەسئوولیەتی گەورەیە، هەندێك لەو تاوانانەی کە دەکرێت کەس نییە بێت شکایەت بکاتن، دەعوا تەسجیل بکاتن، ئەوە ئیشی داواکاری گشتییە، بۆیە ئەهمیەتێکی تەواوی هەیە، پێویستە وەزارەتی ناوخۆ لەگەڵ داواکاری گشتی بەرنامەیەکی تەواویان هەبێتن، بۆ ئەوەی چۆن رووبەڕووی ئەو دیاردە ناشیرنانە ببنەوە.

ئاماژە بەوە کرا کە پێشمەرگە تاوانی وا دەکاتن، هێزی پێشمەرگە دەیشارێتەوە، یاخود وەکو پێویست بەدواداچوون ناکات، من پێم وایە وا نییە، چونکە لەو بەینەدا لە رۆژنامەکان بلاّو کرا بۆوە هێزی پێشمەرگە خۆیان چوونە ئامر فەوجێکی خۆیان گرتووە، خۆیان چوونە تەسلیمی دادگایان کردووە، ئەمە لە رۆژنامەکانیشدا نووسراوە، بەلاّم ئەمە دەبێت زیاتر بێتن بەوەی کە هەموو لایەکمان تێ بگەین کە نابێ ئەو تاوانە پشتگوێی بخاتن، یاخود بە ئەهمیەتی وەرنەگرێتن، یاخود لە بیری بخاتەوە، خولاصەی ئەو کۆبوونەوانە جگە لەوەی مامۆستایانی ئاینی بە دەوری خۆیان هەستن، پێویستە سولّح نەکرێتن، بۆ داپۆشینی ئەو تاوانە لە هیچ ئاستێکدا، پێویستە لایەنە حزبیەکان و عەسکەریەکان و پێشمەرگەو هەموویان رێز لە یاسا بگرن و هاوکاری ئەوە بن یاسا جێ بەجێ بکرێت، هیچ کەسێك حیمایەی تاوانباران نەکات، پێویستە وەکو عەرزم کردن داواکاری گشتی دەورێکی گەورەی هەبێت و گەورەتر ببینێتن بەدوای ئەو تاوانانە بچێتن، پێویستە رێکخراوەکانی کۆمەلّگای مەدەنی لە ئاستی مەسئوولیەتدابن بۆ وشیار کردنەوەی کۆمەلّ، لەگەلّ حزبەکانیش تەبعەن، حزبیش بەشێکە لە کۆمەلّگای مەدەنی، ئەمە رۆشنبیری مەسئوولیەتی گۆڕینی ئەو رۆشنبیرییە، لای هەندێك کەس کە ئەو تاوانە دەکاتن، پێی وایە بۆ داپۆشینی عەیبێکە، دەبێت خەلّك تێبگاتن ئەو تاوانە گەورەترین عەیبە، لەوە زۆر زۆر عەیبترە ئەگەر باسی نەتیجەی ئەو تاوانە بکەین، ئەگەر ئافرەتێك، یان ژنێك کردوویەتی تووشی ئەوە بووە بیکوژن، کوشتنەکە زۆر زۆر عەیبترە، جگە لەوەی تاوانێکی گەورەیە بەرامبەر بە خوا، بەرامبەر بە ئینسانیەت، بەرامبەر بە یاسا، بەرامبەر بە کۆمەلّگا، بەرامبەر بە دیموکراتیەت، خۆشی دەبێت لەناو کۆمەلّگادا وا بێت ئەمە بە عەیبە بێت، خەلّك ئەو تاوانەی کە دەیکاتن، کە دێتە ناو کۆمەلّگا خەلّك تەماشای دەکاتن، وەکو کابرایەکی ناتەبیعی، موجیرم، تاوانبار، بۆ ئەوەی شەرم لەو شتە بکاتن جارێکی تر ئەو تاوانە نەکاتن، پێش ئەوەی کۆتایی بە دانیشتنەکەمان بێنین، سوپاسی خوشك و برا وەزیرەکان دەکەم، کە ئامادە بوون لێرە، داوا لە لیژنەی داکۆکی کردن لە مافی ئافرەتان و ژنان دەکەم، کە بەدوای ئەم دانیشتنەدا بچنەوە، سەردانەکانیان بەردەوام بێتن، لەگەلّ وەزارەتە پەیوەندیدارەکان، راپۆرتی پێویست بەرز بکەنەوە بزانین لە چ ئاستێکدایە، ئایا ئەو دیاردەیە کەم دەبێتەوە، زیاد دەبێتەوە، هۆیەکانی چیە، تەحلیلات بکەن، بۆ ئەوەی هەموو لایەکمان هاوکاری یەکتر بین، بۆ بنبڕ کردنی ئەو دیاردەیە، دوا قسەشم بۆ وەزیری مافی مرۆڤ، ئەو راپۆرتانەی کە لە وەزارەتەوە بۆمان دێت، ئەگەر خۆی داوا نەکاتن، داواکاری ئەو راپۆرتە دانیشتنێك بکرێتن لە پەرلەماندا دەخوێندرێتەوەو دەبێتە ئەو لیژنەیەو پێداچوونەوە نابێت بچینە لای وەزارەت، ئەگەر خۆی داوا بکاتن کۆبوونەوەیەکی لەسەر بکرێتن، ئەوە دەخرێتە بەرنامەو موناقەشەی لەسەر دەکرێتن، بەلّێ کاك بارزان.

**بەڕێز بارزان محمد قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

جەنابت دوو دەقیقەت دانا بۆ ئەو برادەرانە پرسیار بکەن، من خۆشحالْم کاك ئەدهەم زۆربەی قسەکانی باشتر کرد، حەقە ئێمە ئیلتیزام بە قەرارەکەی جەنابت بکەین، وابزانم ئەمەش نوقتەی نیزامە، نەك غەیری نیزام، دوو دەقیقە دانرا ئەندامەکان پرسیار بکەن، نەك حلول و موسائەلە بکەن، دوو دەقیقە مەفروزە ئەندام پەرلەمان قسان بکەن، گوتت ئەگەر دوو دەقیقەکە تەواو بوو موقاتەعەی دەکەم، ئێمەش قسەمان وەك ئەو خەڵکە کرد، من خۆشحالْم کاك ئەدهەم لە من باشتر قسەی کرد، هەق وایە ئیلتیزام بە قەرارەکانی سەرۆکایەتی پەرلەمان بکرێت و هەم لە لایەن ئەندامانی پەرلەمانیشەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە نوقتە نیزام نییە، بەلاْم لە سالْحی منە، پێشنیارێکی زۆر چاکە ئیلتیزام بکەین، هەمووومان وەعد بدەین ئیلتیزام بکەین، بەڕاستی خالْێکی گرنگە زۆر جار وەکو رۆشنبیری هەمووومان قسەی باش دەکەین، بەلاْم وەکو ئیلتیزام مرۆڤێکی ترین، ئەم راستیە زۆر دیارە، ئەمە بە زەمەن حەل دەبێتن، بەلاْم ناتوانین بەجێی بهێلْین، ئەگەر خۆمان نەگۆڕین، زۆر سوپاستان دەکەم کۆتایی بە دانیشتنەکەمان دەهێنین، دانیشتنی داهاتوومان رۆژی دووشەممەی داهاتوو سەعات (11) لەگەڵ وەزیری خوێندنی بالاْ و پەروەردە هەردووکیان، وەزیری خوێندنی بالاْو پەروەردە، زۆر سوپاس.

| | | |
|---|---|---|
| **فرست احمد عبدالله** | **محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی)** | **عدنان رشاد مفتی** |
| **سکرتێری ئەنجومەنی نیشتمانیی** | **جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی** | **سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی** |
| **کوردستان – عێراق** | **کوردستان – عێراق** | **کوردستان - عێراق** |

# ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (32)**

**دوو شەممە رێکەوتی 9\7\2007**

**خولی دووەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (32)

## دوو شەممە ڕێکەوتی 2007/7/9

کاتژمێر (11)ی سەر لە بەیانی رۆژی دوو شەممە ڕێکەوتی 2007/7/9 ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق بە سەرۆکایەتی بەڕێز عدنان رشاد مفتی سەرۆکی ئەنجومەن و, بە ئامادەبوونی بەڕێزمحمد قادر عبداللە(د.کمال کەرکووکی) جێگری سەرۆك و, بەڕێز فرست أحمد عبداللە سکرتێری ئەنجومەن, دانیشتنی ژمارە (32)ی خولی دووەم, ساڵی (2007) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی کار:**

بەپێی حوکمەکانی بڕگە (1)ی مادده (20) لە پێڕۆی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموارکراوی ساڵی 1992ی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق, دەستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەن بڕیاردرا دانیشتنی ژمارەی (32)ی خولی گرێدانی یەکەمی ساڵی سێیەمی خولی هەڵبژاردنی دووەمی پەرلەمانی کوردستان – عێراق, بەرنامەی کار بەم شێوەیە بێت:

1-خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژەی یاسای دەزگای ئاسایشی هەرێمی کوردستانی عێراق.

2- خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژەی یاسای نەوت لە هەرێمی کوردستانی عێراق.

3- خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژەی یاسای وەزارەتی سامانە سروشتیەکان لە هەرێمی کوردستان.

4- بە ئامادە بوونی بەڕێزان (وەزیری خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی و وەزیری پەروەردە) گفتوگۆ لەسەر راپۆرتی لیژنەی کاروباری پەروەردەو فێرکردنی باڵا دەکرێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی کوردستان دانیشتنی ئەمڕۆمان دەکەینەوە, بەرنامەی کار:

بەپێی حوکمەکانی بڕگە (1)ی مادده (20) لە پێڕۆی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموار کراوی ساڵی 1992ی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق, دەستەی سەرۆکایەتیی ئەنجومەن بڕیاریدا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە (32)ی خولی دووەمی هەڵبژاردن لە کات(11)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی دوو شەممە ڕێکەوتی 2007/7/9دا بەم شێوەیە بێت:

1- خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژەی یاسای دەزگای ئاسایشی هەرێمی کوردستانی عێراق.

2- خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژەی یاسای نەوت لە هەرێمی کوردستانی عێراق.

3- خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژەی یاسای وەزارەتی سامانە سروشتیەکان لە هەرێمی کوردستان.

4- بە ئامادە بوونی بەڕێزان (وەزیری خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی و وەزیری پەروەردە) گفتوگۆ لەسەر راپۆرتی لیژنەی کاروباری پەروەردەو فێرکردنی باڵا دەکرێت.

سەرەتا بەخێرهاتنی بەڕێز دکتۆر ئاشتی هەورامی وەزیری سامانە سروشتیەکان لە هەرێمی کوردستان دەکەین، لەگەڵ کاك سەعد وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان زۆر بەخێر بێن سەرچاو، هەروەها بەخێرهاتنی میوانە بەڕێزەکان دەکەین، کە لەگەڵ جەنابی وەزیر لەگەڵمان لەسەرەوە ئامادەن زۆر بەخێر بێن سەرچاو، داوا لە لیژنەی یاسایی دەکەم بێن لە شوێنی خۆیان دابنیشن بۆ خوێندنەوەو دەست پێ کردنی بەرنامەی کارمان، خاڵی یەکەم لە بەرنامەی کار: خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژەی یاسای دەزگای ئاسایشی هەرێمی کوردستانی عێراق، پێش ئەوەی داوا لە لیژنەی یاسایی بکەم بۆ خوێندنەوەی پرۆژەکە، تەئکید لەوە دەکەمەوە کە خوێندنەوەی ئەم یاسایە هەنگاوێکی گرنگە لە پاڵ ئەو هەنگاوانەی کە حکومەتی هەرێم هاوێژتوویەتی، یان دەیهاوێت بۆ رێکخستنی هەموو دامودەزگاکان و بە یاسایی کردنی هەموو دامودەزگاکان و یەکخستنیان وەکو بڕیاریش بووە، ئێمە بەدوای ئەم مەسەلەیە دابووین، هەنگاوێکی گەورەیە بە ناردنی ئەو پرۆژەیە، دواتر ئینشائەڵڵا لێرەدا کە پەسند دەکرێتن، دەزگای ئاسایش وەکو دەزگایەکی حکومی یەك دەخرێت، دەبێتە بەشێك لە حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەو شێوەیەش کە لە پرۆژەکەدا هاتووە، پەرلەمانیش لەمەودوا دەتوانێتن بەدوای ئیش و کارەکانی ئاسایشدا بچێت، جا ئەگەر وەزیر لێی مەسئوول بێتن، یان سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران، ئەگەر پێویستی کرد لێرە بانگهێشتیان دەکەین، بۆ تاوتۆ کردن و باس کردنی مەسەلەکانی پەیوەندی بە ئاسایشەوە هەیە، بۆیە پیرۆزبایی لە حکومەتی هەرێم دەکەم، کە ئەم هەنگاوەیان ئەنجام داوە، ئومێد دەکەم هەنگاوەکانی دواتر سەرکەوتنی بەدوا دابێتن، داوا لە لیژنەی یاسایی دەکەم بۆ خوێندنەوەی ئەو پرۆژەیە بە زمانی کوردی با بفەرموێت، ئەگەر بە زمانی کوردی نییە، بە زمانی عەرەبی بخوێندرێتەوە، ئەگەر ئامادە نییە، ئێمە بۆیە پەلەشمان کرد، دەبوایە راوەستین بۆ تەرجومەکەی، بەڵام لەبەر ئەوە وەختەکەمان کەمەو پرۆژەکەش گرنگە، بۆیە ئێمە لە سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیارماندا رانەوەستین لەسەر تەرجومەکەی، دواتر رۆژی تەحدید کردنی موناقەشەکە، ئەو وەختیش تەرجومەکە حازر دەبێتن، فەرموو کاك شێروان.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**بەڕێزان ئەندامانی ئەنجومەن.**

ئێستا دەقی پرۆژەکەتان بۆ دەخوێنمەوە:

**مشروع قانون**

**مؤسسة اسايش اقليم كوردستان**

المادة الاولى: يقصد بالتعابير التالية المعاني المبنية ازاءها لاغراض هذا القانون:

1-الاقليم: اقليم كوردستان العراق.

2- مجلس الوزراء: رئاسة مجلس وزراء الاقليم.

3- المؤسسة: مؤسسة اسايش الاقليم.

4- رئيس الاسايش: رئيس مؤسسة اسايش الاقليم.

5- نائب رئيس الاسايش: نائب رئيس مؤسسة اسايش الاقليم.

المادة الثانية:

1- تؤسس مؤسسة باسم (مؤسسة اسايش اقليم كوردستان – العراق) لها ميزانية خاصة وتتمتع بالشخصية المعنوية والاستقلال المالي والاداري ولها القيام بجميع التصرفات القانونية لتحقيق مهامها ويمثلها رئيسها او من يخوله، وترتبط المؤسسة برئاسة مجلس الوزراء.

2- يعين رئيس المؤسسة بمرسوم اقليمي صادر من رئيس اقليم كوردستان وبترشيح من رئيس الوزراء يكون بدرجة وزير وله حقوق الوزير فيما يتعلق بالراتب والمخصصات والتقاعد والخدمة. وهو الرئيس الاعلى للمؤسسة والمسؤول عن توجيه اعمالها والاشراف على فعالياتها وانشتطها كافة، وتنفيذ القوانين والانظمة واصدار التعليمات والاوامر في كل ما له علاقة بمهام المؤسسة ضمن الحدود المبينة في هذا القانون. وعلى رئيس المؤسسة تخويل بعض صلاحياته الى نائب رئيس المؤسسة والمدراء العامون ورؤساء الدوائر.

3- نائب رئيس المؤسسة: يعين بمرسوم اقليمي وبترشيح رئيس الوزراء ويكون بدرجة وكيل وزارة، يعاون رئيس الاسايش ويمارس المهام والصلاحيات التي يخوله الرئيس، على ان يكون من ذوي الخبرة والكفاءة في اختصاصه.

4- يتولى نائب الرئيس مهام الرئيس في حالة غيابه.

المادة الثالثة: تتولى المؤسسة المهام التالية:

1- تنفيذ السياسة العامة لحكومة الاقليم في صيانة الامن الداخلي وتطبيق القوانين والانظمة النافذة ذات العلاقة، فيما يتعلق بمكافحة الارهاب والتجسس وتقوم المؤسسة باداء مهامها بالتنسيق مع الجهة المختصة.

2- مكافحة المخدرات.

3- المساهمة في حماية الاقتصاد الوطني ومحاربة ومكافحة تزيف العملة.

4- العمل من اجل حماية الحريات الديمقراطية وحقوق الانسان في الاقليم.

5- جمع المعلومات وتحليلها وتقييم التهديدات سواء اكانت موجهة ضد امن الاقليم او اي جزء من جمهورية العراق الفدرالية ورفعها وابداء الاراء والمقترحات بشأنها مع اتخاذ كافة الاجراءات الواجبة بصددها وفق القانون.

6- حماية امن المؤسسات الدستورية والقانونية.

7- حماية امن اماكن العبادة.

8- حماية امن المنظمات الدولية والقنصلية.

9- حماية المطارات.

10- فيما يتعلق بمكافحة الارهاب والتجسس تقوم المؤسسة باداء مهامها بالتنسيق مع الجهة المختصة.

11- تراعى احكام القوانين النافذة في اجراءات التحقيق واحالة المتهم الى القضاء.

المادة الرابعة:

1- يشكل في ديوان المؤسسة مجلس يسمى (مجلس المؤسسة) يتولى دراسة ومناقشة وابداء الاراء في كل ما يحال اليه من رئيس المؤسسة ويتألف من:

- رئيس الاسايش: رئيس المجلس.

- نائب رئيس الاسايش: نائب الرئيس.

- المدراء العامون: اعضاء.

2- لرئيس الاسايش دعوة اي من منتسبي المؤسسة او الوزارات ممن له خبرة واختصاص لحضور جلسات المجلس بحسب الاقتضاء.

3- يعقد المجلس بدعوة من رئيس الاسايش وفي حالة غياب رئيس المجلس ينوب عنه نائب الرئيس.

4- تعتبر قرارات المجلس نافذة اعتباراً من تاريخ صدورها عدا ما يتطلب منها استحصال موافقة خاصة بها.

المادة الخامسة: تتكون المؤسسة من المديريات العامة والتشكيلات الاساسية التالية:

1- المديرية العامة للديوان: يرأسها (ضابط لاتقل رتبته عن عميد) بدرجة مدير عام من ذوي الخبرة والاختصاص.

2- المديريات العامة للاسايش في محافظات الاقليم: يرأس كل مديرية عامة ضابط كفوء لاتقل رتبته عن عميد بدرجة مدير عام.

3- معهد تطوير الاسايش: يرأسه ضابط لاتقل رتبته عن عميد بدرجة مدير عام ويكون من ذوي الخبرة والكفاءة والاختصاص وتحدد اموره بنظام.

4- مديرية الدائرة القانونية وحقوق الانسان: يريدها ضابط خريج كلية القانون لاتقل رتبته عن عقيد بدرجة مدير من ذوي الخبرة والاختصاص.

5- مديرية المتابعة والتفتيش: يديرها ضابط لاتقل رتبته عن عميد بدرجة مدير عام من ذوي الخبرة والاختصاص.

المادة السادسة:

1- يحدد بنظام مهام واختصاصات تشكيلات المؤسسة.

2- لرئيس الاسايش استحداث او الغاء او دمج او ربط (شعب او اقسام او مديريات) عند اقتضاء الضرورة بموافقة رئاسة مجلس الوزراء.

المادة السابعة: تطبيق جميع القوانين التي تسري على قوى الامن الداخلي على ضباط ومنتسبي المؤسسة.

المادة الثامنة: لا يعمل بأي نص يتعارض مع احكام هذا القانون.

المادة التاسعة: على مجلس الوزراء تنفيذ احكام هذا القانون.

المادة العاشرة: لرئيس الاسايش اصدار التعليمات اللازمة لتسهيل تنفيذ هذا القانون.

المادة الحادية عشرة: ينفذ هذا القانون من تاريخ نشره في الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ خوێندنەوەی پرۆژەی یاسای ئاسایشی هەرێمی کوردستان، ئەم پرۆژەیە ئاراستەی لیژنەی یاسایی و لیژنەی ناوخۆ دەکەم، بۆ دیراسەت کردن و ئامادە کردنی راپۆرتی پێویست، هەروەها هەموو ئەندامانی بەڕێز پێویستە دیراسەتی بکەن، لە رۆژی موناقەشە کردنی دەوڵەمەندی بکەن وەکو یاسایەك دەربچێت.

خاڵی دووەمی بەرنامەی کار: خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژەی یاسای نەوت لە هەرێمی کوردستانی عێراق.

خاڵی سێیەم لە بەرنامەی کار نووسراوە خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژەی یاسای وەزارەتی سامانە سروشتیەکان لە هەرێمی کوردستان.

خۆی دەبوایە سێیەم دووەم بێتن، ئێمە پێش ئەوەی یاسای وەزارەت دەبێت یەکەم جار ئیقرار بکەین، ئەوجا هین بکەین، بۆیە من داوا دەکەم دەنگی بۆ بدەین خاڵی سێیەم بکەینە خاڵی دووەم، واتا لە سێیەمەوە دەست پێ بکەین، کێ لەگەڵ ئەوەیە خاڵی سێیەم لە بەرنامەی کار ببێتە خاڵی دووەم دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بە کۆی دەنگ خاڵی سێیەم لە بەرنامەی کار دەبێتە خاڵی دووەم، تکایە خاڵی دووەم بخوێننەوە، خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژەی یاسای وەزارەتی سامانە سروشتیەکان لە هەرێمی کوردستان، فەرموون.

**بەڕێز دلێر محمد شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەناوی خودای گەورەو میهربان

بەناوی گەلەوە

سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان ـ عێراق

بەپێی ئەو یاسایەی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان ـ عێراق داینائوە پشت بە حوکمی ماددەی دەیەم/ یەکەم لە یاسای ژمارە (1)ی ساڵی 2005 یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان ـ عێراق ئەم یاسایەی خوارەوەمان دەرکرد:

**یاسای ژمارە( )ی ساڵی 2007**

**یاسای وەزارەتی سامانە سروشتیەکان**

**بەشی یەکەم ـ پێناسەکان**

ماددەی یەکەم:

**هەرێم: هەرێمی کوردستان ـ عێراق.**

**پەرلەمان: پەرلەمانی هەرێم.**

**ئەنجومەنی وەزیران: ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێم.**

**وەزارەت: وەزارەتی سامانە سروشتیەکانی هەرێم.**

**وەزیر: وەزیری سامانە سروشتیەکان لە هەرێمدا.**

**بریکارەکان: بریکارەکانی وەزارەتی سامانە سروشتیەکان لە هەرێمدا.**

## بەشی دووەم ـ بەشەکانی وەزارەت

**ماددەی دووەم ـ سەنتەری وەزارەت لەمانە پێك دێت:**

**أ- وەزیر**

**ب ـ بریکارەکان**

**ت ـ ئەنجومەنی وەزارەت**

**پ ـ راوێژکاران**

**ج ـ فەرمانگەی پشکنینی گشتی و چاودێری ناوخۆیی**

**ح ـ فەرمانگەی کارگێری و دارایی**

**خ ـ فەرمانگەی هونەری**

**د ـ فەرمانگەی ئابووری و گرێبەستەکان**

**ز ـ فەرمانگەی وەبەرهێنانەکان.**

**ماددەی سێیەم: دەزگاکانی نەوتی وەرگر دادەمەزرێ بەپێی یاسای نەوتی هەرێمی کوردستان و بە وەزارەت دەسپێردرێت و بە کەسایەتی مەعنەوی و سەربەخۆیی دارایی و کارگێڕی هەیە.**

## بەشی سێیەم

## تایبەتمەندیەکانی بەشەکانی سەنتەری وەزارەت

**ماددەی چوارەم: وەزارەت ئەمانەی خوارەوە دەگرێتە ئەستۆ:**

**یەکەم: بەرێوەبردنی هەموو کەرتەکانی تایبەت بە سامانە سروشتیەکانی لە ئەستۆیدان لە هەرێمدا بەشێوەیەکی چڕ کراوە، جگە لە ئاو و دارستانەکان.**

**دووەم: بەرێوەبردن و ئامادە کردنی پلانەکان بۆ کەرتی نەوت و گاز و هاندانی وەبەرهێنان بۆ ئەم کەرتە لە هەرێمدا سەرباری نەخشەکێشان و بەدواداچوونی قۆناغەکانی مۆڵەت و گرێبەستەکانی لەگەڵ کۆمپانیاکانی نەوت مۆر دەکرێت، بەجۆرێك لەگەڵ دەستووری عێراقی فیدراڵی و یاسای نەوتی هەرێمی کوردستان بگونجێت.**

**سێیەم:** کارکردن لە پرۆسەکانی دۆزینەوەو هەڵکەندن و دەرهێنانی نەوت و گاز پرۆسەکانی پاڵاوتن و دروستکردنی گاز سەرباری گواستنەوەو هەناردنی نەوتی خاو و بەرهەمەکانی و بنیاتنانی پرۆژەکانی نەوت.

**چوارەم:** وەرگرتنی نموونەکانی جیۆلۆژی ئەنجامدانی پشکنینەکانی و هەموو کارەکانی تایبەت بە چالاکیەکانی جیۆلۆژی.

**پێنجەم:** ئەرکی ئامادەکردن و هەماهەنگی و یەکگرتنەوەی پلانەکانی سەرەتایی بۆ جۆرەها رووەکانی چالاکی وەبەرهێنانی نەوت و گاز و کانەکان لە سەنتەری وەزارەتدا، بەمەرجێك کۆمپانیاو فەرمانگەکانی بەستراون بەوەزارەتەوە ئەوانە جێبەجێ بکەن، بەسەرپەرشتی وەزارەتەوە و یاسای نەوتی هەرێمی کوردستان و یاسای وەبەرهێنانی کانەکانی بەرکار لەبەر چاوبگرن.

## بەشی چوارەم - تایبەتمەندیەکانی رێکخستنی وەزارەت

**ماددەی پێنجەم: وەزیر**

**یەکەم:** وەزیر: سەرۆکی باڵای وەزارەتەو بەرپرسە لە کارو چالاکیەکانی و بەرپرسیاری لەبەردەم ئەنجومەنی وەزیراندا لەبەر ئەوەی ئەندامێکی هاوکارە تێیدا، ئەوانە دەگرێتە ئەستۆ:

أ- بەرپرسیاریەتی لە کارو چالاکیەکانی وەزارەت و ئاراستەکردنی سیاسەتەکەی سەرپەرشتی کردن و چاودێری کردنی و هەموو بڕیارو فەرمان و ڕێنماییەکان لێیەوە دەردەچێ، بە سەرپەرشتی ئەوەوە هەموو شتێك کە پەیوەستە بە ئەرکەکانی وەزارەت و دامەزراوەکانیەوە جێبەجێ دەکرێ.

ب- رێکخستن، یان دووبارە رێکخستنەوەی هەیکەلی فەرمانگەکانی سەر بە وەزارەت و دەستەکان، یان کۆمپانیاکانی دیکەی، کە بەپێی یاسای نەوتی هەرێمی کوردستان دادەمەزرێن.

ت-دامەزراندنی کارمەندان لەوانەش بەڕێوەبەرەکان و فەرمانبەران لەکاتی پێویستیدا گرێبەستان لەگەڵ بیانیەکان لە فەرمانبەرێتیە شاغیرەکان، بەپێی پێوانەی نوێ و هەیکەلەکانی کارگێڕی.

پ- بەشێوەیەکی چڕنەکراوە سەرپەرشتی کردن و چاودێری کردنی سیاسەتەکانی وەزارەت سەرباری پلاندانان و پشکنین و وردبینی کردن.

ج - سەر لە نوێ دامەزراندن، یان هەڵوەشاندنەوەو لەیەك دابڕین، یان لە یەکگرێدان، هەریەك لە بەشەکانی فەرمانبەرێك بە پلەی بەڕێوەبەر بۆ خوارەوە سەرۆکایەتی دەکات، دابەش کردنی کارمەندانی زیادە بەسەر کۆمپانیا و فەرمانگەکانی سەر بە وەزارەت، بەپێی پێداویستیەکانی کارکردن.

د- دەسەڵاتی گواستنەوەی کارمەندان لە ناو وەزارەتدا بەهەمان پلەی فەرمانبەرێتی، لەبەر پێداویستەکانی رەوتی کارکردندا.

**دووەم:** وەزیر بۆی هەیە هەندێ لە دەسەڵاتەکانی بەبریکاری وەزارەت، یان بەڕێوەبەرە گشتیەکان، یان ئەوەی بە گونجاوی بزانێ لەوەزارەتدا، بسپێرێ.

**سێیەم:** هەموو پۆستەکانی وەزارەت لەسەر بنەمای شارەزایی و پسپۆڕی بەتوانایی باش دەسپێردرێ.

**ماددەی شەشەم / بریکارو راوێژکاران ونووسینگەکان:**

**یەکەم:** بریکارەکان: یارمەتی وەزیر دەدەن لە بەڕێوەبردنی کاروباری وەزارەتدا، بەپێی ئەو دەسەڵاتانەی لەلایەن وەزیرەوە پێیان دراوە، دەبێ هەریەك لەوانە بەلای کەمی بڕوانامەی بەرایی زانکۆی هەبێ و دەبێ لە لایەنی هونەری، یان کارگێڕی پسپۆڕبن.

**دووەم:** راوێژکاران: ژمارەیان لە چوار تێپەر نابێت، دەبێ بەلای کەمی بڕوانامەی بەرایی زانکۆیان هەبێ و شارەزاو پسپۆڕبن، یەکێکیان دەبێتە سەرۆکی راوێژکارەکان بۆ هەماهەنگی کردن لەو کاروبارانەی پەیوەستە بەپێوانەکانی پەیڕەو کراو شەفافیەت و جێبەجێ کردنی پلان و سیاسەتەکانی وەزارەت.

**سێیەم:** نووسینگەی وەزیر: فەرمانبەرێك بە پلەی بەڕێوەبەر کەمتر نەبێت بەڕێوەی دەبات و بەلای کەمی دەبێ بڕوانامەی بەرایی زانکۆ هەبێت و چەند فەرمانبەرێك یارمەتی دەدەن.

**چوارەم:** نووسینگەی بریکاری وەزارەت: فەرمانبەرێك لە پلەی بەڕێوەبەر کەمتر نەبێت بەڕێوەی دەبات و بەلای کەمی دەبێ بڕوانامەی بەرایی زانکۆ هەبێت و چەند فەرمانبەرێك یارمەتی دەدەن.

**ماددە حەوتەم: ئەنجومەنی وەزارەت:**

**یەکەم:** ئەنجومەنی وەزارەت بەم شێوەیەی خوارەوە دادەمەزرێ:

أ- وەزیر: سەرۆك.

ب-بریکارەکانی وەزارەت: ئەندامن، لەکاتی نادیاری وەزیر بریکاری رێپێدراو لەلایەن وەزیرەوە سەرۆکایەتی ئەنجومەن دەکات.

ت-ژمارەیەك لە راوێژکاران و بەڕێوەبەرە گشتیەکان و شارەزایان و پسپۆڕان لەناوەوەی وەزارەت لەکاتی پێویستیدا لە دەرەوەی وەزارەت بۆیان زیاد دەکرێ و بە بڕیارێکی وەزیر دەست نیشان دەکرێن.

ج - بەڕێوەبەری گشتی فەرمانگەی هونەری دەبێتە بڕیاردەر.

**دووەم:** ئەنجومەن بە بڕیاری وەزیر کۆدەبنەوەو سروشتی کارەکەی راوێژکاریە، بۆ مەبەستی پلاندانان و بەدواداچوون و سەرپەرشتی کردن لەسەر چالاکیەکانی وەزارەتدا.

**سێیەم:** ئەنجومەن، راوێژکاری و راسپاردەکانی پێویست و تایبەت بە سیاسەتی گشتی کەرتەکە پێشکەش دەکات، لە پێناو هێنانەدی ئامانجە چاوەڕوان کراوەکان لە جموجۆڵ و چالاکیەکانی وەزارەتدا.

**ماددەی هەشتەم: فەرمانگەی پشکنین گشتی و چاودێری ناوخۆیی.**

فەرمانبەرێك بە پلەی بەڕێوەبەری گشتی سەرۆکایەتی دەکات و بەلای کەمی دەبێ بڕوانامەی بەرایی زانکۆی هەبێ، پسپۆڕ بێ لە لایەنی یاسایی، یان کارگێڕی، یان دارایی و ئەم تایبەتمەندیانە ئەنجام دەدات:

**یەکەم:** وردبینکردن و گەڕانەوە بۆ تۆمارەکانی وەزارەت و فەرمانگەکانی پێیەوە بەستراون و پەیوەستە بە هەموو چالاکیەکان، لە پێناو ئەوەی دەستپاکی و شەفافیەت زامن بکات لەگەڵ مسۆگەر کردنی بە توانایی و چالاکیەکانی کارکردن، بۆ فەراهەم کردنی زانیاریەکان، پێشکەش کردنی راسپاردەکانی گونجاو بۆ وەرگرتنی ئەو بڕیارانەی کە پرۆگرام و سیاسەت و رێکارەکانی وەزارەت باشتر دەکات.

**دووەم:** وەرگرتنی سکاڵاکان و ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەکانی کارگێڕی بە هەموو جۆرەکانیەوەو ئەنجامدانی ئەوەی پێویستە لە ڕێکارەکانی یاسایی، راپەراندنی چالاکیەکان، بەجۆرێك ڕێگە لە فێڵبازی و زێدە ئیسرافی و خراپ کارکردن و بێ توانایی بگرێت، هەروەها رۆشنبیرکردن و راهێنانی کارمەندان لەسەر ئەو چالاکیانەدا.

**سێیەم:** بەدواداچوونی پیادەکردنی هەموو یاسا و پەیڕەوو ڕێنمایی و بڕیارو فەرمانەکانی دەرکراون لە پێناو ڕێکخستنی ڕەوتی کارەکان و چالاکی وەزارەت بە ڕێگەیەکی راست و رەوان.

**چوارەم:** چاودێری کردن و سەرپەرشتی کردنی دارایی و کارگێڕیی هەموو کۆمپانیاو فەرمانگەکانی سەر بە وەزارەتن و بەدواداچوونیان ، لە میانەی ئامادەکردنی پرۆگرامەکانی کاری دەزگاکانی چاودێری ناوخۆییەوە.

**پێنجەم:** ئامادە کردنی راپۆرتی بەردەوام دەربارەی ئەنجامەکانی چاودێری کردن و پشکنین ورەوانەکردنی چەند وانەیەك لێی بۆسەنتەری وەزارەت بۆ بەدواداچوونی رادەی پیادەکردنی تێبینی و راسپاردەکانی تێیدا هاتووە.

**ماددەی نۆیەم: فەرمانگەی کارگێڕی ودارایی:**

فەرمانبەرێك بە پلەی بەڕێوەبەری گشتی سەرۆکایەتی دەکات بەلای کەمی بڕوانامەی بەرایی زانکۆی هەبێ و دەبێ پسپۆڕی یاسا، یان کارگێڕی بێ، ئەم فەرمانگەیە ئەم کارانە رادەپەڕێنێ.

**یەکەم:** ڕێکخستنی کاروباری کارمەندان و راگەیاندن و پێشکەش کردنی خزمەتگوزاریەکانی کارگێڕی جۆراوجۆری پێویست، بۆ باشترکردنی ڕەوتی کارکردن لەسەنتەری وەزارەتدا.

**دووەم:** ڕێکخستنی کاروباری ژمێریاری و وردبینی ناوخۆ.

**سێیەم:** را دەربڕین لەمەسەلە یاساییەکان و نوێنەرایەتی کردنی وەزارەت لەبەردەم دادگاکاندا و چارەسەرکردنی کاروبارەکانی کارگێڕی پەیوەندیدار کە لە دەسەڵاتی کۆمپانیاکاندا نییە.

**چوارەم:** ئامادە کردنی پلانەکانی راهێنان و سوود وەرگرتن لە ماوەکانی راهێنان و زەمالە و بیعسەکان لەلایەن کۆمپانیاکان، یان ڕێکخراوەکانی نێو دەوڵەتی، یان لایەنەکانی پەیوەندیداری دیکەوە بۆ وەزارەت رەخساوە، بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی کارکردنی کارمەندان لە وەزارەتدا و پەرەسەندنی تواناکانیان هەریەکە و بەپێی تایبەتمەندی خۆی، ئەوانە بە هەماهەنگی لەگەڵ کۆمپانیا و فەرمانگەکانی پەیوەندیدارەوە ئەنجام دەدرێت.

**ماددەی دەیەم: فەرمانگەی هونەری**

فەرمانبەرێك بەپلەی بەڕێوەبەری گشتی سەرۆکایەتی دەکات بەلای کەمی دەبێ بڕوانامەی بەرایی زانکۆی هەبێ و پسپۆڕبێ لە پیشەسازیە نەوتیەکان و ئەم تایبەتمەندیانە ئەنجام دەدات:

**أ-** هەماهەنگی و بەدواداچوونی کاروبارە هونەریەکانی گشتی ویەکگرتنی پلانی هەموو کەرتە هونەریەکان لە ژێر رۆشنایی پلان و زانیاریەکانی کۆمپانیا و فەرمانگەکانی بەوەزارەت بە ستراونەتەوە لەوانەش

پیشەسازی گاز و عەمبارکردن و دابەشکردن و پاراستنی ژینگە و سەلامەتی پیشەسازی و تەندروستی پیشەیی، هەروەها دانانی پلانە ستراتیژیەکانی دوورهاوێژ و مامناوەندی و ساڵانە و لێکۆڵینەوەکانی سوودمەندی هونەری بۆ پیشەسازیە نەوتیەکان و دانان و بەدواداچوونی و جێبەجێ کردنی ئەو پلانانە.

ب- دیراسەتکردن و بەدواداچوونی حەشارگەیی لەسەر حەشارگەکانی نەوت و گاز، هەروەها پێشنیارکردنی دیراسەت کردنی شێوازەکانی پوختە کردن لە هەموو شوێنەکانی هەرێم بە هەماهەنگی لەگەڵ لایەنەکانی تایبەتمەند لە کۆمپانیاکان و پێشنیار کردنی تێکرای بەرهەمهێنان لە حەشارگەکانیدا لە ژێر رۆشنایی دیراسەتکردن و رەوشتی کردنی حەشارگەکان، هەروەها ئامادەکردنی پلانەکانی سەرەتایی بۆ پەرەپێدانی کێڵگەکانی تازە دۆزراونەتەوە، یان زیاد کردنی بەرهەمهێنان بەهۆی پەیرەوکردنی نوێترین تەکنۆلۆژیای پێویست، سەرباری ئەنجامدان و بەدواداچوونی لێکۆڵینەوەکانی دۆزینەوە لەو ناوچانەی پشکنینیان لێ نەکراوە، یان نەدۆزراونەتەوە.

ج- بەدواداچوونی جێبەجێ کردنی پلانەکانی بەرهەمهێنان بۆ کۆمپانیاکان و فەرمانگەکانی سەر بە وەزارەتن، هەماهەنگی بۆ فەراهەمکردنی پێداویستیەکانی بەرهەمهێنان و ئەنجامدانی مانۆر لە داهاتەکانی لەبەردەستدان بۆ کەرتەکە، هەروەها بەدواداچوونی پێوانە کردنی پێوەرەکان و دامەزراندنیان.

د- هەماهەنگی و یەکگرتنی پلانەکانی هاتنە ناو کە خۆی لە هاوردن و کڕاوەکانی ناوخۆ و خزمەتگوزاری دیکەوە دەنوێنێ و پلانەکانی لێ دەرچوون، کە خۆیان لە هەناردنی نەوت و گاز و بەرهەمەکانی نەوت دەنوێنێ و پلانەکانی گەیاندنیان بە هۆیەکانی گواستنەوەو بەرزکردنەوەی بۆ ئەنجومەنی وەزارەت.

هـ- بەڕێوەبەردن و بەدواداچوونی بەشی تەکنیکیە زانیاریەکان لە وەزارەتدا و کۆکردنەوەی رێساکانی بەیانات و زانیاریەکان.

و- پێشنیارکردنی نرخی بەرهەمەکانی نەوتی دابەشکراو لە هەرێمدا بەهەماهەنگی لەگەڵ فەرمانگەکانی دابەشکردن و بەرزکردنەوەی بۆ ئەنجومەنی راوێژکاری.

ماددەی یازدەم: فەرمانگەی ئابووری وگرێبەستەکان:

فەرمانبەرێك بەپلەی بەڕێوەبەری گشتی سەرۆکایەتی دەکات بەلای کەمی خاوەن بڕوانامەی بەرایی زانکۆیەو پسپۆڕە لە لایەنی یاسایی و کارگێڕی و شارەزایە لە مەیدانی پیشەسازیە نەوتیەکان پەیوەستە بە پسپۆڕایەتی ئاماژە بۆ کراو، ئەم تایبەتمەندیانەی خوارەوە ئەنجام دەدات:

أ-ئامادەکردن و بەدواداچوونی جێبەجێ کردنی پلانی لێکۆڵینەوەکانی ئابووری بۆ وەبەرهێنانی نەوت و قەرزەکان.

ب- هەماهەنگی و بەدواداچوونی گرێبەست و رێککەوتننامەکانی پەرەپێدانی کێڵگەکانی نەوت لەگەڵ کۆمپانیا بیانیەکاندا.

ج- ئامادەکردنی پلانەکانی وەبەرهێنان و بودجەکە لە وەزارەتدا ئەنجام دەدرێ.

د- پلاندانان و ئامادەکردنی گرێبەست و مۆڵەتەکانی تایبەتی بە نەوت و گاز و کانەکان کە لەگەڵ وەزارەتدا مۆردەکرێ.

هـ- بەدواداچوونی قۆناغەکانی جێبەجێ کردنی ئەو گرێبەست و مۆڵەتانە لە پێناو گونجاندنی لەگەڵ یاسا بەرکارەکان لە هەرێمدا.

**ماددەی دوازدەم: فەرمانگەی وەبەرهێنانی کان**

أ- ئامادەکردنی پلانەکانی سەرەتایی بۆ پەرەپێدانی سامانە سروشتیەکان بە نوێترین تەکنیکی پێویست.

ب- ئامادەکردنی پلانە ستراتیژیەکان بە هەماهەنگی لەگەڵ فەرمانگەکانی پەیوەندیداری بە ستراو بە وەزارەتەوە دەربارەی دۆزینەوەو پشکنینی کانەخاوەکان و بەردە پیشەسازیەکان لە پێناو بووژانەوەی چالاکی وەبەرهێنانی کانەکان لە هەرێمدا، هاندانی کەرتی تایبەت لەو مەیدانەدا.

ج- بەدواداچوونی جێبەجێ کردنی یاسای وەبەرهێنانی کان و پرۆژەکانی وەبەرهێنان لە هەرێمدا.

د- کارکردن و بەدواداچوونی لێکۆڵینەوەکانی کان بە هاوبەشی کردن و هەماهەنگی لەگەڵ کەرتی تایبەتدا.

## بەشی چوارەم: حوکمەگشتیەکان

**ماددەی سێزدەم:**

**یەکەم:** ئەنجومەنی کارگێڕی کۆمپانیاکان، کە بەپێی یاسای نەوتی هەرێمی کوردستان دادەمەزرێ، نەخشەو دانانی سیاسەت و پلانە کارگێڕی ودارایی و رێکخستن و هونەری پێویست دەگرێتە ئەستۆ، بۆ بەرێوەچوونی چالاکیەکانی کۆمپانیاکە و سەرپەرشتی کردن و بەدواداچوونی جێبەجێ کردنیان لە پێناوی هێنانەدی ئامانجەکانی و هەموو ماف و دەسەڵاتەکانی پەیوەست پێیەوە، بۆی هەیە رێ بە بەرێوەبەری گشتی کۆمپانیا بدات لەوانەی پێی گونجاو بێت لە دەسەڵاتەکان.

**دووەم:** بڕیارەکانی ئەنجومەن بنەبڕە: ئەگەر وەزیر لە ماوەی (25) بیست وپێنج رۆژدا لە رۆژی تۆمارکردنی لە نووسینگەکەی نارەزایی دەرنەبڕێت، خۆ ئەگەر وەزیر نارەزایی لێی دەربڕێت، جارێکی دیکە دەخرێتەوە بەردەمی ئەنجومەن لە یەکەم کۆبوونەوەی گرێدەدات، خۆ ئەگەر لەسەر رایەکەی خۆی سوور بوو، دانیشتنێك بە سەرۆکایەتی وەزیر گرێدەدرێ بۆ سەیرکردنی، ئەو بڕیارەی بە زۆرینەی ژمارەی ئەندامەکانی دەردەکرێ بنەبڕە.

**سێیەم:** بەرێوەبەری گشتی کۆمپانیا، یان دەستەکە نوێنەرایەتی سەرۆکی ئەنجومەنی کارگێڕی دەکات، بەدەر لە کۆمپانیای کوردستان بۆ هەناردنی نەوت، وەزیر سەرۆکایەتی دەگرێتە ئەستۆ، سەرۆکی ئەنجومەن کۆمپانیاکە بەرێوە دەبات و کارو چالاکیەکانی بەپێی دەسەڵاتەکانی لە لایەن وەزیر و ئەنجومەنی کارگێڕی پێی دراوە، ئەنجام دەدات.

**چوارەم:** هەر کۆمپانیایەك، یان دەستەیەکی گشتی ، بە رەزامەندی زۆرینەی ئەندامەکان و بە بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران لەگەڵ هی دیکە ئاوێتە دەبن، یان دوو کۆمپانیای گشتی، یان زیاتر بۆ دامەزراندنی

**کۆمپانیایەکی نویٚ ئاویتەی یەکتری دەبن، بەمەرجێك دەبیٚ لە جموجۆڵدا هاوشیوە بن، یان یەکتری تەواو بکەن.**

**ماددەی چوارەم:**

**فەرمانگەو کۆمپانیاو دەستەکان ئەم شتانەی خوارەوەیان بۆ دەکریٚ:**

**یەکەم: لێخوشبوونی هەموو مامەلەکانیان لە رەسمی پول.**

**دووەم:لێخوشبوونیان لەهەر رەسمێك لەسەر هەناردنەکانی نەوتی خاوو گازو بەرهەمەکانیان.**

**سێیەم: لێخوشبوون لە رەسمەکانی گومرگ لەسەر هەموو شتە هاوردەکانی و تەرخان کراوەو پێویستە بۆ چالاکیەکانی لەوانەش کەرەستەو ئامێرو مەکینەو ئامرازو پاشکۆکانی و کەرەستەکانی یەدەگی و تاقیگەیی و بیناو کەرەستەی خاو و هۆبەکانی گواستنەوە بە هەموو جۆرەکانیەوە.**

**ماددەی یازدەم:**

**یەکەم: وەزیر دەسەڵاتی دەرکردنی رێنماییەکانی هەیە بۆ ئاسان کردن و جێبەجیٚ کردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە.**

**ماددەی شازدەم:**

**یەکەم: دەستەی گشتی نەوت و گاز و بتروکیمیاویات لە هەرێمدا هەڵدەوەشێتەوەو هەموو دامەزراو و بەڕێوەبەرایەتیەکانی سەر بەون، بەوەزارەتەوە دەبەسترێتەوە، لەگەڵ گواستنەوەی هەموو میلاك و موڵك و ماف و پابەندیەکانی بۆی.**

**دووەم: دەزگای گشتی بەڕێوەبردنی پرۆژەکانی تایبەتی لە هەرێمدا هەڵدەوەشێتەوە، هەموو دامەزراو و بەڕێوەبەرایەتیەکانی سەربەون، بەوەزارەت دەبەسترێتەوە، لەگەڵ گواستنەوەی هەموو میلاك و موڵك و مافەکان و پابەندیەکانی بۆی.**

**سێیەم: بەڕێوەبەرایەتیە گشتیەکانی بۆ نموونەی جیۆلۆژی و دامەزراوەکانی لە وەزارەتی پیشەسازی لە هەرێمدا، دادەبڕێن بە وەزارەت دەبەسترێتەوە، لەگەڵ گواستنەوەی هەموو میلاك و موڵك و ماف و پابەندیەکانیان بۆی.**

**چوارەم: پێویستە ئەنجومەنی وەزیران و لایەنەکانی پەیوەندیدار حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجیٚ بکەن.**

**پێنجەم: کار بەهیچ دەقێك ناکرێت پێچەوانەی حوکمەکانی ئەم یاسایە بێت.**

**شەشەم: ئەم یاسایە لە رۆژی بڵاوبوونەوەی لە وەقائعی کوردستان جێبەجیٚ دەکریٚ.**

**هۆیەکانی دەرکردنی**

**لەبەر ئەوەی حکومەتی هەرێم بەپێی یاسای داندراو لە پەرلەمان، وەزارەتی سامانە سروشتیەکانی دامەزراند، کە بەرپرسیاریەتی بەڕێوەبردنی ئەو سامانانەی دەکەوێـە ئەستۆ، ولە پێناو هێنانەدی ئامانجە چاوەڕوان کراوەکان لە میانەی چالاکی و کاریگەری کۆمپانیاو فەرمانگەکانی سەر بە وەزارەتن و هاوشان بوون لەگەڵ پەرەسەندنەکانی سەردەم ئەم یاسایەداندرا.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ خوێندنەوەی پرۆژەی یاسای وەزارەتی سامانە سروشتیەکانی هەرێمی کوردستان، ئەم پرۆژەیەش ئاراستەی لیژنەی یاسایی و لیژنەی پیشەسازی و لیژنەی دارایی و ئابووری و هەموو ئەندامە بەڕێزەکان دەکەم، بەنیسبەت لیژنەکانەوە بۆ ئامادە کردنی راپۆرتیان بۆ رۆژی دیاری کراو، بۆ موناقەشە کردن و ئیقرار کردنی، هەروەها داوا دەکەم لیژنەکان هەماهەنگیان هەبێتن بۆ رێکخستنی تێبینیەکانیان لەگەڵ جەنابی وەزیر دانیشتنی پێویست ئەنجام بدەن، بۆ ئەوەی ئەو راپۆرتەی لیژنەی یاسایی ئامادەی دەکەن، رەزامەندی ئەوانیشی تیا بێتن، بەم شێوەیە موناقەشە کردنەکە ئاسان دەبێتن، مولاحەزەیەك بۆ لیژنەی یاسایی لەسەر حوکمە گشتیەکان، هەندێك هاتووە رەنگە جێگای لە یاسای نەوتدا نەبێتن، ئینجا لێرە ئینتیباهی بکەن بزانن لێرە جێگایەتی، یان لە کاتی موناقەشە کردندا.

خاڵی سێیەمی بەرنامەی کار: خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژەی یاسای نەوت لە هەرێمی کوردستانی عێراق، داوا دەکەم کاك زانا بخوێنێتەوە، جەنابی کاك شوکری نوقتەی نیزامی هەیە فەرموو.

**بەڕێز شكرى صالح تمر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی چواردە بە ماددەی چوار هاتووە، ماددەی پازدەش لە ماددەی یازدە خوێندرایەوە، بە نووسینیش هەروا نووسراوە لە یاسای وەزارەتی سامانە سروشتیەکان، ئەگەر راست بکرێتەوە باشە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە موشکیلە نییە، چاکی دەکەینەوە سوپاست دەکەین، فەرموو کاك زانا.

**بەڕێز قادر سعيد خضر (زانا):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەناوی خودای گەورەو میهرەبان

بەناوی گەلەوە

سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستانی عێراق

بەپێی ئەو یاسایەی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق دەریکردووەو پشت بە حوکمی ماددەی دەیەم/ یەکەم لە یاسای ژمارە (1)ی ساڵی 2005 یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستانی عێراق ئەو یاسایەی خوارەوەمان دەرکرد:

**یاسای ژمارە (  )ی ساڵی 2007**

**یاسای نەوت و گازی هەرێمی کوردستان ـ عێراق**

**بەشی یەکەم**

**پێناسەکان**

ماددەی یەکەم: مەبەست لەم زاراوانەی خوارەوە ماناکانی بەرامبەریانە:

1- حکومەتی فیدراڵی: حکومەتی کۆماری عێراقی فیدراڵی.

2- دەستووری فیدراڵی: دەستووری کۆماری عێراقی فیدراڵی.

3- هەرێم: هەرێمی کوردستان ـ عێراق.

4- سەرۆکی هەرێم: سەرۆکی هەرێمی کوردستان ـ عێراق.

5- پەرلەمان: ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان ـ عێراق.

6- حکومەتی هەرێم: حکومەتی هەرێمی کوردستان ـ عێراق.

7- ئەنجومەنی وەزیران: ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستانی عێراق.

8- وەزارەت: وەزارەتی سامانە سروشتیەکانی هەرێم.

9- وەزیر: وەزیری سامانە سروشتیەکانی هەرێم.

10- نەوت: هەر هیدرۆکاربۆناتێکی سروشتی، یان هەر هیدرۆکاربۆناتێکی تێکەڵاو، چ لە دۆخی گازی، یان شلی بێ ئەوانەش دەگرێتەوە کە دەتوانرێ بگەڕێندرێتەوە بۆ حەشارگەکەی.

11- نەوتی خاو: هەموو هیدرۆکاربۆناتەکانی شل لە دۆخە سروشتیەکەی، یان لە گازی سروشتیەوە بەهۆی خەست کردنەوە، یان هەر هۆکارێکی پوخت کردنی دیکەوە بەرهەم هێنرا بێت.

12- گازی سروشتی: هەموو هیدرۆکاربۆناتەکانی گازی کە بە خاوی لە دۆخە سرشتیەکەیدا مابێتەوە، لەوانەش گازی تەڕ، گازی وشك، ئەو گازەی لە بەرگی بیر هەیە (Casing)و ئەو گازەی لە پرۆسەی پوخت کردنی هیدرۆکاربۆنی شل لە گازی تەڕمابێتەوە، جگە لە نەوتی خاو.

13- گازی سروشتی هاوشان: گازی بەرهەم هێندراو، وتێکەڵاو لەگەڵ نەوتی خاو لەژێر بارودۆخی شاراوەییدا.

14- کێڵگەی نەوت: حەشارگە، یان کۆمەڵێك لە حەشارەگەکانی نەوتی لە پێکهاتەکانی جیۆلۆژی زانراو، یان دیاردەیەکی جیۆلۆژی کە نەوتی لێ بەرهەم دەهێنرێ بەشێوەیەکی بازرگانی و، بەپێی تەکنۆلۆژیایەکی ئاسایی و سوودێکی ئابووری هەبێ.

15- کێڵگەی ئێستا: ئەو کێڵگە نەوتیەی کە تا پێش 2005/8/15 بەرهەمی بازرگانی هەبوو.

16- کێڵگەی ئایندە: ئەو کێڵگە نەوتیە کە تا پێش 2005/8/15 بەرهەمی نەبووەو هەر کێڵگەیەکی نەوتی دۆزراوە، یان لە ئەنجامی پرۆسەکانی دۆزینەوەی ئایندەدا دەدۆزرێتەوە.

17- پرۆسەکانی نەوت: بەدوادا گەڕان و پشکنین بە مەبەستی پەرەپێدان، بەرهەمهێنان، هەناردن، عەمبار کردن، گواستنەوە، پاڵاوتن، فرۆشتن و هەناردنی نەوت، یان بنیادتنان و دانان و دامەزراندنی هەر هەیکەلێکی دەزگاو مەکینەکان بۆ مەبەستی ئاماژە بۆ کراوو دوایی هێنان بە مۆڵەت، یان لابردنی هەریەکێك لەو هەیکەل و دامەزراو وبیناکان.

18- موڵکە جێگیرەکان: هەر سامانێکی نەگوازراوە گشتی بێ، یان تایبەتی.

19- مۆڵەتی پشکنین: مۆڵەتێکە بەپێی ماددەی بیست و یەکی ئەم یاسایە لە وەزیرەوە دەردەچێت.

20- مۆڵەتی ڕێپێدان: ئاگادارکردنەوە، یان ئەو ڕەزامەندیەی کە لە وەزیرەوە بەپێی ماددەی بیست و چواری ئەم یاسایە دەردەچێت.

21- مۆڵەت: ڕێگەدان بەگرێبەستی نەوت، یان ڕێگەدان بە گەڕان بە دوای نەوتداو هەر گرێبەستێکی تایبەتی پێی.

22- کەس: هەر کەسێکی سروشتی، یان مەعنەوی، یان هەر لایەنێکی کەسانی دیکە.

23- کەسی ڕێپێدراو: ئەو بەڵێندەرەی کە ناوی لە گرێبەستی نەوتی هەبێ، یان ئەو کەسەی بەپێی مۆڵەت و ڕێپێدان بەرپرسیاریەتی دەخرێتە ئەستۆی.

24- بەڵێندەر: هەر کەسێك لەبواری نەوتدا لەگەڵ وەزارەت گرێبەست گرێدەدا.

25- بەرهەمهێنانی بازرگانی: بەرهەم هێنانی ڕۆژانە کە لە(5000) پێنج هەزار بەرمیل کەمتر نەبێ و لە مەودای دوازدە مانگدا.

26- گرێبەستی نەوت: هەر گرێبەستێك گرێدەدرێ، یان مۆڵەتێك، یان ڕێپێدانێك کە بەپێی ماددەی (23) بیست وسێ ئەم یاسایە دەدرێت.

27- شوێنی گرێبەست: ئەو ڕووپێوەی لە گرێبەستی نەوتدا دراوە.

28- گرێبەستی هاوبەشی کردن لە بەرهەمهێناندا: نموونەی گرێبەستی نەوت کە ناوە ناوە دەخرێتە بەرچاو و هەموار دەکرێت لەلایەن وەزارەتەوە، کە جگە لە هەندێ لە کاروباری دیکەوە مەترسی ئابووری و هونەریشی تێدایە، کە بەڵێندەر بەڵێنی پێدەدات لە بەرامبەر بەشێك لە بەرهەمەکەدا کە بۆی هەیە وەکو بنەمایەك بۆ دانوستاندنەکان لە گرێبەستی نەوتیدا پشتی پێ دەبەسترێ لە نێوان وەزارەت و ئەو کەسانەی کە ئارەزوویان لە جێبەجێ کردنی پرۆسەکانی نەوتیدا دەربڕیوە.

29- داهاتەکان: داهاتەکانی حکومەتی هەرێم کە لە پرۆسەکانی نەوت بە دەست دەکەون، لەوانەش فرۆشتنی نەوت و گازو قازانج و پاداشتی ئیمزاکردن و بەرهەمهێنان لەو گرێبەستانەی نەوتی لە نێوان کۆمپانیا بیانیەکان و ناوخۆییەکان بەستراوە.

30- قازانج: ڕێژەیەك لە نەوتی بەرهەمهێنراو کە مسۆگەرەکە بۆ حکومەتی هەرێم لە ناوچەی گرێبەستەکەدا دابین دەکرێ.

31- خاڵی ئامادەکردن: ئەو شوێنەی لە دوای پرۆسەی دەرهێنانی دێ کە نەوتی خاو و گازی سروشتی ئامادەن بۆ فرۆشتن و وەرگرتن، بەپێی پێوانەکانی نێو دەوڵەتی، واتە ئەو شوێنەی کە کەسێك مافی موڵکداری نەوتی هەیە بەپێی ماددەی سێیەم لەم یاسایەدا.

32- سندوقی ژینگەیی: ئەو سندوقەیە کە داهاتەکان دەردەخات و بەپێی ماددەی شازدەم لەم یاسایەدا دانراوەو بەڵێندەرەکان بەبەشداری کردن تێیدا بەپێی مەرجەکانی گرێبەستی بەشداریکردنی بەرهەمهێنان و بەپێی ماددەی سی و حەوت لەم یاسایەدا پابەند دەبێت.

33- **کار بەدەست بوون:** کاربەدەست بوونی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ بۆ زۆرینەی دەنگەکان لایەنی مەبەست لە کۆبوونەوەکانی هەڵگری پشکەکان (أسهم).

34- **سەرکار:** کەسی ڕێپێدراو، یان هەرکەسێکی دیکە لە مۆڵەتەکەدا ناوی هاتبێ، بۆ ئەوەی پڕۆسەکانی نەوت بەڕێوەببات.

35- **حەشارگە:** پێکهاتەی بەردی ژێر زەوی کە نیشتنی سروشتی تاکی هەیە و سەربەخۆیە لەو هیدرۆکاربۆناتەی کە توانای بەرهەمهێنانی نەوتی هەیە، کە بە سیستەمی پاڵە پەستۆی سروشتی یەکگرتوو جیادەکرێتەوە.

36- **بیر:** کون کردنی رووی زەوی، کە هەڵکۆڵین و بڕینی پێکهاتەکانی بەردی ژێر زەوی دەگرێتەوە، بە ئامانجی پشکنین لەپێناوی دۆزینەوە، یان بەرهەمهێنانی نەوت.

## بەشی دووەم

## چوارچێوەی پیادەکردنی یاساکە

**ماددەی دووەم:**

**یەکەم: حوکمەکانی ئەم یاسایە پیادەدەکرێ بەسەر:**

**أ-** پڕۆسەکانی نەوت:چ کۆمپانیاکانی گشتی، یان تایبەتی بە دەستیان هێنابێ، چ موڵکی عێراقی بێ، یان بیانی.

**ب-** هەموو چالاکیەکانی پەیوەستن بە پڕۆسەکانی نەوت.

**دووەم:** بەپێی حوکمەکانی ماددەی (115) و هەردوو بڕگەی یەکەم و دووەمی (121)ی دەستووری فیدراڵی، هیچ یاسایەکی فیدراڵی، یان ڕێککەوتن، یان گرێبەست، یان یاداشتی لە یەك گەیشتن و هەر بەڵگەیەکی دیکەی فیدراڵی تایبەت بە پرۆسەکانی نەوت جێبەجێ ناکرێت، تاوەکو دەسەڵاتی تایبەتمەندی خۆی ڕەزامەندی لەسەر جێبەجی کردن نەدات.

## بەشی سێیەم

## موڵکداریەتی نەوت و مافەکانی حکومەتی هەرێم

**ماددەی سێیەم:**

**یەکەم:** موڵکداریەتی نەوت لە هەرێمدا، بەپێی ئەوەی لە ماددەی (111)ی دەستووری فیدراڵدا هاتووە، دەبێت بەشی حکومەتی هەرێم لە داهاتەکانی ئەو نەوتە لە کێڵگەکانی بەرهەمهێن لە پێش 2005/8/15 بەدەست دەهێنرێت، بەشێوەیەکی گونجاو لەگەڵ بەشی گەلی عێراق بەگشتی و ئەم یاسایەو ماددەی (112)ی دەستووری فیدراڵی.

**دووەم:** بەشی حکومەتی هەرێم لە داهاتەکانی نەوتی کێڵگەکانی بەرهەمهێن دوای 2005/8/15 بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە دیاری دەکرێت.

**سێیەم:** حکومەتی هەرێم لەگەڵ حکومەتی فیدراڵیدا بەشداری دەکات لە بەڕێوەبردنی پرۆسەکانی نەوتی تایبەت بە کێڵگەکانی بەرهەمهێن پێش 2005/8/15 لە هەرێمدا بەپێی حوکمی بڕگەی یەکەم لە ماددەی (112)ی دەستووری فیدراڵدا.

**چوارەم:** حکومەتی هەرێم چاودێری کردن و ڕێکخستنی هەموو پرۆسەکانی نەوت دەگرێتە ئەستۆ، بەپێی ماددەی (115)، کە گونجاوە لەگەڵ ماددەی (112) لە دەستووری فیدراڵدا، وەزیر بۆی هەیە ڕێگا بەلایەنی سێیەم بدا، کە پرۆسەکانی نەوت جێبەجێ بکات لە پێناو زیاد کردنی داهاتەکان لە سامانی نەوتی هەرێمدا.

**پێنجەم:** حکومەتی هەرێم چاودێری کردن و ڕێکخستنی ناردنی بەشە نەوتی هەرێم کە لە پرۆسەکانی نەوت دەردەهێنرێ، لە خاڵی ئامادە کردندا دەگرێتە ئەستۆو مافی ئەوەی هەیە مۆڵەتی ناردنی ئەو بەشەی بە لایەنی سێیەم بدات.

**شەشەم:** حکومەتی هەرێم بەشەکەی خۆی لە هەموو ئەو داهاتانەی لە پرۆسەکانی نەوتی بە دەست دەکەوێت، بۆ قازانجی گەلی هەرێم بەپێی ماددەی سێزدەم لەم یاسایەدا و ماددەی (112) لە دەستووری فیدراڵدا.

**حەوتەم:** بۆ هەر کەسێك هەیە لە خاڵی ئامادە کردنی تێدا موڵکداریەتی نەوت بکات بەشێوەیەکی دیاری کراو.

## بەشی چوارەم
## وەزارەت و ئەرکەکانی وەزیر

**ماددەی چوارەم:**

وەزیر، یان ڕێپێدراوەکەی ئەمانە دەگرێتە ئەستۆ:

**یەکەم:** ڕێکخستن و سەرپەرشتیکردنی پرۆسەکانی نەوت، بەرپرسیاریەتی وەزارەت ئەمانەش دەگرێتەوە، داڕشتن و ڕێکخستنی سیاسەتی پرۆسەکانی نەوت، سەرباری ڕێکخستن و پلان دانان و پیادەکردن و سەرپەرشتی کردن و پشکنین و وردبینی جێبەجێ کردنی هەموو پرۆسەکانی نەوت، کە لەلایەن هەموو ئەو کەسانەوە تەواو دەکرێ، هەروەها هەموو چالاکیەکانی پەیوەست پێیەوە لەوانەش هەناردنی نەوت.

**دووەم:** گفتوگۆکردن و مۆرکردنی ڕێککەوتننامەکان و جێبەجێ کردنی هەموو مۆڵەتەکان، لەوانەش ئەو گرێبەستە نەوتیانەی کە حکومەتی هەرێم مۆری کردون، سەرباری هەموار کردنی مەرجەکانی هەر مۆڵەتێك لە پێناو مسۆگەر کردنی جێبەجێ کردنی پرۆسەکانی نەوت بۆ قازانجی گەلی هەرێم و عێراق.

**ماددەی پێنجەم:**

بەپێی ئەم یاسایە وەزیر دەسەلات و ئەرکەکانی دەگرێتە ئەستۆ لەوانەش مۆڵەتەکان لە پێناو هێنانەدی ئەمانەی خوارەوەیە:

**یەکەم:** مسۆگەرکردنی بەڕێوەبردنی ڕاست و ڕەوانی سامانەکان.

دووەم: مسۆگەرکردنی پەرەپێدانی نەوت بەجۆرێك زیانەکانی ژینگە کەم بکاتەوەو گەشەپێدانی ئابووری بەردەوام زامن بکات و، هانی وەبەرهێنان بدات، بە جۆرێك پەرەپێدانی پلانە دوور هاوێژەکان بۆ هەرێم لەخۆ بگرێ.

سێیەم: دەبێ هۆشمەندانە و لەگەڵ نموونەییترین شێوازی پیشەسازیەکانی نەوتدا کۆك بکرێ.

## باسی دووەم

## دەزگاو چالأکیەکانی پرۆسەی پالأوتن و پاشکۆکانی

ماددەی شەشەم: وەزیر ئەمانە دەگریتە ئەستۆ:

یەکەم:رێکخستن و سەرپەرشتی کردنی هەموو دەزگاکانی بەکارهاتوو بەشێوەیەکی راستەوخۆو ناڕاستەوخۆ لە پرۆسەکانی نەوتداو هەموو ئەوانە دەگرێتەوە کە لە بەرهەمهێناندا وەکو پالأوتن و گواستنەوە بەکاردێن بەهێڵەکانی بۆڕیشەوە، وێستگەکانی رژان، وێستگە پاڵنەرەکان و وێستگە پاڵە پەستۆکارەکان و هەموو ئەو ئامێرانەی پەیوەستن پێوەو دابەش کردن بە هەموو سەنتەرو بینایەکانەوە، بۆ چاککردنی و پشکنین و بەرهەمهێنانی نەوت.

دووەم: رێکخستن و سەرپەرشتی کردنی هەموو پرۆسەکانی نەوتی تایبەت بە پالأوتن و پاشکۆکانی کە چاککردنەوەو عەمبار کردن و گواستنەوەو دابەشکردنی هەموو بەرهەمی پترۆکیمیاویەکان دەگرێتەوە.

سێیەم: ئامادەکردنی هەموو دەزگاکانی لەم ماددەیەدا ئاماژەی پێکراوەو بەپێی بەندەکانی ئەم یاسایە لەبەر دەستی حکومەتی فیدراڵی دایە، بۆ هەموو پارێزگاکانی دیکەی بەرهەمهێن بۆ قازانجی گەلی عێراق و بەشێوەیەکی گونجاو لەگەڵ سیاسەتی فیدراڵی عێراقیدا کە لە مەیدانی دابەشکردن و هەناردندا لەسەری رێککەوتوون.

چوارەم: ئامادە کردنی هەر هێڵێك بۆ تۆڕی بۆڕیەکان کە توانای یەدەگی هەیە، بۆ هەرکەسێك مامەڵەی یاسایی لەگەڵ چالأکیەکانی نەوت لە عێراقدا دەکات، وەزیر بۆی هەیە بەپێی مەرجەکانی کە لە گرێبەستەکەدا هاتووە مۆڵەت بەو جۆرە توانایانە بدات .

پێنجەم: هەندێك لە دەسەلأتەکانی لە پرۆسەکانی نەوتی تایبەت بە پالأوتن و پاشکۆکانی (DOWNSTREAM) بەکۆمپانیای کوردستان بۆ پرۆسەکانی پالأوتن و پاشکۆکانی (KODO)بدات.

**بەڕێز دلێر محمد شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

## باسی سێیەم

## هاندانی وەبەرهێنان

ماددەی حەوتەم: وەزیر ئەمانە دەگرێتە ئەستۆ:

یەکەم: هاندانی کەرتی گشتی و تایبەتی بۆ وەبەرهێنانی پرۆسەکانی نەوت، بۆ مسۆگەرکردنی هێنانەدی بەڕێوەبەرایەتیەکی ئەکتیف بۆ سامانەکانی نەوت لە هەرێمدا، بە جۆرێك بەرزترین داهاتی نەوت لە خۆ بگرێ لە پێناو قازانجی گەلی هەرێم و عێراقدا.

دووەم: هاندانی بنیاتنانی هەموو دەزگا نوێیەکانی تایبەت بە پرۆسەکانی پالاوتن و پاشکۆکانی، لەوانەش پالاوگەو هێلی بۆڕیەکان، هەرکاتێك لەتوانا دابێ لەلایەن کەرتی تایبەت، یان بەهاوبەشی کردنیان.

## باسی چوارەم

## رێکخستنی دەزگا گشتیەکان

**ماددەی هەشتەم:**

یەکەم: وەزیر رێکخستنی ئەم دەزگایانەی خوارەوە لە ئەستۆ دەگرێ:

أ- کۆمپانیای کوردستان بۆ پشکنین و وەبەرهێنان (KEPCO).

ب- کۆمپانیای کوردستانی نیشتمانی نەوت (KNOC).

ج- کۆمپانیای کوردستان بۆ هەناردنی نەوت (KOMO).

د- کۆمپانیای کوردستان بۆ پرۆسەکانی پالاوتن و پاشکۆکانی (KODO).

دووەم: بۆ ئەنجومەنی کارگێڕی هەر کۆمپانیایەکی ئاماژە بۆکراو لە بڕگەی یەکەمی ئەم ماددەیە، پێڕەوێکی تایبەت بەخۆی دەربکات، کە هەیکەل و رێکخستن و دەسەلاتەکانی چۆنیەتی جێبەجێ کردنی ئەرکەکانی لە خۆی بگرێ.

سێیەم: وەزیر بۆی هەیە پێشنیاری دامەزراندنی کۆمپانیای دیکە بکات، بۆ پشکنین و پەرەپێدان و بەرهەمهێنانی نەوت و پالاوتن، هەروەها خزمەتگوزاریەکانی کڕین بۆ ئاسانکردنی بەڕێوەبردنی پرۆسەکانی نەوت بە شێوەیەکی ئەکتیف.

## بەشی پێنجەم

## کۆمپانیا گشتیەکان

## باسی یەکەم

## کۆمپانیای کوردستان بۆ پشکنین و وەبەرهێنانی نەوت (KEPCO)

**ماددەی نۆیەم:** یەکەم: کۆمپانیای کوردستان بۆ پشکنین و وەبەرهێنانی نەوت وەکو کۆمپانیایەکی گشتی خاوەن کەسایەتی مەعنەوی و سەربەخۆ لەلایەنی دارایی و کارگێڕیەوە دادەمەزرێت.

دووەم: سەرۆك و ئەندامانی ئەنجومەنی کارگێڕی لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە دادەمەزرێن دوای پەسند کردنی لەلایەن زۆرینەی رەهای ئەندامانی پەرلەمان، بە مەرجێك دەبێ سەربەخۆ بن لەوەزارەتداو پسپۆڕی نەوت بێ، یان لەلایەنی هونەری و کارگێڕیەوە شارەزایی دیکەیان هەبێ.

سێیەم: ماوەی دامەزراندنی هەموو ئەندامانی ئەنجومەنی کارگێڕی بە(5) پێنج ساڵ دیاری دەکرێت، بە پەسند کردنی زۆرینەی ڕەهای ئەندامانی پەرلەمان نوێ دەکرێتەوە.

چوارەم: کۆمپانیا بە ڕەزامەندی ئەنجومەنی وەزیران بۆی هەیە:

أ- ڕکابەری کردن لەگەڵ کۆمپانیای دیکەوە بۆ بەدەست خستنی مۆڵەتی ڕێپێدانی تایبەت بە کێڵگەکانی ئایندەوە.

ب- مۆرکردنی ڕێککەوتننامەکانی هاوبەشی کردن و هاوشێوەکانی، لە ڕێککەوتنەکانی کارکردن لە هەرێمدا، یان لەناوچەکانی دیکەی عێراقدا، یان لە دەرەوە.

ج- دامەزراندنی کۆمپانیاکانی بە کارخستنی سەربەخۆیی و بە مولکداریەتی خۆی تایبەت بە پرۆسەکانی نەوت بە پرۆسەکانی نەوتی پەیوەنداریەوە بە کێڵگەکانی ئایندەدا.

پێنجەم:ئەنجومەنی وەزیران بۆی هەیە بە پەسندکردنی زۆرینەی رەهای ئەندامانی پەرلەمان کۆمپانیاکە بکاتە کۆمپانیای پشکدار، پشکەکانی بخرێتە بەرچاوی هاوولاّتیانی عێراق.

### باسی دووەم

### کۆمپانیای کوردستانی نیشتمانی نەوت (KNOC)

ماددەی دەیەم:

یەکەم: کۆمپانیای کوردستان بۆ نەوت دادەمەزرێ، کە کۆمپانیایەکی گشتی و کەسایەتی مەعنەوی هەیە سەربەخۆیە لەلایەنی کارگێڕی و داراییەوە.

دووەم: سەرۆك و ئەندامانی ئەنجومەنی کارگێڕی لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە دادەمەزرێن دوای پەسند کردنی لەلایەن زۆرینەی رەهای ئەندامانی پەرلەمان، بەمەرجێك دەبێ لە وەزارەت سەربەخۆ بن، پسپۆڕی نەوت، یان تایبەتمەندی دیکەی هونەری و کارگێڕیان هەبێ.

سێیەم: بەپێی ماددەی هەژدەی ئەم یاسایە کاتێ هەر ڕێکەوتننامەیەك مۆر دەکەن، دەکرێ ئەندامێکی زیادەی ئەنجومەنی کارگێری لەلایەن دەزگای تایبەتمەند لە حکومەتی فیدراڵیەوە دابمەزرێ.

چوارەم: ماوەی دامەزراندنی هەموو دامەزراندنی ئەندامانی ئەنجومەنی کارگێڕی بە (5 ) پێنج ساڵ دیاری دەکرێت بە پەسندکردنی زۆرینەی رەهای ئەندامانی پەرلەمان دەتوانرێ نوێ بکرێتەوە.

پێنجەم: بەرەزامەندی ئەنجومەنی وەزیران کۆمپانیا بۆی هەیە:

أ-رکابەری لەگەڵ کۆمپانیاکانی دیکە بکات، بۆ بەدەست هێنانی مۆڵەتی تایبەت بە بەرێوەبردنی کێڵگەکانی ئێستا.

ب-رێکەوتننامە مۆرکردن لەگەڵ کۆمپانیا جیهانیەکانی نەوت، کە شارەزاییان هەیەو ناودەنگیان باشە لە پرۆسەکانی نەوتدا، بۆ بەهێز کردنی بەرهەمهێنانی کێڵگەکانی ئێستا، بۆ بەدەست هێنانی خێراو پتری داهاتەکان، ئەم ڕێککەوتننامانە ملکەچ دەبێ بۆ ڕەزامەندی دەزگا تایبەتمەندەکانی حکومەتی فدراڵی و بەپێی مەرجەکانی لە ماددەی هەژدەمی ئەم یاسایە ئاماژەی پێ کراوە.

**ج- ركابەری كردن بۆ بەدەستهێنانی مۆڵەتی تایبەت بە كێڵگەكانی ئاینده و هەریەكەو بەپێی دۆخی تایبەتی خۆی.**

## باسی سێیەم

## كۆمپانیای كوردستان بۆ هەناردنی نەوت (KOMO)

**ماددەی یازدەم:**

**یەكەم: كۆمپانیای كوردستان بۆ هەناردنی نەوت دادەمەزرێ، وەكو كۆمپانیایەكی گشتی خاوەن كەسایەتی مەعنەوی و سەربەخۆ لەلایەنی دارایی و كارگێڕیەوە.**

**دووەم: سەرۆك و ئەندامانی ئەنجومەنی كارگێڕی لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە دادەمەزرێن.**

**سێیەم: ماوەی دامەزراندنی هەموو ئەندامانی ئەنجومەنی كارگێڕی بە (5) پێنج ساڵ دیاری دەكرێن. بە پەسندكردنی رەهای ئەندامانی پەرلەمان دەتوانرێ نوێ بكرێتەوە.**

**چوارەم: كۆمپانیا كاری هەناردن و رێكخستنی هەناردن سەبارەت بەبەشی حكومەتی هەرێم لە نەوت ئەنجام دەدات، یان هەردوو ئەنجام لە پرۆسەكانی نەوت، بۆی هەیە بەپێی رێككەوتن و گرێبەستی هاوبەشی كردنی بەرهەم بەشی بەڵێندەر لە نەوت ڕەوانە بكات.**

## باسی چوارەم

## كۆمپانیای كوردستان بۆ پرۆسەكانی پاڵاوتن و پاشكۆكانی (KODO)

**ماددەی دوازدەم:**

**یەكەم: كۆمپانیای كوردستان بۆ پرۆسەكانی پاڵاوتن و پاشكۆكانی دادەمەزرێ، وەكو كۆمپانیایەكی گشتی خاوەن كەسایەتی مەعنەوی و سەربەخۆ لەلایەنی دارایی و كارگێڕیەوە.**

**دووەم: سەرۆك و ئەندامانی ئەنجومەنی كارگێڕی لەلایەن ئەنجومەنی وەزیران دوای پەسند كردنی بە زۆرینەی رەهای ئەندامانی پەرلەمان دادەمەزرێ و سەربەخۆ دەبن لە حكومەتی هەرێمدا، دەبێ پسپۆری نەوت بن، یان تایبەتمەندیەكانی دیكەی هونەری و كارگێڕی گونجاو بن.**

**سێیەم: ماوەی دامەزراندنی هەموو ئەندامانی ئەنجومەنی كارگێڕی بە (5) پێنج ساڵ دیاری دەكرێت، بەڕەزامەندی زۆرینەی رەهای ئەندامانی پەرلەمان دەكرێ نوێ بكرێتەوە.**

**چوارەم: كۆمپانیای (KODO) ئەمانە ئەنجام دەدات:**

**أ- بەڕێوەبردنی هەموو دەزگاكانی حكومەتی تایبەت بە پرۆسەكانی نەوت، بەپێی ماددەی شەشەمی ئەم یاسایە كار بۆ دابین كردنی ئەم جۆرە دەزگایانە دەكات، لەوانەش تۆڕە سەرەكیەكانی هێڵی بۆڕیەكان بۆ هەر لایەنێك پەیوەست بێت بە كەرتی گشتی و تایبەتیەوە كە لە هەرێمدا كار دەكەن، ئەوانەی پێشتر دەرخستەكانیان پێشكەش دەكەن لە ریزی یەكەمن بۆ گفتوگۆكردن لەگەڵیان سەبارەت بەتوانا باش بن، بۆ یەكگرتنی سیاسەتی نیشتمانی عێراق لە مەیدانی هەناردن و دابەشكردن لە هەموو هەرێم و پارێزگاكانی بەرهەمهێن.**

ب- ركابەری كردن لەگەڵ كۆمپانیاكانی دیكەوە بۆ بەدەست هێنانی مۆڵەتەكان دوای ڕەزامەندی وەزیرو مافی ئەوەی هەیە كارەكانی بەگەڕخستنی تایبەت بە پرۆسەكانی نەوت ئەنجام بدات و ڕێككەوتنەكانی هاوبەشی كردن، یان گرێبەستنی هاوشێوەی مۆر بكات ، چ لە هەرێم بێت، یان لە بانقی هەرێم و پارێزگاكاندا.

ج- بە هاوبەشی كردن لەگەڵ كۆمپانیا نەوتیەكانی جیهان، یان لەگەڵ كەرتی تایبەت لە پرۆسەكانی نەوتی تازەو بە رەزامەندی ئەنجومەنی وەزیران.

د- بەرێگەدان بەلایەنی سێیەم بۆ بەرێوەبردنی هەریەكێك لە دەزگاكانی و بە ڕەزامەندی وەزیر.

**بەڕێز قادر سعید خضر (زانا):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

## باسی پێنجەم

## سندوقی كوردستان بۆ داهاتە نەوتیەكان (KOTO)

ماددەی سێزدەم:

یەكەم: سندوقی كوردستان بۆ داهاتە نەوتیەكان دادەنرێ و كەسایەتی مەعنەوی و سەربەخۆیی دارایی كارگێڕی دەبێ.

دووەم: سەرۆك و ئەندامانی ئەنجومەنی كارگێڕی لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە دوای پەسندكردنی لەلایەن زۆرینەی رەهای ئەندامانی پەرلەمان دادەمەزرێن، بەمەرجێك دەسەلأت و بەرپرسیاریەتیان بە دوورو درێژو بەپێی یاسا دیاری دەكرێت.

سێیەم: پێویستە وەزیر هەموو زانیاریە داراییە پێویستەكانی پەیوەست بە مۆڵەتەكان لەكاتی گونجاودا بە سندوقی كوردستان بۆ داهاتە نەوتیەكان (KOTO) بدات.

چوارەم: بەپێی حوكمەكانی مادده (112) ، (115) لە دەستووری فیدراڵی، یان وەكو لە ماددەكانی حەڤدەم و هەژدەمی ئەم یاسایەدا هاتووە، سندوق داهاتە بە دەست هاتووەكانی پرۆسەكانی نەوتی تایبەت بە كێڵگەكانی ئێستاو ئاینده لە جیاتی گەلی هەرێم وەردەگرێت.

پێنجەم: تاوەكو مەرجەكانی ئاماژەیان بۆ كراوە لە ماددەی هەژدەمی ئەم یاسایە جێبەجێ دەكرێن، سندوق دوو حیساب بە دەستەوە دەگرێ: یەكەمیان/ داهاتە بەدەست هاتووەكان لە پرۆسەكانی نەوتی تایبەت بە كێڵگەكانی (حیسابی كێڵگەكانی ئێستا)، هی دیكە/ داهاتەكانی بەدەست هاتوو لە پرۆسەكانی نەوتی تایبەت بە كێڵگەكانی ئاینده (حیسابی كێڵگەكانی ئاینده)، هەردوو حیساب بەشێك لە داهاتی گشتی هەرێم پێكدێنن و دەكەوێتە ژێر دەسەلأتی پەرلەمان.

شەشەم: حیسابی كێڵگەكانی ئێستاو حیسابی كێڵگەكانی ئاییندەو بۆ وردبینی سەربەخۆ ملكەچ دەبن، وردبینی بۆ هەمووان رەوایە، بەهەموو حاڵێك سندوق بەرپرسیاریەتی خۆی بەپێی پرەنسیپ و پێوانەی

تایبەتی بەدەستپێشخەری شەفافیەت ئەنجام دەدات لە پیشەسازیەکانی دەرهاتوو لەسەرچاوەی (EITI) ئاداری 2005 داهاتووە.

## بەشی شەشەم

## بەڕێوەبردنی داهات و بەشە تایبەتیەکان

**ماددەی چواردەم:**

**ئەرکی سندوقی کوردستان بۆ داهاتە نەوتیەکان بەپێی یاسا ڕێکدەخرێ، بەمەبەستی بەڕێوەبردنی ئەو داهاتانەو دابەشکردنیان، بەپێی نوێترین پێوانەکانی نێودەوڵەتی تایبەت بە شەفافیەت و بەرپرسیاریەتی.**

**ماددەی پازدەم:**

**لێژنەیەکی پەرلەمانی بۆ چاودێری کردنی کارەکانی سندوقی کوردستان بۆ داهاتە نەوتیەکان دادەمەزرێ.**

**ماددەی شازدەم:**

**هەندێ بەشی دیاری کراو لە داهاتەکان بەم شێوەیەی خوارەوە دیاری دەکرێ:-**

**یەکەم: ڕێژەی ( ) بۆ هەموو هاوولاّتیانی هەرێم، وەکو بەشێکی سالاّنە بۆ هەر هاوولاّتیەك و دەبێ بەپێی یاسا ڕێك بخرێت.**

**دووەم: ڕێژەیەك کەمتر نەبێت لە( ) بۆ سندوقی ئایندە بۆ نەوەکانی داهاتوو لە هاوولاّتیانی هەرێم، کە لەلایەن ئەمیندارەکانەوە کە لەلایەن پەرلەمانەوە دادەمەزرێن، بۆ ئەوەی ببێتە سەرچاوەیەکی گرنگ بۆ دەرامەتی هەرێم، لەکاتێکدا چاوەڕوانی ئەوە دەکرێ داهاتەکانی تایبەت بەسامانی نەوت لە هەرێم و عێراقدا کەم ببێتەوە.**

**سێیەم: ڕێژەیەك ( ) کەمتر نەبێ بۆ هاوولاّتیانی هەرێم، ئەوانەی توشی ئازار بوون، یان ئازار دەچێژن لەئەنجامی ئەو نەهامەتیانەی لە دەست کارە داپلۆسێنەرەکانی ڕژێمی بە سەر چوو لە عێراقدا ڕووبەڕوویان بوو، لەوانەش پێشمەرگەو خانەوادەی شەهیدان و ئەوانەی تووشی داهزرانی جەستەیی، یان نەخۆشی دەروونی بوون یان ئەوانەی سامانی گەورەیان لە دەستداوە.**

**چوارەم: ڕێژەیەك لە () کەمتر نەبێ بۆ سندوقی ژینگە بۆ پرۆژەکانی بنیاتنان و ئامادەکردنی ژینگەی هەرێم، بەجۆرێك لابردنی مین و سەر لەنوێ چاندنەوەی دارستانەکان و دامەزراندنی باخچەکانی گشتی و پاراستنی ژیانی گیانلەبەرەکان، لەخۆی بگرێ.**

**پێنجەم: ڕێژەیەك لە ( ) کەمتر نەبێت بۆ ئەنجومەنەکانی ناوخۆی هەڵبژێردراو تایبەت بە هاوولاّتیانی هەرێم کە لە کەمینە نەتەوەکان و ئایینیەکانن وەکو عەرەب و تورکمان و فەیلیەکان (کلدان- ئاشوری – سریان و ئەرمەن هی دیکە) ، لە کەمایەتیە ئایینیەکان (سابئە مەندانیەکان و یەزیدی و شەبەك و کاکەیی و بەهائی و جولەکە) هی دیکەش بۆ پاڵپشتی کردنی حاڵەتی کۆمەلاّیەتی و ڕۆشنبیری و پێداویستیەکانی حکومەتی تایبەت بە کەمایەتیەکانی لە هەرێمدا هەن.**

**شەشەم: پوختەی داهاتە نەوتیەکان دوای داشکاندنی ڕێژەیەکی دیاری کراو لە یەکەم تا پێنجەمی سەرەوە بۆ داهاتە داراییەکانی دیکە لە هەرێمدا، بۆ داپۆشینی خەرجیەکانی حکومەت لە ڕێگای بودجەی گشتیەوە.**

**حەوتەم: ئەو بڕە پارەیەی دەمێنێتەوەو زیادەیە لەدوای بودجەی گشتی هەرێمدا، بۆ بنیاتنانی پرۆژەکانی وەبەرهێنان دیاردەکرێ، بۆ پەرەپێدانی هەرێم و پاڵپشتیکردنی ئەو کەم کورتیانەی کە بۆی هەیە لە بودجەی ساڵانەی هەرێم لە ساڵەکانی داهاتوودا بەدیار دەکەوێ.**

## بەشی حەوتەم

## هاوکاری کردنی حکومەتی فیدراڵی

**ماددەی حەڤدەم:**

**بەپێی مەرجەکانی لە ماددەی هەژدەمی ئەم یاسایەدا هاتووە، حکومەتی هەرێم ئەمانەی خوارەوە دەگرێتە ئەستۆ:**

**یەکەم: ڕێککەوتن لەگەڵ حکومەتی فیدراڵی بۆ بەڕێوەبردنی نەوت و گازی دەرهێنراو لە کێڵگەکانی ئێستای هەرێمداو بەشێوەیەکی هاوبەشدا.**

**دووەم: هاوکاری کردن لەگەڵ حکومەتی فیدراڵی بۆ داڕشتنی سیاسەتی ستراتیژی لە پێناو پەرەپێدانی سامانی نەوت و گاز لە هەرێمداو هاوسەنگ بێت لەگەڵ چالاکیەکانی نەوتی دیکەوە لە وڵاتدا بەجۆرێك بەرزترین قازانج بۆ گەلی عێراق بێتەدی، بە پشت بەستن بەتازەترین تەکنەلۆژیاو پرەنسیپەکانی بازاڕو هاندانی وەبەرهێنان بەپێی ماددەی (112)ی دەستووری فیدراڵی.**

**سێیەم: هاوکاری کردن لەگەڵ (ئەنجومەنی فدراڵی نەوت و گاز) کە بەپێی ڕێککەوتنێك لەگەڵ حکومەتی هەرێمدا دادەمەزرێ، بۆ ئەوەی گرێبەستەکان مۆر بکرێن و پێوانەکان دابڕێژرێت و نموونەی بەلێندەرەکانی لە عێراقدا کاردەکەن.**

**چوارەم: ڕەزامەندی نواندن لەسەرسپاردنی هەموو داهاتەکانی لە پرۆسەکانی نەوت لە هەرێمدا بە دەست دەهێندرێن لە سندوقی گشتی داهاتە نەوتیەکانی تایبەت بە عێراقدا.**

**ماددەی هەژدەم:**

**بنەمای هاوکاری ڕێککەوتن کە لەماددەی حەڤدەمی ئەم یاسایە ئاماژەی بۆ کراوە بە پێی ئەم مەرجانەی خوارەوە دەبێ:**

**یەکەم: سپاردنی هەموو داهاتە نەوتیەکان لەهەموو عێراقدا بەدەست دەهێندرێ بە سندوقی گشتی داهاتە نەوتیەکان، بەمەرجێك لەلایەن دەستەیەکی هاوبەش و بەپێی ماددەکانی (112،106، 121) لە دەستووری فیدراڵیدا بەڕێوە ببرێ و حیسابی ئەو سندوقە لە بانکێکی جیهانی بەناوبانگ هەڵگیرێ و**

حیسابێکی تایبەتی بەناوی سندوقی کوردستان بۆ داهاتە نەوتیەکان بکرێتەوە، مانگانە بەشی هەرێمی کە لەسەری رێککەوتوون پێی بسپێردرێ، بۆ ئەوەی بکەوێتە ژێر دەسەلآتی رەهای حکومەتی هەرێم، بەجۆرێك بەپێی یاسای فیدرالی بە رێککەوتن لەگەڵ حکومەتی هەرێم رێکبخرێ.

دووەم: پێویستە سەر لە نوێ هەیکەلی پیشەسازی نەوت لە عێراقدا دابرێژرێتەوە بۆ ئەوەی رۆلێکی گونجاوی کۆمپانیای نەوتی نیشتمانی عێراقی مسۆگەر بکرێت و هاندانی وەبەرهێنانی تایبەت، بەجۆرێك لەگەڵ حوکمەکانی برگەی دووەم لە ماددەی (112)ی دەستووری فدرالی بگونجێت، بەجۆریك بەرزترین قازانج بۆ گەلی عێراق بە زووترین کات، دابین بکات.

سێیەم: کێڵگەکانی ئێستا لەلایەن حکومەتی هەرێم و حکومەتی فیدراڵیەوە بەیەکەوە بەڕێوە دەبرێ، بەجۆرێك حکومەتی هەرێمەکان نوێنەرایەتیەکی گونجاوی لە ئەنجومەنی فدرالی نەوت و گازدا هەبێ و دەبێ هاوبەش بێ لەبەڕێوەبردنی کۆمپانیای نەوتی نیشتمانی عێراقی بە جۆرێك لەگەڵ ماددەی (115)ی دەستووری فدراڵیدا بگونجێت.

چوارەم: پێویستە حکومەتی فیدرالی، هیچ پرۆسەیەکی نەوتی تازە لەو شوینانەی کە کێشەی لەسەر هەیە ئەنجام نەدات بەپێی رەزامەندی وەزیر، تاوەکو ریفراندۆمی گشتی بەپێی ماددەی (140)ی دەستووری فیدرالی ساز دەکرێ.

پێنجەم: ئەگەر بەدیار کەوت کە حکومەتی فیدرالی هەر چالاکیەکی تایبەت بەپرۆسەکانی نەوت لەناوچەکانی ناکۆکی لەسەر هەیە ئەنجام داو پاشان بڕیاری گەڕاندنەوەی بۆ سەر هەرێم بەپێی ماددەی 140 لەدەستووری فدراڵیدا بۆ دەردەچێ مامەڵە لەگەڵ ئەو چالاکیانەدا لەبەر رۆشنایی حوکمەکانی ئەم یاسایەو ماددەی (112) یەکەم و دووەم لەدەستووری فدراڵیدا دەکرێ.

ماددەی نۆزدەم:

تاوەکو مەرجەکانی لە ماددەی هەژدەمی ئەم یاسایەدا بەتەواوەتی جێبەجێدەکرێ، حکومەتی هەرێم مافەکانی بەپێی ماددەکانی 112، 115و برگەی سێیەم لە ماددەی (121)ی دەستووری فیدراڵیدا بەڕێوەدەبات، داهاتەکان لەلایەن سندوقی کوردستان بۆ داهاتە نەوتیەکان بەپێی ماددەی سێزدەمی ئەم یاسایە وەردەگیرێ.

## بەشی هەشتەم

## مۆڵەتەکان

## باسی یەکەم

## دابەشکردنی زەوی و زار بۆ چەند پارچەیەك

ماددەی بیستەم: بۆ مەبەستی ئەم یاسایە هەرێم دابەش دەکرێت، یان هەندێ لەبەشەکانی بۆ چەند پارچەیەك لەزەوی، و هەرپارچەیەك بە سیستەمی ئەحداسیاتی چوارجای جیهانی (UTM) Universal Transverse Mercatorوسیستەمی ئەحداسیاتی گۆیی (جوگرافی) دیاری دەکرێت.

## باسی دووەم

## مۆڵەتی پشکنین

ماددەی بیست و یەکەم:

یەکەم: وەزیر بۆی هەیە مۆڵەتی پشکنین بۆ ناوچەیەکی دیاریکراو بۆ کەسێك، یان کۆمەڵێ کەس بدات.

دووەم:

أ- هەلگری مۆڵەتی پشکنین مافی ئەوەی هەیە نموونەی جیۆلۆژی و جیۆفیزیایی و جیۆکیمیاویی وەرگرێ، هەروەها نموونەی جیۆتەکنیکی لە چوارچێوەی ناوچەی مۆڵەتەکەی وەرگرێ .

ب- داوا لە کەسی ڕێپێدراوی خاوەن مۆڵەت دەکرێ، کە راپۆرتەکانی دەربارەی ئەو پێشکەوتنەی لە مەیدانی پشکنین بەدەستی هێناوەو ئەنجامەکانی پێشکەش بکات، لەگەڵ پاراستنی نهێنی ئەو زانیاریانە.

ج- مۆڵەتی پشکنین مافی هەڵکەندن و هەر تایبەتکاریەکی زێدەی دیکە بە هەلگرەکەی نادات بۆ ئەوەی ببێتە گرێبەستێکی نەوتی.

سێیەم:

أ- هەلگری مۆڵەتی پشکنین بۆی هەیە دوایی بە مۆڵەتەکەی بهێنێ، بە مەرجێك ئاکاریەکی نووسراو پێشکەش بە وەزیر بکات، دوای ئەوەی ئەو کەسە ڕێپێدراوە هەموو پابەندیەکانی لە چوارچێوەی مۆڵەتەکە جێبەجێ دەکات.

ب- وەزیر بۆی هەیە مۆڵەتەکە هەڵبوەشێنێتەوە دوای ئەوەی ئاگادارکردنەوەیەکی نووسراو ئاراستەی هەلگرەکەی دەکات، ئەگەر بە مەرجەکانی مۆڵەتی پشکنین پابەند نەبێت.

ماددەی بیست ودوو:

نابێ مۆڵەتەکە بدرێت بە ناوچەیەك لەژێر گرێ بەستی نەوتی دابێ، یان مۆڵەتی پشکنین، ئەگەر ئەو مۆڵەتە لەگەڵ مافەکانی کەسی ڕێپێدراو ناکوك بێت.

**بەڕێز دلێر محمد شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

## باسی سێیەم

## دۆزینەوەو پەرەپێدان

ماددەی بیست و سێ:

یەکەم: وەزیر بۆی هەیە گرێبەستێکی نەوت بۆ دۆزینەوەو پەرەپێدانی ناوچەیەکی دیاری کراو مۆر بکات لەگەڵ کەسێك، یان چەند کەسێك، بەمەرجێك ئەو کەسانە ڕێککەوتننامەی هاوبەش مۆر بکەن بەپێی ماددەی (30) سی لەم یاسایەداو لەلایەن وەزیرەوە پەسەند بکرێت و دەکرێ کەسێك، یان کەسەکان، کۆمپانیای تایبەتی لە هەرێمدا یان لە ناوچەکانی دیکەی عێراقدا یان کۆمپانیای بیانی بچێتە پاڵیانەوە.

**دووەم: گرێبەستی نەوت پشت بە گرێبەستی هاوبەشی کردنی بەرهەمهێنانەوە ببەستێ، یان گرێبەستی دیکە کە وەزیر وایدادەنێ داهاتی پتر بۆ گەلی هەرێم بەدەست دێنن و لە ماوەی گونجاودا، بەپێی ئەوەی لە بەشی دەیەمی ئەم یاسایەدا هاتووە.**

**سێیەم: بۆ ئەوەی کەسەکە لێهاتوو بێ بۆ مۆرکردنی گرێبەستی نەوت پێویستە:**

**أ- توانای دارایی و زانیاری و توانایی و تەکنۆلۆژیایی هەبێ، بۆ ئەوەی بتوانێ پرۆسەکانی نەوت لە شوێنی گرێبەستەکە ئەنجام بدات شارەزایی باشی دەست بکەوێ لەمیانەی جێبەجێ کردنی پرۆسەکانی نەوتی هاوشێوەو بەڵگەی پشت پێ بەستووی بۆ سەلماندنی ئەوا پێشکەش بکات.**

**ب- پابەند بوون بە هاوولاٌتیەتی و هاوبەرپرسیاریەتی باش و پابەندبوون بە (10) دە لە پرەنسیپیەکانی بەلگەنامەی جیهانی نەتەوەیەکگرتووەکان لە 2000/7/26 دەرکراوە.**

**چوارەم:**

**أ- لەگەڵ سەرپێچی نەکردن لە ماددەی بیست وچواری ئەم یاسایە گرێبەستی نەوت مافێکی تایبەتی بۆ بەلێندەر فەراهەم دەکات بۆ بەرێوەبردنی پرۆسەکانی نەوت لەناوچەی گرێ بەستەکەدا.**

**ب- گرێ بەستی نەوت، نەوتی خاو و گازی سروشتی و نەوتە خاوەکانی دیکە دەگرێتەوە.**

**پێنجەم: پێویستە بەلٌندەر:**

**أ- لەمیانەی چل و هەشت کاتژمێردا لە حاڵەتی دۆزینەوەی نەوت لەناوچەی گرێبەستەکەدا، ئاگاداریەکی نووسراو ئاراستەی وەزیر بکات.**

**ب- زانیاریەکانی تایبەت بە دۆزینەوەی نەوت بەو شێوازەی کە لە پیشەسازیەکانی نەوتدا ناسراوە پێشکەشی وەزیری بکات.**

**شەشەم: گرێبەستی نەوت بەلێندەر پابەند دەکات بە تەواو کردنی پرۆسەکانی نەوت بەپێی پرۆگرامەکانی کارو پلان و بودجەی پەسندکراو لەلایەن وەزیرەوە، یان وەکو لە گرێبەستەکەدا هاتووە.**

## باسی چوارەم

## مۆڵەتی ڕێپێدان

**ماددەی بیست و چوار:**

**یەکەم: وەزیر بۆی هەیە مۆڵەتی ڕێپێدان بە کەسێك، یان کۆمەڵە کەسێك بدات کە تایبەتە بە ناوچەیەکی دیاریکراو لەپێناو :**

**أ-دامەزراندن و دانان و بەکارخستنی دەزگاکان و مەکینەو کەرستەکان.**

**ب- جێبەجێ کردنی کارەکانی دیکە.**

**دووەم:**

**أ- هەلگری مۆڵەت بۆی هەیە دوایی بە مۆڵەتەکەی بهێنێ و دەبێ ئاگاداریەکی نووسراو پێشکەش بە وەزیر بکات تێیدا روونی بکاتەوە کە ئەو هەموو پابەندیەکانی جێبەجێ کردووە.**

ب- ئەگەر هەڵگری مۆڵەت بە مەرجەکانی پابەند نەبێ، وەزیر بۆی هەیە دوای ئەوەی ئاگادار کردنەوەیەکی نووسراوی ئاراستە دەکات مۆڵەتەکەی هەڵبوەشێنێتەوە.

ج- وەزیر ئاگاداریەکی نووسراوی تایبەت بە پابەند نەبوون، یان دوایی هێنانی مۆڵەت ئاراستەی هەر کەسێکی ڕێپێدراو دەکات، کە دەتوانێ پرۆسەکانی نەوت لەنێو ئەو پێوانەیەی بەپێی مۆڵەتەکەی پێیدراوە جێبەجێ بکات.

سێیەم: وەزیر ئاگاداریەك ئاراستەی هەڵگری مۆڵەتەکان، یان ئەو کەسانەی ڕێپێدراوی دیکەن کە لەنێو ئەو رووپێوەی پێیان دراوە دەکات، دەربارەی هەماهەنگی پرۆسەکانی نەوتی تایبەت بەخۆیان.

چوارەم: گرێبەستی نەوت یان مۆڵەتی ڕێپێدان بۆ خەڵکانی دیکە مافی ئەوەیان بۆ فەراهەم دەکات کە پێداویستەکانیان بەمەرجو تایبەتمەندی ئەقلمەندانەوە بۆ جێبەجێ دەکرێ.

## باسی پێنجەم

## لیژنەی هەڵسەنگاندنی گرێبەستەکان

ماددەی بیستو پێنج:

یەکەم:لیژنەیەك دادەمەزرێ بەناوی لیژنەی هەڵسەنگاندنی گرێبەستەکان سەرۆك و ئەندامەکانی لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوەو بۆ ماوەی (3) سێ‌ساڵ ودرێژیش دەکرێتەوە، دادەنرێت.

دووەم:ئامانجی لیژنە وەرگرتنی گرێبەستەکانی نەوتە، پێداویستیەکانی شەفافیەتو قەلاچۆکردنی گەندەڵی و توانای دارایی و تەکنیکی بەڵێندەرەو بەدەستهێنانی رادەی بەرزی داهاتەکان بۆ حکومەتی هەرێم، بەپێی ئەم یاسایە.

سێیەم: لەکاتی مۆرکردنی هەر ڕێکەوتننامەیەك بەپێی ماددەی هەژدەم لەم یاسایەدا دەکرێ ئەندامی زیادەی دیکە بۆ لیژنەکە لەلایەن دەزگای پەیوەندیدار لە حکومەتی فدڕالیەوە، دابمەزرێ.

چوارەم: بەپێی ماددەی بیستو شەشەم لەم یاسایەدا لیژنە گرێبەستی نەوتی پێشنیارکراو هەڵدەسەنگێنێ‌و راپۆرتێك پێشکەش بەوەزیر دەکات.

## باسی شەشەم

## بانگێشەو بەخشینەکان

ماددەی بیستو شەشەم:

یەکەم:

أ- وەزیر بەڕاگەیاندنێکی گشتییەوە بانگێشە بۆ پێشکەشکردنی داواکاریەکانی مۆڵەت دەکات.

ب- وەزیر شێوازی گفتوگۆی راستەوخۆ بۆ دانی مۆڵەتەکان هەڵدەبژێرێ، ئەگەر بەرژەوەندی گشتی ئەوە بخوازێ.

ت- داواکاریەکانی پێشکەش دەکرێن بەزمانی کوردی‌و عەرەبی‌و ئینگلیزی دەبێ، یان لە داواکاریەکەدا دیاریدەکرێت.

دووەم:

أ- لە داوایەکەدا ناوچەی گرێبەست و کارە پێشنیارکراوەکانو پێوانەکانی پێشکەشکردنی داواکاریەکان دیاری دەکرێت، هەروەها رەسمەکانی کە لەگەڵ داوایەکە دەدریٚو رێگاو رێکەوتی پێشکەشکردنی داوایەکە دیاریدەکرێت.

ب- وەزیر بۆی هەیە بە کەس لەوانە نەدات، کە داواکاریان پێشکەشکردووە، ئەگەر دەقی داوایەکە پێچەوانەی ئەوە نەبێ.

سێیەم: دەبێ داواکردنی مۆڵەت بەم مەرجانەی خوارەوە پابەند بێ:

أ- دابینکردنی ساغ و سەلامەتی و تەندروستی گشتی و ئامادەکردنی بارودۆخێکی گونجاو بۆ ئەو کەسانەی لە پرۆسەکانی نەوت کاردەکەن، هەروەها بۆ هەموو ئەوانەی پەیوەندییان پێیەوە هەیە.

ب- پاراستنی ژینگەو خۆپاراستن لە پیسبوون و کەمکردنەوەو چارەسەرکردنیو خۆپاراستن لە زیانێکی ژینگە کە لە ئەنجامی پرۆسەکانی نەوتەوە دێتە ئاراوە.

ت- هاووڵاتیانی هەرێم و ناوچەکانی دیکەی عێراق بەرتربن بۆ راهێنان و دامەزراندن لە پرۆسەکانی نەوتدا.

پ- هاووڵاتیانی هەرێمو ناوچەکانی دیکەی عێراق بەرتر بن بۆ فەراهەمکردنی کاڵاو خزمەتگوزاریەکان.

چوارەم: وەزیر هیچ مۆڵەتێکی تایبەتی بەناوچەیەك نادات، تەنیا دوای لەبەرچاوگرتنی هەموو داواکاریەکانی پێشکەشکراون و کە بەدەنگەوە هاتوون بەداوایەکەوە پابەندبوون.

پێنجەم: وەزیر هیچ مۆڵەتێکی گرێبەستی هاوبەشی کردنی بەرهەمهێنان نادات، تاوەکو ئەمانە بەدەست نەهێنێ:-

أ- راپۆرتی فەرمی لە لیژنەی هەڵسەنگاندنی گرێبەستەکان.

ب- رەزامەندی لیژنەی وەزارەتی تایبەتی کە ئەنجومەنی وەزیران دیاریدەکات.

**بەڕێز قادر سعید خضر (زانا):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

## بەشی نۆیەم

## مافەکانو پابەندییەکانی کەسی رێپێدراو

ماددەی بیستو حەوتەم:

یەکەم: نەوت بەپێی ئەمانەی خوارەوە بەرهەم دەهێنرێ:

أ- گرتنەبەری باشترین شێواز بۆ مسۆگەر کردنی بەرزترین رادەی بەرهەمهێنانی نەوت لە یەك پێکهاتە، یان لە زۆر پێکهاتەکان بەیەکەوە.

ب- پێویستە بەپێی باشترین شێوازەکانی لە پیشەسازیەکانی نەوتدا بێت و، پەیڕەوکردنی پرەنسیپەکانی ئابووری پشت پێ بەستراو وەکو لە ماددەی سی وحەوتەمی ئەم یاسایەدا هاتووە.

**ت- زێدەڕۆیی لەبەکارهێنانی نەوتو وزە لە حەشارگەیەکەوە قەدەغە بکرێ.**

**دووەم: کەسانی ڕێپێدراو پابەندن بەهەڵسەنگاندنی بەردەوامی ستراتیژیەتی بەرهەمهێنانی نەوت و پەیڕەوکردنی چارەسەرکردنی تەکنیکی هەنگاوەکانی پێویست لە پێناو هێنانەدی ئەو ئامانجانەی لە بڕگەی یەکەمی ئەم ماددەیەدا هاتووە.**

**ماددەی بیستو هەشتەم:**

**یەکەم: بوونی مۆڵەتەکانی نەوتی بەرکار لە ناوچەکەی گرێبەستدا فەراهەم کردنی مۆڵەتی دیکە قەدەغەناکات بۆ پشکنینو گەڕان بەدوای سامانی سروشتی دیکەی جگە لە نەوت، بەمەرجێك ئەو چالاکیانە کۆسپ نەخاتە بەردەم کاری دروستی پرۆسەکانی نەوتو بایەخپێدانی.**

**دووەم: ئەگەر مافو پابەندیەکانی هەلگری مۆڵەتەکانی لە بڕگەی یەکەمی ئەم ماددەیەدا هاتووە ناکۆك بوو، وەزیر بۆی هەیە لایەنی باشتر پێش بخات لە ژێر ڕۆشنایی مەرجی دیاریکراو بەپێی ڕێنماییەکانی لێیەوە دەردەچن دەستنیشان بکرێ، بەبێ ئەوەی قەرەبۆکانی لایەنەکەی دیکەوە لە ئەنجامی ئەوەوەبکات.**

**ماددەی بیستو نۆیەم:**

**یەکەم:**

**أ- کەسی ڕێپێدراوی هەلگری مۆڵەت مافی بەکارهێنانی ئەمانەی خوارەوەی نیە:**

**1- هەر موڵکێکی گشتی بەبێ ڕەزامەندی لایەنەکانی پەیوەندیدار.**

**2- هەر موڵکێکی تایبەت بە حکومەتی هەرێم بەبێ ڕەزامەندی لایەنەکانی پەیوەندیدار.**

**3- هەر موڵکێکی تایبەتی بەبێ قەرەبووکردنەوەیەکی باش بۆ خاوەنەکەی.**

**ب- موڵکدار دەتوانێ مۆڵکە جێگیرەکانی لەناوچەی مۆڵەت پێدراو بەکار بهێنێ، بەمەرجێك نەکەوێتە ناو پرۆسەکانی نەوتەوە.**

**ت- مۆڵەت و کەسی ڕێپێدراو لە پابەندیەکانی لەبەرامبەر سێیەم و یاساکانی بەرکار لە هەرێمدا نابوورێ، تەنیا دوای بەدەست خستنی ڕەزامەندیەکانی لایەنەکانی پەیوەندیدار پێیەوە دەبێ.**

**دووەم:**

**أ- دەبێ کەسی ڕێپێدراو قەرەبووی دادپەروەرانەو هۆشمەندانە لەکاتی پرۆسەکانی نەوتدا بکاتەوە، ئەگەر:**

**1- هەڵسوکەوتی خراپی لەگەڵ موڵکەکانی خەڵکی دیکە کردو بووە هۆی زیان پێگەیاندنی.**

**2- دەستدرێژی کردنی بە ئەنقەست بۆ سەرچالاکیە ڕپێدراوەکان.**

**ب- ئەگەر بەهای قازانجەکانی لە مۆڵەتەکەدا بەدەست هاتوون زیادی کرد، لەئەنجامی ئەنجامدانی دەستدرێژی گەورەی کە لە بڕگەی دووەمی (أ)ی ئەم ماددەیەدا هاتووە، ئەو قەرەبۆیەی کە پێویستە لەلایەن کەسی ڕێپێدراوەوە بدرێ، نابێ لەبڕی ئەو زیادەیە تێپەڕبکات.**

**سێیەم: قەرەبووی دادپەروەرانە و دروست بەپێی ئەم ماددەیە لەلایەن وەزیرەوە دەخەملێندرێ، دوای بینینی هەموو ناڕەزاییەکانی لەلایەن هەموو لایەنەکانی پەیوەندیدارەوە پێشکەشکراون، کەسی ڕێپێدراو**

**ماوەی ئەوەی هەیە داوای ناوبژیوان بکات لەڕێگای شارەزای نێودەوڵەتی کە لەلایەن وەزیرو کەسی ڕێپێدراو، یان بەپێی بەندەکانی ناوبژیوانی کە لە مۆڵەتەکەدا نووسراوە.**

**ماددەی سێیەم:**

**لەدەقی مۆڵەتەکەدا هاتووە کە دەبێ وەزیر ڕەزامەندیەکە بدات، یان بەم شێوەی خوارەوە پێی رادەگەیەندرێ:**

**یەکەم: ڕێککەوتننامەکانی بەکارخستنی هاوبەشیو هەناردنە دەرەوەو ڕێککەوتنەکانی دیکەی تایبەت بەپرۆسەکانی نەوت، جگە لە هەر گۆڕانکاریەکی ئەم ڕێککەوتننامانە.**

**دووەم: هەر گۆڕانکاریەکی بەرزەفتی کەسی ڕێپێدارو دەکات.**

**سێیەم: هەر ڕێپێدانێك چ گواستنەوە، یان گۆڕینەوە، رەوانە کردن، نوێکردنەوەو لەیەکدانو بارمتەو هەر رەفتارێکی یاسایی دیکەی تایبەت بە مۆڵەتەکە.**

**ماددەی سی و یەکەم: ئەگەر لە مۆڵەتەکەدا لە کەسێك زیاتر هەبوو جگە لە کەسی ڕێپێدارو پابەندی و بە پرسیاریەتیەکانی هەمووان هاوبەرپرسیاریەتیە لە چوارچێوەی مۆڵەتەکەدا، چ بەشێوەیەکی هاوبەش، یان تاك بێت.**

**ماددەی سی و دووەم:**

**یەکەم: هەرێم مافی ئەوەی هەیە خاوەنداریەتی هەموو بەیانات و زانیاریەکان بکات، چ سەرەتایی و تێکەڵاو، چارەسەر، لێکدانەوەیە، یان شرۆڤە کردنی تایبەت بە نەوت و پرۆسەکانی نەوت لە هەرێمدا.**

**دووەم: لەگەڵ سەرپێچی نەکردن لە برگەی یەکەم لەم ماددەیەدا کەسە ڕێپێدراوەکان دەتوانن رووپەرێك لە بەیانات و زانیاریەکانی لە میانەی مۆڵەتەکەدا بەدەست هاتووە، بۆ بەکارهێنانی بەشێوەیەکی ئازاد بەشێك، یان هەمووی وەکو لە مۆڵەتەکەدا هاتووە، بۆ بەکارهێنانی، بەبێ ئەوەی مافی بەخاوەن بوونی ئەو بەیاناتانەی هەبێت لەکاتی هەڵوەشانەوەی مۆڵەتەکەدا.**

**سێیەم: دەرکردنی بەیانات و زانیاریەکانی کە لە ماوەی پرۆسەکانی نەوت بەدەست هاتوون، بەشێوەیەکی ئازاد لەلایەن کەسانی ڕێپێدراوەوە دوای رەزامەندی وەزیر، بەمەرجێك لەکاتی داوا کردندا دانەیەکی ئەسڵی لە هەموو بەیاناتو زانیاریە ئەلیکترۆنیەکان بە وەزیر بدرێ یان حاڵەتی پوختەیی، یان بەردەلانیو بەربەستەفیزیکیەکان، یان بە بەشێکیان کە بەکاردەهێنرێو لە هەرێمدا بهێڵدرێتەوە.**

**ماددەی سیو سێیەم: پشکێنەری گشتی لە ژێر سەرپەرشتیکردنی وەزیردا چاودێریکردنی کەسی ڕێپێدراو دەگرێتە ئەستۆ، کەسی ڕێپێداراویش دەبێ هەموو تۆمارەکانی لەلایەنی پێشکەشی بکات، بۆ مەبەستی وردبینیکردن ئەگەر پێویستی کرد.**

**ماددەی سیوچوارەم:**

**یەکەم:**

**أ- وەزیر بۆی هەیە بەپێی مەرجەکانی تێیدا هاتووە مۆڵەتەکە هەڵوەشێنێتەوە.**

**ب-به هەر هۆیەك هەڵوەشاندنەوەی مۆڵەت پێچەوانەی مافەکان و پابەندیەکانی لە مۆڵەتەکە داهاتووە دوای تەواو بوونی ماوەکەی ناکات.**

**دووەم: ئەگەر مۆڵەتە دیاریکراوەکە بە پتر لە کەسێکی ڕێپێدراوو بارودۆخیو شارێکی دروست بوو بۆی هەیە وەزارەت هانبدات بۆ هەڵوەشاندنەوەی مۆڵەتەکە، بۆ وەزیر هەیە مۆڵەتەکە هەڵوەشێنێتەوەو مۆڵەتی ئەو کەسانەی هەڵەیان کردووە، هەڵوەشێنێتەوە، یان کارێکیان کردبێ بوو بێتە هۆی دروست بوونی ئەو بارودۆخەو دەبێ کەسە ڕێپێدراوەکانی دیکەش بەو مەسەلەیە ئاگاداربکەنەوە.**

**سێیەم: کاتێ وەزیر بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی مۆڵەتەکە دەدات، بەپێی بڕگەی دووەم ئەم ماددەیە، هەرخۆی بەرژەوەندی ئەو کەسە ڕێپێدراوانەی کە مۆڵەتەکەیان هەڵوەشاوەتەوە دەگرێتە ئەستۆ کە بۆ هێنانە دی قازانجە باڵاکانی گەلی کوردستان بەکاردێت.**

**ماددەی سیوپێنجەم:**

**یەکەم: دەبێ کەسی ڕێپێدراو بە بەردەوامی و پشتگیری و بەرگری لە حکومەتی هەرێم ووەزیر بکات لە هەموو ئەو داوایانەی لەلایەنەکانی دیکەوە بەرزدەکرێتەوە کە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆو ناڕاستەوخۆ لە ئەنجامی پرۆسەکانی نەوتیەوە پەیدادەبێ.**

**دووەم: کەسی ڕێپێدراو پێویستە ئینشورەنسی (insurance) پێویستی هەبێ، بۆ داپۆشینی ئەگەری بەرپرسیاریەتیەکان بەپێی بڕگەی یەکەم لەم ماددەیەداو، بەپێی ئەو بڕە پارانەی کە لەماوەیەکەوە بۆ ماوەیەکی دیکەوە وەزیر جەختی لەسەر دەکاتەوە.**

**ماددەی سیوشەشەم:**

**یەکەم: کەسی ڕێپێدراو هەموو ئەو شتانەی لە پرۆسەکانی نەوت لە ناوچەی گرێبەستەکە لاببات و لەو حاڵەتانەی خوارەوە پاکیان بکاتەوە.**

**أ- بەر لە کۆتایی هاتنی ماوەی مۆڵەتەکە.**

**ب- کاتێ پێویستی بە ئەنجامدانی پرۆسەکانی نەوت نامێنێ.**

**دووەم: لەگەڵ سەرپێچی نەکردن بە هیچ بەرپرسیاریەتێکی سزایی، سەبارەت بەو کەسەی کە لە پرۆسەکانی نەوت، بەبێ مۆڵەت بەشداری دەکات:-**

**أ- هەرێم قەرەبوو بکاتەوەو بەنرخێکی یەکسان بەنرخی بازاڕی نەوت لەو بڕە دەرهێنراوەو، یان بەرهەمهێنراوە، یان هەناردراوە، لەگەڵ بژاردنی سوودەکانی دواکەوتن، بەمەرجێك نابێ لە ڕێژەی یاسایی ئەو سوودانە رەت بێ، کە وەزیر بڕیاری لەسەر دەدات.**

**ب- دەبێ غەرامەکانی هەموو دامەزراو مەکینە و ئامێرەکانی لە پرۆسەکانی نەوت بەکار هاتوون، یان لابردنیان، یان بژاردنی خەرجی ئەو لابردنانە.**

**ت- پاککردنەوەی ئەو پیسیەی لەئەنجامی پرۆسەکانی نەوت پەیدا بوون یان بژاردنی خەرجی ئەو پاککردنەوە بۆ هەرێم.**

**سێیەم: بەرپرسیاریەتیەکانی لە بڕگەی دووەم لەم ماددەیەدا هاتووە، ئەو کەسانەی بەشداری دەکەن لە پرۆسەکانی نەوت بەشێوەیەکی تاك، یان کۆمەڵ دەیانگرێتەوە.**

**بەڕێز دلێر محمد شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

## بەشی دەیەم

## گرێبەستی هاوبەشیکردنی بەرهەمهێنان

## باسی یەکەم

## مەرجەکانی گرێبەست

**ماددەی سیوحەوتەم:**

**یەکەم: مەرجی گرێبەستی بەشداری کردنی بەرهەمهێنان ئەمانەن:**

**أ- ماوەی دۆزینەوەی (5) پێنج ساڵە بۆ دوو ماوە دابەش دەبێت یەکەم (3) سێ ساڵەو دووەم (2) دوو ساڵەو دەکرێ بۆ (7) حەوت ساڵ درێژبکرێتەوە بەڕادەی کۆتایی.**

**ب- تەنازول کردن لە (25٪) بیست و پێنج لە سەدا لەناوچەی گرێبەستی ئەسڵی، دوای ماوەی دۆزینەوەو (25٪) بیست و پێنج لە سەدای دیکە لە ناوچەکانی دیکە دوای ماوەی درێژ کردنەوە، ئەگەر رێژەی سەدی لەو تەنازول کردنە بەشێك بێت لەهەر ناوچەیەکی دۆزراوە ئەم رێژانە کەمدەکرێتەوە تاوەکو ئەو ناوچەیە نەگرێتەوەو دەکرێ لەکۆتایی هەر ساڵێکدا سەربەخۆ لە ماوەی گرێبەستەکە تەنازول بکرێ.**

**ت- پابەند بوون بە کارەکانی دۆزینەوە دەکرێ گفتوگۆی لەسەربکرێ، بەشێوەیەکی ئاسایی کڕین و لێکدانەوەی هەموو بەیاناتەکانی هەیە لەخۆ دەگرێ، لەوانەش بەیاناتەکانی بوومەلەرزەی لەبەر دەستدا هەیە، نموونەکانی بوومەلەرزە لەماوەی یەکەمی دۆزینەوە لەگەڵ هەڵکەندنی بیری دۆزراوە لە ماوەی دووەمی دۆزینەوەو هەڵکەندنی بیر لە هەر ساڵێك لە ساڵەکانی درێژکردنەوەدا.**

**پ- دوای بەکۆتا هاتنی ماوەی دۆزینەوە، ماوەی پەرەپێدان دەست پێ دەکات ماوەکەی (20) بیست ساڵەو، ئەگەر بەڵێندەر ماوەیەکی دیکەی ویست بەهەمان مەرجەکان و پێوانەکانی لە گرێبەستەکەدا جێگرە، سەربەخۆ درێژدەکرێتەوە بۆ ماوەی (5) پێنج ساڵی دیکەوە، لەگەڵ بوونی توانا بۆ گفتوگۆکردن، بۆ درێژکردنەوەی بۆ ماوەیەکی دیکەوە.**

**ج- رێژەی موڵکانە لە (10٪) دە لە سەدا کەمتر نابێ، بەپێی ماددەی چل و یەکەمی ئەم یاسایە دەدرێت.**

ح- خەرجیەکانی گەڕاوە لە بەرهەمهێناندا دادەشکێ، دوای داشکانی موڵکانە (ریع)و بەڕادەی زۆری ڕێژەی (45٪) چل و پێنج لە سەدا بۆ نەوتی خاو تێپەڕ نابێتو ڕێژەیەك لە سەدا شەست (60٪) لەگازی سروشتی تێپەڕناکات.

خ- بەشداریکردن لەبەرهەمهێناندا، لەبەرهەمی ماوە دوای داشکاندنی ڕێژەی موڵکانەو خەرجیەکانی گەڕاوە کە ڕێگای پێدراوە، بەپێی ئەو هاوکێشەیەی داهاتەکۆبۆوەکانو خەرجیە کۆبۆوەکانی نەوت لەبەرچاودەگرێ، بەجۆرێك دەبێ قازانجی گونجاوی بەڵێندەر لەخۆی بگرێ.

د- دانی کرێی ساڵانە بۆ بانی زەویەکان لەماوەی قۆناغەکانی دۆزینەوەدا.

ڎ- بەشداری کردنی حکومەتی هەرێم بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ لە دۆزینەوەو پەرەپێدانو بەرهەمهێنان بەپێی مەرجەکانی لە گرێبەستەکەدا هاتووە.

ر- پابەند بوون بەدانەوەی ئەو بڕە پارانەی لەسەری ڕێکەوتن بۆ سندوقی دیار، بۆ ئەوەی حکومەتی هەرێم، بۆ پاڵپشتی کردنی ژینگەی هەرێم بەکاربهێنێ.

ز- مەرجەکانی مسۆگەر کردنی ساغ و سەلامەتی و تەندروستی و خۆش گوزەرانی و پاراستنی ژینگە، راهێنان و ئامادەلاکردنی کالاو خزمەتگوزاریەکان بەپێی پێوانەکانی نێودەوڵەتی بەجۆرێك دەبێ لەگەڵ مەرجەکانی لە ماددەی بیستو شەشەمی ئەم یاسایەدا هاتووە بگونجێت.

دووەم: ئەگەر وەزیر وای دانا کە گرێبەستی نەوت سەرەڕۆیەکی گەورەی بازرگانیە، یان پێویستی بەپشتیوانی پارەی زۆرە لە سەرەتای وەبەرهێناندا، وەزیر بۆی هەیە ڕێژەی موڵکانەی جێگیر لە بڕگەی یەکەمی (خ) لەم ماددەیەدا کەمبکاتەوەو بڕی خەرجی گەڕاوەو جێگیر لە بڕگەی یەکەمی (ح) لەم ماددەیەدا بەپێی سەرەڕۆییەکان زیاد بکات.

سێیەم: ئەگەر وەزیر وای دانا کە گرێبەستی نەوت سەرەڕۆیەکی بازرگانی کەمە، وەزیر بۆی هەیە ڕێژەی موڵکانە بۆ بەرزترین ئاست زیادبکات وەکو لە بڕگەی یەکەمی (خ)ی ئەم ماددەیەدا هاتووەو ڕێژەی خەرجیەکانی گەڕاوە بەکەمترین ئاست کەم بکاتەوە وەکو لەبڕگەی یەکەمی (ح)ی ئەم ماددەیەدا هاتووە.

چوارەم: مەرجەکانی گرێبەست باشترین شێوازەکانی پیشەسازییە نەوتیەکان لەخۆی دەگرێ، بەکارهێنانی شێوازەکان دەگرێتەوەو وەرگرتنی ڕێکارەکانی پەیڕەو کراو لە پیشەسازییە نەوتیەکانی جیهانی لەخۆ دەگرێ، لەلایەن بەکارهێنەرانی بەتوانا بەپێی مەرجو بارودۆخەکانی هاوشێوە بۆ پیادە کردنی تایبەتی بە پرۆسەکانی نەوت کە ئامانجی دابین کردنی:

أ- پاراستنی سامانە نەوتیەکان کە بەکارهێنانی هۆیەکانی پێویست بۆ زیاد کردنی بەرهەمهێنانی هیدرۆکاربۆنات بەشێوەیەکی تەکنیکی و ئابووری باش لەگەڵ کۆنترۆڵ کردنی لە یەك بەستراو لەنزمبوونی پەدەگیەکان و کەم کردنەوەی ئاورژانی سەر ڕووی زەوی.

ب- سەلامەتی لە کار کردن کە پێویست بەبەکارهێنانی ڕێگاکان و وەرگرتنی ڕێکارەکانی سەلامەتی پیشەیی بەهێزدەکاتو ڕووداوەکان کەمدەکاتەوە.

**ت- پاراستنی ژینگە کە پێویست بەوە دەکات ڕێگاو ئەو ڕێکارانە بەکاربهێنن کە کاریگەری پرۆسەکانی نەوت لەسەر ژینگە کەمدەکاتەوە.**

**ماددەی سیوهەشتەم:**

**یەکەم: لەگرێبەستی نەوتدا مەرجەکانی پەیڕەو کراو دیاری دەکات کە پەیوەستە بەگازی سروشتی بەیاوەرو گازی سروستی بێ یاوەر، بەجۆرێك پەرەسەندنی گازی سروشتی لەهەرێمدا ئاسان دەكات.**

**دووەم: ئەو مەرجانە هەندێ خاڵی تێدایە، زۆرترین قازانجی لە بڕەکانی زیادە لە گازی سروشتی بەرهەمهێندراو مسۆگەر دەکات، خاڵی دیکەش لە سووتانی گازی سروشتی کەمدەکاتەوەو بەپێی پێوانەکانی نێودەوڵەتی پەیڕەوکراو لەو پیشەسازیەدا.**

**سێیەم: بەپێی گرێبەستی نەوت وەزیر ڕێگای هەڵسەنگاندنی گازی سروشتی دیاری دەکات، یان بەهۆی ڕێنماییەکانی تایبەتی، بەجۆرێك دەبێ بەپێی پێوانەکانی نێودەوڵەتی پەیڕەوکراو لەو پیشەسازیەدا بێ و ئاستێکی بەرزی داهاتەکان بۆ گەل لە هەرێمو عێراقدا مسۆگەردەکات.**

**ماددەی سیونۆیەم:**

**وەزیر بۆی هەیە گرێبەستی خزمەتگوزاریەکان مۆر بکات و بەڕێوەبردنی کێڵگەکان دامەزراندن و ئامادەکردن و بنیاتنان و ڕاوێژکاری و هەرگرێبەستێکی دیکەی بەڕێوەبردنی سامانە نەوتیەکان لە هەرێمدا بەشێوەیەکی کاریگەرو ئەو گرێبەستانە خاڵەکانی هاندان لەخۆی دەگرێ بۆ هاندانی بەڵێندەر بۆ ئەنجامدانی کارو تەواوکردنی بەماوەیەکی کەم و هێنانەوەی ئامانجەکان کە بەهایەکی بەرزی هەیە.**

## باسی دووەم

## سیستەمی باج

**ماددەی چلەم:**

**یەکەم: بەڵێندەرو کەسی ڕێپێدراوو هەرکەسێك پەیوەندی بەپرۆسەکانی نەوت هەبێ پێویستە باجی داسەپاو لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە بدەن لەوانەش:**

**أ- باجی رووی زەوی.**

**ب- باجی دەرامەت.**

**پ- باجی دەرامەتی کۆمپانیاکان.**

**ت- رەسمی گومرگو هەر باجێکی دیکەی هاوشێوە.**

**ج- باجی قازانجەکانی لە ناکاو یان باجی زێدە قازانجەکان.**

**ح- هەر باجێکی دیکە وەرگیراو، یان دانی رەسمەکان بەپێی گرێبەستی نەوت.**

**دووەم: لەگرێبەستی نەوتدا بەرپرسیاریەتی بۆ دانی باجەکان تۆمار دەکرێت ئەوەش لەگەڵ بوونی هەر پابەندبوونێك کە دەکەوێتە ئەستۆی حکومەتی هەرێم بۆدانی لە جیاتی بەڵێندەرو دەرکردنی باوەڕنامەی باج بۆ بەڵێندەرەکە بۆ ئەم مەبەستە.**

**سێیەم:** دەکرێ لە گرێبەستی نەوتدا لەباجدانی بەڵێندەر خۆشبنو سەقامگیری دارایی و باج مسۆگەر بێ.

**چوارەم:** باجە داسەپاوەکان لەلایەن حکومەتی هەرێم، تەنیا ئەو باجانەن کەبەسەر پرۆسەکانی نەوت پیادە دەکرێ.

## باسی سێیەم

## مەرجەکانی دیکە

**ماددەی چلویەکەم:**

**یەکەم:** حیسابی بڕە نەوتی تایبەتی بەموڵکانە بەڕێژەی سەدی نووسراو لە گرێبەستەکەدا پیادە دەکرێ.

**دووەم:** وەزیر بۆی هەیە موڵکانەی نموونەیی، یان بەکاش وەرگرێ، هەموو یان بەشێکی پێویستە، یان مانگانە، یان وەرزی بەپێی مەرجەکانی گرێبەست بدرێ.

**سێیەم:** وەرگرتنی بڕە پارەکانی لە موڵکەکانەوە پەیدا دەبێ، بەپێی نرخەکانی بازاڕی جیهانی نەوت دەبێ، لەحاڵەتی نەفرۆشتنی بۆ لایەنێکی سێیەمی بێلایەنەوە.

**ماددەی چلودووەم:**

**یەکەم:** وەزیر ڕێکخستنی بەڕێوەبردنی پرۆسەکانی نەوت لەگەڵ حکومەتی فیدراڵی بەشێوەیەکی هاوبەش دەگرێتە ئەستۆ، تاوەکو لە ئایندەدا چارەنووسی شوێنەکانی کێشەی لەسەر دوایی پێ دێ بەریفراندۆم بەپێی ماددەی 140 لە دەستووری فدراڵیدا.

**دووەم:** وەزیر بۆی هەیە، ڕەزامەندی لەسەر ڕێککەوتننامەکانی لە لایەن حکومەتی فیدراڵیەوە مۆرکراوە بنوێنێ، کە پەیوەستە بە چالاکیەکانی نەوت لە ناوچەکانی کێشەی لەسەرە بەر لە ریفراندۆمی بەپێی ماددەی 140 لە دەستووری فیدرالیدا.

**سێیەم:** لە حاڵەتی دانانی هاوولاتیانی ئەو ناوچانەی کێشەیان لەسەرە، کە ئەوانە بەشێکن لە هەرێمدا، وەزیر بۆی هەیە بڕیار بدات کە هەر ڕێککەوتننامەیەکی ئاماژە بۆکراو لە بڕگەی دووەم لەم ماددەیەدا پوچەڵە، ئەگەر ڕەزامەندی وەزیری پێشتری پێ وەرنەگیرابێ.

**ماددەی چلوچوارەم:**

**یەکەم:** پێویستە وەزیر قازانجەکانی لە ئەنجامی ئەگەری گرێبەستی نەوتی پێشنیارکراو بخەملێنێ، بۆ ئەوەی بەرزترین ڕێژەی داهاتەکان بۆ گەلی هەرێم مسۆگەر بکات و بۆبەڵێندەریش قازانجی گونجاو کۆك لەگەڵ پێوانەکانی نێودەوڵەتی دابین بکرێت.

**دووەم:** وەزیر بەرزترین ڕێژە لە داهاتەکانی بۆ حکومەتی هەرێم مسۆگەر دەکات ڕێژەیەکی گونجاویش بۆ بەڵێندەر لە گرێبەستە نەوتیەکانی کە سەلمێنراوە پێشتر نەوتی لێ هەبووە.

**ماددەی چلوپێنجەم:**

**نابێت وەزیر نوێنەرایەتی هەرێم بکات لە پشت بەستن بە پاراستەی حکومەت لە گرێبەستە نەوتیەکان ئەوەی پەیوەستە بە ڕێکارە یاسایەکانو جێبەجێکردنی حوکمەکانی بڕیار لێدراو.**

**بەڕێز قادر سعید خضر (زانا):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

## بەشی یازدەم

## هاوبەشیکردنی ناوخۆ

**ماددەی چلوشەشەم:**

**یەکەم: کەسی ڕێپێدراو پابەند دەبێت بە پێش خستن بۆ:**

**أ- کۆمپانیاکانی ناوخۆو بەتوانا لە هەرێم و ناوچەکانی دیکەی عێراق، بەپێی ئەمانەی خوارەوە:**

**1- کۆمپانیایەکی راستەقینە بێت، خزمەتی گشتی لە ئەستۆ نەبێت، بەشێوەیەکی راستەوخۆو ناڕاستەوخۆ.**

**2- پێویستە توانای تەواوی هەبێت، بۆ بەهێز کردنی پرۆسەکانی نەوت کە کەسی ڕێپێدراو جێبەجێی دەکات.**

**3- ڕەزامەندی وەزیر بەدەست بێنێ بەپێی ڕێنماییەکانی لێیەوە دەرکراون.**

**ب- بۆ دامەزراندنی کەسەکان لە هەرێمو ناوچەکانی دیکەی عێراق، پێویستە ئەو کەسانە ئامادەکرابن و تواناو شارەزایی پێویستیان هەبێ، بۆ جێبەجێکردنی کارەکە.**

**ت- بۆ کڕینی بەرهەمەکانی ناوخۆ و فەراهەمکردنی خزمەتگوزاریەکان لەهەرێم و ناوچەکانی دیکەی عێراق لە حاڵەتی رکابەری کردنی لەگەڵ هی دیکەدا لە لایەنی نرخو چۆنایەتی توانایی فەراهەم کردنی.**

**دووەم: وەزیر کەسی ڕێپێدراو کە هاوبەشی هەیە لە کۆمپانیاکانی ناوخۆ پێش خەڵکی دیکە دەخات.**

**ماددەی چلو حەوتەم:**

**یەکەم: کەسی ڕێپێدراو پێویستە پرۆگرامەکانی روونو ئاشکرا بۆ راهێنانی کادرەکانی ناوخۆ سەر بەخۆیانەوە ئامادەبکات کە دەتوانرێ لە هەرێمو ناوچەکانی دیکەی عێراق یان لەدەرەوە جێبەجێ بکرێ، بەمەرجێك نوێنەرەکانی خوێندنی باڵا لە خۆی بگرێو پشتگیری داراییان لێ بکات.**

**دووەم: مۆڵەت ئەوە لەخۆ دەگرێ، کە کەسی ڕێپێدراو پابەند بێت بەگەیاندنی زانیارییەکان بۆ هەرێم، بەجۆرێك ئاسانکارییەکانی پێویست بۆکاری تەکنیکی لەهەرێمدا فەراهەم بکات، لەوانەش لێکدانەوەی بەیانەکانی لەپرۆسەکانی نەوتدا بەدەست هاتوون.**

**ماددەی چلوهەشتەم:**

**کەسی ڕێپێدراو نوسینگەیەکی لەهەرێمدا دەبێ.**

## بەشی دوانزەم

## یەکگرتن

### باسی یەکەم

### یەکگرتنی حەشارگەکانی ناوهەرێم

**ماددەی چلونۆیەم:**

**یەکەم: وەزیر کاری یەکگرتنی حەشارگەکان، ئەگەر هەموویان لە هەرێمدا بن لە ئەستۆ دەگرێ، بەپێی پێوانەکانی نێودەوڵەتی پەیڕەوکراو لە پیشەسازییەکانی نەوتدا.**

**دووەم: حەشارگەکان یەك دەخرێن، ئەگەر بەشێکیان لە ناوچەی گرێبەست دابێ‌و بەشێکی لە ناوچەی گرێبەستێکی دیکەدا بێ بەپێی ئەوانەی خوارەوە:**

**أ- وەزیر ئاگاداریەکی نووسراو ئاڕاستەی بەڵێندەرەکان دەکات، بۆ مۆر کردنی رێککەوتننامەی یەکگرتنی هاوبەش لەنێوانیاندا، بۆ مسۆگەر کردنی بەرهەمهێنانی نەوت لە حەشارگەکەدا بەشێوەیەکی باش‌و کاریگەر.**

**ب- ئەگەر مۆرکردنی رێککەوتننامە هاوبەشەکە لە ماوەیەکی کاتی ماقوڵدا لە وەرگرتنی ئاگادارکردنەوە نووسراوەکەدا جێبەجێ نەکرێ، هەروەکو لە بڕگەی دووەم (أ) سەرەوەدا هاتووە وەزیر بڕیاری یەکگرتنی حەشارگەکە دەدات.**

**ت- لە کاتی رەزامەندی نەنواندنی وەزیر بەبەڵێندەرەکان بۆیان هەیە، پەنا بۆناو بژیوان ببەن بەپێی خاڵەکانی لەماددەی پەنجاو دووەمی ئەم یاسایەدا هاتووە.**

**سێیەم: حەشارگەکە یەك دەگرێ، ئەگەر بەشێکی لەناوچەی گرێبەستداو بەشێکی نەکەوێتە ناو هیچ گرێبەستێکی نەوتی دیکەوە بەپێی ئەوانەی خوارەوە:**

**أ-وەزیر ئاگادار کردنەوەیەکی نووسراو ئاڕاستەی بەڵێندەر دەکات بۆ مۆر کردنی رێککەوتننامەی یەکگرتنی بەشدار لەگەڵیدا بۆ مسۆگەر کردنی بەرهەمهێنانی نەوت لە حەشارگەکەوە بەشێوەیەکی باش و کاریگەر.**

**ب-ئەگەر لەمیانەی کاتێکی ماقوڵدا رێك نەکەون‌و دوای دەرکردنی ئاگادار کردنەوەی نووسراویش وەکو لە بڕگەی دووەم (أ)ی سەرەوەدا هاتووە، وەزیر بڕیاری یەکگرتنی حەشارگەکە دەداو، بەڵێندەریش بۆی هەیە لەکاتی ڕازینەبوونی بەبڕیاری وەزیر پەنا بۆ ناوبژیوان، یان رێکارەکانی لە گرێبەستی نەوتیدا هاتووە، ببات.**

**چوارەم:** لەرێککەوتننامەی یەکگرتندا بڕی ئەو نەوتەی لەوناوچەیەی کە ڕێکەوتننامەکە دەیگرێتەوە دیاری دەکرێن و، هەروەها کارپێکەری بەرپرسی لەبەرهەمهێنانی نەوتدا لەناوچەی ڕێککەوتننامەکەدا دەستنیشان دەکرێ.

**پێنجەم:** وەزیر بڕیاری پەرەپێدانو بەرهەمهێنانی نەوت لە حەشارگەکەوە دەدات، دوای بڕیاردانی ڕێککەوتنی یەکگرتنو ڕەزامەندی لەسەردانی.

**شەشەم:** ڕەزامەندی وەزیر پێشتر وەردەگرێ بەر لە هەر گۆڕانکاریەك لە ڕێککەوتننامەی یەکگرتندا.

## باسی دووەم

## یەکگرتنی حەشارگەکان لەمیانەی سنووری هەرێمو ناو عێراقدا

**ماددەی پەنجا:**

**یەکەم:** وەزیر یەکگرتنی حەشارگەکان دەگرێتە ئەستۆ، ئەگەر لە سنووری هەرێم پەڕیەوە بۆ ناوچەکانی دیکەی عێراق بەڕێککەوتن لەگەڵ حکومەتی فدراڵیدا، یان لەگەڵ لایەنەکانی پەیوەندیداری دیکەوە، بە مەرجێك قازانجی زۆر بۆ گەلی هەرێم بەتایبەتی و عێراق بە گشتی بەدەست دێنێ، بە بەکارهێنانی تەکنیکی پرەنسیپەکانی بازاڕی زۆر پێشکەوتوو هاندانی وەبەرهێنان بەپێی ماددەی 112 لە دەستووری فدراڵیدا.

**دووەم:** ڕێککەوتننامە کە دەستنیشانی بەڕێوەبردنی حەشارگەکە دەدات، لەلایەن دەستەیەکی هاوبەش نوێنەری حکومەتی هەرێم و حکومەتی فیدراڵی یان لایەنی دیکەی پەیوەندیدار لەخۆی دەگرێ.

**سێیەم:** لە کاتی نەگەیشتن بەرێککەوتنی ئاماژە بۆ کراو لە بڕگەی سەرەوە وەزیر لەگەڵ نوێنەری حکومەتی فیدراڵی، یان لایەنەکانی دیکەی پەیوەندیدار، ڕەوانە کردنی بابەتەکە بۆ شارەزایەکی نێودەوڵەتی بۆناو بژیوانی کردن، کە لەلایەن هەموو لایەنەکانی پەیوەندیدارەوە هەڵدەبژێردرێ.

## باسی سێیەم

## یەکگرتنی حەشارگەکان لەمیانەی سنووری نێودەوڵەتیەوە.

**ماددەی پەنجاویەکەم:**

**یەکەم:** وەزیر یەکگرتنی حەشارگەکان دەگرێتە ئەستۆ، ئەگەر لەسنووری هەرێم پەڕیەوە بۆ ناوچەیەکی سەر یەکێك لە دەوڵەتەکانی دراوسێ بەرێککەوتن لەگەڵ دەوڵەتی هاوسێی پەیوەندیدارو دەبێ قازانجی تەواوو ڕاست و ڕەوان بۆ هەردوولا وەدەست بهێندرێ بۆ پێشخستنی نەوت لەحەشارگەکەوە، بەمەرجێك ئەو ڕێککەوتننامەیە، دەبێ بەرزبکرێتەوە بۆ حکومەتی فیدراڵی بۆ بەدەستهێنانی ڕەزامەندی ڕێککەوتننامەکە جێبەجێ ناکرێ، ئەگەر حکومەتی فیدراڵی ڕەتیکردەوە، لەبەر هەندێ هۆی یاسایی ڕازیکەرەوە.

**دووەم:** وەزیر بۆی هەیە، مافی نوێنەرایەتی کردنی بەرژەوەندیەکانی هەرێم بە بریکاری بداتە حکومەتی فیدراڵی لە هەر ڕێککەوتننامەیەکی لەم جۆرەدا.

**سێیەم: پێویستە ڕەزامەندی پێشینە لە وەزیر بەدەست بهێنرێ و لەلایەن پەرلەمان و سەرۆکی هەرێم هەر ڕێککەوتننامەیەکی تایبەت بە پەرەپێدانی نەوت لەو حەشارگانەدا پەسند بکرێ.**

## بەشی سێزدەم

## چارەسەرکردنی ناکۆکیەکان

**ماددەی پەنجاو دووەم:**

**یەکەم:**

**أ- وەزیر بۆی هەیە لە هەموو ناکۆکیەکانی کەسەکانی کارمەند پرۆسەکانی نەوت دەگرێتەوە، بکۆڵێتەوەو دانی پێدابنێ، ئەگەر ئەو کێشانە:**

**1- لەنێوان کەسەکان خۆیان بن، ئەگەر ڕێککەوتننامەکانی لە نێوانیاندا مۆر کراوە، دەقی چۆنیەتی چارەسەرکردنی ناکۆکیەکانی تێدا نەهاتبێ.**

**2- یان ئەوەی پەیوەستە بەلایەنەکانی دیکە کە هاوبەش نییە (جگە لە حکومەتی هەرێم).**

**ب- وەزیر بۆی هەیە، هەموو بارودۆخەکانی پەیوەندیدار بە ناکۆکیەکان لەبەرچاو بگرێ ئامۆژگاریەکانی بدات، کە بۆی هەیە، بۆ جێبەجێ کردنی بڕیارەکەی پێویست بێت، بەپێی ڕێکارەکانی بەپێی ئەم ماددەیە پەیڕەو دەکرێ، لەوانەش دانی قەرەبووی پێویست لەلایەن هەریەکێك لەلایەنەکانی ناکۆکەکەوە بۆ لایەنەکەی دیکەوە، بە مەرجێك ئەو قەرەبوو کردنەوەیە دادپەروەرانە و گونجاو بێت.**

**ت- ئەگەر وەزیر لەو ناکۆکیانەی بۆی ڕەوانە دەکرێ نەکۆڵێتەوە بەشێوەی نوسراو لایەنەکانی کێشەکە ئاگادار دەکاتەوە.**

**دووەم:**

**أ-ئەگەر کێشەی پەیوەندیدار بەلێکۆڵینەوەو پیادە کردنی مەرجەکانی مۆڵەت، یان هەردووکیان لەنێوان کەسی ڕێپێدراو وەزیر ڕوویدا، لایەنەکان هەوڵ دەدەن کێشەکە لە ڕێگەی گفتوگۆوە چارسەر بکەن.**

**ب- ئەگەر کێشەکە بەهۆی گفتوگۆوە چارەسەر نەکرا بۆ هەردوولا هەیە کێشەکە ببنە بەردەمی ناوبژیوان.**

**ت- هەر ناوبژیوانێك لەنێوان وەزیرو کەسی ڕێپێدراو بەپێی ڕێکەوتنی هەردوولاو بەپێی یەکێك لەو ڕێسایانەی خوارەوە:**

**1- ڕێککەوتننامەی واشنتۆنی ساڵی 1965یان ڕێنماییەکان، یان ڕێساکانی سەنتەری نێودەوڵەتی بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی وەبەرهێنان (Icsid)لە نێوان دەوڵەتانو هاولاتیانی دەوڵەتانی دیکەوە.**

**2**- ڕێساكانی بەمەبەستی زێدە ئاسانكاری داهاتووە بۆ(Icsid) كە لە 1978/9/27 پشتی پێ بەسترا لەلایەن ئەنجومەنی كارگێڕی(Icsid) لەنێوان دەوڵەتان و هاووڵاتیانی دەوڵەتانی دیكەوە، كاتێ لایەنی بیانی پێداویستیەكانی لە ماددەی (25)ی ڕێككەوتننامەی واشنتۆن نایەتێتەدی.

**3**- پەیرەوكردنی ڕێساكانی ناوبژیوانی نەتەوە یەكگرتووەكانی تایبەت بە یاسای بازرگانی جیهانی.

**4**- ڕێساكانی ناوبژیوانی پەیرەوكراو لە دادگاكانی لەندەن بۆ ناوبژیوانی كردنی نێودەوڵەتی (LCIA).

**5**- پەیرەوكردنی ڕێساكانی دیكەی دانپێدانراو (بەپێی ڕێككەوتنی لایەنەكانی ناكۆك لەسەر ڕێكارەكانی، لەوانەش ڕێگای دامەزراندنی ناوبژیوانان و ئەو ماوەیەی كە پێویستە بڕیاری لێ دەربكرێ.

ب- پابەندیەكانی وەزیرو كەسی ڕێپێدراو بەردەوام دەبێ، بەپێی مۆڵەت، تاوەكو چارەسەری هەر مەسەلەیەك و ڕەوانە كراوە، بۆ ناوبژی كردن، لێبووردن لە مەرجەكان و گۆڕینی.

ماددەی پەنجاو سێیەم:

وەزیر بۆی هەیە كەسی ڕێپێدراو ببورێت لە رازیبوون بە مەرجەكانی ڕێپێدان و، بۆی هەیە ڕەزامەندی بنوێنێ لەسەر هەڵپەساردن، یان گۆڕینی مەرجەكان، یان بەمەرجی دیكە، یان بەبێ مەرج بەشێوەیەكی بەردەوام و كاتی.

**بەڕێز دلێر محمد شریف:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

## بەشی چوارەم

## ڕاگەیاندنو بڵاوكراوەكان

ماددەی پەنجاوچوارەم:

یەكەم: وەزیر ڕاگەیاندن دەگرێتە ئەستۆ سەبارەت بە:

أ- بانگێشەكانی داواكردنی مۆڵەتەكان.

ب- ئاگادار كردنەوە بەمۆڵەت دان و دوایی پێهێنانی.

دووەم: پێویستە وەزیر بانگێشەكان بڵاوبكاتەوە لە ڕێگای هۆیەكانی ڕاگەیاندنو، بەپێی ڕێنماییەكانی لێیەوە دەركراوەو لە میانەی ئەنتەرنێت لە لاپەڕەی ئەلیكترۆنی سەر بە وەزارەت.

ماددەی پەنجاو پێنجەم:

یەكەم:

أ- وەزیر بڵاوكردنەوەی ئەمانەی خوارەوە دەگرێتە ئەستۆ:

**1**- درێژەی مۆڵەتەكانی ئێستای هەڵوەشێنراوەو هەمواركراو.

**2**- درێژەی لێبووردنەكان لەمەرجەكانی مۆڵەت و گۆڕینی.

**3**- زانیارییەكانی پەیوەستە بە ڕێككەوتنەكانی یەكگرتن.

ب- هەر تاكێك لەماوەیەكی ماقوڵدا لە ڕۆژی پێشكەشكردنی داواكاریەكەی كورتەیەكی دەداتێ دەربارەی:

1- مۆڵەتەکانی هەموارەکانی ئێستاو هەڵوەشاوەو رێککەوتننامەکانی یەکگرتن.

2- پلانی پەرەسەندنی پەسندکراو.

3- بریکاردانو مامەڵەکانی دیکە کە رەزامەندی لەسەر وەرگیراوە، بەپێی مەرجەکانی بازرگانی رێپێدراو.

4- پرۆسەکانی نەوت.

دووەم:

أ- دانی مۆڵەت دوای بانگێشە کردن.

ب- دانی مۆڵەت بەبێ بانگێشە بۆ پێشکەشکردنی داواکاری.

ت- پەسندکردنی پلانی پەرەپێدان بەپێی گرێبەستی نەوت.

پ- رەزامەندی نواندن لەسەر لێبووردن لە مەرجەکانی مۆڵەت، یان گۆڕینی، یان هەڵپەساردنی.

ج- وەرگرتنی هەر بڕیارێك، یان هەر رەزامەندی دانێك پێویستە بەپێی مۆڵەت دیاری بکرێت.

سێیەم: پێویستە کۆمپانیاکان راپۆرتەکانیان دەربارەی پابەندییان پێشکەش بکەن و بەپێی ئەم یاسایە و مەرجەکانی مۆڵەت و بەو شێوەیە و خاڵانەی داوا کراوە لەمۆڵەتداو بەپێی رێنماییەکان وەزیر بڵاوکردنەوەی دەگرێتە ئەستۆ.

چوارەم: وەزیر بڵاوکردنەوەی راپۆرتەکانی تایبەت بەکەسە رێپێدراوەکان دەگرێتە ئەستۆ سەبارەت بە داکۆکی تایبەتیان بەپرۆسەکانی نەوتی حکومەتی هەرێم بەپێی یاسا.

پێنجەم: زانیاریەکانی بەدەست هاتوون بەپێی ئەم ماددەیە بۆ هەموو کەس رەوایە پاش دانی رەسمەکان کە بەپێی رێنماییەکان وەردەگیرێ.

## بەشی پازدەم

## کاروبارەکانی رێکخستن

ماددەی پەنجاو شەشەم:

یەکەم: وەزیر رێنماییەکان بەپێی ئەم یاسایە دەردەکات سەبارەت بەم کاروبارانەی خوارەوە:

أ- دابەشکردنی ناوچەکان لە هەرێمدا.

ب- دۆزینەوەو بەرهەمهێنانی نەوت.

ت- بەکارهێنان و پشکنینی بەیانات، زانیارییەکان، تۆمارگەو راپۆرتەکان.

پ- پێوان و فرۆشتن، یان سەرفکردنی نەوت.

ج- تەندروستی ساغ و سەلامەتی.

ح- خۆپاراستن و پاراستنی ژینگە.

خ- بەرێوەبردنی سامانەکان.

د- بیناو دامەزراو ئامێرەکان.

ژ- پرۆسەکانی پاککردنەوەو هۆیەکانی چارەسەرکردنی دیکە، بۆ لابردنی کاریگەریەکان کە لە بلاّوبوونەوەی نەوت پەیدا دەبێت.

ر- چۆلّکردن و دواپێهێنانی پرۆسەکان.

ز- پرۆگرامەکانی کارو بودجە.

**س**- وردبینی کردنی ژمێریاریو تۆمارەکانی کەسی ڕێپێدراو.

**ش**- ئەو ڕەسمانەی لەلایەن داواکاری مۆڵەتەکان دەدرێن و ئەو کەسانەی ڕێپێدراون ئەوانەی ئارەزووی پشکنینی تۆماری گشتیان هەیە.

ص-دووبارە کردنەوەی ڕاپۆرتەکان لەلایەن کەسانی ڕێپێدراوەوە دەربارەی ڕادەی پەیڕەو کردنی پابەندەکانیان کە لە یاساو مۆڵەتەکاندا هاتوون ئەمانەن:

1- ڕاهێنان و دامەزراندنی هاوولاّتیانی هەرێمو هاوولاّتیانی دیکەی عێراق.

2- کڕینی کالاّو فەراهەکردنی خزمەتگوزاریەکان لەهەرێم و ناوچەکانی دیکەی عێراق.

3- تەندروستی و سەلامەتی پیشەیی.

4- پاراستنی ژینگە.

دووەم: وەزیر ڕێنمایی و ئامۆژگاری پێویست دەردەکات، بۆ ئاسان کردنی جێبەجێ کردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە.

ماددەی پەنجاو حەوتەم:

یەکەم: هەر ڕێککەوتننامەیەکی تایبەت بە پرۆسەکانی نەوت، کە حکومەتی هەرێم و بە ڕەزامەندی وەزیر مۆر کرابێ بەر لەبەر کار بوونی ئەم یاسایە بە یاسایەکی پەیڕەو کراو دادەنرێت.

دووەم: بۆ مەبەستەکانی ئەم بەشە (ڕێککەوتنامە) هەر گرێبەستێك، یان مۆڵەت و بریکاردان، یان یاداشتی تێك گەیشتن، یان هەر مامەڵەو دەسکاریەکی یاسایی دیکە لەم شێوەیەیە.

## بەشی شازدەم

## حوکمەکانی سەرپێچی کردنی پابەندیەکان

ماددەی پەنجاو هەشتەم:

یەکەم: کارپێ سپێردراوی گشتی، یان کوڕەکانی، یان خێزانەکانی و هەر کەسێك لە بەرژەوەندی کار بکات قەدەغەیە ئەم شتانەی خوارەوە بەدەست بێنێ:

1- هەر قازانج و تایبەتیەك، چ ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ لەمۆڵەتەکەدا.

2- هەربەشێك لە کۆمپانیا (لقەکانی) کە مۆڵەت مولّکداریەتی چ ڕاستەوخۆو ناڕاستەوخۆ تەنیا ئەگەر کۆمپانیا بەشەفافیەت بەتایبەتی کرابێ.

**دووەم: وەزیر ڕێنماییەکانی تایبەتی دەردەکات کە هەر فەرمانبەرێکی گشتی لە وەزارەتدا پێویستە بەیاناتێك پێشکەش بکات مولکەکانیدەربخات و ئەو بەیاناتانە سەبارەت بەو کەسانەی پلەی فەرمانبەریەتیەکەیان تایبەتە رادەگەیێنرێ.**

**ماددەی پەنجاونۆیەم:**

**دەرهەق بە کەسی رێپێدراو رێکارەکانی ئاماژەی بۆ کراوە لە بڕگەی دووەم لەم مادەیەدا وەردەگیرێ ئەگەر:**

**أ- سەرپێچی لە یاساکانی هەرێمی پەیوەست بە بەربەرەکانی کردنی گەندەڵی کرد.**

**ب- کۆسپی خستە بەردەم کارەکانی پشکێنەری گشتی بەشێویەکی راستەوخۆ، یان ناڕاستەوخۆ بەهەر هۆکارێك بێت.**

**ت- بەشداری کردن لە پێشکەش کردنی داواکاری، یان خۆی بەتەنیا پێشکەشی کرد، یان هەر راپۆرتێکی فەڕمی پێشکەشکرد، یان بەڵێنی نووسراوو بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە، زانیاری درۆ یان دەسخەڵەتداتن لەخۆی گرتبێ بەشێوەیەکی ئەنقەست بێ، یان بێ ئەنقەست بێ.**

**پ- بەدەستی هێنا یان کڕینو فرۆشتن، یان وەرگرتن، یان مامەڵەی بەزانیاری و بەیانەکان کرد، کە مولکی هەرێمی، هەروەکو لەماددەی سی و دووەمی ئەم یاسایەدا هاتووە کە وە بەر مۆڵەت نەکەوێ و بەرێپێدانی وەزیر نەبێ.**

**دووەم: ئەگەر سەلمێنرا کە کەسی رێپێدراو یەکێك لەو کارانەی کە لە بڕگەی یەکەمی ئەم ماددەیەدا هاتووە دەرهەقی ئەم رێکارانەی خوارەوە وەردەگیرێ:**

**أ- مۆڵەتەکەی چ هەمووی، یان بەشێکی هەڵدەوەشێتەوە.**

**ب- بێ بەری دەبێ لە هاوبەشی کردن لە کەمکردنەوەو مەزاد کردنی پەیوەست بە پرۆسەکانی نەوت و بەتایبەتی ئەوەی پەیوەندیدارە بە مۆڵەتەکان و فەڕاهەمکردنی کاڵاو خزمەتگوزاریەکان.**

**ت- بێ بەری دەکرێ لە کارەکانی بیناکردن لەو حاڵەتانەی کە دەبێتە هۆی زیان گەیاندن بە بەرژەوەندی گشتی.**

**پ- بێ بەری دەکرێ لە چالاکیەکانی پەیوەست بە پرۆسەکانی نەوت بۆ ماوەی دوا رادەی لە دوو ساڵ تێپەر ناکات.**

**ج- بلاوکردنەوەی درێژەی پەیوەندیدار بەو کارانە.**

## بەشی حەوتەم

## حوکمەکانی گواستراوەو دوایی

**ماددەی شەستەم:**

**یەکەم: وەزیر راوێژی حکومەتی فیداڵی دەکات بۆ چاوخشاندنەوە بە هەموو رێککەوتننامەکانی تایبەت بە پرۆسەکانی نەوت کە لە هەرێمدا هەن، کە لە لایەن حکومەتی فیدراڵیەوە بەر لە مێژووی بەرکار بوونی ئەم یاسایە مۆرکراوە، بۆ ئەوەی ئەو رێککەوتننامانە لەگەڵ حوکمەکانیدا بگونجێت.**

دووەم: ئەو ڕێککەوتننامانەی لە بڕگەی یەکەم لەم ماددەیەدا ئاماژەی بۆکراوە بە پوچەڵ دادەنرێت، ئەگەر بۆ حکومەتی هەرێم ملکەچ نەبێ و نەکەوێتە ژێر بەڕێوەبردنی تایبەتدا، ئەگەر حکومەتی هەرێم بە پێویستی نەزانێ پشتگیری دارایی و هونەری بۆ ئەو ڕێککەوتننامانەی ئاماژەیان بۆ کراوە لە لایەن حکومەتی هەرێمەوە پەسند بکرێن.

ماددەی شەستویەکەم:

هەر ڕێککەوتننامەیەکی تایبەت بەپرۆسەکانی نەوت، کە دوای مێژووی بەرکار بوونی ئەم یاسایە مۆردەکرێ بە پوچەڵ دادەنرێت، ئەگەر ڕەزامەندی وەزارەتی لەگەڵدا نەبێ و بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە.

ماددەی شەستودووەم:

یەکەم: کار بەهیچ دەقێك ناکرێ پێچەوانەی حوکمەکانی ئەم یاسایە بێت.

دووەم: حوکمەکانی یاسای وەبەرهێنانی هەرێمی کوردستانی ژمارە (4)ی ساڵی 2006 بەسەر پرۆسەکانی نەوتدا جێبەجێ ناکرێت.

ماددەی شەستوسێیەم: ئەم یاسایە لە ڕۆژی بڵاوبوونەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقائعی کوردستان) جێبەجێ دەکرێت.

## هۆیەکانی دەرکردنی

لەپێناو پەرەسەندنی سامانی نەوت لەهەرێمی کوردستان بە جۆرێك بەرزترین قازانج بۆ گەلی عێراق بەگشتی بێنێتەدی، بەهۆی بەکارهێنانی تەکنیکی پرەنسیپەکانی بازاڕی پێشکەوتووتر و هاندانی وەبەرهێنان لەگەڵ حوکمەکانی ماددەی 111، 112، 115 لە دەستوری فدرالیدا بگونجێت، بۆئەوەی بەرزترین ئاستی شەفافیەتو بەرپرسیاریەتیو یەکسانی لەکەرتی نەوتدا بەهێز و مسۆگەر بکات و لە پێناو مسۆگەرکردنی لە کەرتی نەوتدا بەهێز و مسۆگەربکات و لە پێناو مسۆگەرکردنی بەشەکانی دادپەروەرانە بۆ گەلی کوردستان و بۆ پشتگیری کردنی نەوەکانی داهاتوو و ئەوانەی لە ژێر سێبەری سیاسەتەکانی داپڵۆسێنەری ڕژێمی بەسەرچووی عێراق ئازاریان چێشت ولە پێناو پاراستنی ژینگە لە هەرێمی کوردستانو بەهێزکردنی هاوکاری لەگەڵ حکومەتی فیدراڵی، دەربارەی بەڕێوەبردنی نەوت و گاز کە دابەشکردنی دادپەروەرانە بۆ داهاتەکانی نەوت مسۆگەر دەکات، وەکو لەدەستووری فیدراڵیدا هاتووە، لەبەر هەموو ئەو هۆیانە ئەم یاسایە دانرا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ لیژنەی یاسایی بۆ خوێندنەوەی ئەو پرۆژانە، سوپاس بۆ ئێوەی بەڕێز، دیارە ئەو پرۆژەیە ماندوو بوونێکی زۆری پێوە دیارە، دەستخۆشی لە هەموو ئەوانە دەکەین کە بەشداریان کردووە لە نووسینی ئەو پرۆژەیە، دیقەتی تێدایە، ورد بینی تێدایە، ڕەچاوی دەستووری عێراقی کردووە، بەتایبەتی ماددەی (105 و 106 و 110 و 111 و 112 و 115 و 121 و 140)، کە بەشێکیان دەسەڵاتی

هەرێمیان دیاری کردووە، دەسەڵاتە هاوبەشەکان، هەروەها ماددەی (140) ناوچەکانی هێشتا خیلافاتی لەسەرە، من پێم وایە ئەمە پرۆسەیەکی زۆر باشە، بەلاّم وردەکارییەکی تریشی دەوێتن، بۆیە ئەم پرۆژەیە ئاراستەی لیژنەی یاسایی و لیژنەی پیشەسازی دەکەم، لەگەڵ لیژنەی دارایی و ئابووری و ئاراستەی هەر یەك لە ئەندامانی بەڕێزی دەکەم، بۆ ئەوەی بیخوێننەوەو خۆیان ئامادە بکەن بۆ رۆژی موناقەشەو هەر کاتێك لیژنەکان راپۆرتەکانیان ئامادە بوو رۆژی موناقەشەکە تەحدید دەکەین، زۆر سوپاس بۆ دکتۆر ئاشتی کە لەگەڵمان ئامادە بوو لە خوێندنەوەی پرۆژەکە، لەبەر ئەوەی مەسەلەکە گرنگ بوو، حەزمان کرد لەگەڵماندا ئامادە بێتن، بەخێر بێت سەرچاو، دواتر ئاگاداری دەکەینەوە بە تەئکید ئەو پرۆژەیە لە لایەن ئێوەوە، بەتایبەتی لەلایەن لیژنەکانەوە دەوڵەمەندتر دەکرێتن بەشێوەیەك ئینشائەڵلاّ دەردەچێتن، ببێتە هاندەرێکی باش بۆ وەزارەت و ئەنجامدانی ئەرکەکانی، بۆیە ئەگەر سەغەراتێك هەبێت و لە رووی یاساییەوە، لە رووی ژینگەوە موناقەشەی دەکەین، لە رووی ئابوورییەوە موناقەشەی دەکەین و ئینشائەڵلاّ دەردەچێتن، زۆر بەخێر بێن، پێش ئەوەی بچینە خاڵی دواتر پێنج دەقیقە مۆڵەت دەدەین، بۆ ئەوەی کە هاتینەوە بۆ موناقەشەی خاڵی چوارەم کە لەگەڵ جەنابی وەزیر کەس ئیجازەی نییە بچێتە دەرەوە، زۆر سوپاس فەرموون.

**پاش پشوو**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی کوردستان دانیشتنەکەمان دەست پێ دەکەینەوە، سەرەتا بەخێرهاتنی برای بەڕێز کاك دکتۆر ئیدریس هادی وەزیری خوێندنی بالاّ دەکەین، بەخێر بێت لەگەڵمان بەشدارە بۆ موناقەشە کردنی خاڵی چوارەم لە بەرنامەی کار، کە بریتییە لە گفتوگۆ کردن لەسەر راپۆرتی لیژنەی کاروباری پەروەردەو فێرکردنی بالاّ، داوا لە لێپرسراوی لیژنەی پەروەردە دەکەم بێت بۆ خوێندنەوەی راپۆرتەکەی، پێش ئەوەی دەست بەو خاڵە بکەین، بەڕاستی مولاحەزەیەکی بەجێ هاتووە بۆمان، دەبوایە لە سەرەتای دەست پێ کردنی کۆبوونەوەکەمان باس لەو تاوانە گەورەیە بکەین، کە پێرێ تیرۆریستان ئەنجامیاندا دژ بە گەلی تورکمان لە ناوچەی توزخورماتوو لە ناحیەی ئامرلی، ئێمە بە توندی ئیدانەی دەکەین، دوێنێش بەیانمان دەکرد بەناوی سەرۆکایەتی پەرلەمانەوە، ئەم کارە تیرۆیستییە بووە هۆی ئەوەی زیاتر لە چوار سەد کەس، مرۆڤ ببێتە قوربانی و لە شەهید و لە بریندار و لە مەفقود، ئەم کارە تیرۆریستیە هەموو خەڵکی سڤیلی گرتەوە، سونەو شیعەی گرتەوە، خەڵکێکی بێ تاوان دوور لە هەموو ململاّنێیەکی گرتەوە، لەبەر ئەوە بە توندی ئیدانەی دەکەین، لە هەمان کاتیشدا دووپاتی دەکەینەوە، ئەم جۆرە کارە تیرۆریستانە قەت و قەت ناتوانن لە ئیرادەی گەل کەم بکەنەوە، لە رێبازی گەلی عێراق بۆ دامەزراندنی دیموکراتیەت و دابین کردنی مافەکانی هەموو پێکهاتەکانی عێراق کەم بکاتەوە، یاخود بمانگەڕێنێتەوە دواوە، ئەو جۆرە کارە تیرۆریستیانە وا دەکاتن زیاتر هەست بە مەسئوولیەت بکرێت لە لایەن هەموو خەڵکەوە، بۆیە سەرەخۆشی

له کەسوکاری شەهیدانی ناحیە ئامرلی دەکەین، ئومێد دەکەین بریندارەکانیان بە زووترین کات چاك ببێتەوە، گەلی عێراقیش بە زووترین کات زاڵ بێت بەسەر ئەو دیاردە نابەجێیەو ناتەبیعییەی کە بەسەر گەلی عێراقدا هاتووە چەند ساڵێکە، ئینشائەڵلا بە هاوکاری هەموو لایەك، بە خەباتی گەلی عێراق زاڵ دەبین و تیرۆریستانیش دەچنە دۆزەخی جەهەنم ئینشائەڵلا و ئیسلامیش لەکاری ئەوانە رزگار دەبێتن، زۆر سوپاس، فەرموو.

**بەڕێز نازناز محمد عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەخێرهاتنی وەزیری خوێندنی بالا دەکەم لەگەڵ شاندی یاوەری، راپۆرتی لیژنەی پەروەردەو خوێندنی بالا لە پەرلەمانی کوردسان سەبارەت بە وەزارەتی خوێندنی بالاو توێژینەوەی زانستی.

سەبارەت بە بانگهێشتی وەزیری خوێندنی بالاو توێژینەوەی زانستی کە پێش ماوەیەك پێشکەشی سەرۆکایەتی پەرلەمانمان کرد بە پێویستی دەزانین کە هۆکارەکانی ئەم بانگهێشت کردنە روون بکەینەوە:

1-کێشەیەکی زۆر لە سیستەمی وەرگرتنی خوێندکاران هەیە لە خوێندنی بالا، بەتایبەتی لە رووی ناعەدالەتی لە وەرگرتندا کە چەندین خوێندکار بە بەڵگەی حاشا هەڵنەگرەوە سەردانیان کردووین بە روونی پێشێلکاریەکانی دیارە.

2- یاسای وەزارەتەکە پێویستی بە هەموار کردنە لەبەر رۆشنایی ئەو گۆڕانکاریانەی کە بەسەر هەرێمی کوردستاندا هاتووەو کردنەوەی زانکۆی تازە بەدەر لە یاساکە، کە ئەمڕۆ بوونەتە ئەمری واقیع و دەبێت یاساکانیان بۆ هەموار بکرێت، بۆ ئەوەی هەمووان بە یەك چاو مامەڵەیان لەگەڵ بکرێت و ئەم کەموکورِیانەی خوارەوە دەبێت چاك بکرێت:

أ- ئامانجی وەزارەت و فەلسەفەی کارکردنی دیار بێت، پێویستە روون و ئاشکرا بێت و تەواوکەری فەلسەفەو سیاسەتی وەزارەتی پەروەردە بێت.

ب- زانکۆی کۆیە کە لە یاسای ژمارە 33 ساڵی 2004 ناوی نەهاتووە، دەبێت لەگەڵ زانکۆکانی تری فەرمی لە کوردستان ناوی بێت و هەر زانکۆیەکی نوێ کە دەکرێتەوە ناوی بهێنرێت.

ج- زانکۆی کوردستان کە بەشێوەیەکی نایاسایی کراوەتەوەو بە رەزامەندی سەرۆکی حکومەت و بەدەر لە یاسای ئاماژە پێکراوو بە پێچەوانەی مادده 55ی یاساکە.

د- زانکۆی سانت کلیمنتس کە کێشەیەکی زۆریان لەگەڵ وەزارەتی ناوبراو هەیە بەهۆی ئەوەی لە یاساکە ناوی زانکۆی ئەهلی و تایبەت بە روونی نەهاتووە.

و- دەستەی توێژینەوەی زانستی زیاد بکرێت، لەبەر ئەوەی ناوی وەزارەتەکە لەگەڵ کارەکانی تەواوکەری یەکتر بن و ئەم دەزگایانەی توێژینەوە زانستیانە دەبێت سیستەمەکەی دیاری بکرێت و لە دەرەوەی یاسا دروست نەکرێن وەك ئەوەی تا ئێستا کراوە.

ز- دەبێت ریفۆرم لە خوێندنی بالا بکرێت و لە یاساکەش رەنگ بداتەوە.

ر- دەبێت مەرجەكانی بوون بە سەرۆكی زانكۆ و راگرایەتی و سەرۆكایەتی بەشەكان بەم شێوەیەی ئێستا نەبێت، بەڵكو مەرجی بۆ دابنرێت و رەچاوی ئیختیصاص لە دانانی راگر و سەرۆك بەشەكان بكرێت.
س- پەیوەندی نێوان خوێندكاران و مامۆستایان چاك بكرێت، چونكە هەڵسوكەوتی هەندێ لە مامۆستایان و هەندێ لە خوێندكاران و قوتابیان بەشێوەیەكە كە دوورە لە ئاستی بەرزیی زانكۆیی.
هەر لە دەست بەكار بوونی بەڕێز وەزیر داوامان كردووە كە هەموار كردنی یاساكە گرنگە بۆ رێكخستنی كاروباری وەزارەت، بەلاّم دوای ساڵێك هێشتا هیچ شتێك لە بارەی هەموار كردنی یاساكە نەگیشتۆتە پەرلەمان، بۆیە داوای ئامادە بوونی بەڕێزی دەكەین لە پەرلەمان بۆ وەلاّمدانەوەی ئەو پرسیارانەو چەندین پرسیاری تریش لە بەڕێوە چوونی كارەكانی وەزارەت و پلانیان بۆ چاككردنی رەوشی زانكۆكانی كوردستان و بەرز كردنەوەی ئاستی زانستی خوێندكاران و قوتابیان و مامۆستایان.
**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**
زۆر سوپاس بۆ راپۆرتی لیژنەی پەروەردەو خوێندنی بالاّ، من داوای لێبووردن دەكەم، كە دەبوایە پێشتر ئاماژەی پێ بكەم كە وەزیری پەروەردە لە پرۆگرامەكەماندا هاتووە، كە هەردووكیان لێرە بن، لەبەر ئەوەی وەزیری پەروەردە لە دەرەوەی هەرێمە، بۆیە دەبوایە پێشتر ئاماژەی پێ بكەم ئەم دانیشتنە تەنها لەگەڵ وەزیری خوێندنی بالاّیە، دەزانم ئێوە پرسیارتان هەیە دەتانەوێت موناقەشەی بكەن، بەلاّم وامان پێ باشە جەنابی وەزیر با بفەرمووێت هەم وەلاّمی ئەم پرسیارانە بداتەوە، هەم بەرنامەی كاریان و چیان كردووە، بۆتان روون بكاتن، ئەو وەختیش پرسیارەكانتان واقیعی تر و گونجاو تر دەبێت لەگەڵ ئەو شەرحانەی كە دەیدات، با بفەرمووێت بۆ پێشكەش كردنی وتارەكەی.
**بەڕێز د.ادریس هادی صالح/ وەزیری خوێندنی بالاّو توێژینەوەی زانستی:**
**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**
**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**
**خوشك و برایانی بەڕێز.**
**ئەندامانی پەرلەمان.**
پێشەكی زۆر زۆر سوپاستان دەكەم بۆ ئەو دەعوەت كردنەو بانگهێشت كردنە، بۆ ئەوەی لێرەدا بە رێگەی ئێوەی نوێنەرانی شەرعی، خەڵكی كوردستان بەرنامەی كاری وەزارەتەكەمان ماوەی ئەو ساڵە چی كراوە بخەینە روو، هیوادارم ئەو شتانەی كە باسی دەكەم لە كەناڵەكانیش بۆ خەڵك لێ بدرێت، بۆ ئەوەی بزانن چی كراوەو خەڵكیش ئاگادار بێت، واتا ئەو هۆڵە نەبێتە داخراوی، من بە داخەوە حەزم دەكرد راستەوخۆ بوایە لەگەڵ كەناڵەكان، چونكە ئەو جەلسانە گرنگە.
دووەمیش/ من دوو رەخنەم هەیە:
یەكەم/ بەڕاستی من لەگەڵ جەنابی سەرۆكی پەرلەمان و لەگەڵ كاك فرسەتیش قسەم كرد، راپۆرتەكەی من بە لای كەمی دوو سەعات و نیو، یان سێ سەعاتی دەوێت، یەعنی من یەكەم جار تەبلیغ كرام سەعات

(11،30) بێم، دوایی کاك فرسەت گوتی سەعات (12)، ئێستا ئەوە سەعات یەك و نیوە، یەعنی دوو سەعاتی تەواو لە وەختەکە رۆیی، جا من لەبەر ئەوە داوای لێبووردن دەکەم ئەگەر بتانەوێت حەقی راپۆرتەکەی خۆم بدەم، تۆزێك تەحمولتان هەبێت، تا بتوانم زیاتر شەرحی بکەم بۆتان، ئەگینا بە نیوە چڵی دەبێت و ئەو ئامانجەی دەمانەوێت بیپێکین، ناییپێکێت، جا داوا لە سەرۆکی پەرلەمان و ئێوەی بەڕێز دەکەم، کە تۆزێك کاتم زیاتر بدەنێ، بۆ ئەوەی ئەوەی هەمە بیخەمە روو، موحاوەلەش دەکەم زۆر درێژی پێ نەدەم، یەعنی بە کورتی باسی بکەم، چونکە بەڕاستی ئیشی زۆر کراوە، ئێمە نایشارینەوە، ئێمە لە ماوەی ئەو ساڵەدا بە مەعەدەلی ئیشمان کردووەو زۆر کار کراوە، بەلأم دەمەوێت ئاگادار بن لەو کارانەو هەرچیشتان هەیە من لە خزمەتدام وەلأمتان بدەمەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر ئیجازە هەبێت کاك دکتۆر ئیدریس، من داوات لێ دەکەم یەکەم جار وەلأمی پرسیارەکان بدەیتەوە، ئەو راپۆرتەی خۆت کورت بکەیتەوە، چونکە ئەوەی جەنابت باسی دەکەیت دوو سەعات دەکرێت خۆت داوای بکەیت و جەلسەیەکی تایبەتت بۆ بکەین، بێیت لێرە هەموو ئەو بەرنامەیە لێرە باس بکەیت، ئێستا پێم خۆشە هەم وەلأمی پرسیارەکان بدەیتەوەو بە کورتیش ئەو شتەی کە دەتەوێت بیلێیت، چونکە جەلسەکە وەکو لە بەرنامەمان داناوە بۆ وەلأم دانەوەی ئەو پرسیارانە، بۆ موناقەشەیە، بەلأم ئەوەی خۆت دەیلێییت ئێمەش پێمان خۆشە، خەڵکی کوردستانیش حەزی لێیە گوێ بیستی بێتن، پێم وایە جەلسەیەکی بۆ دانێین و داواش لە کەناڵەکان دەکەین راستەوخۆ نەقلی بکەن، چونکە پەروەردە پەیوەندی بە هەموو خەڵکی کوردستانەوە هەیە، ئەگەر بەو شێوەیە بکرێت باشترە، فەرموو.

**بەڕێز د.ادریس هادی صالح/ وەزیری خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

باشە سوپاس، من وا تێگەیشتم کە ئەو جەلسەیە تایبەتە بە ئەو شتە، بەڕاستی لەبەر ئەوە ئەو شتەم بەو جۆرە ئامادە کردووە، بەلأم وا دیارە لەبەر ئەوەی بەرنامەی کارەکە گۆڕاوە.

رەخنەی دووەمم لە لیژنەی پەروەردەیە، نازانم ئەو نووسراوەی ئاراستەی من کرا بوو لێرە، ئەو پرسیارانەی کە سەرۆکی لیژنەی پەروەردەو خوێندنی باڵا خوێندیەوە تازە بە دەستی من گەیشتووە، ئەوان بەرنامەی وەزارەتی پەروەردەیان بۆ من ناردووە، ئەو پرسیارانەیان بۆ من نەناردووە، بە هەڵە ئەویان هاوپێچ کردووە، ئەوەش رەخنەی دووەمە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

داوا لە سەرۆکی لیژنەی پەروەردە دەکەم وەلأمی ئەوە بداتەوە، چونکە رەخنەکە رەخنەیەکی بەقوەتە وەلأمی بدەوە فەرموو.

**بەڕێز نازناز محمد عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بۆ جەنابی وەزیر روون دەكەمەوە، ئێمە وەكو لیژنەكان بۆمان نییە نامە ئاراستەی كەس بكەین، بۆیە هەرچی كراوە لە ڕێگەی ئیدارەو سەرۆكایەتی پەرلەمان كراوە، نەوەك ئێمە دوو راپۆرتمان حازر كرد بوو، بەلاّم ئەوە تەنها هەڵەیەكە لە ناردنەكە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

جا ئەوە وەلاّمی رەخنەكە نەبوو، تەحویلی رەخنەكەت بۆ سەرۆكایەتی بوو، سەرۆكایەتیش لەڕاستیدا لە لیژنەكانەوە چی دێتن رەزامەندی دەخوازێتن چۆن لیژنەكان پرسیارەكان دەكەن، ئێمە پرسیارەكان ئاراستە دەكەین، ئەی لیژنەكە ئیشی چیە.

**بەڕێز نازناز محمد عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە دوو راپۆرتمان ئامادە كرد لەسەر داواكاری كاك فرسەت، كاك فرسەت بۆ خۆی ئاگادارە، دوو راپۆرتی جیا، یەك بۆ بانگهێشت كردنی وەزیری پەروەردە، ئەویتریشیان بۆ وەزیری خوێندنی بالاّ، تەنها ئێستا هەڵەیەك كراوە، ئەو راپۆرتەی كە دەبوایە بۆ وەزیری پەروەردە بچێت، بۆ وەزیری خوێندنی بالاّ چووە، ئەوە ئیشی ئێمە نییە، كە بە غەڵەت ناردراوە، نەوەك ئێمە راپۆرتمان بە تەواوەتی ناردووە، هەردوو راپۆرت ئێستا لەبەر دەستی ئەندامانی پەرلەمان هەیە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كەواتە هەڵەی فەرمانبەرە، نەك هەڵەی سەرۆكایەتی، كاك دكتۆر ئیدریس فەرموو.

**بەڕێز د.ادریس هادی صالح/ وەزیری خوێندنی بالاّو توێژینەوەی زانستی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

زۆر سوپاس، من وەلاّمی ئەو پرسیارانە دەدەمەوە، بۆیە موحاوەلە دەكەم هەندێك باس لە وەزارەتیش بكەم، پاشان لە جەلسەیەكی تایبەت ئەوانە بە تەفسیلی باسی هەموو خاڵێك دەكەم.

بەنیسبەت كێشەیەكی زۆر لە سیستەمی وەرگرتنی خوێندكاران هەیە، ئەوە پێشتر هەبووە، پێش دامەزراندنی وەزارەتی خوێندنی بالاّ، ئێمە لە پار ساڵەوە وەرگرتنی قوتابیان كە بەپێی قبولی مەركەزی و خوێندنی بالاّ هەردووكیان باس دەكەم، ئەوە بەس باسی خوێندنی بالاّ دەكات یەك كەسیش بە قبول خاص وەرنەگیراوە، ئەگەر ناوێكتان هەیە بۆم بهێنن، ئەگەر یەك ناویش هەیە من هەڵیدەوەشێنمەوە، ئەگەرنا لە كۆلیژ و جامیعەكان كێشەیەك هەبوو، هەندێك قوتابی لە جامیعەی سلێمانی وەرنەگیرا بوون، نووسی بوویان لیژنەیەكی موقابەلەیان بۆ دروست كرد بوون، شیاو ناشیاو، ئێمە لیژنەیەكی تەحقیقیمان دامەزراند سێ گروپ دەرچوو، گروپێكیان حەقی خۆیان بوو وەربگیرێن وەرنەگیرا بوون، گروپەكانی تر حەقی ئەوەیان نەبوو وەرگیرێن، لە تاقی كردنەوەكە من خۆم تەماشای هەمووم كرد، فەرمانێكمان دەركرد

**ئەوانەی زوڵمی لێ کراوەو بە حەقی خۆی وەرنەگیراوە، دەبێت ئەمساڵ بێ قەید و شەرت وەربگیرێت، حەقیان بۆ دەگەڕێنینەوە، ئەوانەی هەولێر و دهۆك ئێمە دەرجەکانیشمان بۆیان ئیعلان کرد، ئەوەی هەر کەس بە حەقی خۆی پێمان گوتن بڕۆن سەیر بکەن ئەگەر یەکێك بە حەقی خۆی وەرنەگیرا بوو، وەرەن ئیعتیراز بکەن، ئێمە حەقی خۆتان دەدەین، پار ئێمە ($22000$) قوتابیمان لە زانکۆکان وەرگرتووە، یەك قوتابیش بە قبول خاص و ئیستیسنا وەرنەگیراوە، من ئێستاش دەیڵێم هەندێك جەریدەو رۆژنامە نووسیبوویان ($160$) کەس لە قوتابیەکانی ئێران بە قبول خاص وەرگیراون، ئەوە ئەسڵ و ئەساسی نییە، قوتابیانی پارچەکانی تری کوردستان ئەوان نیزامێکی خاصی خۆیان هەیە، بەپێی دەرەجەی خۆیان و شەهادەکانیان و بڕوانامەکانیان تەعادول دەکرێت، پاشان دێتە وەزارەتی ئێمە بەپێی دەرەجاتیان دابەشی سەر کۆلیژەکان دەکرێت و مونافەسە لەنێوان خۆیان، چونکە نیزامی تاقی کردنەوەکانی بەکالۆریۆسی ئەو ولأتانە لەگەڵ ئێمە فەرقی هەیە، ناچنە مونافەسەوە، بەلأم هی ئێمە لە بەینی خۆیان موناقەسە دەکەن، هەر یەکێکیش کە گلەیی هەیە لەسەر ئەوە کە قبول خاص وەرگیرا بێت و غەدری لێ کرا بێت، ئێمە هەموو فایلەکە دەخەینە بەر دەستی، بۆ ئەوەی بە خۆی تەحقیق بکاتن، بزانێت یەك حاڵەتیش بووە یان نا، من لەوە دڵنیاتان دەکەمەوە لە ($100$٪)، شتێکی تریشمان کردووە، گوتوومانە ئەوانەی ئەمساڵ لە زانکۆکان وەردەگیرێن، پاش چوار ساڵی تر کە زانکۆکان بڕوانامەیان دەدەنێ، ئەگەر بە ڕێگای قبول خاص وەرنەگیرا بێت، مانای وایە لە ژێرەوە کراوە، بە دزی ئێمە کراوە، ئێمە ئەو بڕوانامەیە تەصدیق ناکەین، جا چەند حاڵەتێکمان بەو جۆرە کەشف کرد، بۆ ئاگاداریتان هیچ شتێك بەسەر ئێمە تێپەر ناکرێت، ئەوە هەمووی چارەسەر کراوە من مەسئوولم بەرامبەر ئێوەی بەڕێز لەو قسانەی کە دەیکەن، هەر حاڵەتێك هەبێتن بیخەنە بەردەستمان بۆ ئەوەی چارەسەری بکەین.**

**سەبارەت بە یاسای وەزارەت ئێستا مسوەدەکەی حازرەو ئامادە کراوە، ئێمە لەسەر یاسای $33$ی وەزارەتی فێر کردنی باڵأو توێژینەوەی زانستی بۆ ساڵی $2004$ کراوە، کە لەو پەرلەمانە بەڕێزە قەرار دراوە، ئێمە وەکو وەزارەتەکانی تر نین، چونکە یاسا هەیە لێرە، راستە هەموار کردن بەپێی ئەو گۆڕانکاریانە شتی دەوێت، بەلأم ئێمە ئێستاکە یاسایەکەمان لەبەر دەستەو هەموارمان کردووە، ئینشائەڵلاّ بەم زووانە پاش ئەوەی جەلسەی پەرلەمان کە لە ($9/1$) دەست پێ دەکاتەوە دەیخەینە بەردەستی بەڕێزتان، ئەو کاتە ئێمە نەمانویستووە خۆمان مەحتەل بکەین لەسەر یاسا، ئێمە لە رۆژی تەکلیف کردنمان بۆ وەزارەت ئیشی خۆمان دەست پێ کردووە، هەیکەلیەتمان دامەزراندووە، شتمان کردووە، خۆمان لەسەر یاسا پەك نەخستووە، ئەو فەراغ و کەلێنانەی هەیە بەشێوەیەکی یاسایی پڕمان کردۆتەوە، نەك نایاسایی، مودیر عاممان دانەناوە، مودیر لە دەسەلأتی وەزیرە دایناوە، بۆ ئەوەی ئیش و کارەکان بکات، ئەوە بۆ وەزیر هەیە ئیستیحداسی هەر مودیریەیەك، یان بەشێك بکات، ئێمە یەك کاری بێ یاساییشمان نەکردووە لە وەزارەتی خۆمان، هەندێك وەزارەت ئەگەر کرد بێتی ئێمە دوورین لەوە.**

**سەبارەت بە ئامانجی وەزارەت و فەلسەفەی کارکردنی دیار نییە، ئێستا من دەیخەمە روو کە زۆر وازیح و زۆر دیارە، ئێمە ستراتیجیەت و پلانمان بۆ وەزارەت داناوە لە مێژووی خوێندنی بالاّ کە پێشتر وەزارەت نەبوو، تا ئێستا هیچ زانکۆیەك ستراتیجیەتی نەبووە، پلانی نەبووە، ئێمە بۆ یەکەم جار ئەو ستراتیجیەت و پلانەمان داناوە بۆ ماوەی دە ساڵیش بە سێ پلان، کورت خایەن و مامناوەندی و درێژ خایەن، زۆر زۆر روون و وازیحە، من لەبەر ئەوە موتەحەمیس بووم کە راپۆرتەکەی خۆم تەقدیم بکەم، بۆ ئەوەی ببینن کە ئێمە بە چ جۆرێك ئەو فەلسەفە و ئەو ستراتیجیەتەمان دارێشتووە بۆ خوێندنی بالاّ، بێگومان ئەوەشی تێدایە هەماهەنگی تەواومان لەگەڵ وەزارەتی پەروەردە کردووە، بۆ ئەوەی تەواوکەری ئەو فەلسەفەیە بێت کە پەروەردە پەیڕەوی دەکات، بۆ ئەوەی ئێمە تەواوی بکەین بۆ ئایندە.**

**سەبارەت بە زانکۆی کۆیە، ئەگەر زانکۆی کۆیە لە یاسایەکەدا نەهاتووە، ئێمە لە ساڵی 2004 کە دوو ئیدارەی تر هەبووە، لەبەر ئەوە نەهاتووە، بەلاّم ئێستا ئەنجومەنی راوێژکاری وەزارەت دە کەسی تێدایە بە سەرۆکەوە، شەش زانکۆ هەیە، زانکۆی کۆیە ئەندامە لەو ئەنجومەنە، زانکۆی کەرکووکیشمان تێ خستووە ئەندامە لەو ئەنجومەنە، هەموو زانکۆکان لە لایەن وەزارەتەوە هەروەك یەك وان و هەموویان لەو ئەنجومەنە بەشداری دەکەن و بڕیارەکان وەردەگرین.**

**سەبارەت بە زانکۆی کوردستانیش، ئێمە خەریکین لەگەڵیان، من خۆم سەردانم کردن و چەند کۆبوونەوەمان لەگەڵیاندا کردووە، کاتی خۆی دەبوایە لە پەرلەمانەوە دەربچێت، هەر ئەو نییە کە یاسایەکەی لە پەرلەمان دەرنەچووە، خۆ زانکۆی کۆیەش یاسایەکەی لە پەرلەمان دەرنەچووە، زانکۆی تریش هەیە، یەعنی ئەگەر بێتو بە بڕیارێکی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران دوو ئیدارەییەکە بووە، لەوێش زانکۆ دروست کراوەو لەولاش زانکۆ دروست کراوە، بەلاّم ئەوانە هەمووی دەبێت صیغەی یاسایی پێ بدەین، من نازانم بۆ هەر ناوی ئەو زانکۆیە هاتووە، زانکۆیەکان هەموویان بە نیسبەت ئێمە زانکۆی حکومین، ئەمانە زانکۆی ئەهلی نینە، بەشێوەیەکی یاسایی رەفتاریان لەگەڵدا دەکەین، ئەو رێنماییانەی کە تەتبیقی دەکەین بەسەر زانکۆیەکانی تر بەسەر ئەوانیش جێ بەجێ دەکرێت، لە قانونی وەزارەتی عێراق هی وەزارەتی خوێندنی بالاّ، ئەگەر مولاحەزەی بکەیت تەنها ناوی زانکۆی سەلاّحەدینی تێدایە، هیچ ناوێکی تری زانکۆی کوردستانی تێدا نییە، ئێمە لەگەڵ ئەوانیش قسەمان کردووە بەشێوەیەکی تر ئەو شتە چارەسەر بکرێت.**

**سەبارەت بە زانکۆی سانت کلیمنتس، من ئێستاکە روونی دەکەمەوە بۆ جەنابتان، ئەو زانکۆیە حەز دەکەم لێرە وەختەکەی لەسەر ببەم، ئێمە وەزارەتی خوێندنی بالاّ فەقەرەیەکی تێدایە بەرپرسە لە خوێندنی ئەهلی، خوێندنی ئەهلی دوو جۆری هەیە، خوێندنی ئەهلی هەیە زانکۆ وەکو ئەوەی ئوردن هەیە، زانکۆ لەسەر ئەمری واقیع دروست دەکەن بە بینایەو ستاف و هەموو شتەوە ئەهلییە، بەلاّم هەمووی دەبێت بەپێی رێنماییەکانی وەزارەتی خوێندنی بالاّ ئیش بکات، هیچ ولاّتێك نییە هەر زانکۆیەك بێت بە کەیفی خۆی بکاتەوەو شەهادە بدات، تۆ پەرلەمانت هەبێت و یاسا هەبێت و حکومەتت هەبێت گوێی پێ نەدات و**

به كەیفی خۆی ئیش بكات، ئەوان ئیجازەیان وەرنەگرتووە لە وەزارەتی خوێندنی باڵا، ئەو كاتەی كە وەزارەتێك هەبوو لە دوو ئیدارەیەكە لە سلێمانیش ئیجازەیان لە وەزارەتەكە وەرنەگرتووە، لێرەش وەریان نەگرتووە، ئەو كاتەی كە ئەوان هاتنە عێراق، من بریكاری وەزارەتی خوێندنی باڵا بووم لە بەغدا، ئێمە لەو كاتەوە نووسراوێكمان ئاراستە كرد، زانكۆی سەلاحەدین رێككەوتننامەیەكی لەگەڵ كرد و گوتوومانە ئەو زانكۆیە لە عێراق موعتەرەف نییە، دكۆیۆمنێنتمان هەیە وەزارەتی خوێندنی باڵای بەغدا ئیعتیراف بە خوێندنی تەعلیم عەن بوعد ناكات، لە زۆر وڵاتانیش، پاشان لێمان كۆڵیەوە، ئەو زانكۆیە لە زۆر شوێن جێی شوبهە بوو، موسداقیەتی نەبوو بەڕاستی، ئێمەش كە هاتین دیارە پێش من بەداخەوە هیچ كەسێك بەرەنگاریان نەبۆتەوەو حەدێكی بۆ دانەناون كە ئەو وڵاتە وڵاتێكی یاساییە، هەرێمی كوردستان یاسای خۆی هەیە، بڵێ وەرن ئێوە چۆن زانكۆ لێرە دەكەنەوە بەبێ هیچ بنەمایەكی یاسایی، من كە هاتم پاش هەفتەیەك كە پۆستەكەم وەرگرت مێزگردێكم كرد لە تەلەفزیۆنی زاگرۆس، پرسیاریان لێ كردم، گوتم ئێمە لە عێراق ئیعتیراف بە شەهادەی ئەو زانكۆیە ناكەین، پاشان دیار بوو ئەوان بەردەوام بوون، سێ ساڵ پێش دروست بوونی وەزارەتی ئێمە، ئەوان نووسینگەیان لە سلێمانی و لە دهۆك و لە هەولێر و لە كەركووك و لە نەجەفیش هەیانە.

یەكەم/ ئەوان بەشێوەیەكی نایاساییە.

دووەم/ ئەو كەسانەی كە وەریانگرتووە هیچ شروت و قبولەكانیان بەشێوەیەكی یاسایی نەبووە، بەكەیفی خۆیان، بەبێ ئەوەی رەچاوی مەعەدەل بكرێت، تەمەن بكرێت، ئیختیصاص بكرێت، بۆ نموونە خەڵكیان وەرگرتووە دەرچووی شەشە، جا موهیم نییە شەشەمی ئیعدادیە، یان وێژەییە، یاخود میهەنیە، دەرچووی پەیمانگایە ئیختیصاصەكەی با بڵێین لە زراعە خوێندویەتی، لە سەڤ سێی ئیدارەو ئیقتیصاد وەریان گرتووە، یەعنی دوو مەرحەلەیان باز داوە، كە وەریشیانگرتووە مەلزەمەیان بۆ دەنێرن بە ئەنتەرنێت چل جار ساڵێك داخیل دەبێت، یەعنی وەكو مەلزەمە دەخوێنێتەوە، لە نیهایەتی ساڵ یەك ئیمتیحان دەدات لەسەر سەد، دوو ئیمتیحان لە سەڤ سێ و چوار دەدات شەهادەیەكی دەدەنێ، یەعنی دەیانەوێت ئەو وڵاتە پڕ شەهادە بكەن بەبێ محتەوا، تەبعەن جۆری وەرگرتنەكە نایاساییە، جۆری ئیشەكەیان، ئیجازەیان لە حكومەت وەرنەگرتووە هەر نایاساییە، شەهادەكەیان لە دنیا باوەڕ پێكراو نییە، ئەوانە ئەندام نین لە ئیتیحادی جامیعاتی عالەمی (AAU)، كە زانكۆكانی ئێمە ئەندامن لەو ئیتیحادە، كە بەشێكە لە یونسكۆو ئیعتیراڤ پێ دەكات، من بە خۆم لە لەندەن بووم لەگەڵ (بریتش كەنسل) كۆبوونەوەم هەبوو، جامیعەی مەفتوح لە لەندەن هەیە لەگەڵمان دانیشتبوو، گوتم زانكۆیەكی وا لە عێراق هەیە ئێستا ئیش دەكات، ئێوە چ دەڵێن باوەڕ پێكراوە، گوتی هەر ناویشمان نەبیستووە، لە جەزیرەیەكی دوور سەر بە ئینگلتەراینە، نازانم لە چ شوێنكدا نووسینگەیەكیان كردۆتەوە، ئەوان لەسەر ئەرزی واقیع هیچیان نییە، سێ مەكتەبیان كردۆتەوە، هەر مەكتەبی سێ فەرمانبەریان لێ داناوە، ناوی خەڵك تەسجیل دەكەن و پارە لە خەڵك وەردەگرن، من ئێستا قائیمەیەكم پێیە بەناوی ئەوانەی، ئێستا ئێمە ئامارێكمان كۆكردۆتەوەو مەبلەغێكی

زۆریان له خەڵك وەرگرتووەو تەحویلیان کردووە، تەنانەت خوێندنی (عن بعد) دەبێت تۆ موستەلزەماتی بۆ دابین بکەیت، موستەلزەماتەکەش چیە، دە، پازدە قاعە دروست بکەیت و کۆمپیوتەری لێ دانێیت و ئەنتەرنێتی لێ دانێیت تەلەبەکان بچن لەوێوە مەصادر وەربگرن و داخیلی مەکتەباتی ئەلیکترۆنی بن، یەك فلسیشیان لەوانە سەرف نەکردووە، هەر بە تەلەبەکانیان گوتووە بڕۆن لە کافێی ئەنتەرنێت، دوو سەعات بۆ خۆی دەچیت، ئایا دەتوانێت داخیلی خەتێك بێت، یان نا، یەعنی ئەوەشیان نەکردووە، جا هاتوون دەیانەوێت قسە لەگەڵ ئێمە بکەن، کە یەکێك ئیجازەت لێ وەرنەگرێت، شروتی هیچی تێدا نەبێت، ئێمە دانیشتین لەگەڵیان، ئێمە بەڕێوەبەرایەتیەکی تایبەتمان هەیە بۆ خوێندنی ئەهلی، لیژنەیەکمان داناوەو شروت و زەوابتمان داناوە، ئێمە ئەوانەی زانکۆ دروست دەکەن لەسەر ئەرزی واقیع شروت و زەوابت دادەنێین، ئەوان هیچیان نییە لە فەزا ئیش دەکەن، خۆ ئەگەر وابێت من هەموو ئیختیصاصاتم هەیە (354) بەشی زانستی لە هەموو زانکۆکانی خۆم لە کوردستان هەیە، ئەوانەی کە ئەوان ماددەکان دەدەنە خەڵك، منیش دەتوانم مەلزەمە تەبع بکەم و مەلزەمەکانیش مامۆستای بەغدا دەینرێت و بە عەرەبی، ئێمەش شروتمان هەیە لە زانکۆی ئەهلی خوێندن دەبێت بە ئینگلیزی بێت، ئەو شروتەشیان تێدا موتەوەفیر نییە، ئەو شروتانەی ئێمە داماناوە هیچیان تێدا موتەوەفیر نییە، دەتوانم بە هەر بەشێك بڵێم، ئیدارەو ئیتقیصاد بڵێم دکتۆر دلێر کاکە لەو ماددەیە مەلزەمەیەکم بۆ ئامادە بکەو من مەجموعەیەك خەڵك وەردەگرم و لەسەر سەد ئیمتیحانیان دەکەم و شەهادەیان دەدەمێ و پارەکەش بۆ حکومەتی هەرێم دەمێنێتەوە، جا بۆ ئەو بچێ خۆی ماندوو بکات لە ئەنتەرنێت مەلزەمە وەربگرێت و وەقت بەسەر ببات و پارەکە تەحویلی وڵاتێکی تر بکات، من لێتان ناشارمەوە موستەشاری مەحمود مەشهەدانی سەرۆکی پەرلەمانی عێراق دوو جار هاتە لام، گوتی ئەوانە وایان کردووە، ئەوان نووسینگەیەکیان لە سلێمانی هەیە دەڵێت وەزیری خوێندنی باڵا دەدەینە دادگا، هەتا صاحێب ماڵ دزی گرت، دز صاحێب ماڵی گرت، ئەو بەبێ یاسا ئیش دەکات و دەیەوێت من بداتە دادگا، ئەوان دەعوایەکیان لەسەر من تەسجیل کردووە بۆ ماوەی دە رۆژ لە محکەمەی بیدائەی عەنکاوە، ئێمەش داوایەکمان لەسەریان تەسجیل کردووە، هاتبوو تەوصیەی دەکرد دەیگوت بەس جوابی دایەوە گوتی بەس دەعوایەکەی خۆتان سەحب بکەن، گوتم بابە ئەوە حەقی خەڵکە، حەقی من نییە، ئەوە مەجرای خۆی گرتووە لەوێ یەکلا دەکرێتەوە، گوتی باشە جاری دووەم هاتەوە گوتی حەل چیە، گوتم بڕۆ جارێ ئیعتیرافم لە وەزارەتی خوێندنی باڵای بەغدا بۆ بێنە، کە ئێمە بەشێوەی فیدراڵی بەشێکین لە عێراق بەو نیزامەی هەمانە، ئەوە نامەم هەیە لە وەزارەتی تەعلیم عالی بەغدا کە ئەوانە باوەڕ پێکراو نینە.

دوو/ بۆ ناچیت لە ئوردن ئەو کابرایە شاروسقور لە ئوردنە ئەو خاوەنەکەی یازدە زانکۆی ئەهلی لە ئوردن هەیە، ئیجازەیان پێ وەرگرتووە، ئەو لەوێ مەکتەبێکیان هەیە دوو سێ فەرمانبەری ئۆفیسیان هەیە، بۆ ناچێ لەوێ زانکۆیەکی ئەهلی دروست ناکات، بۆ لەوێ ئیجازەی پێ نادەن، بۆ لە دنیا لە جێگەیەك زانکۆیەك لەسەر ئەرزی واقیع نییە، ئەمانە هەمووی جێی پرسیارو گومانە، یەعنی ئەوان شێوازی ئیش

کردنیان تەنها من حەز دەکەم، من بەرپرسیارم لەوە تیجارەتە بە خەڵکی ئێمە دەکەن، دەیانەوێت ئەو وڵاتە پڕی شەهادە بکەن بێ موحتەوا، خەڵکێکیان هێناوە بۆ ماستەر و دکتۆرا، ئەمەش بەداخەوە دەیڵێم هەر بەرنامەیان دایتێ و مامۆستایەکانی ئێمە ئیشراف دەکەن، ئەگەر وا بێت خۆ ئێمە وەریان دەگرین لە زانکۆیەکانی خۆمان، خەڵکەکە دەیانەوێت بە هەر نەوعێك بێت بەس شەهادەی وەربگرێت، من نابێت وڵاتەکەی خۆم بروخێنم و کیانەکەی خۆم تێك بدەم و موصداقیەتی زانکۆیەکانی تریش لەدەست بدەم، کە موعتەرەفە لە عالەم بەو جۆرە خوێندنە، ئەگەر ئێوە ئەندام پەرلەمان رازینە لەسەر ئەو جۆرە خوێندنە پێمان بڵێن با یاسایەك دەربکەین، دوایش لە هەمووی گرنگتر جارێ زەمینە لە وڵاتی ئێمە نە رەخساوە بۆ ئەو نەوعە خوێندنە، من لە ستراتیجیەتی خۆم دامناوە، جۆرەکانی تری خوێندنی غەیری تەقلیدی وەکو خوێندنی مەفتوح، وەکو خوێندنی لە دوور، ئەمانە دەبێت ئێمە مواکەبەی پێشکەوتووی دنیا بکەین، ئەو جۆرە خوێندنە دەبێت تەبەنی بکەین، بەڵام چ کاتێك، کاتێك وەکو ئەوروپامان لێ هات، خەڵك لاپتۆپی لەبەردەم بوو لەناو سەیارەیەك، لەناو ڤیتارێك دەڕوات و دەیکاتەوە، داخیلی مەکتەباتی دنیای ئەلیکترۆنی دەبێت و لەگەڵ مامۆستایەکەی خۆی قسە دەکات، ئێمە مامۆستایەکانمان جارێ خەتی ئەنتەرنێتیان نییە، قوتابیەکانمان هەر نیانە سەدا یەکی خەتێکی ئەنتەرنێتیان نییە، دەبێت بچێت لە بازاڕ بە پارە داخیل ببێت، ئەگەر تۆ زەمینە خۆش نەکەیت، پێداویستی ئەو جۆرە خوێندنە دابین نەکەیت، چۆن تەبەنیەکی خوێندنی وا دەکەیت، ئەگەر مەبەستیش هەر ئەوەیە تەنها ئێمە مەنحی شەهادە بکەین و خەڵك رازی بکەین لەخۆمان، من تەحمول ناکەم، بەرپرسیاریەتییەکی تاریخییە ئیجازە بەو نەوعە شتە بدەم، چیە چەند کەسێك بڕوانامە وەردەگرن، حەقە ئەو کەسانەش ئەوە قەبول نەکەن، شتەکان هێشتا روون نەبووەو خەڵکێك تامەزرۆی شەهادە بووە، چووە خۆی تەسجیل کردووە، بەڵام دەبێت ئیعادەی نەزەری لێ بکرێتەوە، ئەوان گوتیان باشە حەلی تۆ چیە، ئەو هەموو خەڵکە وەرگیراوە، گوتم ئەگەر ئەوانە دەیانەوێت یەك حەل هەیە، با بێن تەلەبێك تەقدیم بکەن بەپێی رێنماییەکانی ئێمە زانکۆیەکی ئەهلی لەسەر ئەرزی واقیع بکەنەوە، ئێمە ئەرز و شتیان بۆ دابین دەکەین تا دروستی بکەن، ئەوان تەلەبێکیان پێشتر تەقدیم کرد بوو، ئێمە تەلەبەکانمان راگرتووە، جگە لەوان یانزە جێگای دیکە تەلەبی تەقدیم کردووە بۆ زانکۆی ئەهلی، بۆیە گوتمان تا ئەم کێشەیە یەك لانەبێتەوە، سەیری ئەو داواکاریەی ئێوە ناکەین، گوتم ئەو پارەی تەحویلیان کردووە با هەمووی بیهێنەوە کوردستان لەبانکێکی کوردستانی دابنێن، پارەی تریشی بخەنە سەر با زانکۆیەکی تر دروست بکەن، بەپێی شروت و زەوابتی ئێمە ئەو تەلەبانەی کە وەریانگرتووە لەم زانکۆیە، بەپێی رێنمایەکان وەریان بگرن، حەقی خەڵکەکەش نەفەوتێ، حەقی ئێمەش وەکو وڵات نەفەوتێ، ئەگە ر ئەوە نەکەن، من ناتوانم ئیجازە بەو زانکۆیە بدەم، چونکە دەبێت بەو جۆرە ئەوە بکرێت، ئەگەرنا ئێمە ئیحصائیەکمان کردووە لە خوێندنی ئەوەلی و خوێندنی بالاو ماستەرو دکتۆرا ناوی ئەو کەسانە دەنووسین، چارەسەرێك بۆ ئەوانەی کە شروت و زەوابتیان تێدا موتەوەفیرە چارەسەرێکیان بۆ دەدۆزینەوە، بەڵام ناکرێ، ئێمە هەر ئەوا گوێ نەدەینێ، ئەو

دوو، سێ ساڵە کێ بەرپرسیار بووە، کە ئەم زانکۆیە هێشتوویەتی لەم وڵاتە بەو جۆرە کار بکات، من ئەو پرسیارە دەکەم، بۆیە تەنها من گوتم ئەوە نابێت ئەم زانکۆیانە بەردەوام بێت، نەك هەر ئەو زانکۆیە، سێ، چوار زانکۆی دیکە هەیە، زانکۆی حورەی هۆڵەندە هاتووە نووسینگەیەکی لە دهۆك کردوەتەوە، گوتم دەبێ نووسینگەکەت دابخەیت، چونکە ئەم زانکۆیە لە عێراق موعتەرف نییە، ئێستا سێ، چوار زانکۆی دیکە هەیە، ئێمە ئیجرائاتمان لەگەڵ کردووە، بەڵام لەبەر ئەوە خەڵکێکی زۆر لە سانت کلیمنتس ناوی خۆی تەسجیل کردووە، لەبەر ئەوە کێشەکە زیاتر لەوزەق بووە، تەبعەن خەلێکیش هەیە بە راگەیاندن هەڕەشە دەکاتە سەر وەزارەت و ئەولا و ئەولا، خەڵکێکش هەیە موستەفید بووە، لە نووسینگەکانی ئەوان ئیش دەکەن بە داخەوە، خەڵکێکش هەیە لەبەر شەهادەکەی خۆی کلاّوی خۆی گرتوە با نەیبات، دەڵێ بەس شەهادەکە وەرگرم، مەفروز بوو ئەم خەڵکە خۆیان بێنە بەردەم پەرلەمان بڵێن ئەمە شتێکی نایاساییە بلێن نابێت ئەوە بکرێتەوە، ئێمە یاسامان تەتبیق کردووە، وەکو وەزارەتی خوێندنی باڵا، لەبەر ئەوە ئەم روون کردنەوەیە، لەبەر ئەوە منیش دۆکومێنتم پێیە لەسەر ئەم زانکۆیە، دۆکومێنتەکانیش ئەگەر هەر ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمانیش دەیەوێت تەماشای بکا، بەڕێوەبەرێکی تایبەتمان هەیە بە خوێندنی ئەهلی، دکتۆر هیمداد ئێستا لێرە ئامادەیە لە نهۆمی سەرەوە، دەتوانێ موراجەعەی بکات، هەموو شتەکانی بۆیە شەرح بکات، بۆیە ئێمە ئەم زانکۆیە رێگای پێ نادەین بە دۆکومێنەتەوە کە بکرێتەوە لە کوردستان .

سەبارەت بە ریفۆرم لە خوێندنی باڵا، ئێمە دەستمان پێ کردووە، هەر لە یەکەم رۆژەوە کە ئەوان باسی دەکەن، ئێستا من لە کار نامەکەی خۆم باسی دەکەم، ئەو ریفۆرمانە چین و چیمان کردووە.

سەبارەت بە مەرجەکانی بوون بە سەرۆکی زانکۆو شتی وا، لە کاتی ئێمە هاتووین تاکو ئێستا خۆتان دەزانن لە کاتی دوو ئیدارەکە خەلك دامەزراو، چ سەرۆکی زانکۆیە، چ راگرە، هەتا ئیستاکە ئێمە دەستمان بە ئەوە نەکردووە، خەڵکی تازە دابمەزرێنین، من لەگەڵ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانیش قسەم کردووە، ئەوانیش کۆکن لەسەر ئەوەی دەبێ بەپێی مەرجەکان با بڵێین راگرو سەرۆکی زانکۆو ئەوانە دابمەزرێن، لەمەودوا ئێمە رەچاوی ئەو شتە دەکەین، چونکە ئێمە دەمانەوێت نەوعیەتی خوێندن لە کوردستان بپارێزین، موسداقیەتیەکە بپارێزین لە دەرەوە.

سەبارەت بە پەیوەندی نێوان خوێندکاران و مامۆستایان چاك بکرێت، ئەمە بەرنامەی دەوێت بەڕاستی، ئەوە بەرنامەجێکی پەروەردەییە، من چەند کۆڕو کۆبوونەوەم کردووە، دەیان کۆڕو کۆبوونەوەی فراوانم لەگەڵ مامۆستایان کردووە، زۆر شتم باس کردووە، ئێمە بە رێگای لیژنەیەکی تایبەت لە هەر زانکۆیەك خەریکین، چونکە ئێمە رێژەی مامۆستا بۆ قوتابی زۆر کەمە، یەك بۆ بیستە، بەڕاستی لە وڵاتانی دنیا یەك بۆ هەشتە، یەك بۆ دەیە، لە یەك تا دوانزە تێناپەڕێ، بۆ ئەوەی ئەو بارە پەروەردەییە چاك بکەین، دەبێ ئەو رێژەیە جارێ چاك بکەین، بیگەینینە رێژەی ستاندەر، پاشان کاری لەسەر بکەین، ئەوە بەرنامەی کاری زۆری دەوێت، ئەوەشتان لە بیر نەچێت لە دوای راپەڕین تاکو ئێستا لە (90٪)ی زیاتر زۆربەی شەهادەی ناوەوەن، هەیە ئەو بەری سنوورەکانیشی نەدیوە، زانکۆیەکی دنیای نەدیوە، ئێمە بەرنامەی بەرز کردنەوەی

تواناکانمان هەیە، بۆ ئەوانەی کە پێی دەڵێن پەستی بیلدینگ بۆ ئەوەی جامیعاتی دونیا ببینێت، بزانێت لەوێ سیستەمی خوێندن چۆنە، چۆن مامۆستا لەگەڵ مامۆستا هەڵسوکەوت دەکات، قوتابی لەگەڵ قوتابی هەڵسوکەوت دەکات، یاخود راگرەکە لەگەڵ مامۆستایەکان و مەجلسەکە دەکات، لەگەڵ سەرۆکی زانکۆ چۆن دەکات، ئەمە بەرنامەجێکی توکمەو تەواوی دەوێت.

سەبارەت بە هەموارکردنی یاساکەش، گوتم ئەوە وەڵامی هەموو پرسیارەکانە، ئینجا ئەگەر رێگەم پێ بدەن ئەو بابەتەی خۆم باس بکەم، چونکە وەڵامی هەموو پرسیارەکانم دایەوە، بەڕێز نازناز خان چ هەیە وەڵامم نەدابێتەوە.

**بەڕێز نازناز محمد عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

زۆر سوپاس، من وا تەسەور دەکەم بەشێك لە وەڵامەکانت لەو بەرنامەیە دایە کە دەتەوێت پێشکەشی بکەیت، بۆیە منیش پێم باشە هێشتا وەخت ماوە، چونکە ئێمە زۆر جار لەوەش زیاتر دانیشتووین با هەندێك وەڵامی پرسیارەکانمان لە رێگەی ئەو پلانەی کە بە تەمای بڵێیت بۆمان روون بکەیتەوەو سوپاست دەکەین.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ببوورە، نازناز خان دەبوایە داوای ئیجازە بکەیت، ئیجازەت پێ بدەم ئینجا قسەی بکەیت، هێشتا ئیجازەم نەداوەتێ، فەرموو.

**بەڕێز د.ادریس هادی صالح/ وەزیری خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من بە کورتی باسەکانی خۆم دەکەم، ئەگەر جەلسەیەکی تایبەتم بۆ دابنێن، بۆ ئەوەی جارێکی تر بە تەفسیلی باسی بکەین، چونکە هیلاکیەکی زۆرمان پێ بینیووە بەڕاستی، حەیفە بە کورتی باس بکرێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بزانین نوقتەی نیزامی چیە.

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دیارە ئێمە پرسیارێکی زۆرمان لەلا دروست بووە، بۆیە ئەگەر بکرێت جەنابی وەزیر ئەو شەرحەی هەڵبگرێت بۆ جەلسە تایبەتەکە، بۆ ئەوەی فریا بکەوین پرسیارەکانی خۆمانی لێ بکەین، واتا بۆ جەلسەیەکی تایبەت بێت و سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دکتۆرە شوکریە تۆش نوقتەی نیزامت هەیە.

**بەڕێز د.شوکریە رسول ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڵێ هەمان نوقتەی کوێستان خانم هەیە، چونکە لامان زۆر پرسیار و غەیری ئەوەش هەیە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە من داوا لە جەنابی وەزیر دەکەم جەلسەیەکی تایبەت بێت، فەرموو.

**بەڕێز د.ادریس هادی صالح/ وەزیری خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

زۆر سوپاس بۆ ڕەزامەندی ئەو جەلسە تایبەتیە، بەلاَم من ئەمڕۆکە هاتوومە ئێرە حەز دەکەم ئەگەر بە کورتیش بێت باسێك بکەم، یەعنی بەڕاستی من سەیرم پێ دێت یازدە ساڵ ئەندام پەرلەمان بووم، ڕۆژانە بە دە سەعات کۆبوونەوە دەکرا هیلاك نەدەبووین، ئێوە شتێکی وا گرنگ، خوێندنی باڵا لەو ولاَتە خۆ دەبێت سەعاتێکی خۆتان بدەنە من.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

یەك چارەك سەعات بۆ دکتۆر وجهەی نەزەرەکەی خۆی پێشکەش بکات، دوایێ موناقەشەی لەسەر دەکەین، فەرموو.

**بەڕێز د.ادریس هادی صالح/ وەزیری خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سوپاس، ئەگەر سەیر بکەن لە پێشوو، هەر لە ڕاپەرینەوە ئیختیصاصی حەوت کۆلیژمان هەبوو (34) بەش و (615) ژمارەی مامۆستایان بوو، ئێستا (70) کۆلیژمان هەیە لە زانکۆکان شەش زانکۆ هەیە، پازدە مەعهەد هەیە، سێ کۆلیژی تەکنیکی هەیە، یەعنی دە بەرابەرە حەوت کۆلیژەکە بۆتە حەفتا کۆلیژ، بەشەکان لە (34)ەوە بۆتە (354) بەشی زانستی، هەروەها ژمارەی مامۆستا لە (3500) تێپەڕی داوە، ئێمە تەقریبەن (56000) قوتابی و خوێندکارمان هەیە، تەسەوری حجمی ئیشەکەی ئێمە بکەن، ئەمە مەواقیعی جوگرافی زانکۆیەکانن، سیاسەتی ئێمە ئەوەیە لە هەموو قەزایەك پەیمانگایەك هەبێتن، یاخود کۆلیژێك بکرێتەوە، بۆ ئەوەی باری کۆمەلاَیەتی ئەو شوێنە بەرەو پێش ببات و مەحروم نەبن و خەڵکی شوێنەکەش کادیری بۆ دابین بکرێت، بەتایبەتی کۆلیژی پەروەردە کە ئێستا ئێمە تەنسیقمان لەگەڵ وەزارەتی پەروەردە هەیە، مەکتەب و شت دەکرێتەوە لە قۆناغی ناوەندی و دواناوەندی ئەو کادیرانە ئەگەر خەڵکی مەنتیقەکە نەبێت و لەوێ نەیکەیتەوە، تووشی زەحمەت دەبن، ئەمە ئیحصائیەکە من نامەوێ بچمە سەری، لەسەر ئەو شتانەی کە باسم کرد، ئەوە بە تەفسیلی لە جەلسە تایبەتیەکە لەسەر هەر زانکۆیەك ئیحصائیەمان هەیە باسی دەکەین، بە سەریعی بەسەری دادەین بۆ ئەوەی وەختەکەتان لێ نەکوژم، ئەوە کۆیە ئیحصیائیەی هەمووی تێدایە، هەمووی لەسەر کۆیەیە، پاشی ساڵی 1992 ئاگادارن دوو ئابلوقەی ئابووری لەسەر کوردستان بوو، ئەو کاتە لەو پەرلەمانە بەڕێزە بڕیاری ئەوە درا کە زانکۆیەك لە سلێمانی و یەکیش لە دهۆك بکرێتەوە، لەبەر ئەوەی حکومەتی مەرکەزی خوێندکاری ئێمەی قەبول

نەدەکرد لە زانکۆیەکانی تر، ئێمەش نەقصێکی زۆرمان هەبوو لە ئیختیصاصات و هەموو شت، بۆ ئەوەی ئەو کەلێنانە پڕ بکەینەوەو چاوەڕێ نەبین لەوێ خەڵکی ئێمە کە تەخەروج دەکات لە سانەوی، لەبەر ئەوە لە ساڵی 1993ەوە ئەنجومەن شتێکی فێر کردنی باڵای دروست بوو، لە ففتی ففتییەکە هەر بەردەوام بوو، لە یاسای خوێندنی باڵا ژمارە 33 لە ساڵی 2004 دەرچوو، لە سلێمانیش لە دوو ئیداریەکە لە ساڵی 1999 وەزارەتێك دروست بوو بەناوی وەزارەتی خوێندنی باڵا، بەلاّم وەزارەتەکە لە (20٪) کەلێنەکەی تەواو نەکرد بوو، گیروگرفتەکان و ئاستەنگیەکانی ئەو کاتە کێشانەوەی ئیدارەی مەرکەزی زۆر لە مامۆستا عارەبەکانی سەحب کردەوە، من خۆم ئەو کاتە کە وەزیرش بووم پێنج، شەش ماددەم دەگوتەوەو نەقصێکی زۆرمان هەبوو، ئابلوقەی ئابووریمان لەسەر هەبوو، مامۆستایان زۆربەی زۆریان کۆچی هەندەرانیان کرد، ئێمە لە دنیای دەرەوە دابڕاین، نەمانـدەتوانی ئامێرێك، کتابێك، شتێك بێنین، قۆناغی دوو ئیدارەیی زەرەرێکی زۆریدا، چونکە نە ستراتیجیەت هەبوو، نە ڕێکخستن هەبوو لە ڕێنمایی و شتەکان، نەبوونی بودجە هیچ بودجە نەبوو، کاری ڕۆژانە ئێمە هەر زانکۆیەکان ئەوەندە دەیانتوانی خەڵك تەخەروج بکەن، لە هەمووشی گرنگتر ژمارە حەوتە نەبوونی ستراتیجیەت و پلان لە خوێندنی باڵا، کە ئێستا هەیەتی و کاری بۆ کراوە ماوەی ئەو یەك ساڵە، ئێمە کە دەستمان بە کار کرد لە سفرەوە دەستمان پێ کرد، کەلوپەل ئەوە ئاسان نییەو هەیکەلیەتمان دروست کرد بۆ وەزارەت، لەسەر بنەمای یاسا ژمارە 33 کە ئەوە هەیکەلیەتەکەیە، وەزیر هەیە، ئەنجومەنی وەزارەت هەیە، بەشێوەیەکی یاسایی کاری خۆی دەکات، بەڕێوەبەرایەتیەکان هەمووی ئەوەن، ئەوانەی بە سپین هێشتا دامان نەناون، چونکە بۆ هەموار کردنمان داناوە، ئەوەی ئەو موربەعاتانە، ئەوانی تر هەمووی هەیە، هەیکەلیەتەکە لە یاسای 33دا هەیە، شتی تازە کە دروستمان کردووە جگە لە هەیکەلیەت بۆ وەزارەت، لۆگۆی وەزارەتە، خوێندنی باڵا لە کوردستان تاکو ئێستا لۆگۆی نەبووە، یەکەم لۆگۆ ئەگەر دەبینن ئەو لۆگۆیە کتابێکە، قەڵەمێکە، کلاّوێکی مەنحی شەهادەیە، ئەگەر جەنابتان تەماشای بکەن ئەوە گرنگە، ئەوە خەریتەی کوردستانە، ئەوە ئاڵای کوردستانە لە گورینگەکەوەیە، ئەوەش دنیایە کە ئێمە ئەندامین لە زانکۆیەکانی دنیا، لەبەر ئەوەی ئیتیحادی جامیعاتی عالەمی دروست بووە، لۆگۆیەکەمان وا دروست کردووە تەعبیر لە هەموو شت بکات، ئێمە عێراقیشمان نووسیووە، لەبەر ئەوەی نیزامی فیدراڵیە گوتمان با قسەمان نێتە سەر، ئەوە ستراتیجیەکە بە سێ پلانە، ئەمە ستراتیجیەکە بەس شتە رەئیسیەکانتان بۆ باس دەکەم، ئەمە یەکیان (تطوير الهيكل الاداري المؤسسات على اساس ضوء الخطة الاستراتيجية) (اصلاح نظام تربوي وتعليمي) ئەوە ریفۆرمەکەیە، کە باسیان کرد لە پرسیارەکان (تحديث الجامعات والمعاهد واعادة تأهيلها) رقم (30)(قاعدة المعلومات للمؤسسات التعليمية) بەداخەوە ئێمە تاکو ئێستا خوێندنی باڵا داتابێزی نەبووە سەنتەر، بۆ ئەوەش یەکەم جارە ئەو شتە دروست دەکەین، مەراکیزی بەحس نەبووە، ئێمە بڕیارمان داوە هەر زانکۆیەك دوو مەرکەزی دەبێت، یەکێك بۆ توێژینەوە، یەکێکیش بۆ ڕاهێنانی زمانی ئینگلیزی بۆ کۆمپیوتەر بۆ تازە کردنەوەی مەعلوماتی مامۆستا، ئەوەش یەکەم جارە مەواردی بەشەری، ئێمە دوو ئابلوقەی ئابووریمان

لەسـەر بـووە، تـاكو ئێسـتا هـەمووومان خـەریكی خۆمـانن ئێمـە بینـای تواناكانمـان بـەرز نەكردۆتـەوە، هـی كارگێڕی، هی عیلمی، هی تەكنیكی ئەوانە نەكراوە، تاكو ئێستا ئێمە لەسەر خـەڵك ئیشمان نـەكردووە، كـە ئەمە خەلەلێكی گەورەیە، شتێكی تر كە زۆر گرنگە (تقویم انماط التعلیم غیر تقلیدیـة) ئـەوەی ئـەخیری، كـە ئـەوە زانكـۆ ئەهلیـەكان و زانكـۆی (عـن بعـد) دەگرێتـەوە(حسـب متطلبـات الاقتصـادیة والاجتماعیـة) ئەوەشمان خستۆتە بەرنامە، ئەوە گرنگترین فەقەرەیە، تەبعەن هەر فەقەرەیەك چـەند فەقەرەیـەكی تـری بەخۆیەوە گرتووە، شێوازی جێ بەجێ كردنەكەشمان نووسیووە، هەر شتێكتان پیشان دەدەن ئەگـەر ببیـنن ئۆبجێكتی فەقەرەی یەكەم لەسەرەوە نووسـراوە ئـەو فەقەرەیـە، دوایـێ هەدەفـەكان یـەك، دوو، سـێ، چـوار، دوایێ شێوازی جێ بـەجێ ، كردنـی رەقـم یـەك، دوو، دوایـێ فـەترەی زەمینەكـەمان نووسـیووە لـە (شـۆرت تایم) یەعنی كوردیەكەی كورت خایەن دوو ساڵە، میدیەم پێنج ساڵە، ئەوەكەی تر لێـرە نووسـیومە (لـۆنگ تێرم) واتا درێژخایەن بۆ ماوەی دە ساڵە، هەموومان تەقسیم كردووە كە چۆن جێ بەجێی بكەین، ئەمـەش بەشێوەیەكی مواجی دەستمان پێ كردووە، ئەوە نییە كورت خایەن تـەواو بكـەین بێینـە سـەر مامناوەنـدی، چونكە درێژ خایەنەكەش دەبێت لە ئێستاوە دەست پێ بكەین تا دە ساڵەكە تەواو بكەین، نابێـت ئینتیـزار بكـەین ئـەوە هـەمووی كـراوە، تەبعـەن ئـەوە هـەمووی ئـەو سـتراتیجیە بـە تەفسـیلی دارِژاوە، مـن لـە موئتەمەرێكی عالەمی لە دوبەی عەرزم كرد جامیعەكانی ئەمریكی گوتیان شتێكی موتەكامیلەو تەقیمێكی ئیجابی زۆر چاكیان كرد، ستافەكەش هـەمووی ئـەمریكی بـوون، جامیعەیـەكی ئـەمریكی هەیـە لـە دوبـەی، لەوێ كۆنفرانسێكی گەورە هەبوو، ئەو شتانە جارێ باس ناكەم ئەوە تەنسیقە لەگەڵ بەغـدا، لـە خاڵەكانـدا ئەمـە رێكخسـتنی رێنماییەكانـە، موشـكیلەی ئـەو دوو ئیـدارە هـەبوو، زۆر رێنمـایی لـە دوو ئیدارەیەكـەی هەولێر و سلێمانی و دهۆك جیا بـوو، ئێمـە ئەوانـەمان هـەموو رێكخسـتووە، رێنماییـەكانی خوێنـدنی بـاڵا، یەكسان كردنی بڕوانامەكان، ئێستا بەشێوەیەكی وا عیلمی و زانستی دەكەین یەك بڕوانامە بەسەرماندا تـێ ناپەڕێت، پێشان بڕوانامە هەبوو موزەوەڕ بوو بەسەرماندا تـێ پـەڕی بـوو، مامۆسـتایەكمان لـە سـۆران ئـەو رۆژە فەسل كـرد لەسـەر ئـەوەی بڕوانامەكـەی مـوزەوەر بـوو، ئێمـە ئیعـادەی نـەزەر لـە هـەموو ئـەو شـتانە دەكەینەوە، رێنمایی وەرگرتنی قوتابیان هەمووی رێنمایی بۆ دانـراوە، بەرز كردنـەوەی پلـەی زانسـتی ئـەوە هەمووی رێكخراوە لەنێوان زانكۆیەكان، یەك شت ماوە كە تاكو ئێستا رێك نەخراوە رێنماییـەكانی داراییـە، ئێمە تاكو ئێستا موعاناتمان هەیـە، داوامـان لـە هـەردوو وەزیـری دارایـی كـردووە، بـۆ ئـەوەی رێنماییـەكان، ئەوانـەی وەعـدیان پـێ دایـن بـەو زووانـە كـە رێنماییـەكانی دارایـی رێـك بخرێـت، بـۆ ئـەوەی موشـكیلەمان نەمێنێت، ئەو مەعاناتـەی هەیـە لـە رێنماییـەكانی داراییـە، ناردنـە دەرەوەی قوتابیـان بـۆ دەرەوە، ئـەویش رێنمایی و زەوابتی خۆی بۆ دانراوە، هەروەها دانانی رێنمایی بۆ مامۆستایان، بۆ بەشداری كردن لە چالاكیە زانستیەكان، لە وۆرك شـۆپ و ئەوانـەش، ئـەو فەقـەرەی شەشـەم دەڵـێ نەهێشـتنی قوتابیـان بـە ئیستیسـنا، ئەوەش موهیمە من جارێكی تر تەئكیدی لەسەر دەكەمەوە لە قۆناغی بەكالۆریۆس، یاخود دبلۆمی باڵا، یان ماستەر، یان دكتۆرا، ئەوە نەماوە، شتێكی گرنگتریشمان كردووە لە پارساڵەوە نیزامی عبورمان نەهێشتووە،

ئەوەش ئاستی زانستی دابەزراند بوو، یەعنی یەك دنیا مەشاكیلی علیمی بەدوایەوە بوو، ئێمە ماوەی چوار مانگ پاش دامەزراندنی وەزارەتی خوێندنی بالاّ یەكەم كۆنفرانسی زانستیمان لە خوێندی بالاّ بەست، ئەو كۆنفرانسە لە ژێر ناونیشانی بەرەو سیستەمێكی خوێندنی هاوچەرخ بوو، دوو تەوەری سەرەكی زۆر گرنگی بەخۆیەوە دیت، كە دەبوایە لە یەكەم ساڵەوە دەستی پێ بكەین، تەوەری یەكەممان ڕێكخستنی سیستەمی خوێندن بوو لە بەشەكان لەنێوان زانكۆیەكان، زانكۆی سلێمانی جۆرێك بوو، هی هەولێر جۆرێك بوو ئەقسامی موتەنازیلە و مامۆستایەكان هەموویان پێكەوە دانیشتبوون و دیراسەیان كردو، مەناهیج و عەددی سەعات و عەددی مەوادەكان ڕێككەوتن، ئێستا ئەمە بەرهەمی ئەو كۆنفرانسە ئەو كتابەیە كە دەیبینن هەموو مەنهەجەكان و هەموو شتەكانی تێدایە، كە لە ماوەیەكی قیاسی زۆر كورت ئەو شتە كرا، كە ئەوەش یەكێكە لە ستراتیجیەكانی پلان، ئێمە چەند نوسخەیەكمان بە دیاری داوەتە سەرۆكایەتی پەرلەمان و لیژنەی خوێندنی بالاّ، ئەگەر نوسخەمان هەبێت ئەوانەی مامۆستای ئەكادیمین و ئەوانەی حەز دەكەن دەتوانین بتان دەینێ، ئەمە هەموو شتەكانی لێ كۆكراوەتەوە.

تەوەری دووەم زمانی خوێندن، زۆر سەیرە یەكەم جارە ئێمە پاش راپەڕین تاكو ئێستا حكومەتی بەعس خوێندنی تەعریب كرد بوو، تاكو ئێستا یەك زانكۆ جورئەتی نەكرد زمانە عەرەبیەكەی خوێندنی بەعس بگۆڕێ، ئێمە لەو كۆنفرانسە بڕیارماندا هەموو ئیختیصاصە توبیەكان، علیمیەكان/ هەندەسی و علوم بە ئینگلیزی بێت، بۆ ئەوەی مەواكەبەی موتەتوراتیان بكەین، مەصادرێكی زۆر هەیە، ئەنتەرنێت هەیە، شت هەیە هەمووی مەصادیری ئینگلیزییە.

ئیختیصاصە ئینسانیەكان بە كوردی بێت لە (80٪)ی زمانە نەتەوەكەی خۆمان بێت و بیپارێزین و پەرەی پێ بدەین، زمانێكی ستاندەری هاوچەرخ هەبێت، بۆ ئەوەی كتابەكان تەرجومە بكەین، یان دایبێنین لە (20٪)ی ئینگلیزی بێت، وردە وردە هەندێك ئیختیصاص هەیە رێژەی ئینگلیزی بۆ زیاد دەكەین، جگە لەوەش ئیختیصاصاتی تر وەكو شەریعەو قانون و ئەوانە هەندێكیان بە عەرەبیە، ئەوانەمان هێشتۆتەوەو دەستكاریمان نەكردووە، ئەمە ئەنجامێكی زۆر باش بوو، ئێمە كۆنفرانسێكی تریش دەبەستین لە مانگی دوازدە، ئەو كۆنفرانسە حەوت تەوەری سەرەكی لە خۆیەوە دەگرێت لەسەر بنەمای ستراتیجیەتی خوێندنی بالاّیە، یەعنی ئەو فەقەراتانەی خوێندنی بالاّ كۆنفرانسەكە بەناوی (المؤتمر العالمي للتعليم العالي في العراق)، هەموو زانكۆیەكانی عێراقی بەشداری دەكەن، زانكۆیەكانی دنیاش، لیژنەیەكمان هەیە لە لەندەن، تاكو ئێستا (150) توێژنەوەمان بۆ هاتووە، بڕیار وابوو لە سەرەتای مانگی نۆ بكرێت، بەلاّم داواكارییەكی زۆرمان بۆ هات، وتیان دەمانەوێت بەشداری بكەین، خەڵك درەنگ پێیان گەیشتبوو، ئێمە دوو مانگمان تەئجیل كرد بۆ مانگی دوازدە، كۆنفرانسەكە نێودەوڵەتی دەبێت بۆ یەكەم جارە، نەك لە عێراق، بەڵكو لە شەرقی ئەوسەت كۆنفرانسێكی خوێندنی بالاّی نێودەوڵەتی بكرێت.

بۆ دابین كردنی كتاب، ئێمە موعاناتێكی زۆرمان هەبوو، مەكتەبەكان هەمووی كۆنن، موختەبەرات هەمووی كۆنە، هەندێ تەوەسوعی ئوفوقی كراوە لە زانكۆیەكان، نەتیجەی دوو ئیدارەیەكە، چ

پێداویستیەك بێت ئیداریەکە هەر بۆ خۆی ئیختیصاصەکەی لێ نەبووە، چ لەبەر ئەوەی مونافەسەیەك هەبووە لەنێوان پارتی و یەکێتی، ئەو بەشێکی کرد بێتەوەو، ئەو ففتی ففتی رۆیشتوون، تەوەسوعێکی زۆر کراوە، بەلأم پێدایستی بۆ دابین نەکراوە، ئێمە لە ماوەی ئەو دوو ساڵەی رابردوو دوو پێشانگای نێودەوڵەتی بۆ کتاب کراوەتەوە، بۆ ئەوەی ئەو مەصادیرە علیمیانە کە پێویستن و تازەن، چونکە لە مەکتەبەکان هەمووی کۆن بوون، بۆ ئەوەی تازەیان بکەینەوە، هەر لە پێشانگای مانگی چوار بە سوپاسی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران سێ ملیۆن و تەقریبەن نیو دۆلاری تەخصیص کرد بۆ کڕینی کتاب، ئەو پێشانگایانەی پێشووش ئەوانەش هەر پارەیان بۆ تەخصیص کرابوو، بۆ ئەجهیزەو مختەبەرات، ئێمە ئێستا پێشانگایەکی نێودەوڵەتیمان کردۆتەوە لێرە (90) شەریکەی عالەمی بەشداری کردووە، بە سوپاسەوە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران پازدە ملیۆن دۆلاری تەخصیص کردووە، ئێستا پێشانگایەکە هەیە بۆ کڕینی ئەجهیزەو مختەبەرات بەشێوەیەکی مونافەسە، بۆ ئەوەی کەموکوڕی ئەجهیزەشمان ئەوە نەبێت، مەکتەباتیشمان پلان هەیە بیکەینە مەکتەباتی ئەلیکترۆنی.

مامۆستا پێویستی بەوە هەیە لاپ تۆپ و شتی وای هەبێت، زۆربەی مامۆستایان تاکو ئێستا سەبورەو تەباشیر بەکار دەهێنێت، ئێمە ئیتیفاقێکمان کرد لەگەڵ (itcs) بیدەینە مامۆستا بە قست بە ساڵێك و نیو هەر مانگێ (40) دۆلاری بدەن، مامۆستایەکە موحازەراتی خۆی بەو شێوەیەی من عەرزی دەکەم بۆ قوتابی و خوێندکار عەرزی بکات، ئەو موحازەرەی بە تەباشیرو سەبوورە ئیختیصاصی عیلمی بە ماوەی هەفتەیەك دەگوترێتەوە، ئەو موحازەرەیە بە یەك سەعات دەیڵێتەوە، جگە لەوەی شتێکی زۆر گرنگ هەیە، شێوازی دەرس گوتنەوە، یەعنی شێوازی تەدریس دەبێتە تەعلیم، تەریقەی تەعلیمی فێر دەبێت، ئێمە ئەوە گرنگە بە لامانەوە لە خوێندنی باڵا، کە فەلسەفەی گرنگی ئێمەیە لە خوێندنی باڵا، چۆن وانە وتنەوە لە تەریقەی تەدریس بیکەینە فێرکردن گرنگ نییە شێوازەکە، تۆ دەبێت علیمەکە فێری خەڵك بکەیت، تەبعەن ئەوە هەموو شتی تێدایە بە تەفسیلی، ئەوە هەنگاومان بۆ ئەلیکترۆن کردنی هەموو دامودەزگاکانی داناوە شێوەیەکی بە سیستەمی دەمانەوێت وەزارەت بکەینە وەزارەتێکی ئەلیکترۆنی بۆ وەرگرتنی قوتابی و مامۆستاو کارمەند و هەموو شتێك لە سەرەتاوە تا کۆتایی لەگەڵ یەکیش رەبت دەکرێت شەریکەیەکی ئەمریکی هەیە، ئێستا لە گفتوگۆ داینە لەگەڵی، تاکو ئێستا (1600) جامیعەیان کردۆتە ئەلیکترۆنی، ئێمە موحاوەلە دەکەین لە داهاتوودا، هەروەها ئێمە سەنتەرێکی گرنگمان لە وەزارەت دامەزراندووە، بۆ داتابێز، بنکەی زانیاری.

هەنگاونان بۆ بەستنی کۆنفرانسێکی نێودەوڵەتی، ئەوەی باسم کرد ئەو کۆنفرانسە نێودەوڵەتیە ئەگەر تەوەرەکان سەیر بکەیت، هەموو ئەو تەوەرانەن کە لە ستراتیجیەتی ئێمە دانراوە، بۆ ئەوەی ئەو بەحس و توێژینەوانەی کە زانکۆیەکانی دنیا دەیهێنن و ئێمە خیبرەی ئەوان وەربگرین، کە ئێمە چی بکەین، مەسەلەن ئێستا جامیعاتی مەفتوح لە بەریتانیا هەیە سی ساڵە، ئایا سلبیاتی چیە، ئیجابیاتی چیە، من ئێستا تەبەنی بکەم، یان نا، ئەو دێت توێژینەوەیەك تەقدیم دەکات لەسەر ئاستی ئەوەی تەجروبەی سی

ساڵی هەیە، شێوازی تازە، تەکنەلۆجیای تازە لە ئارا دایە، ئێمە موشکیلەیەکی گەورەمان هەیە لەنێوان جیلی کۆن و جیلی تازە، مامۆستا، ئێستاکە منداڵەکەت لە تۆ باشتر مۆبایل و کۆمپیوتەر بەکار دێنێت، مامۆستا نازانێت وەکو قوتابیەکە بەکاری بێنێت، لەبەر ئەوە ئێمە کۆمپیوتەر و لاپ تۆپمان تەوزیع کردووە، تاکو مامۆستایەکە سەقافەی کۆمپیوتەر وەربگرێت بۆ وانە گوتنەوە، پێش ئەوەی تەوزیعی سەر خوێندکار و قوتابی بکەین، چونکە ئەو مەشروعە بۆ قوتابی دانرابوو، بەلاّم ئێمە مامۆستامان پێش خست بە ساڵێك گوتمان با ئەو زیاتر مەعلوماتی هەبێت، ئێستا یەکەم هەنگاو ئیدارەی جامیعەی حەدیسەی کەفوئە (موارد البشرية) (بناء مناهج طرائق التدريس الحديثة)، ئەوە هەمووی خیبراتی دنیا دێت، (150) بەحس ئێستا لەبەر دەستمان دایە، لە جامیعاتی دنیا پێشکەشمان کراوە (تقويم كفاءة الهيئة التدريسية، انظمة الدراسات العليا والبحث العلمي)، ئێمە یەك نیزامی کۆنی هی ساڵەکانی حەفتایە (الجامعه والمجتمع) دەوری زانکۆ چیە لە کۆمەڵ، ئێمە بەڕێوەبەرایەتیەکمان لە وەزارەت تەشکیل کردووە، مودیرێکمان داناوە دەبێت رۆڵی زانکۆ بەشێوەیەکی ستراتیجیەتی بۆ دانێ، لەمەولا چ دەبێت لە کۆمەڵ، (انواع التعليم المختلفه) جۆرەکانی خوێندن، ئەوە ئەهلیە، ئەوە مەفتوحە، ئەوە عەن بوعدە، یەعنی ئەمانە کە دیراسەتمان کرد، ئیجابیاتمان زانی، پێداویستی کۆمەڵمان زانی، ئینجا بڕیار دەدەین، نەوەك زانکۆیەك بەناوی سانت کلیمێنتس و غەیری بێت بکاتەوەو، پێش ئەوە تۆ لە پلان و ستراتیجیەتی خۆت قەرارت دابێت بەشێوەیەکی ئاسایی، جا ئەوە ئەگەر نەکرێت، ئێستا خەریکە شتەکان دەبێتە موئەسەساتی، جا ئەوە گرنگە ئێمە بەشێوەی پلان ئیش بکەین، چالاکیەکانی تری خوێندنی بالاّ، بەس دەمەوێت ئەوەندە بڵێم، ئێمە تاکو ئێستا ئەگەر سەیر بکەن خەڵکمان ناردۆتە دەرەوە بۆ ئیختیصاصە دەگمەنەکان، بۆ ئەوەی زیاتر لە (157) کەس زیاتر خەڵك بۆ ماستەر و دکتۆرا رۆیشتووە، خۆشمان لە ناوەوە ماستەرو دکتۆرامان کردۆتەوە، ئێستا (643) کەس لە ساڵی خوێندنی 2006 و 2007 وەرمانگرتووە، ئەمساڵیش بەرنامەکە بەردەوامە، بۆ ئەوەی ئەو کەموکوڕیەی مامۆستا هەیە پڕی بکەینەوە، سەعاتی مامۆستا کە دەرسی دەڵێتەوە کەمی بکەینەوە، مامۆستا هەیە سی، چل سەعات دەرس دەڵێتەوە، باوەڕ بکەم من پارەکە قائیمەی مامۆستایان داوا کرد هی سەعاتی ئیزافی مامۆستایان، مامۆستا هەیە نووسیوویەتی سەد سەعاتی ئیزافی لە هەفتەیەکدا ، یەعنی ئەوە دەبێت تەحدید بکرێت، کەی تەفەروغ دەکات، کەی سەعاتی مەکتەبی بۆ قوتابی و خوێندکار دابین دەکات، مامۆستا نابێت لە دە، دوازدە سەعات بەهیچ شێوەیەك لە هەفتەیەك زیاتر دەرس بڵێتەوە، بۆیە توێژینەوەی زانستی دەبێت حەقی تەلەبە بدات و ئەو شتانە بکات، ئێمە هەمووی خەریکی ئەو شتانەیەن.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاك دکتۆر ئیدریس وەزیری خوێندنی بالاّ بۆ ئەو هەموو شەرحەی، من بە حەقیقەت دەستخۆشی لە خۆی و لە هەموو وەزارەتەکە دەکەم، بەشێوەیەکی وا لێپرسراوانیان لەگەڵمان لێرە بەشدارن بەخێرهاتنیان دەکەم، هەروەها دەستخۆشی لە زانکۆیەکانیش دەکەم، دەتوانم بڵێم ئەو وەزارەتە یەکێکە لە

وەزارەتــەکانی بەڕاســتی لــەو ســاڵ و چــەند مانگــەی ئــیعلان کردنــی کابینــەی یــەکگرتوو و توانیویــەتی بەشێوەیەکی باش کارەکانی خۆی ئەنجام بداتن و دامودەزگایەکانی هەردوو ئیدارە رێك بخات، ئومێد دەکەم بەرنامــەیان ســەرکەوێتن و زیــاتر بــەرەو پــێش بچــێتن، بــۆ خزمــەت کردنــی خوێنــدنی بــاڵاو خوێنــدن و کۆمەڵگای کوردسـتان بەگشتی، داوا دەکـەین ئـەو راپۆرتـە بدرێتـە لیژنـەی پـەروەردە بـۆ ئـەوەی ئـەوانیش دیراسەتی بکەن، هەر ئەندامێکیش ئەگەر وەزیر موافیق بێتن بیانداتێ، هەر ئەندامێکیش ئەگـەر بیـەوێت کـۆپی بکـات لـە لیژنەکـە وەربیگـرێتن، جـەنابی وەزیـر وەڵامـی پرسـیارەکانی دایـەوە، دەکـرێتن یـەك جـار لیژنەی پەروەردە تەعقیب بکاتن، پێم وایە لە پرسیاری یەکەم کە جوابی دایەوە دەڵێت ناعەدالـەتی نییـە، لە جوابەکە ئەگەر تەعقیبتان هەیە داوای نموونەی کرد، دەبێت نموونـە بـدەن، ئـەو دەڵێـت هـیچ فـەرق و جیاوازی نەکراوە لە وەرگرتنی قوتابی و خوێندکار، ئەگەر وا نییـە تـەعقیبتان کـرد نموونـە پیشـان بـدەن، پرسیاری دووەمی باسی کرد یاسایەکە ئامادەی دەکـەن لـە مـانگی نـۆوە، ئەگـەر دواش کـەوتوون باسـی کـرد هۆیەکەی، ئیشەکەی لەبەر رۆشنایی ئـەو بڕیـارەی پەرلـەمان، لـە مەسـەلەی زانکـۆی کۆیـە وەڵامـی دایـەوە، رەئـی خۆشـی دەربـڕی دەربـارەی زانکـۆی سـانت کلیمێنـتس، باسـی ریفۆرمەکانیشـی کـرد، جـا ئەگـەر ئێـوە لیژنەی پەروەردە تەعقیبتان هەیە لە بـەینی خۆتـان ئیتیفـاق بکـەن یـەك جار لەسـەر هـەر مەوزوعێکـدا، نازناز خان تەعقیبت هەیە.

**بەڕێز نازناز محمد عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە وەکو سەرۆکایەتی لیژنە ئەو پرسیارانەو ئەو بابەتە رەئیسیانە بوو، کە جەنابیان توانیان بەو ماوەیە کورتە تا رادەیەك وەڵامـی ئـەم پرسـیارانە بدەنـەوە، دەستخۆشـیان لـێ دەکـەین، بێگومـان کـارو چـالاکیەکی زۆریان نواندووە، بەڵام ئێستا ئەندامانی پەرلەمان و ئەندامانی لیژنە پرسیاری لابەلایان هەیە، پێمان باشە ماوەیەکی کورت هەبێت، بۆ ئەوەی وەڵامی ئەو پرسیارانە بداتەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوەی دەزانم، نازناز خان فەرموو، بەڵام پێش ئەوەی داوا لە ئەنـدامانی پەرلـەمان بکـەین پرسـیار بکـەن، ئوسـوڵی نیزامـی داخیلـی وایـە لیژنـە راپـۆرتی هەیـە، بۆتـان هەیـە تـەعقیبی بکـەن، ئێمـەش دەڵێین ئـەو تەعقیبەتان هەیە، یان نا، لیژنەی پەروەردە تەعقیبی هەیە، یان نـا، ئەگـەر تـەعقیبی نییـە، کـێ پرسـیاری هەیە، یەك جار بۆتان هەیە تەعقیبتان هەبێت لەسەر وەڵامی وەزیر، تەعقیبتان هەیە؟

**بەڕێز نازناز محمد عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بێگومان ئێمە چاوەڕوان دەبین تەعدیل کردنی یاسایەکە بـەلای ئێمـەوە زۆر گرنگـەو لـە ئەولەویـەت دایـە، چاوەڕوانی ئەو پرۆژە یاسایەیەن کە دکتۆر ئیدریس ئێستا باسی کرد، کە لە سـەرەتای مـانگی نـۆ تەقـدیمی پەرلەمان دەکرێت، ئەوە تەنها شتێك هەیە ئێمە چاوەڕوان دەبین.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە سوپاس، فەرمووو کاك دکتۆر ئیدریس.

**بەڕێز د.ادریس هادی صالح/وەزیری خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سوپاستان دەکەم، دیارە لە بیست کەس زیاتر پرسیاری هەیە، ئەگەر ڕێگاتان بەمن دابوایە راپۆرتەکەم بە تەفسیلی باس کردبوایە، ئەوەندە پرسیار نەدەکرا، ئەوە یەك، لە رووی عەدالەتەوە، عەدالەت نییە وەقتی منتان نەهێشت هەر لە پشتەوە دەڵێن وەقت تەواو بوو، من ئامادەمە پێنج سەعاتی تریش لە خزمەتی جەنابتان دابم ئەوە یەك.

دوو/ راپۆرتەکەی من بۆ مەعلوماتتان مومکینە نۆهەت لاپەرە بێت، ئەوە بەس روئوس ئەقلامە، دوو سەد وەرەقەی تر قسەم پێیە، یەعنی لەو راپۆرتە من بەس روئوس ئەقلامم نووسیووە، لەبەر ئەوە ئەگەر جەلسەیەکی تایبەت لە نۆی بەیانیەوە بێت بۆ سەعات دووی پاش نیوەڕۆ، من پێم خۆشە پێنج سەعاتم بۆ تەخصیص بکەن، نەوەك وەکو ئەمجارە بە نیو سەعات بەڕێم بکەن، جا ئەوە داواکاری منە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك دکتۆر بۆ تەوزیح، ئەوەلەن ئەو جەلسەیە بۆ گفتوگۆی پرسیارە، قسەی جەنابیشت چەند باسی بکەیت رزگارت نابێت لە پرسیارەکان، لەبەر ئەوە پرسیار هەر دەکرێتن، کاك دکتۆر نوری فەرمووو.

**بەڕێز د.نوری جمیل تاڵەبانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من دوو پرسیارم هەیە لە جەنابی وەزیر، یەکەم/ پلانی وەزارەتەکەی چیە بە پەسند کردنی سیستەمی ئۆتۆنۆمی بۆ زانکۆیەکانی کوردستان، یەکەم هەنگاوی سەرۆك کۆماری تازەی فەرەنسا ئەوە بوو کەوا پاش ئەوەی هاتە سەر حوکم قانونی ئۆتۆنۆمی بۆ زانکۆیەکانی فەرەنسا پەسند کرد، ئەوە بنەمایە بۆ ئەوەی ئەو زانکۆیانە بتوانن لە چوارچێوەی ئەو ئۆتۆنۆمیە هەوڵی پێشخستنی زانکۆیەکان بدەن.

پرسیاری دووەم/ وەکو قانون ناسێك، وەکو مامۆستای زانکۆ پێشتر لە کۆلیژی یاسا، دەبینین ئێستا لە کوردستاندا دە کۆلیژی قانون هەیە، بەڵام من لەو باوەڕە دام ئاستی خوێندنیان لەو ڕێژە نییە، یەعنی ئایا پلانێکیان هەیە، بۆ ئەوەی کەوا ژمارەی ئەو کۆلیژانە کەم بکرێتەوە، چونکە ژمارەی دەرچووان گەلێك زۆرن و ئاستی خوێندنی زانستیان زۆر زۆر کەمە، ئەوە وابزانم کارێکی گرنگە، ئێمە لە ساڵی 1992شەوە لەگەڵ ئەوەدا نەبووین کۆلیژی ئێواران بکرێتەوە، بەڵام ماشائەڵلا بەوەی کەرکووکەوە بۆتە هۆی ئەوەی دە کۆلیژی قانونمان هەیە لە هەموو زانکۆیەکانی کوردستاندا، سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دکتۆر ناصح فەرمووو.

**بەڕێز د.ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

جەنابی وەزیر باسی ئەوەی كرد كە عبور لە پار ساڵەوە نەماوە، من سەرباری ئەوەی كەوا ئەندامی پەرلەمانم، ئێواران وەكو وانەبێژ لە كۆلیژی زانستە رامیاریەكان دەرس دەڵێمەوە، چەندین ساڵیش لە یاسا دەرسم دەوتەوە، ئەمساڵیش بۆ ئاگاداری عبور هەیە، چونكە قوتابیم هەبووە لە بابەتەكەی من ئیمتیحانی داوەتەوە هی پار ساڵ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

سوپاس، كوێستان خان فەرمووو.

**بەڕێز كوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من لەسەر خاڵی یەكەمی راپۆرتەكەی لیژنەی پەروەردە پرسیارێكم هەیە، دیارە جەنابی وەزیر وەڵامی دایەوە لەم ساڵە ئەوەندە هینە كراوە، ئەوەی من ئاگام لێ بێت لە ماوەی ئەو پازدە ساڵە زۆر ماستەرو دكتۆرا وەرگیراوە، مەرج و رێنماییەكانی زانستی تیا نییە، هەندێكی زۆر تەسكیەی حزبی دەوری بینیوەو، من خۆم خوێندكار دەناسم لە كولیە (58)ی هەیە ماستەری وەرگرتووە، ئێستا تەلەبەی دكتۆرایە، من پرسیارەكەم ئەوەیە ئایا وەزارەت ناتوانێت لیژنەیەك دابنێت بەو حاڵەتانە دابچێتەوە، بەتایبەتی بە رێنمایی و مەرجە زانستیەكان و، بەتایبەتی دەرەجەی كولیات، ئەمە راستە ناتوانرێت شەهادەكەیان لێ وەربگیرێتەوە، بەڵام مافی ئەوەیان لێ وەربگیرێت كە نەتوانن لە زانكۆیەكان دەرس بڵێنەوەو كاری تریان پێ بسپێرێت، من دوو تەوزیحم هەیە، یەكەم/ ئەوانە زیاتر لە مرۆڤایەتیەكان ماستەرو دكتۆرا وەرگیراوە، كە ئەزمە دروست ناكات لە وانە گوتنەوە، ئەمە لە پزیشكی نەكراوە، لە ئەندازیاری نەكراوە، لە كولیەی علوم نەكراوە، زیاتر لە لوغات كراوەو لە ئاداب كراوە، لەبەر ئەوە ئەزمە دروست ناكات.

دووەم/ من رەئیم وایە بە دەورەو بە ناردنە دەرەوە، ئەمانە ئاستی زانستیان بەرز نابێتەوە، ئەمەش هۆكارە بۆ ئەوەی كە ئاستی زانستی خوێندكارانی ئێمە زۆر دابەزیوە، ئەگەر بكرێت ئەمە ئیشی پێ بكرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

سوپاس، تكایە ئیلتیزام بە وەقت بكەن، كاك محەمەد صاڵح فەرمووو.

**بەڕێز محمد صالح اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت كۆلیژەكان من پشتگیری لە دكتۆر نوری دەكەم، بەحەقیقەت تەعقیب و ئەو شوێنانەی كە بەشێوەیەكی یاسایی وەرنەگیراون، وەكو نازناز خانیش وتی، حەقە ئیعتیبارێكی بۆ دابنرێت، بەنیسبەت جامیعەی تەكنەلۆجی ئەو خەڵكەی كە بەحەقیقەت ماندوو بووە، هەڵبەتە وەزارەت بۆی هەیە بیرو

**بۆچوونی خۆی لەسەر ئەو زانکۆیە هەبێت، بەلأم بە هەر شێوەیەك ناكرێت مەسەلەن سەد كەس مەغدور بكرێت، بۆیە دەكرێت چارەسەرێكیان بۆ بدۆزرێتەوە، بۆیە من داوا دەكەم بە حەقیقەت جەنابی وەزیر لەگەڵ سەرۆكی زانكۆیەكانی تر چارەسەرێكیان بۆ بدۆزێتەوە، بۆ ئەوەی ئەو خەڵكە مەغدور نەبێتن، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

**زۆر سوپاس، كاك زانا فەرموو.**

**بەڕێز قادر سعيد خضر(زانا):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**منیش سێ پرسیار ئاراستەی جەنابی وەزیر دەكەم، یەكێكیان/ ئایا هیچ دیراسەتێكی عیلمیتان كردووە، دیراسەیەكی عیلمی بێ لایەنە لەسەر كاریگەری تێكەڵاوی كوڕ و كچ لەسەر ئاستی زانستیدا، هەندێك لە وڵاتەكان ئێستا گەڕاونەتەوە سەر ئەو سیستەمەی كە لێكیان جیا بكەنەوە.**

**دووەم/ ئەو عەمیدو سەرۆك بەشانەی كە بە كەفائەتی خۆیان نەبوونە عەمیدو سەرۆك بەش، بەرنامەتان هەیە بۆ دەستكاری كردن و گۆڕینیان، كە ئەوانیش فاكتەرێك بووینە كە ئاستی زانكۆ دابەزیووە.**

**سێیەم/ بەرنامەتان چیە بۆ زەی موەحەد لە كولیەكان، كە تا ئێستا بۆتە شوێنی نمایش كردنی جل و بەرگ و مۆدیل، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

**زۆر سوپاس، كەژاڵ خان فەرموو.**

**بەڕێز كژاڵ مجيد قادر:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**منیش دوو پرسیارم هەیە ئاراستەی جەنابی وەزیری دەكەم، ئایا تا چەند كارتان كردووە بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پۆستەكان و سەرۆكی زانكۆیەكان، بۆ نموونە سەرۆكی زانكۆ و سەرۆكی بەشەكان و راگرەكان، ماوەی شازدە ساڵە هەر دەبینین، ئەوانە هەروەكو خۆی دادەنرێن و بەشێوازە كۆنەكانە، ئایا بیر لە شێوازی تازە كراوەتەوە، بۆ دانانی ئەو پۆستانە.**

**دووەمیشیان/ گومان لەوە دانییە كە ئاستی زانستی لە زانكۆیەكان كە بەشێوەیەكی بەرچاو دابەزیوە، ئایا كارتان بۆ ئەوە كردووە، بۆ چاكسازی لەو بوارە، ئایا خەلەلەكە قوتابییە، یان مامۆستایە، یان ئەو مەنهەجەیە كە دەخوێندرێت؟ سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

**سوپاس، ڤیان خان فەرموو.**

**بەڕێز ڤیان سلیمان حاجی بشار:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مـن سێ پرسـیارم هەیـە، یەکـەمیان/ سـەبارەت بـە دەوامـی مامۆسـتایانی زانکـۆ لـە کۆلیژەکانـدا، بەڕاسـتی زۆربەی جار مامۆستایەکانی دەبینیت دێن وانەکەیان دەڵێن و دەڕۆن، یەعنی هـەر هـیچ بوونیـان لـە کۆلیـژ نییە، جگە لەوەی موحازەرەکەیان دەڵێن، بەڕاسـتی دەبێـت ئـەوە یاسـای پـێ دروسـت بکرێـت، کـە سـەعاتی دەوامیان لە کۆلیژ، هەبوونیان لەوێ دەستنیشان بکرێت.

دووەم/ ئەوە چەند ساڵە بە رەسمی دەوامی کۆلیژ و دەوامی خوێندن لە (9/1)ەوە، بەڵام بە فیعلی دەبێتـە (11/1)، هەندێ جار زیاتریش تێدەپەڕێ، ئایا بەرنامەتان بۆ ئەمساڵ چیە، ئەمساڵیش دیسان وای لێ دێت قۆناغی یەکەمی کۆلیژ لە (11/1 و 11/15) بێتەوە دەوام.

سێیەم/ سەبارەت بە مەکتەبـەی کۆلیـژەکان، وەکـو تەجروبـەی خـۆم لـە کۆلیـژ، موشـکیلەیەکی زۆر گـەورە هەیە لە سەرچاوەکان، لە کۆلیژدا یەك کتێب هەیە لە مەکتەبـەی کۆلیـژ بـۆ هەشـتا، نـۆوەت قوتـابی، ئێمـە باسی ئەوە دەکەین کە مەکتەبەکان بکەینە ئەلیکترۆنی، یەك دنیا فەرمانبەریش لە هەر کۆلیژێك هەیە کە لە بەیانیـەوە لەسـەر کۆمپیوتـەرێك دانیشـتووە، لەگـەڵ رێـزم، بـەڵام زۆریـان یـاری لەسـەر کۆمپیوتـەرەکان دەکەن، بۆ لە تواناکانی ئەوان کەڵك وەرنەگیرێت و بەکار نەهێنرێت، بۆ ئەوەی دەست پێ بکەین لە هەموو کتێبخانەکان، لە هەر کۆلیژێك کتێبخانەی هەیە بکرێتە ئەلیکترۆنی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دکتۆر فوئاد فەرمووو.

**بەڕێز د.فؤاد احمد محمد بابان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەخێر هاتنی برای بـەڕێز کـاك دکتـۆر ئیـدریس هـادی دەکـەم، هەرچـەندە لـەو چـەند تێبینیـەی هـەمبوو وەڵامی دامەوە، بەڵام هەندێکی تریشی ماوە، لەوانەیـە کـەمیان نەکردنـەوەی بـۆردی پزیشـکی و خوێنـدنی باڵا کە کاك دکتۆر ئیدریس ئاگای لێیـە، کـە چـەند سـاڵێکە هـەوڵ دەدرێـت لـەکاتی کـەرت بـوونی هـەردوو ئیدارەکە لە ساڵی 2004 و 2005دا هەوڵێکی زۆری بۆ درا، بەڵام تا ئێستاش نزیکەی هەشتا دکتۆری ئێمە لە نەخۆشخانەکانی مووسڵ و بەغدادا دەخوێنن، هەنـدێکیان لەبـەر نـەبوونی مامۆسـتا لـەو نەخۆشـخانانە، ئێستا تەنسیب کراونەتەوە بـۆ نەخۆشـخانەکانی خۆمـان لـە هـەولێر و سـلێمانی، لەبـەر ئـەوەی کردنـەوەی بۆردی پزیشکی لە کوردستاندا دەبێتە هۆی بەرز کردنەوی ئاستی نەخۆشخانەکان و خزمەتگوزاری تیایان.

دووەم/ هەنـدێك تێبینـیم هـەبوو لـەبارەی یەکخسـتنەوەی رێنماییـە زانسـتیەکان لـەنێو زانکۆیـەکانی کوردستاندا، کاك دکتۆر هەندێکی باس کـرد، لەوانـە بـەرز کردنـەوەی ئاسـتی زانسـتی و مـەرجی وەرگـرتنی خوێنـدنی بـاڵا کـە یـەکبخرێت و گواسـتنەوەی خوێنـدکاران لـەنێوان زانکۆیـەکانی کوردسـتان و ئـەمان و

زانکۆیـەکانی دەرەوەی کوردسـتان یـەکبخرێت و یەکخسـتنەوەی ڕێنماییـە داراییـەکان، وەکـو دەرماڵـەی نیشتەجێ بوون.

خاڵێکی تر/ ئەوەیە سیستەمی مێوانداری لـەنێوان زانکۆیـەکانی کوردسـتان و عێـراق بمێنێـت، بـەڵام ئەمـە پەیڕەو نەکرێت لەنێوان زانکۆیەکانی کوردستان و لەنێوان کۆلیژ و زانکۆ ئەهلیەکانی عێراق و زانکۆیەکانی کوردستاندا، کە ئەمەیان بێت بەهۆی نزم بوونەوەی ئاستی خوێندن.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك غەفور فەرموو.

**بەڕێز غفور طاهر سعید مەخموری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سـەرەتا بـەخێرهاتنی جـەنابی وەزیـر دەکـەم، بەنیسـبەت خـاڵی یەکـەمی ڕاپۆرتەکـەی لیژنـەی پـەروەردە مەسەلەی نا عەدالەتی، من باوەڕ ناکەم بتوانرێت وا بە ئاسانی چارەسەر بکرێت، ئەو شتە زۆر کۆنە ڕەگ و ڕیشەی خۆی داکوتاوە، هەر من لەو بوارە تەجروبەی خۆم هەیە، شەخصی خۆم کە لەساڵی 1997 چووم ئیمتیحانمدا، لە ئیمتیحانەکە دەرچووم بـۆ ماجسـتێر بخوێنم، مامۆسـتای بـەڕێز دکتـۆرە شـوکریەش ئاگـای لێیە منیان لابرد، دوو خەڵکی تری حزبیان دانـا، تـا سـێبەری حـزب زاڵ بێـت لەسـەر دەزگـا حکومیـەکان و وەزارەتـەکان زەحمەتـە ئـەوە چارەسـەر بکرێـت، دوو پرسیاریشـم هەیـە لـە جـەنابی وەزیـر، نـاکرێتن ئـەو خوێندگایانەی مەسەلەن لە مەنتیقـەی کەرکووکـە، لـە مەنتیقـەی مـەخمورە لەبـەر ڕەوشـی ئـەمنی کـە لـە زانکۆیەکانی تری عێراق وەردەگیرێـت بگوازرێنـەوە بـۆ ئێـرە، چ بەشـێوازی مێوانـداری بـێتن، یـان بـە هـەر شێوازێکی تر بێـت، ئەمسـاڵ زۆر هاوکاریشـمان کـرد، لەوانەیـە جـەنابتان ئاگـادارن کاغەزیشـم بـۆ نووسـین، جەنابتان هیچ وەڵامتان نەبوو بۆ خوێندگاکانی مەخمور، ئەوە خاڵێك.

خـاڵێکی تـر/ خوێنـدەوانانی پارچـەکانی تـری کوردسـتان، ئەوانـەی کـە لـە پارچـەکانی تـر دێـن، تـەنها بـۆ بکالۆریۆس دەخوێنن و ئەوانەی کە لێرە خوێندن تەواو دەکەن، بواری خوێندیان پێ بـدرێت بـۆ ماجسـتێر و دکتـۆراش بخـوێنن، ناکرێـت ئەوانـەی کـە لـەوێ بکالۆریۆسـیان تـەواو کـردووە، لێـرە بواریـان پـێ بـدرێتن دکتۆراو ماجستێریان پێ تەواو بکەن، وەکو پرسیار، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك هیوا فەرموو.

**بەڕێز هیوا صابر احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەخێرهاتنی وەزیر دەکەم، لەڕاستیدا خاڵەکان باس کران، بەس مـن هـەر تەئکیـد دەکەمـەوە، حەقیقـەتێك هەیە ئەمڕۆ لە کوردستان پێوەی گرفتار بـووە، کـە بۆتـە هـۆی ئـەوەی دابـەزینی ئاسـتی زانسـتی و دڵخـۆش نەبوونی قوتابیان بە بڕوانامەکانیان، بـە پلـەی یەکـەم دەگەڕێتـەوە بـۆ خـاڵی دەست تێـوەردانی حزبـی لـە

حەرەمی زانكۆ، ئێمە پێویستە لەو قۆناغەو لە قۆناغی داهاتووشدا، وەكو جەنابی وەزیر ئاماژەی پێ كرد ڕێز بگرین لەو حەرەمە، ڕێز بگرین لە پسپۆڕ و قوتابیانمان دڵخۆش بن بە بڕوانامەكانیان، بۆیە من داوا دەكەم بە جددی كار بكرێت بۆ بە كۆتایی هێنانی دەست تێوەردانی حزب لە حەرەمی زانكۆ.

خاڵێكی تر/ لایەنی ئەخلاقی و پێگەیاندنی قوتابیانمان، بەداخەوە هەست دەكرێت كە قوتابیانمان بەرەو بێ هودەگەرییەك دەڕۆن، پێویستە لە ئاستی زانكۆ گرنگیەك بدرێت بەوە، وەزیر و وەزارەت لە خەمی ئەوانەدا بن، چونكە ئەخلاق و قیەم و بەهاكان لەگەڵ زانست و پسپۆڕیدا پێویستە دوو باڵ بن، كە قوتابی پێویستە لە داهاتوو بتوانن لەناو كۆمەڵگادا دەور ببینێت.

خاڵێكی تر/ داوام وایە وەزارەت گرنگی بە ڕێكخراوەكانی كۆمەڵگەی مەدەنی بدات، بەتایبەتی ڕێكخراوەكانی قوتابیان و لاوان، بەرنامەیەكی هەبێتن تەنسیق بكات لەگەڵیان، سوود وەربگرێت لە ئەزموون و پسپۆڕیان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بەس من تەعلیقێكم هەیە لەسەر قسەكانت، جەنابی وەزیر و وەزارەت مەسئوول نینە لە حزبایەتی ناو زانكۆ، جەنابتان ئەندامن لە مەكتەبی سیاسی دەتوانن ئەو مەوزوعە لەوێ باس بكەن و قەرارێكی حزبی وەربگرن، كە كەس تەدەخول نەكات بە حزبەكەی خۆشتانەوە، كاك عوسمان فەرموو.

**بەڕێز عثمان احمد حمد امین:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

پرسیارم لە بەڕێز دكتۆر ئیدریس هادی هەیە، دەربارەی ریفۆرم لە وەزارەتەكەیدا، بەتایبەتی بۆ وەرگرتنی فۆرمی خوێندنی باڵا، بۆ وەرگرتنی خوێندنی باڵا ئالیەتی ریفۆرم وەرگرتن چیە، ئالیەتی وەرگرتنی قوتابی، زۆر قوتابی هەیە، كە كاك غەفور خۆی بە یەكێك لەو قوتابیانە كێشاندووە، منیش خۆم تەزحیەی ئەو حاڵەتەم، ئێستا نموونەیەكم هەیە ئەوە دكتۆرە شوكریە مامۆستای هەردووكمان بووە، نموونەیەكم هەیە من لەبەر ئەوەی لە رانیە دادەنیشم، دەمەوێت روو لە جەنابی وەزیر بكەم، قوتابیەك كە خۆی بە مەغدور دەزانێت، بۆ ئەو مەغدوریەتە پەنا بەرێتە بەر كوێ، ئەو قوتابیە كاتێك لە عەشرە ئەوائیلی كولیەی هەندەسە بووەو دووەمی بەشەكەی خۆی بووە، لە ساڵی 1994 تەخەروجی كردووەو لە ساڵی 1999، هەموو ساڵێك وەكو عەودال و پەروانەی دەوری عیلم و چرای زانست هەوڵ دەدات وەرگیرێت لە خوێندنی باڵا لە ساڵی 1999ەوە تاكو ئێستا، هەر جێگایەك كە پەنای بۆ بردووە، لە ساڵی 1999ەوە فۆرمی وەرگرتنی خوێندنی باڵای وەرگرتووە، ئێستا ئەو قوتابیە پێی وایە كە پشت و پەنایەكی سیاسی نەبێت وەرناگیرێت، ئەگەرنا خوێندكەی، شەهادەكەی لە عەشرە ئەوائیل لە كولیەی هەندەسە لە زانكۆی سەلاحەدین، دووەمی بەشەكەی خۆی بووە لە میكانیك، ئەو قوتابیە پرسیار دەكات، مەلەفەكەشی لە سەرۆكایەتی لیژنەی پەروەردەو خوێندنی باڵا هەیە، نوسخەیەكیش لە لای منە، ئەو مەغدوریەتیەی خۆی پەنا بەرێتە كوێ، داوا لە جەنابی وەزیر دەكەم وەڵامم بداتەوەو زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، صەبریە خان فەرموو.

**بەڕێز صبریە غفار امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پرسیاری من یەکێکیان سەبارەت بە تەمەنە، کە لەڕاستیدا ئەوە گرفت دەکاتە ناو تاکەکانی کۆمەڵگای کوردستانی، کە دەیانەوێت لە تەمەنێك دەست بە خوێندن بکەن، بەڵام سەیر دەکەیت حدودی چل ساڵی بۆ دیاری کردووە، ئیتر مەودا لەبەردەمی دادەخرێت، کە ئەمەش وا دەزانین چ لەوەدا نییە کۆتایی بێنێت وەکو وڵاتانی تر، بەڕاستی ئینسان قابیلیاتی لێهاتەکانی بەردەوام دەبن.

دووەم/ سەبارەت بە جامیعەی سانت کلیمنتە، یەعنی بەڕاستی جێی داخە جامیعەیەك چوار ساڵ لەم کوردستانە ئیش دەکات، قوتابی چواری هەیەو دەیان و سەدان قوتابی ماستەرو ئەمانەی تەخەروج کردووە، دوای چوار ساڵ ئیتر بە هەر پاساوێك و ئیدارەییە، هەر مەبەستێکی ترە، ئێستا بڵێین نارەسمییە، وابزانم پرسیاری یەکەم رووبەڕووی دەزگای حکومی دەبێتەوە، دەبوایە لە وەختی خۆیدا مامەلەی لەگەڵ بکردایە.

دووەمیش/ ئێستا لە مانگی دووەوە موناقەشەو نیزاعێکی گەرم لەنێوان وەزارەتی خوێندنی باڵاو جامیعەکە هەیە، تاکو ئێستا یەکلا نەبۆتەوە، تەبعەن تاکو ئێستا ئۆفیسەکانیان ئیش دەکەن، بەردەوام تەلەبە هاتوچۆیان دەکات و مەنهەجی خۆیان وەردەگرێت، حەق وایە مەسیری (2500) قوتابی کە هەمووی مەحرومەکانی ناو کوردستانن، نیسبەیەکی زۆری بەهۆی وەزعی سیاسی و کۆمەڵە کێشەوەیەکی تر نەیانتوانیوە بەرەکەتی ئەو خوێندنەی کە خەڵکانی تر بەریکەوتووە بەریانکەوێت، بۆیە بە زووترین کات پێویستە ئەو مەسەلەیە یەکلا بکرێتەوەو تەعویزی حەقیقی مەعنەوی بۆ قوتابیانی ئەو جامیعیە بگەڕێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

شیرین خان فەرموو.

**بەڕێز شیرین عبدالرحمن دینۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەسەر ئاخافتنێ من پتر ژی صبریە خان ئیشارەتی پێدا بەنیسبەتی جامیعەی سانت کلیمنت، من بەس پرسیارەکا هەیە نیسبەتی زاخۆ جامیعە لێهاتیە ئاڤە کرن، هەتانوکە بەس بیناياتە، نە قوتابی، نە مامۆستا، نە ئەڤە ساڵە سییە مەبەست تەوزیحەکێ جەنابێ وەزیرێ بدات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو دکتۆرە شوکریە.

**بەڕێز د.شکریە رسول ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پرسیارێکم لە بەڕێز دکتۆر ئیدریس هەیە، بەڕاستی یەکێکە لەو وەزیرە چالاکانەی کەوا دەیەوێت بەپێی بەرنامە کار بکات، لە زۆر شتیدا داوا دەکات، ئەگەر هەر کەسێ بۆچوونی هەیە بە شەفافیەت

لەگەڵیدا قسە بکات، من پرسیارێکم هەیە، ئایا دیراسەی هەندێ کولیەتان کردووە، کە نیسبەتی نەجاحیان لە 5٪ە، لیژنەی قسمیش حایر ماون هۆکارەکەی چیە؟ ئایا نەوعیەتی پرسیاری مامۆستایەکانە، یان نزم بوونەوەی ئاستی خوێندنی قوتابیەکانە، ئایا پرسیارتان کردووە، بەڕێزت کە دەڵێت عبور نامێنێت، قوتابیانی کۆلیژی هەندەسە، قوتابیانی توبییە بتوانێت (94 تا 98) بێنێت گوناح نییە لە دەرسێکدا کە عبوری هەیە، یان دوو دەرس عبوری هەیە فەسل بکرێت، من ئەوەی بە غەدرێکی زۆر زۆر گەورەی دەزانم دەربارەی ئەو قوتابیانە، کە خۆم ئێستاکە کچەکەم لە پۆلی سێیە لە دەرسێکی عبور گەڕاوەتەوە هەموو ختواتەکانی راستە نەتیجەکەی غەڵەتە، دەڵێت من لەسەر ختوات دەرەجە دانانێم لەسەر نەتیجە دەرەجە دادەنێم، ئەمە غەدرێکی گەورە نییە؟

دووش/ بەڕێزت چوویتە ناو کۆلیژی هەندەسە لە قوتابیەکت پرسیووە پرسیارەکان چۆنە، ئایا مامۆستا حەوت پرسیاری گەورەو دوورو درێژ دێنێتەوە، وەختەکەیان بەشی نەکردووە، بە سەعاتێك نەیانتوانیوە دوو پرسیار حەل بکەن، بەڕێزتان لەوەتان پێچاوەتەوە، ئایا دەوری دەسەڵات و ئیدارەی ناو کۆلیژەکان چیە؟ هەموو ساڵێك لە کۆلیژەکان (180) قوتابی یەکێك لەو قوتابیانە برازای کاك عەدنان موفتیە سەرۆکی پەرلەمان، کە ماوەتەوە، ئەوە نموونەیەکی راست و دروست مندالی خۆمە، ئەمانە هەمووی ماونەتەوە لە پۆلێکدا، لە دوو پۆلدا (180) قوتابی بمێنێتەوە، من ئەوەی بە کوفر دادەنێم، من داوام کرد لیژنەی پەروەردە بێت لەگەڵم بچینە کۆلیژی هەندەسە، گوتم بەڕێز سەرۆکی لیژنە من ناتوانم بڕۆم، چونکە کچەکەم لەوێیە، دوایێ تەفسیراتی ناشیرین بۆ من دەکەن، باشە ئەمڕۆ بەڕێزت هاتۆیتە بەردەممان، یەعنی ئێستا من لە دڵەڕاوکێیەکی زۆر زۆر ناخۆش دەژیم، کچەکەم هەموو ساڵ یەکەم بووە، ئێستا بگەڕێتەوە، ئەوە غەدرێکی گەورەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، دکتۆرە رۆژان فەرموو.

**بەڕێز د.رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دوو پرسیارم لە جەنابی وەزیر هەیە، یەکەمیان/ سەبارەت بە ژمارەی ئەو قوتابیانەی ساڵانە لە کۆلیژو زانکۆیەکانی کوردستان وەردەگیرێن، هەر کۆلیژێك پلانی خۆی هەیە و ژمارەی قوتابیەکانی خۆی دیاری دەکات، بەڵام ئەو قوتابیانەی کە وەردەگیرێن زۆر زۆر لە تاقەی ئیستیعابی کۆلیژەکان زیاترە، ئایا ناکرێت وەزارەتی خوێندنی باڵا لەگەڵ وەزارەت و دامودەزگاکانی حکومەت تەنسیق بکات و پرسیار بکات لە چ بوارێك پێویستی بە پسپۆر هەیە، لەو بوارە کادیریان بۆ پێ بگەیەنێت.

بابەتی دووەمم/ ئەو قوتابیانەی کە لە دەرەوەی کوردستان ئیعدادیان تەواو کردووە روو لە زانکۆیەکانی کوردستان دەکەن، تا درێژە بە خوێندنیان بدەن، زمانی خوێندنی کوردستان نازانن، ناچارن لە دەفتەری

تاقی کردنەوە بە لاتینی و تورکی و فارسی وەڵام دەدەنەوە، ئەوەش کێشەیەکە بۆ مامۆستای وانە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك ئەنوەر فەرموو.

**بەڕێز ملا انور محمد غفور:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە هەموو دەزانین موعاناتی زۆرمان بینیوە لە سەردەمی رژێم، بەتایبەتی قوتابیان و خوێندکاران لەبەر دەستی ئەوان، ئەگەر کەسێك نەبوایە بەعسی، یان حزبایەتی نەکردبوایە نەیدەتوانی وەربگیرێتن لە خوێندن و لەوانە، لە خوای بەزیاد بێت لە پاشی ساڵی 1991ەوە کە کوردستان ئازادەو ئەوانە، بەڵام ئێستای لەگەڵدا بێت جۆرێکی زۆر لە قوتابیان هەیە خاوەن شەهادەو خاوەن کەفائەتێکی عیلمین هەر وەرناگیرێن، یەعنی هەندێك حاڵات هەیە، کە وای لێهاتووە بۆتە رێگر لەبەر ئەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك سەعدەدین فەرموو.

**بەڕێز ملا سعدالدین عبدالله مولود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەتایبەت لە ئەمریکا کە توێژینەوەکان و ستراتیجیەتی دەوڵەت لە تەعلیمی عالی دەست پێ دەکات و دەنووسرێت یارمەتی دەوڵەت دەدات، ئایا تاکو ئێستا بیر لەو شتە کراوەتەوە، ئەوە پرسیارەکەیە بۆ جەنابی وەزیر.

دووەم/ هەندێك کار ناڕوات، یەعنی لە تەعلیمی عالی، کە من ئێستا باسی ئەوەم کرد نەقصی مامۆستامان هەیە، مامۆستایە هاتۆتەوە لە ئەڵمانیا تەواوی کردووە لە جامیعە، شەش مانگە کتابەکەی لەوێ کەوتووە، کە دکتۆراو ماستەریشی لە نەوت هەیە کە ئێستا زۆر پێویستیمان بەو شتە هەیە، نیزامێکی داخیلی دابنرێت بۆ دانانی موعاون عەمید و بۆ دانانی عەمید و سەرۆك بەش، یەعنی ناکرێتن ئەمڕۆ ماجستێری وەرگرتووە کە دەزانم و علیمم پێی هەیە بۆ دوو رۆژ پاشان کراوەتە موعاون عەمید دەبێت ئەوەی بکات، هیچ خیبرەیەکی ئیداری لێی نەبێتن، پێویستە، دیراسەی ئەو شتانە بکرێت و روح و جەوهەری دیراسی دیراسەت بکرێتن، کە ئێستا لە خوێندندا هەیە، یەعنی بتوانێت چۆن تەلەبە دروست دەکرێت جارێکی دیکە ئەو موستەوایەی ئەوها دابەزیووە، ئێستا لە تەعلیم لە کولیات، کە خەریجی کولیەیە خەت و ئیملای نییە، دەبێت ئەوە عیلاج بکرێت، لەگەڵ رێزمدا.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ماموٚستا حەسەن فەرمووو.

**بەڕێز حسن بابكر احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

یەكەم/ پەیوەندی نێوان ماموٚستاو قوتابی وەك باس كرا زۆر باش نییە، هۆی چییەو چارەسەر لە چیدا دەبینین، ئایا ڕێكخراوی قوتابیان، كە هەموو حزبەكان بەشێكیان هەیە تەئسیری سلبیان هەیە، یان ئیجابی، ئەوە یەك.

دووەم/ زەمالەی خوێندن، ناردنی قوتابیان بۆ دەرەوە لەسەر مستەوای علمی دەبێت، یان شتی تری هەیە، سوپاس.

سێیەم/ بۆ قوتابیانی كەم ئەندام، ئایا لە هیچ شتێكدا تایبەتمەندیان بۆ دیاری كراوە، ئەگەر ببێت زۆر باشە، جیاوازییەكیان بكرێت لە هەندێك شتدا.

چوارەم/ ساڵانە قوتابییەكی زۆر تەخەروج دەكات، چ پلانێك هەیە بۆ مەیئووس نەبوون و تەعین بوونیان، ئەو خەڵكە دەخوێنێ و دەردەچێ و نەتیجەكەی ئەوەیە.

پێنجەم/ لەوانەیە هەندێك ماموٚستا لە هەندێك مەرحەلەدا لە چەند روویەكەوە پێویستیان بە چەند دەوراتێك هەبێت بۆیان، ئایا ئەم بەرنامەیەتان هەیە، یان نا، بۆ هەندێك علومی تازە كە وەكو خۆمان دەزانین دنیا پێشكەوتووەو تەتەوری كردووە.

خاڵێكی ترم ئەوەیە، كەوا هەندێك ماموٚستا لە دەرەوە دێنەوەو دكتۆرا دێنن، بەڵام بەداخەوە تەعین نابن لە جامیعەكان، بەتایبەتی ئەوانەی كە لە علومی ئیسلامیدا ماستەرو دكتۆرایان هەیە، چەند نموونەیەكی تریشمان لە لایە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

دوا كەس كاك بەكر فەرمووو.

**بەڕێز بكر فتاح حسین:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لەپێشدا دەستخۆشی دەكەم لە جەنابی وەزیر بۆ ئەو روون كردنەوانە، هەرچەندە وەكو جەنابی سەرۆكی پەرلەمانیش باسی كرد، كە دوو شت تێكەڵاو بووە، یەكەمیان/ روون كردنەوەو بەرنامەی كار و ئەوانە، دووەمیان/ بانگهێشت كردن بۆ هەندێك پرسیار كە لە لایەن ئەندامانی پەرلەمانەوەو ئەو لیژنەیەوە ئامادە كراوە، خاڵی یەكەم/ كوێستان خان باسی بەشێكی كرد، بەشی دووەمیان/ ئەوەیە بەڕاستی دەبێت موراجەعەت بكرێتەوە لەو دكتۆرانەی كە لە دەرەوە هاتونەتەوە، بەتایبەت لەو فەترانەی پێشوو، لەو ساڵانەی 1993 و 1994 و تاكو 2000، كە زۆربەیان شەهادەكانیان تەواو نییە، هەندێكیشیان وەكو ئەوانەی دەڵێن خوێندن (عن بعد) كە خوێندراوەو لە ئەوروپا ئەو سیستەمە هەیە، نازانم ئێستا وابزانم

لیژنەیەكیان دروست كردووە بۆ ئیمتیحان كردنی ئەو كەسانەی كە تەكریم كردنی شەهادەكانیان، من پێم وایە موراجەعاتی ئەوانەی پێشووتریش بكرێتەوە، نەك ئەوانەی كە تازە وەردەگرن.
نوقتەی دووەم/ بەنیسبەتی ئیجازاتی دیراسی بۆ دەرەوەی زەمالات، بەتایبەتی ئیجازەی دیراسی زۆر جار وا بەر گوێم دەكەوێ، هەندێك سكالاً هەیە، كە هەندێك قوتابی لە رێگەیەكی تایبەتیەوە زەمالەی وەرگرتووە لە شەریكەیەكی وەرگرتووە، یان وەزارەتێكی تر بۆی كردووە، ئەوە پارەكەی بۆ دەدەن و مەعاشی مانگانەی دەدەنێ و هەندێكی تریش نایدەنێ، پێم وایە دەبێت قانونێك، یان یاسایەك دەربكرێت، كە هەموو كەسێك لە ژێر ئەو یاسایە بێت و عەدالەتی ئیجتیماعی پەیڕەو بكات.
نوقتەیەكی تر/ بەڕاستی من حەز دەكەم پرسیار بكەم كە جامیعەكانمان بۆتە مەعمەلی بێ كاری دروست كردن، بەرنامەی وەزارەت چیە، راستە دەڵێن لە موئەسەساتەكانی تردا تەعینیان دەكەن، بەلاّم من پێم وایە ئەگەر وەزارەت بەرنامەیەكی هەبێت، بۆ ئەوەی هاوكاری لەگەڵ وەزارەتەكانی تر بكات، بەتایبەتی لە مەجالی تەتویری تەكنەلۆجیاو صناعەو زراعە، چ شتێكتان كردووە، بۆ ئەوەی كە بتوانن وەزارەكانی تر ئیستیفادە لە وەزارەتی تەعلیم عالی بكەن، نەك تەنها قوتابی دەچێت بۆ بێ كاری و سوپاستان دەكەم.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، سوپاسی هەموو ئەندامانی پەرلەمان دەكەم، ئەوانەی قسەیان كرد، جەنابی وەزیر هەندێ پرسیاری بەجێ كران، فەرموو بۆ وەلاّمدانەوەی ئەو پرسیارانە، دەتوانیت یەكە یەكە وەلاّم نەدەیدەتەوە، چونكە بە عام هەندێكی دووبارەیە، دەتوانیت بە عام پرسیارەكان و سەرنجەكان وەلاّم بدەیتەوە، فەرموو.

**بەڕێز د.ادریس هادی صالح/وەزیری خوێندنی بالاّو توێژینەوەی زانستی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

زۆر سوپاس، بەنیسبەت دكتۆر نوری بە سیستەمی ئۆتۆنۆمی، تەبعەن من یەكەم جار لە بەغدا بوومە بریكاری وەزارەتی خوێندنی بالاّ ستراتیجیەتی ئەوێ بۆتان بڵێم، یەكەم/ خاڵ ئەوە بوو ئۆتۆنۆمی بدرێتە زانكۆیەكان، بەلاّم ئایا ئۆتۆنۆمی بە چ مانایەك، لەسەر بنەمای چ دەولّەتێك، لە چ كۆمەلّگایەك، زانكۆیەكانی ئێمە پاش راپەڕین تاكو ئێستا موستەقیل بوونەو وەزارەت و شتیان نەبووەو حالّیان چ بووە، نە پلەی ستراتیجیان هەبووە، نە شتی تریان هەبووە، ئێستا بیدەیێ بڵێیێ كاكە پلەی ئۆتۆنۆمی بووە، خۆ دەبێت وەزارەتێك و شوێنێك هەبێت تەنزیم بكات، ئەگەر مانای ئۆتۆنۆمی ئەوە بێت، كە خەلّكی تر تەدەخولی ئیشی ئەكادیمی و عیلمی زانستی نەكات، من لەگەلّتم، بەلاّم ئەگەر مانای ئەوە بێت، ئەو عیلاقەی بە وەزارەت و رێنمایی و بە هیچ شتێكەوە نەبێت، من لەگەڵ ئەوەدا نیم، جا هەر لەبەر ئەوەشە، ئێمە بڕگەیەكی تر ئیزافەمان كردووە لەو كۆنفرانسە باسی بكەین ئۆتۆنۆمی بۆ رانكۆیەكان، بەپێی واقیعی خۆمان، كە تێیدا دەژین، نەك بەپێی ئەو واقیعەتەی كە لە ئەوروپادا هەیە، ئەوە جیایە، ئێستاش كۆنفرانسێك لەوانەیە لەو زووانە ببەسترێت لە بەغداوە داوایان لێ كردووین، بە رێگای دكتۆر بەرهەمەوە هاتووە، كە لەوانەیە كۆنفرانسەكە لە دوكان ببەستین بۆ جامیعاتی عێراقی هەمووی، كە باسی ئۆتۆنۆمی

بکرێت، بەلاَم ئەوە مەوزوعێکە، دەبێت دیراسەیەکی عیلمی تەواوی لێ بکرێت، دەبێت لەوەزعی خۆمان بزانین، لە وەزعی کۆمەڵگای خۆمان بزانین، لە وەزعی زانکۆ بزانین، ئەو خەڵکە کە ئیدارەی قیاداتی جامیعی ئێمەو ئەوانەی کە هەن لەو ئاستەدان، لەو فەترەی پێیان بدرێت، یان پاش فەترەیەکی تر، یەعنی تەقیدەکە موناسیبە، ئێمە کاریان لەسەر دەکەین، ئەوە یەکێك لە بنەما هەرە گرنگەکان بووە، کە من زۆر گرنگە بە لامەوە، هەر دەبێت لە رووی ئەکادیمی و لە رووی زانستی و لەو روانەوە ئۆتۆنۆمی خۆی هەبێت، هەتا لە رووی داراییەوە، بۆ ئەوەی بتوانین، بەلاَم زانکۆیەکانی تر خۆ حکومەت بودجەو پارەیان ناداتێ، خۆت دەزانی ئەوان بودجەیان لە توێژینەوەو موئەسەساتی بەحسی و ئەوان ئیستیقلالیەتی مالی خۆیان، خۆیان دروست دەکەن، یەعنی مەسەلەکە هەر موستەڵەحەك نییە من بچم بیکەم، شتەکە زۆر لەوە قولترە، بەلاَم ئێمە ئەوە کاری بۆ دەکەین.

بەنیسبەت ئەوەی کۆلیژی قانون زۆرن، منیش لەگەڵ جەنابتم، نەك هەر قانون لە پاڵیەوە سیاسەش هەیە، هەر کۆلیژێك یەك بەشی هەیە، راگری کۆلیژەکە لەگەڵ سەرۆك بەشەکە ئەوە ئەنجومەنی کۆلیژ پێك دێنن، یەعنی من نەمبینیوە کۆلیژێك بەشێکی هەبێت، ئێمە ئێستا دەمانەوێت قانونی سیاسە بکەینە کۆلیژێك بەڕاستی، بەلای کەمی قسمی قانون و قسمی سیاسە هەردووکی لە یەك کۆلیژ دابن، ئەوەی جەنابت راستە کاری لەسەر دەکەین، ئەندامەکانیشی پێویستی بە پێداچوونەوە هەیە.

دکتۆر ناصح دەڵێت عبور ماوە، راستە دەڵێت ماوە، من دەڵێم نەماوە، چونکە پار قەرارماندا، بەلاَم پار کە ئەو قەرارە وەرگیرا، هی پێرار کە عبور کرا بوو هاتبوون هی 2005 و 2006 بە تۆ نەدەکرا بڵێی ئیمتیحان ناکەمەوە، لەبەر ئەوەی تەلەبەکان تەبلیغ نەکرا بوون، ئیتر ساڵێك مەجالماندان بۆ ئەمساڵ، بەلاَم ئەوساڵ ئەوەی لە دەرسێك بکەوێت ئیتر راسبە لەو مەرحەلەی، بەلاَم ئێمە چیمان کردووە، هەندێك مورنەتمان داوەتەوە مەوزوعەکە، ئەمساڵ گوتمان لە دەوری یەکەم ئەوەی لە چەند ماددەی دەکەوێت دەتوانێت ئیمتیحان بداتەوە، لەبەر ئەوەی عبورمان نەهێشتووە، خۆ ئەوە نییە لە نیوەی ماددە بکەوێت، هەشت ماددەی هەبێت راسب بێت لە دەوری یەکەم، نەخێر، گوتوومانە با بچێتە دەوری دووەم، ئەگەر دەتوانێت لە دەوری دووەم باری خۆی هەڵبگرێت ئەوە نەماوە، بەلاَم ئەوانەی کە ماونەتەوە هی پار ساڵێکماندا بۆ ئەوەی تەسفیەی خۆیان بکەن، چونکە ئەوە چەند ساڵە ئەو عبورە بەردەوامەو تەراکوماتی هەیەو شتی هەیە، تۆ ناتوانیت یەکسەر بە بڕیارێك حەلی بکەیت، ئەگەر تۆزێك مەتاتیەت و ئەوەی نەدەیتێ، جا لەبەر ئەوە ئەمساڵ نامێنێت، بۆ ساڵی ئایندە، بۆ ساڵی 2007تیش نامێنێت، لەماوەی رابردوو ماستەرو دکتۆرا بەبێ مەرج وەرگیراون، من بە جەنابتانم گوت مەسئوول نیم لە ماوەی رابردوو، من بەرپرسیاریەتیم هەیە لەو کاتەی کە تەکلیف کراوم بۆ ئەو وەزارەتە، منیش گوتم پێشتر نامەوێت ئەرقام بڵێم، چونکە عەیب و عارەکە هەمووی هی خۆمانە زۆر شتمان کردووە، خەڵك بە ئیستیسنا وەرگیراوە، بە قبول خاص وەرگیراوە، خەڵك هەبووە شەهادەی ئیعدادی نەبووە، هی میهەنی هەبووە وەرگیراوە لە کولیەکان، ئەگەر ئێوە دەتانەوێت ئەو شتە، ئەوە سەلاَحیەتی من نییە، لەو پەرلەمانە بەڕێزە

بڕیار بدەن، ئەوانەی پێشووش، ئەوانەی بە قبول خاصیش وەرگیراون هەمووی نەمێنێت، ئەوە قەرارێکی پەرلەمانە، من وەکو وەزیر جێ بەجێی دەکەم، ئەوانەی بەشێوەی یاسایی وەرنەگیراون باس کراو زانکۆی سانت کلیمنت، بەڕاستی کە من هاتمە ئێرە، ئێرە جێی ئەوەیە یەعنی قانون تەشریع دەکرێت و شوێنی مەنبەعی ئەوەیە قانون تەشریع بکرێت، کە قانونەکە تەشریع دەکرێت، دەبێت جێ بەجێ بکرێت، کەچی بەداخەوە هەندێك ئەندام پەرلەمان دەبینم دیفاع لە سانت کلیمنت دەکەن، کە هەموو گیانی بێ یاساییە، یەعنی ئەو زانکۆیە هیچ شتێکی راست نییە، من زۆرم سەیر پێ دێت کە خەڵکێك دیفاع لەو زانکۆیە دەکات، یەعنی جا لەبەر ئەوە حەز دەکەم ئەوەی باوەڕ بە قسەکانمان ناکات، با بێت هەموو دکیۆمێنتەکانمان دەخەینە بەردەمیان، ئێستا ئەوە لیژنەیەکیان دەیەوێت بەهەر نەوعێك بێت ئامادەن زانکۆیەك لێرە بکەنەوە، ئێمە بەرپرس نین ئەوانەی داخیلی ئەو زانکۆیە بوون، چونکە نەهاتوون پرس بە ئێمە بکەن، ئێستا هەندێ مەکاتب هەیە بۆ روسیاو ئۆکرانیا خەڵك دەنێرن، ئێمە ئیعلانێکمان بلاّو کردەوە، گوتمان ئەو خەڵکانەی کە بە رێگای ئێمە ناچن، بە پارەی ئێمە ناچن بێن لە وەزارەتی خوێندنی بالاّ پرسیارمان لێ بکەن، ئایا ئەو زانکۆیەی کە دەچیت تیجاریە، لە دەرەوە موعتەرەفە، هەتا سبەی، یان دوو سبەی شەهادەکە لەوێ دەهێنێتەوە، نێتەوە ئێرە، تۆ دەبێت راپرسی بکەیت، شت بکەیت، من نازانم راستە رەئی زۆرە، بەلاّم لە سەرەتای دروست بوونی جامیعە لە ولاّتی ئێمە زانکۆ هەر تێکەلاّو بووە، یەعنی زانکۆی تایبەت نەکراوە، من بۆ نموونە دەڵێم چوومە ئیمارات زانکۆی ئەمریکیم دیت کوڕ و کچ تێکەلاّوە، زانکۆی خۆشیانم دیت یەك زانکۆ تێکەلاّو نەبوون، من دانیشتم لەگەڵ نوێنەری قوتابیان و لەگەڵ مامۆستایانیش، ئەوانەی تێکەلاّو نەبوون موعاناتیان هەبوو، کۆنفرانسێك بوو دەیانگوت ئێمە حەز دەکەین تێکەلاّو بین لە ئاستێکدا تێکەلاّو بوونەکە ئەوە عیلمە نازانم یەعنی جیایان بکەینەوەو ئەوانە تێکەلاّو نەبن، یەعنی ئەگەر پرۆژەیەکی وا هەبێت هەر لەوێ خۆیان کۆمەڵگایەکەیان وا دەڵێت ئەوە نییە، ئەوانەی ئێوەش کە تەخەروجیان کردووە لە کولیەکان هەموو بە تێکەولاّوی تەخەروجتان کردووە، ئینجا هەر نەوعێك بێتن.

بەنیسبەت سەرۆك بەش و ئەوانە، سەرۆك بەش لە سەلاّحیەتی سەرۆك زانکۆیەکانە، ئێمە پێمان گوتوون هەمووی بەپێی زەوابت و رێنماییە، لەلای ئێمە سەرۆك بەش لە عەمید و سەرۆك زانکۆش گرنگترە، ئەگەر بەشی زانستی باش بێت ئەوانی تریش باش دەبێت، ئەمساڵ من هەتا لە حەفلەی تەخەروج هەتا ئیعازیشمدا، کە جەوائیز تەقدیم دەکرێت بۆ یەکەمەکانی بەش تەقدیم بکرێت، پێشان بۆ یەکەمەکانی کولیە تەقدیم دەکرا، یەکەمی کولیە دەبینی پێنج، شەش قسمە، قسمەکیان لە کولیە لە هەموویان ئاسانترە دەرەجەی هێناوە بەشەکانی تری ئینگلیزییەو فەرەنسیە هەموویان مەغدور دەبێتن، با یەکەمی بەشەکە جائیزەی بدەیتێ، بۆ ئەوەی وەزنی قسمەکە بەرز بکەیتەوە، ئێمە بەشی عیلمی بەلامانەوە گرنگەو زەوابتیشی بۆ دادەنێین و ئیشی لەسەر دەکەین، دەبێت ئێمە لە بنەڕەتدا دەست پێ بکەین، ئەگەر لە

سەرەوە دەست پیێ بکەین، سەرەوە ئیدارەیە، بەلاّم بەشی زانستی ئەوە موساوەمەی لەگەڵ ناکرێت، ئێمە لەگەڵ ئەوە داین.

سەبارەت بە بەرنامەی زەی موەحەد، من یەکەم جار کە وەزارەتم وەرگرت، من ئیمانم بە زەی موەحەد هەیە شتێکی باش و پوختەیە ئیجابیات و سلبیاتی هەیە، ئیجابیاتی زۆرە، بەلاّم لە قۆناغی زانکۆ هیچ ئەوەك نییە بابلێین فەرز بکاتن لەو مەرحەلەیەی پاش هەژدە سالی من فەرزی بکەم لەسەری، من لەگەڵ فیدراسیۆنی قوتابیان و خوێندکاران کە هەمووی تێدایە، هەموو گروپەکانی قوتابیانی تێدایە، چەند جار لەگەڵیان کۆبوونەوەم کرد، لەسەرەتاوە پێم گوتن فەرموو ئێوە ئینکار لەسەر ئەوە بکەن، من بە شتێکی ئیجابی دەزانم، بەلاّم من حەز دەکەم ئێوە خۆتان ریفراندۆمێك لەنێوان قوتابیان و خوێندکاران بکەن، ئەگەر لە (50٪)ی زیاتر پێی خۆش بوو، ئینجا ببێت، من نامەوێت شتێك فەرز بکەم کە بزانم راست نییە و تەنفیز دەکرێت، ئێمە مەعسکەراتمان دانەمەزراندووە، ئێمە زانکۆمان هەیە بەڕاستی، ئێمە ئیش بۆ ئەوە دەکەین بۆ ئازادی، بۆ فیکری حور، ئێمە بۆ ئەوە ئیش دەکەین نەوەیەکی تازە پیێ رابگەیەنین، چۆن دەکرێت من بە بڕیارێك فەرز بکەم لەگەڵ ئەوەشدا ئیمانم پیێ هەیە، بەلاّم دەمەوێت بە رەغبەتی خۆی بێت، نامەوێت شتێك بەسەر خەڵکدا بەسەپێنم کە حەزی لیێ نەکات، ئەگەر زۆرینە حەزی لیێ کرد، ئەوە دەیکەم، ئێستا چاوەڕوانی ئەوەم، ئەگەر ئەوان وەلاّممان بدەنەوەو ریفراندۆم بکەن، هەندێك کۆلیژ هەیە حەز دەکات، ئێمە شەرت نییە لە هەموو کۆلیژەکان دەست پیێ بکەین، با لە هەندێك کۆلیژەوە دەست پیێ بکەین، ئێمە کاتی خۆی کە قوتابی بووین زەی موەحەدمان لەبەر دەکرد زۆر مورتاح بووین و فەقیر و دەوڵەمەند یەکە، دوایێ بەلای کەمی بۆ حەرەمی جامیعی، ئەگەر یەکێکی غەریب هات دیار دەبێت و شکلێکی جوان دەدات، بەلاّم ئەوە مانای ئەوە نییە من شت فەرز بکەم، ئەمڕۆ رۆژی ئەوە نەماوە.

سەبارەت بە هەڵبژاردن بۆ پۆستی سەرۆك، ئەوانە وەکو گوتمان پاش راپەڕین ئێمە تەجروبەیەکمان کرد، تەجروبەکە بە رەئی خۆم کە تێدا بووم فەشەلی هێنا، سەرۆکی زانکۆ و راگرەکان بە هەڵبژاردن کرا، ئێمە نامانەوێت ئەوە دووبارە بکەینەوە، خەڵکێك هەیە حزبێك تەئیدی دەکات، یان خەڵکێك تەئیدی دەکات، ئێمە تەعامول لەگەڵ موئەسەساتێکی عیلمی دەکەین، با زەوابت و تەعلیمات دانێین بەپێی ئەو زەوابتە خەڵك دانێین لەسەر کەفائەت و لەسەر قابلیات و لەسەر ئەوەی ئەو شەخصە چەند موخلیصە بۆ وڵاتەکەی خۆی ئینتیمای وەتەنی خۆی چیە، چەندمان هەیە بۆ ئیشەکە، با ئەو کەسانە هەڵبژێرین، با وای لیێ نێت یەکێك دەربچێت هیچ مواصەفاتی تێدا نەبێت، ئەگەر عیلم وای لیێ بێت، وەکو حزبی لیێ دێت بەڕاستی، ئەگەر بڵێی زانکۆیەکان وای لیێ بێت بە هەڵبژاردن بێت وەکو حزبەکانی لیێ دێت، من لەگەڵ ئەوەدانیمە، بەلاّم ئەوە رەئی خۆمە.

ئاستی زانستی کە هەندێ کەس دەڵێت دابەزیوەو شتی وا، بەڕێزان ئێمە دەبێت پێوەرمان هەبێت بۆ ئاستی زانستی، کە دەڵێت ئاستی زانستی دابەزیوە پێوەر چیە؟ ئێمە دەبێت قسمی عیلمی و رێژەی مامۆستا بۆ قوتابی چەندە، ئامێرەکانی موختەبەر ئەو تەجروبەیە هەر مەکتەبێك چەند کەس لەسەری ئیش بکات،

چەند تەلەبە لەسەر یەك کۆمپیوتەر ئیش دەکات، مەنهەجی دیراسەکە چەندە، تەقویمی جامعی چەند هەفتەیە، موفرەداتەکە چەندە، ئەمە هەمووی فاکتەرێکن بۆ ئەوەی ئاستی زانستی پێ قیاس بکەیت، ناکرێت وا بە موتلەقی من بڵێم ئەوە خراپە، ئەوە بەرزە، ئێمە جیهازێکمان هەیە لە وەزارەت دامانناوەو ئیشی لەسەر دەکەین پێی دەڵێین (کۆلێتی ئینشورانس)، ئەوە جیهازی تەقویمی عیلیمیە، بۆ ئەوەی ئاستی زانستی بەشەکان و مامۆستایان و قوتابی، نەوعە تەقویمێك هەیە لە جامیعاتی ئەمریکی بەکاری دەهێنن پێی دەڵێن (سێلفە سێلفمێنت) تەقویمی زاتی کە ئێستا نیمانە، کە پاش ئەوەی ئەو شتانەمان کرد، ئێمە دەتوانین زانکۆی خۆمان تەقیم بکەین، زانکۆیەکانی دنیا کەرانکیان بۆ خۆیان داناوەو تەسلسول لەسەر ئەوانە ئەو زانکۆیە بەحسی عیلمی لێی چەند پێشکەوتووە، چەند کۆمەڵگایە خەریجەکانی لە کوێ تەعین بوون، ئایا ئیشیان دۆزیتەوە، نەیاندۆزیتەوە، هەندێ زانکۆی موعتەرەف هەیە زوو کاری خەریجی و زانکۆیی دادەمەزرێنێ، ئەمانە هەمووی عەلامەتێکن، موئەشیراتێکن، کە تۆ ئاستی زانستی زانکۆیەك هەڵسەنگێنیت، چونکە ئاستی زانستی وا بە موتەلەق باس ناکرێت، جا ئێمە لەسەر ئەو ئوسوسانە ئیش دەکەین، بۆ ئەوەی ئاستی زانستی زانکۆیەکانمان هەڵسەنگێنین.

ئەوە راستە دەڵێێن زۆربەی مامۆستایان دەرس دەڵێنەوەو دەڕۆن، ئێمە قانونی خدمەی جامیعیمان هەیە، مامۆستا دەبێت بەلای کەمی (45) سەعات تەواجودی هەبێت، تۆ موخەصەصاتی دەدەیتێ، تەفەروغی عیلمی موخەصەصاتی جامیعی دەدەیێ لە (100٪)، ئەو دەبێت جەدەوەلەکەی چەند سەعاتی هەیە، لە هەفتەی دەبێت بیست سەعات بێت (25) سەعاتەکەی تر دەبێت ئامادە بێت سەعاتی مەکتەبی هەبێت، سەعاتی مەکتەباتی هەبێت بۆ ئەوە، دەبێت ئەو شتانەی هەمووی هەبێت، بەداخەوە باشە کولیەیەك ئەگەر ئەوەی نەبێت ئەوان بەخۆیان موقەسیرن، ئێمە کۆبوونەوەی فراوانمان لەگەڵ هەموو زانکۆیەکان کردووە، ئەمساڵ سێ جار لەگەڵ هەر زانکۆیەك کۆبوونەوەم کردووە، چەندین جار لەگەڵ ئەنجومەنی زانکۆیەکان کۆبوونەوەم کردووە، من زیاتر لە (50 – 60) جار کۆبوونەوەی فراوانم لەگەڵ زانکۆیەکان کردووەو هەموو ئەو رێنماییانەم داوە پێیان، بەڵام ئەوە فەترەی دەوێت و گۆڕینی هەندێك کارمەندی ئیداری دەوێت، یەعنی بەراستی ئیشی دەوێت، دەوامی فیعلی کە لە (11/1) دەست پێ دەکات، ئێمە تەقویمی زانکۆمان داناوە، بۆ هەموو مەراحیلەکان تەنها سەفی یەك نەبێت، ئەوانی تر کە مەرحەلەی دوو و سێ و چوارە، تەقریبەن لە (9/23)ەوە دەست پێ دەکات زانکۆیەکان، ئێستا لەگەڵ وەزارەتی پەروەردە خەریکین لەسەر ئەو تەقویمە رێك بکەوین بۆ ئەوەی عوتلەی نیوەی ساڵ، چونکە بەراستی مانگی سێ هەمووی عوتلەیە، مانگەکانی تریش زۆر دەفەوتێتن ئەو هەفتانە، یەعنی بەشێوەیەکی وا رێککەوتووین لە (3/11) تاکو (3/25) ئەوە بکرێتە عوتلەی نیوەی ساڵ، چونکە ناکرێت من عوتلەیەك بکەم، وەزارەتی پەروەردە عوتلەیەکی تر بکات، تۆ لەگەڵ منداڵەکانی خۆت نەبیت و ئیستیفادە نەکات، دەبێت تەنسیق بکرێت و باسمان کردووە، ئەگەر لە ئەنجومەنی وەزیران قەراری لێ درا ئەوە ئەو عوتلەیەی دەکەینێ، جگە لەوەش ئەوان سێ مانگ دەخوێنن، بەنیسبەت قوتابخانەکان لە (9/1)ەوە، پاشان لە مانگی دوازدەش لە

(12/25) کە عوتلەی برا مەسیحیەکان دەست پێ دەکات، ئەویش هەفتەیەکیان بدەینێ پاشی ئەو سێ مانگە وەکو ئیسراحەت لە (12/25) تا (1/1) یەعنی ئەو پێنج، شەش رۆژە، چونکە بە فیعلی دەوام ناکرێت، پاش سێ مانگ خوێندنیش پشوویەکی پێویستە.

ئەوەی کە دەڵێت یەك کتێب هەیە بۆ هەشتا قوتابی، من دەڵێم دوو مانگ پێش ئێستا سێ ملیۆن و نیو دۆلار تخصیص کرا بوو بۆ کڕینی کتێب، ئەوانەی کە نایکڕن خۆیان موقەسیرن، مەسەلەی کتێب بڕۆ لە رەئیس قسمەکەو عەمید پرسیار بکە، پارە هەبووەو (150) ناشری دوەلی بەشداری کردووە، چل هەزار عینوان هاتووە لەو پێشانگایە دوەلیەی کتاب، باشە بۆ نەیانکڕیوە؟ پارە هەبووەو شت هەبووە، لیژنەم تەشکیل کردووە، کە نەیان کڕیوە خۆیان موقەسیرن، من وەکو وەزارەت هەموو شتم بۆ دابین کردوون.

بەنیسبەت بۆردی پزیشکی، کاك دکتۆر ئێمە پارەکە دەستمان کرد بە وەزارەت، پارەکە بوارمان بۆ نەرەخسا، ئێستاکە هەیکەلیەت و شتمان ئامادە کردووە، بۆ ئەمساڵ ئینشائەڵلا دەستی پێ دەکەین، دەزانین ئەوە زۆر زۆر زەرورییە خەڵکی ئێمە هێشتا ناتوانێت بچێتە بەغدا، بەلام زۆر زەروریشە لەگەڵ ئەو هەیئەی کە لە بەغدا هەیە لەگەڵ دکتۆر نزارو ئەوان تەنسیق بکەین بۆ ئەو بۆردە، چونکە جەنابت دەزانی ئیعتیراف ئەو بۆردە لە خۆیەوە ناکرێت، دەبێت بەلای کەمی لە مەرکەزی، لەوێوە زۆر کەسی وانیشی لێرە، بەلام ئەمساڵ دەستی پێ دەکەین، تەنسیقیشمان لەگەڵ وەزارەتی تەندروستی بەستووەو لەگەڵ دکتۆرە بەڕێزەکانیش.

سیستەمی میوانداری، تەبعەن ئێمە پارەکە کە کردمان ئەو سیستەمە حاڵەتێك تووش بوو بۆ خەڵکی خۆمان لە بەغدا خەڵکەکانی تر کە تەهدید دەکران، قوتابیەکانمان کە تەهدید دەکران و کە وەرگیرا بوون نەیان دەتوانی لەوێ دەوام بکەن، ئێمە بە میوانداری ئەو قۆناغەمان هێنایەوە قۆناغەکانی کۆتایی، سەف چوار و ئەوانە کە لێرە ئیمتیحان بدەن، ئێمە مەسئوول نینە دەینرینە شوێنێك لەوێ شەهادەکەی وەردەگرێت، بەلام ئەوەی سەف یەك و دوو بوو ئەوانەمان بە نەقل هێنایەوە، لەنێوان زانکۆیەکانی کوردستان پار هەندێك حاڵەت هەبوو کردمان، ئەمساڵ بڕیارمان داوە لەنێوان زانکۆیەکانی خۆمان نایهێڵین، چونکە ئەو زروفە ئەمنیە لەناو خۆمان نەماوە، لە کولیاتی ئەهلیش ئێمە بەهیچ شێوەیەك نایهێنینە کولیاتی رەسمی، یەعنی ئەوەشمان قەرار داوەو ئەوەش ناکەین هەر بۆ ئاگاداریتان، بەلام ئەمساڵ ئێمە تووشی کێشەیەکی زۆر گەورە بووین، دوو مانگە خەریکین تا چارەسەرمان کردووە، ئێمە (700) قوتابی یەزیدی لە موسڵ تەهدید کراوەو نەیانتوانی ئیمتیحان بدەن، ئێمە دانیشتین لەگەڵ جامیعەی بەغداو موسڵ و ئێرە لە (7/1)ەوە ئێمە خەریکین ئیمتیحاناتی ئەو (700) تەلەبەیە دەکەین (640) نەوع پرسیارمان داناوە، ئەو پرسیارانەی کە لە دهۆك نەبووە لە هەولێر دامانناوە، کە لە هەولێر نەبووە لە موسڵ داماننـاوە، ئێستا ئیمتیحانات لەوێ بەردەوامە، دوو رۆژ پێش ئێستا لە ئەنجومەنی وەزیران کتابێکی ترم بۆ هاتووە، کە (280) قوتابی مەسیحی مەهدەدن ناتوانن بچن ئیمتیحان بکەن، ئەو فەترەی کە ماوە ئەو ماددانەی کە ئیمتیحانی لێ دەکەن، ئەوەی تر کە ماوە خستومانەتە دەوری دووەم، ئەو

**کێشانەو زۆر شتی گرنگ هەیە کە ئێمە سەرقاڵ دەکاتن و ئیشەو ئیشێکی زۆر زۆریشە، ئەوە عەمەلیەکی بەسیت نییە، ئیمتیحانی بەکەلۆریە نییە، لە سەفی شەشی عیلمی، یان ئەدەبی یەك نەوعە پرسیار دەبنیت، ئەوانە هەمووی لە یەك قاعە ئیمتیحان بدەیت، من دەڵێم (640) نەوعە پرسیار هەیە، یەعنی تەسەور بکەن ئەوانەمان هەمووی بەشێوەی مێوانداری وەرگرتووە، ئەگەر ئەو شێوازی میوانداریە نەبێت، باشە جامیعەی موسڵ و جامیعەکانی تر ئەو دەرەجەیەم بۆ قەبول ناکات و بۆ حیساب ناکرێت، جا لەبەر ئەوە شێوازی میوانداری ئینقازی هەندێك خەڵکە، یەعنی مەخەرجێکە تاکو کێشەکانی چارەسەر بکەین.**

**مەنتیقەی کەرکووك ئێمە مەکتەبەکانی خۆمان و ئەوانەمان هەموو وەرگرتووە، بەڵام من لێتان ناشارمەوە کەرکووك زانکۆی لێیەو من نامەویٚ زانکۆی کەرکووك لە کورد بڕووتێتەوە هەمووی ئەویٚ مەترسی هەیە بیهێنمە هەولێر و سلێمانی، من لەگەڵ وەزیری تەعلیم عالی تەنسیقم کردووە، دەوروبەری رومادیە، تکریتە، تەلەبەی کوردی لێیە هەمووی با زانکۆی کەرکووك وەربیگرێت، بۆ بیهێنمە ئێرە زانکۆی لێیەو، با زانکۆیەکەی ئەویٚ ئیستیعابی بکات، دوایێ ئێمە لەگەڵ ئەو سیاسەتە نین بەڕاستی هەر شوێنێك زانکۆی خۆی هەیە با لەویٚ بێتن.**

**بەنیسبەت خوێندکارانی پارچەکانی تری کوردستان، ئێمە بەرنامەمان بۆ دیراسەتی ئەوەلی هەیە، بۆ دیراساتی عولیا ئەگەر یەکێك هەبێتن، ئێمە دیراساتی عولیا هێشتا نەقصێکی زۆرمان هەیە، ئێمە ئەولەویاتمان داوەتە وەزارەتی خۆمان موعیدەکانی خۆمان وەردەگرین، هەتا لە دەرەوەش خەڵك وەرناگرین، کەی ئەو کەموکوڕیەی مامۆستام دابین کرد، مامۆستای پسپۆر و ماستەرو دکتۆرام بۆ ئیختیصاصەکان دابین کرد، ئینجا من ئیعلانی دەکەم بۆ خەڵکی دەرەوەی وەزارەتی خوێندنی باڵا، ناکرێت ئێمە دەڵێین هەتا ماڵ هەبێت مزگەوت بەتاڵە، کە تۆ ئیحتیاجاتی خۆت هەیە، چۆن دەکرێتن بچیت خەڵك لە دەرەوە وەربگریت و من هێشتا خەڵکی خۆمانم پێ رانەگەیاندووە.**

**بەنیسبەت دەست تێوەردانی حزب، سەرۆکی هەرێمی کوردستان، من سوپاسی سەرۆکی پەرلەمان دەکەم لە جیاتی من وەڵامی دایەوە، بەڵام سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە کۆبوونەوەکەی لەگەڵ ئێمەدا زۆر تەئکیدی لەسەر ئەوە کردەوە کە کەس نابێت دەست لە کارەکانی عیلمی و خوێندن وەربدات، یەعنی ئەوە شانازیە بۆ ئێمە، ئەو پشتگیریەکی تەواوی ئێمەی کرد، هەر خۆی گوتی من دەست لە کاروباری دوو موئەسەسە وەرنادەم، یەکێکیان وەزارەتی عەدل، ئەویتریشیان وەزارەتی خوێندنی باڵا، یەعنی لەو شتانە دەعممان دەکاتن، ئەگەر خۆمان زەعیف نەبین و لە پۆستەکەو کورسیەکانی خۆمان نەترسێین بۆ ئەو شتانە قەبول دەکەین.**

**گرنگیدان بە ئەخلاق، منیش لەگەڵ ئەوەم، یەعنی ئەخلاقی کوردەواری ئیسلامییە، کەلتوری خۆمان هەیە، بەڵام ئەوەشتان لە بیر نەچێت ئەخلاق هەر لە زانکۆوە نایەت، لە عائیلەوە دێت، لە پەروەردە کردنی منداڵەوە دێت، ئەگەر یەکێك لاسەمەحەڵڵا ئەخلاقی نەبێت، من چی لێ بکەم، زانکۆ چی لێ بکات، بەڵام من هەندێ رێنمایی و زەوابت دەتوانم دانێم، ئەگەر زەی موەحەد بێت، یان مەسائیلی تر بێت، ئەگەر**

تەبەنی بکرێت، مومکینە هەندێ شت ئەوە دەکاتەوە، دوایێ ڕۆڵی مامۆستا گرنگە، من بۆ دەمەوێ مامۆستا تەفەروغ بکات، هەر مامۆستایەك ئیشراف لەسەر دە، پازدە کەس بکات، بۆ ئەوەی کاتی هەبێت، مامۆستای ئێمە کاتی نییە لەگەڵ خوێندکار و قوتابی قسە بکات، هەر لەو موحازەرەیە بۆ ئەو موحازەرەیە چەندان تەحمیل کراوە، ئێمە دەمانەوێت مامۆستا زۆر بێت عەددی سەعاتیان کەم بێت، بۆ ئەوەی ئەو پرۆگرامەش جێ بەجێ بکرێت.

ئێوە نەتان هێشت راپۆرتەکەم بە تەفسیلی باس بکەم، یەکێك پرسیاری کرد دەڵێت گرنگی دان بە رێکخراوەی کۆمەڵگا مەدەنی، ئەگەر راپۆرتەکەم بە تەفسیلی باس کردبوایە، ئەوە باسی رێکخراوی کۆمەڵگای مەدەنی بە تەواوی تێدایە، من لەگەڵ چەند رێکخراوی مەدەنی گرنگیماندا و کۆبوونەوەمان کردووە، لەبەر ئەوەی ئەگەر من عەرزم بکرد بوایە، ئەو  پرسیارەم لێ نەدەکرا.

کاك عوسمان دەربارەی ریفۆرم ئالیەتی چیە، ئێمە پار ئیعلانمان کرد زەوابتمان داناوە، شروتمان داناوە، بۆ ئەوانەی کە تەقدیم دەکەن نابێت مەعدەلیان لە (70) کەمتر بێت، بۆ ماستەرو دکتۆرا، دەبێت ئیمتیحانی کەفائەتیان هەبێت، لوغەی ئینگلیزی و کۆمپیوتەرە، دەچنەوە ناو مونافەسە، ئیمتیحانی مونافەسە دەکات و ئیمتیحانی مونافەسەکە لەسەر (40) و ئیمتیحانی مەعدەلی ئەصڵی لەسەر (60)ە، پاش ئەوەی کە مەعدەلێکی یەکگرتوو دەردەچێتن، ئێمە ئیعلانی دەکەین بەپێی تەسلسولی ئیقتیصادی ئێمە ئیعلانمان کردووە، سێ کورسیمان هەیە دە کەس تەقدیمی کردووە، سێیەکەی یەکەم هەڵدەبژێرین و ئیعلانیشی دەکەین بۆ خەڵك، ئەگەر دەیەمەکە هەڵنەبژێردرا بێت، من دەڵێم پارساڵ یەکێك لەسەر ئەساسی حزبی وەرنەگیراوە، لەسەر کەفائەت بووە، بێنن نە حزب تەدەخولی کردووە، نە کەسیشمان وەرگرتووە، پێشان ئەوە کراوە من عیلاقم پێوە نییە، من وەکو گوتم لە کابینەی پێنجەمەوە من بەرپرسم لە وەزارەتەکەم، وەکو پێم گوتن دەڵێم یەك نامەم بۆ بێنن، کە لەسەر ئەساسی حزب وەرگیرا بێت، ئەو قوتابیەی خۆی بە مەغدور دەزانێتن لە هەندەسەی میکانیکی با موراجەعەمان بکاتن بزانین کێشەکەی چیە، تا حەقەکەی خۆی بدەینێ، من نازانم بەراستی لێرە ناتوانم وەڵامی ئەو پرسیارە بدەمەوە، بەڵام ئەو قسمەی هەندەسەی میکانیکییە، ئێمە (354) قسممان هەیە، تۆ میسالێکم بۆ دەێنیەوە لەو (354) کەسە، دەبێت ئەوە لیژنەی تایبەت هەیە، ئێمە لێ دەکۆڵینەوە، وەکو گوتم مەجموعەیەك پار لە سلێمانی وەرنەگیراون، ئێمە لیژنەیەکمان تەشکیل کرد، ئەوانەی حەقیان خورا بوو وەرنەگیرا بوون، جەنابت باسی یەکێکت کرد، من باسی بیست، سی کەسم بۆ کردی، ئەوانەمان هەمووی گەڕاندەوەو کتابەکەشیان هەیە، گوتم با بگەڕێنەوەو وەربگیرێن، چونکە غەدریان لێ کرا بوو، جا من کە دەڵێم عەدالەتیش خۆ موتلەق نییە، ئێمە ناتوانین ئەوەندە عەدالەت بین بە دزیش شت هەر دەکرێت، بەڵام موهیم ئەوەیە ئێمە نەیکەین، وەکو سیاسەت لە سەرەوە نەیکەین، ئەگەر لە ژێرەوە دەرکەوێت بۆمان، ئێمە رەفزی دەکەینەوە.

دکتۆرە رۆژان باسی ئەوەی کرد ژمارەی قوتابیان لە کۆلیژەکان تاقەی ئیستیعابیان زیاترە، راستە، بەڵام ئێمە تاکو ئێستا ئەوە بڕیارێکی سیاسی گەورەیە، ئێمە لە (100٪) ،قوتابی وەردەگرین، ئێستا لەو

بارودۆخە پار ساڵ (22) هەزارمان وەرگرت، ئەمساڵ (38) هەزار قوتابی چۆتە ئیمتیحانی بەکەلۆریا، ئێمە تەخمین دەکەین (35) هەزار تەلەبە، (25) هەزار تەلەبەمان بۆ بێت، ئەو زیادەی کە دەمێنێت ئەو (5) هەزارە چی لێ دەکەین، ئەگەر بڕیارێك هەبێت لێرە، یان لە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران بڵێن هەموویان وەرمەگرن، لە کاتێکدا تۆ ناتوانیت ئیشیان بۆ دابین بکەیت، مەراکزی ئەوەت نییە فێری میهەنی و شتیان بکەیت، ئایا مەسئوولیەتی ئێمەیە کە ئەمانە، لەبەر ئەوە سیاسەتی وامان کردووە کولیاتی ئەهلیمان دروست کردووە، بۆ ئەوەی تاقەی ئیستیعاب و هەندێکیان بۆ کولیاتی ئەهلی بچن، خوێندنی ئێوارانمان دروست کردووە، بۆ ئەوەی ئەو خەڵکەی وەرناگیرێن لە خوێندنی ئێواران وەربگیرێن، ئەوانە هەمووی شتی موازینەو دروستمان کردووە، بۆ ئەوەی ئەو خەڵکە وەربگرین، من نووسراوێك دەنووسم بۆ سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان ئەگەر پێمیان گوت لە سەدا ئەوەندە وەربگرە، من جێ بەجێی دەکەم، بەڵام من وەکو وەزارەت سەلاحیەتی تەعلیم عالیم نییە نیسبەیەك وەربگرم و نیسبەکیش وەرنەگرم، یەعنی ئەوە دەبێت بزانرێت، چونکە ئەو خەڵکەی کە تەخەروج دەکات، تا ئێستا وا بووە بەشێوەیەکی قبول مەرکەزی لە (100٪) وەرگیراوە.

ئەوانەی لە دەرەوەی هەرێم دێن، ئەوانەی بە لاتینی و شت دەنووسن، بۆ ئاگاداریتان پارساڵ ئێمە ئەوانەمان وەرگرت ساڵێکی تەمهیدیمان بۆ دانان، ئێستا کۆرسی زمانی ئینگلیزی و عەرەبی و کوردیمان بۆ کردینەوە، کە پاش ئەوەی لەو ساڵە تەهیئە دەبن لەو زمانە، ئینجا دەیانخەینە ئیختیصاصەکان، یەعنی وەکو ساڵانی پێشوو یەکسەر نەچووینە سەر ئیختیصاص، ئەوەش موعالەجە کراوە.

ئەو (2500) قوتابیەی سان کلیمێنتس، نازانم ئەوان نە پرسیان بە ئێمە کردووەو لە خۆیانەوە چوونە خوێندیتیان، ئیجازەیان لە ئێمە وەرنەگرتووە، بەڵام ئێمە لەگەڵ ئەوەشدا خەریکی چارەسەر کردنی کێشەکەیانین، یەعنی ئەوە بەردەوامە، هەرچەندە هیچ عیلاقەیەکیان بە ئێمەوە نییە، چونکە هیچ رێککەوتنێکیان لەگەڵ ئێمە نییە، یەعنی ئێمە تەرفێك نین.

ئەهمیەتی تەعلیم عالی لە ئەمریکا، لە دەوڵەت زۆرە، ئێمەش دەمانەوێت تەعلیم عالی لە کوردستانیش ببێتە مەرجەع، نەك بۆ حکومەت، بۆ کەرتی تایبەت و پێداویستیەکانی کۆمەڵیش، لەبەر ئەوە بڕیارمانداوە دەزگای توێژینەوە دروست بکرێت لە هەموو زانکۆیەك، کە تاکو ئێستا نەبووە، لەبەر ئەوە بڕیارمانداوە مودیریەتێك بەناوی مودیریەتی کۆمەڵ دروست بکرێت، بۆ ئەوەی بزانرێت پێداویستیەکانی کۆمەڵ چیە، نەك موئەسەساتی، بەڵکو ئەوانی تریش.

برادەرێك دەڵێت لە وەزارەتی تەعلیم عالی کار ناڕوات و شەش مانگە کتابەکەی لەوێ ماوە، بۆ ئاگاداریتان ئێمە لەو کاتەی وەزارەت دروست بووە پەنجا هەزار موعامەلە سەیر کراوە، (26) هەزار کتاب بەس صادیر کراوە، (24)یش وارید کراوە، جا پەنجا هەزار موعامەلە لە ساڵێکدا تەقسیمی بکە، باوەڕ بکەن من تا دوو و سێی شەو بەس خەریکی بەریدم، یەعنی ئەوە ئەگەر موعامەلەی نەڕۆیشت بێت، دیارە خەلەل لە شوێنێك هەیە، با بێتن رۆژی سێ شەممەمان بۆ هاوولاتیانە بۆ موقابەلات، با بێت فەرموو شتی خۆی تەقدیم بکاتن،

بەس ئەو سێ شەمە نا، سێ شەمێکی تر ئێمە سەیری داوایەکەی دەکەین، بەڵام ئەکید کێشەیەك لە شوێنێکی تر هەیە، لەوە زیاتر وابزانم ناکرێت، یەعنی تەسەوری حەجمی موعامەلات بکەن، کە ئێمە ئەنجاممان داون.

پەیوەندی نێوان قوتابی و مامۆستا باش نییە، هۆیەکەی چیە، هۆیەکەی زۆرە، ئەوە دیراسەیەکی تەواوی دەوێت و بەحسی دەوێت، ئێمە ئێستا تەقریبەن حەفتا رێککەوتننامەمان هەیە، شەش زانکۆی ئێمە لەگەڵ زانکۆیەکانی دنیا کردوویانە، من زۆر خاڵ هەیە موافەقەم کردووە لەو رێککەوتننامەیە، سەبەبی ئەوەیە مامۆستایەکانی ئێمە، بزانن مامۆستا کە دەچێت چۆن وانە دەڵێتەوە، چۆن هەڵسوکەوت لەگەڵ قوتابی دەکات، دەبێت ئەویش لە ئاستی ئەو بێت، کە دادەنیشێت لەگەڵ ئەوەی دنیا، ئەگەر ئەو تەفاعولە نەکرێت، ئێمە لە دنیا دابڕاوین، ئێمە بیست ساڵ زیاترە دابڕاوین، ئێستا دەرگا بەرەو روومان کراوەتەوە، ئێوە دەبێت پەلە نەکەن، ئەوە پرۆسەیەکی تەربەویە، پێویستی بە کات هەیە، پێویستی بە دیراسەت هەیە، پێویستی بە زۆر شت هەیە، شتی شەخصی هەندێ جار، ئێمە هەتا دامودەزگای خۆمان نەکەینە دامودەزگایەکی ئەوەی کە حوریەتمان هەبێت، لەبیر کردنەوە، لە پرسیار دروست کردن، هزرمان ئازاد نەبێتن، هەروەها دڵی لێبوردەییمان نەبێت، یەکێك رەخنەمان لێ دەگرێت، نەبێت بە دوژمنمان، ئێمە ناتوانین ئەو شتە راست بکەینەوە، کە جەنابتان پرسیارمان لێ دەکەن، چونکە پرسیارێکی زۆر گەورەیە وا ئاسان نییە بەڕاستی.

زەمالەی ناردن بۆ دەرەوە لەسەر ئەساسی عیلمی، ئێمە پلانمان داناوە لەسەر ئەساسی عیلمی بێتن، بۆ کەم ئەندامەکان بەڕاستی زۆر کەم تووشی ئەو حاڵاتانە بووین، ئێمە پارساڵ یەك، دوو حاڵەت هەبوو بۆ گواستنەوەو شتی وا بەدەر لە رێنماییەکان کە ئێمە ئەندام و شتی وا، ئێمە هاوکاریمان کردوون، یەعنی تەسهیلات هەیە بۆ کەم ئەندامەکان، ئەوە ئێمە بە واجیبی خۆمانی دەزانین.

پلانی تەعین کردن لەگەڵ ئەوەی ئێمە، ئێمە لەگەڵ هەموو وەزارەتەکان تەنسیقمان هەیە، مەسەلەن من لەگەڵ وەزارەتی پەروەردە تەنسیقم کردووە، لەبەر ئەوە دەبینین لە قەزایەکان کۆلیژی پەروەردەم کردۆتەوە، ئەوان نووسیوویانە کۆلیژی تر، بۆ ئەوەی چەند پێداویستیان هەیە لە ئینگلیزی و لە ریازیات و لە فیزیا، ئەوان چەند پێداویستیان هەیە، ئەو پێداویستیانەی ئەو ناوچەیە، من سەردانی بەڕێز وەزیری پیشەسازیم کردووە، ئێستا ئێمە ئینتیزاری ئەو ستراتیجیەتەی حکومەتی هەرێم دەکەین، بزانین بە چ ئیتیجاهێك دەوڵەت دەڕوات، ستراتیجیەتی چیە، بەرەو وڵاتێکی صناعی دەڕوات، کشتوکاڵی دەڕوات، ئەمانە هەمووی لە بەرنامەی خۆمان، ئەو کاتەی وەزارەتی پلانداتان پلانی خۆی دادەنێ، لەسەر ئەو ئەساسە پلانی قبول کردنی تەلەبە دادەمەزرێنین، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا مەسەلەن لەگەڵ وەزارەتی تەندروستی پەیوەندیمان هەیە چ ئیختیصاصێکتان دەوێت، گوتیان پەرستیاریمان دەوێت، ئێستا قانونی ئیستیسمار دەرچووە، ئێمە پارساڵ مەعهەدێکی سیاحی فەندەقەمان کردەوە، خەڵکمان دەوێت پێ بگەیەنین، چەند مەعهەدی پەرستیاریمان کردەوە، یەعنی لەو بوارانە ئێمە هەنگاومان ناوە، بەڵام دەبێت وەزارەتی پلاندانان

بمانداتێ بڵێت ئەو شتانە بۆ ئایندەیـە، دوایـێ ئـەو بەتاڵـەی هەیـە، ئێسـتا بەتاڵەیـەکی موقەنەعـە، چونکە هەموو خەڵك رووی لە حکومەت کـردووە، روویـان لـە دەزگایـەکانی حکومی کـردووە، ئێمـە دەبێـت کـەرتی تایبەت بکەین ئیش لەوێ بۆیان بدۆزینەوە، هەتا ئەوە تەنزیم نەبێتن بەتاڵەکە هەر دروست دەبێت.

دەورات بۆ مامۆستا کراوەتەوە، ئەوانـەی لـە خـاریج دێنـەوە علـومی ئیسـلامی بەڕاسـتی مەحـدودە، یـەعنی کولیەی شەریعە هەیە لێرە، یەعنی مامۆستایەکی زۆر زیادیان هەیە، ئەو مامۆسـتایانەی کـە دێنـەوە، ئێمـە راپرسی ئەوان دەکەین، ئایا پێویسـتان بـەوە هەیـە، ئەگـەر بڵێـن بـەڵێ، یەکسـەر تـەعینیان دەکـەین، بـاوەڕ بکەن هـیچ سـەبەبێکی تـر نییـە، ئێمـە خۆمـان کولیـەی شـەریعەمان کردۆتـەوە، ئێسـتاش ئـەو رۆژە چووم کۆبوونەوەم لەگەڵ کردن گوتم شەریعە بە تـەنها کـاڤ نییـە، بیکەنـە علـومی ئیسـلامی بـا شـەریعە بەشـێك بێت لێی، فەرعی تری لێ بکەنەوە، بۆ ئێوە تەنها شـەریعەتان گرتـووە، بـۆ ئـەوەی شـتەکانی دیکـە حیـواری ئـەدیان هەیـە، مەسـائیلی دیکـە هەیـە، زۆر بابـەت هەیـە بەڕاسـتی دەبێـت تێـی بخرێـت، ئێمـە گوتمـان کـەموکوڕیمان لـە بەرنامـە هەیـە، جـا لەبـەر ئـەوە ئێمـە کـاری بـۆ دەکـەین بـۆ سـاڵی ئاینـدە، ئـەوەی کـە موراجـەعاتی شـەهاداتی پێشـوو دەکـاتن، مـن گـوتم ئـەوە بـەڕێز سـەرۆکی پەرلـەمان دەڵێـت ئێمـە شـتی وا ناکەین، ئەگەر دەتانەوێت موراجەعەی بکەنەوە فەرمانێك دەربکەن من جێ بەجێی دەکەم.

ئەوانـەی هەنـدێك پـارە وەردەگـرن، پـارە وەرنـاگرن چوونەتە دەرەوە، بـا موراجەعـەی بەڕێوەبـەری گشـتی بەعسـات دکتـۆر ئەحمـەد دزەیـی بکـەن بـا بـزانن کێشـەکە چـیە، بـۆ ئـەوان وەردەگـرن و ئـەوانی تـریش وەرناگرن، چونکە ئێمـە ئوسوسـێکمان دانـاوە دەبێـت هـەموو وەربگـرن، ئەگـەر وەرنـەگرن دیـارە خەلـەلێك هەیە.

یـەکێك دەڵێـت جامیعـات مەعمـەلی بـێ کاریيـە، ئێمـە دەمانـەوێت ببینـە مەعمـەلێك بـەپێی پێداویسـتی کۆمەڵێك خەڵك ئامادە بکەین، بەڵام ئەگـەر کۆمـەڵ، خـەڵك خـۆی تـەنزیم نـەکرد بێـت، ئـەوە خـەتای مـن نییە، ئێمە ئێستا سەیر دەکەین دەبێت پلانمان بۆ بێـت، کـە پێویسـتیان بـە چ ئیختیصاصـێکە، ئەگـەر ئـەو زانکۆیانە نەبوانە، ئەو هەموو کادیرانەی ئێستا دامودەزگایەکانی حکومەت بەڕێوە دەبەن لە پـاش راپـەڕین لـە کـوێ دروسـت دەکـرد، یـەعنی ئـەوە پرسـیارێکە دەبێـت وەڵام بدرێتـەوە، ئەوانـەی کـە دروسـت بـوون مەسئوولینیشی تێدا بوو، یەك بە خۆم خەریجی جامیعەی سلێمانیم هـەمووی لـەو زانکۆیانـەی کوردسـتان ئێمـە تەخـەروجمان کـردووە، مـن لـە بەرپرسـەکان و خەڵکـەکانی تـر، لـەو هـەموو دامودەزگـا گەورانـەی حکومەت بەڕێوە دەبەن، ئەمە ئەوە واناگەیەنێت کە زانکۆیەکان رۆڵیان نەبووە، بەڵام بودجـەیان مەحـدود بووە، ئابلوقەی ئابووریان، یەعنی تا ساڵی 2003ش ئێمە نەماندەتوانی ئامێرێك داخیلی کوردستان بکەین، ئامێرێکی موختەبەری زۆر شت لێمان مەنع بوو، باشە من زیاراتی هەموو بەشەکان و زانکـۆم کـردووە، مـن دەزانم کەموکوڕیەکانیان چیە، بەش بە بەش سەردانیانم کردووە، لەگەڵ مامۆستایەکان کۆبوونەوە.

مامۆستایەکی تر پرسیاری لێ کردم دەربارەی ئەوەی کە دکتۆرە شوکریە رایسـپارد ئەوانـەی راسـب دەبـن و پرسـیار گرانـە، مـن لـە ئیمتیحانـات چوومەتە هـەموو زانکۆیـەکان، تەبعـەن سمـپڵم هەڵبـژاردووە، نموونـە

چوومەتە ناو قاعە پرسیارم لە تەلەبە کردووە، پرسیارەکە چۆنە، شاملە، زەحمەتە، وەقتەکە بەش دەکات، پرسیاری ئەساسیم لێ کردووە، یەعنی چوومەتە زانکۆی سلێمانی و زانکۆی دهۆك و کۆیە و ئێـرەو هـەموو زانکۆیەکانم کردووە، بۆ ئەوەی تەسەورێك دروست بکەم بزانم پرسیار چۆن دادەنرێت، لەسەر ئەو ئەساسـە قەرارم وەرگرتووە، ئەوانەی کە پرسـیاران زەحمەتـە لـە چـەند مـاددە دەکـەون لـە دەوری دووەم ئیمتیحـان بدەنەوە، دوایێ من پێش ئیمتیحانات کۆبوونەوەم لەگەڵ مامۆستایان کـردووە، گوتومـە مرونـەتان هـەبێت، ماددەکە شامل بێت، ئەو ماددانەی کە خۆتان دەیڵێنەوە ماددەیـەکی وا مەینـەوە کـە تـەعجیزی بـێ، دوایـێ مەجلیسی قسم کـە قـەرار دەدات، ئەگـەر ماددەیـەك خەلـەلی تێـدا بـوو کێرڤـی بـۆ دروسـت بکـەن، بـزانن سەبەبی ئەوە چیە، ئـەوە دەگەڕێتـەوە بـۆ قسـمە عیلمیـەکان، مـن بـۆ مامۆسـتا زانسـتیەکان لـە کۆبوونـەوە هەمووم بە تەفسیلی باس کـردووە، خـۆ ناکرێـت هـەموو وردەکارییـەك تـۆ بیکەتـە قـەرارێك و فـەرمانێکی وزاری پێ دەربکەیت، ئەی ئەو کۆڕ و کۆبوونەوانە، ئەی سـەرۆکی بـەش بـۆ چـیە؟ عەمیـد بـۆ چـیە؟ ئێمـە ئەرکی خۆمان کردووە، بـا زانکۆیـەك بەشـێك هـەبێت، جامیعەیـەك هـەبێت، مامۆسـتایەکە بڵێـت نەمـدیوە کۆبوونەوەیەکی فراوانم لەگەڵ نەکردووە، ئەو رێنماییانـەمان پـێ رانەگەیانـدووە، رێنمـایی ئیمتیحـانی کـە ئیشی وەزیر نییـە، بـە تەفسـیلی چـوومەتە نـاوی موناقەشـەم لەگـەڵیان کـردووە، جا خەلـەل هـەر دەبێـت، یەعنی تۆ ئەگەر بتەوێت لە (354) قسم، قسمێك خەلەلی تێدا نەبێت، ئەوە هـەر دەبێـت، ئێمـە بـۆ ئـەوە کار دەکەین، بۆ ئەوەی ئەو شتانە وردە وردە راستی بکەینەوە، من لە کۆتاییدا دەڵـێم ئـەم ئەرکـە ئـەرکێکی زۆر قورسە، ئێمە راستە ئیشمان زۆر کردووە، بەڵام ئیشـێکی زۆریـش مـاوە، یـەعنی ئـەو ئیشـەی کـە کـراوە قەترەیەکە لە بەحر، خوێندنی باڵا تازە کەوتووە، دەمانەوێت بیخەینەوە سـەر سـیکەی خـۆی، چـەند سـاڵە وەکو گوتم ستراتیجیەتی و شتێکی موەحەد نەبووە، هەر یەکە بەلای خۆی رایکێشاوە، ئێمەش خیـبرەو ئـەو شـتەمان نـەبووە، تـازە جامیعـە دروسـت بـووە، وەکـو ئـەوروپاو وڵاتـانی پێشـوو دوو سـەد، سـێ سـەد سـاڵ لەمەوبەر جامیعەمان نەبووە، عەیبیش نییە ئەگەر کەموکوڕیەك هـەبێت و شـتێك نـەزانین، بـەڵام عـەیب ئەوەیە ئەگەر دەست نیشانی شتێکمان کرد خەلەلی تێدا هـەبێت و چاکی نەکـەین، ئیسرار بکـەین لەسـەر غەڵەتەکە، پێمان بڵێن ئێمە لە خزمـەتین چاکی دەکـەین، بـا یـەکێك رۆژێـك راپـۆرتێکی نـارد بێـت، ئێمـە ئیمێڵێکمـان دانـاوەو کاروبـاری هاووڵاتیـان بـەڕێوە دەبـەین، چـوومە هـەموو زانکۆیـەکان دەڵـێم کاکـە ئیقتیراحـاتم بـۆ بنێـرن، زۆر کـەم هـاتووە، تـاکو ئێسـتا چـوار، پێـنج ئیقـتیراحم دەربـارەی شـتێك پـێ نەگەیشتووە، مەگەر خـۆم چـوو بم سـەردانم کـرد بێـت، جا ئێـوەی ئەنـدامانی پەرلـەمانی بـەڕێز کامـەتان رۆژێك ئیقتیراحێکتان بۆ من داناوە، من ئیهتیمامم پێ نەدا بێت و دیراسەتم نەکرد بێت، من حـەز دەکـەم جەنابیشتان لێرەوە، چونکە نوێنەری خەڵکن، هەر کەس لە ناوچەیەکەوە هـاتوون، کێشـەی خـەڵك دەزانـن، موعاناتی خەڵك دەزانن پێمان بڵێن، بڵێن ئەو ناوچەیە ئەو شتەی دەوێـتن، ئـەوەی لـە ئێـوە دەوێـت، ئێمـە جێ بەجێی دەکەین، چونکە ئێمە جیهەتێکی تەنفیزین و دیراسـەتی دەکـەین، لـە کۆتاییـدا زۆر سوپاسـتان دەکەم، داوای لێبوردن دەکەم ئەگەر زیاتر وەقتم گرت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، وەڵامەکانت تێرو تەسەل بوون، وەڵامی پرسیارەکانت دایەوە، دەستخۆشیت لێ دەکەم و سوپاسیشت دەکەم، دڵنیاشم لەوەی جگە لەوەی کە بە ئەرکی خۆت هەڵدەستیت بە دڵسۆزییەوە، مولاحەزەی شتێکم کرد لەو دانیشتنە، کە تۆ گوتت ئەو ئیشەی کە پێی راسپێردراوی خۆشت دەوێت، سەرەتای ئیش کردنەکە هەر ئیشێك بێت خۆشت بوێت، ئێمەش ئومێدی سەرکەوتنت بۆ دەخوازین، ئینشائەڵلا ئەو بەرنامەیەی کە هەتانە جێ بەجێی دەکەن، داوا لە لیژنەی پەروەردەو خوێندنی باڵاش دەکەم بەدوای ئەرکەکانی خۆیاندا بچن و سەردانی وەزارەت بکەن و پێشنیار و شتیان هەبێتن لەگەڵ ستافی وەزارەت موناقەشەی بکەن و، دواتریش رۆژێك دادێت لەو دانیشتنە دەڵێن جەنابی وەزیر داوای کرد گوێشمان لێ دەبێت، بەلام دیسان هەر رزگار نابین لە پرسیار و وەلام.

**بەڕێز د.ادریس هادی صالح/وەزیری خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من یەك داواکاریم لە ئێوەی بەڕێز هەیە، من داوای پشتگیری لە ئێوەی بەڕێز دەکەم لە هەموو خەتوەیەکی یاسایی کە دەیکەم، ئەگەر نایاساییە لێم قەبول مەکەن، تکاتان لێ دەکەم ئێوە ئەندام پەرلەمانن، بەس لەوەندە زیاتر داوای هیچ شتی تر ناکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، ئێمە داوات لێ دەکەین ئەوەی کە من گوتم قەراری رەجعی، مەقصەدم ئەوەیە بە قەراری ئەسەری رەجعی ناکرێت، بەلام دەستخۆشی لەوە دەکەین، کە بە هیچ شێوەیەك بە واستەو بە تەدەخولاتی حزبی خوێندکار لە هیچ مەرحەلەیەکی زانکۆ و خوێندنی باڵا وەرنەگیرێت، ئەوە کاری ئێمەش ئاسان دەکاتن، چونکە ئەگەر پێنج حاڵەتان وەرگرت دەبێتە پازدە، دەبێتە پەنجا، ئێمەش پێی مەشغول دەبین و خەڵکیش یاخەی ئێمە دەگرێت، ئێمەش (100٪) پشتگیریتان لێ دەکەین و دەبێت ئەو بەرنامەیەشتان سەرکەوێت و بەو شێوەیەش خوێندن پێش دەکەوێتن، پێش ئەوەی کۆتایی بە دانیشتنەکەمان بهێنین، بەیانی ئەو کۆنفرانسە هاوبەشە هەیە لە نێوان پەرلەمانی عێراق و پەرلەمانی کوردستان بە بەشدار بوونی حکومەتی هەرێم و رەنگە لێپرسراوانی بەغداش بێن لە لایەن دوو رێکخراوی ئاشتی و عەدالەت، رێکخراوێکی ئیتیالییە، هەروەها رێکخراوی هاوپەیمانەتی و نێو نەتەوەیەتی بۆ عەدالەت، کە لە ژێر ناوی فیدراڵیەت لە ناحیەی پراکتیکەوە، یەعنی عەمەلیەن ئەوە چۆنە و چۆن نییە، بۆ دانیشتنی بەیانی هەمووتان دەعوەتن، جا بۆ ئەوەی سەیارەکان ئیشکال نەبێتن ئیقتیراحێکی وا باش هەیە سەعات نۆ و نیو لێرە حازر بن بە دوو سەیارەی گەورە دەتان گەیەنینە ئەوێ، جا سەیارەکانتان لێرە بە جێ دەهێڵن، تەبعەن بەیانی بۆ جەلسەی ئیفتیتاحی هەمووتان دەعوەتن لەوێ دەبن، ژمارەیەکیش سەرۆکی لیژنەکان لە ئەندامانی لیژنەی دەستووری دەعوەتن و ئەندامن لە کۆنفرانسەکە، بێجگە لە بەشدار بوون لە دانیشتنی بەیانی ئەندامن لە تەوەرەکاندا بەشدار دەبن، چوار، پێنج رۆژ دەخایەنێت، ئومێد دەکەم کە ئیهتیمامێکی

باشی پێ بدەن، جگە لە فیدراڵیەت کە مەسەلەیەکی گرنگە، بەشدار بوونێکی باشی دەوێتن، فورسەتێکیشە بۆ زیاتر لەیەك گەیشتن لەگەڵ ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق تەواصوڵمان هەبێتن، تا دەگەینە ئەوەی پرۆتۆکۆلێك ئیمزا دەکەین لەنێوانمان، چۆن هاوکاری دەکەین، ئەوانیش ژمارەیەکی زۆر دێن لە بەغداوە بەشداری دەکەن لەوە، ئومێد دەکەم لەوە حازر بن، دوو بەیانیش رۆژی چوار شەممە سەعات دە دانیشتێکی هاوبەش دەکەین لەنێوان ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان و ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، ئەوانەی هاتوون لێرەن، تەبعەن جگە لەو ئەندامانەی ئەندامن لە کۆنفرانسەکە، ئەندامانی پەرلەمانی خۆشمان موخەیەرن دەتوانن بێن، یان نەیەن لەبەر جێگایەکە، نەوەك نا هەمووتان وەرن، ئەوانیش چل، پەنجا کەسێکیان دێن، ئەندامانی پەرلەمانیش ئیختیاری خۆیانن بێن، بەلآم ئەوانەی ئەندامن لە کۆنفرانسەکە دەبێت حازر بن، ئێوەش لەو کۆنفرانسە، یەعنی لەو دانیشتنە هاوبەشە هەموو ئەندامان دەتوانن بەشداری بکەن، تەوەرەکەش لەوێ هەمان شتە باس کردنی دەستوورە، دەسەڵاتە هاوبەشەکانە، مەسەلەی فیدراڵیەتە، موناقەشاتە، یەعنی هەر کەسێك دەتوانێت موناقەشە بکات، جا بەیانی لە سەعات نۆو نیو لێرەوە دەتان بەینە ئەوێ، کاك سەعد قسەی هەیە فەرموو.

**بەڕێز سعد خالد محمد امین/وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

جەنابت باسی ئەوەت کرد بە سەبەبی ئەو کۆنفرانسە چەند رۆژێك ئەندامانی پەرلەمان و بەڕێزتان مەشغول دەبن، جا ئەو ماوەیەی کە تەمدید کراوە بۆ پازدەی مانگ، جگە لە بودجەکە چەند پرۆژەیەکیش خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کراوە، ئەو مەسەلەیە چۆن دەبێتن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کۆتایی بە دانیشتنەکە دەهێنم، دوایێ وەلآمت دەدەمەوە، کۆتایی بە دانیشتنەکەمان دەهێنین تا دانیشتنی داهاتوو ئاگادارتان دەکەینەوە، جگە لەوەی کە باسمان کرد، بەنیسبەت وەلآمەکە جەنابت بودجە هەر وەختێکی راپۆرتەی یاسایی و ئەوانە حازر بێت بەردەوام دەبین، ئێمە پازدە رۆژ تەمدیدمان کردووە، بەلآم بەپێی نیزامی داخیلی خۆمان ئەگەر بودجە لە موناقەشەدا بوو پەرلەمان کراوەیە، تاوەکو کۆتایی پێ دێتن، کە کۆتایی بە بودجە هات، هەر پرۆژەیەك بەپێی ئەهمیەت پێویستی کرد دانیشتنێکی نائاسایی بۆ دەکەین، بۆ موناقەشە کردن، ئەگەرنا پاش ئەوەی کە کۆتایی بە بودجەکە دەهێنین عوتلەکەمان دەست پێ دەکاتن، ئەگەر دانیشتنێکی نائاسایی بوو ئەوە داواتان لێ دەکەین، زۆر سوپاستان دەکەم جەنابی وەزیر و برادەران هەمووی بەخێر بێن سەرچاوان بۆ دانیشتنێکی تر.

فرست احمد عبدالله
سكرتێری ئەنجومەنی نیشتمانیی
كوردستان – عێراق

محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی)
جێگری سەرۆكی ئەنجومەنی نیشتمانیی
كوردستان – عێراق

عدنان رشاد مفتی
سەرۆكی ئەنجومەنی نیشتمانیی
كوردستان - عێراق

# ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستان - عێراق

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (33)

دوو شەممە ڕێكەوتی 17\7\2007

خولی دووەمی هەڵبژاردن

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (33)

## دوو شەممە رێکەوتی 2007/7/17

کاتژمێر (10،30)ی سەر لە بەیانی رۆژی دوو شەممە رێکەوتی 2007/7/17 ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق بە سەرۆکایەتی بەڕێز عدنان رشاد مفتی سەرۆکی ئەنجومەن و, بە ئامادەبوونی بەڕێزمحمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی) جێگری سەرۆك و, بەڕێز فرست أحمد عبدالله سکرتێری ئەنجومەن, دانیشتنی ژمارە (33)ی خولی دووەم, ساڵی (2007) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی کار:**

بەپێی حوکمەکانی برگە (1)ی مادده (20) لە پێڕۆی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموارکراوی ساڵی 1992ی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق, دەستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەن بڕیاردرا دانیشتنی ژمارەی (33)ی خولی گرێدانی یەکەمی ساڵی سێیەمی خولی هەڵبژاردنی دووەمی پەرلەمانی کوردستان – عێراق, بەرنامەی کار بەم شێوەیە بێت:

1- خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی بودجەی هەرێمی کوردستانی عێراق و یاسای بودجەی هەرێمی کوردستانی عێراق بۆ ساڵی 2007.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی کوردستان دانیشتنی ئەمڕۆمان دەکەینەوە, بەرنامەی کار:

بەپێی حوکمەکانی برگە (1)ی مادده (20) لە پێڕۆی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموار کراوی ساڵی 1992ی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق, دەستەی سەرۆکایەتیی ئەنجومەن بڕیاریدا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە (33)ی خولی دووەمی هەڵبژاردن لە کات(10،30)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی دوو شەممە رێکەوتی 2007/7/17دا بەم شێوەیە بێت:

1- خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی بودجەی هەرێمی کوردستانی عێراق و یاسای بودجەی هەرێمی کوردستانی عێراق بۆ ساڵی 2007.

سەرەتا دەمەوێت بەناوی ئێوەی بەڕێزو سەرۆکایەتی پەرلەمان ئیدانەی توندی ئەو تاوانە گەورەیە بکەین، کە دوێنێ ئەنجامدرا لە لایەن تیرۆریستانەوە دژی خەڵکی بێ تاوانی کەرکووك، کە بووە هۆی شەهید بوونی

دەیان هاووڵاتی و بریندار بوونی دەیانی تر، دیارە ئەو کارە تیرۆریستییە وەکو هەموو کارە تیرۆریستیەکانی تر لە لایەن ئەو کەسانەی کە دوژمنی عێراقن، دوژمنی گەلی کوردستانن، دوژمنی دیموکراتین و، دوژمنی پێشکەوتنن ئەنجامی دەدەن، ئەم کارە تیرۆریستیەش لە وەختێکدایە، کە خەڵك چاوەڕوانی جێ بەجێ کردنی ماددەی 140 دەکاتن، دیاریشە یەکێك لە ئامانجەکانی، جگە لەوەی کە خودی تیرۆریستان چ ئامانجێکیان نییە غەیری کوشتن و تێکدانی کۆمەڵ و دەیانەوێت بەمەش وەزعی کەرکووك زیاتر ئاڵۆز بکەن، وەکو بەرنامەی فتنەی هەیانە بۆ هەموو عێراق، بۆ خستنە ناوکۆکی و دژایەتی لەنێوان سوننەو شیعە، دەیانەوێت بەم کارە تیرۆریستیەش ناو کەرکووکیش ئاڵۆزتر بکەن، پێکهاتەکانی کەرکووك و ژیانیان ناخۆشتر بکەن، بەڵام من پێم وایە ئیرادەی گەلی کوردستان و خەڵکی کەرکووك لەوە زۆر گەورەترە، تاوەکو تیرۆریستان بتوانن ئەو ئیرادەیە تێك بدەن، لەکاتێکدا ئیدانەی توندی ئەم کارە تیرۆریستیە دەکەین، سەرەخۆشی لە کەسوکاری شەهیدان دەکەین، ئینشائەڵلا جێگایان بەهەشتە، تیرۆریستانیش دەچنە جەهەنەم و دۆزەخی تاریخ، داواکارین و ئومێدیشمان وایەو لە خوای دەپارێینەوە، کە بریندارەکان زوو چاك ببنەوە، خەڵکی کەرکووکیش و هەموو کوردستان و هەموو عێراقیش بە زووترین کات زاڵ بن بەسەر تیرۆریستان و پلانەکانیان، داواتان لێ دەکەم بۆ گیانی پاکی شەهیدانی قوربانیانی تیرۆریست کە دوێنێ لە کەرکووك و شوێنەکانی تری عێراقدا شەهید بوون و هەموو شەهیدانی ڕێگای ئازادی دەقیقەیە بوەستن، فەرموون زۆر سوپاس، بەرنامەی کاری ئەمڕۆمان:

بەپێی حوکمەکانی بڕگە (1)ی ماددە (20) لە پێڕۆی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموارکراوی ساڵی 1992ی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان – عێراق، دەستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەن بڕیاریدا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە (33)ی خولی دووەمی هەڵبژاردن لەکات (10،30)ی پێشنیوەڕۆی ڕۆژی دوو شەممە ڕێکەوتی 2007/7/17دا بەم شێوەیە بێت:

1- خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی بودجەی هەرێمی کوردستانی عێراق و یاسای بودجەی هەرێمی کوردستانی عێراق بۆ ساڵی 2007.

سەرەتا بەخێرهاتنی بەڕێز کاك شێخ بایز وەزیر هەرێم بۆ کاروباری دارایی و ئابووری، بەڕێز کاك عوسمان شوانی وەزیری پلاندانان، بەڕێز کاك سەعد وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان، بەڕێز کاك ڕەشید بەڕێوەبەری گشتی وەزارەتی دارایی و ئابووری کە لە جیاتی بەڕێز کاك سەرکیس لێرە ئامادەیە، بەڕێز کاك دڵشاد بریکاری وەزارەتی هەرێم بۆ کاروباری دارایی و ئابووری دەکەین، زۆر بەخێر بێن سەرچاوان، داوا لە لیژنەی یاسایی و لیژنەی دارایی و ئابووری دەکەم بێن لە جێگای خۆیان دانیشن بۆ خوێندنەوەی ڕاپۆرتەکەیان، دەمەوێت دوو مولاحەزە لەسەر هینەکە بدەم، یەکەم/ لەبەر ئەوەی کاك سەرکیس لە سەفەردایە، بۆیە ئامادە نییە، کاك ڕەشید لەجیاتی هاتووە.

دووەمیش/ لەسەر داوای ئێمە کاك عوسمان شوانیمان دەعوەت کرد، هەم وەزیری پلانە، هەمیش شارەزایی هەیە لەوەی هاوکاری پەرلەمان بێتن لە موناقەشە کردنی ئەو بودجەیە، بەڵێ کاك شێخ بایز، عەفو کاك

شێخ بایز کاك فرسەت دەڵێت کاك شێخ بایز لە جیاتی کاك سەرکیس هاتووە، بەڵام کاك رەشیدیش وەکو خەبیرە بۆ ئەو مەسائیلانەی کە دەبوایە کاك سەرکیس وەڵام بداتن لێرە، فەرموو کاك بایز.

**بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی/ وەزیری هەرێم بۆ کاروباری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من تکام وایە هەردووکیان ئەم دوو بەڕێزە زۆر شارەزان و ئیشیان کردووە لە بودجەکەدا، یەکێکیان وەکو وەزارەتی دارایی، یەکێکیشیان وەکو وەزارەتی هەرێم بۆ کاروباری دارایی موداخلە بکەن و لە موناقەشەکاندا روونکردنەوەی خۆیان بدەن، تکام وایە موافەقەت بکەن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك دکتۆر دلێر شاوەیس راپۆرتی دارایی و ئابووری دەخوێنێتەوە، فەرموو.

**بەڕێز د.دلێر اسماعیل حقی شاوەیس:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەرەتا بەناوی لیژنەی دارایی و ئابوورییەوە داوای لێبوردن دەکەین، چونکە لە راپۆرتەکەماندا لەڕاستی دەقەکان بە عەرەبی هاتووە، لەبەر ئەوە هەوڵماندا دەقە عەرەبییەکان موحافەزە بکەین، بۆ ئەوەی تووشی ئیشکالاتێکی زمانەوانی نەبین و مەفهومەکە بگۆڕێت، هەر لەبەر ئەوە بوو، بۆیە داوای لێبوردن دەکەین، چونکە راپۆرتەکە کوردیەو دەقەکان زۆری بە زمانی عەرەبی هاتووە لەبەر ئەوەیە، جگە لەوە پێم چاکە تێبینیەك بدەم بەرا پەرلەمانتارە بەڕێزەکان لە لاپەرە سێدا فەقەرەی دووەم (5518297) ملیۆن نووسراوە، خۆی راستەیەکەی (5518287) ملیۆنە، ئەو هەڵەیەشی تیایە، داوای لێبوردن دەکەم.

بۆ/ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان – عێراق

بابەت/ راپۆرتی لیژنەی دارایی و ئابووری

سلاو و رێز.

لیژنەکەمان لە رۆژانی 2007/6/25 و 2007/7/1 چەند کۆبوونەوەیەکی سازدا بۆ تاوتوێ کردنی (یاسای بودجەی هەرێمی کوردستان – عێراق)، ئێمە لە کاتێکدا پشتگیری پرۆژەکە دەکەین ئەم تێبینیانەی خوارەوەش دەخەینە پێش چاوی بەڕێزتان.

1- دەبوایە ئەم پرۆژەیە لە کۆتایی ساڵی 2006دا بهاتبایەو پەرلەمانی کوردستان راو سەرنجی خۆی لەسەر بدایە، دیارە بەشێك لە هۆکاری ئەم دواکەوتنە دەگەڕێتەوە بۆ دەسەڵاتدارانی حکومەتی مەرکەزی لە بەغدا، پێویستە حکومەتی کوردستان هەر لە ئێستاوە کار بکات بۆ ئامادە کردنی بودجەی ساڵی 2008 تا لەکاتی خۆیدا وەك پێویست بخرێتە پێش پەرلەمانی کوردستان.

2- بڕە پارەیەك لە لای حکومەتی مەرکەزی ماوەتەوە لە پشکی ساڵانی رابردوو بە زیاتر لە یەك ملیار دۆلار دەخەملێنرێت، پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان هەوڵ بدات ئەو پارانە بگەڕێنێتەوەو لە پرۆژەکانی ئاوەدانکردنەوەدا بەکار بهێنرێن.

3- ئەوەی تێبینی دەکرێت سەرچاوەی سەرەکی داهاتی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەو بڕە پارەیەیە کە لە لایەن دەسەڵاتی مەرکەزیەوە دەدرێتە حکومەتی هەرێم، ئەمەش جگە لە لاسەنگی لە سەرچاوەی داهات، کە کاردانەوەیەکی خراپی لەسەر ئایندەی کوردستان دەبێت، بۆیە پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان هەوڵبدات سەرچاوەکانی داهات فرەجۆر و سەرچاوە بن لە ئایندەدا.

4- پرۆژە سەرمایە گوزاریەکان پشکێکی کەم لە بودجەی کوردستان پێکدەهێنن (2285556) دوو ترلیۆن و دوو سەدو هەشتاو پێنج ملیارو بێنج سەدو پەنجاو شەش ملیۆن دینار بەرامبەر بە (5518297) پێنج ترلیۆن و پێنج سەدو هەژدە ملیارو دوو سەدو نۆوەت و حەوت ملیۆن دینار بۆ خەرجیەکانی کارپێ کردن (نفقات تشغیلیە)، ئەمەش نیشانەیەکە بۆ شێواوی ئابووری، پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان پلانێکی تۆکمەو هەمە لایەنە ئامادە بکات بە مەبەستی گەشەپێدانی ئابووری و کۆمەڵایەتی لە کوردستانداو بەرز کردنەوەی ئاستی ژیانی خەڵکی کوردستان بەتایبەت چینە هەژارو زەحمەتکێشەکان.

5- ئەوەی تێبینی دەکرێت پشکێکی زۆر لە بودجە تەرخانکراوە بۆ مووچەی فەرمانبەران، ئەمەش نیشانەیەکی زەقە بۆ هەڵئاوسانی دەزگا حکومیەکان و بوونی بێکاریەکی رووپۆش لەو بوارەدا، بۆیە پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان چارەسەری گونجاو بۆ سەر لەنوێ بەگەڕ خستنەوەی ئەو بێکاریە روو پۆشانە دابنێ لە پرۆژە بەرهەمێن و بەسوودەکاندا.

6- پێویستە بەزووترین کات ئەو وەزارەتانەی تا ئێستا یەکیان نەگرتۆتەوە ببنە یەك، تابتوانن باشتر لە خزمەتی حکومەت و خەڵکی کوردستاندا کار بکەن.

7- ئەوەی تێبینی دەکرێت هەندێك لە وەزارەتەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان کارو فەرمانەکانیان لێك نزیکن، دەکرێ هەندێکیان یەك بخرێنەوە بکرێنە یەك، پێویستە حکومەت بە زووترین کات دوای لێکۆڵینەوەیەکی ورد پرۆژەیەك بۆ یەکخستنی ئەو وەزارەتانە ئامادە بکات.

8- هەرچی تێبینییەکانیشە سەبارەت بە دەقی یاسا کە لیژنەکەمان پێی چاکە ئەم گۆڕانکاریانەی تێدا بکرێت:

سەبارەت بە ماددەی یەکەم: لیژنەکەمان پێی چاکە بەم شێوەیەی خوارەوەی لێ بێت:

بۆ ساڵی دارایی 2007 گۆژمەی تەنیا (7847660) حەوت ترلیۆن و هەشت سەدو چل و حەوت ملیارو شەش سەدو شەشت ملیۆن دینار تەرخان دەکرێ و بەم شێوەیەی خوارەوە:

1- گۆژمەی (2285556) دوو تریلیۆن و دوو سەدو هەشتاو پێنج ملیارو پێنج سەدو پەنجاو شەش ملیۆن دینار تەرخان دەکرێ بۆ خەرجی پرۆژە سەرمایە گوزارییەکان.

2- گوژمەی (5518287) پێنج تریلیۆن و پێنج سەدو هەژدە ملیارو دوو سەدو هەشتاو حەوت ملیۆن دینار بۆ خەرجیەکانی کارپێکردن.

3- گوژمەی (43817) چل و سێ ملیارو هەشت سەدو حەڤدە ملیۆن بۆ خەرجیەکانی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان.

سەبارەت بە ماددەی دووەم: لە پرۆژەی یاساکە لیژنەکەمان پێی چاکە بڕگەیەکی بۆ زیاد بکرێت و ئەوەی هەیە دەبێتە بڕگە یەك.

بڕگەی دووش بەم شێوەیە دەنووسرێتەوە:

(داهاتی بودجەی ساڵی 2007 کە لە حکومەتی مەرکەزیەوە هاتووە بریتیە لە (7666482) حەوت تریلیۆن و شەش سەدو شەست و شەش ملیار و چوار سەدو هەشتاو دوو ملیۆن دینار).

سەبارەت بە ماددەی سێیەمی پرۆژەکە: لیژنەکەمان پێی چاکە بەم شێوەیەی خوارەوە دابڕێژرێتەوە:

(تقوم وزارة المالية لاقليم كوردستان – العراق بتحويل حسابات الوزارات والادارات اعتماداً على المبالغ المخصصة لكل وزارة، او جهة غير مرتبطة بالوزارة في هذه الموازنة وبصورة تلقائية).

وەزارەتی دارایی هەرێمی کوردستانی عێراق راستەوخۆ و خۆبەخۆ پارەی حساباتی وەزارەتەکان و بەڕێوەبەرایەتیەکان دەگوێزرێتەوە بەپێی ئەو گوژمە پارەیەی بۆیان تەرخانکراوە بۆ هەر وەزارەتێك، یان لایەنێکی ناپەیوەست بە وەزارەتەوەو بەشێوەیەکی خۆبەخۆ.

لیژنەکەمان پێی چاکە ماددەیەکی نوێ زیاد بکرێت و بخرێتە جێگەی ماددە چوار و بەم شێوەیە دابڕێژرێت:

المادة الرابعة: للوزير المختص صلاحية الصرف بما لا يزيد على (500) مليون دينار وتخويل رؤساء الدوائر التابعة للوزارة او جهة غير مرتبطة بالوزارة صلاحية التزام والصرف كلاً او جزءاً بما لا يزيد على (300) مليون دينار في كل حالة مع مراعات مطابقة اوجه الصرف واغراضها مع الميزانية، وما زاد عن ذلك يجب استحصال موافقة مجلس الوزراء.

بەم شێوەیە زنجیرەی ماددەکان دەگۆڕدرێت.

ماددەی چوارەم لە دەقی پرۆژەکە دەبێتە پێنج و وەك خۆی دەمێنێتەوە.

ماددەی شەشەم: لیژنە پێشنیاز دەکات ئەم ماددەیە ببێت بە دوو بڕگە یەکەم وەکو خۆی دەمێنێتەوەو ئەمەش دەبێتە بڕگەی (2).

2- لايجوز اجراء المناقلة ضمن تخصيصات اعمار وتنمية المشاريع بين المحافظات.

ماددەی حەوتەم: کە لە دەقی پرۆژەکەدا شەشەمە لیژنەکەمان هیچ تێبینیەکی لەسەر نییە.

ماددەی حەوتەم لە دەقی پرۆژەکەدا کە بۆتە هەشتەم لیژنە پێی چاکە بەم شێوەیەی خوارەوە دابڕێژرێتەوە:

(يخول وزير المالية بموجب قانون ملحق باضافة الاعتمادات الاجمالية المصدقة للميزانية للسنة المالية 2007 من اجمالي الاعتمادات المصدقة للميزانية للاغراض التالية:

1- اضافة اعتمادات جديدة في ميزانيات الوزارات والادارات للحالات الطارئة والتي يقررها مجلس الوزراء.

2- اعتماد المبالغ اللازمة لميزانيات الادارات المستحدثة خلال السنة المالية 2007.

ماددەی نۆیەم: کە لە دەقی پرۆژەکەدا هەشتەمە لیژنە پێی چاکە بەم شێوەیەی خوارەوە دارێژرێتەوە:

(يقوم وزارة المالية بالتنسيق مع الوزارات المعنية باعداد جداول الملاكات لوزارات اقليم كوردستان – العراق (للسنة المالية 2007) وعلى ضوء كلف الرواتب المصدقة في الميزانية).

ماددەی دەیەم: لیژنە وا پێشنیاز دەکات بکرێتە دوو برگەو بەم شێوەیەی خوارەوە دارێژرێتەوە:

1- على وزير المالية اصدار التعليمات اللازمة بعد المصادقة عليها من قبل مجلس الوزراء لتحديد صلاحيات الصرف للادارات الحكومية خلال فترة لا تتجاوز اسبوعين من تاريخ اصدار هذا القانون.

2- يقدم وزير المالية تقريراً مالياً عن الميزانية الى برلمان كوردستان كل ثلاثة اشهر.

لیژنە پێشنیاز دەکات ماددەیەکی نوێ زیاد بکرێت و زنجیرەی ماددەی یازدە وەربگرێت بەم شێوەیەی خوارەوە:

المادة الحادية عشرة: تقيد مبالغ التبرعات الممنوحة للوزارات والجهات غير المرتبطة بالوزارة بعد قبولها من وزير المالية ايرادا نهائياً للميزانية العامة على ان يقوم وزير المالية بتخصيصها من اعتمادات الوزارة او الجهة غير المرتبطة بالوزارة لصرف الاغراض التي منحت لاجلها.

المادة الثانية عشرة: لوزير المالية اصدار التعليمات اللازمة لتسهيل تنفيذ هذا القانون.

المادة الثالثة عشرة: لايعمل باي نص قانوني يتعارض مع هذا القانون.

المادة الرابعة عشرة: ينشر هذا القانون في الجريدة الرسمية وقائع كوردستان ويعتبر نافذاً اعتباراً من 2007/7/1/1.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ دکتۆر دلێر شاوەیس بۆ خوێندنەوەی ڕاپۆرتەکەی، داوا لە مامۆستا کاکە دەکەم ڕاپۆرتی لیژنەی یاسایی بە کوردیەکە بخوێنێتەوە.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بۆ/سەرۆکایەتی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان ـ عێراق

ب/ ڕاپۆرتی لیژنەی یاسایی

لیژنەی کاروباری یاسایی پڕۆژەی یاسای بودجەی ساڵی 2007ی هەرێمی کوردستان ـ عێراقی تاوتوێکرد، کە دوای خوێندنەوەی یەکەمی بۆی ڕەوانە کراوە، دوای گفتوگۆ لەسەری و گۆڕینەوەی ڕاووبۆچوونەکان گەیشتینە ئەم ڕاسپاردەو پێشنیارانەی خوارەوە:-

1- ليژنه پشتگيرى له پرۆژەى ياساكه دەكاو پێشنيار دەكات دەسەلاٽى پێ بدرێت هەندێ له ماددەكانى دابرێژرێتەوەو وەكو پرۆژە ياساكانى پێشوو زنجيرە بەنديان بكاتو ئەم ديباجەى خوارەوەى بۆ دابرێژرێت:
پشت بە حوكمى برگە (1) له ماددەى (56) له ياساى ژمارە (1)ى سالٚى 1992ى هەمواركراو، لەسەر داواى ئەنجومەنى وەزيرانى هەرێمى كوردستان ـ عێراق، ئەنجومەنى نيشتمانيى كوردستان ـ عێراق له دانيشتنى ژمارە (  )ى رۆژى (  ) برِيارى دەرچواندنى ئەم ياسايدا :

ياساى ژمارە (   ) سالٚى 2007

ياساى بودجەى هەرێمى كوردستان ـ عێراق

ماددەى يەكەم: ليژنه پێشنيار دەكات دابرێژرێتەوەو برگەيەكى سێيەمى بۆزياد بكرێت تايبەت بە خەرجيەكانى ئەنجومەنى نيشتمانيى كوردستان ـ عێراق، وەك دەسەلاٽێكى سەربەخۆى خاوەن بودجەيەكى تايبەت لەدوو تويٚى بودجەى گشتى هەرێم بەم جۆرەى خوارەوە:

برِى (7847660) حەفت ترليۆنو هەشت سەدو چلوحەوت مليارو شەش سەدوشەست مليۆن دينار بۆ سالٚى 2007 تەرخان دەكرێتو بەم جۆرەى خوارەوە دابەش دەكرێت:-

يەكەم: وەكو خۆى.

دووەم: وەكو خۆى.

سێيەم: برِى (40995) چل مليار و نۆسەد و نەوەد و پێنج مليۆن دينار بۆ خەرجيەكانى ئەنجومەنى نيشتمانيى كوردستان ـ عێراق تەرخان دەكرێت.

ماددەى دووەم: ليژنه پێشنيار دەكات ئەوەى له ماددەكە هاتووە ببێتە برگەى يەكەم و برگەيەكى دووەمى بخرێتە سەر بەم جۆرەى خوارەوە :-

يەكەم: داهاتەكانى بودجەى سالٚى دارايى 2007 بە برِى (181178) سەد و هەشتاويەك مليار سەدو حەفتاو هەشت مليۆن دينار دەخەملێنرێت.

دووەم: بەشى هەرێمى كوردستان له داهاتەكانى حكومەتى فدرالى سالٚى 2007 بە برِى (7666482)حەفت ترليۆن و شەش سەدو شەست و شەش مليار و چوارسەد و هەشتاو دوو دينار دەخەملێنرێت.

ماددەى چوارەم: ليژنه پێشنيار دەكات رستەى (جگە له بەشى مووچەكان) بخرێتە دواى ماددەكە.

ماددەى نۆيەم: ليژنه پێشنياز دەكات بەم جۆرەى خوارەوە هەمووار بكرێت:-

بۆ رێكخستنى دەسەلاٽەكانى خەرجكردنى ئەم بودجەيە ياسايەك دەردەچێت بەناوى (ياساى جێبەجێ كردنى ياساى بودجە)، ئەمەش هەروەك له ولاٽانى ديكە باوە.

2- ليژنه پێشنياز دەكات ماددەيەكى ديكە بخرێتە سەر ياساكە بەم جۆرەى خوارەوە:-

ماددەی یازدەم: دەبێ ئەنجومەنی وەزیران و لایەنەکانی پەیوەندیدار حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

ماددەی دوازدەم: لیژنە پێشنیار دەکات بەم جۆرەی خوارەوە دابرێژرێتەوە:-

ئەم یاسایە لە رۆژی دەرچوونیەوە جێبەجێ دەکرێت و لە رۆژنامەی فەرمی وەقائعی کوردستان بلاو دەکرێتەوە.

تکادارین بفەرموون بۆ چاولێکردن و خستنەرووی ئەصلّی پرۆژەکە و رای لیژنەی یاسایی سەبارەت بەوە بۆ ئەنجومەن بۆ گفتوگۆ و پیشاندانی بۆچوونی گونجاو لەبارەوە.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ مامۆستا کاکە بۆ خوێندنەوەی راپۆرتی لیژنەی یاسایی، من چەند تێبینیەکم هەیە پێش ئەوەی بچینە سەر موناقەشەو ئەوانە، یەکەم/ ئەمە یەکەم جارە پەرلەمانی کوردستان میزانیەی حکومەتی هەرێم موناقەشە دەکات بۆ پەسند کردنی، یەکەم جار مەقصەدم بەو شێوەیە یەکەم جار لە بەغدا ئیقرار کراوە، ئینجا هاتۆتە ئێرە، یەکەم جاریشە پاشی یەکخستنی کابینەی حکومەتی هەرێم بە یەکگرتنەوەی هەردوو ئیدارەکە، چەند تێبینیەك لەسەر بودجەکە، یەکەم/ بودجەکە دواکەوتووە، ئێمە ئێستا لە (7/17)ین، یەعنی واتا نزیکەی حەوت مانگی عەمەلیەن سەرف کراوە.

دوو/ دواکەوتنی بودجەکە، بەشێکی زۆری سەبەبی دواکەوتنەکە دەگەرێتەوە زروفی عێراق و دواکەوتنی موناقەشەی میزانیە لە بەغدا، کە سێ، چوار مانگی خایاند، دوایێ لە پەرلەمانەکە هاتە ئێرە، یەعنی لە پەرلەمانی عێراق ئیقرار کرا هاتە ئێرە، وەزارەتی دارایی بە هاوکاری لەگەلّ هەموو وەزارەتەکان جارێکی تر مەجبور بوون بە میزانیەکەدا بچنەوەو هەمواری بکەن لەگەلّ ئەو رێککەوتنەی، یاخود ئەو رێژەیەی، کە لە پەرلەمانی عێراقدا پەسند کراوە، ئینجا سێ هەفتە پێش ئێستا بۆ ئێمەیان نارد ، کەمتر لە سێ هەفتە، ئێمەش لە لایەن دوو لیژنەکەوە کە موناقەشە کراو دانیشتنی زۆری لەسەر کرا، لیژنەکانی پەرلەمانی هەر یەکە بەنیسبەت وەزارەتەکەی خۆیەوە، دواکەوتنەکە لە پەرلەماندا دە، پازدە، بیست رۆژێك بوو هۆیەکەی ئەوە بوو، دەبوایە دیراسەی بکەین.

سێ/ ئەم حکومەتە تازەیە ئەم بەرنامەیەی لە پێش دایە، عەمەلیەن دوو سالّ ئیدارەی سلێمانی و ئیدارەی هەولێر بەشێوەیەکی موستەقیل میزانیەکەی خۆیان سەرف دەکرد، ئەو میزانیەی کە ئێستا هاتۆتە حکومەت، یان هاتۆتە پەرلەمان بۆ موناقەشە کردن، هەنگاوێکی زۆر گرنگ و گەورەیە، بۆ یەکخستنەوەی هەموو دامودەزگاکانی حکومەت، لە پێش هەموویانەوە وەزارەتی دارایی و ئابووری، کە وەزارەتێکی زۆر گرنگە، خەلّك چاوەروان دەکاتن پەسند کردنی ئەو میزانیە ببێتە هۆیەکی کاریگەر بۆ ئەوەی بە زووترین کات وەزارەتی دارایی و ئابووری وەکو وەزارەتی پێشمەرگەو ناوخۆش کە چاوەروان دەکرێتن، ئەوانیش یەك بگرن، کێشەیەك لەنێوان حکومەتی هەرێم و بەغدا هەیە لەسەر تەفسیلاتی ئەو میزانیەیە، لەسەر

داهاتێك، كە بەپێی دەستوور داهاتێكی مەركەزییە، ئەویش گومرگە، هەڵەیەكی گەورە كراوە لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقدا بە یاسا فەرزیان كردووە لەسەر حكومەتی هەرێم، كە دەبێت ئیراداتی هەرێم هی ساڵی 2005 و 2006 و 2007 بگەڕێتەوە بەغدا، واتا داهاتی گومرگ هەمووی لێی دەبڕن، لەو میزانیەیە دەبڕن، ئەم هەڵەیە بەڕاستی هەرێم زۆر زەرەری لێ كردووە، ئێستاش ناتوانێتن بۆتە یاسا، دەبێت ئەوە رەچاو بكرێتن لە موناقەشەكاندا، دوایێش تەوزیحاتی زیاتر دەدەین، بەنیسبەت پەرلەمانی كوردستانەوە هەندێك ئاڵوگۆڕ كرا، ئاڵوگۆڕەكە وەنەبێتن میزانیە زیاد كرا بێتن، بەڵكو رەقمێكە نەقل كراوە، مەسەلەن بۆ نموونە هەندێك مەسروفاتی پەرلەمان هەبووە، كە حكومەت موافەقەتی كردووەو تەمدیدی كردووە سەرف كراوە، بەڵام داخیلی میزانیەی پەرلەمان نەبووە، لەسەر میزانیەی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمە، بۆ ئەوەی راستیەكە دەربچێتن ئەو موناقەلەیە بە ئیتیفاق لەگەڵ وەزارەتی دارایی و ئابووری و وەزارەتی هەرێم بۆ كاروباری دارایی و ئابووری، ئەو بڕە پارەیەی كە بۆ پەرلەمان تەرخان كراوە، وەكو كڕینی شوقەكانە، دابین كردنی هەندێ مەسائیلی ترە تەمویل كراوە، نەخراوەتە سەر پەرلەمان تاكو راستیەكە دەربچێتن، ئەو موناقەلەیە كراو راپۆرتێك ئامادە كرا لیژنەی دارایی ئاماژەی پێ كرد، من حەز دەكەم لە موناقەشە كردنیشماندا ئەو راستیانە لەبەرچاومان بێتن، كە ئێمە ئێستاكە عەمەلیەن پێنج مانگمان لە پێشە بۆ جێ بەجێ كردنی ئەو میزانیە، میزانیەكە حەوت مانگی بەسەردا چووە، پێویستە پاش ئیقرار كردنیشی وەزارەتی دارایی و ئابووری تەماشای بكاتن، بزانێت لەو میزانیەیە حەوت مانگە چی سەرف كراوەو لەبەر رۆشنایی ئەوە پێنج مانگی داهاتوو چ میزانیەتێك دەمێنێتەوە بۆ وەزارەتەكان، بۆیە دەبێت دەسەڵاتەكان ئەگەر بدرێتە وەزارەتەكان، یان وەزارەتی دارایی، لەبەر رۆشنایی ئەو راستیە بێتن، ئەو پێنج مانگە چی هەیە، نەك لەگەڵ رۆشنایی ئەوە بێتن كە مەفتوحە، جاران میزانیە بە تەخمین دەكرا لەسەر ئیحتیاجات لە ساڵانی نۆوەتەكاندا، چ ئیحتیاجێك هەیە وەزارەتەكان دەیانووسی، لە مەجلیسی وزەرا ئیقرار دەكرا لە پەرلەمانیش یەك، دوو ساڵ چەند داهات هەیە، لەبەر رۆشنایی ئەو داهاتە سەرف دەكەن، یەعنی عەمەلیەن ئێمە دەتوانین بڵێین یەكەم جارە میزانیەكە، هەنگاوێكە، ئەویش بە هەموو كەموكوڕییەوە، هەنگاوێكی گرنگە، یەكەم جارە پەرلەمان بەشێوەیەكی قانونی بێتە پەرلەمان بەو شێوەیە، من گەورەتر لەوە، ئەم هەنگاوە بە هەنگاوێكی باشتر دەزانم بۆ میزانیەی 2008، چونكە عەمەلیەن ئەمە با ببێتە تەجروبەیەك، ئەو سەغەرات و كەموكوڕیانەی لە میزانیەی 2007دا هەیە پاشماوەی دوو ئیدارەیی و ئەوانە بۆ 2008 نەمێنێتن و، لە وەختێكی زووتر پێشكەش بە پەرلەمان بكرێتن، ئەوە لە موناقەشە كردندا لەگەڵیان رێگایەك بدۆزینەوە، چۆن زوو ئەو میزانیەیە بێتە بەردەم پەرلەمان لە وەختی خۆیدا پەسند بكرێتن و بۆ ئەوەی بتوانرێت موداخەلەی بكرێتن، دەسەڵاتێكی تر هەیە پەرلەمان پاش ئیقرار كردنی میزانیە، دەتوانێتن میزانیەیەك دابنێتن، پرۆژەیەك دابنێتن لەسەر نەفەقاتی ئەو رۆژانەی كە پێویستە بكرێتن، بەڵام ئێمە ناتوانین ئەمەی بكەین، لەبەر ئەوەی میزانیەكە عەجزی هەیە لە موناقەشەدا بۆتان دەردەكەوێتن، كە میزانیە عەجزی هەبوو، پەرلەمان ناتوانێتن پرۆژەیەكی تازە دابنێتن،

داوا بكاتن میزانیه ئیزافه بكرێتن، من هەر ئەوەندە تێبینیەم هەبوو، بۆ ئەوەی بەرچاوتان روون بێتن لە موناقەشە كردندا، حەزیش دەكەم ئەگەر پێش ئەوەی ناو بنووسم بۆ موناقەشە، ئەگەر جەنابی وەزیر و كەسێكیان تەوزیحێكیان هەیە لەسەر ئەوە، ئەگەر تەوزیحیان نییە دەچینە داوا كردنی پرسیار، كاك رەشید فەرموو.

**بەڕێز رشید طاهر/ بەڕێوەبەری گشتی وەزارەتی دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان.**

خۆشبەختانە پاش یەكگرتنی حكومەتی هەرێمی كوردستان هەردوو ئیدارە بۆ ساڵی 2007 یەك بودجە تەقدیمی حكومەتی فیدراڵی عێراق كرا بودجەیەكی موەحەد، خۆشبەختانە بەوێ تەصدیق كرا، بەڵام حەز دەكەم پێتان بڵێم كە ئێمە لە حكومەتی هەرێمی كوردستان لە وەزارەتی دارایی لەمانگی دەی 2006 بودجەمان تەقدیمی حكومەتی عێراقی فیدراڵ كردووەو مەبلەغەكەشی كە تەقدیمان كردووە (14) تریلیۆن و كەسر بوویە، پێنج تریلیۆن و كەسر بۆمان گەڕاوەتەوە، یەعنی ئەوەی داوامان كردووە لە 43٪ی گەڕاوەتەوە، موناقەشەكانی ئێمە لەگەڵ بەغدا لەسەر ئیحتیاجاتی ئێمە نییە، موناقەشاتی ئێمە لەگەڵ بەغدا حكومەتی هەرێمی كوردستان و نوێنەرانی حكومەتی هەرێمی كوردستان هەموو لە بەغدا ئاگامان لە هیچ تەفاسیلی بودجە نییە، كە ئەو داهاتە چۆنەو چۆن نییە، كە ئینتاجی بەرمیلی نەوت بە پێنجان تەقدیم كردووە، حكومەتی هەرێمی كوردستان نازانم چەند جار تەقدیم كراوە، مەعدەل رۆژانە ملیۆنێك و حەوت سەد هەزار بەرمیل دەڕوات، زەربیان كردووە پەنجا ڤی یەك و حەوت سەد سیعری دۆلاریشی ژی دابەزاندووە یەك و دوو سەد و بەو شێوەیە تەقدیر دەكرێت، كە ئێمە دەچینە بەغدا موناقەشەی ئێمە لەسەر رەقمی ئیجمالییە، كە پێمان دەڵێن میزانیەی عێراقی ئیجمالی (51727) پەنجاو یەك تریلیۆن و حەوت سەدو بیست و حەوت ساڵێ 2007 موناقەشەی ئێمە بەس ئەوەیە كە فێڵمان لێ نەكەن و هەر ساڵێك بە نەوعێك تشتی تازە دەینە گۆڕێ، ساڵی 2004 بە شكلێك بوو، 2005 بە شكلێكی تر بوو، 2007 بە شكلێكی تر بوو، نەفەقاتی سیادی كە مەعلومە پەرلەمانی عێراقە لەگەڵ ریئاسەتی مەجلسی وزەڕا لەگەڵ وەزارەتی خارجیە لەگەڵ تەعویزاتی حەربی كوێت، لە ساڵی 2007 ئێمە تووشی ئیشكالێكی گەورە بووین لەگەڵ موناقەشەی مەختەصینی وەزارەتی مالیەی عێراق، گوتیان وەزارەتی نەوت، وەزارەتی كاەبا، وەزارەتی داخیلییە، وەزارەتی پێشمەرگە، ئەوانە سیادیینە، مەفروزە لە سیادی بن، تەبعەن كە بوونە سیادی، ئەو مەبلەغانە لە مەبلەغی ئیجمالی دەردەكرێن، پاشان لە 17٪ دەدرێتە هەرێمی كوردستان، یەعنی كو لە 17٪ بۆ هەرێمی كوردستان نییە، یەعنی چواردەیە، یان دوازدەیە، یان سێزدەیە، پاش گەڕانەوەی وەفدی هەرێمی كوردستان لە بەغدا، سەرۆكی حكومەتی هەرێمی كوردستان بە وەفدێكی بالاً چوو بۆ بەغدا، ئەو مەوزوعی وەزارەتی نەوت و وەزارەتی كارەبای حەلیان كرد، ماوە وەزارەتی پێشمەرگە، وەزارەتی پێشمەرگە عەلا ئەساسی دیفاعە دەریان هێناو خستیانە سەر وەزارەتی پێشمەرگە،

بەلاّم بەداخەوە تاکو ئێستا، تا ئەو لەحزەیە هیچ پارەیەك بۆ هەرێمی کوردستان نەهاتووە، کە وەزارەتی دیفاع تا ئێستاش ژی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە رێگای سلفە سەرف دەکات بۆ راتبی پێشمەرگەو نەفەقاتی پێشمەرگەی هەردوولا، کە هیچ بودجەیەك، هیچ مەبلەغێك لە حکومەتی فیدراڵی عێراق نەگەیشتۆتە هەرێمی کوردستان، بە خۆتان هەمووتان دەزانن قانونی بودجەی ساڵانەیە، کە ساڵ تەواو دەبوو، یەعنی قانونەکەش ژی تەواو دەبێت، ئەوە ئێمە لە کۆتایی مانگی حەوتین، تا ئێستا ئەو کێشەیە حەل نەبووە، لە ساڵی 2006 مەبلەغێك لە برگەی دوو هاتووە لە راپۆرتی لیژنی دارایی و ئابووری دەڵێت یەك ملیار زیاترە، ئەو مەبلەغە بۆتان تەوزیح دەکەم، دوو مەبلەغ بوو، مەبلەغێك لە تەریقەی ئیحتیسابی نەفەقاتی سیادی جیاوازیان کرد لە ساڵی 2005و 2006 لە جیاتی لە 100٪ بماندەنێ، لە 17٪یەکەیاندا، یەعنی لەوێ چوار سەدو هەشتاو پێنج ملیۆن دۆلار زەرەریان پێ داین، ئەوە بوو ئەو مەوزوعە حەل بوو، بەلاّم هی شەش سەدو یەکەکەی تر کە مەوزوعی مەشاریعی ئیستیسماڕی بوو، کە هی نەوت بوو پێنج تریلیۆن و سێ سەد ملیار داخیلیان کرد بوو بەناوی مەشاریعی نەوتی، ئەو مەبلەغە سیادییە عەلا ئەساس قسەیان دەکرد، ئەوە نەوتی زیاد دەکەین لە جیاتی ملیۆنێك و حەوت سەد هەزار ئینتاجی نەوت زیاد دەبێت و هەرێمی کوردستانیش دەبێت، بەلاّم بە قسەکانی وەزارەتی دارایی بەغدا لە ئەو پێنج تریلیۆن و سێ سەد ملیاریان سەرف نەکرد، ئەوانە دیسان پارەیان سەرف نەکرد و داوامان کرد بە قسەی ئەوان دەڵێن ئێمە تەدویری ساڵی 2007 دەکەین، لە راپۆرتی لیژنەی دارایی دەڵێت هەندێك گلەیی لە حکومەتی بەغدایە، بە رەئی ئێمە وەزارەتی دارایی هەموو گلەییەکان لە حکومەتی مەرکەزی عێراقە، چونکە لە نیهایەتی مانگی سێ ناوەندی مانگی سێ، هاتووە بودجە بۆ ئێمە بە نووسراوی رەسمی گەیشتۆتە هەرێمی کوردستان وەزارەتی دارایی ژی پێشتر خۆی ئامادە کرد بوو، 42 وەزارەت هەتا لەگەڵ هەمووان دانیشێت و قسان بکات و گفتوگۆ بکات و یەعنی تەوحیدی بکات و تەجمیعی بکات تەقریرێکی تر بداتە ئەنجومەنی وەزیران، بە رەئی ئێمە خەلەلەکە لە بەغدایە، نیسبەتی فەقەرەك نووسراوە کە داهاتی هەرێمی کوردستان وابزانم کاك دلێر وان غەڵەتیان نووسیووە، کە گوتم (5982) تەصدیق کراوە، ئەو پارەیەمان دەدەنێ لە بەغدا پێنج تریلیۆن و نۆ سەدو هەشتاو دوو ملیار، ئەوە تەصدیق کراوە لە بەغدا کە بماندەنێ، ئێستاکە (5982) ئێمە کە لەگەڵ وەزارەتەکان دانیشتین، وەزارەتی دارایی حکومەتی هەرێم حەوتی تەقدیم کردووە، ئەوانە پێنجمان دەدەنێ، ئێمە حەوت و کەسرە، تەبعەن لێرە عەجزێك دەبێتن، ئەو عەجزە تەقریبەن یەك تریلیۆن و هەشت سەدو شەست و پێنج ملیارو سێ سەدو چوار ملیۆنە، ئەو عەجزە مەفروزە تەجدید بکرێت، دوو حاڵەت هەیە بۆ موعالجە کردنی ئەو عەجزە، یان حکومەتی بەغدا کە میزانیەکی ئیزافی بۆ عێراق دەربهێنێت بۆ 2007، لە 2006 چەندە نەکرا، چونکە ئەوانە تەقدیریان کرد، سعری بەرمیلی نەوت بە پەنجا دۆلارە، رۆژێش ملیۆنێك و حەوت سەد هەزار دەڕوات، تەبعەن ئەگەر بە زیادیان فرۆشت، یان کەمیەیان زیاد کرد، تەبعەن پارە زیاد دەبێت، مەفروزە میزانیەك لە بەغدا تەصدیق بکرێتن و حیصەی هەموو کوردستان بدەنە ئێمە، ئەگەر دامان ئێمە دەتوانین ئەو عەجزە

حیسەی ئێمە چەندە دەتوانین موعالجەی بکەین، ئەگەرنا ئێوە دەسەڵات بدەنە حکومەتی هەرێمی کوردستان، کە ئەو عەجزە بەبێ نیسبەی کە تەقدیمان کردووە رێژەکە بێننە خوارێ، تەبعەن لەو فەقەراتە ئێمە لەگەڵین کە دەڵێت لە وەزارەتەکان زۆر ئاماژەی پێدرا، یەعنی راستە ئیشیان وەکو یەکە تەوقیت بکرێت پێمان باشە، بەلاّم لە جێگایەك هاتووە دەڵێت (تقوم وزارة المالية بتمويل حسابات الوزارة) نەك تەحویل، بەڵکو تەمویل، نە (حسب المبالغ المخصصه)، (حسب الموارد الماليه) لەبەر دەستی وەزارەتی مالیە بێت، چونکە لێرە ئێمە لە وەزارەتی دارایی، یەعنی مانگی هەشت حیسەی ئێمە تەمویل ناکەن، ئێوە ئەگەر وەزارەتی دارایی حکومەتی هەرێمی کوردستان جەداولی تەفسیلی رەوانەی بەغدا نەکات نەڵێت ئەوەندە پارەم لە بەنقەو ئەوە سەرفیاتی منەو پاش تەمویل مالیە، کە تەمویل مالیەمان کرد حیسەمان کە مەبلەغێکە لەوانەیە بە یەك جار نەماندارتێ، بە مەراحیل بماندارتێ، ئێستا ئێمە لە مانگی حەوتین، تا ئێستا حیسەی خۆمان 55٪مان وەرگرتووە، مەفروزە زیاتر وەربگرین بەتایبەتی مەشاریع، چونکە کوردستان نەوەکی عێراقە، کە مانگی دە هات و یازدە هات لەوانەیە مەشاریع لە کوردستان تەواو بێت، یەعنی حەسب نە مەبالیغی موخەصەصە، بەڵکو (حسب موارد الماليه المتعدده) ئەو پارەیەی ژێ دێتە هەرێمی کوردستان، کە گوتم بە مراحیل دێت، وەزارەتی دارایی لە هەردوولا ژێ بەرنامەیەکی داناوە تەنزیم ئیشی خۆیان کردووە، تۆ ناتوانیت راتبی خانەنیشین، یان شەهید، یان دامودەزگاگانی حکومەت، مووچەی فەرمانبەران رابگرین، تەبعەن کە تاخیر دەبێت، ئەو تاخیر بوونە لە مەشاریعەکان دەکرێت، ئەوەی تر لە ژێ ماددەی نووسراوە (تقوم وزارة مالية) نەك (يقوم)، (تقوم وزارة المالية بتصديق باعداد جداول المفردات الميلاكات والمصادقة عليها حسب المبالغ المخصصة في الميزانية)، لە جێگایەکی دیش هاتووە دەڵێت (على وزارة المالية اصدار التعليمات اللازمة بعد المصادقة عليها من قبل مجلس الوزراء)، بە رەئی من موصادقە لە مەجلیسی وزەڕا، وابزانم لە پەرلەمان موصادەقە دەکرێت (بعد اسبوعين من تاريخ هذا القانون)، ئەگەر (اسبوعين) بێت (من هذا القانون)، یان بیکەنە (بعد اسبوعين من مصادقة مجلس الوزراء) وەزارەتی مالیە بێت، لەوانەیە لە ریئاسەی مەجلیسی وزەڕا تاخیر ببێت و ئێمە پێڕانەگەین، زۆر سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، ئێمە کە دێینە سەر موناقەشەی قانونەکە، ماددە بە ماددە دەچینە ناو تەفاسیل و ئەوەی پێویست بێتن تەعدیلی دەکەین، لەبەر رۆشنایی موناقشەکان، دەرگا دەکەمەوە کێ دەیەوێت قسە بکات، کاك شێروان مولاحەزەیەکی باشیدا دەڵێت ماددە بەماددە موناقەشە بکەین، چونکە ئەگەر وا بێتن ناتوانین بچینە تەفاسیلەوە، ئێستا لیژنەی یاسایی ماددەی یەکەم بخوێنەوە، دوایێ رەئی لیژنەکان، ئینجا دەرگا دەکەمەوە بۆ موناقەشە، کاك محەمەد حەکیم نوقتەی نیزامی هەیە فەرمووە.

**بەڕێز محمد حكيم جبار:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێم وایە ئێمە بە عام قسەمان هەیە، جا قسەکان یان کورت دەبنەوە دەرفەت بدرێت بە عام کۆمەڵە قسەیەك هەیە، مادده بە مادده چیمان لەبەر دەستە تا مادده بە مادده بێت، خۆت دەزانی تەفسیلات و ئەرقام و شت لامان نییە، جا من پێم وایە بۆ ئەوەی کاتەکەمان کورت بێتەوە بە عام دەرگای قسە کردن بکەیتەوە، دواتر پێم وایە لەسەر ماددەکان کەس قسەی لەسەر نامێنێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ قسەی تری هەیە لەسەر ئەوە کاك ئارێز فەرموو.

**بەڕێز ئارێز عبدالله احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پشتگیری لە کاك محەمەد حەکیم دەکەم، وا باشترە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو پەخشان خان.

**بەڕێز پەخشان عبدالله زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەپێی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان دەبێت مادده بە مادده بێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك دیلمان بزانین چی دەڵێت فەرموو.

**بەڕێز محمد احمد صالح (دیلمان ئامێدی):**

**بەڕێز سەۆکی ئەنجومەن.**

بەپێی نیزامی داخیلی یەکەم شت دەبێت راپۆرتی لیژنەی دارایی و ئابووری گفتوگۆی لەسەر بکەین، ئینجا بێین مادده بە مادده موازەنەکە، ئینجا لە قانونەکە نیزام داخیلیەکە وا دەڵێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کوێستان خان فەرموو.

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش پشتگیری لە رەئیەکەی کاك محەمەد حەکیم دەکەم، ئێمە دەمانەوێت بە عام لەسەر بودجە قسە بکەین، یاسایەکە دوایێ بدەینە دەنگدانەوە بۆی، بەڵام گرنگ ئەوەیە لەسەر بودجە بە عام قسە بکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خۆی بە حەقیقەت من لەو دوو، سێ هەفتەی رابردوو، هەندێ ئەندام پەرلەمان تەسریحاتیانداوە لێرەو لەوێ، هەندێکیشیان گتوویانە ئێمە هیچ تێناگەین، ئەگەر بیان گوتبوایە تێدەگەین، ئەو وەختی پێم سەیر

بوو، مەعلومە تەبیعییە تێی نەگەن، خەریجی کولیەی ئیدارەو ئیقتییصادە لە میزانیە تێ ناگات، جا کە دەڵێت تێی ناگەین، گلەیی نییە، نە بۆ پرۆژەکە، نە بۆ وەزارەتی مالیە، نە بۆ پەرلەمان، چونکە ئیختیصاصت ئەوە نییە، تەبیعییە تێی ناگەیت، بۆیەش داوای قسەی عام دەکەن، چونکە لێی تێ ناگەن، بۆیە ئەگەر دەتانەوێت قسەی عومومیات بکەن و باسی هەندێك شت بکەن قەیدی ناکات، نیو سەعات تەرخان دەکەین بۆ ئەو بۆچوونانە، فەرموو کاك ئارێز.

**بەڕێز ئارێز عبداللە احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەو روانگەیەوە نییە کە لێی تێ ناگەین داوا دەکەم عام بێت، لەبەر ئەوە ئێمە پێویستمان بەو رەقمانە نییە، چونکە ئەو رەقمانە رۆیشتوونەو پێویستمان بە پلان و سیاسەتی بودجە هەیە لێی تێ بگەین و قسەی لەسەر بکەین.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە نوقتەی نیزام نییە، حەق نییە من مولاحەزەیەکمدا تۆ رەدی بدەیت، من مەقصەدم بە تەنیا تۆ نیت، بە تەنیا تۆ وات نەوتووە، زۆر کەسیش وای وتووە تەصریحاتیشیان داوە، مەقصەدم لەوەدا نییە، حەقی خۆتانە دەتانەوێت بە عام قسە بکەن، هەر یەکەو دوو دەقیقە قسە بکەن، پاشی ئەوە دەچینە سەر ماددەکان، منیش پێم وایە ماددەکان ناتوانین موناقەشەی بکەین، لەبەر ئەوەی ئەرقامە، نازانین تەفسیلاتی چیەو چۆن نییە، بۆیە ئەو نیو سەعاتە موناقەشەی عام دەکەین، ئێستا ناوەکان دەنووسم، کێ دەیەوێتن قسان بکاتن تکایە دەستی بڵند بکاتن؟ پەخشان خان فەرموو.

**بەڕێز پەخشان عبداللە زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەرەچاو کردنی ئەو روونکردنەوانەی کە جەنابت پێشکەشت کرد لەگەڵ نوێنەری وەزارەتی دارایی و ئابووری، لەبەر ئەوە زۆر بەسەرە قەڵەم یەعنی قسە دەکەم بە گشتی، بەڕاستی بەپێی پەیڕەوی ناوخۆ یەعنی موناقەشەکەمان تەبیعی نییە، چونکە بەپێی پەیڕەوی ناوخۆ دەبێت مەشروعی میزانیەت لە پەرلەمان، ئەوە تێبینیەك هیوادارم بۆ ساڵی ئایندە وا نەبێت، بەڕاستی بەگشتی ئەو مەشروعی یاسای موازەنە تەنها دوو ماددەی نەبێت خالیە لە ئەرقام و لە نیسەب و لەوانەی کە سورەتێکت دەداتێ، خاڵیە لە باس کردنی مەشاکیلی بەتاڵەو خەدەماتی پێویست بکرێت، ئێمە لەسەر زاری بەرپرسان دەیبیستین، یەعنی بەرپرسیان بەخۆشمانەوە، قەصدم بە پەرلەمانیشەوە باس لە تەرشیدی ئینفاق دەکرێت، باس لە بەتاڵە دەکرێت، باس لە زۆری رەواتب دەکرێت، یەعنی هەستم نەکرد ئەمە چۆن موعالەجە دەکرێت بەگشتی لە میزانیەکەو چۆن تەنزیمی ئینفاق دەکرێت، مەسەلەی گەندەڵی کە زۆر زۆر باس دەکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، کاك بارزان فەرموو.

**بەڕێز بارزان محمد قادر:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

پێم وایە پرۆژەی بودجە دەبێت بڕوات، چونكە هیچ موعتەرەزاتێكمان لەبەر دەستدا نیە، بەلأم من داوا دەكەم هیچ تەساهول لەگەڵ حكومەت و مالیە نەكەین، بۆ بودجەی ساڵی داهاتوو لە وەختی موقەریری خۆیدا بێتە بەر دەستی پەرلەمان، ئەگەر نەهات چەندی تر وەختیان پێویستە با قەرار بدرێت، هیچ عوزرێكیش نەماوە، كە بودجەیە ئێمە لە عێراق تەقدیم كراوە بە موەحەدی تەقدیم كراوە، لێرە هیچ مەعقول نییە بودجەی ئێمە تەقسیم بكرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك بارزان فەرموو.

**بەڕێز بارزان عبدالله نصرالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەڕاستی كە ئێمە باس لە بودجە دەكەین، بودجە دیكیۆمێنتێكی گرنگەو توانای ئابووری ولأتەكەی ئێمە شێوەی ئاراستە كردن و ئەهدافی بەكارهێنانی ئەو ئاراستەیە دیاری دەكات، من لەسەر مادده بە مادده كۆمەڵێك مولاحەزاتم نووسیووە، یەك لەوانە لە ماددەی یەك، من پێشنیار دەكەم.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كەی هاتینە سەر ماددەكان، ئێستا بە مولاحەزەی سەریع و عام بكە.

**بەڕێز بارزان عبدالله نصرالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من لەسەر هەموو ماددەكان هەمە، شتم نووسیووە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كەی هاتینە سەر ماددەكان، چونكە ئێمە موناقەشەی ماددەكان ناكەین، هەر مولاحەزەی عام باس دەكەین، كاك ئارێز فەرموو.

**بەڕێز ئارێز عبدالله احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

یەك دەقیقە زۆر كەمە، چونكە موصادەقە كردن لەسەر یاسای بودجە یەكێكە لە سێكوچەكەی ئەركەكانی پەرلەمان، یەعنی ئەگەر یەكیان چاودێری كردنی دەركردنی یاسا بێت، بودجە بە تەنیا كوچەكەیە، لەو سێكوچكە، لەبەر ئەوە داواكارم تۆزێك دەرفەت بدرێت لەو قسانە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاكە گوتمان مادده بە مادده موناقەشەی بكەین، ئێستا تەنیا شتی عام بە دەقیقەیەك دەتوانی شتی عام باس بكەیت، رەخنەكەت چیە، پێشنیاری سەریعت چیە، بەلأم مادده بە مادده بۆت هەیە قسەی بكەیت.

**بەڕێز ئارێز عبدالله احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

سەرەتا من پێشنیار دەكەم لەو یاسایەدا، یەك، دوو ماددەیەك زیاد بكرێت، ئەویش یەك/ بۆ ساڵی ئاینده ئەگەر هاتوو هەردوو وەزارەتەكە یەكتریان نەگرتەوە، ئێمە وەكو پەرلەمان قسە لەسەر بودجە نەكەین.

دوو/ ئەگەر هاتوو لە كاتی خۆیدا نەبوو قسەی لەسەر نەكەین، بۆ ئەوەی هەموو شتەكان نایاسایی بێتن، چونكە هەر بە نایاسایی دەڕوات.

سێ/ ئێمە دەزانین تا ئێستاكە حەوت مانگ ڕۆیشتووەو ئەو ئەرقامانەش تازە هیچ سوودێكی لێ نابینین، بەڵام من دوو، سێ پرسیارم هەیە لە وەزارەت پرسیارەكانم ئەوەیە:

یەك/ ئایا بە چ پێوەرێك، بە چ پلانێك، یەعنی ئەو داهاتەی كوردستان خەرج دەكرێت، یەعنی چی لەبەر چاو گیراوە، ژمارەی نفوس بۆ ناوچەكان، پێویستی ناوچەكان، لایەنە تایبەتمەندیەكانی وەزارەتەكان، چی لەبەرچاو گیراوە ئەوە پێویستمان پێیە، ئەو مەسەلەیە ڕوون بكرێتەوە.

دوو/ من پرسیارێك دەكەم بۆچی میزانیە كورت دێنێ، من دەزانم لە سلێمانی ساڵی 2002 و 2003 جەنابت وەزیری مالیە بووی لەوێ كەمتر لە نیو ملیار دۆلار داهاتی حكومەتی ئیدارەی سلێمانی بووە، بەڵام پرۆژە خزمەتگوزاریەكان، پرۆژەكانی ئاوەدانكردنەوە، پرۆژە كۆمەڵایەتیەكان زۆر لەوەی ئێستا زیاتر بوون و كورتیشی نەدەهێنا.

سێ/ سەبارەت بە ئیرادو داهاتی كوردستان، من پرسیار دەكەم، حكومەتی عێراق بۆچی حەقی خۆی نییە، ئێمە داوای لە 17٪ لە عێراق بكەین، بۆچی ئێمە داهاتەكانی خۆمان ئاشكرا نەكەین لە حكومەتی عێراقی، ئەگەر ئێمە بەیەكەوەینە، پێویستە ئاشكرای بكەین بۆ حكومەتی عێراق، یاسایەو پێویستە بۆ میللەتەكەی خۆشمان ئاشكرای بكەین، من باس دەكەم داهاتەكانی كوردستان لە باشماخ و لە ئیبراهیم خەلیل و لە نازانم چی و چی، ئەوانە بۆچی ئاشكرا نەبێت، بۆچی لە پەرلەمان ئاشكرا نەبێت، بۆچی ناخرێتە سەر میزانیەی حكومەت؟ بەپێی ئەو میزانیە زۆر كەم لەو پارانەی كە هەیە باس كراوە، لەبەر ئەوە پێویستم بە وەڵامە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، لەسەر ئەوەی كاك ئارێز قسە دەكەم، یەكەم/ كە حكومەت یەك حكومەتە، هەموو شتێك ئاشكرایەو شەفافیەتی هەیە لەگەڵ سەرۆكایەتی حكومەتیش دانیشتین و قسەمان كردووە لە زیمنی بەرنامەمان دایە لە دەورەی داهاتوومان، وەزیری نەوتیش بانگ بكەین لەسەر ئەو عقودانەی كە ئیمزا كراوە تەفسیلاتمان بداتێ، ئێمە ناگەڕێینەوە دواوە، لەبەر ئەوەی حكومەتەكەی مەسئوول نین و ئێمە لەو ڕۆژەوە مەسئوولین كە كابینەی موەحەد دەرچووە، ئەو پرۆژانەی لە سلێمانی كە ئاماژەت پێ كرد، من وەزیری مالیە بووم وەزعمان خراپ بوو، وەزعی داراییمان زۆر زۆر خراپ بوو، بەڵام پرۆژەكان لە لایەن 986ەوە دەكران، بۆ ئەوەی ئاگادار بینەوە، ئەو پارەیەی لە 986 دەكرا بە هاوكاریمان دەكردن لە دانانی

پلان و بەرنامەو ئەوانە، ئەگەرنا لە لایەن حکومەتەوە پرۆژەی زۆر کەم دەکرا، هەر ئەوەندە فریا دەکەوتین مەعاشەکان بدەین، کاك شێخ ئەدهەم فەرموو.

**بەڕێز ادهم عثمان احمد بارزانی:**

**بەناوی خواری مەزن.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەڕاستیدا پرۆژا میزانیا حکومەتا هەرێمێ کە بۆ یەکەمین جار دێتە پەرلەمانێدا خۆبەخۆ کارێکی باشە، دەبێت بە ئیجابی تێبگەین، هەرچەندە نەشێن دبێژین ئەڤە میزانیەی حکومەتا، یان پرۆژەکە کامیلە، پرۆژەکا ناقیصە هەموو بۆ وارێتدا، تەنها هەندەك ئەرقام ییێت هاتیا کرن، هەر پرۆژەکا میزانیا دەبێت بێتە دیاری کرن، کە ئەڤە پارەیە وەکی میزانیە حکومەتێ بە مەبلەغە بۆ کارێی، بە مەبلەغە بۆ نەکارێی، بۆ بەشی خزمەتگوزاری کارێ دیت، ئەڤە تشتە چ لە پرۆژەیا نەهاتیە دیاری کرن، بەلێ خۆ هەنگاوێکی باشە هەم پێ ئیجابیت هەلسەنگێنین بۆ سالا داهاتی کە بە روونتر و وازیحتر بۆ حکومەتا کوردستانێ، یان وەزارەتا مالیە، یان حکومەتا کوردستانێ بشێتن پرۆژێ میزانیە ئەڤەی ئەم نەشین دانێین پرۆژەی میزانیە، ئەڤە یەك.

یا دوویێش/ پرسیارێکی جەنابێتە دکەم لە سەرۆکی پەرلەمانا کوردستانێ لەسەر وێ تێبینیا کە جەنابێتە باس کری، ئەو یاسایە کە مالیەتا کوردستانا یا سالا 2005 و 2006 و 2007 حکومەتا کوردستانێ مەجبور کری بێ مالیەتا بگیرێتەوە بۆ بەغدا، یان لە میزانیا نوکیا مە بکوژی، ئایا پرسیارا من ئایا دەورا پەرلەمانتارێت کورد، یان کوردستانی لە پەرلەمانی عێراقدا چ بوویا، کەڤە یاسا خەلەتێك وەکی جەنابێتە ئیشارەتت پێدا لەسەر حکومەتا هەرێمی کوردستان هاتیە سەپاندن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاك رەشاد فەرموو.

**بەڕێز رشاد احمد ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پشتگیری لە راپۆرتی لیژنەی دارایی دەکەم، یەك/ هەندێك تێبینیم هەیە، بەڕاستی ئێمە کێشە گەورەکانمان لە بەغدایە، لەوانە کاك رەشید باسی نەفەقاتی سیادی کرد، هەتا ئێستا ئێمە نوێنەرێکمان نییە لەوێ بەشداری بکاتن لە دانانی ئەو نەفەقانە، هەتا ئاگادار بین تا چ حەددێك راستە.

دوو/ بەنیسبەت فرۆشتنی نەوت، هەتا ئێستا موئەسەسەی سۆمۆ لە بەغدا موسەیترە لەسەر نەوت و دەفرۆشن هیچ پێوەرێك و هیچ مقیاسێك نییە بە شەفافیەت بلاْو بکرێتەوە بۆ ئێمە، یان بۆ عێراق بەگشتی، سۆمۆ موسەیترە بە کەیفی خۆی دەکرێ و دەفرۆشی، ئێمە هیچ ئاگاداریمان لێ نییە، زۆر زۆر پێویستە زەخت لەسەر ئەوە بکرێت، پێویستە نوێنەرێکی ئیختیصاصیمان لەو موئەسەسەیە هەبێت.

سێ/ بەنیسبەت فروقاتی نەوت، جەنابتان دەزانن نەوت ڕۆژانەیە، بۆرصەیە، مەفروزە برادەرانی ئێمە لە بەغدا زەخت لەسەر ئەوەی بکەن ڕۆژانە سعری بۆرصە وەربگرن و ئەو کەمیەی دەڕوات بە ڕێگای ئەو عقودانەی دەکرێت بە ڕێگای سۆمۆ ئاگادارمان بکەنەوەو زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاك دلێر فەرموو.

**بەڕێز دلێر محمد شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من بۆ ئەوەی قسەکانم بەش بکات و کورت بێتەوە، پشتگیری لە بەشێك لە قسەکانی کاك ڕەشاد و پەخشان خان دەکەم، بەڕاستی دواکەوتنی بودجە سەبەبێکی دروست کردووە، کە ئەم کۆبوونەوەیە کۆبوونەوەیەکی ناتەبیعی دیار بێت لەبەر چاومان، ئەمەش ئێستاکە مەسەلەی شەفافیەت بکەوێتە بەردەم پرسیار، ئەمە بەڕاستی یەکێکە لە موشکیلەکانی کۆمەڵگای ئێمە، بەتایبەتی کۆمەڵگای کوردستانی چاوەڕوانیەکی زۆری کرد، کە ئێستا ئێمە موناقەشەی بودجە دەکەین زۆر شتی تر بخەینە بەرچاوی خەڵك، بەڵام بەم شێوەیەو بەم زروفە ناتەبیعیە، بەڕاستی من بەش بەحاڵی خۆم ئەوەندە سەیرم کرد لەو ئەرقامانە، نەمتوانی زۆر شت سەری لێ دەرکەم، هەندێك شتی تر هەیە بە خێرایی دەیڵێم، یەك لەوانە بۆ نموونە سیاسەتی مالیە دیار نییە لەو راپۆرتەیە، من دەستخۆشیان لێ دەکەم لە راپۆرتەکە، بەتایبەتی لە لیژنەی دارایی شتی زۆر باشی تیایە، بەڵام سیاسەتی مالی تیادا دیار نییە، هەست ناکەیت کە ئەمە ئەساسێك بێت، بۆ ئەوەی ئێمە لە موستەقبەلدا لە رووی مالیەوە بودجەی کوردستان پەرەی پێ بدرێت، هەندێ نوقاتی تری تیایە بەڕاستی لە ماددەکان دوایی قسەی لەسەر دەکەم، سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك خەلیل فەرموو.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

زۆر سوپاس، قسەکەی من کرا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، کاك بەڵێن فەرموو.

**بەڕێز حمد عبدالله محمود(بەڵێن):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی مەسەلەی دواکەوتنی بودجە بۆ ناوەندی مانگی حەوت، ئەوە پرسیارێکە لە لای هەموو خەڵك، بەڕاستی لە لیژنەی دارایی تەبعەن سەبەبەکەی دیاری کردووە، گەڕاوەتەوە بۆ حکومەتی مەرکەزی، من ئاگادارم حکومەتی مەرکەزی نیهایەتی مانگی یەك و بیدایەتی مانگی دوو بودجەیان ئیقرار کرد، کێشەك

هەبوو لەسەر بودجەی پێشمەرگە بکەوێتە سەر وەزارەتی دیفاع، ئەویش لەوێ چارەسەر کرا، یەعنی پێویستە وەلأمێکی موقنیع هەبێت بۆ دواکەوتنی بودجە، هەرچەندە مولاحەزەی ترم هەیە، بەڕاستی ئەو بودجەی کە کراوە لێرە مەفروز بوو وەکو پەرلەمانی عێراق چۆن بڕی تەرخان کراوە بۆ شتە سیادیەکان، دەبوایە دیاری کرا بوایە مەسەلەن بۆ سەرۆکایەتی هەرێم، بۆ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران، ئەوەی پەرلەمان دیاری کراوە، بۆ سوڵتاتی قەزائی، هەروەها بڕی تەرخان کراو بۆ بودجەی حزبەکان، کە بەڕاستی لێرە نازانی دەکەوێتە کام باب، دەکەوێتە کام شوێن، ڕاستە ئێمە یاسای حزبەکانمان هەیە، بەلأم یاسای منحەی حزبەکانمان نییە، کە مەفروزە پەرلەمانی کوردستان لەسەر ئەوەش پرۆژەیەکی یاسایی هەبێت لەسەر چ ئەساسێك منحەی حزبەکان دیاری دەکرێت، کە لێرە دیاری نەکراوە.

خاڵی فەقەرەی ئەخیریشم/ مەسەلەی داهاتی کوردستانە، مەفروزە باشتر تەوزیع بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك شێخەڵلاّ فەرموو.

**بەڕێز شێخ الله ابراهیم شێخ الله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش هاوڕام لەگەڵ هەموو برادەرانی تر دەربارەی دواکەوتنی بودجەکە، ئومێدەوارم بۆ ساڵی ئایندە ئەو بودجەیە ئامادە بکرێت، دەربارەی ئەو ژمارەو ئەرقامانە، من پێم وایە کەموکوڕیەکی زۆریشی تێدا هەیە، داهات ئەسڵەن بەشێوەیەك دیاری کراوە، چونکە داهاتی کوردستان بە مەزندەی من زۆر زۆر لەوە زیاترە، دەربارەی سەرف کردنی بودجەو ئەرقامەکان، ئێمە هیچ شتێکمان لەبەر دەستدا نییە، چۆن سەرف دەکرێت، چۆنیەتی سەرف کردنی ئەو مەبلەغانە لە چ سەرف دەکرێت، لە ئاوەدانکردنەوەیە، لە خەدەماتی گشتییە، لە شتی ترە، لە تەندروستییە، لەبارەی مووچەو مەعاش زیاد کردنە، نازانین ئەوانەی هیچی تێدا نییەو ئاگادار نینە.

دەربارەی وەزارەتەکان، پێم وایە هەندێك وەزارەت هەر زۆر زیادە هەن، بۆ نموونە وەزارەتی پیشەسازی، ئێستا نازانم وەزارەتی پیشەسازی ئیشی چیە، بە یەك بەڕێوەبەری گشتی بەڕێوە دەچێتن، مەعمەل رووخام فرۆشراوە نەماوە، مەعمەل جگەرە فرۆشراوە، مەعمەل نەسیج فرۆشراوە، مەعمەل مافوور فرۆشراوە، ئەوەی پێی دەڵێن مەعمەل نازانم لە سلێمانی ئەگەر شتێك مابێت، هیچی نەماوە، باشە ئەو وەزارەتە بۆ لەگەڵ وەزارەتی نەوت نەبێتن، پێکەوە دەمجی بکەن بە یەك بەڕێوەبەر بەڕێوە دەچێتن و ئەو هەموو مەساریفەی بەلاش دەکرێتن.

دەربارەی تەعینات، پێم وایە ئەوەی من بینوومە ژمارەیەکی زۆر بۆ تەعینات دانراوە، کەچی حکومەتەکان وا لەبەر دەستی ئەو فائیزەی کە هەیە دەناڵێنێ، من پێم باشە تەئکید بکرێت، یان تەرکیز بکرێت لەسەر

ئەو خەڵكە فەنییەی کە زۆر پێویستن لە دائیرەکان تەعین بکرێن، لەگەڵ ئەوانەی خەریجی کولیەن شتی تر نەکرێتن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک باپیر کامەلا فەرموو.

**بەڕێز باپیر کاملا سلیمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دیارە من وەکو ئەو برادەرانەی کە باسیان کرد سیاسەتی مالیە روون نییە، بۆ کام بوار و لە کام بوارە، لە هەموو دنیادا مەسەلەی مالی دەبێت حیسابات و لێك جیاکاری هەبێت، لێرەدا لەو راپۆرتەدا لەو پرۆژەیەدا، کە وەزارەتی مالیە بە هاوبەشی تەقدیمیان کردووە، جیاکارییەکی تێدا نییە، لە چ بوارێك و بۆچی و بەپێی پێویست، یان ئامانجیان سیاسەتەکە دیار نییە، دەبوایە زیاتر روون بێت، بەڵام ئەوەی کە باس دەکرێت بۆ ساڵی داهاتوومان، قسە لەسەر ساڵی داهاتوو بکەین، بە رەئی من زیاتر تەئکید بکەین، ئەوەی کە رۆیشتووە حەوت مانگی رابردوو رۆیشتووە، پێنج مانگی تریش دیار نییە داهاتەکە چەند لە خەزێنەی حکومەتدا ماوە، بە چ شێوەیەکیش سەرف دەکرێت، ئەوەی کە بەشێوەی گشتی من داکۆکی لەوە دەکەم، بۆ ساڵی داهاتوو حکومەت چ پلانێکی هەیە، بۆ ئەوەی جارێکی تر تووشی ئەوە نەبێتەوە وەزارەتی مالیە بودجە بکەوێتە مانگی دوو و سێ و چوار و پێنج و ئەوە، لە مانگی یازدە موشوەرەتی لێ بکرێت، بۆ ئەوەی بکرێت لەگەڵ حکومەتی فیدراڵی هەماهەنگیەك بکرێت، بۆ ئەوەی ئەو شتانەی کە کەڵەکە بوون پێشتر چارەسەر بکرێن، جا زیاتر ئەوەی کە گرفتی دروست کردووە واقیعی سیاسی و ئامانجی سیاسی زیاترە، دەبێت ئێمە هەموومان ئەوە لەبەرچاو بگرین، بۆیە من پێم باشە ئەوەی کە ئێستا هەیە وەکو هەموو ئەو کێشەو گرفتانەی کە هەیە بەسەرداڕۆیشتنی لەسەر زیاترە لەوەی کە ئێستا ئەوە بکەین، ئەو بودجەیە لەبەر ئەوەی هەموو برادەران باسیان کرد بەرچاو روونی نییە، رواندنی باشترە لەوەی کە ئێمە موناقەشەی بکەین، بۆیە تەئکید لە ساڵی داهاتوو بکەینەوەو سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک جەعفەر فەرموو.

**بەڕێز جعفر مصطفى معروف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من دوو، سێ تێبینیم هەیە، بەڵام بەخێرایی، ئێمە لە لیژنەی ناوخۆ لەسەر وردەکارییەکان رەئی خۆمان هەبوو، ئەمە یەك، دوو/ دەبوایە هەردوو وەزارەت یەکیان بگرتایە، ئینجا میزانیەکە بهاتایە ئێرە بەڕاستی، سێ/ ئێمە وامان بیست کە میزانیە تەقسیم کراوە لەنێوان هەردوو ئیدارەی پێشوودا هی سلێمانی و هەولێر، من لە کاک رەشید خۆم گوێم لێ بوو لە تەلەفزیۆن، خاڵێکی تر ئەگەر حیصەی وەزارەتەکان بدرێت بە وەزارەتەکان خۆیان چاکترە لەوەی لە وەزارەتی داراییەوە تەمویل بکرێن، یەعنی هەر وەزارەتێك

سەرەبەخۆییەکی لە دارایی خۆیدا هەبێت، من لێرە ئەو ڕۆژە ویستم وەڵامی دکتۆر عەلی دەباغ بدەمەوە، ئێمە داهاتی کوردستان لە 83٪ی دەچێتە بەغدا لە 17٪کەشمان نادەنێ، ئەو لە 17٪ نیسبەی نەوتە دەدرێ بە کوردستان، لەبەر ئەوە حەق نییە داهاتی کوردستان بچێتە بەغدا بە گومرگ و باجەکانی هەموو شتەوە، ئومێد دەکەم ساڵی داهاتوو باشتر ئەو میزانیەی کە ئێستا بۆمان تەحدید دەکرێت، کە ئێستا جەنابی سەرۆك باسی کرد، کە گوایە میزانیەکە بۆ ساڵی داهاتوو باشتر دەچێتە ناو ڕەقمی حیسابی کوردستانەوە، ئەو موشکیلانەی کە ئەمساڵ دروست بووە، ساڵی داهاتوو نەمێنێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، دکتۆە شوکریە فەرموو.

**بەڕێز د.شوکریە رسول ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی دەربارەی ئەم بودجەیە، من هیچ جۆرە شەفافیەتێکی لێ نابینم، دەڵێت فەیلەسوفێکی سەر ئەسڵەعی بێ تووك لە برناشۆی پرسی داهاتی ئینگلترا چۆن دێتە بەرچاو، ئەویش گوتی وەکو ڕیشی من ئەوەندە داهات زۆرە، بەڵام دابەش کردنەکە وەکو سەری تۆ وایە، کەواتە لێرەدا ئەم بودجەیە بەڕاستی تا ئێستا ئێمە نازانین چۆن دابەش دەکرێت، تاکو ئێستا لە ڕێگای گۆڤار و ڕۆژنامەکان دەیخوێنینەوە دەڵێت پێنج ملیار هەمووی بۆ پەرلەمان و ئەنجومەنی وەزیران و وەزارەت و هەموو ئەمانە، کە دێتە سەر حیسابیش دەڵێت نیو ملیۆن فەرمانبەری فائیزمان هەیە، کە ئەمە زۆر کاریگەریەکی زۆری هەیە، ئەمە چۆن دابەش دەکرێت، شتێکی تر کە من بە فەراغی دادەنێم هەمووومان دەڵێین کەرکووك لەسەر کوردستانە، کەرکووك هی خۆمانە، کەرکووك زۆربەی زۆری کوردە، کەچی لەم بودجەیەدا هیچ شتێکی تیا نابینم شوێنێك بکرێتەوە بۆ کەرکووك، جا بۆیە داوا دەکەم ئەگەر شوێنێکیش ببێت بۆ کەرکووك با فەرامۆشی نەکەین و زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سۆزان خان فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

برادەران زۆریان مولاحەزەیاندا، بەڵام من حەز دەکەم لەسەر دوو خاڵ قسە بکەم، هەتا ئێستا هەردوو وەزارەتی مالیە ڕێنماییەکانی خۆیانیان یەك نەخستۆتەوە، ئایا چۆن تەسەروف دەکەن لەگەڵ ئەم بودجەیە، ئەو بەشەی کە بەریان دەکەوێت، چونکە هەتا ئێستا ئەوەی دەنگە، یەکێك دەڵێت چل و نۆ،

ئەویتر دەڵێت پەنجاو یەك، واتا هەتا ئێستا وازیح نییەو هیچ شەفافیەتێکی تێدا نییە، بۆ زانینتان شەفافیەت یەکەم داوای پەرلەمانەو حکومەتیش خۆی باسی لێوە دەکات.

خاڵی دووەم/ بەڕاستی من باسی ئیرادات دەکەم، باشە شت لەسەر ئیفتیرازیات ناکرێت، بەتایبەتی بودجە کە ئەوە عیلاقەی هەیە بە ژیانی هەموو تاکێکی کوردستانەوە، چۆن لەسەر ئیفتیرازیات بەڕێز بەڕێوەبەری گشتی دارایی دەڵێت لەوانەیە پارەکەمان بدەنەوەو بەڵکو بمانەدەنەوە، یان ئەوەی کە هەمانە پڕی دەکەینەوە، خەڵك لەسەر ئیفتیرازیات چۆن دەتوانێت حکومەتێك بەڕێوە بەرێت، ئیراداتی حەقیقی کە لێرەدا دەڵێت بردوویانە بەغداو نازانم چی، ئەی باشە خۆمان ئیراداتمان نییە، بێجگە لەو دوو گومرگە، ئەی بیرمان لەوە نەکردۆتەوە ئیستیفادە لەو هەندە ئیراداتە بکەین، کە ئێستا بەداخەوە ماتۆڕمان لێ بەستراوە دەبێت بە دەقیقەیەك قسەکەمان تەواو بکەین، ئەگینا من بە هەردوو ئەو بەڕێزانەشم دەوت ئیراداتەکانی کە ئەوان دەتوانن ئیستیحصالی بکەن و زۆر باش بۆشاییمان بۆ پڕ دەکاتەوە چیە، لەبەر ئەوە من هەر ئەوەندە دەڵێم و زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك سەعدەدین فەرموو.

**بەڕێز ملا سعدالدین عبدالله مولود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو بودجەی ساڵی 2006 ئەگەر لێم عادز نەبیت، ئەوە کەونە کایە بە بای دەکەین، یەعنی ئەوە رۆیشتووە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مەقصەدت بودجەی ساڵی 2007ە.

**بەڕێز ملا سعدالدین عبدالله مولود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە قەزیەی موازەنەی عام میزانیە ئێمە لایەکی زۆر گرنگمان کردووە، کە جانبی ئیستیسماری میزانیەیە، ئەوەش لەبەر ئەوەیە کە مانگانە میزانیەکە دێت و هیچ حیسابێکی خاص لە بەغدا نییە، یان حیسابێکی خاص نییە، حکومەتی هەرێم بتوانێت ئەو حیسابە لەوێ بهێنێت و لە پرۆژەکانی ئیستیسماری سەرفی بکاتن، هەروەکو برای بەڕێزم کاك شێخەڵلاش باسی کرد، لە قەزیەی میزانیە لە ماددەی 106 لە دەستووری عێراقیدا هاتووە، کە هەیئەیەکی عولیا دادەنرێت، بۆ ئەوەی ئەو میزانیەی کە تەصدیق دەکرێت لە مەجلیسی نوابی عێراقی نەچێتەوە وەزارەتی مالیەی بەغدا، بەڵکو بچێتەوە ئەو هەیئەیە، نازانم من ئەو پرسیارە لەو بەڕێزانە دەکەم تاکو ئێستا ئەوە چی لێکراوە، یەعنی ئایا دەچێتەوە ئەو هەیئەی عولیای کە دانراوە، یان ناچێتەوە ئەوێ لەگەڵ رێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك سەردار فەرمووو.

**بەڕێز سەردار صباح بوزو هەرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی ئێمە زیاتر موهتەمین کە میزانیەی ساڵی 2008 لە وەختی خۆیدا بێتن، بۆ ئەو مەبەستە پشتگیری لە پێشنیارەکەی کاك ئاریز دەکەم کە صیاغەی ماددەیەك بکرێت، ئەگەر بێتو میزانیەی ساڵی 2008 لە وەختی خۆیدا نەکرێت، هەندێك ئیجرائاتی قانونی چ بەرامبەر خودی میزانیە کە بە ناقانونی لە قەڵەم دراوە، یان وەزارەتی مالیە، یان کابینەکە، ئەگەر پێتان باشە ئێمە صیاغەی ماددەکە بکەین، ئەوە یەك.

دوو/ بەڕاستی وەزیر سەلاَحیەتی سەرفی هەبێت لەو میزانیەی کە بۆی تەرخان کراوە، بەبێ ئەوەی حەقی موناقەلەی هەبێت.

خاڵی ئەخیریم/ بەڕاستی حکومەتمان دەبێت بیر لەوەی بکاتەوە کەم کردنەوەی خەرجیەکانی، ئەویش بە پارە دەبێت بیر لەوەی بکاتەوە کەم کردنەوەی ژمارەی وەزارەت، هەروەها کەم کردنەوەی ژمارەی فەرمانبەران و سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاك رۆمیۆ فەرموو.

**بەڕێز رۆمیۆ حزیران نیسان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەبەر کەمی وەخت زۆر بە کورتی من چەند پرسیار و تێبینیەکەم هەیە، بەڕاستی ئەم بودجەیە زۆر نادیار و ناوازیحە، چونکە مەبلەغێکیان نووسیووە ئەو مەبلەغە، ئەو بڕە پارەیە دابەش کراوە بۆ دوو شت، یەك/ بۆ خەرجیەکان، ئەویتریش بۆ سەرمایەگوزاریەکان، یەعنی بۆ پرۆژەکان.

خاڵی دووەم/ ئەم بودجەی تەنیا ئەوەی لە بەغداوە هاتووە باسی لە 17٪ دەکرێت، ئەی ئایا داهاتەکانی تری کوردستان وەکو گومرگەکان، مەسەلەی زەریبەو شتەکان، ئایا بۆ ناخرێتە سەری، یان ئەو چی لێ دێت.

لە خاڵێکی تر من تەئکید دەکەمە سەر ئەوەی کە ئێمە ساڵی 2008 خۆزگە بە ساڵی 2007 نەبەین کە لە مانگی حەوتەوە باسی موناقەشەی بودجەی هەرێمی کوردستان دەکەین.

خاڵێکی تر/ دیاری کردنی چەند ئەوقاتی موحەدەد، وەك لە راپۆرتی لیژنەی داراییشدا هاتووە، من پشتگیری لێ دەکەم لە ماوەیەکدا پەرلەمان بەدواداچوونێك بۆ خەرج کردنی تەفسیلاتی وەزارەتەکان بکات.

خاڵێکی تر/ ئایا رۆژێك دادێت بودجەکانمان کەمی نەهێنا، بڵێین زۆری هێناو عەجزی تیا نییە، سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سوپاس، دکتۆر فوئاد فەرموو.

**بەڕێز د.فؤاد محمد احمد بابان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەڕاستیدا ئەوەی برادەران باسیان کرد هەمووی گرنگ بوو، بەڵام بەلای منەوە ئەوەی ئێستا دەکرێت ئەوە باس بکەین، ئەویش ئەوەیە ئەو پارانەی کە ماوەتەوە لە وەزارەتەکانی حکومەتدا بەلای من وەزارەتی دارایی بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی پلاندانان پیاچوونەوەیەك بکات بۆ ئەو پارەیەی کە ماوەتەوە، تا ئەم چەند مانگە دووبارە دابەش بکرێتەوە بەسەر سەیتەرەکاندا بەپێی پێویست، کە خزمەتگوزارییە بە پەلەکان دابین بکات، لەگەڵ رەچاو کردنی جوگرافیەکانی ناوچەکانی کەوا پێویستیان بە خزمەتگوزاری هەیە، لە هەمووشی گرنگتر بەڕاستی تەنها دانانی پارە نییە هەر بۆ سەیتەرێك، ئەوە چۆن خەرج دەکرێت، لەبەر ئەوە چاودێری کردنی ئەم کاروبارانەی کە دەکرێت بەڕێوە دەبرێن لە دانانی پارەکان گرنگترە، لەبەر ئەوە گرێبەستەکان و بەڕێوەبردنی پرۆژەکان دەبێت لیژنەی بەدواچوونی بۆ دابنرێت و چاودێری بکرێت، تا بزانرێت ئەو پرۆژانەی تا ئێستا تەواو نەکراوە، بۆچی تەواو نەکراوە؟ سووچ لە کام لا هەیە، لە بەڕێوەبردنەکاندا هەیە، لە کارگێریدا هەیە، ئەو گەندەڵییەی کە باس دەکرێت چارە بکرێت.

دووەم/ بەڕاستی پارەیەك تەرخان کراوە بۆ پارێزگاکان، کەوا لەم موازەنەدا نییە، من داوا دەکەم لە وەزیری پلاندانان و وەزیری دارایی بە هەماهەنگی لەگەڵ ئەنجومەنی پارێزگاکان ئەو پارەیە بۆ ئەو خزمەتگوزاریانە دابین بکرێت و بەشێوەیەکی باش سەرف بکرێت، چونکە ئەو پارەیە ئەگەر بێتو سەرف نەکرێت تا کۆتایی ساڵ، خۆتان دەزانن پارەکە دەگەڕێتەوە بۆ بەغدا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاك غەفور فەرموو.

**بەڕێز غفور طاهر سعید مەخموری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سوپاس بۆ جەنابتان و بەڕێز کاك رەشید بۆ ئەو روونکردنەوانەی کە داتان، بەڵام منیش هاوڕام لەگەڵ ئەندامانی پەرلەمان، بەڕاستی لە یاسایەکەدا هیچ سیاسەتێکی دارایی دیار نییەو ستیراتیجیەتی سەرفیش لە یاساکە دیار نییە، من پێشنیار دەکەم بۆ ئەو بودجەیە بەشێك تەرخان بکرێتن بۆ ناوچە تازە ئازاد کراوەکان، ئەو ناوچانەی کە بە عەرەب کراون، مامۆستا دکتۆرە شوکریە باسی ناوچەی کەرکووکی کرد، بەڕاستی ناوچەی مەخمووریش کە هەموو ئیدارەیەکەی لە هەولێر دەکرێت، تەنها شورتەو مەحکەمە لەسەر مووسڵە، بۆیە حەقە ئەو ناوچەیەی کە بەرەو وێرانی و کاول بوون دەڕواتن بەشێك لەو بودجە وەکو هاوکاری خێرا بکرێت بۆ ئاوەدانکردنەوەی ناوچەکە، دواتر حەقە لە بودجەکە قەرزی خانووبەرەش هەبێتن، لەبەر ئەوەی ئێمە ئێستاکە کێشەی نیشتەجێبوونمان هەیە لە کوردستان، ئەزمەی سەکن ئەمڕۆکە کێشەیەکی زۆر گەورەیە، حەقە بەشێك تەرخان بکرێتن قەرزی خانووبەرە بدرێت بە خەڵك و هاوکاری

بكرێن، بۆ ئەوەی شوێنی نیشتەجێ بوون بۆ خۆیان دروست بکەن، لە هەموو وڵاتێكدا کە بودجە دادەنرێت هەلی کارکردن هەیە، یەعنی فورسەی عەمەل دەدرێتن، ئایا ئەمساڵ هەلی کارکردن لە کوردستاندا چەندە؟ تاکو ئێستا دامەزراندن وەستاوە، بۆ ئەوەش پێویستە بەراستی بەشێك تەرخان بکرێت، نەك ئێمە تەعینات رابگرین بە یەك جار، ئەوەی کە تەخەروج دەکاتن چارەنووسی چ دەبێت.

خاڵێکی تر/ مەسەلەی چوونەوەی داهاتی کوردستان بۆ بەغدا، بەڕاستی من زۆر دژی ئەوەم، داهاتی کوردستان دەبێت بۆ خەڵکی کوردستان بێت، دەبێت ئەو داهاتەش روون بێت، بەلاَم لە پرۆژەکانی ناوخۆی کوردستان سەرف بکرێتن، مەسەلەی کەم کردنەوەی خەرجیش، یەعنی پەیوەستە بە کەم کردنەوەی وەزارەتەکان، لەبەر ئەوە وەزارەتی وامان هەیە هەر پێویست نییە وجودی هەبێت، وەزارەتی دەرامەتە ئاویەکانمان بۆ چییە، ئەوانە هەمووی بەنداوی دوکانەو دەربەندیخان و چەند شتێکی وامان هەیە، نە بەحرمان هەیە، نە خەتی دەریاییمان هەیە، جا وەزارەتی دەرامەتە ئاویەکانمان بۆچیە، کۆمەڵێك وەزارەتی تر، هەندێك کۆنفرانسات و هەندێك کۆنگرە لە کوردستان دەکرێت، کە هەندێك سەنتەر دەیکەن بەڕاستی شتی زیادەن پارەیەکی زۆر زۆریان لێ سەرف دەکرێت، دەتوانم بڵێم ئەو پارەیە بۆ نموونە مەسەلەیەکی بەسیت کە ئەوەی لە هەفتەی رۆشنبیری مەرکەزیدا سەرف کرا، باوەڕ بکە کۆمەڵێك شوقە بۆ ماڵە شەهیدەکان دەکرا، هەندێك شت هەیە ئیستیفادەی نییە ئێمە دەیکەین، چوار رۆشنبیر بانگ دەکەین کۆمەڵە ملیۆن دینارێکی لێ سەرف دەکەین، بەوە ئێمە دەتوانین خەرجیەکانمان کەم بکەینەوەو کۆنترۆڵی خۆشمان بکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاك عوسمان فەرموو.

**بەڕێز عثمان عبدالله قادر(بانی مارانی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەداخەوە بودجەی هەرێم دواکەوتوو و بەم شێوەیە هات، هەموو لایەك دەزانین کەموکوڕی زۆرە، بەلاَم باسی ناکەین، شەفافیەت نییە هەموو قوربانی ئەو بارودۆخەین کە لە کوردستان و عێراقدا هەیە، فیعلەن هەمووومان دەزانین حاڵی ئەو بودجەیە چۆنە، یەعنی هەمووی لەناو دڵی خۆی باش دەزانێت پێویست ناکات کەسمان ئەوەی بکەین، تەنیا من ئەوەندەی دەڵێم لەوەی لەبەر دەست هەیە، ئەوەی هەیە ئەو چەند مانگەی ماوە بەشێکی باش بۆ سووتەمەنی و کارەبا دیاری بکرێت، چونکە وەزعی خەڵك زۆر خراپە، یەعنی تەنها لەوەندەی تۆزێك زگمان بە خەڵك بسووتێ، خاڵی تر هەمووی بەقوربانی ئەوە بێت، کە ساڵی ئایندە هەموو دنیا ئاگادار بکەینەوە بودجەکە لە کات و ساتی خۆی بە شەفافیەتەوە وەکو هەموو مەسەلەی میزانیە کە لە دنیا جێ بەجێ دەکرێت، ئێمەش بێین دەموچاوێکی جوان پیشان بدەین، ئەو میزانیەی خۆمان بۆ ساڵی داهاتوو بە جوانی جێ بەجێی بکەین، ئەمساڵ ئەوەی چووە با بڕوات، من پێشنیارێك دەکەم لە وەزارەتە خزمەتگوزاریەکان لە 5٪ی بودجەکانیان لە هەڵەبجەی شەهید سەرف

بكرێت، چونكە هەموومان كە دادەنیشین باسی هەڵەبجە دەكەین دەبا بیكەینە قەرار با لە وەزارەتە خزمەتگوزاریەكان لە 5٪ی بودجەكانیان لە هەڵەبجەی شەهید سەرف بكرێت و ئاوەدان بكرێتەوە، بۆ ئەوەی هیچی تر وەكو دەڵێ كەسی تر بەو نەوعەی هەیە باس و خواسی هەڵەبجە نەكات، پشتگیریش لە قسەكەی دكتۆرە شوكریە دەكەم بۆ مەسەلەی كەركووك، هەرچەندە ئەوە بەردەوامە من دەیكەم باش بێت، خراپ بێت، رەنگە هەندێك بڵێن ئەوە شتی نهێنیە، بەلاَم خۆزگە بە نهێنی شتێكمان هەبوایە، مەسەلەی دەسەلاَتی وەزیرەكان، فیعلەن لەو بودجەیە بۆیان دیاری كراوە، حەقە بۆیان زیاد بكرێت و بتوانن لەو بودجەیە تۆزێك سەرف كردنی دەستی خۆیان بكەن، مەسەلەن بەو شێوەیەی كە هەیە لە پێش وەزارەتی مالیە یەعنی دەسەلاَتێكیان بۆ زیاد بكرێت، دیارە شوكر حیجزی مالیشمان نییە، پێشنیاریش دەكەم قەرزی خانووبەرە بەردەوام بێت و درێژەی هەبێت، بەڕاستی هەندێك شت لە خزمەتی خەڵك بێت و سوپاستان دەكەم.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك عوسمان ئەحمەد فەرموو.

**بەڕێز عثمان احمد حمد امین:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لە قانونی بودجەكەدا تەخمینیە، باسی داهات بە تەفسیلی نەكراوە، بەلاَم سەرف دیقەتكاری تێدا كراوە، كەواتە عەجزەكەش هەر تەخمینیە، ئەگەر داهات تەخمینی بێت سەرف چۆن دەكرێت دیقەتكاری تێدا بكرێت، یەعنی دەبێت داهات وازیح بێت ئینجا سەرفەكە دیقەتی تێدا تەوزیع بكرێت لەو قانونەی كە هەیە، ئینجا وا لە قسەی جەنابی كاك رەشید حاڵی بووم لەسەر لە 17٪ەكەی هەرێمی كوردستان میزانیەی بەغدا زۆر وازیح نییە، جەماوەری كوردستان وا خۆی تەلقین كردووە، كە لە 17٪ وەردەگرێت، ئەگەر لە 17٪ بە دیقەت بێت، خۆ داهاتی كوردستانیش مەعقول نییە، ئەو هەموو دائیرە زۆر دەقیقانە هەن داهاتەكە بە دیقەت و بە جددی نەبێت، شتەكان چۆن دەبێت لەسەر ئەساسی تەخمینی كە زۆر نازانستییە لە تەوزیعی بودجەو وەزعی تەسبیت كردنی بودجە، مەسەلەی عەجز كە دەگوترێت عەجز هەیە، بەڕاستی جێی خۆیەتی پەرلەمان باس لە سڕی ئەو عەجزە بكات، چونكە نابێت بە عەجز شت بۆ وەزارەتەكان دیاری بكرێت، یەعنی داهاتت چەندە لەسەر ئەساسی ئەو داهاتەش دەبێت بودجەی وەزارەتەكان دیاری بكرێت، ئەگەرنا دەبێت بە جەماوەری كوردستان بڵێین چاوەڕێی هیچ مەكەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، هەر تەعلیقێكی وا سەریع، كاك عوسمان هەموو میزانیەك تەخمینیە، تۆ نازانی ئیرادات چەندە، هەموو ولاَتان بەتایبەتی ولاَتانی نەوتی تەخمینیە، تۆ نرخی بەرمیلی نەوت ئەمساڵ پەنجا دۆلارە، تەخمینی دەكەیت لە ساڵێكدا داهات ئەوەندەیە، لە پڕ نەوت دادەبەزێت بۆ نموونە دەبێتە چل دۆلار، ئەوە

عەجزێکت بۆ پەیدا دەکاتن لە میزانیەکە، چارەت نییە، یان دەبێت لە ئیراداتی پێشوو سەرفی بکەیت، یان دەبێت میزانیەکی تەکمیلی بۆ دروست بکەیت، جا ئەوە لە تەخمینیەکە بە هەڵە نەچین، هیچ میزانیەك نییە تەخمینی نەبێت، تەخمینیەکەی ئیراداتی ئەمساڵی ئەو دەوڵەتە چەندە لەبەر رۆشنایی ئەوە وەزارەتەکان نەفەقاتی خۆیان دیاری دەکەن، کاك عادل فەرموو.

**بەڕێز عادل محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

قسەکانم کرا نامەوێت دووبارەی بکەمەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

منیش سوپاست دەکەم، کاك هیوا فەرموو.

**بەڕێز هیوا صابر احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی من پێم خۆشە پێش هەموو شتێك دیراسە کردنی ئەم بودجەیەی لە پەرلەمانی کوردستان بەبێ حەساسیەت بێت، باشتر وا بوو وەختێکی باشتری پێ بدرێت، چونکە وەکو جەنابتان باستان کرد، پەرلەمانتار دەڵێت من لە بودجە نازانم، پاش تێپەر بوونی شازدە ساڵ بەسەر تەمەنی پەرلەمان و حکومەت و پەرلەمانتارەکان لە بودجە حاڵی نەبن، خۆشە ئەمە بە هەند هەڵبگرین بۆ زیاتر شارەزا بوون لە بودجەو قسە کردن لەسەر بودجە، لە بەرنامەی کاردا هاتووە، خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی بودجەی هەرێمی کوردستان، کەواتە حەقی خۆیەتی کاتێکی زیاتری بدرێتێ، من وەکو پەرلەمانتارێك لەبەر ناچاری وەزعەکە، کە وەزعەکە تازە تێپەرێوە، ئەمە بە دیراسە کردنی بودجەو بڕیار لەسەردانی نازانین، بەڵام هەروەکو لە سەرەتاوە ئاماژەی پێ کرا بارێکی نائاسایی پێویستە تێپەرێنرێت و بزانرێت، بۆ ئەوەی بتوانی لە ساڵی داهاتوودا بەشێوەیەکی یاسایی و بەشێوەیەکی ئاسایی قسە لەسەر بودجە بکەین، لێرەدا پێویستە چەند خاڵێك لەسەر هەڵوێستی عەجز، ئەم عەجزە بۆچی؟ تەقریبەن دوو تریلیۆن دینار عەجزمان هەیە بۆچی؟ ئەگەر پەرلەمان لەسەر ئەو هەڵوێستە نەکات.

دووەم/ بۆ سەرمایەگوزاری و خزمەتگوزارییەکان بەشێوەیەکی گشتی دوو تریلیۆن و وردەیەك دیاری کراوە، هەڵوێستەی لەسەر بکەین و ئێمە داوا بکەین هەرێمەکەمان پەرەی پێ بدەین و گەشەی پێ بدەین، چارەسەری گەندەڵی بکەین، لەولاشەوە ئەوەی بڵێین، ئاگادار بوون لە داهاتی هەرێم و سەرچاوەکانی داهات و میزانیە مافی هەموو تاکێکی هەرێمی کوردستانە، بۆیە هیوا دەخوازم ئێمە نەڵێین پەرلەمان دیراسەی بودجەی کرد و بڕیاری لەسەردا، بڵێین بارێکی نائاساییمان گوزەراند و سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك هیوا خۆشت ئەندامی لە لیژنەی دارایی، لەبەر ئەوەی تێبینیەکانت مەجالێکی زۆری هەبووە زیاتر لە ئەندامانی پەرلەمان، لەوێ بیڵێیت و تۆماریشی بکەیت، دکتۆرە هالە فەرموو.

**بەڕێز د.هالە سهیل وادی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە هەموو ولاَتێك ئەولەویاتی پێداویستی هەیە، لە ولاَتی ئێمەش لە هەرێمی کوردستان لە ئەولەویاتی ئێمە کارەباو سووتەمەنیە، من لەو بەڕێزانە دەپرسم ئەو بودجەی ماوە هی ئەو پێنج مانگەی چارەسەری ئەو کێشەیە دەکات، من دلّنیام لەوەی لەو کۆبوونەوەی کە دەچینە دەرێ یەکەم پرسیار هاوولاَتی لە ئێمە دەکات ناپرسێت چەند قوتابخانەو چەند نەخۆشخانەو چەند گوند ئاوەدان دەکرێتەوە، یەکسەر دەلێت کێشەی کارەباو کێشەی سووتەمەنی چارەسەر دەکرێت، یان نا، ئەگەر بەڕێزیان وەلاَمیان هەیە وەکو موژدەیە بیدەنە ئەو خەلّکەو سوپاسیان دەکەین.

خالّی دووەم/ ئەو رێکخراوانەی کە هەن، رێکخراوی حکومی و ناحکومی و رێکخراوی کۆمەلّگای مەدەنی ژمارەی زۆر سەیر سەیر باس دەکرێت، پێنج سەدە، شەش سەدە، کە باس دەکەیت ئەوانە هەمووی کرێی خانوویان هەیە، فەرمانبەریان هەیە، تەجهیزاتیان هەیە، بەشێکی زۆر لە بودجەی وەزارەتی ناوخۆ وەردەگرن، ئایا ئەوانە ئەمە راستە بەرەو مەدەنیەت دەڕۆن، بەس ناکرێت بەبێ پلاندانان و بەبێ هەلّسەنگاندنی ئەو کۆمەلّگایانە، هیوادارم تەقیم بکرێن و ئەوی فیعلەن ئیشی کردووەو خزمەتی کردووە، ئەوان دەمێنێن، ئەوانی تر دووبارە موراجەعەیان بۆ بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دکتۆر نوری فەرموو.

**بەڕێز د.نوری جمیل تالّەبانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سوپاس بۆ پێشکەش کردنی بودجەی هەرێمی کوردستان بۆ یەکەم جار لەبەردەم پەرلەمانی کوردستان پاش یەکخستنەوەی هەردوو ئیدارەکە، چەند تێبینیەکم هەیە بەلاَم زۆر بە کورتی باسی دەکەم، یەکەم/ ئاماژە بەوە کرا کەوا ئەمە یەکەم جارە ئەم پرۆژەیە پێشکەش دەکرێت، بەلاَم پاش حەوت مانگ، هۆیەکەشی دیاری کرا.

سەرەنجی دووەم/ ئەوەیە بودجەکە بەشێوەیەك ئامادە کراوە بگونجێ لەگەلّ بەردەوام بوونی دوو وەزارەتی دارایی، کە هەردووکیان بەردەوام دەبن لەسەر جێ بەجێ کردنی ئەو پرۆژانەی پێشتر دەستیان پێ کردووە.

سەرەنجێکی تر/ نزیکەی لە 75٪ی بودجەکە تەرخان کراوە بۆ مووچە، کە ئەویش من بە کارەساتی دەزانم، حکومەت پێویستە بوێرانە کار بۆ چارەسەر کردنی بکات، ئەگینا ئاوەدانکردنەوەو کاری خزمەتگوزاری زۆر دوا دەکەوێت، لە کاتێکدا خەلّك چاوەڕوانی پەسند کردنی بودجەیە، تا ئەو کارانە جێ بەجێ بکرێن، ئێستا کوردستان لە بارودۆخێکی نائاسایی دایە، پرسیار لەوە دایە پلانی حکومەت چیە بۆ چارەسەر کردنی ئەو کێشانەی بوونەتە هۆی ئەو بارودۆخە نائاساییە، بەتایبەتی لەگەلّ حکومەتی ناوەندیدا، سەبارەت بە بودجەکەمان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

سوپاس، نازناز خان فەرمووو.

**بەڕێز نازناز محمد عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ڕەخنەیەكم لە ڕاپۆرتی لیژنەی دارایی هەیە، كە ئەویش وشەی حكومەتی مەركەزی لە بەغدا بەكار دەهێنن، ئەمە هەڵەیەكی زۆر گەورەیە، دەبێت چاك بكرێتەوە لەجیاتی ئەوە بگوترێت حكومەتی فیدراڵی، خۆمان لە مەركەزیەت ڕزگار بكەین، لە ڕواڵەتدا ئەو دەفتەرانەی كە دابەش كران، ئێمە وەرمانگرت وەكو سەرۆكی لیژنەكان، كلێشەكان بەشێوەیەكی زۆر كلاسیكی ئامادە كراوە هەر هەمووشی بە زمانی عەرەبی بووە، وا پێشنیار دەكەم بۆ بەردەم سەرۆكایەتی ئەنجومەنی وەزیران و پەرلەمان، كە لەمەودوا با خۆمان ڕزگار بكەین لەو حاڵەتە هەر وەزارەتێك كلێشەیەكی تایبەتی خۆی هەبێت، لە سەرەتای ئەو دەفتەرانە كە بودجەكەی تێدا نووسراوە ستراتیجیەت و ئامانج لە تەنزیمی ئەو بودجەیە دیاری بكرێت لە بیدایەتی جەدوەلەكە بە زمانی كوردی هەبێت، هەروەها تەفاسیلەكە زۆر وردتر بێت، بۆ ئەوەی ئەو كەسەی كە دەیخوێنێتەوە تێیبگات، ئەو وەزارەتە ئامانجی چیە؟ ستراتیجیەتی چیە؟ بە تەمای چ بەرنامەیەكەو، چۆن سوود وەردەگرێت لەو میزانیەی كە دابەشی كردووە، كلێشەكان هێندە تەقلیدییە، كە هاتووە هەمووی بە یەك شێوەیە، بۆیە ئێمە هەندێك شت دەبینین لە هەندێك وەزارەت ڕەنگە دروست بێت كە تێیدا بێت هەندێك فەقەرات، بەڵام هەندێكی زۆر ناتەبیعییە، بۆ نموونە وشەی صیانەی تائیرات، یان (اطعام الموقوفین والنزلاء) ئەوانە شتی زۆر سەیرن، ئەوانە هەموو وەزارەتەكان بۆچیتیان، یەعنی نازانم صیانەی تائیرات بۆ دەبێت لەو هەموو وەزارەتانەدا هەبێت و بودجەشی بۆ تەرخان بكرێت، هەروەها من پرسیارێكم هەیە ئاراستەی وەزیری دارایی دەكەم لە 28٪ بۆ هەردوو وەزارەتی دارایی چووە میزانیەی ئێمە، وابزانم وەزارەتێكی مونتیج نییە، ئەو ئەركە قورسەی لەسەر نییە، كەچی وەزارەتی پەروەردە خاوەنی یەك لەشكر مامۆستاو قوتابییە، بەلای كەمی یەك ملیۆن كەس، پێویستی بە ئاوەدانكردنەوەیەكی یەكجارو ژمارەیەكی یەكجار زۆر هەیە، بەلای كەمی ئێمە بۆ ساڵی داهاتوو دوو هەزار تا سێ هەزار قوتابخانەمان پێویستە ئاوەدان بكرێتەوە، تەنها لە 15٪ی بودجەكەی بۆ تەرخان كراوە، بێجگە لەوەی كە لە وەزارەتی خوێندنی باڵا بەهەمان شێوە ئێمە پێویستیمان بە ریفۆرم و بنیاتنانەوەی زانكۆیەكان و مەعهەدە، كەچی لە سەدا سێ و نیوی بودجەكەی بۆ تەرخان كراوە، هەروەها من سەرنجمدا لە وەزارەتە خزمەتگوزاریەكان میزانیە زۆر زیاترە تاكو وەزارەتە بەرهەمهێنەرەكان، وەكو وەزارەتی پیشەسازی كە دەبێت لەمەودوا بە دەوری خۆی هەستێت و كاری بەرهەمی و كاری ئیستیسماری بكات لەبوارە جیا جیاكان و سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك محەمەد فەرەج فەرمووو.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**منیش تەئکید لەسەر ئەوە دەکەم کە سەرچاوەکانی بودجە وەکو پێویست دیار نییە، یەعنی شەفاف نییە، هیوادارم ئەمە ببێتە پێگەیەکی باش بۆ دیاری کردنی ئەوە، چونکە سەرچاوەکان زۆرن، هەر لە مەسەلە خزمەتگوزاریەکانەوە بیگرین، پێم وایە خۆی داهاتێکی گەورەیە، ئەمڕۆ قسە کردن لە کوردستاندا، یەعنی وەکو نەوت وایە دەکرێت داهاتێکی زۆر گەورە، یەعنی حکومەت ئیزافەی خۆی پێی بکات.**

**دوو/ ئەم پرسیارەم روو دەکەمە کاك عوسمان، ئەولەویەتی ئەو قۆناغە چیە، حکومەتی هەرێم ئەولەویەتی چیە؟ بەپێی ئەم میزانیە لەگەڵ بۆ مەعاشاتە، ئەگەر یەکێك بێت سەیری ئەوە بکات لە دەرەوەی کوردستان ئەولەویەت لە کوردستاندا بۆ تەشغیلە، پێم وایە ئەوە موراجەعەیەکی دەوێت، ئەم نەسریە زۆرو زەبەنانەی کە هەن، یەعنی سەیری ئەو وەزارەتانە دەکەیت، سەیری سەرۆکایەتی هەرێم و سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران و سەرۆکایەتی پەرلەمان و وەزارەتەکان دەکەیت، یەعنی نەسرییەکی زۆر زیاد لە پێویستە، ناکرێت ئەمە راگرین، ئەم تەشغیلە خۆ کە دەڵێین زۆرە هی دوو حکومەتە یەعنی پێشتر هەبووە، ئەم میزانیە لە بەغداوە نەهاتووە، کەچی مەعاشیش هەبووەو خەڵکیش مەعاشی وەرگرتووەو وەکو بڵێی ئاوەدانکردنەوەش بووە، ئێستا بۆ ئەمە دروست بووە، ئەم هەراو هەلأیەی لێ دروست بووە، تەوزیحێکی رەسمی یەعنی وەزارەتی مالیە بیدات، یان یەکێکی تر ئەم عەجزە دەرئەنجامەکەی چیە؟ لە دەرئەنجامی چی ئەم عەجزە دروست بووە، ئەو قسەی دکتۆر فوئاد بەجۆرێکی تر دەگێڕمەوە، میزانیەی موحافەزات ئایا لەسەر ئەم میزانیەی هەرێمەیە لەناویەتی، یان جیایە، ئەگەر جیایە ئێمە ئێستا تەنها ئەوە دەبینین، یەعنی لە موحافەزەکان دەڵێن تەنها ئاوەدانکردنەوە هەر ئەو بەشەیە کە پارەی موحافەزاتەکانە، لێمبووری مەسئولیەتی پەرلەمان باس لەوە کرا کە لەم بودجەیە هیچی لێ نازانێت، ئەگەر ئیشەکانی پەرلەمان بریتی بێت لە یاسادانان و چاودێری کردن و تەصدیق کردنی میزانیە بەڕاستی ئەمە هەڵەیەکی گەورەیە، لەبەر ئەوە پێشنیار دەکەم ئەم ماوە کەمەی کە ماوە، ئەم وەزارەتانە لەگەڵ لیژنەکاندا یەعنی هەماهەنگیەکی بەردەوامیان هەبێت، دانیشتنی بەردەوام بکەن، چۆن بودجە بۆ ساڵی دادێ، تاکو تێبگەین بودجە چۆنە، چونکە ساڵی داهاتوو جەنابت ئەوە دەزانی ئێستا لە عێراقدا دوازدە کێڵگەی نەوتی بەرهەم دەهێنێت و میزانیەکەی چل و یەك ملیارە، بۆ ساڵی ئاینده بڕیارە ئەم دوازدەیە ببێت بە سی و شەش کێڵگەی نەوتی، لەوانەیە میزانیە عێراق بچێتە سەد ملیار، ئەمە مەسەلەیەکی زۆر گرنگە لە ئێستاوە حیساب بۆ ئەو مەسەلە گرنگە بکەین، یەعنی دوازدە دەبێتە سی و شەش، هەندێك دەڵێن چل و حەوت، ئێمە هەر سی و شەشەکە بڵێین مسۆگەرەو حازرە، کەوا بوو ئەو میزانیەی کە دێت لە دواییدا مەسەلەیەکی زۆر گرنگ و گەورەیە، لەبەر ئەوە پێم باشە پێشنیار دەکەم جەنابتان ئاگاداری ئەوە بکەن ئەم لیژنانەو وەزارەتانە هەماهەنگیەکی تەواویان بە یەکەوە هەبێت، تەئیدی ئەوەی کاك بەڵێنیش دەکەم وەکو چۆن پەرلەمان میزانیەی خۆی هەیە باسی ئەحزاب و رێکخراوەو کۆمەڵەکانی کۆمەڵگای**

مەدەنی پێویستە لە میزانیە بڕێکی دیاری کراویان هەبێت، هەروەکو لە ساڵی 1992 ئەوە دیاری کراوە، تەمەنا دەکەم پەرلەمان ئەوەی بکات.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، کاك عەبدولڕەحمان فەرموو.

**بەڕێز عبدالرحمن احمد رضا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دیارە ئەم پرۆژە یاسایە بە چەند فەقەرەیەك هاتووەو تەفاسیل و خولاصەی نیهائیشی هاتۆتە لای سەرۆکایەتی پەرلەمان و لیژنەی دارایی، بۆ نموونە ئێمە دوو کوڕاسەمان وەرگرتووە هی دوو وەزارەت، سەرچاوەکانی ئاو و وەزارەتی کشتوکاڵ راپۆرتیشمان نووسیووە، دیارە لە ژمارەکان زۆر جیاوازی هەیە، داراییش بە لوغەی ئەرقامە، مەسەلەن ئەوەی کە وەزارەت تەخمینی کردووە لەگەڵ تەخمینی وەزارەتدا زۆر جیاوازەو، ئایا بڕیاری نیهائیش بۆ کێیە، ئێستا من ناتوانم بە تەفاسیل باسی ئەو جیاوازیە بکەم، دێمە سەر مولاحەزەکانی خۆم، دیارە سەرچاوەکانی ئیرادات ئەوەش لە حکومەتی فیدراڵیەوە دێت دیارە، بەس ئەوەی ناوخۆی داهاتی هەرێمی کوردستانیش کە دەزگاکانی وەربەهەمهێنان پرۆژەکان مەسەلەن داهاتی رسومات و گواستنەوەو گەیاندندا داهاتی کەرتەکانی پیشەسازی و کشتوکاڵ ئەگەر هەبێت گومرگ و باج و روسومات و هاوکاری دەعمی ولاَتان، بەخشین و هیبەکان، ئەوەش نەهاتووە بە رۆشنی و بە وازیحی بۆمان، دیارە ئەو میزانیەش میزانیەی ئیعتیادی هەیە بۆ سەرمایەگوزاری و بۆ خەرجیەکان، بەلاَم ئایا ئێمە میزانیەی ئیحتیاتیمان هەیە بۆ مەساڵیحی عام و بۆ کەوارس، نابێت شتێکی وا دیاری بکرێت و پەرلەمان چاودێری بکات، ئێمە دیارە ئاست تەنگمان هەیە تەحەدای مالیمان هەیە، لاوازی ئینتاجمان هەیە، بنەماکانی ئابووری نین بەو تەعبیرە کە گەندەڵی هەیە، جیهازی چاودێری نییە، کە بە یاسایەك بە ئابووری ناسان دەڵێن، نابێت مەسەلەن رەواتب و ئوجور لە 17٪ تێپەڕێت، هەندێك ولاَت دەچێت لە 20٪، بەلاَم ئێمە چی بکەین ئەو لە 75٪ە بهێنینەوە حاڵەتێکی گونجاو، بەدەستخستنی ئەو سەرمایەدارە بۆ ئەم بارودۆخە، ئایا وەزارەت تەمویلی داخیلی و خارجی کردووە، ئایا تەفعیلی خۆی ئینتاجی بەرنامەی هەیە، کۆمپانیاو شەریکاتی تەفعیلی ئیشی بۆ کراوە، عەدا نەزەر لە کاروباری دارایی و ئوصولی سابیتە و موتەداویلەو ئەموالی موجەمیدە هەیە، ئایا وەزیفەی مالی ئیعادە نەزەرێکی بۆ کراوە لە نەشاتی موحاسەبی و رەقابەی مالی و هەروەها ئەوەی پێی دەگوترێت (الدور الاخلاقي الوظيفة المالية) ئەوانەی کە حەوافیزی مادی و مەعنەوی دیاری بکرێت بۆ خەڵکانی دارایی، هەروەها کەرتی تایبەت چ کارێکی بۆ کراوە، ئایا زەمانی ئیجتیماعی یاسایەکی هەیە، هەروەها کار بکرێت بۆ یاسایەکانی دیکە، یاسای بانك و کار بۆ لاوان و دامەزراندنیان، هەروەها هوشیاری و ئابووری بۆ کوردستان، ئەمانە هەمووی خاڵە دەبێت ئاماژەی پێ بکەین و ناتوانین بچینە ناو تەفاسیلەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، کاك حمه فەرمووو.

**بەڕێز محمد حاجی محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من دەڵێم شوکر بۆ خوا کە ساڵی 2007 بودجە هاتۆتە پەرلەمان شتێکی باشە، هەنگاوێکی گرنگە، دەگەڕێمەوە بۆ ئەو لایەی کە ئێمە چی بکەین، ئێمە ئەگەر لەسەر مەسەلەی بودجەکە، بەبێ خەڵکی کوردستان هەموو لایەك تێبگەیەنین لە 17٪ نییە، بودجەی ئێمە لە چل و یەك ملیار، (25) ملیار لە 17٪ی بۆ کوردستانە، کە دەکاتە لە 9٪ و نۆو نیو لەو بابەتە، لەبەر ئەوە خەڵك چاوەڕێی ئەوە نەبێت لە 17٪یە، جگە لەوە داهاتی، یان گومرگی ساڵی کوردستان لە بەغدا بودجە بڕاوە لێمان، ئەوەش هەندێکی لێ بڕاوە لێمان، لەبەر ئەوە ئێمە ئەوە نییە هەمووی ئەوە دەکەین، بۆیە ئێمە لەسەر ئەساسی ئێستا خۆ ئەگەر ئێمە بودجەی 2006مان لەلا نەبێت، ناتوانین بودجەی 2007 دیاری بکەین، 2007ش ئەوە رۆیشتووە، بۆیە ئێمە هەوڵ دەدەین بۆ 2008 واتا لە مانگی هەشتەوە پێویستە بەرنامەی بۆ دانێین، بۆ ئەوەی بۆ مانگی دوازدەو ئەوانە بودجەی 2008 دەست پێ بکەین، ئەوە خاڵێك.

خاڵێکی تر/ ئێمە زەروریەکانمان چیە، مەسەلەی سووتەمەنی ساڵی داهاتوو، یان بۆ زستانی داهاتوو سووتەمەنییە، مەسەلەی کارەبایە، ئێمە ئەوانە ئەگەر بخرێتە ئەوەلیاتەوە شتێکی باشە، دەربارەی کەمی مەسەلەی فەرمانبەران هینەکە هاتۆتە حدودی پێنج سەد هەزارمان هەیە، بەڵام لە زۆر شوێن باس دەکرێت ملیۆنێك و ئەوەندە هەزار، ئەو زیادەیە هی چیە، مەسەلەن من دوێنێش گوێم لە قسەکەری حکومەت بوو دەڵێت لە 20٪ بۆ حکومەت سەرف دەکرێت، باقی زیادەکە بۆ کوێ دەڕوات و بۆچی سەرف دەکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك دیلمان فەرمووو.

**بەڕێز محمد احمد صالح(دیلمان ئامێدی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پشتگیری لە قسەکانی سەرۆکی پەرلەمان دەکەم، کە لە بیدایەتی جەلسەکە باسی کرد، قسەکەم زیاتر بۆ حکومەتە، بۆیە کە ساڵی 2008یش بە هەمان شێوە بودجەکە لەسەر پەرلەماندا دەرباز نەکاتن، ئەوەی ئێستا ئێمە موناقەشەی دەکەین یاسای بودجەیە، نەك بودجە، چونکە ئەگەر بودجە بێتن دەبێت فصول و ئەبوابی هەبێتن، موناقەلەی هەبێتن، موتەفیقی لای ئەخیریش دەبێت لە لای پەرلەمان موصادەقە بێتن لەهەر مەجالێك، چونکە ئێمە ئێستا هیچ مەجالێك نازانین چەندە کو موتەفیقی ئەخیری ئێمە موصادەقەی لەسەر بکەین، لەبەر ئەوە ئێمە ئێستا موناقەشەی یاسای بودجەکە دەکەین، نەك بودجە، مەوزوعی ئیرادات بە تەسەوری من بە قسەی ئابووریناس کە ئێستا لە کوردستان ئیرادات زۆرە، چونکە هیچ مەجالێك هی حکومی نەماوە، ئەگەر روسومات نەبێتن، ئیتر ئەو ئیراداتە تەسەور هەیە لەوە زیاترە، کە

لەیاسایەکەدا هاتووەو موفتەرەزە حکومەت ئەوەش دەست نیشانێکی بکاتن، کە حکومەت دەڵێت لە 70٪ بۆ مووچە دەچێتن، میزانیە لە عالەم لە 22٪ زیاتر نییە، کە بۆ مووچە بێتن، ئایا حکومەت چ دەکاتن، کەمتری دەکاتەوە، بۆ ئەوەی مەسروفات زیاتر کەم ببن و بچنە مەجالی دیکە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك محەمەد حەکیم فەرموو.

**بەڕێز محمد حکیم جبار:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەسەر قسە کردن یەك مولاحەزەم هەیە، ئەویش ئەوەیە ئێمە هەموو جار دەکەوینە دواوە، ئەگەر کاتەکەشمان نەختێك بۆ زیاد بکرێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

عەفوم دەکەی ئەمە راست نییە، زۆر جار لە دواوە دەست پێ دەکەم لێرە تەواو دەبێت، جارێکی تر لە بیدایەتەوە دەست پێ دەکەم لێرە تەواو دەبێت، رەخنەکەت قەبول نییە.

**بەڕێز محمد حکیم جبار:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

قسەکانی خۆم هەر بە سەریعی دەڵێم، یەکەم/ حکومەتی هەرێم متمانەی بە بەغدا نییە، ئەو پارە زیادەی نەوتەکە بگێرێتەوە بۆ خۆمان، جەماوەریش متمانەی بە حکومەت نییە، کە زیادەکە، واتا سەرووی پەنجا دۆلارەکەی بۆ سەرف بکرێت.

دوو/ ئەمساڵ لە 60٪ی کاتەکە چووە، ئایا لە 60٪ی بودجەکە سەرف کراوە؟ ئەوەش پرسیارێکە.

سێیەم/ بودجەی ئەحزاب، سەرۆکی حکومەت بەڕێز کاك نێچیرڤان لە رۆژنامەیەکدا گوتی ئێمە دەینێرین بۆ پەرلەمان و لە میزانیە کەشفی دەکەین حزبەکان چەند وەردەگرن، ئەوەندی من پرسیمە لە لیژنەی دارایی و ئەوانە کەشفەکەی تێدا نییە، بۆیە لێرەشەوە داوا دەکەین، داوای عەدالەت ناکەین، بەڵام داوا دەکەین ئەو حزبانەی کە هەن هەست بە مەزلومیەت و مەحرومیەت دەکەن، حکومەت چاوێك بە بودجەکەیاندا بگێڕێتەوە، مەسەلەی فەرمانبەری زۆر زۆر باس کرا، ئەوەندەیە حکومەت چ پلانێکی هەیە بۆ فەرمانبەرە تەرکەکان، یەعنی من ناوی وام لەلا هەیە کە سی شورتەی تەرکی هەیە، جا فەرمانبەرە حزبیەکان ئەوەی کە کادیری حزبن و ئەندامی حزبن و پلەو پایەی فەرمانبەریان پێ دراوە، ئەوەش زۆر لە بودجەو میزانیەی حکومەت دەخوات، جا ئەگەر فەرمانبەرمان زۆرە، ئەو عەقدو میلاکاتی موەقتە لە وەزارەتەکاندا مانای چی، ئەو بودجەی تەوارییەش باس کرا کە لەبەر دەست پەرلەمان بێت میزانیەك دابنرێت، دواتر وەزارەتەکان ئەوەی هەستم کردووەو بینیم وەزارەتەکان زۆریان لە تەخمیناتی خۆیانە، زۆریش چاوپۆشی دەکرێت لە مەسەروفیان، واتا مەساریفێکی زۆر زۆر دەکەن، ئەگەر حکومەتیش پلانی

وایە، یان قیادەی سیاسی کە حکومەت تەقلیص بکرێت و وەزارەتەکان تەقلیص بکرێنەوە، ئیتر بۆ لە مەسروف لە وەزارەتێك دەکرێت، کە دوو، سێ ڕۆژی دیکە دەبێت نەمێنێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، گێلاس خان فەرموو.

**بەڕێز گێلاس محی الدین محمد غریب:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من قسەکانم لەسەر دواکەوتنی بودجەو داهاتی کوردستان بوو، زۆربەی ئەندامان باسیان کرد، دووبارەی ناکەمەوەو سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، کوێستان خان فەرمووو.

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەمڕۆ پازدە ساڵ و سێزدە ڕۆژە یەکەم کابینەی حکومەتی هەرێم ئیعلان کراوە، ئەمە یەکەم جارە بودجە دێتە پەرلەمان، دوای حەوت مانگ بەو کەموکورتیەوە، بۆ ئەوەی ساڵی داهاتوو تووشی هەمان موشکیلە نەبین پشتگیری لە پێشنیارەکەی کاك ئارێزو بە ئیزافەکەی کاك سەردارەوە دەکەم، لەگەڵ ئەوەی زەحت بکەینە سەر مەرکەز بودجەکە لەکاتی خۆیدا هەمووی، نەك مانگانەو بەقست بۆمان بنێرێت، لەسەر بودجەی ساڵی داهاتوو هەندێك پێشنیارم هەیە، پشتگیری ئەو بەڕێزانەی پێش خۆم دەکەم، بۆ داهاتی ناو هەرێم و وەکو خۆی و ئەوە ئیعلان بکرێت.

خاڵێکی ترم هەیە، ئەو هەموو مینحەو نەسریەی بەردەست هەیە، بەڕاستی کەم بکرێتەوە، چونکە ئەمەیە گەندەڵی و ئەوە دروست دەکات، ئەو تەخشان و پەخشانەی بەو بودجەیەوە دەکرێت، بکرێت بە پرۆژەی خزمەتگوزاری بۆ خەڵك باشترە لەوە، پشتگیری کاك غەفور دەکەم بۆ ئەو پارە زۆرە نەدرێت بە ڤیستڤاڵ و میهرەجان و کۆبوونەوەو کۆنفرانس، پشتگیری کاك عوسمان دەکەم لەسەر مەسەلەی هەڵەبجە، ئەگەر لە 5٪ی نەبێت، لە 2٪ وەزارەتەکان تەرخانی بکەن بۆهەڵەبجەی شەهید، پشتگیری سولفەی عەقار و ئیزافەی زەواجیش لە بودجەی ساڵی داهاتوودا جێی بۆ بکرێتەوە، پشتگیری ئەو ڕەئیەی کاك عوسمان و دکتۆرە هالە دەکەم، کە ئەو پێنج مانگە بەشێك بۆ کارەباو سووتەمەنی دابنرێت و سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، داوا لە شێخ بایز دەكەم وەڵامی ئەو پرسیارانە بداتەوە كە هاتونەتە پێش لەسەر وەزارەتی مالیە و وەزارەتی پلاندانان فەرموو.

**بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی/ وەزیری هەرێم بۆ كاروباری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەڕاستی ئێمە تەقریرێكمان هەبوو، پێمان وابوو دەتوانین ئەو تەقریرە بخوێنینەوە، ئەگەر ئەو تەقریرەمان بخوێندرابوایە، رەنگە پرسیارەكان كەمتر دەبوون، ئەگەر بخوێندرا بوایە لە هەمان كات موعالەجاتەكانیشمان نیشان دەدا، بەلاّم ئەوە نەخوێندرایەوە، ئێستاش ئەگەر بكرابوایە بخوێندرا بوایە باش بوو، بەس بە عام ئەو تێبینیانەی هەمە بەشێوەیەكی عام باسی دەكەم لەسەر قسەكان، دوایی ئەگەر كاك دڵشاد ئەو شتانەی بە عام هەموو تەسجیل كردووەو وەلاّمی بداتەوە، زۆر باسی لە دواكەوتنی پێشكەش كردنی بودجە دەكرێت، بەڕاستی هەر هۆی ئەوە نییە، هەر هۆیەكەی ئەوەلەن وا نییە، هەروەكو برادەرێكی پەرلەمان باسی ئەوەی كرد، كە گوایە لە مانگی یەكەوە تەواو بووە، ئێمە كتابی رەسمیمان هەیە، كە لە مانگی چەندەوە بۆمان هاتووە، لە دوای یەك مانگ موناقەشاتمان میزانیە تەواو كردووە، ناردوومانە بۆ ئەنجومەنی وەزیران، پاش ئەوەش لەوێ دیراسەت كراوەو هاتووە بۆ پەرلەمان، وەزعێكی تەبیعی خۆی وەرگرتووە بەو شێوەیە، ئەوە بەنیسبەتی بودجەوە، دواكەوتنی ئەسبابی تریشی هەیە، ئێمە باسی ئەوەمان كرد تەنها ئەو مەوزوعە، بەلاّم سەبەبێكی تری رەئیسی هەیە، ئەویش بودجەی ئێستا لەسەر داهات حیساب ناكرێت لە بەغدا، بودجە لەسەر خەرجیەكان حیساب كرا بوو، دەبێت لە 83٪ی خەرجیەكانی عێراق بزانرێت، ئینجا ئەو بودجەیە دەست نیشان دەكرێت، ئەوە یەكێكە لەو ئەسبابانەی كە لەوێ و لێرەش تاخیر بووە، ئێمە نوێنەری هەموو وەزارەتەكان لیژنەی موشتەرەكمان هەبووە لەو مانگ و چەند رۆژەیە هەمووی لەوێ قسەیان لەگەڵ كراوەو ئیمزایان كردووە لەسەر، ئیتیفاق لەسەر ئەو رەقمانە كراوە، بودجە واتا بودجەیەكی عەلەنیە، هەموو وەزارەتەكان زانیویانەو چۆنیش تەوزیع دەكرێت، لەسەر داهات حەز دەكەم برادەران ئەوە بە وازیحی بزانن داهات ئێستاكە تەحدید كراوە هەمووی بە وسولاّت، جەنابت وەزیری دارایی بوویت، ئێستا ئێمە داومانە بە بەغدا، گوتوومانە ئەمە داهاتەكانمانە، بە كتابێكی رەسمی داومانە پێیان گوتوومانە ئەوەی لە ئێمە مەتلوبە ئەوەیە، گوتووشمانە موستەعدین كەوا موقاصەی دەكەن، لێمان دەبڕن، ئەوەشمان داوە پێیان، ئەوە رەقابەی مالی عێراقیشی هەیە، رەقابەی مالی ئێرەش هەیە، دەتوانن بچن دیراسەتی هەموو ئەو موستەمسەكاتانە بكەن بەنیسبەتی داهاتەوە، بەنیسبەتی موحافەزاتەوە، میزانیەی موحافەزات لە زیمنی ئەم میزانیە دایە، بەلاّم ئێمە بۆ ئەوەی كەوا مەشاریع هەبێت، دەستكاری ئەو میزانیەمان نەكردووەو پێیان گوتوونە بڕۆن مەشاریعی پێویستی خۆتان ئیعلان بكەن، فیعلەن لەگەڵ وەزارەتی پلاندانان ئێستا تەنسیق كراوە بۆ ئەو مەسەلەیەو پارەكانیان مەوجودە، بەنیسبەتی مەشاریعی تریشەوە، نەوەستاوە ئەو مەشاریعانەی پێویستەو ئەولەویەتی هەیە، ئێمە ئەوانەمان رانەگرتووەو لە ساڵی 2007 چەندەها مەشاریعی ئاو و كارەباو مەشاریعی تر ئیعلان كراوەو بە

رەقم مەوجودە لە لامان ئێستاکە بەردەوامیشین لەوە، بەنیسبەتی مووچەوە، بەڕاستی فەرمانبەران (586) هەزار کەسمان هەیە بە پۆلیسەوە، بەڵام ئەوانی تر مووچەخۆرن، کە باس لە ملیۆنێك و ئەوەندە دەکرێت، فیعلەن ئەوە وایە ئەوەی جەنابی ئەم کاکەیە فەرمووی، بەڵام ئەوانە مووچە خۆرن لە تەقاعودین بە هەموو نەوعەکانیەوە، لە شەهیدان، لە ئەنفال، ریعایەی ئوسرە، کەم ئەندام..........تاکو دوایی، ئەوانە هەمووی مووچەخۆرن، من ئەوەندەم هەیەو داواکارم تەوزیحەکانی تر کە پێویستە جەنابت موافەقەتی بکەیت کاك دڵشاد باسی بکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك بایز وەزیری هەرێم بۆ کاروباری دارایی و ئابووری قسەیەکی تری هەیە با بفەرمووێت.

**بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی/ وەزیری هەرێم بۆ کاروباری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت یەکگرتنەوەی وەزارەتی دارایی و وەزارەتی هەرێم بۆ کاروباری دارایی باسی زۆر دەکرێت، بەڕاستی لەو رۆژەوە کە ئیعلانی کابینەی حکومەت کراوە، تاکو ئێستاکە بەبێ وەستان هەموو لیژنەکانی هەردوولامان بەردەوام ئیش دەکەن، دوو حکومەت ئیشی کردووە، یەکێکیان لە سلێمانی، یەکێکیشیان لە هەولێر، لێرە قەراراتی پەرلەمانیش هەبووە، لەوێ قەراراتی سەرۆکایەتی هەرێم هەبووە، چەندەها تەعلیماتی مالی دەرچووە، لێرەو لەوێش، ئەمە هەروا ئاسانە، تا ئێستا تەعریفەی گومرگیمان کردووە بە یەك لەسەرتانسەری کوردستاندا، ئێستاکە مەوجودە ئیشی پێ دەکرێت، ئەوە یەکێکە لە شتە موهیمەکان، زەریبەی دەخلمان کردووە بەیەك ناردوومانە بۆ جەنابتان، بۆ ئەوەی ئەوە ئیقرار بکرێت، لە زووشەوە ناردوومانە، قانونی وەزارەتی مالیە ئێستا خەریکە لە لای ئێمە کۆتایی پێ بێت، بەنیسبەتی تەعلیماتی داراییەکانەوە، کە ئێستا هەواڵی زۆر دەپرسن، ئێمە هەتاکو ئێستاکە دە جەلسەمان لەسەری کردووە، ئینشائەڵلا ئەویش تەواو دەبێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، کاك عوسمان شوانی وەزیری پلاندانان با بفەرمووێت.

**بەڕێز عثمان شوانی/وەزیری پلاندانان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

زۆر سوپاس، بەنیسبەت میزانیەی ئیستیسماریەوە برادەران زۆر پرسیاریان لەسەر هەبوو، حەز دەکەم دواتر لەکاتی تەفسیلاتی بێمە سەر فەقەراتەکان، کە پرسیاریان هەبوو وەڵامیان بدەمەوە، بەڵام عمومەن ئەو ژمارانە دەخوێنمەوە، بۆ ئەوەی هەموو برادەران لەبەر چاویان روون بێت، مەجموعی مەشاریعی بەردەوام، کە ئێستا لەبەردەستمان دایە کە کۆی مەشروعەکان (1488) مەشروعە بەردەوام هەیە، کە کۆی پارەی پێویست، ئەو پارەیەی بۆی تەرخان کراوە (4884179384) چوار تریلیۆن و هەشت سەدو هەشتاو چوار ملیار و سەدو حەفتاو نۆ ملیۆن و سێ سەدو هەشتاو چوار هەزار دینارە، لەم پارەیە

(225777415471) دوو تریلیۆن و دوو سەدو پەنجاو حەوت ملیار و حەوت سەدو حەفتاو چوار ملیۆن و پازدە هەزارو چوار سەدو حەفتاو یەك دیناری بۆ سەرف كراوە تا 2006/12/31، ئێستا بۆ تەكمیلەی ئەو مەشروعانە تا كۆتاییان پێ دێتن، پێویستمان بە (2626405) دوو تریلیۆن و شەش سەدو بیست و شەش ملیار و چوار سەدو پێنج ملیۆن دینار هەیە، ئەوەی كە موخەصەص پێویستمان پێی دەبێت بۆ ساڵی 2007، چونكە بەشێك لەو پرۆژانە بەردەوام دەبێتن بۆ ساڵی 2008 و دواتریش، پێویستمان بە (1869705100) تریلیۆنێك و هەشت سەدو شەست و نۆ ملیار و حەوت سەدو پێنج سەد هەزار دینارە، تەبعەن ئەمساڵ لە بودجەكەدا (386) ملیار دینار هەیە كە تەرخان كراوە بۆ تەنمیەی موحافەزات، (160) ملیار بۆ موحافەزەی سلێمانیە، (144) ملیار بۆ موحافەزەی هەولێرە، (92) ملیار بۆ موحافەزەی دهۆكە، بەپێی ژمارەی دانیشتوان دابەش كراوە، ئەوانیش لە هەولێر (128) پرۆژەیان پێشكەش بە ئێمە كردووە، ئەوە ئێمە موصادەقەمان لەسەر كردووەو ئێستا دەست بەكار كراوە بۆ بەردەوام بوون لەسەر پرۆژەكە، لە لایەن وەزارەتی داراییەوە تەمویل دەكرێت، لە سلێمانی (191) پرۆژە، لە دهۆك (230) پرۆژە، بەلاَم ئەم پرۆژانە زۆربەیان پرۆژەی بچووك و ناوەندی و خزمەتگوزارینە، ئەوانەشمان كە تەحلیل كردووەو دابەش كراون بەم شێوەیە لە هەرێمی كوردستاندا بەشی هەرە زۆری تەخصیص كراوە بۆ مەشاریعی بەلەدیەو خەدەماتی شەوارع كە لە 43.59٪ بۆ دانراوە، لە 13٪ی بۆ مەشاریعی ئاو و ئاوەڕۆیە، 9.9٪ی بۆ مەشاریعی تەربیەیە، لە 6.4٪ی بۆ كارەبایە، هەروەها بۆ پرۆژەكانی تر دابین كراوە، ئێمە ئەمساڵ لە وەزارەتی پلاندانان لە مانگی نۆی ساڵی رابردوودا داوامان لە هەموو وەزارەتەكان كردووە، كە وەزارەتەكان پێداویستیەكانی خۆیان و ئیحتیاجاتەكانی خۆیانمان بۆ دیاری بكەن، هەموو وەزارەتەكان ئیحتیاجاتی خۆیان بۆمان دیاری كردووە، ئێمەش هەستاین تەبعەن ئەولەویاتی حكومەت هەیە، پارتی حكومەتمان دەست نیشان كردووە، كە بۆ یەكەم جارە بە جەنابت نیشان دەدەین، بۆ ئەوەی هەموو برادەران ببینن، كە یەكەم ساڵە حكومەتی هەرێمی كوردستان خاوەنی بەرنامەیەكی داڕێژراوی تۆكمەی هەبێتن لە هەموو وەزارەتێك و هەموو سەكتەرێكدا، ئەوەی ئێمە لە وەزارەتەكان بەپێی پراكتیك دامانناوە، ئەولەویەتی حكومەت بریتی یە لە، یەكەم/ كارەبا، دووەم/ ئاو، سێیەم/ خەدەماتی بەلەدیە، چوارەم/ رێگاوبان، پێنجەم/ قوتابخانە، شەشەم/ مەراكیزی تەندروستی......... تا كۆتایی، چونكە ئەمڕۆ قەڵەمێكی زۆر لەسەر ئەمانە هەیە، ئیحتیاجاتی خەڵك هەیە، كە باسی سووتەمەنی دەكرێتن، سووتەمەنی لە زیمنی ئەو مەشاریعانەدا نییە، سووتەمەنی لە زیمنی فەسڵی شەشە كە لەناو منح هاتووە، بۆ دەعمی سووتەمەنی، چونكە سووتەمەنی لەعێراقدا دەعمی لەسەر نەماوە، ئێمەش بەشێك لە بودجەكەی خۆمان تەخصیص دەكەین بۆ ئیستیراد كردنی سووتەمەنی كە لە دەرەوەی هەرێم دێتن، زۆر لە برادەران باس لەوە دەكەن كە ئەوە هەبێتن بابڵێین ئەولەویاتی حكومەت، بەڵێ ئێمە ئەولەویاتمان هەیە، بەلاَم ئەو پارەی كە هەمانەو بۆمان تەخصیص كراوە لە میزانیەی ئیستیسماری ئەمساڵ كە (1570) تریلیۆنێك و پێنج سەدو حەفتا ملیارە بەشی ئەم پارەیە ناكاتن، كە پرۆژە بەردەوامەكان تەواو بكاتن، بۆیە عەجزێك دەركەوتووە لە

میزانیەکان، ئەم عەجزەی کە دەرکەوتووە لە میزانیە بریتییە لەوەی کە پرۆژە بەردەوامەکان وەکو باسم کرد (1488) پرۆژەمان هەیە، ئەم پرۆژانە پێویستیان بە بەردەوام بوون و تەکمیلەیە، ئێمە تەنها چەند پرۆژەیەك هەیە، لەبەر ئەم عەجزە پرۆژەکانمان بەباش نەزانیوە ئێستا بەردەوام بێتن ئەوانمان ڕاگرتووە، باقیەکەی تر کە زۆر کەمن، بڕوا ناکەم ئەویش لەبەر ئەوەی موشکیلەیەکی فەنی خۆی تێدا بووە، باقیەکەی تر هەموو پرۆژەکان بەردەوام بووینەو تەمویلیش دەکرێت لەلایەن وەزارەتی داراییەوە، بۆیە ئێمە تەنسیقمان هەیە لەگەڵ وەزارەتی پلاندانانی عێراقی مانگانە ڕاپۆرت بۆیان بەرز دەکەینەوە، بۆ ئەوەی تەمویلمان بکەنەوە لەسەر پارەی پرۆژەکان، لەکاتی ئەوەشدا من وەڵامی پرسیارەکان دەدەمەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ کاك عوسمان شوانی وەزیری پلاندانان و سوپاس بۆ کاك شێخیش وەزیری هەرێم بۆ کاروباری دارایی و ئابووری، بۆ ئەو تەنسیقە، ئەگەر کاك دڵشاد بریکاری وەزارەتی هەرێم بۆ کاروباری دارایی و ئابووری ئەگەر قسەی هەیە با بفەرمووێت.

**بەڕێز دڵشاد عثمان/ بریکاری وەزارەتی هەرێم بۆ کاروباری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی ئێمە زۆر زۆر سوپاستان دەکەین، کە ئەم هەلەمان بۆ دەرخسێنن، بۆ ئەوەی وەڵامی هەندێك بەڕێزان بدەینەوە، ئێمە لە سەرەتا کە ئەو بودجەیەمان هێناو بودجەیەکی تەواو و موتەکامیلە لە هەموو لایەنێکەوە، بودجەیەکمان هێناوە بۆ یەکەم ساڵ لە دوای یەکگرتنەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان دانراوە، بە تەئکید کەموکوڕی زۆر تیا دەبێت، ئەو بودجەیە ئاوێنەیەکی باشە، کە ئێستا دەردەکەوێت چەند دەدەین بە مووچە، یەعنی ئەگەر دە ساڵی تریش ئەم بودجەیە نەهاتایە پەرلەمان و ئاشکرا نەکرایە، نەماندەزانی چەندی دەدەین بە مووچەو چۆن چارەسەری دەکەین، هەندێکی لە وەڵامەکان بەڕێز جەنابی وەزیر وەڵامی دایەوە، حەز دەکەم بۆ ئەوانی تر هەندێك شی کردنەوە بدەم، زۆر باس لە داهات دەکرێت، داهاتی کوردستان وایە، ئەمە حەقیقەت نییە، بەپێی دەستوور کە هەموو لایەك پەسندی کردووە، مەجموعەیەك سەوابتی تیایە، یەکێك لەوانە کە ئیراداتی ئیتیحادییە، داهاتە هەرە سەرەکیەکان لە گومرگ و باج و روسومات خۆی دەبینێتەوە، داهاتی تریمان تەمسیلی سەدی روبعێکیش ناکات، یەعنی نیویش، داهاتی سەرەکی ئێمە تاکە داهات، کە سەرچاوەی داهات هەمانە، ئەو پارەیەی کە دوای ئەوەی تەحدیدی خەرجیەکانی 83٪ی عێراق دەکرێت، ئێمەش لە 17٪ەکەی خۆمان دەزانین، تەنها پشتیش بەوە دەبەستین، بۆ داپۆشینی خەرجیەکە بەداخەوە دیاردەیەکی خراپە لە بودجە، بەڵام ناچارین، چونکە

دەستووری عێراق فەرزی کردووە بەسەرماندا بەو شێوەیە بکەین، زۆر باسی سیاسەتی مالی و ستراتیجیەت و ئەوانە کرا لە لایەن برادەرانەوە، حەز دەکەم بزانن بەپێی دەستوور سیاسەتی مالیش مەرکەزیە، سیاسەتی مالی چیە، رەواتبی مالیە، زەریبە، سیاسەتی مالیە، گومرگ، بەشێك لە ئیقتیصاد، ئەمانە هەموو سیاسەتی مالیینە، هەموو سیاسەتی مالی سیاسەتێکی مەرکەزیە لە سوڵتاتی حەسری حکومەتی فیدراڵەوەیە، مانای ئەوەی ئێمە چەند سیاسەتی مالی خۆمان، ناڵێم هیچی ناتوانین دارێژین، بەڵام هەرچی دارێژین ئەگەر بیانەوێت ئەوان لەسەرەوە لە حکومەتی فیدراڵی لێمان تێك دەدەن و بۆ نموونە، ئێمە دایدەنێین مەجموعەیەك خەرجی دەکەین لە پڕ ئەگەر ئەو مووچەیە زیاد بکەین، بۆ شەریحەیەك بۆ توێژێکی کۆمەڵ، تۆش مەجبوری زیادی بکەیت، کە زیادت کرد تەرازوو نەتەرازێت دروست دەبێت لەوە، باسی نەقدینە، زۆر کەس دەڵێت مەسەلەن وەزارەتەکان تەمویلی تیلقائی کە لە پرۆژەی لیژنەی دارایی بەڕێزدا هاتووە، وەزیرەکان دەسەڵاتیان بدرێتێ چی بودجەیان هەیە خەرجی بکەن، ئێمە لە لای هەموو کەسێك ئاشکرایە، بودجەی عێراقیش ناتوانێت، کە تۆ دەڵێیت (5988) پێنج تریلیۆن و نۆ سەدو هەشتاو هەشت ملیار ناتوانێت بە رۆژێك بداتێ، چونکە خۆ نەفرۆشراوە لەسەر داهاتی نەوتە، مانگ بە مانگ داهاتیان چیە دەچێتە سندوقەوە، ئەوە دەفرۆشێت و پارەی ئێمەی لێ دەدات، لەبەر ئەوە ئێمە ناتوانین ئیعتیماد بکەینە سەر ئەوە بڵێین جەنابی فلان وەزیر ئەوە دەسەڵاتێك کراوە، بۆ نموونە یەعنی ئەگەر عقدێك بکرێت بە چل ملیۆن دۆلار بۆ شتێکی موعەیەن، ئێمە ناتوانین بیهێنین لە مانگێکدا، ئیلا دەبێت دابەش بکرێت لەسەر چەند مانگێکدا، بۆ ئەوەی لە بودجەکە بیهێنین، بەڕێزێك باسی کەرکووك و ناوچە رزگارکراوەکانی کرد، دڵنیای دەکەینەوە کە تیایەتی، ناتوانم لەوە زیاتر بڵێم، بەڕێزێکی تریش باسی رێنماییەکانی رێکخستنی وەزارەتی دارایی کرد، رێنمایی لەسەر بڕیار دەردەچێت، لەسەر یاسا دەردەچێت، رێنمایی خۆ شتێك نییە لەخۆیەوە دەربچێت، دەبێت بڕیارێك هەبێت، یان یاسایەك هەبێت دوا بەدوای رێنمایی دەربچێت، ئەو یاسایانەی، ئەو بڕیارانەی هەردوو وەزارەتمان دەبەستێتەوە بەیەکەوە، جیاوازە، جیاوازیەکی زۆری تێدایە، پێویستە ئەوەی لای ئێوەی بەڕێز تەواو بێت، کە بوو بە بڕیار، یان بوو بە یاسایەکی پەرلەمانی تەصدیق کراو، ئێمە بەسەرچاو ئەو کاتە رێنمایی یەکخستنی بۆ دەردەکەین، ماددەی 106 بەڕێزێك باسی کرد، دەڵێت ئەو هەیئەی کە تیا دانراون ئەو هەیئەیە تەصدیق میزانیە دەکات، نەخێر داوای لێبوردن دەکەم وا نییە، ئەو هەیئەیە پێی دەڵێن هەیئەی موڕاقەبەی واریدە، تەنها ئیشی ئەوەیە چاودێری داهاتی حکومەتی عێراق دەکات، حکومەتی فیدراڵی و عیلاقەی نییە بە بودجەوە بە هیچ شێوازێك، هەلی کار کردن رەخساوە بە بودجە کە برادەرێکی تر باسی کرد، هەلی کارکردن رەخساوەو هەلی کارکردنمان هەیە، بەڵام جارێ تەزەخومەکە ئەوەندە زۆرە، یەعنی ئەو دەرەجانەی کە دانراوە (29) هەزار دەرەجەیە بۆ ساڵی 2007 بۆ دامەزراندن، تەنها بەشی مامۆستاو مامۆستای دواناوەندی و زانکۆ و ئەندازیارو شتە ئەساسیەکان دەکات، کارەباو سووتەمەنی، بڕوا بکەن لە ساڵی 2007 کاکە ئێمە دەڵێین پرۆژەمان نییە، گرنگیەکی باش دراوە بەو عەقدانەی کارەباو پارەی باشیشمان بۆ سەرف کردووە، بەڕێز

وەزیری کارەبا دەتوانێت ئەوەی حیساب بکات، خوشکێکی بەڕێز باسی ئیستیمارەکانی کرد، کە چەند کلاسیکییە، حەز دەکەم بزانن نیزامی موحاسەبی کە دادەنرێت لە عالەم نیزامێکی شمولییەو تازەترین نیزامە، کە ئەمە رێکخراوی بەرین پۆینتی ئەمریکی کردوویەتی بۆ هەموو عێراق، لەسەر هەموو ئاستی عێراق، بەڵام ئەو بە شمولی دەیکات رەقمێك لە دەلیلەکە دادەنێت (صناعة طائرات) لە وەزارەتێکی موعەیەن هەیە، موئەسەسەی تەیران هەیە، مەرج نییە لەوانەی تردا هەبێت، مەرج نییە ئەوانی تریش تەخصیصاتی بۆ دابنێت، فەرمووی تەخصیصاتی بۆ دانراوە، نەخێر هیچ تەخصیصاتی بۆ دانەنراوە (صناعە زوارق) یان پاپۆر مەسەلەن، ئەوە بۆی دانانرێت، خوشکێکی بەڕێز باسی ئەوەی کرد لە 28٪ بۆ وەزارەتی داراییە لە 15٪ بۆ وەزارەتی تەربیەیە، ئەویش داوای لێبوردن دەکەم وانییە، ئەو وەزارەتی داراییە کە لە 28٪ە هەموو مووچەی خانەنیشینی تیایەو ئیحتیاتی لە 5٪ی تیایە، دەعمی دائیرەکانی کارەباو بەلەدیاتی تیایە، بۆیە وا قەڵەبالغ بووەو رەقمەکە بە زۆری دەبینن، مووچەخۆرو فەرمانبەر جەنابی باسی کرد، یەکێکی تر باسی ئەوەی کرد لە 60٪ لە بودجە ئایا سەرف کراوە، ئێمە ئەگەر ئەو راپۆرتە بخوێندرایەوە یەکێك لەو هەلأنەی کە ئیستیفادەمان لێ کردووە، کە تاخیری ئەم بودجەیە، چونکە لەسەر ساڵی 2006 رۆیشتووین بە قەناعەتی ئێمەو بەو حیساباتانەی کردوومانە لە 40٪ی عەجزەکەی کە لێرە دیاری کراوە بەو شەش مانگە توانیمان تەجاوزی بکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ کاك دڵشاد بریکاری وەزارەتی هەرێم بۆ کاروباری دارایی و ئابووری، ئەو قسە خۆشەی کە کردی لە 40٪ی عەجزەکە کەم دەبێتەوە، ئومێد دەکەین لەو پێنج مانگەی داهاتووشدا ئەگەر کارێك بکەن، بەوەی کە تەرشیقی هین بکرێت، من ناڵێم فەرمانبەر، فەرمانبەران بەو کەسانە دەڵێن فەرمانبەر کە دەوام دەکاتن، بەڵام ئەوەی دەبڵێ مووچەخۆرە هەیە کە بەرنامەتان هەیە نەیهێڵن، بە سیاسەتی مالی هەرێمدا بچنەوە، ئەوەش رەنگە بەشێوەیەکی کاریگەری بێت بەسەر کەم کردنەوەی عەجز، کاك دکتۆر کەمال دەیەوێت قسە بکات.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەڕاستیدا ئەوەی بۆ من دەرکەوتووە، ئێمە وەك هەرێمی کوردستان واریدی عێراق بە دەقیقی نازانین، نازانین واریدی عێراق چەندە تا لە 17٪ی ببەین، ئەو رەقمەی کە بەخێری خۆیان دەڵێن ئەوەندەیە، نەوت چەند دەڕوات، رۆژانە چەند دەڕوات، سعری رۆژانەی چەندە؟ میزانیەکەی چەندە؟ نازانین، شەریکەی سۆما بە ئارەزووی خۆی یاری دەکاتن، ئەنواعی ژمارەی حیسابی کردۆتەوە لە زۆر وڵات، بۆیە ئەو واریدە لە لای ئێمە موبهەمە، مینای بەسرە بە قەد شاری کەرکوك نەوتی هەیە، واریداتێکی یەکجار زۆری هەیە، بەس ئێمە ئەوەش نازانین، بۆیە پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان پا لەسەر ئەمە

دابگرێت له هەموو مەجالێك لەناو عێراق، ئەوەی واریدی دەبێت خەڵکی ئێمەی هەبێت و دەقیق بزانێت چۆن ئیشەکەی دەکات، کە تۆ نازانیت ئەو بە ئارەزووی خۆی پێت دەڵێت، باسی عەجز دەکرێت، ئێمە حەقمانە عەجزمان هەبێت، ئەوەی بۆ کوردستان دێت بەش ناکات، ئێمە لەوە ناترسین عەجز هەیە، بەش ناکاتن دەبێت لە حکومەتی مەرکەزی زیاتر بۆمان تەرخان بکرێت، یەعنی ئەوەی هاتووە قووت لا یەموت رۆژانە پێت دەدەن وەکو خێرت پێ بکەن، دەبێت ئەمە چاك بکەینەوە، باسی ئەوە کرا راپۆرتی مانگانە دەبێت بدرێت، ئەمەش غەڵەتە، ئەگەر قانونیشی پێ دەرچوو بێت غەڵەتە، دەبێت ئێمە داوا بکەین و ئیسرار بکەین لەگەڵ عێراق ئەمە چاك بکەینەوە، برادەرانمان لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق قانونێك بەسەریان دەرباز بووە، هەرێمی کوردستان مانای ئەوە نییە هەتاهەتا مابێت باجی ئەوە بدەین، دەبێت ئێمە داوا بکەین لە ئەساسەوە ئەو وەزعەی بەغدا چاك بکەین، ئەوەی لەناو خۆمانە دواکەوتووەکەی کە هەندێك ئەسباب باس کرا، دەبێت چاکتری بکەین، لە ئێستاوە ئێمە دابنیشین و خەڵکی پسپۆر بانگ بکەین کە میزانیەی ئێمە چۆن بێت بەو شکلەی هاتووە، ئێستا ئەمە شتێکە هاتۆتە سەرمان چاکی دەکەین، بەلأم نابێت هەروا بمێنێت، عەرەب دەڵێت (ليست السقوط فشلاً بل الفشل هو من بقى من حيث ما سقط)، ئێمە ئەگەر هەر وا بمێنین فاشیل دەبین، دەبێت خۆمان چاك بکەین و بەرەو چاکتر بڕۆین، بەلأم لەگەڵ عێراق دەبێت چاکی بکەین، ئێمە داوا لە وەزارەتی مالیە دەکەین، داوا لە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەین، ئەوەی بەغدا سەدەقەی سەری خۆیان نییە دەماندەنێ، حەقی خۆمانە، حەقی ئەم هەرێمەیە، نەوتی شەریکەی سۆما بە ئارەزووی خۆی، نەوتی بەسرە بەپێی مەعلوماتی ئێمە سێ ملیار کۆمە پێنج، سێ ملیارو نیو دۆلاری ون کردووە، نەوتەکە رۆیشتووە پارەکەی نییە، ئەی کوێ بردی، نەوتی کەرکووك یەك ملیار و نیوی پارەی بردووە، بۆ کوێ بردی، ئایا لەو پارەیەی دەیدزن حیصەی ئێمەش دەدەن، نەخێر، کە نەخێر بۆچی ئێمەش بێ دەنگ بین و دەنگ ناکەین، پێویستە دەنگمان هەبێت، رەنگمان هەبێت و حەقی خەڵکی کوردستانە، ئێمەش مەسئوولین بەرامبەریان ئەگەر بێ دەنگ بین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، کاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە وەکو لیژنەی یاسا تەئیدی پرۆژەکەمان کردووە، بەلأم یەك، دوو برادەر ئیشارەتیان بەوەدا دەڵێن ئەگەر هاتوو میزانیە لە کاتی خۆیدا پێشکەش نەکرا، پێویستە لە زیمنی قانونەکە بڕگەیەك دابنرێت بۆ لێپرسینەوە، بەحەقیقەت ئەو بڕگەیە من لەگەڵ ئەوەدام کە ئەو میزانیە لەکاتی خۆیدا تەقدیم بکرێت، بەلأم ئەو بڕگەیە عادەتەن لە قانونی موازەنە نایەتە خوارێ، ئەمە یەك.

دوو/ پەرلەمانی کوردستان حەقی لێپرسینەوەی هەیە، ئیمکان هەیە ئەگەر تاخیر بوو لێپرسینەوە دەست پێ بکات، بۆ موتابەعە کردنی ئیشوکاری وەزارەتی مالیە، برادەرێك باسی سوڵتەی قەزائی کرد، سوڵتەی

قەزائی تاکو ئێستا تەمویل دەکرێت لەلایەن وەزارەتی مالیەوە، بەلاّم ئەو پرۆژەی کە بۆ ئێمە هاتووە میزانیەکی تایبەتیمان بۆ داناوە، هێشتا لەلایەن پەرلەمانەوە ئیقرار نەکراوە، میزانیەکی تایبەت وەکو میزانیەی پەرلەمان کە سولّتەی سێیەم، ئەوە لە پرۆژەکەدا هاتووە، کەی ئیقرار کرا ئەو وەختە ئیمکان هەیە بۆ سالّی ئایندە میزانیەیەکی تایبەتی بۆ دابنرێت وەکو پەرلەمان، بە هەمان شێوە بێتە ناو میزانیەی عامەوە.

بەنیسبەت سیاسەتی مالی دوو، سێ برادەر ئیشارەتیان پێدا، بەحەقیقەت بە قەناعەتی من سیاسەتی مالی لەناو قانونی موازەنە نایەت، سیاسەتی حکومەت بە عام بە مالیەوەش لە ناو بەرنامەی حکومەت دێتن، نەك لەناو قانونی موازەنە، سیاسەتی مالیەی حکومەت بێتە خوارێ، بەینەمان لە زیمنی بەرنامەی کاری ئەو مەسەلەیە دێتە خوارەوە، ئەویش بە حەقیقەت بەرنامەکە دەخوێندرێتەوە (بما فیە) جانبی مالی کە تێیدا هەیە، ئەمە بە حەقیقەت مولاحەزەکانی ئێمە بوو، لێرەش دەمەوێت ئیشارەت بەوە بدەم عەجزی ئەو میزانیە روون و ئاشکرایە لە بڕگەکانیدا هاتووە، ئەو عەجزە دیراسەت کراوە، ئینجا هاتووە، بەلاّم من لێرەوە تەئکید دەکەمەوە، تا ئێمە میزانیەکەی خۆمان لەسەر ئەساسی خەرجیەکانی هەروەکو بەڕێز وەزیری دارایی ئیشارەتی پێدا لەسەر ئەساسی خەرجیەکان بێت، نەك لەسەر ئەساسی داهاتەکان، ئێمە حالّمان لەوە باشتر نابێت، عادەتەن میزانیە لە هەموو دنیا لەسەر ئەساسی داهات دەبێت، نەك لەسەر ئەساسی خەرجیەکان، زۆر سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وابزانم کاك دلّشاد باسی کرد بودجە لەسەر ئەساسی خەرجیە، پێم باشە زیاتر بۆیان روون بکەیتەوە، چونکە من نامەوێت خۆم بیلّێم.

**بەڕێز دلّشاد عثمان/ بریکاری وەزارەتی هەرێم بۆ کاروباری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بۆ سالّی 2005 و 2006 و 2007 لەسەر ئەساسی خەرجیەکان حیساب کراوە لەگەلّ عێراقدان لە دەستووردا هاتووە دەلّێت لەسەر ئەساسی داهات، لەڕاستیدا لە سێ سالّی پێشوو ئەگەر لەسەر ئەساسی خەرجیەکان نەبوایە بەو رەقمانەی کە ئیعلان کراوە بۆ داهاتوو ئێمە ناتوانین تەئکیدی لێ بکەین زۆر زەرەرمانە، بۆ نموونە بودجەی عێراقی ئەمسالّ (51) تریلیۆنە، بەلاّم داهاتیان (42) تریلیۆنە، نۆ تریلیۆن عێراق عەجزی هەیە، ئەگەر لەسەر (42)کە وەرمان بگرتایە ملیارێك و شەش سەد ملیۆن دۆلار زەرەرمان دەکرد، لەبەر ئەوە موفاوەزاتێکی زۆر دوو مانگ لەوێ ماینەوە تا پێمان کردنەوە خەرجی و جهودی هەموو لایەك، ئێستا خەریکی موفاوەزاتین لەسەر قانونی مەواریدی مالی، یاسای داهاتە داراییەکان، لەوە هیچ مەجالی تیا نەماوە، لە سالّی 2008/1/1ەوە ئەوە تەتبیق دەکرێت، لەسەر ئەساسی داهاتی فیعلیەو سندوقێك دادەنرێت لە بانقی مەرکەزی هەولێر، دوو سندوقی عێراقیش یەکێك بۆ داهاتی

خارجی، یەکێکیش بۆ داهاتی داخیلی، لە هەردووکیەوە لە 17٪ەکە خەرجی سیادی بەشێوەیەکی تیلقائی دێت بۆ بانقی مەرکەزی هەولێر، سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، پێم وایە موناقەشەکان وەلاَم درانەوە، وابزانم یەك، دوو خاڵی سەرچاوەکانی بودجە دیار نییە، من پێم وایە لە هەموو وەختێك زیاتر ئێستا دیارە، چونکە لە بەغداوە دێتن و مەعلومیشە، ئێستاکە لە هەموو وەختێك زیاتر دیارە، جاران ئەگەر دیار نەبوو بێتن و مەعلوم نەبوو بێتن، ئێستا زۆر دیارە، لەبەر ئەوەی بێجگە لەوەش ئەوەی دیاریش نەبێتن، وابزانم ساڵی دادێ هیچ شتێك نامێنێتن بچووك و گەورە، لەبەر ئەوە بە شەفافیەتەوە مەعامەلە دەکرێتن، لێرەشدا شەفافیەت ئەساسی سەرکەوتنی هەموو کارەکانمانە، چونکە شەفافیەت زۆر زەحمەتە بۆ حکومەت، دیموکراتیەتیش وازیحە، بەلاَم لەبەر ئەوەی هیچ رێگای تر نییە، دەبێت ئەو رێگایە بگرینە بەر، بۆ ئێوەش ئاسانە، پێم وایە ساڵی داهاتوو هەدەفیشمان لەوە دایە ساڵی داهاتوومان ساڵێك بێتن یاسایی تر بێتن لە پەرلەمانەوە، لە وەختی خۆی بێتن، ئێمە لەگەڵ حکومەتیش موناقەشەمان کردووە، رەنگە پێیان وابێتن زەحمەتە هەتا بەغدا ئیقراری میزانیە دەکاتن، من رەئی شەخصی خۆم وا نییە، تا حکومەتی خۆمان دەتوانێتن لەسەر ئەساسی نەفەقات، لەسەر ئەساسی تەخمین بودجە حازر بکاتن لە وەختی خۆیدا بیهێنێت بۆ ئێرە، لێرە ئێمە موناقەشەی بکەین، ئەگەر لە بەغدا ئیختیلافیش بوو، ئیختیلافەکەی چاك دەکاتەوە وەزارەتی مالیە لەگەڵ حکومەت بێتە ئێرە تەعدیل دەکرێتن، هەروەها تەنیا بۆ ئەو برادەرانەی نازانن میزانیە چۆن دادەنرێت، میزانیە لەسەر ئەساسی نەفەقاتی پێویست دادەنرێت، هەر وەزارەتێك میزانیەی خۆی دادەنێت، دەینرێتە وەزارەتی مالیە، وەزارەتی مالیە لەبەر رۆشنایی تیگەیشتنی تەوەقوعاتی خۆی بۆ داهات، تەخصیصاتی وەزارەت لەسەر ئەساسی وەزارەت ساڵی پێشوو تەعدیل دەکاتن و کەمی دەکاتن، هەندێکی دەست لێ دەداتن، دوایێ دەیباتە مەجلیسی وزەرا، مەجلیسی وزەراش کە هەموو وەزیرەکان تێدا بەردەوامن ئیقراری دەکەن و مەفروزە بینێرنە پەرلەمان، ئەوەی بکەن ئێستاکە لە وەختی خۆیدا پێش کۆتایی ساڵ، ئەو میزانیە بێتە ئێرە، دوایێ چوون بۆ بەغدا لەوێ ئەگەر کەم بوو، یان زیاد بوو، لەبەر رۆشنایی ئەو زیادو کەمە نیسبەتەکە خۆتان تەعدیلی دەکەن، دێن لێرە ئێمەش ئیقراری ئەو تەعدیلە دەکەین، لەبەر ئەوە ئەوە کۆسپ نییە، وەکو ئەمساڵ راوەستین، تاوەکو لە بەغدا مومکینە سێ مانگ، یان چوار مانگی تری پێ بچێتن، نەخێر لێرەوە بۆ ئێوەش ئاسانترە، لە بەغدا دەڵێن ئەو میزانیەیە پەرلەمانی خۆشمان موناقەشەی کراوەو باشتر دیفاعی لێ دەکەن، بەهەر حاڵ وابزانم ئێمە ئێستا وەختمان هەیە دەتوانین بچینە ناو پرۆژەی یاسایەکە، کە ئەوەندەی بۆمان بکرێت موناقەشەی بکەین مادده بەمادده، ئەگەر تەواویشمان نەکرد دەیخەینە جەلسەی بەیانی، کاك دلێر قسەی هەیە دەیەوێت تەوزیح بدات لەسەر ئەو بۆچوونانەی کەباستان کرد، فەرموو.

**بەڕێز د.دلێر اسماعیل حقی شاوەیس:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

زۆر سوپاس، زۆر سوپاسی ئەو خوشك و برایانە دەكەم كە پشتگیری راپۆرتەكەی ئێمەیان كرد، هەندێك لە خوشك و برایان بەڕاستی باسیان لە سیاسەتی دارایی كرد، لێرە هەندێك شت سەبارەت بەوە باس كرا، لە راپۆرتەكەی ئێمە كۆمەڵە پێشنیازێكی تیایە، ئەگەر بە هەند وەربگیرێت، رەنگە رێ نیشاندەر بێت بۆ چارەسەر كردنی هەندێك كێشە، بۆ نموونە ئێمە جەختمان كردۆتە سەر ئەوەی كە بودجەی ئیستیسماری زیاد بكرێت و پرۆژە بەرهەمهێنەكان زیاتر پەرەیان پێ بدرێت و چارەسەری كێشەی بێ كاری و ئەو هەڵئاوساوانە بكرێت، كە لە دامودەزگاكانی حكومەتدا هەیە تادوایی، نازناز خان رەخنەی هەبوو لەبەرامبەر بەكارهێنانی حكومەتی مەركەزی، بۆ زانیاریتان حكومەتی عێراقی، عێراق ناوی كۆماری عێراقە (جمهورية العراق)، نەك (جمهورية العراق الاتحادية)، یەعنی لە دەستووری عێراقدا ناوی دەوڵەتەكە بە دەوڵەتێكی، دەڵێت دەوڵەتێكی ئیتیحادییە، بەڵام جمهوریەتەكە ناوی جمهوریەتی عێراقە، دەبێت ئەوە ئیتیحادی پێوە بێت، ئەمە یەك.

خۆزگە منیش وەكو ئەو گەشبین بوومایە، ئاوا گەشبین بوومایە، بەو رەفتارە ئیتیحادی و فیدراڵیانەی حكومەتی بەغدا بەرامبەر بە هەرێم كە چاوەڕوان دەكرێت وەكو دەوڵەتێكی ئیتیحادی تەعامول بكات، خۆزگە منیش ئەوەم ببینیایە بەو چاوە گەشبینەی ئەوەوەو، من هەڵە بومایەو ئەو راست بوایە، ئێمە تووشی ئەم كێشانە نەدەبووین، لەبەر ئەوە بەڕاستی حكومەتی عێراق، دەسەلاّتدارانی بەغدا، بەداخەوە بە عەقلیەتی پێش دەیان ساڵ تەعامول لەگەڵ هەرێمی كوردستان و خەڵكی كوردستاندا دەكەن، بۆیە بەداخەوە تاكو ئێستا وشەی حكومەتی مەركەزی لە لای ئێمە باوە.

سەبارەت بەوەی بۆچی كلێشەكان، بەڕاستی من سیمینارێكم كرد دەربارەی ئەوەی چۆن بودجە دادەنرێت و بودجە چیە؟ باسی ئەو كلێشەیەم كرد كە هەیە، گوتیشم مەرج نییە هەموو خانەكانی پڕ بێت، دیارە نازناز خان لەو سیمینارە ئامادە نەبووە یان لە بیری چۆتەوە.

كاك عەبدولڕەحمان باسی ئەوە دەكات، چی بكەین بۆ ئەوەی ئەو لە 75٪ی كە بۆ مووچە دانراوە، ئێمە لە پێشنیازەكانماندا هەندێك شتمان كردووە بۆ ئەوەی ئەو هەڵئاوسانە چارەسەر بكرێت، هیواداریین حكومەتی هەرێمی كوردستان، بەڕاستی ئەم كێشەیەكە لە ئەنجامی كەڵەكە بوونی كۆمەڵە زروفێكەوە لەلایان، كە بۆ حكومەتی هەرێمی كوردستان ماوەتەوە، پێویست بە وەختێكی زۆر دەكات، بۆ ئەوەی چارەسەر بكرێت، ئومێدەوارین چارەسەر بكرێتن، زۆر زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ كاك دلێر لێپرسراوی لیژنەی دارایی و ئابووری، وای بە باش دەزانین، لەبەر ئەوەی ئەو موناقەشاتانەی كە كرا لیژنەی یاسایی و لیژنەی دارایی بەنیسبەت ئەرقامەكان رێككەون، ئەو پێشنیارانە پێش ئەوە هین بكەن، راپۆرتەكانیان یەك بێتن، چونكە خۆشمان موناقەشەی پرۆژەی یاسا دەكەین، لیژنەی دارایی هەندێك پێشنیاری هەیە، وەكو بۆ لیژنەی یاسایی، بۆیە پێمان باشە بیخەینە جەلسەی

بەیانی، تەوحیدی ئەو دوو راپۆرتە بکرێتنن وەکو پرۆژە، سبەینێ بەردەوام دەبین لەسەر موناقەشەکانی، سەعات (11)ی بەیانی لێرە بە ئامادە بوونی هەمووتان و ئەو بەرێزانەش، وەزیرەکان، کۆتایی بە دانیشتنەکەمان دەهێنین، زۆر سوپاستان دەکەم.

| | | |
|---|---|---|
| فرست احمد عبدالله | محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی) | عدنان رشاد مفتی |
| سکرتێری ئەنجومەنی نیشتمانیی | جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی | سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی |
| کوردستان – عێراق | کوردستان – عێراق | کوردستان - عێراق |

# ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان - عێراق

## پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (34)

## سێ شەممە ڕێكەوتی 18\7\2007

## خولی دووەمی هەڵبژاردن

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (34)

## سێ شەممە ڕێكەوتی 2007/7/18

كاتژمێر (10،30)ی سەر لە بەیانی ڕۆژی سێ شەممە ڕێكەوتی 2007/7/18 ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق بە سەرۆكایەتی بەڕێز عدنان ڕشاد مفتی سەرۆكی ئەنجومەن و، بە ئامادەبوونی بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی) جێگری سەرۆك و، بەڕێز فرست أحمد عبدالله سكرتێری ئەنجومەن، دانیشتنی ژمارە (34)ی خولی دووەم، ساڵی (2007) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی كار:**

بەپێی حوكمەكانی بڕگە (1)ی مادده (20) لە پێڕۆی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەمواركراوی ساڵی 1992ی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق، دەستەی سەرۆكایەتی ئەنجومەن بڕیاردرا دانیشتنی ژمارەی (34)ی خولی گرێدانی یەكەمی ساڵی سێیەمی خولی هەڵبژاردنی دووەمی پەرلەمانی كوردستان – عێراق، بەرنامەی كار بەم شێوەیە بێت:

1- بەردەوام بوون لەسەر خستنەڕوو و گفتوگۆ كردنی بودجەی هەرێمی كوردستانی عێراق و یاسای بودجەی هەرێمی كوردستانی عێراق بۆ ساڵی 2007.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی کوردستان دانیشتنی ئەمڕۆمان دەکەینەوە, بەرنامەی کار:

بەپێی حوکمەکانی بڕگە (1)ی ماددە (20) لە پێڕۆی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموار کراوی ساڵی 1992ی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق, دەستەی سەرۆکایەتیی ئەنجومەن بڕیاریدا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە (34)ی خولی دووەمی هەڵبژاردن لە کات(10،30)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی سێ شەممە ڕێکەوتی 2007/7/18دا بەم شێوەیە بێت:

1- بەردەوام بوون لەسەر خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی بودجەی هەرێمی کوردستانی عێراق و یاسای بودجەی هەرێمی کوردستانی عێراق بۆ ساڵی 2007.

بەخێرهاتنی بەڕێز کاک شێخ بایز وەزیر هەرێم بۆ کاروباری دارایی و ئابووری، بەڕێز کاک سەعد وەزیر هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان، بەڕێز کاک دڵشاد بریکاری وەزارەتی هەرێم بۆ کاروباری دارایی و ئابووری، بەڕێز کاک ڕەشید بەڕێوەبەری گشتی وەزارەتی دارایی و ئابووری دەکەین، کە لەگەڵمان ئامادەن و حازرن بۆ ئەو گفتوگۆ کردنە زۆر بەخێر بێن سەرچاوان، داوا لە لیژنەی یاسایی و لیژنەی دارایی و ئابووری دەکەم بێن لە جێگای خۆیان دانیشن، ئەگەر دوێنێ ئیتیفاقتان کرد بێت لەسەر صیغەیەکی موشتەرەك.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەسەر ڕۆشنایی ئەوەی دوێنێ ئێمە وەکو لیژنەی یاسایی لەگەڵ لیژنەی دارایی دانیشتین بە تەفسیل موناقەشەی هەردوو ڕاپۆڕتمان کرد، گەیشتینە هەندێ قەراراتی هاوبەش، بە حەقیقەت توانیمان تەوحیدی ڕەئیەکانمان بکەین ئەوە لە لایەك، لە لایەکی تریشەوە بەیانی لەگەڵ ئەم بەڕێزانە نوێنەرانی حکومەت دانیشتین سەبارەت بەو خاڵانەی کە دوێنێ ئیتیفاقمان لەسەر کرد، نەتیجەی ئەو ئتیفاقیاتەش بە حەقیقەت سێ چوار ماددەی ئیزافی هاتە گۆڕێ، ماددە ئیزافیەکانیشمان موناقەشە کرد، صیغەشمان بۆ داناوە بە ئیتیفاق لەگەڵ هەردوولا، بەنیسبەت ماددە ئیزافیەکانیش بە حەقیقەت ئێمە پێمان باشە موناقەشەکە بەو شێوەیە بڕوات، ئێمە ماددە بە ماددە ئەسڵی مەشروعەکە موناقەشە بکەین، بۆ ئەوەی موناقەشەکە بەشێوەیەکی ڕێك و پێك بڕوات، پاشان ئەو ماددە ئیزافیانەی کە هەموو لایەکمان ئیتیفاقمان لەسەر کردووە عەرزی دەکەین، دوایێ تەخویلمان بکەن، بۆ ئەوەی بتوانین جێگای بکەینەوە لە شوێنی گونجاو و لە زیمنی موازەنە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە فەرموو.

**بەڕێز طارق محمد سعید جامباز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**ياساى بودجەى هەرێمى كوردستان بۆ ماوەى 2007/1/1 تاكو 2007/12/31**

**ماددەى يەكەم: بۆ ساڵى دارايى 2007 گوژمەى تەنيا (7847660) حەوت ترليۆن و هەشت سەدو چل و حەوت مليار و شەش سەد شەست مليۆن دينار تەرخان دەكرێ و بەم پێيە خەرج دەكرێ.**

**1- گوژمەى (2285556)، تەنيا (دوو ترليۆن و دو سەد و هەشتاو پێنج مليارو پێنج سەدو پەنجاو شەش مليۆن دينار) تەرخان دەكرێ بۆ خەرجى پرۆژە سەرمايە گوزارييەكان.**

**2- گوژمەى (5562104)، تەنيا (پێنج ترليۆن و پێنج سەدو شەست و دوو مليارو سەدو چوار مليۆن دينار)، بۆ خەرجيەكانى كار پێكردن.**

**بەڕێز شێروان ناصح حيدرى:**

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن.**

**سەبارەت بە ماددەى يەكەم ئەمە پێشنيارەكانمانە، پێشنيار دەكەين كە لە ماددەى يەكەم بڕگەيەك زياد بكرێت، بۆ خەرجيەكانى ئەنجومەنى نيشتمانيى كوردستان، بەم شێوەيەى خوارەوە كە دەبێتە بڕگەى سێيەم (چل و سێ مليار و هەشت سەدو حەفتا مليۆن دينار بۆ خەرجيەكانى ئەنجومەنى نيشتمانيى كوردستان، ئەوەى كە تێبينى دەكرێت بە زياد كردنى ئەو بڕە پارەيە لە بڕگە سێ لە حكومەتەوە بۆ پەرلەمان، بڕگە دوو گۆڕانكارى بەسەردا دێت بڕەكەى دەكاتە پێنج تريلۆن و پێنج سەد و هەشت مليار و دوو سەدو هەشتاو حەوت مليۆن دينار، لەگەڵ ڕێزماندا.**

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن:**

**دوێنێش ئەو خاڵەمان شەرح كرد، ئەو بودجەيەى ئەنجومەنى نيشتمانيى كوردستان، وا نەبێتن شتێكى تازە بێتنن تەنيا رەقمەكان راست دەكەينەوە، لەبەر ئەوەى ئەو پارەيە تەرخان كرا بوو سەرفيش كراوە، بەلاّم لە ميزانيەدا لەسەر ميزانيەى ئەنجومەنى وەزيرانى حكومەتى هەرێمەوە تۆمار كراوە، بۆيە ئەو زيادەيە بۆ ئەوەى وا تێ نەگەن لە رۆژنامەكان ئەمڕۆ نووسيوويانە پەرلەمان بۆ خۆى چل و چوار مليار دينار تەرخان دەكاتن، لەڕاستيدا شتەكە وا نييە، تەنيا رەقمەكان راست دەكەينەوەو دێتە سەر ئێرە پەرلەمانيش شەفافيەتى لە هەموو مەسروفاتى و داهاتى هەيە، رەقابەى ماليشى لەسەرە، هەموو ساڵ خۆمان رەقابەى مالى بانگ دەكەين و، هەر ئەندامێكى پەرلەمانيش بۆى هەيە تەماشاى ميزانيەى پەرلەمان و سەرفياتيشى بكاتن و داهاتيشى بكاتن، هيچ شتێك نييە شاراوە بێتن، ئومێد دەكەين هەموو كوردستان و دامودەزگاكانيش وا بێت، بە تەئكيد هەموو دامودەزگاكان چاودێرى دارايى بەسەرياندا دەگەڕێتن، سالاّنە راپۆرتى خۆى دەنووسێتن، لەمەودوا ئەو راپۆرتانە پاش ئەوەى كە چاودێرى دارايى يەك دەگرێتەوەو شەفاف تر دەبێتن بەدواداچوونى بەسەردا دەبێتن، ئێستا ماددەى يەك ئەگەر كەسێك مولاحەزەى هەيە ناوى دەنووسم، كاك دكتۆر ناصح فەرمووو.**

**بەڕێز د.ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن.**

هەرچەندە ئەم بودجەیە بۆ هەرێمی کوردستان بۆ ئەم سێ پارێزگایەیە، بۆ دهۆك و هەولێر و سلێمانییە، بەلاَم ئەگەر بکرێت وەکو حالَەتێکی تەواری، زۆر جار بەداخەوە ئەو حالَەتانە دێنە پێشەوە، ئەگەر راستەوخۆش نەبێت، یەعنی ئیحتیاتیەك، شتێك دابنرێت بۆ ئەوەی رەچاوی ئەو بارو دۆخانەی کە تایبەتمەندی دێت، مەسەلەن لەو ناوچانەی کەوا دابڕاون، چونکە بەداخەوە تاکو ئێستا حکومەتی بەغدا، من نالَێم ناوەندی، یان فیدرالَی، بەداخەوە هێشتا نەفیدرالَیەو نە ناوەندیشە، بەلاَم حکومەتی بەغدا بەداخەوە وەکو پێویست رەچاوی بارودۆخی ئەو ناوچانە ناکات، بۆیە لە حالَەتێك جێی بکرێتەوە، من پێم باشە بۆ ئەو ناوچانەو تایبەتمەندیەکیش بۆ هەلَەبجە هەبێت خراپ نییە، لەگەلَ رێز و سوپاسمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك عادل فەرموو.

**بەڕێز عادل محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من سەرەتا مولاحەزەی ئەوەم هەیە لەسەر ئەو پڕۆژە یاسایە، دەبوایە خشتەی وردەکاریەکانی داهات و خەرجیەکان بە تەفسیل لەبەر دەستی ئێمە بوایە، بۆ ئەوەی بمانزانیبوایە، خۆتان دەزانن پەرلەمان یەکێك لە ئیشە سەرەکیەکانی ئەوەیە چاودێری حکومەت بکات، یەعنی من لە بوارێك لە بوارەکاندا تەندروستییە، پەروەردەیە، من نازانم چەندم بۆی داناوە، هیچ نەبێت پاشکۆیەك لەگەلَ ئەو پڕۆژە یاسایە ببوایە، من چۆنی موراقەبە بکەم، لە جێگایەك دەبینم کەم تەرخەمی هەیە، یان لەو بوارە حکومەت وەکو پێویست خزمەتی هاوولاَتی ناکات، دەبوایە بە پاشکۆیەك ئەو داهات و خەرجییانەی لەگەلَ بوایە، بەڕاستی ئێمە لێرە دەبینین خەرجی پڕۆژەی سەرمایەداری زۆر زۆر ئەو خەرجیە کەم دانراوە لە چاو ئەوەی ئەگەر بێینەوە سەیری خەرجی کار پێ کردن بکەین، بەڕاستی ئەمە لە هەموو دنیا شتی وا نییە، کە ئێمە زۆرینەی میزانیەکەمان دانێین بۆ خەرجیەکانی کار پێ کردن، ئەگەر هاتوو ئێمە لەم یاسایە ئاوا بکەین کە خەرجی پڕۆژەی سەرمایە گوزاریەکان زیاد بکەین هاوولاَتی لە دوو لاوە شت دەبینێت، بەتایبەتی لە بواری رێگاوبان، لەبواری ئاوی خواردنەوە، لە بواری ئاوەڕۆ، لەبواری وزە دەتوانین بلێین کارەباو سووتەمەنی دەگرێتەوە، یەعنی دەبوایە حکومەت بەو لایەنانە گرنگی بدات بەڕاستی، لێرە لە مادده یەك هاتووە من پێشنیاری ئەوە دەکەم بەڕاستی خەرجی پڕۆژە سەرمایەدارەکان زیاد بکرێت، نەك ئەوەی تر، ئەوە زۆر زۆرە، بۆیە باشتر وایە ئێمە ئەوە بکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك بەلێن فەرموو.

**بەڕێز حمد عبدالله محمود(بەلێن):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تێبینی من سەبارەت بە بڕگەی یەکەم، بە تەئکید دوێنێ جەنابی وەزیر کاك عوسمان شوانی لەسەر مەسەلەی پرۆژە سەرمایەدارەکان تەفسیلێکی باشیدا، کە ئەوەندەی بۆ تەرخان کراوە، ئەوەندە مەشاریعەمان هەیە، ئەوەندەی تەنفیز کراوە، ئەوەندەی ماوە لە حاڵەتی تەنفیز دایە، بەڕاستی دەبوایە سەبارەت بە فەقەرەی دووەمیش لە ماددەی دوو ئەو تەفاسیلانەمان لا بوایە، ئێستا ئێمە لێرە مەسەلەن سەبارەت بە وەزارەتەکان، وەزارەتەکان ئێمە وەکو لیژنەی زراعە و کشتوکاڵ و ئاودێری تەنها بودجەی ئەو وەزارەتەمان لایە راپۆرتیشمان هەبووە بۆ جەلسەی پەرلەمان، تێبینی و مولاحەزەی خۆمان هەیە، راپۆرتەکە لە لای مامۆستا عەبدولڕەحمانە، ئەوە لێرە ناخوێندرێتەوە، دەبوایە بەلای کەمی ئەو پرۆژەیە لەو یاسایەی کە هاتووە، ئەرقامی ئەو بڕە پارانەی کە بۆ هەر وەزارەتێك تەرخان کراوە، بەلای کەمی ئەوە هەبوایە، یەعنی بۆ فلان وەزارەت ئەو بڕە پارە تەرخان کراوە، بۆ راتبە، بۆ شتی تر، یەعنی شەرت نییە ئەو تەفاسیلە وردانەی تێدا بوایە، بەلاّم بەلای کەمی ئەوە هەبوایە، ئێستا ئێمە نازانین بۆ نەفەقات ئەو بڕە پارەی تەرخان کراوە تەفاسیلەکەی لە لای ئێمە نییە، نازانین چیە، ئێمە قسە لەسەر چی بکەین.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو جەنابت، جارێ ئەوەلەن کاك بەڵێن لە تەفسیلاتدا هاتووەو هەموو وەزارەتەکانی تێدایە، جەنابت لێرە نەبوویت، لیژنەکانی پەرلەمان پازدە لیژنەنە هەر یەکە بۆ خۆی لەو ماوەیەدا داوای لێ کرا لەگەڵ وەزارەتەکان دابنیشێت و تەماشای بکاتن و رەئیەکی هەبێت، تێبینیەکی هەبێتن لەسەر میزانیەی وەزارەتەکەی، بەلاّم لەو قانونەدا ئەو هەموو تەفسیلە ئیمکان نییە، هەر موتەبەعیش نییە لە هیچ شوێنێکدا بەو شێوەیە، بەلاّم لە تەفسیلاتدا کارتۆنێکە لە میزانیەکە بە دەقیقی هاتووەو هەر وەزارەتێك بۆ وەزارەتێك بابەکان و فەسلەکانی هەمووی بۆ هاتووە، لیژنەکان بۆیان هەبووە تەماشای بکەن و لەگەڵ وەزارەتەکانیش قسە بکەن، ئایا ئەو وەزارەتانە خۆیان ئامادەیان کردووە ئەو میزانیە، کە لەگەڵ وەزارەتی دارایی دانیشتنیان کردووە، ئیتیفاقیان لەسەر کردووە، بەلاّم لیژنەکانی ئێمەش حەقیان هەبوو پێدا بچن و هەر یەکە تێبینی خۆی داوەتە لیژنەی دارایی و ئەوانە، تەبعەن ئێوەش هەموو ئەندامن لە لیژنەکە، کاك عەبدولڕەحمان فەرموو.

**بەڕێز عبدالرحمن احمد رضا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من دوێنێش ئاماژەم پێ کرد، کە لە موازەنەی فیدراڵیش هاتووە، کە بڕێك ئیحتیاتی بۆ مەخاتیر و کەواریس دابنرێت، بۆچی لە موازەنەی خۆمان دیاری نەکراوە، ئەوە یەك.

دووەم/ مەسەلەی وەزارەتەکان، کە کاك بەڵێن ئاماژەیان پێ نەکردووە، ئێستا بە تەعبیرێکی تر خەلەل هەیە لە رەقمەکان، ئێستا با بڵێین وەزارەتێك بڕێکی دیاری کردووە، لەوانەیە لە وەزارەتی دارایی زیاتر دانرا بێت، یان رەقمەکانی گۆڕاوە، ئێمە دەڵێین بڕیاری نیهائی لەو حەقلەی کە هاتووە کوڕاسەکان، ئایا لە پەرلەمان تەصدیق دەکرێت، کە پەرلەمان تەصدیق و رەسمی موازەنە دەکات، ئەو حەقلە نیهائیە بۆ کێ

دەمێنێتەوە، لەبەر ئەوە ئێمە لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی و لیژنەی وەزارەتە پەیوەندیدارەکان دانیشتووین، ئەوانیش بەڵێنی پێ داوین ئیش بکەن لەسەر ئەو راپۆرتە.

خاڵێکی تر/ ئەوەی بەڕێز کاك عوسمان بانی مارانی و هەندێ برادەران ئاماژەیان پێ کرد لەسەر مەلەسەی هەڵەبجەو حیصەیەك، من قسەیەك بۆ ئەو مەوزوعە دەکەم، دەڵێم ئەگەر بابەتێك بێتەوە پێش نێودەوڵەتی کە باسی ئەو وڵاتانە بکرێت زوڵم و زۆرداریان لێ کراوە، پێ دەچێت بە پلەی یەکەم کوردستانی خۆمان، هەڵەبجەو دەڤەرەکانی تر بن، قسەیەك بۆ پەرلەمان و بەڕێزت، کە من هی ساڵی (2006 و 2007) پێش یادی هەڵەبجە هاتمە خزمەت جەنابت، بۆ ئەوەی پەرلەمان جێگا دەستێکی هەبێت، نوێنەری خەڵکە، چی بکەین، فەرمووت هیچ شتێکمان لەبەر دەستدا نییە، تا سەردانی هەڵەبجەش بکەین شتێکی بۆ بکەین، ئێستاش فرسەتە ئەگەر جەنابتان بفەرموون بیخەنە بەردەمی ئەندامانی پەرلەمان، ئەوە فرسەتێکی باشە بۆ بەڕێزتان سەرۆکایەتی بۆ دەڤەرەکەو زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك دیلمان فەرموو.

**بەڕێز محمد احمد صالح(دیلمان ئامێدی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش لەگەڵ ئەو رەئیانەمە مەساریفی تەشغیلی زیاترن لە رەئسمالی، هەرچەندە وەزارەتی مالی هەوڵی داوە کەمی بکاتەوە، بەڵام ئەم کەم کردنەوەیەش رەنگە عەدالەتی تێدا نەبێت، بۆ نموونە ئەو وەزارەتەی کە من بینومە تەقدیراتی وەزارەت سی و دوو ملیار و قصورە، وەزارەتی مالیە دایبەزاندووە کردویەتی بە شەش ملیار، ئەوە تەقدیراتی وەزارەت خۆی غەڵەتە، یان موبالەغەیان کردووە، یان ئەوە دەچێت بۆ تەقەشوفێك.

دوو/ بە تەسەوری من هەندێك ئەبواب لە مالیەدا هەنە زیادە، سەرفیەکە دیسان زیادە، دەتوانن کەمی بکەنەوە، بۆ نموونە لە هەموو ئەبواب مەسروفاتی ئوخرا هەیە، ئەو مەسروفاتی ئوخرایە هەندێ جار زیاترە لەو مەسروفاتەی کە تەرخان کراوە بۆ ئەبوابەکان، نموونەیەکی بچووك دەهێنم بۆ ئەوە نەقل و سەفەرو شتی تر کە مەسروفاتی موعەیەنە هەمووما دەزانین سێ بابن، نەقلە، سەفەرە، مەسکەنە، کە هاتیە لەو بابەش دووبارە مەسروفاتی ئوخرای داناوە، حەز دەکەم وەزیری مالیە ئەو تەوزیحاتە بداتن، بۆ ئەو شتانە مومکینە ئەوانە کەمتر بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك سەردار فەرموو.

**بەڕێز سەردار صباح بوزو هەرکی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

پشتگیری لە پێشنیارەكەی كاك عوسمان بانی مارانی دەكەم، كە برادەرانی تریش پشتگیریان لێ كرد، بەحەقیقەت لەوانەیە بگوترێت یەعنی ناكرێت بودجەیەك تایبەت بۆ هەڵەبجەی شەهید دابنرێت، لەبەر ئەوەی ئەوە قانونی میزانیەی عامە، بەلاَم لەبەر تایبەتمەندی ئەو مەنتیقەیە، تایبەتمەندی هەڵەبجە بۆتە سینبولێك بۆ خەباتی گەلەكەمان، حەجمی موعاناتی ئەو مەنتیقەیە، كەسوكاری شەهیدان و ئەنفالكراوەكانی ئەو مەنتیقەیە و ژمارەی شەهیدەكان و دابڕانی هەڵەبجە چەندین ساڵ لە حكومەتی هەرێم، كە بووە هۆی ئەوەی پرۆژەی حكومەت نەگاتە ئەو مەنتیقەیە، پێشنیار دەكەم وەكو ئیستیسنا بۆ هەڵەبجە لەو پرۆژەیە بودجەیەكی تایبەتی بۆ دابنرێت، ئەویش لە میزانیەی تەواری هەردوو وەزارەت جێی بۆ بكەنەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك رۆمیۆ فەرموو.

**بەڕێز رۆمیۆ حزیران نیسان:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەڕاستی من تەئكید دەكەمە سەر هەندێك لە خاڵەكان كە برادەران ئیشارەتیان پێدا، بەلاَم مەسەلەی ناوازیحی و نادیاری مەسەلەی گوژمەی بودجەكە، تەنیا ئێمە باسی 17٪ دەكەین، باسی داهاتەكانی تر ناكەین، هەروەها سەرفیات بە گشتی برادەران ئیشارەتیان پێدا، فیعلەن ئێمە هیچی لێ تێ ناگەین، جەنابتان باسی كارتۆنێكی تەفاسیلی ئەوراق و ئەو شتانە كرد، بەلاَم هەمووومان بەشێكی زۆرمان تێ نەگەین، مەسەلەیەكی تر، مەسەلەی بودجەی حزبەكان و ئەبوابی تری سەرفیات، لە جەلسەكەی دوێنێ برادەران ئیشارەتیان پێدا، من تەئكید دەكەمەوە لەسەر زیاد كردنی گوژمەی پرۆژە خزمەتگوزاریەكان بۆ ئاوەدانكردنی كوردستان، من مولاحەزەیەكی تری ئەخیرم هەیە، بەڕاستی مەسەلەی مەسیحیەكان و ئەوانەی كە لە شوێنەكانی تری عێراق دێنەوە هەرێمی كوردستان، ئەویش بە هەند وەربگیرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك بەكر فەرموو.

**بەڕێز بكر فتاح حسین:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من دوو مولاحەزەم هەیە، یەكەمیان/ لەو یاسایە بودجەی سەرۆكایەتی هەرێم دەست نیشان نەكراوە.

دووەم/ پێم وایە موشکیلەیەکی ئەساسیمان هەیە، کە هەموو ئەو ئەندامە بەڕێزانە باسی دەکەن، ئەویش خەرجی کار پێ کردن زۆرە، من پێم وایە خەرجی کار پێ کردن ئەوەی لە دەمی مەسئوولین و صەحافەو ئیعلام و ئەوانەش فەرمانبەر کە نیسبەتێکی زۆرمان بۆ فەرمانبەران و موتەقاعیدین دەبێت، پێم باشە پێشنیار دەکەم لیژنەیەك دروست بکەن، چونکە ئێستا پەرلەمان بلێت ئەوە کەم دەکەمەوە، رەنگە دووچاری گەورەترین موشکیلە بێت، لەبەر ئەوە پێم وایە لیژنەیەك دروست بکەین، یان گروپێك دروست بکەین بۆ دیراسەت کردنی کێشەی مەعاشی فەرمانبەران و چارەسەرەکەشی، لە دوای ئەم جەلسەی دەورەی داهاتوودا، دوای پشووەکەمان بتوانین ئەوە بکەین ، بۆ ئەوەی چارەسەری ئەو موشکیلەیە بکەین، چونکە ئەوە ناکرێت کە دەڵێن خەرجی کار پێ کردن زۆرە، ئێوە دەتوانن ئێستا بڵێن فەرمانبەرەکانمان لە 70٪ی مەعاش بۆ فەرمانبەرانە، ئێستا دەیبڕین، یان کەمی دەکەینەوە، چۆن کەمی دەکەنەوە، لەبەر ئەوە پێم باشە ئەوە دیراسەت بکەین و چارەسەریشی بکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خاتوو پەخشان فەرموو.

**بەڕێز پەخشان عبدالله زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی ئەو راپۆرتە هاوبەشە، یەعنی من دوو راپۆرتم لەبەر دەستدایە، یەکێکی لیژنەی یاسایی و ئەویتریان لیژنەی دارایی و ئابووری، ئەو راپۆرتە هاوبەشە دیارە ئێمە لەبەر دەستماندا نییە، رەنگە باسی هەندێ شت بکەین لە دواییدا دانرا بێت، منیش لەگەڵ رای ئەو ئەندامە بەڕێزانەم، کە ئەو بودجەیەی دیاری کراوە بەناوی نەفەقاتی تەشغیلی زۆر زۆرە، ئەوەی کە ناونراوە نەفەقاتی مەشاریعی رەئسمالی لام وایە ئەو تەعبیرە تەدقیقی دەوێت، مەشاریعی رەئسمالی من نازانم نەمبیستووە، دیارە یەعنی ئیستیسمارییە، باشە ئەوە تەدقیق بکرێت لە یاسایەکە، من پێم وایە زۆر زۆر کەمە، ئەوە یەك.

دوو/دوێنێ بەڕێزان نوێنەرانی حکومەت باسی پرۆژەکانیان کرد، بەلام ئەولەویات چیە لەو پرۆژانە، ئەولەویەت بۆ چ پرۆژەیەکە با ئەوە شەفاف بێت، یەعنی دوێنێ زۆر لە ئەندامانی پەرلەمان باسی ئەوەیان کرد، کە ئەولەویەت بدرێت بە کارەباو بە فلان و فلان و ......، دوایێ بەڕێزیان روونیان کردەوە کە شتی وا هەیە، بەلام ئەوە روون بێت و شەفاف بێت، لام وایە زۆر زیاتر خزمەت دەکات، لە راپۆرتی لیژنەی ئابووری و دارایی لەم مەعرەزە ئیشارەت بەوە کراوە، کە ئەوە کەمەو پێویستە پلانی تۆکمە دابنرێت، منیش بە تەواوەتی لەگەڵ ئەوەم، یەعنی موبەرمەج بێت مەشاریعەکان، هەروا عەشوائی نەبێت، خەڵك

بزانێت مستەوای تەنفیزی چۆنە، تاکوێ رۆیشتووە، پێم وایە ئەوە زۆر رێگە دەگرێت لە دزە کردنی یەعنی گەندەلی و ئەوانە.

سەبارەت بە مەسەلەی مەعاشات و ئەوانە، لە لایەك ئەوە هەموو دەزانین فیعلەن نیسبەی مەعاش زۆرە، بەلاّم لە هەمان کاتدا بەتاڵەش زۆرە، کە مولاحەزە دەکەیت بەتاڵەش زۆرە، ئەو بەتاڵەیە سەبەبی هەر چیەك بێت خەڵکەکە خۆیان بن، یان شتێکی تر بێت، بەلاّم دەبێت لەسەری بوەستین کە کاك بەکر ئاماژەی پێ کرد، زۆر باسی مەلەسەی گەندەڵی و ئەوانە دەکرێت، باشە ئێمە هەر بە ئیرتیبات لەگەڵ مەسەلەی میزانیە باس دەکەین، بیر بکرێتەوە لەوەی هەیئەتێك، شتێك دابمەزرێت بۆ موتابەعەی ئەوە، ئیتر بەناوی هەیئەی نەزاهە بێت، هەر چیەك بێت یەعنی ئەویش باس بکرێت و ئیشارەتی پێ بکرێت.

بەنیسبەت نازانم ماددەی دووەم یەعنی چیان لێ کردووە، هەر لەم ماددەیە مەصادیری واریدی ئێمە چیە؟ دەڵێت واریدمان ئەمەیە، مەصادیری ئەو واریدە چیە، باشە روون بێت، هەر لە 17٪ەکەیە کە لە حکومەتی بەغداوە دێت، یان شتی ترە، شتەکانی تر ئەگەر هەیە باشە مەصادیرەکان روون بێت، لە لایەکی تریش ئێمە ئیحتیات ئەو مەصادیرانە دائیم نین، چۆن بیرمان کردۆتەوە ئەگەر ئەو مەصادیرانە لەشوێنێکدا شتێکی لێهات، چۆن موعالەجەی دەکەین؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك بارزان فەرموو.

**بەڕێز بارزان عبداللە نصراللە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من چەند پێشنیارێکم هەیە داوا دەکەم تۆزێك کاتم زیاتر بدەیتێ، ئەگەر روخسەت هەبێت، یەکەم/ کاك عوسمان بانی مارانی پێشنیاری کرد کە لە 5٪ی بودجەی ئیستیسماری وەزارەتەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ ئاوەدانکردنەوەی هەڵەبجەی شەهید تەرخان بکرێت، من پیشتیوانی لەو پێشنیارە دەکەم، ئومێدیش دەکەم ئەندامانی پەرلەمانیش موصادەقەی لەسەر بکەن، من حەز دەکەم ئیشارەت بە خوصوصیاتی هەڵەبجە بدەم، چونکە لەوانەیە برادەرانی ناوچەکانی تر زۆر رووداوو کارەساتی تر لە کوردستان روویانداوە، هەر کەسێك هەڵستێك باس لەوە بکات، بۆچی بۆ شوێنەکانی تری کوردستان ئەو بودجەیە دیاری نەکراوە، وابزانم هەموو لایەك ئێمە کۆکین هەڵەبجە تایبەتمەندی هەیە و زۆر جار باس لەوە دەکرێت بەناسنامەی نەتەوەیی ناوی دەبەین، لەبەر ئەوە مەفروزە بەڕاستی ئەو تایبەتمەندیە لە بڕیارو یاساکانی پەرلەمانی کوردستاندا رەنگدانەوەی هەبێت، ئەمە یەك.

دووش/ خوصوصیاتی هەڵەبجە تەنیا کاول کردن و شەهید کردنی خەڵکەکەی نەبووە، تا ساڵی 2003 کە حکومەتی کوردستان لە ساڵی 2002ەوە دروست بووە، دەتوانم بڵێم کەمتری پرۆژەکانی خزمەتگوزاری گەیشتوونەتە ئەو دەڤەرە بە حوکمی ئەو بارە نائاساییەی کە لە مەنتیقەکە هەبووە، کە هەموومان

دەزانین، تەنانەت ڕێکخراوەکانی (NGO) بڕیاری ساڵی 1996یش هەڵەبجە وەك پێویست ئیستیفادەی لەوە نەکرد، تەنانەت لە بودجەی تەشغیلی کە ئەمڕۆ لە 75٪ی بودجەی هەرێمی کوردستان دەگەیەنێ، دەتوانم بڵێم لە چاو قەزاکانی تردا کەمترین خەڵك لە دەڤەری هەڵەبجە لە دامودەزگاکانی حکومەتی هەرێمدا دامەزراون بە حوکمی ئەوەی کەوا حکومەت غائیب بووە لە مەنتیقەکە، من پێشنیار دەکەم ئەو سەروەرییە گەورەیەی پەرلەمانی کوردستان بۆ خۆی بەرێت و ئەرکێکی مێژوویی خۆشیەتی موصادەقە لەسەر ئەو پێشنیارە بکات.

سێ/ لە ماددەی یەکەم بودجەی ئیحتیاتی دیاری نەکراوە، من پێشنیار دەکەم بودجەی ئیحتیاتی دیاری بکرێت، کە بڕەکەی چەندە، لەگەڵ دیاری کردنی عەجز، یەعنی مەفروزە ئێمە باسی عەجز بکەین لە ماددەی یەکەمدا بزانین بڕی ئەو عەجزە چەندەو ئەو عەجزە بۆچی دروست بووە، ئەم عەجزە ئەگەر وا بێت بەڕاستی بەم شکلە بێت بەمانەی کە لەبەردەمی ئەوانەیە لەو چەند ساڵەی ئاینـدە درێـژە دەکێشێت، ڕەنگدانەوەی، ئاساوارە خراپەکانی، ئەم بێ تواناییەی ئابووری هەرێمی کوردستان، لەوانەیە بۆ ساڵی 2008 و 2009ش درێژە بکێشێت، لەبەر ئەوە، من پێشنیار دەکەم عەجزیش دیاری بکرێت.

چوار/ هەموومان لەسەر ئەوە پسپۆڕانی بواری ئابووری و ئەو ڕەقمانەی کە لەبەر دەستمان دایە، ئەوە بەدەر دەخات کە توانای ئابووری وڵاتی ئێمە، یان باری ئابووری کوردستان وەزعێکی زۆر نالەبار و شێواو و داتە پێویشە، بەڕاستی ئەرکی پەرلەمانی کوردستان و حکومەتی هەرێمی کوردستان نییە، بە تەنها موصادەقە لەسەر ئەو پرۆژەیە بەو شکلە بکات کە هاتووە، ئەگەر پێشنیاری گونجاو بکات بۆ چارەسەر کردنی ئەوانە نەدۆزرێتەوە، یەعنی ئەو موصادەقە کردنە بەو شکلە لەسەر قانونی بودجە موصادەقە کردنە لەسەر واقیعێك، کە واقیعێکی نەبیستراوە لەڕاستیدا لەسەر ئەمری واقیعە، لەبەر ئەوە من پێشنیار دەکەم کە بڕێك بودجە بۆ دەعمی کەرتی تایبەت دیاری بکرێت.

کۆمەڵێك مەشاکیل هەن لە وڵاتاندا، کە وەك هاوشێوەی کوردستان بەرەو رووی بوونەتەوە، وەك ئەوەی ئێمە کە وەزعی ئابووری کوردستانیان ئاوا ئابووریان مولحەقەو داتەپیوەو بودجەی تەشغیلەکەیان زۆر زیاترە لە بودجەی ڕەئسمالیەکە، ناتەوازنیەك هەیە لەنێوان ئەو دوو بودجەیە لە نەفاقات و ئیرادات، ئەو ڕێگایانەی کە دەگیرێن بۆ چارەسەر کردنی ئەمە، ئەوەیە کە ئیرادات زیاد بکرێت و نەفەقات کەم بکرێتەوە، بەلاّم خۆتان دەزانن نارەزایەتی گەورەی جەماوەری لە کوردستاندا دروست بووە، دەتوانم بڵێم گەیشتۆتە ئاستی دروست بوونی دیوارێك لەنێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و پەرلەمان و خەڵك، سەرچاوەکەشی دوو هۆکارە، یەکەمیان/ نەبوونی خەدەماتە.

دووەم/ گەندەڵییە، من پێم وایە کلیلی چارەسەر کردنی ئەو دوو هۆکارەی کە باسی دەکەم لە بودجەدا چارەسەر دەکرێت، بودجە کلیلی چارەسەر کردنی ئەو دوو شتەیە، کە ئێمە توانای ئەوەمان نییە بەڕاستی حکومەتی هەرێمی کوردستان هەموو ئەوانە دەزانێت کە بودجەی تەشغیلیەکەی زۆر کەمە، توانای پێشکەش کردنی خزمەتگوزاری وەك پێویست نییە، کە توانای پێشکەش کردنی خزمەتگوزاری ئابووری نێو

دەوڵەتی زەعیفە، دەبێت بیر لە چارەسەر کردنی بکاتەوە، چارەسەرەکانیش ئەوەن بەشێك لە پسپۆڕان باس لەوە دەکەن، کە بەڕاستی تەرشیق و تەقەشوف بکرێت لە حکومـەتی هـەرێمی کوردسـتان، ئەوانـەی تـر مـن پێم وابێت نارەزایەتیەکانیش ئەوە زیاد دەکات، من پێشنیار دەکەم بودجەیەکی تایبەت بـە دەعمـی کـەرتی تایبـەت دیـاری بکرێـت لـە رێگـەی بانقێکـەوە، مـن دەزانم ئـەمڕۆ حکومـەتی هـەرێمی کوردسـتان لـە ژێـر فشاردایەو توانای دابین کردنی ئەو بودجەیەی نییە، بەڵام سەرۆکی پەرلەمان مـن دەپرسـم ئـەو قەرزانـەی کە عێراق قەرزارە کە بە بڕی 140 ملیار دۆلار مەزەندە دەکرێت، ئایا حکومەتی هـەرێمی کوردسـتان، یـان گەلی کوردستان لە 17٪ی ئەو قەرزە دەفع ناکات لە مەجموعی داهاتی عێـراق، بێگومـان بـەڵێ، باشـە ئـەو قەرزانەی کە عێراق وەریدەگرێتەوە کە بڕی شەش ملیار دۆلارە، یابان سێ ملیار و نیو دۆلار دەداتە عێراق، ئێران ملیارێك دۆلار، سعودیە ملیارێـك دۆلار لـە بـانقی نێودەوڵـەتی پێـنج ملیـۆنی داوە، ئـەو شـەش ملیـار دۆلارە ئێمە لە 17٪ی ئەو قەرزە کە دەبەخشێتە عێراق بەگوێرەی دەستوور و یاسا لە 17٪ی بەر هەرێمی کوردستان دەکەوێت، من پێشنیار دەکەم لەو قەرزە، کە لـەوە دەچـێت پرسـیارم کـردووە لـە کـاك دڵشاد کـە یاسایەکی تایبەتیان بەدەستەوە بێت بۆ تەنزیم کردنی ئەو قەرزەو حکومەتی هەرێمی کوردسـتان بتوانێـت بڕێك وەربگرێت، من پێشنیار دەکەم لە سەد ملیۆن دۆلارەوە تا پێنج سەد ملیـۆن دۆلار بـۆ دەعمـی کـەرتی تایبەت دیاری بکرێت لەو قەرزە، یان گوێم لـە قسـەیەکی جـەنابی سـەرۆکی حکومـەت بـوو وتـی بـۆ تـەواو کردنی پرۆژەکانی 2006 داوای قەرز لە حکومەتی عێراق بکەین لەسەر بودجەی 2008 بمـان دەنـێ، مـن نازانم تا چەند دەکرێتن وارید و ئەوانە تێدا بکرێت، من پێشنیار دەکەم ئەگەر لـەو قـەرزەش بێـت بـڕێکی تایبەت بۆ ئەو دەعمی کەرتی تایبەتە دیاری بکرێت، من حەز دەکـەم ئیسـتیفادەکانی ئـەوە بخەمـە روو بـۆ بەڕێزتان، یەکەم/ ئەو تەزەخومە ئیداریەی هەیە بۆ کەم کردنەوەی بودجەی تەشغیلی تاکـە وەسـیلەیە بـۆ ئەو کەم کردنەوەی کە کەرتی حکومی خـالی بکرێتـەوە لـە فەرمانبـەران، ئەمانـە یەکێکـە لەوانـەی کـەرتی تایبەت بکات، تەنانەت لە قانونی موازەنەی عێراقدا ماددەیەکی تیایە کـە دەڵێـت ئـەو مووچـەخۆرانەی لـە کەرتی عامەوە دەچن بۆ کەرتی تایبـەت، بـۆ مـاوەی دوو سـاڵ نیـوەی مووچـەکەیان دەدەنـێ بۆچـی؟ لەبـەر ئەوەی بێگومان لەوێ دیارە ئەزمە هەیە بودجـەی تەشـغیلی ئـەوانیش زیـاترەو عـەجزیان هەیـە بـەدەردی کاك دڵشاد فەرمووی.

دوو/ ئەو پارەیـەی کـە دابـین دەکرێـت بـۆ دەعمـی کـەرتی تایبـەت پاشـەکەوتێکی نیشـتمانیی دەبێـت، ئـەو پارەیە سەرف ناکرێت و لە ماوەی چەند ساڵێکدا چـەند بەرامبـەر زیـاد دەکـات، چونکە ئـەرباحی دەچـێتە سەر، کە دەکرێت ئەوە لە ئاینده بۆ پرۆژەی ستیراتیجی گرنگ حکومەت لەبواری تردا بەکاری بێنێت.

سێ/ راهێنانی کەرتی تایبەتی خۆمان بەڕاستی، هەر لە ئێستاوە ئەگـەر کـەرتی تایبـەت حکومـەتی خۆمـان ئامادە دەکەین بۆ ئەو کرانەوەی کە عەولەمەی ئابووری بە رووی بازاڕەکانی عێراق و کوردستاندا گرتووە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دەزانی چۆنە ئێمە جەلسەی دوێنێمان تەرخان کرد بوو، بۆ ئەو تێبینیانەی کە جەنابت فەرمووت، بەڵێ تێبینی باشن، بەلآم جەلسەی دوێنێ تایبەت بۆ ئەوە بوو، ئێستا ئێمە موناقەشەی مادده بە مادده دەکەین، کاك عوسمان بانی مارانی فەرموو.

**بەڕێز عثمان عبدالله قادر(بانی مارانی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش پشتگیری کاك سەردار و کاك عادل و کاك عەبدولڕەحمان دەکەم، ئەم بڕە پارەی بۆ سەرمایەدارەکان دانراوە، فیعلەن زۆر کەمە زیاد بکرێت، بەلای کەمی دوو بەرابەری خۆی زیاد بکرێت، چونکە بڕە پارەکە زۆر کەمە، ئەم خاڵەش تەئکید دەکەمەوە برادەرانیش دوێنێ تەئکیدیان کرد مەسەلەی هەڵەبجە فیعلەن لەبەر چاو بگیرێت، چ لە سەدا چەندی تەحەمول دەکات لە وەزارەتە خزمەتگوزارییەکان شتێکی لەوێ سەرف بکرێت، بۆ ئاوەدانکردنەوە کارێکی باشە بۆ هەموومان، کە زۆر جار هەموومان لە هەر چاو پێکەوتنێك، لە هەر جەلسەیەك، لە هەر کۆڕ و کۆبوونەوەیەك، لە هەر پێشوازی بێگانەکان، ئێمە دائیم باسی هەڵەبجە دەکەین، تاکە سینبولی ناساندنی نەتەوەکەمان هەڵەبجەیە، بۆیە حەقی خۆیەتی ئێمە لە هەڵەبجە کاری ئاوەدانکردنەوە زیاتر گەشەی پێ بدەین، هەروەها  ئەو ناوچانەی تا ئێستا نەگەڕاونەتەوە سەر هەرێمی کوردستان، بەڕاستی بە نهێنین یان بە ئاشکرا بە کەرکوك و ناوچەکانی تریشەوە حەقە بودجەیەکی بەردەست هەبێت بەڕاستی، یەعنی بۆ ئەوەی هەر گۆڕانێك بوو، هەر شتێك بوو لەو ناوچانە، ئێمە بتوانین پێشوازی لە خەڵکەکەی خۆمان بکەین، یان بە هانایانەوە بچین، چونکە میللەتی ئێمەنە، ئێمە بەشێکین لە خەباتی درێژخایەنی ئێمە لەسەر ئەو ناوچانە بەڕاستی، ناکرێت ئێمە هیچ شتێك بۆ ئەو ناوچانە دیاری نەکەین، کە تا ئێستا نەگەڕاونەتەوە سەر هەرێمی کوردستان، من پێشنیار دەکەم بۆ جێ کردنەوەی ئەو پێشنیارانەی خۆم، یاخود تەحەمول کردن لە هەر سێ سەرۆکایەتیەکە، شتێك لە بودجەکانیان کەم بکرێتەوە، بەڕاستی هەرسێ سەرۆکایەتیەکە لە (5٪)ی لێ کەم بکرێتەوە لەو کارانە سەرف بکرێت، یەعنی ئێمە بەڕاستی دەبێت تەقەشوف بکەین، مەسەلەن ئەو هەموو دەعوەت و پێشوازی و سەرفە زۆرانەی، کە بەڕاستی جێگای هیچ ناگرێت کەمی بکەینەوەو لەو کارە ئەساسیانە سەرفی بکەین، کە لە بەرژەوەندی ستیراتیجی نەتەوەکەمانە، هەروەها مەسەلەی سووتەمەنی، ناکرێت ئێمە لێرە دانیشین و باسی بودجە دەکەین، هەموو خەڵکی کوردستان چاوەڕێی ئێمە دەکات، مەسەلەی کارەباو سووتەمەنی بەو شێوە خراپەی کە هەیە، لێرە هەڵنەستابین شتێکی چاکمان دیاری کرد بێت، بۆ ئەوەی ئەو کێشەی هاوولاّتیان و ئەو سوودەی بە هاوولاّتیان دەگات تەنها مەسەلەی سووتەمەنی و کارەبایە، ئێمە لێرە دەست نیشانی نەکەین و شتێکی بۆ نەکەین.

خاڵێکی تر/ مەسەلەی سولفەی عەقارات، بەڕاستی خەڵك وەزعی زۆر خراپە لە ناحیەی نیشتەجێ بوون، ئێمە کاری نیشتەجێیش ناکەین، بۆ خەڵك خانووش دروست ناکەین، حەقە سولفەی عەقارات درێژەی هەبێت، چونکە خەڵك فەقیرە هیچی پێ ناکرێت، ئێستا لەگەڵ ئەو هەموو وەزعە خراپە بەتاڵەش زۆر

بووە، ئێمە زۆر کەس دەبینین بێ ئیشە، کار نییە بکات، بازاڕیش جۆرێك ئەوە بووە وەستاوە، ئیش و کار نییە، مەقصەدم خەڵك ئیش نییە بیکات، من پشتگیری لەوە دەکەم سولفەی عەقارات درێژەی هەبێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك محەمەد فەرەج فەرموو.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە دەزانین یەعنی ئەم یاسای موازەنە، ئەو بڕە پارەی لە عێراقەوە دێتە کوردستان هی موازەنە لە (90٪)ی سەرچاوەی ئەو میزانیە گەورەیە نەوتە، ئەم بڕەی کە دیاری کراوە بۆ موازەنە، با بڵێین دوایی کە ئیقرار دەکرێت بۆ موازەنە، بەرمیلی نەوت دانراوە بە چل و پێنج دۆلار، یەعنی ئەو پارەیەی کە خەملێنراوە بە چل و یەك ملیار دۆلار، کاتێك خەملێنراوە کە بەرمیلی نەوت حیساب کراوە بە چل و پێنج دۆلار، هەموومان دەزانین ئێستا گەڕاوەتەوە نێوان شەست و حەفتا، یەعنی بەردەوام لەو کاتەوە لە ساڵی 2006ەوە تاکو ئێستا ئەو پارەیە لەنێوان شەست و حەفتا دەڕوات، تەبعەن ئەو زیادەیە حیساب نەکراوە لە میزانیە، لە میزانیەی عێراقدا حیساب نەکراوە، وەکو بڵێی بە جیا دانراوە دەگەڕێتەوە، بێگومان دەبێت بۆ هەرێمی کوردستانیش بگەڕێتەوە، فیعلەن پێم وایە دەگەڕێتەوە، من پێم وایە ئەو گرفتانەی کە باس کران، ئێمە دەزانین لە دوای هەموو حەربێك مەناتیقی مەحرەمە دروست دەبێت بمانەوێت، یان نەمانەوێت، لە دوای هەموو گۆڕانکارییەك کۆمەڵێك شوێن هەیە، ئەو شوێنانە ئاسەواری بەر دەکەوێت، زوڵمە، زۆرداریە، سووتانە، دەرکردنە، یەعنی وازیحە لە کوردستاندا لە هەموو شوێنێك زیاتر، لە عەرەبستانیش ئەمە هەیە، من پێم باشە ئەمە کە تازە دانراوە تەبویب کراوە، یەعنی ئەبواب، ئەبواب کراوە، دەست لێدانی لەوانەیە زیان لە شوێنی تر بگەیەنێت، پێم باشە ئێمە قسە لەو مولحەقە بکەین، یەعنی ئەگەر دامانتا بە نیسبەیەکی سابیت گوتمان شەست، کە هیچ کاتێك لە شەست دۆلار کەمتر نەبووە، کەوا بوو ئێمە لە هەر بەرمیلێك پازدە دۆلار زیاد دەکات، ئەو نیسبەتە نیسبەتێکی زۆر زۆرە، دایبنێین بۆ ئەو مەنتیقانەی کە لە لای ئێمە زۆر مەحرومن، ئەویش بە قەناعەتی من دەبێتە سێ بەش، هەڵەبجە یەعنی وەکو ئەم برایانە باسیان کرد سینبولێکە، یەعنی شارێکی گەورەیە، هەڵەبجە کە لێی قەوماوە هەشتا هەزار کەس بووە، یەعنی لە ساڵی 1988 ژمارەی دانیشتوانی خەڵکی هەڵەبجە هەشتا هەزار کەس زیاتر بووە، بەپێی یاسا هەشتا هەزار کەسە، من قەناعەتم وایە زیاتر بووە، ئەمە شتێکی گەورەیە ئەو کاتەی شارێکی ئاوا بەو ژمارە گەورە بووە لە کوردستان، ئەم شارە لە ساڵەکانی هەشتاو پێنج و هەتا ئەو کیمیاویەی لێی داوە یەکێك بووە لەو قەزایانەی مورەشەح بووە بۆ ئەوەی ببێت بە موحافەزە لە پێشی نەجەف و تکریت و ئەو شوێنانە، ئەگەر گرنگییەك لە رووی ئەو مەسەلانەی کە بەسەری هاتووە.

دوو/ شوێنەکانی ئەنفال، سێ/ ئەو مەنتیقانەی کە دابڕاون، ناوی بنێین دەعمی ماددەی 140، یەعنی ئەو پارەیە دابەش بکەین بەسەر سێ بەشدا، هەڵەبجە، مەنتیقەی ئەنفال، دەعمی ماددەی 140، من پێم وایە مەسەلەیەکی زۆر گرنگە، ئەمە دەبێت جیا بێت، ناوی بنێین میزانیەکی مولحەق، جیایە لەمەی کە ئێستا حکومەت بۆ خۆی دایڕێژتووەو کارەکانی خۆی پێ جێ بەجێ دەکات، ئێمە لە عەجز دەترسین، بەڕاستی من پێم وا نییە شتێکی ئەوەندە ترسناك بێت، ئەمریکا کە ئێستا وڵاتێکی زل هێزەو، یەعنی تەبعی پارەکەی کردووە بە شوێنی ئەسەری خەڵك دەچێت سەیری دەکات، ئەم وڵاتە عەجزی هەیە، یەعنی عەجز شتێك نییە وڵات لێ بخات، عەجز شتێك نییە وڵات بترسێنێ، ئەمساڵ چارەی ناکات، ساڵێکی تر چارەی دەکات، یەعنی شتێك نییە ببێتە هۆی ئەوەی تەعتیلی ئیشی حکومەت بکات، یان تەعتیلی ئیشی دەسەڵاتێك بکات، لەبەر ئەوە پێم وا نییە ئەوە بکرێت، بەڵام پێشنیار دەکەم پەرلەمان تەوصیاتێکی هەبێت بۆ ئەمە، ئەو مولحەقە دیار بکرێت، کە دێتە بەغدا، دێتە کوردستانیش بە هەمان شێوە، ئەو زیادەیە پەرلەمان تەوصیە بکات، حکومەت بە سندوقێکی جیا بیکات بە خزمەتگوزاری لەم شوێنانە بەو سێ مواصەفاتە، سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، ئێستا لەسەر مادده یەك تەواو موناقەشە کردن، ببوورە کاك حاتەم فەرموو.

**بەڕێز حاتم محمد جان حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو بەڕێزانە زۆربەیان باسی ئەوەیان کرد کە بودجەیەك بۆ هەڵەبجە دابنرێت، من یەك شت دەڵێم ئێمە هەموومان لە پێشی کامیراو پشتی کامیرا لە هەموو تاکێکی میللەتی ئێمە لەگەڵ ئەوەی هەرچی بکرێت بۆ بنەماڵەی شەهیدان و بۆ بنەماڵەی هەڵەبجەو خەڵکی هەڵەبجەو ئەوانەی کە موعاناتیان هەیە بە حەقیقەت کەمە، ئەوەش نییە هیچی لەسەر بڵێین هەرچی بووە کەمە بۆی بکرێت و جێگەی خۆیەتی و رەنجی تێکۆشان و خەبات و بەرخودان و قوربەسەریەکانی میللەتی ئێمەیە، بەس من لێرە یەك شت دەڵێم پێشنیاری ئەوە دەکەم ئێمە یەك وەزارەتمان هەیە ناوی وەزارەتی شەهیدو ئەنفالەکانە، ئەگەر بێتو ئێمە میزانیەی ئەو وەزارەتە زیاد بکەین، هەتا بتوانێت موعاناتی هەموو مەنتیقەکان وەکو خۆی رەچاو بکات و ئیشی بۆ بکات، هەڵەبجە بە قەد خۆی و شوێنەکانی تریش بە قەد خۆیان، ئەوەی کە پێی دەکرێت ئێمە بتوانین لە رێگەی بودجەی وەزارەتی شەهیدان و ئەنفال زۆر لە وەزارەتەکانی تر زیاد بکەین، بۆ چارەسەر کردنی هەڵەبجەو ئەو شوێنانەی پێویستیان بە چارەسەر کردن هەیە، ئەوە خاڵێکیان.

خاڵی دووەم/ پرسیارێکم هەیە لە وەزیرە بەڕێزەکانی دارایی، ئایا ئەو باج و رسوم و گومرگیانەی لە کوردستاندا کۆ دەکرێتەوە دەچێتەوە بەغدا، یان بە ئەندازەی ئەوەل میزانیەی کوردستان ساڵانە کەم دەکەنەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، خۆی پرسیارەکان پێویستی وەڵامیان هەیە لە لایەن وەزارەتی دارایی و پسپۆڕانی وەزارەتی دارایی، من لەبەر ئەوە داوا لە کاك دڵشاد و کاك رەشید دەکەم بێن لێرە دابیشن لەسەر مەنەصە، بۆ ئەوەی لە راوەستاندا رزگاریان ببێت، لەوێ دەبێت راوەستن، لێرە دانیشن بە ئیسراحەت وەڵامیان بدەنەوە، فەرموون، ئەگەر کاك شێخ بایز شتێکی عمومی هەیە لەسەر ئەو پرسیار و موداخەلاتانە، با بفەرموێتن، دواتر لە ناحیە فەنیەکان برادەران قسەی تیا بکەن.

**بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی/ وەزیری هەرێم بۆ کاروباری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

زۆر سوپاس، من شتی عام باس دەکەم، دیارە باسی ناوچەکانی دەرەوەی هەرێم دەکەن، ئەوانەی نەهاتۆتەوە سەر هەرێم، بەڕاستی ئێمە لە میزانیەی خۆماندا پێشی ئێستاکە پارەیەکی زۆرمان تەرخان کردووە بۆ ئەو ناوچانە، من ناڵێم بە ئەرقام، بەڵام بڕواتان هەبێت یەعنی زیادە لە لازم میزانەی حکومەتی هەرێم کەوتۆتە ژێر هینەوە، ئەوە چووەتە ئەو شوێنانە، مەشاریعەکان کراویشەو ئاشکراشە، بەنیسبەت ئەوەی خوتەو میزانیەی تەشغیلی و میزانیە ئیعتیادی، بەڕاستی ئەگەر تۆ تەماشای میزانیەو خوتە بکەیت لە عێراقدا پارەی میزانیەی خوتە کەمە، بەڵام میزانیەی ئیعتیادی تەبیعەتی وایە پارەکەی دەبێت زیاد بێت، چونکە ئیشەکانی هەمووی خەدەمییە، مەسەلەن رەواتب ئێستا تۆ بتەوێت، یان نەتەوێت رەواتب موقەرەرە، ئەوە لە 75٪ی بودجەکەی بردووە، ئایا دەتوانیت بیکەیتە لە 70٪، ناکرێت، ئێستا پەرلەمان دەتوانێت قەرارێك دەربکات کۆتایی خەدەماتیان بێنێت و بودجەکە دێتە سەر 50٪ و 40٪.

بەنیسبەت باسی داهاتیان کرد، بەڕاستی داهات بە چەند مەراحیلێك تێ پەریوە، دوێنێش باسم کرد، ئێستا داهات بە کتابێکی رەسمی ناردوومانە بۆ بەغدا بۆ وەزارەتی مالیە دەڵێین ئەمە داهاتەکەمانە، ئەوانیش تاکو ئێستا وەڵامیان نەداوەتەوە، جا وەکو مەقاصات دەیبڕن لە تەمویلەکانی ئێمە، یاخود چۆن تەقصیتی دەکەن، چونکە ئەوان داوای ساڵەکانی 2004 و 2005 و 2006 و 2007تیش دەکەن، لەبەر ئەوە ئێستا وەزارەتی مالیە خۆیان دەبێت وەڵاممان بدەنەوە بۆ ئەو داهاتانە، لە هەموو حاڵەتێك داهاتی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ میزانیەی ئێمە نییە، بەپێی دەستوور دەبێت بیگێڕینەوەو بۆ ئەوەی جارێکی تر بە مەقاصە لێمان ببڕن، یان بە پارەیەکی نەقد لە رێگای بانقەکانەوە تەحویل بێت، سوپاستان دەکەم ئەوە هەردوو بەڕێزش لێرەن وەڵامی پرسیارەکانتان دەدەنەوەو سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاك رەشید.

**بەڕێز رشید طاهر/بەڕێوەبەری گشتی وەزارەتی دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەندێ نوقات هەیە دەمەوێت تەوزیحی بکەم دەربارەی نەفەقاتی رەئسمالی و مەشاریعی ئیستیسماری وابزانم لە بەغداش جیهەی نەفەقاتی رەئسمالی و ئیستیسماری فەرقی نییە، لە قانونی موازەنەش هاتووە

نەفەقاتی یەعنی قەصدی ئیستیسمارییە، کە خوتەی پێ دەڵێن، مەبلەغەکەشی کە هاتووە نیسبەکی باشە لە میزانیەی هەرێمی کوردستان نزیکی لە 40٪ دەکات هاتووە لەگەڵ هی موحافەزات یەك ترلیۆن و نۆ سەد و شەست و شەشە عەجزی پەیدا بووە، کە تەقدیمی پەرلەمانی کردووە، سێ سەد و کەسر فەرقی هەیە، یەعنی بە زیاترمان تەقدیم کردووە، مەشاریعی بەردەوام ئەولەویاتی نەفەقاتی رەئسمالی مەشاریعی بەردەوامە، ئەوەی حکومەت داخیلی ئیلتیزامات بووە، عەقدمان لەگەڵ خەڵك کردووە مەجبورە ئەو مەشاریعانە تەواو بکەن و مەشاریعی تازە دەست پێ بکەین.

پرسیاریان کرد گوتیان مەبلەغێکی ئیحتیات هەبێت، تەبیعی مەبلەغێکی ئیحتیات لە زیمنی وەزارەتی مالیە هاتووە کە رەقمەکەی (478660) چوار سەدو حەفتاو هەشت هەزار شەش سەدو شەستە لە زیمنی فەسلی حەوتەم مەسروفاتە، ئەوە بۆ ئیحتیات و بۆ هەندێك شتە کە لە بەرچاو نەبێت، بۆ وەزارەتی داراییە، برادەرێکی تر پرسیاری کرد باسی نەفەقاتی سەفەر و مەسروفاتی ئوخرای کرد، تەبعەن لە قانونی موازەنە سەفەر و ئیفادی دەرەوە ماددەیەکە، سەفەر و ئیفادی ناوخۆ ماددەیەکە، کە تەنەقولاتی نەقلی فەرمانبەر لە جێگایەك بۆ جێگایەکی تر ماددەیەکە، لەبەر ئەوە لەوانەیە دووبارە بێتن لەو مەوزوعە، باسیان کرد کە رێژەیەکی زۆر لە 75٪ بۆ مووچەیە، ئەوە واقیعە کە بوویە، مووچەی فەرمانبەران بۆیتە واقیع لە 75٪، تەبعی هەمووشتان دەزانن دوێنێش روونمان کردەوە، کە ئەمە هەمووی بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان نییە، کە بویتە 75٪ سیاسەتی حکومەتی مەرکەزی هی سەدامە، کە خەڵکی خۆمانیان تەرحیل کردو لە موجەمەعاتی سەکەنی داینا بوون، مەعاشێکیان بۆ بری بوو، ئێستا ئەو مەعاشاتە مەجبوری بیدەیت و، یان تەقاعودە، یان ئەوەیە، جگە لە هەندێ هۆکاری دی هەیە کە مەسەلەن دوو ئیدارە بوون، لە مونافەسەی یەك ئەوانەیان تەعین کردووە، بەڵام خۆش بەختانە پشتی تەوحید بووینە سەرۆکی حکومەت و هەردوو وەزارەتی دارایی، داواش لە ئێوە دەکەن، کە یارمەتی حکومەت بدەن بتوانێت لە رێگەی قانونی ئەو رێژە زۆرەی میلاکە لە 75٪ە کەمی بکەینەوە، کە بتوانین میزانیەکانی خۆمان پێویستیمان پێیە لە فەسڵەکانی تر سەرفی بکەین، بڕیاری حکومەتیش دەرچووە لەو نزیکانە، کە ئەوانەی دوو مووچەیان هەیە، ئەوانەی دەرماڵەیان هەیە هەندێکیان کەم بکەینەوە، ئەوە دەستمان پێ کردووە لە 7/1 دەستمان پێ کردووە خۆش بەختانە جێ بەجێی دەکەین و هەروەها هەندێ سەرفیاتی لا بەلا هەیە، ئەوانەش تەعلیماتی پێ دەردەچێت، مەسەلەن زۆر جەریدە و موجەلات و کۆنفرانس و کە باسمان کرد، ئەوانەی زەروری نییە، هەمووی رادەگرین، تا بتوانین موعالەجەی ئەو عەجزە بکەین، زۆر برادەر دەڵێن ئیهتیمامێکی زۆر حەقە بە عقود و کارەبا و سولفەی عەقاری بدرێت، لە میزانیە 2004 و 2005 و 2006 مەبلەغێك دەدرا لە عێراق بۆ عقود، بەڵام لە ساڵی 2007 هیچ مەبلەغێك لە میزانیەی عێراق بۆ عقود نییە، ئێمە لە حکومەتی هەرێمی کوردستان راستە ئێمە عێراقین و لەسەر بیرێکی نەوت دانیشتووینە، بەس لە ئیدارەی هەولێر تا ئەو لەحزەیە بایی نۆوەت ملیۆن دۆلار زیاتر نەوتی سپی و گازوایل لە دەرەوەی عێراقمان ئیستیراد کردووە، ئەوە بەس ئیدارەی هەولێر، لەوانەیە هی سلێمانیش ئەو

مەبلەغە بێت، کە مەجبور دەبین بێنین، کە مەشاریعی کارەبا کە دەستمان پێ کردووە، تەبعەن ئەولەویاتی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ کارەبایە، ئێستا مەشاریع بەس لە سنووری هەولێر نزیکی دوو سەد و چل ملیۆن دۆلار زیاتر هەیە مەشاریعی کارەبا لە 70٪ی ئەو مەبلەغە کە دەفع کراوەو ئێستا لە مەرحەلەی جێ بەجێ کردنە.

سولفەی عەقار، تەبیعی ئێمە هیچ پارەمان نییە، کە بتوانین سولفەی عەقار بدەین، ئەوە لە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەستیان بە شوقە و شتی وا کردووە، کە بیدەنە ئەوانەی موستەحەقن، بەلاَم ئێمە موحاوەلەمان کردووە لە ڕێگای بەغدا، لە ڕێگای وەزارەتی ئیشغال و ئیسکانی بەغدا، کە لەوێ مەبلەغێکی زۆریان هەیە، سێ سەد ملیارێکیان هەیە سالاَنە تەدویر دەبێتن، ئیستیفادەی لێ ناکەن، بەلاَم حکومەتی هەرێمی کوردستان ئیستیعدادی سالَی خۆی کردووە، کە بێن ئەو پارەمان بدەنێ بە قەرز کە حکومەتی هەرێم بداتە هاوولاَتی خۆی بە نەفسی شروتی خۆی و نەفسی زەوابت کە لە بەغدا هەیە، هەتا ئێستا هیچ وەلاَمێك نەبووەو حکومەتیش ئیستیعدادی خۆی پیشاندا کە بیناتان بۆ دەگرین و ئیجارتان دەدەین و مەساریفتان دەدەین، بەس ئەو قەرزە بدەنە حکومەتی هەرێمی کوردستان بتوانێت ئیستیغلالی بکات، زروفی عێراق ناتوانن ئیستیغلال بکەن، ئەو مەبلەغە سالَ بەسالَ تەدویر دەبێت، ئەوەش تا ئێستا نەکراوەو بەردەوامین لەگەڵیان، نیسبەتی هەڵەبجەو کەرکووك ئەو مەبلەغەی کە هاتووە مەشاریعی ئیستیسماری ئەگەر بچینە ناو تەفسیلی زۆر شتی هەڵەبجەی لەناوە، ئەگەر بچینە ناو تەفاسیل لە تەربیە بێت لە بەلەدیات بێت، لە ئیعمار بێت، لە کارەبا بێت شتی هەڵەبجە زۆری تیایە، یەعنی مەبلەغێکی باش بۆ هەڵەبجە دەکرێت، نیسبەتی کەرکووك و ئەو مەنتیقانەی دابڕاون ئەی ئەو مەساریفانەی دەکرێتن ئێستا لە شنگار هەتا خانەقین لەناحیەی ئەمنی بگرە، لە مەدرەسە بگرە، لە مزگەوت بگرە، لە ئاسایش بگرە، لە ئیدارەی مەحەلی بگرە، ئەی حکومەتی هەرێمی کوردستان نەبێتن کێ مەسرەفی دەکات، هەمووی لە بودجەی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەردەچێت، برادەرێك دەیگوت کە ڕێژەی وەزارەتی مالیە زۆرە، لەبەر ئەوە ڕێژەی وەزارەتی مالیە لەبەر ئەو سەبەبانە، سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك دلَشاد هیچت هەیە ئیزافەی بکەیت، فەرموو.

**بەڕێز دلَشاد عثمان/ بریکاری وەزارەتی دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

زۆری باس کرا بەڕاستی، مەسەلەی مەسرەفی عەقاری ئێمە تەجروبەیەکمان هەبوو لە سلێمانی دوو سەدو شەست ملیار دینارمان تا ئێستا داوە بە بیست و هەشت هەزار هاوولاَتی، خانوویان پێ کردووە، بەلاَم ئەو دوو سەد و شەست ملیارە لە هیچ میزانیەکی عێراقدا بۆ ئێمە نەهاتووە، گرتوومانەتەوە لە پارەی نەوت بەرامبەر بە خۆراك لە پارەی بودجە داومانە، بەلاَم بە تەریقەی ئێستا مەسرەفی عەقاری کە ئێمە کردمان، ئەگەر بکرێتەوە شتێکی زۆر باشە، نەك میزانیەی کوردستان، بەلَکو میزانیەی عێراقیش بەشی ناکات،

ئێمە لە ناحیـەکان و لـە قـەزاکانیش هەمانـە، لەبـەر ئـەوە بەڕاسـتی ئـەوە پرۆژەیەکـە، نـە ئێمـە دەتـوانین بەردەوام بین، وەك ئیدارەی سلێمانی، نە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەتوانێت مەشـروعێکی لـەو جـۆرە دروست بکات لە داهاتوویەکی نزیکدا، لەبەر ئەوە ویستم بڵێم، بەڕێزێك باسی عەجزی کرد، دەڵێت عـەجز زاهیرەیەکی ئیعتیادییە، منیش دەڵێم عەجز زاهیرەیەکی ئیعتیادییە، بە مەرجێك ئەو عەجزە بـۆ پـرۆژەی وەبەرهێن بێت، لە عالەمدا دەیکەن، پـرۆژەی وەبـەرهێنی درێژخایـەنی پـێ دەکـەن، ئـەو عەجزانـە لـەوەوە دروسـت دەبێـت، دەڵێـت ئەمسـاڵ بـا عـەجز بێـت، دوای پێـنج سـاڵ داهـاتم دەوێـت پێـنج قـات، هـەروەها بەنیسبەت عێراقیشەوە، وەکو حکومەت ئەگەر پـرۆژەی نـەوتی درێژخایـەن بکـات داهـاتی نـەوتی ساڵانەی زیاد دەکات، بەڵام لە بیرتـان نەچـێت ئێمـە حکومـەتی هـەرێمین، بەشـێکین لـە عێـراق، سیاسـەتی مـالی بـە دەستی ئەوانە، ئەو عەجزەی ئێمـە هەمانـە نـە دەتـوانین پـارە چـاپ بکـەین، سیاسـەتی نەقـدی بـە دەسـتی عێراقەوەیە، نەدەتوانین پارە چاپ بکەین، نە دەتوانین سەنەدات دەربکەین، نـە دەتـوانین قـەرز وەربگـرین بەبێ موافەقەتی مەرکەز، حکومەتی عێراق، لەبەر ئەوە دەستمان بەستراوە لەو ناحیانەوە، عەجز بە ئێمـە بە قورسی پڕ دەکرێتەوەو وا ئاسان نییە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ ئەو شەرحانەو، منیش هەندێك تێگەیشتنی خۆمتان بۆ عەرز دەکەم، ئەگـەر غەڵـەت بـووم، داواتان لێ دەکەم لە کاك دڵشاد و کاك رەشید و کاك بایزیش بۆم راست بکەنەوە، پـێش هـەموو شـتێك ئـەو میزانیـە دانـراوە، دوێنـێش باسـم کـرد، بـە تەئکیـد خەلـەلێکی تێدایـە، خەلەلەکـە حکومـەت خـۆی دانـی پێداناوە، یەکەم/ داهاتەکان وەکو بە دیقـەتێکی زۆر دیـار نییـە، نـە داهـاتی حکومـەتی فیـدراڵ، نـە داهـاتی حکومەتی هەرێم.

دوو/ دوو حکومەتمان هەبووە، پێش چەند ساڵ و مانگێك، هەتا کە تەوحیـدیش بـووە، وەزارەتـی دارایـی و ئابووری تاکو ئێستا دوو وەزارەتە، یەکێکیان وەزارەتی دارایی و ئابووری، ئەویتریشیان وەزارەتـی هـەرێم بـۆ کاروباری دارایی و ئابووری، ئەوە یەکەم بودجەی یەکگرتووە، زیاتر سـوودی لـەوە دایـە یەکـەم/ شـەفافیەت هەبێت لێرە، هاتنی بۆ ئێرە ئەو بودجەیە شەفافیەتە.

دووەم/ بـۆ سـاڵی 2008 ئـەو کەموکوڕیانـەی کـە ئێسـتا هەیـەو لـە رابـردوودا هـەبووە نـەمێنێتن، بەرنامەکانمان لەبەردەم پەرلەمان و لەبەردەم خەڵکدا هەمووی ئاشکرا دەبێت.

سێ/ بەشێك لە موشکیلەکان خودی حکومەتی فیدراڵی بەغدا بووە، دوێنێش ئاماژەمان پێ کرد، دواخستنی بودجەکە لە لایەن حکومەتی فیدراڵ، دواییش لە پەرلەماندا، جا فەرق ئـەو پێشـنیارەی بودجـەی هـەرێمی کوردستان لەگەڵ ئەوەی لە بەغدا هاتووە فەرقێکی زۆری هەیە، کەمیان کردۆتـەوەو دووبـارە هاتۆتـەوە بـۆ ئێرە، هەموار کردنی لەبەر رۆشنایی لەسەر ئەساسی ئەوە هەندێك پرۆژە بووە، بە ئەکیـد کـەم کردنـەوەی بودجـەی وەزارەتـەکان بـووە، برادەرێـك پرسـیارێکی کـرد کـە عـەجز دیـاری بکرێـت بـە رەقـەم، دیـارە لـە هینەکان نووسراوە ترلیۆنێك و هەشت سەد و قصورە، هەر تەرحی بکەیت لە میزانیە 17٪ەکـە کـە بۆمـان

تـەرخان كـراوە، لەگـەڵ میزانیـەی پێشـنیار كـراو لـە لایـەن حكومەتـەوە لێـی دەربهێنـەو عەجزەكـە دەردەكەوێتن، پێویست بە هین ناكات رەقمێكی حیسابی زۆر ئاسانە، زۆر زۆر ئاسانە، برادەرێك ئاماژەی بەوە كرد داهاتی حكومەتی فیدراڵ لەسەر ئەساسی نرخی نەوت تەرخان كراوەو نرخەكە زۆر زیاد كراوە، ئەو زیادەیە دەچێتە ئیحتیاتی حكومەتی فیدراڵ، دەبێت بـە ئیحتیـاتی حكومـەتی فیـدراڵ، سـاڵی داهـاتوو میزانیەكە زیاد دەكاتن، پارەكە میزانیەك دانرا داهاتێكی تـازەی هـەبوو حكومـەتی فیـدراڵ، جگـە لـە زیـاد بوونی نرخی نەوت، هەنـدێ میزانیـاتی موحافـەزات نـەیانتوانی بـوو پرۆژەكانیـان تـەرخان بكـەن، پارەكـە ماوە، بوو بە چل و یەك ملیار و قصور دۆلار، بۆیە میزانیـەی $2007$ زیـادی كـرد، ئـەو عـەجزەی ئێمـەش هەمانە لە هینە پێنج مانگمـان مـاوە، پاشـی پێـنج مانگەكـە چـۆن عـیلاج دەكـرێتن، ئەگـەر ئـەو وەفـرە لـە داهاتی $2007$دا زیاد بوو، میزانیەكی تەكمیلی بۆ دەكرێت، دەبێت داوا بكـەین، حەقیشـمانە داوای بكـەین، ئەو وەختی ئـەو $17$٪یـە زیادەكـە دەتـوانین بخرێتـە سـەر میزانیـەی تەكمیلیەكـە، عەجزەكـەمان بـۆ حـەل دەكاتن، بۆ ساڵی $2008$یش بەرچاومان روون دەبێت، بـەس مـن یـەك مولاحـەزەم لەسـەر قسـەی وەزارەتـی دارایـی و ئابووریـەوە هەیـە، ئـەویش ئەوەیـە داهـاتی ئێمـە بـە تێگەیشـتنی مـن لـە دەسـتووری هەمیشـەیی عێراقدا غـەیری گـومرگ حـەقی خۆمانـە لـە بـاج، حـەقی خۆمانـە لـە رسـومات، ئەوانـە ئەگـەر حكومـەتی بەغـداش داوا بكـاتن، حـەقی خۆمانـە بڵێـین نـەخێر حـەقتان نییـە، ئـەوە داخیلـی سـەڵاحیاتی خۆمانـە، بەتایبەتی لە سەڵاحیەتی حەسری نەهاتووە بۆ حكومەتی فیدراڵ، غەیری گومرگ، ئەویش ئەوەیـە ئەگـەر داخیلیشی بكەن لێمان كەم دەكەنەوە، لەبەر ئەوە من داواكارم لەوەدا شـەرێكی باشـی بـۆ بكـەین، حوجـەتی دەسـتووریمان هەیـەو لەبـەر دەسـتمانە، دەتـوانین شـەرێكی باشـی بـۆ بكـەین، ئەگـەر چـی حكومـەت لـە برگەیەكدا بۆی هەیە داهاتی هەرێم رەچاو بكات، بەڵام بە هەمان نیسبە، بەهەمان رێژە میزانیەكـەی كـەم ناكاتەوە، فەرزم كرد ئێمە داهاتمان چەند ملیارێك بوو غەیری گومرگ، ئەو چەند ملیارە بە هەمان نیسبە كەم نابێتەوە، رەچاو دەكرێتن تـۆ میزانیەكـەی بـۆ دەبـەیت دەڵێیـت داهـاتی زۆرە، یـان كەمـە، نیسـبەتێكی كەمتر لەوەی كە هاتووە كەمی دەكاتـەوە، ئـەو مولاحەزەیـەی لەسـەر هەڵەبجـە، هەڵەبجـە خۆشەویسـتە لای هەمووومان و كەسیش باوەڕ ناكەم ئەو خۆشەویستیەی بۆ هەڵەبجە لە ئەنـدامێك بـۆ ئەنـدامێكی تـر فـەرق بكات، لە وەزیرێك بۆ وەزیرێك فەرق بكات، لە حزبێك بۆ حزبێك فـەرق بكـات، ئەگـەر خـۆی بـە نیشـتمان پـەروەر بزانێـت، ئەگـەر رێـزی هـەبێت بـۆ مێـژووی گـەل و نەتەوەكـەمان، بـۆ خـەباتی گەلەكـەمان، بـۆ شەهیدانی، بۆ ژیانی ئەو ناوچانە، تەنیا هەڵەبجەش نا، هەموو ناوچەكانی تری كوردستان، ئەگەر داوای لـە $5$٪، یان $4$٪ بكەیت، یان لە $15$٪ بكەیت مووچەی خۆشت بۆی دابنێیت، مەجالی ئـەوەی نییـە كـە یـەكێك بڵێ بەڵێ، یەكێكیش بڵێی نەخێر، بەڵام ئەوەیە چ دەكرێتن چ پێویستە بكرێت، بۆیـە لـەم مەوزوعـەدا مـن دڵنیـام لـەوەی حكومـەتی هـەرێمیش، پەرلـەمانیش چیان لـە دەسـت بـێتن دەیكـەن، ئەگـەر كـەموكوڕیش هـەبێتن بەشـێكی زۆری دەگەڕێتـەوە، نـەك بـۆ وەفـای ئێمـەو خـەڵكی هەڵەبجـەو ئەوانـە، بەشـێكی زۆری دەگەڕێتـەوە بـۆ وەزعـی ناكۆكیەكـەی بەسـەر هەڵەبجـەدا هـاتووە، لـە سـاڵانی شـەڕی نـاوخۆ ئـەو ناوچـەیە

کەوتبووە ژێر مەنتیقەیەکە نەدەکرا خزمەتگوزارییەکان بگەنە ئەوێ، ئێستاش ئەو قسانە باشن بۆ ئەوەی ڕەچاوی ئەوە بکەین لە ساڵی 2008دا زیاتر ئیهتیمام بدەین، نەك بە تەنها هەڵەبجە، بەڵکو هەموو ئەو ناوچانەی کە کیمیا باران کراون و وێران کراون و تاکو ئێستا، خاتوو سارە ئەندام پەرلەمان خەڵکی ناوچەی قەلادزێیە دەڵێ قەلادزێ لە بیر مەکە، دڵنیام لەلای ئێوەشەوە کاك ئاریز دەڵێت شێخ وەسان لە بیر مەکە مەسەلەن، خەڵکی گەرمیان دەڵێن ئەنفال لە بیر مەکە، هەموو ئەو ناوچانە ئێمە قەرزاریانین، چەندیشیان بۆ بکرێتن هێشتا کەمەو حکومەتیش زۆر شتی کردووە، بەڵام دەبێت زیاتریش بکرێتن، ئێستا ئەو پێنج مانگە ماوە، ئەگەر لە 5٪ەکەی کەم بکەینەوە، دەبێت یان لە مەعاشات کەم بکەینەوە، یان پرۆژەکان رابگرین لە هەموو شوێنەکاندا، ئەوەش رەنگە ئاسان نەبێتن، لەگەڵ ئەوەشدا ئەگەر حکومەت ئیحتیاتێکی هەبێت، یاخود ئیمکانیاتێکی هەبێت، دەتوانێت میزانیەکی تایبەت دابنێت بۆ هەڵەبجە، حەقە ئەو تەوصیەی پەرلەمان، ئەو داواکاریانەی ئەندامانی پەرلەمان لەبەر چاو بگرن و بیگەیەنت ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەت، بڵێن ئەندامانی پەرلەمان هەر هەموویان بە پەرۆشن بۆ هەڵەبجەو ناوچەکانی تر، چ ئیمکان هەیە، چ فورسەتێك بێتن بڕە پارەیەك لە میزانیەدا رەچاو بکرێتن، کە بۆ پرۆژەیەك، بۆ خزمەتگوزارییەك خزمەت کردنی خەڵکی هەڵەبجەو کەسوکاری قوربانیانی هەڵەبجەو ناوچەکانی تر بکرێتن، من پێم باشە، کاك محەمەد ئەگەر شتێکی زۆر گرنگت نییە، تەنیا تەعلیقە، فەرموو.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی کاك رەشید باسی کرد لەسەر ئەو بڕە پارەی بۆ نەوت و سووتەمەنی حکومەت سەرفی دەکات، ئایا بۆ هاوولاتی دەبێت، مەسەلەن ئێستا لە هەولێر بەرمیلی نەوت بە سی و شەش هەزار دینارە، ئەوەی کەوا بە بایع دەیفرۆشن، بتلێك غاز بە سێ هەزار دینارە، لە کەرکوك و لە مووسڵ بە پێنج سەد دینارە، هی بایع ئەوەی کە حکومەت دەیدات، ئیتر ئەوەی کە لە دەرەوە دێت، هی ئێرانە، هی تورکیایە ئەوە لە بازاڕ تیجاریە لیتری بە هەزار و ئەوەندەیە، ئایا ئێوە بۆ کێ دەکڕن، هەر بۆ حکومەتی دەکڕن، ئەوە یەك پێم خۆش بوو ئەوە زیاد بکرێت.

ئەوەی بەڕێزت ئەو دوو سەد و هەشتا ملیار دینار بۆ عەقارات، من پێشنیارێك دەکەم مادام دەڵێت ئێستا ناکرێت، من پێم وایە هەر دەبێت بکرێت، چونکە دەڵێن هەرێمی کوردستان دەبێت تایبەتمەندی هەبێت لە بەغدا نییە، چۆن دەبێت لێرە هەبێت، ئەی لە بەغدا ئەم مەعاشاتە نییە، لە کاتێکدا ئەم مەسەلەی ئەمنییە هەر ماڵێك دوو سێ پۆلیسی تێدایە، من قەناعەتم نییە هەرگیز ئەوەندەی ئێرە مەعاش خۆری هەبێت لەگەڵ ئەو بارە ناهەموارەی ئەمنی کە لەوێ هەیە، من پێشنیاری ئەوە دەکەم جەنابتان ئەو پارەیەی کە دێتەوە بۆتان با لە صندوقدا بێتن، دووبارەی بکەن، نەچێتەوەو کەس نەزانێ، ئەوە پێم باشە رەچاو بکرێت، ئەوە ببێتە سندوقێك، حکومەت دەعمێکی تری بکات، بەردەوامی دروست بکات لەو حاڵەتە، سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

فەرموو كاك بارزان.

**بەڕێز بارزان عبدالله نصرالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەو ئیجحافەی كە بە مەنتیق دەكرێت، خۆی بودجە وەك كاك دڵشادیش ئیشارەتی پێدا لەسەر ئەساسی دوو بنەما دیاری دەكرا، یەك/ مەنتیقەی جوگرافی, دووەم/ كەرتەكان كە بۆی دیاری دەكرێت، لە ماددەی سێی، دەستووری عێراقدا تەعدیلێك كراوە، كە بەگوێرەی ئەو ماددەیە بودجەی تەنمیەی موحافەزات و ئیقلیم دانراوە، لە زیمنی پارێزگای سلێمانی سەدو شەست ملیار دیناری بەر كەوتووە، دوو تەعدیلی تیا كراوە، دەڵێت ئەو مەنتیقانەی كە بەزۆری زەرەرمەندن بەگوێرەی مەحرومیات، ئەگەر وەزارەتی تەختیت ئیجحاف كرد مەنتیقەیەك بڵێت لەو بودجەی مەجلیسی موحافەزە تەعویز بكرێتەوە، بۆ هەڵەبجەی شەهید پێنج ملیار و شتێك دانراوە، بەگوێرەی ژمارەی دانیشتوان بڵێن پەنجا هەزار كەسی تیا نیشتەجێ بووە، ئەمە ئیجحافێكی زۆر گەورەیە، پەیڕەوی ئەو دوو بنەمایەیان نەكردووە، ئەو دوو تەعدیلە كە لە قانونی موازەنە كراوە بەڕاستی، ئەمە یەك.

دوو/ جەنابت باسی ئیراداتت كرد، كە ئێمە بۆمان هەیە گومرگ لە زیمنی ئیختیصاصاتی موشتەرەكەو ئەمانە، بێ لەگومرگ بەڵێ ئەوانی تر، ئێمە بە گوێرەی قانونی موازەنەی عێراق لە 17٪ بۆ هەرێمی كوردستان دیاری كراوە، بەگوێرەی ئەو قانونەش هەموو ئیراداتێك لە زیمنی موازەنەی فیدراڵیدایە، یەعنی هەر بەگوێرەی ئەو یاسایە ئێمە مولزەمین، كە لە 17٪ەكە بۆ ئێمە دابین كراوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

بەشەكەی كە عیلاقەی بەمنەوە هەیە وەڵامت دەدەمەوە، گومرگ كە دەڵێت ئیرادەكەی فیدراڵییە، لێرەش وەریبگرین لەمیزانیەی 17٪ەكە كەمی دەكەنەوە، بەڵام واریداتی تر كە هی هەرێمە پێی دەزانن، مەلەسەن تۆ پێنج ملیار واریداتت هەیە، پێنج ملیارەكە كەم ناكەنەوە، تەقدیرێك دەكەن، هەرێم بۆ خۆی واریداتێكی هەیە لە رەچاو كردندا مومكینە ملیارێك كەم بكەنەوە، لەبەر ئەوەی تۆ واریداتت هەیە، بەڵام گومرگ تۆمار دەكرێتن بۆ حیسابی فیدراڵ لە لای خۆشمان لە 17٪ەكە كەم دەكرێتەوە بۆمان، ئەگەر وەڵامت هەبێتن، كاك دڵشاد فەرموو.

**بەڕێز دڵشاد عثمان/بریكاری وەزارەتی دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

دوێنێش باسمان كردساڵی 2004 و 2005 و 2006 لە قانونی موازەنەی عێراقدا لێیان تێك چوو بوو، بەس نووسیوویانە كەشفێك دەدرێت بە حكومەتی فیدراڵ، بەڵام ساڵی 2007 لە قانونی موازەنە پابەندیان كردووین بەم ماددەیەوە، كە دەڵێت (یقدم اقلیم كوردستان تقدیراً لایراداتها المتوقعة خلال سنة

2007 وكشف بالايرادات المتحققة للسنوات 2004 و 2005 و 2006 من كافة المصادر وتقيد كافة ايراداته الى حساب الموازنة الفيدرالية)، هیچی تر نییه.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە هەڵەیەکی گەورەیە، غەدرێکی گەورەشە لە هەرێم کراوە، دژی دەستووریشە بەڕاستی، یەعنی لەگەڵ دەستووریش ناگونجێتن، هەڵەیەکی گەورەیە حەقی ئەوەشمان هەیە ڕەتی بکەینەوە، حەقی ئەوەی هەیە ئێمە پێیان بڵێین ئەوە غەدرێکی گەورەیە لە هەرێم کراوە، بەپێی دەستوور غەیری گومرگ داخیلی نابێت.

**بەڕێز دڵشاد عثمان/بریکاری وەزارەتی دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە دەستووردا باسی گومرگیش نەکراوە، ماددەی (110) دەڵێت سوڵتاتی حەسری ئیتیحادی، ئەویش دەڵێت هەرچی ئیراداتی لە سوڵتاتی حەسری ئیتیحادی هەیە هی ئێمەیە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک شێخ بایز وەزیری هەرێم.

**بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی/ وەزیری هەرێم بۆ کاروباری دارایی و ئابووریی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەتی سووتەمەنیەوە دیارە باس دەکرێت، من دەمەوێت تەوزیحێك بدەم، ئەو سووتەمەنیەی کە ئێستا ئێمە لە هەولێر و سلێمانی و دهۆك تەوزیعی دەکەین، هەمووی مەدعومە، مەدعومە بە پارەیەکی یەکجار زۆر، ئێمە ئەمساڵ هێناومانە لە دەرەوەی وڵات، لە دەرەوەی هەرێمی کوردستان، چونکە ئەو سووتەمەنیەی کە ئێستا لە مەسفای بێجیەوە، ئەوەی کە گەیشتۆتە دەست ئێمە زۆر زۆر کەمە بەشی هیچی نەکردووە، ئێمە هەموومان لە دەرەوە هێناوە، بەهەمان نرخ داومانە بە هاووڵاتی و دوو جاریشمان تەوزیع کردووە، هەردوو جارەکەش دەتوانم بڵێم دە بە قەدەر ئەو پارەیەی کە ئێستا پێی دەدەینە هاووڵاتی مەدعومە، مەوزوعێکی تر هەیە حەز دەکەم باس بکەم، دائیمەن باسی 17٪ەکە دەکرێت، باسی ئەوەش دەکرێت ئێمە ئەوەی سیادی و حاکمی لێ تەرح دەکرێت، ئەو 17٪ەیە بەو شێوەیە نییە کە دەگاتە دەستی ئێمە، لە ساڵی 2004دا لە 14٪ بۆ ئێمە هاتووە، لە ساڵی 2005 لە 11٪ هاتووە، لە ساڵی 2006دا لە 9٪ گەیشتووە، لە ساڵی 2007 لە 12٪ دێت بۆ ئێمە، سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کوێستان خان.

**بەڕێز کوێستان محمد عبداللە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من ئەو پرسیارەم لەلا هین بوو بۆ لە 17٪ بووە لە 12٪ و 11٪و 9٪، یەعنی لەبەر چی ئەمە، یەك هینی تریشم هەیە هەر حەز دەکەم تەوزیحێکی لەسەر بدەم، کاك ڕەشید باسی ئەوەی کرد کە زۆری ئەو

تەعینانە پێش راپەڕین کراو دەستی رژێم و ئەوانە بوونە، بەڵام هەمووومان زۆر باش دەزانین ئـەو تەعینـە دوای راپەڕین کراوە، لە پێشی راپەڕین بە سەدان خـەریجی کولیـە تـەعین نـەبوون، مـن بـۆ خـۆم خـەریجی کولیەم ساڵی 1988 لە ساڵی 1992 تەعین بووم، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك کەریم فەرموو.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی ئەوەی تێ گەیشتم لە وەڵامی حکومەت، ئەوەی لـە برگـەی دوو مـاددەی یەکـەمی یاسـای بودجـەدا هاتووە، سەبارەت بە نەفەقاتی تەشغیلی من وا تێگەیشتم نەفـەقاتی تەشـغیلی واتـا مووچـەو خەرجیـەکانی خەدەمات و لەگەڵ خەرجیەکانی حکومەت، بەڵام حکومەت وای روون کردەوە کە ئەوە هەمووی بۆ مووچە تەرخان کراوە، ئەگەر بـۆ بودجـە تـەرخان کـراوە ئـەوە لـە 75٪ەکـە بەڕاسـتی پـێم وایـە موبالغـەی تێدایـە مەبلەغەکەش یەکجار زۆرە، ئەگەر لێکی بدەینەوە هەر ترلیۆنێك بکات ملیۆن ملیۆن دینار، یـەعنی ئەگـەر یەك ملیۆن فەرمانبەرمان هەبێت دەکاتە یـەك ترلیـۆن، مـن پـێم وایـە ئـەوە پێـنج ترلیـۆن و پێـنج سـەد ملیارە، یەعنی زیاتر لەوە نازانم ئەوە چیە پێم خۆشە ئەوە روون بکرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك ئاخیر جەمال فەرموو.

**بەڕێز اخر جمال انور:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مـن ئـەو پرسـیارە لـە بـەڕێز وەزیـری دارایـی و بـەڕێزان بەڕێوەبـەری گشـتی و وەکیلـی وەزیـر دەکـەم، ئایـا واریـداتی عێـراق بـە زەریبـەو هـەموو واریداتەکـە دێتـە نـاو خەزێنـەی عێـراق، ئێمـەش لـە 17٪ لـەوەی وەردەگرین، یەعنی لە 17٪ لە هەموو واریداتی عێراق وەردەگرین، ئەگەر وا بێت ئەمە مانای وایە شتێکە، ئەگەر واش نەبێت شتێکی ترە، مەوزوعێکی تریش هەیـە زۆر باسـی مەعاشـەکان دەکـەین، بەڕاسـتی ئێسـتا ژیانی هەموو خەڵکی کوردستان لەسەر مەعاشە، یەعنی دەبێت تەقدیری مەعاش وەرگرتنی ئـەو خەڵکـەش بکەین، ماڵ هەیە سێ کەس و چوار کەسی مەعاش وەردەگرێت، وا دەزانن لێرە کـە باسـی مـەعاش دەکرێـت پارە نییەو، بەپێچەوانەوە مەعاش پارەی راستەوخۆیە دەچێتەوە ناو گیرفانی خەڵکەکەو، بۆ ئەوەی ئـەمڕۆ خەڵکەکە لەو گرانیە پێی بژیت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هەر بۆ ئاگاداری کاك ئاخیر، ئێمە ئیجازەمان داوەتە کاك رەشید و کاك دڵشاد، بەڵام پرسیار نابێت تەوجیهی ئەوان بکەیت، پرسیار دەبێت تەوجیهی وەزیر بکەیت، بۆ برادەرانمە بۆ داهاتوو، پرسیار دائیمەن تەوجیهی وەزیر دەکرێتن، بەڵام تایبەتمەندی کارەکە، ئێمە ئیجازەمان داوەتە وان لە جیاتی وەزیر قسە بکەن، کاك رەشید ئەگەر وەڵامی ئەوانە بدەیتەوە.

**بەڕێز رشید طاهر/ بەڕێوەبەری گشتی وەزارەتی دارایی و ئابووریی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەربارەی پرسیاری خوشکە سۆزان دەڵێتن نەفەقاتی سیادی، تەبعەن نەفەقاتی سیادی تەحدید دەکرێت لە لای وان لە مەبلەغی ئیجمالی تەرح دەکرێت، ئەوەی ماوە دەبێتە دوو بەش، بەشێك پێی دەڵێن نەفەقاتی حاکیمەیە کە حیصەی کوردستانی تیایە، ئەو پارانەش دیسان لە نەفەقاتی حاکیمە تەسلیمی حکومەتی هەرێمی کوردستان ناکرێت، بەڵکو لە بەغدایە، نەفەقاتی حەج لە وەزارەتی ئەوقاف بەغدایە، هی دەرمان لە وەزارەتی تەندروستی بەغدایە، هی زراعە لە وەزارەتی زراعەیە، هی کارەبا لە وەزارەتی کارەبایە، ئەو نەفەقاتەی کە حیصەی هەرێمی کوردستان لە 17٪یە نەفەقاتی حاکیمەیە لە بەغدایە، بەپێی دەستوور حکومەتی هەرێم بۆی نییە هیچ ئیتیفاقێکی دوەلی بکات، ئەگەر بچێت ئیتفاقێکی کارەباش بکات، دەبێت وەزیرێکی ئێمە وەزیری مەرکەز بێت بچێت ئیتیفاقی بکات، ئەو پارانەی کە لە بەغداوە هەتا بیتاقەی مەوادی غیزائی، کە حیصەمان لەوێیە ئەوانە دەکرن و دەیهێنن و دەیبەن، ئەوەی نەگەیشت پارەکەمان لە کۆتایی ساڵ ساقیت دەبێتن، کە ئەوەی دەمێنێت کە شێخ بایز باسی کرد ساڵ بە ساڵ فەرق دەبێتن لە 12٪یەو 14٪یەو 9٪یە، یەعنی نەفەقاتی تەشغیلی قەصدی میزانیەی جارییە، یەعنی مووچەو فەسەلەکانی دی، سلعەیەو خەدەماتەو صیانەیەو موجوداتە، ئەوانە هەمووی لە نەفەقاتی هی تەشغیلیە، کاك ئاخیر باسی کرد تەبیعی حکومەتی عێراق راستە رێژەی لە 93٪و 94٪ واریداتی نەوتە، باقیەکەی تر زەریبەیەو مینحەیەو ئەوانەی لە عێراقدا کۆ دەبێتەوەو دەچێتە میزانیەی عام بەپێی ئیش و کار تەقدیری میزانیە دەکەن دەڵێن ئەوە داهاتی ئێمەیەو، داهاتی ئێمەش لە زیمنی ئەو مەبلەغەیە کە حیسابی دەکەن، دوێنێش باسمان کرد مانگانانە داهاتی خۆمان جەداولی تەفسیلی لە مەسروفات و ئیراداتی خۆمان پێی دەڵێن میزانی موراجەعە بۆیان رەوان دەکەین، ئەگەر تەمویلی مانگی هەشت ناکەن، تەمویلی مانگی حەوت رەوان دەکەن، سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، کاك فرسەتیش پرسیارێکی هەیە لە وەزیری دارایی و ئابووری فەرموو.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سوپاس، من موداخەلەیەکم هەیەو تەحەفوزێکم هەیە لەسەر قسەی وەزیری مالییە، مەوزوعی نەفەقاتی حاکیمە، وەکو دەڵێی نەفەقاتی حاکیمە بەگوێرەی دەستوور تابعی حکومەتی ئیتیحادییە، من تەحەفوزم

لەسەر ئەو قسەیە هەیە، مەوزوعی صناعەو زراعە عەدا وەرقەی بیتاقەی تەمویلی، راستە، مەوزوعی صناعەو زراعە زیمنی سەلاحیاتی حەسری نییە، دوو/ دەستوورییەن ئێمە ناتوانین ئیتیفاق لەگەڵ دەوڵەتێك بكەین، بەس نەكو ئەوە مەمنوعە لەسەر ئێمە ئیتیفاق لەگەڵ شەریكەیەكی ئەجنەبی بكەین، بۆ حكومەتی ئیتیحادی بێت پارەی دەعمی دەرمان و زراعەت لە ئێمە، لەو وەختیش پرسیارێكم لە وەزیری تەندروستی كرد لە كاك جەمال پرسیاری ئەوەم كرد عەجەبەن موقابیلی ئەو نەفەقاتی حاكیمەی وەزارەتی تەندروستی شتێك بۆ ئێمە دێتن، گوتی نایەتن، بە مەعلوماتیشم خەڵكێكی ئێمە لە دهۆك و هەولێر زۆر جار دەچوونە مووسڵ خەدەماتی زراعییە، یان مەوادی زراعییان دەكڕی لە وەختێكدا جووتیاری مووسڵ بەلاش وەریدەگرت، بەناوی ئەوەی حكومەتی ئیتیحادی دەعمی كشتوكاڵ و تەندروستی دەكات، بە رەئی من لە دەستوور تەبعەن شتێكی وا نەهاتووە، وەكو نەفەقاتی حاكمە، بەنیسبەی تەندروستی و زراعە تابعی حكومەتی ئیتیحادییە، ئەگەر بێتو موقاولێك لێرە، یان قاچاغچیەك لێرە بتوانێت دەرمان و شتی كشتوكاڵ لە دەرەوە بێنێتن، بۆ ئێمە وەك حكومەت ناتوانین ئەو شتانە بێنین، راستە لەگەڵ ئیتیفاقیاتی ئێمە، لەگەڵ حكومەتی ئەجنەبی مەفروزە بە موافەقەی حكومەتی فیدراڵی بێت، ئەوە راستە مەبدەئێكی دەستوورییە، بەلام ئێمە دەتوانین لەگەڵ شەریكاتی ئەجنەبی ئیتیفاق بكەین بەبێ موافەقەی حكومەتی ئیتیحادی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

پێم وایە زۆر موناقەشە كرا، ئەگەر شتێكی وا تایبەت نەبێتن داوا دەكەم ماددەكە، ئەگەر لیژنەی دارایی چ قسەیەكی نەبێتن دوایی دەیخەمە دەنگدانەوە، قسەیەكتان هەیە فەرموو.

**بەڕێز د.دلێر اسماعیل حقی شاوەیس:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەڕاستی ئەو خوشك و برا بەڕێزانە زۆر بیرو بۆچوون و پێشنیازی چاك و بەسوودیان پێشكەش كرد، بەشێك لەوانە لە راپۆرتەكەی ئێمە هاتووە، من تكا دەكەم لە ئایندەدا ئەو لیژنانەی كە كار دەكەن بەدواداچوونمان هەبێت بۆ ئەو بیرو بۆچوونانە، هەوڵ بدەین لیژنەكان كارا بكەین، بەشێك لەو پێشنیازانە بكرێت بە راپۆرت و بدرێت بە لیژنەی دارایی و ئابووری، بۆ ئەوەی بتوانێت لە كەناڵەكانی خۆیەوە، هەر لیژنەیەكیش لە كەناڵەكانی خۆییەوە كار بۆ ئەوە بكەین لەگەڵ حكومەتی هەرێمی كوردستاندا بكەین، بۆ ئەوەی بەشێك لەو كێشە ئابووری و كۆمەڵایەتیانە چارەسەر بكەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەو ماددەیە بخوێنەوە كاك شێروان، بۆ ئەوەی بیخەمە دەنگدانەوە، یەعنی پێشنیاری لیژنەی یاسایی و لیژنەی دارایی بە یەكەوە ئیتیفاقتان كردووە.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە ماددەی یەکەم ئەمە پێشنیارەکانمانە، پێشنیار دەکەین کە لە ماددەی یەکەم بڕگەیەك زیاد بکرێت، بۆ خەرجیەکانی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان، بەم شێوەیەی خوارەوە کە دەبێتە بڕگەی سێیەم (چل و سێ ملیار و هەشت سەدو حەفتا ملیۆن دینار بۆ خەرجیەکانی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان، ئەوەی کە تێبینی دەکرێت بە زیاد کردنی ئەو بڕە پارەیە لە بڕگە سێ لە حکومەتەوە بۆ پەرلەمان، بڕگە دوو گۆڕانکاری بەسەردا دێت بڕەکەی دەکاتە پێنج تریلۆن و پێنج سەد و هەشت ملیار و دوو سەدو هەشتاو حەوت ملیۆن دینار، لەگەڵ ڕێزماندا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو پێشنیارە خۆی دەبوایە لە ئەساسەوە تێیدا بێتن، لەبەر ئەوە ماددەکە لەگەڵ پێشنیارەکە هەردووکی دەخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بە زۆینەی دەنگ وەرگیرا، تکایە ماددەکەی تر.

**بەڕێز طارق محمد سعید جامباز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی دووەم: داهاتی بودجەی ساڵی دارایی 2007 لە گوژمەی (181178000000) ملیۆن دینار، تەنها سەدو هەشتاو یەك ملیارو سەدو حەفتاو هەشت ملیۆن دینار دەخەمڵێندرێ.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەردوو لیژنە پێشنیار دەکەین بڕگەیەك لە مادده دوو زیاد بکرێت، واتا ئەسڵی مادده ببێتە بڕگە یەك، بڕگەی دووەمی بەم شێوەیەی خوارەوە بێت بە عەرەبیەکەی:

(تقدر ایرادات  موازنة حکومة اقلیم کوردستان للسنة المالیة 2007 من اجمالي نفقات الموازنة الفدرالیة (5982356) خمسة ترلیون و تسعمائة واثنان وثمانون ملیاراً وثلاثمائة وستة وخمسون ملیون دینار).

کوردیەکەشی بەم شێوەیە:

(داهاتی بودجەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی دارایی 2007 تێکڕای خەرجیەکانی بودجەی فیدراڵی بە (5982356) بە پێنج ترلیۆن و نۆ سەدو هەشتاو دوو ملیار سێ سەدو پەنجاو شەش ملیۆن دەخەمڵێندرێ.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك شێروان تۆزێك شەرحی بکەن.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت مادده دوو تەبعەن ئەو فەقەرەی تێدا نەبوو بەڕاستی، پاش ئەوەی کە لەگەڵ نوێنەرانی حکومەت و لیژنەی مالی دانیشتین، ئەو ماددەیە تازە دامانڕێشتەوە، بەم شێوەیە دەبێت، واتا ماددەی دوو جێگەکەی ئەو مادده دەیگرێتەوە کە خوێندمەوە بە کوردی و عەرەبیەکە، نەك دەبێتە بڕگەیەکی زیاد.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وەزارەتی دارایی موتەفیقە لەگەڵ لیژنەی یاسایی و دارایی، کاك ڕەشید فەرموو.

**بەڕێز رشید طاهر/ بەڕێوەبەری گشتی وەزارەتی دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تەبیعی ئێمە موتەفیقین لەسەر ئەو پێشنیارە، کە داهاتی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ئیجمالی نەفەقاتی موازەنەی عێراق، کە (5982356) دینار.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کەس قسەی هەیە لەسەر ئەو ماددەیە، فەرموو کاك بارزان.

**بەڕێز بارزان عبدالله نصرالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مادام ئیرادات سەر بە موازەنەی فیدراڵییە، من ئەو ماددەی بە زیادە دەزانم و پێشنیار دەکەم ئەو ماددەیە ئەسڵەن لابرێت، ئەگەر سەر بە موازەنەی فیدراڵی بێت، پێویست ناکات ئێمە بە یاسا دەریبکەین.

دوو/ وەك تەوزیحێك لە مادده بیستی قانونی موازەنەی عێراق، حکومەتی هەرێم مولزەم کراوە کەشفی ئیرادات بکات، من پرسیار لە لیژنەی یاسایی دەکەم، ئایا یاسا بە ئەسەری ڕەجعی کاری پێ دەکرێت؟

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەنیسبەت ئەو ماددەیە من وەڵامی دەدەمەوە، یەکەم/ دەبێت تێدا بێتن، ئەو ماددەیە حەتمییە دەبێت لێکیان بکرێتن، ئەویتریش خۆمان ڕەخنەمان گرت، دوێنێ باسمان کرد گوتمان هەڵەیەك بووە، ئێمە ڕەخنە لەو بڕیارە دەگرین، کە بە ئەسەری ڕەجعی بووە، جگە لەوەش بە تەنیا دەبوایە گومرگی سنوورەکان بگرێتەوە، ئەوە لێرە باج و رسومیش دەگرێتەوە، بەپێی دەستوور حەقی هەرێم خۆیەتی، ئەو ڕەخنەیەمان گرت نازانم چۆن عیلاج دەکرێت، کاك عوسمان فەرموو.

**بەڕێز عثمان احمد حمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی دوو زۆر زەرورە، چونکە بۆ بەرچاو روونی بودجەی ساڵی 2007 (181178000000) ملیۆن دەخەڵمێندرێ، ئەو تەخمینە بۆ بەرچاو روونی شتێکی زۆر باشە، بەڵام پرسیار لێرە لە جەنابی وەزیری

هەرێم بۆ کاروباری دارایی و ئابووری دەکەم ئەوەیە کە وادەزانم بۆ زیاتر بەرچاو روونیمان جێی خۆیەتی، کە داهاتی ساڵی 2006 یەعنی بەلایەنی کەمەوە، چونکە بەڕاستی ئەوە یەکەمین جارە بودجە دێتە پەرلەمان، ساڵی رابردوو بودجەی هەرێم مەسەلەن وەزارەت، وەزارەت، یەعنی داهاتی وەزارەتەکان بخوێندرێتەوە، بۆ ئەوەی زیاتر ئەندامانی پەرلەمان بەرچاو روون بن، داهاتی ساڵی 2006مان چەند بووە، کە لە کاتێکدا ئەوەی بەغدامان لە 9٪ بووە، ساڵی 2007 کە ئەو تەخمینەی کراوە لە 12٪مان هەیە، یەعنی بەرچاو روونیەکمان دەبێت، داهاتمان زیادی کردووە، یان کەمی کردووە لە چاو پار، لە کاتێکدا لە 12٪شمان هەیە ئەمساڵ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوەش لە جیاتی کاک شێخ وەڵامت دەدەمەوە، بەو ئیعتیبارەی خۆم وەزیری مالیە بوومە، شارەزاشم لە هینەکاندا، ئەوەلەن لەو قانونەدا قانونی میزانیەی 2007ە، ناکرێت دواجار شتێکی تێ بخرێت، ئەوە یەك، دەکرێت رۆژێك وەزیری دارایی و ئابووری بانگ بکەین، بۆ پرسیار و ئەوانە لە زیمنی ئەوانەش داوای لێی بکەین پێشتر کە شتێکمان بداتێ، جگە لەوەش تەفسیلێکمان بداتێ، بودجەی 2006 تا مانگی پێنجیشی دوو وەزارەت بووە، دوو میزانیەش بووە، تا کۆتایی ساڵیش هەروا رۆیشتووین لەسەر هینەکاندا، لەبەر ئەوەی دوو حکومەت هەبووە، دوو وەزارەتی مالیە هەبووە تا کۆتایی ساڵیش، ئینجا لەبەر ئەوە لێرە جێی نابێتەوە، بەداخەوە، کاک سەعەددین فەرموو.

**بەڕێز ملا سعدالدین عبدالله مولود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

جەنابت باسی ئەوەت کرد گوتت لە هیچ قانونێکدا نەهاتووە، کە تەفاسیل لە قانون هاتبێت، یەعنی کە قانونەکە دێت تەفاسیل هاتبێت، ئەگەر تەماشای موازەنەی عێراقی بکەین دائیمەن لە پاش ئەوەی کە سەرددی ئیراداتی ئەوەلی هێناوە، دوایێ نەفەقاتی هێناوە، دوایێ ئیختیصاصاتی ئیزافی هێناوە، کە ئیختیصاصاتی ئیزافی باسی کەرکوك و باسی هەڵەبجە دەکرێت، لە ئیرادات دەڵێت (حسب ما يبين في جدول أ- الملحق بهذا القانون) ئەوە نوقتەیەك.

نوقتەی دووەم/ باسی ئەوە دەکات کە کاك دڵشادیش دوێنێ باسی کرد لە ماددەی (106) لە دەستووری عێراقی، ئەگەر ئەو هەیئە عولیایە هەبوایە، دەڵێت (ومراقبە وتخصيص الاتحاديه)، کە عائیدات بگەڕێتەوە ئەو هەیئەیە، ئەوها بەو شکلەی ناکرێتن، باسی ئەوەشی کرد دەڵێت لە سەلاحیاتی حەسری بەس گومرگ هاتووە، شتی خەدەمی تر نەهاتووە لە سەلاحیاتی سوڵتاتی ئیتیحادی بەس تەنیا باسی گومرگ دەکاتن، باسی شتی تر ناکات و لەگەڵ رێزمدا.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك دڵشاد وەڵامی بدەنەوە.

**بەڕێز دڵشاد عثمان/بریكاری وەزارەتی دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت كاك سەعدەدینەوە باسی ئەوەی كرد، كە دەڵێت لە ئیرادات ئەوە نووسراوە بەپێی خشتەی هاوبەش، ئێمە لە دوێنێوە ئاگادارمان كردنەوە گوتمان چەند جارێك تاكە داهاتێك، تاكە سەرچاوەی داهاتی حكومەتی هەرێمی كوردستان، ئەو پارەیەی كە لە عێراقدا بۆمان دەهات هین دەكرێت، ئەوەش دەسەڵاتی ئێمە نییە، ئیقتیصادی ئێمە ئێستا چۆتە قورگی حكومەتی عێراقیەوە، هەر مانگێك مووچەمان نەداتێ هیچ داهاتێكمان نییە، با كوردیەكەی بڵێین ئەوە واقیعە، تەعەدودی داهاتمان نییە، بڵێم ئەوە زەریبەیە و گومرگ و مەشاریع بوو، هیچ شتێكی ترمان نییە، ئەوە كبریت و ئەوە نەوت و ئێمە تاكە سەرچاوەی داهات لە 17٪ لە مەجموعی نەفەقەی عێراق وەردەگرین دوای دەركردنی نەفەقاتی سیادی و حاكمی، لەبەر ئەوە چ جدوەلێكت پێ بڵێم، كە شتێك یەك مادده تەحلیلی ناوێت عادەتەن، دەڵێین داهاتی ئێمە ئەوەیە، ئەو هەیئەی موراقەبەش جەنابت وازیح بوو لەلات، كە دەڵێت (تخصیص الواریدات) ناڵێت دانانی موازەنە، بەڵێ موراقەبە و تەخصیص، بەس واریدات تا ئێستاش ئێمە لەسەر واریدات نەڕۆیشتووین، لەبەر ئەوە پێویستمان بەو ماددەیە نەبووە لەسەر نەفەقات ڕۆیشتووین، خەرجی عێراق چەند بووە لە 17٪مان لێ وەرگرتووە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك تارق فەرموو.

**بەڕێز طارق محمد سعید جامباز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

یەك دوو ئەندام پەرلەمان باسی ئەوەیان كرد، كە بۆ یەكەم جارە یاسای بودجەی هەرێمی كوردستان موناقەشە دەكرێت، نەخێر چەندەها جاری تر موناقەشە كراوەو لەناو هۆڵی پەرلەمان دانیشتنی تایبەتی بۆ دانراوە، هەر گوتم بیزانن بۆ روون كردنەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك تارق، مەقصەدیان ئەوە بوو پاشی رووخانی رژێم بۆ یەكەم جارە لە پەرلەمان دەكرێت، ئێمە وەكو دوێنێ ئاماژەمان پێ كرد لە ساڵی 1992 و 1993و 1994 میزانە موناقەشە كراوە، فەرموو كاك شێخەڵلا.

**بەڕێز شێخ الله ابراهیم شێخ الله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەو بەڕێزانە باس لەوەی دەکەن، کە داهاتی کوردستان تـەنها گومرگـە ئـەوەی لـە عێـراق وەردەگیرێـت، مـن پرسیارم هەیە لە جەنابیان، ئەو وەزارەتانەی وەکو صناعە، وەکو کارەبا، وەکو تەندروستی، عەدل، زەریبەی عەقار بۆ کوێ دەچێت، زەریبەی دەخل بۆ کوێ دەچێت، کە پارەی خەیاڵی لێ وەردەگیرێت، ئەو مەوادانـەی وەزارەتی زراعە وەریدەگرێت لـە حکومـەتی عێـراق بـە هـەمان پـارە دەیفرۆشێتـەوە فـەلاحان، ئـەوە کێـوە دەچێت، بۆ دەست نیشان ناکرێت، یەعنی ئێستا بڕۆ ببینە ئەو ترەکتەرو دەڕاسـە ئەگـەر وەربگیرێـت، هـەتا موبیدات بەپارە دەفرۆشنە فەلاحان، ئەو گازوایل و نەوتـەی باسـی دەکـەن بـە پـارە ئەوەنـدە پارەمـان داوە، هەمووی بە پـارە دەفرۆشـێتەوە، ئـەی ئـەو پارەیـە چـی لـێ دێـت، ئـەوە نابێتـە ئـیرادات بـۆ حکومـەت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك عادل فەرموو.

**بەڕێز عادل محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەمان پرسیاری کاك شێخم هەبوو، حەز دەکەم وەلاَممان بدەنەوە، ئەو داهاتە بۆ کوێ دەڕوات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕاستی پرسیارەکە بە جێییە، وەلاَمیان بدەنەوە فەرموون.

**بەڕێز دڵشاد عثمان/بریکاری وەزارەتی دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە باسی داهاتمان کرد، داهات بەپێی ئەو قانونەی کە ئێستا موازەنەی ساڵی 2007ە هەمووی دەچێت بۆ بەغدا بە موتڵەقی باسی هیچ شتێکی تری نەکردووە، لەبەر ئەوە دەبێت هەمووی بە جدوەل مانگانـە پێـی دەڵـێن حیسـابی داخـراو، دەچـێتە حیسـابی داخـراو لـە وەزارەتـی مالیـە، حیسـابی داخـراو مانـای ئەوەیـە دەتوانیت پارەی تیا دانێیت، بەلاَم ناتوانیت پـارەی لـێ وەربگیرێتـەوە، مانگانـە ئاگـاداری حکومـەتی فیـدراڵ دەکرێت، دەڵێین داهاتمان ئەوەندەیە، یان لێمان دەبڕن لە تەمویلەکە، یان دەڵێین پارەکەمان بۆ بنێرن، ئەمە کوردیەکەیەتی، لەبەر ئەوە هەر جۆرە داهاتێك بێت، مەسەلەی ئەو نەوت و گازەی کە باس دەکرێت، ئـەو نـەوت و گـازە بـەرمیلێك نـەوت لـە تاجیکسـتان و لـە دوەلـی قـەوقازەوە بـە دوو سـەدو پـازدە هـەزار دینـار دەکرێت، دەفرۆشێتەوە بە هاووڵاتیان بە سی و پێنج هەزار دینار، ئەو مۆلیدانەی کە هەمووی ئیش دەکات بە سیعری مەدعوم دەیاندرێتێ، لیترێك گاز هەشـت سـەد و پـەنجا دینـارە لەسـەر حکومـەت کـە ئیسـتیرادی دەکەین، دەیدرێتەوە بە سێ سەد و شەست دینار بە خاوەن مۆلیدە، لێی دەربکە فەرقەکەی هەمووی دەبێت بە دەعم، حکومەت زەرەری کردووە، نەك داهات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خۆ ئەوە موناقەشاتی لابەلاییە، پرسیارێك هەبوو وەلاَم درایەوە، کاك کەرخی فەرموو.

**بەڕێز كرخى نجم الدين نورالدين:**

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن.**

من یەك پرسیارم هەیە بەڕاستی، ئەویش ئێمە باسی ئەو شتانە دەكەین، ئەو داهاتانە كە لە بەغدا دێتن، ئێستا لە 17٪ەكەیەو، ئەو شتانەی لێ كەم دەكرێتەوەو بەشێكی لێ دێتەوە، باشە پێشی رووخانی رژێم، ئایا ئەو هەموو پارەیە لە كوێ دەهات، ئەو هەموو مەعاشانە دەدرا، یەعنی پێشتریش ئەو مەعاشانە دەدرا، دیارە داهاتێك هەبووە، ئەگەر ئەو داهاتە ئێستا بۆمان كەشف نەكرێت، بەڕاستی زەحمەتە ئەو مەوزوعە حەل ببێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن:**

پێشی رووخانی رژێم مەشاریعێك نەبوو حكومەت جێ بەجێی بكات، ئیلا مەشاریعی زۆر كەم، مەعاشاتیش یەكجار زۆر كەم بوو، یەعنی نەیدە كردە لە 5٪ی میزانیەی ئێستا، پرۆژەكانی تریش دوێنێ باسم كرد كە دەكرا، ئاوەڕۆ، تەندروستی، كشتوكاڵ، هەمووی لە رێگای بەرنامەی 986 بوو لە 13٪مان هەبوو لە داهاتی بەرنامەی 986 لە رێگای نەتەوە یەكگرتووەكانەوە بە هاوكاری ئێمە تەنیا ئەوەندە بوو پرۆژەكانمان بۆ دەبردن، وەزارەتەكانی خزمەتگوزاری، شارەوانی، تەندروستی، كشتوكاڵ پێداویستیەكانیان دەهێنا بۆ ئەنجومەنی وەزیران، ئەنجومەنی وەزیران تاوتۆی لەسەر دەكرد نیسبەكەی لە 13٪ەكەی دەزانی لەگەڵ یوئێن رێكخراوی یوئێن لە بەغداوە دەهاتن لەگەڵ ئەو دادەنیشتین رێك دەكەوتین و كەم و زیادمان دەكرد، موناقەلەمان دەكرد لەو پرۆژەیە بۆ ئەو پرۆژەیە، ئەو پرۆژانەی كە ئەنجام دراون لە (80٪ی تا 90٪)ی لە رێگای 986 بووە، مەعاشاتەكانیش لە كوێ پێك هاتبوون لە داهاتی گومرگی جۆرواجۆر، باجی دەرامەت، هەندێك مەسائیل وەكو چیمەنتۆ و تاسلوجەو ئەوانە داهاتی هەبوو، ئەویش مەعاش كە دەستمان پێ دەكرد بیدەین لە یەكی مانگەوە دەستمان پێ دەكرد (25)ی مانگ تەواو دەبوو، رۆژانە داهات دەهات وەزارەتێكمان دەدا، یان نیو وەزارەتمان دەدا، ئەوا دەڕۆیشت، بەڵام ئێستاكە وەزع یەكجار فەرقی هەیە، كاك ئارێز قسەیەكت هەبوو فەرمو.

**بەڕێز ئارێز عبدالله احمد:**

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن.**

زۆر جاری وا هەیە ئێمە ناوی خۆمان نانووسین، ئەو كاتە پرسیارمان نییە، بەڵام دوایێ لە ئەنجامی گفتوگۆ میسال دێتە پێش، لەبەر ئەوە من داواكارم لە جەنابتان رێگەمان بدەن دوای ناو نووسینیش ناوی خۆمان بنووسین و موناقەشە بكەین، ئەوە یەك.

دوو/ بەڕاستیەكەی وەڵامەكەی كاك دڵشاد، یان من تێ نەگەیشتم، یان گوێم لێ نەبوو، پرسیارێكە روون و ئاشكرایە، كاك عادل و كاك شێخەڵلا دەڵێن داهاتەكانی تر، یەعنی ئێستا باسمان كرد تەنها گومرگەكان بۆیان هەیە عێراقی پێ ئاگادار بكرێتەوە، باجی دەرامەت و باجی عەقار و باجی خانووبەرەو سەدان داهاتمان هەیە، یەكێك لە لایەنە باشەكانی موصادەقە كردن لەسەر بودجەی هەرێمی كوردستان، وەكو

خۆشت باست كرد شەفافیەتە بەرچاو روونییە، بەڕاستی من بەرچاو روونی نابینم لەو مەسەلەیە، بە وەڵامەكانی ئەو برادەرانە دڵم ئاو ناخواتەوە، لەبەر ئەوە داواكارم ئەو مەسەلەیە روونتر بكرێتەوە، داهاتەكان زۆر زۆرن بە مەلایین دۆلارە، ئەو مەلایین دۆلارە چی لێ دێت، بۆ ئەو كوردستانە سەرف دەكرێت، رەوانەی دەرێ ناكرێت، باشە با بیزانین چۆن سەرف دەكرێت، لەگەڵ رێزمدا.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك شێخ بایز قسەت هەیە فەرموو.

**بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی/ وەزیری هەرێم بۆ كاروباری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەڕاستی داهات مەعلومە، ئێستا لەمەودوا ئێوەی پەرلەمانی بەڕێز فەرموون تەماشای داهاتەكان بكەن، بزانن ئەو مەلاییانانەی كە ئێستاكە ئێوە باسی دەكەن چەندی ماوە، ئەو گومرگەی كە ئێوە جەنابت وەزیری مالیە بووی و منیش پاش تۆ بوومە وەزیری مالیە، ئەو گومرگەی بڵێم لە وەختی مندا وەردەگیرا ئێستا لە 2٪ی ئەو گومرگە وەرناگیرێت، هەمووی بە رسومات دەڕوات، زۆریشم پێ خۆشە لیژنەیەكی پەرلەمانی تەشریف بفەرموون بێن تەماشای داهاتەكان بكەن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، مادام پێشنیارەكە لە جەنابتەوە هات، من پشتگیریت لێ دەكەم، لیژنەی دارایی و ئابووری لە پەرلەمان سەردانی بكاتن، بۆ ئەوەی ئەو راستیە بزانێتن، كاك شێردڵ نوقتەی نیزامت هەیە فەرموو.

**بەڕێز شێردڵ عبدالله حەوێزی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

دوێنێ چەندین جار جەنابی وەزیر گوتی ئێمە راپۆرتێكمان نووسیووە، دەمانەوێت بیخوێنینەوە، ئەو كاتە پرسیارەكانتان كەمتر دەبێتەوە، رێتان نەدا، مومكین بوو بخوێندرا بوایە زۆر شتی كەمتر دەكردەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

نوقتەی نیزام نییە، بەلام دەبوایە وەلامەكەی دوێنێ بدەمەوە، داوای نەكرد و پێی نەوتن كە راپۆرتمان هەیە، ئەگەرنا پێی گوتباین سەرەتای قسەكانمان راپۆتەكە دەخوێندرایەوە، ئێستاش مەمنونی دەبین ئەو راپۆرتەمان بداتێ كۆپی دەكەین و دەدەینە ئەندامانی پەرلەمان و سوودی لێ وەردەگرن، بماندانێ سوپاسی دەكەین، ئەو تەفسیلاتانەی تێدایە، ئێمە دوایێ چاپی دەكەین و لە پۆستەكانتان دایدەنێین، كاك هیوا ئاخیر كەس قسەی دەكەیت فەرموو.

**بەڕێز هیوا صابر احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە دەست خۆشیان لێ دەکەین بۆ ئەو روون کردنەوانەی دەیکەن، ئێمە لە رووی ئەوە نییە کە گومانمان هەیە، بەڵکو بۆ ئەوەی زیاتر رۆشنتر و بەرچاوتر، وەکو پەرلەمانتارێك کاتێك پرسیارمان لێ دەکەن داهاتی هەرێمی کوردستان چەند هەیە، عەیبدارییەکە نەزانین، خاڵێکی تر لەڕاستیدا بە شەفافانە باسی بکەم ئەویش ئەوەیە خەریکە لەو پەرلەمانەوە لە کوردستان بەشێوەیەك باسی مووچە خۆری دەکرێت، مووچە خۆر لە کوردستاندا هەست بە زەلیلی بکات، لەکاتێکدا وا نییە با سەریحتر بین لە یەك، با ئێمە پرسیار بکەین لە حزبەکان، بەتایبەتی پرسیار بکەین لە هەردوو حزبی دەسەڵاتدار، کاتێك ئێوە ئەو تەزەخومە لەسەر بودجەی هەرێمی کوردستاندا زیادتان کردووە، کادیرەکانی ئێوەیە، ئەو کەسانەن کە ئێوە لە مونافەسەی حزبیدا مووچەیان دەدەنێ، با لەم پەرلەمانە قەرارێك بدەین، میزانیەی حزبەکان دیاری بکرێت، یەکگرتوو میزانیەکەی دیار بێت، پارتی میزانیەکەی دیار بێت، یەکێتی میزانیەکەی دیار بێت لە رووی ئەوەوە تەوەسوع بدەن، بەڕاستی ئەم هەمووی بارەگا، ئەم هەموو کەسە لەگەڵ رێزمدا، ئێمە گلەییمان لە مووچە خۆری موفتەخۆر هەیە، مووچە خۆرێك هەیە کە ئیش ناکات، بۆچی پەرلەمان هەر بگلمێنێت، با بە سەراحەت بڵێین پارتی و یەکێتی و حزبەکانی تر بێنە سەر ئەم شاشەیە بێنە بەردەمی ئەم پەرلەمانە، ئەم هەموو مەڵبەند و بارەگا، ئەم هەموو کادیرەی ئێوە لە بارەگای حزبی دەوام دەکات، بەڵام بە پلەی مودیر عام و فلان و فلان، لەبەر ئەوە بەڕاستی ئێمە مووچە خۆرەکان گلەییمان لێ دەکەن، دەڵێت کاکە سەد مووچە خۆری ئێمە بە قەدەر ئەندام پەرلەمان و وەزیرێك نابێت، لەبەر ئەوە تکام وایە بە شەفافی داوا بکەین لە ئەنجومەنی باڵای پارتە سیاسیەکان بێنە ئەم پەرلەمانەوە بیانخەینە ژێر پرسیارەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

قسەیەکی بەجێیە بودجەی حزبەکان دیاری بکرێت، داهاتی حزبەکانیش دیاری بکرێت، حەقە هەر حزبێك داهاتەکانی چی هەیە، ئێمە لێرە بیزانین، خۆی ئەو دانیشتنە وەکو کاك هیوا باسی کرد، ئەو سوودەی هەیە، کە ئێمە دەمانەوێت ئیشوکارەکانی حکومەت و پەرلەمان و هەموو دامودەزگاکان شەفاف بێتن، ئێرە سەرەتای شەفافیەتە، گەورەترین مەرکەزی شەفافیەتە، بۆیە هەموو جار وتوومانە دانیشتنەکانی پەرلەمان کراوەیە، هەر کام تەلەفزیۆن پەخشی دەکات و رادیۆیە هین و ئەوانە، بەڵام بەداخەوە زۆر جار نایەن، زۆر جار پرۆژە یاسایەکی زۆر گرنگ هەیە راستەوخۆ نەقلی ناکەن، رۆژنامەکانیش تەنیا بەدوای سلبیاتدا دەگەڕێن و نەقلی دەکەن، ئەو موناقەشە توندو تیژەی کە دەکرێت لێرە، دەلیلی دیموکراتیەت و شەفافیەتە لێرە، دەلیلی ئەوەیە کە پەرلەمان بە ئیشی خۆی هەڵدەستێتن، بەداخەوە بە تەواوەتی رەنگی نەداوەتەوە لە میدیاکاندا، ئومێد دەکەم لە ئایندەدا هەم ئێمە کارەکانمان شەفاف بێتن، هەمیش میدیا زیاتر گرنگی بەو بوارە بداتن، من سوپاسیشیان دەکەم تەبعەن ئەوانەی

فیعلەن موهتەم بووینە بە کارەکانی پەرلەمان، داوا لە لیژنەی یاسایی دەکەم پێشنیارە هاوبەشەکەی بخوێنێتەوە، بۆ ئەوەی بیخەمە دەنگدانەوە.

**بەڕێز طارق محمد سعید جامباز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

داهاتی بودجەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی دارایی 2007 تێکڕای خەرجیەکانی بودجەی فیدراڵی بە (5982356) پێنج ترلیۆن و نۆ سەدو هەشتاو دوو ملیار سێ سەدو پەنجاو شەش ملیۆن دەخەمڵێندرێ.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تقدر ایرادات موازنة حکومة اقلیم کوردستان للسنة المالیة 2007 من اجمالي نفقات الموازنة الفدرالیة (5982356)خمسة ترلیون و تسعمائة واثنان وثمانون ملیاراً وثلاثمائة وستة وخمسون ملیون دینار.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ لەگەڵ ئەو پێشنیارەیە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بە کۆی دەنگ وەرگیرا، ماددەکەی تر تکایە.

**بەڕێز طارق محمد سعید جامباز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی سێیەم: وەزارەتی دارایی هەرێمی کوردستانی عێراق پارەی حیساباتی وەزارەتەکان و بەڕێوەبەرایەتیەکان بەپێی داهاتی دارایی دەگرێتە ئەستۆ.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لەگەڵ لیژنەی دارایی لەگەڵ دەقی یاسایەکەین، هیچ مولاحەزەمان نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو ماددەیە لیژنەی یاسایی و لیژنەی دارایی هیچ تێبینیان لەسەر نییە، ئەگەر کەسێك تێبینی لەسەر نەبێتن دەیخەمە دەنگدانەوە، کەس تێبینی هەیە کاك عەبدولڕەحمان فەرموو.

**بەڕێز عبدالرحمن احمد** رضا:

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە شتێکمان ئاماژە پێ کرد، ئەو پرۆژانەی کە وەزارەتەکان بۆ پرۆژەکانی خزمەتگوزاری تەخمینیان کردووە، جیاوازییەك هەیە لەگەڵ ئەوە وەزارەتی دارایی دیاری کردووە، حەقلێکیش هەیە دەڵێت بڕیاری

نیهائی، ئەوە پەرلەمان تەصدیقی دەکات، بڕیاری نیهائی لەسەر کەرتێك ئابووری ڕێك دەخاتەوە، مەسەلەن کەرتی کشتوکاڵە، فەرقەکان جیاوازییان هەیە، ئێمە قسەمان لەگەڵ پەرلەمان کرد کە زیاتر دەعمی کەرتی کشتوکاڵی کرد، وەزارەتی کشتوکاڵ بۆ بووژاندنەوەی ئابووری هەرێم، یان بە راپۆرت بیدەین بە لیژنەی دارایی و قسەی لێ دەکرێت، ئێستا چۆنە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە سیاسەتی مالی دەکرێتن، یەعنی بەرنامەی حکومەت دەبێت ئەوەی بداتن، زۆر لەو قسانەی کە کرا بەجێنە، دەبێت بەرنامەی حکومەت کە ساڵانە تەقدیم دەکرێتن باس بکرێتن و گرنگی پێ بدرێتن، زۆر لەو قسانەی کە کرا وەکو تەوصیە، ئێمە مولاحەزەتمان نووسیووە لە لای خۆمان لە کۆتاییدا کە دەنگی بۆ دەدەین تەوصیەکانیش دەخوێنین، کە دەیخەینە بەردەم حکومەت لەبەر رۆشنایی ئەو موناقەشانە، ئەو تەوصیاتانە رەچاو بکاتن، لەبەر ئەو موداخەلاتانەی کە کراوە گرنگی دان بە کەرتی تایبەت، گرنگی دان بە هەڵەبجەو ناوچەکانی تر و شەفافیەت حازر کردنی لە بودجە لەوەختی خۆیدا ئەوانە هەمووی دوایی بۆتان دەخوێنینەوە، ماددەی سێ دەخەمە دەنگدانەوە، کە لیژنەی یاسایی و دارایی هیچ تێبینیان لەسەر نییە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بە زۆرینەی دەنگ وەرگیرا، تکایە ماددەی چوارەم.

**بەڕێز طارق محمد سعید جامباز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی چوارەم: سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق بۆی هەیە گوێزانەوە لەناو بودجەی تایبەت بە ئەنجومەن بکات.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الرابعة: لرئيس المجلس الوطني لكوردستان – العراق اجراء مناقلة ضمن الميزانية الخاصة للمجلس.

ئێمە لەگەڵ لیژنەی دارایی لەگەڵ دەقی ماددەکەین و هیچ مولاحەزەمان نییە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کەس ئیعتیرازی هەیە لەسەر ئەو دەسەڵاتەی کە بۆ من دانراوە تا ئەو چەند مانگەی، کاك هیوا فەرموو.

**بەڕێز هیوا صابر احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ڕێزمان هەیە بۆ جەنابت هەموو سەلاحیەتێکت هەبێت، بەلام باشتر وایە بڵێین سەرۆکایەتی پەرلەمان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك هیوا یەکێك ئیمزا دەکات، خۆ هەرسێکیان ئیمزا ناکەن، خۆ نەبۆتە ریئاسەتی جمهوری بەغدا، ئەو بە دەستوور وایە، بڕیارەکە دەسەڵات موناقەلە شتی وا نییە، نە سەرفە، نە شتێکە، هەر یەکێك ئیمزا دەکات، قانونەن دەبێت وا بێتن، کاك حەمە رەشید قسەی هەیە.

**بەڕێز رشید کریم رشید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لێرە کە دەڵێت سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق بۆی هەیە گوێزانەوە لەناو بودجەی تایبەت بە ئەنجومەن بکات، من لێرە مەبەستم خاڵێکە، ئایا بە تەنها ئەو بودجەیەی کە بۆ ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانە، یان بودجەی گشتییە، ئەمە یەك.

دوو/ ئایا بۆچی پەرلەمان سەلاحیەتی ئەوەی نەبێت بۆ گوێزانەوە، یان کەم کردنەوە لە تەواوی بودجەی گشتیدا، یان موناقەلە لە بەینی وەزارەتەکان.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاکە ئەوەلەن ئەو دەسەڵاتە هی سەرۆکی پەرلەمان بۆ بودجەی پەرلەمان خۆی، لەبەر ئەوەی پەرلەمان بودجەی تایبەتی سەربەخۆی خۆی هەیە، بودجەکانی حکومەت یەك بودجەیە، موناقەلەو ئەوانە دەسەڵات دراوەتە وەزیری دارایی، وەکو ئێستاو دواتریش دێتن، بەڵام هی خۆمان دەسەڵات دراوەتە ئەوە، ئەو ماددەیە دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ئەو ماددەیە کە لیژنەی یاسایی و دارایی پشتگیری لێ دەکەن دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بە کۆی دەنگ وەرگیرا، تکایە ماددەی پێنجەم.

**بەڕێز طارق محمد سعید جامباز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی پێنجەم: وەزیری دارایی و ئابووری دەسەڵاتی گوێزانەوە لەنێوان پارە تەرخان کراوەکانی یەك دەروازەدا بکات بەدەر لە فەسڵی مووچەکان کە دەشێ بۆی بگوێزرێتەوەو نابێ لێی بگوێزرێتەوە.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لەگەڵ لیژنەی دارایی رێککەوتین، کە فەقەرەیەك ئیزافە بکرێت، ئیزافەتەن بۆ ئەو ماددەیە، واتا ماددەکە ئەوەی خوێندرایەوە ببێتە فەقەرەی یەکەم، فەقەرەی دووەمیش ئێستا بۆتان دەخوێنمەوە (لایجوز اجراء المناقلة ضمن تخصیصات اعمار وتنمیة المشاریع بین المحافظات).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لەگەڵ وەزیری دارایی ڕێککەوتوون، قسەی هەیە لەسەر ئەو پێشنیارەی لیژنەی یاسایی و دارایی، کە وەزارەتی دارایی و ئابووریش موتەفیقە لەسەری، ئەگەر کەس مولاحەزەی نەبێت دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بە کۆی دەنگ وەرگیرا، تکایە ماددەی شەشەم.

**بەڕێز طارق محمد سعید جامباز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی شەشەم: وەزیری دارایی و ئابووری بۆی هەیە گوێزانەوە لەنێوان پارەی تەرخان کراوی دەروازەکانی بودجەدا بە مەبەستی فەراهەم کردنی توانای خەرج کردن بۆ ئەو بەڕێوەبەراتییانەی کە بڕیاری لێك کردنەوەی پەیوەندییان لە وەزارەتێك و لکاندنیان بە وەزارەتێکی تر دەدرێ.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لەگەڵ لیژنەی دارایی ڕێککەوتووین، نوێنەرانی حکومەتیش موافەقەتیان کرد، کە ئیعادەی صیاغەی ئەم ماددەیە بەم شێوەیە بکرێتەوەو لە کۆتاییش دەسەلآت بدرێتە وەزیر بۆ ئەوەی بتوانێت موناقەلە بکات لە زیمنی هەندێك فەسل و وەحدەی سەرف، صیاغەکە بەم شێوەیە دەبێت (لوزیر المالیة اجراء المناقلة بین اعتمادات ابواب المیزانیة لاغراض توفیر امکانیات الصرف للادارات التي تقرر فك ارتباطها من وزارة والحاقها بوزارة اخرى، للوزیر المختص اجراء المناقلة ضمن الفصل الواحد وحدة الصرف).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کەس قسەی هەیە لەسەر ئەو پێشنیارە، کاك بارزان فەرموو.

**بەڕێز بارزان عبدالله نصرالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش پێشنیار دەکەم بڕگەیەکی بۆ زیاد بکرێت، کە وەزیر مالیە بە تەنسیق لەگەڵ وەزارەتی تەختیتدا تەخمین بکرێت، ئەو پرۆژانەی کە بڕیاریان لەسەر دراوەو ئیحالە نەبوون، یان نیسبەی 10٪ ئینجاز نەکراون، بۆی هەبێت بیگۆڕێت بە پرۆژەی خزمەتگوزاری تر کە جەدوای هەبێت، بۆ نموونە ئێستا دەیان پرۆژە هەیە پرۆژەی 2005 و 2006ن بڕیاریان لەسەر دراوە لە بودجەی 2007 جێ بەجێ دەکرێت، ئێمە باسی ئەوە دەکەین ئەو ئەزمە ئیقتیصادیەی کە لە کوردستاندا دروست بووە لە نەتیجەی بێ پلانیەوە بووە، بێگومان ئەو پرۆژانە ڕەنگدانەوەی بێ پلانیان پێوە دیارە، من پێشنیار دەکەم ئەو پرۆژانەی کە جەدوایان نییە، یان بەتایبەت لە بواری خزمەتگوزاری نییە بیگۆڕن بۆ بواری خزمەتگوزاری، بۆ نموونە ئێمە جامیعەمان هەیە (250) ملیۆن دۆلار بڕیاری لەسەر دراوە، یان تونێلت هەیە، یان

مەشاریعی ترت هەیە، ئەو تەخمینەی وەزارەتی مالیە بکرێت، کە ئەگەر لە 10٪ی ئینجاز نەبووە، بڕی ئەو پارەیە موناقەلە بکات بۆ پرۆژەیەك بیدە بە مەحەتەیەکی تەولید، بە کارەبا، یان بیدات بە مەسفایەکی نەوت، یان بیدات بە ڕێگاوبان، یان شتێك، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك دڵشاد فەرموو.

**بەڕێز دڵشاد عثمان/ بریکاری وەزارەتی دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی باسی کرد شتێکی زۆر چاکە، بەڵام لە دەسەڵاتی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیراندایە، تا ئێستا سێ، چوار جار چاو خشاندراوەتەوە بەو پرۆژانەو گۆڕانکاری تیا کراوە، سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك جەمال قاسم فەرموو.

**بەڕێز جمال محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تەبیعی ئەوەی من تێبینی دەکەم و ئینشائەڵلا لە داهاتووشدا وەزارەتی دارایی کارەکانی ستاندەر بێت، یەعنی شەرعیەتێك دابنێت بۆ ئەو مەساریفانەی کە دەکرێت، مەسەلەن بۆ پەرلەمانتارێك سەیارەیەك بە مەبلەغێك دەکرێت، بۆ بریکارێك سەیارەیەك نەکرێت و بەڵام دوو قاتی بۆ سەرف بکرێت، لەبەر ئەوەی فلان بریکار نزیکە، یەعنی شتەکان نەبێت بە میزاجین ستاندەرێك هەبێت، بۆ ئەوەی خەڵك هەست بە جیاوازی و فەرق و فروق و نزیك بوونەوە نەکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك جەمال یوسف فەرموو.

**بەڕێز جمال یوسف بۆتانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی پێنج و شەش زۆر نزیکن لە یەکتری، ئەگەر بکرێت دەمج بکرێتن، واتا ئەگەر ماددەی شەش ببێت بە فەقەرەیەك لە ماددەی پێنج، دەمج بکرێتن بە رەئی من مونسەجمتر دەبێتن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تەصویت نەکرا بۆ وا بوو، بەڵام تازە تەصویت کرا زۆریش هین ناکات، ئەگینا پێشنیارەکەت بەجێیە، بەڵام تەصویت کرا ماددەی پێنج، کاك محەمەد فەرەج فەرموو.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بوونی فلتەر بۆ تەنزیم کردنی هەر ئیشێك شتێکی باشە، بەڵام ئەو فلتەرە وا نەکات موسداقیەتی شتەکە لە دەست بدات، ئێمە ئێستا لە عێراقی فیدراڵی نوێدا لامەرکەزیەت بۆتە ئەساسێك، یەعنی دەبێت لامەرکەزیەت پەیڕەو بکەین لە دەوائیردا، بەتایبەت لە وەحدەی دائیرە سەربەخۆیەکاندا، مەسەلەن موحافەزەیە، یان هەر شتێکی ترە، ئێستا لێرە وەزیری مالیە فلتەرەکەی زۆر بەقوەتە، هەر چەند بوونی فلتەر بۆ ڕێکخستن، بۆ مەحکەم کردن، بەڵام ئەوەندە زۆر نەبێت، یەعنی ئەم وەزارەتە موصداقیەتی لە دەست بدات، قوەتی نەمێنێت، لەبەر ئەوە پێم باشە وەکو پێشنیار لە هەموو وەزارەتێکدا، کە ئەو قوەتەکەی هەیە، بەڵام هەماهەنگیەکیش هەبێت بە مشوەرەت، بە شتێك ئەویشی تیا بێت، یەعنی ئیزافەی ئەویش بکرێت، نەك هەر تەنها ئەم بێت و ئەو دیار نەبێت، سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وەڵامتان هەیە بۆ ئەمە فەرموو کاك رەشید لەسەر ئەوەی دەڵێ وەزارەتەکان دەسەڵاتیان هەبێت.

**بەڕێز رشید طاهر/بەڕێوەبەری گشتی وەزارەتی دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کە میزانیە تەصدیق کرا، پاشی تەصدیق کردنی میزانیە دابەش دەکرێت لەسەر وەزارەتەکان و دامودەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئەو وەختە سەلاحیاتیان دیار دەکرێت، تەبعەن لە مەرکەزیەت لا دەچێت و هەر یەك دەسەلاتی خۆی دەبێت و تەعلیماتی تەنفیزی بودجەش دەردەچێت و جێ بەجێ دەکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك سەردار فەرموو.

**بەڕێز سەردار صباح بوزو هەرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی تێبینی ئەوە دەکەین ئەوە سیستەمە مالیەی لە کوردستان پیادە دەکرێت، وەکو کاك محەمەد فەرەج باسی کرد مەرکەزیەتێکی زۆر بەهێزی تێدایەو، زۆر سەلاحیەت و دەسەلات دراوەتە وەزارەتی مالیە، پێم وابێ لە ساڵانی 1991 و 1992 ئەوە شتێکی باش بوو کە داهاتی هەرێمی کوردستان زۆر کەم بوو، بەڵام ئەوە ئێستا دەبێت بگۆڕدرێت، ئێمە دوێنێ پێشنیارێکمان کرد کە پاش ئەوەی میزانیە تەخصیص دەکرێت بۆ وەزارەتەکان، وەزیر دەبێت موخەوەل بێت بۆ بانگ کردنی، بەڵام حەقی موناقەلەی نەبێت، موناقەلە با هەر عایدی وەزارەتی مالیە بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

رەئیت چیە شێخ بایز فەرموو.

**بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی/ وەزیری هەرێم بۆ کاروباری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دیارە میزانیەی ئێستا کە تەخصیص دەکرێت، دوایی ئەو میزانیە تەحویل دەکرێت بۆ وەزارەتەکان، وەزیرەکان ئێستا دەسەلاَت دەدرێتە خۆیان، بەلاَم لە حدودو قانونی موازەنە ناکرێت، ئێستاکە دەردەچێت، ئەوە نەبێت وەزیرەکان دەسەلاَتێکیان نەبێت و تەنها هەموو دەسەلاَتەکان لە لای وەزیری مالیە بێت، ئەو میزانیەی موخەصەص دەچێت بۆ وەزارەتەکانی خۆیان، بەپێی قانونی موازەنە تەسەروف دەکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاك سەعدەدین.

**بەڕێز ملاسعدالدین عبدالله مولود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە تەخویل کردنی وەزیری مالیە بەنیسبە دەکرێتن، یەعنی نە ئەوها بە موتەڵەقی دەکرێت، نە چ سەلاَحیەتی لێ بسەندرێتەوە، لە موازەنەی فیدراڵی هی 2006 لە 5٪ە، ئێستا تەخویلەکە لە 6٪ە، یەعنی بۆ تەخویل لە وەحداتی سەرف بۆ وەزیری مالیەو لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جەنابی شێخ ناکرێت دەسەلاَت بدرێتە وەزیرەکان بۆ ئەو داهاتەی خۆیان، داهاتی وەزارەتەکان کە بۆ خۆیان تۆمار دەکرێت، وەزارەتی زراعە داهاتی خۆی هەیە، وەزارەتی شارەوانی داهاتی خۆی هەیە، سەرفی ئەو داهاتە لە زیمنی میزانیەکە دەسەلاَت بدرێتە وەزیر، کاك دڵشاد فەرموو.

**بەڕێز دڵشاد عثمان/ بریکاری وەزارەتی دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە دەوائیری مەرکەزیدا بەپێی قانونی ئسولی موحاسەباتی کۆن، قانونی ئیداری مالی تازە کە ساڵی 2005 دەرچووە تەسەروف بە ئیراداتەوە ناکرێت لە حیسابێکی داخراوەیە، لەبەر ئەوە ناتوانرێت، لەکاتێکدا حکومەت هەموو خەرجیەکی بۆ دابین دەکات، ناکرێت دەستکاری داهاتەکەش بکات، چ غەرەزی وی کردووە، هەر خۆی فەسڵەکان تێك دەچێت، بەلاَم من مولاحەزەیەکم هەیە لەسەر ئەوەی برادەران، کە وەزیری دارایی دەسەلاَتی زۆرە، حەز دەکەم بزانن میزانیەی ئیعتیادی چۆن دابەش دەکرێت، باب هەیە، قسم هەیە، فەرع هەیە، باب وەزارەتە، یەعنی چۆن دەسەلاَت بدەیت بە وەزیری زراعە بڵێیت بڕۆ میزانیەی وەزیری تەربیەش بێنە، بۆیە بە دەست وەزیری مالیە، چونکە دەڵێین ئەبواب، نەمانگوتووە ئەقسام، ئەقسام و

فروع كه موديرياتى عام و موديرياته هەمووى عايدى وەزيرەكە خۆيەتى و تەحديد كراوە، بەلاّم كە وتت باب يەعنى وەزارەت، ناتوانرێت وەزيرى تەندروستى بلّێت وەزيرى تۆ پارەت زيادە بماندەرێ، ئەوە ئەمرێك دەردەكەم بۆم بێنە، ئيلا دەبێت مەركەزى بێت، سياسەتى ماليية لەلاى وەزارەتى ماليية، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن:**

پرسيارێكى تريش غەيرى خۆم دەزانم، بەلاّم برادەران دەلّێن، هيچ وەزارەتێك هەيە داهاتى زياتر بێت لە ميزانيەكەى كە بۆى تەرخان كراوە.

**بەڕێز دلّشاد عثمان/ بريكارى وەزارەتى دارايى و ئابوورى:**

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن.**

هيچ وەزارەتێكمان نييە داهاتى زياتر بێت لە خەرجيەكانى، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن:**

كاك شێروان بيخوێنەوە، تاكو بيخەمە دەنگدانەوە.

**بەڕێز شێروان ناصح حيدرى:**

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن.**

المادة السادسة: لوزير المالية اجراء المناقلة بين اعتمادات ابواب الميزانية لاغراض توفير امكانيات الصرف للادارات التي يتقرر فك ارتباطها من وزارة والحاقها بوزارة اخرى، للوزير المختص اجراء المناقلة ضمن الفصل الواحد وحدة الصرف

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن:**

دەيخەمە دەنگدانەوە، كێ لەگەلّدايە دەستى بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، كێ لەگەلّدا نييە دەستى بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، بە زۆرينەى دەنگ وەرگيرا، بەلاّم حەز دەكەم بزانم بۆ لەگەلّدا نى فەرموو.

**بەڕێز شمسە سعيد محمود:**

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن.**

بەڕاستى ئەو دەسەلاّتە زۆر زۆرە، ئێمە ئەگەر كول بينەوە لەناو تەفاسيلدا، يەعنى رەبتى نەكرێت بە وەزارەتى مالييەوە باشە، بۆ نموونە ئەگەر ئێستا فەسلّێكى عيلمى بكرێت بۆ جاميعات سەربارى ئەو خوتورات و ئەو شتانەى كە تووشيان دەبێت، لەوانەيە بە ئەرقام مەسەلەن تەحديدى ئەوە بكرێت چەندى پێ دەچێت و ئەسلّەكەشى وا نەبێت، لەبەر ئەوە ئەوە رەئى شەخسى خۆمەو پێم خۆش نييە ئەو دەسەلاّتە زۆرە بدرێتە وەزارەت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن:**

مـن بیدایەتەکـەی گـوتم مەفهومـە هـەمووتان گوتتـان بـەڵێ، بۆیـە خسـتمە دەنگدانـەوە، یـەعنی مەسـەلەن فەرزمان کرد وەزارەتی رۆشنبیری و گەشت و گوزار قانونی دەرچوو، گەشتوگوزار چووە وەزارەتێکی تر، ئەو موناقەلەی چ دەسەلاتێکی زۆرە، میزانیەکەی کە لەوێیە نەقلی بکاتن بۆ وەزارەتێکی تـر، یـان لـە بابێکـەوە بۆ بابێکی تر، ئەمە دەسەلاتێکی هـین نییـە سـەرف نییە، موناقەلـە یـەعنی لـە عـەینی زیمـنی میزانیـە لـە بابێك بۆ بابێکی تر، تکایە ماددەکەی تر.

**بەڕێز طارق محمد سعید جامباز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی حەوتەم: وەزیری دارایی دەسەلاتی پێدەدرێ بۆ خستنە سەری پارەی تـەرخانکراوی گشتی پەسـند کراوی بودجەی ساڵی دارایی 2007 بەڕێژەی 1٪ لە سەرجەم تەرخانکراوەکانی پەسـند کـراوی بودجـە بـۆ ئەم مەبەستانەی خوارەوە:

1- تەرخان کردنی گوژمە پارەی پێویست بۆ بودجەکانی بەڕێوەبەرایەتییە تازە دروسـتکراوەکان لـە مـاوەی ساڵی دارایی 2007دا.

2- خستنەر سەری پارەی تەرخان کراوی نوێ بـۆ بودجـەکانی وەزارەتـەکان و بەڕێوبەرایەتیـەکان بـۆ بـاری ناکاوی کە ئەنجومەنی وەزیران بڕیاری لەسەر دەدات.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی حەوت بە عەرەبی دەخوێنمەوە:

المادة السابعة: يخول وزير المالية اضافة الاعتمادات الاجمالية المصدقة للميزانيـة للسـنة الماليـة 2007 بنسـبة 1٪ من اجمالي الاعتمادات المصدقة للميزانية للاغراض التالية:

1-اعتماد المبالغ اللازمة لميزانيات الادارة المستحدثة خلال السنة المالية.2007

2- اضافة الاعتمادات الجديدة في ميزانيات الوزارات والادارات للحالات الطارئة والتي يقررها مجلس الوزراء.

ئێمـە بەنیسـبەت ئـەو مـاددەی لەگـەڵ لیژنـەی دارایـی هـیچ تێبینیـەکمان نییـە، ئـەو نیسـبەیە بەنیسـبەت ئیعتیماداتی تازە ئیزافە بکرێت، چ بەنیسبەتی ئیداراتی موحەدەس، چ بەنیسبەت حاڵەتی تەواری، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر کاك ڕەشید پێویست بکات بڕێك تەوزیح بدات، لە سەدا یەکەکە چیە، مەسەلەی ئیعتیمـادات چـۆنە، هەندێك برادەر ڕەنگە پێویستیان بەوە بێتن.

**بەڕێز رشید طاهر/ بەڕێوەبەری گشتی وەزارەتی دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تەبیعی ئەو لە سەدا یەکە بۆ ئەو دائیرانەی کە تازە ئیستیحداس دەکرێن، یەعنی پشـتی ئیقـراری موازەنـە، لە خیلالی ساڵێك موازەنە تەصدیق دەکرێتن، پشتی وی تەصدیق دەکرێتن، تـەخویلی سـەلاحیاتیان داوەتـە وەزیری دارایی، کە لە سەدا یەك، زۆر لە دەوڵەتەکان لەوانەیە لە 5٪ و 6٪ بێت، ئێمە کە عەجزمان هەبوو

قەبوڵمان نەکرد، هەرچەندە پێشنیاری دەسەڵاتی ئێمە مەفتوحی کرد، بەڵام ئێمە عەجزمان هەیە با یەك لە سەد زیاتر نەبێتن، یان ئەو دائیرانەی کە موجودن، بەڵام هەندێك حاڵەتی لەناکاو دێتە پێش، کە موتەوەقع نییە، ئەو ژی بە شەرتێك ئەنجومەنی وەزیران قەراری بدات و پاشی وەزارەتی مالی سەلاحیەتی هەبێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کەس مولاحەزەی هەیە، فەرموو کاك محەمەد فەرەج.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من هەروەکو پرسیار یەعنی لە هەموو دنیا حاڵەتی تەواری و ئەو شتانە کە لە غەیری ئیرادەکەوەیە، لە دەرەوەی ئیرادەیە، زۆر جار باس کراوە، بریتین لە کۆمەڵە شتێك دیاری کراوە، حەرب، بوومەلەرزە، یەعنی بۆچی ئێمە لێرە تەحدیدی نەکەین، ئەوە موتڵەق بێت، با دیاری بکەین، یان شتێکی تر کە دروست دەبێت، ئەوە لە ژێر ئیرادەی ئێمەوەیە، یەعنی دەبێت حکومەت حیسابی بۆ بکات، تەنها ئەو شتانەی کە لە دەرەوەی بازنەی ئیرادەی ئێمەیە، ئەوەی لە ناکاوە لە دەرەوە دێت، وەکو حەربە، ئەو شتانەی کە دروست دەبێت، لەبەر ئەوە پێم باشە ئیمەش وای لێ بکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك سەعدەدین فەرموو.

**بەڕێز ملا سعدالدین عبدالله مولود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە قانونی مالیە پێی دەگوترێت (الحالة الملحة لترشيد الانفاق)، یەعنی ئەو حاڵەتانەی کە دێنە پێش حکومەت، ئەوەش کە تەخویلی وەزیری مالیە دەکرێت، دەبێت تەحدیدی مەبلەغەکە بکرێت لەو مەبلەغی مەحدود ئەوەندەیە، ئەگەر زیاتریشی پێویست کرد ئیستیحصالی موافەقەی ئەنجومەنی وەزیرانی پێ دەربچێتن بە پێشنیاری وەزیر، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

یەعنی خۆی صیغەکە زۆر وازیحە، دەڵێت ئیعتیمادات بکاتەوە 1٪ لە میزانیە، وەزیری مالیە بۆی هەیە، بۆچی؟ بۆ دوو حاڵەت، یەك/ ئەو دەوائیرە تازانە کە دروست دەکرێن، دائیرەی تازە کێ دروستی دەکات؟ ئەنجومەنی وەزیران دروستی دەکات، خۆ لە وەزارەتەوە نایەت، کەواتە ئەویش بە موافەقەتی ئەنجومەنی وەزیرانە.

دووەم/ بۆ حاڵەتی لەناکاو، لێرەدا حاڵەتە لەناکاوەکە دەبێت موافەقەتی ئەنجومەنی وەزیران بێتن، نەك دەسەلاتی هین بێتن، ئەوەی یەکەم قەرارەکە پێشتر دراوە، بڕیارێك دەرچووە لە ئەنجومەنی وەزیران دامەزراندنی فلان موئەسەسە، یان فلان بەڕێوەبەر، غێر ئەوە مودیری هەیە، مەکتەبی هەیە، کرێی خانووی هەیە، پێویست بەوە دەکاتن بودجەیەکی بۆ تەرخان بکەین، نیوەی ساڵە میزانیەکە رۆیشتووە،

بۆیە دەسەڵات دراوەتە وەزیری مالیە لەگەڵ گەیشتنی ئەو بڕیارەی میزانیەکی بۆ تەقدیم بکاتن لە زیمنی ئەو 1٪ی کە دەسەلاتی پێدراوە، حاڵەتی لەناکاو زۆر موتەعدیدە، تەنیا فەیەزان و ئەوە نییە، ئەگەر تەحدیدی بکەین، مومکینە دوو حاڵەت هێن بکەین، یان دوو حاڵەتی تر بێتە پێشەوە، بومەلەرزەیەك دەبێتن حیسابی بۆ نەکردووە، قانونەکە دەیگرێتن، بۆیە شمولیەتەکە باشترە، وا بێتن باشترە لەوەی کە تەحدیدی بکەیت، چونکە چەند تەحدیدی بکەیت چوار حاڵەت تەحدید بکەیت، رەنگە شەشی تر هەبێتن، فەرموو کاك دڵشاد.

**بەڕێز دڵشاد عثمان/ بریکاری وەزارەتی دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مەبەست لە حاڵەتی لەناکاو نە فەیەزانە، نە سووتانە، نە لافاوە، یەعنی لێقاومان ئەوە کەوارسی تەبیعییە، حاڵەتی تەواری ئەو حاڵەتانەیە کە حکومەت تەوەقوعی نەکردووەو روودەدات، ئەگینا ئەگەر خوانەخواستە بومەلەرزەیەك رووبدات، لەوانەیە هەموو میزانیەی حکومەت بەشی تەعویزەکەی نەکات، لەبەر ئەوە ئەو 1٪ یەکە بەشی ئەوە ناکات، حاڵەتی لەناکاو لێرە مەبەستی ئەوە نییە، داوای لێبووردن دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من لەگەڵ تۆ موتەفیق نیم لەناکاو هەموو شتێك دەگرێتەوە، فەیەزانێك بێتن حکومەت ناتوانێت هێنی بکات، ئیعلانی حاڵەتی تەوارئ دەکاتن، پۆلیس دەبات، جیش دەبات، خەڵك دەباتن، فەرمانبەر دەباتن، قانونیەن کە وتت حاڵەتی تەواری هەمووی دەگرێتەوە، فەیەزانیش دەگرێتەوە، بومەلەرزەش دەگرێتەوە هەموو ئەزەماتێك دەگرێتەوە، فەرموو شێخ بایز.

**بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی/ وەزیری هەرێم بۆ کاروباری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خۆی حاڵەتی تەوارێئ بەس ئەوەندە هەیە ئیعلان دەکرێت، ئەنجومەنی وەزیران ئیعلانی دەکات، حکومەت ئیعلانی دەکات، ئینجا وەزارەتی مالیە تەسەروف دەکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بزەبت قسەکەی شێخ وایە، ئینجا حاڵەتەکە دەزانێتن، حاڵەی تەوارێئ ناحیەی ئەمنییە، بوومەلەرزەیە، فەیەزانە، خوانەخواستە خەتەری دەرەوەیە، هەموو شتێك دەگرێتەوە، ئێمە بۆیە لە 1٪ کەمان داناوە، زۆر حاڵەت هەیە مەسئوولیەتی حکومەتی فیدراڵە، ئەوانی سەرف بۆ بکەن، لێرە ئێمە ئینشائەڵلا تووشی نابین، بەلاَم لە 1٪ یەکە باشە با عەجزەکەش زیاتر نەبێتن، ئەو پێشنیارە دەخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بە زۆرینەی دەنگ وەرگیرا، تکایە بۆ ماددەکەی تر.

**بەڕێز طارق محمد سعید جامباز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مـاددەی هەشـتەم: وەزارەتـی دارایـی و ئـابووری وردەکـاریی میلاکـەکانی سـەرجەم وەزارەتـەکانی هـەرێمی کوردستانی عێراق بۆ ساڵی دارایی 2007 دەگرێتە ئەستۆ و پەسندی دەکات و ئەمەش لەبـەر رووناکی تـێ چووی مووچە پەسند کراوەکانی نێو بودجە دەبێت.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الثامنة: تتولى وزارة المالية اعداد مفردات ميلاكات جميع وزارات اقليم كوردستان – العراق للسنة المالية 2007 والمصادقة عليها على ضوء كلفة الرواتب المصدقة في الميزانية.

ئێمە لەگەڵ دەقی ماددەکەین، بـەڵام پێمـان باشـە دەقـی ماددەکـە ببێتـە فەقەرەیـەك، فەقەرەیـەکی ترمـان هەیە ئیزافەیە، عەفو فەقەرەی ئیزافەمان نییـە، بـەڵکو ئیعـادەی صـیاغەیە میلاکاتەکـە بـە تـەنیا وەزیـری مالیە نەبێت، بەڵکو بە تەنسیق لەگەڵ وەزارەتەکانی تر بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کەس مولاحەزەی هەیە لەسەر ئەو پێشنیارەی لیژنەی یاسایی کـە صـیاغەکەی تەعـدیل بکرێـت (بالتعـاون والتنسيق مع الوزارات)، کاك هیوا فەرموو.

**بەڕێز هیوا صابر احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەڕاستیدا لێرە ئیشارە بە شتێك دەکات، دەڵێت لـە روانگـەی بودجـە پەسـند کراوەکـانی وەزارەتـەکان، لێـرە پێویستە پەرلەمان قەرار لەسـەر ئـەو بودجانـە بـدات، خـۆی هـەر ئـەوەش هـاتووە بـۆ پەرلـەمان، ئێمـە لـە لیژنەی دارایی کە بۆمان هاتووە وەزارەتەکان هەمووی هـاتووە بـەجیا، بودجەیـەکی خـەملێنراو هـاتووە لـە لایەن حکومەتەوە، بۆشایەکی بەجێ هێشتووە بۆ هەموو وەزارەتـەکان، پێویسـتە ئـەم ئەنجومەنـە یـەك بـە یـەك بڕیـار بـدات ئەنجومـەنی نیشـتمانیی بـۆ وەزارەتـی نـاوخۆ بڕیاریـدا سـێ سـەد ملیـار، تـا ئـەوە قـەرار نەدەیت، دوایی وەزارەتی دارایی چۆن بە کەیفی خۆی ئەم وەزارەتە ئەوەنـدە بێـت، ئـەو وەزارەتـە ئەوەنـدە بێت، لەگەڵ ئەوەم داوا دەکەم ئەوە قەراری لەسەر بدرێت لـە لایـەن پەرلـەمان، تەقریبـەن نـۆزدە بڕگەیـە، ئێمە قەراری لەسەر بدەین، کە پەرلەمانی کوردستان کە قەراری لەسەردا وەزارەتـی تەندروسـتی ئەوەنـدەی هەبێت، وەزارەتی فلان ئەوەندەی هەبێت، ئەوە بۆ ئێمە هـاتووە، بـەڵام خەریکـە تـێ دەپـەڕێت، مـن لەبـەر ئەوە داوا دەکەم قەراری لەسەر بدەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێمـە کـە ئیقـراری میزانیـە دەکـەین، یـەعنی قـەرارمان لەسـەر ئـەوەش داوە، تەبیعییـە لـە تەفسـیلاتەوە بودجەکە هاتووە، وەزارەت بۆ وەزارەت نیسبەتی بۆ دانراوە، ئەبوابی هەیـەو سـەرفی هەیـە، خـۆ موقـەریری لیژنە بێتن، کاك دڵشاد چۆنە بۆیان روون بکەوە.

**بەڕێز دڵشاد عثمان/ بریکاری وەزارەتی دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئـەو بودجەیـەی ئێمـە ناردوومانـە بـۆ پەرلـەمانی بـەڕێز مووچەشـی تیایـە، چـەندە بـۆ هـەر وەزارەتێـك و میلاکـی هـەر وەزارەتێـك بـە جـەدوەلێك تیایـەتی، لەبـەر دەسـتی بەڕێزیشـتان بـووەو کـۆی فەرمانبـەرانی هەرێمی کوردستان (464531) فەرمانبەرە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرمووو کاك هیوا نوقتەی نیزامت هەیە.

**بەڕێز هیوا صابر احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەڕاستیدا خۆیان وەزارەتی دارایـی لەگـەڵ وەزارەتـە پەیوەنـدارەکان موفاوەزاتێکیـان کـردووە لەسـەر بڕێـك پێکهاتوون، ئەو بڕەیان داناوە بۆ پەرلەمان، ئێستا وەزارەتەکان داوا دەکەن، ئایا پەرلەمان موصادەقەی ئەوە دەکات؟ لەوانەیە هەندێك وەزارەت لەگەڵ لیژنەی تایبەتی خۆی داوای بکات بۆی زیاد بکرێت، لەبـەر ئـەوە ئیعلانی بکەن، پێویستە ئێمە موصادەقە بکەین لەسەر ئەوەی کە دیاری کراوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك هیوا ئەو میزانیەی کە هاتووە بۆ ئێرە، پێشتر وەزارەت بە وەزارەت لەگەڵ وەزارەتی دارایی و ئـابووری میزانیەی خۆیان موناقەشە کردووەو موافەقەتیان لەسەر میزانیەی خۆیان کردووە، ئینجا بـە کـەم و زیـاد، ئەوە بڕاوەتەوە، ئەو میزانیە کە هاتۆتە ئێرە موافەقەتی هەموو وەزارەتەکانی تێدایە لەسەر میزانیەکانی خۆیان و لە ئەنجومـەنی وەزیـران موناقەشـە کـراوە، هـەموو وەزیرەکـان هینەکـەی خۆیـان دیتـووە، لـەوێوە موافەقەیان کردووە لەسەر ئەو میزانیەی کە بۆ ئێمە هاتووە، بە ئیمزای سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیـران بـۆ ئێمە هاتووە، کە تیایدا ئاماژەی ئەنجومەنی وەزیران پەسندی ئـەو میزانیـەی کـردووەو دەینـرین بـۆ تـاوتۆ کردن و پەسند کردنی، واتا دوو جار، هەم بەشی دارایی و ئابووری وەزارەتـەکان لەگـەڵ وەزارەتـی دارایـی و ئابووری پەسندی کردووە، هەم لە ئەنجومەنی وەزیران پەسند کـراوە، لێرەشـدا ئێمـە گۆڕانکـاری لـە پـارەی وەزارەتەکانمان نەکردووە، تەنیا تۆزێك میزانیەی سەرۆکایەتی هەرێمیمان کەم کردۆتەوەو، لـە سـەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانمان کەم کردۆتـەوە، لەبـەر ئـەوەی لـە هـی پەرلـەمانی خۆمـان سـەرف کـردووە لەلایـەن ئەوانـەوە نەخراوەتـەوە، یـەعنی دیقـەت نـەکراوە کـە بخرێتـە سـەر ئـەوان، ئەوەنـدەمان کـردووە فەقـەت، نوقتەی نیزام کاك سەعدەدین فەرموو.

**بەڕێز ملا سعدالدین عبدالله مولود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کاك دڵشاد دەڵێت ئەو خشتەیە لەبەر دەستی جەنابتانە، ئـەو خشـتەیە لـە لای ئێمـە نییـە، ئـەوەی عـەددی فەرمانبەران باس دەکات.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك شێخەڵلاّ نوقتەی نیزامت هەیە، فەرموو.

**بەڕێز شێخ الله ابراهیم شێخ الله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە دوو لیژنە بووینە، لیژنەی كشتوكاڵ و لیژنەی شارەوانی، ئەو میزانیەی كە وەزارەت موافەقەتی لەسەر كردووە لەگەڵ وەزارەتی مالیە دانیشتین لە چەند فەقەرەیەك مولاحەزەمان هەبووە، لەگەڵ وەزارەتەكە ئێمە دانیشتین، ئەو مەبلەغە وەزارەتی مالییە سەربەخۆ كەمی كردۆتەوە، بەبێ رەئی وەزارەتەكە، ئێستا نازانین ئەوەی موصدەقەكە لە هیچ لە وەزارەتەكان باسی نەكردووە، كە چەند دەبێت و چەند نابێت، دەبێت دیار بكرێتن، لێرە ئێمە ئاگامان لە هیچ نییەو تەقریریشمان نووسیووە، تەقریرەكەمان هەیە لە لاتانەو مولاحەزەمان نووسیووە، كە وەزارەت خۆی لەگەڵ وەزارەتی مالیە موافەقەیان لەسەر مەبلەغێك كردووە، بەلاّم بەبێ ئەوان مەسەلەن بیست ملیۆن، سی ملیۆن، سی و پێنج ملیۆن كەم كراوەتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك رەشید داوا دەكەم شەرحی ئەوە بكەن.

**بەڕێز رشید طاهر/بەڕێوەبەری گشتی وەزارەتی دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە كە لە وەزارەتی دارایی لیژنەیەكمان دروست كرد بوو، هەموو كارتیشمان دروست كرد بوو كە موناقەشە لەگەڵ وەزارەتەكان بكەین، تەبعەن كە نوێنەری وەزارەتەكان دەهاتن تومو‌حاتی خۆیان، هی وەزارەتی خۆیان لەوانەیە هەموویان نووسیووە، وەزارەتی دارایی و ئابووری تەبعەن پارەی لەبەر دەستە، بەپێی میزانیە لە بەغدا تەصدیق بووە، لەگەڵ ئەوە تەسەروف دەكەین، ئەوانە دیفاع لە تومو‌حاتی خۆیان دەكەن، ئێمە دیفاع لە گیرفانی خۆمان دەكەین، ئەوانە تەقریبەن دە ترلیۆن و كەسریان تەقدیم كردووە لە بەغدا پێش موافەقە كراوە، ئێمە لەسەر ئەو حاڵەتەش حەوت و كەسرمان تەقدیم كردووە، عەجز یەك و هەشت سەدو پەنجا، ئەگەر بە قسەی وەزارەتەكانمان كرد بوایە، یەعنی لەوانەیە عەجزەكە زیاتر دەبوو، دوو جاریش لەگەڵ وەزارەتەكان دانشتووینە هەتا گەیشتینە ئەو مەبلەغە حەوت و حەفت سەد و چل و ئەوە، ئێستاش ئەو رەقمە كە دانراوە، ئەگەر عەجزەكە میزانیەی تەكمیلی نەبێت كە لە بەندەكە هاتووە، میزانیەی ئیزافی نەبێت، لەوانەیە ئەو رەقمەی بۆ وەزارەتەكانیش دانراوە، ئەوەش جێ بەجێ نەبێتن، سوپاستان دەكەم.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، هەر منیش بۆ تەوزیح، ئەوەلەن فەرز بكە پەرلەمان حیساب بكە وەزارەتێكە، میزانیەمان كە دانا بەپێی ئیحتیاجاتی خۆمان و بەرنامەی خۆمان، پێشنیار هەیە كە ئێمە بینایە بۆ خۆمان دروست بكەین بۆ پەرلەمان، ئەو بینایە رەنگە بیست، سی ملیۆن دۆلاری بوێتن، تۆ كە دەچیتە وەزارەتی مالیە دەڵێی ئەو میزانیەم نییە، نە ئەو داهاتەمان زیاد هاتووە، نە دەكرێتن، ناكرێتن لە نەفەقاتی تەشغیلی و،

نەفەقاتەکانی تر قەتع بکەین، بۆیە ئەو میزانیـەی پێشنیار کـراو لـە لایـەن پەرلەمانـەوە پـاش موناقەشـە کردنی وەزارەتی مالیە، بۆچی موناقەشە دەکرێت؟ بۆ ئەوەی وەزارەتی مالیە پێمان بڵێ ئەوە دەکرێت، ئەوە ناکرێت، ئەوە ئیمکان نییە ئەمساڵ بکرێت، یان کەمی بکەنەوە، بۆیە پاشی گفتوگۆ کردن لەگەڵ وەزارەتـی مالیە کەم دەبێتەوە، ئەو پرۆژانەی کە ئیمکان نییە جێ بەجێ بکرێت، پارەی بۆ نییە، ئەهمیـەتی کـەمترە لە پرۆژەکانی تر دادەنرێتن، هەموو وەزارەتەکان پرۆژەکانی خۆیان دەنێرنە وەزارەتی مالیە، هەمووی کـەم بۆتەوە، بـۆ؟ لەبـەر ئـەوەی داهاتەکـەیان ئەوەنـدە عـەجزەیان قـەبول کـردووە، لـەوە زیـاتر عـەجز بـدەیت، مومکینە تەبعی نابێت، ئەو تەوزیحەکە وازیح بوو، داوا دەکەم جارێکی تر بیخوێنـەوە، بـۆ ئـەوەی بیخەمـە دەنگدانەوە، فەرموو نوقتەی نیزامە.

**بەڕێز هیوا صابر احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من وا دەزانم شتێکی زۆر ترسناك بەسەر پەرلەماندا تێ دەپەڕێت، کە واتـای نییـە، پەرلـەمان موصـادەقەی لەسەر چی کرد، بودجـەی هـەرێمی کوردسـتان، پەرلـەمانی عێـراق موصـادەقەی لەسـەر کـردووە، بـۆ ئێمـە ئیشمان دابەش کردنیەتی، وەزارەتی دارایی ئیشەکەی جوان کردووە، ناردی بۆ ئێمـە لیژنـەی دارایـی، ئێمـە لیژنەی دارایی لەگەڵ سەرۆکی پەرلەمان بە تەفسیل دانیشتین، پێویست بـوو، ئێمـە دوێـنێ باسـی ئـەوەمان کرد دەگوزەرێنین و تێی دەپەڕێنین، بەلاٚم وەکو ئەزموونێك با بەسەر ئەنـدامانی پەرلـەمان تـێ نەپـەڕێت، وەزارەتی دارایی ناردوویەتی بۆ پەرلەمان موصادەقەی لەسەر ئەم بودجەیە بکات، کە بـەم شـێوەیە دابـەش بکرێت، نە بڕیاری حکومەتی مەرکەزی داویەتی، تۆ موصادەقە لەسـەر چـی دەکـەیت، پێویسـتە پەرلـەمان، لیژنەی دارایی پەرلەمان بزانێت مەسەلەن وەزارەتی ناوخۆ ئەوەندەی موصادەقەی بـۆ کـراوە، دوایـی ئێمـە لیژنـەکان موتابەعـەی بـۆ بکـەین، بـەلای کـەمی دەبێـت بڕگەیـەك هـەبێت لـەو ماددەیـە ئەگـەر پەرلـەمان موافەقەتی کرد لەسەر ئەو بودجەیە کە وەزارەتی مالی و لەگەڵ وەزارەتەکانی دیکەدا پێـك هـاتووە، ئێسـتا مەسەلەن لیژنەی ناوخۆ نەزانم پەرلەمان چەندی پارە تەرخان کردووە بۆ وەزارەتی ناوخۆ لە خیلالی ئەو سـاڵە چـۆن موتابەعـەی بکـەم، مـن دەڵـێم کاکـە ئەمـە پارەکانتـە، ئەمـە ئەبوابەکانتـە ئاوایـە مـن دەبێـت موتابەعەی بکەم، لەبەر ئەوە من داوام وایە ئەم مەوزوعە بەسەریدا تێ نەپـەڕێت، چـونکە عەیبدارییـەکی گەورەیە بۆ پەرلەمان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاك بارزان.

**بەڕێز بارزان عبدالله نصرالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە ئەگەر لە پەرلەماندا بڵێین مەسەلەن وەزارەتی پەروەدە دوو سەد ملیۆن دۆلار ئیقراری لەسـەر کـراوە ئیتر خۆ قابیلی ئەوە نییـە بـە هـیچ شـێوەیەك دەسـتکاری بکـرێ، کـە ئـەو سـەلاٚحیەتانەی ئێمـە تـەخویلی

وەزارەتی مالیەمان کردووە، تۆ ئەو ماددەی شەشە تەخویلی وەزارەتت کردووە، کە موناقەلە بکات، هیچ بوارێك لەبەردەمی وەزارەتی داخیلی نامێنێتەوە ئەو کاتە، ئەو کاتە دەقێکی وشکە وەزارەتی تەربیە سێ سەد ملیۆن دۆلاری هەیە بە هیچ شێوەیەك نە دەبێت فلسێکی زیاد، نە کەم لێ نەکرێتەوە، ئەگەر پەرلەمان بڕیاری لەسەر بدات، چونکە دەبێت بە یاسا، لەبەر ئەوە پێویست ناکات، من موجەرەد وەزیری مالیە تەخویل بکرێت ئەو ئیجرائاتانە بکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك غەفور نوقتەی نیزامی هەیە.

**بەڕێز غفور طاهر سعید مەخموری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی ئەو مەسەلەیە بە رەئی من حەلەکەی شتێکی زۆر ئاسانە، ئەو میزانیە من بینوومە لە لای دکتۆر دلێر، لیژنەی مالیە لە چەند کارتۆنێك هەمووی هاتووە، باب باب هەرچی وەزارەتە، هەرچی سەرۆکایەتی هەرێمە هەمووی تێدایە، ئێمە لامان هەیە وەکو پەرلەمان، هەر ئەندامێکی پەرلەمان کە دەیەوێت موتابەعەی وەزارەتەکان بکات، دەتوانێت بچێت لەوێ وەریبگرێت بزانێت میزانیەکە چەندەو چۆن سەرفیاتەکەشی بۆ دانراوە، یەعنی موعالەجەکە زۆر زۆر بەسیتە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من هەمان قسەم دەکرد، کە کاك غەفور کردی، ئەوە باشە جار جار یەکتری بگرین خۆ نابێت هەموو جار خیلافات هەبێتن، ئەوەی مولاحەزەی کاك هیوا بەڕاستی وەلامەکەی زۆر زۆر ئاسانە، لە هیچ دنیایەکدا من نەمدیوە، لە بەغدا موناقەشەیان کردو قانونەکە دەرچووە، هیچ ئەرقامی وەزارەت بۆ وەزارەت تێدا نییە، بەلام ئەندام پەرلەمان وەکو کاك غەفوریش باسی کرد، بۆی هەیە داوا لە لیژنەی دارایی بکاتن، مەسەلەن سەرۆکی لیژنەی پەروەردە بۆی هەیە داوا لە لیژنەی دارایی بکات تەماشای میزانیەی تەرخانکراو بۆ وەزارەتی پەروەردە بکات، سندوقەکە لێرەیە، خۆ نهێنی نییە، ئەگەر نهێنی بێتن بۆ دێتە لامان، بە کتابێکی رەسمی هاتووە بۆمان، بە دوو نوسخە هاتووە بۆمان، بەلام زۆرە، ناکرێتن 112 نوسخە تەبع بکرێتن بدرێتە هەموو ئەندامەکان، لە سەرەتاوە کە خوێندنی یەکەممان بۆ کرد، داوامان لە لیژنەکانی پەرلەمان کرد، هەر یەکە بۆی هەیە بچێتن تەماشای بکاتن و لەگەڵ وەزارەتەکان دابنیشێتن، ئەو رەقمە لە لای وەزارەتەکانیش هەیە، ئێستاش نەچووە بچێتن، هەر وەزارەتێك، هەر لیژنەیەك لە لیژنەکانی پەرلەمان ویستیان رەقمەکەی بزانن، تەفسیلاتەکانی بزانن، ئەبوابەکانی بزانن، ئەوە لە لیژنەی دارایی و ئابووری ئەو میزانیە دەمێنێتەوە بچن تەماشاشی بکەن، لەبەر رۆشنایی ئەو تەماشا کردنەو ئەو تێ گەیشتنە لەگەڵ وەزارەتێك چاودێری وەزارەتێکی تریش بکەن، چۆن سەرف کراوەو چۆن سەرف نەکراوە، کاك دلێر فەرموو.

**بەڕێز د.دلێر اسماعیل حقی شاوەیس:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەڕاستی ئێمە داوامان لە سەرۆك لیژنەكان كرد كێ دەیـەوێت بێت تەماشای بكات، هەنـدێك لـە بـرادەران هـاتن میزانیـەكانیان بـرد، تـا ئێسـتاش هەنـدێكیان هـەر نـەیان گەڕاندۆتـەوە، ئێمـە چـاوەڕوانمان دەكـرد، تەنانەت راپۆرتیشمان بۆ بنرێن، بۆ ئەوەی سوودی لێ ببینن لە راپۆرتەكەی خۆمان وەكو لیژنەی دارایـی و ئـابووری، بەداخـەوە هـیچ راپۆرتێكمـان پـێ نەگەیشـت، ئـەو میزانیـەی وەزارەتـەكان لـە لای ئێمـە هەیـە، هیواداریـن ئەوانەی لە لایان ماوە، لە دواییدا بۆمان بەگەڕێننەوە، بۆ ئەوەی ئێمە لە ئەرشیفی لیژنەكـەمان موحافەزەی بكەین، لەبەر دەستی هەموو ئەندامێكی بـەڕێزیش هەیـە، كـە لـە ئاینـدەدا، یـاخود ئـەو لیژنـە تایبەتیانـەی وەزارەتـەكان كـە بەدواداچـوون بكـەن، بـۆ ئـەوەی كاروبـاری وەزارەتـەكان بكـەن، ئەمـە لەبـەر دەستی هەموو بـراو خوشكە بەڕێزەكانـدا هەیـە، بـۆ ئـەوەی بتـوانن لـە ئاینـدەدا بەدواداچـوونی بـۆ بكـەن، لەگەڵ رێزمدا.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

دەیخەمە دەنگدانەوە، كێ لەگەڵ ئەو ماددەیە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدا نییـە دەسـتی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، بە زۆرینەی دەنگ وەرگیرا، نوقتەی نیزام كوێستان خان.

**بەڕێز كوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

پێش ئەوەی ماددەی دەو یازدە موناقەشـە بكـەین، دوێـنێ كـاك ئـارێز پێشـنیارێكی كـرد بـۆ ئیزافـە كردنـی ماددەیەك، كۆمەڵێكمان پشتگیریمان كرد، ئەگەر بكرێت لێرە پێش ماددەی دە، جێی ئەو ماددەیە بكرێتەوە، پەرلەمان موصادەقەی بودجەی ساڵی $2008$ دەكات، هەتاكو دوو شت نـەكرێت، یەكـەم/ هـەردوو وەزارەتـی دارایی یەك نەگرێتەوە.

دووەم/ بودجەكە پێش ئەوەی جێ بەجێ بكرێت.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەوەلەن كوێستان خان ئەوە ناچێتە قانون، مومكینە وەكو تەوصیە نووسـیومانەو لەپێشـمانە، مـن ئامـاژەم پێ كرد گوتم هەموو ئەو قسانەی كە كران پێشنیار بوون و شتی بەجێ بوون، وەكـو تەوصـیات نووسـیمانە، ئەوەش یەكێكە لە تەوصیاتەكان، بەڵام ناكرێت داخیلی پرۆژەی قانونی بكەین، رەئیەكە دەدەینە حكومەت، دەڵێین پەرلەمان تەوصیە دەكات، دەبێت پێش كۆتایی ساڵ هەرسێ وەزارەتەكە تەوحید بكرێت، كاك ئـارێز فەرموو.

**بەڕێز ئارێز عبدالله احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەوەی دەستی وا بکات تۆ ڕێگەی پێ دەدەیت دەڵێی نوقتەی نیزامە، ئەوەی دەستی وا نەکات دەڵێت نوقتەی نیزام نییە، دەبێت ئەوەش چارەسەر بکرێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڵێ ڕاستە ئەوە نوقتەی نیزامە، بەلاّم یەکەم کەس دەبێت بەخۆت تەنفیزی بکەیت، ماددەکەی تر تکایە.

**بەڕێز طارق محمد سعيد جامباز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی نۆیەم: وەزیری دارایی و ئابووری بۆی هەیە ڕێنمایی پێویست بۆ دەست نیشان کردنی دەسەلاّتی خەرج کردن بۆ بەڕێوەبەرایەتیەکانی حکومەت دەربچوێنێ لە ماوەیەك کە لە دوو هەفتە لە ڕۆژی دەرچوونی ئەم یاسایە ڕەت نەکات.

**بەڕێز شێروان ناصح حيدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة التاسعة: على وزير المالية اصدار التعليمات اللازمة لتحديد صلاحيات الصرف للادارات الحكومية خلال فترة لا تتجاوز اسبوعين من تاريخ اصدار هذا القانون.

ئێمە لەگەڵ دەقی ماددەکەین، بەس پێمان باشە ئەوە ببێتە بڕگەی یەکەم، بڕگەیەکی تری ئیزافیمان هەیە، ئەگەر مەجالمان بدەنێ وەکو لیژنەی دارایی و ئابووری و لیژنەی یاسایی پێشنیارمان کردووە، ئەویش بەم شێوەیە (ثانياً: يقدم وزير المالية تقريراً عن الوضع المالي والمستجدات المالية الى المجلس الوطني لكوردستان – العراق كل ثلاثة اشهر)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوەش لەسەر داواکاری زۆربەتان بوو، ئەو بڕگەیە ئیزافە کرا، یەعنی ئەگەر ئیزافە نەکرا بوایە بە تەوصیە دەڕوات، بەلاّم چونکە شتێکی زۆر بەجێیە، یاسایشە، ئەگەر حکومەتیش موافیقە، دەیخەمە دەنگدانەوە پێشنیاری لیژنەی یاسایی و دارایی، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ وەرگیرا، تکایە ماددەکەی تر.

**بەڕێز شێروان ناصح حيدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو دوو ماددەیە کە ماوە وابزانم پێشی ئەوە سێ ماددەی ئیزافیمان هەیە، بەحەقیقەت ئەو سێ ماددە ئیزافیە بیخەینە موناقەشە، ماددەیەکیان لە لایەن نوێنەرانی حکومەتەوە پێشکەش کراوە، کە مەسەلەکەی عەجز دەبێت تەسیب بکرێت لە زیمنی میزانیە، دوو ماددەش لە لایەن لیژنەی داراییەوە پێشکەش کراوە، ئەو دوو ماددەیەش ئێمە وەکو لیژنەی یاسایی پشتگیریمان لێ کردووە، ئەگەر مەجالمان بدەیتێ ماددە، ماددە بخوێنینەوە، پێش ئەوەی ماددەی دەو یازدە بخرێتە موناقەشە کردن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموون.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ماددەی ئیزافی (یبلغ اجمال العجز المخطط في الموازنة سنة المالية 2007 مبلغ فقط ترليون واحد وثمانمائة وخمسة وستون مليارا وثلاثمائة واربعة ملايين دينار، وتتم تغطية هذا العجز، اما بالموازنة الاضافية (التكميلية)، فيما اذا تمت المصادقة عليها من قبل الحكومة الفدرالية او بتخفيض النسب الواردة في ابواب النفقات باستثناء تخصيصات الرواتب).

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

وابزانم ئەوە تەسبیت كردنەكەشی، ئەسبابی داوا كردنی ئەو تەسبیتە چیە، داوا لە حكومەت دەكەم بۆمان شەرح بكات.

**بەڕێز دلْشاد عثمان/ بریكاری وەزارەتی دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە دەرمانخست كە جیاوازییەك هەیە، ناتەواوییەك هەیە لەنێوان داهات و خەرجیەكاندا، داهاتەكەمان كەمترە لە خەرجیەكان، بۆیە لە هەموو حالەتەكان دەبێت بڕی عەجزەكە دیاری بكرێت لە یاسایەكەدا، لەگەلْ شێوازی چارەسەر كردنی، كە دوو شێوازە، یان ڕێگەی موازەنەیەكی تەواوكەر كە لە عێراقەوە دەردەچێت لە 17٪ی بۆ ئێمەیە، ڕێگەی دووەم ئەگەر چار نەبوو، جگە لە مووچە دەبێت بە ڕێژەیەك خەرجیەكان دابەزێنین، بۆ ئەوەی بتوانین ئەو عەجزە نەهێڵین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

من مولاحەزەیەكم هەیە، ئەوەلەن عەجزەكە دیاری كراوە لە ماددەكاندا دیارە، كە دەڵێیت داهاتم ئەوەندەیە، عەجزەكەشم ئەوەندەیە، بەلاّم ئەوە تووشی ئیشكالێكت دەكات بەو فەقەرەی دووەمی، یەعنی موعالەجە كردنەكەی غەیری بە میزانیەی تەكمیلی تۆ نیهایەتی سالْ بۆت دەردەكەوێتن، چۆن تەخفیز دەكەیت تۆ سەرفت كردووە، چۆن میزانیەكە تەخفیز دەكەیت، دەڵێت (اما بتخفيض غير نفقات الرواتب)و ئەوانەیە، تۆ سەرفت كردووە، تووشی ئیشكالێكت دەكەن، نازانم ئەوە، یەعنی ئەگەر بە تەنیا ئیشارەت بە عەجزەكە بدرێتن باشترە ئەوە، بەلاّم ئەوە تووشی ئیشكالت دەكاتن، تۆ كۆتایی سالْ عەجزەكەت ئەوەندەیە، میزانەی تەكمیلیان بۆ نەكردی، بەلاّم پارەكەت سەرف كردووە لە كوێ بۆی دەینی، بۆیە بە تەنیا عەجزەكە باشترە، ئەگەر لیژنەی یاسایی لە پێشنیارەكەیان تەنیا نیشانی عەجزەكە بكەن بە ماددەیەك، پێم وایە باشترە، كەواتە ڕەئیەكە ئەوەیە ماددەیەك هەبێتن دیاری بكاتن عەجزی ئەو میزانیەیە ئەوەندەیە، كەس لەسەر ئەوە ڕەئی هەیە، كاك بارزان فەرموو.

**بەڕێز بارزان عبدالله نصرالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من پێشنیار دەکەم ماددەیەکی ئیزافی تر بنووسرێت، لە ماددەی نۆیەمدا وەزیری مالیە تەحدیدی سەلاحیاتی مالی و زەوابتی سەرفی ئیدارات و ئەمانەی کردووە، وەزارەتەکانی خۆی، ئەی کوێ تەحدیدی سەلاحیاتی هەرسێ دەسەلاتەکانی، سەلاحیەتی مالی و زەوابتی سەرفی ئەو برە پارەی کە بۆ هەرسێ ریئاسەتەکە دانراوە دەکات، من پێشنیار دەکەم پەرلەمانی کوردستان ئیشارەت بەوە بدرێت کە پەرلەمانی کوردستان یاسایەك دەردەکات بۆ تەحدیدی سەلاحیات.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك بارزان دیارە تۆ لەبیرت چووە یاسای سەرۆکایەتی هەرێم هەیە، یاسای ئەنجومەنی وەزیران هەیە، یاسای پەرلەمان هەیە، سەلاحیات تەحدید کراوە، تەعلیماتی مالی هەیە، ئەوانە تەحصیل حاصلە، کاك رەشاد فەرموو.

**بەڕێز رشاد احمد ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو دوو رەقمەی هاتووە هی ئیرادات و نەفەقات، ئۆتۆماتیکیەن فەرقەکە ئەوە دەکاتە عەجزەکە، پێی ناوێت ماددەی بۆ دابنرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك هیوا فەرموو.

**بەڕێز هیوا صابر احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێویست ناکات ئێمە ئەوە تەسبیت بکەین، چونکە وەکو پێشتر ئاماژەمان پێ کرد، ئێمە لەسەر میزانیەی 2006 خەملێنراوە، لەبەر ئەوە ئەم تەقدیرەی کە کراوە، میزانیەی خەرجیاتی هی سالی 2007ە، لەبەر ئەوە ئێمە ئەوە لەسەر خۆمان نەکەین بە مال، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك ئارێز فەرموو.

**بەڕێز ئارێز عبدالله احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش هەروا بە پێویستی نازانم ئەوە تەسبیت بکرێت، لەبەر ئەوەی ئێمە نەچووینە ناو وردەکاریەکان، ئەوە یەك.

دوو/ ئەگەر وەختەکەش هی ئەوە نەبێت، من پرسیارێکم هەیە لە وەزارەتی مالییە وەلامم بدەنەوە، ئێمە کاتێك ئەوە دەخوێنینەوە ئیستیمارەی ئیعدادی موازەنەی وەزارەتەکان دەخوێنینەوە، لە هەندێك شوێن هەیە وەزارەتێك بۆ نموونە وەزارەتی دەرەوەی هەرێم، لە شوێنێك داوای سەد و نۆهەت و نۆ ملیۆن دیناری کردووە، بەلام وەزارەت بۆی کردۆتە شەست سەد و شەست ملیۆن دینار، لە زۆر شوێنی تریش وا هەیە،

وەزارەت لە جیاتی ئەوەی بۆی کەم بکات، کە عەجزی میزانیەی هەیە بۆی زیاد کردووە، من پرسیار دەکەم حیکمەت لەو زیاد کردن و کەم کردنە چیە؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك رەشید وەلامی بدەوە.

**بەڕێز رشید طاهر/ بەڕێوەبەری گشتی وەزارەتی دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کە وەزارەتی مالیە لەگەڵ وەزارەتەکانی تر دانیشتووین، جەنابت باست کرد کە دەست بە پرسیار دەکرێت، ئێستا تازە هەندێك پێشنیار دێتە مێشك، ئەمە لەوانەیە کە بودجەی خۆیان تەقدیم کردووە، کە هاتینە رۆژی موناقەشە تازە پێشنیاری تازە بۆ خۆیان هێناوە، بەڵێ سەبەبەکە ئەوەیە، یەعنی موبەریراتی هێنایە قەناعەتیان بە ئێمە هێنایە کە رەقمەکەی، نەك شەرتە ئیلا وەزارەتی مالیە کەم بکاتەوە، گوتی موتەفیق، واتا ئیتیفاق قەناعەتی لیژنەی هاتووە، بۆیە تەسبیت بووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك عوسمان ئەحمەد فەرموو.

**بەڕێز عثمان احمد حمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە ماددەی دوودا داهاتەکە بە وازیحی هەیە، ئەوە رۆشن کراوەتەوە، پرسیارەکە لە لیژنەی یاساییە لە ماددەی هەشتدا وردەکارییەکان بە مەبلەغ وەکو داهاتەکە دیاری نەکراوە، یەعنی من وادەزانم ئەگەر داهاتەکە بە وازیحی هەیە، سەرفەکەش بە وازیحی هەبێت، ئینجا جێگەی ئەوە دەبێتەوە کە عەجزەکە تەسبیت بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من داوا لە لیژنەی یاسایی و دارایی و جەنابی وەزیریش دەکەم، پێشنیارێك دوو، سێ برادەر ئاماژەیان پێ کرد، کە ئەو ماددەیە هەر زیادە، لەبەر ئەوە لە میهنەکاندا هاتووەو باس کراوە، ئەگەر سەحبی بکەن، باشە پێشنیارەکە سەحب کرا، بڕۆ بۆ پێشنیارەکەی تر تکایە.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشنیارێکی تر لە لایەن لیژنەی دارایی تەقدیم کراوە، ئێمەش پشتگیریمان لێ کردووە، ماددەیەکی ئیزافییە، دوو بڕگەیە، بڕگەی یەکەمیان دەڵێت (لوزیر المختص صلاحية الصرف بما لا يزيد على مائتين و خمسين مليون دينار عن كل حالة وتخويل رؤساء الدوائر الغير تابعة لوزارات بصرف مالا يزيد على مائة مليون دينار.

ثانياً/ لرؤساء الدوائر غير المرتبطة بوزارة صلاحية الصرف بما لا يزيد على مائة وخمسون مليون ديناراً لكل حالة).

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەوە بە ئیتیفاق لەگەڵ وەزارەتی مالییە، تۆزێك لە مەشكیلەكان حەل دەكات، دەسەلأتی بدرێتێ لە زیمنی میزانیەكان، پێم وایە زۆرتان ئاماژەتان پێ كردو داواتان كرد بوو، یەعنی ئێستا ئەو پێشنیارە لەبەر ڕۆشنایی ڕەنگە ئەو داوایانەش بێتن، كە ڕەچاو كراوە، فەرموو پەخشان خان.

**بەڕێز پەخشان عبدالله زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من بە حەقیقەت پرسیارە، یەعنی هەموو دەبینین و زۆر قسە دەكرێت، زۆر توعونات دەكرێت، چەندی ڕاستە، چەندی ڕاست نییە، من باس لەوە ناكەم، ئەو مەبلەغە چۆن سەرف دەكرێت، ئەویش وسولأتی دەبێت، ئەویش جێگای دەبێت، یەعنی چۆن دەبێت، دەرەجەی شەفافیەتی ئەوە چۆنە من تێی نەگەیشتووم، گوتم پرسیارە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك دڵشاد وەڵأمت دەداتەوە.

**بەڕێز دڵشاد عثمان/ بریكاری وەزارەتی دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

هەموو خەرجیەك لە دەزگاكانی حكومەتی هەرێمدا بەپێی یاساو ڕێنماییەكان دەكرێت، ئەگەر پرۆژە بێت ئیعلانی موناقەسەی بۆ دەكرێت، كە (250) ملیۆن دینارە، لە كاتی خەرجیشدا، بە تەئكید بە سولفە دەدرێتن و بە پسوولەی تابیەت لە شوێنەكانەوە پاكتاو دەكرێت لە لایەن حیساباتی ئەو بەشەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك بارزان فەرموو.

**بەڕێز بارزان عبدالله نصرالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من ئەو بڕە پارەیە كە تەحدید كراوە، وەزیرەكان بۆیان هەبێت، من زۆر بە زیادی دەزانم، داوا دەكەم كەم بكرێتەوە بۆ سەد ملیۆن، ئێستا عێراق بودجەكەی شەش بەرابەری ئێمەیە، پێنج سەد ملیۆنی سەلأحیەتی داوەتە وەزیرەكان، مەعقولە ئێمەش (250) ملیۆن، كە من داوا دەكەم كەم بكرێتەوە بۆ سەد ملیۆن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەوە لەسەر داوای ئێوە بوو، گوتتان لامەركەزیەت هەبێت، كاك ڕەشاد فەرموو.

**بەڕێز رشاد احمد ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

میزانیـە کـە تەصـدیق دەکرێـت لـە هـەر وەزارەتێـك وەزیـر سـەلاّحیەتی خـۆی سـەرف دەكـات، مەسـەلەن مەشروعێك ئیحالە كراوە، كە سولفەی بـۆ دەكرێـت خـۆ نایـەت ئـەو سـولفەیە بەشـێك ئـەمڕۆ بـۆی سـەرف بكات بڵێـت هـەموو حاڵـەت ئەوەنـدە، بەشـەكەی تـر بـۆی سـەرف بكـات، خـۆ دەكرێـت ئەگـەر دائیرەیەك بیەوێت ئەوەی بڕوێنێ لەسەر مالیە مەشروعێك دێتن بـای سـێ سـەد ملیۆنـە، دەڵێـت كاكـە دوو موعامەلە نەفسی ئیشە، كاك رەشید ئەو شتانە دەزانن و ئەو شتە بووەو رێگاشیان لێ گرتـووە، بـەڵام ئـەوە چاكترە لە زیمنی میزانیە وەزیر سەلاّحیەتی خۆی بەكار بێنێتن و ئیشی خۆی بكات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

رەئیتان چیە لەسەر ئەوانە كاك رەشید.

**بەڕێز رشید طاهر/بەڕێوەبەری گشتی وەزارەتی دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

دەربارەی پرسیارەكانی كاك رەشاد دەڵێت داخیلی بكات لە زیمنی سەلاّحیەتی خۆی، ئەوە بە تەعلیمات و بە قـانون نابێـت، تـۆ بێیـت شـت تەجیزئـە بكـەیت و داخیلـی سـەلاّحیەتی خـۆتی بكـەیت، ئـەوە موخالەفـەی تەعلیماتە، یەعنی بێیت ئیشـەكە دابـەش بكـەیت، تـاكو داخیلـی سـەلاّحیەتی وەزیـر ببێـت، هـەتا بتوانێـت سەرف بكات، ئـەوە موخـالیفی تەعلیماتـە، لێـرە كـە تەحدیـدیان كـردووە (250) لەسـەر داوای ئێـوە بـوو، یەعنی كە سەلاّحیاتی مەركەزی نەبێتن، سەلاّحیاتی بدرێتە وەزیرەكان بۆ ئەوەی ئیشەكانی خۆیـان بكـەن، ئێمـەش كـە ئـەو رەقەمـەمان قـەبول كـرد، لەوانەیـە هێشـتا وەزارەتـی مالیـە پێـی زۆرە، وەزیرێـك داخیلـی ئیلتیزامێك بێتن، سبەی پارەمان نەبێتن ئـەوەش موشـكیلەیە، ئـەوەش موشـكیلەیەكی گەورەیـە، مەسـەلەن سبەی تۆ میزانیەی هەموو لەبەر دەستی دانێی داخیلی ئیلتیزاماتێك بووە، بەبێ وەزارەتی مالیە، وەزارەتی مالیەش سبەی ناتوانێت تەمویلی بكات، دەبێتە هەلاّو عالەم دێتە گلەیی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

فەرموو كاك شێروان.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

زۆر جاری وا هەبووە بـرا وەزیرەكان دێنە ئێرە موعاناتیان هەیـە دەڵـێن ئێمـە سـەلاّحیاتی سـەرفمان نییـە، ئێمە لەگەڵ لیژنەی دارایی كە دانیشتین گوتمـان بـەلای كـەمی سـەلاّحیەتێكی سـەرفیان بـدەنێ، بـۆ ئـەوەی تۆزێـك تـەخفیف بكـەین لـە موعاناتیـان، بۆیـە ئـەو بڕگانـەمان داخیـل كـرد، فـەرق و جیاوازیمـان كـرد بەنیسبەت وەزیر و ئەوەی دوای وەزیرو ئەو جیهاتانەی غەیری مورتەبیتە بە وەزارەت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئێستا پێنج مانگ ماوە، دوێنێش باسمان كرد لە میزانیەی 2007 پێنج مانگ ماوە، یەعنی ئەو سەلاحیەتەی كە پێشنیارە بدرێتە وەزیرەكان، زەروریە دوو شت موراعات بكرێت، یەكێكیان/ ئەو میزانیەی بۆ پێنج مانگی ماوە چەند بە هەمان رێژە رۆیشتووە لەگەڵ مانگەكانی تر، حەوت مانگ تۆ عەمەلیەن لەبەر چاوتە، لەبەر دەم وەزارەتی مالیەیە چۆن سەرف كردووە، لەو میزانیەی كە ئێستا ئیقراری دەكەن، ئەو پێنج مانگەی كە دادێتن دەتوانی لەسەر هەمان ئینسیابی بڕوات، یان نا، ئەوە یەك.

دووش/ ئەو دەسەلاتەی كە دەدرێتە وەزیر بە تەئكید دەبێت لە زیمنی میزانیەكەی خۆی بێت، ئایا ئەو تەخصیصاتە هەیە لە وەزارەتی مالیە؟ ناكرێتن بێ تەعاون و تەنسیق لەگەڵ وەزارەتی مالیە، سیولەی نەقدی هەیە، لەبەر دەمیەتی وەزارەتی مالیە، یان نا، لەبەر ئەوە ئەو شتە باشە ئیزافە كراوە، یان ئیزافە بكرێت، ئەگەر نەكراوە، یەعنی (بالتنسیق مع الوزاره المالیە علی معرفە السیوله)، چونكە ئەگەر سیولە نەبێتن، تۆ ئیتیفاق لەگەڵ شەریكەیەك بكەیت، لەبەر رۆشنایی میزانیەی خۆشت بێتن، ئەگەر ئەمریشیدا كە لەگەڵ وەزارەتی مالیە گوتی سیولەم نییە، چی دەكەیت، لەبەر ئەوەی پێش ئەوەی هین بكەیت با دەسەلاتیشی نەبێت، بەلام تەئكیدێك بكاتەوە، یەك زیمنی میزانیەیەتی و سیولەش هەیە، كاك دڵشاد فەرموو.

**بەڕێز دڵشاد عثمان/ بریكاری وەزارەتی دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

پێم وایە دوو شتی جیاوازە، ئەوەی كە تەرح دەكرێت، یەكەم/ دەتوانین ئیزافەی بكەین بە بوونی ئیعتیماد لە میزانیە، دەبێت موازەنەكە ئیعتیمادی تێدا بێت، ئینجا دەتوانێت ئەو (250)یە ئیزافە بكات، ئەوە زەروریە، بەلام سیولەی نەقدی بەڕاستی ئەوە عیلاقەی بە تەخصیصاتەوە نییە، لەبەر ئەوە پێم وایە پێشنیاری یەكەمی جەنابت زۆر باشە بخرێتە ناو ماددەكەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك دكتۆر دلێر فەرموو.

**بەڕێز د.دلێر اسماعیل حقی شاوەیس:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەڕاستی ئێمە وەكو لیژنەی دارایی پێشنیازێكمان كرد، كە وەزیر سەلاحیەتی نیو ملیار دیناری هەبێت، یەعنی پێنج سەد ملیۆن، مەبەستەكەش چی بوو، ئەوەی خوار وەزیرەوەش سێ سەد ملیۆن مەبەستەكە ئەوە بوو، ئێمە تۆزێك هەوڵ بدەین سەربەخۆییەك بدەین بە وەزارەتەكان و ئەو مەركەزیەتە نەهێڵین، بەلام كاتێك كە لەگەڵ برادەران لە وەزارەتی مالیە دانیشتین قەناعەتیان پێ هێناین كە ئەو مەبلەغە زۆرە، ئەگەر چی لەناو لیژنەی دارایی موناقەشەیەكیش بوو لەو بابەتەوە لەسەر مەبلەغەكە، هەندێك لە برادەران پێیان زیاد بوو، بۆیە ئێمەش قەناعەتمان هێنا كە مەبلەغەكە كەم بكەینەوە، خۆی تەحصیل

حاصله ئەگەر ئیعتیمادات نەبێت، پارە نەبێت وەزیر خۆی ناتوانێت سەرفی بکات، وەزیر چەکەکەی دەڕوات وەختێك دەتوانێت پارە سەرف بکات، کە ئیعتیمادات هەبێت، کە ئیعتیمادات نەبێت ئۆتۆماتیکیەن پارەکەی ناڕوات، من خوشك و برایانیش دڵنیا دەکەمەوە بەداخەوە ئێمە هەندێك مەعلوماتمان نییە، هەندێکمان لە ئیدارات کارمان نەکردووە، هیچ سەرف کردنی مەبلەغێك لە فلسێکەوە هەرچەندە فلس نەماوە، لە دینارێکەوە تاکو ملیۆنێك دینار، یەعنی بەبێ وسولات و بەبێ تەعلیمات و بەبێ چوارچێوە یاسایەکەی سەرف ناکرێت لە هیچ دامودەزگایەکی حکومیدا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك شێروان فەرمووو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە قەناعەتی من ئێمە ئەگەر سەلاحیەتی سەرفمان داوە بە وەزیر، دەبێت سەلاحیەتەکەی بە موتڵەقی بیدەینێ و ئیستیعمالی بکات، یانیش لە تەعلیماتی مالی و ئوسولی مالی من نەمزانیوە ئیستیعمالی سەلاحیات مەرهون بێت بە تەنسیق لەگەڵ وەزارەتی مالیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

صیغەکەی بخوێنەوە بزانین چۆنە.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی لە نوێنەرانی حکومەت بۆمان هاتووە، لەگەڵ لە ئاخیری فەقەرەکە بۆی زیاد بکەین دەڵێت (مع مراعات عدم الدخول بالالتزامات دون وجود الاعتماد في الموازنة).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو صیغەیە ئیزافە بکرێتن باشە، دەسەلاتەکەی بدەیێ، بەلام تەئکید بکاتن کە ئیعتیماد هەیە، ئەوە زۆر باشە، بەلام هەم تەحقیق لەوە دەکاتن کە وەزیر دەسەلاتی هەبێتن، لە هەمان کاتیشدا پێش ئەوەی ئەو دەسەلاتە بەکار بێنێت بزانێتن ئیعتیماد هەیە، یان نا، ئەوە ئێستا ماددەکە دەوڵەمەند دەکات و وەزارەتیشی تێدا نامێنێت بەو شکلە، یەعنی خۆی تەئکیدێك بکەینەوە، مەسەلەن دەڵێ زۆرە، خۆی لە زیمنی میزانیەکەیە، ناتوانێت لە زیمنی میزانیەکەی یەك فلس زیاتر سەرف بکاتن، چونکە کە چەکەکە دەچێتە وەزارەتی مالیە، پێش ئەوەی سەرفی بکەن تەماشای بابەکەی دەکەن، تەماشای فەسلەکەی دەکەن و میزانیەکەشی دەکەن، ئەگەر تەرخان کراوە بۆی و ئیعتیمادیش هەیە، ئینجا سەرف دەکرێتن، مەسەلەن دەڵێ ئەوەندە دەسەلات دراوە، ئەوە نییە بڵێ بڕیارمدا پێنج سەد ملیۆن دۆلار سەرف بکەم و یەکسەر سەرف بکرێتن، ئەوە نییە، دەبێت ئەوەلەن لە زیمنی بەرنامەی وەزارەت بێتن، لە زیمنی بودجەی

تەرخانکراو بێت، ئینجا ئەوەش ئیزافە بکرێتن، تەئکید بکاتەوە کە ئیعتیماد هەیە، فەترەی ئیعتیماد زۆر زەرورییە لەو حاڵەتەدا، جا ئەگەر بینووسی و بیخوێنێنەوە، بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدانەوە تکایە.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مادده ئیزافیەکە (اولاً/ للوزیر المختص صلاحیة الصرف بما لا یزید علی مائتین و خمسین ملیون دینار عن کل حالة وتخویل رووٴساء الدوائر غیر تابعة لوزارات بصرف مالا یزید علی مائة ملیون دینار.

ثانیاً/ لرووٴساء الدوائر غیر المرتبطة بوزارة صلاحیة الصرف بما لا یزید علی مائة وخمسون ملیون دیناراً وفي کلتا الحالتین ینبغي مراعات عدم الدخول بالالتزامات دون وجود الاعتماد في الموازنة).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

(وتخویل) یان دەبێت بنووسرێت (ولە تخویل)، یەعنی ئەوەی یەکەم فەرزە، بەڵام ئەوەی تر، جەنابی وەزیر لەسەر ئەو صیغەیە موافیقی، ئەو پێشنیارە باشە لەبەر رۆشنایی هینەکان، فەرموو.

**بەڕێز ملا سعدالدین عبدالله مولود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خۆشە ئەوە روون بکرێتە (عن کل حالة) دەبێتە فەوزا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دە جار روونم کردەوە، بەس جارێکی تر دەیڵێمەوە، ئەوە نابێتە فەوزا، چونکە لە زیمنی میزانیەکەیە (عن کل الحالة)، مەسەلەن تۆ وەزارەتی تەندروستی شتێك دێتە پێشەوە کڕینی دەرمانە، عەقدێك ئیمزا دەکەیت لە میزانیەکەی دانراوە بۆ کڕینی دەرمان مەسەلەن یەك ملیار دینار لە زیمنی ئەو ملیارە حاڵەتێك لەگەڵ شەریکەیەك ئیمزا دەکات بایی دوو سەد ملیۆن دینار دەرمانەکە دەکڕێت ئیمزا دەکاتن، تەئکید دەکاتەوە لە هین، ئەوە حاڵەتێکە، لە هەمان رۆژ حاڵەتێکی تر هەیە لەگەڵ بابڵێین شەریکەیەکی تر بۆ دروست کردنی نەخۆشخانەیەك، ئەویش لە زیمنی میزانیەکە بابێکی ترە دروست کردنە، ئیمزا دەکاتن لە حدودی ئەو دوو سەد ملیۆنە، تەئکید دەکاتەوە بۆ ئیعتیماد، ئەگەر لەو پارەیە زیاتر بوو، واتا لە زیمنی میزانیەکە بوو ئەوە دەینرێت بۆ ئەنجومەنی وەزیران حەسبی تەعلیمات لە دەسەڵاتی کێیە موافەقەت وەردەگرێت (کل حالة) یەعنی ئەو عەقدەی کە کردوویەتی، بۆ ئەو حاڵەتە کڕینی دەرمانە، وەکو وەزارەتی تەندروستی، دروست کردنی بینایە، عەقدێکە لەگەڵ جیهەتێك، ناردنی وفودە، بەڵام لە زیمنی میزانیەیە، دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بە زۆرینەی دەنگ وەرگیرا.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەیەکی ئیزافی هەیە دیسان لیژنەی دارایی پێشنیاری کردووەو نوێنەرانی حکومەتیش موافەقتیان کردووە، ئێمەش پشتگیریمان لێ کردووە، ماددەکە بەم شێوەیە (تقید مبالغ التبرعات الممنوحة للوزارات والجهات غير المرتبطة بوزارة بعد قبولها من قبل وزير المالية ايراداً نهائياً للميزانية العامة على ان يقوم وزير المالية بتخصيصها من اعتمادات الوزارة او الجهات غير المرتبطة بالوزارة لصرفها على الاغراض التي منحت من اجلها).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وازیحە، دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ وەرگیرا، فەرموو بۆ ماددەکەی تر.

**بەڕێز طارق محمد سعيد جامباز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی دەیەم کە دەبێتە ماددەی دوازدەم، چونکە دوو ماددەی تر ئیزافە کرا.

ماددەی دوازدەم: وەزیری دارایی و ئابووری بۆی هەیە رێنمایی پێویست دەربچوێنێ بۆ ئاسانکاری حوکمەکانی ئەم یاسایە.

**بەڕێز شێروان ناصح حيدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الثانية عشرة: لوزير المالية اصدار التعليمات اللازمة لتسهيل تنفيذ احكام هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ماددەیەکی تەبیعیە لە هەموو پرۆژەی یاساکاندا هاتووە، دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بە کۆی دەنگ وەرگیرا، ماددەکەی تر تکایە.

**بەڕێز طارق محمد سعيد جامباز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی سێزدەم: ئەم یاسایە لە رۆژنامەی فەرمی بڵاو دەکرێتەوە لە رۆژی (2007/1/1)ەوە کاری پێ دەکرێ.

**بەڕێز شێروان ناصح حيدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الثالثة عشرة: ينشر في الجريدة الرسمية ويعتبر نافذاً اعتباراً من (2007/1/1).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو دکتۆرە شوکریە.

**بەڕێز د.شوكریە رسول ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لە هەموو یاساكاندا وەقائیعی كوردستان باس دەكەین، دەتوانین بڵێین لە رۆژی بلاّو كردنەوەی لە وەقائیعی كوردستاندا ئەم یاسایە كاری پێ دەكرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك رەشاد فەرموو.

**بەڕێز رشاد احمد ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من وای بەباش دەزانم هەر ئیشارەتدان لە (2007/1/1)دا دەبێتە ئەسەری رەجعی، قانونیش بە ئەسەری رەجعی دەرناچێت، هەر ئیشارەت بدەینە ساڵی 2007 زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

میزانیە دەردەچێت، چونكە زۆر جار تەبیعییە دوو مانگ، سێ مانگیش تاخیر دەبێتن، ئەوەی دكتۆرە شوكریە گوتی فەرقێكی وای نییە، لە هەموو پرۆژەكان چۆن نووسراوە هەروایە، وەقائیعی كوردستان دەنووسرێت باشە، دەیخەمە دەنگدانەوە بەو مولاحەزەیەی كە وەقائیعی كوردستانیش تێدا بێت، كێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، بە كۆی دەنگ وەرگیرا، ئێستا پرۆژەی یاسایەكە هەمووی دەخەمە دەنگدانەوە، كێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، بە زۆرینەی دەنگ وەرگیرا، تەبعەن ئەو تەوصیاتانەش دەدرێتە ئەنجومەنی وەزیران لەبەر رۆشنایی موداخەلەكانتان، دوایی ئەولەویاتەكە هێن دەكەین، شەرت نییە ئەولەویاتەكە یەكەم/ دەبێت میزانیەی 2008 لە وەختی یاسایی خۆیدا، واتا پێش كۆتایی میزانیەی ساڵی 2007 پێشكەش بكرێت، دەبێت ناوچەكانی كە دواكەوتوون و زەرەرمەند بووینە بە چەكی كیمیاوی لە هەرێمی كوردستاندا رەچاوی بكات و گرنگی تایبەتی پێ بدات، دەبێت حكومەت گرنگی بەو ناوچانە بدات كە تاكو ئێستا لە دەرەوەی هەرێمی كوردستان ماون لە خانەقینەوە تا سنجار، دەبێت ئیهتیمام بداتن بۆ ساڵی داهاتوو، ئەو مووچە خۆرانەی كە زۆر مووچەیان كەمە گرنگی بەوان بداتن بۆ چاكردنی گوزەرانیان، میلاكاتی دەوائیری حكومەت چاك بكرێتەوە، ئەوانەی كە زیادن لە حاجەتی حكومەت لە كەوادیری وەزیفی و مووچە وەردەگرن، دەبێت ئیشیان بۆ پەیدا بكاتن، یاخود چارەسەرێكیان بۆ بدۆزێتەوە، ئەوانەی دوو مووچەیان هەیە، یان سێ مووچەیان هەیە، دەبێت بە هیچ شێوەیەك نەمێنێت، دەبێت حكومەت پێش كۆتایی ساڵ هەرسێ وەزارەتەكە یەك بخاتەوە، وەزارەتی دارایی و ئابووری، وەزارەتی ناوخۆ، وەزارەتی پێشمەرگە، تەبعەن ئەوە تەوصیەیە، كە وتت بڕیار دەبێت بزانرێت جێ بەجێ دەكرێتن، بۆ ئەوەی وەكو تەوصیەیە، بەلاّم وەعدیشمان وەرگرتووەو كاریشیان بۆ كردووە، ئینشائەڵلاّ جێ بەجێشی دەكەن، تەوصیە دەكەین تەخویلی وەزارەتی دارایی و پلانداناان بكرێتن لەنێوان

خۆیاندا هاوكاری بكەن، بۆ ئەوەی بەدواداچوونی ئەو پرۆژانە بكەن، كە وەختیان بەسەردا چووە جێ بەجێ نەكراون، كارەكانیان لە 10٪ كەمتر جێ بەجێ كردووە، دەسەڵاتیان پێ بدرێتن، بۆ ئیلغا كردنی ئەو پرۆژەیە، ئەوەی كاك بارزان پێشنیاری كرد، هەروەها داوا لە لیژنەی دارایی و ئابووری دەكەین پاشی ئەوەی كە لێرە پەسند كرا تەقدیرێك بكەن، ئەو حەوت مانگای رابردوو میزانیە چۆن سەرف كراوە، چەند موتابەقەتی هەیە، لەگەڵ ئیقرارەكەمان كە كردوومانە، ئەو مەبلەغەی كە دانراوە بۆ ساڵێك، ئەو حەوت مانگە عەمەلیەن نەفەقات چەند بووە دەریبێنن بزانن لە رووی عەمەلیەوە ئەو میزانیە چۆن دەڕوات ئینسیابیەكەی چۆنە، بۆیە بۆ ئەوەی بتوانین ئەو پێنج مانگەی ماوە ئێمە ئاگادار بین، دوایێش ئاگادارمان بكاتەوە، چۆن رۆیشتووەو چۆن دەڕوات، بۆ ئەوەی هەم شەفافیەتەكە زیاتر بێتن، هەمیش بەرچاومان روون بێت وەكو پەرلەمان ئەو میزانیە چۆن بەرێوە دەچێتن، ئەو تەوصیەی تریش بوو بە خاڵێك لە پرۆژەكە، كە هەرسێ مانگ جارێك وەزیری دارایی و ئابووری بێتە پەرلەمان بۆمان شەرح بكاتن جێ بەجێ كردنی موازەنەو ئەو یاسایە چۆن بەرێوە دەچێتن، من زۆر سوپاستان دەكەم، ناوچەكانی دەرەوەی هەرێمیش گرنگی پێ بدەن، فەرموو كاك ئارێز.

**بەڕێز ئارێز عبدالله احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە باسی دوو شتمان كردووە، یەك/ گرنگی دان بە ناوچەكانی كیمیاباران وەكو هەڵەبجە.

دوو/ باسی كورت هێنانی میزانیەمان كرد، من لەو پێناوە داوا دەكەم تەوصیەیەك بكەین دەست بەجێ مووچەی ئەو هەموو سەرۆك جاش و دیوەخانەكان و چەكدارانەی ئێستاش لەگەڵیانە ببڕێت، ئەو بڕە پارەی كە لەوان دەبڕێت بخرێتە سەر بۆ كورت هێنانی میزانیەی، یان لە هەڵەبجە خەرج بكرێتن، من دەزانم زیاتر لە سەد سەرۆك جاش بەشدار بوو لە كارەساتەكانی ئەنفال ئێستا مووچەو دیوەخانانەیان هەیە، هەشە دە چەكداری هەیەو سەرۆك جاش هەیە سێ سەد جاشی ئێستاش مووچەكانیان وەردەگرێت ئەوانە هەمووی ببڕێت، كە زیاتر لە سێ سەد، چوار سەد ملیۆن دینار دەكاتن قەبری ئەحمەد موختار بەگی جاف بە سێ، چوار ملیۆن دینارە لەهەڵەبجە نییە چاكی بكەینەوە، بەڵام رەنگە من تەقدیری ئەوەی دەكەم پێنج سەد ملیۆن دینار بۆ ئەو تاوانبارانەی كە ئێستاكە ناویان لە مەحكەمەی باڵای بەغدا هەیەو پێویستە دادگایی بكرێن، لەبەر ئەوە داوا دەكەم مووچەی ئەو كەسانە ببڕێت.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەوەلەن پێشنیاری تازە نییە، چونكە ئێمە دوێنێمان تەرخان كرد بوو بۆ پێشنیارەكان، جەلسەش تەواو بووە، دووەمیش/ ئەگەر ئەو ناوانەت هەیە حەز دەكەم پێمان بڵێی هەر ئەوەندە قسە نەبێتن، دوایێ بە نووسین بماندەرێ لەگەڵ بڕە پارەكە، چونكە نە ناویان هاتووە، نە تەخصیصاتی هەیە، پێشمان بڵێی لە كام وەزارەتدا ئەو پارەیان بۆ سەرف دەكرێت، ئەوە قسەكان تەواو بوو، كوێستان خان فەرموو.

**بەڕێز كوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

دوێنێش ئەو پێشنیارەمان كردووە یەك، دوو ئەندامی پەرلەمان، ئەو مینحەو ئەو بەردەست و میزانیەی كە هەیە كە دەدرێت بە خەڵك و ئەوانە ئەوە كەم بكرێتەوە، ئەوەی سیادی ئەوە كەم بكرێتەوە، چونكە ئەوەی بینومانە زۆر زۆر زیادە، ئەوە بكرێت بە پرۆژە، یەعنی چاوی پێدا بخشێندرێتەوە بۆ ساڵی داهاتوو، من لەگەڵ ئەوەی كاك ئاریزم نەك هەر هی جاشەكان، هی جاش و باشی دیوەخانەكان ببڕێت، ئەوە دیاردەیەكی ناشارستانی و ناشیرینە زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك محەمەد حەكیم فەرموو.

**بەڕێز محمد حكیم جبار:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە (56) كەس داوامان كرد لە سەرۆكایەتی پەرلەمان باسی بودجەی ئەحزاب بكات، هیچ وەڵامی نەبوو، دوێنێ چەند كەسمان باسمان كرد جەنابت لە تەوصیاتەكانت نەت پرسیەوە، ئێمە ئەو حزبانە هەست بە مەزلومیەت و مەغدوریەت دەكەین، زۆر شتی لێرە ناڵێین، لەبەر بەرژەوەندی گشتی، زۆر نهێنی و زۆر فەسادی مالیش هەیە دەیزانین، من پێم سەیرە حزبێك بودجەكەی و هینەكەی بە قەدەر شێخێك نەبێت كە بۆ تەكیە بۆی سەرف دەكرێت چەند سەد پۆلیسی بۆ سەرف دەكرێت، یەعنی نازانم هەر باسی دەكەین و هەر ئەو تەڵەب وداوای ئێمە دەخرێتە ژێرەوە.

خاڵی دووەم/ ئەوەی دەبیستین، ئەو دوو مووچە خۆریەی كە هەیە لە گەورەكان نابڕێت، یەعنی هەبووە وەزیر بووە، ئێستا پۆستێكی تری هەیە تەقاعودی وەزیریەكەش وەردەگرێت، ئایا لە وەزارەتی مالیە قەناعەتم بە قسەی كاك شێخ هەیە، ئەوە راستە، یان نا، یەعنی بۆ لە فەقیرەكە ببڕێت، لە گەورەكە نەبڕێت.

سێ/ تێبینیم خارجی مەوزوع، ئەگەر ئەندام پەرلەمانێك قسە دەكات، سەرۆكی پەرلەمان بۆی هەیە بێ دەنگی بكات، یان قسەی پێ ببڕێت، ئەندامێكی دیكە دەتەخول نەكات، چونكە حەدیسێكی پێغەمبەر (ص) هەیە دەڵێت (من تدخل فیما لا یعني لقی مالا یرضي)، دوایێ شتی خراپ دەبیستێتەوە لەو كەسەی كە تەعلیقی لێدا، یان قسەی لێ دەكات، من داوای لێبوردن دەكەم كە لە مەوزوع دەرچووم، لەبەر ئەوەی لەوانەیە ئەوە دوایین جەلسەمان بێت، یەك دوو مانگ مۆڵەتمان هەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كێ دەڵێت مۆڵەتتان هەیە، تەبعەن كەسیش قسەی كەس نابڕێت، ئێمە رێگا نادەین بەو شتانە، ئەگەر شتێكیش كرا بێتن، ئەوە حەق نییە تەعمیم بكەیت لەسەر هەموو پەرلەمان، برادەرێك ئەگەر هینی كرد بێت ئەوە رەخنەیەكی بەسیتی لێ دەگیرێتن، نابێت دووبارەش بێتەوە، بەڵام كەس قسەی كەس نابڕێتن،

من مولاحەزەم نەكردووە، ئەگەرنا لێرەوە تەدەخول دەكەم، كەس نییە تەدەخول بكات لە قسەی یەكێكی تر، ئەوە مەبدەئێكی عامەو حەقێكی مەحفوزە بۆ ئەندامی پەرلەمان، بەنیسبەت ئەو داواكاریەی كە تەقدیمی پەرلەمان كرا، سەرۆكایەتی كرا بوو (53)كەس ئیمزای كرد بوو، من ئەوە چەندەمین جارە شەرحم كردووە، كە ئیهمال نەكراوەو ئێمە ناردوومانە بۆ حكومەت، گوتیشم بەپێی عورف دەبێت بیخەینە بەرنامەی كار، بەڵام تۆ بێیت موناقەشەی شتێك بكەیت، تەرەفی حكومەت رەئی لەسەر نەدابێت عیلاقەی بە پارەوە هەیە، پەرلەمان چ موناقەشەی بكاتن، پرۆژەیەك لە حكومەتەوە بێتن رەئیان بزانین چەندە، چەند كراوەو جەدوەلێكیان هەبێتن، ئەوان تەقدیریان هەیە، پێشتر هەردوو ئیدارە یارمەتیان هەبووە ئەو حیسابانە، بزانن چەند دەكات، بۆ ئەوەی ئێمە لەبەر رۆشنایی ئەوە دەڵێین، لەگەڵ ئەوەشدا مولاحەزەی دووەم قبولە، ئەوەش دەكەینە تەوصیەیەك، حكومەت ئیهتیمام بداتن، فیعلەن دوێنێ باس كرا، راست دەكەیت لەبیرمان چووە لە هینەكە باس كراوە، ئاماژە بەوەش كرا كە داواكاری هەیە، بودجەی حزبەكان دیاری بكرێتن و گرنگی پێ بدرێتن، فەرموو گوڵناز خان.

**بەڕێز گوڵناز عزیز قادر:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بكرێت بایەخدان بە ناوچە ئەنفالكراوەكان بخرێتە بەرنامەی كار عەقاریش نەبرێت، بەڕاستی عەقار یەكێكە لەو شتانەی كە زۆر یارمەتی هەژار دەدات لە بیناتنانی خانوو، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

لەو شوێنەی كە نووسراوە كیمیاباران ئەنفالیش ئیزافە دەكەین لە تەوصیاتەكان، مەسەلەی عەقار و ئەوانە ئەگەر ویستتان پرۆژەیەك تەقدیم بكەن دەیكەینە بڕیارێك و، بەڵام ئەوە دەمێنێتە سەر قودرەتی حكومەت، ئێمە خۆمان تەماشا دەكەین دەبینین ئێستا عەجزی هەیە، نەك بەس ئەوە، یەعنی سولفەی زراعی ئەگەر بدرێتن، ئەمڕۆ زەروریترە لە هەموو شتێك بتوانین ئەوە زیندوو بكەینەوە، مەسرەفی زراعی زیندوو بكەینەوە لە بەرنامجێكدا بۆ بووژاندنەوەی لادێ و زراعەت و ئەوانە زۆر زەرورییە لە عەقاریش زەروریترە، بەڵام ئەوەش دەمێنێتن و دەنووسین، كاك شێخ بایز لە كۆتاییدا ئەگەر قسەیەكت هەیە فەرموو.

**بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی/ وەزیری هەرێم بۆ كاروباری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

زۆر زۆر سوپاسی بەڕێزتان دەكەم، زۆر سوپاسی هەموو خوشك و برایانی ئەندامانی پەرلەمان دەكەم بۆ موصادەقە لەسەر قانونی میزانیەو وەعدیشتان دەدەینێ هەموو ئەو تەوصیاتانەی كە عیلاقەیان بە وەزارەتی مالیەوە هەیە، وەكو خۆی جێ بەجێ بكەین بە قەدەری ئیمكان، ئینشائەڵلا بەو تەقاریرانەش كە

بـەرزی دەکەینـەوە بۆتـان، ئـەو راسـتیانە دەبیـنن، ئەوانـەش کـە عیلاقـەی بـە سـەرۆکایەتی ئەنجومـەنی وەزیرانەوە هەیە، ئەوە بۆ ئەوان دەڕواتن، دووبارە زۆر زۆر سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، کۆتایی بە دانیشتنەکە دەهێنم، بەڵام پێش ئەوەی بچینە دەرەوە سێ پرۆژەی گرنگمـان هەیـە خوێندنەوەمان بۆ کردووە، هەرسێ یەك لە یەك گـرنگترن، لەبـەر ئـەوە ئەگـەر لـەو چـەند رۆژەی داهـاتوو لیژنـەکان کـە ئیحالـەیان بـۆ کـراوە، داوا دەکـەم بـە پەلـە راپـۆرتی خۆیـان حـازر بکـەن، داوای دانیشـتنێکی نائاسایی دەکەین بۆی، یەکێکیان/ پـرۆژەی یەکگرتنـەوەی ئاسایشـە، یـەکێکیان/ پـرۆژەی سـوڵتەی قەزائیـە، یەکێکیان/ پرۆژەی نەوتە، من داواتان لێ دەکەم پرۆژەی نەوت و غـاز دراوەتـە هـەر ئەنـدامێك بەنووسـین، چونکە زۆرە، هەرسـێکیان، بـەڵام ئـەوە بەتایبـەتی بـە نووسـین تێبینیـەکانی خۆتـان بنووسـن بـۆ لیژنـەی یاسایی و لیژنەی دارایی و ئابووری، بۆ ئێمە بۆ سەرۆکایەتی بنووسن، ئێمە ئیحالەی دەکەین بۆ ئـەوان، بـۆ ئەوەی رەئیتان لەسەر ماددەکان، چونکە ئەگـەر وا نـەبێتن زۆر دوورو درێـژە بـە چـوار، پێـنج دانیشـتنیش تەواوی ناکەین، بەڵام ئەگەر ئێستاکە بیخوێنەوەو چوار پێنج رۆژتان لـە پێشـە پـێش ئـەوەی داوا بکـەین و پێشنیارەکانتان بە نووسین و بـە پەلـە بیـدەن، هـەروەها بەنیسـبەت پـرۆژەی ئاسـایش و پـرۆژەی سـوڵتەی قەزائیش، من گوتم پرۆژەی نەوت، دەبێت پرۆژەی وەزارەتی سامانە سروشتیەکان پێشتر بکرێت، بە تەئکید کـە ئـەوان حـازر کـرا، ئـەویش حـازرە، جەلسـەی یەکـەم دادەنـێین بـۆ یاسـای وەزارەتەکـە، جـا ئاگادارتـان دەکەینەوە، بەڵام داوا لە لیژنەکان دەکەم پەلە بکەن لە حازر کردنی راپۆرت، داواش لە ئێوە دەکـەم ئـەوەی مولاحەزەی هەیە، تێبینی هەیە بە نووسین بینرێتن بۆمان، کاك رەشاد فەرموو.

**بەڕێز رشاد احمد ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشنیار دەکەم کۆبوونەوەیەکی موشتەرەك بکرێت لەنێوان لیژنەکان بەنیسبەت پرۆژەی نەوت، بـۆ ئـەوەی وردەکاری زۆری تێدایەو زۆربەی زۆریشی فەنییـە بەڕاسـتی، یـەعنی هـی ئـەوەی نییـە هـەمووی موناقەشـە بکرێت بە شکلی فەردی، سەرۆکی لیژنەکان لەگەڵ لیژنەی یاسایی یەك کۆبوونەوەی لەسەر بکەن و کۆتایی پێ بێنن و زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەپێی نیزامی داخیلیش هەروایە، بەڵێ کاك شێروان.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت هەیکەلی تـەنزیمی وەزارەتـی سـامانە سروشـتیەکان لەگـەڵ پـرۆژەی یاسـای نـەوت و غـاز، ئێمـە هەشـت نـۆ رۆژە خـەریکین کۆبوونـەوەمان لەگـەڵ وەزیـری سـامانە سروشـتیەکان کـردووەو راپۆرتـەکانمان هەمووی حازرە، ئەمڕۆ پێشکەش بـە سـەرۆکایەتی کـرا، بـۆ ئـەوەی تـەبع بکرێـت و دابـەش بکرێـت بەسـەر

ئەنـدامانی پەرلـەمان، بەهـەمان شـێوە بەنیسـبەت سـوڵتەی قـەزائی راپـۆرتی ئێمـە حـازرەو پێشـکەش بـە سەرۆکایەتی پەرلەمان کـراوە، تـەنها مەسـەلەی پـرۆژەی ئاسـایش نـەبێت ئـەوە تـاوتۆ نـەکراوە، ئینجـا ئـەو مولاحەزاتانەی هەیە هی جەنابت، لیژنەکان دەتوانن بە راپۆرتی خۆیان بەجیا بۆ سەرۆکایەتی بنێرن، زۆر سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دانیشتەکەمان تەواو بوو زۆر سوپاستان دەکەم.

| | | |
|---|---|---|
| **فرست احمد عبدالله** | **محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی)** | **عدنان رشاد مفتی** |
| **سکرتێری ئەنجومەنی نیشتمانیی** | **جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی** | **سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی** |
| **کوردستان – عێراق** | **کوردستان – عێراق** | **کوردستان - عێراق** |

# ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (1)ی نائاسایی**

**دوو شەممە ڕێکەوتی 23\7\2007**

**خولی دووەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (1)ی نائاسایی

## دوو شەممە ڕێكەوتی 2007/7/23

کاتــژمێر (10،30)ی ســەر لــە بــەیانی رۆژی شــەممە رێکــەوتی 2007// ئەنجومــەنی نیشــتمانیی کوردســتانی عێــراق بــە ســەرۆکایەتی بــەڕێز عــدنان رشــاد مفــتی ســەرۆکی ئەنجومــەن و, بــە ئامــادەبوونی بەڕێزمحمـد قـادر عبـداللە(د.کمـال کـەرکووکی) جێگـری سـەرۆك و, بـەڕێز فرسـت أحمـد عبـداللە سـکرتێری ئەنجومەن, دانیشتنی ژمارە (1)ی نائاسایی خولی دووەم, ساڵی (2007) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی کار:**

پشـت بەسـتن بـە بڕگـە (1)ی مـاددە (6) لـە پـەیڕەوی نـاوخۆی ژمـارە (1)ی هـەموارکراوی سـاڵی 1992ی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق, بەپێی بڕگە (1)ی ماددە (20)ی پەیڕەوەکە، بڕیـاردرا بەرنامـەی کاری دانیشتنی ژمارەی (1)ی نائاسایی خـولی گرێـدانی یەکـەمی سـاڵی سـێیەمی خـولی هەڵبـژاردنی دووەمـی پەرلەمانی کوردستان – عێراق, بەرنامەی کار بەم شێوەیە بێت:

1- خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پرۆژەی یاسای وەزارەتی سامانە سروشتیەکان لە هەرێمی کوردستان.

2- خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پرۆژەی یاسای نەوت لە هەرێمی کوردستانی عێراق.

3- خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پرۆژەی یاسای دەسەڵاتی دادوەری هەرێمی کوردستانی عێراق.

4- خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پرۆژەی یاسای دەزگای ئاسایشی هەرێمی کوردستانی عێراق.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی کوردستان دانیشتنی ئەمڕۆمان دەکەینەوە, بەرنامەی کار:

پشـت بەسـتن بـە بڕگـە (1)ی مـاددە (6) لـە پـەیڕەوی نـاوخۆی ژمـارە (1)ی هـەموارکراوی سـاڵی 1992ی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق, بەپێی بڕگە (1)ی ماددە (20)ی پەیڕەوەکە، بڕیـاردرا بەرنامـەی کاری دانیشتنی ژمارەی (1)ی نائاسایی خولی دووەمـی هەڵبـژاردن لـە کـات(10،30)ی پـێش نیـوەڕۆی رۆژی دوو شەممە رێکەوتی 2007/7/23دا بەم شێوەیە بێت:

1- خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پرۆژەی یاسای وەزارەتی سامانە سروشتیەکان لە هەرێمی کوردستان.

2- خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پرۆژەی یاسای نەوت لە هەرێمی کوردستانی عێراق.

3- خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پرۆژەی یاسای دەسەڵاتی دادوەری هەرێمی کوردستانی عێراق.

4- خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پرۆژەی یاسای دەزگای ئاسایشی هەرێمی کوردستانی عێراق.

سەرەتا بەخێرهاتنی بەڕێز دکتۆر ئاشتی هەورامی وەزیری سامانە سروشتیەکان، لەگەڵ بەڕێزان کـاك واجیـد و کاك سیروان کە هەردووکیان لێرە ئامادەن بەخێر هاتنیان دەکەم، بەخێر بـێن سەرچـاو، بەرنامـەی کارمـان خاڵی یەکەم/ خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی یاسای وەزارەتی سامانە سروشتیەکان لـە هـەرێمی کوردسـتان، داوا

له لیژنەی یاسایی دەکەم بێن له شوێنی خۆیان دانیشن، ئەگەر راپۆرتی تریش هەبێت، لیژنەی پیشەسازی ئەگەر راپۆرتی هەبێت با بفەرمووێت.

**بەڕێز ایدن عثمان ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

راپۆرتمان نییە، بەڵام لەگەڵ رای لیژنەی یاساییینە سەد له سەد.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، کەواتە لیژنەی یاسایی تێبینیەکانی لیژنەی پیشەسازیشی وەرگرتووە، زۆر چاکە، داوا له لیژنەی یاسایی دەکەم راپۆرتی لیژنەی یاسایی بە زمانی کوردی بخوێنێتەوە، دوایی خاڵ بە خاڵ بە هەردوو زمان دەبێت بخوێندرێتەوە، فەرموو، یەك دەقیقە کاك کەریم بزانین نازناز خان نوقتەی نیزامی چیە.

**بەڕێز نازناز محمد عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من تەعەجوب دەکەم لیژنەیەکی موختەس و پەیوەندارمان هەیە بۆ ئەو مەوزوعە، چۆن دەبێت راپۆرتی نەبێت، یان راپۆرتی هاوبەشی نەبێت لەگەڵ لیژنەی یاسایی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دیارە گوێت لە هین نەبووە، ئێمە پێشتر گوتمان ئیتیفاقمان کردووەو پێشنیارەکانمان داوەتە لیژنەی یاسایی، پشتگیری لیژنەی یاسایی دەکەین سەد لە سەد، تێبینیەکانمان داوەتە لیژنەی یاسایی، ئەوەش کارێکی باشە، کەواتە راپۆرتەکە موەحەدە، بەس جەنابت دیارە ئاگاداری ئەوە نەبووی، فەرموو کاك ئایدن.

**بەڕێز ایدن عثمان ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەد له سەد لەگەڵ لیژنەی قانونینە، چونکە ماددەکانی کە موناقەشە دەکەین زۆربەیان قانونینە، کەمیان شتی فەنی تێدایە، فەنیەکانیش هەمووی شتی راستەقینەیە، بۆیە ئیتیفاقمان کرد و دانیشتین و قەراری خۆمان لێدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر باشە، فەرموو کاك کەریم بۆ خوێندنەوەی راپۆرتی لیژنەی یاسایی.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**بۆ / سەروکایەتی ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستان ـ عیراق**

**ب/ راپورتی لێژنەی یاسایی**

لێژنەی یاسایی کۆبوونەوەی خۆی ئەنجامدا بۆ گفتوگۆ کردن لەمەڕ پرۆژەی یاسای وەزارەتی سامانە سروشتییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان ـ عێراق کە بۆی رەوان کرابوو دوای خوێندنەوەی سەرەتایی، بەر لەم کۆبوونەوە، کۆبوونەوەیەکی تر ئەنجام درابوو بە بەشدار بوونی سەرۆکی لێژنەی دارایی و ئابووری و وەزیری سامانە سروشتییەکان و راوێژکارانی، پاش ئاڵوگۆڕ کردنی بیرو راکان گەیشتنە ئەم راسپاردانە و پێشنیارانەی خوارەوە:

1- لێژنە پێشنیار دەکات دەسەڵاتی پێ بدرێت بە دووبارە داڕشتن و رێکخستنەوەی هەندێ لە ماددەکانی پرۆژەکە، بەپێی شێوازی پەیرەو کراو لە یاساکانی تری وەزارەتەکاندا.

**یاسای ژمارە (  ) ساڵی 2007**

**یاسای وەزارەتی سامانە سروشتییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان ـ عێراق**

ماددەی یەکەم: لێژنە پێشنیاز دەکات، ئەم ئەم گۆڕانکارییانەی تێدا بکرێت:

أ- دیارکردنی ژمارەی زنجیرەی پێناسەکان.

ب- لا بردنی خاڵی (پەرلمان) لەبەر ئەوەی پێویست بە پێناسە کردن ناکات.

ج- گۆڕینی وشەی (بریکارەکان) بەم جۆرەی خوارەوە:

(هەردوو بریکاری وەزارەت: هەردوو بریکاری وەزارەتی سامانە سروشتییەکان لە هەرێمدا).

ماددەی دووەم: لێژنە پێشنیاز دەکات، کە ماددەی دووەم لا بردرێت، چونکە لە ماددەی پێنجەم بە تێرو تەسەلی روون کراوەتەوە.

ماددەی سێیەم:

1- لێژنە پێشنیاز دەکات، کە ماددەی سێیەم لاببرێت، چونکە لە یاسای نەوت وگازی هەرێمی کوردستاندا هاتووە.

2- سەبارەت بە بەشی سێیەم لێژنە پێشنیاز دەکات، کە ناونیشانی بگوڕدرێت بەم شێوەی خوارەوە:

**بەشی سێیەم**

**ئەرکەکانی وەزارەت**

ماددەی سێیەم:

وەزارەت ئەم ئەرکانەی خوارەوە دەگرێتە ئەستۆ:

ماددەی چوارەم:

لێژنە پێشنیاز دەکات برگەی یەکەم  بەم شێوەیەی خوارەوە دابڕێژرێتەوە:

یەکەم: بەڕێوەبردنی هەموو کەرتەکانی تایبەت بەو سامانە سروشتیانەی کە نەوت و گاز و کانزاکان لە خۆدەگرن. هەروەها گۆڕینی رستەی (یاسای وەبەرهێنانی کانزایی بەرکار) بە رستەی (یاساکانی بەرکار) لە برگەی پێنجەمدا.

ماددەی پێنجەم:

لێژنە پێشنیاز دەکات، کە ماددەی شەشەم و هەشتەم و نۆیەم و دەیەم و یانزدە ودوانزدە لێك بدرێن لە ماددەی پێنجەم و دووبارە دارشتنەوەی، بەپێی شێوازی پەیڕەو کراو لە یاساکانی وەزارەتەکانی تر و بەم شێوەیەی خوارەوە:

## بەشی پێنجەم

## پێکهاتەکانی وەزارەت

ماددەی پێنجەم:

وەزارەت لەم پێکهاتانەی خوارەوە پێکدێ:

یەکەم: وەزیر: سەرۆکی بالأی وەزارەتەو بەرپرسە لە بەڕێوە بردنی کارەکانی و ئاراستەکردنی سیاسەتەکەی و سەرپەرشتی و چاودێری کردنی و لەلایەن خۆیەوە هەموو ئەو بڕیار و فەرمان و رێنماییانە دەردەچن، کە پەیوەندییان بە ئەرکەکانی وەزارەت و پێکهاتەکانی و دەسەلأت و هەموو کاروبارە هونەری و کارگێڕیی و رێکخستن بەپێی حوکمەکانی یاساوە هەیەو لەبەردەم ئەنجومەنی وەزیران بەرپرسە بەو ناوەی کە ئەندامێکی هاوکارە لەو ئەنجومەنەدا، بۆی هەیە هەندێ لە دەسەلأتەکانی خۆی بە هەردوو بریکارەکانی وەزارەت، یان بەڕێوەبەرە گشتییەکان، یان هەر فەرمانبەرێکی وەزارەتەکە بسپێری، کە خۆی بە باشی بزانێ.

دووەم: بریکاری وەزارەت بۆ کاروباری هونەری: یاریدەی وەزیر دەدات لە ئاراستە کردنی کاروباری وەزارت و سەرپەرشتی کردنی کارەکانی لە چوارچێوەی ئەو دەسەلأتانەی کە لە لایەن وەزیرەوە پێی دەدرێت و دەبێ خاوەن شارەزایی و پسپۆر بێت.

سێیەم: بریکاری وەزارەت بۆ کاروباری کانزاکان: یاریدەی وەزیر دەدات لە ئاراستە کردنی کاروباری وەزارت و سەرپەرشتی کردنی کارەکانی لە چوارچێوەی ئەو دەسەلأتانەی کە لە لایەن وەزیرەوە پێی دەدرێت و دەبێ خاوەن شارەزایی و پسپۆر بێت.

چوارەم: نوسینگەی وەزیر: فەرمانبەرێك بەڕێوەی دەبات بە پلەی بەڕێوەبەر کە دەبێ بەلای کەمی بڕوانامەی بەرایی زانکۆی هەبێت و چەند فەرمانبەرێك یاریدەی دەدەن.

پێنجەم : نوسینگەی بریکاری وەزارەت بۆ کاروباری هونەری:

**فەرمانبەرێك بەڕێوەی دەبات بە پلەی بەڕێوەبەر کە دەبێ بەلای کەمی بڕوانامەی بەرایی زانکۆی هەبێت و چەند فەرمانبەرێك یاریدەی دەدەن.**

**شەشەم: نوسینگەی بریکاری وەزارەت بۆ کاروباری کانزاکان:**

**فەرمانبەرێك بەڕێوەی دەبات بە پلەی بەڕێوەبەر کە دەبی بەلای کەمی بڕوانامەی بەرایی زانکۆی هەبێت و چەند فەرمانبەرێك یاریدەی دەدەن.**

**حەوتەم: راوێژکارەکان:**

**ژمارەیان لە چوار کەس زیاتر نەبێ، کە دەبێ بەلای کەمی بڕوانامەی بەرایی زانکۆی هەبێت و خاوەن شارەزایی و پسپۆر بێت.**

**هەشتەم: بەڕێوەبەرایەتی گشتی پشکنین و چاودیری ناوخۆیی:**

**بەڕێوەبەرێکی گشتی سەرۆکایەتی دەکات، کە دەبێ بەلای کەمی بڕوانامەی بەرایی زانکۆی هەبێت و خاوەن شارەزایی و پسپۆر بێت لە بواری یاسا، یان کارگێڕی، یان دارایی.**

**نۆیەم: بەڕێوەبەرایەتی گشتی بۆ کاروباری کارگێری و دارایی:**

**بەڕێوەبەرێکی گشتی سەرۆکایەتی دەکات، کە دەبێ بەلای کەمی بڕوانامەی بەرایی زانکۆی هەبێت و خاوەن شارەزایی و پسپۆر بێت لە بواری یاسا، یان کارگێڕی.**

**دەیەم: بەڕێوەبەرایەتی گشتی بۆ کاروباری هونەری:**

**بەڕێوەبەرێکی گشتی سەرۆکایەتی دەکات، کە دەبێ بەلای کەمی بڕوانامەی بەرایی زانکۆی هەبێت و خاوەن شارەزایی و پسپۆر بێت لە بواری پیشەسازی نەوتی.**

**یازدەم: بەڕێوەبەرایەتی گشتی بۆ کاروباری ئابووری و گرێبەستەکان:**

**بەڕێوەبەرێکی گشتی سەرۆکایەتی دەکات، کە دەبێ بەلای کەمی بڕوانامەی بەرایی زانکۆی هەبێت و خاوەن شارەزایی و پسپۆر بێت لە بواری پیشەسازی نەوتی.**

**دوانزدەم: بەڕێوەبەرایەتی گشتی وەبەرهێنانی کانزایی:**

**بەڕێوەبەرێکی گشتی سەرۆکایەتی دەکات، کە دەبێ بەلای کەمی بڕوانامەی بەرایی زانکۆی هەبێت و خاوەن شارەزایی و پسپۆر بێت لە بواری جیۆلۆجی.**

**ماددەی حەوتەم، دەبێتە ماددەی شەشەم لەبەر لێکدان و لابردنی هەندێك لە ماددەکان.:**

**لێژنە پێشنیاز دەکات بەم شێوەیە خوارەوە دابڕێژرێتەوە:**

**ئەنجومەنی وەزارەت بەم شێوەی خوارەوە پێکدێت:**

**أ - وەزیر: سەرۆکە.**

ب- هەر دوو بریکار: ئەندامن و ئەو بریکارەی وەزیر دەسەلآتی پێدەدات سەرۆکایەتی ئەنجومەنەکە دەکات لە کاتێ کە وەزیر ئامادە نابێت.

ج- ژمارەیەك لە راوێژکارەکان و بەڕێوەبەرە گشتی یەکان.

د- هەر شارەزاییێك، یان پسپۆڕێك، چ لە ناو وەزارەت بێت، یان لە دەرەوە، کە وەزیر دیاری بکات لە کاتی پێویست: ئەندام.

دووەم: ئەرك و کارەکانی بەڕێوەبردنی کۆبوونەوەکان بە رێنمایی دیاردەکرێن، کە لە لایەن وەزیرە دەردەچێت.

ماددەی سیانزدەم:

لیژنە پێشنیاز دەکات، لابرێت، چونکە تایبەتە بە کۆمپانیاکان و دەکرێت بە پەیڕەو چارەسەر بکرێت.

ماددەی چواردەمین:

لیژنە پێشنیاز دەکات، لابرێت، چونکە تایبەتە بە کۆمپانیاکان و دەکرێت بە پەیڕەو چارەسەر بکرێت.

ماددەی زێدەکی:

لیژنە پێشنیاز دەکات، ماددەیەکی تازە زێدە بکرێت و بەم شێوەیەی خوارەوە:

ماددەی حەوتەم:

یەکەم: ئەرکەکان و تایبەتمەندییەکانی پێکهاتەکانی وەزارەت بە پەیڕەو دیار بکرێت.

دووەم: وەزیر بۆی هەیە هەر بەڕێوەبەرایەتییەك، یان بەشیك، یان هۆبەیەك دابمەزرێنێت، یان هەڵیبوەشێنێتەوە، یان لێکیان جیابکاتەوە، یان لێکیان بدات لە کاتی پێویست.

سێیەم: وەزیر بۆی هەیە گرێبەست لەگەڵ کەسی سروشتی و مەعنەوی خاوەن شارەزایی و پسپۆڕی لە ناو هەرێم، یان لە دەرەوەیدا مۆر بکات، بۆ ئەنجام دانی ئەو ئەرکانەی کە پێیان دەسپێرێ، بۆ ئەو ماوەیەی کە بە گونجاوی دەزانێ دوای وەرگرتنی رەزامەندی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران.

چوارەم: وەزیر  دەسەلآتی دەرکردنی رێنماییەکانی هەیە بۆ ئاسانکردنی جێبەجێ کردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە.

ماددەی پانزدەم:

لیژنە هیچ تێبینیکی نییەو ئەو ماددەیە دەبێتە ماددەی هەشتەم، لەبەر لێکدان و لابردنی هەندێك لە ماددەکان.

ماددەی شازدەم:

کە دەبێتە ماددەی نۆیەم لەبەر لێکدان و لابردنی هەندێك لە ماددەکان.

- ليژنە پێشنیاز دەكات، كە دووبارە دارشتنەوەی بڕگەكانی یەكەم و دووەم وسێیەم لەم ماددەیە بەم شێوەیە خوارەوە بكات:

یەكەم: دەستەی گشتی نەوت وگاز وپترۆكیمیاویەكان لە هەرێمدا هەڵدەوەشێتەوە كە دامەزراوە بە یاسای ژمارە (38) ساڵی 2004، هەموو دامەزراو و بەڕێوەبەرایەتیەكانی سەر بەون، بەوەزارەتەوە دەبەسترێنەوە، لەگەڵ گواستنەوەی هەموو میلاك و موڵك و ماف و پابەندیەكانی بۆی.

دووەم: دەزگای گشتی بەڕێوەبردنی مەسحی جیۆلۆجی و دامەزراوەكانی لە وەزارەتی پیشەسازی لە هەرێمدا، دادەبڕێن، بە وەزارەت دەبەسترێنەوە، لەگەڵ گواستنەوەی هەموو میلاك و موڵك و ماف و پابەندیەكانیان بۆی.

-هەروەها لیژنە پێشنیاز دەكات، كە بڕگەكانی پێنجەم و شەشەم لابردرێت لە چەند ماددەیەكی نوێ دابڕێژرێتەوە بەم شێوەیەی خوارەوە:

ماددەی دەیەم: كار بە هیچ دەقێكی یاسایی یان بڕیاریك ناكرێ پێچەوانەی حوكمەكانی ئەم یاسایە بێت.

ماددەی یازدەم: پێویستە ئەنجومەنی وەزیران ولایەنەكانی پەیوەندیدار حوكمەكانی ئەم یاسایە جێبەجێ بكەن.

ماددەی دوازدەم: ئەم یاسایە لە رۆژی دەرچوونییەوە جێ بەجێ دەكرێت و لە رۆژنامەی فەرمی (وەقائعی كوردستان) بلاودەكرێتەوە.

تكایە بۆ ئاگاداریتان و دەقی پرۆژەكە لەگەڵ راو پیشنیارەكانی لیژنە بخرێتە بەر چاوی ئەنجومەن بۆ گفتوگۆ كردن و را دەربرینی گونجاو سەبارەت بە پرۆژەكە. لەگەڵ رێزدا.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئێستا پرۆژەكە مادده بە مادده بخوێندرێتەوە، ئینجا رەئی لیژنەی یاسایی لەسەر ماددەكەو دواتر دەكەوینە موناقەشە كردن، فەرموو دكتۆرە شوكریە نوقتەی نیزامی هەیە.

**بەڕێز د.شوكریە رسول ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەمە لیژنەی یاسایی كەسیان تەوقیعیان نەكردووە لەسەر، لەبەر ئەوە ئێمە نازانین ئایا لەگەڵیانن، یان لەگەڵیان نین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

هەموویان تەوقیعیان كردووە، بەس كاك عەونی غایبە، لەسەر مسوەدەكە تەوقیع كراوە، بەلآم دیارە كە بلآویان كردۆتەوەو چاپیان كردووە تەوقیعی تێدا نییە، بەلآم مسوەدەكە لە لای منە ئیمزا كراوە، تەنیا

دکتۆر نوری نووسیویەتی مولاحەزەم هەیە لەسەر چەند خاڵێك، تەحەفوزم هەیە لەسەر چەند خاڵێك، موناقەشەی دەکات و رەئی خۆی دەدات، بەلاّم ئەوانی تر غەیری کاك عەونی کە غایبە، ئەوانی تریش هەموو ئیمزایان کردووە، فەرموو کاك کەریم بۆ خوێندنەوەی ماددەی یەکەم.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەشی یەکەم - پێناسەکان

ماددەی یەکەم:

هەرێم: هەرێمی کوردستان – عێراق.

پەرلەمان: پەرلەمانی هەرێم.

ئەنجومەنی وەزیران: ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێم.

وەزارەت: وەزارەتی سامانە سروشتیەکانی هەرێم.

وەزیر: وەزیری سامانە سروشتیەکان لە هەرێمدا.

بریکارەکان: بریکارەکانی وەزارەتی سامانە سروشتیەکان لە هەرێمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بە عەرەبیەکەش بخوێنەوە.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

الفصل الاول – التعاريف

المادة الاولى:

الاقليم: اقليم كوردستان – العراق.

البرلمان: برلمان الاقليم.

مجلس الوزراء: مجلس وزراء الاقليم.

الوزارة: وزارة الثروات الطبيعية في الاقليم.

الوزير: وزير الثروات الطبيعية في الاقليم.

الوكلاء: وكلاء وزارة الثروات الطبيعية في الاقليم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

رای لیژنەی یاسایی.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێش ئەوەی شەرحی ڕەئی لیژنەی قانونی بکەم، ئێمە دانیشتنێکمان کرد لەگەڵ جەنابی وەزیری سامانە سروشتیەکان، لەم دانیشتنەدا بەڕێز سەرۆکی لیژنەی دارایی حازر بوو، ئێمە ئەو ڕەئیەو پێشنیارەمان کردووە، بەڕاستی بە تەنسیق بووە لە نێوان ئێمەو وەزیر و سەرۆکی لیژنەی دارایی، پاش ئەوەی لیژنەی پیشەسازی ئەوەیان خوێندۆتەوەو پشتگیری لە ڕەئیەکەی ئێمەیان کردووە، واتا ڕەئی ئێمە ئەو پێشنیارە هەمووی ئیتیفاقمان لەسەر کردووە، دوا ڕەئیش ڕەئی ئێوەو ئەندامانی پەرلەمانە، ئینجا دێمەوە سەر مەوزوعی ماددەی یەك، ئێمە لەسەر ماددەی یەك دوو تێبینیمان هەیە:

1- لابردنی وشەی پەرلەمان، چونکە پێویست ناکات وشەی پەرلەمان لەم یاسایە تەعریف بکرێت بە ئیعتیباری ئەوەی لە قانونی ڕەقم یەك تەعریف کراوە، کە پەرلەمان چیەو چ نییە.

2- گۆڕانی وشەی (وکلاء وزارة)، ئەگەر قانونەکە بخوێنیتەوە دەبینین سێ وەکیل وەزارەت دانراوە، ئێمە پێشینارمان کردووە بکرێتە دوو وەکیل وەزارەت، بۆیە وەکیل وەزارەتەکان بە جەمع لامان بردووە، کردوومانە (وكلاء وزارة الثروات الطبيعية في الاقليم)، ئەمە دوو مولاحەزەی ئێمەیە لەسەر ماددەی یەکەم زۆر سوپاستان دەکەین.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر ئیجازە بدەن من تێبینیەکم هەیە، چونکە ئەو ماددەیە ڕەبتی بە ماددەیەکی ترەوە هەیە لەسەر وەکیل وەزیر، من خۆم لەگەڵ کاك فرسەتیش باسم کرد، لەگەڵ کاك کەمالیش قسەمان کرد، بەڵام هینمان نەکردووە، پێم وایە ئەو وەزارەتە یەك وەکیل وەزیری بەسە، لەبەر ئەوەی هەردووکی فەنییە، بۆیە ئەگەر جەنابی وەزیر ڕازی بێتن، بۆ ئەوەی نەگەڕێینەوە، چونکە ماددەی یەکمان موناقەشە کرد، لەوێ نەڵێین ماددەی یەك دەنگمان بۆدا، ئێمە یەك غەڵەتمان کردووە، لە وەزارەتێکدا دوو وەکیلمان داناوە، تا ئێستاش پەشیمانین، لەبەر ئەوەی لەسەر ئەو غەڵەتە نەڕۆین، یەك وەکیل وەزیر بەسە، چونکە هەردوو ئیشەکە فەنینە، بەڵام دەتوانێت موستەشار بۆ خۆی دابنێت لە هەموو بوارەکاندا وەزیر دەسەڵاتی بەپێی ئەو قانونەی کە هەیە، ئەگەر ڕازی بێت، بۆ ئەوەی نەچینە ناو موناقەشە، لێرە ئەو ماددەیە تەعدیل بکەین یەك وەکیل وەزیر هەبێت، دواتر کە هەموارمان کرد نەگەڕێینەوە بۆ ماددەی یەکەم، جەنابی وەزیر نازانم ڕەئی چیە لەسەر ئەوە.

**بەڕێز د.دەشتی هەورامی/وەزیری سامانە سروشتیەکان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەم مەرحەلەیە پێویست ناکات زیاد بکرێت، یەك وەکیل وەزیر باشە موشکیلە نییە، ئەگەر لە موستەقبەل پێویست بوو دێینەوە بۆ پەرلەمان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، فیعلەن ئەگەر لە موستەقبەل پێویست بوو هەموارکردنی، بەڵام هەڵەیەك لە وەزارەت کراوە لێرە نەیکەین، بەڕاستی من خۆشم لە دەرەوەی پەرلەمان چەندین جار گوتومە ئەو یاسایەی وەزارەت دوو وەکیلمان بۆ دانا غەڵەتێك بوو کردمان، بۆ ئەوەی دووبارەی نەکەینەوە، فەرموو کاك نوری.

**بەڕێز د.نوری جمیل تاڵەبانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تێبینیەکەی منیش هەر ئەوەی جەنابت بوو، کەوا پێویست ناکات دوو وەکیل وەزیرمان هەبێت، وابزانم بۆ ئەو قۆناغە یەکێك کافییە، پشتگیری لە بۆچوونەکەت دەکەم و سوپاسی جەنابی وەزیریش دەکەین، بۆ ئەوەی کەوا پەسندی کردووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر کەس مولاحەزەی نییە دەیخەمە دەنگدانەوە، مەقسەدم بۆ ئەو گۆڕانکارییەی جەنابی وەزیریش موافیق بوو بکرێتە یەك وەکیل وەزیر بە گۆڕانکاریەکانی لیژنەی یاساییشەوە، کاك غەفور مولاحەزەی هەیە فەرموو.

**بەڕێز غفور طاهر سعید مەخموری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت پێناسەکان، مەسەلەن لەسەرەوە نووسراوە هەرێم: هەرێمی کوردستان – عێراق، پێویست ناکات ئەو هەموو هەرێمە لەوانی تر هەیە، مەسەلەن ئەنجومەنی وەزیران/ ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان، ئەوا پێناسە دەکرێت، وەزارەت/ وەزارەتی سامانە سروشتیەکان، ئەو هەرێمانە زیادە، وەزیر/وەزیری سامانە سروشتیەکان لە هەرێمدا زیادە، ئەگەر بکرێت ئەوانە لابرێت و باشتر دەبێت لە پێناسەکان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وابزانم راپۆرتی لیژنەی یاسایی وا دەڵێت، دەڵێت هەموار کردنی وەکو پێناسەکانی تر، کەواتە ئەو مولاحەزەی جەنابت وەرگیراوە، نەنووسراوە بەس دەڵێت هەموار کردنی ماددەکە وەکو وەزارەتەکانی دیکە، کەواتە وای لێ دێتن، فەرموو سۆزان خان.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**من ئەو نوسخەی کە لە لامە زۆر باس لە ناوی کۆمپانیاو دەستەو ئەو شتانە هاتووە، مەفروزە ئەگەر ئەوە هەیەو دەمێنێتەوە، یاخود هەرچی دەبێت تەعریف بکرێت لە پێشەوە، ئەگەر تەعریف نەکرێت نەوعە غموزێکی تیا دەبێت، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**فەرموو کاك شێروان.**

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**دیارە سۆزان خان راپۆرتی لیژنەی قانونی لە لا نییە، یان نەیخوێندۆتەوە نازانم، بەس ئێمە ئەسڵەن کۆمپانیاکان لە هەیکەل تەنزیمی لامان بردووە.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**ئێستا پێشنیاری لیژنەی یاسایی بەو پێشنیارەی ئێمەش کە جەنابی وەزیریش موافەقەتی کرد یەك وەکیل وەزیر بێتن دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ئەو ماددەیە بەو شێوەیە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، ماددەکە بە کۆی دەنگ وەرگیرا، فەرموو بۆ ماددەی دوو.**

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**بەشی دووەم – بەشەکانی وەزارەت**

**ماددەی دووەم: سەنتەری وەزارەت لەمانە پێك دێت:**

**أ- وەزیر.**

**ب- بریکارەکان.**

**ت- ئەنجومەنی وەزارەت.**

**ث- راوێژکاران.**

**ج- فەرمانگەی پشکنینی گشتی و چاودێری ناوخۆیی.**

**ح- فەرمانگەی کارگێری و دارایی.**

**خ- فەرمانگەی هونەری.**

**د- فەرمانگەی ئابووری و گرێبەستەکان.**

**ز- فەرمانگەی وەبەرهێنانی کانزایی.**

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**الفصل الثاني – تقسيمات الوزارة**

**المادة الثانية/يتكون مركز الوزارة:**

**أ- الوزير.**

**ب- الوكلاء.**

**ت- المجلس الوزاري.**

**ث- المستشارون.**

**ج- دائرة التفتيش العم والرقابة الداخلية.**

**ح- الدائرة الادارية والمالية.**

**خ- الدائرة الفنية.**

**د- الدائرة الاقتصادية والعقود.**

**ذ- دائرة الاستثمار المعدني.**

**بەڕێز شێروان ناصح حيدرى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**ئێمە وەکو لیژنەی یاسا پێشنیار دەکەین کە ئەو ماددەیە ئەسڵەن لەغو بکرێت، چونکە ئەو تەسەلسولاتە بە تەفسیل لە ماددەکانی تردا هاتووە، پێویست ناکات دووبارە بکرێتەوە، ئەگەر مولاحەزەی ماددەکانی تر بکەیت دووبارە کراوەتەوە بەنیسبەت تەشکیلاتی وەزارەت.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**دیارە ئەو پێشنیارەی لیژنەی یاسایی لەگەڵ جەنابی وەزیر باس کراوەو موافیقن لەسەر ئەوە، ئەگەر کەس مولاحەزەی نییە دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ئەوە دایە ئەو ماددە ئیلغا بکرێت دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، ماددەکە بە کۆی دەنگ ئیلغا کرا، فەرموو بۆ ماددەکەی تر.**

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**ماددەی سێیەم: دەزگاکانی نەوتی وەرگر دادەمەزرێ بەپێی یاسای نەوتی هەرێمی کوردستان و بە وەزارەت دەبەسترێت و کەسایەتی مەعنەوی و سەربەخۆیی دارایی و کارگێڕی هەیە.**

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الثالثة: تؤسس شركات نفطية قابضة حسب ما ورد في قانون نفط اقليم كوردستان وترتبط بالوزارة ولها شخصية معنوية واستقلال مالي واداري.

**بەڕێز شێروان ناصح حيدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە وەکو لیژنەی یاسا پێشنیار دەکەین ئەو ماددەیەش دیسان لەغو بکرێت، لەبەر دوو هۆی سەرەکی:

یەکەمیان: ئەوەیە لە یاسای نەوت و گازدا هاتووە، بەشێوەیەکی تەفسیلی.

دووەمیان: کۆمپانیایەکان پەیوەندیان بە هەیکەل تەنزیمی وەزارەتەوە نییە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

راستە عەمەلیەن دەبێتن، بەڵام هێشتا قانونەکە ئیقرار نەکراوە، یەعنی ئەگەر بمێنێتن چ زەرەرێکی هەیە؟ کاك محەمەد فەرەج فەرموو.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من وا دەزانم مانەوەی زەرورییە، چونکە ئەمانە بە فەرمانی حکومەت دادەمەزرێن، سەرۆکی حکومەت ئەم مەسەلەیە دیاری دەکات، راستە سەربەخۆییەکی هەیە.

دووەم/ هەرچی عقودی نەوت هەیە لە رێگەی ئەمەوە دەکرێت، ئەگەر لە وەزارەتەکان نەبێت، دوایێ لە کوێ باس لەمە دەکەیت؟ بە پەیڕەوی ناوخۆ پێم وا نییە ئەوە بکرێت، لەبەر ئەوە پێم زەرورە مانەوەی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

منیش رەئیم وایە دەڵێم ناحیەی قانونی رێگا هەبێتن دەسەلأت بدرێتە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران بۆ دامەزراندنی شەریکات، یەعنی ئەو مادده مانەوەی زەرورییە، ئەگەر چی ئێمە تەحصیل حاصل دەبێت، بەڵام لێرەوە وەکو قانونێك بمێنێت باشترە، نازانم ئێوە چۆنتان ئیتیفاق کردووە، کاك شێروان.

**بەڕێز شێروان ناصح حيدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من تەسەوری ئەوە ناکەم کۆمپانیایەکانی ئەو بابەتە مەربوت بن بە وەزارەت بەڕاستی، کۆمپانیایەکان مەجلیسی ئیدارەی خۆیان هەیەو بە یاسا تەنزیم دەکرێت و بە تەفسیل لە یاسایەکەدا هاتووە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

خۆی بە یەك شت لەنگ دەبێتن، فیعلەن ئێستا خوێندمەوە دەڵێت (تؤسس شركات نفطية قابضة حسب ما ورد في قانون نفط اقليم كوردستان)، هێشتا پەسندمان نەكردووە، چۆن دەبێت ئەوە دابنێین، بۆیە لە قسەكەی خۆم پەشیمان بوومەوە، لەبەر ئەو قسەیە ناكرێتن، قانونی نەوت هێشتا ئیقرارمان نەكردووە، ناكرێت لە قانونی وەزارەت كە ئەمڕۆ ئیقرار دەكرێت، بۆیە پێشنیارەكەی لیژنەی یاسایی لە جێی خۆیەتی، كەس قسەی لەسەر نییە، ئەو پێشنیارەی لیژنەی یاسایی بۆ لابردنی ماددەی سێ دەیخەمە دەنگدانەوە، كێ لەگەڵ دایە ئەو ماددەیە لابرێت دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، ماددەكە بە زۆرینەی دەنگ لابردرا، تكایە ماددەی چوار.

**بەڕێز كريم بحرى عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەشی سێیەم

تايبەتمەندیەكانی بەشەكانی سەنتەری وەزارەت

ماددەی چوارەم: وەزارەت ئەمانەی خوارەوە دەگرێتە ئەستۆ:

یەكەم: بەڕێوەبردنی هەموو كەرتەكانی تایبەت بە سامانە سروشتیەكانی لە ئەستۆیدان لە هەرێمدا بەشێوەیەكی چڕ كراوە، جگە لە ئاو و دارستانەكان.

دووەم: بەڕێوەبردن و ئامادە كردنی پلانەكان بۆ كەرتی نەوت و گاز و هاندانی وەبەرهێنان بۆ ئەم كەرتە لە هەرێمدا سەربارى نەخشەكێشان و بەدواداچوونی قۆناغەكانی مۆڵەت و گرێبەستەكانی لەگەڵ كۆمپانیاكانی نەوت مۆر دەكرێت، بەجۆرێك لەگەڵ دەستووری عێراقی فیدراڵی و یاسای نەوتی هەرێمی كوردستان بگونجێت.

سێیەم: كاركردن لە پرۆسەكانی دۆزینەوەو هەڵكەندن و دەرهێنانی نەوت و گازو پرۆسەكانی پاڵاوتن و دروستكردنی گاز سەرباری گواستنەوەو هەناردنی نەوتی خاو و بەرهەمەكانی و بنیاتنانی پرۆژەكانی نەوت.

چوارەم: وەرگرتنی نموونەكانی جیۆلۆژی و ئەنجامدانی پشكنینەكانی و هەموو كارەكانی تایبەت بە چالاكیەكانی جیۆلۆژی.

پێنجەم: ئەركی ئامادەكردن و هەماهەنگی و یەكگرتنەوەی پلانەكانی سەرەتایی بۆ جۆرەها رووەكانی چالاكی وەبەرهێنانی نەوت و گاز و كانەكان لە سەنتەری وەزارەتدا، بەمەرجێك كۆمپانیاو فەرمانگەكانی بەستراون بەوەزارەتەوە ئەوانە جێبەجێ بكەن، بەسەرپەرشتی وەزارەتەوەو یاسای نەوتی هەرێمی كوردستان و یاسای وەبەرهێنانی كانەكانی بەركار لەبەر چاوبگرن.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**الفصل الثالث**

**اختصاصات تقسيمات مركز الوزارة**

**المادة الرابعة: تتولى الوزارة:**

**اولاً: ادارة جميع القطاعات الخاصة بالثروات الطبيعية على عاتقها في الاقليم وبصورة حصرية ماعدا المياه والغابات.**

**ثانياً: ادارة واعداد خطط لقطاع النفط والغاز وتشجيع الاستثمار لهذا القطاع في الاقليم اضافة الى تخطيط ومتابعة مراحل الاجازات والعقود المبرمة مع الشركات النفطية بما ينسجم مع دستور العراق الاتحادي وقانون نفط اقليم كوردستان.**

**ثالثاً: ممارسة عمليات استكشاف وحفر واستخراج النفط والغاز وعمليات التصفية وصناعة الغاز، بالاضافة الى نقل وتسويق النفط الخام ومنتجاتها وتشييد المشاريع النفطية.**

**رابعاً: القيام بالمسوحات الجيولوجية والتحريات المعدنية وكل الاعمال الخاصة بالنشاطات الجيولوجية.**

**خامساً: مهمة اعداد وتنسيق وتوحيد الخطة الاولية لمختلف اوجه نشاط استثمار النفط والغاز والمعادن في مركز الوزارة، على ان تقوم الشركات والدوائر المرتبطة بالوزارة تنفيذ ذلك وباشراف من الوزارة اخذة بنظر الاعتبار قانون النفط لاقليم كوردستان وقانون الاستثمار المعدني النافذ.**

**بەڕێز شێروان ناصح حيدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**ئێمە لەگەڵ دەقی ماددەكەین، بەڵام دوو مولاحەزەمان هەیە:**

**مولاحەزەی یەكەم/ بەنیسبەت فەقەرەی یەكەمە، مولاحەزەی دووەمیش بەنیسبەت فەقەرەی پێنجەمە، بەنیسبەت فەقەرەی یەكەم ئیعادەی صیاغەمان كردۆتەوە بەم شێوەیە (ادارة جميع القطاعات الخاصة بالثروات الطبيعية في الاقليم وتشمل النفط والغاز و المعادن)، واتا نەوت و غاز و مەعادن حەسرەن، بەنیسبەت فەقەرەی پێنجەمەوە، تبديل العبارة (وقانون الاستثمار المعدني النافذ) بعبارة (والقوانين النافذة)، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

**جەنابی وەزیریش موافیقە لەسەر ئەو پێشنیارە، كێ قسەی هەیە لەسەر ئەسڵی پرۆژەكەو پێشنیارەكان، كاك ئارێز فەرموو.**

**بەڕێز ئارێز عبدالله احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من تێبینیم هەر ئەوەیە پشتگیری لە لیژنەی یاسایی دەكەم، كە گۆڕانكاری تیا كردووە، بەڵام لە رووی داڕشتنەوە پێویستی بە دەستكاری كردنە، لە برگەی دووەم لە ماددەی چوارەم كە دەڵێت بەڕێوەبردن و ئامادە كردنی پلانەكان، پلان خۆی یەعنی ئامادە كردنە، پلانیش پێشی بەڕێوەبردنە، پلان و بەڕێوەبردن پێویستە، پلان و بەڕێوەبردنی كەرتی تایبەت، نەك بۆ كەرتی تایبەت، هاندان و وەبەرهێنان سەرباری نەخشەكێشان نییە، هاندان و نەخشەكێشان دیسان نەخشەكێشان و وەربەهێنانە زۆر رەكیك ئەوە كراوە، بەدواداچوونی قۆناغەكانی مۆڵەت و گرێبەستەكانی لەگەڵ كۆمپانیاكانی نەوت مۆر دەكرێت، بەدواداچوونی قۆناغەكانی مۆڵەت و گرێبەستەكانی، مەعلومە گرێبەست لەگەڵ كێ دەكرێتن، ئینجا بەجۆرێك لەگەڵ دەستووری عێراقی فیدراڵی و یاسای نەوتی هەرێمی كوردستان بگونجێت، دەكرێت بڵێین لە ژێر رۆشنایی دەستوور و یاسای نەوتی كوردستان، لە ژێر رۆشنایی ئەوانە ببێتن، پێویست ناكات بگونجێت و ئەو دوور و درێژانە بكرێتن، یەعنی بە كورتی پێداچوونەوەیەكی دەوێت پلانیش پێشی بەڕێوەبردنە، چونكە ئەگەر پلان نەبێت بەڕێوەبردن نابێتن، ئەوە یەك.

دوو/ لێرەش لە دەستكاریەكەی لیژنەی یاسایی، یەكەم/بەڕێوەبردنی هەموو كەرتەكانی تایبەت بەو سامانە سروشتیانەی كە نەوت و گاز و كانزاكان لە خۆدەگرن، هەر بەو شێوەیە بێت، ئەویش دیسان دەستكاری كردنێكی دەوێت (بەڕێوەبردنی هەموو كەرتە تایبەت بە سامانە سروشتیەكانی نەوت و گاز و كانزاكان)، یەعنی تەواوە لە خۆ گرتنی ناوێت لە رووی زمانیەوانیەوە غەڵەتی تێدایە بەو شێوەیە دابڕێژێتەوە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە لەگەڵ رەئی كاك ئارێزین، بەڕاستی كوردیەكە كەموكوڕی تێدایە، بەڵام ئێستا پێداچوونەوەی لەسەرە، رەنگە لەم یەك، دوو رۆژە تەواو بێتن، بەڕاستی پێ رانەگەیشتین دابەشی بكەین بەسەر ئەندامانی پەرلەمان، بەڵام بە تەئكید پێداچوونەوەی لەسەر دەبێت، ئەوەی كاك ئارێز دەڵێت لە جێگای خۆیەتی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك كەریم فەرموو.

**بەڕێز كريم مجيد شريف (جوتيار):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من پشتگیری پێشنیارەكانی لیژنەی یاسایی دەكەم لە ئەركەكانی وەزارەت لەم مادده ئەوەندە گرنگی بە لایەنی پرۆسەی چالاكیەكانی وەبەرهێنان لە بواری نەوت دراوە، گرنگی بە لایەنی كانزاكانی تر نەدراوە، راستە نەوت لایەنێكی گرنگ و ئەهمیەتداری بواری ئابووریيەو پرۆژەیەكی ستراتیجیە بۆ نەتەوەكەمان، بەلاَم ناكرێت كانزاكانی تر لە بیر بكرێت و نەخرێتە ئەو چوارچێوەیە، راستە قسەی لەسەر كراوە، بەلاَم ئەوەندە گرنگی بە بواری نەوت دراوە، كانزاكانی تر تا رادەیەك لە بیر كراوە، كە كانزاكان لە ولاَتەكەی ئێمە زۆرن، بۆ خۆمان دەزانین ئاسن و مس و ئەلەمنیۆم و زۆر كانزای تر هەن، كە ئەوانیش گرنگی و تایبەتی خۆیان هەیە، بەتایبەت ئەگەر سەیری ئاستی پێنجوێن بكەین زۆرەو بە قەبارەیەكی زۆرو چەندین كۆمپانیای گەورە، گەورە هاتوون، بۆ ئەوەی لەگەڵ حكومەتدا رێك بكەون و ئیستیفادە لەو ئاسنە بكەن، بۆیە من پێشنیار دەكەم لەناو ئەركەكانی وەزارەت گرنگیەكی زیاتریش بە كانزاكان بدرێت و سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەو پێشنیارە لە راپۆرتی لیژنەی یاسایی هاتووە، كاك دكتۆر ئاشتی فەرموو.

**بەڕێز د.ئاشتی هەورامی/وەزیری سامانە سروشتیەكان:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لە ماددەی چوارەم فەقەرەی چوارەم باسی مەعادن دەكات، لە فەقەرەی پێنجیشدا باسمان كردووە، لە یەكەمیش ئیشارەتمان بە مەعادن داوە، ناتوانین لەوە زیاتر بچینە ناو تەفاسیلەوە، ماددەی چوارەم مەسحی جیۆلۆژی ئەوانە هەمووی مەعادنە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

راست دەكەیت، كاك سەردار فەرموو.

**بەڕێز سەردار صباح بوزو هەركی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لە دوو بڕگەدا باسی ئەوە هاتووە (بما ينسجم مع دستور العراق الاتحادي وقانون النفط لاقليم كوردستان)، لە بڕگە دوو و بڕگەی پێنج، یەعنی هەمان تێبینی لەسەر (وكلاء)، لێرە هێشتا قانونی نەوت دەرنەچووە، دەبێت قانونەكە یەنسەجم لەگەڵ ئەو یاسایە، لێرەدا پێم وایە ئەگەر بگوترێت (والقوانين النافذة في الاقليم)، ئەو وەختە ئەو قانونە ئەگەر دەرچوو موعالەجەی دەكات، ئەوە یەك.

دووەم/ لە بڕگە دوودا دەڵێت (ادارة واعداد خطط)، لە بڕگەی یەك ئیدارە هاتووە ئەو كەلیمە زیادە، دوو/ ئەگەر بەس ئەوی تر وەربگرین (اعداد خطط لقطاع النفط)، یەعنی ئەو خوتەیە بۆ چییە؟ یەعنی بگوترێت (اعداد الخطط لتنظيم وتطوير القطاع)، (تنظيم وتطوير)ی بۆ ئیزافە بكەین.

پێشنیار دەکەم بڕگەیەکی تر ئیزافە بکرێت، لە ماددەی (112)ی دەستووری هەمیشەیی عێراق باسی حقولی حالیەو حقولی موستەقبەلییە دەکات، لە قانونی نەوتیش لە چەند بڕگەیەکدا باسی حقولی مونتەجەو لە 2005/8/15، پێم وایە ئێمە سەلاحیاتێکی تر بدەینە ئەو وەزارەتەی (تنسیق وتعاون مع الحکومة الاتحادیة لادارة الحقول المنتجة قبل 2005/8/15)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تەوزیحات هەیە، یان من بیدەم، من هەرئەوەندە تەوزیحە دەدەم، بەنیسبەت قانونی نەوت لە هەرێمی کوردستان وابزانم تەحصیل حاصلە خوێندنەوەی یەکەممان بۆ کردووە، باشترە تێدا بێتن، مادام دەڵێن ئینسیجامی هەبێتن لەگەڵ دەستووری عێراقی فیدراڵی، ئەوە لەو لایە ئیلتیزامت بەو لایە کردووە، لە لای خۆشمانەوە یان دەبێت دەستووری هەرێمی کوردستان، کە هێشتا پەسند نەکراوە، یان ئەو قانونەی کە خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کراوە، پێم وایە لێرە باش هاتووە، کاک دکتۆر ناصح نوقتەی نیزامی هەیە فەرموو.

**بەڕێز د.ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەم ماددەیە لیژنەی یاسایی داڕشتنەوەیەکی نوێی بۆ کردووە، مەفروزە ئێمە موناقەشەی ئەو داڕشتنەی لیژنەی یاسایی بکەین، چونکە ئەم لیژنەیە داڕشتنەوەی بۆ کردووە، برادەرانی تر بەتایبەتی کاک ئارێز و کاک سەردار موناقەشەی ماددەکە دەکەن کە لە ئەسڵی یاسایەکەدا هاتووە، لەگەڵ رێز و سوپاسمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی یاسایش تەنیا دوو تێبینی هەیە لەسەر هینەکە، بۆیە ئیعتیادییە، خاتوو پەخشان فەرموو.

**بەڕێز پەخشان عبدالله زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من دوو تێبینیم هەبوو کران و وەڵامیش درانەوە، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

زۆر سوپاس، کاک جەعفەر فەرموو.

**بەڕێز جعفر مصطفى معروف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی چوارەم لە بڕگەی سێیەم، بە رەئی من زیاد بکرێت دەڵێت (کارکردن لە پرۆسەکانی دۆزینەوەو هەڵکەندن و دەرهێنانی نەوت و گاز)، من ئەوەم زیاد کرد (بەپێی پێویستی کوردستان بێت)، نەك مەفتوح بێت، ئەو کاتە لەوە دەچێت لە چەند ساڵێکی داهاتوودا زۆربەی زۆری سەرچاوە نەوتیەکان زەرەر بێنێت، سەرچاوە سروشتیەکان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

فەرمووو كاك شێروان.

**بەڕێز شێروان ناصح حيدرى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من پێم وایە لە مەسڵەحەتی ئێمەیە مەفتوح بێت، موقەید نەبێت بەڕاستی ئەو مەسەلانە، ئەوە لە مەسڵەحەتی كوردستانە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

دكتۆرە هالە فەرمووو.

**بەڕێز د.هالە سهيل وادى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

پێشنیار دەكەم بڕگەیەك زیاد بكرێت، ئەویش تەنسیق لەگەڵ وەزارەتی باڵا، لەبەر ئەوەی تاكو ئێستا یەك هەندەسەی نەوت هەیە لە هەرێمی كوردستان، بۆ ئەوەی ستاف ئامادە بكرێت و خەریجی مەعهەدمان نییە لە بواری نەوت، پێویستە لە ئێستاوە حیسابی موستەقبەلمان بكەین، بۆ ئەوەی پێویستمان بە ستافی دەرەوە نەبێت، تەنسیق لەگەڵ وەزارەتی باڵا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

مولاحەزەكەت بە جێیە، بەڵام لەناو قانونەكە پێویستی بە نووسین نییە، بەرنامەی كاری وەزارەتە، دەتوانێت ئەو شتانە بكات، پێویستە، بەڵام لە قانون پێویست ناكات بنووسرێتن، دكتۆرە شوكریە فەرمووو.

**بەڕێز د.شوكريە رسول ابراهيم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

هەندێك لەو خاڵانەی كاك ئارێز باسی كرد من لەگەڵێدام، بەنیسبەت خاڵی دووەمەوە كە بەڕاستی زۆر رەكیكە، هەروەها خاڵی پێنجەمیش پێویستە ئیعادە بكرێتەوە، بەشی سێیەم مولاحەزەیەكم هەیە لە رووی تەكنیكیەوە، یەكسەر نووسراوە تایبەتمەندیەكانی بەشەكانی سەنتەری وەزارەت، من پێم باش بوو ئەگەر بگوترێت ماددەی چوارەم، ئینجا بگوترێت تایبەتمەندیەكانی بەشەكانی سەنتەری وەزارەت، ئەمە خاڵێك.

خاڵێكی تر، بەنیسبەت خاڵی چوارەمەوە كە دەڵێت (وەرگرتنی نموونەكانی جیۆلۆژی و ئەنجامدانی پشكنینەكانی)، كە ئەمە زۆر رەكیكە، جاری وشەی جیۆلۆژی، یەعنی زانستی زەوی ناسی، ئێمە مثیولۆژیامان هەیە، یەعنی زانستی ئەفسانەناسی، میسیۆجۆلۆجیا، ئەو زانستەیە كە لە دەربارەی ئەو ئەفسانەو حیكایەتانەی ژێر زەوییە، كە دەربارەی نەوتە، ئاوە، ئەو كەرەستانەیە، ئینجا من پێم باش بوو ئەگەر بگوترێت بەشەكانی جیۆلۆجی، جیۆلۆجی خۆی لێرەدا زانستە، یەعنی زەوی ناسی، بەڵام ئەگەر بگوترێت بەشەكانی جیۆلۆجی لەناو جیۆلۆجیا باشتر دێت و رێكتریش دەبێت، ئەمە خاڵێك.

له خالّی پێنجەمیشدا من تێ نەگەیشتم کۆمپانیاو بەرمانگەکان، بەرمانگ یەعنی چی لێرەدا هاتووە، سەیری کوردیەکەی بکەن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جەنابی وەزیر هیچ مولاحەزەت هەیە لەسەر ئەم قسانە.

**بەڕێز د.ئاشتی هەورامی/وەزیری سامانە سروشتیەکان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

جیۆلۆجی خۆی موتلەقە لە ناحیەی فەنیەوە پێویست ناکات بە درێژی باسی بکەین، چونکە ناتوانین بچینە تەفاسیلەوە خۆی موتلەقە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سۆزان خان فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دیارە ئەم وەزارەتە زۆریان حەز لە سەنتەرو ئەوانە هەیە، چونکە سەنتەری ئێمە لە هەموو شوێنەکان باسی ئەوەیان کردووە سەنتەری وەزارەت، وشەکە زۆر زۆر دووبارە بۆتەوە، یەعنی تێ ناگەم بۆ ئەوەندە سەنتەری وەزارەت دووبارە بۆتەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لەبەر ئەوەی ئەو ماددەیە موناقەشەی دەکەین، کوا لە کوێ نووسراوە.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەستراوەتەوە جارێکی تر بە سەنتەری وەزارەت و مەرجیشیان داناوە، کۆمپانیاو ئەم وشە تازەیە دیارە فەرمانگەکان بەستراوە بە وەزارەتەوە ئەوانە جێ بەجێ بکەن و بە سەرپەرشتی وەزارەت و یاسای نەوتی هەرێم، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، بەڕێز وەیزی نەوت، من لێرە حەز دەکەم یەك شت روون بێت لە لام و لای هەمووان، چونکە من زۆر سەرم هێناو برد دیارە تێگەیشتنی من ئەوەندەیە بۆ ئەم یاسایە، یان زۆر لە فەهمی من گەورەترە، لە لایەکەوە باس لە کەرتی تایبەت دەکات، کە دەبێت کەرتی تایبەت نەوت دەربهێنێت، لە لایەکی ترەوە باس دەکات هەمووی بە وەزارەتەوە بەستراوەتەوە، لە لایەکی ترەوە باس لەوە دەکاتەوە هەرچی کارکردن لە پرۆسەکانی دۆزینەوەو هەڵکەندن و دەرهێنانی نەوت و گاز و پرۆسەکانی هەمووی سەر بە وەزارەتە، یەعنی هیچ روون نییە، من خۆم لێی تێ ناگەم، بۆچی وایە، ئەگەر روون بێت بۆ هەمووان باشتر نییە، ئایا ئەمە کەرتی تایبەت بە رێی دەکات و دەیکات و وەزارەت سەرپەرشتی دەکات بە مەشترەکییە، چونکە باس لە گرێبەست کراوە بەڕاستی، یەعنی من دەمەوێت بزانم گرێبەست عیلاقەی

هەیە بەسەر دەرهێنانی نەوتەوە، کێ دەیکات، ئەم حەقە کێ دایتی بە وەزارەت، یەعنی ئەرکەکانی هیچ دیار نییە و هەمووشی خستۆتە سەرشانی خۆی وەزارەت، ئەگەر روونی بکەنەوە بۆمان ئێمە زۆر مەمنونتان دەبین.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

یەك لە قسەکانت کە گرنگە، شەریکات ئەگەر لابدرێتن بەشێك لە قسەکانت ئەوەی تێگەیشتم دەپێکێت، مەرکەزی وەزارەتیش رەنگە لەبەر ئەوەی هاتبێتن، ناتوانم هینی بکەین، بۆ ئەوەی لەگەڵ بەغدا تێکەڵ نەبێتن، ئەگەر ئەویش دابنرێتن بە هەرحاڵ بزانین تەفسیلەکەی چۆنە، شەریکاتەکە لاببەین، فەرموو جەنابی وەزیر.

**بەڕێز د.ئاشتی هەورامی/وەزیری سامانە سروشتیەکان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دووبارە ناتوانین تەفاسیل دانێین، بەلاَم ئیشی حکومەت ئەوەیە ئیشراف و تەنزیمە لەگەڵ موتابەعەی عقود کە دەیکەین، هەمووی تیایە کە دەڵێت ئیشراف و تەنزیم و موتابەعەو ئەوانەی هەمووی تیایە لە نێوان فەقەرەکان لێرە، ئێمە خۆمان بڕیارمان نەداوە کە بچین حەفر بکەین، تەنزیمی شەریکات دەکەین و موتابەعەیان دەکەین و ئیشراف لەسەر عەمەلیات دەکەین، دوایێ ئەوە ماوە لە فەقەرەکە دانەنراوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك شێروان ئێوە رەئیتان چیە لەسەر ئەو پێشینارە.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە ئیرتیباتی شەریکاتمان چەسپاند، وەکو ئەوەی ئیرتیباتەکانمان راگرت لەگەڵ وەزارەت، لێرە رەنگە تا رادەیەك سۆزان خان لەسەر حەق بێت، کە دەڵێت (تقوم الشرکات)، لێرە بە قەناعەتی من ئەگەر شەریکاتەکە لابرێت، ئەگەر جەنابی وەزیر مانیعەتی نەبێتن، وەزارەت ئیشراف بکاتن لەگەڵ بە نەزەر وەرگرتنی قانونی نەوت لە هەرێمی کوردستان بە نەزەری ئیعتیبار وەربگرین.

**بەڕێز د.ئاشتی هەورامی/وەزیری سامانە سروشتیەکان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

جیاوازی هەیە، ئەگەر شەریکاتی خۆمان بێت کە مەسحی جیۆلۆجی و ئەوانە، ئەوە جیایە لەگەڵ شەریکاتی تەشغیلی، ئەگەر دەتەوێت نەختێك جیای بکەیتەوە شەریکاتی تەشغیلییە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو سۆزان خان.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەڵامی پرسیارەکەی منی نەداوە، ئەو لێرە لە خاڵی سێیەمدا دەڵێت (کار کردن لە پرۆسەکانی دۆزینەوەو هەڵکەندن و دەرهێنانی نەوت و گاز پرۆسەکانی پاڵاوتن و دروستکردنی گاز سەرباری گواستنەوەو هەناردنی نەوتی خاو و بەرهەمەکانی و بنیاتنانی پرۆژەکانی نەوت)، ئەمە یەعنی چی، یەعنی خۆی وەزارەت دەیکات، لە لایەکی تریشەوە باس لە شەریکات دەکات، من گوتم ئەوەیە تێ نەگەیشتنی من.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لە قانونی نەوت تەفسیلەکە هاتووە، یەکەم/ من عەرەبیەکەم لە پێشە سێیەم دەڵێت (ممارسة عمليات استكشاف)، فەرقی هەیە لەگەڵ پێنجەم کە دەڵێت (مهمة اعداد وتنسيق)، ئەوە لێرە ئیعداد و تەنسیقە و تەوحیدی خوتەیە، لەوێ کار کردنە، عەمەل نییە، حەفری ئابارە ئەو شتانە، لێرەدا تەنسیقی هەموو موئەسەسەیەکە، پێم وایە دوو شتی جیاوازن، کاک سەردار فەرموو.

**بەڕێز سەردار صباح بوزو هەرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پشتگیری لە قسەکانی سۆزان خان دەکەم، لێرە (ممارسة عمليات استكشاف) ئەوەی جەنابت باسی دەکەیت دەڵێت (على ان تقوم الشركات والدوائر المرتبطة بالوزارة)، یەعنی هەموو شەریکات ئەوانەی مورتەبیتە بە وەزارەت، لە فەقەرەی سێ هیچی نەهێشتووە بۆ کەرتی تایبەت، من لێرە پێشنیارێکم هەیە لە جیاتی (ممارسة) (الاشراف على عمليات استكشاف....)، لێرەدا وەزارەت دائیمەن بۆی هەیە شەریکات تەئسیس بکات، یەعنی هەتا لە ئیقتیصادی بازاڕی ئازادی حکومەت، وەزارەت هەموو دەم بۆی هەیە ببێتە تەرفێك شەریکەیەك تەئسیس بکات، ئەگەر لێرە بڵێین ئیشراف هەم مافی ئەوەی هەیە شەریکات دروست بکات، هەم مەجالی قەتاعی خاصیس دەدات زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جەنابی وەزیر فەرموو وەڵام بدەوە، نووسراوە (باشراف الوزارة)، کەواتە ئەو مولاحەزەیەی سۆزان خان کە کاك سەرداریش پشتگیری لێ کرد سێیەم لە جیاتی مومارەسە دەبێتە (الاشراف على عمليات استكشاف وحفر واستخراج النفط والغاز.........) کە جەنابی وەزیریش موافیق بوو لەسەر ئەو گۆڕانکارییە، پێنجەمیش شەریکاتەکە موافیقی شەتب بکرێتن، جەنابی وەزیر موافیقە شەریکاتەکەش لابرێت ببێتە (الشركات التشغيلية) لە جیاتی شەریکات (الشركات التشغيلية)، ئەو شەریکاتانەی کە ئیش دەکەن، مەرکەزی وەزارەتەکە چ گۆڕانکاری ناکاتن، بگۆڕی، یان نەیگۆڕی هەر دەبێت مەرکەزی وەزارەت بێتن، بۆ ئەوەی کەسێك لە پشتەوە بیر نەکاتەوە ئەو عقودەی بکاتن و بێت فەرزی بکاتن لەسەر وەزارەت، لێرەدا

مەقسەدیان ئەوە بووە، ئەو گۆڕانکاریەی کە هاتۆتە پێش، یەکەم پێشنیارەکەی لیژنەی یاسایی، کاك شێروان بیخوێنەوە.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشنیاری لیژنەی یاسایی بەنیسبەت فەقەرەی یەکەم و پێنجەمە، فەقەرەی یەکەم بەم شێوەیە (إدارة جميع القطاعات الخاصة بالثروات الطبيعية في الأقليم وتشمل النفط والغاز والمعادن)، فەقەرەی پێنجەم بەم شێوەیە (وقانون الأستثمار المعدني النافذ) دەگۆڕدرێت بە (والقوانين النافذة)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سێیەمیش مومارەسەکە دەبێتە سەرپەرشتی کردن (الاشراف على)، کەواتە شەریکاتیش دەبێتە (الشركات التشغيلية)، مولاحەزاتان هەیە، فەرموو کاك بازران.

**بەڕێز بارزان عبدالله نصرالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

یاسای ئیستسمار نەوت و گاز و مەعادنی سەقیلە ناگرێتەوە، ئەوەی لێرە هاتووە لە یاسایەکەدا بەناوی ئیستسمارەوە بە رێگەیەوە ئەو کۆمپانیایانە دەبێت سەر بە وەزارەت بن، کە لە قانونی نەوتدا ئیشارەی پێدراوە، لێرە کە باس لە کەرتەکانی تایبەت بە نەوت دەکات بە مەفهومە ئیقتیصادیەکە ناکات، یەعنی دەڵێت کەرتەکانی تایبەت بە نەوت، باشە ئەگەر بواری ئیستیسمارٍ نەوت و گاز نەگرێتەوە، ئەی لە رێگای چیەوە دەبێت، یەعنی لە رێگای ئەو شەریکاتانە دەبێت سەر بە وەزارەتن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پێشنیاری لیژنەی یاسایی وازیحە، ئەوەی لابردووە نووسیویەتی (والقوانين النافذة)، دوایێ ئێمە قانونی ئیستسماری نەوتیشمان هەیەو خوێندنەوەی یەکەممان بۆ کردووە، موعالەجەی کردووە، کاك محەمەد فەرەج فەرموو.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە هەموو یاسایەکانی نەوتدا، یەعنی نەوت حکومەت مالیکیەتی، کە نوێنەری خەڵکە، یەعنی (الحكومة تملك النفط ومنشأته)، دەبێت لەم یاسایە دیار بێت، کە لەم یاسایە حکومەت مالیکە لێرە، لەم خاڵانە کە ئێستا پێشنیار دەکات سەرپەرشتی دەکات، ئەو مالیکیەتە دیار نییە، یەعنی دەبێت ئێمە دیاری بکەین، لە رێگەی کوێوە وەکو کاك بارزان دەڵێت، دوایی لە قانونی نەوتدا لە رێگەی شەریکاتەکانەوە دەیکات، دەبێت لێرە مالیکیەتێك دیار بێت، ئەگینا تۆ سەرپەرشتی دەکەیت چی دەکەیت دواتر.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەوە هەم لە دەستووری عێراق روون كراوەتەوە، هەم لە پرۆژەی دەستووری كوردستانیشدا روون كراوەتەوە، لێرەش دوو، سێ جار ئاماژەی كردووە، كە دەڵێت پابەندین بە دەستووری عێراقەوە، كە نەوت مولكیەتی چیە، پێویست ناكات لێرە بێتن، ئێستا ماددەی چوار كە بۆتە ماددەی دوو بەو پێشنیارانەی لیژنەی یاسایی كە قەبول كرا، لەگەڵ ئەو گۆڕانكاریانەی كە پێشنیاری سۆزان خان و كاك سەردار بوو خوێندرایەوە دەیخەمە دەنگدانەوە، كێ لەگەڵ ئەو ماددەیە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەكۆی دەنگ ئەو ماددەی وەرگیرا، فەرموون بۆ ماددەی تر.

**بەڕێز كریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەشی چوارەم ـ تایبەتمەندیەكانی رێكخستنی وەزارەت

ماددەی پێنجەم: وەزیر

یەكەم: وەزیر: سەرۆكی باڵای وەزارەتەو بەرپرسە لە كارو چالاكیەكانی و بەرپرسیارە لەبەردەم ئەنجومەنی وەزیراندا، لەبەر ئەوەی ئەندامێكی هاوكارە تێیدا، ئەوانە دەگرێتە ئەستۆ:

أ- بەرپرسیاریەتی لە كارو چالاكیەكانی وەزارەت و ئاراستە كردنی سیاسەتەكەی سەرپەرشتی كردن و چاودێری كردنی و هەموو بڕیارو فەرمان و رێنماییەكان لێیەوە دەردەچێ و بە سەرپەرشتی ئەوەوە هەموو شتێك كە پەیوەستە بە ئەركەكانی وەزارەت و دامەزراوەكانیەوە جێبەجێ دەكرێ.

ب- رێكخستن، یان دووبارە رێكخستنەوەی هەیكەلی فەرمانگەكانی سەر بە وەزارەت و دەستەكان، یان كۆمپانیاكانی دیكە، كە بەپێی یاسای نەوتی هەرێمی كوردستان دادەمەزرێن.

ت- دامەزراندنی كارمەندان لەوانەش بەڕێوەبەرەكان و فەرمانبەران و لە كاتی پێویستیدا گرێبەستان لەگەڵ بیانیەكان لە فەرمانبەرێتیە شاغیرەكان، بەپێی پێوانەی نوێ و هەیكەلەكانی كارگێڕی.

ث- بەشێوەیەكی چڕنەكراوە سەرپەرشتی كردن و چاودێری كردنی سیاسەتەكانی وەزارەت سەرباری پلاندانان و پشكنین و وردبینی كردن.

ج - سەر لە نوێ دامەزراندن، یان هەڵوەشاندنەوەو لەیەك دابڕین، یان لە یەكگرێدانی هەریەك لە بەشەكانی، فەرمانبەرێك بە پلەی بەڕێوەبەر بۆ خوارەوە سەرۆكایەتی دەكات، دابەش كردنی كارمەندانی زیادە بەسەر كۆمپانیاو فەرمانگەكانی سەر بە وەزارەت، بەپێی پێداویستیەكانی كاركردن.

د- دەسەڵاتی گواستنەوەی كارمەندان لە ناو وەزارەتدا بەهەمان پلەی فەرمانبەرێتی، لەبەر پێداویستەكانی رەوتی كاركردندا.

دووەم: وەزیر بۆی هەیە هەندێ لە دەسەڵاتەکانی بەبریکاری وەزارەت، یان بەڕێوەبەرە گشتیەکان، یان ئەوەی بە گونجاوی بزانێ لەوەزارەتدا، بسپێرێ.

سێیەم: هەموو پۆستەکانی وەزارەت لەسەر بنەمای شارەزایی و پسپۆڕی بە توانایی باش دەسپێردرێ.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الخامسة: الوزير

اولاً: الوزير هو الرئيس الاعلى للوزارة والمسؤول عن اعمالها ونشاطاتها ويكون مسؤولاً امام مجلس الوزراء باعتباره عضواً متضامناً فيه، ويتولى:

أ- مسؤولية اعمال ونشاطات الوزارة وبتوجيه سياستها والاشراف والرقابة عليها وتصدر عنه جميع القرارات والاوامر والتعليمات وتنفذ باشرافه في كل ما له علاقة بمهام الوزارة وتشكيلاتها.

ب- تنظيم او اعادة تنظيم هيكلة الدوائر التابعة للوزارة والهيئات او الشركات الاخرى التي تتشكل حسب قانون النفط لاقليم كوردستان.

ت- تعيين العاملين من ضمنهم المدراء والموظفين وعند الضرورة يتعاقد مع الاجانب في الوظائف الشاغرة وفق المعايير الحديثة والهياكل الادارية.

ث- وبصورة غير حصرية اشراف ومراقبة سياسات الوزارة بالاضافة الى التخطيط والتفتيش والتدقيق.

ج- استحداث او الغاء او فك ارتباط او دمج اي من التقسيمات التي يرأسها موظف بدرجة مدير فما دون وتوزيع العاملين الفائضين على الشركات او الدوائر التابعة للوزارة وحسب متطلبات العمل.

د- صلاحية نقل المدراء العامين ضمن الوزارة بنفس درجاتهم الوظيفية ولمتطلبات سير العمل.

ثانياً: للوزير منح بعض من صلاحياته الى وكيل الوزارة او المدراء العامين او من يراه مناسباً في الوزارة.

ثالثاً: كافة المناصب في الوزارة ستشغل على اساس الخبرة والاختصاص والكفاءة الجيدة.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لە ماددەی پێنج داوامان کردووە ماددەی شەش و هەشت و نۆ و دە و یازدەو دوازدە هەمووی دەمج بکرێت، چونکە هەر هەمووی عیلاقەی بە تەشکیلاتی وەزارەتەوە هەیە، جا ئەگەر ڕێگام پێ دەدەن ماددەی پێشنیار کراو لە لایەن لیژنەی یاساییەوەو جەنابی وەزیریش موافیقە لەسەری دوا ڕەئیش ڕەئی ئێوەو ئەندامانی پەرلەمانە.

## الفصل الرابع

## تشكيلات الوزارة

**المادة الخامسة: تتكون الوزارة من التشكيلات التالية:**

**اولاً- الوزير: هو الرئيس الاعلى للوزارة والمسؤول عن اعمالها وتوجيه سياستها وممارسة الاشراف والرقابة عليها وتصدر عنه وتنفذ بأشرافه جميع القرارات والاوامر والتعليمات في كل ما له علاقة بمهام الوزارة وتشكيلاتها وصلاحياتها وسائر شؤونها الفنية والمالية والادارية والتنظيمية وفق احكام القانون ويكون مسؤولاً امام مجلس الوزراء بأعتباره عضوا متضامنا فيه، و له أن يخول بعض من صلاحياته الى وكيلي الوزارة و المدراء العامين أو الى من يراه مناسباً في الوزارة.**

**له پێشنیارەكەمان هاتبوو دوو وەكیل وەزیر هەبێت، دەبێتە یەك وەكیل وەزارەت.**

**ثانياً- وكيل الوزارة للشؤون الفنية:**

**يعاون الوزير في توجيه الوزارة والاشراف على شؤونها الفنية ضمن الصلاحيات التي تعهد اليه من قبل الوزير على أن يكون من ذوي الخبرة والإختصاص.**

**ثالثاً- مكتب الوزير:**

**يديره موظف بدرجة مدير على ان يكون حائزاً على شهادة جامعية اولية على الأقل ومن ذوي الخبرة والاختصاص ويعاونه عدد من الموظفين.**

**رابعاً- مكتب وكيل الوزارة: يديره موظف بدرجة مدير على ان يكون حائزاً على شهادة جامعية اولية على الأقل ومن ذوي الخبرة والاختصاص ويعاونه عدد من الموظفين.**

**خامساً- المستشارون: لايزيد عددهم عن اربعة على ان يكونوا حائزين على شهادة جامعية اولية على الاقل ومن ذوي الخبرة والاختصاص.**

**سادساً- المديرية العامة للتفتيش والرقابة الداخلية: يرأسها مدير عام حاصل على شهادة جامعية اولية على الاقل ومن ذوي الخبرة والاختصاص في مجال القانون أو الإدارة أو المالية.**

**سابعاً- المديرية العامة للشؤون الادارية والمالية: يرأسها مدير عام حاصل على شهادة جامعية اولية على الاقل ومن ذوي الخبرة والاختصاص في مجال القانون أو الإدارة.**

**ثامناً- المديرية العامة للشؤون الفنية: يرأسها مدير عام حاصل على شهادة جامعية أولية على الأقل ومن ذوى الخبرة والأختصاص في مجال الصناعة النفطية.**

**تاسعاً- المديرية العامة للشؤون الأقتصادية والعقود : يرأسها مدير عام حاصل على شهادة جامعية أولية على الأقل ومن ذوى الخبرة والأختصاص في مجال الصناعة النفطية.**

**عاشراً- المديرية العامة للأستثمار المعدني: يرأسها مدير عام حاصل على شهادة جامعية أولية على الأقل ومن ذوى الخبرة والأختصاص في الجيولوجيا.**

**ئەو دەمجەی کە کرا بە حەقیقەت فەرقێکی پەیدا کرد لەنێوان رەئی لیژنەی قانونی و ئەسڵی مەشروع، ئەو فەرقانەی کە هەیە لە ماددەی یەکیش هەروەکو ئیشارەتمان پێدا وەکیل وەزیرەکان بۆتە یەك وەکیل وەزیر.**

**دووەمیش/ رەئیسی موستەشارین دانرا بوو، ئێمە وەکو وەزارەتەکان پێمان باش بوو، هەموو هەر عینوانی موستەشاری هەبێت، دواتر وەزیر خۆی دەتوانێت کامیان بکاتە رەئیس، بە خۆیان دەتوانن تەنزیماتی هەیکەلی وەزارەتەکە بکەن.**

**خاڵی سێەم/ بەنیسبەت ئیختیصاصاتی دەوائیرەکان بەڕاستی، ئەو ئیختیصاصاتانە پێمان باش بوو ئیحالەی نیزام بکرێت، بە هەمان شێوە ئێمە لە وەزارەتەکانی دیکە صیغەی مودیر عاممان بەکار هێناوە تەعامولی لەگەڵ نەکراوە لەگەڵ هەرێمی کوردستان، بۆیە دەوائیرەکانمان کردووە بە مودیریاتی عام، جگە لەوەش دەسەلاتێك هەبوو وەزیر خۆی دابوویە نەقل کردنی مودیری عام لە زیمنی وەزارەتەکەوە، خۆی ئێمە پێمان باش بوو ئەو وەزارەتەش وەکو وەزارەتەکانی دیکە نەقلی مودیری عام لە لایەنی ئەنجومەنی وەزیرانەوە بێت، ئەمە بە حەقیقەت کورتەی ئەو پێشنیارانەی ئێمە بوو، کە گۆڕانکاری بەسەر ئەو ماددانە هێناوەو لەگەڵ رێزماندا.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**زۆر سوپاس، کارێکی باشتان کردووە، ئەو چەند ماددەیە تەوحیدتان کردووە، وەکو وەزارەتەکانی دیکە، تەبیعی ئێمە بۆ مەسائیلێکی عام وەزارەتەکان زۆر لە مەسەلە تایبەتمەندیەکانیان وەکو یەکە، بەلاّم هەندێك جار هەندێ وەزارەت تایبەتمەندی خۆی هەیە، بۆی دادەنێین، ئەگەر تایبەتمەندیەکە خاص نەبێتن، پێویست نەبێتن، چەندی پێمان بکرێت قانونی وەزارەتەکان وەکو یەك بێتن، پێم وایە ئەو پێشنیارەی لیژنەی قانونی و وەزیریش موافەقەتی لەسەر کردووە، کارێکی باشە ئەگەر کەسێك مولاحەزەی هەبێتن ناوی دەنووسم قسەی لەسەر بکات، ئەگەرنا دەیخەمە دەنگدانەوە، کاك دکتۆر دلێر فەرموو.**

**بەڕێز د.دلێر اسماعیل حقی شاوەیس:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**سەبارەت بە راپۆرتەکەی لیژنەی یاسایی لە خاڵی یازدەمدا بەڕێوەبەرایەتی گشتی بۆ کاروباری ئابووری و گرێبەستەکان، دەڵێت بەڕێوبەرێکی گشتی سەرۆکایەتی دەکات، کە دەبێت بەلای کەمی بڕوانامەی زانکۆی هەبێتن و خاوەنی شارەزایی و پسپۆر بێتن لە بواری پیشەسازی نەوت، تێبینیەکەی من تەنیا لە پسپۆرەکەیە، ئەم بەڕێوەبەرە گشتییە زیاتر پێویستە شارەزا بێت لە بواری کارگێری و ئابووری و یاسایی،**

چونکه کاری ئابووری و گرێبەستەکان دەکات، پـێم وابێـت مـەرج نییـە لـە بـواری پیشەسازی نەوتـدا بێـت، چاکتر وایە بگوترێت کارگێڕی و ئابووری و یاسایی، یاخود خاوەن پسپۆڕ و شارەزا بێت، بەبێ ئـەوەی ئـەوە دەست نیشان بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مولاحەزەیەکی بەجێیە، ئەگەر جـەنابی وەزیـرو لیژنـەی یاسـایی، هـەر (ذوي الخبرة والاختصاص في مجال صناعة النفط) لاببـەن، لەبـەر ئـەوەی ئیشی عقـود و شـوئونی مـالی و هینـە، ئەگـەر مـەجالی صناعیەکە لاببـەن کـاک دکتـۆر ئاشـتی، باشـە جـەنابی وەزیـرش موافیقـە، لیژنـەی یاسـاییش موافیقـە، ئـەو (في مجال الصناعة النفطية) لا دەچـێت، دەمێنێـت (ومـن ذوي الخبرة والاختصـاص)، ئـەوە تەقـدیر دەکـرێتن، ئـەو کەسەی کە تەرشیح دەکرێتن بۆ ئەو مەنصەبە بەو جوملەیە وەزارەت خـۆی تەقـدیر دەکـاتن، کـاک عومـەر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێم وایە لە ماددەی پێنج فەقەرە یەك ڕەبتێك هەیە بە ئەو ماددەی ئیزافەی کە لیژنەی یاسایی تیـان دروست کردووە، ماددەی حەوت کە سێ سەلاحیەتی وەزیر هەیە، بە ڕەئی من وا باشـتر بـوو فەقـەرە دوو و سێ و چواری ئەو ماددەی حەوتە بخرایەتە سـەر فەقـەرە یـەك بـە یـەك و دوو و سـێ هاتبوایـە لـەم مـاددە پێنجەدا، ئەوەش هەر لە زیمنی سەلاحیەتەکان جەنابی وەزیرە، بۆچی ماددەیەکی ئیـزافی بـۆ دابنـرێـت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مـاددەی حـەوت عیلاقـەی بـە تەشـکیلاتی وەزارەت هەیـە، ڕاسـتە، بـەلام ماددەیـەکی تایبەتییـە ئێمـە دەستکاریمان نەکردووەو بە ماددەیەکی موستەقیل دێتە خوارێ، لە هەموو وەزارەتەکان وامان کردووە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاك ڕەشاد فەرموو.

**بەڕێز رشاد احمد ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مـن پێشـنیار دەکـەم جـەنابی وەزیـر بتوانێـت سـەلاحیەتی خـۆی بـەکار بێنێـت لـەناو وەزارەت، ئەگـەر فەرمانبـەرێکی خـۆی بگوازێتـەوە لـە جێگایـەك بـۆ جێگایـەکی تـر بـۆ موافەقـەی ئەنجومـەنی وەزیـران وەربگرێت، ئەوە دەبێتە کۆسپێك لـە پـێش وەزارەت بەڕاسـتی، یـەعنی مـودیر عـام کـە نـەقل دەکرێـت لـە داخیلی وەزارەت بۆ جێگایـەکی تـر زۆر ئیعتیادیـە مومکینـە لـە سـەلاحیەتی جـەنابی وەزیـر بێـت، نـەوەك ئەنجومەنی وەزیران، مادام لە جێی خۆیەتی و کەم ناکرێتەوە لە مەوقیعی، بۆ ئەوەی ئاسانکاری بێت.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

لە كام بڕگە، باسی كام خاڵ دەكەیت.

**بەڕێز رشاد احمد ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

پێنجەم ئەوەلەن جەنابی وەزیر بۆی هەیە هەر فەرمانبەرێك بە دەرەجەی بەڕێوەبەری گشتی بێت بیگوازێتەوە لە وەزارەت بۆ جێگایەكی دیكە بە پلەی خۆی، لە راپۆرتی لیژنەی یاسایی هاتووە، ئەوەیان قەبول نەكردووە، من پێشنیار دەكەم جەنابی وەزیر ئەو دەسەڵاتەی هەبێت بۆ ئاسانكاری ئیشی خۆی و نەك هەموو شتێك بە موافەقەتی ئەنجومەنی وەزیران بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

فەرموو كاك شێروان.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

مودیریاتە عامەكان هەر یەكە ئیختیصاصێكی هەیە، ئەگەر ئەو دەسەڵاتە بدرێتە وەزیر، یەعنی ئەو ئیختیصاصە نەقلی ئەولای بكرێت، ئیختیصاصەكە دەگۆڕێتن، بەڵام ئەو مودیر عامەی بەدڵ نییە، ئیمكان هەیە پێشنیار بەرز بكاتەوە بۆ ئەنجومەنی وەزیران ئیختیصاصێكی تر لە جیاتی ئەو بگۆڕێت، بۆیە لێرە فەرق هەیە لەنێوان ئیختیصاصەكان، مودیر عامەكان ئیختیصاصاتی خۆیان هەیە، بۆیە ئێمە ئەوەمان پێشنیار كردووە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

جەنابی وەزیر تۆ خۆت رەئیت چیە.

**بەڕێز د.ئاشتی هەورامی/وەزیری سامانە سروشتیەكان:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەم وەزارەتە، وەزارەتێكی تازەیە، حەساسە، گەورەیە، بەرزە بۆ كوردستان، لەبەر شەفافیەت من حەز دەكەم لەویٰ نەمێنێت، باشترە بڕیاری مەجلیسی وەزیران بێت، بۆ موستەقبەل، بۆ وڵاتەكە ئاشكرایەو ئاسانترە كە بڕیاری لەسەر بدەیت.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك ئارێز فەرموو.

**بەڕێز ئارێز عبدالله احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لێرە لە حەوتەم لە راوێژكارەكان جوانترە بنووسرێت راوێژكاران، دەڵێت ژمارەیان لە چوار كەس زیاتر نابێت، دەبێت بەلای كەمی بڕوانامەی بەرایی زانكۆی هەبێت و خاوەن شارەزایی و پسپۆر بێت، من بەوەی

شارەزایی بێت هەندێك شت دابنێین، پێم باشە پازدە ساڵ شارەزاییان هەبێت لە کارکردنـدا، واتـا لـە پـازدە ساڵ کەمتر نەبێت، یەعنی ساڵ دیاری بکرێت، ئەوە یەك.

خاڵی دووەمیشم ئەوەیە پشتیوانی لە هەموو بۆچوونەکانی لیژنەی یاسایی دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دەزانی چۆنە ئەوەلەن ئەم وەزارەتە تازەیە، کەسیشمان نییـە خیـبرەی پـازدە سـاڵی هـەبێت، ئەگـەر ئـەوەی دابنێین دەبێتە قەیدێك، مومکینە نەیبینێتەوە، ئەوە تەقدیرێکە، کاك دکتۆر ناصح فەرموو.

**بەڕێز د.ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بـەپێی پێشـنیاری لیژنـەی یاسـایی بەشـی دووەم نـەما، کـە بەشـی دووەم نـەما ماددەکانیشـی نـەما، کەواتـە جێگۆڕکێ دەکرێـت، یـەعنی ژمـارەی بەشـەکان و ماددەکـان دەگۆڕێـت، ئـەم بەشـە دەبێتـە بەشـی دووەم، لـە لایەکی ترەوە، دەبێت خاوەنی شـارەزایی و پسـپۆڕ بێـت، مـن پـێم وایـە راسـتترە بـە کـوردی بڵـێین شـارەزاو پسپۆڕ بێت، چونکە خاوەنی شارەزایی شتی وا نییە لە زمانی کوردیـدا، کـە گوتـت شـارەزا یـەعنی شـارەزایی هەیە، لەبەر ئەوەی جوانترە بڵـێین بـە کـوردی خـاوەن پسـپۆڕ و شـارەزایی بێـت، یـان شـارەزایی و پسـپۆڕی هەبێت، ئەو پێشنیارەی دکتۆر دلێر کردی، منیش هەمان تێبینیم هەیە، لەگەڵ رێز و سوپاسمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك حاتەم فەرموو.

**بەڕێز جعفر مصطفى معروف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەسەر ئەسڵی پرۆژەکە ئیشم کرد بوو، بەس ئێستا رەئیەکەم لێرە چاك دەکەم، لە ماددەی پێنج یەکەم وەزیر، ئەگەر کاك شێروان موعالەجەی نەکات، دەڵێت سەرۆکی باڵای وەزارەتەو بەرپرسە لـە بـەڕێوەبردنی کارەکـان و ئاراسـتە کردنـی سیاسـەتەکەی و سەرپەرشـتی و چـاودێری کردنـی، رەئـی مـن بـە ئاگـاداری سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران بێت، چونکە ئەم وەزارەتە جیاوازە، ئەو ئاراستە کردنـەو ئـەو سیاسـەتەو ئـەو چـاودێری کردنـە عیلاقـەی بـە سەرچـاوە نەوتیەکانـەوە هەیـە، ئەگـەر بـە ئاگـاداری سـەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران نەبێت، لەوانەیە گرفتێك دروست بکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە ئەی وەزیر ئەندام نییە لە ئەنجومـەنی وەزیـران، لـەوێ رووبـەڕووی هـەموو سیاسـەت و بۆچـوونەکان دەبێت بـە تەئکیـد، رەزامەنـدی وەردەگیرێـت و تـەقیمی وەزارەت دەکرێـت، ئەگـەر مولاحەزەیـەکی هـەبێت رەئـیس وزەرا، سـەرۆکایەتی هـەرێم بـە وەزیـر دەڵێـت تایبەتمەنـدی هـەموو شـتێك هـین بکـەن وەزیـر،

بەپێچەوانەوە داوا بکەین دەسەڵات زیاتر بدرێتە وەزیرەکان، بۆ ئەوەی بتوانن زیاتر بە ئیشو کارەکانیان هەڵبستن.

**بەڕێز جعفر مصطفى معروف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەم وەزارەتە جیاوازە بەڕاستی، چونکە ئەو ئاراستە کردنەو ئەو چاودێرییە عیلاقەی بە نەوتەوە هەیە زیاتر، عیلاقەی بە سەرچاوە سروشتیەکانەوە هەیە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاك شێروان.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لێرە شتێکی ئیستیسنائیمان نەکردووە، ئەوەی لە وەزارەتەکانی ترمان کردووە، لێرەش کردوومانە، تەعریفی وەزیر و ئیش و کارەکانی وەزیرمان لە یەك فەقەرە کۆ کردۆتەوە، جەنابی وەزیریش لە پرۆژەکەیدا هاتووە، بەڵام بەشێوەیەکی پەرتوبلاو هاتووە، ئێمە تەوحیدمان کردووە، بەو فەقەرەیە هاتینە خوارێ وەکو وەزارەتەکانی دیکە، ئەوە یەك، وەزیرەکانیش هەموو ئەندامن لە وەزارەت، بەنیسبەت کاك دکتۆر ناصح ئێمە لە فەقەرەی یەکەم داوای تەخویلمان کردووە، یەکەم فەقەرە دەڵێت دەسەڵاتمان بدەنێ بۆ ئیعادەی صیاغەی هەندێ لە فەقەرەکان و مەسەلەی تەبویب و جێ گۆڕکێ ماددەکان کە گۆڕانکاری بەسەردا دێت لە ئەنجامی ئەو موناقەشەیە، بۆیە موسبەقەن ئێمە ئەوەل فەقەرەمان ئەوەیە و داواشمان کردووە ئەوە بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

یەك شت دەمێنێتن، ئێمە ئەوەمان شەتب کرد (في مجال الصناعة النفطية)، بەڵام لەوانی تر هەمووی نووسراوە (في مجال القانون والادارة) لە هینیش نووسراوە (في مجال الصناعة النفطية)، پێم وایە ئەوانە هەمووی شەتب بکرێت باشترە، ئەو مەجالاتانە بۆ ئەوەی قانونەکە هین بێت، ئەو پێشنیارەی کاك دکتۆر دلێر با هەموو بڕگەکان بگرێتەوە، دەسەڵات فراوانتر دەبێتن و خۆی دەتوانێتن تەقدیر بکاتن، مادام لەوێ مەنتیقی ئەوە هەبوو بگۆڕێتن و موافەقەتیشتان لەسەر ئەوە کردووە، هەم جەنابی وەزیر، هەم لیژنەی قانونی بۆ دەیەم و نۆیەم و هەشتەم و لەوانەش (في مجال)ەکان شەتب بکرێتن جەنابی وەزیر موافیق بێتن، بۆ خۆی باشە.

**بەڕێز د.ئاشتی هەورامی/وەزیر سامانە سروشتیەکان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەشێکیان پێویستە، دەبێت ئیختیصاصیان هەبێت، ئەگەرنا ناتوانێت ئیش بکات، یەعنی پێویست ناکات لێرە بێت، بەڵام لە ناحیەی عەمەلیەوە وا دەبێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خۆی کە ئێمە دەڵێین نەبێت، دیارە سیقەمان هەیە کە وەزیر و ئەنجومەنی وەزیران و ئەوانە لەسەر ئەساسی پێویستیان ئەوانە دادەنێین، نەك لەسەر ئەساسی خزمایەتی و رەچاو کردنی تایبەتمەندی و ئەوانە، چونکە وەزارەتێکی تازەیە، وەزارەتێکی فەنییە مەجبورن، کاك شێروان ئێوە چی دەڵێن.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە کە دەڵێین ئیختیصاص، بە تەئکید ئیختیصاص تەقدیرەکە بۆ جەنابی وەزیر دەمێنێتەوە، بەڕاستی ئەو دەسەلاًتە دراوەتە وەزیر لە مەسائیلی نەوتی، ئیختیصاصی لە نەوت دەبێت، مەسائیلی عقود لە ئیختیصاصی عقود و مەسائیلی تر ئیختیصاصەکەی دەبێتن، کە دەڵێین ئیختیصاصەکە زیکر بکرێتن ئیختیصاصەکە دەگەڕێتەوە بۆ جەنابی وەزیر خۆی تەقدیری ئەو مەسەلەیە دەکاتن، بەڕاستی کێ تەرشیح دەکاتن، کێ تەرشیح ناکاتن بۆ ئەو جێگایە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك دکتۆر کەمال قسەی هەیە فەرموو.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من بە گرنگی دەزانم پسپۆڕەکە دیاری بکرێت و تەشخیص بکرێت، چونکە راستە ئێستا ئێمە سیقەمان پێ هەیە، بەلاًم لەوانەیە بەیانی یەکێکی تر بێت و یەکێکی خۆی دابنێت لەو بوارەوە ئیختیصاصی نەبێتن، ئیشەکەی لێ تێك دەچێت، ناتوانی موحاسەبەشی بکەیت، لەبەر ئەوە من بە گرنگی دەزانم ئەوە هەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا جەنابی وەزیر خۆت قەرار بدە، رەئیت چیە؟

**بەڕێز د.ئاشتی هەورامی/وەزیری سامانە سروشتیەکان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر بمێنێت باشترە، چونکە ئەگەر نەمێنێت موناقەشەی زۆری لەسەر دەبێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە، کەواتە بەس تەنیا یازدەم (المدیریات العامة للشؤون الاقتصادیة والعقود) لەوێ زیاد هاتووەو لابدرێتن، ئەوانی تر بمێنێتن باشترە، کەواتە پێشنیاری لیژنەی یاسایی کە داوای کردووە، ئەو هەموو ماددانە بکرێنە یەك ماددە، کە بریتییە لە تەشکیلاتی وەزارەت، دوو وەکیل وەزیرەکەش بووە یەك وەکیل وەزیر، بەوەی کە لە یازدەمە مودیر عامی ئیقتیصاد و عقود لەسەر مولاحەزەی کاك دکتۆر دلێر، (في مجال الصناعة

النفطية) لابرێت، جەنابی وەزیر و لیژنەی یاسایی موافەقەتیان لەسەر کرد، ئەو ماددەیە دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ دەمج و پێشنیاری لیژنەی یاساییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بە کۆی دەنگ وەرگیرا، فەرموون بۆ ماددەکەی تر تکایە.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی حەوتەم: ئەنجومەنی وەزارەت:

یەکەم: ئەنجومەنی وەزارەت بەم شێوەیەی خوارەوە دادەمەزرێ:

أ- وەزیر: سەرۆك.

ب- بریکارانی وەزارەت: ئەندامن، لەکاتی نادیاری وەزیر بریکاری ڕێپێدراو لەلایەن وەزیرەوە سەرۆکایەتی ئەنجومەن دەکات.

ت- ژمارەیەك لە راوێژکاران و بەڕێوەبەرە گشتیەکان و شارەزایان و پسپۆڕان لەناوەوەی وەزارەت لەکاتی پێویستیدا لە دەرەوەی وەزارەت بۆیان زیاد دەکرێ و بە بڕیارێکی وەزیر دەست نیشان دەکرێن.

ج - بەڕێوەبەری گشتی فەرمانگەی هونەری دەبێتە بڕیاردەر.

دووەم: ئەنجومەن بە بڕیاری وەزیر کۆدەبنەوەو سروشتی کارەکەی راوێژکاریە بۆ مەبەستی پلاندانان و بەدواداچوون و سەرپەرشتی کردن لەسەر چالاکیەکانی وەزارەتدا.

سێیەم: ئەنجومەن، راوێژکاری و راسپاردەکانی پێویست و تایبەت بە سیاسەتی گشتی کەرتەکە پێشکەش دەکات، لە پێناو هێنانەدی ئامانجە چاوەڕوان کراوەکان لە جموجۆڵ و چالاکیەکانی وەزارەتدا.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة السابعة: المجلس الوزاري

اولاً: يتشكل المجلس الوزاري على الوجه التالي:

أ- الوزير/رئيساً.

ب- وكلاء الوزارة/ اعضاءاً ويترأس المجلس عند غياب الوزير الوكيل المخول من قبل الوزير.

ت- عدد من المستشارين و المدراء العامين والخبراء والاختصاصيين من داخل الوزارة وعند الحاجة يضاف اليهم من خارج الوزارة ويتم تحديدهم بقرار من الوزير.

ج- يكون مدير عام الدائرة الفنية مقرراً.

ثانياً: يجتمع المجلس بقرار من الوزير وتكون طبيعة عمله استشارية لاغراض التخطيط والمتابعة والاشراف على نشاطات الوزارة.

ثالثاً: يتولى المجلس تقديم الاستشارات والتوصيات اللازمة بخصوص السياسات العامة للقطاع بغية تحقيق الاهداف المرجوة لنشاطات وفعاليات الوزارة.

**بەڕێز شێروان ناصح حيدرى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لەگەڵ دامەزراندنی ئەو ئەنجومەنەین، بەڵام هەندێك مولاحەزەمان هەیە:

بەنیسبەت وەکیل وەزیرەکان سێ بوو، دوایێ بووە یەك، تەبعەن دەبێت وەکیل وەزارەت سەرپەرشتی کۆبوونەوەکانی ئەنجومەن بکات لە کاتی ئامادە نەبوونی سەرۆك.

دووەمین/ بەنیسبەت موستەشارین، ئێمە وامان پێ باشە (المستشارين والمدراء العامين في الوزارة).

بەنیسبەت (خبراء) بەم شێوەیە بێت (اي خبير او اختصاصي داخل الوزارة او خارجها يحددها الوزير عند الحاجة عضواً).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

(يحددها الوزير) هەر شەتب بکرێت، چونکە لەنگ هاتووە (اي خبير او إختصاصي داخل الوزارة او خارجها عند الحاجة عضواً)، لەسەر پێشنیاری لیژنەی یاسایی کەس قسەی هەیە، فەرموو کاك سەعدەدین.

**بەڕێز ملا سعدالدين عبدالله مولود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە فەقەرەی (ج) دەڵێت (يكون مدير عام الدائرة الفنية) دائیرەی فەنی نابێت، لە پێشەوە باسی ئەوە دەکات دەڵێت (المديرية العامة للشؤون الفنية)، دائیرەی فەنی نابێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی یاسایی موعالەجەی ئەوەی کردووە، کاك شێروان چۆنتان باس کردووە.

**بەڕێز شێروان ناصح حيدرى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

فەقەرەی (ج)مان هەر نەهێشتووە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك رەشاد فەرموو.

**بەڕێز رشاد احمد ابراهيم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تێبینیەکەم لەسەر راپۆرتی لیژنەی یاسایی هاتووە، (تشكل في الوزاره مجلس الوزارى)، ئەوەی کە مەجلیسی ئیستیشاری هاتووە لە وەزارەتەکانی دیکە، خۆی مەجلیسەکە ئیستیشارییە، مەجلیسی وزارییەکە وابزانم شتێکی گونجاو نییە لێرە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو مولاحەزەیە بەجێیە کاك شێروان لە وەزارەتەکانی تر نووسراوە مەجلیسی ئیستیشاری، لێرە نووسراوە مەجلیسی وزاری، وابزانم فەرقێکی ئەوتۆی نییە.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت (ثانیا، ثالثا) راستە ئێمە لەغومان کردووە، بەلاّم ئیحالەی نیزامی دەکەین، ئەو مەجلیسەی کە هەیە تەقدیمی ئیستیشارات دەکات، نەك وەکو بڵێی قەرارات دەربکاتن، بەڵکو خۆی مەجلیسێکی ئیستیشارییە، جا تەسمیەکەش بۆ جەنابی وەزیر دەمێنێتەوە، بەو شکلە دەمێنێتەوە، یان بیکاتە (المجلس الاستشاري للوزارة).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

با مەجلیسی وزاری بێتن، چونکە دەسەلاّتەکان تەحدید دەکاتن، ئەگەر دەسەلاّتت داوەتێ مەهامەکەی چیە؟ ئەو دەنووسێتن، هەندێ وەزارەت هەیە نووسراوە مەجلیسی وزاری ئیستیشاری، گرنگ ئەوەیە چ مەهامێکی هەیە، چ دەسەلاّتێکی هەیە؟ ئەوە موهیمە، کاك رەشاد موفتەنیعی.

**بەڕێز رشاد احمد ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

نەخێر، ناگونجێت یەعنی پێکهاتەکەی مەجلیسەکە ئیستیشارییە، وشەی وزاری ناگونجێت لەگەڵی، مەجلیسی وزەرایە، لە وەزارەتەکە مەجالیسی ئیستیشارییە، بە بیریشم نایەت ئێمە لە هیچ وەزارەتێك مەجلیسی وزاریمان نووسی بێت، هەتا ئێستا زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لە وەزارەتەکانی تر چۆنن.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەردووکی هاتووە، مەجلیسی وزاریش هاتووە (المجلس الاستشاري للوزارة)ش هاتووە، بەلاّم هەموو وەزارەتەکان سیفەتی ئیستیشاریان هەیە، نەك سیفەتی قەراراتی هەبێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك کەرخی فەرمووە.

**بەڕێز كرخی نجم الدين نورالدين:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من پێم وایە مەجلیسی وزاری نابێت، چونكە ئەگەر ببێتە مەجلیسی وزاری دەبێت ئەندامەكانی وەزیر بن وەكو مەجلیسی نواب، بۆیە (المجلس الاستشاري للوزارة)، پێمان وابێت باشترە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

با تۆزێك بە سەراحەت قسەی بكەین، یەعنی ئەو مەجلیسە سەد لە سەد ئیستیشاری نییە، بۆ ئەوەی تۆزێك هین بێت فەنییە، وەزیرە، وەكیل وەزیرە، خەبیری موختەسین دەهێنێتن لە دەرەوەش، لەبەر ئەوەی قەرارەتەكانیان تۆزێك صیغەیەكی تریشی هەیە، لەبەر ئەوە با ڕەبتی بكەین بە دەسەڵاتەكەی، ڕەبتی نەكەین و خۆمان تەسك نەكەینەوە بە ئیستیشارییەكەی، دوایێ بڵێین قانونەن حەقی غەیری ئیستیشاریتان نییە، لە هەندێ مەسائیل قەراراتی فەنی دەدرێتن، ئەو مەجلیسە دەتوانێت قەراری لێ بداتن، بۆیە من لە بیدایەتەكەی ویستم بە سەراحەت بڵێم ئەو مەجلیسە تۆزێك لە ئیستیشاریەكە زیاترە، كاك ڕەشاد فەرموو.

**بەڕێز رشاد احمد ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

هەر قەرارێك لە لیژنەی ئیستیشاری دەربچێت، ئەگەر جەنابی وەزیر موصادەقەی لەسەر نەكات ناڕوات، قەرارەكە ئەوەل و ئاخیر هەر بۆ جەنابی وەزیر دەبێتن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

هەر هەمان شت دەكاتن، فەرموو سۆزان خان.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لە یەكێك لە بڕگەكان هاتووە دەڵێت سروشتی كارەكەی ڕاوێژكارییە، لێرە وا دەڵێت.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

هەر هەمان شت دەكاتن، گرنگ ئەوەیە دەسەڵاتەكانی بەپێی هینەوە تەحدید كراوە.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە (ثانیا وثالثا)نمان لا بردووە، لە كۆتایی ماددەكەش دەڵێین (يحدد بنظام مهام وتشكيلات الوزارة)، مەجلیسی وزاریش بەشێكە لە تەشكیلات لەوێ دەبینین چۆن وەزارەت تەقیمی ئەو وەزعەی مەجلیس دەكاتن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەو پێشنیارەی لیژنەی یاسایی دەخەمە دەنگدانەوە، كێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، بە زۆرینەی دەنگ وەرگیرا، بڕۆ بۆ ماددەكەی تر تكایە.

**بەڕێز كریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**ماددەی سێزدەم:**

**یەكەم: ئەنجومەنی كارگێڕی كۆمپانیاكان، كە بەپێی یاسای نەوتی هەرێمی كوردستان دادەمەزرێ، نەخشەو دانانی سیاسەت و پلانە كارگێڕی ودارایی و رێكخستن و هونەری پێویست دەگرێتە ئەستۆ، بۆ بەڕێوەچوونی چالاكیەكانی كۆمپانیاكە و سەرپەرشتی كردن و بەدواداچوونی جێبەجێ كردنیان لە پێناوی هێنانەدی ئامانجەكانی و هەموو ماف و دەسەڵاتەكانی پەیوەست پێیەوە، بۆی هەیە رێ بە بەڕێوەبەری گشتی كۆمپانیا بدات لەوانەی پێی گونجاو بێت لە دەسەڵاتەكان.**

**دووەم: بڕیارەكانی ئەنجومەن بنەبڕە: ئەگەر وەزیر لە ماوەی (25) بیست وپێنج رۆژدا لە رۆژی تۆماركردنی لە نووسینگەكەی نارەزایی دەرنەبڕێت، خۆ ئەگەر وەزیر نارەزایی لێی دەربڕێت، جارێكی دیكە دەخرێتەوە بەردەمی ئەنجومەن لە یەكەم كۆبوونەوەی گرێدەدات، خۆ ئەگەر لەسەر رایەكەی خۆی سوور بوو، دانیشتنێك بە سەرۆكایەتی وەزیر گرێدەدرێ بۆ سەیر كردنی، ئەو بڕیارەی بە زۆرینەی ژمارەی ئەندامەكانی دەردەكرێ بنەبڕە.**

**سێیەم: بەڕێوەبەری گشتی كۆمپانیا، یان دەستەكە نوێنەرایەتی سەرۆكی ئەنجومەنی كارگێڕی دەكات، بەدەر لە كۆمپانیای كوردستان بۆ هەناردنی نەوت، وەزیر سەرۆكایەتی دەگرێتە ئەستۆ، سەرۆكی ئەنجومەن، كۆمپانیاكە بەڕێوە دەبات و كارو چالاكیەكانی بەپێی دەسەڵاتەكانی لە لایەن وەزیر و ئەنجومەنی كارگێڕی پێی دراوە، ئەنجام دەدات.**

**چوارەم: هەر كۆمپانیایەك، یان دەستەیەكی گشتی بە رەزامەندی زۆرینەی ئەندامەكان و بە بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران لەگەڵ هی دیكە ئاوێتە دەبن، یان دوو كۆمپانیای گشتی، یان زیاتر بۆ دامەزراندنی كۆمپانیایەكی نوێ ئاوێتەی یەكتری دەبن، بەمەرجێك دەبێ لە جموجۆڵدا هاوشیوە بن، یان یەكتری تەواوبكەن.**

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

المادة الثالثة عشرة:

اولاً: يتولى مجلس ادارة الشركات التي تتشكل بموجب قانون نفط اقليم كوردستان رسم و وضع السياسات والخطط الادارية والمالية والتنظيمية والفنية اللازمة لسير نشاطات الشركة والاشراف عليها ومتابعة تنفيذها بغية تحقيق اهدافها، ويمارس جميع الحقوق والصلاحيات المتعلقة بذلك وله ان يخول مدير عام الشركة ما يراه مناسباً من الصلاحيات.

ثانياً: تعتبر قرارات المجلس قطعياً اذا لم يعترض الوزير عليها خلال مدة (25) خمسة وعشرين يوماً من تاريخ تسجيلها في مكتبه، فاذا اعترض الوزير عليها يعاد عرضها على المجلس في اول اجتماع يعقده، فاذا اصر على رايه تعقد جلسة برئاسة الوزير للنظر فيها ويكون القرار الصادر باغلبية عدد الاعضاء قطعياً.

ثالثاً: مدير عام الشركة او الهيئة يمثل رئيس مجلس الادارة ماعدا شركة كوردستان لتسويق النفط فيتولى الوزير الرئاسة فيها ويقوم رئيس المجلس بادارة الشركة وتسيير اعمالها ونشاطاتها وفق الصلاحيات الممنوحة من قبل الوزير ومجلس الادارة.

رابعاً: لكل شركة او هيئة عامة ان يدمج مع اخرى بموافقة اغلبية الاعضاء وبقرار من مجلس الوزراء او يدمج شركتين عامتين او اكثر لتشكيل شركة جديدة بشرط ان تكون ذات نشاط متماثل او متكامل.

**بەڕێز شێروان ناصح حيدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە ماددەی سێ لە ئەسڵی قانونەكەمان لەغو كرد، لەبەر ئەوەی عیلاقەی بە مەوزوعی شەریكاتەوە هەبوو، لێرەش بە هەمان شێوە دەبێت ئەو ماددەیە لەغو بكرێت، بۆیە پێشنیار دەكەین ئەو ماددەیە لەغو بكرێت، چونكە پەیوەندی هەیە بە مەسائیلی مەجلیسی ئیدارەی شەریكات و قەرارات و چۆنیەتی بەڕێوەبردنی ئیش و كارەكانیان، جەنابی وەزیریش موافیق بوو لەسەر ئەو مەسەلەیە، بۆیە ئێمە پێشنیار دەكەین ئەو ماددەیە لەغو بكرێت، دوا رەئیش، رەئی ئێوەو ئەندامانی پەرلەمانە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

پێشنیاری لیژنەی قانونی دەگونجێت لەگەڵ ئەوەی پێشتر ئیقرارمان كرد بوو، لە ماددەی سێشدا لامان برد، ئەوە بە نیزامێك دەكرێت موعالەجە بكرێت تەئسیسی شەریكات و ئەوانە، كەسێك ئەگەر قسەی هەیە لەسەر پێشنیاری لیژنەی قانونی، تەنیا سۆزان خان قسەی هەیە، فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لێرەدا دەڵێت ئەنجومەنی كارگێڕی كۆمپانیاكان، من بۆ ئێوە دەڵێم، چونكە لێرە لیژنەی یاسایی دەڵێت با ئیلغا بكرێتەوەو بە نیزام چارەسەر بكرێت، بەلاَم كە كاتێك ئەمانە دەخوێنیتەوە دەبینی لە لایەكەوە دەڵێت دەبێت كۆمەڵێك كۆمپانیا دروست ببێت و ئەنجومەنێكی بۆ دروست ببێت و بۆ ئەوەی كارەكانی بەڕێوە بەرێت لەناو وەزارەتدا، سیاسەت دابڕێژێت و پلان و كارگێڕی بكات، لە لایەكی تریشەوە جۆرێك لە ئیحتیكاری تیا دەركەوتووە، كە دەڵێت ئەمانە هەمووی بەدەر لە كۆمپانیای كوردستان بۆ ناردنی نەوت وەزیر سەرۆكایەتی دەكات، كەواتە ئەوە جۆرێك لە ئیحتیكار دروست دەكات، یان ئەوەتە تۆ رێگا نادەیت بە هیچ كۆمپانیایەكی تر ئەمە بكات، یان ئەوەتە هەر خۆت دەیكەیت و تەواو.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

پێشنیارەكە ئەوەیە هەر ماددەكە هەمووی لابچێت، ماددەكە هەمووی داخیل نەبێت، دوایی كە نیزامەكە داینا، ئەو وەختی ئەو موناقەشەیە دەكەوێتە مەجلیسی وزەراو خۆیان دەسەلاَتی وەزیر و مەجلیسی وزەرا خۆیان تێ گەیشتن، حەتمەن ئەو مولاحەزەیە هاتۆتە پێش، بۆ ئەوەی ئێمە نەكەوینە ئەو موناقەشەیە لێرە، ئەو دەسەلاَتە ئیحتیكاری هەیە، یان ئیحتیكاری نییە، ئەوە لێرە لابدرێت و بە نیزام دەربچێت و دەسەلاَتی مەجلیسی وزەرا بەپێی قەوانین و تێگەیشتنیان لە دەستوور، فەرموو سۆزان خان.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

كێ زەمانی ئەوە دەكات، كە لەناو مەجلیسی وزەرا ئەو جۆرە ئیحتیكارە دروست نابێت.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كێ زەمانی ئەوە دەكات ئێمە غەڵەت نەكەین قانونێك دەربكەین ئیحتیكار بەقوەت نەكەین، زەمان چیە؟ مەنیتقە زەمان، پابەند بوونە بە قانون، هەر كێ بێت، ئەندام پەرلەمان بێت، وەزیر بێت، مەفروزە پابەندە بە دەستوور، لەسەر ئەساسی حوسنی نیەت ئیش دەكەین، ئێمە كە وەزیرێك دادەنێین دەبێت زەمانی خۆمان بەدەینە خۆی، كە حوسنی نیەتی بدەینێ و سیقەمان پێیەتی، متمانەمان داوەتێ، پابەند دەبێت بە قەوانین و دیموكراتیەت و دژایەتی و ئیحتیكاریش، پێشنیاری لیژنەی یاسایی كە دەڵێت ئەو ماددەیە ئیلغا بكەین دەیخەمە دەنگدانەوە، كێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، بە زۆرینەی دەنگ وەرگیرا، فەرموو بۆ ماددەی دواتر.

**بەڕێز كریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ماددەی چواردەم: فەرمانگەو كۆمپانیاو دەستەكان ئەم شتانەی خوارەوەیان بۆ دەكرێ:

یەكەم: لێ خوشبوونی هەموو مامەلەكانیان لە رەسمی پول.

دووەم: لێ خوشبوونیان لەهەر رەسمێك لەسەر هەناردنەكانی نەوتی خاوو گازو بەرهەمەكانیان.

سێیەم: لێخوشبوون لە رەسمەكانی گومرگ لەسەر هەموو شتە هاوردەكان و تەرخان كراوەو پێویستە بۆ چالاكیەكانی لەوانەش كەرەستە و ئامێر و مەكینە و ئامراز و پاشكۆكانی و كەرەستەكانی یەدەگی و تاقیگەیی و بیناو كەرەستەی خاو و هۆبەكانی گواستنەوە بە هەموو جۆرەكانیەوە.

**بەڕێز عبدالكریم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

المادة الرابعة عشرة: تتمتع الدوئر والشركات او الهيئات بما يلي:

اولاً/ اعفاء جميع معاملاتها من رسم الطابع.

ثانياً/ اعفاؤها من اي رسوم على صادرات النفط الخام والغاز ومنتوجاتها.

ثالثاً/ الاعفاء من الرسوم الكمركية على جميع المواد المستوردة والمتخصصة واللازمة لنشاطاتها بما في ذلك العدد والالات والمعدات والمكائن والاجهزة وملحقاتها والمواد الاحتياطية والمختبرية والانشائية والمواد الاولية ووسائط النقل بمختلف انواعها.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە لەگەڵ ئیلغا كردنی ئەو ماددەیەین، لەبەر ئەوەی دیسان پەیوەندی بە شەریكاتەوە هەیە، مەسەلەی ئیعفا لە زەرائیب و گومرگ و ئەو شتانە جێگای قانونی هەیكەلی تەنزیمی ئیدارە نییە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئیعفایەكە وابزانم دەبێت لە پرۆژەی نەوتدا هاتبێت، بە هەمان شێوە پێشنیاری لیژنەی یاسایی، ئەگەر كەس مولاحەزەی لەسەر نەبێت دەیخەمە دەنگدانەوە، كێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، پێشنیارەكەی لیژنەی یاسایی بە تێكڕای دەنگ وەرگیرا، فەرموون بۆ ماددەی دواتر تكایە.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

پێش ئەوەی بچینە سەر ئەو ماددەیە، ماددەیەكی ئیزافیمان هەیە ئەگەر پێتان باش بێت، ئەوەش نەتیجەی دەمج كردنی ماددەكانی تر دەبێت، هەندێك فەقەرات هەبوو لە ماددەكانی تر دەمج كران لە زیمنی تەشكیلاتی وەزارەت نەبوو، دەبێت ماددەیەكی ئیزافی بۆ دابنرێت، بۆیە ئێمە ئەو ماددەیەمان پێشنیار كردووە، پێش ئەوەی بچینە ماددەی پازدە لە ئەسڵی مەشروعەكە، ماددەكەش بەم شێوەیە ئەوە

دەبێتە ماددەی حەوتەم لەو گۆڕانکاریەی کە بەسەری داهاتووە لە ئەسڵی مەشروعەکە (اولاً/ تحدد بنظام مهام واختصاصات وتشكيلات الوزارة.

ثانياً/للوزير استحداث او الغاء او فك ارتباط او دمج اي مديرية او قسم او شعب عند الاقتضاء.
ثالثاً/للوزير التعاقد مع الاشخاص الطبيعية والمعنوية من ذوي الخبرة والاختصاص داخل الاقليم اوخارجه للقيام بالمهام التي توكل اليهم وللمدة التي يراه مناسباً بعد استحصال موافقة رئاسة مجلس الوزراء.
رابعاً/للوزير اصدار التعليمات اللازمة لتسهيل تنفيذ احكام هذا القانون.

لێرە ماددە پێنجەکە هاتووە، بەلاّم ئەم ماددەیە جێگای ئەو دەگرێتەوە، چونکە لێرە لە ماددە پازدە لە ئەسڵی مەشروع (صلاحية اصدار التعليمات لتسهيل تنفيذ احكام هذا القانون)، واتا ئەوەش لێرە جێگای کراوەتەوە، واتا ماددەی حەوتی ئێستا جێگای ماددەی پازدە دەگرێتەوە بە گۆڕانکارییەکانیەوە زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە وەکو وەزارەتەکانی ترە فیعلەن، ئەوە پێشنیارێکی چاکە، کەسێك ئەگەر قسەی لەسەر ئەو پێشنیارە تازەی لیژنەی یاسایی نەبێت، کە ئەو ماددەیە ئیزافە بکرێتن، کە ماددەی پازدەش دەگرێتەوە لە یەك لە بڕگەکانی، کەس ئەگەر قسەی لەسەر نەبێتن دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ پێشنیاری لیژنەی یاساییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بە کۆی دەنگ وەرگیرا، ماددەکەی تر تکایە.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی شازدەم:

یەکەم: دەستەی گشتی نەوت و گاز و بتروکیمیاویات لە هەرێمدا هەڵدەوەشێتەوەو هەموو دامەزراو و بەڕێوەبەرایەتیەکانی سەر بەون، بەوەزارەتەوە دەبەسترێتەوە، لەگەڵ گواستنەوەی هەموو میلاك و موڵك و ماف و پابەندیەکانی بۆی.

دووەم: دەزگای گشتی بەڕێوەبەردنی پرۆژەکانی تایبەتی لە هەرێمدا هەڵدەوەشێتەوە، هەموو دامەزراو و بەڕێوەبەرایەتیەکانی سەربەون، بەوەزارەت دەبەسترێتەوە، لەگەڵ گواستنەوەی هەموو میلاك و موڵك و مافەکان و پابەندیەکانی بۆی.

سێیەم: بەڕێوەبەرایەتیەگشتیەکانی بۆ نموونەی جیۆلۆژی و دامەزراوەکانی لە وەزارەتی پیشەسازی لە هەرێمدا، دادەبڕێن،و بە وەزارەت دەبەسترێتەوە، لەگەڵ گواستنەوەی هەموو میلاك و موڵك و ماف و پابەندیەکانیان بۆی.

چوارەم: پێویستە ئەنجومەنی وەزیران ولایەنەکانی پەیوەندیدار حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.
پێنجەم: کار بەهیچ دەقێك ناکرێت پێچەوانەی حوکمەکانی ئەم یاسایە بێت.
شەشەم: ئەم یاسایە لە رۆژی بلاّوبوونەوەی لە وەقائعی کوردستان جێبەجێ دەکرێ.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن.**

المادة السادسة عشرة:

اولاً/ تنحل الهيئة العامة للنفط والغاز والبتروكيمياويات في الاقليم وترتبط كافة التشكيلات والمديريات التابعة لها بالوزارة مع انتقال جميع ملاكاتها وممتكاتها وحقوقها والتزاماتها اليها.

ثانياً/ تنحل المؤسسة العامة لادارة المشاريع الخاصة في الاقليم وترتبط كافة التشكيلات والمديريات التابعة لها بالوزارة مع انتقال جميع ملاكاتها وممتلكاتها وحقوقها والتزاماتها اليها.

ثالثاً/ تنفك المديرية العامة للمسح الجيولوجي وتشكيلاتها من وزارة الصناعة في الاقليم وترتبط بالوزارة مع انتقال جميع ملاكاتها وممتلكاتها وحقوقها والتزاماتها اليها.

رابعاً/ على مجلس الوزراء والجهات ذات العلاقة تنفيذ احكام هذا القانون.

خامساً/ لايعمل باي نص يتعارض واحكام هذا القانون.

سادساً/ ينفذ هذا القانون اعتباراً من تاريخ نشره في جريدة وقائع كوردستان.

**بەڕێز شێروان ناصح حيدرى:**

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن.**

ئێمە بەنیسبەت ئەو ماددەیە دوو مولاحەزەمان هەیە، مولاحەزەی یەكەممان ئەوەیە ئیعادەی صیاغەی فەقەرەی یەك و دوو و سێ بەم شێوەیەی كە ئێستا دەیخوێنمەوە، بەنیسبەت فەقەرەكانی تر چوار و پێنج و شەش پێمان باشە بە ماددەی ئیزافی تایبەتی بێنە خوارێ، كە دوایێ ئێستا ئیشارەتی پێ دەدەین.

بەنیسبەت فەقەرەی (اولا وثانياً وثالثاً) بەم شێوەیە دەبێت (اولاً/تحلل الهيئة العامة للنفط والغاز والبتروكيمياويات في الاقليم المؤسسة بقانون رقم 38 لسنة 2004 وترتبط كافة التشكيلات والمديريات التابعة لها بالوزارة مع ايلولة جميع ميلاكاتها وممتلكاتها وحقوقها والتزاماتها اليها.

ثانياً/تحل المؤسسة العامة لادارة المشاريع الخاصة في الاقليم المؤسسة بموجب كتاب رئاسة مجلس الوزراء ادارة السليمانية المرقم 1803 والمؤرخ في 2001/8/7 وترتبط كافة التشكيلات والمديريات التابعة لها بالوزارة مع ايلولة جميع ميلاكاتها وممتلكاتها وحقوقها والتزاماتها اليها.

ثالثاً/يفك ارتباط المديرية العامة للمسح الجيولوجي وتشكيلاتها من وزارة الصناعة في الاقليم وترتبط بالوزارة مع ايلولة جميع ميلاكاتها وممتلكاتها وحقوقها والتزاماتها اليها.

ئەوە بەنیسبەت ئیعادەی صیاغە كردنی یەكەم و دووەم و سێیەم، بەنیسبەت ئەوانی تر ئێمە پێمان باشە لە ماددەی تایبەت بێتن وەكو (لايعمل باي نص يتعارض مع احكام هذا القانون) (على مجلس الوزراء) و

(ينفذ هذا القانون) ئەوانە بە ماددەی تایبەت دوایێ یەکە یەکە وەکو ماددەیەکی ئیزافی ئاراستەی بەڕێزتان دەکەین، دوا رەئیش رەئی ئێوەو ئەندامانی پەرلەمانە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تەنیا مولاحەزەی ئەیلولەت جوانترە ئەگەر بنووسرێت (وتۆول) لەجیاتی ئەیلولەت لە هەرسێکیان، ئەو مولاحەزەی لیژنەی یاسایی دیقەترەو تەفسیلی تێدایەو ئاماژەی بە قانونی پێشوو کردووە، کە دەبێت ئەو قانونە حەل بکرێتن، چ لەوەی کە لە ئیدارەی هەولێر دەرچووە، چ لەوەی کە لە ئیدارەی سلێمانی دەرچووە، هەردووکی ئیلغا دەکرێتن هەموو مومتەلەکاتی ئەو هەیئەت و موئەسەساتە دەگەڕێتەوە بۆ وەزارەت، هەروەها لە سێیەمدا مودیریەی عامی مەسحی جیۆلۆجیش رەبت دەبێتەوە بە وەزارەت و تەشکیلاتی وەزارەت ومومتەلەکاتی دەگەڕێتەوە، بەنیسبەت ئەوانی تر دەبێت ماددە بە ماددە وەکو قانونی وەزارەتەکانی تر، دەبێت هەریەکە ماددەی تایبەتی خۆی هەبێتن، هیچ کار ناکرێت بە هیچ یاسایەك تەعاروزی یاسای هەبێتن، ئەوە رۆتینە، کەسێك ئەگەر لەسەر پێشنیاری لیژنەی یاسایی قسەی نەبێتن دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ پێشنیاری لیژنەی یاساییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بە تێکڕای دەنگ وەرگیرا، فەرموو بۆ ماددەی پێشنیار کراو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی پێشنیار کراو بەم شێوەیە (لا يعمل باي نص قانوني او قرار يتعارض مع احكام هذا القانون).

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی دەیەم:

کار بە هیچ دەقێکی یاسایی یان بڕیارێك ناکرێت پێچەوانەی حوکمەکانی ئەم یاسایە بێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو ماددەیەش دەخەمە دەنگدانەوە، چونکە لە هەموو پرۆژەکاندا هاتووە، کێ لەگەڵ ئەو ماددەیە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بە کۆی دەنگ وەرگیرا، فەرموون.

**بەڕێز كريم بحرى عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ماددەی یازدەم: پێویستە ئەنجومەنی وەزیران و لایەنەكانی پەیوەندیدار حوكمەكانی ئەم یاسایە جێ بەجێ بكەن.

**بەڕێز شێروان ناصح حيدرى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ماددەی ئیزافی (على مجلس الوزراء والجهات ذات العلاقة تنفيذ احكام هذا القانون).

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەو ماددەیەش دەخەمە دەنگدانەوە پێشنیاری لیژنەی یاسایی، كێ لەگەڵ ئەو ماددەیە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، بە كۆی دەنگ دەنگ وەرگیرا، فەرموون.

**بەڕێز كريم بحرى عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ماددەی دوازدەم:

ئەو یاسایە لە رۆژی دەرچوونیەوە جێ بەجێ دەكرێت و لە رۆژنامەی فەرمی (وەقایعی كوردستان) بڵاو دەكرێتەوە.

**بەڕێز شێروان ناصح حيدرى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ماددەی ئیزافی:

(المادة الثانية عشرة: ينفذ هذا القانون اعتباراً من تاريخ اصداره وينشر في الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان).

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەو ماددەیەش دەخەمە دەنگدانەوە، كێ لەگەڵ ئەو ماددەیە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، بە كۆی دەنگ وەرگیرا، فەرموو ئەسبابی موجیبە بخوێنەوە.

**بەڕێز كريم بحرى عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

هۆیەكانی دەركردنی یاسایەكە

لەبەر ئەوەی حكومەتی هەرێم بەپێی یاسای داندراو لە پەرلەمان، وەزارەتی سامانە سروشتیەكانی دامەزراند، كە بەرپرسیاریەتی بەڕێوەبردنی ئەو سامانانەی دەكەوێـە ئەستۆ، ولە پێناو هێنانەدی ئامانجە

چاوەڕوانکراوەکان لە میانەی چالاکی و کاریگەری کۆمپانیاو فەرمانگەکانی سەر بە وەزارەتن و هاوشانبوون لەگەڵ پەرەسەندنەکانی سەردەم ئەم یاسایەدانرا.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

الاسباب الموجبة

نظراً لقيام حكومة الاقليم باستحداث وزارة الثروات الطبيعية بموجب قانون صادر من البرلمان، والتي تقع على عاتقها مسؤولية ادارة تلك الثروات وبغية تحقيق الاهداف المرجوة من خلال نشاطات وفعاليات الشركات والدوائر التابعة للوزارة ومواكبة التطورات العصرية شرع هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پرۆژەی یاسایەکە بەگشتی دەخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ یاسایەکەیە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بە تێکڕای دەنگ وەرگیرا، پیرۆزە ئینشائەڵڵا سەرکەوتوون، جەنابی وەزیر ئەگەر قسەت هەیە.

**بەڕێز د.ئاشتی هەورامی/وەزیر سامانە سروشتیەکان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

زۆر سوپاستان دەکەم، بەتایبەت برادەران زۆر ماندوو بوون لەگەڵمان، چونکە ئەم یاسایە بەشێوەیەك دانرا بوو هەموو صیغەکەی گۆڕا، جارێکی تر دەزانم چی بکەم، زۆر سوپاس و دەستتان خۆش بێت، بەلاّم قانونەکەی تر کە دێتە مەحەزەر ئەوە شتێکی تازەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، پێش ئەوەی کۆتایی بە دانیشتنەکە بهێنین، بەیانی سەعات (11) کۆبوونەوەمان هەیە لێرە، بەردەوام دەبین لە ئیش و کارەکانمان، پرۆژەمان هەیە دانیشتنی ئەمرۆمان ئیعلان کرد برگەی یەکەم، لەبەر ئەوە دانیشتنەکە دەبێت بیخەینە دەنگدانەوە، بەیانی سەعات یازدە کۆ دەبینەوە لێرە، کەواتە بەیانی سەعات دەو نیو لێرە ئامادە بن بۆ کۆبوونەوە، زۆر سوپاس.

| | | |
|---|---|---|
| **فرست احمد عبدالله** | **محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی)** | **عدنان رشاد مفتی** |
| **سکرتێری ئەنجومەنی نیشتمانیی** | **جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی** | **سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی** |
| **کوردستان – عێراق** | **کوردستان – عێراق** | **کوردستان - عێراق** |